# دان براون

# كۆدەكەی داڤینشی

ڕۆمان

**و. لە ئینگلیزییەوە**

**شەفیقی حاجی خدر**

کۆدەکەی داڤینشی

بابەت: ڕۆمان

نووسینی: دان براون

و. لە ئینگلیزییەوە: شەفیقی حاجی خدر

تایپ: وەرگێڕ

دیزاینی ناوەوە: خلیل هیدایەت مام شێخ

بەرگ: ئاکار جلیل

چاپی یەکەم: ٢٠١٦

شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات / هەولێر

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: (١٣٠٠٠) دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٧٦٤)ی ساڵی ٢٠١٦ پێدراوە.

# THE DA VINCI CODE

A Novel

DAN BROWN

BANTAM PRESS

LONDON • NEW YORK • TORONTO • SYDNEY • AUCKLAND

دیسان بۆ بلیس BLYTH

زیاتر لە هەموو جارێک

# ڕاستی

مریدانی سایۆن، وەک جڤاتێکی نهێنی ئەورووپی لە ١٠٩٩دا دامەزراوە، ڕێکخراوێکی ڕاستەقینەیە. لە ١٩٧٥دا کتێبخانەی نیشتمانیی پاریس دەستنووسگەلێکی ئاشکرا کرد، کە بە بەڵگەنامە هەرە نهێنییەکان دەناسرا، تێیدا ناسنامەی ژمارەیەک لە ئەندامانی مریدانی سایۆنی دەرخست، لەنێویاندا سێر ئیسحاق نیوتن، ساندرۆ بۆتیچیللی، ڤیکتۆر هۆگۆ و لویۆناردۆ داڤینشی بوون.

ئەو ڕێکخراوە کڵێساییەی سەر بە ڤاتیکان، بەناوی ئۆپیوس دای، کە ڕێبازێکی دڵسۆزی کاسۆلیکییە، لەم دواییانەدا بووە مایەی مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئەو باسوخواسانەی لەبارەی مێشک شووشتنەوە، زۆرەملێ و ڕەفتاری دژوارانە دەکران، کە لەنێو خۆیاندا پەیڕەویان دەکرد و بە "خۆ ئازاردانی جەستەیی" دەناسرێ. (ئۆپیوس دای) هەر تازە لە دروستکردنی تەلارێک بە تێچوونی بڕی ٤٧ ملیۆن دۆلاری بووەتەوە، کە بارەگای جیهانیی خۆی لەوێ لە لێکسینگتن ئەڤینیو ژمارە ٢٤٣ لە شاری نیویۆرکە.

وێنای هەموو دەستکارە هونەرییەکان، تەلارسازی، بەڵگەنامەکان و ڕیتوێڵە نهێنییەکانی نێو ئەم ڕۆمانە ڕاست و دروستن.

## چەند قسەیەکی وەرگێڕ

وەنەبێ بەم کورتە پێشەکییە دان براون بە خوێنەران بناسێنم، چونکە ئەو زۆر لەوە ناودارترە و کتێبەکانی تا ئێستا وەرگێڕدراونەتە سەر زۆرترین زمان و بەتیراژی زیاتر لە ٢٠٠ ملیۆن دانەشیان لێفرۆشراوە.

لێرەدا دەمەوێ بەر لەوەی خوێنەری بەڕێز بەندی یەکەمی هەڵبداتەوە و بچێتە نێو قووڵایی ڕۆمانەکە، چەند سەرەداوێک سەبارەت بە وەرگێڕانەکە ڕوون بکەمەوە.

تا ئێستا دان براون نووسەری ناوداری ئەمریکایی ٦ ڕۆمانی بەم ناوانە نووسیون: قەڵای دیجیتاڵی، خاڵی لەخشتەبەر، فریشتە و دێوەکان، کۆدەکەی داڤینشی، هێما ونبووەکە و ئینفێرنۆ. زۆربەشیان بوونەتە فیلم و مقۆمقۆی زۆریان ناوەتەوە، بەتایبەتیش ڕۆمانی ئینفیرنۆ کە تازەترینیانە و پار کردمانە کوردی و چووە سەر ڕەفەی کتێبخانەکان.

هەرچی ئەم شاکارەشە بابەتەکەی دژوارە، باس لە مێینەی پیرۆز، خواوەندی ژن، ئاینی کریستیانی، عیسای مەسیح، شاگردەکان و ئەو ئیمپراتۆرەی کە دوای ٣٢٠ ساڵ لەمردنی عیسادا دینەکەی لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمادا بڵاوکردەوە، دەکا. ئیدی بەم کتێبە دان براون دەستی بۆ بڤە و حەرام برد. بەهۆیەوە ڕۆمانەکە گەیشتە لووتکە هەر بە تەنیا زیاتر لە ٨٠ ملیۆن دانەی لێفرۆشرا و زمانە زیندووەکانی جیهانیش لەسەر وەرگێڕانەکەی کێبەرکێیان بوو.

ناوەڕۆکە هەستیار و دژوارەکەی بووە مایەی نیگەرانی ئۆلدارەکان، ئەوەبوو جیهانی کریستیانێتی هەژاند و پاپای ڤاتیکان (کورسی پیرۆز)ی هێنایە دەنگ. بەم جۆرە لەنێو بازنەی شوێنکەوتووانی دینی عیسادا یار و نەیاری زۆری بۆ پەیدا بوو. ئەمەش وای کرد دان براون بە بەرفراوانترین شێوە بناسرێ و کتێبەکەشی ببێتە شاکارێکی جیهانی.

دان براون لەڕێی زنجیرەیەک کۆد و مەتەڵەوە بە دوای سەرەداوەکانی گێڕانەوەکەیدا دەچێ و گرێی ڕوداوەکان دەکاتەوە، هەر کۆدێکی بەرەو یەکێکی دیکەمان دەبا، ئیدی هەر لێزانێکی وەک لانگدن (پاڵەوانی ڕۆمانەکە) دەتوانێ پەییان پێ ببا و شیيان بکاتەوە.

هەرچەندە هەندێ ئەزموونم لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی دانەر و وەرگێڕانی دۆزەخدا پەیدا کردبوو، لێ وەرگێڕانی کۆدەکە زۆری ماندوو کردم، ئاخر کتێبەکە ڕۆدەچێتە قووڵایی مێژووی دینەکان، بە ئایینە دێرینەکانی بتپەرستی، خواوەندی مێینە و مێینەی پیرۆز، ڕۆژپەرستی، جووایەتی و کریستیانێتی. هەر بەوەشەوە نەوەستاوە بەڵکو زۆر لەو هێمایانەی لە جیهانی

هاوچەرخماندا باون، ڕەگ و ڕیشەیان دەگەڕێنێتەوە سەر ماکی خۆیان. وێڕای ئەوەی لە جیهانی عیرفانی خودی دینەکە و فەلسەفەکەشیدا قووڵ دەبێتەوە، ئینجا لە ڕێی تابلۆ بەناوبانگەکانی لیۆناردۆ داڤنشیدا بابەتەکە ئەوەندەی دیکە ئاڵۆز و سەرنجڕاکێشتر دەکا. بۆیە دەبوایە بۆ هەر چەمکێک، هەر بابەتێک کە لەنێو ڕۆمانەکەدا باسی دەهات، بەدەر لە خودی دەقەکە، زۆر شتی دیکەشی لەسەر بخوێنمەوە و بە باشی تێبگەم، ئەوسا بیکەمەوە کوردی.

هەروەک نووسەر لەسەرەتاشدا ئاماژەی پێدەکا، ڕۆمانەکە لەسەر بابەتەگەلی ڕاستی ڕۆنراوە، ئیدی بە کۆد و مەتەڵ بە دوای هەڵوێزنەوەی پەتی ڕاستییەکاندا ڕۆیشتووە تا گەیاندۆتیە سەر ساغە.

ڕۆماننووس لەم کتێبەدا ئەوە دەسەلمێنێ، کە عیسای مەسیح نە خواوەند، نە کوڕی خواوەند، نە ئەو کەسەش بووە کە لە چوار ئینجیلە باوەکەدا خوائاسا باسیان لێوەکردووە و سەربردەکەیان گێڕاوەتەوە. هەروەها زۆر ڕاشکاوانە ڕۆڵی ئیمراتۆر کونستەنتینیش باس دەکا، کە ٣٢٠ ساڵ دوای عیسا دینەکەی وەرگرتووە و کردوویەتی ئایینی فەرمی ڕۆما و هەموو ئینجیل و سیپارەکانی ژیاننامەی عیسا کە تا ئەوکات نووسرابوون، کۆکردۆتەوە و سووتاندن، لەدواییدا ئەو چوار ئینجیلە باوەی بە دەنگدان لێگرتوون.

لەم ڕۆمانەدا چەقی بازنە ژن و مێینەی پیرۆزە، ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە کە دەزگای کڵێسای کاسۆلیک چۆن بەگژ هەموو جوانی و پیرۆزایەتی مێینەدا، کە ماکی شتەکان بووە چۆتەوە و پیاوسالاری جێگەی گرتۆتەوە، ئیدی بواری پێغەمبەرایەتی، شاگردایەتی پێغەمبەر و مرید و پیاوچاکانی لە ژن سەندۆتەوە، هەمووی داوەتە پیاو، تاوانی ماکیش، هی دەرکردنی ئادەم لە بەهەشت بەو قەپاڵەی لە سێوەکەی بەهەشت دا، هەر بە نێوچاوانی حەوای ژندا داداوە.

ڕەنگبێ خوێنەر لەم وەرگێڕانەدا کۆمەڵێ وشەی بەلاوە نوێ یان نامۆ بێ... یاخود وای لێکبداتەوە کە خۆجێین و هی شوێنێکی دیاری کوردستانن... لەبەرامبەر ئەمەدا لە پەراوێزدا بەپێی پێویست واتاکانیانم ڕوون کردوونەتەوە، ئاخر لە ناچاری نەبوونی فەرهەنگێکی یەکگرتووی ستانداردا پەنام بۆ بردوون، لەوانەیە پێکابێتم، لەوانەشە وا نەبێ. ئەمەش دەکەوێتەوە سەر لێکدانەوەی خوێنەر.

لەنێو ڕۆمانەکەدا کۆمەڵێ دەستەواژە، تەنانەت بڕگە و ڕستەش بە زمانی فەرەنسی و لاتینی هەبوون، لەڕێی ئینتەرنێتەوە وەرمگێڕان. هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێم لەو فەرهەگانەی زۆر سوودم لێبینی، فەرهەنگی ئازادی د. ڕەشید قەرەداخی بوو، لەچەند شوێنێکی پەراوێزەکانیشدا ئاماژەم پێداوە.

ماوەتەوە سەر ئەوەی بڵێم، وەک هەر وەرگێڕانێکی دیکە، بۆئەوەی بەرهەمەکە بۆ چاپ ئامادە بکرێ، قۆناخی پێداچوونەوە و هەڵەبڕی و ڕوانینی ڕێزمانی و زمانەوانی و بەکارهێنانی وشەی پڕبەپێستی پێویست بوو، ئەمەشیان بە تاکەکەسی نەمکردووە، بۆیە هونەرەکەی هەر بۆ خۆم ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەم خۆشەویستانەی خوارەوە، کە بە سوپاسەوە هاوکارییان کردووم. گەر ئەوان نەبوونایە وا دەرنەدەچوو.

سەرەتا وەک زۆر لە وەرگێڕانەکانی دیکەمدا، هاوڕێی خۆشەویستم کاک لوقمان شلانی، بە سەلیقە خوێندنەوە وردبینییەکەی خۆی هەڵەبڕێکی باش بوو، هەروەها زۆر لەو وشانەی بۆ جیاکردمەوە کە لە دەبوایە لە پەراوێزدا ڕوونیان بکەمەوە.

ئەمجارەشیان چیرۆکنووس و ڕەخنەگری ئازیز کاک سابیر ڕەشید بە هانامەوە هات. ماندووبوونێکی زۆری لەگەڵ دەستنووسەکەدا کێشا، وردبینانە لەڕووی زمان، هەڵەی تایپ تێبینی دەوڵەمەندانەی پێدام.

بێجگە لەو دوو جوامێرانەش، ئەمجارەیان دوو ئازیزی دیکەم لێپەیدا بوون، کەلە بنەڕەتدا دوو خوێنەری تاسەمەند و بەسەلیقەی جیهانی ڕۆمانن، بەتایبەتیش ڕۆمانەکانی دان براون. بۆیە بە عەشقی ڕۆمان خوێندنەوە، زۆر زەحمەتیان کێشا و هەڵەبڕێکی بێقسووریان کرد، ئەوانیش[1] کاک ژیار محیەدین و کاک محمەد کریم ساڵح بوون.

هەروەها نابێ کارئاسانی ماڵەوەش، هەم هی هاوسەرە خۆشەویستەکەم کنێر جەمیل خەیلانی و کاکەڕای جگەرگۆشەم فەرامۆش بکەم. تەنانەت لەگەڵ (ڕا)دا زۆر جار لەسەر چەند ووشە و دەستەواژەی نێو کتێبەکەدا، کە هەر بە فەرهەنگەکان وازم لێنەدەهێنا، دەبووە مشتومڕمان.

خوێنەری بەڕێز، هەر ئەوەندە ماوەتەوە، ئەو تکایە بکەم سەرنجت بۆ شێوازە تێکەڵاو و هەندێ ئاڵۆزەی دان براون ڕابکێشم، لەوانەیە بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدا، بۆیە ڕێڕۆیشتن لەگەڵ خاڵبەندی و تۆخکردنی هەندێ لە ڕستەو بڕگەکانی کە وەک لە دەقەکە ماکەکەدا هاتووە، یارمەتی کردنەوەی کۆدەکانی دەدا. پەراوێزەکانیشم هەر بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لە دەقەکە سەربار کردن. هەروەها بۆ بەرچاوڕوونیش لە پاشکۆدا چوار لەو تابلۆیانەی داڤینشی، کە لە ڕۆمانەکەدا هاتوون، دامناون.

دواجار هیوادارم هەر تێبینییێکتان لەسەر زمانی وەرگێڕان هەیە، پێمی ڕابگەیەننەوە، بە دڵنیایی و بە سوپاسەوە لە کاری داهاتوومدا سوودیان لێ دەبینم.

ش. ح. خ

هەولێر ٢٨-١١-٢٠١٦

[1]

# پێشبەند

مۆزەی لۆڤەر، پاریس

10:46 شەو

ژاک سانییێر[2]ی سەرپەرشتیاری ناودار بە نێو دالانە تاقدارەکەی مۆزەی گراند گەلەریدا بەلادا دەهات. تەکانی بە خۆی دەدا بگاتە نزیکترین تابلۆ، دەستی لە تابلۆی کاراڤاگیۆ[3] ی چوارچێوە زێڕین گیربوو، پیرەمێردی حەفتاوشەش ساڵە، ئەم شاکارە تابلۆیەی بۆ خۆی ڕاکێشا و تا وای لێهات بدرێ و خۆیشی پشتاوپشت بەرببێتەوە و خامی تابلۆکەشی بەسەردا کەوت.

وەک ئەوەی ڕەچاوی دەکرد، دەنگێکی گەورەی دەرگا ئاسنینەکە لە نزیکەوە هات، ڕێگەی دەروازەی بۆ نێو باڵی مۆزەکەی کلۆم دا. ناوکەوە[4] دارینەکەی هەژا. لە دووریشەوە زەنگی هۆشدارییەکە لێدرا.

سەرپەرشتیارەکە بۆ ساتێک درێژ بوو، هەناسەبڕکێ بوو، لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە. ***خۆ هێشتا لە ژیاندام***. لە ژێر داروپەردووی تابلۆکە خۆی خشاند و چاوی بە دوای پەناگەیەکدا گێڕا خۆی لێ حەشار بدا.

لە نزیکەوە دەنگێک هات، دەنگێکی لەرزێنەر. "نەجووڵێی."

لەسەر دەست و ئەژنۆیدا، یارۆی سەرپەرشتیار وشک بوو، بە هێواشی جەستەی خۆی سووڕاندەوە.

هەر تەنیا لە دووری پازدە پێ، لە دەرەوەی دەرگا داخراوەکە، بیچمە زەبەللاحە پەلاماردەرەکەی لە نێوان شیشەی موحەجەرەی دەرگاکەدا بینی. ئەو کەسێکی چوارشانە و درێژ بوو، پێستێکی بزڕکاوی مۆتەکەئاسا و پرچێکی سپی تەنکی هەبوو. گلێنەی چاوی

---

[2] Jacues Sauniere

[3] Caravaggio

[4] ناوکەو ، زەمینە، ئەرزیەی خانوو.

ئەرخەوانی و بیلبیلەکەشی سوورێکی تۆخ بوو. پیاوە بەڵەکەکە دەمانچەکەی لەبن چاکەتەکەی دەرهێنا و لەپشت شیشەئاسنەکانی دەرگاکەوە ڕاستەوخۆ نیشانەی لە سەرپەرشتیارەکە گرت. "تۆ نەدەبوو ڕابکەی." شێوەزاری قسەکردنی بۆ لێتێگەیشتن شتێکی ئاسان نەبوو. "دەی هەر ئێستا پێم بڵێ، شتەکە لە کوێیە."

"ئاخر ئەدی پێم نەگوتی،" سەرپەرشتیارەکە زمانی تەتەڵە کرد، بەبێ بەرەوانی لەخۆکردن[5] لەسەر ناوکەوی گەلەرییەکە هاتە سەرچۆک. "من نازانم تۆ باسی چی دەکەی!"

"تۆ درۆ دەکەی." پیاوەکەش سێرەی چاوی تێگرتبوو، بێ جووڵە لە شوێنی خۆی وەستابوو، بەدەر لە تروسکایی چاوە مۆتەکەکانی هیچ شتێکی نەدەبزووت. "تۆ و دەستەی برایەتی شتێکتان هەیە، کە هی خۆتان نییە."

سەرپەرشتیارەکە هەستی بە قوڵپە قوڵپی ئەدرینالین کرد. ***تۆ بڵێی ئەو چۆن بەمەی زانیبێ؟***

"ئەمشەو پارێزەرە ڕاستەقینەکان دەبووژێندرێنەوە. دەی پێم بڵێ شتەکە لە کوێ شاردراوەتەوە و تۆش دەکرێ بمێنی." پیاوەکە لوولەی دەمانچەکەی بۆ ڕاستی سەری سەرپەرشتیارەکە بەرز کردەوە. "ئایا شتەکە نهێنییە کە تۆ لێرەدا بمری؟"

سانییێر هەناسەی پێنەدەدرایەوە.

پیاوەکە سەری خۆی سووڕاندەوە، لە مەخزەنی دەمانچەکەی ڕاما.

سانییێریش دەستەکانی وەک بەرگری لە خۆی بکا بەرزکردنەوە. "بوەستە،" بە هێواشی گوتی. "من دەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم کە پێویستە بیزانی." سەرپەرشتیارەکە ئەم وشانەی دواییەی بە ڕوونی درکاندن. ئەو درۆیەی کردی، یەکێک بوو لەوانەی زۆر جار مەشقی لەسەر کردبوو... هەموو جاریش نزای دەکرد، بەڵکو هەرگیز ناچار نەبێ پێویستی پێی هەبێ.

کاتێکیش سەرپەرشتیارەکە لە پێگوتنەکەی بووەوە، بکوژەکەی بە بەدکارییەوە خەندە گرتی. "بەڵێ. ئەوە کتومت ئەو شتەیە کە ئەوانی دیکەش پێیان گوتم."

سانییێر بیری هاتەوە. ***ئەوانی دیکە؟***

---

[5] بەرەوانی لەخۆکردن: پارێزگاری لەخۆکردن، داکۆکی لەخۆکردن.

"ئاخر، ئەوانیشم دۆزینەوە،" پیاوە زلەکە بە گاڵتەپێکردنەوە. "هەر سێکیان، ئەوەیان سەلماند کە تازە گوتت."

***ناکرێ وا بێ!*** ناسنامەی ڕاستەقینەی سەرپەرشتیارەکە لەگەڵ هەرسێ سەرکارەکان[6] ئەوەندە پیرۆز و ڕازدار بوو هەروەک ئەو نهێنییە دێرینەی دەیان پاراست. سانییێر هەنووکە لە باری سەرکارەکان تێگەیشت، ڕێکارێکی ڕازدارانەیان پەیڕەو دەکرد، ئەوانیش بەر لە مەرگیان هەمان درۆیان گوتبوو. ئەمەش بەشێک بوو لە پڕۆتۆکۆلەکەیان.

پەلاماردەرەکە جارێکی دیکە لوولەی دەمانچەکەی ئاراستە کردەوە. "کاتێک تۆ دەڕۆی، من تاکە کەسێکم، بە ڕاستییەکە بزانم."

***ڕاستییەکە***. بۆ چرکە ساتێک، ڕاستی تۆقێنەری ڕەوشەکەی بۆ دەرکەوت. ***خۆ ئەگەر من بمرم، ئەوا ڕاستییەکە بۆ هەتاهەتایە ون دەبێ***. خۆزاییانە[7] هەوڵیدا خۆی پەنا بدا.

دەمانچەکە گرمەی هات، سەرپەرشتیارەکەش هەستی بە گەرمی گوللەی زگبڕ کرد. بەسەر دەمدا کەوت... بەدەم ئازارەوە دەتلایەوە. سانییێر بە هێواشی خۆی بانگلۆز[8] کرد تا پشتی بگاتە شیشەی ئەو موحەجەرەیەی پەلاماردەکە لەپاڵی وەستابوو.

ئەوکاتە پیاوەکەش نیشانەی کوشتنی لە سەری سانییێر گرت.

سانییێر چاوەکانی نووقاندن، بیرکردنەوەی مێشکی وەک گەرداوێکی ترس و پەشیمانی دەخولایەوە.

کرتەی ژووره چۆڵەکە لە دالانەکەدا سەدای دایەوە.

سەرپەرشتیارەکە چاوەکانی زەق بوونەوە.

---

[6] ڕۆماننووس لەم ڕۆمانە و لە دۆزەخیشدا پەنای بردۆتە بەر وشەگەلی سەختی دینی کۆن، لێرەشدا وشەی sénéchaux بەکارهێناوە، کە لە سەدەکانی ناوەڕاست بەو خانەدانانە گوتراوە کاروباری کارگێڕی ڕۆژانە ڕایی بکەن. منیش لێرەدا سەرکارم پڕ بەپێست زانی.

[7] خۆزاییانە: غەریزەییانە.

[8] بانگلۆزکردن: غلۆرکردنەوە.

پیاوەکەش نیگای خستە سەر چەکەکەی، دیاربوو وەک ڕابواردنێک وابوو. بۆ دووەمین جار دەستی بۆ بردەوە، بەڵام بە خۆیدا چۆوە، لەسەرەخۆ خەندەیەکی زۆر لەخۆکردانەی بڕیە زگی سانییێر. "کارەکەم لێرە تەواو بوو."

سەرپەرشتیارەکە سەری بەسەرخۆدا شۆڕکردەوە و بینی، فیشەکەکە کونێکی لە کراسە سپییە لۆکەکەی کردووە. بازنەیەکی چوارچێوەداری بە خوێن کە هەر چەند ئینجێکی کەم لە خوار ئێسکی قەفەزی سینگەوە دوور بوو، کردبوو. ***گەدەکەم***. ئای چەند دڵڕەقانە بوو، گوللەکە بەر دڵی نەکەوتبوو. وەک جەنگاوەرێکی دێرینی شۆڕشی جەزائیریش، سەرپەرشتیارەکە بەسەر زۆر مەرگی تۆقێنەر گەواهیدەر بووە. دەکرا بۆ ماوەی پازدە خولەکی دیکە بژی، تا ئەوکاتەی ترشەڵۆکی گەدەی بەرەو قەفەزی سینگی هەڵدەکشێ و خوێنەکەی ژاراوی دەبێ.

– "جەناب، ئازار باشە." کابرا وای پێگوت.

ئەوسا لێیدا و ڕۆیشت.

هەنووکە ژاک سانییێر تەنیایە، نیگای چاویشی لەسەر دەرگا ئاسنینەکەیە. ئاخر ئەو بە داوەوە بووە، دەرگاکەش لانیکەم تا بیست و پێنج خولەکی دیکە ناکرێتەوە. تا ئەو کاتەش کەسێک بێت و بیگاتە سەر، ئەو کۆتایی هاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ترسەی باڵی بەسەردا کێشا بوو، لەخودی ترسی مەرگەکە گەورەتر بوو.

***من هەر دەبێ نهێنییەکە بگەیەنم.***

بە لارەلارەکردن بە پێی، وێنەی سێ لە کوژراوەکانی دەستەی برایەتی هێنانە بەرچاو. ئەو بیری لە نەوەکانی پێش خۆی کردەوە... بیری لە ئەرکەکەی کردەوە کە بە متمانەوە پێی سپێردرابوو.

***زنجیرە زانیارییەکی نەپچڕاو.***

لە پڕێکەوە، سەرباری هەموو هۆشدارییەکانیش... وێڕای هەموو نوشستیەکانیش... ژاک سانییێر تاکە پەیوەندییێک بوو مابووەوە، گیانی پاسەوانی یەکێ لە بەهێزترین نهێنی کە تا ئێستا پارێزراو بێ.

بە هەڵلەرزینەوە، هەوڵیدا لەسەر پێیەکانی بوەستێ.

***هەر دەبێ ڕێگایەک بدۆزمەوە...***

ئاخر ئەو لەنێو گەلەری (گراند) گیر ببوو، تەنها یەک تاکە کەسیش لەسەر پشتی ئەو زەمینە هەیە، کە دەکرێ مەشخەڵەکەی ڕادەست بکا. سانییێر سەرێکی بۆ سەر دیوارەکانی زیندانە نایابەکەی هەڵبڕی. کۆمەڵە تابلۆیە هەرە ناودارەکانی جیهان بە ڕووی کۆنە دۆستەکەیان بزەیان دەهات.

بە ئازار تلانەوە، هەموو توانستی خۆی کۆکردەوە. ئەو ئەرکە نامرادەی بەردەمی، هەروەک تێگەیشتبوو، داوای ئەوەی لێدەکا، ئەو ماوەیەی لەژیانیدا ماوە بۆی تەرخان بکا.

# بەندی ١

ڕۆبەرت لانگدن[9] لەسەرخۆ بێدار بووەوە.

تەلەفۆنەکە لە تاریکییەکەدا زەنگێکی کز و نامۆی لێدا. ئەویش لە تەنیشت گڵۆپەکە دەستی لە سوچەکە کوتا و پێی کرد. چاوی بە دەروپشتی خۆیدا گێڕا، ژوورێکی نوستنی نایابی ڕێنیسانسیانەی بە مۆبیلیاتی سەردەمی لویسی شانزەیەمدا بینی، دیوارەکەش بە تابلۆی دەستکار ڕازابووەوە، پێخەفە قەبەکەشی داری (مەهاگۆنی) چوار پێچکە بوو.

***دەک بە قوڕ گیرێ ، ئەوە من لە کوێم؟***

ڕۆبە (جاکاتر)ەکەی گەرماویش بە شیشەکە هەڵواسرابوو، لەسەری نووسرابوو: ***هوتێلی ریتز پاریس.***[10]

بەرەبەرە تەموومژەکەی سەر چاوەکانی دەڕەویەوە.

لانگدن دەستی دایە دەسکی تەلەفۆن. "هەلۆ؟"

- "بەڕێز لانگدن" دەنگی پیاوێک لەودیو تەلەفۆنەکەوە گوتی: "هیوادارم بێدارم نەکردبێتیەوە؟"

لانگدن هێشتا خەواڵوو بوو، سەیری کاتژمێرەکەی تەنیشتی کرد. کات 12:32 نیوە شەو بوو. ئەو تەنها یەک سەعات بوو نوستبوو، بەڵام هەستی دەکرد وەک ئەوەی مردوو بێ وا بوو.

- "بەڕێز، من لە پرسگەم. داوای لێبوردنت لێدەکەم کە سەخڵەتم کردووی، تۆ میوانێکت هاتووە. سوورە کە هەر بتبینێ."

لانگدن هێشتا زەینی هەر ڕوون نەبوو. ***میوانێک؟*** نیگای چاوەکانی لەسەر بلیتێکی قەدکراوی سەر مێزەکەی تەنیشتی گیر بوون.

زانکۆی ئەمریکی لە پاریس

---

[9] Robert Langdon

[10] Hotel Ritz Paris

به شانازییەوە

ئێوارەیەک لەگەڵ ڕۆبەرت لانگدندا پێشکەش دەکا

پرۆفیسۆری هێما ئاینییەکان، زانکۆی هارڤارد

لانگدن ئحمێکی کرد. کۆڕەکەی ئەمشەو - سلایدێک دەربارەی هێماکانی بتپەرستی لەنێو گاشەبەردەکانی کاتەدرای چارتەر شاردراونەتەوە- لەوانەیە زەوقی هەندێ بیچمە کۆنەپارێزەکانی ئامادەبووی شەوەکەی تێکدابێ. خۆ دووریش نییە، یەکێ لە خوێندکارە ئۆلدارەکان[11] بەدوامدا هاتبێتە ئێرە، تا شەرم پێبفرۆشی.

- "داوای لێبوردن دەکەم،" لانگدن لە تەلەفۆنەکەدا گوتی، "ئاخر زۆر ماندووم "

- "بەڵام بەڕێزم،" کارمەندی پرسگەکە بە فشارەوە، دەنگی خۆیشی نزم کرد و بە چرپەوە گوتی؛ "میوانەکەت پیاوێکی گرنگە."

لانگدن کەمە گومانێکی هەبوو. کتێبەکانی لەسەر تابلۆ دینییەکان و هێما مەزهەبییەکان کردبوویە ناودارێکی نەیار لە جیهانی هونەر، لەساڵی دواییشدا بە هۆی تێوەگلانی لە ڕووداوێکی بڵاونامەی بەرفراوانی ڤاتیکاندا، ناووبانگ و حزوری چەند بارە لەنێو بڵاونامەکاندا زیادی کردبوو. لەو کاتەوە لێشاوی مێژوونووسە خۆ بە زۆرزانەکان و هۆگرانی هونەر هەمیشە بەبێ کۆڵدان لەبەردەرکەی ئامادە دەبوون.

- "ئەگەر لەگەڵم بەخشندە بی،" لانگدن وای گوت، زۆریشی لەخۆی کرد تا بە بەڕێزیی بمێنێتەوە، "دەکرێ ناوی پیاوەکە و ژمارەکەم بۆ وەربگری، پێی بڵێی، دوایی، بەرلەوەی لە سێشەممەدا پاریس جێبێڵم، خۆم پەیوەندی پێوە دەکەمەوە؟ سوپاست دەکەم." بەرلەوەی پرسگەوانەکە هیچی دیکە بڵێ تەلەفۆنەکەی داخستەوە.

ئێستا لانگدن هەڵسایەوە، چاوی لە نامیلکەی پەیوەندییەکانی میوانان کرد، کە بە خەتێکی درشت[12] لەسەری نووسرابوو: ***هەروەک ساوایەک لە شاری ڕووناکیدا بخەوە. لە ریتز پاریسدا***

---

[11] ئۆل: دین. ئۆلدار، دیندار.

[12] خەتی درشت: خەتی گەورە.

***پاڵدەوە.*** ئاوڕێکی دایەوە سێرەی چاوی لە ئاوێنە بەردرێژەی ژوورەکەی کرد. ئەو پیاوەی سێرەی چاوی لێگرتبووەوە نامۆ، قژبژ و شەکەت بوو.

***ڕۆبەرت، تۆ پێویستت بە پشوویێک هەیە.***

پار بایەخێکی زۆری پێدابوو، لێ ئەو هەرگیز پێزانینی بۆ ئەوە نەبوو لە ئاوێنەدا بیسەلمێنێ. چاوە شینە تیژە ئاساییەکانی دیاربوو ئەمشەو تەمومژاوی و لە پاشەکشەدا بوون. مووە زبرەکانی دوای ڕیشتاشینی، لاجانگیان داگرتبوو و پێستەکەشیان داپۆشیبوو. لە لاجانگیدا مووی بۆز سەریان هەڵدابوو، هێڵەکان بەرەو پڕچە ڕەشە بژ و پڕەکەی هەڵکشابوون. هەرچەندە هاوکارە مێینەکانی سووربوون لەسەر ئەوەی، کە بۆزبوون ویقاری دانەرایەتییەکەی زیاتر دەکا، لێ لانگدن لەوانی باشتر دەزانی.

***خۆ ئەگەر گۆڤاری بۆستن ئێستا بمبینێ.***

لە مانگی رابردوودا، بۆ مایەی هەراسانی لانگدن، گۆڤاری بۆستن ئەوی لە یەکێ لەو لیستانەی دانابوو کە لەشارەکەدا لە دە کەسە هەرە سەرەنجڕاکێشەکان، ئەمەش شەرەفێکی دوو سەرە بوو، وای لێکرد ببێتە جێ مقۆمقۆیەکی بێ کۆتایی لەنێوان هاوکارەکانی زانکۆی هارڤارد دا. ئەمشەویش کە سێ هەزار میل لە نیشتمانەکەی دوورە، ئەو بەزموڕەزمە دیسان دوای کۆڕەکەی سەری هەڵدایەوە.

– "خانمان و جوامێران..." پێشوازییێکی گەرمی لە زانکۆی ئەمریکی لە پاریس لێکرا، "میوانی ئەم شەومان پێویست بە ناساندن ناکا. ئەو دانەری ژمارەیەکی زۆر لە کتێبانە: هێماناسی ئاینزا[13] نهێنییەکان، هونەری ڕووناکی، زمانە ونبووەکەی (ئێتدۆگرامس)، هەر کاتێکیش بڵێم، ئەو کتێبێکی دەربارەی ئایکۆنە دینییەکان نووسیبێ، مەبەستم کتومت واتای وشەکەیە. زۆر لە ئێوە، دەقەکانی ئەو لە پۆلیشدا بەکار دەهێنن."

خوێندکارەکان لە نێو ئاپۆراکەدا بە جۆشەوە سەریان بۆ لەقاند.

– "نیازم وابوو ئەمشەو ئەو لە ڕێی ژیاننامە سەرنجڕاکێشەکەی بناسێنم. هەرچەندە... " خانمە پێشکەشکارەکە ئاوڕێکی تەواوی لە لانگدن دایەوە، کە لەسەر سەکۆیەکە

[13] ئاینزا: مەزهەب.

دانیشتبوو. "لێ یەکێ لە ئامادەبووان هەر ئێستا شتێکی باشتری دایە دەستم، باشە ئێوە بیلێن... ناساندنێکی سەرنجڕاکێشانە."

ئیدی خانمەکە دانەیەکی گۆڤاری (بۆستن)ی بە دەستەوە گرت.

لانگدن سەری بەردایەوە منگەیەکی لێوەهات: ***بۆ خاتری جەهەننەم لە کوێ ئەمەی بەدەست گەیشت***؟

پێشکەشکارەکە کەوتە سەر خوێندنەوەی چەند بڕگەیەکی لێبژاردەی نێو وتارەکە، لەگەڵ خوێندنەوەکەشدا لانگدن زیاتر و زیاتر دەچووە قاوغی خۆی، دەکەوتە نێو قووڵایی کورسییەکەی. سی چرکە دواتر، حەشاماتەکە بە پێکەنینەوە کەوتە پستەپست، خانمەکەش هیچ ئاماژەیەکی بێدەنگکردنەوەی بۆ نەکردن. "ڕەتکردنەوەی بەڕێز لانگدن بۆ ئەوەی ڕاشکاوانە هیچ قسەیەک دەربارەی ئەو ڕۆڵە نائاساییەی ساڵی پار سەبارەت بە هەندێ خاڵی سەرتاپا نهێنی لەگەڵ ڤاتیکاندا نەکا، سەرنجڕاکێشتر بوو." پێشکەشکارەکە زیاتر ختوکەی ئاپۆرەی ئامادەبووانی دەدا. "حەزتان لێیە گوێتان لە زیاتر بێ؟"

خەڵکەکەش کەوتنە چەپڵەڕێزان.

کاتێک خانمەکە سەری بەسەر وتارەکەدا شۆڕکردەوە تا زیاتری لێبخوێنێتەوە، لانگدن لەبەرخۆیەوە لاڵایەوە، ***یەکێک دەبێ ئەم خانمە بوەستێنێ***.

- "هەرچەندە پرۆفیسۆر لانگدن ڕەنگبێ بەقەد گەنجە سەرکەوتووەکانی ئێمە کەشخە و کۆک نەبێ، ئەو ئەکادیمییە چل و قسوور ساڵە، زیاتری لەو هێزەی کێشکردنە مامۆستایەتیەی خۆی پێیە. ئەو حزورە تەلیسمییانەی خاڵێکی بەرچاوە، دەنگە پیاوانییەکەی، هەندێ لە خوێندکاری مێینەکان بە 'چوکلاتی گوێ' وێنای دەکەن."

ئیدی سەرتاپای هۆڵەکە کەوتە پێکەنین.

لانگدنیش خەندەیەکی وەڕەزیانەی نیشاندا. ئەو دەیزانی چی بە دوادا دێ "هەندێ دێڕی هەراسان دەربارەی "هاریسۆن فۆرد بە ڤاتی هاریس و بلوزی ملداری مێرکی بوربەری[14]، ئیدی بڕیاریدا شتێک بکا.

---

[14] Burberry

- "سوپاس بۆ تۆ مۆنیک[15]،" لانگدن وای پێگوت، ئینجا لەشوێنی خۆی هەڵسا و ڕێگای بەرەو سەکۆی دوانەکە بڕی. "گۆڤاری بۆستن بە ڕوونی دیارە بۆ فەنتازیا بوو." بەم جۆرە بە ئاهێکی هەراسانەوە ڕووی لە ئامادەبووان کرد. "خۆ ئەگەر بزانم کێ لە ئێوە ئەم وتارەی داوەتە مۆنیک، داوا لە کونسلخانەکە دەکەم وڵاتبەدەری بکا."

ئامادەبووان پێکەنین.

- "گەلۆ، زۆر باشە، هەروەک ئێوە دەزانن، من ئەمشەو بۆ ئەوە لێرەم تا لە بارەی هێزی هێماکانەوە بدوێین..."

دیسان زەنگی تەلەفۆنەکەی هوتێلی لانگدن دڕی بە بێدەنگییەکە دایەوە.

لانگدن بە بردەبردێکی باوەڕنەکراوەوە دەسکی تەلەفۆنەکەی هەڵگرتەوە. "بەڵێ؟"

وەک چاوەڕوان دەکرا، دیسان کارمەندەکە بوو. "بەڕێز لانگدن، دووبارە داوای لێبوردنت لێدەکەم. بۆیە زەنگ لێدەدەم تا پێت ڕابگەیەنم، میوانەکەی تۆ بە ڕێگاوەیە بۆلای تۆ. ویستم ئاگادارت بکەمەوە."

هەنووکە لانگدن بە تەواوی بێدار ببووەوە. "تۆ کەسێکت بۆ لای ژوورەکەم ڕەوانە کرد؟"

- "بەڕێز، بمبەخشە، بەڵام پیاوێکی لەم جۆرە... پێموانیە ئەو دەسەڵاتەم هەبێ ڕایبگرم."
- "ڕێک پێم بڵێ ئەو کێیە؟"

بەڵام خۆ کارمەندەکە لەسەر هێڵ نەمابوو.

هەر ئەودەم، دەستبەجێ، بە مشتی قوڕس لە دەرگای لانگدن درا.

بە نادڵنیاییەوە، لانگدن لەسەر پێخەفەکەی هەڵسا، هەستی کرد پێیەکانی ڕۆچوونەتە نێو بۆیەی ڕایەخەکە. ڕۆبی گەرماوەکەی بەسەر شان دادا و بۆ دەرگاکە ڕۆیشت. "کێیە؟"

---

[15] Monique

- "بەڕێز لانگدن؟ پێویستم بەوەیە قسەت لەگەڵدا بکەم." ئینگلیزییەکەی ماخۆی[16] قسەکەر شێوەزارێکی تیژ و دەنگێکی بە گوڕی هەبوو. "ناوم ملازم ژیروم کۆلێیە[17]. لە بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری پۆلیسی دادوەرییم.

لانگدن کەمێ وەستا. ***پۆلیسی دادوەری***؟ پۆلیسی دادوەری بەقەد ئێف بی ئای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرژوتوندە.

لانگدن هێشتا زنجیری زامنی دەرگاکەی تەواو لا نەدابوو، بەقەد چەند ئینجێک دەرگاکەی کردەوە. ئەو ڕووخسارەی بەرامبەری وەستابوو، کەسێکی لاوازێکی ماندوو بوو. پیاوەکە هەر زۆر لاواز بوو، بە یەکپۆشاکی تەواوی پۆلیسەوە هاتبوو.

- "دەکرێ بێمە ژوور؟" پۆلیسەکە وای لێپرسی.

لانگدن دوودڵ بوو، کاتێک دوو چاوی نامۆی کەوتنە سەر، هەستی بە نادڵنیاییێک کرد. "باشە ئەوە دەربارەی چییە؟"

- "کاپتنەکەم داوای پسپۆڕێتی تۆی لە دۆزێکی تایبەتیدا کردووە."
- "ئێستا" لانگدن توانی ئەوەی پێ بڵێتەوە. "بەم دوای نیوەشەوە."
- " ئەگەر ڕاست بم، تۆ وادەی دیدارێکی ئەمشەوت لەگەڵ سەرپەرشتیاری مۆزەی لۆڤەر هەبوو؟"

لە هیکەوە لانگدن هەستی بە سەرهەڵدانی ناڕەحەتییێک کرد. سەرپەرشتیاری ڕێزلێگیراو ژاک سانییێر، قەول وابوو ئەمشەو دوای تەواو بوونی کۆڕەکەی لەسەر خواردنەوە یەکدی ببینین، بەڵام خۆ سانییێر هەر پەیدا نەبوو. "بەڵێ، ئەوەت چۆن زانی؟"

- "ئێمە ناوی تۆمان لە نەخشەنامەی ڕۆژانەی ئەودا بینی."
- "بڕوا بکەم هیچ شتێکی نە خوازراو ڕووی نەدابێ؟"

---

[16] ماخۆ: خاوەن، ساحێب.

[17] Jérôme collet

ئەوکات پۆلیسەکە ئاهێکی خەمناکانەی هەڵکێشا و لە درزی دەرگاکەوە وێنەی سانییێری نیشاندا.

کاتێکیش لانگدن وێنەکەی بینی، هەموو جەستەی ڕەق هەڵات.

– "ئەم وێنەیە کەمتر لە سەعاتێک بەر لەئێستا، لەنێو لۆڤەردا گیراوە."

کاتێ لانگدن لە وێنە سەیرەکە وردبووەوە، کاردانەوە هێدمگرتنەکە لەپڕ بۆ تووڕەبوون وەرگەڕا. "باشە چۆن ویستوویەتی ئەم کارە بکا!"

– "ئێمە هیوامان وابوو، تۆ بۆ وەڵامی ئەم پرسە یارمەتیمان بدەی، ئەوەش بەرەچاوکردنی زانینی تۆ سەبارەت بە هێماناسی و نەخشەی تۆ بۆ دیتنی ئەو."

لانگدن لە وێنەکە ڕاما، تۆقانەکەی تێکەڵ ترس بوو. وێنەکە سامناک و بە تەواویش سەیر بوو، لەگەڵ خۆیدا گرتەیەکی پێشتر بینروای وروژاند. کەمێ زیاتر لە ساڵێک دەبێ، لانگدن وێنەی تەرمێکی هاوشێوەی بۆ یارمەتی پێشکەش کردن بەدەست گەیشتبوو. بیست و چوار سەعاتیش دواتر، خەریک بوو لەنێو شاری ڤاتیکداندا سەری تێدا بچێ. ئەم وێنەیان بە تەواوی جیاوازە، لێ هێشتاش شتێک دەربارەی نمایشەکە بە شێوەیەکی هەراسانکەر لەو دەچێ.

پۆلیسەکە سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستی خۆی کرد. "جەناب، کاپتنەکەم چاوەڕێمان دەکا."

بە ئاستەم لانگدن گوێی لەو قسەیەی کابرا بوو. هێشتا چاوەکانی هەر لەسەر وێنەکە بوو. "ئەم هێمایەی ئێرە و ئەو شێوەی جەستەیە ئەوەندە سەیرە..."

– "وا داندراوە؟" پۆلیسەکە وای پێگوت.

لانگدن سەری بۆ لەقاند، کە سەیری کرد هەستی بە لەرزەیەک کرد. "ئەوەم نایەتە بەرچاو کە یەکێک وا لەوی دیکە بکا."

پۆلیسەکە بە ڕووگرژییێکەوە سەیری کرد. "بەڕێز لانگدن، تۆ لێ تێناگەی. ئەوەی لەم وێنەیەدا دەیبینی..." ئیستێکی کرد. "بەڕێز سانییێر بەخۆی وای لەخۆی کردووە."

# بەندی ٢

لە دووری یەک میلەوە، پیاوە کەڵەگەتە بەڵەکەکە کە ناوی سیلاس بوو، بەنێو دەروازەی خانوویێکی نایابی گەڕەکی (**ڕوو لێ بیوریێدا**)[18] ڕۆیشت. ئەو قایشە دڕکدارەی کە لە ڕانی خۆی بەستبوو، دڕکەبزمارئاساکانی چووبوونە نێو گۆشتەکەی، هێشتاش بە ڕۆح و بە ڕەزامەندییەوە کە لەخزمەتی خواوەند دایە، گۆرانی دەچڕی.

***ئازار باشە.***

کاتێک گەیشتە نێو خانووەکە چاوە سوورەکانی بە هۆڵەکەدا گێڕا. شوێنەکە چۆڵ و هۆڵ بوو. بە هێواشی بەسەر پەیژەکان کەوت، نەیدەویست هیچ کام لە برادەرە هاوشاگردەکانی[19] بێدار بکاتەوە. دەرگای ژووری خەوتنەکەی کرابووەوە؛ لێرەدا گاڵەدانی دەرکە قەدەغە بوو. ئەو لێ وەژوور کەوت، لە دوای خۆیشی دەرگاکەی داخست.

ژوورەکەی جۆری سپارتایی بوو، ناوکەوەکەی دارێکی ڕەق بوو، دۆڵابێکی جل، ڕایەخێکی لە گۆشەکەدا داندرابوو، لەسەری دەنوست. ئەو بۆ ئەم هەفتەیە لێرەدا میوانە، بۆ ماوەی چەندی ساڵێک هەنوانێکی هاوشێوەی لە شاری نیویۆرکدا هەبوو.

***خواوەند هەنوانێک و ئاماجێکی لە ژیاندا پێبەخشیوم.***

لە کۆتاییدا، ئەمشەو، سیلاس هەستی کرد، دەبێ قەرزەکەی بداتەوە. بەرەو لای دۆڵابەکە بازی دا، بینی کە تەلەفۆنە دەستییەکەی لەبن چەکمەجەی خوارەوەی دۆڵابەکە شاردراوەتەوە، تەلەفۆنێکی کرد.

- "بەڵێ؟" دەنگێکی نێرینە لەو سەری هێڵی تەلەفۆنەکەوە هات.
- "مامۆستا،" من گەڕامەوە."
- "قسە بکە،"دەنگەکە فەرمانی پێکرد، دیاربوو پێیخۆش بوو گوێی لێبێ.
- "هەر چواریان ڕۆیشتن. هەر سێ سەرکارەکە... و خودی مامۆستا گەورەکەشیان."

---

[18] Rue La Bruyere

[19] مەبەستی ڕۆماننوس لێرە ئەندامانی مەزهەبێکی دینییە کە دواتر باشتر ڕوون دەبێتەوە.

بۆ ساتێک بێدەنگی وەک ئەوەی نزا بکرێ، پەیدابوو. "کەواتە تۆ زانیاریت لایە."

- "هەر چواریان ڕێک بوون، بە شێوەیەکی سەربەخۆییانە."
- "تۆش باوەڕت پێکردن؟"
- "ئاخر بەڵگەوبەندەکەیان بۆ باوەڕپێکردن زۆر گرنگ بوون."

هەناسەدانەوەیەکی بە جۆش. "نایابە. من لە ناووڕومەتی برایەتی دەترسام، کە نهێنییەکە بەسەریاندا زاڵ بێ ."

- "ڕامانی مردن دنەدەرێکی بەهێزە."
- "ئاوا، دەی، قوتابییەکەم، چی پێویسە بیزانم، پێمبڵێ."

سالیس دەیزانی ئەو زانیارییەی لە قوربانییەکانی بە دەستهێنابوو، دەکرێ جێگەی هێدمەگرتنێک بێ. "مامۆستا، هەر چواریان هەبوونی بەردەمۆریان سەلماند... بەردەکلیلە ئەفسانەییەکە."

ئەو لە تەلەفۆنەکە گوێی لە هەناسەخواردنەوەی بەرامبەرەکەی بوو، دەکرا هەست بە ئۆخژنی مامۆستاکەشی بکا. "بەردە کلیلەکە. کتومت ئەوەی گومانی لێدەکرا."

بە گوێرەی زانیارییەکان، دەستەی برایەتییەکە نەخشەیەکی لەبەرد داهێنابوو – بەردەمۆر... یان بەردەکلیل- تابلۆیەک کە دوا شوێنی لیمانەوەی مەزنترین نهێنی برایەتییەکەی لەسەر هەڵکەندرابوو... زانیارییەکەش ئەوەندە بە هێز و کاریگەر بوو، پاراستنەکەی مایەی سەرهەڵدان و پەیدابوونی دەستەی برایەتییەکە بوو.

- "کاتێک بەردە کلیلەکەمان لەبەردەست دابێ،" مامۆستایەکە وای گوت، "ئەوا تەنها یەک هەنگاو دەچینە پێش."
- "ئێمە لەوە نزیکترین کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە. بەردە کلیلەکە لێرەیە لە پاریس."
- "پاریس؟ باوەڕناکرێ. شتەکە ئەوەندە ئاسانە."

سیلاس پێ بەپێ هەموو ڕووداوەکانی ئەم ئێوارەیەی بۆ گێڕایەوە... چۆن هەموو ئەو چوار قوربانییە، ساتەکانی پێش مەرگیان، نامرادانە هەوڵیان دەدا ژیانە گومڕاییەکەیان بە درکاندنی ڕازەکە بکڕنەوە. هەریەکەیان دەق ئەوەیان بە سالیس گوت – کەوا بەردە کلیلەکە بە لێزانی لە شوێنێکی دیارکراو لەنێو کڵێسەی کۆنی پاریس ئیگلس سێینت سولپیس[20] شاردراوەتەوە.

---

[20] Eglise de Saint-Sulpice

- "لەنێو ماڵەکەی خودا دا،" مامۆستاکە بە سەرسوڕمانەوە پرسی. "باشە چۆن ئەوان پێمان ڕادەبوێرن!"
- "ئەوە چەندین سەدەیە هەر وایان کردووە."

مامۆستاکە بێدەنگ بوو، وەک ئەوەی ئەو ساتە سەرکەوتنە بەسەریدا زاڵ بووبێ. لە کۆتاییدا، بە قسە هاتەوە. "تۆ کارێکی مەزنت بۆ خواوەند کرد. ئێمە چەندان سەدەیە چاوەڕێ دەکەین. تۆ دەبێ بەردەکەم بۆ بگێڕیتەوە. دەستبەجێش ئەم کارە بکەی، هەر ئەمشەویش. خۆت دەزانی چی لەسەر سەنگی مەحەک دایە."

سیلاس دەیزانی چی شتێکی چاوەڕواننەکراوی لەپێشدایە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی ئێستا مامۆستا فەرمانی پێکرد، دیاربوو مەحاڵ بوو. "بەڵام خۆ کڵێسەکە، خۆی قەڵایەکە، نەخاسمە لە شەودا. چۆن دەتوانم لێی بچمە ژوور؟"

بە تۆنە دەنگێکی بڕوابەخۆبوونی پیاوێکی دەستڕۆیشتوو، مامۆستاکە بۆی ڕوون کردەوە کە چی بکرێ.

کاتێک سیلاس تەلەفۆنەکەی دانایەوە، پێستەکەی ختووکەی دڵخەبەردانی دەدا.

***یەک سەعات***، وای بە خۆی گوت، سوپاسگوزار بوو، بەوەی مامۆستاکەی یەک سەعات مۆڵەتی دابوو تا تۆبەی پێویستی خۆی بکا، بەرلەوەی بچێتە ماڵی خوا. ***من دەبێ گیانم لە تاوانەکانی ئەمڕۆی خۆم پاک بکەمەوە.*** ئەو تاوانانەی ئەمڕۆ ئامانجێکی پیرۆزیان بەدواوە بوو. کردەکانی شەڕ دژی دوژمنەکانی خودا چەند سەدەیەکە کراون. لێخۆشبوونیش دەستەبەرە.

ئاخر سیلاس دەیزانی، گەردنئازادی پێویستی بە قوربانییە.

پەردەکانی دادانەوە تا تاریک دابێ، خۆی ڕووت کردەوە و لەبەرامبەر ئاوێنەکەی ناوەڕاستی ژوورەکەدا چۆکی دادا. سەری نزم کردەوە، دەستی لەو دڕکە بزمارانەی قایشەکە، کە لەڕانی بەستبووی دا. هەموو شاگردە ڕاستەقینەکانی ئەم ڕێگایە ئەم شتەیان لەخۆ بەستووە، قایشێکی چەرمین، کە دڕکی ئاسنینی (بزمارئاسا)ی لێ قایمکراون، کاتێ دەبەسترێ، دڕکەکان دەچنە نێو گۆشت، ئەمەش بۆ ئەوەی کەسەکە هەمیشە بیر لە ژان و ناسۆری عیسا[21] (کریستۆس)

[21] Christ

بکاتەوە. ئەو ئازارەی لەو قایشە دڕکدارەوە دەهات، پەرچە کردارێکی دیکەشی بەدی دەهێنا، بەوەی بەربەستێک بەرامبەر خواستەکانی گۆشتەکە پەیدا ببێ.

هەرچەندە سیلاس ئەمڕۆ ئەم قایشەی زیاتر لە دوو سەعات لە خۆی بەستبوو، دەشیزانی ئەمڕۆ ڕۆژێکی ئاسایی نەبوو. دەستی گەیاندە قایشەکە و هەردوو سەری توندترکرد، تا دڕکەکان زیاتر بچنە نێو گۆشتەکەی. بە هێواشیش هەناسەی دەدا، چێژی لەو ڕیتوێلە خۆئازاردانەی وەردەگرت.

***ئازار باشە***، سیلاس ئەمەی بە چرپەیەکەوە گوت، هەمان دووردە پیرۆزەکەی باوکە (خۆسێ ماریێ ئێسکریڤا)[22] – مامۆستای هەموو مامۆستاکان– دووبارە دەکردەوە. هەرچەندە (ئێسکریڤا) لە 1975دا مردبوو، لێ ئاوەزەکەی هێشتا دەژیا، وشەکانی هێشتا سرتەیان لەبن گوێی خزمەتکارە دڵسۆزەکانی ئەو لەسەرتاسەری دنیادا دەنگیان دەدایەوە، ئەمەش هەر کاتێک ئەوان کڕنوشیان بردبایە و ڕیتوێلە تایبەتییە ناسراوەکەی "ئازاردانی جەستە"یان بکربایە.

هەنووکە سیلاس تیشکۆی بیری خۆی خستە سەر ئەو گوریسە قوڕسە گرێگرییەی بە ڕێکوپێکی لە تەنیشت ئەو داندرابوو. **دیسیپلینەکە**. گرێیەکانی گوریسەکە خوێنی وشکبوەکیان لەسەر مەیی بوو. تاسەمەند بۆ کاریگەری خۆپاککردنەوە بۆ ژان و ناسۆرەکەی، سیلاس بە خێرایی دروودێکی خوێند. ئینجا دەستی گەیاندە سەرێکی قامچییە گرێ گرێکە، چاوەکانی نووقاندن و بە هەموو هێزیەوە لەپشتی خۆی دا، هەستی کرد گرێیەکان پشتی دەگەزن. قامچی لەخۆدانەکەی لەم شان بۆ ئەوشانی گواستەوە، لە گۆشتی پێستەکەی خۆی دەدا. جار لەسەر جار، دووبارە هەر خۆی قامچی کوت کرد.

***من لەجەستەی خۆم دەدەم.***[23]

لە کۆتاییدا، هەستی کرد دیسان خوێنی هەڵدەقوڵێ.

---

[22] Josemaria Escrivá

[23] castigo corpus meum زۆر جاران لەم ڕۆمانەدا، نووسەر پەنا دەباتە بەر وشەو دەستەواژە، تەنانەت بڕگەی فەرەنسی و لاتینی. لێرەدا دەستەواژەکە لاتینییە.

# بەندی ٣

هەوای فێنکی ئەپرێل بە نێو پەنجەرە کراوەکەی ترومبێلی سیترون Zx تێپەڕ دەبوو، کاتێ ترومبێلەکە ماڵی ئۆپێرای بازدا و لە گەڕەکی (پلێس ڤێندۆمیش)[24] پەڕیەوە و بەرەو باشور لێدەخوڕا. لەسەر کورسی تەنیشت لێخوڕەکەدا، ڕۆبەرت لانگدن دانیشتبوو، هەستی کرد کاتێ هەوڵی ئەوە دەدا زەینی خۆی ڕوون بکاتەوە، شارەکە بە تیژی تێدەپەڕێ. دووشە خێرا و ڕیشتاشینەکەی وای لێکردبوو هەندێ ڕێکوپێک دەربکەوێ، بەڵام هێشتا خرۆشانەکەی بە وێنەکە نەڕەوابۆوە. وێنە تۆقێنەرەکەی جەستەی سەرپەرشتیارەکە هێشتا هەر لە مێشکیدا مابوو.

***ژاک سانێیر مرد.***

لانگدن نەیدەتوانی هیچ بکا، بەڵام هەستێکی قووڵی بە لە دەستدانی مەرگی سەرپەرشتیارەکە هەبوو. وێڕای ناووڕومەتی سانێیر کە گۆشەگیر بوو، ئەو خۆ تەرخانکردنە ناوازەیەی بۆ هونەر وای لێکردبوو بە ئاسانی ڕێز و قەدری لێبگیرێ. کتێبەکانی سەبارەت بە کۆدە نهێنییە شاراوەکانی نێو تابلۆکانی پوسسە[25] و تێنیێ[26]، شتگەلێکی دەقە خۆشەویستی لانگدن بوو، لە پۆلەکاندا بەنمونە دەیهێنانەوە. دیداری ئەم شەویشیان لانگدن زۆر تامەزرۆی بوو، کاتێکیش سانێیر لە کاتی خۆیدا بەدەرنەکەوت، ئەو نامراد بوو.

دیسان وێنەی جەستەی کەوتوویی سانێیر لەکەللەی لانگدنی دایەوە. ***ژاک سانێیر بە خۆی وای لە خۆی کردووە***؟ لانگدن ئاوڕێکی دایەوە، لە جامە کراوەکەی دەرگاکەوە سەیری دەرەوەی کرد، وای لە خۆدەکرد وێنەکە لە مێشکی بباتەدەر.

لەدەرەوە، شارەکە بەرەو خامۆشبوون دەڕۆیشت، دەستگێڕەکانی سەر شەقام عارەبانەی نوقڵە بە بادەمەکانیان ڕادەکێشا، گارسۆنەکان کارتۆنە خاشاکەکانیان لە شوێنی خۆیان دادەنا، جووتە دڵدارێکی درەنگی شەویش بۆ خۆگەرمکردنەوە لەو شەوە فێنکە بۆن یاسەمینەدا لە باوەشی

---

[24] Place Vendome

[25] poussin

[26] Teniers

یەکدی توند یەکیان گرتبوو. ترومبێلە سیترونەکە بە باڵادەستییەکەوە بەناو پاشاگەردانییەکەی شەقامەکە دەڕۆیشت، دوو جاران هۆڕنەکەی وەک چەقۆ دڕی بە ترافیکی سەر جادەکە دا.

- "کاپتنەکە دڵخۆشبوو بەوەی تۆ ئەمشەو هێشتا هەر لەپاریسدا ماویتەوە،" پۆلیسەکە وای بە لانگدن گوت، دوای ئەوەی لە هوتێلەکە دەرچووبوون، ئەمە یەکەم جار بوو بە دەنگ بێ. "ڕێکەوتێکی خۆشبەختانەیە."

لانگدن هەستی بە هەموو شتێک دەکرد تەنیا خۆشبەختی نەبێ، ڕێکەوتیش ئەو ڕامانە بوو کە هیچ بڕوای پێنەبوو. وەک کەسێک، کە ژیانی خۆی لە دۆزینەوەی دروشم و هێما بەیەکەوە گرێدراوەکانی ئایدۆلۆژیاکان بەسەربردبێ، لانگدن جیهانی بە تۆڕێکی قووڵی تێکچڕژاوی مێژوو و ڕووداوەکان دەبینی. ***دەکرێ گرێدانەکە نادیار بێ***، ئەو زۆر جاران لە وانەکانی هێماناسی لە هارڤاردا وتاری دەدا، ***بەڵام هەموو کات ئەوان لەوێن، ئەوان تەنها لەبن سەرتوێژیدا شاردراونەتەوە.***

- "پێموایە،" لانگدن بە پۆلیسەکەی گوت، "زانکۆی ئەمریکی لە پاریس پێیگوتبێ کە من لێرە ماومەتەوە؟"

لێخوڕەکە سەرێکی بادا. "ئینتەرپۆل."

***ئینتەرپۆل***، لانگدن بیری لێکردەوە. ***هەڵبەتە***. ئەو لە بیری نەمابوو، داوایەکی بێ وەی وا هەموو هوتێلەکانی ئەوروپا لە سەرنشینانیان دەکرێ، پاسپۆرتەکانیان نیشانی مێزی پێشوازی لێکردن بدەن، ئەمەش لە کلێشەیەکی دڵگیر تێپەڕیوە و بۆتە قانون. هەموو شەوێک کارمەندانی ئینتەرپۆل بە دروستی دەزانن، کێ و لە کوێ ڕازاوە. دۆزینەوەی لانگدنیش لە هوتێلی ڕیتزدا هەر کاری پێنج چرکەیەک دەبوو.

کە سیترونەکە بەنێو شاردا و بەرەو باشوور خێراییەکەی زیاتر کرد، سیمای درەوشاوەی بورجی ئیڤل بەدیار کەوت، هەر لە دوورەوە بەو شەوە شەوقی بەرەو ئاسمان دەڕۆیشت. بەدیتنی ئەم دیمەنە، لانگدن بیری لە ڤیکتۆریا کردەوە، بەڵێنە خۆشەکەی ساڵێک لەمەوبەری بیرهاتەوە، کە دەبوایە هەر شەش مانگ جارێک لە شوێنێکی جیاوازی سەر ئەم زەمینە بە یەک بگەنەوە. لانگدن گومانی بۆ ئەوە چوو، بورجی ئیڤلیش لەنێو لیستی دیدارەکەیان بووبێ. بە دڵتەنگییەوە لەدوا جار، لانگدن ڤیکتۆریای لە فڕۆکەخانە جەنجاڵەکەی ڕۆما ماچ کرد، ئەمەش زیاتر لە ساڵێک بەرلە ئەمڕۆ بوو.

– "ئەرێ بەسەر بورجەکە کەوتووی؟" لێخوڕەکە کە ئاوڕێکی لێدایەوە وای لە لانگدن پرسی.

لانگدنیش چاوێکی تێبڕی، بە دڵنیاییەوە بەد لێیحاڵی بوو. "داوای لێبوردنت لێدەکەم؟"

– "ئەمە زۆر جوانە، وانییە؟" پۆلیسەکە لە جامی تڕومبێلەکە ئاماژەیەکی بە بورجی ئیڤل کرد.

لانگدنیش چاوەکانی سووڕدان. "نەخێر، من نەچوومەتە سەر بورجەکە."

– "ئەمە هێمایەکی فەڕەنسایە. پێموایە تەواو عەیار بێ."

لانگدن بە نائامادەیی سەری بۆ لەقاند. هێماناسەکان زۆرجاران ئەو سەرنجەیان داوە، کە فەڕەنسا، ئەو وڵاتەی بە پیاوەتی و مێبازێتی سەرکردە کورتەبنەکانی وەک ناپلیۆن و پیپینی[27] کورتیلە، هەر بەلای ئەوەدا چوونە کە مەترەقێکی درێژی هەزار پێی درێژ، بکەنە هێمای خۆیان.

کاتێکیش گەیشتنە دووڕیانی ریو دە ریڤۆلی[28]، گڵۆپی ترافیکەکە سوور بوو، بەڵام سیترونەکە خاوی نەکردەوە. لێخوڕەکە پێی بە تڕومبێلەکەوە ناو لەدەرچەی ئەوێ بەرەو ڕێگا دارینەکەی ڕوو کاستیلیۆن[29]، کە وەک دەروازەی باکووری باخی تویلەری[30] ناودار، واتە پارکی مەڵبەندی پاریس ڕۆیشت. زۆر لە گەشتیاران سەبارەت بە بژاردەی تویلەری[31] بە هۆی ئەو هەزاران گوڵە تولپە بەد لێیحاڵی دەبن، بەڵام تویلەری لە ڕاستیدا و دەقاودەق ئاماژەیە بۆ شتێک کە زۆر لە ڕۆمانسیەت دوور بێ. جاران پارکەکە گۆڕەپانێکی بەربەرینی کاری قوڕکاری وەستا پاریسییەکان بوو، کە قرمید یان تویلیان بۆ خانووبەرەکانیان لێ دروست دەکرد.

کاتێکیش گەیشتنە نێو پارکە چۆڵەکە، لێخوڕەکە دەستێکی بۆ بن دەشبوولی تڕومبێلەکەی برد و هێما فیکە لێدەرە ئاگادارینامەکەی کوژاندەوە. لانگدن ئاهێکی هاتەوە بەر، چێژی لە بێدەنگییە لە پڕەکەوە وەرگرت. لە دەرەوەی تڕومبێلەکە، تیشکی لایتی پێشەوەی تڕومبێلەکە کەوتە سەر

---

[27] pepin

[28] rue de Rivoli

[29] rue Castiglione

[30] tuileries

[31] jardins tuileries باخەکانی تویلەری

ڕێگا بەردینەکە، دەنگی تایەکانیش ڕیتمێکی خەولێخەریان پەیداکرد. لانگدن هەمیشە وای دادەنا کە تویلەری شوێنێکی پیرۆز بێ. ئاخر ئێرە ئەو باخەیە کە کلود مۆنێ[32] تاقیکردنەوەی شێوە و ڕەنگی لێ ئەنجام دەدا، دەقاودەقیش سروشی لەدایکبوونی بزووتنەوەی ئیمپرێسیۆنیست بوو. وێڕای ئەمە، ئەمشەو ئەم شوێنە ئاماژەیەکی نامۆی شتێکی شوومە.

سیتروونەکە ئێستا بەرەو لای چەپ وەرسووڕایەوە، بۆ لای ڕۆژئاوای بۆلیڤاری پارکە ناوەندییەکە ڕۆیشت. بە دەوری بازنە ڕێگادا، شوفێرەکە کۆلانێکی چۆلی بڕی و گەیشتە مەیدانێکی چوارگۆشەی فراوان. هەنووکە لانگدن دەیتوانی کۆتایی باخەکانی تویلەری ببینێ، کە بە بەردێکی تاقئاسا جیای دەکردەوە.

**تاقی کاروسێل.[33]**

وێڕای ڕیتوێلی ڕابواردن، جارێکیان تاقی کاروسێل بە هۆیەکی سەرتاپا جیاواز بووە مایەی ڕێزی هونەر. هەر لە ئاستی سەرەتاییەوە تا کۆتایی تویلەری، چوار مۆزەی هونەری هەرە نایابی جیهان لێرە دەبیندران... هەر یەکێکیشیان بەگوێرەی ڕووگەنما گۆشەیەکی گرتبوو.

لە دەرەوە، لە دەستە ڕاستی جامی دەرگای ترومبێلەکە، بەرەو خوار بەناو ڕووباری سین و کای ڤۆلتیردا[34]، لانگدن دەیتوانی ڕووخساری دراماتیکیانەی وێستگەی شەمەندەفەری کۆنینە ببینێ، کە ئێستا بۆتە مۆزەی دۆرسای[35]. بە نواڕینە دەستە چەپیش دەیتوانی لووتکەی مەڵبەندی پۆمپیدۆ ببینێ، کە مۆزەی هونەری هاوچەرخی بۆ گواستراوەتەوە. لەپشتی ئەویشەوە بەلای ڕۆژئاوادا، لانگدن دەیزانی کە قووچەکی ڕامسیس لەوێ بەسەر دارەکان هەڵچووە، نیشانەی مۆزەی (دی ژو دە پومە)[36].

بەڵام ڕێکوڕەوان، بەلای ڕاستەوە، بەنێو ڕێگا تاقدارەکەدا، کە لانگدن دەیتوانی یەک بارستە کۆشکی ڕێنسانس کە بۆتە بەناوبانگترین مۆزەی جیهان، ببینێ.

---

[32] Claude Monet

[33] Arc du carrousel

[34] quai Voltaire

[35] d'Orsay

[36] du jeu de paume

## مۆزەخانەی لۆڤەر[37].

لانگدن هەستی بە ختووکەیەکی ئاشنایانەی کارانگازی کرد کاتێ چاوەکانی لە هەوڵی ئەوەدابوون، هەوڵێکی هەمەگیری لێتێگەیشتن لەو باڵەخانەیە بڵند و زەبەلاحە پەیدا بکا. بەنێو ئەو کۆشکە مەزنە دڵڕفێنەدا، ڕووخساری سەرنجڕاکێشی لۆڤەر وەک قەڵایەک ڕوەو ئاسمانی پاریس هەڵچووە. شێوەکەی لە ناڵە ئەسپێکی کەتە و زل دەچێ، ئاخر لۆڤەر درێژترین باڵەخانەی ئەورووپا بوو، لەمسەر بۆ ئەوسەری لە سێ ئەوەندەی بورجی ئیڤل درێژتر بوو. تەنانەت گۆڕەپانە یەک ملیۆن پێ چوار گۆشەییەکەی لەنێوان باڵەکانی مۆزەکەدا دەکرێ بارتەقای پانتاییەکەشی بێتەوە. جارێکیان لانگدن هەموو گۆڕەپانەکە، بست بەبستی بە پێ ڕۆیشتبوو، گەشتێکی سێ میلی دڵڕفێنانە بوو.

بە گوێرەی ئەو خەمڵاندنەی کە هەر سەردانکەرێک پێنج هەفتەی پێویست دەبێ تا هەر ٦٥٣٠٠ پارچە هونەریەکانی ببینێ، بەڵام خۆ زۆر لە گەشتیاران ئەو ئەزموونە کورتکراوەیان دەبینی، کە لانگدن بە لۆڤەری بچکۆڵە ئاماژەی بۆ دەکرد، ئەویش ئەو سێ دەستکارە ناوازەبوو، هەرکەس بەتاسەوە بوو بیانبینێ: مۆنالیزا، ڤینۆس دی ملیلییۆ و سەرکەوتنی باڵدار[38] بوو.

شوفێرەکە دەستی دایە وۆلکی تۆلکییەکە و بە فەرەنسییێکی خێرا گوتی؛ "بەڕێز لانگدن گەیشت. دوو خولەک و لای ئێوەین."

کرتەی سەلماندنێکی لە ئامێرەکە هات کە مایەی لێتێگەیشتن نەبوو.

شوفێرەکە ئامێرەکەی هەڵگرتەوە، ئیدی ڕووی لە لانگدن کرد. "تۆ لە دەروازەی سەرەکیدا کاپتن دەبینی."

شوفێرەکە گوێی بەو نیشانە قەدەغەیەی لێخوڕینی ترومبێلی لە بەردەم کۆشکەکە نەدا، سلفێکی لە ترومبێلەکە دایەوە، سیترونەکەی بە خێرایی بەسەر بەربەستەکە خست. ئێستا دەروازەی سەرەکی لۆڤەر بەدیار کەوت، لە دوورەوە ڕاشکاوانە دیاربوو، کە بە حەفت نافوورەی ئاوی سێ گۆشەیی دەورەدرا و بە گەشاوەیی دەبریسکایەوە.

***هەرەمەکان.***

---

[37] Musee du Louvre

[38] Mona lisa, Venus de Milo and Winged Victory

دەروازە نوێیەکەی مۆزەکە خەریکبوو بەقەد مۆزەکە خۆی بەناوبانگ بێ. هەرەمە جامە نوێیە مشتومڕهەڵگرەکە، کە لەلایەن تەلارسازی ئەمریکی بە ڕەچەڵەک چینی پای[39] دیزاین کرابوو، دنەی گاڵتەکردنی بە کۆنەپارێزان دەدا، هی ئەوانەی هەستیان دەکرد، ئەو دروستکراوە نوێیە ڕەسەنایەتی گۆڕەپانە ڕێنسیانسیانەکەی تێکداوە. گۆتە[40] پێشتر دیزاینکارییەکەی بە مۆسیقایەکی بەستوو لێکچواندبوو، ڕەخنەگرانی (پای)ش ئەم هەرەمەیان بە نینۆکی سەر تەختەڕەشە لێکچواندبوو. هەوادارە پێشکەوتووخوازەکانیش پێیان وابوو، ئەو هەرەمە حەفتاویەک پێ درێژە ڕۆشنە وەک هاوکارێکی وەستایانەی تەلارسازی کۆن و نوێە، هێمایەکە کۆن و نوێ بەیەکەوە گرێ دەدا، ڕێنوێنییێکی لۆڤەرە بۆ سەدەی داهاتوو.

- "ئەرێ تۆ حەز بە هەرەمەکەمان دەکەی؟" پۆلیسەکە وای لە لانگدن پرسی.

لانگدن نێوچاوانی گرژ کرد. پێدەچوو فەرەنسییەکە حەز بکا لە ئەمریکییەکە بپرسێ. هەڵبەتە پرسیارەکەش بارگاوی بوو. ئەگەر پێ لێبنێی کەوا حەزت بە چارەی هەرەمەکەیە ئەوا ئەمریکییێکی زەوقسز دەردەچێ، خۆ ئەگەر پێنەخۆشبوونەکەشت سەبارەت بە هەرەمەکە دەربڕی، ئەوا دەبێتە مایەی سووکایەتی کردن بەفەرەنسا.

- "میتەران پیاوێکی ئازا بوو،" لانگدن وەڵامی یارۆی پۆلیسی دایەوە، جیاوازییەکانی لێک کردنەوە. دەگوترێ سەرۆکی فەرەنسای کۆچکردوو، کە بەرپرسیاربوو لە دروستکردنی هەرەمەکە، تووشی "گرێی فیرعەون"ی ببوو. ئەو بە تەنیا بەرپرسیاربوو لەوەی پاریسی پڕکرد لە قوچەکە میسرییەکان، هونەر و کاری دەستکردیان، فرانس میتەران هۆگری کلتووری میسری بوو، بە شێوەیەک کە فەرەنسییەکان بە ئەبول هۆل[41] ئاماژەیان بۆ دەکرد.

- "ئەرێ ناوی کاپتنەکە چییە؟" لانگدن وای لە پۆلیسەکە پرسی و بەمەش بابەتەکەی گۆڕی.

---

[39] I.M. Pei

[40] Goethe

[41] Sphinx ئەو دێوە سەر ژنە جەستە شێرە باڵدارە بوو، کە لەلای هەرەمی خۆفو لە جیزەی میسر بوو. وەرگێر

- "بێزو فاشێ،"[42] لێخوڕەکە وای وەڵام دایەوە و گەیشتنە دەروازەی سەرەکی. "ئێمە پێی دەڵێین **لا تورو**."[43]

لانگدن ئاوڕێکی لێدایەوە، پێی سەیر بوو کە کەسێکی فەرەنسی نازناوێکی ئاژەڵیانەی وا تەلیسماوی هەبێ. "تۆ بە کاپتنەکەت دەڵێی، **گاجووتەکە؟**"

برۆکانی کابرای پۆلیس وەک کەوانەیان لێهات. "بەڕێز لانگدن فەرەنسییەکەت لەوە باشترە کە دانت پێدانا."

***فەرەنسیەکەم دووکەڵ دەکا***، لانگدن بیری لێکردەوە، ***بەڵام زانیاریم دەربارەی بورجەکان باشە***. (تاروس) هەمیشە هەر گاجووت بووە. ئەستێرەناسی هێماگەلێکن هەموو جیهانی داگرتووە.

پۆلیسەکە ترومبێلەکەی لە نێوان دوو نافورەدا، لەلای دەرگە گەورەکەی هەرەمەکە ڕاگرت. "بەڕێز، ئەوێ دەرگەی سەرەکییە، بە هیوای بەختەوەریت."

- "تۆ نایەیتە ژوور؟"

- "فەرمانەکەی سەرشانم ئەوەیە، تۆ لێرە دابنێم. من کاری دیکەم هەیە دەبێ پێیان ڕابگەم."

لانگدن بە تەنیا مایەوە، سەیرێکی لایتەکانی پشتەوەی ترومبێلەکەی کرد کە ڕۆیشت، ئەوسا تێگەیشت خۆ دەتوانێ ڕای خۆی بگۆڕێ، لە گۆڕەپانەکە دەربچێ و تاکسییێک بگرێ و بگەڕێتەوە لێی بخەوێ. شتێکیش پێیگوت کە ئەمە، بیرۆکەیەکی قێزەونانەیە.

کاتێکیش بەرەو پێشەوەی تەمومژی فوارەکە هەنگاوی نا، هەستێکی ناخۆشی بۆهات بەوەی بە خەیاڵ پێ دەنێتە جیهانێکی دیکەوە. ئەو ڕووداوە خەونئامێزەی ئەمشەو، دیسان یەخەی گرتەوە. ئاخر هەر بیست خولەک پێش ئێستا لەناو نوێنەکەی لە هوتێلەکەدا ڕازابوو. هەنووکەش لەبەرامبەر هەرەمە ڕۆشنەکەی کە ئەبول هۆل دروستی کردووە، وەستاوە، چاوەڕێی پۆلیسێک دەکا، پێی دەڵێن گایەکە.

---

[42] Bezu Fache

[43] le Taureau

***من کەوتوومەتە نێو داوی تابلۆیەکی سیلڤادۆر دالی***، وای بیرکردەوە.

لانگدن هەنگاوی بەرەو دەروازە سەرەکییەکە هەڵێنا، دەرگایەکی بازنەیی قەبە. داڵانەکەشی تاریک و چۆڵ و هۆڵ بوو.

***ئەرێ لە دەرگا بدەم؟***

لانگدن پێی سەیر بوو ئەگەر هەر میسری ناسێکی ڕێزلێگیراو لێرە لە بەرامبەر هەرەمەکە لە دەرگای دابێ و ڕەچاوی ئەوەشی کردبێ کە وەڵام بدرێتەوە. دەستی خۆی بەرزکردەوە کە پێی لەشووشەکە بدا، بەڵام لە تاریکایی پشتەوە بیچمێکی بەدی کرد، کە لە پەیژە پێچاوپێچەکانەوە سەردەکەوت. پیاوەکە کەسێکی گۆشتنی تێکسمڕاوی ڕەشئەسمەر بوو، هەر لە نیاندەرتال دەچوو، جلێکی ڕەش، قاتێکی ڕەشی سینگ داپۆشەر کە بە ئاستەم شانەکانی لەبەر تەسکی تێدا وەرنەدەسووڕانەوە، لەبەردابوو. بە لەخۆڕادیتن و بە قاچە بە هێزەکانی هەنگاوی بۆ پێشەوە دەنا. لە تەلەفۆنە دەستیەکەی قسەی دەکرد، کاتێکیش گەیشت تەلەفۆنەکەی تەواوبوو. ئاماژەی بە لانگدن کرد بێتە ژوورەوە.

- "من بێزو فاشێم،" هەر کاتێ گەیشتە لانگدن وای پێگوت و بە دەرگا خڕەکە لێهاتەژوور. "کاپتنی بەڕێوەبەرایەتی مەڵبەندی پۆلیسی دادوەری." تۆنە دەنگەکەی تەواو بوو، وەک ئەوەی باهۆزێک سەدای دەدایەوە.

لەپە پانەکانی فاشێ دەورەی دەستی لانگدنیان دا و بە هێزێکیشەوە گوشی.

- "وێنەکەم بینی،" لانگدن وای پێگوت. "ئاژانەکەت گوتی کەوا ژاک سانییێر بەخۆی وای لە خۆی کردووە——"

- "بەڕێز لانگدن،" چاوە قەترانییەکانی زەق بوونەوە. "ئەوەی لە وێنەکەدا بینیوتە تەنها سەرەتای شتێکە کە سانییێر کردوویەتی."

# بەندی ٤

کاپتن بێزو فاشێ بەخۆی و شانە پانەکان بۆ پشتەوە کشایەوە و چەناگەی بەسەر سنگدا شۆڕببووەوە، وەک گایەکی توورە خۆی دەنواند. پرچە ڕەشەکەی بە کرێم تێهەڵسوون بۆ پشتەوە داهێنرابوو، شێوازی پرچداهێنانەکەی بە شێوەیەک بوو، پۆڕی پێشەوەی وەک تووکی سەری بێوەژنانە دەرکەوتبوو، نێوچاوانی دوولای پرچی وەک گۆشەیەکی تیژی پێشەوەی بیچمی بەلەمێک دیار بوو، کە هەنگاوی بۆ پێشەوە دەنا، چاوە ڕەشەکانی پێش پێیەکانی هەڵدەقرچاند، بەمە بەرچاوی ڕوون وەک ناوورومەتەکەی بە شێوەیەکی توندوبەند بۆسەر هەموو دۆزەکان نیشان دەدا.

لانگدن بە دوای کاپتنەکە بەسەر پەیژە مەڕمەڕە ناسراوکان بۆ ژێرەوەی هەرەمە شووشەیینەکە دابەزی. کاتێک لەوێ دادەبەزین، بە نێو پۆلیسی دادوەریدا ڕۆیشتن کە تفەنگەکانیان لە گۆلمە دابوو. پەیامەکە ڕوون و ئاشکرا بوو: بەبێ مۆڵەتی کاپتن فاشێ، ئەمشەو نەکەس بۆی هەیە بێتە ئەوێ و نەکەسیش لەوێ بڕوا.

بە دابەزین بۆ ئاستی خوارەوە، لانگدن تووشی ترسە سەرهەڵدراوەکەی بووەوە. حزوری فاشێ لە بەخێرهێنان زیاتر نەبوو، خودی لۆڤەریش لەم ساتەدا گۆڕێکی درەوشاوە بوو. پەیژەکان هەروەک ڕاڕەوە تاریکەکانی سینەما، بە ڕووناکییێکی کز، کە پێ بەپێ دەدرەوەشایەوە، وابوو. لانگدن گوێی لە دەنگی ترپەی پێی خۆی لەسەر شووشەکە دەبووەوە. کاتێک سەری هەڵبڕی، ئەو تەنکە تەمومژە کە لە ئاوی نافوورەکەوە دەهات، ببینێ کە چۆن دیمەنەکەی دەرەوەی لێ تاریک دەکرد.

- "دەیسەلمێنێ؟" فاشێ وای لێپرسی، بە چەناگە پانەکەشی ئاماژەیەکی بۆ سەرەوە کرد.

لانگدن ئاهێکی هەڵکێشا، لەوە ماندووتر بوو گەمە بکا. "بەڵێ، هەرەمەکەتان نایابە."

فاشێ منگەیەکی لێوەهات. "جێبرینێک بە ڕووخساری پاریسەوە."

***پەلاری یەکەم.*** لانگدن هەستی کرد خانەخوێیەکەی پیاوێکی توندە لەوەی کەسێکی نەرم بێ. مەراق بوو ئاخۆ فاشێ هیچ بیرۆکەیەکی سەبارەت بەو هەرەمە هەیە، کە سەرۆک میتەران

دەقاودەق داخوازی بوو، دروستکردنەکەشی ڕێک ٦٦٦ تەختە شووشەی دەویست، ئەو ژمارە نامۆیەش ڕێک ئەو ژمارەیە بوو کە گوایە ژمارەی شەیتانە[44].

لانگدن بڕیاریدا ئەم شتە باس نەکا.

کاتێک زیاتر بەرەو دالانی ژێرزەمینەکە دەچوونە خوار، بەرەبەرە دەمکراونەوەی مەودایەکە لە سێبەرەکەدا دەردەکەوت. شوێنەکە بە قووڵی پەنجا و حەفت پێ لە خوار ئاستی زەوی ڕۆنراوە، پێکهاتە نوێکەی هۆڵی لۆڤەر ٧٠٠٠٠پێ چوارگۆشەیی بە شێوەی ئەشکەوتێکی بێ کۆتایی دروست کراوە. لە مەرمەڕێکی زەردباو دروستکراوە تا ڕەنگەکەی لەگەڵ ڕووخسارە ڕەنگ هەنگوینیەکەی سەرەوەی لۆڤەر بێتەوە، هۆڵی بنەوە لەگەڵ ڕۆژئەنگاوتن لە گەشتیاران جمەی دێ. ئەمشەویش هۆڵەکە گیراوە و تاریکیشە، سەرتاپای مەوداکە ساردی و بۆشایی سارداوئاسای وەک کەشوهەوا نیشان دەدا.

- "باشە ئەدی دەستەی بەردەوامی ئاسایشی مۆزەکە؟" لانگدن وای پرسی.
- "دەستبەسەرن،" فاشێ وا وەڵامی دایەوە. دەنگەکەشی وا دەهات وەک ئەوەی لانگدن پرسیاری لێهاتوویی تیمەکەی فاشێ بکا. "دیارە، یەکێک توانیویەتی بێ ئەوەی بۆی هەبێ، بێتە ژوور. هەموو پاسەوانە شەوەکانی لۆڤەر لە باڵی سەلیی[45]دا لێیان پرسراوەتەوە. بۆ ئەمشەویش پۆلیسەکانی من ئەرکی ئاسایشپارێزی مۆزەکەیان گرتۆتە ئەستۆ."

لانگدن سەری بۆ لەقاند، بە خێراییش دەجوولا تا بە هەنگاوەکانی فاشێ ڕابگا.

- "تۆ تا چەند ژاک سانییێرت ناسیووە؟" کاپتنەکە وای لێپرسی.
- "لە ڕاستیدا واش نا. ئێمە هەرگیز یەکدیمان نەبینیوە."
- فاشێ بە سەرسوڕمانەوە سەیری کرد. "یەکەمین دیدارتان ئەمشەو بووە؟"
- "بەڵێ. وامان دانابوو لە هۆڵێ پێشوازییەکەی زانکۆی ئەمریکی لە پاریس، دوای تەواوبوونی موحازەرەکەم یەکدی ببینین، بەڵام ئەو هەر نەهات."

---

[44] ژمارە 666 کە ژمارەیەکی سروشتییەو دەکەوێتە نێوان 665 و 667، وا داندراوە بە گوێرەی بەندی 13 لە کتێبی سروشی ئینجیل و کلتووری گشتیدا ژمارەی دێوێکی شەیتانییە(وەرگێر).

[45] Sully Wing

فاشێ یەک دوو تێبینی لە دەفتەرەکەیدا نووسین. کاتێکیش دەڕۆیشتن، لانگدن سەرنجی لە هەرەمە کەمتر ناسراوەکەی لۆڤەر دا، کە تیشکدانەوەیەک لە ئاسمانێکی بەربەرینی زل لەو سەر بنمیچەوەیە وەک سەرەڕمی سەربەرەو خوار لەگەڵ هێڵدارییەکەی دیوارەکە نیشان دەدا. فاشێ ڕێنوێنی لانگدنی بۆ لای چەند کورتە پەیژەیەک کرد، کە دەیگەیاندە بەردەم تونێلێکی تاقدار(چەماوە)، لەوێوە نیشانەی: دینۆن[46]ی لەسەر نووسرابوو. باڵی دینۆن ناسراوترین سێ هۆبەکەی لۆڤەرە.

- "کێ داوای دیداری ئەمشەوی کردبوو؟" لە پڕێکەوە فاشێ وای لە لانگدن پرسی. "تۆ یان ئەو؟"

پرسیارەکە لە پرسیارێکی نامۆ دەچوو. "بەڕێز سانیێر کردی،" کاتێ پێیان خستە ناو تونێلەکە، لانگدن وا وەڵامی کاپتنەکەی دایەوە. "چەند هەفتەیەکی کەم، پێش ئێستا لە ڕێی ئیمێلەوە، سکرتێرەکەی پەیوەندی پێوەکردم. خانمە سکرتێرەکە گوتی، سەرپەرشتیارەکە بیستوویەتی، کە من لەم مانگەدا لە پاریس موحازەرەیەکم هەیە، دەیەوێ لەو کاتەی من لەوێم هەندێ شتم لەگەڵدا باس بکا."

- "باسی چی بکەن؟"
- "من نازانم. پێموابێ باسی هونەر. ئێمە هاوخولیا بووین."

فاشێ بە گومانەوە سەیری کرد. "تۆ هیچ بیرۆکەیەکت نییە ئاخۆ دیدارەکەتان لەسەر چی دەڕۆیشت؟"

لانگدن نەیدەزانی. ئەو لە کاتی خۆی مەراق بوو بیزانێ، بەڵام پێیخۆش نەبوو وردەکارییەکەی بپرسێ. ئاخر ژاک سانیێری ڕێزلێگیراو مەیلێکی ناسراوی دەربارەی شتە تایبەتیەکان هەبوو، هەروەها بە کەمیش ڕێگەی بە سازدانی دیدارەکان دەدا؛ بە شێوەیەکی سادەش، لانگدن سوپاسگوزار بوو، دەرفەتی دیدارێکی وای بۆ هەڵبکەوێ.

- "بەڕێز لانگدن، بەلانیکەم مەزندەیەکت هەیە، بۆچی قوربانییە کوژراوەکەمان ویستیوویەتی باسوخواس لەم شەوەی تێدا کوژراوە، لەگەڵ تۆدا بکا؟ ئاخر دەکرێ ئەوە زۆر یارمەتیدەر بێ."

---

[46] DENON

وردەكاری پرسیارەكە وای لە لانگدن كرد ئاسوودە نەبێ. "بەڕاستی ناتوانم وێنەیەک بکێشم. من نەمپرسی. بەهۆی پەیوەندیکردنەکەوە من هەستم بەشەرمەندی کرد، ئەمە هەموو شتێک بوو. من بە کارەکانی بەڕێز سانییێر کارانگاز بووم. زۆر جار لە پۆلەکانمدا دەقەکانی ئەوم بەکار دەهێنان."

فاشێ لە دەفتەرەکەیدا ئەو تێبینییانەی تۆمار کردن.

هەر دوو پیاوەکە ئێستا نیوەی ڕێگایان بەرەو باڵی دینۆن و سەرەتای تونێلەکە بڕی بوو، لانگدنیش دەیتوانی ئەو دوو پەیژە جمکە کارەباییانە ببینێ کە بۆ خوار لەوێ بێهەست و خوست داندرابوون.

- "کەواتە هەمان خولیای ئەوت هەبوو؟" فاشێ لێی پرسی.
- "بەڵێ، لە ڕاستییدا، لەو ساڵەی دواییدا من زیاتر لەسەر ڕەشنووسی کتێبێک کارم دەکرد، کە پەیوەندی بە ئەزموونی سەرەکی بەڕێز سانییێرەوە هەبوو. پەرۆش بووم لە ئاوەزەکەی ئەو شت هەڵبهێنجم."

فاشێ سەری بەرزکردەوە، "ببوورە؟"

دیاربوو ئیدیۆمەکەی باش وەرنەدەگێڕدرا. "من لەبەر ئەوە دابووم لەبەر ڕۆشنایی هزرەکانی ئەو شتی زیاتر لەسەر بابەتەکە فێرببم."

- "ئاوا، دەیبینین. چ بابەتێک؟"

لانگدن دوودڵ بوو، دڵنیا نەبوو چۆن چۆنی شتەکە باس بکا. "لە جەوهەردا، ڕەشنووسەکە دەربارەی ئایکۆنگرافی خواوەندە مێینەکان، ڕامانی پیرۆزێتی مێینە و هونەر و هێما هاوکارەکان لەگەڵ بابەتەکەدا بوو."

فاشێ دەستە گۆشتنەکەی لە پرچی دا. "سانییێریش لەو بارەوە شارەزا بوو؟"

- "لەو زیاتر شارەزا نەبوو."
- "ئاوها."

لانگدن هەستی کرد، فاشێ هیچی لێنازانێ. ژاک سانییێر وا دادەندرا کە ئایکۆنگرافەری پێشەنگی خوایە مێینەکانی سەر ڕووی زەوییە. سانییێر نەوەک هەر مەیل و پەرۆشی بۆ پاشماوەی

پیتوفەڕی پەیوەندیدار هەبوو، بەڵکو لە ماوەی ئەو بیست ساڵەیدا، سانییێری سەرپەرشتیار یارمەتی لۆڤەری داوە بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی ئایکۆنەکانی سەر ڕووی زەوی لە هونەری خوایەکان و سەرە تەوری یاکسیسی دەستی قەشەکان، کۆنترین مەزاری گریک لە دێلفی، داردەستی زێڕین، سەدان نیشانە بەردی نووسینی میسری دێرین، بەردەکلیل، ویردەبەرد بۆ ڕاونانی گیانە شەڕانگێزەکان.

- "لەوانەیە ژاک سانییێر بە کتێبە ڕەشنووسەکەی تۆی زانیبێ؟" فاشێ شتێکی وای بۆ لانگدن خستە ڕوو. "ئینجا پەیوەندی پێوەکردبێ تا لە کتێبەکەدا کۆمەکت بکا."

لانگدن سەری بادا. "لە ڕاستیدا، کەس دەربارەی ڕەشنووسەکەی منی نەدەزانی. ئاخر هێشتا هەر پڕۆژە ڕەشنووس بوو، بەدەر لە دارێژەرەوەکەم نیشانی هیچ کەسێکم نەدابوو."

فاشێ بێدەنگ بوو.

لانگدن ئەو هۆیەی باس نەکرد، بۆچی تا ئێستا ڕەشنووسەکەی نیشانی کەس نەدابوو. ئەو ڕەشنووسە سێ سەد لاپەڕەییە – کە جارێ ناونیشانەکەی هێماکانی مێینە پیرۆزە ونبووەکە بوو- هەندێ شیتەڵکاری نائاسایی بۆ دامەزراندنی ئایکۆنگرافی دینیی لەخۆگرتبوو، بە دڵنیاییشەوە دەبووە مایەی مشتومڕ لەسەر کردن.

هەنووکە، کە لانگدن گەیشتبووە پەیژەی کتێبخانەکە، ئیستێکی کرد، پەی بەوەبرد، چی دیکە فاشێ لە پاڵیدا ناڕوا. ئینجا وەرسووڕایەوە. بینی فاشێ لە دواوە چەندین گەز دوور، لە پەنا ئەسانسێرەکەدا وەستاوە.

- "ئێمە بە ئەسانسێر سەر دەکەوین،" بە دەم گوتنی ئەم قسانە فاشێ، قاپی لای چەپ کرایەوە. "وەک دڵنیام کە دەیزانی، گەلەرییەکە لەو سەرەو و بە پێ دوورە."

هەرچەندە لانگدن دەیزانی، ئەسانسێرەکە درێژی دوو نهۆم بۆ سەرکەوتن بۆ باڵی دینۆن کورت دەکاتەوە، لێ لەوێ بێ هەستوخوست لە شوێنی خۆی نەجوولا.

- "ئەرێ شتێکی شاش لە ئارادا هەیە؟" فاشێ لا قاپیەکەی گرتبوو، بە ئۆقرە لێبڕاوی چاوەڕێی دەکرد.

لانگدن هەناسەیەکی هەڵکێشا، چاویشی لەسەر درێژایی ئەسانسێرە کراوەکە بوو. ***نەخێر هیچی شاش لە ئارادا نییە***، ئەو ئەمەی لەبەر خۆی دووبارە کردەوە و گەڕایەوە لای ئەسانسێرەکە.

لانگدن کە هێشتا منداڵ بوو، جارێکیان کەوتبووە نێو بیرێک، بیرێکی چۆڵ. ئیدی لەو بیرەدا هەوڵی زۆریدابوو بەر لەوەی فریادڕەسێکی بگاتەسەر، لەنێو ئاوی بیرە تەنگەکەدا نەخنکێ. لەو کاتەوە ئەو لە شوێنی داخراوی تەنگەبەری وەک ئەسانسێر، ڕێگای ژێرزەمینی، هۆڵە جەنجاڵەکان دەترسێ. ***ئەسانسێرەکە شوێنی دروستی ئۆتۆماتیک پارێزراوە،*** لانگدن بەردەوام وای بە خۆی دەگوت و بڕواشی پێنەدەکرد. ***ئاخر ئەو سندووقە کانزایە بچکۆلانەیە بە داخراوی هەڵواسراوە!*** بە هەناسە ڕاگیراوی پێی خۆی نایە نێو ئەسانسێرەکە، کاتێک قاپیەکە پێوەدرا، هەستی بە قوڵپەقوڵپی ئەنزیمی ئەندرێلاین کرد.

***دوو نهۆم. دە چرکە.***

- "تۆ و جەنابی سانییێر،" کاتێک ئەسانسێرەکە کەوتە جووڵە فاشێ وای بە لانگدن گوت، "ئێوە هەرگیز بە یەکەوە قسەتان نەکردووە؟ هەرگیز نامەتان بۆیەک نەناردووە؟ هەرگیز هیچ شتێکیشتان بە ئیمێل بۆ یەک ڕەوانە نەکردووە؟"

دیسان پرسیاری سەیر. لانگدن سەری بۆ بادا. "نەخێر، هەرگیز."

فاشێ سەری جوولاند وەک ئەوەی تێبینییێکی هۆشمەندانە لەو ڕاستییەدا بنوێنێ. هیچیشی نەگوت، بە زەقی سەیری دەرگای پێشخۆی کرد.

کاتێکیش سەرکەوتن، لانگدن هەوڵیدا تیشکۆی بیری خۆی بخاتە سەر هەر شتێک تەنها چوار دیوارەکەی دەوروبەری نەبێ. لە ڕەنگدانەوەی قاپیە درەوشاوەکەی ئەسانسێرەکە، ئەو بۆینباخە خاچدارەکەی فاشێی بینی کە بە سیانزە پارچەی بەردی عەقیق ڕازابۆوە. لانگدن ئەمەی بە شتێکی سەیری تەمومژانە بینی. ئاخر هێماکە بە کروکس گێماتا[47]-خاچێک سێزدە گەوهەری تێدایە- ناسراوە، ئەمەش نیشانە هێمایەکی عیسا (کریستۆس) و هەر دوازدە شاگردەکانیەتی. بە جۆرێک لە جۆرەکان، لانگدن ئەوەی ڕەچاو نە دەکرد کە کاپتنی پۆلیسی فەرەنسی بەو ڕاشکاوەییە هێمایەکی دینیی لە یەخەی خۆی بدا. خۆ دیسان، ئێرە فەرەنسایە؛ کریستیانێتی لێرە دینێک نییە ئەوەندی مافێک بێ بە لەدایکبوونەوە وەرگیرابێ.

- "ئەمە کروکس گێماتایە،" لە پڕێکەوە فاشێ وای پێگوت.

بە سڵەمینەوە، لانگدن سەری هەڵبڕی، بینی چاوەکانی فاشێ لەسەر ئەو مۆلەق ڕاگیراون.

---

[47] **crux gemmata**

ئەسانسێرەکە لەنگەیەکی کرد و وەستا، دەرگاکە کرایەوە.

لانگدن بە خێرایی هەنگاوی بۆ بەردەمی ڕاڕەوەکە نا، تاسەمەند بوو بۆ مەودایەکی کراوە، کە هەنوانە بەربەرینە بنمیچدارە بەرزەکەی لوڤەر بۆی ڕەخساندبوو. هەرچەندە ئەو جیهانەی ئەو کە تازە پێی تێهاوێشت، هیچ شتێکی لەوە نەدەکرد کە ڕەچاوی دەکرد.

لانگدن سەرسوڕمانانە کورتە ئیستێکی کرد.

فاشێش چاوی تێبڕی. "جەنابی لانگدن، من وای بۆدەچم، تۆ هەرگیز لۆڤەرت دوای سەعاتەکانی کرانەوە نەبینی بێ؟"

***پێموایە نەمبینیوە***، لانگدن وا بیری کردەوە، هەوڵیدا خۆی کۆ بکاتەوە.

ئاساییانە ئێرە بە دروستی ڕووناک دەکرا، ئەمشەویش گەلەری لۆڤەر سەرسوڕهێنەرانە تاریکە. لە جیاتی ئەوەی بە شێوەیەکی ئاساییانە کە لەسەرەوە ڕووناکی بۆ بێ، ئێستا لە بنەوە تیشکە کزێکی سووورباو لەسەر خشتەکانی ناوکەوەکەوە دەردەکەوێ و سەرهەوراز دەڕوا.

کاتێک لانگدن لە بەر پێی خۆی لە ڕاڕەوە تاریکەکەی ڕوانی، پەی بەوە برد، دەبوایە چاوەڕێی دیمەنێکی وا بکا. بە کردەوە خۆ هەموو گەلەرییە سەرەکییەکان بە شەو تیشکی سوور هەڵدەکەن، بۆ ئەوەی ڕووناکییەکە لە ئاستێکی نزمدا بێ، هەستیار نەبێ، نیمچە تاریک بێ، پاسەوانەکان بە هێواشی شتەکان ببینن و تابلۆکانیش بە درێژایی شەو لە تیشکی زەق دووربخەنەوە بۆ ئەوەی چۆنایەتییەکەیان پارێزراو بێ. ئەمشەویش خەریکە مۆزەکە ڕەزایەکی قوڕسی هەبێ. سایەی لانگدن بە هەموو لایەکدا دەڕوا، بنمیچە قووچەکە هەڵواسراوەکەش وەک بۆشاییێکی ڕەش و بە تاڵ دەردەکەوێ.

- "بەم ڕێیەدا،" فاشێ وای پێگوت و بە تیژی بە لای دەستە ڕاستیەوە بایدایەوە و پێی نایە بەردەم زنجیرەیەک گەلەری بەیەکەوە گرێدراو.

لانگدنیش بە دوایدا ڕۆیشت، ڕوانینەکەی تا دەهات تاریک دەبوو. هەموو ئەوەی لە دەوروخولی بوو، تابلۆی زەیتی قەبارە گەورە وەک وێنەی کەتە و زل لە ژوورێکی گەورەی تاریک دەهاتنە بەرچاو... کە بەناو ژوورەکەدا دەڕۆیشت چاوەکان هەر بەدواوەی بوون. دەکرا هەست بە بۆنی هەوای ناسراوی مۆزەکە بکاتەوە، بۆنێکی وشک لە کاربۆنێکی لاواز دەچوو، بۆنەکە لەو

ئامێرانەوە دەهات، کە هەوای ژوورەوەیان بە دەرەوە لەماوەی بیست و چوار سەعاتدا دەگۆڕێ و بەم جۆرە لە کەپووی میوانانی دەدا.

بە بەرزی دیوارەکانیشەوە، کامێرای چاودێری بە ئاشکرا ئەو پەیامەیان دەگەیاند: ***ئێمە تۆ دەبینین. دەست لە هیچ شتێک مەدە.***

- "ئەرێ کامەیان ڕاستییە؟" لانگدن بە ئاماژەکردن بۆ کامێراکان وای پرسی.
- فاشێ سەری بادا. "هەڵبەتە نا."

لانگدن سەری سوڕنەما. ڤیدیۆی گەڕۆکی لە مۆزەیەکی وا قەبارە گەورەدا خەرجێیکی زۆر و بێ کاریگەریشن. لەچاو ئەو هۆڵە گەورانەی مۆزەکە کە شایانی چاودێری بن، ئەوا پێویستی بە سەدان تەکنیکەوان هەیە بە دوایدا بچن. هەر بۆیە زۆر لە مۆزە گەورەکان سیستمی "ئاسایشی لەخۆگر" بەکاردەهێنن. ***ئەوە لەبیرخۆت بەرەوە کە بچێتە دەرەوە، بەڵکو لەناوەوە بیهێڵەوە.*** لەخۆگرەکە دوای چەند سەعاتیک کاراکراوە، هەر کەسێکیش پارچەیەکی هونەری لە شوێنی خۆی ببزوێنێ، ئەوا دەروازەکانی سەر هۆڵە نمایشەکە ڕاستەوخۆ دادەخرێن، ئیدی دزەکە بەر لەوەی پۆلیسی بگەنە سەر، خۆی بە زیندانکراوی دەبینێتەوە.

دەنگێک لەسەر مەرمەڕی دالانەکە دەهات. پێدەچوو دەنگەکە لە هەیوانێکی گەورەی قوژبنەکەوە بەرەو ڕوویان بێ. هەموو گڵۆپە ڕووناکەکانی دالانەکە هەڵبوون.

- "نووسینگەی سەرپەرشتیارەکە،" کاپتنەکە بوو وای گوت.

کاتێک ئەو لەگەڵ فاشێ لە قوژبنەکە نزیک دەبوونەوە، بۆ لانگدن کورتە دالانەکە، بۆ ناو ژوورە نایابەکەی سانییێر بە دیواری دارینی گەرم، تابلۆ شاکارە کۆنەکان و مێزێکی گەورەی ئەنتیک کە لەسەریدا شۆڕەسوارێکی دوو پێ بەرز بە قەڵغان چەک و تفاقەوە داندرابوو. بەقەد ژمارەی پەنجەی دەستێک، پۆلیس لەو ناوە لەژوورەکە دەهاتن و دەچوون، تەلەفۆنیان وەڵام دەدایەوە، تێبینییان تۆماردەکردن. یەکێک لەوان لەسەر مێزەکەی سانییێر دانیشتبوو، لەسەر لاپتۆپەکە تایپی دەکرد. دیاربوو ئەمشەو نووسینگەی تایبەتی سەرپەرشتیارەکە ببووە بارەگای کاری بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دادوەری.

- "بەڕێزان،" فاشێ بانگی کرد، ئەوانیش ئاوڕیان دایەوە. "تکایە بە هیچ شێوەیەک هەراسانمان مەکەن. تێگەیشتن؟"

هەموو ئەوانەی لە ژوورەکەدا بوون سەری ڕەزامەندییان لەقاند.

لانگدن بە خۆی زۆر جاران دەقە ئاماژەنامەی ***تکایە هەراسانمان مەکەن*** بە دەرکەی ژووری هوتێلەکەی هەڵواسیبوو، بەمەش هەر زوو لە فەرمانی کاپتنەکە گەیشت. دەبوایە فاشێ و لانگدن بە هیچ شێوەیەک سەغڵەت نەکرێن.

دوای ئەوەی پۆلیسەکان ژووری کۆبوونەوەکەیان جێهێشت، فاشێ ڕێنوێنی لانگدنی بۆ زیاتر ڕۆیشتن بەنێو دالانە تاریکەکەدا کرد. سی گەز لە پێشەوە، دەروازەی هۆبەی هەرە خۆشەویستی لۆڤەر –گراند گەلەری– بەدەرکەوت، کە وەک دالانێکی بێ کۆتایی پڕ لە شاکاری ئیتالییای گرانبەها بوو. لانگدن پێشتر دەیزانی جەستەی سانییێر لەوێ لە شوێنێک کەوتووە؛ ناوکەوە دارینە بەناوبانگەکەی گراند گەلەری لەبەر تیشکدا شتێک نەبوو نادیدە بگیرێ.

کاتێکیش ئەوان نزیکتر دەبوونەوە، لانگدن بینی دەروازەکە بە دەرگایەکی پۆلاینی قەبە گیراوە، ئەوەش هەروەک ئەوە وابوو دەروازەی قەڵایەک لە بەردەم سووپایەکی پەلاماردەردا دابخرێ.

"***ئاسایشپارێزی لەخۆگر***،" فاشێ کاتێک لە دەرگاکە نزیک کەوتەوە وای گوت.

تەنانەت لە تاریکیشدا، بەربەستەکە وادیاربوو وەک ئەوەی بەری تانکێکی پێ بگیرێ. لە دیوی دەرەوە، لانگدن بە دیقەتەوە لە درزە نیوە ڕووناکەکاندا سەیری گراند گەلەری کرد.

– "جەنابی لانگدن بە دوای تۆدا،" فاشێ وای پێگوت.

لانگدن ئاوڕی دایەوە. ***دوای من ، بۆ کوێ؟***

فاشێ ئاماژەی بە سەرزەوی پێشەوە، بە بنکەی دەرگاکە کرد.

لانگدنیش سەیری خوارەوەی کرد. لە تاریکییەکەدا، تێبینی نەدەکرد. بەربەستەکە بەقەد دوو پێ بەرزکرابۆوە، ڕێگایەکی زەحمەتی لێوەدەرچوون کرابۆوە.

– "ئەم ناوچەیە هێشتا لە ژێر چاودێری توندی لۆڤەردایە،" فاشێ وای پێگوت. "تیمەکەی من لە پۆلیسی تەکنیکی و زانستییەوە، هەر تازە لە لێکۆڵینەوەکەیان بوونەتەوە." ئەو ئاماژەی بە کەلێنەکە کرد. "تکایە بە بنیدا تێپەڕ بە."

لانگدن سەیری کەلێنە تەنگەبەرەکەی بەر پێی کرد، ئینجا چاوێکیشی بۆ سەرەوە بۆ بارستاییە دەرگا ئاسنینە زەبەلاحەکە هەڵبڕی. ***ئەو گاڵتە دەکا، وانییە***؟ ئاستەنگەکە هەروەک جیلۆتینێک[48] بوو بۆ پەڕاندنی سەری کەتنکەرێک.

فاشێ بە فەرەنسی مینگەیەکی لێوەهات و سەیری کاتژمێرەکەی دەستی خۆی کرد. ئینجا نوشتایەوە و بەژێر بەربەستەکەدا ڕەت بوو. لەسەرەکەی دیکەوە، بەقیتی وەستا و لە پشت شیشەکانەوە سەیری لانگدنی کرد.

لانگدنیش ئاهێکی هەڵکیشا. دەستەکانی نەوی کردن و گەیاندییە سەر ناوکەوە دارینە تایبەتیەکە، ئینجا لەسەر زگ خوشی تا بە بن بەربەستەکەدا بڕوا. کاتێکیش بەبن شتەکەدا دەخشی، پشتەملی چاکەتە هاریس تویدەکەی بەر بنی دەرگاکە کەوت، گەڕاندیە پشتەوە و سەری بەر ئاسنەکە کەوت.

***ڕۆبەرت ، زۆر لەشسووکی***، بە منگەیەکەوە وای گوت و ئیدی بە بن بەربەستەکەدا پەڕیەوە. کاتێکیش هەڵسایەوە، گومانێکی وای پەیدا کرد، کە شەوێکی درێژی لە پێشە و هەر نابڕێتەوە.

---

Guillotine [48] ئەو ئامێرە سازکراوە بوو کەسەری نەیاران و تاوانبارانیان پێدەبڕی. ناوەکەشی بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەهەمی فەرەنسا دەگەڕێتەوە، پزیشکێکی فەڕەنسی بەناوی Joseph-Ignace Guillotin (1738–1814) پێشنیازی کردبوو بۆ لە سێدارەدانی تاوانباران.

# بەندی ٥

کۆشکی موورای هیل[49]، بارەگا جیهانییەکەی ئۆپیوس دای[50] و مەڵبەندی کۆنفرانس دەکەوێتە ژمارە ٢٤٣ی گەڕەکی لێکسینگتن[51] لە شاری نیویۆرک. بە نرخی هەندێ هەروازتر لە ٤٧ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی، ئەو بورجە ١٣٣٠٠٠پێ چوارگۆشەییە بە بەردی قرمیدی سوور و خشتی هیندییانە سوورهەڵگەڕابوو. تەلارسازییەکە لە لایەن مای و پینسکا[52] داڕێژرابوو، باڵەخانەکە زیاتر لە سەد ژووری خەوتن، سێ هۆڵی نانخواردن، کتێبخانەکان، ژوورەکانی دانیشتن، ژوورەکانی کۆبوونەوە و نوسینگەکانی تێدایە. نهۆمی دووەم، هەشتەم و حەڤدەهەم کڵێسایەکی بچووکی تێدایە کە بە دار و مەڕمەڕ ڕازابووەوە. نهۆمی هەڤدەهەمی بە تەواوی هی لێ ئاکنجیبوونە. پیاوان لە دەرگای سەرەکی لە گەڕەکی لێکسینگتنەوە دەچنە نێو باڵەخانەکە. ژنانیش لە ڕێی جادەیەکی لاوەکییەوە بۆی دەچن، ئاخر پیاوان و ژنان بەدیارکراوی و هەموو کاتێک لەنێو باڵەخانەکەدا لەیەک جیاکراونەتەوە.

بەم ئێوارەیە زووە، لە ئەپارتمانە نهۆم باڵاکەی خۆیدا، مەتران مانوێل ئارینگارۆسا[53]ی، جانتایەکی بچکۆلەی سەفەری ئامادە کرد و جلێکی نەریتئاسای قەشەییانەی پۆشی. بە شێوەیەکی ئاسایی، دەبوایە کەمەربەندە ئەرخەوانییەکەش لەخۆی ببەستێ، بەڵام ئەمشەو لەگەڵ خەڵکدا گەشت دەکا، بۆیە پێی باش نەبوو سەرنج بۆ سەر نووسینگە نایابەکەی خۆی ڕابکێشی. تەنها ئەوانەی دووچاوی تیژیان هەبوو، تێبینی ئەوەیان دەکرد، کە ئەنگوستیلە ئاڵتونیە عەیار ١٤ەکەی کە بە بەردە گەوهەرێکی ئەرخەوانی، ئەڵماسێکی گەورە و نەقشێکی کڵێسایی لەسەر بوو، لە پەنجەی کردبوو. جانتای سەفەری بە کۆڵدا دا و درووودێکی بێدەنگی خوێند و لە ئەپارتمانەکەی هاتەدەر، دابەزیە نێو ئەو هۆڵەی کە شوفێرەکە چاوەڕێی دەکرد تا بیگەیەنێتە فڕۆکەخانە.

---

[49] Murray Hill

[50] Opus Dei

[51] Lexington

[52] May and Pinska

[53] Maunel Aringarosa

ئێستا ئەو لەسەر پشتی فرۆکەیەکی بازرگانی بەرەو ڕۆما دەڕوا، ئارینگارۆسا لە پەنجەرەکەوە سەیری تاریکایی ئۆقیانووسی ئەتلەنتیکی کرد. ڕۆژ دەمێک بوو ئاوابوو، بەڵام ئارینگارۆسا دەیزانی، ئەستێرەی خۆی هەڵاتووە. ***ئەمشەو دەبێ شەڕەکە ببردرێتەوە،*** وای بیرکردەوە، مایەی سەرسامی بوو کە هەر مانگێک بەر لەئێستا، هەستی کرد لەئاست ئەو دەستانەی هەڕەشە لە خاپوورکردنی ئیمپراتۆریەتەکەی دەکەن، دەستەوەستان بوو.

ئارینگارۆسای سەرقەشە، سەرۆکی گشتی ئۆپیوس دای، لەو دەساڵەی دواییدا، ژیانی خۆی دەقاودەق لە پێناوی بڵاوکردنەوەی پەیامی "کاری خودایی" ئۆپیوس دای خەرج کردبوو. ئۆپیوس دای ئەو گردبوونەوەیەی لە 1928دا لەلایەن قەشەی ئیسپانی خۆسێ ماریا ئیسکریڤا[54] دامەزرابوو، داوای گەڕانەوەی بەهاکانی کاسۆلیکی کۆنەپارێز دەکرد و ئەندامەکانیشی هان دەدا تا لەژیانیان قوربانی بەرچاو لەپێناوی کاری خواوەندا بدەن.

ڕەگوڕیشەی فەلسەفەی نەریتییانەی ئۆپیوس دای لە ئیسپانیای بەر لە ڕژێمی فرانکۆوە هات، بەڵام لە 1934دا بە چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبی ڕوحانی خۆزێیا ماریا ئێسکاریڤا بە ناوی "***ڕێگاکە***" کە 999 خاڵی خواپەرستی، بەوەی لە ژیانتدا کار بۆ خواوەند بکەی، پێکهاتبوو، ئیدی بەو کتێبە پەیامەی ئێسکاریڤا ئاینزاکە تەشەنەی کرد. ئێستاش بە هۆی ئەو چوار ملیۆن دانە کتێبەی کە بۆ چل و دوو زمانان وەرگێڕدراوە، بڵاوبۆتەوە و دەستاودەست دەکا، ئۆپیوس دای بووە هێزێکی جیهانیی. هۆڵی ئاکنجیەکانی، مەڵبەندی فێرکردن و تەنانەت زانکۆشی لە زۆربەی شارە گەورەکانی جیهاندا دەبیندرێن. ئۆپیوس دای بە خێرایی گەشەی کرد، بەسەروسامانترین ڕێکخراوی کاسۆلییکیە لە دنیادا. بۆ بەدبەختیش لەوە تێگەیشت لەو سەردەمەی تەوسی دینیەدا، لە ئاینزا و تەلەفزیۆنەکان، کەوا داراییە زۆرەکەی ئۆپیوس دای ببوە مایەی گومان.

– "زۆر کەس بە ئۆپیوس دای دەڵێ، کە ئاینزاییێکی مێشکشۆرەوەیە،" زۆر جارانیش ڕاپۆرتەکان دەنووسن؛ "ئەوانی دیکە بە ئێوە دەڵێن، کەوا ئاینزایەکی ئەوپەڕی کۆنەپارێزی کریستیانی و کۆمەڵگەیەکی نهێنین. باشە ئێوە کامیانن؟"

– "ئۆپیوس دای هیچ شتاقیان لە مانە نییە،" مەترانەکە بە لەسەرخۆیی وەڵام دەداتەوە. "ئێمە کڵێسەیەکی کاسۆلیکین. ئێمە گردبوونەوەیەکی کاسۆلیکین کە وەک کارێکی

[54] José-Maria Escriva

لەپێشینە پەیڕەوی کاسۆلیکیمان بە شێوەیەکی مەحکەم بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆمان هەڵبژاردووە."

- "ئایا کاری خواوەند پێویستی بە خۆپاککردنەوە، نەزرکرد و تۆبەکردن لە ڕێی خۆئازاردان و بە قەمچی لەخۆدان و خۆ بزمارڕێژکردنەوە دەکرێ؟"

- "تۆ تەنها وێنای بەشێکی بچووکی خەڵکی ئۆپیوس دای دەکەی،" ئارینگارۆسا وا هاتە دەنگ. "ئاخر زۆر ئاست بۆ ئەندامانمان هەیە. بە هەزاران لە ئەندامانی ئۆپیوس دای ژنیان هێناوە و شوویان کردووە، خیزانیان هەیە و کاری خواوەندیش لەنێو کۆمەڵگەکەیان دەکەن. ئەوانی دیکەش ژیانی زوهد و تەرکە دنیایان لە نێو هۆڵی ئاکنجیەکان بۆ خۆ لێگرتووە. بژارەکانی ئەوان شتێکی تایبەتمەندە و کەسییە، بەڵام خۆ هەموو کەسێک لەنێو ئۆپیوس دایدا هەمان ئەو ئامانجەی هەیە کە جیهان لە ڕێی کاری خودادا باشتر بکرێ. بە دڵنیاییشەوە ئەمە دۆزێکی دڵگیرە."

لەگەڵ ئەوەشدا بە دەگمەن وایە لێتێگەیشتن کاری خۆی بکا. میدیا هەمیشە بە دوای گۆبەندا دەگەڕێ. ئیدی ئۆپیوس دایش، وەک زۆرینەی ڕێکخراوە گەورەکان، لەنێو ئەندامەکانیدا چەند کەسانێکی کەمینەی تێدان، کە گیانێکی ناڕاستیان هەیە، وەکو سایە بە دوای گرووپەکەیان دەخشێن.

بەر لە دوو مانگ پێش ئێستا، گرووپێکی ئۆپیوس دای لە زانکۆیەکی ناوەڕاستی ڕۆژئاوای ئەمریکا لەسەر ئەوە گیران، گوایە کەسانێکی نوێیان هێناوتە ڕیزی خۆیان و لە ڕێی بەنگەوە وایان لێکردوون بگەنە ڕادەی حاڵی دینیی ڕێکخراوەکەیان. لە زانکۆیەکی دیکەشدا خوێندکارێکیان ڕۆژانە زیاتر لە دوو سەعات قایشێکی دڕکاوی لەخۆی بەستبوو، خەریک بوو بەهۆی هەوکردنەوە ژیانیشی لەسەر دابنێ. زۆریش لەمێژ نییە لە شاری بۆستندا، گەنجێکی سەرلێشێواو، هەموو وەبەرهێنانەکانی ژیانی خۆی لە بانکدا بەر لە هەوڵی خۆکوشتن، خستبووە سەر حیساب بانکی ئۆپیوس دای.

***سەرلێشێواوی بەستەزمان،*** ئارینگارۆسا وای بیر لێکردەوە، دڵیشی زۆر پێ دەسووتان.

هەڵبەتە سەخڵەتییە هەرە زۆرەکەیان لە دادگاییەکەی کابرا شۆفارەکەی FBIی بوو بە ناوی ڕۆبەرت هانسن، ئەو دادگایەی بە بەرفراوانی لە ڕاگەیاندنەکاندا دەنگی دایەوە. ناوبراو سەربارەی ئەوەی ئەندامێکی دیاری ئۆپیوس دای بوو، دەرکەوت کە لە کردەی

سێکسیشدا لاسار بوو، دادگاییکردنەکەی پەردەی لەسەر بەڵگەیەک هەڵدایەوە کە ڤیدیۆیەکی لە ژووری خەوتنەکەی خۆی بەحەشاردراوی دانابۆوە، بۆ ئەوەی برادەرەکانی ببینن کە چۆن لەگەڵ ژنەکەی خۆی سەرجێی دەکا. "ئیشی دانە ڕۆژێکی کاسۆلیکێکی دڵسۆز،" ئەمە تێبینی دادوەرەکەی بوو لەسەر دۆزەکەی تۆمارکرابوو.

بە داخەوە، هەموو ئەو ڕووداوانە یارمەتیدەر بوون، کە دژە گرووپێکی نوێ بەناوی تۆڕی ئاگادارکردنەوەی ئۆپیوس دای سەر هەڵبدا، ئەم گرووپە ماڵپەڕێکی جەماوەرییانەیان بە ناوی www.odan.org لەسەر چیرۆکی تۆقێنەری ئەندامی ئۆپیوس دای دانابوو، هۆشداریان دابوو بەوەی چیدی لە ڕێکخراوەکەدا نەبنە ئەندام. میدیاش خواخوای بوو تا ئۆپیوس دای بە "مافیای خودا" و "تەریقەتێکی کریستیانی" لە قەڵەم بدا.

***ئێمە لە شتێک دەترسین کە لێی تێناگەین،*** ئارینگارۆسا وای بیر کردەوە، سەیریشی پێدەهات، ئاخر ئەم ڕەخنانە هیچ بیرۆکەیەکیان سەبارەت بەوە نییە، کە ئۆپیوس دای چ فەرێکی بۆ ژیان هەبووە. ئەم گرووپە پەسەندنامەی و موبارەکبادی تەواوی ڤاتیکانیان هەبوو. ***ئۆپیوس دای سەرقەشایەتی تایبەتمەندی خودی پاپایە.***

هەرچەندە لەم دواییانەدا، ئۆپیوس دای خۆی لە بەرامبەر هەڕەشەیەکی مەزنتر لەوەی هی میدیادا بینیەوە... نەیارێکی چاوەڕواننەکراو کە ئارینگارۆسا نەیدەتوانی خۆیان لەبەر بشارێتەوە. بەر لە پێنج مانگ، تەرازووی هێزی هەژاند، تا ئێستاشی لە گەڵدابێ ئارینگارۆسای لەبەر دەناڵێ.

- "ئەوان نازانن ئاخۆ چ شەڕێکیان هەڵگیرساندووە،" لەبەرخۆیەوە ئارینگارۆسا وای بەخۆی گوت، چاویشی لەسەر پەنجەرەی فڕۆکەکە بوو بەرەو تاریکایی ئۆقیانووسەکەی بنەوەی دەڕوانی. بۆ ساتێک چاوەکانی ڕەنگیان دایەوە، ڕووخسارە سەیرەکەی خۆی بینیوە، ڕەش و لاکێشەیی، کە لووتێکی تەخت بەسەر ڕووخساریدا باڵکێش بوو، لووتەکەی خوار ببوو چونکە کاتی خۆی بە گەنجی لە ئیسپانیا مستێکیان لێدابوو، شکاندبوویان. بەڵام خۆ هەنووکە ڕەوشی جەستەیی بە ئاستەم مایەی بایەخی ئەوە. جیهانی ڕۆح هی ئارینگارۆسا بوو نەوەک جیهانی گۆشت و خوێن.

کاتێک ئەو بەسەر کەناراوی پورتوگالدا ڕەت دەبوو، تەلەفۆنێکی دەستیی لە ناو عەبای ئارینگارۆسا بە بێدەنگی لەرینەوەیەکی کرد. سەرباری ئەوەی بە گوێرەی ڕێنماییەکان،

بەکارهێنانی تەلەفۆن لەکاتی فڕیندا قەدەغە بوو، لێ ئارینگرۆزا نەیدەویست ئەو تاکە تەلەفۆنەی لەدەست بدا. تەنها یەک کەسیش ئەو ژمارەی لەلا بوو، ئەو ژمارەیەش هەر ئەوکەسەی زەنگی لێدا، بۆی ناردبوو.

بە ئۆخژنێکەوە، مەترانەکە(bishop) بە هێواشی وەڵامی دایەوە. "بەڵێ؟"

- "سیلاس شوێنی بەردەمۆرەکەی دۆزییەوە،" زەنگلێدەرەکە گوتی؛ "شتەکە لە پاریسە. لەنێو کڵێسەی سەنت سەلایس دایە."
- مەتران ئارینگارۆسا خەندە گرتی. "کەواتە لێی نزیک بووینەتەوە."
- "دەکرێ دەستبەجێ بە دەستی بێنین، بەڵام پێویستیمان بە باندۆری تۆوە هەیە."
- "هەڵبەتە. پێم بڵێ چی بکەم."

کاتێکیش ئارینگارۆسا تەلەفۆنەکەی کوژاندەوە. دڵی بە توندی لێدەدا. دیسان چاوێکی لە مەودای شەوە تاریکەکە کرد، لە بەرامبەر ئەو جۆشوخرۆشەی ڕووداوەکان، هەستی بە بچووکی خۆی کرد.

لە دووری پێنجسەد میلەوە، ئەو زەلامە بەڵەکەی ناوی سیلاس بوو، لەسەر حەوزێکی بچووکی ئاو وەستابوو، خوێنەکەی لە پشتی خۆی دەشۆری، سەیری خوێناوییبوونی ئاوەکەشی دەکرد. ***بە ئەسپۆنە وردەکە[55] پاکم بکەرەوە، بیسمیلم بکە***، ئەو درووودی دەخوێندەوە، بڕگەکانی سرووودی ئینجیلی دەگوتنەوە. ***بمشۆ و لە بەفر سپییترم بکەرەوە.***

سیلاس لەمێژ بوو نە هەستی بە شتێکی وا کردبوو نە چاوەڕێشی بوو. هەستەکە دووسەرە بوو، هەم مایەی سەرسوڕمان و هەم بۆخۆڕاکێشیش بوو. بۆ ماوەی ئەو دە ساڵەی دوایی، ئەو مریدێکی ***ڕێگاکە*** بوو، خۆی لە گوناحەکان پاک دەکردەوە... ژیانی خۆی بنیات دەنایەوە... ئەو توندوتیژییەی ڕابردووی دەسڕیەوە. وێڕای ئەوەش، ئەمشەو هەموو شتێک سەری هەڵدایەوە. ئەو ڕقوکینەی کە زۆر بە دژواری بەرەنگاری ببووەوە و لە گۆڕی نابوو، لێی

[55] لێرەدا نووسەر وشەی hyssopی بەکارهێناوە، کە لە فەرهەنگە کوردیەکاندا واتای نەبوو، واتاکەشی گیادەرمانێکە بۆ پاککردنەوە بەکار دێ. لە کوردیدا، ئەسپۆنی وورد لە دێڕە شیعرێکیی مام هێمندا هاتووە. منیش پڕ بە پێستم زانی.

ژیایەوە. کابرا بەوە ڕاچڵەکی، چۆن وا خێرا ڕابردووەکەی نۆژەن بووەوە. هەڵبەتە، لەگەڵ ئەوەشدا کارامەییەکەی کاری خۆی کرد. بە هێورەیی بەڵام بەشێوەیەکی خزمەتکارانە.

***پەیامی عیسا پەیامێکی ئاشتییانەیە... هی ناتوندوتیژییە... هی خۆشەویستییە***. ئەمەش ئەو پەیامە بوو، کە هەر لەسەرەتاوە سیلاسی پێ گۆش کرابوو، ئەو پەیامەبوو لە دڵیدا هەڵیگرتبوو. ***ئەوانەی بە هێز هەڕەشە لە خودا دەکەن، دەبێ ڕووبەڕووی هێزیش ببنەوە. ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لێبڕاوانە و مەحکەمانە***.

بۆ دوو هەزار ساڵ، سەربازانی کریستیانی بەرگریان لە بیروباوەڕەکەیان کردووە و دژی ئەوانە وەستاونەتەوە بیانەوێ لەباری ببەن. ئەمشەویش سیلاس بۆ جەنگ بانگ کراوە.

برینەکانی خۆی وشک دەکردنەوە، قۆڵی لە عەبا درێژەکەی هەڵکێشا. عەبایەکی پان و درێژ کە لە خوری دروابوو، عەبایەکە سپیپاتەیی پێست و پرچەکەی بەدیار دەخست. قایشی کەمەری لەسەر عەبایەکە توند بەستەوە، شەپقەکەی خستە سەر، بواری ئەوەشی دا چاوە سوورە سەرنجگیرەکانی لە ئاوێنەکەدا ڕەنگ بدەنەوە. ***ئاشەکە بەگەڕ کەوت***.[56]

[56]لێرەدا دەقاودەق ئیدیۆمەکە واهاتوە: تایەکان جووڵان. بەڵام لەکوردیدا ئیدیۆمێکی وامان نییە، بۆیە پەنام بۆ ئەمەی سەروو برد.

## بەندی ٦

بە خۆتێئاخنین بە بنی دەروازە ئاسایشپارێزییەکە، ڕۆبەرت لانگدن لە دیوی ژوورەوەی دەروازەی گراند گەلەری وەستاوە. سەیری دەمی گەرووە درێژ و قووڵی گەلەرییەکەی دەکرد. لە هەردوو دیوی گەلەرییەکەدا دیواری ڕەقوتەق سی پێ هەڵچوو بوو کە لای سەرەوەیان نوقمی تاریکی ببوون. تیشکی سووربلوی ژێرەوە بەرەو سەرەوە دەڕۆیشت، تیشکەکە تەمێکی ناسروشتی بەسەر کۆ بەرهەمەکانی داڤینشی، تیتانس و کاراڤاگیشدا داهێنابوو، تابلۆکان بە پەتێکەوە بە بنمیچەکەوە هەڵواسرابوون. لەوێ ژیانی ئارام، دیمەنی ئۆلییانە و دیمەنی سروشتی تێکەڵی پۆرترێتی خانەدان و سیاسەتوانان ببوو.

هەرچەندە گراند گەلەری ناودارترین دەستکردی هونەری ئیتالیایی تێدایە، لێ زۆر لە سەردانکەران کاتێ دەچنە ئەوێ، زیاتر هەست بە ناوکەوە دارینە ناودارەکەی ئەم باڵەی گەلەرییەکە دەکەن. ئاخر داری ناوکەوەکە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەری جیۆمەتری ڕیزکراوە، داربەڕووەکانی بە شێوەکی تەوەری داندراون، بە شێوەیەک دیمەنە پڕشنگدارەکان لەبەرچاو خێرا دێن و دەڕۆن، شێوەیەکی فرەڕەهەندی نیشان دەدەن، یارۆی سەردانکەر دیمەنی وای دێتە بەرچاو، وەک ئەوەی ناوکەوەکە سەرئاو بکەوێ و زووزووش لەگەڵ هەر هەنگاوێک دەگۆڕێ.

کاتێکیش لانگدن چاوی بە ڕازاوەیی ناوکەوەکە دەخشاند، بە کورتی مەودایەک چاوی کەوتە سەر شتێک، لەوێ، لە دووری چەند گەزێک لەو گۆڕە کەوتبوو، دەوروخولیشی بە شریتێکی سووری ئاگادارکردنەوی پۆلیس گیرابوو. ئاوڕێکی لە فاشێ دایەوە. "ئەمە... تابلۆی کاراڤاگیۆ نییە لەسەر زەوی کەوتووە؟"

فاشێ بێ ئەوەی تەنانەت ئاوڕیشی لێبداتەوە، سەری بۆ لەقاند.

تابلۆکە، بەگوێرەی خەملاندنی لانگدن، زیاتر لە یەک ملیۆن دۆلاری دەکرد، کەچی هێشتاش وەک ئەوەی شتێکی بێنرخ بێ، لەسەر زەوی کەوتووە. "تۆبڵێی چ شەیتانێک ئەمەی فڕێدابێتە سەر زەوی!"

لانگدن ئاوڕێکی بۆ دواوە بۆ لای دەرگاکە دایەوە، هەوڵی دا وێنەیەک سەبارەت بەوەی ڕوویداوە، بۆ خۆی بکێشێ.

- "لە نووسینگەکەی خۆی پەلاماری سەرپەرشتیارەکە دراوە، ئەویش ڕایکردۆتە گراند گەلەری و لەوێ دەرگا ئاسنینە ئاساشیپارێزەکەی کارا کردووە بەوەی ئەم تابلۆیە لە دیوارەکە بکاتەوە. دەرگایەکەش دەمودەست هاتۆتەخوار و ئەوێی بە ڕووی هەموو کەسێکدا داخستووە. ئەمەش تاکە دەرگای لێهاتنە ژوور و چوونە دەری گەلەرییەکەیە."

لانگدن هەستی کرد کەمێ سەری لێتێکچوو. "کەواتە سەرپەرشتیارەکە هەوڵی داوە پەلاماردەرەکە لە ژوورەوە لە گراند گەلەریدا زیندانی بکا؟"

فاشێ سەری بادا. "دەرگا ئاسایشپارێزەکە سانییێری لە پەلاماردەرەکەی دابڕی. بکوژەکە لە پشت قاپییەکە، لە دەرچەڕێگاکەوە، لە ڕێی شیشەکانی دەرگاکەوە تەقەی لە سانییێر کردووە." فاشێ ئاماژەی بە کارتێکی نارنجی سەر شیشەیەکی دەرگا ئاسایشپارێزییەکە دا، کە تازە بەبنیدا پەڕیبوونەوە. "تیمی پۆلیسی بەڕیوەبەرایەتی دادوەری، قەوانە فیشەکی دەمانچەکەی دۆزیونەتەوە. ئەو لەوێ لە پشت شیشەکان (محەجەرە)وە تەقەی کردووە. سانییێریش لێرە بە تەنیا مردووە."

لانگدن وێنەی جەستەی سانییێری هێنایە بەرچاوی خۆی. ***ئەوان گوتیان کە بەخۆی وای لەخۆ کردووە.*** لانگدن سەیری ڕاڕەوە مەزنەکەی بەردەمی خۆی کرد. "کەواتە ئەدی جەستەکە لە کوێیە؟"

فاشێ بۆینباخە خاچدارییەکەی ڕاست کردەوە و لەسەر ڕۆیشتنی خۆیشی بەردوام بوو. "لەوانەیە خۆشت بزانی، گراند گەلەری زۆر دووردورو درێژە."

لانگدن تەواوی درێژەی داڵانەکەی بیرهاتەوە، درێژیەکەی نزیکەی هەزار و پێنجسەد پێ بوو، سێ جار بەقەد مۆنومێنتەکەی واشنتن ئەگەر لەسەر درێژی دابندرێ. بەرینییەکەشی بە شێوەیەکی وا دڵگیرانەیە کە جێی دابەزینی دوولای شەمەندەفەرێکی نەفەرهەڵگر دەبووەوە. چەقی داڵانەکەش بە کۆتەڵێکی گەورە یان بە گۆزەیەکی زەبەلاح ڕازابۆوە، تا کەشێکی دڵگیر بۆ سەردانکەر بخوڵقێنێ و لەسەر ڕێڕۆیشتنی خۆی بەردەوام بێ و ڕێگریش بێ لە تێکچڕژانی سەردانکەراندا.

فاشێ هەنووکە بێدەنگ بوو، هەنگاوی خێرای بەرەو لای دەستەڕاستی داڵانەکە دەنا و چاویشی هەر لە پێشەوە بوو. لانگدنیش هەستی کرد خەریکە بێڕێزییێک بەرامبەر ئەو هەموو شاکارە نازدارانە دەنوێنێ، هەر دەڕوا و ئاوڕیان لێناداتەوە.

***ئای ئەگەر هەر شتێکم لەبەر ئەو جۆرە ڕوناکییەدا دەدی***، وا لەگژ هزران ڕاچوو.

ئەو تیشکە سووورباوە کزە بۆ بەدبەختی یادەوەری لانگدنی جووڵاند و ڕووناکی بەربڵاوی ئەرشیفە نهێنییەکەی ڤاتیکانی بیر خستەوە. ئەمشەو بۆ دووەمین جارە، ئەوەی بیر بێتەوە، لەوێ خەریک بوو سەری تێدا بچێ. دیسان یادەوەری ڤیتۆریا بریسکەی دایەوە. ئاخر خۆ خاتوونەکە بۆ چەندین مانگ بوو لەنێو خەونەکانی نەمابوو. لانگدن بڕوای نەدەکرد هەر ساڵێک دەبێ، کە لە ڕۆما بوو، ئەو هەستی دەکرد ماوەکە وەک ئەوەی دە ساڵی بەسەرچووبێ وابوو. ***ژیانێکی دیکە***. دوا نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ ڤیتۆریادا لە مانگی دیسێمبەردا بوو، ئەویش پۆستکاردێک بوو لەسەری نووسیبوو، کەوا بەرەو دەریای جاڤا بەڕێ دەکەوێ تا لەسەر لێکۆڵینەوە فیزیاییە ئاڵۆزەکانی بەردەوام بێ... شتێک دەربارەی سەتەلایتەکان بۆ ئەوەی بە دوای کۆچی ماسی باڵداری مانتا ڕێیدا[57] بکەوێ. لانگدن هەرگیز ئەو خەیاڵەی نەبوو کە ژنێکی وەک ڤیتۆریا ڤێترا[58] بتوانێ لەگەڵ ئەو لە کۆمەڵگەی زانکۆییدا شادمان بێ، بەڵام یەکدی دیتنیان لە ڕۆما تاسەیەکی وای لای ئەو پەیدا کرد، کە پێشتر هەرگیز باوەڕی نەدەکرد هەستی پێ بکا. ئەو هۆگرییە زۆرەی بە درێژی ژیانی بۆ باری سەڵتێتی و ئازادییێکی سادە وای لێکردبوو بە شێوەیەک لەشێوەکان بهەژێ... بۆئەوەی بۆشاییەکی چاوەڕواننەکراو جێگەی بگرێتەوە، کە لەپارەوە چەکەرەی کردووە.

ئەوان لەسەر ڕۆیشتنە خێراکەیان بەردەوام بوون، هێشتاش لانگدن چاوی بە جەستەکە نەکەوتبوو. "ژاک سانییێر ئەوەندە دوور ڕۆیشتووە؟"

- "جەنابی سانییێر بە برینی گوللەی زگی ناڵاندوویەتی. ئەو زۆر بە لەسەرخۆیی سەری ناوەتەوە. لەوانەیە پازدە تا بیست خولەکی پێچووبێ. ڕاشکاوانە ئەو پیاوێکی بە هێزی مەزن بوو."
- لانگدن بە ترسەوە ئاوڕی دایەوە. "ئاخر ئاسایش پازدە خولەکی پێچووە تا گەیشتنە ئێرە؟"
- "بێگومان نەخێر، ئاسایشی لۆڤەر خێرا و دەستبەجێ بە دوای هۆشدارینامەکەدا هات، بەڵام بینییان، گراند گەلەری داخراوە. لە ڕێی شیشەکانی دەرگاکەش، گوێیان لە کەسێک

[57] Manta Ray

[58] Vittoria Vetra

بوو، کە لە دەوروبەرەی دالانەکە دەجوولایەوە، بەڵام بە چاوی خۆیان هیچ کەسیان نەبینی. ئیدی وایان زانیبوو ئەوەی لە ژوورەوەیە تەنها تاوانبارێکە، بۆیە ئەوان لەسەر پرۆتۆکۆڵەکە ڕۆیشتن و بانگی پۆلیسی دادوەرییان کرد. کاتێکیش ئێمە گەیشتین، بەربەستە ئاسنینەکەمان بایی ئەوەندە بەرزکردەوە بە ژێریدا برۆین، ئینجا دوازدە پۆلیسی چەکدارم ناردنە ژوور. ئەوانیش بە درێژایی گەلەرییەکە، هەمووی کونجێ بەدوای کەتنکەرەکەدا گەڕان."

- "ئینجا؟"

- "ئەوان هیچ کەسیان لە ژووردا نەبینی، بێجگە لە...." ئیدی بۆ دوورەوە ئاماژەی بۆ هۆڵەکە کرد. "بێجگە لەو."

لانگدن سەری هەڵبڕی و نیگای بە دوای قامکە ئاماژەدارەکەی فاشێدا نارد. سەرەتا وای بیرکردەوە، فاشێ هێما بۆ کۆتەڵێکی گەورەی مەڕمەڕ دەکا، کە لە نێوەڕاستی دالانەکە داندرابوو. کاتێکیش لەسەر ڕۆیشتنەکەیان بەردەوام بوون، هەرچەندە کۆتەڵەکەشی بینی، بەڵام هەر دوای سی گەز لەولاوە، چاوی بە تیشکە خاڵێکی جوڵەدار کەوت، کە سەر ناوکەوەکەی ڕۆشن کردبووەوە. دیمەنەکە لەنێو ئەو گەلەرییە تاریکە سووربباوەدا وەک دوورگەیەکی ڕووناکی وابوو. لەنێوەڕاستی ڕووناکییەکەشدا، هەروەک ئەوەی مەگەزێک لەبن تیشکی میرۆسکۆب دابێ، تەرمی سانییێر بە ڕووتی لەسەر ناوکەوە دارینە نایابەکەدا کەوتبوو.

- "تۆ وێنەکەت بینیوە،" فاشێ وای پێگوت، "کەواتە ئەم دیمەنەیان شتێکی لەناکاو نابێ."

کاتێ لانگدن لە تەرمەکە چووە پێش، هەستی بە موچڕکێکی قووڵ کرد. لەبەردەم ئەودا سەیرترین دیمەن کە تا ئێستا بیندرابێ، هەبوو.

تەرمە زەردهەڵگەڕاوەکەی ژاک سانییێر وەک چۆن لە وێنەکەدا بینیبووی، ئاوا لەسەر ناوکەوە دارینە نایابەکە کەوتبوو. کاتێکیش لانگدن چووە لای تەرمەکە، چاوی لەبەر تیشکە پڕەکە، نیوە نووقاندن. شتێکی سەرسوڕهێنەری سەبارەت بە سانییێر و دوا خولەکانی ژیانی خۆی بە بیر خۆی هێنایەوە، چۆن وای لەجەستەی خۆی کردووە ئەو دەقە وەربگرێ.

سانییر لەچاو تەمەنەکەی، لە باریکی فیزیکی باشدا بوو... هەموو ماسوولکەکانی ئاشکرا دیاربوون. ئەو بە خۆی جلەکانی لەبەر خۆی داڕنی بوون، بە شێوەیەکی ڕیکوپێکیش لەسەر زەویەکە دایناببوون، ئینجا لەسەر پشت لە نێوەڕاستی دالانەکە بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ درێژی ژوورەکەدا، کەوتبوو. دەست و قاچەکانی لەیەک کردبوونەوە وەکو هەلۆیەکی باڵکراوەی لێکردبوون، وەک ئەوەی کە منداڵێک یاری فریشتەی بەفرینە بکا... یاخود پتر بەوە دەچوو، کە پیاوێک لە لایەن هێزێکی نادیاریەوە لە یەک کێشرابێتەوە.

هەر لەبن ئێسکی سینگی، پەڵە خوێنێک، کتومت لەو شوێنەی گوللەکە بڕیبووی، دیاربوو. مایەی سەرسوڕمان بوو، خوێنێکی کەمی لێبەربووە، هەر تەنها گۆمۆکەیەکی بچکۆلانەی لە خوێنی ڕەشی وشکبووەوە هەبوو.

پەنجەی شایەتمانی چەپەی سانییر خوێناوی بوو، دیاربوو لە برینە قووڵەکەی وەردابوو تا ئەو بارەی تێیکەوتووە بسازێنێ، ئەو خوێنەکەی وەک مەرەکەبێک بەکارهێناوە، بۆئەوەی زگە ڕووتەکەی وەک خامی تابلۆیەک بەکاربێنێ، ئیدی سانییر هێمایەکی سادەی لەسەر گۆشتی زگی خۆی کێشابوو، هێماکەش پێنج هێڵی ڕاستی تێکچەقیو بوون، ئەستێرەیەکی پێنج لایی دەنەخشاند.

***ئەستێرەیەکی پێنج گۆشەیی.***

ئەستێرە خوێنینەکە، کە لەسەر چەقی ناوکی سانییر بوو، دیمەنێکی ترسناکی قێزەونی بە جەستەکە دەدا. ئەو وێنەیەی کە لانگدن بینیبووی، بایی خۆی ترسناک بوو، لێ ئێستا بە چاوی خۆی دیمەنەکەی بینی، لە ناخەوە هەستی بە سەرودڵ تێکچوون کرد.

***ئەو بە خۆی وای لەخۆی کردووە.***

- "جەنابی لانگدن؟" چاوە ڕەشەکانی فاشێ لەسەر لانگدن گیر بوون.

- "ئەمە ئەستێرەی پێنج گۆشەیە،" لانگدن وای خستەڕوو، هەست بە بۆشایی دەنگەکەی لەو مەودا بەرفراوانە دەکرا. "یەکێک لە هێما هەرە کۆنەکانی سەر ڕووی زەویە. ئەم هێمایە چوار هەزار ساڵ بەر لە ئێستا بەکار هێندراوە."

- "کەواتە ئەم هێمایە واتای چی دەگەیەنێ؟"

هەمیشە لانگدن سەبارەت بە وەڵامدانەوەی پرسیارێکی وا دوودڵ دەبوو. ئاخر گوتنی واتای هێمایەک بۆ یەکێک وەک ئەوە وابوو، کە بڵێی هەستت بە فڵانە گۆرانی چییە، ئەمەش بۆ هەمووان شتێکی جیاوازە. کاتێک کڵاوە سپییەکەی کۆمەڵەی کوو کلوکس کلان[59] وێنەی ڕقوکینە و ڕاسیسزم بێ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەچی هەر لەهەمان کاتدا و هێشتا ئەو ڕێوڕەسمە لە ئیسپانیادا واتایەکی بیروباوەڕی ئاینی دەگەیەنێ.

- "هێماکان بە جۆری دانراویان هەڵگری واتای جیاواز جیاواز لە خۆیان دەگرن." لانگدن وای گوت. "بە شێوەیەکی سەرەکیش، پێنج گۆشەییەکە هێمایەکی دینی بتپەرستییە."

- فاشێ سەری بۆ لەقاند. "شەیتان پەرستیی."

- "نەخێر،" لانگدن بۆی ڕاست کردەوە، دەمودەستیش پەی بەوە برد دەبێ ڕوون و ئاشکراتر دەست بۆ وشەدان[60] ببا.

ئەم ڕۆژانە، زاراوی پێیگان Pagan (بتپەرستی، بێ خوایی) خەریکە یەکسەر هاوواتای شەیتانپەرستی بدا، ئەمەش سەرچیخچوونێکی گەورەیە. لە ڕاستیدا ڕەگوڕیشەی وشەکە بۆ وشەی لاتینی paganus پاگانوس دەگەڕێتەوە، کە واتای لادێ نشین دەدا. Pagans دەقاودەق ئەو ڕێڕەوەی خەڵکی لادێی دەگرتەوە، کە دەستیان بە دینە کۆنە لادێییەکەی سروشتییەوە گرتبوو. لە ڕاستیشدا کڵێسا ئەوەندە لە ئاکنجییەکانی ئەو شارەدێیانە (Vills) دەترسا، وایان لێکرد وشەیەکی سادەی وەک viliian –villager گوندییانی واتای گیانێکی شەڕانگێزیانەی ببەخشێ.

- "ئەستێرەی پێنج گۆشەش،" لانگدن شتەکەی ڕوون کردەوە "هێمایەکی بەر لە کریستیانێتییە، کە بە سروشتپەرستی پەیوەست بوو. خەڵک لە زەمانی دێریندا دنیایان لەدوو نیوە دەبینی، نێرینە و مێینە. خواکانیان (بەخوای نێر و مێیەوە) بە یەکەوە هاوسەنگی هێزیان ڕاگرتبوو. یینYin و یانگ Yang بوون. کاتێکیش نێرینە و مێینە هاوسەنگ دەبوون، هاوئاوازی جیهانییان ڕادەگرت. هەر کاتیش هاوسەنگییەکە لەنگ دەبوو، پاشاگەردانی لێدەکەوتەوە." لانگدن ئاماژەی بە زگی سانێیر کرد. "ئەم ئەستێرە پێنج گۆشەییە، نوێنەرایەتی نیوە مێینەکەی هەموو شتێک دەکا، ڕامانی مێژوونووسە

[59] Ku Klux Klan

[60] وشەدان: فەرهەنگۆک

ئۆلییەکان پێی دەڵێن "مێینەی پیرۆز" یان خواژنێکی ئاسمانی. لەو هەموو خەڵکە، سانییێر ئەمەی دەزانی."

- "سانییێر ئەو هێمای خوای مێینەیەی لەسەر زگی خۆی نەخشاندووە؟"

- لانگدن دەبوایە دانی پێدابنابایە، ئاخر شتەکە نامۆ دیار بوو. "لە هەموو ڕاڤەکردنەکان دەقاودەقتر، ئەو ئەستێرە پێنجگۆشەییەی هێمای ڤینۆس، ئەو خوا مێینە سێکسییە خۆشەویستە و جوانییە بوو."

فاشێ چاوێکی بڕییە سەر پیاوە ڕووتە مردووەکە و ورتەیەکی لێوەهات.

- "دینی بەرایی لەسەر بنەمای سیستمی خوای سروشت بنیات نرابوو. ڤینۆس، خوایە مێینەکە و هەسارەکەی ڤینۆس هەر یەک شت بوون. خوایە مێینەکە لە ئاسمانی شەودا جێگای هەبوو، بە زۆر ناویشەوە ناسراوە، ناوەکانی ڤینۆس، ئەستێرەی ڕۆژهەڵات، عەشتار، ئاستارتا، هەموو ئەمانەش ڕامانی مێینەی بەهێز بوون، کە بە مەحکەمی بە سروشت و دایکە زەویەوە گرێدرابوون."

ئێستا فاشێ زیاتر پەشۆکا، وەک ئەوەی کەسێک بیرۆکەی شەیتانپەرستی لا شیرین بکا.

لانگدن بڕیاریدا لایەنە هەرە گرنگ و سەرسوڕهێنەرەکەی ڤینۆسی پێنەڵێ، واتە هێڵکارییە ماکە گرێدراوەکە بە ڤینۆس. کاتی خۆی لانگدن وەک خوێندکارێکی گەنجی بواری ئەستێرەناسی، زۆر سەری لەوە سوڕما، کاتێ ئەوەی زانی، کە هەسارەی ڤینۆس لە ماوەی هەر هەشت ساڵێکدا لە سووڕانەوەی لە ئاسماندا ئەستێرەیەکی پێنج گۆشەی تەواو پێک دێنێ. بە حەپەسانەوە، کاتێک زانا دێرینەکان ئەم دیاردەیان بۆ دەرکەوت، ئیدی ڤینۆس و ئەستێرە پێنج گۆشەییەکەی بوونە هێمایەکی لەبار و جوان و سووڕێکی چۆنایەتی بۆ خۆشەویستی سێکس. وەک پێزانینێکیش بۆ تەلیسمی ڤینۆس، گریکەکان جووڵەی سووڕانەوەی هەشت ساڵەیەکەیان بۆ ڕێکخستنی یارییەکانی ئۆلۆمپیک دانا. ئێستاشی لەگەڵدابێ خەڵکێکی کەم پەی بەوە بردووە، کە چوار ساڵیەکی هاوچەرخ بۆ یاریەکانی ئۆلۆمپی هەر بە گوێرەی نێوە خولانەوەی ڤینۆس دەڕوا. لەوەش کەمتر خەڵک ئەوە دەزانن، کە ئەو ئەستێرەی پێنج خاڵە، بنەمایەکەی بۆ مۆری فەرمی ئۆلۆمپیک دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەندە هەبوو، لەدوا ساتدا هەموارکرایەوە، پێنج لایەکان بە پێنج بازنەی تێکەڵ بە یەک گۆڕدران تا باشتر گیانی گەمەکان و هاوئاوازیان ڕەنگ بداتەوە.

- "جەنابی لانگدن،" فاشێ لەپڕێکەوە وای پێگوت، "ئاشکراشە، دەبێ ئەستێرەی پێنج گۆشە پەیوەندی بە شەیتانیشەوە هەبێ. فیلمە ترۆقێنەرە ئەمریکییەکانی ئێوە، ئەم خاڵەیان بە ڕوونی تێدایە."

لانگدن هەندێ گرژ بوو. ***سوپاس بۆ تۆ هۆلیوود.*** ئەستێرە پێنج خاڵییەکە، ئێستا بۆتە کلێشەیەکی گریمانەیی زنجیرە فیلمە بکوژییە شەیتانیەکان، لەسەر دیواری هەندێ ئەپارتمانی شەیتانییانە لەپەنا هەندێ هێمای دیکە، ئەستێرەی پێنج گۆشەیشی تێدایە. لانگدن هەمیشە بە دیتنی ئەم ئەستێرەیە لەنێو ئەو ڕامانەدا، نامراد دەبوو؛ ڕاستی بنەڕەتی ئەستێرەی پێنج گۆشە بەتەواوی خواییانە بوو.

- "من دڵنیات دەکەمەوە،" لانگدن بوو وای بە فاشێ گوت، "وێڕای ئەوەی تۆ لە سینەماکاندا دەیبینی، ئەو لێکدانەوە شەیتانییە بۆ ئەستێرە پێنج گۆشەییەکە لە ڕووی دیرۆکییەوە ڕاست و دروست نییە. واتا بنەڕەتییە مێینەکەی دروستە، بەڵام هێمایەتی ئەم ئەستێرە پێنج گۆشەییە لە ماوەی ئەو هەزاران ساڵەی دواییدا تێکوپێکدرا. لەم دۆزەشدا بە خوێن ئەم کارە کراوە."

- "من لەخۆم دڵنیا نیم کە تێت بگەم."

- لانگدن لە بۆینباخە خاچداریەکەی فاشێی ڕوانی، دڵنیا نەبوو، چۆن ئەم پنتەی دادێ بۆ ڕوون بکاتەوە. "کڵێساکە، جەناب کڵێسا. هێماکان زۆر شلک و نەرمن، بەڵام ئەستێرە پێنج لاییەکە لە سەرەتای کڵێسەی کاسۆلیکی ڕۆمایی، وەرگێڕدرا. وەک بەشێک لە هەڵمەتی ڤاتیکان بۆ ئەوەی قڕان بۆ دینە بتپەرستییەکان بێنێ و خەڵکیش بە کۆمەڵ بکاتە کریستیان، ئەوسا کڵێساکە ناوناتۆرەی پیس پیسی دژی خواوەندەکانی بتپەرستان و خواوەندە مێینەکان بڵاوکردەوە، هەڵمەتی دژوەستانەوە ئەو هێما ئاسمانییانەیان بە نیشانەی شەیتان دانا."

- " دەی بەردەوام بە."

- "ئەم شتە زۆر جار لە سەردەمی پشێویدا ڕووو دەدا،" لانگدن لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو. "هێز و دەسەڵاتی نوێ دەیەوێ جێی کۆن بگرێتەوە و هێماکانیان سووک بکا، لە کاتێکدا دەیەوێ واتاکانیان هەر لەبەیندا نەهێڵێ. لەو جەنگەی نێوان هێماکانی بتپەرستی و کریستیانێتیدا قەوما، بتپەرستی دۆڕاندی؛ سەرە ڕمە سێگۆشەییەکەی

پۆسایدن[61] بووە چەنگاڵی دەستی شەیتان، گۆشەی ئاوەزیشیان بووە هێمای جادووگەر، هەرچی ئەستێرە پێنج لاییەکەی ڤینۆسیش بوو، بووە نیشانەی شەیتان." لانگدن ئیستێکی کرد، پاشان؛ "بۆ بەدبەختیش، هێزی سەربازی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەم هێمایەی ئەستێرە پێنج لاییەکەیان هەڵگەڕاندەوە؛ ئێستا بۆتە هێمای خۆشەویستی جەنگ. هەنووکە ئێمە ئەم هێمایە لە سەر هەموو فڕۆکە شەڕکەرەکانمان دەدەین، دەیخەینە سەرشانی هەموو ژەنەڕاڵەکانیشمان." ***وای بۆ هێمای خوای مێینەی خۆشەویستی و جوانی، چی لێهات.***

- "مایەی سەرنجدانە." فاشێ ئاماژەیەکی بۆ ئەو جەستە و بازووە هەڵاژاوە (لێککێشراوە) کرد. "ئەدی شێوە هەڵکەوتەی ئەم جەستەیە؟ تۆ چی لێدەکەی؟"

- لانگدن شانێکی بۆ هەڵتەکاند. "سووکوئاسان ئەم شێوە هەڵکەوتەی جەستەیە ئەستێرە پێنج لاییەکە و مێینەیی پیرۆز دەسەلمێنێ."

- "سیمای دەربڕی فاشێ تەمێک دایگرت. "داوای لێبوردنت لێدەکەم؟"

- "دووپاتکردنەوە. دووبارەکردنەوەی هێمایەک سادەترین ڕێگای سەلماندنی واتایەکەتی. ژاک سانییێریش جەستەی خۆی بە شێوەی ئەستێرەی پێنج لا هەڵخستووە." ***ئەگەر یەک ئەستێرەی پێنج لا باش بێ، ئەوا دووانیان باشترە.***

چاوەکانی فاشێ لە سەر پێنج خاڵەکەی سانییێری گیر بوون، باسکەکانی، قاچەکان و سەری، دیسان دەستێکی بۆ پرچە تەنکەکەی بردەوە. "لێکدانەوەیەکی سەرنجڕاکیش". ئیستێکی کرد. "ئەدی ڕووتییەکەی؟" کاتێک وشەکەی دەردا، منگەیەکی لێوەهات، دەنگێک بە دیتنی جەستەی کەوتووی نێرینەیەکی کە دیسان مایەی قێزلێبوونەوە بوو. "ئەرێ بۆچی جلەکانی لەبەر خۆی داکەندووە؟"

***پرسیارێکی باش.*** لانگدن وای بیرکردەوە. ئەویش کاتێ بۆ یەکەم جار، وێنەکەی بینی، هەمان مەڕاقی هەبوو. باشترین خەمڵاندنیش ئەوەبوو، شێوە جەستەیەکی ڕووت دیسان سەلماندنەوەی ڤینۆس، خوایە مێینەکەی زایندەی(سێکسی) مرۆڤایەتییە. هەرچەندە کلتووری نوێ زۆر لە بەیەکەوە گرێدانی ڤینۆس بە یەکێتی جەستەیی مێ/نێری لەناو بردبوو، لێ چاوێکی

---

[61] Poseidon

تیژی ئیتیمۆلۆگی[62] دەکرێ واتا بنەڕەتییەکەی ڤینۆس بۆ وشەی ڤینیریێل venereal (جووتبوون، زاوزێی) بسەلمێنێ. لانگدن بڕیاریدا نەچێتە نێو ئەم باسوخواسە.

- "جەنابی فاشێ، ئاشکرایە ناتوانم پێت بڵێم بۆچی بەڕێز سانییێر ئەم هێمایەی لەسەر جەستەی خۆی نەخشاندووە و بۆچی شێوەکەی خۆی وا لێکردووە، بەڵام دەتوانم پێت بڵێم، پیاوێکی وەک ژاک سانییێر ئەستێرە پێنج لاییەکەی وەک هێمایەکی بە پیت و فەڕی مێینە لەبەرچاو بوو. هاوکاری و پەیوەندی نێوان ئەم هێمایە و مێینە پیرۆزەکە بە شێوەیەکی بەربڵاو لەنێو مێژوونووسان و سیمبۆلناسان ناسراوە."
- "زۆر باشە. ئەدی بەکارهێنانی خوێن وەک مەرەکەب؟"
- "ئاشکرایە هیچ شتێکی دیکەی نەبووە، پێبنووسێ."
- فاشێ بۆ خولەکێک بێدەنگ بوو. "لە ڕاستیدا، لەو بڕوایەدام، ئەو بۆیە خوێنی بەکار هێناوە تا پۆلیس زیاتر بەدواداچونی دادوەرییانە بکا."
- "ببوورە؟"
- "سەیری دەستی چەپی بکە."

چاوەکانی لانگدن بە درێژایی قۆڵە ڕەنگ بزرکاوە چەپەکەی سەرپەشیارەکە گەڕا تا گەیشتە سەر دەستەکانی، کەچی هیچی نەبینی. دوودڵانە لە جەستەکە وەرسووڕایەوە و هەندێک دانەویەوە، ئیدی هیچ شتێکی سەرسوڕمانی نەما، سەرپەرشتیارەکە قەڵەمێکی گەورەی تێبینی نووسی بەدی کرد.

- "کاتێک ئێمە هاتین سانییێر قەڵەمەکەی لە دەستدا بوو." فاشێ وای بە لانگدن گوت و چەند گەزێک بۆ ئەو لا بەرەو مێزە کاتییە داندراوەکەی ئەوێ چوو، کەلوپەلەکانی لێکۆڵینەوە، وایەر و ئامێری کارەبایی لەسەر داندرابوون. "وەک پێم گوتی،" ئەو بەدەم گوتنی ئەم وشانە لە دەوری مێزەکە سووڕایەوە، "ئێمە دەستمان لە هیچ نەداوە. ئایا تۆ بە جۆرە قەڵەمێکی وا بەڵەدی؟"

لانگدن زیاتر دانەوەیەوە و سەیری جۆری قەڵەمەکەی کرد.

---

[62] زانستی دۆزینەوەی بنجوبناوانی وشە.

***قەڵەمێکی تیشک ڕەش.***

ئەو بە حەپەسانەوە سەرنجی دا.

قەڵەمە تیشک ڕەشەکە یان قەڵەمە نووکتیژە ئاوییەکە تایبەتمەند بوو بە جێنیشانکردن، لەبناغەشەوە بۆ مۆزە، نۆژەنکردنەوە و پۆلیسی ساختە دروست کرابوو تا تێبینی نەبینراو لەسەر شتەکان بنووسن. ئەم قەڵەمە نووکتیژە بە شێوەیەک دەنووسێ کە نەکوژێتەوە، ئەو مەرەکەبە کحولییەی، شوێنەواری نووسینەکەی تەنها لە ژێر تیشکی ڕەشدا دەردەکەوێ. هەنووکە کارمەندە سەرەکییەکانی مۆزەکان بەردەوام ئەم قەڵەمە تێبیننووسەیان پێیە، بۆ ئەوەی بە نادیاری لەسەر چوارچێوەی تابلۆکان شتێک بنووسن کاتێک پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەبێ.

کاتێکیش لانگدن هەڵسایەوە، فاشێ بەرەو لای سویچی گڵۆپەکان ڕۆیشت و کوژاندنیەوە. لەپڕێکەوە گەلەرییەکە تاریک داهات.

بۆ ساتێک نابینایی باڵکێش بوو، لانگدن هەستی بە سەرهەڵدانی نادڵنیاییێک کرد. سیمای فاشێش بەدیارکەوت، بە خۆی و لایتێکی ئەرخەوانی ئەو ناوەی هەندێ ڕووناک کردەوە. ئەو بەخۆی و لایتە دەستیەکەی نزیک کەوتەوە، کە تەمێکی بنەوشی دایگرتبوو.

- "وەک خۆت دەزانی،" فاشێ وای گوت و چاوەکانیشی لەبەر تیشکە بنەوشەییەکە دەدرەوشانەوە، "پۆلیس تیشکی ڕەش بۆ ڕووناککردنەوەی پشکنینی دیمەنەکانی تاوان لەسەر خوێن و بەڵگە لێکۆڵینەوەکانی دیکە بەکاردەهێنێ. کەواتە دەکرێ سەرسوڕمانی ئێمە بێنیتە بەرچاوی خۆت..." لە هیکەوەش تیشکی لایتەکەی لەسەر جەستەکە ڕاگرت.

لانگدن سەیری خوارەوەی کرد، لە بەر هێدمەگرتن هەنگاوێک بۆ دواوە کشایەوە.

کاتێ چاوی بەو دیمەنە درەوشاوە سەیرەی پێش خۆی کەوت، کە لەسەر ناوکەوە دارینە نایابەکە نەخشابوو، بە توندی دڵی کەوتە کوتەکوت. نووسینە دەستخەتە بەپەلەکەی بەردەمی دیاربوو، دوا وشەکانی سەرپەرشتیارەکە بە ئەرخەوانی لە تەنیشت جەستەکەدا درەوشانەوە. کاتێک لانگدن سەیری دەقە نووسراوە تێکەڵاوەکەی کرد، هەستی کرد ئەو تەمەی سەرتاپای ئەمشەو دایگرتووە، ئەستووتر دەبێ.

دووباره لانگدن پەیامە نووسراوەکەی خوێندەوە و نیشانەشی بۆ سەر فاشێ هەڵبڕی. "دەک بە قوڕ گیرێ، ئەمە واتای چی دەگەیەنێ!"

چاوەکانی فاشێش سپی دیارکران. "بەڕێز، ئەوەیان دەق ئەو پرسیارەیە کە بۆی هاتویتە ئێرە، وەڵامی بدەیتەوە."

لە شوێنێک، لە نووسینگەی سانییێر، کە لەوێ زۆر دوور نەبوو، ملازم کۆڵلێ گەڕابۆوە نێو لۆڤەر و خۆی بەسەر ئامێرێکی دەنگی سەر مێزە قەبەکەی سەرپەرشتیارەکە داگرتبوو. بە شێوەیەکی سەیریش، ئەو کۆتەڵەی کە هی سوارچاکێکی سەدەکانی ناوەڕاست بوو، وەک ڕۆبۆتێک لەسەر گۆشەیەکی مێزەکەی سانییێر، بۆ ملازمەکە مایەی ترس بوو، وەک ئەوەی چاوی لێدابگرێ. ئەو مایکە گوێکانی ڕاست کردنەوە ئاستی هاردیسکی تۆمارگەکەی پشکنی. هەموو سیستمەکان ڕۆیشتبوون. میکرۆفۆنەکە بەبێ خەوشی کاری خۆی دەکرد، دەنگەکەش زۆر ڕوون و ڕەوان بوو.

***ساتەکەی ڕاستی***، ئەو بە تێڕامانەوە، لەبەرخۆیەوە وای گوت.

بە خەندەوە، چاوەکانی نووقاندن و خۆی وا ڕێکخست تا بە باشی گوێی لەو دەمەتەقێ چاودێرییەی نێو گراند گەلەری بێ.

# بەندی ٧

شوێنی لێمانەوە خاکەڕاییەکەی هەر لەنێو کڵێسەی سەنت سەپایسدا بوو، کە دەکەوتە نهۆمی دووەمی خودی کڵێساکە و بەلای دەستە چەپی قەپەنگی[63] کۆڕالەکەی دەڕوانی. سوێتە دوو هۆدەییە ناوکەو بەردینەکە بە کەمترین کەلوپەلی ناوماڵ ڕاخرابوو، ئەمەش ماڵی زیاتر لە دە ساڵەی خوشکە ساندرین بیل[64] بوو. خۆ ئەگەر کەسێکیش پرسیاری ماڵەوەی لێکردبا، ئەوا بە فەرمی ماڵەکە لە شوێنێکی نزیک ئەوێی نیشان دەدا، بەڵام هێمنی کڵێساکەی پێباشتر بوو، بۆیە خۆی لە نهۆمی سەرەوە لەگەڵ پێخەفێک، تەلەفۆنێک و تەباخێک ڕاهێنابوو.

وەک کارڕێکخەرێکی کۆنەپارێزانە، خوشکە ساندرین لە هەموو لایەنە نادینیەکانی کڵێساکە لە شتە سەرەکییەکان، بەکرێگرتنی دەستەی پاڵپشتی بۆ ڕینوێنی، چاودێریکردنی شوێنەکە دوای سەعاتەکانی کردنەوە و ڕێکخستنەوە و داواکردنی نانە کێک و شەڕابی هاوبەشانە، سەرپشک بوو.

ئەمشەو لە شیرین خەوی لە سەر پێخەفە بچکۆلانەکەی، لەگەڵ لەرینەوەی زەنگی تەلەفۆن بەخەربەر هات. بە شەکەتی، دەسکی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت.

- "خوشکە ساردینا، کڵێسەی سێینت سەلپایس."
- "هەلۆ خوشکە،" پیاوەکەی ئەودیو هێڵی تەلەفۆنەکە بە فەرەنسی وای گوت.

خوشکە ساردینا هەڵستا. ***کاتژمێر چەندە؟*** هەرچەندە ساردینا دەنگی بەرپرسەکەی ناسییەوە، بەڵام خۆ لەو پانزە ساڵەی ڕابردوودا، هەرگیز بە دەنگی ئەو لەخەو هەڵنەستاوە. باوکەکە پیاوێکی زۆر لە خواترس بوو، هەر دوای تەواوبوونی کاروبارە دینییەکەی، دەچووە سەر جێی و لێی دەڕازا.

- "خوشکە، بمبەخشە کە لەخەوم هەڵساندی،" باوکەکە وای پێگوت، "دەنگیشی نیشانەی بەساڵداچوونەکەی پێوە دیاربوو. "داوای چاکەیەکم لێت هەیە. هەر تازە زەنگی

[63] قەپەنگ:بەلەکۆنە

[64] sandrine beil

تەلەفۆنێکم لە مەترانێکی دەستڕۆیشتووی ئەمریکییەوە بۆ هات. بەڵکو تۆش بیناسی؟ مانوێل ئارینگارۆسا؟"

- "سەرۆکی ئۆپیوس دای؟" ***هەڵبەتە دەیناسم. کێ بێ لە کڵێسا نەیناسێ***؟ سەرقەشایەتی کۆنەپارێزی ئارینگارۆسا لەم ساڵانەی دواییدا پێگەکەی بەهێز ببوو. کردەی بە پیرۆزکردنیشی وەک بازدانێک لە ساڵی 1982دا هاتە پێشەوە، کاتێ پاپا جۆن پاولی دووەم بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراوانە پلەکەی بۆ "سەرقەشایەتی تایبەتی پاپا" بەرز کردەوە. بەمە بە جۆرێکی فەرمی ڕێگای هەموو کردەوەکانی درا. مایەی گومان بوو، کە بەرزکردنەوی پلەی ئۆپیوس دای لە هەمان ئەو ساڵەدا بوو، کە ئەم ئاینزا دەوڵەمەندە، گوایە بڕی یەک بلیۆن دۆلاری دابێتە پەیمانگەی کارە دینییەکانی ڤاتیکان، کە بە بانکی ڤاتیکان ناسراوە، بەمە لە نابووتبوونێکی هەراسانکەر ڕزگاری کردن. لە مانۆری دووەمیشدا، کە بووە مایەی گلەیی، پاپا دامەزرێنەری ئۆپیوس دای "بە بازدان" پلەی پیرۆزایەتی(قدیسی) پێ بەخشی، خۆی دەبوو ماوەی یەک سەدە چاوەڕوان بکا، کەچی پێشی خست و خزمەتە بیست ساڵیەکەی لە جیاتی بەهەند هەڵگرت. خوشکە ساندرین هەست بەوە دەکا، هەڵوێستە باشەکەی ئۆپیوس دای لە ڕۆما مایەی ڕێز لێنان بوو، بەڵام خۆ کەسیش مشتومڕی پێ لەگەڵ کورسی پیرۆز نەدەکرا.
- "ئارینگارۆسای مەتران داوای چاکەیەکی لێکردم،" باوکەکە وای بە خوشکەکە گوت، دەنگیشی پەشۆکابوو. "یەکێک لە ئەندامە شاگردەکان ئەمشەو لە پاریسە..."

کە خوشکە ساندرین گوێی لەو داوا نامۆیە بوو، هەستی بە شڵەژانێکی قووڵ کرد. "ببوورە، تۆ گوتت ئەو سەردانکەرەی ئەندامی دەستەی شاگردانی ئۆپیوس دای ناتوانێ تا بەیانی چاوەڕێ بکا؟"

- "بەداخەوە، ناتوانێ. فڕۆکەکەی بۆ بەیانی سەر لەزوو دەردەچێ. هەمیشەش خەونی بەوە بینیوە کڵێسای سەنت سەلپایس ببینێ."
- "بەڵام خۆ بینینی کڵێسەکە لە ڕۆژدا مایەی دڵگیرییە. تیشکی ڕۆژ کە بەناو دەلاقە شێوە چاوییەکان دێتەخوار و سێبەرەکەی وەک دەرزی سەعات بەنێو کڵێساکەدا شۆڕ دەبێتەوە، ئەوە وا لە سەنت سەلپایس دەکا تاکی نەبێ."
- "خوشکێ، من هاوڕام لەگەڵت، هێشتاش وای دادەنێم، داواکەم چاکەیەکی کەسییە، بەڵکو ئەمشەو ڕێگای بدەی بێتە ژوور. ئەو لە ... تۆ بڵێ سەعات یەک دەگاتە ئەوێ؟ کەواتە بیست خولەکی دیکە."

خوشکه ساندرین هەندێ گرژ بوو و برۆی تێکنا. "هەڵبەتە. ئەوە دەبێتە مایەی خۆشحاڵیم."
باوکەکە سوپاسی کرد و دەسکی تەلەفۆنەکەی دانایەوە.
مەتەڵئاسا خوشکە ساندرین بۆ خولەکێکی دیکە هەر لەنێو پێخەفە گەرمەکەیدا مایەوە، هەوڵی دەدا خەواڵوێتیەکەی بڕەوێنێتەوە. جەستە شەست ساڵانەییەکەی نەیدەتوانی وەک جاران بە گورجوگۆڵی لەخەو ڕابێ، سەرباری ئەوەی تەلەفۆنەکەی ئەمشەو بە دڵنیاییەوە هەستەکانی وروژاندن. ئاخر ئۆپیوس دای بۆ ئەو هەمیشە مایەی نارەحەتی بووە. لەودیو ئەو دەستپێوەگرتنەی ڕێبازە دینییەکە بە ڕیتوێڵێکی تەمومژاوی خۆئازاردانی پاککردنەوە، نوارینی ئەوان بۆ ژنان تەواو نوارینێکی سەدەکانی ناوەڕاست بوو. خوشکە ساندرین لەوە هێدمەی گرتبوو کاتێ زانی، ئەندامە شاگردە مێینەکانی ئەوان ناچارکراون هۆڵی ئاکنجیی پیاوەکانینان بێ بەرامبەر خاوێن بکەنەوە لە کاتێکدا پیاوەکان خەریکی ڕیتوێڵی دینییان بوون؛ ژنەکان لەسەرناوکەوە دارینە ڕەقوتەقەکە دەنوستن کەچی پیاوەکانیان لەسەر حەسیر دەڕازان؛ ئیدی ژنەکانیان ناچارکرابوون زیاتر ئازاری خۆیان بدەن لە پیاوەکانیان... ئەوەش وەک سزای سەربار بۆ تاوانە بنەڕەتییەکەی بەرایی وابوو. دیاربوو ئەو قەپاڵ گرتنەی حەوا لە سێوەکە، دارە زانینەکەی ببووە مایەی قەرزێکی شووم بۆ هەتا هەتایە بەسەریانەوە بێ. بە دڵبەخەمی، لەکاتێکدا کڵێسای کاسۆلیکی بە خێرییەوە بەرێزگرتنی سەبارەت مافەکانی ژنان بەرەو ئاراستەی ڕاست دەڕۆیشت، ئۆپیوس دای هەڕەشەیەک بوو لە بەردەم هەڵگێرانەوەی ئەو پێشکەوتنە. تەنانەت وێڕای ئەوەش، خوشکە ساندرین دەبوایە ملکەچی فەرمانەکانی بێ.
خوشکە ساندرین لاقەکانی لە سەرینەکە درێژکردن، بە هێواشی هەڵسا، کاتێک پێیە ڕووتەکانی خستنە بەر ناوکەوە بەردینەکە کەوت، تەزووێیکی ساردی پێهەڵگەڕا، هەستی بە شتێک، بە ختووکەیەکی ناچاوەڕوان کرد.

***دڵخەبەردانی ژنان؟***

وەک شوێنکەوتوێیکی خواوەند، خوشکە ساندرین فێرببوو بە کڕی گوێی لە دەنگی هێورکردنەوەی ڕۆحی خۆی بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمشەو، ئەم دەنگانە بە چەشنی چۆڵوهۆڵی کڵێساکەی دەوروبەرەکەی، کپ ببوون.

## بەندی ٨

لانگدن نەیدەتوانی چاوەکانی لەسەر ئەو دەقە تێکەڵاوە ڕەنگ ئەرخەوانییەی سەرووی ناوکەوە دارینە نایابەکە هەڵبڕێ. دوا پەیوەندی ژاک سانییێر وەک لانگدن بۆی ڕۆیشتبوو، پێنەدەچوو پەیامی کەسێکی کۆچکردوو بێ.

پەیامەکە وا دەخوێندرایەوە:

13-3-2-21-1-1-8-5

O, Draconian devil!

Oh, lame saint![65]

هەرچەندە لانگدن هیچ بیرۆکەیەکی سەبارەت بە واتای ئەم شتە نەبوو، بەڵام لە هەستە خۆزاییەکەی فاشێ تێگەیشت، کاتێ ئەستێرە پێنج لاییەکەی بە شتێک لە شەیتانپەرستی دانا.

**O, Draconian devil!**

دەقاودەق سانییێر ئاماژەی بە شەیتان کردبوو. بە هەمان شێوەش زنجیرە ژمارە سەیرەکان هەبوون. "بەشێک لەوە بە ڕیزبەندی ژمارەیەک دەچێ."

- "بەڵێ،" فاشێ گوتی، "شیفرەناسەکانمان کار لەسەر شیتەڵکردنی ژمارەکان دەکەن. ئێمە بڕوامان وایە، ئەم ژمارانە ڕەنگبێ کلیلی ناسنامەی بکوژەکە بن. لەوانەیە ژمارەی تەلەفۆنێک یان جۆرێک لە ژمارەی ناسنامەی سۆشیال بێ. ئەرێ بە لای تۆ ئەم ژمارانە هیچ واتایەکی هێمایی دەگەیەنن؟"

لانگدن دیسان سەیری ژمارەکانی کردەوە، پێیوابوو چەندان سەعاتی پێدەچێ تا شتێک لەواتا هێمادارییەکەیان هەڵبکرێنێ. ***خۆ ئەگەر سانییێر ویستبێتی هەر واتایاکی وایان هەبێ.*** بۆ لانگدن ژمارەکان بەتەواوی گۆترەکاری بوون. ئەو لە گەشەی هێمادارییەک ڕاهاتبوو کە هەندێ دیمەن

[65]هۆ، شەیتانی دڕندە، هۆ چاکی بەستەزمان. لێرەدا وشەی (چاک)م بەرامەر پیرۆز، قەدیس بەکارهێناوە، بەڵام بە هۆی ئەوە، ئەم کۆدە سەرەتا کۆدی ئەم ڕۆمانەیە، بۆیە لە نێو دەقەکەدا نەدەکرا دەق وەک خۆی نەنووسمەوە چونکە بە هۆی شیتەڵکردنی پیتەکان، کە دواتر شتی دیکەی لێدەبێتەوە، واتا دەگەیەنێ. هیوادارم خوێنەری بەڕێز حەوسەڵەی هەبێ، تا دواتر ڕازەکەی بۆ دەکرێتەوە و مەتەڵەکەی بۆ هەڵدێ.

دەیبەخشن، بەڵام خۆ هەموو شتێک لێرە، هەر لە ئەستێرەی پێنج گۆشە، دەقە نووسینەکە تا ژمارەکان، پێدەچێ لەسەر ئاستێکی بنچینەییەوە زۆر لەیەک جیاواز بن.

– "تۆ پێشتر شتێکی وات گوت،" فاشێ وای بە لانگدن گوت، "کە کردەوەکەی سانییر لێرە هەموو بۆ ئەوە بووە جۆرە پەیامێک بنێرێ... پەرستنی خودای مێینە یان شتێک بەو ئاقارە؟ ئایا پەیامەکە چۆن لەگەڵ ئەم شتە ڕێک دێتەوە؟"

لانگدن زانی، پرسیارەکە ڕەوانبێژییانەیە و ئەو پەیوەندیگرتنە سەیرە، ڕاشکاوانە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ سیناریۆی لانگدن بۆ پەرستنی خودای مێینە نایەتەوە.

O, Draconian devil? Oh, lame Saint?

هۆ شەیتانی دڕندە؟ هۆ چاکی بەستەزمان؟

فاشێ گوتی: "ئەم تێکستە وادیارە هۆشدارییێک بێ بۆ شتێک. ئایا تۆ هاوڕای؟"

لانگدن هەوڵیدا دوا ساتەکانی ژیانی سەرپەرشتیارەکە بێنێتە بەرچاوی خۆی، کە بە خۆی لەنێو ئەم گراند گەلەرییەدا گیری خواردبوو، دەشیزانی لە سەروبەندی مەرگ دایە. شتەکە پێدەچێ لۆژیکیانە بێ. "پێموابێ ڕێی تێدەچی ئاگادارینامەیەک دژی بکوژەکەی."

– "هەڵبەتە، کاری من ئەوەیە، ناوێک بۆ ئەوکەسە بکوژە ببینمەوە. دەی جەنابی لانگدن، با پرسیارێکی دیکەت لێبکەم. بە چاوی تۆ، لەودیو ژمارەکان، ئایا چ شتێکی زۆر نامۆ لەم پەیامەدا هەیە؟"

***زۆر نامۆ؟*** پیاوێک کە لەسەر مردن بێ، بە خۆی خۆی لەم گەلەرییەدا زیندان کردووە، ئەستێرەیەکی پێنج گۆشەشەیی بە جەستەی خۆی دروست کردووە و هۆشدارینامەیەکی تەلیسماوییشی لەسەر ناوکەوەکە بەجێ هێشتووە. ئاخر چی دەربارەی ئەم سینارۆیە هەیە کە هەرە سەیر **نەبێ**؟

– "وشەی دراکۆنیان Draconian (دڕندە)؟" سەرچڵیانە یەکەمین شت کە بەمێشکی داهات، خستیە ڕوو. لانگدن بە ڕەوانی دڵنیا بوو، ئاماژەکردن بۆ Draco دراکۆ، سیاسییە بێویژدانیەکەی سەدەی حەفتەمی زاینی، بۆ کەسێک کە لەسەر لێواری مەرگ بێ، مایەی بیرلێکردنەوە نییە. "Draconian evil شەیتانێکی دڕندە، پێدەچێ هەڵبژاردنێکی سەیری نێو وشەدان بێ."

- "Draconian درندە؟" لەرەی دەنگی فاشێ ئەمجارەیان ئۆقرەنەگرتوو بوو "هەڵبژاردنی سانێیر بۆ وشەدانەکەی پێناچێ لێرەدا دۆزێکی سەرەکی بێ."

لانگدن دڵنیا نەبوو ئاخۆ چ جۆرە دۆزێک لە مێشکی فاشێدا چەکەرەی کردبوو، بەڵام خەریکبوو دەستپێکێکی گومانی لا پەیدابێ، کە فاشێ و دراکۆ دەکرا باش لەگەڵ یەک هەڵبکەن.

- "سانێیر فەرەنسی بوو،" فاشێ بە ڕەوانی وای گوت. "ئەو لە پاریس دەژیا، کەچی هێشتاش ویستویەتی پەیامەکەی بە..."

- "بە ئینگلیزی بێ،" لانگدن وای گوتەوە، ئیدی ئێستا پەی بە واتای کاپتنەکە برد.

- فاشێ سەری لەقاند. "کتومت. هیچ بیرۆکەیەکت بۆ ئەم شتە هەیە ؟"

لانگدن دەیزانی سانییر بە ئینگلیزییێکی بێ گرێوگۆڵ دەدوا، لێ هێشتاش هۆکاری ئەوەی دوا پەیامەکەی بۆ بەم زمانە نووسیوە، پەی پێنەبرد. ئەو شانێکی بۆ هەڵتەکاند.

فاشێ ئاماژەیەکی بۆ دواوە، بۆ سەر ئەستێرە پێنج گۆشەییەکەی سەر زگی سانێیر کرد. "ئەمە هیچ پەیوەندی بە شەیتان پەرستییەوە نییە؟ ئایا تۆ لەسەر ئەم بیرۆکەیەت هەر سووری؟"

ئیدی لانگدن لە هیچی دیکە دڵنیا نەمابۆوە. "هێماناسی و دەقە نووسینەکە پێناچێ لەگەڵ یەک بێنەوە. داوای لێبوردن دەکەم، ناتوانم لەمە پتر کۆمەکت بکەم."

- "لەوانەیە ئەمە شتەکە ڕوون بکاتەوە." فاشێ لە تەرمەکە دوور کەوتەوە و تیشکە ڕەشەکەی جارێکی دیکە خستەوە سەر، ئەمجارەیان گۆشەی تیشکەکەی فراوانتر کرد. "ئەدی ئێستا؟"

بۆ مایەی سەرسامی لانگدن، بازنە سەرەتاییەکە بە دەوری جەستەی سەرپەرشتیارەکە درەوشایەوە. واپێدەچوو سانییر درێژ بووبێ و ئینجا چەند جارێک قەڵەمەکەی بە دەوری خۆی وەرێنابێ تا چەند کەوانەیەکی درێژ بکێشی، لەدواجاریشدا خۆی بخاتە نێو بازنەکەیەوە.

بروسکەئاسا، واتایەکە ڕوون بووەوە.

- "پیاوە ڤیتروڤیانەکە Vitruvian،" بە هەناسەبڕکێوە. سانێیر لاسایی ناودارترین نیگاری لیۆناردۆ داڤینشی کردبووەوە.

نیگارەکە بە دروستترین هێڵکاری سەردەمی خۆی هەژمار دەکرێ، پیاوە ڤیتروڤیانەکەی داڤینشی بۆتە ئایکۆنێکی کلتووریانەی هاوچەرخمان، کە لە سەر پۆستەرەکان، تەختەی ماوس و تیشێرتەکان و لەسەرتاسەری دنیادا بەربڵاوە. نیگارە ناودارەکە بریتییە لە بازنەیەکی تەواو کە نێرینەیەکی ڕووتی لە نێودا وێنە کراوە... باسک و لاقەکانی بە چەشنی بازێکی باڵکراوە، لێککێشراونەتەوە.

***داڤینشی.*** لانگدن هەستی بە موچڕکێکی حەپەسان کرد. مەبەستە ڕوونەکەی سانییێر هی حاشایی لێکردن نەبوو. لەدوا ساتەکانی ژیانیدا، سەرپەرشتیارەکە توانیوێتی جلەکانی لەبەر خۆی دابکەنێ و جەستەکەی بە وێنەیەکی ڕوون وەک پیاوە ڤیتورڤیانەکەی داڤینشی لێبکا.

بازنەکە توخمە سەرەکییە ونبووەکە بوو. هێمای مێینە بۆ پارێزگاری، بازنەکە بە دەوری پیاوە ڕووتەکە، مەبەستی پەیامەکەی داڤینشی بە تەواوی بەرجەستە کرد، ئیدی نێر و مێ بە هاوئاوازی. پرسیاری ئێستاش، باشە بۆچی سانییێر لاسایی ئەو نیگارە بەناووبانگەی کردۆتەوە.

- "بەڕێز لانگدن" فاشێ وای پێگوت، "بە دڵنیاییەوە پیاوێکی وەک ئێوە لە مەیلی لیۆناردۆ داڤینشی بۆ هونەری تەلیسماوی دەگەن."

لانگدن لە زانیاری فاشێ دەربارەی داڤینشی سەرسام بوو، بە دڵنیاییشەوە ڕێگەیەکی درێژی دەوێ تا گومانەکەی کاپتن دەربارەی شەیتانپەرستێتی ڕوون بکاتەوە. داڤینشی هەمیشە بابەتێکی هەراسانکەر بووە بۆ مێژوونووسان، بە تایبەتیش دابونەریتی کریستیانێتی. وێڕای ئەندێشەبڵاوی بلیمەتەکە، داڤینشی هاوڕەگەزبازێکی ڕاشکاو و پەرستارێکی سیستەمی سروشتی خواوەندی بووە، لەهەردوو باریشدا ئەویان لە بەرامبەر خودادا بە گوناهکار زانیوە. لەوەش زیاتر، پڕۆژە سەیروسەمەرەکانی هونەرمەندەکە بە شێوەیەکی دانپێدانراوانە پڕشنگێکی شەیتانییانەیان لەسەر بووە: داڤینشی تەرمەکانی شیکار دەکردن تا لە هێڵکاری ئادەمیزادا بکۆڵێتەوە؛ ئەو تۆمارێکی تەلیسماوی بە نووسینی هێڵی پێچەوانە لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە؛ پێیوابوو گەیوەتە هێزێکی کیمیاوی بۆئەوەی پاقڕ بکاتە زێڕ و تەنانەت خوداش بەوە لەخشتە ببا بەوەی جەوهەرێکی بۆ مرۆڤ دۆزیبۆوە کە مردنەکەی دوا بخا؛ ئەو داهێنانەشی چەکی تۆقێنەری جەنگ و ئەشکەنجەدانی وای لەخۆگرتبوو کەس پەی پێنەبردبوو.

***بەد لێکحاڵیبوون گومان دێنێتە ئارا،*** لانگدن وا لەگڕ هزران ڕاچوو.

تەنانەت کارە هونەرییە کریستییانە نایاب و دڵگیرەکانی تەنها ناوبانگێکی هونەرمەندانەی گیانێکی دووڕوویی ئەو بوون. بە قایلبوون بە سەدان کاری پڕقازانجی ڤاتیکان، داڤینشی تابلۆی کریستیانی دەکێشا، ئەمەش نەوەک لەبەرئەوەی بڕوای پێی هەبوو، بەڵکو بۆ دەستکەوت و داهاتەکەی بوو، دەستمایەک بۆ ئەوەی ژیانێکی خۆشگوزەرانەی بەخشندانە ڕاببوێرێ. بۆ بەدبەختی، داڤینشی خاپینۆکێک بوو، زۆر جاران دەستی ئەو کەسەی دەگەزی کە خواردنی دەدایێ. لە زۆر لەو دەستکارە هونەرییە کریستیانەییەکانیدا، هەموو هێمایەکی تێدا ڕەنگ دەکرد تەنها کریستیانی نەبێ، ئەمەش بەگوێرەی خودی بیروباوەڕی خۆی و شتێک بۆ شێواندنی وێنەی ئاینی بوو. جارێکیان لانگدن موحازەرەیەکی لە گەلەری نیشتمانیی لە لەندەن بە ناونیشانی: "ژیانی نهێنی لیوناردۆ: هێما بتپەرستیەکان لە کاری هونەری کرستیانێتیدا." پێشکەش کردبوو.

- "من لە نیگەرانی تۆ تێدەگەم،" ئێستا لانگدن وای بە فاشێ گوت، "بەڵام داڤینشی هەر بە ڕاستی هەرگیز هونەری جادووگەری (هونەری ڕەشی) پیادە نەکردووە. ئەو بە شێوەیەکی ناوازە پیاوێکی ڕوحانی بوو، هەرچەندە بەردەوام لەگەڵ کڵێسە لە کێشەدا بوو." کە لانگدن ئەم قسەیەی گوت، لەپڕ بیرۆکەیەکی سەیری بە مێشکدا هات. ئاوڕێکی دیکەی لە لەسەر ناوکەوەکە دایەوە.

- O, Draconian devil? Oh, lame Saint?

- هۆ شەیتانی دڕندە؟ هۆ چاکی بەستەزمان؟

- فاشێ گوتی، "بەڵێ؟"

لانگدن وشەکانی خۆی بە وریایی هەڵدەسەنگاند. "هەر ئێستا بیرم لەوە دەکردەوە، کە سانییێر هەمان ئایدیۆلۆژیە ڕۆحانیەکەی داڤینشی هەبوو، نیگەرانبوو لەوەی کڵێسە مێینەی پیرۆزی لەنێو دیندا قەڵاچۆ کرد. لەوانەیە سانییێر بە لاساییکردنەوەی نیگارە ناودارەکەی داڤینشی، ویستبێتی سادەوئاسان بێهیوایی خۆی لەدەست بەدێوکردنی خودایە مێینەکان لەسەر دەستی کڵێسای هاوچەرخ ڕەنگ بداتەوە."

چاوەکانی فاشێ زەقوزۆپ بوون. "تۆ پێتوایە، بانگی کڵێسا بە چاکی بەستەزمان و شەیتانی دڕندە بکا؟"

لانگدن دەبوا دانی بەوەدا بنابایە، کە ئەمەیان ئەگەرێکی دوور بوو، لێ هێشتاش ئەستێرە پێنج گۆشەییەکە بە ئاستێک لەئاستەکان سەلمێنەری بیرۆکەکەیە. "هەموو ئەوەی دەیڵێم ئەوەیە، بەڕێز سانییێر ژیانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی خوایە مێینەکان و لەمێژووشدا لە کڵێسای کاسۆلیکی زیاتر کاریان لەسەر سڕینەوەی ئەم شتانە کردووە. پێدەچێ شتێکی لۆژیکی بێ کە سانییێر دوا ماڵئاوایی لە ژیان، بەم جۆرە نائومێدی خۆی دەبڕیبێ."

- "نائومێدی؟" فاشێ بە داواکردنەوە، هەنووکە دەنگی نەیارانە بوو. "ئەم پەیامە بۆنی تووڕەیی لێدێ لەوەی نائومێدی بێ، ئایا تۆ وا ناڵێی؟"

لانگدن گەیشتبووە لێواری حەوسەڵە لەدەست دان. "کاپتن، تۆ داوا دەکەی، دڵخەبەردانی خۆمت پێبڵێم، ئاخۆ سانییێر هەوڵیداوە لێرەدا چی بڵێ، منیش ئەوەم پێگوتی کە لێم هەڵکڕاند."

- "ئاخر ئەمە تاوانبارکردنی کڵێسەیە؟" کاتێ فاشێ قسەی دەکرد، شەویلاگەکانی گیر دەکرد و دانەکانی لەسەر وشەکان دەگیرساند. "بەڕێز لانگدن، من لە کاری خۆمدا زۆر حاڵەتی مردنم بینیوە، دەی ڕێگام بدە هەندێ شتت پێ بڵێم. کاتێک پیاوێک لەلایەن یەکێکی دیکە دەکوژرێ، لەو بڕوایەدا نیم دوا یادەروەری کابرای کوژراو بڕواتە سەر لێدوانێکی ڕوحانی کە کەس لێی تێنەگا. پێموایە ئەو بیر تەنیا لە یەک شت دەکاتەوە." سرتەی دەنگی فاشێ لە هەوادا پچڕپچڕ دەبوو. "تۆڵەکردنەوە. لەو بڕوایەدام سانییێر ئەم نامەیەی بۆ ئەوە نووسیوە، پێمان بڵێ، کە کێ کوشتوویەتی."

- لانگدن لێیەوە ڕاما "بەڵام هەرچۆنێک بێ ئەمە هیچ واتایەک ناگەیەنێ."

- "نەخێر؟"

- "نا،" ئەو بە نامرادی و شەکەتی وەڵامی دایەوە. "تۆ پێت گوتم ، کە سانییێر لە نووسینگەکەی خۆی لەلایەن کەسێک پەلاماردراوە، لەوانەیە بانگهێشتیشی کردبێ."

- "بەڵێ."

- "کەواتە، پێدەچێ شتێکی لۆژیکی بێ کە سەرپەرشتیارەکە بکوژەکەی ناسیبێ."

- فاشێ سەری لەقاند. "بەردەوام بە."

- "کەواتە ئەگەر سانییر زانیبێتی کێ کوشتوویەتی، ئەدی ئەم تاوانبارکردنە چییە؟" ئەو ئاماژەی بۆ سەر ناوکەوەکە کرد. "کۆدەیەکی ژمارەدار؟ چاکێکی بەستەزمان؟ شەیتانێکی دڕندە؟ ئەستێرەیەکی پێنجگۆشە لەسەر زگی؟ ئەو هەموو شتە ڕازدارانە."
- فاشێ برۆکانی وا تێک نا، وەک ئەوەی ئەم بیرۆکەیەی هەرگیز بۆ نەهاتبێ. "تۆ خاڵە ڕامانێکی باشت هەیە."
- "بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخەکە،" لانگدن وای پێگوت، "من وای دادەنێم گەر سانییر ویستبای پێت بڵێ، کێ کوشتوویەتی، ئەوا ناوی کەسێکی لەسەر ناوکەوەکە دەنووسی."

کاتێکیش لانگدن ئەم وشانەی گۆ کردن، بۆ یەکەمجار لەم شەودا خەندەیەکی بڕوابەخۆبوون پەڕیە سەر لێوەکانی فاشێ. "دەقاودەق وایە،" فاشێ گوتی "دەقاودەق."

***من بەسەر کاری مامۆستا گەواهیدەرم،*** ملازم کۆللێ کاتێ مایکەکانی لەگوێ گرتبوون، بە زەوقەوە لەبەرخۆیەوە وایدەگوت. گوێی لەدەنگی کاپتنەکە بوو لە وەرگری مایکەوە دەهاتەژوور. پۆلیسە پلە باڵاکە دەیزانی، ساتەوەختی ئاوها بوو پلەی کاپتنەکەی لەنێو قانونی سزادانی فەرەنسیدا بەرزکردەوە بۆ ئەستێرەی پێنج گۆشە.

***فاشێ دەیەوێ ئەو شتانە بکا، کە کەس ناوێرێ بیکا.***

هونەری نەرمونیانی سازش، کارامەییێکی ونبوو بوو لەنێو هێزی قانونسەپێنی هاوچەرخدا، ئەمەش حەوسەڵەیەکی ئەزموونداری دەوێ تا لەژێر فشاریشدا بێ و هەڵنەچێ، زۆر کەم لە پیاوەکان ئەم خەسڵەتەیان تێدابوو، بەڵام فاشێ دیاربوو پڕ بە پێستی ئەم کارە بوو. خۆگری و حەوسەڵەداری بە ڕادەیەک بوو دەتگوت ڕۆبۆتە.

تازە هەڵچوونی فاشێ لەم شەوەدا دیاربوو خۆی لە چڕبوونەوەی چارەسەریەکە دەبینیەوە، وەک ئەوەی گرتنی تاوانبارەکە شتێکی تایبەت بە کەسی خۆی بێ. فاشێ بە چڕوپڕی و بە دڵنیاکردنەوە سەعاتێک بەر لە ئێستا بە ئاژانەکانی خۆی گوت. ***من دەزانم کێ ژاک سانییری کوشتووە،*** فاشێ بوو وایگوت، ***ئێوەش دەزانن دەبێ چی بکەن. ئەمشەو هیچ هەڵەیەک نابێ بکرێ.***

تا ئێستاش هیچ هەڵەیەک نەکراوە.

کۆللێ نەیدەزانی ئاخۆ فاشێ چ بەڵگەیەکی لەبەر دەست دایە، کەوا بەدڵنیاییەوە باس لە تۆمەتبارەکە دەکا، بەڵام ئەوەی دەزانی کە دڵخەبەردانی **گایەکە** جێگەی پرسیار نییە. دڵخەبەردانی فاشێ، پێدەچوو شتێکی باڵادەستێتی ئەو بێ لە هەموو کاتەکاندا. ***خودا شت دەچرپێنێتە گوێچکەی***، جارێکیان پۆلیسێک سوور بوو لەسەر ئەم قسەیەی دوای ئەوەی بە قووڵی کەوتبووە ژێر کاریگەری هەستی شەشەمی فاشێ. کۆللێ دەبووا پێی لەوە بنابایە، ئەگەر خوا هەبووبایە، ئەوا بێزو فاشێی لەسەر لیستی کەسە هەرە نزیکەکانی دەبوو. کاپتنەکە بە پەرۆشەوە بەردەوام ئامادەی ڕیتوێلی دینیی و دان بە گوناحنان دەبوو، بە شێوەیەک زیاتر و کاریگەرتر لەو کاربەدەستانەی بۆ مەبەستی بنیاتنانی پەیوەندی گشتی وایان دەکرد. کاتێکیش چەند ساڵێک بەر لەئێستا، پاپا سەردانی پاریسی کرد، فاشێ هەموو توانایەکی بەکار هێنا تا لە ڕیزی پێشوازیکەرانی پاپا ئامادە بێ. ئەو وێنەیەی فاشێ لەگەڵ پاپا گرتبووی، هەنووکە لە نووسینگەکەی هەڵواسراوە. ***گاجووتەکەی پاپا***، پۆلیسەکان بە نهێنی لەنێوان خۆیان وایان پێدەگوت.

کۆللێ بە تەوسەوە جارێکیان تووڕەبوونێکی فاشێی لەبەردەم خەڵکیدا لێدەرکەوتبوو، هەڵوێستەکەشی لەم ساڵانەی دواییدا سەبارەت بە کاردانەوەی گۆبەندی منداڵبازی کاسۆلیکەکان بوو. ***دەبوایە قەشەکان دووجار لە سێدارە درابان!*** فاشێ وای جاڕدابوو. ***جارێکیان لەبەر ئەوەی تاوانیان دەرهەق منداڵان کردبوو. جارەکەی دیکەشیان چونکە ناووڕومەتی کڵێسەی کاسۆلیکیان لەکەدار کردبوو.*** کۆللێ هەستێکی سەیری هەبوو، بەوەی هۆکاری دووهەم زیاتر فاشێی دەهری کردبوو.

هەنووکە گەڕایەوە سەر لاپتۆپەکەی، کۆللێ ویستی بە نیوە ئەرکەکەی دیکەی بەرپرسیارێتی ئەمشەوی ڕابگا، ئەویش شوێنپێهەڵگرتنی(جی پی ئیسی) سیستمەکە بوو. ئەو وێنەیەی هاتە سەر شاشەکە، وردەکاری پلانی نهۆمی باڵی دینۆنی دەرخست، ئەمەش تەونە رایەڵێک بوو، لە نووسینگەی ئاسایشی لۆڤەرەوە بۆی ئەپلۆد کرابوو. چاوەکانی بەسەر شوێنەواری پڕ پێچوپەنای گەلەرییەکان و داڵانەکاندا گێڕا، کۆللێ ئەو شتەی دۆزیەوە کە بەدوایدا دەگەڕا.

لە قووڵایی جەرگەی گراند گەلەرییەوە شتێکی بچووک وەک خاڵێکی سوور دەبریسکایەوە.

***نیشانەکە.***

فاشێ ئەمشەو بە توندی نێچیرەکەی خۆی پەت کردبوو. کارێکی حەکیمانەیە. ڕۆبەرت لانگدنیش خۆی وەک کەسێکی دەمارسارد سەلماند.

## بەندی ٩

بۆ دڵنیابوون لە گفتوگۆکانی لەگەڵ بەڕێز لانگدندا و تا کەس قسەکانیان پێ نەبڕێ، بێزو فاشێ تەلەفۆنە دەستیەکەی کوژاندەوە. لێ بۆ بەدبەختی، ئامێرەکەی ئەو، جۆرە ئامێرێکی زۆر پێشکەوتوو و گران بوو، وەک ڕادیۆی دووسەرەش کاری دەکرد، ئیدی بە پێچەوانەی فەرمانەکانی، ئێستا تەلەفۆنەکەی لەلایەن ئاژانێکی خۆی بەرکارە.

- "کاپتن،" تەلەفۆنەکە وەک ئەوەی وۆلکی تۆلکی بێ کەوتە گەڕ.

فاشێ ددانەکانی لە حەیفان گیرساندنە سەر یەک. ئەو وای هێنابووە بەرچاوی خۆی، کە هیچ شتێکی ئەوەندە گرنگ لەئارادا نییە ، تا کۆڵلێ پشکنین و چاودێرییەکەی بپچڕێنێ و قسەی لەگەڵدا بکا، نەخاسمە لە ڕەوشێکی وا دژواردا.

فاشێ ئاوڕێکی لێبوردنانەی لە لانگدن دایەوە. "بمبەخشە، یەک خولەک." ئینجا تەلەفۆنەکەی لەبەر قایشی کەمەری دەرهێنا و کرتەی لەسەر دوگمەی خوارەوە کرد. "بەڵێ؟"

- "کاپتن ئاژانێکی هۆبەی شیفرەشکاندن گەیشتووە."

تووڕەیی فاشێ بۆ ماوەیەک ڕەوایە. ***شیفرەشکێنێک؟*** سەربارى کاتە نەگونجاوەکە، لەوانەیە ئەمەیان هەواڵێکی باش بێ. فاشێ، دوای ئەوەی دەقە کۆدەکەی سانییێریان لەسەر ناوکەوەکە دۆزیەوە، وێنەی تەواوی شانۆی تاوانەکەیان گرت و ڕەوانەی هۆبەی شیفرەشکێنیان کرد، بە هیوای ئەوەی یەکێک لەوان بتوانێ ئەوەی سانییێر جەهەنەمییانە نووسیبووی، لێکی بداتەوە. ئەگەر یارۆی کۆدشکێنەکە گەیشتبێ، زیاتر وا پێدەچی، یەکێک پەیامە ڕازدارەکەی سانییێری لێکدابێتەوە.

- "لەم ساتەدا من سەرقاڵم،" فاشێ لە ئامێرەکەیدا وای بە کۆڵلێ گوتەوە، لەڕەی دەنگیشی هیچ گومانێکی نەهێشتەوە، کە ئاژانەکە هێڵەکەی خۆی بەزاندووە. "داوا لە پیاوە کۆدەشکێنەکە بکە لە بنکەی فەرمانداریيەکە چاوەڕێم بکا. کاتێ لێرە بوومەوە، قسەی لەگەڵدا دەکەم."
- "***خاتوونەکە***،" دەنگەکەی ئەودیوی تەلەفۆنەکە وای بۆ ڕاست کردەوە. "کەسە هاتووەکە نقیوی ئاژانە."

فاشێ تادەهات لەگەڵ هەر وشەیەکی تەلەفۆنکردنەکە نارەحەتتر دەبوو. بەگوێرەی ئەو، دانانی سۆفی[66] نێڤو یەکێک بوو لە کەتنە هەرە گەورەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دادوەری. ئەو خاتوونە لاوە کۆدشکێنە پاریسییە کە شیفرەناسی لە ئینگلستان و لە رۆیال هۆلۆویی[67] خوێندووە، ناوی نیڤو سۆفییە، دووساڵ بەر لەئێستا خراوەتە ڕیزی ئاژانەکانی فاشێ، ئەمەش وەک بەشێک لە هەوڵی وەزارەت بۆ ئەوەی زیاترین ژمارەی ئافرەتان بخاتە نێو ڕیزی پۆلیسەوە. ئەم ئاراستە بەردەوامەی وەزارەت بۆ چاککردنەوەی سیاسەتەکانی، وەک فاشێ مشتومڕی لەسەر دەکرد، لاوازکردنی هۆبەی بەڕێوبەرایەتییەکەی بوو. ئاخر ژنان وەنەبێ هەر لەڕووی جەستەییەوە بۆ کاری پۆلیسییانە کورتهێن بن، بەڵکو بوونیان لە مەیدانی پێواژۆی کاردا بۆ لەڕێلادانی پیاوەکانی دیکە دژوارە. وەک فاشێ لێیدەترسا، سۆفی نیڤو زیاتر ئەوانی بەلاڕێدا دەبرد.

خاتوونە تەمەن سی و دوو ساڵەکە، تاڕادەی سەرڕەقی لەسەر کارەکەی کەسێکی لێبڕاو مکوڕ بوو. پەرۆشی ئەو بۆ سەرخستنی ڕێگای نوێی بەریتانییاکان بۆ شیفرەشکاندن، بەردەوام هەراسانی هاوکارە شیفرەشکێنە فەرەنسییەکانی بەتەمەنتر لە خۆی لێدەکەوتەوە. ئەوەی مایەی پەستبوونی فاشێش بوو، هەبوونی خاتوونێکی شۆخوشەنگی وا لەنێو پیاوە تەمەن مامناوەندییەکانی، هەمیشە لە نووسینگەکە و کارەکانیاندا مەیلییان بەلای شتی دیکەدا دەبا.

پیاوەکەی ئەو سەری تەلەفۆنە ڕادیۆدارەکە، گوتی: "کاپتن، نیڤوی ئاژان سوورە لەسەر ئەوەی هەر ئێستا قسەت لەگەڵدا بکا. هەوڵم دا ڕاییگرم، بەڵام ملی لە ڕێگا نا و بەرەو نێو گەلەرییەکە هات."

فاشێ بە باوەڕنەکردنەوە بیری هاتەوە: "مایەی قبوڵکردن نییە! ئاخر باشم ڕوون کردبووەوە—"

بۆ ساتێک لانگدن پێیوابوو بێزو فاشێ تووشی شەپلە هاتووە. ئاخر کاپتن لەنیوەی قسەدابوو، هێشتا ڕستەکەی تەواو نەکردبوو، کاتێ شەویلاگەکانی لە جووڵە کەوتن و

[66] Sophi Neveu

[67] Royal Holloway

چاوەکانیشی مۆلەق مانەوە. نیگا برووسکەئاساکەی پەڕیە سەر شتێکی ئەودیو سەرشانەکانی لانگدن. بەرلەوەی لانگدن ئاوڕ بداتەوە بزانێ چ هەیە، گوێی لە دەنگی ژنێک بوو لە پشتییەوە هات.

- "بەڕێزینە، ببورن کە قسەم پێبڕین."

لانگدن وەرسووڕایەوە تا ژنێکی گەنج ببینێ، کە بەرەوڕوویان دەهات. خاتوونەکە لە دالانەکە بە هەنگاوی درێژ و قایم دەهاتە پێش... بە بڕوابەخۆبوونێکی تەواوە هەنگاوی دەنا. چاکەتێکی درێژی ئێرلەندی تا سەر چۆکانی لەسەر پانتلۆنێکی ڕەش لەبەردا بوو، ئەو سەرنجڕاکێش بوو، تەمەنی لە سەروبەندی سی ساڵیدا دیاربوو. پرچە پڕە ڕەنگ شەرابییەکەی بە پەڕشوبڵاوی بەسەر شانەکانیدا هاتبووە خوار، شێوەیەکی گەرمی بە ڕووخسارەکەی بەخشی بوو. جیاواز لەو کیژە لانەواز و پرچ کەژانەی سەر دیوارەکانی بەشی ناوخۆیی هارڤاردیان ڕازاندبۆوە، ئەم ژنەیان ساخ و جوانییێکی خۆکرد و ڕاستگۆییێکی متمانەدار لە کەسایەتییەکەی ڕەنگی دەدایەوە.

بۆ مایەی سەرسامی لانگدن، ژنەکە ڕاستەوڕاست بۆ لای ئەو هات و بە ئەدەبەوە دەستی تۆقەکردنی بۆ درێژ کرد. "جەنابی لانگدن، من سۆفی نیڤوی ئاژانم، سەر هۆبەی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دادوەرییم." وشەکانی خاتوونەکە هیچ ئەسکێنتێکی فەرەنسیزمانی پێوە نەبوو. "مایەی خۆشحاڵیمە کە چاوم پێت کەوت."

لانگدنیش دەستە نەرمەکانی لەنێو لەپی خۆی گرت و بۆ ساتێک چاوی لەسەر نیگا بەهێزەکەی ژنەکە گیر بوو. چاوەکانی کەسکێکی زەیتوونی بوون، لێبڕاوانە و ڕوون.

فاشێ وروژاویانە هەناسەی هەڵکێشا، ڕوون و ئاشکرا بوو خۆی بۆ سەرزەنشتکردنی ژنەکە ئامادە کردبوو.

- "کاپتن،" ژنەکە خێرا ڕووی لە فاشێ کرد و وەک ئەوەی گازی لێبگرێ گوتی؛ "تکایە ئەو لەپڕ هاتنەم ببەخشە، بەڵام ــ"

- "ئاخر ئەمە ساتی نییە!" فاشێ بە فەرەنسی قسەکەی پێ بڕی.

- "هەوڵم دا بە تەلەفۆن پەیوەندیت پێوە بکەم." سۆفی بە پەرۆشی بۆ لانگدن، لەسەر ئینگلیزییەکەی بەردەوام بوو. "بەڵام تەلەفۆنەکەت داخرابوو."

– "له بەر هۆکارێک، کوژاندبوومەوە،" فاشێ بە چرپەیەکەوە؛ "ئاخر من لەگەڵ لانگدندا قسە دەکەم."

– "من کۆدی ژمارەکەم شکاند،" خاتوونەکە بە ڕەوانی وای گوت.

لانگدن ئاهێکی پێداهاتەوە. ***ئەو کۆدەکەی شکاندووە؟***

فاشێ دیاربوو دوودڵ بوو چۆن وەڵامی بداتەوە.

– "بەر لەوەی ڕوونی بکەمەوە،" سۆفی گوتی، "من پەیامێکی بەپەلەم بۆ جەنابی لانگدن هەیە."

– دەربڕینی فاشێ بە خەمخۆرییێکی قووڵ وەرگەڕا. "بۆ جەنابی لانگدن؟"

– خاتوونەکە سەری بۆ لەقاند، ڕووی لە لانگدن کردەوە. "جەنابی لانگدن، تۆ پێویستە پەیوەندی بە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان بکەیتەوە."

کاردانەوەی لانگدن سەرسامانە بوو، ئۆخژنەکەی بەوەی کۆدەکە شکاوە تێکەڵ بە خەمێکی لەپڕ بووەوە. ***پەیامێک لە وڵاتە یەکگرتووەکانەوە***؟ هەوڵیدا ئەوە بێنێتە بەرچاوی خۆی، ئاخۆ کێ ویستوویەتی پەیوەندی پێوە بکا. ئاخر هەر تەنها چەند هاوکارێکی کەمی دەیانزانی کەوا ئەو لە پاریسە.

شەویلاگە پانەکانی فاشێ بەو هەواڵە نوێیە گرژ بوون. "باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؟" ئەو بە دەنگێکی گوماناوییەوە، داوای کرد: "ئاخر ئەوان چۆن زانیان، جەنابی لانگدن لێرەیە؟"

سۆفی شانی بۆ هەڵتەکاند. "پێدەچی ئەوان پەیوەندییان بە هوتێلەکەی جەنابی لانگدنەوە کردبێ، ئیدی لەوێوە گوتبێتیان، کە لانگدن لەگەڵ ئاژانەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دادوەرییەوە ڕۆیشتوە."

فاشێ دیاربوو تێکچوو. "ئەوسا باڵوێزخانەکە پەیوەندی بە هۆبەی شیفرەشکاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دادوەرییەوە کردووە؟"

– "نەخێر بەڕێز،" سۆفی بە دەنگێکی سەلمێنەرەوە گوتی: "کاتێک پەیوەندیم بە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دادوەرییەوە کرد، بۆ ئەوەی قسەت لەگەڵدا بکەم، ئەوان

پەیامەکەی لانگدنیان پێبوو، پێیان گوتم کاتێک دێمە لای تۆ، لەگەڵ دەستی خۆشم پەیامەکە بە جەنابیان بگەیەنم."

- "بەڕێز لانگدن،" خاتوونەکە شتەکەی ڕوون کردەوە، پارچە کاغەزێکیشی لەبەرکی دەرهێنا. "ئەمەیان ژمارە بەشی خزمەتگوزاری باڵوێزخانەکەیە. داوایان کردووە هەرچی زووە پەیوەندیان پێوە بکەی." ئینجا پارچە کاغەزەکەی بە نیگا سەرنجێکەوە ڕادەست کرد و گوتی: "لەو کاتەی من کۆدەکە بۆ کاپتن فاشێ ڕوون دەکەمەوە، پێویستە تۆ ئەم پەیوەندییە تەلەفۆنە بکەی."

لانگدن لە پارچە کاغەزەکە ڕاما. کاغەزەکە ژمارە تەلەفۆنێکی پاریسی و شتێکی زیادەشی لەسەربوو. "سوپاس بۆ تۆ." ئەو وای پێگوت، هەر ئێستاش هەستێکی نیگەرانیانانەی بۆ پەیدا بوو. "باشە لەکوێ تەلەفۆنێک پەیدا بکەم؟"

سۆفی هەوڵیدا تەلەفۆنە دەستیەکەی لە بەرکی چاکەتەکەی خۆی دەربێنێ، بەڵام فاشێ دەستی بۆ خاتوونەکە ڕاهێشت کە نەیداتێ. هەنووکە ئەو وەک کێوی ڤێسوڤیوس[68] خەریک بوو بتەقێتەوە. بێ ئەوەی چاوەکانی لەسەر سۆفی هەڵبڕێ، تەلەفۆنە دەستیەکەی خۆی گرت و دایە لانگدن. "بەڕێز لانگدن، ئەمەیان سەلامەتە. دەکرێ بەکاری بێنی."

لانگدن بە تووڕەییەکەی فاشێ لە ژنە گەنجەکە حەپەسا. بە هەستێکی نائاسوودەوە تەلەفۆنەکەی لە پیاوەکە وەرگرت. دەستبەجێش فاشێ، سۆفی چەند هەنگاوێکی بۆ دواوە کێشایەوە و بە سرتەیەکی سەرزەنشتکارانە کەوتە دوان. لانگدن بە قێزلێبوونەوەی زیاتر و زیاتر لە فاشێ، ڕووی لە ڕووبەڕووبوونەوە سەیرەکەی ئەوان وەرگێڕا و تەلەفۆنەکەی کردەوە. سەیری ئەو پارچە کاغەزەیەی کرد کە سۆفی پێی دابوو، ژمارەکەی لێدا.

هێڵەکە کەوتە زەنگ لێدان.

زەنگی یەکەم... دووەم زەنگ... سێیەمین زەنگ...

لە کۆتاییدا پەیوەندییەکە هات.

---

[68] Vesuvius کێوە گڕکانێکی کارایە، لە نزیک ناپولی لە ئیتالیادا یە، ١٢٧٧ مەتر لەسەر ئاستی دەریاوە بەرزە. وەرگێڕ.

لانگدن وای چاوەڕوان دەکرد گوێی لە کارمەندی باڵوێزخانەکە بێ، بەڵام هێشتا خۆی وا دەبینییەوە کە گوێی لە ئامێرێکی خۆوەڵامدەرەوەیە. سەیر بوو، ئاخر دەنگە تۆمارکراوەکەی ئامێرەکە، ئاشنا بوو. خۆ ئەوە هەر دەنگی سۆفی نیڤو بوو.

- "*هەلۆ، تۆ ئێستا پەیوەندی بە سۆفی نیڤووە دەکەی،*" دەنگی ژنەکە بوو وایدەگوت. "ئەو ئێستا لێرە نییە، بەڵام —"

- بە شڵەژاویەوە، لانگدن ئاوڕێکی لە سۆفی دایەوە. "ببورە خاتوون نیڤو؟ پێموایە ئەو ژمارەی بە منت داوە —"

- "نەخێر، ژمارەکە ڕاستە،" سۆفی بە پەلە قسەکەی پێبڕی، وەک ئەوە ڕەچاوی شڵەژانەکەی لانگدنی کردبێ. "باڵوێزخانەکە سیستمە پەیامی ئۆتۆماتیکیانەیان هەیە. تۆ دەبێ ئەو کۆدە ژمارەی چوونە ژوورەوە لێبدەی تا پەیامەکانت وەربگری."

- لانگدن خەریکبوو بڵێ. "بەڵام —"

- "ئەویش کۆدێکی سێ ژمارەییە، لەسەر ئەو کاغەزەیە کە ڕادەستم کردی."

لانگدن دەمی کردەوە تا هەڵە سەیرەکە ڕوون بکاتەوە، بەڵام سۆفی نیگایەکی بێدەنگکردنی تێبڕی، کە هەر چرکەیەکی خایاند. چاوە کەسکەکانی پەیامێکی ڕوون و ئاشکرای دایێ.

***هیچ مەپرسە. تەنها گوێ بگرە و جێبەجێی بکە.***

بە واقوڕمانەوە، لانگدن ژمارە 454 کە لەسەر پارچە کاغەزەکە نووسراوبوو، لێیدا.

ئیدی دەستبەجێ پەیامەکەی سۆفی بڕدرا، لانگدنیش گوێی لە دەنگێکی تۆمارکراوی ئەلیکترۆنی بوو بە فەڕەنسی گوتی: "**تۆ یەک پەیامی نوێت هەیە.**" دیاربوو 454 کۆدە ژمارەی لێچوونە ژوورەوەی هێڵی سۆفی بوو لە دوورەوە، بۆئەوەی بە هۆیەوە گوێی لە پەیامە جێهێڵراوەکانی نێو تەلەفۆنەکەی بێ.

***من گوێ لە پەیامەکانی ئەم ژنە دەگرم؟***

لانگدن گوێی لە کرتەی گەڕانەوەی ئامێرە تۆمارکەرەکە بوو. لە کۆتاییدا، گڕەی گەڕانەوەکە وەستا، ئیدی ئامێرە تۆمارکەرەکە دەستبەکار بوو. لانگدنیش گوێی لە پەیامەکە گرت. دیسان، دەنگی سەرهێڵەکە هی سۆفی بوو.

- "بەڕێز لانگدن" پەیامەکە بە سرتەیەکی ترسێنەر دەستی پێکرد. *"هیچ کاردانەوەیەک لەمەڕ ئەم پەیامە مەنوێنە. تەنها بە ئارامی گوێی لێبگرە. تۆ ئێستا لە مەترسی دای. بە وردی لەسەر ڕێنماییەکانی نێو پەیامەکە برۆ."*

# بەندی ١٠

سیلاس لە پشتی سووکانی ترومبێلە ئاودییە ڕەشەکە دانیشتبوو، کە مامۆستا بۆی دابین کردبوو، لە نێو ترومبێلەکەدا نیگای خستە سەر کڵێسا مەزنەکەی سێینت سەپلایس. بەشی خوارەوەی کڵێسەکە بە گوژمە تیشکێک ڕووناک بوو، هەر دوو تاوەری زەنگی کڵێسایەکە وەک بەرزیێکی سەرکەش بەسەر بەدەنی کڵێساکە هەڵکشابوون. لە هەردوو لابالەکەیدا، ڕاگرە لووس و تووسکانی وەک پەراسووی جانەوەرێکی نازدار دیار بوون.

***ئەو بێخوایانە ماڵی خوایان بۆ شاردنەوەی بەردەکلیلەکە دەستنیشانکردووە.*** دیسان دەستەی برایەتی سەلماندییانەوە کە ناووڕومەتیان خەیاڵپلاوی و خاپاندنە. سیلاس بەرەوپێشەوە دەچوو تا بەردە کلیلە بدۆزێتەوە و بیداتە دەست مامۆستا، بۆئەوەی ئەوان ئەو شتە بگەڕێننەوە، کە دەستەی برایەتی عەیامێکە شتەکەیان لە بڕواداران دزیوە.

***تۆبڵێی ئەم شتە ئۆپیوس دای چەند بەهێز بکا.***

کابرا ئاودیەکەی لە شوێنێکی چۆڵی لای سێینت سەپلایس ڕاگرت، ئینجا پشوویەکی خواردەوە، هەناسەیەکی هەڵکێشا، بەخۆی دەگوت بەڵکو زەینی بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە پێسپێردراوەکەی ڕوون ببێتەوە. هێشتا پشتە ڕووشاوەکەی بەهۆی قامچی لەخۆدانە سەرلەزووەکەی ئەمڕۆی، هەر دەیەشا، بەڵام خۆ ئازارەکە لەچاو ئەو ژیانە پڕ ترسوبیمەی بەر لەوەی دەستی ئۆپیوس دای بیگاتێ، هی بەراوردکردن نەبوو.

هێشتاش، یادەوەرەییەکە هەر ڕاوی دەنا.

***دەی ڕق و کینەت خاو کەوە،*** سیلاس فەرمانی بە خۆی دەکرد. ***دەی لەوانە خۆش بە، کە ببوونە مایەی ئازاردانت.***

بە سەیرکردنی تاوەرە بەردینەکەی سێینت سەپلایس، سیلاس لە ژێرەوە لە گژ شتێکی هاوشێوە ڕاچووبوو... ئەو هێزەی زۆر جاران دەیگەڕاندەوە سەردەمی بەرێ، گەڕاندیەوە ئەو زیندانەی کە لە تافی لاوێتیدا جێ ژیان و جیهانی ئەو بووە. یادەوەری خاوێنگەی وەک هەمیشە بۆ گەڕایەوە، وەک ئەوەی گێژەڵووکەیەکی هەستەکان بێ... بۆن بۆگەنی شتێکی پێچراو، بۆنی

پیسی مردن، میزی ئادەمیزاد و ڕووخسارەکان. هاتوهاواری بێدەرەتانان لە بەرامبەر ڕەشەبای تووشی شاخەکانی بێرینی[69] و هەنسکی نەرمی پیاوە لەبیرکراوەکان.

***ئەندۆرا***[70]، وای بیرکردەوە، هەستی بە گرژبوونی ماسوولکەکانیشی کرد.

مایەی سەرسامی بوو، لە نێو پاوانی ئەو دەرەبەگایەتیە لاپەڕگە و چۆڵوهۆڵ و بەیارەی نێوان ئیسپانیا و فەرانسەدا، لەنێو زیندانە بەردینییەکەی ئەوێ لەسەرما دەلەرزی، تەنیاو تەنیا چاوەڕێی مەرگی خۆی دەکرد، ئیدی ئەوکات بوو، فریادڕەس گەیشتە سەر سیلاس و ڕزگارکرا.

ئەو، ئەوێ دەمێ لە شتەکە تێنەگەیشت.

***ڕووناکییەکە دوای هەورە تریشقەکە پەیدا بوو.***

ئەوکات ئەو ناوی سیلاس نەبوو، هێشتاش ئەو ناوەی دایبابی لێیان نابوو، بەبیری نایەتەوە. ئەو لە تەمەنی حەفتساڵیدا ماڵی خۆی جێهێشتبوو. باوکە بەدمەستەکەی، کرێکارێکی بەهێزی بەندەرەکە بوو، لەگەڵ هاتنەدنیای کوڕە ئەبڵەقەکەی شێت و هار بوو، بەردەوام لە دایکی کوڕەکەی خۆی دەدا، سەرکۆنەی ئەوەی دەکرد کەوا کوڕێکی وای هێناوەتە سەر دنیا کە بۆتە مایەی شەرمەزارییان. کاتێکیش منداڵەکە هەوڵی دەدا لەسەر دایکی بکاتەوە و پارێزگاری لێبکا، ئەویش تێر لێدانی دەخوارد.

شەوێکیان، شەڕێکی توند لە نێوان مێرد و ژنەکە ڕوویدا، ئیدی دایکی کوڕەکە ڕاست نەبۆوە لەبن لێدانەکەدا مرد. کوڕەکەش لەسەر تەرمی دایکی وەستابوو، هەستێکی بۆهات کە خۆی بۆ لەبەر ڕانەگیرا، ئاخر ئەو بووە هۆی مەرگی دایکی، یان لەبەر ئەو، وا بەسەر دایکی هات.

***ئەمەیان خەتای من بوو!***

وەک ئەوەی جنۆکە دەستی لێوەشاندبێ، مۆتەکە سواری سەر ملی ببێ، کوڕەکە چووە ناندینەکەیان و دەستی دایە کێردێکی گۆشت وردکردن. سڕئاسا، بەرەو ژووری خەوی باوکی ڕۆیشت، باوکیشی یەک تەختە لەبەر زۆر خواردنەوە ئاگای لەدنیا نەمابوو، لێی تخێڵ ببوو. بێ

---

[69] Pyrenees زنجیرە چیای نێوان ئیسپانیا و فەڕەنسا.

[70] Andora

ئەوەی وشەیەکیشی لەدەم بێتە دەرەوە، کوڕەکە کێردێکی لە پشتی باوکی ڕاکرد. باوکی لەتاو ئازار کەوتە هاتوهاوار، کوڕەکە چەقۆیەکی دیکەشی سرەواندێ، ئینجا بە چەقۆ داگژایە باوکی، چەقۆ لەسەر چەقۆ تا قولماتی لەبەر بڕی.

ئینجا کوڕەکە لە ماڵ هەلات، بەڵام خۆ سەر شەقامەکانی مارسیلیا[71]ش لە ماڵی باوکی باشتر نەبوو. سیما سەیرەکەی هەر زوو وای لێکرد لەنێو ئەو منداڵانەی وەک خۆی ماڵە باوانیان جێهشتبوو، مایەی بەخێرهێنان نەبێ، بۆیە بە ناچاری بە تەنیا و گۆشەگیری لە ژێرزەمینی کارخانەیەکی وێرانەدا دەژیا، خواردنیشی میوەی دزراو و ماسی خاوی فرێدراوی بەندەرەکە بوو. تاکە دڵنەوایی و سەبووری ئەو، گۆڤارە دڕاو و فرێدراوەکان بوون، کە لەسەر جادە و بانەکان هەڵیدەگرتنەوە، لە ڕێی ئەوانەوە خۆی فێرە خوێندنەوە کرد. بە تێپەڕینی ڕۆژگار ئەویش گەورە بوو، بووە نەوجەوانێکی بەهێز. کاتێکیش تەمەنی دوازدە ساڵان بوو، کەسێکی بێلانەی دیکە، کیژێک کە دوو هێندەی ئەو بوو، لەسەر جادە گاڵتەی پێکرد و هەوڵیدا خواردنەکەی بدزێ. ئەویش نەیکردە نامەردی و پەلاماری دا، زۆر نەمابوو کچەکە لەبەردەستی بمرێ. کاتێکیش دەسەڵاتداران گەیشتنێ و کوڕەکەیان ڕاکێشا، ئاگادارینامەیەکیان دایە، یان دەبێ لە مێرسیلیا بار بکا یان بچێتە گرتووخانەی نەوجەوانان.

ئەوسا کوڕەکە لەوێ ڕۆیشت و ڕووی لە کەناری تۆلۆن[72] کرد. بە تێپەڕینی کات ئەو نیگا بەزەییەی خەڵکی سەر جادەکان بە ترس و بیم وەرگەڕا. ئاخر کوڕەکە ببووە گەنجێکی کەتەی بەهێز. کاتێک خەڵک بەلایدا ڕەت دەبوون، گوێی لێدەبوو خەڵکەکە شتێک بە سرتەوە بەیەکدی دەڵێن. ***تارمایی خێویک***، ئەوان دەیانەویست وا بڵێن، کاتێک سەیری پێستە سپییەکەیان دەکرد، چاوەکانیان لە ترسان زەق دەبوونەوە. ***کابووسێک بە چاوەکانی شەیتانەوە!***

ئەویش هەستی دەکرد کە تارمایی خێوێکە... شەفافە... لانەوازانە لە بەندەرێکەوە دەڕوا و لە بەندەرێکی دیکە سەردەردێنێ.

وا دیاربوو خەڵک بتوانن لەدووتوێی جەستەی ئەودا شت ببینن.

لە تەمەنی هەژدە ساڵیشدا، لەشارە بەندەرێک، کاتێک هەوڵی دەدا کارتۆنە گۆشت بەرازێک لە پاپۆڕێک بدزێ، دوو کەسی سەر کەشتییەکەی لێ ڕاست هاتن و گرتیان. ئەو دوو دەریاوانە کە

[71] Marseilles

[72] Toulon

له کابراکەیان دا، بۆنی بیرەیان لێدەهات، ڕێک ئەو بۆنەی کاتی خۆی لە باوکی دەهات. ئیدی یادەوەرییەکەی لێ ژیایەوە، ڕق و کینەی دێرینەی سەری هەڵدایەوە، ئینجا وەک ئەوەی دێوێک لە قووڵاییەکەوە بێتەدەر، وای لێهات. گەنجەکە سەرەتا ملی یەکێ لە دوو دەریاوانەکانی شک بادا و شکاند؛ گەر هاتبا و پۆلیسی نەگەیشتبانێ و لەدوا ساتدا ڕزگاریان نەکردبا، ملی کەسی دووهەمیشی لەبەردەست قوتار نەدەبوو.

دوومانگ دواتر، بە کۆت و پێوەندەوە، گەیشتە زیندانی ئاندۆرا.

***تۆ سپیی وەک تارمایی خێوێک***، کاتێک پاسەوانەکان، تاوانبارەکەیان بە ڕووتی و سەرمابردوویی هێنایانە نێو زیندانەکە، هاوزیندانییەکان وایان پێگوت. ***سەیری ئەو تارماییە خێوە بکەن! لەوانەیە ئەو تارماییە مۆتەکەیە بە نێو ئەم دیوارانەدا بڕوا!***

دوای دوازدە ساڵ، گۆشت و گیانەکەی توایەوە تا وای لێهات بزانێ، بۆتە شتێکی شەفاف.

***من تارمایی خێوێکم***

***من بێ کێشم.***

***من تارمایی مردووم... ڕەنگبزرکاو وەک خێو... لەم دنیایەدا بە تەنیا ڕێ دەکەم.***

شەوێکیان تارمایی خێوەکە لە دەنگی هاوزیندانییەکانی لەخەو بێدار بووەوە. ئەو نەیدەزانی ئاخۆ چ هێزێکی نادیار ئەو ناوکەوەی لەسەری نوستبوو، هەژاند، نەشیدەزانی ئاخۆ چ دەستێکی باڵاهێز ئەو زیندانە بەردینەی تێیدابوو لە بارییەک هەڵوەشاندۆتەوە، بەڵام کاتێک لەخەو ڕاپەڕی و بازی دا، گاشەبەردێکی گەورە لەسەر ئەو شوێنەی لێی پاڵ کەوتبوو، بینی. سەری بەرزکردەوە، تا بزانێ ئاخۆ گاشەبەردەکە لە کوێوە هاتووە، لەپشتی ئەو کەلێنەوە، دیمەنێکی بینی، کە دەساڵ بوو نەیدیبوو، ئەویش مانگەکە بوو.

تەنانەت کاتێ زەوییەکە هەر دەهەژایەوە، تارمایی خێوەکە خۆی لەنێو تونێلێکدا بینییەوە، کە بە چنگەڕنێ دەڕواتە پێش، تا گەیشتە سەر مەودایەکی کراوەی فراوان، ئینجا لەوێ بەلای شاخە ڕووتەنەکەدا دابەزی و خۆی گەیاندە نێو داروبار. ئەو هەموو شەوەکەی هەر هەڵدەهات، هەمیشەش هەر نشێوی دەبڕی، لەبەر برسێتی و شەکەتیش وڕێنەی دەکرد.

لە بەرەبەیاندا لەسەر لێواری لەهۆش خۆچوون بوو، کە واگۆنێکی دابڕاوی شەمەندەفەری لەنێو دارەکاندا بینی. ئیدی بەسەر هێڵی ئاسنینەکەدا ڕۆیشت، وا دەڕۆیشت وەک ئەوەی خەون

ببینێ. لەوێ ترومبێلێکی بارهەڵگری بەتاڵی بینی، خۆی فرێدا ناو و بە دوای هەنوانێک و حەسانەوە دەگەڕا. کاتێک بە هۆش خۆی هاتەوە، قەتارەکە دەجووڵا. ***دەبێ چەند بێ؟ چەند دوور بێ؟*** ئازاری زگیشی تادەهات پتر دەبوو. ***ئەرێ من دەمرم***؟ دیسان خەوی لێکەوتەوە. ئەمجارەیان لە هاتوهاواری کەسێک بەخەبەر هاتەوە، لێیدەدا، دەیەویست لە بارهەڵگرەکەی فڕێ بداتە خوارێ. بە سەروچاوی بە خوێنەوە خۆی گەیاندە قەراغی گوندێک و بەدوای خۆراک دەگەڕا. لە کۆتاییدا جەستەکەی ئەوەندە زەبوون بوو جارێکی دیکە خەوی لێکەوتەوە، لەسەر لێواری ڕێگایەک بێهۆش لێیکەوت.

وردەوردە ڕووناکایی دادەهات و تارمایی خێوەکە مەڕاق بوو تۆ بڵێی چەند بێ مردبێ، ڕۆژێک؟ سێ ڕۆژ؟ قەیدی نەبوو. ئاخر پێخەفەکەی نەرم وەک هەور وابوو، هەواش لە دەوروبەری بۆنی شیرینی مۆمیان لێدەهات. عیساش لەوێ بوو، نیگای تێبڕی بوو. ***من لێرەم***، عیسا گوتی. ***بەردەکە بانگلۆز بوو، تۆ جارێکی دیکە هەڵسایەوە.***

نوست و هەڵسایەوە. تەمی سەر بیرکردنەوەی ڕەویەوە. ئاخر ئەو هەرگیز باوەڕی بە ئاسمان نەبوو، کەچی هێشتا عیسا بەسەر سەریەوە و نیگای تێبڕیوە. خواردنیش لە لایەکی پێخەفەکەی داندراوە، ئیدی تارمایی خێوەکە هەڵسایەوە نانی خوارد، خەریکبوو پەی بەوە ببا کە گۆشتی بەبەر ئێسقانەکاندا دێتەوە. دیسان ڕازایەوە. کاتێکیش بە ئاگا هاتەوە، عیسا بە ڕوویی بەخەندەوە، قسەی کرد. ***کوڕەکەم، تۆ ڕزگارت بوو. موفەڕکن ئەوانەی ڕێگەی منیان هەڵگرتووە.***

دیسان نوستەوە.

ئەمجارەیان دەنگێکی بە ترس تارمایی خێوەکەی لە خەو هەڵساند. لەنێو جێگاکەی هاتەدەر، بە لارەلار بەرەو سەرچاوەی هاوار هاوارەکە ڕۆیشت. کاتێک گەیشتە ناندینەکە، بینی پیاوێکی کەتە لە پیاوێکی بچکۆلە دەدا. بێ ئەوەی بشزانێ بۆ، تارمایی خێوەکە دەستی گەیاندە پیاوە کەتەکەو پاڵێکی پێوەناو بە دیواری دادا. پیاوەکە هەلات، تارمایی خێوەکەی بەجێهێشت کە بەسەر جەستەی پیاوە بچکۆلەکەدا نوشتابووەوە کە لەبن عەبای قەشەیەتیدا بوو. قەشەکە بە خراپی لووتی شکابوو. خێوەکە قەشەکەی بەرزکردەوە و هێنای لەسەر تەختەبەندەکەدا داینا.

- "سوپاس، هاوڕێکەم،" قەشەکە بە فەرەنسییێکی شڕەوە وای پێگوت. "خێر و سەدەقە کۆکەرەوە هەمیشە جێ تەماعی دزانن. تۆ لەخەوتدا بە فەرەنسی قسەت دەکرد. ئەرێ ئیسپانی دەزانی؟"

تارمایی خێوەکە سەرێکی بادا.

- "ئەرێ ناوت چییە؟" قەشەکە بە فەرەنسییە شڕەکەی خۆی لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو.

تارمایی خێوەکە ئەو ناوەی دایبابی لێیان نابوو، بیری نەکەوتەوە. هەموو ئەوەی گوێی لێببوو هەر ناوو ناتۆرە و جوێنی پاسەوانانی زیندانەکە بوو.

قەشەکە خەندەیەکی بۆ کرد. "کێشە نییە. من ناوم مانوێل ئارینگارۆسایە. من مژدەدەرێکم و لە مەدریدەوەڕا هاتووم. من نێردراومەتە ئێروکانە تا کڵێسەیەک بۆ کاری خواوەند ڕۆ بنێم."

- "باشە من لەکوێم؟" دەنگی تارماییەکە لە قووڵاییەوە دەهاتەدەر.

- "ئۆڤیدۆ، لە خوارووی ئیسپانیا."

- "باشە چۆن گەیشتوومەتە ئێرە؟"

- کەسێک تۆی لەبەر قاپی ماڵەکەی من دانا. تۆ نەخۆش بووی. من خواردنم پێدای. تۆ چەندین ڕۆژە لێرەی."

تارمایی خێوەکە لە گەنجە مشوورخۆرەکەی ڕوانی. ئاخر ساڵان هاتن و تێپەڕین، کەسێک دەستێکی بە سۆزی بەسەر سەردا نەهێناوە. "باوکە، سوپاس بۆ تۆ."

قەشەکە دەستی گەیاندەوە لێوە خوێناویەکەی. "ئەوە من دەبێ سوپاسی تۆ بکەم، برادەرەکەم."

کاتێکیش بۆ بەیانیەکەی تارمایی خێوەکە لەخەو هەڵسا، بەرچاوی ڕوونتر ببووەوە. نیگایەکی بۆ سەر ئەو نیشانە خاچەی بەسەر سەریەوە بوو، هەڵبڕی. هەرچەندە قسەی لەگەڵ نەکردبوو، لێ بە هەبوونی خاچەکە هەستی بە ئاسوودەییەک کرد. هەڵسا و لەسەر پێخەفەکە قیت دانیشت، بۆ مایەی سەرسامی ئەو لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەیەک لەسەر مێزی تەنیشت ئەو داندرابوو. وتاری لاپەڕەکە بە زمانی فەرەنسی نووسرابوو، ڕۆژنامەکەش هی هەفتەیەک لەمەوبەر بوو. کاتێکیش چیرۆکی نێو لاپەڕەی ڕۆژنامەکەی خوێندەوە، ترسی لێ نیشت. ئاخر ڕۆژنامەکە باسی

بوومەلەرزەیەکی لە شاخەکان کردبوو، کە زیندانەکەی تێکشکاندووە و زۆر لە تاوانبارە دژوارەکانیش توانیویانە ڕابکەن.

دڵی کەوتە کوتەکوت. ***قەشەکە دەزانێ من کێم!*** ئەو هەستوسۆزەی لای پەیدابوو، دەمێک بوو هەستی پێنەکردبوو. شەرمەزاری و خەتا هاوئاوازی ئەو ترسە بوون کە دایگرتبوو. ئیدی لەنێو پێخەفەکە ڕاپەڕی. ***باشە بۆ کوێ ڕاکەم؟***

- "کتێبی کردەوەکان،" دەنگێک لە لای قاپیەکەوە هات.

تارمایی خێوەکە بە ترسەوە ئاوڕی دایەوە.

قەشە گەنجەکە لەگەڵ هاتنە ژوورەوەدا خەندە دایگرت. لووتەکەی بە شێوەیەکی ناقۆڵا پێچرابووەوە. بایبلێکی لەنێو دەستدا بوو. "دانەیەکی فەرەنسیم بۆت دۆزیەوە. پاژەکەشم دیارکردووە."

بە نادڵنیایی، تارمایی خێوەکە بایبلەکەی لێوەرگرت و سەیری بەندە دەستنیشانکراوەکەی کرد.

کردەی 16.

ئایەتەکە باسی زیندانکراوێکی دەکرد بە ناوی سالیس، بە ڕووتی لەنێو زینداندا کەوتبوو لێشی دەدرا و لەبەر خۆشیەوە لەبەر خوا دەپاڕایەوە. کاتێکت تارمایی خێوەکە گەیشتە ئایەتی 26، هێدمە دایگرت.

***"... لە هیکەوە، بوومەلەرزەیەکی مەزن پەیدا بوو، بە شێوەیەک کە بناغەی زیندانەکەی هەڵتەکاند و هەموو دەرگاکانیش کرانەوە."***

نیگای چاوەکانی تارمایی خێوەکە کەوتنە سەر قەشەکە.

قەشەکەش بە گەرمییەوە بزەی بۆ کرد. "برادەرەکەم، لە مرۆ بە دواوە، ئەگەر هیچ ناوێکی دیکەت نەبێ، من دەمەوێ بە سیلاس بانگت بکەم."

تارمایی خێوەکە سەری بۆ لەقاند. سیلاس. ئەو گۆشتی بە بەرداکرایەوە. ***ناوم سیلاسە***.

- "دەی کاتی نانی بەیانییە،" قەشەکە وای پێگوت. "تۆ دەبێ هێزوگوڕت بۆ بگەڕێتەوە تا لە دروستکردنی کڵێسەکەدا یارمەتیم بدەی."

له بەرزایی بیست هەزار پێ لەسەر دەریای سپی ناوەڕاستدا، گەشتە فڕینی ژمارە 1618 لەبەر تاسە هەواییەکاندا دەهەژایەوە، وای لە نەفەرەکان کرد، بشڵەژێن. هەرچی ئارینگارۆسای سەرقەشە بوو بە ئاستەم هەستی پێکرد. ئاخر زەینی ئەو هەر لەسەر ئایندەی ئۆپیوس دای بوو. تاسەمەند بوو بزانێ ئاخۆ نەخشەکەی پاریس چۆن بەرەو پێشەوە دەڕوا، حەزی دەکرد زەنگ بۆ سیلاس لێبدا، بەڵام نەیدەتوانی وا بکا. ئاخر مامۆستاکە وایدەبینی پەیوەندی پێوە نەکا.

– "ئەمەش بۆ سەلامەتی تۆیە،" مامۆستەکە شتەکەی وا ڕوون کردەوە، بە ئینگلیزییێکی ئەکسێنت فەرەنسیانەوە دەدوا. "من بەو پەیوەندییە ئەلکترۆنیانە بەڵەدم، دەزانم گوێیان لێدەگیرێ. ئەنجامەکەشی دەبێتەماڵوێرانی تۆ."

– ئارینگارۆسا دەیزانی ڕاست دەکا. پێدەچوو مامۆستاکە کەسێکی ناوازە بێ. ئەو ناسنامەی خۆی تەنانەت بۆ ئارینگارۆساش ئاشکرا نەکردبوو، کەچی سەلماندبووشی کە پیاوێکە شایستەی گوێڕایەڵ بوونە. دوای هەموو شتێکیش، ئەو زانیارییێکی زۆر نهێنی بەدەست هێنابوو. ***ناوی هەر چوار ئەندامە باڵاکەی دەستەی برایەتی!*** ئەمەش کودەتایەک بوو، کە سەرقەشەکەی هێنایە سەر ئەو بڕوایەی، کە بەڕاستی مامۆستاکە ئەو توانایەی هەیە ئەو پاداشتە دڵڕفێنە بەهادارەی ڕادەست بکا، گوایە توانیوێتی ئاشکرای بکا.

– "جەنابی مەتران،" مامۆستاکە وای پێگوت، "من هەموو کارێکم ڕێکخستووە. بۆ ئەوەی نەخشەکەم سەربگرێ، تۆ دەبێ ڕێگا بە سیلاس بدەی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک تەنها گوێ لە من بگرێ. ئێوە هەردووکتان، ئەو ماوەیە نابێ بە یەکەوە قسە بکەن. من لە ڕێی کەناڵە ئاسایشپارێزیەکانەوە پەیوەندی پێوە دەکەم."

– "تۆ دەبێ ڕێزلێگیراونە ڕەفتاری لەگەڵدا بکەی؟"

– "پیاوی ئیماندار هەر شایستەی ڕێزە."

– "نایابە. کەواتە تێگەیشتم. سیلاس و من لەگەڵ یەک نادوێین تا ئەم کارە بەسەر دەچێ."

– من ئەم کارە بۆ پاراستنی ناسنامەی تۆ، ناسنامەی سیلاس و بۆ سەرمایەگوزاری خۆشم دەکەم."

- "سەرمایە گوزاریت؟"
- "جەنابی مەتران، ئەگەر تامەزرۆیی خۆت بۆ زانینی هەنگاو بە هەنگاوی کردەوەکە بتگەیەنێتە زیندان، ئەوسا تۆ ناتوانی نرخی ماندوبوونەکەم بۆ بژمێری."
- مەترانەکە مسکە[73] بووەوە. "خاڵێکی بەجێ. خواستەکانمان یەکانگیرن. خوا یاوەرمان بێ."

***بیست ملیۆن یۆرۆ***، سەرقەشەکە بیری کردەوە، هەنووکە نیگای بڕیە سەر پەنجەرەی فڕۆکەکە. ئەم بڕە پارەیە نزیکەی هەمان بڕ بوو بە دۆلاری ئەمریکی.

***کاڵا بەقەد باڵای شتێکی وا هێزدار.***

دیسان هەستی بە نوێبوونەوەی متمانەکردەوە بەوەی مامۆستاکە و سیلاس شکست نایەنن. ئاخر پارە و بڕوا دوو پاڵنەری زۆر بەهێزن.

[73] مسکە بووەوە: بزە گرتی.

# بەندی ١١

- "ئەمە یەکێکە لە ژمارە نوکتەئامێزەکان؟" بێزو فاشێ توورەبوو، بە گومانەوە نیگای لە سۆفی نیڤو بڕی. **ژمارەیەکی نوکتەئامێز**؟ خەملاندنە پرۆفیشیۆنالیانەکەت بۆ کۆدەکەی سانییێر ئەوەبوو کە بڵێی فێڵێکی بیرکاریانەیە؟

فاشێ لە مەبەستی ئەم ژنە نەگەیشت. وەنەبێ هەر لەبەر ئەوەی تازە و لە خۆڕا بێ مۆڵەتی فاشێ خۆی تێکەڵاوی دۆزەکە کرد، بەڵکو ئەو هەنووکە هەوڵ دەدا وای قەناعەت پێبێنێ، کە سانییێر، لە دوا ساتەکانی ژیانی خۆیدا، داڵغەی ئاینوئۆینێکی ماتماتیکیانەی لەکەڵڵەدا بوو.

- "ئەم کۆدە،" سۆفی بە فەرەنسییێکی خێرا ڕوونی کردەوە، "شتێکی ئەوەندە سادەیە بەرەو قوڕی دەڕوا. ژاک سانییێر هەر دەبێ ئەوەی زانیبێ، کە ئێمە دەستبەجێ بۆمان دەردەکەوێ." ئیدی خاتوونەکە پارچە کاغەزێکی لە بەرکی قەمسەڵەکەی دەرهێنا و ڕادەستی فاشێی کرد. "ئەمەش شیفرە شکاندنەکەیە."

فاشێش سەیرێکی کارتەکەی کرد.

1-1-2-3-5-8-13-21

- "ئا ئەمەیە؟" فاشێ پارچەکاغەزەکەی وەرگرت. "هەموو ئەوەی کردووتە ڕێکخستنی ژمارەکان بووە بە ڕیزبەندی بچووک بۆ گەورە!"

لە ڕاستیدا سۆفی ئەو دەمارساردییەی هەبوو، خەندەیەکی لەخۆڕازییانەی بۆ بکا. "کتومت."

نۆتە دەنگی فاشێ بە ئحمێکی قووڵی نێو گەروو وەرگەڕا. "ئاژان نیڤو، من هیچ بیرۆکەیەکم نییە کە لەگەڵ ئەمەدا، تۆ جەهەنەمیانە خەریکی چیت، بەڵام پێموایە خێرا پێیدەگەی." نیگایەکی خەمخۆرانەی بڕیە لانگدن، کە لە نزیک ئەوێ وەستا بوو، تەلەفۆنی لەبن گوێدا بوو، دیاربوو هێشتا هەر گوێی لە پەیامەکانی باڵوێزخانەی ئەمریکا دەگرت. لەو سیما دەربڕە بزڕکاوەی لانگدنەوە، فاشێ هەستی کرد، هەواڵی ناخۆشی پێگەیشتووە.

- "جەنابی کاپتن،" سۆفی گوتی، نۆتەی دەنگیشی بە شێوەکی ترسناک بێباکانە بوو، "ئەو ڕیزبەندییەی ژمارانە کە لەسەر پارچەکاغەزەکەی ناو دەستت دایە، یەکێکە لە بەناوبانگترین بە دوایەکداهاتنی ڕیزبەندی ژمارەی ماتماتیکی لە مێژوودا."

فاشێ نەیدەزانی کردەیەکی پەرەسەندووی بەدوای یەکدیاهاتووی بیرکاری هەبێ و وا ناسراویش بێ، بە دڵنیاییشەوە هیچ پێزانینی بۆ ئەو تۆنە دەنگە بێباکانەی سۆفیش نەبوو.

- "ئەمە ڕیزە ژمارەی فیبۆناچییە[74] لەسەر ئەو پارچە کاغەزەی ناودەستت." ئەمە وەک زریزەیەکی یەک بە دوای یەکداهاتوو وایە، کە هەر ژمارەیەکەیان دوو هێندەی دوو ژمارەی پێش خۆیەتی."

فاشێ لە ژمارەکان ڕاما. هەر بەڕاستیش هەر ژمارەیەکیان هێندەی دوو ژمارەی پێش خۆی بوو، بەڵام هێشتاش فاشێ ئەوەی نەدەهێنایە پێش چاوی خۆی، ئاخۆ ئەم ڕیزبەندییە بە چی بە مەرگی سانییێرەوە پەیوەستە.

- "لیۆناردۆ فیبۆناچی بیرکاریزان، ئەم زریزەبەندییە ژماریەی لە سەدەی سیانزەهەمەوە داهێناوە. ئاشکرایە شتێکی ڕێکەوت نییە، کە هەموو ئەو ژمارانەی سانییێر لێرە لەسەر ئەم ناوکەوە ڕیزی کردوون، بچنەوە سەر ئەو زریزە بەدوا یەکداهاتووە ناودارەی فیبۆناچی."

فاشێ بۆ چەند خولەکێک نیگای لەسەر خاتوونەکە نەبڕی. "زۆر باشە، ئەگەر لەوێدا ڕێکەوتێک نەبێ، دەکرێ پێمبڵێی ئاخۆ بۆچی ژان سانییێر ئەم شتەی هەڵبژاردووە. ویستوویەتی چی بڵێ؟ ئەمەیان چ واتایەک دەگەیەنێ؟"

خاتوونەکە شانێکی بۆ هەڵتەکاند. "بە دڵنیاییەوە هیچ شتێک. ئەمەش خاڵەکەیە. ئەمەیان نوکتەیەکی کۆدئامێزە. هەروەک ئەوەی وشەکانی هۆنراوەیەکی ناودار وەربگری و دواتر هەر لەخۆوە ڕیزیان بکەی، تا ئاخۆ کەس هەیە ئەم شتە بناسێتەوە."

فاشێ هەنگاوی هەڕەشەئامێزانەی بەرەو پێشەوە نان، تا ئەوەی زۆر نەمابوو ڕووی بە ڕووی سۆفی بکەوێ. "بە دڵنیاییەوە هیوادار بووم ڕوونکردنەوەیەکی زۆر قایلمەندانەترت بۆ ئەمە هەبووایە."

ڕووخسارە نەرمونیانەکەی سۆفی کاتێ سەری نەوی کرد بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە توندو ڕەق هەڵگەڕا. "جەنابی کاپتن، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی تۆ ئەمشەو لەسەر سەنگی مەحەک داتناوە، پێموایە دەبێ پێزانینت بۆ ئەوە هەبێ، کە ژاک سانییێر لەوانەیە یارییێکت لەگەڵدا بکا. بەڵام دیارە وا پێناچێ. من دەبێ بە بەڕێوەبەری کۆدشکێن بڵێم، کە ئێوە چیدی پێویستیتان بە ڕاژەی ئێمەمانان نییە."

بەم قسەیە، ئیدی سۆفی ڕووی وەرگێڕا، هەنگاوی وای نا، کە بەم ڕێیەی پێدا هاتبوو، هەر بەوێشدا بگەڕێتەوە.

---

[74] Fibonacci sequence

حەپەساوانە فاشیٚ سەیری کرد تا لەنێو تاریکییدا ونبوو. ***تۆبڵێی ژنەکە لەناو مێشکیدا چووبێتە دەر؟*** ئاخر سۆفی نیڤۆ هەر تازە پێناسەیەکی نوێی بە خۆکوشتنە پرۆفیشیۆنالەکە بەخشی.

فاشیٚ گەڕایەوە لای لانگدن، کە هێشتا هەر خەریکی تەلەفۆنەکە بوو، دیاربوو لە جاران نیگەرانتر بوو، بە سەرنجەوە گوێی لە پەیامەکەی دەگرت. ***باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.*** بێزو فاشیٚ لە زۆر شت وەڕەز بوو، بەڵام کەمیان بەقەدەر ئەوەی باڵوێزخانەکەی ئەمریکا مایەی بێزاریی بوو.

ئاخر فاشیٚ و باڵوێز زۆر جار لەسەر کێشەگەلی پەیوست بە وڵاتە یەکگرتوەکان دەمەقاڵێیان بوو، نەخاسمە ئەو قانون پێشێلکردنانەی لەلایەن میوان و سەردانکەرە ئەمریکییەکانەوە دەکران. وای لێهاتبوو ڕۆژانە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دادوەری خوێندکارێکی ئەمریکی بە ماددەیەکی هۆشبەرەوە دەگرت، بزنسمانێکی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر ئەوە دەگیرا کە لەگەڵ سۆزانییێکی خوار تەمەنی لایەق دەستی تێکەڵ کردووە، گەشتیارە ئەمریکییەکان لە دوکانێک شتێکیان دەدزی یان کەلوپەلیان تێکدەدا. ئیدی بە شێوەیەکی قانونیش، دەکرا باڵوێزخانە بێتە نێوانیانەوە داوای ڕادەستکردنەوەی تۆمەتبارەکان بکا و بیانگەڕێنێتەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەوێش لە گوڵ کاڵتریان پیٚ نەدەگوتن.

زۆر جارانیش باڵوێزخانەکە هەر ئەمەی کردووە.

***ئەمەش خەساندنی پۆلیسی دادوەرییە***، فاشێش هەر بەم جۆرە ناوی دەبرد. لەم دواییانەدا، گۆڤاری مارشی پاریس کاریکاتێرێکی بڵاوکردبووەوە، تیایدا فاشێ بە سەگێکی پۆلیسی وێناکردبوو، هەوڵی دەدا تاوانبارێکی ئەمریکی بگریٚ، بەڵام نەیدەگەیشتیٚ چونکە تاوانبارەکە بە زنجیر بە باڵویزخانەی ئەمریکییەوە بەسترابووەوە.

***لیٚ ئەمشەو نابیٚ***، فاشیٚ وای بە خۆی گوت. ***ئاخر ئەم جارەیان زۆر شت لەسەر سەنگی مەحەکە.***

تا ئەو دەمە لانگدن لە تەلەفۆنکردنەکەی ببووەوە، وەک نەخۆشێکیش دیاردەکرا.

- "ئەریٚ خۆ هیچ ڕووی نەداوە؟" فاشیٚ وای لێپرسی.

لانگدن بە خاوییەوە سەری بۆ بادا.

لەماڵەوە، هەواڵی ناخۆش، فاشێ وای هەستکرد، کاتێکیش تەلەفۆنەکەی لێوەرگرتەوە، تێبینیشی کرد، لانگدن سووکە ئارەقەیەکی کردووە.

- "ڕووداوێک،" لانگدن بە زمان تێکئالاییەوە، بە سیما دەربڕینێکی نامۆشەوە سەیری فاشێی کرد. "برادەرێک..." دوودڵ بوو. "یەکەم جار پێویستیم بەوە هەیە، هەر ئەم بەیانیە بگەڕێمەوە وڵات."

فاشێ گومانی نەبوو کە ئەو هێدمەگرتنەی سەر دەموچاوی لانگدن، شتێکی ڕاستییە، لێ هێشتاش هەستی بە هەڵچووونێکی دیکەش دەکرد، وەک ئەوەی ترسێکی دوور لە چاوەکانی کابرای ئەمریکی بەدەر کەوتبێ. "بە داخەوەم کە گوێم لە شتێکی وا دەبێ،" فاشێ وای گوت و لە لانگدن نزیکتر بووەوە. "حەز دەکەی دابنیشی؟" ئاماژەشی بە تەختە بەندێکی دانیشتن لەنێو گەلەرییەکەدا کرد.

لانگدن وەک ئەوەی لەوێ نەبێ، سەری بۆ لەقاند و یەک دوو هەنگاوی بەرەو تەختەبەندەکە نا. لێ لە نیوەی ڕێگا ئیستێکی کرد. ئەم ساتەیان شڵەژانی زیاتری پێوە دیار بوو. "لەڕاستیدا، پێویستم بەوە هەیە بچمە ئاودەست."

فاشێ لە ناخەوە بەم وەخراندنە گرژ بوو. "ئاودەست، هەڵبەتە. دەی با چەند خولەکێک پشوو بدەین." ئاماژەشی بۆ دواوەی دالانەکە کرد و ئاراستەی ئاودەستەکەی نیشان دا. "ئاودەستەکە لەوێ لەپشتەوەی نووسینگەی سەرپەرشتیارەکەوەیە."

لانگدن دوودڵ بوو، ئاماژەی بە ئاراستەکەی دیکە، بە کۆتایی ئەوسەری گەلەرییەکە کرد. "پێموابوو ئاودەستێکی نزیکتر لەو سەرەوە هەیە."

فاشێ پەی بەوە برد کە لانگدن ڕاست دەکا. ئەوان دوو لەسەر سێی ڕێگاکەیان بڕیبوو، لەوێ لە کۆتایی بنبەستی گەلەرییەکەدا جووتێ ئاودەستی لێبوون. "دەکرێ لەگەڵت بێم؟"

لانگدن سەری بادا، ئیدی ئەو بەرەو قووڵایی گەلەرییەکە هەنگاوی نا. "پێویست ناکا. پێموایە چەند خولەکێکم پێویستە بەتەنها بم."

فاشێ بەم بیرۆکەیەی، کە لانگدن بە تەنیا بە درێژایی دالانەکە شۆڕبێتەوە، دڵگەرم نەبوو، بەڵام بەوە دڵخۆش بوو، کە کۆتایی گەلەرییەکە بنبەستە و بۆ دەرچوون هەردەبێ سەرەکەی دیکەی گەلەرییەکە بگرێتەبەر و بە بن دەرگا ئاسنینە بەربەستەکەدا بچێتەدەر. هەرچەندە دەزگای

ئاگرکوژێنەوەی فەرەنسی چەند دەرگە ڕێگایەکی ناچاری لەو سەر و ئەمسەری دالآنی گەلەرییەکەشدا کردبوونەوە، بەلآم هەموویان دەستبەجێ لەگەڵ هۆشداریدانەکەی سانییَر، سیستەمەکە لەبەر باری ئاسایشپارێزی ئۆتۆماتیکیانە داخرابوون. لەوەش دڵنیا بوو کە سیستمەکە هەڵکراوەتەوە، بەلآم خۆ ئەمە پرسێک نەبوو، چونکە دەرگا دەرەکیەکان ئەگەر کراوەش بن، ئەوا چەند پۆلیسێکی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دادوەری پاسەوانی دەکەن. بۆیە نەدەکرا لانگدن بێ ئەوەی فاشێ پێی بزانی، بتوانێ بچێتەدەر.

- "پێویستە بۆ ساتێک بگەڕێمەوە نووسینگەی بەڕێز سانییێر،" فاشێ وای گوت. "تکایە جەنابی لانگدن، کە لێرە تەواو بووی، ڕاستەوخۆ وەرە ئەوێ. لەوێ زۆر شت ماون قسەی لەسەر بکەین."

لانگدنیش ڕاشکاوانە دەستێکی بۆ هەڵبڕی و لەنێو تاریکاییەکەدا بزر بوو.

فاشێ گەڕایەوە، بە تووڕەیی بە ئاراستەکەی دیکەدا هەنگاوی نا. گەیشتە لای دەرگا بەربەستەکە، خۆی شۆڕکردەوە و بەبنیدا ڕەت بوو، لە گەلەرییەکە دەرچوو، بەنێو دالآنەکەدا شۆڕ بووەوە، ئیدی خۆی بە نووسینگەکەی سانییێردا کرد.

- فاشێ نەڕاندی "باشە کێ ڕێگەی بە سۆفی نیڤو دا لەم باڵەخانەیە بێتە ژوورا!".

کۆڵلێ یەکەم کەس بوو، وەلآمی دایەوە. "ئەو لە دەرەوە بە پاسەوانەکانی گوتبوو، کەوا کۆدەکەی شکاندووە."

فاشێ سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. "ئەو ڕۆیشت؟"

- باشە لەگەڵ تۆدا نەبوو؟"

- "ئەو ڕۆیشت." فاشێ چاوێکی لە گەلەرییە تاریکەکە کرد. دیاربوو سۆفی لە میزاجێکی وادا نەبوو لەگەڵ ئەفسەرەکاندا بکەوێتە گفتوگۆ.

بۆ ساتێک فاشێ ئەوەی هەڵسەنگاند، کە بە سیستمی ڕادیۆ داوا لە پاسەوانەکانی دەروازەکە بکا، سۆفی بگەڕێننەوە و بەر لەوەی باڵەخانەکە جێبێڵێ. بەلآم بیرێکی باشتری بۆ هات. ئەو بە شانازییەوە بۆ خۆی... دەیەویست دوا قسە هی ئەو بێ. ئەو ئەمشەو بایی خۆی سەرپەڕ بووە.

***دواتر چارەی سۆفی نیڤۆی ئاژان بکە***، ئەو وای بەخۆی گوتەوە، پێشتر بۆ ئەوە چووبوو، دەری بکا.

فاشێ پاڵی بە سۆفییەوە نا تا لەمێشکی خۆی بباتەدەر، بۆ ئەم ساتە سەیری ئەو کۆتەڵە سوارچاکە بچووکەی سەر مێزەکەی سانییێری کردەوە. ئینجا ئاوڕی لە کۆللێ دایەوە. "ئایا ئەوت لەبەرچاوە؟"

کۆللێش سووکە ئاماژەیەکی بۆ کرد، لاپتۆپەکەی بردە پێش فاشێ. پنتە سوورەکە بە ڕوونی لەسەر نەخشە هێڵکارییەکەی بەردەمی دیار بوو، لەو پنتەی کە لە سەری نووسرابوو ئاودەستی گشتی، دەدرەوشایەوە.

- "باشە،" فاشێ وای گوت و جگەرەیەکیشی داگیرساند، ئینجا بە هێواشی بەنێو هۆڵەکەدا دەهات و دەچوو. "من دەبێ تەلەفۆنێک بکەم. زۆر لێی دڵنیا بە، ئاودەست تاکە شوێن بێ لانگدن بۆی بچێ."

# بەندی ١٢

ڕۆبەرت لانگدن هەستی بە سووکە سەرسووڕانێک کرد و بەرەو کۆتای ئەوسەری گراند گەلەرییەکە دەڕۆیشت. هێشتا پەیامەکەی سۆفی کە لە تەلەفۆنەکە گوێبیستی بوو، لەمێشکیدا، جار لەسەر جار لێدەدرایەوە. لە کۆتایی ڕاڕەوەکەشدا، هێما درەوشاوە نێودەوڵەتییەکان کە نیشانەی ئاودەست و شوێنە گشتیەکان بوون، لەنێو ئەو هەموو زنجیرە تابلۆ تەمومژاویە ئیتالییانەدا، کە لە هەموو لایەک هەبوون، ڕێنوێنیان دەکرد.

دەرگەی ئاودەستێکی پیاوانی دۆزیەوە، ئیدی لانگدن ئاوڕی دایەوە و گڵۆپەکەی داگیرساند.

ژوورەکە بەتاڵ بوو.

ڕۆیشت تا لای دەستشۆرەکە، لەوێ هەندێ ئاوی ساردی بەسەر دەموچاودا کرد و هەوڵیدا بێدار بێتەوە. ئەو تیشکە زەقانەی کە بەدیوارەکەوە بوون، لەگەڵ بۆنی گازی بەربڵاوی ئامۆنیا تیژو توند بوون. کاتێک دەموچاویشی بە دەستەسڕەکە وشک کردەوە، دەرگەکە لە پشت ئەوە کرتەیەکی لێوەهات، ئەویش وەسووڕا.

سۆفی نیڤۆ کە چاوە کەسکەکانی لە ترسان بریقەیان دەدایەوە، خۆی بە ژووردا کرد. "سوپاس بۆ خوا کە بۆ ئێرە هاتی. ئێمە کاتی زۆرمان لەبەر دەستدا نییە."

لانگدن لەپاڵ دەستشۆرەکە[75] وەستا بوو، بە سەرسامییەوە لە سۆفی نیڤۆ، شیفرەشکێنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دادوەری ڕامابوو. ئاخر هەر چەند خولەکێک پێشتر، لانگدن گوێی لە پەیامە تەلەفۆنییەکەی ئەو گرتبوو، وای بیرکردەوە هاتنەوەی ئەمجارەی شیفرەشکێنەکە شتێکی شێتانەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەند ئەو گوێی لە پەیامەکە دەگرت، هەستی وای بۆ پەیدا دەبوو، کە سۆفی نیڤۆ زۆر بە جدی قسە دەکا. ***کاردانەوەت بەرامبەر پەیامەکە نەبێ. هەر بەتەنها بە ئارامی گوێی لێبگرە. تۆ ئێستا لە مەترسی دای. بە وردی بە دوای ڕێنماییەکانم بکەوە.*** زۆر بە دوودڵییەوە، لانگدن بڕیاریدا کتومت بە گوێی سۆفی بکا. ئەو بە فاشێی گوت، کەوا پەیامەکە دەربارەی برادەرێکیەتی بریندار بووە، بۆیە دەبێ بگەڕێتەوە. ئینجا داوای لێکرد، ئەو ئاودەستەی کە دەکەوێتە ئەوسەری گراند گەلەری، بەکاربێنێ.

---

[75] دەستشۆر: مەغسەلە.

ئێستا سۆفی لەبەردەمی وەستاوە، لەبەر گەڕانەوەی بۆ ئاودەستەکە، هەناسە بڕکێ بوو. لەبەر تیشکی زەقی گڵۆپەکە، لانگدن بەوە سەرسام بوو، کە ئەو بیچمە بەهێز و ڕەقەی ژنەکە، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بووە سیمایەکی نەرم و نیان. تەنها نیگا تیژەکە و تەلیسمە تیژبڕەکەی نیگارەکانی پۆرتریتی فرەتوێژی ڕێنوار[76]ن... شاردراوەن بەڵام بە ئازایەتی وا کە هەندێ تارمایی جادوویان تێدایە ناسراون.

- "بەڕێز لانگدن، ویستم ئاگادارت بکەمەوە..." سۆفی وا کەوتە قسە، هێشتاش هەناسەی وەک خۆی لێنەهاتبووەوە. "تۆ لەژێر چاودێرییێکی نهێنی دای." کاتێک قسەی دەکرد دەنگی لە بۆشاییە قۆقزیەکەی ئەوێ سەدای دەدایەوە.
- "بەڵام... بۆچی؟" لانگدن وا داوای لێکرد. سۆفی هەر تازە لە ڕێی تەلەفۆن ڕوونکردنەوەیەکی بۆ دابوو، لێ دەیەویست لێرەوە لە دەمی خۆی گوێی لێبێ.
- "چونکە،" وای گوت و هەنگاوێکیشی لێ نزیک کەوتەوە، "گومانی سەرەکی فاشێ بۆ کوشتنەکە لەسەر تۆیە."

لانگدن ئامادەی ئەم وشانە بوو، لێ هێشتاش پێیوابوو شتی قۆڕە. بەگوێرەی قسەکانی سۆفی، لانگدن وەک هێماناسێک بەم شەوە بانگ نەکراوەتە لۆڤەر بەڵکو وەک گومانلێکراوێک هێنراوە، ئەمەش دەق ئامانجێکی نەخوازراوی شێوازە لێکۆڵینەوەی پۆلیسی دادوەرییە -پاشکۆی چاودێریی- بۆ ئەوەی پۆلیس بە شێوەیەکی لێزانانە لەخشتەی ببا و بانگی بکاتە سەر شانۆی تاوانەکە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکا، بەو مەبەستەی کەسەکە تێکبچێ و لێیبشێوێ و بەهەڵە خۆی بە تاوانبار دابنێ.

- "سەیری بەرکی چەپی چاکەتەکەت بکە،" سۆفی وای پێگوت. "تیایدا ئەو بەڵگەیە دەدۆزیەوە، کە ئەوان چاودێریت دەکەن."

هەستی دەرککردن بە ڕەوشەکە لای لانگدن جووڵا. ***سەیری بەرکی چاکەتەکەم بکەم؟*** ئەمە هەر لە فیلێکی جادوویی هەرزانبەها دەچێ.

- "دەی دە تۆ سەیری کە."

بە ئەوق مانەوە، لانگدن دەستی بۆ بەرکی چەپی چاکەتە مارک تویدەکەی برد، ئەو بەرکەی هەرگیز بەکاری نەهێنابوو. هەستی بەناو گیرفانەکە کرد، هیچی تێدا نەدۆزیەوە. ***بۆ خاتری شەیتان چاوەڕوانی چی دەکەی؟*** مەراق ما بەڵکو دوای ئەو هەموو شتە، سۆفی سەری لێ

[76] Renoir

تێکچووبێ. ئینجا پەنجەی بەر شتێکی بچووک کەوت، لانگدن هێنایە دەر و بە سەرسامییەوە سەیری کرد. شتەکەش دوگمە قۆپچەیەکی کانزایی بوو، بەقەد پاتری سەعاتێک دەبوو. قەت پێشتر شتێکی وای نەبینی بوو. "باشە ئەمە...؟"

- "پنتە شوێنپێهەڵگرێکی جی پی ئێس G.P.S،" سۆفی وای پێگوت. "بەردەوام شوێنەکەی لە ڕێی سەتەلایتەوە دەداتە چاودێری دەزگای پۆلیسی دادوەری. ئێمە ئەم ڕێگایە بۆ چاودێریکردنی خەڵک بەکار دەهێنین. شتەکەش زۆر وردکارە، ڕێژەی هەڵەشی هەر دوو پێ لەسەر زەوییە. ئەوان بەم شتە ئەلەکترۆنییە تۆیان لێ بزر نابێ. ئەو ئاژانەی تۆی لە هوتێلەکە هێناوتە ئێرە، بەرلەوەی لە هوتێلەکە دەربچی ئەم شتە وردیلەیەی خستۆتە نێو بەرکی چەپەی چاکەتەکەت.

لانگدن بیری بۆ سەر ژووری هوتێلەکەی گەڕایەوە... دوشە خێراکەی، خێرا جل گۆڕینی، ئاژانەکەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دادوەری بە ڕێزەوە چاکەتە تویدەکەی دایە لانگدن کاتێ لە ژوورەکەی هاتنە دەر. ***جەنابی لانگدن، دەرەوە ساردە.*** ئاژانەکە وای پێگوت. ***بەهاری پاریس وەک ئەوە نییە کە گەنجان فشەی پێوە دەکەن.*** لانگدن سوپاسی ئاژانەکەی کرد و چاکەتەکەی لە ملان هەڵکێشا.

نیگای چاوە زەیتوونییەکانی سۆفی تیژ بوون. "من سەبارەت بەو ئامێرۆکە شوێن پێهەڵگرە لە پەیامە تەلەفۆنیەکە پێم نەگوتی، چونکە نەمدەویست لەبەردەم فاشێدا دەستت بۆ بەرکت بەریەوە. ئەو دەبێ نەزانێ، تۆ دەرکت پێکردووە."

لانگدن هیچ بیرۆکەیەکی بۆ کاردانەوە نەبوو.

- "ئەوان گی پی ئێسیان بۆ داناوی، چونکە وایان دانابوو ڕا بکەی." ئیستێکی بۆ کرد. "لە ڕاستیدا، ئەوان هیوایان وابوو ڕابکەی؛ بەمەش دۆزەکەیان بە هێزتر دەبوو."
- "باشە بۆچی ڕابکەم!" لانگدن لێیپرسی. "خۆ من بێ تاوانم!"
- "فاشێ هەستێکی پێچەوانەی هەیە."

لانگدن بەرەو زبڵدانەکە ڕۆیشت تا شتە شوێنپێهەڵگرەکەی فڕێ بداتە نێو.

- "نەخێر، وامەکە!" سۆفی باسکی لانگدنی گرت و ڕایوەستاند. "لێگەڕێ با هەر لەبەرکت بێ. خۆ ئەگەر فڕێی بدەی، ئاماژەکە لەلای ئەوان نامێنێ، ئیدی دەزانن، تۆ بەشتەکەت زانیوە. تاکە هۆکارێک کە فاشێ ڕێگەی داوی بە تەنیا بێیتە ئێرە ئەو پنتە چاودێرییەیە.

خۆ ئەگەر ئەو بزانێ، تۆ دۆزیوتەتەوە..." هێشتا سۆفی کۆتایی بەبیرکردنەوەکەی نەهێنابوو. لەجیاتی ئەوە، دەستی دایە ئەو مادە کانزایەی دەستی لانگدن و خستیەوە بەرکی چەپی چاکەتە مارک تویدیەکەی. "شتەکە با جارێ هەر لە بەرکتدا بێ. بەلای کەمی لەو ساتەوەختەی ئێستاماندا."

- لانگدن هەستی کرد ون بووە. "باشە بۆ خاتری جەهەننەم هەر بە ڕاستی فاشێ بڕوای وایە، من سانییێرم کوشتووە!"
- "ئەو هەندێ هۆکاری بە جێی بۆ گومانکردن لە تۆ هەن." ڕوونکردنەوەی سۆفی هەندێ گرژی تێکەوت. "بەڵگەیەک لێرەدا هەیە، تۆ هێشتا نەتبینیوە. فاشێ بە وریاییەوە لێی شاردویتەوە."

لانگدن هەر تەنیا پێیدەکرا لێی نز ببێتەوە[77].

- "ئایا تۆ ئەو سێ ڕستەیەی سانییێر لەسەر ناوکەوەکەی نووسیبوون، لەبیر ماوە؟"

لانگدن سەری بۆ لەقاند. ژمارەکان و وشەکان لە مێشکی لانگدن چەسپ ببوون.

دەنگی سۆفی نزم بوو وەک سرتەیەکی لێهات. "بۆ بەدبەختی، ئەوەی تۆ بینیت هەموو پەیامەکە نەبوو. دێڕی چوارەمیش هەبوو، کە فاشێ وێنەی گرتبوو، ئینجا بەر لەوەی تۆ بگەی، ڕەشی کردبووەوە."

هەرچەندە لانگدن دەیزانی، مەرەکەبە تیشکاوییەکە بە ئاسانی دەسڕێتەوە، لێ بڕوای نەدەکرد فاشێ بەڵگەکەی سڕیبێتەوە.

- "دوا دێڕی پەیامەکە،: سۆفی وای پێگوت، "شتێک بوو فاشێ نەیدەویست تۆ پێی بزانی." سۆفی ئیستێکی کرد، پاشان؛ "بەلای کەمییەوە نەیدەویست جارێ بزانێ، تا کارەکەی لەگەڵ تۆدا تەواو دەکرد."

سۆفی دانەیەکی کۆپیکراوی کۆمپیوتەری وێنە لەبەرگیراوەکەی لە نێو بەرکی بلوزەکەی دەرهێناو قەدەکەی کردەوە. "فاشێ سەر لەزوویێکی ئەمشەو وێنەکەی شانۆی تاوانەکەی بۆ هۆبەی شیفرەشکێن ئەپلۆد کردبوو، بۆ ئەوەی شیفرەی پەیامی سانییێریان بۆ دەربکەوێ." ئیدی پەڕەکەی دایە دەست لانگدن.

---

[77] لێ نزبوونەوە: دیققەت دان، سەرنجدان.

به واقوڕمانەوە، لانگدن سەیری وێنەکەی کرد. وێنە نزیکەکە پەیامە درەوشاوەکەی سەر ناوکەوەکەی دەرخست. دوا دێڕی پەیامەکە وەک ئەوە وابوو شاپێک لەزگی لانگدن هەڵبدرێ.

13-3-2-21-1-1-8-5

O, Draconyan devil!

Oh, lame Saint!

P.S Find Robert Langdon.

13-3-2-21-1-1-8-5

هۆ، شەیتانی دڕندە!

هۆ چاکی بەستەزمان!

پ.س ڕۆبەرت لانگدن بدۆزەرەوە.

# بەندی ١٣

بۆ چەند چرکەیەک، لانگدن بە حەپەسانەوە سەیری پەراوێزی ئەو وێنەیەی سانییێری کرد. P.S find Robert Langdon (پیێ. ئێس ڕۆببەرت لانگدن بدۆزەرەوە). هەستی بەوە کرد وەک ئەوەی زەوییەکەی ژێر پێی فڕێی بدا. ***سانییێر پەراوێزێکی بە ناوی من لە دوای خۆی جێهێشتووە***؟ ئەریێ ئەمە خەونێکی هەرە کێویانەیە، لانگدن لە واتاکەی نەدەگەیشت.

- "ئێستا تێدەگەی،" سۆفی بە چاوی مکوڕبوون گوتی، "بۆچی فەرمانی داوە تۆبەم شەوە بێیتە ئێرە، چما تۆ گومانلێکروای سەرەکی ئەوی؟"

تاکە شتێک کە لانگدن لەم کاتە لێێ تێگەیشت ئەوەبوو، بۆچی فاشێ کاتێ لانگدن پێشنیازی ئەوەی کرد دەبوایە سانییێر ناوی بکوژەکەی هێنابایە، ئەوەندە لە خۆی دڵنیا بوو.

***ڕۆبەرت لانگدن بدۆزەوە.***

- "ئایا سانییێر بۆچی ئەمەی نووسیوە؟" لانگدن پرسی، هەنووکە شڵەژانەکەشی لێ بووە توورەبوون، "باشە بۆچی من ویستوومە ژاک سانییێر بکوژم؟"
- "فاشێ دەبێ هێشتا بە دوای هۆکارە هاندەرەکەدا بگەڕێ و بیدۆزێتەوە، بەڵام ئەو، ئەم هەموو گفتوگۆیەی بۆیە لەگەڵ تۆدا تۆمار کردووە، بە هیوای ئەوەی بەڵکو شتێکی بۆ دەربکەوێ."

لانگدن دەمی کردەوە، بەڵام هێشتاش هیچ قسەیەکی بۆ نەهات.

- "شتەکەش ڕێک لەگەڵ میکرۆفۆنە بچووکەدا دێتەوە،" سۆفی وای ڕوون کردەوە. "ئاخر ئامێرۆکەش بە گەیەنەرەکەی ناو بەرکی بەستراوەتەوە، بەوەی ڕادیۆکە ئاماژە بۆ بنکەی فەرماندان بگەڕێنێتەوە."
- "ئەمەیان ئەستەمە،" لانگدن زمانی تێک ئاڵا. "من پاکانەی[78] خۆمم هەیە. هەر دوای موحازەرەکەم ، یەکسەر گەڕامەوە هوتێلەکە. دەکرێ لە نووسینگەی پێشوازی هوتێلەکە بپرسێ."

---

[78] لێرە لەبەرانبەر وشەی alibiدا کە وشەیەکە زیاتر لە کاتی لێکۆڵینەوەی تاوانەکان بەکاردێ، واتای پاکانە، یان بیانووی تۆمەتبار دەگەیەنی، کەوا لەکاتی تاونەکەدا سەلمێنراوە ئەو لە شوێنی تاوانەکەدا نەبووە، ئەمەش بەڵگەی بەسەردا نەچەسپانی تاوانەکە دێ. منیش لێرە گەر وشەی پاکانەو بیانوو دۆزینەوەم بەکارێناوە، دقاودەوقیش واتاکەی بەدەستەوە نادەن، بەڵام لێشیەوە نزیکە.

- "فاشێ ئەمەی کردووە. ڕاپۆرتەکەی ئەو دەڵێ، تۆ کلیلی ژوورەکەت لە دەوروبەری سەعات دە و نیودا وەرگرتۆتەوە. بۆ بەدبەختیش، هەر لەو ماوەیەدا، لە سەروبەندی سەعات یازدەدا کردەی کوشتنەکە ڕووی داوە. خۆ زۆر ئاسان، دەکرێ تۆ لە ژوورەکەت بێئەوەی کەسیش هەستی پێکردبێ، دەرچوو بیت."
- "ئەمەیان شتێکی بێ واتایە! فاشێ هیچ بەڵگەی بە دەستەوە نییە!"

کاتێ سۆفی ئەم قسانەی گوت چاوەکانی بە فراوانی زەق بوونەوە: ***هیچ بەڵگەیەک؟*** "بەڕێز لانگدن، ناوەکەت لەسەر ناوکەوەکە لە تەنیشت تەرمەکەدا نووسراوە، دەفتەرەکەی سانییێریش دەڵێ تۆ لە سەروبەندی کاتی کوشتنەکەدا، لەگەڵ ئەو بووی." سۆفی کەمێک وەستا. "فاشێ زیاتر لە بەڵگەی پێویستی لەبەر دەست دان بۆئەوەی بتگرێ و لێکۆڵینەوەت لەگەڵدا بکا."

لە هیکەوە لانگدن هەستی کرد، پێویستی بە پارێزەرێکە. "من ئەمەم نەکردووە."

سۆفی ئاهێکی هەڵکێشا. "جەنابی لانگدن، ئەمە تەلەفزیۆنێکی ئەمریکی نییە. لە فەڕەنسا، قانون پۆلیس دەپارێزی نەوەک تاوانبار. بەداخەوە، لەم دۆزەدا، ڕای میدیاش بەهەند هەڵدەگیرێ. ژاک سانییێر کەسێکی زۆر دیار و بەرچاو و بیچمێکی خۆشەویستی پاریس بوو، کوشتنەکەشی بۆ بەیانی دەبێتە یەکەمین هەواڵ. دەمودەستیش فاشێ دەکەوێتە ژێر گوشار، تا لێدوانێک بدا، پێشدەچی بۆ ئەو، ئەمە باشتر بێ گومانلێکراوێکی لەو کاتەدا لەژێر دەستدا بێ. خۆ ئەگەر تۆ تاوانبار بی یان نا، هەر دەبێ لای پۆلیسی دادوەری بمێنیتەوە تا تاوانبارە ڕاستەقینەکە دەدۆزرێتەوە."

- لانگدن هەستی کرد وەک ئاژەڵێکی نێو قەفەس وایە. "باشە بۆچی تۆ ئەو هەموو شتانەم پێدەڵێی؟"

- "بەڕێز لانگدن، چونکە بڕوام وایە تۆ بێ تاوانی." سۆفی هەندێک دووری ڕووانی، پاشان چاوی لە چاوەکانی لانگدن کردنەوە. "هەروەها لەبەر ئەوەش کە بەشێکی خەتای منە، کە تۆ گیرۆدەی کێشە بووی."

- "ببوورە"؟ ئەوە خەتای تۆیە، کە سانییێر ویستوویەتی من تووش بکا؟"

- "سانییێر هەوڵی نەداوە تۆ تووش بکا. ئەمە هەڵەیەک بوو. ئەو پەیامەی لەسەر زەویەکە بۆ من بوو."

لانگدن پێویستی بە خولەکێک هەبوو تا لە یەک بە دوای یەکی شتەکان تێبگا. "داوای لێبووردنت لێدەکەم؟

- "پەیامەکە بۆ پۆلیس نەبوو. ئەو بۆ منی نووسی بوو. پێموایە ئەو ناچار بوو هەموو شتێک بە خێرایی بکا، ئەوکات پەی بەوە نەبردبوو، شتەکە بە پۆلیس دەگاتەوە." سۆفی کەمێک وەستا. "ژمارە کۆدەدارەکان بێ واتان. سانییێر ئەمەی بۆ ئەوە نووسیوە تا دڵنیا بێ لێکۆڵینەوەکە بابەتی شیفرە شکاندنیشی بێتەسەر، تا ئەرخاین بێ لەوەی هەرچی زووە من بەوەی ڕووی داوە، بزانم."

لانگدن هەستی بە خۆی کرد سەرەداوی لێتێگەیشتنەکەی لەدەست دەرچوو، بەخێراییش بۆی کۆ ناکرێتەوە. خۆ ئەگەر سۆفی نیڤو ئاوەزی خۆی لەدەست دابێ یان نەدابێ، ئەوا لەم خاڵەدا شتێک بۆ دەستپێوەگرتن هەیە، بەڵام خۆ بەلای کەمییەوە هەنووکە لانگدن لەوە تێگەیشت، کە بۆچی ژنەکە دەیەوێ یارمەتی بدا. ***پ.س ڕۆبەرت لانگدن بدۆزەوە.*** پێدەچی ژنەکە بڕوای کردبێ، کە سەرپەرشتیارەکە پەڕاوێزە کۆدەدارەکەی بۆ بەجێ هێشتبێ تا پێی بڵێ بڕۆ لانگدن بدۆزەوە. "بەڵام بۆچی پێتوایە، پەیامەکە بۆ تۆ نووسراوە؟"

- "پیاوە ڤیرتوڤیانەکە،" ژنەکە یەکجێ ئەم وشەی لە دەم دەرپەڕی، " دەمێکە ئەم نیگارە تایبەتە دەستکارەی داڤینشی، لای من کارێکی هەرە خۆشەویستە. ئەمشەویش ئەو ئەم نیگارەی بەکارهێناوە، تا سەرنجی من بۆ لای خۆی ڕابکێشێ."

- "دەی کەمێ بوەستە. تۆ دەڵێی کەوا سەرپەرشتیارەکە زانیویێتی، کە ئەم نیگارەی داڤینشی لای تۆ زۆر خۆشەویستە؟"

- ئەویش سەرێکی بۆ لەقاند. "بمبوورە. هەموو ئەمانە لە شیرازەوە دەرچوون. ژاک سانییێر و من..."

دەنگی ئحمەکەی کۆخەی تێکەوت، لانگدنیش دەستبەجێ گوێی لە دەنگێکی ماتومەلوولانە بوو، ڕابردوویێکی ئازاربەخش، کە لە پشت ئەم وشانەدا سەرئاو کەوتن. دیارە سۆفی و ژاک سانییێر جۆرە پەیوەندییێکی تایبەتیان بەیەکەوە هەبووە. لانگدن لە ژنە جوان و جحێڵەکەی بەردەمی ڕاما، بەڵێ ئەوەشی دەزانی، زۆر جاران پیاوە بەساڵداچووەکان لە فەرەنسا دۆستێکی[79] گەنج

[79] لێرەدا وشەی دۆستم لەبەرانبەر عەشیقەم بەکار هێناوە. وەگێر.

دەگرن. خۆ ئەگەر واش بێ، سۆفی نیڤو "دۆست"ێکیش بێ، بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ شتەکە تێک ناکاتەوە.

- "ئێمە دەساڵە لەیەک دابڕواین،" سۆفی وای گوت و دەنگیشی وەک بەچرپە بدوێ، نزم بووەوە. "لەو کاتەوە قسەمان لەگەڵ یەکدا نەکردووە. ئەمشەویش، کاتێ بەشی شیفرەشکێن زەنگی بۆ هات، تا پێی ڕابگەیەندرێ ئەو کوژراوە، ئینجا دوای ئەوەی وێنەی تەرمەکە و دەقە نووسینەکەی سەر ناوکەوەکەم بینی، تێگەیشتم، کە هەوڵی داوە پەیامێکم بۆ بنێرێ."

- "بە هۆی پیاوە ڤیتروڤیانەکە؟"

- بەڵێ. لەگەڵ هەر دوو پیتەکانی ئێس و پی."

- "Post Script?" (پەراوێز؟)

سۆفی سەری بادا. "پی ئێس پیتی کورتکراوەی ناوەکەی منە.

- "بەڵام خۆ تۆ ناوت سۆفی نیڤۆیە."

ژنەکە سەیرێکی دووری کردەوە. "پی ئێس ئەو نازناوی ئەو کاتەمە، کە لەگەڵیدا دەژیام، پێیوە بانگی دەکردم." ژنەکە سوور هەڵگەڕا. "پیتەکان هی Princess Sophie (شازادە خاتوون سۆفی)ە."

لانگدن هیچ کاردانەوەی نەبوو.

- "دەزانم، شتەکە گەوجانەیە،" ئەو وای گوت. "بەڵام ئەمە سالآنێک بەر لە ئێستا بوو. کاتێ من هێشتا منداڵ بووم."

- "تۆ هەر لەو کاتەی کیژێکی بچکۆلانە بووی، دەتناسی؟"

- "زۆر باش،" ئەو وەڵامی دایەوە، ئیدی چاوەکانیشی لە بەر هەستوسۆز زەقبوونەوە. "ئاخر ژاک سانییێر باپیرەی من بوو."

- "لانگدن لە کوێیە؟" فاشێ وای داواکرد، بەرلەوەی پێ بنێتەوە ژووری فەرماندەییەکە، دوا قومیشی لە جگەرەکەی دا.
- "جەناب، هێشتا هەر لە ژووری ئاودەستی پیاوانە." ملازم کۆللێ وا وەڵامی دایەوە و ڕەچاوی پرسیارەکەشی کردبوو.
- فاشێ هەندێ گرژ بوو، "پێموایە، کاتی پێویستی خۆی وەرگرتووە."

کاپتنەکە لەسەر شانی کۆللێ چاوی لە نیشانەنمای جی پی ئێسەکە کرد، کۆللێیش بە ئاستەم گوێی لە سووڕانەوەی پێیەکانی بوو. فاشێ لەبەر ئەوەدابوو، بەخۆی بچێ و لانگدن بەسەر بکاتەوە. هەڵبەتە ئەو ئامێرە چاودێرییە مەودایەکی باشی دابووە ئازادییەکەی، هەستێکی ساختەی خۆخەریککردنی دایە خودی کەسە چاودێریکراوەکە. لانگدن پێویستی بەوە بوو بە ئارەزووی خۆی بگەڕێتەوە ژوورەکە. لەوکاتەوە تا ئێستا دە خولەکی پێچووە.

***ماوەیەکی زۆر درێژە.***

- "ئەرێ هیچ دەرفەتێک هەیە، لانگدن پێی بزانێ؟" فاشێ وای پرسی.

کۆللێ سەرێکی بۆ بادا. "ئێمە هێشتا ئەو کەمە جووڵەی نێو ژووری پیاوان دەبینین، جووڵەکە بە شێوەیەکە هێشتا پنتی جی پی ئێسەکە ڕاشکاوانەی هەر لە لایە. لەوانەیە هەست بە نەساخی بکا؟ خۆ ئەگەر خاڵە سووسەکارییەکەی بۆ دەرکەوتبێ، تا ئێستا لایدابوو، هەوڵی هەڵاتنیشی دابوو."

فاشێش سەیری سەعاتەکەی دەستی خۆی کرد. "زۆر باشە."

هێشتاش فاشێ خۆی وا دەبینییەوە، کە زۆر سەقاڵە. ئاخر هەموو شەوەکە، کۆللێ هەستی بە گرژ و توندی کاپتنەکە کردبوو. جاران لەبن فشاردا سەرپەڕ و بێباک دەردەکەوت، کەچی ئەمشەو فاشێ پێدەچێ بە هەست و نەستەوە تێوەگلابێ، هەروەک ئەوەی بەشێوەیەک پەیوندەی بە کەسێتی خۆیەوە هەبێ.

***مایەی سەرسامی نییە،*** کۆللێ وای بیر لێکردەوە. ***ئاخر فاشێ خواخوای گرتنێکی وا بوو.*** لەم دواییانەدا تا دەهات دەستەی وەزارەت و میدیا ڕەخنەی کراوانەتریان لە تاکتیکە توندەکانی فاشێ دەگرت، ئاخر دەمەقاڵێی لەگەڵ بالوێزخانەی زلهێزە بیانییەکان و داواکردنی بودجەیەکی

زەبەلاح بۆ پێداویستە تەکنەلۆژیاکانی، هەراسانی کردبوون. ئەمشەویش ئەم تەکنەلۆژیا باڵایە، گرتنی کەسایەتییێکی باڵای ئەمریکی لەوانەیە ڕەخنەگرەکانی دەمکوت بکا، کارەکە یارمەتییێکی وای فاشێ بدا، پیشەکەی بۆ چەند ساڵێکی کەمی دیکە بەردەوام بێ، تا ئەوکاتەی بە پارەیەکی باش خانەنشین دەکرێ. ***خواش دەزانێ ئەو چەند پێویستی بەو خانەنشینییە هەیە***، کۆللێ وا لەگژ بیرکردنەوە ڕاچووبوو. بەندوباوی ئەوە هەبوو، کە فاشێ چەند ساڵێک هەموو دەستمایەکەی لەسەر وەبەرهێنانی ئەو تەکنۆلۆژیا شێتانەیە دانابوو، هەمووشی دۆڕاندبوو. ***فاشێش ئەو پیاوە بوو، زۆر لەخۆی ڕازی بوو.***

ئەمشەو کاتی زۆری لەبەردەم دایە. هەرچەندە سۆفی نیڤو بە شێوەیەکی سەیر خۆی تێهەڵکێشا، لێ هەر بۆ چەند ساتێکی کەم بوو. ئێستا ئەو ڕۆیشتووە، ئیدی فاشێ کارتی گەمەکردنی لەدەستدا ماون. ئەو هێشتا دەبوایە بە لانگدنی بگوتبایە، کە ناوەکەی لە لایەن قوربانیەکەوە لەسەر ناوکەوەکە نوسرابوو. ***پ.س لانگدن بدۆزەرەوە***. هەر کەمە کاردانەوەیەکی کابرای ئەمریکیاییەکە لە بەرانبەر بەڵگەکەدا، بایی خۆی دەیخوارد.

- "کاپتن؟" یەکێ لە ئاژانەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دادوەری لێ وەژوور نووسینگەکە کەوت. "پێموایە باشترە خۆت وەڵامی ئەم تەلەفۆنە بدەیتەوە." ئەو دەسکی تەلەفۆنەکەی دایەدەست و نیگەرانی بە ڕووخسارییەوە دیار بوو.
- "ئەمە چییە؟" فاشێ وای پێگوت.
- ئاژانەکە برۆکانی لێکنا. "ئەمە بەڕێوەبەری هۆبەی کۆدشکاندنە"
- "ئینجا؟"
- "جەناب، شتەکە دەربارەی سۆفی نیڤووەیە. شتێکی نادروست لە گۆڕێدایە."

## بەندی ١٥

***ئیدی کاتی هاتووە.***

سیلاس کاتێ لە ئاودییە ڕەشەکە دابەزی، هەستی کرد بەهێزە. شنەی شەوبایەکەش دامەنە کراوەکەی عەبایەکەی هەڵدەدایەوە. ***بای گۆڕان هەڵکراوە.*** ئەو دەیزانی ئەم ئەرکەی لە پێشی دایە، وردەکاری زیاتری دەوێ لەوەی هێز بەکار بێنێ، هەر بۆیەش دەمانچەکەی لەنێو تڕومبێلەکەدا جێ هێڵا. چەکەکەشی سێزدەخۆرێکی جۆری هێکلەر کۆخ یوو ئێس پی 40[80] بوو، مامۆستاکە دابوویێ.

***چەکی مەرگهێن لەماڵی خودا جێگەی نابێتەوە.***

ئەو کۆشکەی بەردەم کڵێساکە لەم کاتەی شەودا چۆڵ و هۆڵ بوو، تاکە گیانێکی زیندوو کە لە دووری کۆشکی سێینت سەپلایس بەدی دەکرا، جووتە سۆزانییێکی هەرزە بوون، جەستەی خۆیان بۆ گەشتیار نمایش دەکرد. جەستە نیوە ڕووتەکەیان حەزێکی ئاشانایانەی لای سیلاس ختووکە دا. خۆزاییانەش ئەو قایشە دڕکدارە توندەی ڕانی، کە دڕکەکانی لە گۆشتی ڕانی چەقیبوون، ئازاری دەدا.

ئیدی دەمودەست حەزەکەی ڕەوایەوە. ئاخر بۆ دەساڵ دەچێ، ئەو بە دڵسۆزی ئیمانەوە تخوونی هیچ حەزێکی سێکسی نەکەوتووە، تەنانەت دەستپەڕیش. ئەمەش ***ڕێگاکە*** بوو. ئەو دەیزانی قوربانی زۆری بۆ ئۆپیوس دای داوە، بەڵام لە بەرانبەردا زۆر شتی دیکەی وەرگرتۆتەوە. لەخۆگرتنی نەزری ڕەبەنایەتی و ئەوەی لە هەموو خۆشییێکی خۆی دوور بکەوێتەوە، پێدەچوو لە چاو ئەو برسییێتی و تۆقاندنە سێکسییەی لەماوەی زیندانییەکەیدا تووشی هاتبوو، هەر قوربانیش نەبوو. ڕەبەنایەتی گۆڕانێکی پێشوازیلێکراوە.

ئێستا، بۆ یەکەمین جار لەو کاتەی زیندانی کرا و ڕەوانەی ئاندۆرا کرا، گەڕاوەتەوە فەرەنسا، هەست دەکا نیشتمان تاقی دەکاتەوە، یادەوەری سەرکێش لە گیانە ئازادکراوەکەی سەرهەڵدەدەنەوە. ***تۆ لەدایک بوویەوە،*** ئەو وای بە بیر خۆی هێنایەوە. ئەم خزمەتەی ئەمڕۆی

[80] Heckler Koch USP 40

خوداوەند لێیخواست، تاوانی کوشتنیش ئەنجام بدا، هەر قوربانییک بوو، سیلاس دەیزانی دەبێ نهێنیەکە تا هەتایە لە نێو دڵیدا بشارێتەوە.

***پێوەری بڕوابوونت، پێوەری توانستی بەرگەگرتنی ئازارەکەتە***، ئاخر مامۆستاکە وای پێگوتبوو. سیلاس بە ئازارچەشتن نامۆ نەبوو، هەستیشی دەکرد چەند پەرۆشە تا بۆ مامۆستاکە بسەلمێنێ، ئەو کەسەی لە کردەوەکانی دڵنیای کردۆتەوە، کە لە هێزێکی باڵاوە فەرمانی پێکراوە.

"***ئاخر من کاری خوا دەکەم***،" سیلاس بە چرپەوە وایگوت، ئیدی ڕووی لە دەروازەی کڵێساکە کرد.

لەبەردەم سێبەرە چڕەکەی ڕاڕەوی دەروازەکە ئیستێکی کرد، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی. تا ئەو ساتەش هەر بەڕاستی نەیدەزانی چی دەکا، یان لە ژوورەوە چی دێتە پێش.

***بەردە کلیلەکە. هەر دەبێ بمان گەیەنێتە دوا ئامانجمان.***

دەستە تارماییە خێوییانەکەی بەرزکردەوە، سێ جاران لە قاپیەکەی دا.

چەند خولەکێک دواتر، چوارچێوەی دەرگە دارینە کەتەکە بۆ کرانەوە کەوتە خڕەخڕ.

## بەندی ١٦

سۆفی مەڕاق مابوو ئاخۆ چەندی دیکەی پێدەچێ، تا بۆ فاشێ دەربکەوێ، کە ئەو هێشتا لە باڵەخانەکە نەچۆتەدەر. بینیشی لانگدن بە تەواوی پەشۆکاوە، سۆفی ئەوەشی لەخۆی پرسی، تۆبڵیی ڕەوا بێ ئەویشی لە ژووری ئاودەستی پیاوان گل داوەتەوە.

***باشە لەوە زیاتر دەبوایە چیم بکردبا***؟

ئیدی خاتوونەکە وێنەی تەرمە ڕووتەکەی باپیرەی، بەشێوە هەڵاژانەکەی لەسەر زەوییەکە هێنایە بەرچاوی خۆی. ئاخر ڕۆژگارێک پیاوە مردووەکە هەموو شتێکی سۆفی بوو، کەچی ئەمشەو مایەی حەپەسانی سۆفی، تا ڕادەیەک نەبۆتە مایەی خەمناکیشی. ژاک سانییر ئێستا بۆ خاتوونەکە پیاوێکی نامۆ بوو. پەیوەندییەکەشیان لە شەوێک لە شەوەکانی مانگی مارتدا، کە مێژووەکەی بۆ دەساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕایەوە، لەیەک ترازا. ئەوکات تەمەنی سۆفی بیستودوو ساڵان بوو. ***دە ساڵ لەمەوبەر***. سۆفی چەند ڕۆژێک پێشتر دوای دەرچوونی لە زانکۆی ئینگلستانێ دەگەڕایەوە، ئەو شەوە باپیرەی لەخەتدا گرت، ئەو شەوە بە هەڵە بووە گەواهیدەر بەسەر کەتنێکی باپیرەی کە دیاربوو نەدەبوایە ببینیبایە. ئیدی وێنەی دیمەنەکە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ بەئاستەم بڕوای پێدەکا.

***خۆ ئەگەر هاتبا و بەچاوەکانی خۆم نەمبینیبایە...***

زۆر بە شڵەژاوی و شەرمەوە بەرگەی ئازاری ئەو قسانەی گرت کە باپیرە هەوڵی دا شتەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە؛ سۆفی هەر ئەوکات و دەستبەجێ دوای دیتنی دیمەنەکە، لێیدا و ڕۆیی. لەماڵ دەرچوو، ئەو بڕە پارەیەی پێشتر پاشەکەوتی کردبوو، لە بانک دەری هێنا و ئەپارتمانێکی بچکۆڵەی لە گەڵ یەک دوو هاوڕێی پێبکرێ گرت. سۆزی ئەوەشی دا، ئەوەی بینی بۆ هیچ بنیادەمێکی نەگێڕایەوە. باپیرەشی بێهوودە هەوڵی دا پەیوەندی پێوە بکاتەوە و دەستی پێبگا، نامە و پۆستکاردی بۆ دەنارد، لێی دەپاڕایەوە یەکدی ببینن بەڵکو شتەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە. ***چۆن ڕوونکردنەوەیەک***! سۆفی وەڵامی هیچ کام لەم هەوڵانەی باپیرەی نەدایەوە، بەدەر لە یەک تاکە جاریان نەبێ، ئەویش بۆ ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە، کە هەرگیز

هەوڵی بینینەوەی نەدا و لەبەر چاوی خەڵکدا پەیوەندی پێوە نەکاتەوە. ئاخر کچەکە لەو ڕوونکردنەوەی باپیرەی دەترسا عوزری لە قەباحەتەکەی گەورەتر بێ.[81]

شتێکی سەیروسەمەرە بوو، سانییێر هەرگیز کۆڵی نەدا، هەنووکەش سۆفی نامەی ئەو دە ساڵانەی هەر ماون، کە بەردەوام بۆی دەناردن، هەمووشی لە نێو چەکمەجەی دۆڵابی جلەکانی هەڵگرتوون. ئەوەی بۆ باپیرەکەی بنووسرێ، ئەوە بوو، بێ دڵی نەوەکەی خۆی نەکرد و هیچ تەلەفۆنیشی بۆنەکرد.

***تا ئەم ئێوارەیە نەبێ.***

– "سۆفی؟" کاتێ لە وەڵامی ئامێرە خۆتۆمارکەرەکەدا پەیامی جێهێشتبوو، دەنگەکەی پەشۆکاوی و پیری پێوە دیاربوو. "من زۆر دەمێکە گوێڕایەڵی خواستەکەت بووم... هەرچەندە ئەم تەلەفۆنکردنە ئازارم دەدا، بەڵام پێویستە قسەت لەگەڵدا بکەم. شتێکی ترسناک ڕووی داوە."

سۆفی ئەم ئێوارەیە لە نادینەکەی ئەپارتمانە پاریسییەکەی ڕاوەستا بوو، کاتێ دوای ئەم هەموو ساڵانە گوێی لە دەنگی باپیرەی بووەوە، مووچرکێکی پێداهات. دەنگە لەسەرەخۆیەکە، کیژەکەی گەڕاندەوە سەر یادەوەری تافی منداڵی.

– "سۆفی، تکایە گوێم لێبگرە." ئەو بە ئینگلیزی دەدوا، هەمیشە کاتێ سۆفی کیژێکی بچکۆلانە بوو هەر بە ئینگلیزی قسەی لەگەڵدا دەکرد. ***لە قوتابخانە فەرەنسی و لە ماڵیش فێرە ئینگلیزی دەبی.*** "خۆ تۆ نابێ هەروا تاسەر سەرشێتانە بی. ئەرێ تۆ هیچ نامەیەکی منت لەو هەموو ساڵانەدا نەخوێندۆتەوە؟ چما تا ئێستا هەر تێناگەی؟" کابرا کەمێک وەستا. "ئێمە دەبێ جارێک بەیەکەوە قسە بکەین. تکایە ئەم ئارەزووەی باپیرەت بێنە دی. زەنگم بۆ لۆڤەر بۆ لێبدە. هەر ئێستاش. لەو بڕوایە دام تۆ و من لە مەترسییەکی گەورەدا بین."

سۆفی چاوێکی لە ئامێرە خۆتۆمارکەرەکە کرد. ***مەترسی***؟ ئەوە باسی چی دەکا؟

– "شازادە خاتوون..." دەنگی باپیرە ورتەیەکی هەڵچوونانەی لێوەهات، سۆفی بۆی دەستنیشان نەکرا. "من دەزانم شتم لێشاردیتەوە، دەشزانم ئەوەش بووە مایەی لە دەستدانی خۆشەویستی تۆ بۆ من، بەڵام ئەمەش هەر بۆ ئاسایشپارێزی تۆ بوو.

---

[81] دەق ڕستەکە وایە: دەترسا ڕووونکردنەوەکەی لە خودی ڕوووداوەکە تۆقێنەرتر بێ، بەڵام من ئیدیۆمە کوردییەکەم بۆ شوێنەکە پڕ بە پێست زانی.

ئێستاش تۆ دەبێ ڕاستییەکە بزانی. تکایە، من دەبێ ڕاستییەکە دەربارەی خێزانەکەی تۆ بڵێم."

سۆفی لە پڕێکەوە گوێی لەدەنگی دڵی خۆی بووەوە. ***خێزانەکەم***؟ سۆفی هێشتا منداڵێکی چوار ساڵانە بوو، کە دایک و باوکی مردن. ترومبێلەکەیان لەسەر پردێک وەرگەڕا و تەوژمی بەخوڕی ڕووبارەکە بردنی. داپیرە و برا بچکۆلانەکەشی لەنێو ترومبێلەکەدا سەریان تێدا چوو. ئیدی دەستبەجێ سەرتاپای ئەندامانی خێزانەکەی سۆفی نەمان. بۆ سەلماندنی ڕووداوەکە، سۆفی هەندێ پارچە کاغەز و لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی لە نێو باولەکەیدا هەبوون.

وشەکانی باپیرە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو خولیای حەزێکی دێرینەی بە نێو ئێسقانەکانیدا هێنا. ***خێزانەکەم***! بە شێوەیەکی ڕاگوزەرانە، سۆفی وێنەی ئەو خەونەی هاتە بەرچاو، کە زۆر جاران کاتێ کیژێکی بچکۆلانە بوو، لە خەوی بێدار دەکردەوە: ***خێزانەکەم هێشتا هەر لە ژیانە! ئەوان دەگەڕێنەوە ماڵەوە!*** بەڵام هەروەک خەونەکەی، وێنەکان چوونە خانەی لەبیرچوونەوە.

***سۆفی، ئەندامانی خێزانەکەت مردن. ئەوان ئیدی ناگەڕێنەوە ماڵ.***

- "سۆفی..." دەنگی باپیرە بوو لە ئامێری خۆوەڵامدەرەوە دەهات، "من ئەو هەموو ساڵانە چاوەڕێم دەکرد تا پێت بڵێم. چاوەڕێی ساتێکی گونجاوم دەکرد، ئیدی ئێستا کاتەکەی هاتووە. من لە لۆڤەرم پەیوەندیم پێوە بکە. هەر کاتێک گەڕایەوە ماڵ، زەنگم بۆ لێدە. من هەموو شەوەکەی لە چاوەڕوانی زەنگی تۆ دام. دەترسم هەردووکمان لەژێر باری مەترسیدا بین. چونکە ئەوەندە شت هەیە، پێویستە بیزانی."

**پەیامەکە کۆتایی هات.**

لەو بێدەنگیەدا، سۆفی لەبەر هەستکردنی بەو ساتەوەختە لەرزەی لێهات. کاتێک پەیامەکەی باپیرەی خەملاند، تەنها یەک ئەگەری بە مێشکدا هات، ئاخر هەموو شتەکەی وەک ڕۆژی ڕووناک بۆ ڕۆشن بوو.

**ئەمە داوە.**

ئاشکرابوو، باپیرەی بێهوودانە هەوڵی دەدا ببینێ. ئەو هەموو شتێکی تاقی کردبوەوە. تا دەهاتیش بێزی لە پیاوەکە دەبوەوە. سۆفی مەڕاق ما، بەڵکو ئەو نەخۆش کەوتبێ، ئیدی بە هەر شێوەیەک بێ هەوڵی داوە، لەدوا ساتەکانیدا سۆفی ببینێ. خۆ ئەگەر وابێ، ئەوا هۆشمەندانە بابەتەکەی هەڵبژاردووە.

***خێزانەکەم.***

ئێستاش، کە لە تاریکی ژووری ئاودەستی پیاوانی مۆزەی لۆڤەر وەستاوە، سۆفی گوێی لە دەنگدانەوەی پەیامی ئەم ئێوارەی باپیرەی دەبووەوە. ***سۆفی، ئێمە هەردوکمان لە مەترسیداین. زەنگم بۆ لێدە.***

سۆفی پەیوەندی پێوە نەکردەوە. هەر بەنیازیش نەبوو وا بکا. کەچی ئێستا، گومانەکەی بە قوولی تووش بووەوە. باپیرەی بە مردوویی لەنێو خودی مۆزەکەی خۆی کەوتووە. هەر بە دەستخەتی خۆشی کۆدەکەی لەسەر ناوەکەوەکە نووسیوە.

کۆدەکە بۆ کیژەکەیە. بەڵێ لەمەیاندا هیچ گومانی نەبوو.

وێڕای ئەوەی لە واتای پەیامی باپیرەی نەدەگەیشت، لێ سۆفی لە سروشتی کۆدەکە دڵنیابوو، بەڵگەیەکی دیکەیە کەوا پەیامەکە بۆ ئەو نووسراوەتەوە. ئاخر مەیلی سۆفی بۆ شیتەڵکردنی مەتەڵەکان و شکاندنی کۆدەکان بۆ گەورەبوونی ئەو لەگەڵ ژاک سانییێردا دەگەڕێتەوە. ***ئای چەندان ڕۆژانی پشووی یەکشەممە بەیەکەوە لە ماڵ مەتەڵیان هەڵدەهێنا و وشە تێکچەقیو و یەکتبرِیوەکانی ڕۆژنامەکانیان پڕ دەکردنەوە.***

سۆفی لە تەمەنی دوازدەساڵیدا، دەیتوانی وشە یەکتربڕیوەکانی ڕۆژنامەی لۆمۆند بە تەنیا و بێ یارمەتی کەس پڕ بکاتەوە، باپیرەشی فێری کردبوو، چۆن وشە یەکتربڕیوە ئیگلیزییەکان، هەندێ مەتەڵی بیرکاری و کۆدی ژمارەکان هەڵبێنێ. سۆفیش بە قووتدان قووتی دەدان. لە کۆتاییدا ئەم حەز و خولیایەی لێبووە پیشە و بووە یەکێ لە کۆدەشکێنەکان و لە پۆلیسی دادوەری فەرەنسییەوە دامەزرا.

ئەمشەویش، پیشەی کۆدەشکێنی لە سۆفیدا وای لێکرد ڕێز لەو کاریگەرییەی بگرێ کە باپیرەی کۆدەیەکی سادەی بۆ بەیەکەوە گەیاندنی دوو کەسی تەواو نامۆ بەیەکدیەوە نووسیوە، کە سۆفی نیڤو و ڕۆبەرت لانگدنن.

پرسیارەکەش ئەمە بوو، ***بۆ***؟

بۆ بەدبەختیش، لەو نیگا مەراقماوەی لە چاوەکانی لانگدندا بەدیدەکرا، سۆفی هەستی بەوە کرد، خودی بابای ئەمریکاییش هیچ بیرۆکەیەکی سەبارەت بەوە نییە ئاخۆ باپیرەی، بۆچی ئەم دووانەی بەیەکەوە لە دۆزێک تێوەگلاندووە.

- دیسان کچەکە فشاری خستەوە سەر لانگدن، "تۆ و باپیرەم نەخشەتان وابوو، ئەمشەو یەکدی ببینن، باشە دەربارەی چی؟"

هەر بەڕاستیش لانگدن حەیران مابوو. "ئاخر سکرتێرەکەی ئەو دیدارەی ڕێکخستبوو، هیچ هۆکارێکی دیاریکراویشی نەخستبووە ڕوو، منیش شتێکی وام لێنەپرسی. من وام دانابوو، ئەو گوێی لێبووە، من موحازەرەیەکم لەسەر هێما بتپەرستییەکان لە کاتەدرای فەڕەنسی دا هەیە، ئەویش لەوانەیە بە بابەتەکە خۆشحاڵ بووبێ، بۆیە بیری کردبێتەوە، شتێکی خۆش دەبێ بە یەکەوە شتێک بخۆینەوە و بابەتەکەش بێنینە گۆڕێ."

سۆفی ئەمەی بە زلە پووشێک نەدەکرێ. پەیوەستییەکەی بە لەرزۆک زانی. ئاخر باپیرەی لە هەموو کەسێکی سەر ئەم زەمینە زیاتر، شتی دەربارەی ئایکۆنە بتپەرستییەکان دەزانی. لەوەش پتر، ئەو پیاوێکی خۆگر بوو، نەیدەویست هەروا لەگۆترە لەگەڵ پرۆفیسۆرە ئەمریکاییەکان بکەوێتە زۆربلێی، مەگەر هۆیەکی زۆر گرنگی بە دەستەوە نەبا.

سۆفی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و ئینجا زیاتر لەسەری ڕۆیشت. "باپیرەم ئەم ئێوارەیە بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردووم و پێیڕاگەیاندووم؛ من و ئەو لەبن باری مەترسییێکی کوشندە داین. ئایا ئەمە بۆ تۆ هیچ شتێک دەگەیەنێ؟"

هەنووکە چاوە شینەکانی لانگدن هەر خەفەتیان لێدەباری. "نەخێر، بەڵام بە ڕەچاوکردنی ئەوەی تازە ڕوویدا..."

سۆفی سەری بۆلەقاند. بە لێکدانەوەی ڕوداوەکانی ئەمشەوە، شێت بوو گەر هاتبا و نەترسابا. بە شەکەتییەوە بەرەو لای پەنجەرە بچکۆلانە تەختەکەی کۆتایی ئاودەستی پیاوان ڕۆیشت و لەودیو تەونی ئاگادارکردنەوەی سەر جامی پەنجەرەکە بۆ دوور، بۆ دەرەوەی ڕوانی. ئەوان لەبەرزاییێکن بەلای کەمییەوە چل پێ بەرزن. بە ئاخهەڵکێشانێکەوە نیگای چاوەکانی بۆ دیمەنە تەمومژاویەکەی پاریس بەرزکردنەوە. لە لای دەستە چەپییەوە، لەودیو دیمەنەکان، بورجی درەوشاوەی ئیڤڵ دیار بوو. ڕاستەوڕاستیش تاقی سەرکەوتن بوو. لەلای دەستە ڕاستیشیەوە لووتکەی مۆنتمارترێ[82]، گومبەزە سەیر و دڵڕفێنەکەی دڵە پیرۆزەکە، کە بە بەردی شەوقداری سپی پۆلیش کرابوو و پیرۆزێتی لێدەدرەوشایەوە.

[82] Montmartre

لێرەوە لە لەلای ڕۆژئاوای باڵی دینۆندا ڕێگای گشتی باکوور- باشووری کۆشکی دو کارۆزێل[83] لەو دیو باڵەخانەکەیەوە، بە دیواری دەرەوەی لۆڤەرەوە نووسابوو. زۆر لە خوارەوەش کاروانی کامیۆنە باربەرەکانی شار چاوەڕوانی گڵۆپداگیرسانی ترافیکەکەیان دەکرد تا بارەکانیان بەرەو شوێنی دەستنیشان بگوازنەوە. گڵۆپی ترومبێلەکانیش خەریک بوو سۆفی شێت و دین بکا.

- "من نازانم چی بڵێم،" دەنگی لانگدن بوو لە پشت سۆفییەوە هات. "ڕاشکاوانە باپیرەت هەوڵیداوە شتێکمان پێبڵێ. بەداخەوە، هەر ئەوەندەم لێهەڵکڕاند."

سۆفی لەلای پەنجەرەکەوە ئاوڕی دایەوە، هەستی بە ڕاستگۆیی داخ خواردنی دەنگی قووڵی لانگدن کرد. تەنانەت بەو هەموو گرفتەی تووشیشی هاتووە، هێشتا دەیەوێ یارمەتی بدا. ***مامۆستایەتی لە ئەودا،*** خاتوونەکە وا بیری کردەوە، ئاخر ڕاپۆرتەکەی پۆلیسی دادوەری دەربارەی گومانلێکراوەکەی خوێندبووەوە. ئەمە ئەو پیاوە ئەکادیمییەیە، کە بێزی لەوە دەبێتەوە لە شت تێنەگا.

***ئێمە ئەم شتە هاوبەشەمان بەیەکەوە هەیە،*** سۆفی وای بیرکردەوە.

وەک کۆدەشکێنێک، سۆفی ژیانی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو، واتا لە داتا بێ واتایەکان دەربهێنێ. ئەمشەویش، میوانە هەرە باشەکەی ڕۆبەرت لانگدنە، هەرچەندە ئەو بزانێ یان نەیزانێ، زانیارێکی وای لەلایە، کە خاتوونەکە زۆری پێویست پێیەتی. ***شازادەخاتوون سۆفی، ڕۆبەرت لانگدن بدۆزەرەوە.*** ئای کە ئەم پەیامەی باپیرەی چەند ڕوون و ئاشکرایە؟ سۆفی لەگەڵ لانگدندا پێویستی بە کاتی زیاتر هەبوو. کاتێک بۆ بیرکردنەوە. کاتێک بۆ ئەوەی ئەم جۆرە تەلیسمە لێک بداتەوە. بۆ بەدبەختیش کاتەکەیان لە دەست دەردەچوو.

بە نزبوونەوە لە لانگدن، سۆفی ئەو تاکە ڕۆڵەشی وازی کرد کە دەیزانی، "لەهەر ساتێکدا لەوانەیە فاشێ بێت و بتخاتە ژێر چاوان. من دەبێ تۆ ببەمە دەرەوەی مۆزەخانەکە. هەردەبێ ئێستاش بجووڵێین."

چاوەکانی لانگدن زەق و زۆپ کرانەوە. "تۆ دەتەوێ، ڕا بکەم؟"

[83] Place du Carrousel

- "ئەمەیان زیرەکترین شتە بیکەی. خۆ ئەگەر لێبگەڕێی فاشێ بتگرێ و بتخاتە بن چاوان، ئەوا چەندان هەفتە لە گرتووخانەی فەرەنسیدا دەمێنیتەوە، تا پۆلیسی دادوەری و باڵوێزخانە لە دەمەقاڵەی خۆیان دەبنەوە، ئاخۆ دۆزەکەت ببردرێتە بەردەم کامە دادگا. بەڵام ئەگەر ئێمە بتوانین لێرە دەرچین و بەرەو باڵوێزخانەکە بڕۆین، ئەوسا حکوومەتەکەت دەتپارێزێ و من و تۆش دەرفەتی ئەوەمان دەبێ بیسەلمێنین، کە فڕت بەسەر کوشتنەکەوە نییە."

پێدەچوو لانگدن بە شێوەیەکی تەمومژاویش بڕوای بە قسەکە نەهێنابێ. "هەر لەبیری کە! فاشێ پاسەوانی چەکداری لە هەموو دەروازەکانی ئەم مۆزەیە داناون! تەنانەت ئەگەر بەبێ تەقە لێکردنیش دەربچین، هەڵاتنمان قوڕەکەمان لێ خەستتر دەکاتەوە. تۆ پێویستە بە فاشێ بڵێی، کە پەیامەکەی سەر زەویەکە بۆ تۆ بووە، ئیدی ناوی منیش لەوێ وەک تۆمەتبار نەهاتووە."

- "من هەر وادەکەم،" سۆفی بە خێرایی وای پێگوتەوە، "بەڵام دوای ئەوەی تۆ لە نێو باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا بی. باڵوێزخانەکە هەر میلێک لێرەوە دوورە، ترۆمبێلەکەشم لەوێ لە دەرەوەی مۆزەکە ڕاگرتووە. سەوداکردن لەگەڵ فاشێ قومارێکی گەورەیە. ئایا تۆش وای نابینی؟ ئەرکی ئەمشەوی فاشێ ئەوەیە بیسلەمێنێ، تۆ تۆمەتباری. تاکە هۆکارێک کە تا ئێستا گرتنەکەی تۆی هەڵپەساردووە، هیوای وایە تۆ شتێکی نامۆ بکەی، دۆزەکەی پێ بەهێزتر بکا."

- "کتومت، هەروەک ڕاکردنەکە!"

تەلەفۆنە دەستییەکەی سۆفی لەنێو بەرکی چاکەتەکەی زەنگی لێدا. ***لەوانەیە فاشێ بێ.*** ئیدی دەستی بۆ برد و تەلەفۆنەکەی کوژاندەوە.

- "جەنابی لانگدن" ئەمەی بە خێراییەکەوە پێگوت، "من پێویستە دوا پرسیارت لێبکەم." ***ئیدی لەوانەیە تەواوی ئایندەی تۆی پێوە بەند بێ.*** "نووسینەکەی سەر زەویەکە ڕاشکاوانە سەلمێنەری تۆمەتبارکردنەکەت نییە، کەچی هێشتا فاشێ بە تیمەکەی ئێمەی گوتبوو، کە ئەو دڵنیایە تۆ بکوژەکەی. ئایا تۆ بیرت لە هیچ هۆیەکی دیکە کردۆتەوە، کە بکرێ بڕوا بە تاوانباربوونەکەت بێنێ؟"

لانگدن بۆ چەند چرکەیەک بێدەنگ بوو. "نەخێر، هیچێکیان."

سۆفی ئاهێکی پێداهاتەوە. ***ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ، فاشێ درۆ دەکا.*** بۆچی، سۆفی نەیدەتوانی وێنەکە بکێشێ، بەڵام دۆزەکە لەم خاڵەدا قورس بوو. ڕاستییەکە هەر بەوە مایەوە، کە بێزو فاشێ بڕیاری داوە ئەمشەو ڕۆبەرت لانگدن بەهەر نرخێک بێ بگرێ. سۆفیش لانگدنی بۆخۆی پێویست بوو، ئیدی دووڕیانێک بوو کە سۆفی بە تەنها بۆ لێکدانەوە لۆژیکیانەکەی هێشتەوە.

***من پێویستە لانگدن بگەیەنمە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.***

ئاوڕێکی لە پەنجەرەکە دایەوە، سۆفی لەودیو تەونە ئاگادارییەکی سەر جامە تەختەکەی ڕوانی، سەیری ئەو چل پێ نزمییەی خوارەوەی کرد. خۆ ئەگەر لەو بەرزیەدا باز بدەن، لەوانەیە لە باشترین حاڵەتدا قاچی لانگدن بشکێ.

وێڕای ئەمەش، سۆفی بڕیاری خۆی دابوو.

ڕۆبەرت لانگدن بیەوێ نا نەیەوێ، لەسەروبەندی ئەوەدابوو لە لۆڤەر ڕا بکا.

# بەندی١٧

- "مەبەستت چییە کە دەڵێی وەڵام ناداتەوە؟" فاشێ بە گومانەوە سەیری کرد. "خۆ تۆ زەنگ بۆ تەلەفۆنە دەستییەکەی لێدەدەی، وانییە؟ ئاخر من دەزانم تەلەفۆنەکەی پێیە."

کۆللێ هەر ئێستا چەند خولەکێک هەوڵیدا پەیوەندی بە سۆفییەوە بکا. "لەوانەیە پاتری تەلەفۆنەکەی مردبێ. یان خستبێتیە سەر لەرینەوە."

فاشێ دوای ئەوەی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێوبەری هۆبەی کۆدەشکێن کردبوو، بێزاری پێوە دیار بوو. دوای ئەوەی دەسکی تەلەفۆنەکەی دانابۆوە, هاتبووە لای کۆللێ و داوای لێکردبوو پەیوەندی بە سۆفی نیڤووە بکا. هەنووکەش کۆللێ تەلەفۆنەکەی پێ وەرنەدەگیرا، ئیدی فاشێ وەک ئەوەی شێرێکی نێو قەفەس بێ، هەر دەهاتوو دەچوو.

- "ئەرێ بۆچی هۆبەی کۆدەشکێن تەلۆفۆنیان کرد؟ کۆللێ ئەمەی بە سەرچڵێیێکەوە بە بەرپرسەکەی گوت.
- "فاشێ ئاوڕی لێدایەوە. "بۆ ئەوەی پێمان بڵێن، هیچ ئاماژەیەکیان بۆ ئەوەی نووسرابوو: Draconian devils هۆ ئەی شەیتانی دڕندە و lame Saint هۆ چاکی بەستەزمان، نەدۆزراوەتەوە."
- "ئەمە هەموو شتەکە بوو."
- نەخێر، بەڵکو بۆ ئەوەش پێمان بڵێن، کە تازە ژمارە کۆدەکەیان بۆ دەرکەوتووە، ژمارە هاوکێشەی فیبۆناچییە، بەڵام ئەوان گومانیان هەبوو بەوەی، زنجیرە ژمارەکە بێ واتا بێ."
- کۆللێ هەندێ سەری لێتێکچوو. "بەڵام خۆ ئەوان پێشتر سۆفی نیڤوی ئاژانیان ناردبوو تا ئەو شتەمان پێ بڵێن."
- فاشێ سەری بادا. "ئەوان سۆفیان نەناردبوو."
- "چی؟"
- " بە گوێرەی قسەی بەڕێوەبەرەکە، لەسەر فەرمانی من، ئەو هەموو تاقمەکەی کۆکردبووە و ئەو وێنەیەی ئێمە بۆمان ناردبوون، نیشانی کارمەندەکانی خۆی دابوو. کاتێکیش سۆفی نیڤو گەیشتبوو، چاوێکی لە وێنەکەی سانییێر و کۆدەکە کردبوو، ئینجا بەبێ ئەوەی هیچیان پێ بڵێ یەکسەر نووسینگەکەی جێهێشتبوو. بەڕێوبەرەکەش

لەسەر ئەم ڕەفتارەی هیچی پێنەگوتبوو، چونکە سۆفی بە شێوەیەکی تەواو بەهۆی وێنەکانەوە پەست ببوو."

- "پەست؟ بۆ هیچ کات وێنەی تەرمی مردووی نەبینیون؟"

فاشێ بۆ خولەکێک بێدەنگ ما. "من ئەمەم نەدەزانی، پێدەچوو بەڕێوبەرەکەشی نەیزانیبێ تا هاوکارێکی سۆفی پێی نەگوتبوو، ئاخر سۆفی نیڤو نەوەی ژاک سانییێرە."

کۆللێ هیچ قسەی پێ نەما.

- "بەڕێوەبەرەکە گوتی، هەرگیز سۆفی ئەم پەیوەندییەی بۆ باس نەکردووە، ئەو وایدانابوو گوایە لەبەر ئەوە پێی نەگوتووە، نەیویستووە بەهۆی پەیوەندی بەو باپیرە ناودارە، ڕەفتارێکی بەرچاوانەتری لەگەڵدا بکرێ."

شتێکی سەیر نەبووە کە سۆفی بە وێنەکان تێکبچێ. کۆللێ بە ئاستەم لەو ڕێکەوتە بەدبەختیە دەگەیشت، کە داوا لە ژنێکی گەنج بکرێ کۆدێک بشکێندرێ کە هی ئەندامێکی مردووی خێزانەکەی بێ. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا کردارەکەی واتای نەدەگەیاند. "بەڵام خۆ ئەو ڕاشکاوانە کۆدەکەی ناسیبووەوە، چونکە بە ئێمەی گوتبوو، ژمارەکە ڕیزبەندی فیبۆناچییە. من تێناگەم بۆچی ویستوویەتی بەبێ فەرمانگەکە و بێ ئەوەی بە کەسیش بڵێ، کە کۆدی ژمارەکەی دۆزیوەتەوە، لێدا و بڕوا."

کۆللێ تەنیا بیری بۆ سەر یەک سیناریۆ دەچوو تا ڕووداوە پەرەسەندووەکە لێک بداتەوە: سانییێر کۆدە ژمارەیەکەی بۆ ئەوە لەسەر زەویەکە نووسیوە، بەڵکو فاشێ هانا بۆ لێکۆڵێنەوە بۆ هۆبەی کۆدشکێن ببا، ئەوکات کچەکەش تێدا ئاگادار دەبێ. هەرچی بۆ باقی وێنەکەشە، ئایا سانییێر بەشێوەیەک لەشێوەکان ویستبێتی پەیوەندی بە نەوەکەیەوە بکا؟ خۆ ئەگەر وابێ، باشە پەیامەکە چی بە کچەکە دەڵێ؟ ئەی بۆ لانگدنی هێناوەتە نێو ناوان؟

بەر لەوەی کۆللێ زیاتر بەنێو بیر و لێکدانەوەی شۆڕبێتەوە، ئارامی مۆزە چۆڵەکە بە دەنگی ئاگادارکردنەوەکە شکێندرا. زەنگی ئاگادارکردنەوەکە بە شێوەیەک هات، وەک ئەوەی لەنێو گراند گەلەرییەوە بێ.

- "ئاگاداری!" یەکێ لە ئاژانەکان وا هاواری کرد، چاویشی لەسەر سەنتەری ئاسایشی لۆڤەرەوە بوو. "گراند گەلەری! ئاودەستی پیاوان؟"
- فاشێ بۆ لای کۆللێ سووڕایەوە. "لانگدن لە کوێیە؟"

- "هێشتا هەر لە ژووری ئاودەستی پیاوانە!" کۆللێ ئاماژەی بەو پنتە سوورە چاودێریەی سەر شاشەی لاپتۆپەکەی خۆی کرد. "هەردەبێ شووشەی پەنجەرەکەی شکاندبێ!" کۆللێ دەیزانی لانگدن ناتوانێ دوور بکەوێتەوە. هەرچەندە قانونی ئاگرکوژانەوەی پاریسی داخوازە جامی پەنجەرەکانی بەرزتر لە پازدە مەتر لە باڵەخانە گشتییەکان دەبێ بۆ دۆخی ئاگرکوژێنەوە قابیلی شکان بن، بەلام خۆ دەرچوون لە نهۆمی دووەمی مۆزەی لۆڤەر بەبێ یارمەتی قالدرمە یان شتێکی وا بۆ خۆپێوە گرتن، هەولێکی خۆکوشتنە. ئاخر لە دیوی دیکە نە داروباری لێیە نە گیا، کۆتایی ڕۆژئاوای باڵی دینۆن بۆ کەوتن جێگەی مەترسییە. هەر ڕاستەوخۆ لەژێر پەنجەرەی ئاودەستەکان جادەیەکی ڕەق و تەقی دووسەرەی کۆشکی دو کارۆسێلە، کە هەر چەند پێیەکی کەم لە دیواری دەرەوە دوورە. "ئای خودایە،" کۆللێ بە حەپەسانەوە چاویشی هەر لەسەر شاشەی لاپتۆپەکە بوو. "لانگدن بەرەو لێواری پەنجەرەکە دەڕوا!"

بەلام خۆ فاشێ کەوتبووە جووڵە. بە هەڵکێشانی دەمانچەی جۆریManurhin MR-93 لەسەر پشتێنی کەمەری، ئیدی کاپتن بە پەلەپڕوزێ لە نووسینگەکە بۆی دەرچوو.

کۆللێش بە واقوڕمانەوە هەر سەیری سەر شاشەی لاپتۆپەکەی، سەیری ئەو پنتە سوورە بچکۆلانەیەی دەکرد، کە پێدەبوو و دەکوژایەوە، ئێستا گەیشتە لێواری پەنجەرەکە، ئینجا شتێک ڕوویدا کە هی چاوەڕوان کردن نەبوو. پتنەکە بۆ دەرەوەی باڵەخانەکە جوولا.

***ئەرێ ئەوە چی ڕوو دەدا؟*** ئەو بە ئەوق مانەوە لەبەرخۆیەوە وای گوت. ***تۆ بڵێی لانگدن لەسەر لێوارەکە بازی دابێ یان ـــ***

- "ئای عیسای مەسیح!" کاتێک پنتەکە لە دەرەوەی باڵەخانەکە دەبریسکایەوە، کۆللێ هەڵسایە سەر پێ. ئاماژەکە دیاربوو بۆ خولەکێک هەژا، پاشان لەدەرەوەی باڵەخانەکە بە دووری دە گەز بریسکەی دایەوە.

کۆللێ بە گیرۆدەییەوە خەریکی کۆنترۆڵکردن بوو، لەسەر شاشەی لاپتۆپەکەی بە جی پی ئێس داوای نەخشەی شەقامەکانی پاریسی کرد، شوێنەکەی پشکنییەوە. خاڵەکەی زووم کرد و هێنایە پێش، تا دەقاودەق شوێنی پنتە داگیرساوەکەی بۆ دەربکەوێ.

ئیدی پنتەکە لە شوێنی خۆی نەدەجوولا.

لە شوێنێک لە نێوەڕاستی جادەی کۆشکی دو کارۆسێلدا چەقی.

لانگدن بازی دابوو.

## بەندی ۱۸

فاشێ بە خێرایی بەرەو گراند گەلەری غاری دا، لەو کاتیش دەنگی ڕادیۆی کۆللێ بەسەر دەنگی زەنگی ئاگادارییەکە کەوتبوو.

- "ئەو بازی دا!" کۆللێ وا هاواری دەکرد. "من ئاماژەکە لە دەرەوەی جادەی کۆشکی دو کارۆسێل دەبینم! لە دەرەوەی پەنجەرەی ئاودەستەکە! لەوێ هەر هیچ ناجوولێ! ئای عیسای مەسیح. پێموایە لانگدن هەر ئێستا خۆی کوشت!"

فاشێ گوێی لە قسەکان بوو، بەڵام بەلای ئەو هیچ واتایەکیان نەدەگەیاند. ئەو لەسەر غاردانەکەی خۆی بەردەوام بوو. ئەو ڕاڕەوە پێدەچوو هەر نەبڕێتەوە و کۆتایی نەیەت. کاتێک بە لای تەرمە کەوتوەکەدا تێپەڕی، نیگای بڕیە سەر کۆتایی داڵانەکەی لابالی دینۆن. زەنگی ئاگادارکردنەوەکە تا دەهات زیاتر دەبوو.

- "بوەستە!" دەنگی کۆللێ بوو لە ڕادیۆکەوە نەڕەی دەهات. "ئەو وا دەجوولێ! ئای خودایە، هێشتا زیندووە. لانگدن دەجوولێ!"

فاشێ لەسەر غاردانەکەی بەردەوام بوو، تا دەهات بە شەنقاوی خێراوە لە کۆتایی داڵانەکە نزیکتر دەبووەوە.

- "لانگدن خێراتر دەجوولێ!" کۆللێ هێشتا هەر لە ڕادیۆکە هاواری دەکرد. "ئەو بەناو کارۆسێلدا غار دەدا. بوەستە... خێراییەکەی زۆرتر بوو. ئەو زۆر بە خێرایی دەجوولێ!"

بە گەیشتنە بەشەکە، فاشێ بە پەلەپڕوزێ بۆ شوێنەکە هەنگاوی نا، دەرگای ئاودەستەکانی بینین، ئینجا هەر بەغار چوە ناوی.

وۆلکی تۆلکیەکەی لێرە بە ئاستەم لەبەر زەنگی ئاگاداریەکە دەبیسترا. "ئەو هەر دەبێ سواری تڕومبێلێک بووبێ! پێموایە ئەو لە نێو تڕومبێلێک دایە! من ناتوانم ـــ"

کاتێ فاشێ بە دەمانچەی ڕووت و لەسەر پێوە غاریدایە نێو ئاودەستەکە، دەنگی کۆللێ لەبەر زەنگی ئاگادارییەکە نەدەبیسترا. فاشێ بە دووچاوی کراوە و تامەزرۆوە ئەو ناوە هەمووی گەڕا.

ئەویَ چۆڵ و هۆڵ بوو. شوێنی دەست لێشۆرینەکە کەسی لێنەبوو. دەست بەجێ چاوەکانی فاشیَ بەرەو پەنجەرە شکاوەکانی ئەمسەری ژوورەکەدا گەڕا. غاریدایە شوێنە کراوەکە و سەیرێکی لێوارەکەی کرد. لانگدن لە هیچ کونێک دیار نەبوو. فاشیَ ئەوەی نەدەهێنایە بەرچاوی خۆی کە هیچ کەسێک لێرەوە خۆی فڕێدابێتە خوارەوە. بە دڵنیایەوە ئەگەر لێرەوە کەوتبێ، ئەوا بەسەختی بریندار بووە.

لە کۆتاییدا زەنگی ئاگادارکردنەوەکە ڕاگیرا، ئیدی دەنگی کۆللێ لە وۆلکی تۆلکیەکەدا هی گوێلێگرتن بوو.

- "…. بەرەو باشوور دەجووڵێ… خێراتر… لە شوێنی پۆنت دو کارۆسێل لە ڕووباری سین پەڕیەوە!"

فاشیَ ئاوڕێکی لە لای دەستە چەپ دایەوە. تاکە کامیۆنێکی باربەر لەسەر پردی پۆنت دو کارۆسێل، کامیۆنێکی باربەری گەورەی درێژی دووپارچە بەرەو باشوور لە لۆڤەر دوور دەکەوتەوە. ئەو کامیۆنە بە شێوەی سندوقێکی کراوە وابوو، سەرەکەی بە چادرێک داپۆشرابوو، لە لەیلوکێکی قەبە دەچوو. فاشیَ بە دەرکپێکردنەکە موچرکێکی پێداهات. ئەم کامیۆنە بارهەڵگرە، تەنها لەوکاتەی لەبەر گڵۆپی سووری ترافیکەکە لەبن پەنجەرەکە وەستاوە، هەر ئەوکات دەبێ لانگدن بازی دابێ.

***ئای چ سەرچڵییێکی دژوارە،*** فاشیَ وای بەخۆی گوتەوە. خۆ لانگدن نەیدەزانی لەبن سەرپۆشەکە چی تێدایە. باشە ئەگەر لۆرییەکە ئاسن و پۆڵای بارکردبا؟ ئەگەر چیمەنتۆ بوایە؟ یا تەنانەت گەر خاشاکیش بوایە؟ ئاخر لەو بەرزییە چل پێیە، ئەمە شێتایەتی بوو؟.

- "پنتەکە سووڕایەوە!" کۆللێ هاواری کردەوە. "ئەو بە دەستە ڕاست بەسەر پردی سێینت پێرێس بایدایەوە!"

- بە دڵنیاییەوە وابوو، لۆریە بارهەڵگرەکە لە پردەکە دەپەڕیەوە، لەکاتی شۆڕبوونەودا خێراییەکەی کەم کردبوەوە و بەرەو پۆنت دەس سێینت پێرێس سووڕایەوە. ***کەواتە باوابێ،*** فاشیَ وای بیرکردەوە. مایەی سەرسوڕمانە، ئەو سەیری کرد لۆریە بارهەڵگرەکە لە پێچەکەدا لەبەرچاوی ون بوو. کۆللێ هەر زوو ئاگاداری ئاژانەکانی دەرەوەی کردبووەوە، داوای لێکردبوون دەوروبەری لۆڤەر چۆڵ بکەن و تڕومبێلی

گەڕۆک بە دوای لۆریە باربەرەکەدا بنێرن، هەموو ئەوەش کاتێ باربەرەکە ئاراستەی دەگۆڕی، بە ڕادیۆکە ئاگاداری پۆلیسەکانی دەکردنەوە، وەک ئەوەی یاری بکا وابوو.

***گەمەکە کۆتایی هات،*** ئاخر فاشێ دەیزانی، لە ماوەی چەند خولەکێک پیاوەکانی دەگەنە سەر لۆرییە بارهەڵگرەکە. لانگدن هیچ شوێنێکی نییە بۆی بچێ.

فاشێ دەمانچەکەی خستەوە شوێنی خۆی، لە ژووری ئاودەستەکە هاتەدەر و بە ڕادیۆ بانگی کۆللێی کرد. "ترۆمبێلەکەم ئامادە بکەن. دەمەوێ کاتێ دەگیرێ لەوێ لەسەری ڕاوەستا بم."

کاتێ فاشێ بە شوێنی خۆی بە نێو دالانەکەی گراند گەلەرییدا گەڕایەوە، مەراقی ئەوە ما، ئاخۆ لانگدن دوای خۆ هەڵدانەکەی سەلامەتە یان نا.

بەڵام خۆ ئەو هیچ لە پرسەکە ناگۆڕێ.

***لانگدن هەڵات، کەواتە تاوانبارە و دەبێ بگیرێ.***

تەنها هەر پازدە گەز لە دووری ئاودەستەکانەوە، لانگدن و سۆفی لە نێو تاریکایی گراند گەلەری وەستابوون، پشتیان بەو لادیوارە جیاکەرەوەی ئاودەستەکان لە گەلەرییەکە دابوو. ئەوان بە ئاستەم توانیان خۆیا گرمۆڵە بکەن و خۆیان لە فاشێ بشارنەوە کاتێ بە دەمانچەی ڕووتەوە خۆی بەناو ئاودەستەکەدا کرد.

ئەم دوا شەست چرکەی دوایی زۆر بوولێڵ بوو.

لانگدن لەنێو ژووری ئاودەستی پیاوان وەستا بوو، ئەوەی ڕەتکردبوو لە بەر تاوانێک ڕابکا کە نەی کردبوو، کاتێکیش چاوی سۆفی لەسەر جامی پەنجەرە تەختەکە بوو، ئەو تەونە ئاگادارکرنەوی سەر جامەکەی تاقی دەکردەوە. ئینجا سەرێکی بەسەر جادەی خوارەودا شۆڕ کردەوە و دووریەکەی دەپێوا.

- "بە نیشانەئەنگاوتنێکی کەمەوە، دەتوانی لێرە بچییە دەر،" سۆفی وای بە لانگدن گوت.

نیشانەگرتنەوە؟ نائاسودەییانە چاوێکی لە پەنجەرەکە کرد.

لەوێ لە دەرەوە، لەسەر جادەکە، لۆرییێکی بارهەڵگری دوو بەش(قاتیرە و مەقتورە) کە هەژدە تایەی لەبندا بوو بەرەو ترافیکەکەی ژێرەوەیان دەهات. خیوەتێکی بەسەر ڕووەکەی دادردابوو، ئیدی باری لۆرییەکەی داپۆشیبوو. لانگدن هیوای دەخواست، سۆفی بیر لەو شتە نەکاتەوە کە پێدەچوو بیری لێبکاتەوە.

- "سۆفی، هیچ بواری ئەوەی تێدا نیە لەوێ باز بدەم ـــ"

- "دەی ئەو پنتە چاودێریەی ناو گیرفانتم بدەرێ."

بە واقوڕمانەوە، لانگدن دەستی بۆ بەرکی خۆی برد و شتەکانزایە بچکۆلەکەی دایە دەست سۆفی. سۆفیش دەستی دایە سەلکە سابوونێکی سەر سەرشۆکەکە. دەستی بەسەر ڕووە توندەکەدا هێنا و کونێکی تێکرد، ڕێک بەقەد ئامێرۆکە چاودێرییەکە بێ. ئینجا سەلکە سابوونەکەی دایە دست لانگدن، سۆفیش دەستی دایە ئەو پەقرەجە[84] ئاسنە قورسەی خاشاکەی ئەوێ کە لەژێر دەستشۆرەکەدا بوو. بەر لەوەی لانگدن دەنگی ناڕەزایی هەڵببڕێ، سۆفی غاریدایە لای پەنجەرەکە، ئینجا پەقرەجەکەی وا بەرزکردوە بە نێوەڕاستی جامی پەنجەرەکەی دادا و شکاندی.

ئیدی دەنگی ئاگادارکردنەوەکە گوێی کەڕ دەکرد.

- "دەی سەلکە سابونەکەم بدەرێ!" سۆفی وای هاوار کرد، دەنگی لەبەر زەنگی ئاگادارکردنەوەکە بە ئاستەم دەبیسترا.

لانگدن سابوونەکەی دایە دەست.

سۆفی سابوونەکەی لەنێو لەپی دەست گرت و سێرەی لە جامە شکاوەکەی پەنجەرەکە گرت، لۆریە هەژدە تایەکە تا دەهات لە خوارەوەیان نزیکتر دەبووەوە. مەودایەکی کەمتر لە دە پێ مابۆوە، سۆفی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بەم شەوە سەلکە سابوونەکەی بۆ سەر لۆریەکە هەڵدا.

لەو کاتەی گڵۆپی ترافتیکەکە کەسک بوو، سابوونەکە غلۆربووە خوار بۆ سەر باری لۆریەکە.

---

[84] پەقرەج: سەتڵ

- "پیرۆزە،" سۆفی وای گوت، و لانگدنیشی بەرەو لای دەرگا ڕاکێشا. "تۆ هەر ئێستا لە مۆزەی لۆڤەر هەڵاتی."

ئەوان لە ئاودەستی پیاوان دەرچوون، ئەو کاتەی فاشێ بە هەڵەداوان بۆ ئەوێ ڕای دەکرد، ئەوان گەیشتبوونە بن سێبەرەکەی تەنیشت و خۆیان حەشار دا.

ئێستاش کە زەنگی ئاگادارییەکە دامرکایەوە، لانگدن گوێی لە دەنگی فیکە و هۆڕنی ترومبێلەکانی پۆلیسی دادوەری بوو، لە لۆڤەر دوور دەکەوتنەوە. ***کوڕەوی پۆلیس.*** فاشێش خێرا بۆی دەرچوو، گراند گەلەری بەجێ هێشتبوو.

- "لەوێ لە دووری پازدە مەتر، لەپشتەوە پەیژە دیوارێک بۆ لێوەدەرچوونێکی باری ناچاری لە ناو گراند گەلەریدا هەیە." سۆفی وای بە لانگدن گوت. "ئێستاش کە پاسەوانەکان ئەو ناوە جێ دێڵن، دەتوانین لەوێوە دەربچین."

لانگدن بڕیاری دابوو ئەم شەوە هیچ قسەیەکی دیکە نەکا. ڕوون و ئاشکرا سۆفی نیڤو زۆر لەو زیرەکتر بوو.

# بەندی ١٩

کڵێسەی سێینت سەپلایس، وەک دەگوترێ لە هەموو باڵەخانەیەکی پاریسی مێژوویێکی سەیروسەمەرەتری هەیە. خۆی باڵەخانەکە لەسەر خانووە وێرانەی پەرستگایەکی کۆنی میسرییەکان، خواوەندە مێی ئیزس[85] ڕۆ نرابوو، تەلارسازی کڵێساکە بست بە بستی لەسەر شێوە تەلارسازی کڵێسای نۆتەردام دروست کرابوو. هەنوانەکەی کاتی خۆی شوێنی بیسمیلکردنی[86] ناودارانی وەک مارکیز دە سادێ[87] و بۆدلێر[88] بوو هەروەها جێگەی مارەبڕینی ژن لە ڤیکتۆر هۆگۆش بوو. کۆلیژە قەشەییانەکەی تەنیشتیشی مێژوویێکی نامۆی بۆخۆی تۆمارکردبوو، هەروەها جاری واش هەبوو شوێنەکە پەناگای کۆبوونەوە نهێنییەکانی ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵگە نهێنییەکان بووە.

ئەمشەویش هەنوانە ئەشکەوت ئاساکەی سێینت سەپلایس هەروەک گۆڕ مات و بێدەنگ بوو، تاکە شوێنەوارێکی زیندوو، بۆ کزەکەش دیاربوو هی بخوورەکانی ڕیتوێلی قوداسی سەر لە ئێوارەکە بووە. کاتێ ژنەکە ڕینوێنی بۆ نێو هەیوانەکەدا کرد، سیلاس هەستی بە ناڕەحەتی ڕەفتاری خوشکە ساندریس کرد. ئاخر خۆ سیلاسیش ئەم شتەی پێ سەیر نەبوو. سیلاس لەم شتە ڕاهاتبوو، کەسی بەرامبەری بە ڕووخسارە سپیپاتەکەی ناڕەحەت دەبوو.

- "ئەرێ تۆ ئەمریکایی؟"
- "لە فەڕەنسا لەدایک بووم،" سیلاس وای وەڵام دایەوە. " ئیشیشم لە ئیسپانیایە، هەنووکەش لە ئەمریکا دەخوێنم."

خوشکە ساندرین سەری بۆ لەقاند. ساندرین ژنێکی بچکۆڵەی دوو چاو ئارام بوو.

- "تۆ هەرگیز کڵێسای سێینت سەپلایست نەبینیوە؟"
- "من تێدەگەم ئەمەیان خەریکە لەخودی خۆیدا وەک تاوانێک بێ."
- "کڵێساکە لە ڕۆژدا زۆر جوانتر دیارە."

---

[85] Isis

[86] بیسمیلکردن: تەعمیدکردن، سەرانشۆکردن.

[87] Maruis de Sade

[88] Boudlelaire

- "من لەوە دڵنیام. لەگەڵ ئەوشدا، من زۆر سوپاسگوزارم، ئەم شەو دەرفەتی هاتنە ژوور و بیبینی کڵێساکەم پێبدەی."
- "باوکەش هەمان داوای بۆ تۆ لێکردم. وادیارە تۆ برادەری دەستڕۆیشتووت هەن."

***وای کە چەند غەریب حاڵی،*** سیلاس وای بیرکردەوە.

کاتێ ئەو بە دوای خوشکە ساندرین بەنێو هەیوانەکەدا دەڕۆیشت، لە نەبوونی تابلۆ و شتە ڕازاوەکانی سەر دار و دیوار سەری سوڕما. ئاخر بە پێچەوانەی کڵێسای نۆتەردام، کە ئەو هەمووی ڕازاندەوە بوو، ئەو تابلۆ دیوارییە قەشەنگانە و کاری دەستی بریقەدار و داری گەرم، کەچی ئەم کڵێسایە ساردوسڕ و دیوارەکانیشی ڕەق و ڕووتن، ئەمەش کاتەدرا وشکوبرینگەکانی ئیسپانیای هێنایەوە یاد. نەبوونی دیکۆر لە نێو کڵێساکەدا وای لێکردبوو ناوەوەی قەبەتر لە قەبارەی خۆی دیار بێ، کاتێکیش سیلاس نیگای بۆ بنمیچە قوچەکە زەبەلاحەکە هەڵبڕی، وای دەزانی لەژێر کەشتییکی سەراوبن دانیشتووە.

***وێنەیەکی تەواوعەیار،*** ئەو وای بیرکردەوە. ئاخر خۆ کەشتی دەستەی برایەتیش خەریکە بۆ هەتاهەتایە بەسەریاندا وەردەگەڕێ. هەستی بە پەرۆشییکی زۆر بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکەی دەکرد. سیلاس خوازیار بوو خوشکە ساندرین ڕێگەی پێبدا بە تەواوی کارەکەی خۆی بکا. خوشکەکە ژنێکی وردیلە بوو، زۆر بەئاسانی دەیتوانی بەسەریدا زاڵ بێ، بەڵام خۆ ئەو سۆزی دابوو تا زۆر ناچار نەکرێ، زەبروزەنگ بەکار نەهێنێ. ***ئەو ژنێکە بە بەرگی قەشەیەتیەوە، خۆ خەتای ئەویش نییە، دەستەی برایەتی کڵێسەکەی ئەویان بۆ لێشاردنەوەی بەردەکلیلەکە هەڵبژاردووە. ئاخر ناکرێ ئەو لەسەر تاوانی کەسانی دیکە سزا بدرێ.***

- "خوشکە من دڵگران بووم کە تۆم بەو شەوە لە خەو کرد."
- "نەخێر بە هیچ شێوەیەک. تۆ بۆ ماوەیەکی کورت لە پاریس دەمێنیەوە. نابێ سەردانی سێین سەپلایس نەکەی. ئەرێ تۆ حەزت زیاتر بە تەلارسازی کڵێساکەوە هەیە یان بە مێژووییەکەی؟"
- "لەڕاستیدا، حەزی من بە لایەنە ڕۆحییەکەی کڵێساکەدا یە."

ژنەکە پێکەنینێکی خۆشییانەی بۆ کرد. "ئەمە هەر بەخۆی بێ وتن دەردەکەوێ. سووک و ئاسان ویستم بزانم ئاخۆ گەڕانەکەمان لەکوێیەوە دەست پێبکا."

سیلاس هەستی کرد، چاوەکانی خۆی لەسەر قوربانیگەکە گیر بوون. "گەڕان پێویست ناکا. تۆ ئەمشەو زۆر لەگەڵم دلۆڤان بووی. من دەمەوێ بەخۆم ئەو ناوە ببینم."

- "ئەوە هەر کێشە نییە،" ژنەکە وای پێگوت، "خۆ من هەر بێدارم."

سیلاس لە ڕۆیشتن وەستا. ئەوان گەیشتبوونە سەرەتای تەختەبەندە دارینەکە، قوربانیگەکەش هەر پانزە گەزێک لەوانەوە دوور بوو. سیلاس جەستە کەتە و زلەکەی وەرسوڕاندەوە لای ژنە وردیلەکە و هەستی کرد، ژنەکە هەنگاوێک بۆ پشتەوە گەڕایەوە کاتێ سەیری نێو چاوە سوورەکانی سیلاسی کرد. "خوشکە، خۆ ئەگەر بە کەسێکی جاڕس و زبرم نەزانی، من وا لێرانەهاتووم سووک و ئاسان بەناو ماڵی خودادا قەدەم لێ بدەم. ئایا ڕێگەم پێدەدەی بەرلەوەی بەو ناوەدا بسووڕێمەوە، بە تەنیا بم تا نوێژەکەی خۆم بکەم ؟

خوشکە ساندرین دوودڵ بوو. "ئۆو، هەڵبەتە تا تۆ لێی دەبیتەوە، لە دیوی پشتەوەی کڵێساکە ڕادەوەستم."

سیلاس دەستە نەرم بەڵام قوڕسەکەی لەسەر شانی ژنەکە دانا و سەریشی نزم کردەوە. "خوشکە، من هەست بە خەتا دەکەم، کە پێشتر تۆم لەخەو کردووە. خۆ ئەگەر داوات لێ بکەم لێرە بمێنیتەوە ئەوا زەحمەتییێکی زۆرە. تکایە، بگەڕێوە ناو جێگەی خۆت. من هەر حەز دەکەم بە تەنها بم و دواتر هەر بەخۆشم لێرە دەڕۆم."

ژنەکە هەستی بە ناڕەحەتییێک کرد. "ئایا دڵنیای کە هەست بە تەنیایی ناکەی؟"

- "بە هیچ شێوەیەک. چێژی نوێژ لە تەنیاییدایە."
- "باشە، چۆنت دەوێ با وابێ."
- سیلاس دەستی لەسەر شانی ژنەکە هەڵگرت. "خوشکە، شەوت شاد. خودا ئاگادارت بێ."
- "خوا ئاگای لە تۆش بێ." خوشکە سیلاس بەرەو لای پەیژەکان کەوتە ڕێ. "تکایە کە دەرچووی، دڵنیابە لەوەی دەرگاکە بە باشی دابخەی."
- "باشە بە دڵنیاییەوە وا دەکەم." سیلاس سەیری کرد ژنەکە لە پەیژەکان بەسەر کەوت و دیار نەما. ئینجا گەڕایەوە و لەبەردەم تەختەبەندەکەدا کەوتە کڕنووش بردن، هەستی کرد دڕکەکانی قایشەکە لە گۆشتی قاچی چەقیون و ئازاری دەدەن.

***ئای خودای نازدار، من ئەم کارەی ئەمڕۆم بۆ تۆ دەکەم....***

بە خۆخشاندنە بەر سایەی قەپەنگی کۆڕالەکەی سەر قوربانگەکە، خوشکە ساندرین بە بێدەنگی لە قەلەندەرە تەرکەدنیاکە، کە بە تەنیا کڕنووشی بردبوو، ڕاما. لە پڕێکیشەوە ترسێک لە گیانی پەیدا بوو، بەزەحمەت پێی ڕادەگیرا. بۆ ساتەوەختێکی ڕاگوزەریش، ژنەکە مەراق ما لەوەی، میوانە تەلیسماوییەکە ببێتە ئەو دوژمنەی کە لێیان ئاگادار کردبووەوە، خۆ دەبێ ئەمشەو بەو

کارە ڕاببێ کە ساڵانێکی دووورودرێژە دەیکا. بۆیە بڕیاری دا هەر لێرە لە نێو تاریکاییەکەدا بمێنێتەوە و سەیری هەموو جووڵەیەکی کابرایەکە بکا.

# بەندی ٢٠

لانگدن و سۆفی لە بەر سێبەرەکە هاتنە دەر و بە پێدزیلکەیی بەناو دالآنە چۆڵ و هۆڵەکەی گراند گەلەریدا، بەرەو پەیژەی دەرچەی ناچاری ملیان لێنا.

کاتێک لانگدن تەکانی دەدا، هەستی کرد وەک ئەوەی لە تاریکییەکەدا پارچەی مەتەڵەکان کۆ بکاتەوە و لە شوێنی شایستەی خۆیان دایانبنێتەوە. نوێترین ڕوانگەی ئەم تەلیسمە قووڵترین کێشەکەی بوو: ***کاپتنی پۆلیسی دادوەری دەیەوێ من وەک بکوژێک دەربێنێ.***

– "ئەرێ تۆ پێتوایە"، لانگدن بە چرپەیەکەوە گوتی، "فاشێ هەر بەخۆی ناوی منی لەسەر ناوکەوەکە نووسیبێ؟"

– سۆفی هەر ئاوڕیشی نەدایەوە. "ئەستەمە وابێ."

لانگدن ئەوەندە دڵنیا نەبوو. "پێدەچی نیازی ئەو تێوەگلاندنی من بێ وەک تاوانبار. لەوانەیە بە نووسینی ناوی من لەسەر ناوکەوەکە یارمەتی ئەو لە دۆزەکەدا بدا."

– "ئەدی ژمارە زنجیربەندییەکەی فیبۆناچی چی لێدەکەی؟ پیتەکانی ئێس و پی؟ هەموو داڤینشی و هێماکانی خوای مێینە؟ ئەمە هەر دەبێ باپیرەم نووسیبێتی."

لانگدن دەیزانی خاتوونەکە ڕاست دەکا. هێمای ڕازەکە فیت لەگەڵ ئەستێرەی پێنج گۆشە، پیاوە ڤیتروڤیانەکە، داڤینشی، خوای مێینە و ژمارە زنجیربەندییەکەی فیبۆناچی دێتەوە. هەروەک ئایکۆنگرافی پێیدەڵێ، ***زنجیرە هێمایەکی بەیەکەوەنوساو***. هەمووی زۆر توند بەیەکەوە گرێدراوە.

– "لەگەڵ زەنگلێدانی ئەم ئێوارەیەی،" سۆفی بوو وای پێگوت. "ئەو گوتی کەوا دەیەوێ شتێکم پێبڵێ. من دڵنیام ئەو پەیامەی لە لۆڤەر بەجێیهێشتبوو، دوا هەوڵی بوو کە شتێکی گرنگم پێ ڕابگەیەنێ، شتێک ئەو پێیوابووە دەکرێ یارمەتیم بدا تا لێی تێبگەم."

لانگدن نێوچاوانی تێک نا. !O, Draconian devil! Oh, lame saint (هۆ ئەی شەیتانی دڕندە! هۆ چاکی بەستەزمان!) ئەو خواخوای بوو بتوانێ لە پەیامەکە بگا، ئاخر پەیامەکە بۆ هەردووکیان بوو، بۆ سۆفی و بۆ خودی خۆیشی. لەو کاتەی بۆ یەکەم جار چاوی بە وشە کۆدەدارەکان کەوت، شتەکان لە خراپەوە بۆ خراپتر ڕۆیشتن. ئاخر ئەو بازدانە ساختەیەی پەنجەرەی ئاودەستی پیاوان، نابێتە مایەی یارمەتی فاشێ بۆ لانگدن. بە شێوەیەک لە شێوەکان

ئەو بەگومان بوو لەوەی، کاتێ پۆلیسی فەرەنسی سابوونەکە و پنتە چاودێریەکە دەدۆزنەوە، میزاجی ڕابواردنیان لەلا نەبێ.

- سۆفی پێیگوت "دەرگەکە زۆر دوور نییە."

- "ئەرێ پێتوایە کە ئەو ژمارەیەی باپیرەت لەنێو پەیامەکەیدا دایناوە، کلیلێک بێ بۆ تێگەیشتن لە ڕستەکانی دیکە؟" جارێکیان لانگدن لەسەر زنجیرەیەک لە دەستنووسەکانی باکۆنیان کاری کردبوو، شتەکەش لە ژمارەیەکی نەقشکراو(هەڵکۆڵراو لەسەر شتێک) پێکهاتبوو، لە هەر دێڕێکی کۆدەکەشدا مەتەڵی کردنەوەی دێڕەکانی دیکەی تێدا بوو.

- "من هەموو شەوەکە بیرم لە ژمارەکان کردۆتەوە. کۆ و دابەش و ئەنجامەکان. هیچم لێهەڵنەکراند. لە ڕووی بیرکارییەوە ژمارەکان بە شێوەیەکی گۆترەکاری داندراون. گەمەیەکی شیفرەئامێزانەی بێ دەرەئەنجامە."

- "هێشتاش، ئەم ژمارانە بەشێکی ڕیزبەندی فیبۆناچین. ناشکرێ ژمارەکان هەر بە ڕێکەوت داندرا بن."

- "شتەکە وانییە. بەکارهێنانی ڕیزبەندی فیبۆناچی شێوازێکی دیکەی باپیرەم بوو تا سەرنجم ڕابکێشێ، هەروەک ئەوەی نووسینی پەیامەکە بە ئینگلیزی، یان جەستەی خۆی بە شێوەیەک هەڵاژێنێ وەک ئەو دەستکارە هونەرییەی کەمن حەزم پێی بوو، یاخود دروستکردنی ئەستێرەی پێنج گۆشە لەسەر جەستەی خۆی. هەموو ئەمانە بۆ سەرنجڕاکێشانی من بوون."

- "ئەرێ ئەستێرەی پێنج گۆشەکە شتێک بۆ تۆ دەگەیەنێ؟"

- "بەڵێ. من ئەو دەرفەتەم نەبوو پێت بڵێم، بەلام ئەستێرەی پێنج گۆشەکە هێمای تایبەتی نێوان باپیرە و من بوو، من هەر بەو هێمایەوە گەورە بووم. ئێمە بۆ خۆشی گەمەی کارتی تارۆتمان[89] دەکرد، هەمیشەش کارتی ئاماژەکراوی من هەر ئەستێرە پێنج گۆشەکە دەردەچوو. دڵنیابووم، کە ئەو لەژێر مێزەکەی دەیشاردەوە، بەلام ئەستێرە پێنج گۆشەکە نوکتەیەکی بچکۆلەی خۆشی ئێمە بوو."

---

[89] Tarot

لانگدن موچڕکێکی پێدا هات. ***ئەوان گەمەی تارۆتیان کردووە***؟ گەمەی کارتی سەدەکانی ناوەڕاستی ئیتالیایی، کە زۆر سیمبۆلی بێخوایی لەخۆگرتبوو، لانگدن لە دەسنووسی کتێبەکەیدا بەندێکی تەواوی بۆ تارۆت تەرخان کردبوو. ناوەکانی یارییە بیست و دوو کارتیەکە، وەک پاپای مێینە، ئیمپراتۆری ژن و ئەستێرە پێنج گۆشەییەکەی تێدا بوو. لە بنەڕەتیشدا، تارۆت داهێنانێکی نهێنیانەی ئەو ئایدیۆلۆژیانە بوو، کڵێسە قەدەغەی کردبوون. ئێستاش جۆرایەتی تەلیسمی تارۆت لەسەر دەستی فاڵچی و بەختگرەوەکانی هاوچەرخ پێمان دەگاتەوە.

***نیشانەنمای تارۆتی لەبار بۆ خواوەندێکی مێینە ئەستێرەی پێنج گۆشەیە***، لانگدن بیری لێکردەوە، درکیشی بەوەکرد، کە سانێیر هەندێ جار هەر بۆ خۆشی نەوەکەی نیشانەکەی بە فێڵ لەبن مێزەکەدا شاردۆتەوە، ئەستێرە پێنج گۆشەییەکە نیشانە پێکانێکی گونجاوی نێو نوکتەکە بووە.

ئەوان گەیشتنە پەیژە دەرچوونی باری ناکاو، سۆفیش بە ئەسپاییەوە دەرگاکەی پاڵدا و کرایەوە. هیچ زەنگێکی ئاگادارکردنەوەش لێنەدرا. تەنها دەرگاکانی دەرەوە زەنگی ئاگادارکردنەوەیان هەبوو. سۆفی ڕێنوێنی لانگدنی بۆ خوارەوەبە سەر پەیژەکان، بۆ نهۆمی زەوی کرد، تا بۆشیان کرا خێرا دەڕۆیشتن.

- "باپیرەی تۆ،" لە کاتێکدا بە دوای سۆفیدا تیژ دەڕۆیشت، لانگدن وای گوت، "کاتێک باسی ئەستێرەی پێنج گۆشەی بۆ کردی، ئایا مەبەستی خودای مێینە بوو یان هەر پاشماوەیەکی کڵێسای کاسۆلیکی؟"

سۆفی سەری بۆ بادا. "من زیاتر حەزم بە ماتماتیک و ڕێژەی خوایی، فای PHI، ڕیزبەندی فیبۆناچی، ئەم جۆرە شتانە هەبوو."

لانگدن سەرسام بوو. "باپیرەت تۆی فێرە ژمارەی PHI فای کرد؟"

- "بێگومان. ڕێژەی خودایی." دەربڕینەکەشی شەرمنانە بوو. "لە ڕاستیدا، ئەو هەر بۆ نوکتەش دەیگوت، من نیمچە خوداییم... خۆت دەزانی، ئەمەش لەبەر پیتەکانی ناوەکەم بوو."

لانگدن لە ساتەوەختەکەدا پەی بە شتەکە برد و منگەیەکی لێوەهات.

s-o-PHI-e.

هێشتا هەر لە پەیژەکان دادەبەزین، لانگدن تیشکۆی بیرکردنەوەی خۆی خستە سەر فای PHI. ئەو گەیشتە ئەو لێتێگەیشتنە، بەوەی مەتەڵەکەی سانییێر زیاتر بەیەکەوە بەستراوەتەوە لەوەی بۆی چووبوو.

***داڤینشی... ژمارەکانی فیۆبۆناچی... ئەستێرە پێنج گۆشەییەکە.***

سەرسوڕهێنەرانە، هەموو ئەم شتانە ئەوەندە لە بنەڕەتەوە بە یەک ڕوانگە، ڕوانگەی مێژووی هونەرەوە بەسترابوونەوە، زۆر جاران لانگدن چەندین وانەی پۆلەکانی خۆی بۆ ئەم بابەتە تەرخان دەکرد.

PHI

ئەو لە هیکەوە بۆ پاشخان بۆ سەردەمی هارڤارد گەڕایەوە، لەوێ لەبەردەم پۆلی "هێمایەتی(سیمبۆلیزم) لە هونەردا" وەستابوو، ژمارە خۆشەویستەکەی خۆی لەسەر تەختەڕەشەکە دەنووسی.

1.618

لانگدن ئاوڕی لە دەموچاوی ئەو زەریا خوێندکارە تاسەمەندە دایەوە. "کێ لە ئێوە دەتوانێ پێمبلێ ئاخۆ ئەم ژمارەیە چییە؟"

خوێندکارێکی بەژندرێژی بیرکاری، لە پشتەوە دەستی خۆی بەرزکردەوە. "ئەمە ژمارەی PHIە" شتەکەشی وەک feeفی گۆ کرد.

- "ستێتنەر، کارێکی نایاب،" لانگدن وای پێگوتەوە. "هەمووتان فای PHI دەبینن."
- "نابێ ئەوەش لەگەڵ PI تێکەڵاو بکەن،" ستێتنەر ئەمەی بەخەندەوە بۆ زیاد کرد. "وەک ئێمەی ماتماتیکزان پێمان خۆشە بڵێین: فای PHI یەک Hیش زۆر لە PI قۆزترە!"

لانگدنیش پێکەنی، بەڵام لەو زیاتر کەس پەی بە نوکتەکە نەبرد.

ئیدی ستێتنەر لە شوێنی خۆی دانیشتەوە.

- "ئەم ژمارەیە فای PHI" لانگدن لەسەری ڕۆیشت، "یەک- پنت- شەش- یەک-هەشت لە هونەردا ژمارەیەکی زۆر گرنگە. کێ دەتوانێ پێمان بڵێ بۆ؟"

- ستێتنەر ئەم جارەش ویستی خۆی دەرباز بکا. "چونکە ژمارەیەکی زۆر جوانە؟"

هەمووان پێکەنین.

- "لە ڕاستیدا،" لانگدن گوتی، "دیسان ستێتنەر ڕاست بوو. فای PHI بە گشتی وا دادەندرێ، کە جوانترین ژمارەیە لە گەردووندا."

- پێکەنینەکان لەپڕێکەوە وەستان و ستێنتەریش دڵخۆش بوو.

- کاتێ لانگدن خەریکی ئەوە بوو سلایدی دەرسەکەی بێنێتە سەر شاشەکە، ئەوەی ڕوونکردەوە، کە فای PHI لە زنجیربەندییەکەی فیبۆناچی، کە لێکدانەوەیەکی بەناوبانگی بەیەکداهاتووە، پەیدابووە، ئەمەش وەنەبێ هەر لەبەر ئەوەی کۆی ژمارە بەدوایی یەکداهاتووەکان یەکسانە بە ژمارەی پێش خۆی، بەڵکو لەبەرئەوەی دابەشکردنی ژمارە بەدوایی یەکەکان توانستێکی سەرسوڕهێنەریان بۆ نزیکبوونەوە لە ژمارەی 1.618 PHI فای تێدایە!

- وێڕای ئەوەی کە وا دیارە فای PHI ماکێکی تەلیسمانەی بیرکارییانەی هەیە، لانگدن ڕوونی کردەوە کە مێشکی ڕاستەقینەی پشت ڕوانگەی فای PHI ڕۆڵە بنگەییەکەیەتی لە دروستکردنی بونیاد لە سروشتدا. ڕووەکەکان، ئاژەڵەکان و تەنانەت ئادەمیزادیش، هەر هەموویان توانستی ڕەهەندییانەی چەسپاوی وایان لەگەڵ دەقاودەقبوونی ژمارەی فای PHI بۆ 1 تێدایە.

- "فای PHI لە هەموو شوێنێکی سروشتدا هەیە،" لانگدن وای گوت و گڵۆپەکانیشی کوژاندنەوە. "ڕوون و ئاشکراش شتەکە لە سنووری ڕێکەوتی بەزاندووە و هەر بۆیە لە دێرزەمان وایان دانابوو، کە ژمارەکە هەر دەبێ لەلایەن دروستکەری گەردوونەوە ڕێکخرابێ. زانایانی سەردەمانی بەرێش ژمارە یەک-پنت-شەش-یەک-هەشت بە ڕێژەیەکی خوداییان دانابوو."

- دەی بوەستە،" ژنێکی گەنج لە ڕیزی پێشەوە گوتی. "من لە پلەیەکی پێشەوەی خوێندنی بایەلۆجی دام و هەرگیزیش ئەو ڕێژە یەزدانییەم لە سروشتدا نەبینیوە."

- "نا؟" لانگدن به خەندەوە پێیگوتەوە، "قەت لە پەیوەندی نێوان مێینە و نێرینەی هەنگەلانێکت کۆڵیوەتەوە؟"

- "بە دڵنیاییەوە. ژمارەی هەنگە مێینەکان زۆر لە هی نێرینەکانیان زیاترن."

- "زۆر ڕاستە. ئینجا ئایا دەزانی ئەگەر ژمارەی مێینەکان دابەشی سەر ژمارەی نێرینەکانیانی هەر غەڵێفێک[90]ی سەر ئەم جیهانە بکەی، هەمیشە هەر هەمان ژمارەت بۆ دەردەچێ؟"

- "ئایا وایە؟"

- "بەڵێ فای PHI."

- کیژەکە دەمی لێبەش بوو. "ڕێی تێناچێ!"

- "بۆچی!" لانگدن وەڵامی پەلارەکەی دایەوە، بە خەندەوەش لەسەر شاشەکە سلایدی هێلکە شەیتانۆکەیەکی دەریایی نیشان دان. "ئەمە دەناسنەوە؟

- "ئەمە قاقلەی پێچ پێچۆکەدارە[91]،" کچە خوێندکارەکەی بایەلۆژی وای وەڵام دایەوە. "زیندەوەرێکی نەرمی قاوغدارە، کە خانۆچکەکەی سەرپشتی لە هەوا پف دەدا، تا سەرئاو بکەوێ."

- "زۆر ڕاستە. ئایا مەزندەی ڕێژەی هەر تیرەیەکی لوولپێچی بۆ ئەوی دیکەی دەکەی؟"

کچەکە بە نادڵنیایی سەیری کرد و چاویشی هەر لەسەر قاقلە لوولپێچەکە بوو.

لانگدن سەرێکی بۆ لەقاند. "PHI. ڕێژەی خودایی. یەک- پۆینت-شەش-یەک- هەشت بۆ یەک.

کیژەکە حەپەسا.

لانگدن گواستیەوە سەر سلایدێکی دیکە، سەرکە گوڵەبەڕۆژەیەکی نزیک کردەوە. "تۆوی گوڵەبەڕۆژە بە لوولپێچێکی پێچەوانەوە گەشە دەکا. ئایا ڕێژەی هەر تیرەیەکی سوڕانەوە بۆ ئەوەی دوای خۆی دەزانی چەندە؟"

---

[90] غەڵێف، ماڵەمێش

[91] Nautilus

- "فای PHI" یەکێک وای هەڵیدایێ.

- "تەواوە." لانگدن ئەمجارەیان بە خێرایی سلاید لەسەر سلایدی دەگۆڕی، هەر لە لوولپێچی سنەوبەر، گەڵای دارودرەخت، پارچەو بە شەکانی مێشومەگەز، نمایشی هەموویان بەگوێرەی ڕێژە سەرسوڕهێنەرەکەی خودایی بوون.

- "ئەمە سەرسوڕهێنەرە!" خوێندکارێک لەولاوە وا هاواری کرد.

- "بەڵێ،" یەکێکی دیکەش گوتی، "بەڵام ئەمە چ پەیوەندییێکی بە هونەرەوە هەیە؟"

- "ئاها!" لانگدن گوتی، "خۆشحاڵم ئەمەت پرسی." ئینجا سلایدێکی دیکەی هێنایە سەر شاشەکە، دەستنووسێکی ڕەنگبزرکاوی ناوداری لیۆناردۆ داڤینشی نمایش کرد، پیاوە ڕووتەکە –پیاوە ڤیرتوڤیانەکە– کە بەناوی مارکۆس ڤیرتوڤیوس[92]، ئەو تەلارسازە بیرتیژە ڕۆمانییە کراوە، کە پەسنی ڕێژەی خوایی لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی ***تەلارسازییەکە*** کردبوو.

- "کەسیش لە داڤینشی زیاتر لە بونیادی یەزدانییانەی جەستەی ئادەمیزاد نەگەیشتبوو. لە ڕاستیدا داڤینشی توێکاری بۆ تەرمەکان دەکرد، تا دەقاودەقێتی ڕێژەکەی لە بونیادی ئێسکی بنیادەمدا بۆ دەربکەوێ. ئەو یەکەمین کەس بوو، نیشانی دا، جەستەی مرۆڤ کتومت وەک تەلارێکی خشتەدار دروستکراوە کە ڕێک هاتنەوە (دەق وەک خۆ هاتنەوە)ی ڕێژەکەی یەکسانە بە فای PHI."

هەموو ئەوانەی لە پۆلەکە بوون نیگایەکی گوماناویان تێبڕی.

- "ئەرێی بڕوام پێناکەن؟" لانگدن بە دارِسانەوە. "بۆ جاری دادێ کە ئێوە دەچنە گەرماو و ژێر دوش، جۆرە پێوەرێک لەگەڵ خۆتان بەرن."

جووتە یاریکەرێکی دووگۆلی لە نێوان ئامادەبوواندا پێکەنین.

- "ئەوە هەر بۆ ئێوە نییە ئەوانەی نوکتەیان خەسار کرد،" لانگدن زیاتر هاندرا. "هەر هەمووتان. کوڕان و کچان. هەوڵێکی وا بدەن. دوورایی تۆقەسەرتان تا سەرزەویەکە

[92] Marcus Virtuvius

بپێون. پاشان ژمارەکە دابەشی سەر ژمارەی ئەو پێوانەییەی لە ناوکتانەوە تا سەر زەوی بکەن. ئینجا بیخەملێنن ئاخۆ چ ژمارەیەکتان بۆ دەردەچێ."

- "فای PHI نەبێ!" یەکێ لە نوکتەبازەکان بە بڕوانەکراویشەوە لە خۆیەوە هەڵیدایێ.

- "بەڵێ، فای،" لانگدن دووبارەی کردەوە. "یەک- پۆینت- شەش- یەک- هەشت. ئایا نموونەیەکی دیکەتان دەوێ؟ دووراییی نێوان قۆڵتان و سەرپەنجەتان بپێون، ئینجا دابەشێ بکەنە سەر ئەو دوورایییەی نێوان ئانیشک و سەرپەنجەتان. دیسان فای. یەکێکی دیکە؟ دووراییی کەلەکە(کەمەر) بۆ سەر زەوی دابەشی ماوەی ئەژنۆ بۆ سەر زەوی بکە. دیسان هەر فای. جومگەی پەنجەکانی دەست و پێ. دابەشییەکانی بڕبڕەی پشت. فای. فای. فای. برادەرەکانم، هەر یەک لە ئێوە کە دەڕوا پشکی لە ڕێژەی خواییدا هەیە."

تەنانەت لە تاریکییشدا، لانگدن دەیبینی هەمووان حەپەساون. ئەویش هەستی بە گەرمێیکی ئاشنا لە هەناوی خۆی دەکرد. ئاخر هەر لەبەر ئەوە بوو فێری دەکردن. "برادەرەکانم، وەک ئێوە دەبینن، پاشاگەردانی ئەم جیهانە، سیستمێکی لە بندا هەیە. کاتێکش ئەوانەی دێرزەمان فایان دۆزیەوە، دڵنیابوون کە پێیان لە خشتی بونیادی خودی ئەم جیهانە هەڵنگوتووە، ئیدی هەر بۆیە سروشتیان پەرست. مرۆش تێدەگا بۆچی. دەستی خودا لە سروشتدا بەڵگەیە، تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ بتپەرست هەن کە دایکە سروشت وەک دین ڕێزی لێ دەگرن. زۆر لە ئێمەش بۆنە و ئاهەنگ بۆ سروشت دەگێڕن هەروەک بتپەرست کردیان و تەنانەت ناشزاندرێ. ڕۆژی یەکەمی ئایار باشترین نموونەیە، جەژنەکەی بەهار... زەوی دەژێیتەوە تا بەخشندایەتی دەربدا. ئەو ڕەگداکوتانەی جادووە تەلیسماوییەی ڕێژەی خوایی لە سەردەمی بەرایی کاتدا نووسراوەتەوە. مرۆش سادە و ساکار ڕۆڵی سروشت وازی دەکا، چونکە هونەریش هەوڵی مرۆڤە بۆ لاساییکردنەوەی جوانی دەستی داهێنەر(ئافەریدەکار)، ئیدی دەتوانی زۆر نموونەی ڕێژەی خودایی لەم بەشەی خوێندنەدا بێنیتە بەرچاوی خۆت."

بۆ نیو سەعاتی دیکە لانگدن چەند سلایدی کارە هونەرییەکانی مایکل ئەنجیلۆ، ئەلبرێخت دورەر، داڤینشی و ئەوانی دیکەی نمایش کرد، لە بەرهەمی هەریەک لە هونەرمەندەکان نیاز و پەرۆشییێکی چەسپیو بۆ ڕێژەی خودایی لە ڕێکخستنی کارەکانیاندا بەدی دەکرا. لانگدن

پەردەی لەسەر هەبوونی فای لە مەوداکانی تەلارسازی پەرستگای پارتێنۆنی[93] گریکی، هەرەمەکانی میسر و باڵەخانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرکدا هەڵدایەوە. فای PHI لە بونیادە ڕێکخەرەکانی سۆناتەکانی مۆزارت، سەمفۆنیای پێنجەمی بیتهۆڤن، هەروەک چۆن لە کارەکانی بارتۆک، دێبوسی و سخوبێرت[94] دەردەکەوێ. ئەم ژمارەیەی فای وەک لانگدن پێیگوتن، ستراديڤاريوس[95]یش بۆ پێوانەکردنی دانانی کلیلەکانی سەر کەمانچە ناودارەکەی دابینابوو.

– "لە کۆتاییدا،" لانگدن وایگوت و بەرەو لای تەختەڕەشەکە چوو، "با بگەڕێینەوە سەر هێمایەکان." ئەو پێنج هێڵی سەرنجڕاکێشی بۆ دروستکردنی ئەستێرەی پێنج گۆشەی کێشان. "ئەم هێمایە یەکێکە لە بەهێزترین نیگار، کە ئێوە لەم قۆناغەی خوێندندا بیبینن. بە شێوەیەکی فەرمی بە پێنج گۆشەیی یان پێنج لا ناسراوە، هەروەک چۆن پێشینان پێیان دەگوت، ئەم هێمایە لای زۆر لە کلتوورەکان لەبەرچاوگرتنی هەردوو لایەنی خودایی و جادوویانەیە. ئایا کەسێک هەیە پێم بڵێ بۆ وایە؟"

ستێتنەر، خوێندکارەکەی بیرکاری، دەستی خۆی بڵند کرد. "چونکە ئەگەر تۆ ئەستێرەیەکی پێنج خاڵی بکێشی، هێڵەکان خۆیان ئۆتۆماتیکیانە بەگوێرەی ڕێژەی خودایی دابەش دەبنە سەر بەشەکانیان."

لانگدن هێمایەکی شانازیپێوەکردنی بۆ خوێندکارەکە کرد. "کارێکی نایاب. بەڵێ، ڕێژەی هێڵی بەشەکان لە ئەستێرەی پێنج لادا هەموویان یەکسانن بە فای، ئەمەش وا لەو هێمایە دەکا بێ ڕکابەر دەربڕی ڕێژەی خودایی بێ. هەر لەبەر ئەم هۆیە، ئەستێرە پێنج پنتەکە هەمیشە هێمای جوانی و تەواوعەیاری بووە، کە تەواو لەگەڵ خواوەندی مێینە و مێینەی پیرۆزدا هاتۆتەوە."

کیژەکانی پۆلەکە چاویان لەیەک تروکاند.

– "هۆ گەنجینە، یەک تێبینی دیکە، ئێمە ئەمڕۆ تەنها لە داڤینشی نزیک بووینەوە، بەڵام لە ماوەی دادێی خوێندنەکەماندا، شتی زۆرتر تاوتوێ دەکەین. لیۆناردۆ داڤینشی

---

[93] Parthenon

[94] Bartok, Debussy and Schubert

[95] Stradivarius

خۆتەرخانکەرێکی بەڵگەدارانەی شێوازەکانی کۆنی خوایە مێینەکان بووە. بەیانیش تابلۆیەکی گەچینی **دوا خوانی شێوان**[96] ، کە یەکێکە لەهەرە دڵگیرترین بەشداری مێینەی پیرۆز کە تا ئێستا بینیبێتتان، نمایش دەکەین."

- "تۆ گاڵتە دەکەی، وانییە؟" یەکێک لە ئامادەبووان وای گوت. "من وام زانیوە کە تابلۆکە **دەربارەی عیسایە!"**

- لانگدن چاوێکی لێداگرت. "لەوێدا هێماگەلی وا لەبن شاکارەکان شاردراونەتەوە، هەرگیز پەی پێنابەی."

- "دەی خێرا،" سۆفی بە سرتەیەکەوە، "چی شاش لە گۆڕێدایە؟ دەی خەریکە دەگەینە ئەوێ، خێراکە!"

لانگدن سەری بەرز کردەوە، هەستی کرد لە هزرکردنەوەیەکی دوورەوە دەگەڕێتەوە. پەی بەوە برد، کە لەسەر پەیژەیەکی بنبەست ڕاوەستاوە، بە هۆی شت بۆدەرکەوتنێک لە پڕەوە گۆد بوو.

*O, Draconian devil! Oh, Lame Saint!*

سۆفی ئاوڕێکی لێدایەوە.

***خۆ ناکرێ ئەوەندە سادە بێ،*** لانگدن وای بیرلێکردەوە.

بەڵام هەڵبەتە خۆ ئەو دەیزانی شتەکە وایە.

لەوێ لە هەناوی لۆڤەردا... بە وێنەی فای و داڤینشی مێشکی هەر گینگڵی دەخوارد، ئیدی لەپڕ و بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، ڕۆبەرت لانگدن کۆدەکەی شکاند.

- "O,Draconian devil!" ئەو وای گوت. "Oh, Lame saint!" ئەمە ئاسانترین جۆری کۆدە."

[96] The last Supper

سۆفی لە پەیژەی خوارەوەی ئەو وەستابوو، بە شڵەژاوی چاوی تێبڕی بوو. ***کۆدێک***؟ ئاخر ئەو هەموو شەوەکەی هەر بیری لە وشەکان دەکردەوە و هیچ کۆدێکی تێدا نەبینی، نەخاسمە یەکێکی سادە و ئاسان.

- "تۆ هەر بەخۆت گوتت." دەنگی لانگدن لە خۆشیان دەلەریەوە. " ژمارەکانی فیبۆناچی تەنها بە ڕیزبەندییەکی ڕێکوپێک واتای تەواوی خۆیان بەدەستەوە دەدەن، دەنا هەر حەلەق مەلەقێکی ماتماتیکانەیە و بەس."

سۆفی هیچ بیرۆکەکی نەبوو ئاخۆ لانگدن باسی چی دەکا. ***ژمارەکانی فیبۆناچی***؟ خاتوونەکە دڵنیابو لەوەی هیچ مەبەستێکی نەبووە، بەدەر لەوەی هۆبەی کۆدشکێن ئەمشەو لە لێکۆڵینەوەکە بگلێنێ. ***ئاخر ژمارەکان مەبەستێکی دیکەیان هەیە***؟ سۆفی دەستی بۆ بەرکی چاکەتەکەی بردەوە و کۆپی وێنەکەی دەرهێنا، دیسان لە پەیامەکەی باپیرەی ڕامایەوە.

13-3-2-21-1-1-8-5

O, Draconian devil!

Oh, Lame saint

***باشە چی دەربارەی ژمارەکان هەیە***؟

- "تێهەڵکێشی ڕیزبەندییەکەی فیبۆناچی کلیلێکە،" لانگدن کە کۆپی پەیامەکەی لێوەرگرت و گوتی؛ "ژمارەکان نیشانەن بۆ ئەوەی چۆن کۆدی باقی پەیامەکە بشکێندرێ. ئەو ڕیزبەندییەکەی بە ڕێکوپێکی نەنووسیوە، بۆ ئەوەی بڵێ هەمان شتیش بۆ نووسینەکە دروستە. ?O, Draconian devil! Oh, Lame saint ئەم دێڕانە هیچ واتایەکیان نییە. ئەوانە زۆر بە سادەیی تەنیا پیتگەلێکن بە ناڕێکوپێکی داندراون."

سۆفی پێویستی بە چرکەساتێک بوو تا ئەوەی لانگدن گوتی، هەرسی بکا، ئەمەش تەوسئاسا، سادە و ئاسان بوو. "تۆ پێت وایە ئەم پەیامە.. **کەزامزییە**[97]؟" خاتوونەکە لە لانگدن نزبووەوە. "هەروەک وشە تێکەڵاوەکانی ڕۆژنامە؟"

[97] کەزامزی: کاتی خۆی زمانێکی نهێنی نێو فەقێی حوجرەکان بوو، وشەکانیان هەڵدەگێرایەوە، یان پیتێکیان بۆ نێوانی هەموو پیتەکانی وشەکان زیاد دەکرد، ئەوسا پیتەکە گەر (ش) بوایە دەیانگوت کەزامزی بە شینێ، گەر (ق) بووایە، دەیانگوت کەزامزی بە قافێ و هتد.. ئیدی هەر خۆیان تێدەگەیشتن. نووسەریش لێرە وشەی Une anagrammeی فەڕەنسی بەکار هێناوە کە هەمان واتای جێگۆڕکی بە پیت کردن دەگەیەنێ. منیش بۆ ئەم شوێنە وشەی کەزامزیم بە گونجاو زانی. وەرگێر.

لانگدن دەیتوانی گومان لەسەر ڕووخساری سۆفی ببینێ، هەڵبەت لێیشی تێدەگەیشت. ئاخر کەسانێکی کەم هەبوون لە ڕاستکردنەوەی پیتەکان دەگەیشتن، هەرچەندە ببووە شتێکی بێ بایەخی ڕابواردن، لێ مێژوویێکی دەوڵەمەندی هێمای پیرۆز بوو.

دەرسە تەلیسماویەکانی کابالا[98] قوڕسبوو بوون بەوەی سەر لەنوێ پیتە عیبرییەکانیان ڕێک دەخستنەوە تا واتایەکی نوێ بەدەستەوە بدەن. شایەکانی فەرەنسیش لە ماوەی سەردەمی ڕێنیسانس(ڕاچەنین)دا ئەوەندە بڕوایان بە جادوویێتی ڕێخستنەوەی پیتەکان هەبوو، کارمەندی تایبەتیان بۆ دانابوون تا لە شیکردنەوەی بەڵگەنامە گرنگەکاندا یارمەتیان بدەن. هەڵبەتە ڕۆمانەکانیش ئاماژەیان بە خوێندنی ڕێکخستنەوەی پیتەکان بە ars magna "هونەرە مەزنەکە" کردبوو.

لانگدن تەماشای سۆفی کرد، ئیدی چاوەکانیان بە یەک گەیشتن. "مەبەستی باپیرەت زۆر دەمێکە ڕێک و ڕاست لەبەر دەممانە، بۆ ئەو مەبەستەش بایی خۆی کلیلی هەڵهێنانی مەتەڵەکەی بۆ بەجێ هێشتووین."

بێ هیچ قسەیەکی دیکە، لانگدن قەڵەمێکی لە بەرکی چاکەتەکەی دەرهێنا و پیتەکانی هەر دێڕێکی ڕێکخستنەوە.

O, Draconian devil!

Oh, Lame saint!

ڕێکخستنەوە فیتەکە بووە....

Leonardo da Vinci!

The Mona Lisa!

لیۆناردۆ داڤینشی!

مۆنالیزا!

---

[98] Kabbala نەریتێکی تەلیسماوی کۆنینەی جووەکانە بۆ ڕاڤەکردنی تەورات، سەرەتا بە زارەکی بووە، دوایی بۆتە شێوازێکی شیتەڵکردن کە ژمارەشی لەخۆ گرتووە، لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا هەرمێنێ باشی پەیداکرد و لەنێو هاسیدابیەکان هێشتا شتێکی بەرچاوە. وەرگێڕ.

# بەندی ٢١

**مۆنا لیزا.**

سۆفی بۆ چرکە ساتێک بەوەستاوی لەسەر دەرچەی پەیژەی دیوارەکەدا، هەموو شتێکی سەبارەت بە هەوڵی دەرچوون لە مۆزەی لۆڤەر فەرامۆش کرد.

هێدمەگرتنەکەی دەربارەی ڕێکخستنەوەی پیتەکان زۆر مایەی هەراسانی بوو بۆی، ئاخر نەیتوانیبوو کۆدی پەیامەکە بشکێنێ. پسپۆڕێتییەکەی لە بواری شیتەڵکردنەوەی کۆد و مەتەڵە ئاڵۆزەکان دادی نەدابوو سادەترین گەمەی وشەکان هەڵبێنێ، کەچی هێشتاش دەبوایە هەر بە خۆی مەتەڵەکەی بەرچاوی هەڵێنابوایە. ئاخر خۆ لە دوای هەموو شتێکیش، ئەو بە ڕێکخستنەوەی پیتەکان نامۆ نەبوو، بەتایبەتی لە زمانی ئینگلیزیدا.

کە هێشتا کیژۆڵە بوو، زۆر جاران باپیرەی دەیەویست گەمەی ڕێکخستنەوەی پیتەکان بهێنێتەوە ماڵ تا ڕێنووسی ئینگلیزییەکەی پێ بەهێز بکا. جارێکیان وشەی هەسارەکانی بە ئینگلیزی (planets) بۆ نووسی و پێشی گوت کە بیست نۆ وشەی سەرنجڕاکێشی دیکەی ئینگلیزی هەن، بە هەمان درێژی وشەی ناوبراون و لە هەمان پیتەکانیش پێکهاتوون. ئیدی سۆفی سێ ڕۆژی ڕەبەق لەگەڵ فەرهەنگی ئینگلیزی خەریک بوو تا هەموویانی دۆزینەوە.

- "من ناتوانم ئەوە بێنمە بەرچاوی خۆم،" لانگدن بوو سەیری کۆپی وێنەی پەیامەکەی دەکرد و گوتی، "چۆن باپیرەت لە چەند خولەکێکی سەرەمەرگدا، توانیویەتی ئەو یارییە ئاڵۆزەی حینجەیی پیتەکان دروست بکا."

سۆفی ڕوونکردنەوەکەی دەزانی و لێتێگەیشتنیشی دۆخەکەی شەپرێوتر[99] کرد. ***من دەبوایە ئەوەم بدیبایە!*** ئەو ئێستا باپیرەی بیرهاتەوە، ئەو پیاوە یاریکەرە بە وشە و عاشقی هونەر، کاتێکیش کە گەنج بووە خۆشی لە داهێنان و دۆزینەوەی تێکەڵکردن و ڕێکخستنەوەی پیتەکان و کاری ناوداری هونەری بینیوە، کاتی خۆی بۆ تەرخان کردووە. لە ڕاستیشدا جارێکیان کارێکی پیت تێکەڵکردن و ڕێکخستنەوەیان تووشی گرفتی کردووە، ئەوکات سۆفی منداڵێکی بچکۆلانە بووە. کاتێک لە لایەن گۆڤارێکی ئەمریکی دیدارێک لەگەڵ سانییێر ساز دەکرێ، ئەویش

[99] شەپرێوتر: شێواوتر، خراپتر،

قێزبوونەوەی خۆی لە بەرانبەر بزووتنەوەی هونەری شەشپاڵوو دەربڕی، سەرنجی خراپی بە جێگۆڕکێی گەمەی پیتەکان لەسەر شاکارەکەی پیکاسۆ بەناوی خانمانی دەڤینیان les Demoiselles d'avignon دەربڕیبوو، کردبوویە وێنەیەکی پیسی بێ واتای مردوو vile meaningless doodles. لەسەر ئەمە لایەنگرانی پیکاسۆی لێ پەست بوون.

– "پێدەچی باپیرەم زۆر لەمێژ بێ جێگۆڕکێی پیتەکانی مۆنالیزای دروست کردبێ،" سۆفی بەدەم ئەم گوتنە نیگای چاوی بڕییە سەر لانگدن. ***ئەمشەویش ناچاربوو شتەکە وەک فێڵە کۆدێک بەکاربێنێ.*** دەنگی باپیرە لە پشتەوە بە شێوەیەک هاواری بۆکرد، موچڕکی پێداهێنا.

لیۆناردۆ داڤینشی!

مۆنالیزا!

تۆبڵێ بۆچی دوا وشەکانی ئاماژە بن بۆ تابلۆ بەناوبانگەکە، سۆفی لەو بارەیەوە هیچ بیرۆکەکی نەبوو، بەڵام دەکرا بیر لەیەک ئەگەر بکاتەوە. ئەوەش بیرۆکەیەکی هەراسانکەر بوو.

***ئەم وشانە دوا وشەی ئەو نین...***

تۆبڵێی ئەوەی لەسەر بێ سەردانی مۆنالیزا بکا؟ تۆبڵێی باپیرەی پەیامێکی لەوێ بۆ دانابێ؟ بیرۆکەکە پێدەچوو زۆر دروست بێ. خۆ دوای هەموو شتێکیش، تابلۆ ناودارەکە لە سالۆنی دەوڵەتان، کە ژوورە نمایشگەیەکی تایبەتە و تەنها لە ڕێڕەوی گراندگەلەریشەوە بۆی دەچێ، هەڵواسراوە. لە ڕاستیدا، سۆفی پەی بەوە برد، ئەو دەرووانەی بۆ نمایشگەکە کراونەتەوە، هەر بیست مەترێک لەو شوێنەی باپیرەی بە مردوویی لێیدۆزرایەوە، دوور بوو.

***کەواتە ئەو بەر لە مردنی بە ئاسانی دەیتوانی سەردانی مۆنالیزا بکا.***

سۆفی نیگای گەڕاندەوە سەر دەرچە پەیژەی ناچاری و هەستێکی وای بۆ دروست بوو، لەسەر دووڕیانە. ئاخر دەبوایە دەستبەجێ لانگدن لە مۆزەخانەکە بباتە دەر و دەربازی بکا، کەچی هەستێکی خۆزایی پێچەوانەشی بۆ پەیدابوو، بەوەی هەر لەوێ بمێنێتەوە. کاتێکیش سۆفی یەکەمین سەردانی بە منداڵی بۆ لاباڵی (دینۆن) هاتەوە یاد، بەبیری هاتەوە، باپیرەی ڕازێکی هەبوو لەوێ بۆی بدرکێنێ، ئاخر هەر شوێنی دەگمەنی کەمی وەک بەردەم مۆنالیزای داڤینشی لەسەر زەوی هەبوون، کە بۆ نهێنێکی وا بشێن.

- "تابلۆکە لەوێیە، کەمێکی ماوە،" باپیرەکەی وای بەبن گوێدا چرپاند، دەستە بچکۆلانەکەی سۆفی گرتبوو، دوای سەعاتەکانی دەوام، بەنێو مۆزە چۆڵوهۆڵەکەیدا برد.

ئەوکات سۆفی شەش ساڵان بوو. کاتێ سەیری بنمیچە قەبە و ناوکەوە سەرسوڕهێنەرەکەی کرد هەستێکی وا سەرنجڕاکێشانەی بۆ نەبوو. ئاخر چۆڵوهۆڵی مۆزەکە ترساندی، هەرچەندە واشی نەکرد، باپیرەکەی پێ بزانێ. دانەکانی توند گیرساندبوونە سەر یەک و دەستیشی لە دەستی باپیرەی بەردا.

- "ڕێک لەسەرەوە سالۆنی دەوڵەتانە،" ئەو کاتەی لە ژوورە هەر ناودارەکەی مۆزەکە نزیکبوونەوە، باپیرەی وای گوت. سەرباری وروژاوییە ڕاشکاوییەکەوی باپیرەی، سۆفی دەیەویست بگەڕێتەوە ماڵ. ئاخر کیژەکە وێنەی مۆنالیزای لەنێو کتێبان بینیبوو، هیچیش حەزی لێنەبوو. لەوەش تێنەدەگەیشت، ئاخۆ بۆچی هەمووان ئەو هەرایەی لەسەر دەکەن.

- "ئەوە زۆر بێزارکەرە،" سۆفی بە فەڕەنسی و بە منگەمنگەوە وای گوت.

- "هەراسان،" ئەو بۆی ڕاستکردەوە. "فەڕەنسی لە قوتابخانە و ئینگلیزیش لە ماڵ."

- "لۆڤەر ماڵی من نییە!" کیژەکە بە داڕسانەوە بە فەڕەنسی دوا.

- ئەویش بە لەخۆکردنێکەوە پێکەنی. "تۆ ڕاست دەکەی. دەی با هەر بۆخۆشی بە فەرەنسی بدوێین."

سۆفی گرژ بوو، لەسەر ڕۆیشتنیش بەردەوام بوو. کاتێکیش گەیشتنە سالۆنی دەوڵەتان، چاوەکانی سۆفی بە ژوورە تەنگەکەدا گەڕاند، شوێنە شەڕەفمەندەکەی بینی، سەنتەری دیوارەکە بەلای دەستەڕاستەوە، لەوێ بە تەنیا پۆرترێتێک لە پشت جامێکی لەشکاننەهاتوو داندرابوو. باپیرە لە نێو دەرگەکەدا وەستا و ئاماژەی بۆ نیگارەکە کرد.

- "دەی سۆفی، برۆ پێش. کەم کەس دەرفەتی وایان دەبێ لەو نزیکە و بەتەنیا لەبەردەمی بوەستن." سۆفی تووڕەیی خۆی خواردەوە، بە هێواشی بەنێو ژوورەکەدا ڕۆیشت. خۆ دوای هەموو شتێکیش ئەو دەربارەی مۆنالیزای بیستبوو، لێ ئێستا هەستی کرد وەک ئەوەی لە شتێکی شاهانە نزیک دەبێتەوە. بەگەیشتنە بەردەم شووشە لەشکان

نەهاتووەکە، سۆفی هەناسەی خۆی ڕاگرت و سەری بەرزکردەوە، بە یەکجار سەیری کرد.

سۆفی نەیدەزانی ڕەچاوی چ هەستێک دەکا، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوە نەبوو کە هەستی پێکرد. شتەکە نەبووە مایەی سەرسامی. نەبووە مایەی کاراگازێتیش. ڕووخسارە ناودارەکە هەروەک ئەوەی نێو کتێبان وابوو. کیژەکە لەبەردەمیدا بە بێدەنگی وەستا، هەستێکی وای بۆ پەیدا بوو وەک ئەوەی هەمیشە لەوێ وەستابێ، چاوەڕێی شتێک بکا ڕووبدا.

- "ئێ، کەواتە پێت چۆنە؟" باپیرەی وای گەیشتە پشتی و بە گوێدا چرپاند، "جوانە، بەڵێ؟"
- "ئەوەندە وردیلە؟"
- سانییێر خەندە گرتی. "تۆش بچووکی و جوانیشی."

***من جوان نیم***، کیژەکە وای بیرکردەوە. ئاخر سۆفی ڕقی لە پرچە سوورەکەی و خاڵدارێتی ڕوومەتی بوو، هەروەها ئەو لە پۆلی خۆیدا لە هەموو کوڕە هاوپۆلەکانی گەورەتر بوو. ئاوڕێکی لە مۆنالیزا دایەوە و سەرێکی بادا. "خۆ لەوەش پۆلکترە کە لە کتێباندا هەیە. دەمووچاوی... تەماوییە."

- "تەماوی،" باپیرەی بە ئینگلیزی بۆی ڕاستکردەوە.
- "تەماوی،" سۆفی وای دووبارە کردەوە، دەشیزانی دەمەتەقێکەیان نابڕێتەوە تا وشە نوێیەکەی نێو وشەدانەکە بەکار نەهێنێ.
- "ئەمەش پێیدەڵێن شێوازی Sfumato سفوماتۆ، (تێکەڵەیەکی بەرەبەرەیی ڕەنگەکان)ی تابلۆکێشان. ئاخر لیۆناردۆ داڤینشی لەمەیاندا لە هەموو کەس لێزانتر بوو."

هێشتاش سۆفی حەزی لە تابلۆ نەبوو. "ئەو واپێدەچێ شتێک بزانێ... وەک ئەوەی منداڵێک لە قوتابخانە ڕازێکی هەبێ."

باپیرە پێکەنی. "ئەوەش بەشێکە لەوەی کە بۆچی وا ناودارە. خەڵک حەز دەکا ئەوە بخەمڵێنی، بۆچی زەردەخەنەیەتی."

- "تۆ دەزانی بۆچی پێدەکەنێ؟"

- "لەوانەیە." باپیرە چاوێکی لێداگرت. "ڕۆژێک دێ هەموو شتێکت لەبارەیەوە پێدەڵێم."

- سۆفی پێیەکی لە زەوی دا. "ئاخر پێمگوتی حەزم لە ڕازوماز نییە!"

- "شازادەخاتوون،" باپیرە بە خەندەوە. "ژیان پڕیەتی لە نهێنی. خۆ ناتوانی هەموویان بەسەریەکەوە بزانی."

- "من دەگەڕێمەوە سەرەوە" سۆفی وای جاڕدا، دەنگیشی لە بۆشایی پەیژەکانی دیوارەکەدا سەدای دایەوە.

- "بۆ لای مۆنالیزا؟" لانگدنیش لێیپرسی. "هەر ئێستا؟"

- سۆفی سەرچڵییەکەی بەهەند هەڵگرتبوو. "من بکوژە گومانلێکراوەکە نیم. دەبێ دەرفەتەکەی خۆم بقۆزمەوە. پێویستە لەوە تێبگەم، ئاخۆ باپیرەم هەوڵیداوە چیم پێبڵێ."

- "باشە ئەدی چی دەربارەی باڵوێزخانەکە؟"

سۆفی هەستی بە خەتایەک کرد، ئاخر وای لە لانگدن کرد لەدەستی ئەوان هەڵبێ، کەچی ئێستا بژاردەیەکی دیکەی لێگرتووە. ئاماژەیەکی بۆ پەیژەکان کرد، کە دەچووە سەر دەرگایەکی ئاسنین. "بە نێو ئەو دەرگەیەدا بڕۆ، ئیدی بە دوای دەرچە نیشانە پڕشنگدارەکان بکەوە. باپیرەم منی بێرەدا هێناوە. ئەم ئاماژانە دەتگەیەننە دەرگەیەکی خولخولۆکی سەلامەت. دەرگەیەکە یەک سەرەیە و بۆ دەرەوە کراوەتەوە." سۆفی سویچی ترومبێلەکەشی ڕادەستی لانگدن کرد. "ترومبێلەکەم سمارتێکی سوورە لە شوێنی کارمەندان ڕاگیراوە. ڕاستەوخۆ لەپێش بەربەستەکە. خۆ دەزانی چۆن خۆت بگەیەنیتە باڵوێزخانەکە؟"

لانگدن سەری بۆ لەقاند، چاویشی لەسەر سویچەکەی نێو دەستی بوو.

- "گوێبگرە،" سۆفی وای پێگوت و دەنگیشی نەرم بووەوە. "لەو بڕوایەدام باپیرەم پەیامێکی لای مۆنالیزا بۆ بەجێهێشتبم، شتێک، جۆرە مەتەڵێک وەک ئەوەی کێ کوشتوویەتی. یان بۆچی ئێمە لە مەترسی داین." ***یاخود چی بەسەر خێزانەکەمدا هاتووە.*** من دەبێ بڕۆم و ببینم."

- "بەڵام خۆ ئەگەر ویستبێتی پێت بڵێ تۆ لەمەترسی دای، بۆ لەو کاتەی دەمرد، سادە و ساکار پەیامێکی بۆ بەجێ نەدەهێشتی؟ بۆچی ئەو یارییە وشە ئاڵۆزەیە؟"

- "هەرچیەک باپیرەم هەوڵی دابێ پێم بڵێ، پێم وانیە ویستبێتی کەس پێی بزانێ. تەنانەت پۆلیسیش." ئاشکرا و ڕوون باپیرەی سۆفی هەموو شتێکی لە توانایدا هەبووە، کردوویەتی تا ئاماژەیەکی متمانەدار بگەیەنێتە سۆفی. ئەو شتەکەی بە کۆد بۆ نووسی، کۆدەکەش دوو پیتە نهێنییەکەیشی تێدابوو، هەروەها پێیگوتبوو ڕۆبەرت لانگدن بدۆزێتەوە، ڕێنماییەکی هۆشمەندانە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هێماناسە ئەمەریکاییە بۆ شکاندنی کۆدەکە. "وەک شتێکی نامۆش دەردەکەوێ،" سۆفی وای بە لانگدن گوت، "پێموایە ئەو دەیەوێ بەر لەهیچ شوێنێکی دیکە ، بچمە لای مۆنالیزا."

- "منیش دێم."

- "نەخێر! من نازانم ئاخۆ تا چەندی دیکە گراندگەلەری بە چۆڵی دەمێنێتەوە. تۆ دەبێ بڕۆی."

دیاربوو لانگدن دوودڵ بوو، وەک ئەوەی لایەنە پرسنییە ئەکادیمییەکەی هەڕەشەی لێبکا و دەنگەکەی بەسەر دادەوەرییەکەی زاڵ بکا و بیخاتە بەردەستی فاشێ.

- "دەی ئێستا بڕۆ." سۆفی ئەمەی بە خەندەیەکی پێزانینانەوە پێگوت. "جەنابی لانگدن، من لە باڵوێزخانەکەدا دەتبینمەوە."

- لانگدنیش بە نارەحەتی چاوێکی لێکرد. "بە یەک مەرج لەوێ دەتبینمەوە،" بە دەنگێکی لێبڕاوانە وەڵامی دایەوە.

- خاتوونەکەش ئیستێکی حەپەساوییانەی بۆکرد. "مەرجەکە چییە؟"

- "نابێ بە جەنابی لانگدن بانگم بکەی."

سۆفی هەستی بە نیشانە خەندەیەکی لاوەکی لەسەر ڕووخساری لانگدن کرد، ئەویش بە خۆی هەستی بە خەندەکە کردەوە. "ڕۆبەرت، بەختێکی باش."

کاتێکیش لانگدن گەیشتە سەر دوا پەیژەی خوارەوە، بۆنێکی ئاشنای تۆوی کەتان و تۆزی پلاستەر بەر کەپووی کەوت. ڕاستەوڕاستیش نیشانە درەوشاوەکانی ***دەرچوون*** و تیرەکان ئاماژەیان بۆ خوارەوە بۆ دالانێکی دوورودرێژ دەکرد.

لانگدن هەنگاوی بەرەو ڕاڕەوەکە نا.

کەلێنە تاریکەکەی لای ڕاست ستۆدیۆی چاککردنەوە بوو، سوپایەک لە کۆتەڵ بە بارستە و قەبارەی جیاجیاوە داندرابوون و چاوەڕێی نۆژەنکردنەوەیان دەکرد. لەلای دەستە چەپیشەوە، لانگدن لاباڵی ستۆدیۆی وای دی کە لە پۆلەکانی هونەری هارڤارد دەچوو، ڕیزێک ڕاگر، تابلۆ، تەبەقە کارتۆن، کەرەستەی چوارچێوە، هێڵی هونەری بینی.

کاتێکش بەناو ڕاڕەوەکەدا شۆڕبۆوە، لانگدن مەراق ما، لەوەی لەهەر ساتێک لەنێو پێخەفەکەی لە کامبریج لەخەو هەڵبستێ. ئاخر سەرتاپای شەوەکەی هەستی بە خەونێکی ناخۆش دەکرد. ***من خەریکە وەک هەڵاتووێک... لەم لۆڤەرە دەردەچم.***

هێشتاش گەمەی پیتی زیرەکانەی سانییێر لە مێشکی لانگدندا گینگڵی دەخوارد، لانگدن مەراق ما ئاخۆ سۆفی لەلای مۆنالیزادا چی دەدۆزێتەوە... خۆ ئەگەر شتێکیش بدۆزێتەوە. سۆفی دڵنیا بوو لەوەی مەبەستی باپیرەی بوو، یەک جاری دیکە سەردانی تابلۆ ناودارەکە بکاتەوە. دیاربوو شیکردنەوەیەک لەوێ هەیە، ئیدی لانگدن بە کێشەیەکی دژیەک گیرۆدە ببوو.

***پی. ئێس ڕۆبەرت لانگدن بدۆزەرەوە.***

ئاخر سانییێر ناوی لانگدنی لەسەر ناوکەوەکە نووسیبوو، فەرمانیشی بە سۆفی کردبوو بیدۆزێتەوە. بەڵام بۆچی؟ هەر بۆ ئەوەی یارمەتی سۆفی لە هەڵێنانی گەمەی پیتەکان بدا؟

***پێناچێ ئەمە زۆر دروست بێ.***

خۆ لە دوای هەموو شتێکیش، سانییێر هیچ هۆکارێکی نەبوو، پێیوابوو لانگدن توانستێکی تایبەتمەندانەی لە هەڵهێنانی گەمەی ڕێکسختنی پیتەکاندا هەیە. ***ئاخر ئێمە هەرگیز یەکدیمان نەبینیوە***.. لەوەش گرنگتر، سۆفی لەبارێکدا بوو هەر بە خۆی مەتەڵی ڕێکخستنەوەی پیتەکان هەڵبێنێ. ئاخر ئەدی هەر سۆفی نەبوو بێ دوودڵی ڕیزبەندی فیبۆناچی دەستنیشان کرد و ، گەر هاتبا و سۆفی هەندێ کاتی زیاتری هەبووایە، هەر بە خۆیشی کۆدی پەیامەکەی بەبێ یارمەتی لانگدن دەشکاند.

***وا داندرابوو سۆفی بە تاک و تەنیا مەتەڵی پیتگۆڕکێکانی هەڵێنابا.*** لانگدن لەپڕێکەوە هەستی بەوە دەکرد لەم پرسەدا زیاتر دڵنیایە، کەچی هێشتاش بەرەنجامەکە کەلێنێکی پێشچاوی لە لۆژیکی کردەوەکەی سانییێر بەجێ هێشتووە.

***بۆچی من؟*** لانگدن مەڕاق ما، بەرەو هۆڵەکەش شۆڕ دەبۆوە. ***ئەرێ بۆچی سانێییری سەرەمەرگ ویستوویەتی کچە خۆدوورخەرەوەکەی من بدۆزێتەوە؟ ئایا ئەوە چییە کە سانییێر پێی وابووە من دەیزانم؟***

بە ڕاهەژانێکی چاوەڕواننەکراو، کەمێ وەستا. بە چاوی مۆللەقەوە دەستی بۆ بەرکی برد و وێنە کۆپیە کۆمپیوتەرییەکەی دەرهێنا. چاوی لە دوا دێڕی پەیامی سانێر کردەوە.

P.S Find Robert Langdon.

پی. ئێس ڕۆبەرت لانگدن بدۆزەرەوە.

تیشکۆی بیری خستە سەر دوو پیتەکە: P.S پی. ئێس

بۆ ساتێک مەتەڵە تێکەڵاویە هێمایەتییەکەی سانییێر تیشکۆیەکی ڕوونی چڕوپڕی کەوتەسەر. وەک دەنگی هەورەتریشقەیەک، کارنامەی شایستەی هێماناسی و مێژوویی بەسەری دابارین. هەموو شتێکی ژاک سانییێر کە ئەم شەو کردبوونی، واتای تەواویان بەرجەستە دەکرد.

بەبیرکردنەوە لانگدن هەوڵیدا لێکەوتەکانی هەموو واتاکان لەخۆ بگرێ. بایدایەوە، چاوی لەو ڕێگایە کردە کە تازە پێدا هاتبوو.

***تۆبڵێی کات مابێ؟***

دەشیزانی ئەمە کێشەیەک نابێ.

ئیدی لانگدن بە بێ دووڵی بە هەمان پەیژەکان بەرەو سەرەوە هەنگاوی نایەوە.

سیلاس بە چۆکدادان لەبەردەم یەکەم تەختەبەندەکە، وای نمایش دەکرد گوایە نوێژدەکا، کەچی چاویشی بە سەرتاپای ئەو ناوە دەگێڕا. سێینت سەپلایس وەک زۆرینەی کڵێساکان، لەسەر شێوەی خاچێکی قەبەی ڕۆمانی دروست کراوە. هۆبەی مەڵبەندە درێژەکەی -هۆڵی کڵێساکە- ڕاستەوخۆ دەچووە سەر قوربانیگەی سەرەکی، لەوێوە دەچووە سەر دووڕیانێکی کورتتری نێوخۆیی کە بە لاباڵی کڵێسا دەناسرا. ئەو دووڕیانەی هۆڵ و لاباڵەکە ڕاستەوخۆ کەوتبونە ژێر گومبەزەکە و بە دڵی کڵێساکە دادەندران ... پیرۆزترین و تەلیسماویترین پنت بوون.

***نەخێر، نەوەک ئەمشەو***، سیلاس وای بیرکردەوە. ***سێینت سەپلایس نهێنییەکانی لێرە لە شوێنێک شاردۆتەوە.*** سەری خۆی بۆ لای دەستە ڕاست وەرسووڕاند، نیگای لەلا باڵی خواروو بڕی، بەرەو لای ناوچەی ئۆپێرا[100] لەسەر ناوکەوەکە بۆ دوور بۆ کۆتایی تەختەبەندەکە ڕووانی، بۆ ئەو شوێنەی کە قوربانییەکە ناونیشانی هەڵدابوو.

***شتەکە لەوێیە.***

ناوکەوێکی گرانیتی بۆر، هێڵی درەوشاوەی زیوینی بەردەکان دەبریسکانەوە... هێڵێکی زێڕینی لار ناوکەوی کڵێساکەی دەبڕی. هێڵەکە نیشانەی وەک نمرەی ڕاستە لەسەر بوون. ئەوەش دەرزیلەی کاتژمێر بوو، ئاخر بە سیلاس گوترابوو، ئامێرێکی گەردووناسی بتپەرستەکانە و لە کاتژمێری ڕۆژ دەچێ. گەشتیار، زانا، مێژوونووس و خوانەپەرستانی هەر چوار کەناری دنیایێ دێنە کڵێسای سێینت سەپلایس تا ئەم هێڵە ناوادارەی ببینن.

***هێڵە پەمەییەکە.***

بە هێواشی چاوەکانی سیلاس بە شوێن هێڵە مسیینەکە ڕۆیشت کە بە بەردەمیدا ڕەت دەبوو، ناوکەوەکەی بەلای ڕاست و چەپ دادەبڕی، لەبەردەمیشدا بە هێڵێکی لار ئاماژەی بە گۆشەیەکی ناقۆلا دەکرد، ئەمەیان سەرتاپا لەگەل هاوڕێکی کڵێسا نامۆ بوو. تەنانەت هێڵەکە خودی قوربانیگەکەشی دەکردە دوو لەت، هێڵەکە بۆ سیلاس وەک درزی برینێک بوو لەسەر ڕووخسارێکی جوان و قەشەنگ. هێڵەکە بەربەستە دارینەکەی قوربانیگەکەشی دەکردە

[100] Opera مەبەست ئەو سەکۆیەی کە کۆڕاڵی سرووده دینییەکانی لێرادەوستێ.

دووبەش و بەنێو پانتایی کڵێساکەدا دەڕۆیشت، لە کۆتاییشدا دەگەیشتە سووچەکەی لابالی سەرووی کڵێساکە، لەوێیش دەگەیشتە بنکەیەک لە تەلارسازییکی زۆر نامۆ.

قووچەکێکی میسری زەبەلاح.

لێرەوە، ئەم هێڵە پەمەییە درەوشاوەیە بارێکی نۆهەد پلەی شاقوولی وەردەگرێ و دەسوڕێتەوە، ئەوسا لەسەر هێلی خۆی بەردەوام دەبێ تا دەگاتە بیچمی قووچەکەکە، لەوێیش سی و سێ پێ بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە دوندی[101] هەرەمەکە و کۆتایی دێ.

ئەم هێڵە گوڵەڕەزییە، سیلاس بیری کردەوە، ***دەستەی برایەتی بەردە کلیلەکەیان لێرە لە بن هێڵەکەدا شاردۆتەوە***.

هەر ئەمشەو کاتێک سیلاس بە مامۆستای ڕاگەیاند بەردەکلیلەکە لە کڵێسایی سێینت سەپلایس شاردراوەتەوە، ئەو شتەکەی بە گومانەوە وەرگرت. بەڵام کاتێک سیلاس ئەوەی بۆ زیادکرد، دەستەی برایەتی دەقاودەق شوێنەکەیان پێگوتبوو، شتەکەش پەیوەندی بەو هێڵی مسینە هەیە کە بەنێو سێینت سەپلایسدا دەڕوا، ئینجا مامۆستاکە رازەکەی بۆ دەرکەوت. "تۆ باسی هێڵی پەمەیی دەکەی!"

مامۆستا بە خێرایی باسی تەلارسازییە سەیروسەمەرەکەی سێینت سەپلایسی بۆ کردبوو، هێڵە مسینەکە هەیوانە پیرۆزەکەی کڵێساکە بە دروستی دابەش دەکاتە سەر تەوەرەکانی باکوور و باشوور. ئەمەش جۆرە کاتژمێرێکی ڕۆژی زۆر کۆن بوو، پاشماوەی پەرستگایەکی بتپەرستان لەڕۆژگارێکدا لەو شوێنەی ئێستایدا بووە. تیشکەکانی ڕۆژ کاتێک لە دەلاقەکانی دیواری لای باشووەرە هەڵدێن، زیاتر دەڕۆن و ڕۆژانە دەکەونە سەر هێڵەکە، بەمەش ئاماژەی کاتی ڕابردوو دەکا، هەر لەگەڕانەوەی ڕۆژ لە زستان بۆ گەڕانەوەکەی لە هاویندا.

ئەو هێڵەی باکوور- باشوور بە هێڵی پەمەیی ناسراوە. بۆ چەندین سەدە، هێمای گوڵەڕەز لەگەڵ نەخشەکان تاکە ڕێنوێنی ئاراستەکان بووە. ڕووگەنامەی پەمەیی، لەسەر هەموو نەخشەکاندا ئاماژەی بە باکوور، باشوور، ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا دەدا. لەبنەڕەتیشدا بە بای گوڵەڕەزی ناسراوە کە ڕاستەوخۆ هێمای سیودوو با بوو، بە ئاراستەی هەشت بایە سەرەکییەکان، نیوەی هەشت با و شازدە چارەگە بایەکان هەڵیان دەکرد. کاتێکیش نیشانەنمای

[101] دوند: لووتکە، تۆقەڵ.

نێو بازنەکە، سیودوو پنتی ڕووگەنمایەکە ڕێک بەقەد سیودوو پەڕەی گوڵەڕەز بوو. تا ئەمڕۆش، ئامێرە بنچینەییەکانی ڕێنیشانداندان هەر بە ڕووگەنمای گوڵەباخ ناسراون، هێشتاش ئاماژەی بەرەو باکووریان هەر بە تیرێک دەستنیشان دەکرێ... یان لەوەش زیاتر، زۆر باو، هێمای گوڵە شلێرە.

لەسەر گۆی زەویشدا، هێڵی پەمەیی – بە هێڵی نیوەڕۆ یان هێڵی درێژی ناسراوە- هەر هێڵێکی خەیاڵی کە جەمسەری باکوور بە هی باشوور دەبەستێتەوە. هەڵبەتە لەوێدا بێژمار هێڵی پەمەیی هەن، چونکە لەسەر زەوی دەتوانی هێڵی زۆر لە جەمسەری باکوور بۆ هی باشوور بکێشرێ. بەڵام پرسیارەکە بۆ دەریاوانانی پێشان ئەوەبوو، کامە هێلیان دەکرێ بە هێڵی پەمەیی دابندرێ –هێڵی سفری درێژی- ئەو هێڵەی تا بتواندرێ هەموو هێڵە درێژییەکانی زەوی پێ بپێورێ.

ئەمڕۆش هێڵەکە لە گرینیش[102]، لە ئینگلستانە.

هەمیشەش هەروا نەبووە. ماوەیەکی زۆر بەر لەوەی هێڵە سەرەکییە درێژەکە لە گرییش جێگیر ببێ، هێڵی سفری درێژی سەرتاپای جیهان ڕاستەوخۆ بە پاریس، بەنێو کڵێسای سێینت سەپلایسدا تێدەپەڕی. هێڵە مسینەکەی سێینت سەپلایس یادەوەری هێڵە درێژە سەرەکییەکەی جیهانە، هەرچەندە گرینیش ئەم شەڕەفەی لە 1888 لەپاریس ستاندەوە، لێ هێڵی پەمەیی تا ئەمڕۆش دیار و بیندراوە.

- "کەواتە ئەفسانەکە ڕاستە،" مامۆستاکە وای بە سیلاس گوت. "گوتراوە دەستەی برایەتی بەردە کلیلەکەیان لەبن نیشانەی هێڵە پەمەییەکەدا داناوە."

ئێستاش سیلاس هەر بەکڕنووشبردنەوە لەبەردەم تەختەبەندەکەدا سەیرێکی دەوروپشتی خۆی کرد، گوێی لە خشپەی مار و مێروو گرت، تا دڵنیا بێ هیچ کەسێکی بەسەرەوە نیە. بۆ ساتێک وای بیرکردەوە، گوێی لە کرتەیەک لە قەپەنگی کۆڕاڵەکە بوو. ئاوڕی دایەوە، بۆ چەند چرکەیەک سەیری کرد و گوێی هەڵبڕی، هیچ نەبوو.

***من بە تەنیام.***

[102] Greenwich

هەڵسایەوە، ڕووی لە قوربانیگەکە کرد و سێ جاران نوشتایەوە. ئینجا بەرەو دەستە چەپ وەرگەڕا و بە شوێن هێڵە مسینەکەدا بە ئاراستەی باکوور بۆلای قوچەکەکە ڕۆیشت.

لە هەمان کاتدا لە ڕۆما و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لیۆناردۆ داڤینشیدا، لەرزەی تایە بەزەوی کەوتنەوەی فڕۆکەکە ئارینگارۆسای مەترانی لە چاوگەرمکردنەکەی بێدار کردەوە.

***خۆ ئاگام لە خۆم بڕابوو***، وای بیرکردەوە، پێی سەیربوو بایی ئەوەندە پاڵیدابووەوە تا سەرخەوێک بشکێنێ.

- "بەخێربێن بۆ ڕۆما،" دەنگی مایکی نێوخۆی فڕۆکەکە وا هاواری کرد.

خۆی ڕاستکردەوە، دەستێکی بە خۆی داهێنا، عەبا کەشیشانەییەکەی چاککردەوە، ڕێگەی بەخۆی دا زەردەخەنەیەک بکا. ئەمە گەشتێکە ئەو پێی دڵخۆش بوو. ***ئاخر خۆ من بۆ ماوەیەکی درێژ هەر لەباری بەرەنگاریدا بووم.*** ئەمشەو ڕێساکان گۆڕان. تەنها هەر پێنج مانگ لەمەوبەر، ئارینگارۆسا لە ئایندەی بیروباوەڕەکە دەترسا. کەچی ئێستا، ئەگەر خوا حەز بکا، چارەسەریەکە هاتووە.

***دەستتێوەردانێکی خودایی.***

خۆ ئەگەر ئەمشەو لە پاریس هەموو شتێک بە گوێرەی نەخشەکە بڕوا، ئارینگارۆسا هەرزوو دەبێتە خاوەنی شتێک، وای لێدەکا لەنێو کریستیانێتیدا ببێتە دەستڕۆیشتووترین پیاو.

# بەندی ٢٣

سۆفی بە هەناسەبڕکێوە گەیشتە دەرەوەی دەرگا قەبە دارینەکەی سالۆنی دەوڵەتان، ئەو ژوورەی ماڵی مۆنالیزا بوو. بەرلەوەی بچێتە ژوور، بە چاوێکی دوودڵییانەوە سەیری قووڵایی داڵانەکەی کرد، ئاخر هەر بیست گەزێک لەولاوە، ئەو شوێنەی تەرمی باپیرەی لێکەوتبوو، بەدی دەکرا و هێشتا هەر لە ژێر تیشکەکەدا مابۆوە.

لەپڕێکەوە هەستێکی پەشیمانی توند بەسەریدا باڵکێش بوو، هەناسەیەکی سارد تێکەڵ بە خۆ بەتاوانزانینیش بوو. ئاخر پیاوەکە لە ماوەی ئەو دەیان ساڵەی ڕابردوو، زۆر جاران هەوڵی داوە پەیوەندی پێوە بکاتەوە، کەچی سۆفی لە بەرانبەردا بە نەگۆڕی و بێ باکی مایەوە، تەنانەت ئەو بارستە نامانەی لە ماوەی دە ساڵەکەدا بۆی نووسیبوون، هەر زەرفەکەشی هەڵنەپچڕی بوون. ***ئەو درۆی لەگەڵدا کردم! نهێنییێکی ترسناکی حەشار دابوو! باشە دەبوایە من چیم بکردبایە***؟ بۆیە سۆفی بە تەواوی ڕێگەی لە دیداری باپیرەی گرتبوو.

ئێستاش باپیرەی مردووە و لە گۆڕەوە قسەی لەگەڵدا دەکا.

***مۆنالیزا.***

سۆفی گەیشتە دەرگە دارینە قەبەکە و پاڵێکی پێوە نا. دەرگەکە زیڕەیەکی لێوەهات و لا شیپانەکانی کرانەوە. سۆفی بۆ خولەکێک لەسەر دەروازەکەی وەستا، چاوی بە ژوورە لاکێشەییەکەدا گێڕا. ژوورەکە لەبن بارانە تیشکێکی نەرمی سووورباودا بوو.

سالۆنی دەوڵەتان یەکێ بوو لە ژوورە بۆمبەستەکانی گراندگەلەری. ئەم دەرگەیە تاکە خاڵی پێداچوونەژوورەوە بوو، ڕووبەڕووی کارێکی (بۆتیچیلی) پازدە پێی سەر دیوار دەبیتەوە. لەبن تابلۆ دیوارییەکەشدا، ناوکەوە تایبەتمەندەکە چەق بوو، تەختەبەندێکی شێوە هەشت گۆشەییەکەی بۆ ئەو هەزاران سەردانکەری تاسەمەند داندرابوو، تا لەسەری دابنیشین و پێیەکانیان بحەسێتەوە، ئینجا بە ئارەزووی خۆیان سەیری شاکارە بەهادارەکانی لۆڤەر بکەن.

تەنانەت بەرلەوەی سۆفی پێ بنێتە ژوورەوە، دەیزانی شتێکی لێ ون بووە. ***تیشکە ڕەشەکە.*** چاوێکی بۆ خوار، بۆ هۆڵەکە کە باپیرەی لێ کەوتبوو، هەڵبڕی. تەرمەکە لە دوورەوە لە ژێر

تیشکەکەدا دیار بوو، کۆمەڵێ کەلوپەلیشی لە دەورە بوون. خۆ ئەگەر ئەو هیچ شتێکی لێرە نووسیبێ، ئەوا بێ سێ و دوو بە قەڵەمێکی مەرەکەبی ئاویی نووسیویەتی.

ئینجا بە هەناسەیەکی قووڵەوە، سۆفی خێرا بەرەو شوێنی تاوانەکە هەنگاوی نا. توانای ئەوەی نەبوو سەیری تەرمی باپیرەی بکا، تیشکۆی بیری خۆی خستە سەر کەلوپەلەکان. قەڵەمێکی تیشکی سەرووی بنەوشەیی بینی، دەستی دایە و خستیە بەرکی بلوزەکەی و خێراش گەڕایەوە لای دەرگە دارینە کراوەکەی سالۆنی دەوڵەتان.

سۆفی ئاوڕێکی لە سووچەکە دایەوە و پێی نایە سەر دەروازەکە. لێچوونەژوورەکەی ڕێکەوت بوو لەگەڵ ترپەی پێیەکی خێرا کە لەژوورەوە بەرەو ڕووی سۆفیەوە دەهات. ***هەر دەبێ کەسێک لێرە بێ!*** بیچمە تارماییەکە لەپڕ لە بن تەمومژی تیشکە سووربیاوەکە بەدیار کەوت. سۆفی هەنگاوێک بۆ دواوە کشایەوە.

- "ئەوە تۆی!" دەنگی گڕی سرتەی لانگدن لە هەوادا سەدای دایەوە و بیچمەکەشی بەرەو سۆفی بوو.

ئاسوودەییەکەی سۆفی تەنها خولەکێکی خایاند. "ڕۆبەرت، خۆ پێمگوتی دەبێ لێرە بڕۆی! ئاخر ئەگەر فاشێ ـــ"

- "ئەرێ تۆ لە کوێ بووی؟"

- من دەبوایە قەڵەمە تیشک ڕەشەکە بێنم،" سۆفی بە سرتەیەکەوە وای پێگوت و قەڵەمەکەشی بە دەستەوە گرتبوو. "خۆ ئەگەر باپیرەم پەیامێکی بۆ بەجێ هێشتبم ـــ"

- "سۆفی، گوێبگرە." لانگدن کاتێ چاوە شینەکانی لەسەر سۆفی گیر ببوو، هەناسەی ڕاگرتبوو. "پیتەکانی S.P... بەدەر لەوەی باست کرد، چ واتایەکی دیکەت بۆ دەدا؟ هەر شتێک بێ؟"

لە ترسی ئەوەی ڕەنگبێ دەنگەکەیان لە هۆڵەکەدا سەدای بداتەوە، سۆفی دەستی لانگدنی گرت و ڕایکێشایە نێو سالۆنی دەوڵەتان و دوولا شیپانەی قاپیەکەشی بە بێدەنگی پێوە دایەوە. "ئاخر پێمگوتی، پیتەکان کورتکراوەی واتای Princes Sofy شازادەخاتوون سۆفین."

- "ئەوە دەزانم، بەڵام ئایا لە هیچ شوێنی دیکە ئەم دوو پیتانەت بینیون؟ ئایا هیچ کاتێک باپیرە پی ئێسی بە شێوەیەکی دیکەی بەکار هێناون؟ وەک ئەوەی پیتەکان ئاماژە بە ناوێک بدەن، یان وەک نیشانەیەکی نامەگۆڕینەوە یان شتێکی کەسەکی؟"

پرسیارەکە سۆفی ڕاچڵەکاند. ***ئاخر چۆن ڕۆبەرت ئەم شتەی زانی***؟ هەر بە ڕاستیش سۆفی پێشتر جارێکیان هەردوو پیتەکانی وەک کورتکراوەیەک بینیبوو. ئەویش ڕۆژێک بەر لە نۆهەمین ساڵیادی لە دایکبوونی بوو. ئەو بە دزی بە نێو ماڵەکەدا دەسوڕا و دەگەڕا، بە دوای دیارییە نهێنیە شاردراوەکان عەوداڵ بوو. تەنانەت ئەو کاتیش حەزی نەدەکرد نهێنی لێبشاردرێتەوە. ***توبڵێی باپیرە بۆ جەژنی ئەم ساڵەم، چی بۆ هێنابم***؟ ئەو بەنێو دۆڵاب و چەکمەجەکان گەڕا. ***توبڵێی ئەو بووکەشووشەیەی بۆ هێنابم، کە حەزم پێیەتی؟ توبڵێی لە کوێی شاردبێتەوە؟***

سەروبنی ماڵەکەی لێکدا، هیچی نەدۆزیەوە. ئیدی سۆفی زاتی ئەوەی کرد بە پێدزیلکەوە سەرێکی هۆدەی نووستنی باپیرەشی بدا. ژوورەکە لە سۆفی پاوان بوو، بەدەرفەتی زانی ، ئاخر باپیرەی لە نهۆمی خوارەوە لەسەر قەنەفەکە ڕازابوو.

***هەر خێرا سەرێکی پێدا دەکەم!***

بەسەری پەنجە قاپیە دارینەکەی کردەوە و لێوەژوور کەوت، سەیری بن ڕەفەی جلەکانی کرد، هیچی نەدۆزیەوە. لە تەنیشت جلەکان سەیری ژێر پێخەفەکەی کرد. هەر هیچ نەبوو. بەرەو لای مێزەکەی چوو، چەکمەجەکانی کردنەوە، یەک لەدوای یەک، بە ئەسپایی گەڕا. ***خۆ هەر دەبێ شتێکی لێرە دانابێ!*** کاتێک گەیشتە چەکمەجەکەی خوارەوە، هێشتاش هیچ ئاماژەیەکی بۆ بووکەشووشەکەی نەدۆزیبوەوە. بە پەستییەکەوە، دوایەمین چەکمەجەی مێزەکەی کردەوە، لەناویدا پارچە قوماشێکی ڕەشی بینی، هەرگیز لەبەر باپیرەی نەبینیبوو. خەریک بوو چەکمەجەکە پێوە بداتەوە، لە بنەبانێی چەکمەجەکە چاوی لە تروسکاییێکی زێڕ کەوت. شتەکە وەک پاکەتە زنجیرە سەعاتێکی بەر یەخە دەچوو، بەڵام دەشیزانی باپیرەی هیچ کاتژمێرێکی لەم جۆرەی نەبوو. کاتێ بۆی دەرکەوت کە چییە، دڵی خێراتر کەوتە کوتەکوت.

***ملوانکەیەک!***

سۆفی بە وریاییەوە زنجیرەکەی لە چەکمەجەکە دەرکێشا. بۆ مایەی سەرسامی، لە کۆتایی زنجیرەکەدا کلیلێکی نایابی ئاڵتوونی پێوەبوو. شتێکی قوڕس دەدرەوشایەوە. بە تامەزرۆوە

دەستی دایە و بەرزی کردەوە. شتەکە بە کلیلێک دەچوو هەرگیز نەیبینیبوو. ئاخر زۆربەی کلیلەکان تەختن و دانەیان لە کۆتاییەکەیدا هەیە، بەڵام ئەم شتە ستونێکی سێ گۆشەییە و چەند خاڵێکی وردیشی بە هەموولادا پەرشوبڵاوبوونەتەوە. سەرە گەورە ئاڵتوونییەکەی لە شێوەی خاچێک بوو، بەڵام خاچێکی ئاسایی نەبوو. ئەمەیان قۆڵەکانی هەروەک نیشانەی کۆ یەکسان بوون. لە نێوەڕاستیشدا هێمایەکی دوو پیتی سەیری لەسەر هەڵکەندرا بوو، پیتەکان بە شێوەیەکی ئاوێزانی گوڵداری نەخشین چووبوونەوە ناو یەک.

– "P.S پی ئێس،" سۆفی چرپاندی، کاتێک پیتەکانی خوێندەوە، نێوچاوانی گرژ بوو. ***ئەرێ ئەمانە چین؟***

– "سۆفی؟" باپیرەی لە دەرگاکەوە وەستابوو، بانگی کرد.

بە حەپەساوییەوە بایدایەوە کلیلەکەشی لێکەوتە سەر ناوکەوەکە و دەنگێکیشی لێوەهات. سۆفی لە کلیلەکەی ڕوانی، ترسا لەوەی سەری بەرز بکاتەوە و سەیری نێوچاوی باپیرەی بکا. "من... لە دیاری جەژنی لەدایکبوونم دەگەڕام،" ئەو وای بە باپیرەی گوت، سەریشی بەردابووەوە، ئاخر دەیزانی ناپاکی لەگەڵ متمانەی باپیرەی کردووە.

بۆ ساتێک پێدەچوو هەر نەبڕێتەوە، باپیرەی سۆفی لەدەرگاکە بە بێ دەنگی وەستا. لە کۆتاییشدا هەناسەیەکی قووڵی نارەحەتییانەی هەڵکێشا. "دەی سۆفی، کلیلەکە هەڵگرەوە."

سۆفیش کلیلەکەی هەڵگرتەوە.

باپیرە چووە نێو ژوورەکە. "سۆفی، تۆ دەبێ ڕێزی تایبەتمەندێتی خەڵکی بگری." بە هێواشی، دانەویەوە و کلیلەکەی لە دەستی سۆفی وەرگرتەوە. "ئەم کلیلە زۆر تایبەتە. خۆ ئەگەر بزری بکەی...."

دەنگە ئارامەکەی باپیرەی هەستی سۆفی خراپتر کرد. "من پەشیمانم، باپیرە. بەڕاستی پەشیمانم." ئیستێکی کرد. "پێموابوو، ئەمە ملوانکەیەک بێ بۆ ساڵیادی لەدایکبوونم."

باپیرە بۆ چەند چرکەیەک نیگای لە سەر سۆفی گیر کرد. "سۆفی، من یەک جاری دیکە دەیڵێمەوە، چونکە شتەکە زۆر گرنگە. تۆ دەبێ فێر بی ڕێز لە تایبەتمەندێتی خەڵکانی دیکە بگری."

– "بەڵێ باپیرە."

- "ئێمە جارێکی دیکە لەو بارەیەوە قسە دەکەین. ئێستا باخچەکە پێویستی بە بژارکردن هەیە."

سۆفی غاریدا دەرێ و چوە سەر کارە ڕۆژانەییەکانی خۆی.

بۆ بەیانی ڕۆژی پاشتر، سۆفی لەلایەنی باپیرەیەوە هیچ دیارییەکی بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونیەوە پێنەگەیشت. ئاخر ئەویش هیچ دیارییەکی ڕەچاو نەدەکرد، بە تایبەتی دوای ڕەفتارە نەشیاوەکەی. بەڵام خۆ باپیرە لە سەرلەبەری ڕۆژەکەدا هیچ هیواخوازییەکی جەژنەپیرۆزانەشی لێنەکردبوو. بە دڵگرانیەوە بۆ شەوەکەی خۆی کێشایە نێو پێخەفی ژوورەکەی خۆی. کاتێکیش بازی دایە سەر پێخەفەکەی، کارتێکی بینی، تێبینییەکی لەسەر نووسرابوو، کارتەکە لەبن سەرینەکەی داندرابوو. لەسەر کارتەکە مەتەڵێکی ئاسان نووسرابوو. تەنانەت بەرلەوەی مەتەڵەکەش هەڵبێنی، سۆفی خەندە دایگرت. ***من دەزانم ئەمە چییە***! ئاخر باپیرە سەرلەبەیانیەکەی دواین ساڵیادی لەدایکبوونەکەی هەر وای کردبوو.

***ڕاوە گەنجینە!***

بە تاسەوە چووە سەر مەتەڵەکە و هەڵی هێنا. هەڵهێنانی مەتەڵەکە ئاماژەی بۆ بەشێکی دیکەی ماڵەکە کرد، لەوێیشدا کارتێکی دیکە و مەتەڵێکی دیکە داندرابوو. سۆفی ئەویشی هەڵێنا، غاریدا بۆ یەکێکی دیکە، بەخێرایی بە ناو ماڵەکەدا و بە دوای هەڵێنانی مەتەڵەکاندا دەڕۆیشت، تا لە دوایین مەتەڵدا ئاماژەی بە ژووری نووستنی دایەوە. سۆفی بە پڕتاو بەسەر پەیژەکان کەوتەوە، غاریداوە ژوورەکەی و لە پڕێکەوە وەستا. لەوێ لە ناوەڕاستی ژوورەکەی خۆیدا، پایسکلێکی سووربا‌وی ڕەونەقدار داندرابوو شریتێکیشی بە دەسکەکانی وەکرابوو. سۆفی لە خۆشیان باڵی گرت.

- "من دەزانم، تۆ داوای بووکەشووشەیەکت کردبوو،" باپیرەی لە سووچەکەوە بە پێکەنینەوە وای پێگوت. "بەڵام من پێموابوو لەوانەیە تۆ زیاتر حەزت لەمە بێ."

بۆ بەیانییەکەی باپیرە فێرە پایسکل لێخوڕینی کرد، بە دوایەوە لە نێو ڕێرەوەکەدا غاری دەدا. کاتێکیش سۆفی لە دەستی وەرگرت و هاوسەنگی تێکچوو، بەسەر گیادا کەوت، بە بانگڵۆزبوونەوەکەی پێکەنی.

- "باپیرە،" سۆفی بە باوەش پێداکردنەوە گوتی. "هەر بەڕاستی سەبارەت بە کلیلەکە داوای لێبوردنت لێدەکەم."

- "شیرینەکەم، دەزانم. تۆ بووراوی. ئاخر خۆ ناکرێ هەر لێت تورە بم. باپیره و نەوەکان هەمیشه دەبێ له یەکدی خۆش ببن."

سۆفی دەیزانی نەدەبوو بیپرسیبا، بەڵام هەر خۆشی پێنەگیرا. "ئەرێ ئەو شته چی پێدەکرێتەوە؟ هەرگیز کلیلێکی بەم چەشنەم نەبینیوە. شتێکی زۆر قەشەنگ بوو."

باپیرەی بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگ ما، سۆفیش دەیبینی، سەبارەت بە وەڵامەکەی دڵنیا نییه. ***باپیره هەرگیز درۆ ناکا.*** "کلیلەکه سندووقێک دەکاتەوە،" له کۆتاییدا وای گوت. "تیادا زۆر شتی نهێنیم شاردۆتەوە!"

- سۆفی پەست بوو. "من ڕقم له نهێنییەکانه."

- "دەزانم، بەڵام ئەمەیان نهێنی زۆر گرنگه. ڕۆژێکیش دێ، تۆش ئەوەندەی ئێستای من به پێزانینەوه بۆی پەرۆش دەبی."

- "من پیتەکان و گوڵێکم لەسەر کلیلەکه بینین."

- "بەڵێ، ئەوه گوڵه خۆشەویستەکەی منه. پێیدەگوترێ گوڵه شلێر. ئێمه له باخچەکەماندا هەیه. سپییەکەیان هەوە. ئینگلیزەکان بەم جۆره گوڵه دەڵێن Lily لیلی."

- "من ئەمانه دەزانم! ئەوانه گوڵه خۆشەویستەکانی منیشن!"

- "کەواته با گرەوێکت لەگەڵ بکەم." برۆکانی باپیرەی وەک هەمیشه شتێکی به داڕسانەوه پێ بڵێ، هەڵچوون، "ئەگەر تۆ بتوانی پارێزگاری له نهێنی کلیلەکه بکەی، هەرگیز باسی نەکەیتەوە، نه بۆ من و نه بۆ هیچ کەسی دیکەش، ڕۆژێک دێ، کلیلەکه دەدەمه تۆ."

- سۆفی بڕوای به گوێیەکانی خۆی نەکرد. "تۆ وادەکەی؟"

- "بەڵێن بێ وادەکەم. که کاتی خۆی هات، کلیلەکه دەبێته هی تۆ. ناوی خۆشتی لەسەره."

- نێوچاوانی سۆفی گرژ بوو. "نەخێر ناوی منی لەسەر نییه. پیتەکانییش. P.S پی ئێس لەسەره. ناوی منیش پی ئێس نییه!"

باپیره دەنگی خۆی نزم کرد و ئاوڕێکیشی لە دەوروبەری خۆی دایەوە وەک ئەوەی دڵنیابێ کە کەس گوێی لێ نابێ. "زۆر باشە، سۆفی، ئەگەر پێویست بێ بزانی، S.P کۆدێکە. کورتکراوەی ناوە نهێنیەکەی تۆیە."

چاوەکانی سۆفی مۆڵڵەق کرانەوە. "ئاخر من کورتکروای ناوی نهێنیم نییە؟"

- "هەڵبەتە هەیە. هەمیشە باپیرەکان کورتکراوەی ناوی نهێنیان هەیە کە تەنیا نەوەکانیان دەزانن."
- "P.S?"
- ئەو ختوکەی سۆفی دا. "Princess Sophie شازادەخاتوون سۆفی."
- ئەویش پێکەنی. "من شازادەخاتوون نیم!"
- باپیرە چاوێکی لێ داگرت. "تۆ بۆ من هەوی."

لەو ڕۆژەوە، هەرگیز باسی کلیلەکەیان نەکردەوە. ئیدی سۆفی بووە شازادە خاتوونەکەی ئەو.

لەنێو سالۆنی دەوڵەتاندا، سۆفی بە بێدەنگی وەستابوو و بەرگەی کۆستە گەورەکەی دەگرت.

- "پیتە کورتکراوەکان،" لانگدن بە چرپەوە و چاوەکانیشی بە شێوەیەکی سەیر لە سۆفی بڕیبوون. "ئایا بینیوتن؟"

سۆفی هەستی کرد دەنگی باپیرەی لە دالانەکەوە سرتەی دێ. ***سۆفی، هەرگیز باسی کلیلەکە مەکە. نە بۆ من نە بۆ کەسی دیکە.*** ئاخر دەیزانی جارێکیان شیرپیسی[103] لەگەڵ کردبوو، لەوەش مەڕاق ما، تۆبڵێی بتوانێ ئەمجارەشیان متمانەکەی بشکێنێ. ***پی. ئیس ڕۆبەرت لانگدن بدۆزەوە.*** ئاخر باپیرەی ویستوویەتی لانگدن یارمەتی بدا. ئیدی سەرێکی بۆ لەقاند. "بەڵێ، من جارێکیان کورتکراوەی هەردوو پیتەکانم بینین. ئەو کاتەی من زۆر هەڵەم کرد."

- "لە کوێ؟"

---

[103] شیرپیسی: ناپاکی.

- سۆفی دوودڵ بوو. "لەسەر شتێک کە بۆ ئەو زۆر گرنگ بوو."

- لانگدن چاوی لە چاوەکانی سۆفی بڕین. "سۆفی، ئەمەیان زۆر چارەنووسسازە. دەکرێ پێمبڵێی ئایا پیتەکان لەگەڵ گوڵی شلێردا بوون؟ گوڵی شلێر؟"

- سۆفی لە حەپەساوییاندا خەریک بوو بە پشتدا بکەوێ. "بەڵام .... تۆ چۆن ئەو ئەگەرەت زانی!"

- لانگدن هەناسەیەکی دایەوە و دەنگیشی نەوی کردەوە. "من بە باشی دڵنیام کە باپیرەت ئەندامی جڤاتێکی نهێنی بووە. دەستەیەکی زۆر کۆنی برایەتی."

سۆفی هەستی کرد گرێیەک لە هەناوی پەیدا بوو. ئەویش بۆخۆی لەمە دڵنیا بوو. بۆ دە ساڵێک دەبێ، بێهودە دەیەوێ ڕووداوەکە لەبیر بکا، کە سەلمێنەری شتە سامناکەکە بوو. ئاخر سۆفی بەسەر شتێکی بڕوانەکراو گەواهیدەر بوو. ***شتێک مایەی لێخۆشبوون نەبوو.***

- "گوڵی شلێر،" لانگدن وای گوت، "بە تیکەڵبوون لەگەڵ دوو پیتی P.S نیشانەی فەرمی دەستەی برایەتییە. دروشمەکەیانە. هێماکەیانە."

- "ئاخر ئەمەت چۆن زانی؟" سۆفی دەترسا نەبادا لانگدنیش ئەندامێکی دەستەکەیان بێ.

- "من لەبارەی ئەو دەستەیەم نووسیوە،" دەنگەکەشی وروژا. "لێکۆڵینەوە لە هێمای کۆمەڵگە نهێنییەکان بواری پسپۆڕێتی منە. ئەوان بە خۆیان دەڵێن Prière de sion مریدانی سایۆن[104]. ئەوان بنکەیان لێرە دانابوو، ئەندامانی دەستڕۆیشتوویان لە هەموو ئەورووپا بۆ خۆ ڕاکێشابوو. لە ڕاستیدا، ئەوان کۆنترین کۆمەڵەی نهێنی سەر زەوین تا ئێستا مابنەوە."

سۆفی هەرگیز شتی لە بارەوە نەبیستبوون.

ئیدی لانگدن بە گەرمی و گێڕایەوە سەر پاشخانەکەیان، "ئەندامێتی مریدەکان هەندێ تاکی هەرە ڕۆشنبیری مێژوویشی لەخۆگرتبوو: کەسانی وەک بۆتیچیللی[105]، ئیسحاق نیوتن، فیکتۆر

---

[104] نووسەر وشەکەی بە هەردوو زمان، فەڕەنسی و ئینگلیزی priory بەکارهێناوە، لەبەرامبەردا منیش وشەی مریدم پڕ بەپێست زانی.

[105] Botticelli

هۆگۆ." ئیستێکی بۆکرد، ئینجا دەنگی بە تاسەمەندییێکی ئەکادیمییانەوە هاتەوە. "لەگەڵ لیوناردۆ داڤینشی."

- سۆفی لێی ڕوانی، "داڤینشیش سەر بە جڤاتە نهێنییەکە بووە؟"

- "داڤینشی لە ماوەی ساڵەکانی 1510و 1519دا وەک مامۆستا(پیر)ی گەورە سەرۆکایەتی دەستەی مریدانی سایۆن بووە. ئەمەش ئەوە شی دەکاتەوە، کە بۆچی باپیرەت ئەوەندە حەیرانی بەرهەمەکانی داڤینشی بووە. هەردوو پیاوەکە هەمان پەیوەندی برایەتییانەی مێژووییان هەبوو. ئەمەش هەمووی زۆر ڕێک دێتەوە لەگەڵ ئایکۆنناسی خواوەندی مێینە، بتپەرستی، پیرۆزێتی مێینە و ڕکابەرێتی کڵێساکە. دەستەی مریدەکان مێژوویێکی بەڵگەدارییانەی ڕەونەقداریان سەبارەت بە پیرۆززانینی مێینە هەیە."

- "تۆ دەڵێی، ئەم دەستەیە، دەستەیەکی پەرستیاری خواوەندی مێینەی بتپەرستییە؟"

- "ئەوان لەوەش زیاترن کە تەریقەتێکی پەرستیاری خودای مێینەی بتپەرست بن، بەڵکو زۆر گرنگتر، ئەوان بە پاسەوانانی ئەو تەریقەتە مێژووییە ناسراون. ئەمەش وای لێکردوون کە توانایەکی لەڕادەبەریان هەبێ."

وێڕای بڕوایەکی تەواو کە لە چاوەکانی لانگدنەوە دەباری، هێشتاش کاردانەوەی هەناوی سۆفی هی ئەوە نەبوو بڕوای پێکردبێ. ***تەریقەتێکی بتپەرستی نهێنی؟ جارێکیشیان لەلایەن لیۆناردۆ داڤینشییەوە ڕابەرایەتی کراوە؟*** هەمووشی بە شتێکی ناجۆر و ناقۆڵا دەهاتە پێشچاو. هێشتاش شتەکەی هەرس نەدەکرد، هەستی کرد هۆشی بۆ دە ساڵ گەڕاوەتەوە دواوە – گەڕایەوە بۆ ئەو شەوەی بە شێوەیەکی هەڵە بەسەر باپیرەیدا چوو و بووە گەواهیدەر لەسەر شتێک، هێشتاش ناپەژرێندرێ. ***دەکرێ ئەوە ڕوون بکاتەوە کە ـــــــ؟***

- "ناسنامەی ئەندامە مریدەکان زۆر بە نهێنی پارێزراوە." لانگدن وای پێگوت، "بەڵام پیتەکانی P.S و گوڵە شلێرەکە، کە تۆ بە منداڵی بینیوتە، بەڵگەی سەلمێنەرن. هەردەبێ شتەکە پەیوەندی بە مریدەکانەوە هەبێ."

سۆفی دەرکی بەوە کرد، لانگدن زیاتر لەوەی ڕاشکاوانە خۆی چاوەڕێی دەکرد، لەبارەی باپیرەی دەزانێ. دیارە ئەم کابرا ئەمریکاییە زۆری لەناو هەگبەدایە تا بۆی هەڵڕێژێ، بەڵام خۆ

ئێرە جێگای نییە. "ڕۆبەرت نابێ لێبگەڕێم دەستیان بتگاتێ. ئاخر زۆر شت ماوە پێویستە دەمەتەقێی لەسەر بکەین. تۆ پێویستە بڕۆی!"

لانگدن تەنها بردەبردێکی کزی لە سۆفی بیست. ئاخر خۆ ئەو بۆ هیچ شوێنێک نەدەچوو. ئەو ئێستا لە شوێنێکی دیکەدا ون بووە. شوێنێک کە تەریقەتێکی کۆنینە سەری هەڵداوەتەوە. شوێنێک کە مێژووی فەرامۆشکراوی لە سایەدا هەڵساوەتەوە.

بە هێواشی، وەک ئەوەی لە بن ئاودا بجووڵێ، لانگدن ئاوڕێکی دایەوە و بەنێو تەمومژە سوورباوەکەدا نیگایەکی لە مۆنالیزا بڕی.

***گوڵی شلێر... گوڵەکەی لیزا... مۆنا لیزا.***

هەموو شتێک تێکەڵ یەک بوو، سەمفۆنیایەکی بێدەنگ، سەدای قووڵترین نهێنی مریدانی سایۆن و لیۆناردۆ داڤینشی، دەداتەوە.

چەند میلێکیش لە دووری ئەوێوە لە پشت کەناری ڕووباری لێس ئینڤالیدسدا، شوفێرە سەرسوڕماوەکەی ترێلە دووبەشیەکە لەبەر لوولەی تفەنگ وەستا و سەیری کاپتنەکەی پۆلیسی دادوەری کرد کە چۆن بە تووڕەیی دەنەڕێنێ و چۆن سەلکە سابوونەکە لەسەر پشتی ترومبێلەکە فڕێ دەداتە نێو ڕووباری (سین).

## بەندی ٢٤

سیلاس چاوێکی بەرەو سەرووی قووچەکەکەی سێینت سەپلایس هەڵبڕی، هەموو کەمەرەی قوچەکە گەورەکەی خستە بەر نیگا. لەبەر تاسەمەندی ئیشەکەی، ماسولکەکانی گرژ بوونەوە. بۆ دڵنیابوون، جارێکی دیکە ئاوڕێکی لە دەوروبەرەکەی دایەوە، هەر خۆی بە تەنیا لەوێیە. ئینجا لەبەردەم بنکەی قووچەکەکە دانەویەوە، بەڵام ئەمجارەیان بۆ ڕێزگرتن نەبوو، بەڵکو ئیشەکەی وای دەخواست.

***بەردەکلیلەکە لەبن هێڵی پەمەیەکەدا شاردراوەتەوە.***

***لەلای بنکەی قووچەکی سەپلایس.***

هەر لەسەر چۆک، سیلاس دەستەکانی لە ناوکەوە بەردینەکە گێڕا. هیچ درزێک، کەلێنێکی وای نەبینی ئاماژە بۆ کاشییێکی جیاواز بکا، ئیدی دەستی بە نەرمی لەسەر ڕووی کاشیەکانی ناوکەوەکە دا. بەسەر هێڵە پەمەییەکەدا و تادەهاتیش لە بنکەی قووچەکەکە نزیک دەبووەوە. لەکۆتاییدا دەنگی یەکێ لە کاشیەکان لەوانی دیکە جیاواز بوو.

***خۆ بۆشاییەک لەبن ئەم ناوکەوەدا هەیە!***

سیلاس خەندە گرتی. دیارە قوربانییەکانی ڕاستییان پێ گوتووە.

هەڵسایەوە و بەنێو هەنوانەکەدا بەدوای شتێک گەڕا، تا تەبەقە کاشیەکەی پێ بشکێنێ.

لە سەرووی سیلاسیشەوە، لە قەپەنگەکەدا، خوشکە ساندرین، بۆ ساتێک هەناسەی خۆی ڕاگرت. ئاخر ترسە کوشندەکەی بۆ سەلمێندرا. ئەم میوانە وانەبوو کە دیار بوو. ئەو کەشیشە تەلسماویەی ئۆپیوس دای بۆ مەبەستێکی دیکە هاتۆتە کڵێسەی سێینت سەپلایس.

ئامانجێکی نهێنی.

***ئاخر خۆ هەر تۆ بەتەنیا نی، کە نهێنیت هەبن***، ژنەکە وای بیرکردەوە.

خوشکە ساندرین بییلیش کەسێک بوو لە کڵێسەپارێزێک زیاتر بوو. ئەویش ئێشکگر بوو. ئەمشەوەشیان، خەڕەکە کۆنینەکە کەوتە خڕۆشان. ئاخر گەیشتنی ئەم کەسە غەریبەیە بۆ بەردەمی بنکەی قووچەکەکە، هێمایەکی دەستەی برایەتی بوو.

ئەمەش بانگەوازێکی بێدەنگی تەنگانە بوو.

# بەندی ٢٥

باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پاریس لە کۆمەڵگەیەکی تێکچڕژاو پێکدێ و دەکەوێتە گەڕەکی گابریێل، ڕاستەوخۆ لە سەرووی شەقامی ئەلیزێوەیە. ئەو سێ ئەکر(acre)[106]ە زەویەی کۆمەڵگەکە بە خاکی ئەمریکا دەزاندرێ، مەبەست لێی هەر کەسێک و هەر شتێک بکەوێتە سەر ئەو ڕووبەرە زەوییە، دەکەوێتە بەر پارێزگاری قانونەکانی ئەمریکاوە، هەروەک ئەوەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بێ.

کارمەندی ئێشکگری نووسینگەی پێشوازییەکەی ئەمشەویش سەرقاڵی خوێندنەوەی چاپە نێودەوڵەتییەکەی گۆڤاری تایمز بوو، ئیدی زەنگێکی بۆهات و خوێندنەوەکەی پێ بڕی.

- "باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا،" خانمە کارمەندەکە وا وەڵامی زەنگەکەی دایەوە.
- "شەوباش." کابرای سەر هێڵەکەش بە ئینگلیزییێکی ئەکسێنت فەرەنسی دوا. "من پێویستیم بە یارمەتییێکە" وێڕای وشە پڕ ڕێزەکانی پیاوەکە، هێشتا تۆنی دەنگی ڕەقێتی قسەی فەرمییانەی پێوە دیار بوو. "پێمگوتراوە پەیامێکی تەلەفۆنی لە سیستمی خۆوەڵامدەرەوەی لای ئێوە بۆ من بەجێ هێشتراوە. ناوەکەش لانگدنە. بۆ بەدبەختیش، کۆدە سێ ژمارەیەکەیم لەبیر چۆتەوە کە پێی دەچیتە نێو پەیامەکە. خۆ ئەگەر یارمەتیم بدەی، زۆر مەمنوونت دەبم."
- "کارمەندەکەی سەر تەلەفۆنەکە، لێیتێکچوو. "بەڕێز، داوای لێبوردنت لێدەکەم. هەردەبێ پەیامەکەت زۆر کۆن بێ. دوو ساڵ لەمەوبەر سیستەمە کۆنەکەمان لەبەر باری ئاسایشپارێزی گۆڕیوە. لەوەش زیاتر، هەموو کۆدەکانی چوونە نێو سیستمەکە پێنج ژمارەیین. ئاخر کێ پێیگوتی، پەیامت لای ئێمە هەیە؟"
- "ئێوە سیستمی ئۆتۆماتیکی تەلەفۆنتان نییە؟"
- "نەخێر بەڕێز. هەر پەیامێک هەبێ، بە دەست دەنووسرێتەوە و لەهۆبەی خزمەتگوزاریدا دادەندرێ. ئەرێ بەڕاست، جارێکی دیکە، ناوەکەت چی بوو؟"

بەڵام خۆ پیاوەکە تەلەفۆنەکەی داخستبوو.

---

[106] ئەکرە" پێوانەیەکی ئەمریکییە بۆ زەوی، کە هەر ئەکرییەک دەکاتە نزیکەی 4.047 مەتر دووجا.

بیزو فاشێ کاتێ بە دەم کەناری ڕووباری سیندا هەنگاوی دەنا، هەستی بە گێژبوونێک کرد. ئاخر ئەو دڵنیابوو، کە لانگدن ژمارەیەکی خۆجێی لێدا، کۆدەیەکی سێ ژمارەیشی بە دوادا لێدا، ئینجا گوێی لە پەیامە تۆمارکراوەکە گرت. ***بەڵام خۆ ئەگەر لانگدن زەنگی بۆ باڵوێزخانەکە لێنەدابێ، کەواتە هەی بە نەفرەت بێ، زەنگی بۆ کوێ لێداوە؟***

هەر لەو ساتەدا بوو، چاوی بە سەر شاشەی تەلەفۆنە دەستییەکەی کەوت، ئینجا زانی وەڵامەکەی لەبەردەستی خۆی دایە. ***ئاخر لانگدن تەلەفۆنەکەی منی بۆ پەیوەندیکردنەکە، بەکار هێنا.***

ئەوسا چووە سەر کلیلی تەلەفۆنەکەی، دوگمەی ئەو تەلەفۆنانەی کە پێی کراون، داگرت و ئەو ژمارەیەی دۆزییەوە، کە لانگدن زەنگی بۆ کردبوو.

ژمارە تەلەفۆنێکی پاریسی و ژمارەیەکی سێ دانەیی 454.

هەمان ژمارە تەلەفۆنەکەی لێدایەوە، فاشێ وەستا تا هێڵەکە کرایەوە.

لە کۆتاییدا دەنگی ژنێک وەڵامی دایەوە. "بەیانیت باش، تۆ پەیوەندی بە سۆفی نیڤوە دەکەی، بەڵام..."

کاتێک فاشێ ژمارەکانی 4... 5.... 4 ی لێدان، خوێنی لە دەمارەکاندا دەکوڵا.

# بەندی ٢٦

سەرباری ئەو هەموو ناوداریێتیە یادەوەرییە، مۆنالیزا هەر بە ئاستەم سی و یەک ئینج بە بیست و یەک ئینج دەبوو، بچوکتر لە خودی ئەو پۆستکاردانەی لە دوکانی دیارییەکاندا دەفرۆشران. نیگارەکە لە لادیواری باکووری ڕۆژئاوا سالۆنی دەوڵەتان و لەبن تەبەقەیەکی شووشەی ڕۆشنی دوو ئینجی پارێزگار، کە لەشکان نەدەهات، هەڵواسرابوو. نیگارەکە لەسەر تەختەداری سوورەچنارێک کێشرابوو، ئەو تەمومژاویەی سەر ڕووخسارەکە، داهێنانی تەلیسمانەی داڤینشی بە شێوازە تەماوییەکەی سفوماتۆ بوو، کە شێوەکەی لەگەڵ یەکێکی دیکە ئاوێتە دەبێ و دەتاوێتەوە.

لەو کاتەی لۆڤەر بۆتە ماڵی نیگارەکە، مۆنالیزا، یان بەقەولی فەرەنسییەکان (لا ژوندا)، دووجار دزراوە؛ جارە هەرە نزیکەکەیان لە ساڵی 1911دا بووە. کاتێکیش نیگارەکە لە شوێنی خۆی، لەو سالۆنەی گوایە نابڕدرێ، لەنێو لۆڤەردا نەما، پاریسییەکان لەسەر جادەدا دەگریان و وتاریان لە ڕۆژنامەکاندا نووسی، لە دزەکە دەپاڕاناوە بەڵکو بیگێڕێتەوە شوێنی خۆی. پاش دوو ساڵ، مۆنالیزا دۆزرایەوە، تابلۆکە لە بن باولێکی شاردراوەی ژووری هوتێلێکی فلۆڕەنسا داندرابوو.

ئێستاش کە لانگدن بە ڕوونی نیازی خۆی بۆ سۆفی ئاشکرا کرد، بەوەی جێی ناهێڵێ، ئەویش لەگەڵیدا لێ وەناو هۆدەی سالۆنی دەوڵەتان کەوت. مۆنالیزا هەر بیست گەز لە پێشی ئەوان بوو، کاتێ سۆفی گڵۆپە ڕەشەکانی هەڵکردن و بە قەڵەمە تیشکاوییەکەی دەستیشی بست بە بستی ناوکەوەکە گەڕا. تیشکی قەڵەمەکەی لە پشت و پاشی خۆی دەدا، هەروەک ئەوەی مینهەڵگرەوەیەک بێ، بە دوای هەر ئاماژە و نیشانەیەکی مەرەکەبە تیشکدارەکەی دەگەڕا.

لانگدنیش بە تەنیشت سۆفییەوە دەڕۆیشت، هەستێکی ختووکەدانی ڕەچاوکردنی هەبوو، چاوی لەسەر ئەو شاکارە بەناوبانگانە یەکانگیر دەبوو. لانگدن لەبەر تەمی ئەو تیشکە بنەوشییەی لە قەڵەم لایتی دەستی سۆفییەوە دەردەچوو، هیچی وای نەدەبینی. لەلای دەستە چەپەوە، ئەو تەختەبەندە دیوانە هەشت گۆشەییە، وەک دوورگەیەک لەنێو زێی ناوکەوە تایبەتمەندەکە دیار دەکرا.

ئێستا لانگدن دەیتوانی ئەو تەبەقە ڕەشە شووشە هەڵواسراوەی سەر دیوارەکە ببینێ. لانگدن دەیزانی، لەبن ئەو تەبەقە شووشەیەدا، لە چاوە زیندانە تایبەتییەکەی خۆیدا، ناودارترین تابلۆی جیهانی تێدایە.

لانگدن دەشیزانی، ڕەوشی مۆنالیزا، وەک بە ناوبانگترین پارچەی هونەر لە جیهاندا، هیچ پەیوەندییێکی بە خەندە تەلیسماویە ڕازداریەکەوە نییە. هەروەها هی ئەو ڕاڤەکردنە تەلیسماویانەی زۆر لە مێژوونووسانی هونەر و ئەوانەی دەهۆڵیان بۆ لێکدانەوەی پیلانگێڕی نیگارەکە کوتابوو، نییە. زۆر سادە و ساکارانە، مۆنالیزا لەبەر ئەوە ئەوەندە ناودار بوو، چونکە لیۆناردۆ داڤینشی وایدانابوو باشترین کاری هونەرییە ئەنجامی دابێ. بۆ هەر کوێیەک چووبا، پارچە هونەرییەکەی لەگەڵ خۆی دەبرد، گەر لێشیان پرسیبا بۆ؟ دەیگوت ئەستەمە لە شتێک جیاببێتەوە، کە ناسکترین دەربڕی جوانێتی مێینەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر لە مێژوونووسانی هونەر، گومانیان لەوە هەبوو، کە ڕێز و پێزانینی داڤینشی بۆ مۆنالیزا، هیچ پەیوەندی بە لایەنی تەلیسمێتی هونەرەکەیەوە نییە. لەڕاستیشدا تابلۆکە شێوەیەکی سەرسامییانەی پۆرترێتی ئاساییانەی سفوماتۆیە. ڕێز و شکۆی داڤینشی بۆ ئەم کارەی، وەک زۆر کەس دەیانگوت، دەگەڕێتەوە بۆ شتێکی زۆر قووڵتر: وەک پەیامێکی شاراوە لەبن تەبەقەکانی بۆیەی تابلۆکەدا هەبێ. لە ڕاستیشدا، مۆنالیزا، یەکێکە لە نوکتە لەبنە هەرە بەڵگەدارکراوەکانی جیهانە. تابلۆکە زۆری لەسەر کۆڵراوەتەوە، کتێبی قەبە قەبە لەبارەی ڕازەکان و دوانەیی تەلیسم دەربڕین و لایەنە هونەرییەکەی لەسەر نووسراوە، کەچی هێشتا خەڵک پێیوایە خەندەکەی، تەلیسماویترین بزەی سەر دنیایە.

***هیچ تەلیسمێکیشی تێدا نییە***، لانگدن وا بیری کردەوە، لەتابلۆکەش دەچووە پێش و سەرنجی لەسەر هێڵە کاڵبووەکانی تابلۆکە دەدا، کە چ جۆرە شێوەیەکی لەخۆ گرتوە . ***هەر هیچ تەلیسمی تێدا نییە.***

زۆرنابێ لانگدن ڕاز و تەلیسمی تابلۆی مۆنالیزا لەگەڵ گرووپێکی هەندێ سەیر، لەگەڵ دەیان زیندانی گرتووخانەی پارێزگای ئیسێکس Essex تاوتوێ کردبوو. موحازەرەکەی لانگدن لە زیندانەکەدا، بەشێک بوو لە بەرنامەی زانکۆی هارڤارد بۆ ئەوەی پەروەردە و فێرکردن ببردرێتە نێو سیستمی زیندانەکان، وەک هاوڕێکانی لانگدنیش پێیان خۆشبوو، ناویان لەبەرنامەکە نابوو کلتوور بۆ حوکمبەسەرداکراوەکان.

لانگدن بەوەستاوی لە پشت ئامێری ڕوونکردنەوەکەی، لە کتێبخانەی زیندانەکەدا، تاوتوێی مۆنالیزای لەگەڵ زیندانە ئامادەبووەکان دەکرد، پێی سەیر بوو پیاوەکان شتیان لە بارەیەوە دەزانی، ئەوان خەڵکانی زبر بوون بەڵام سەرنج تیژیش بوون.

– "دەکرێ سەرنجی ئەوە بدەی،" لانگدن بە ڕۆیشتنە بەردەم تابلۆی مۆنالیزا، وای بۆ ڕوون کردنەوە، "کەوا پاشخانی ڕووخساری مۆنالیزا، ناڕێکە،" مەبەستی لانگدن لە

جیاوازی درەوشانەکە بوو. "داڤینشی هێڵی ئاسۆیی لەلای ڕاست بە شێوەیەکی بەرچاو لەوەی هی لای چەپ نەویتر کێشاون.

- "ئەرێ ئەو سەرچیخ چووە؟" یەکێ لە زیندانیان وای گوت.
- لانگدن پێکەنی. "نەخێر، داڤینشی زۆر جاران وای کردووە. لە ڕاستیدا ئەمە وردە فێڵێکی داڤینشییە. بە نەویکردنەوەی دیمەنی لادێ لە لای دەستەچەپی نیگارەکەدا، وای لە مۆنالیزا کردووە لە لای چەپەوە گەورەتر دیار بێ وەک لەوەی لە لای ڕاستی. لێرەش وردە نوکتەیەکی داڤینشی هەیە. لە ڕووی مێژووییەوە ڕامانی نێر و مێ بە ئاراستەکان نیشانە کراوە، بەوەی مێ لای چەپەیە و نێریش لای ڕاستە. لەبەر ئەوەی داڤینشی هەوادارێکی مەزنی بنەمای مێیینە بوو، بۆیە کارێکی وای کردووە، مۆنالیزای لەلای چەپەوە زۆر تەلیسماوانەتر کێشاوە لەچاو لای ڕاستی.
- "بیستوومە نێربازیش بووە،" پیاوێکی وردیلە کە ڕدێنێکی تەمشوولانەی هەبوو، وای گوت.
- لانگدن ڕەنگی گۆڕا. "مێژوونووسان بە گشتی بەو شێوە نایڵێن، بەڵام ڕاستە. داڤینشی هاوڕەگەزباز بووە."
- "ئایا هەر لەبەر ئەوەیە، ئەو مێیایەتی لا پیرۆز بووە؟"
- "لە ڕاستیدا، داڤینشی لەگەڵ ئەوەدا بوو، هاوسەنگییەک لەنێوان مێ و نێردا هەبێ. ئەو ڕای وابوو، گیانی مرۆڤ ڕووناک نابێ تا هەردوو توخمی نێرینە و مێینەی تێدا نەبێ."
- "مەبەستی تۆ هەردوو هەرامەی نێر و مێیە؟" یەکێک لەوان وا هەڵیدایێ.

ئەمە بووە مایەی قاقای پێکەنین. لانگدن پێیوابوو باسی پوختەیەک لەسەر وشەی هێرمافرۆدایت Hermaphrodite (نێرەمووک) و پەیوەندی وشەکە بە هێرمس Hermes و ئافرۆدیێت Aphrodaite بکا، بەڵام مێشکی پێیگوت، باسکردنی شتێکی وا، لەنێو ئەم گرووپەدا بە فیڕۆ دەڕوا.

- "ئەرێ مستەر لانگفۆرد،" پیاوێکی بازوداری چوارشانە هاتە قسە، "ئەرێ ڕاستە کە مۆنالیزا وێنەیەکی وەڕەزی داڤینشی خۆیەتی؟ گوێم لێبووە کە شتەکە ڕاستە."
- "زۆر پێدەچێ وابێ،" لانگدن وای بە کابرا گوتەوە. "داڤینشی کەسێکی تەشقەڵەباز بووە، کۆمپیوتەریش بە شیکردنەوەی ڕووخساری هەردووکیان، شتی سەرسوڕهێنەری لەیەکچووی ڕووخسارەکانیان سەلماندووە. خۆ ئەگەر داڤینشی ویستبێتی هەر شتێکیش بڵێ،" لانگدن لەسەر قسەکەی خۆی ڕۆیشت، "مۆنالیزاکەی نە نێرە و نە مێشە. نیگارەکە هەڵگری پەیامێکی ناسکی نێرەمووکانەیە. شتەکە ئاوێتەکردنی هەردووکیانە."

- "ئایا دڵنیای کە شێوازێکی قۆڕی هارڤاردیانەیە بەوەی بڵێی مۆنالیزا هیچ نییە بەدەر لە مێینەیەکی ناشیرین نەبێ."
- ئیدی لانگدن پێکەنی. "لەوانەیە تۆ ڕاست بی. بەڵام لە ڕاستیدا داڤینشی کلیلێکی گەورەی بەجێ هێشتووە، بەوەی تابلۆکەی بە نێرەمووکێک مەزندە بکرێ. ئەرێ کەستان گوێتان لە خوایەکی میسریەکان بووە بەناوی ئامۆن Amon؟"
- "بەڵێ، بەڵێ!" پیاوە کەتە زلەکە وای گوت، "خوای ماسوولکەداری پیت و فەڕ (وەچەنانەوە)."

لانگدن بە وەڵامەکە سەرسام بوو.

- "لەسەر هەموو پاکەتە کۆندۆمێک وا نووسراوە." پیاوە چوارشانەکە خەندەیەکی پڕ بەدەمی بۆ کرد. "لەسەر پاکەتەکە وێنەی پیاوێکە، سەری بەرانێکی پێوەیە و لێشی نووسراوە خوای پیتوفەڕی میسرییەکان."

لانگدن بە مارکەی پاکەتە کۆندۆمەکە ئاشنا نەبوو، بەڵام دڵخۆش بوو بەوەی کارخانەکە نووسینە هیرۆگلیفیەکەی میسریان بە ڕاستی خوێندۆتەوە. "زۆر باشە. ئامۆن Amon بە ڕاستی نموونەی پیاوێکە کە سەرێکی بەرانانەی هەبێ، فرەپەڕین[107] و قۆچە قووپاوەکەی پەیوەندییان بە زاراوەی هاوچەرخی هۆرنی Horny یەوە هەیە."

- "نا، وا نەڵێی!"
- "نا وانەڵێی،" لانگدن پێی گوتەوە، "ئایا دەشزانی کە هاوسەرەکەی ئامۆن کێ بووە؟ ئایا دەزانی خواوەندیی مێینەی پیتوفەڕی میسرییەکان کێ بووە؟

چەند چرکەیەکی بێدەنگی بە دوای پرسیارەکەدا هات.

- "خوایە مێینەکە ئیسیس Isis بووە،" لانگدن دەستی دایە قەڵەمێک و پێیگوتن. "کەواتە ئێمە خواوەندی نێرمان هەیە کە ئامۆن Amonە." ئیدی ناوەکەی لەسەر تەختەڕەشەکە نووسی. "هەروەها خواوەندی مێینەشمان هەیە کە ئیسیس Isisە. بە شێوەی نووسینی کۆن دەنووسرا لیزا L`ISA."

لانگدن لە نووسینەکە بووەوە و گەڕایەوە پشت ئامێری ڕوونکردنەوەکە.

AMON L`ISA

ئامۆن لیس(ز)ا

[107] پەڕین، پەڕینی بەران.

- "ئایا ئەمە هیچتان پێدەڵێ؟" ئەو وای لێپرسین.
- "مۆنالیزا Mona Lisa... ئای لەوە." یەکێ بوو وای هەڵدایێ.

لانگدن سەری لەقاند. "بەڕێزان، نەوەک هەر ڕووی مۆنالیزا نێرەمووکانەیە، بەڵکو ناوەکەشی یەکێتی خوایەتی نێر و مێیە. برادەران، ئەمەشیان نهێنییکی بچووکی داڤینشییە و هۆکاری بزە تەلیسماوییە ناسراوەکەی مۆنالیزایە."

- "باپیرەم لێرە بووە،" سۆفی وای گوت و لە پڕێکیشەوە کەوتە سەر چۆک، ئێستا هەر تەنها دە پێ لە مۆنالیزاوە دوور بوو. ڕاڕایانەش تیشکی قەڵەمە لایتەکەی دەستی دایە سەر ناوکەوە تایبەتمەندەکەی بەردەمی.

لانگدن یەکەم جار هیچی نەدی. پاشان کە ئەویش لەپاڵ سۆفی دانەوییەوە، دڵۆپێکی بچووکی شلەیەکی وشکبووی لەسەر ناوکەوەکە دی، دەبریسکایەوە. ***مەرەکەب***؟ لە هیکەوە گڵۆپە تیشک ڕەشەکەی بەبیرهاتەوە بۆ ئەو شتە بەکار هاتبوو. ***خوێن***. هەستەکانی ختووکەی دەدان. سۆفی ڕاستی کرد. بەرلەوەی بمرێ، ژان سانییێر سەرێکی مۆنالیزای داوە.

- "ئەو بەبێ هۆ نەهاتۆتە ئێرە." سۆفی بەسرتەوە وای پێگوت و هەڵستایەوە. "من دەزانم لێرە پەیامێکی بۆ بەجێ هێشتووم." خێرا دوا هەنگاوی بۆ لای مۆنالیزا نا، ڕاستەوخۆ تیشکی لایەتە قەڵەمەکەی دایە سەر ناوکەوەکەی بەردەمی تابلۆکە. شەپۆلی تیشکەکەی لەسەر ناوکەوەکە دەهێنا و دەبرد.
- "هیچ شتێک لێرە نییە."

لە هەمان ساتەوەختدا، لانگدن بریسکەیەکی کزی بنەوشەیی لەسەر تەختە شووشەی سەر مۆنالیزا بەدی کرد، خۆی نەوی کردەوە، بازندی[108] دەستی سۆفی گرت، بە هێواشی تیشکی ڕووناکییەکەی لەسەر خودی تابلۆکە دا.

هەردووکیان لەجێی خۆیان سڕ بوون.

لەسەر شووشەکە، شەش وشە بە بنەوشەی دەرکەوتن، وشەکان هەر ڕێک لەسەر ڕووخساری مۆنالیزا نووسرابوون.

---

[108] بازند: مەچەک.

# بەندی ۲۷

ملازم کۆللێ لەسەر مێزی نووسینگەی سانیێر دانیشتبوو، بە شێوەیەکی بڕوانەکراویش دوگمەی تەلەفۆنەکەی داگرت. تۆ ***بڵێی بە ڕاست و دروستی گوێم لە فاشێ بووبێ؟*** "سەلکە سابوونێک؟ بەڵام لانگدن چۆن زانی کە بە ئامێرۆکەیەکی گی پی ئێس چاودێری دەکرێ؟"

- "سۆفی نیڤو،" فاشێ وەڵامی دایەوە. "سۆفی نیڤو پێی گوتووە."
- "چی؟ بۆ؟"
- "بە نەفرەت بێ، پرسیارێکی شیاوە، بەڵام تازە گوێم لە پەیامە تۆماکراوەکەی تەلەفۆنەکەی گرت، ئەو ئاماژەی شتەکەی پێداوە"

کۆللێ لە حەپەساوییان قسەی بۆ نەکرا. ***تۆ بڵێی نیڤو بیری لە چی کردبێتەوە***؟ تۆبڵێی فاشێ بەڵگەی وای کەوتبێتە بەردەست، کە سۆفی خۆی دەستی خاپینۆکانەی[109] وەردابێتە ئۆپەراسیۆنەکەی پۆلیسی دادوەری؟ ئاخر بەم جۆرە سۆفی نەوەک هەر دەردەکرێ، بەڵکو زیندانیش دەکرێ. "بەڵام جەنابی کاپتن... کەواتە دەبێ لانگدن ئێستا لە کوێ بێ؟"

- "چما هیچ زەنگی ئاگاداری ئاگرکوژێنەوە لەوێ لێیداوە؟"
- "نەخێر، جەناب."
- "خۆ کەسیش لە ژێر دەرگای گراند گەلەرییەوە نەهاتۆتە دەر؟"
- نەخێر. هەروەک داوات کرد، ئێمە ئەفسەری ئاسایشپارێزی لۆڤەرمان لەوێ داناوە."
- "زۆر باشە، لانگدن هەردەبێ لەنێو گراندگەلەریدا بێ."
- "لە ناوەوە؟ بەڵام لەوێ چی دەکا؟"
- "ئایا ئاسایشپارێزی گەلەرییەکە چەکدارە؟"
- "بەڵێ جەناب. ئەو پاسەوانێکی پلە بەرزە."
- "بینێرە ژوورەوە." فاشێ وای فەرمان بەسەردا کرد. "من تا چەند خولەکێکی دیکە پیاوەکانم پێ ناگەنە ئەوێ. ناشمەوێ لانگدنم لەدەست دەرچێ." فاشێ ئیستێکی کرد. "واش باشترە بە ئاسایشپارێزەکە بڵێی، لەوانەیە سۆفی نیڤوی ئاژانیشی لەگەڵدا بێ."
- "پێموایە، سۆفی نیڤو ڕۆیشتووە."
- "ئایا بە چاوی خۆت بینیت ڕۆیشتبێ؟"
- "نەخێر، جەناب، بەڵام ـــــ"

---

[109] خاپینۆک: لەخشتەبەر.

- "باشە، خۆ کەس سۆفی لە دەرەوەی شوێنەکەی نەبینیوە. ئەوان هەر بینیویانە، کە هاتۆتە ناو مۆزەکە."

کۆللێ سەری لە کردەوە بوێریەکەی سۆفی نیڤو سورما. ئە***و هێشتا لەنێو تەلارەکە دایە***؟

- "چارەی بکە،" فاشێ وای فەرمان بەسەردا کرد. "تا من دەگەڕێمەوە، دەمەوێ لانگدن و نیڤو لەبن لوولەی تفەنگدا بن."

دوای ئەوەی ترێلە باربەرەکە ڕۆیشت، فاشی پیاوەکانی خۆی کۆ کردنەوە. لانگدن سەلماندی کە نێچیرێکی داودۆزە و بە ئاسانی ناگیرێ، ئێستاش بە یارمەتی سۆفی نیڤوی ئاژان، پرسی گرتنی وەک ڕەچاو دەکرا، نەوەک هەر دەرنەچوو، بەڵکو سەخت بوو.

فاشێ بڕیاری دا سەرچڵی نەکا.

بۆ ئەوەی خۆی لە کێشەی دیکە بە دوور بگرێ، فەرمانی بە نیوەی پیاوەکانی کرد بگەڕێنەوە لۆڤەر، نیوەکەی دیکەشی ڕەوانەی تاکە شوێنێک لە پاریس کرد، کە دەکرا لانگدن پەنای بۆ ببا.

# بەندی ٢٨

لە نێو سالۆنی دەوڵەتاندا، لانگدن بە حەپەساوییەوە لە شەش وشە درەوشاوەکە ڕامابوو. دیاربوو دەقەکە لە هەوادا مەلەی دەکرد، سێبەرێکی زبری بەسەر خەندەکەی مۆنالیزادا داهێنابوو.

- "مریدەکان،" لانگدن بە چرپەوە وای گوت. "ئەمە دەسەلمێنێ کە باپیرت ئەندام بووە."
- سۆفی بە شڵەژاوییەوە سەیری کرد. "تۆ لەمە دەگەی؟"
- "بێ هیچ سێ و دووێک،" لانگدن وای پێگوتەوە، بەسەر لەقاندنەوە بە گڵ هزرانیشدا چووبوو. "ئەمە هەرە بنەماترین جاڕنامەی فەلسەفەی دەستەی مریدانی برایەتییە!"

سۆفی بە شپرزەیی بەرامبەر نووسینە تێکەڵاوەکەی سەر ڕووخساری مۆنالیزا ڕامابوو.

SO DARK THE CON OF MAN

ئای، گۆبەندی پیاو چەند ڕەشە

- "سۆفی،" لانگدن کەوتەوە قسەکردن، "دابی مریدانی برایەتی بۆ پەرستنی نەمرێتی خواوەندی مێینە لەسەر بنەمای باوەڕێک ڕۆنراوە، پیاوی دەسەڵاتدار لە سەرەتای کڵێسەی کریستیانێتیدا، جیهانی بەوە لەخشتەبرد، کە درۆی شاخدار بۆ سووککردنی مێینە بڵاو بکەنەوە و پایەی نێرینەش بەرز ڕابگرن."

سۆفی هێشتا بێدەنگ بوو، هەر لە وشەکان ڕامابوو.

- "مریدانی دەستەی برایەتی بڕوایان وایە، کونستەنتین[110] و شوێنهەڵگرە نێرەکانی دوای خۆی، بتپەرستی دایکسالارییان بە باوکسالارێتی کریستیانێتی هەڵگێرایەوە، بەوەی هەڵمەتێکی دێواندنی مێینەی پیرۆزیان دەستپێکرد و خوای مێینەیان بۆ هەتا هەتایە لەنێو دینی نوێدا کوێر کردەوە."
- قسە دەربڕینەکەی سۆفی هێشتا نادڵنیا بوو. "باپیرەم منی ناردۆتە ئەم شوێنە تا ئەم شتە بدۆزمەوە. خۆ هەر دەبێ هەولی دابێ شتێکی زیاترم پێ بڵێ."

[110] Constantine

لانگدن لە واتاکە گەیشتبوو. ***ئەو پێیوایە ئەمەش کۆدێکی دیکەیە.*** واتای شاراوە لێرە بێ یان نا، لانگدن نەیدەتوانی دەمودەست وا بڵێ. هێشتاش مێشکی ئەو بە پەیامە ڕوونە ڕواڵەتییەکەی سانیێرەوە خەریک بوو.

***ئای، گۆبەندی پیاو چەند ڕەشە***، ئەو وابیری کردەوە، ***بەڕاستیش ڕەشە.***

کەس ناتوانێ حاشایی لەو چاکە قەبە و گەورەیەی کڵێسای هاوچەرخ لە جیهانی پەشێوی ئەمڕۆدا بکا، کەچی هێشتاش کڵێسا مێژوویێکی خاپاندن و توندوتیژی هەیە. ئەو هەڵمەتە خاچپەرستانەی بۆ "پەروەردەکردنەوە"ی ئایینەکانی بتپەرستی و پەرستشی مێینە، سێ سەدەی گرژ و توندی هەبوو، شێوازی وای بەکارهێنا تا ئەوپەڕی تۆقاندن ڕۆیشت.

دادگای پشکنینی کاسۆلیک کتێبێکیان بڵاوکردەوە، دەکرێ بگوترێ، تائێستا لە مێژووی ئادەمیزاددا خوێنڕێژترین بڵاونامە بووە. کتێبەکە malleus maleficarum[111] یان چەکوچی جادووگەران، جیهان لە مەترسی ئافرەتە بیر ئازادەکان ئاگادار دەکاتەوە و ڕێنمایی پیاوانی ئایینی دەکا، چۆن ئەو کەسانە دەستنیشان بکەن و بیاندۆزنەوە، چۆن ئازار و ئەشکەنجەیان بدەن و لەناویان بەرن. ئەو "جادووگەرە" شوومانە بەلای کڵێساوە هەموو ئەمانەی خوێندکار و مامۆستای مێینە، کەشیشە ژنەکان، قەرەجەکان، سۆفییەکان، عاشقانی سروشت، گیاودەرمان کۆکەرەو و هەموو ژنێک "کە گومانی هاوئاوازی لەگەڵ جیهانی سروشتدا" لێکرابا، دەگرتەوە. مامانەکانیش بە هۆی کردەوە بێخواییەکەیان کە داودەرمانیان بۆ ئاسانکردنی ژانی منداڵبوون بەکار دەهێنا دەکوژران، کڵێسا دەیگوت ئەو ژانی لەدایکبوونە سزایەکی ڕەوای خوایە بۆ سەر حەوا، لە تۆڵەی ئەوەی لە دارسێوی زانیاریی خواردووە، کەواتە لای ئەوان خودی لەدایکبوون بیرۆکەی تاوانی ماک بوو. کڵێسا لە ماوەی سێ سەد ساڵی ڕاوکردنی جادوبازاندا، سەرسوڕهێنەرانە پێنج ملیۆن ژنی سووتاند و لەناوبرد.

پڕوپاگەندەکە بە شێوەیەکی خوێناوی کاری خۆی کرد.

جیهانی ئەمڕۆمان بەڵگەیەکی زیندووە.

ژنان کە بە نیوەی چارەنووسسازانەی ڕۆحیانەتێکی ڕۆشنگەری دادەندران، لە پەرستگاکانی سەرتاپای جیهاندا تارومار کران. لەوساوە نە هیچ ڕابێکی مێینەی ئەرسەدۆکس، نە هیچ

[111] لە 1446 لەلایەن دوو کەشیشی ئەڵمانییەوە بە زمانی لاتینی نووسراوە.

کەشیشە ژنێکی کاسۆلیک و نە هیچ مەلایەکی ژن لە نێو ئیسلامەتیدا نابیندرێ. ئەوەی جاران بە هاوسەرایەتی پیرۆز دەبیندرا –ئەو یەکێتییە سێکسە سروشتییەی نێوان نێر و مێ کە هەریەکەی ببووە ڕۆحێکی پیرۆز– ئیدی پێچەوانە هەڵگێڕدرایەوە و بووە ڕەفتارێکی شەرمهێن. پیاوە چاک و پیرۆزەکانی جاران، کە داوای یەکێتییەکی سێکسییان لەگەڵ هاوسەرە مێینەکان دەکرد تا لەگەڵ خوادا یەکانگیر بن، ئێستا هاندەرە سێکسییەکەیان بە کارێکی شەیتان دەزانن، کە بە هاوکاری تەواوی حەزی ژنەوە ئەنجام دەدرێ.

تەنانەت پرسی دەستە چەپیش لە بەسووک تەماشاکردنی کڵێسا دەرنەچووە. لە فەرەنسا و ئیتالیادا، وشەی چەپ left – gauche و sinistra هێمایەکی نەرێیانە بەدەستەوە دەدەن، لە کاتێکدا دەستە ڕاست هاوواتای ڕەوایی، لێزانی و ڕاستییە. تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ، هزری ڕادیکالی بە باڵی چەپ دادەندرێ، بیری ناعەقڵانی بە مێشکی چەپ و هەموو شتێکی شەیتانی و شەڕانگێزییە.[112]

ئیدی ڕۆژی خوای مێینە ئاوا بوو. چەرخوفەلەکەکە وەرسوڕا. دایکە سروشت بووە جیهانی پیاو، خوای شەڕ و وێرانکارییش دەستی خۆیان بینی. ئێگۆی (منایەتی) نێر دوو هەزار ساڵە بەبێ هیچ چاودێرییەکی هاوسەرە مێینەیەکەی لەجرتوفرت دایە. مریدانی سایۆنێش لەو بڕوایەدابوون ئەم قرتێخستنەی مێینەی پیرۆز، لەم سەردەمەی ئێستاماندا وای لە خەڵکی هۆپی Hopi، خەڵکی ڕەسەنی ئەمریکا کردووە، ناوی koyanisqutsi "ژیانێکی لە هاوسەنگ دەرچوو" لێ بنێن، بەوەی ڕەوشێکی ناجێگیر بە هۆی هۆرمۆنی تستوستیرون کە دنەی شەڕ دەدا، زۆربوونی کۆمەڵەکانی دژە ژن و پەرەسەندنی بێڕێزی دژی دایکە سروشت، هاتۆتە ئارا.

- سۆفی کە ئاگای لەدەنگی چرپەیەک بوو، بە لانگدنی گوت، " ڕۆبەرت! یەکێک بۆ ئێرە دێ!"

ئەویش گوێی لە تەپەی پێیەک بوو، لەدالانەکەوە دەهات.

- "دەی لێرەوە!" سۆفی لایتە تیشک ڕەشەکەی کوژاندەوە و واپێدەچوو لەبەر چاوی لانگدندا بووبێتە هەڵم و نەما بێ.

[112] لە بیروباوەڕی ئیسلامیشدا، فریشتەی خێر لەسەر شانی ڕاستە و هی شەڕنووسیش لەسەر شانی چەپە. لە قیامەتیشدا ئەوەی تۆمارنامەی بە دەستە ڕاست دەدا دەچێتە بەهەشت، ئەوەشی بەدەستە چەپ دەیدا، ڕێک بۆ دۆزەخ.

بۆ ساتێک لانگدن هەستی کرد کە نابینا بووە. ***لە کوێوە!*** کاتێکیش بەرچاوی ڕوون بوونەوە، بینی بیچمی سۆفی بەرەو ناوەڕاستی ژوورەکە دەڕوا و لەپەنا تەختەبەندە هەشت گۆشەییەکەدا دیارە. ئەویش خەریک بوو دوای بکەوێ، کەچی دەنگێک لە پشتەوەڕا وەستاندی.

- "بوەستە!" پیاوێک فەرمانی بەسەردا کرد.

ئەفسەری ئاسایشی لۆڤەر لە دەرگای سالۆنی دەوڵەتان هاتە پێش، دەمانچەکەی لێ ڕاگرت، ڕاستەوخۆ نیشانەی لە سینگی گرت.

لانگدن خۆزاییانە هەستی کرد هەردوو دەستەکانی بەرەو بنمیچەکە بەرز بوونەوە.

- "دەی درێژ بە!" پاسەوانەکە وای فەرمان بەسەردا کرد.

بۆ چەند چرکەیەک لانگدن درێژ بوو ڕوومەتەکانی لەسەر زەوی خشان. پاسەوانەکەش خێرا بازیدا سەری و شاپێکی لە قاچەکانی دا و لێکی کردنەوە.

- "جەنابی لانگدن، بیرێکی شاش،" ئەو وای گوت و لوولەی دەمانچەکەشی بە توندی لەسەر پشتی چەقاندبوو. "بیرۆکەیەکی شاش."

ڕووی لەسەر ناوکەوەکە و هەردوو باڵ و لاقەکانیشی لێککرابوونەوە، لانگدن میزاجێکی کەمی تەوسدارانەی لەم ڕەوشەی خۆی بینی. ***پیاوە ڤیترۆڤانەکە***، وای بیرکردەوە. ***بەڵام ڕووی لە خوارەوە.***

# بەندی ٢٩

لەنێو کڵێسای سێینت سەپلایسدا، سیلاس دەستی دابووە ڕاگرە ئاسنی مۆمدانێکی گەورەی مرازان لە لای قوربانیگەکە و بەرەو بنکەی قووچەکەکە دەچوو. دیاربوو دەسکەکە بۆ شکاندنی کاشی ناوکەوەکە دەشیا. سیلاس چاوی لەسەر کاشیە مەڕمەڕە بۆرەکەی گرتبوو، کە بۆشاییە هەستپێکردووەکەی داپۆشیبوو، پەیشی بەوە برد کە ناتوانێ کاشیەکە بەبێ دەنگ لێوەهاتنێک بشکێنێ.

ئاسن لەسەر مەڕمەڕ. بەهۆی ئەو مەدای چاڵەی بنمیچەکەوە، دەنگێکی زۆر دەداتەوە.

تۆبڵێی سۆفیلکەژنەکە گوێی لێنەبێ؟ خۆ ئەو ئێستا نوستووە. لەگەڵ ئەوەشدا سیلاس نەیدەویست، شتێکی وا بکا ژنەکە بەخەبەر بێتەوە. لە دەوروبەری خۆی بۆ پارچە قوماشێک ڕاما، تا مۆمدانە ئاسنینەکەی تێوەرپێچێ، هیچی نەبینی تەنها لە پارچە کەتانێک بترازێ کە بەسەر قوربانیگەکە دادرابوو، لێ حەزی لێنەبوو قوماشە مومبارەکەکە پیس بکا. ***عەبایەکەم،*** وای بیرکردەوە. دەیزانی بەتاقی تەنیا لەو کڵێسە گەورەیە دایە، ئیدی سیلاس عەباکەی لەبەر خۆی داکەنی. کاتێکیش عەباکەی لەخۆی کردەوە، کاتێ داوە خورییەکانی عەباکەی لە گۆشتی برینەکەی سەر پشتی خشا هەستی بە ژانێک کرد وەک ئەوەی شتێکی پێوە بدا وابوو.

ئێستا سیلاس ڕووتوقووت، تەنها پارچە قوماشێکی وەرپێچراو لە دەورەی عەورەتی نەبێ. سیلاس عەباکەی لەسەری ئاسنی ڕاگرە مۆمدانەکەی بەست. ئینجا سێرەی لە نێوەڕاستی کاشی ناوکەوەکە گرت، بە هێزێکەوە پیای کێشا، دەنگێکی خەفەبووی لێوە هات. بە لێدانەکەی یەکەم کاشیەکە هیچی لێنەهات. جارێکی دیکە لێیدایەوە، دیسان دەنگێکی کپبووەوە، بەڵام ئەمجارەیان کاشیەکە درزێکی تێکەوت. بە لێدانی سێیەم کاشیەکە وردوهەڕا بوو، بەرد و خاشاکەکەی ڕژایە نێو چاڵەکەی ژێر ناوکەوەکە.

***پەناگەیەک!***

هەر زوو پارچە بەردەکان و خۆڵەکەی لابرد و سەیری نێو بۆشاییەکەی کرد. کاتێکیش دانەویەوە، خوێنی لەنێو دەمارەکاندا دەکوڵا. باسکە ڕووتەکەی بۆ نێو کونەکە درێژ کرد و دەستی گەیشتە نێو چاڵەکە.

یەکەم جار هەستی بە هیچ نەکرد. بنی کونەکە ڕووت بوو، بەردێکی لووس. ئینجا لە قووڵایەکە هەستی بە شتێک کرد، دەستی بۆ ژێر هێڵە پەمەییەکە برد، دەستی بە شتێک کەوت! تەختەبەردێکی ئەستوور. قامکەکانی لە دەوروخولی بەردەکە دا، پەنجەکانی لێگیر بوو، بە ئەسپایی تەختەبەردەکەی بەرزکردەوە و دەری هێنا. کاتیکیش هەڵستایەوە و چاوی لەبەردەکە کرد و پشکنی، لەوە تێگەیشت کە بەردێکی داتاشراوە و چەند وشەیەکی لەسەر هەڵکەندراوە. بۆ ساتێک هەستی کرد بۆتە موسای زەمانی ئێستا.

کاتێکیش سیلاس وشە هەڵکۆڵراوەکانی سەر بەردەکەی خوێندنەوە، سەرسام بوو. ئاخر ئەو چاوەڕوانی بەردەکلیلەکە بوو کە نەخشە بێ، یان ئاراستەی تێکچڕژاوی ئاماژەدار، لەوانەبوو کۆدەدار بن. کەچی بەردەکلیلەکە سادەترین شتی لەسەر هەڵکەندرابوو.

کار 38:11

***ئایەتێکی بایبل***؟ سیلاس سەری لە سادەییە شەیتانیەکەدا سوڕما. ئەو شوێنە نهێنییەی بە دوایدا دەگەڕا، پەردە لەسەر سورەتێکی بایبلی هەڵدەداتەوە؟ هەر بە ڕاستی خۆ دەستەی برایەتی لە هیچ سووکایەتییەک نەسڵەمینەتەوە!

***کار. بەندی سی و هەشت. ئایەتی یازدە.***

هەرچەندە سیلاس ئایەتی یازدەی لەبەرنەبوو، لێ دەیزانی کتێبی کار، چیرۆکی ئەو پیاوە دەگێڕێتەوە کە خواوەند چەند جارێک ئیمانەکەی تاقیکردۆتەوە. ***شتێکی گونجاو***، ئەو وای بیرکردەوە، بە ئاستەم بەسەر مەراقبوونەکەی خۆیدا زاڵ دەبوو.

ئاوڕێکی لەسەر شانی خۆی دایەوە، چاوی لە هێڵە پەمەییەکە کرد، کە دادی نەدەدا بەڵکو پێدەکەنی. لەوێ لەسەر قوربانیگە سەرەکیەکەدا، کتێبێکی ئاوزێڕ کراوەتەوە، بایبل لەنێو بەرگێکی پێستدا داندراوە.

لەسەر قەپەنگەکەش، خوشکە ساندرین دەهەژا. هەر چەند خولەکێک بوو خەریکبوو هەڵبێ و کارەکانی خۆی ڕایی بکا، کاتێکیش پیاوەکەی خوارەوە لە پڕێکەوە عەباکەی لەسەر خۆی لادا مایەوە. کاتێکیش ئەو گۆشتە سپیە ڕوشاوەی بینی، لە سامناکی شتە چاوەڕواننەکراوەکەدا لە

شوێنی خۆی ڕەق بوو. تەنانەت لەو شوێنەی لێبوو، دەیتوانی برینی سەر جەستەی کابراکە ببینێ.

***بێویژدانانە پیاوەکە قامچیکوت کراوە!***

ژنەکە قایشە دڕکدارە خوێناوییەکەی سەر ڕانی کابراشی بینی، ئەو برینەی ژێر قایشەکە خوێنی لێدەتکا. ***ئەرێ تۆبڵێی چ جۆرە خوایەک بێ بیەوێ جەستەیەک بەم جۆرە سزا بدا؟*** ڕێوڕەسمی ئۆپیوس دای، ئیدی خوشکە ساندرین زانی، ئەمەش شتێک نەبوو قەت لێیتێبگا. بەڵام خۆ لەو کاتەدا ئەمە شتێک نەبوو خەمی لێبخوا. ***ئۆپیوس دای بەدوای بەردەکلیلەکەدا دەگەڕێ.*** ئاخر ئەوان چۆنیان زانی، خوشکە ساندرین شتەکەی پێ نەدەهاتە پێش چاو، هەرچەندە دەشیزانی کاتی بیرلێکردنەوەی بە دەستەوە نییە.

کەشیشە خوێناوییەکە بە هێواشی عەباکەی کردەوە بەر، بەو دەستکەوتەی تازە دۆزیبوویەوە بەرەو قوربانیگەکە، بۆ لای بایبلەکە ڕۆیشت.

لە بێدەنگییەکی هەناسە ڕاگرتوودا، خوشکە ساندرین قەپەنگەکەی جێهێشت، لەوێ بەناو هۆڵەکە دابەزی و بەرەو ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە. لەوێ کەوتە سەر دەست و لەژێر پێخەفە دارینەکەدا دەستی بۆ سندووقێکی سەرمۆر برد، ساڵانێک بوو لەوێدا شاردبوویەوە.

دەستبەجێ مۆرەکەی کردەوە، لەنێویدا ژمارە تەلەفۆنێکی چوار ژمارەیی دۆزیەوە.

بە دەست لەرزینەوە خەریک بوو ژمارەکەی لێدەدا.

لە خوارەوەش، سیلاس تەختە بەردەکەی لەسەر قوربانیگەکە دانا و بە پەرۆشەوە دەستی دایە بایبلە بەرگ چەرمینەکە. بە قامکە سپییە درێژە ئارەقاوییەکان لاپەڕەکانی هەڵدانەوە. لاپەڕەی بەشی تەوڕاتەکەی کردەوە، کتێبی کاری دۆزیەوە. گەیشتە سەر بەندی سی و هەشت. قامکیشی لەسەر دێڕەکان دەگێڕا، هات هات تا گەیشتە سەر شوێنە مەبەستەکە ، ئینجا خوێندییەوە.

***چما ئەوانە ڕێمان نیشان دەدەن!***

ئایەتی ژمارە یازدەی دیتەوە، سیلاس دەقەکەی خوێندەوە. ئایەتەکە تەنها حەفت وشە بوو. شڵەژا، جارێکی دیکە خوێندییەوە، هەستی کرد کەوتۆتە هەڵەیەکی کوشندەوە. ئاخر ئایەتەکە سادە و ساکارانە دەڵێ:

# بەندی ٣٠

کلود گرواردی[113] ئاسایشپارێزی مۆزەکە زۆر بە تووڕەیی لەسەر بەندکراوەکەی لەبەردەم مۆنالیزا ڕاوەستابوو. ***ئاخر ئەم بیژمۆتە ژاک سانییری کوشتووە***! سانییر وەک باوکێکی خۆشەویست بوو بۆ گروارد و دەستە ئاسایشپارێزەکەی.

گروارد لەوە زیاتری نەدەویست، کە گوللەیەک لەپشتی لانگدن بدا و بڕبڕەی پشتی بسمێ[114]. ئەو ئەفسەرێکی پلە بەرز بوو، هەر بۆیەشە دەمانچەکەی فیشەکی زیندووی تێدا بوو، سواریش کرابوو. ئەو بەبیرخۆی هێناوە، کوشتنی لانگدن بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئازار و مەینەتیەی لەدەست فاشێ و گرتووخانەی لێکۆڵینەوەی پۆلیسی دادوەری فەرەنسی دەبینێ، جۆرە بەخشەندەییەکە، بۆیە لێیگەڕا.

گروارد دەستی دایە ئامێرە وۆکی تۆلکیەکەی، تا داوای پاڵپشتی بکا. بەڵام هەموو ئەوەی گوێی لێبوو هەر زرینگە زرینگ و تەشویش بوو. لەبەر سیستمی ئاسایشی پێشکەوتوو هەمیشە پاسەوانەکان لەم ژوورەدا بۆ پەیوەندی کردن تووشی گرفت دەبوون. ***دەبێ خۆم بگەیەنمە دەروازەکە***. هێشتاش لوولەی دەمانچەکەی ئاراستەی پشتی لانگدن کردبوو، ئیدی یەک دوو هەنگاو بۆ دواوە بۆ لای دەروازەکە کشایەوە. بۆ شەنقاوی سێیەم، شتێکی بەدی کرد، وایلێکرد لەسەری بوەستێ.

***دەک بەقوڕ گیرێ، تۆبڵێی ئەوە چی بێ!***

تارماییەکی ڕاڤەنەکراو لە ناوجەرگەی ژوورەکە بەرجەستە بوو. بیچمێک. تۆبڵێی کەسێکی دیکە لە ژوورەکە بێ؟ ژنێک لەو ناوە لە نێو تاریکیدا دەجووڵا، خێرا بەرەو لای دەستە چەپی

---

[113] Claude Grouard

[114] بسمێ: کون بکا.

دیوارەکە دەڕۆیشت. لەبەردەم ژنەکەشدا، تیشکێکی ئەرخەوانی لەسەر ناوکەوەکە بۆ پێش و پاش دەچوو، وەک ئەوەی بە لایتێکی تیشک ڕەنگین لە شتێک بگەڕێ.

- "ئەوە کێیە لێرە؟" گروارد بە فەڕەنسی تێپڕاخوڕی، هەستیشی کرد بۆ جاری دووەم لە سی چرکەدا ئەدرێنەلاین لە دەمارەکانیدا قوڵپی دەدا. لە پڕێکەوە نەیدەزانی نیشانە لە کامەیان بگرێ، یان بۆ کامە ئاراستە بجووڵێ.
- "پۆلیسی تەکنیکار و زانستی،" ژنەکە لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە، هێشتاش ناوکەوەکەی بەردەمی دەدرەوشایەوە.

***پۆلیسی تەکنیکار و زانست***. گروارد ئارەقەی هاتێ. ***من پێموابوو هەموو پۆلیسەکان لێرە ڕۆیشتوون***! ئێستا تیشکە ئەرخەوانییە سەرووی بنەوشەییەکەی ناسیەوە، کە هی تیمی پۆلیسی تەکنیکار و زانستییە، کەچی هێشتاش لەوە نەدەگەیشت ئاخۆ بۆچی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دادوەری لێرە بە دوای بەڵگەدا دەگەڕێ.

- "ناوەکەتم پێ بڵێ!" گروارد وای بەسەردا قیژاند، خۆزاییش لە ناخیدا شتێکی نادروست هەبوو. "وەڵامم بدەوە!"

- "ئەوە منم،" دەنگەکە بە هێواشی و بە فەرەنسی وەڵامی دایەوە. "سۆفی نیڤۆ."

لەوێ لە شوێنێکی دوور لەنێو مێشکی گرواردا شتێک هەبوو، ناوەکە لە مێشکی تۆمارکرابوو. ***سۆفی نیڤۆ***؟ ئەمە خۆ ناوی نەوەکەی ژاک سانییێر بوو. وانییە؟ ئەو زۆر جاران بە منداڵی دەهاتە ئێرە، بەڵام خۆ لەمێژ ساڵە. ***ناکرێ ئەو ژنە سۆفی بێ***! خۆ ئەگەر خودی سۆفی نیڤۆش بێ، زەحمەتە باوەڕی پێبکرێ؛ ئاخر گروراد هەندێ بەندوباوی دەربارەی لەیەکجیابوونەوە بە ئازارەکەی نێوان نەوەکە و ژاک سانییێر بیستبوو.

- "تۆ خۆت من دەناسی،" ژنەکە وا بانگی کرد، "بڕوام پێ بکە، ڕۆبەرت لانگدن باپیرەمی نەکوشتووە."

ئەفسەرە ئاسایشپارێزەکە لەو دۆخەدا نەبوو بڕوای پێبکا. ***من پاڵپشتیم دەوێ***! دیسان هەوڵی لەگەڵ وۆلکی تۆلکی دایەوە، هەر ویزەویزی تەشویشی گوێ لێبوو. هێشتا دەروازەی ژوورەکە بیست گەزێک لە پشتەوەی ئەو بوو، گروارديش بە هێواشی دەکشایەوە، لوولەی چەکەکەشی کردە پشتی لانگدن کە لەسەر ناوکەوەکە کەوتبوو. کاتێکیش گروارد بستێک کشایەوە دواوە،

بینی ژنەکە لە نێو ژوورەکەدا لایتە تیشکدارەکەی بەرز کردۆتەوە و لەسەر ڕووخساری تابلۆ گەورەکەی ژووری دەوڵەتاندا دانا و لە شتێک دەگەڕا، هەر ڕاستەوخۆش لەبەرانبەر مۆنالیزادا.

گروارد ئاهێکی لێ هەستا، زانی کامە تابلۆیە.

***ئەرێ بۆ خاتری خوا، ئەو خەریکی چییە؟***

لە نێو ژوورەکەدا سۆفی نیڤو هەستی بە ئارەقەیەکی سارد کرد کە بەسەر هەنیەیدا هاتەخوار. هێشتا لانگدن بە هەلاژاوی لەسەر ناوکەوەکە کەوتووە. ***دەی ڕۆبەرت، خۆت بگرە، زۆری نەماوە***. دەیزانی هەرگیز ئاسایشپارێزەکە تەقە لە شتاقیان[115] ناکا، ئیدی سۆفی سەرنجی لە شتەکەی دەستی گیربوو، هەمو دەوروبەری تابلۆکەی بە لایتەکە گەڕا، بە تایبەتیش تابلۆیەکی دیکەی داڤینشی. بەڵام ئەو تیشکە سەرووی بنەوشەییە هیچی دیکەی نائاسایی نەدۆزییەوە. نە لەسەر ناوکەوەکە و نە لە سەر دیوارەکەش، تەنانەت لەسەر پارچە قوماشی خودی تابلۆکەش، هیچ نەبوو.

***خۆ هەر دەبێ شتێک لێرە بێ!***

سۆفی بە ئەرخاینبوونەوە هەستی کرد، کە بە دروستی نیەتی کۆدەکەی باپیرەی شکاندووە.

***تۆ بڵێی ئەو چ نیازێکی دیکەی هەبووبێ؟***

شاکارە هونەرییەکە خامێکی پێنج پێ درێژ بوو. ئەو دیمەنە نائاساییەی داڤینشی کێشابووی، وێنەیەکی ئالۆزی ماریای پاکیزە بوو، عیسای کۆرپەلەی لەباوەش گرتبوو، یۆحەنای سەرانشۆکاری(بیسمیلکار- تەعمیدکار) و ئوریلی[116] فریشتەش لەسەر لێواری گاشەبەردێکی دژوار دانیشتبوون. کاتێکیش سۆفی منداڵێکی بچکۆلانە بوو، هیچ گەشتێکی مۆنالیزا تەواو نەدەبوو تا باپیرەی بۆ جاری دووەم کێشی نەکا بۆ دووبارە سەیرکردنەوەی ئەم تابلۆیە.

***باپیرە من لێرەم! بەڵام خۆ من شتەکە نابینم!***

---

[115] شتاقیان: هیچ کامیان.

[116] Uriel

لەپشت خۆیەوە، سۆفی گوێی لە ئاسایشپارێزەکە بوو چۆن دیسان هەوڵی یارمەتی وەرگرتن دەدا.

***بیرکەرەوە!***

سۆفی وێنەی ئەو نووسینە تێکەڵەی سەر جامی تابلۆی مۆنالیزای هێنایە بەرچاوی خۆی. ***ئای گۆبەندی پیاو چەند ڕەشە.*** ئەو تابلۆیەی بەردەمی هیچ شووشەیەکی پارێزبەندی لەسەر نەبوو تا پەیامێکی لەسەر بنووسرێ، سۆفیش دەیزانی باپیرەی هەرگیز کارێکی واناکا لەسەر ڕووی تابلۆیەکە شتێک بنووسێ و تابلۆیەکە تێک بدا. ئیسێتێکی بۆ کرد. ***بەلای کەمییەوە لەسەر ڕووخسارەکەی نانووسێ.*** نیگای چاوی بۆ باڵا هەڵبری، چاوی لە تەلەکان کرد کە تابلۆکەی پێوە هەڵواسرابوو.

***تۆ بڵێی لەوێ بێ؟*** دەستی دایە لای چەپی چوارچێوە دارینەکە، هەندێکی بۆلای خۆی ڕاکێشا. تابلۆکە گەورەبوو، پشتەوەشی لە کاتی چاوتێکردن هەندێ لە دیوارەکەوە لار بووەوە. سۆفی سەری بردە نێو و لایتەکەشی لەپشتەوە دا بەڵکو شتێک، پەیامێکی لەوێ بۆ بەجێ هێشتبێ.

چەند چرکەیەکی بەسەردا تێپەڕین، لەوەش گەیشت، کە هەستە خۆزاییەکەی هەڵە بوو. پشتەوەی تابلۆکە ڕەنگێکی بۆری بزرکاو و لووس بوو، هیچی لەسەر نەنووسرابوو. هیچ دەقێکی بنەوشەیی لەسەر نەبوو، تەنیا چوارچێوە کۆنە نەخشدارەکەی پشتی خامەکە هەبوو لەگەڵ ـــ

***بوەستە.***

چاوەکانی سۆفی لەسەر مادە کانزایەکی درەوشاوە لە نزیک چوارچێوە دارینەکەی خوارەوە گیربوو. شتەکە بچووک بوو، لە درزی نێوان پارچە خامەکە و چوارچێوەکە داندرابوو. ئینجا زریزەیەکی ئاڵتوونی لێ کەوتەخوار.

بۆ مایەی سەرسامییێکی بێڕادەی سۆفی، زنجیرەکە کلیلێکی زێڕینی پێوە کرابوو. لە سەرووی پانایی کلیلەکەشدا خاچێکی چوارلا یەکسان و مۆرێک هەبوو، لەو کاتەی تەمەنی نۆ ساڵان بوو، شتەکەی نەبینیوەتەوە. گوڵە شلێرە و دوو پیتە کورتکراوەکەی (پی ئێس)ی لەسەر بوو. بۆ ساتێک سۆفی هەستیکرد، باپیرەی بەبن گوێیدا دەچرپێنێ. ***کە کاتی خۆی هات، کلیلەکە دەبێتە هی تۆ.*** کاتێک دەرکی بەوە کرد کە باپیرەی بە مردوویش، هەر لەسەر سۆزو بەڵێنەکەی بوو،

شتێکی توند لە گەرووی گیر بوو. ***ئەم کلیلە سندووقێک دەکاتەوە***، ئەوە دەنگی باپیرەی بوو وایگوت، ***زۆر نهێنیم تێدا شاردوونەتەوە***.

ئیدی سۆفی لەوە تێگەیشت، گەمەی وشە و مەتەڵەکانی تەواوی ئەم شەوە، ئەم کلیلە بووە. باپیرەی لە کاتی کوشتیندا کلیلەکەی پێ بووە. چاوەڕێی نەکردووە تا بکەوێتە بەردەستی پۆلیس، لەپشت ئەم تابلۆیەدا شاردۆتەوە. ئینجا گەمەی ڕاوە گەنجینە دۆزینەوەیەکی بێوێنەی بۆ داهێنا تا دڵنیا بێ بە تەنها سۆفی دەستی پێڕابگا.

- "یارمەتی!" دەنگی ئاسایشپارێزەکە بوو هاواری دەکرد.

سۆفی دەستی دایە کلیلەکە و لەگەڵ لایتە قەڵەمەکەیدا خستیە نێو تەنکەی گیرفانی. لە پشتی خامی تابلۆکەشەوە سەیرێکی ئاسایشپارێزەکەی کرد، کە هێشتا هەر هەوڵی لەگەڵ وۆکی تۆلکی دەدا بەڵکو پاڵپشتی بۆ بێ. ئەو پشتا و پشت بۆ دەروازەکە دەکشایەوە و لوولەی دەمانچەکەشی ڕێک لە پشتی لانگدن کردبوو.

- "یارمەتی!" ئەو لە ڕادیۆکەی دەستیدا هەر هاواری دەکرد.

هەر ویزەویزی تەشویش.

***ئەو ناتوانێ دەنگەکان وەربگرێ.*** سۆفی لەوە دەگەیشت، گەشتیاران لەم ژوورەدا بەدڵشکاوی هەوڵیان دەدا زەنگ بۆ ماڵەوە و برادەرانیان لێبدەن، تا پێیان ڕابگەیەنن لە لەبەردەم مۆنالیزا دان. ئەو ئامێرە زێدەبارییانەی ئاسایشپارێزی ژوورەکە کارێکی وایان کردبوو، لەنێو ژوورەکەدا ئەستەم بێ پەیوەندی وەربگیرێ، مەگەر بەچەند هەنگاوێک، نەچنە پشتەوە بۆ بەردەم قاپییەکە. ئاسایشپارێزەکەش بە هەنگاوی خێراوە هەوڵی دەدا بڕواتە دەر تا پەیوەندییەکە حاسڵ بکا، سۆفیش دەیزانی دەبوایە بەپەلە دەستوبرد بکا.

سۆفی نیگای بۆ باڵا هەڵبڕی، بەشێکی تابلۆکەی لە پشتەوە حەشاردراوە، ئیدی لەوە گەیشت کە داڤینشی بۆ جاری دووەم لەم شەوەدا بەهانایەوە هات.

***چەند مەترێکی کەم***، گروارد وای بەخۆی دەگوت، لوولەی دەمانچەکەشی بە ئاستێکی نزم بۆ سەر پشتی لانگدن ڕاگرتبوو.

- "بوەستە دەنا ئەمە تێک دەدەم!" دەنگی ژنەکە لەنێو ژوورەکەدا سەدای دایەوە.

- گروارد سەیرێکی کرد و لە شوێنی خۆی چەقی. "نا، بۆ خاتری خوا نەکەی!"

لەنێو مژی تیشکە سوورباوەکەدا، ئاسایشەکە توانی ژنەکە ببینێ، هەر بە ڕاستی تابلۆکەی لە پەتەکانی کردوونەتەوە و لەسەر زەوی لەبەردەم خۆی داناوە. تابلۆیەکی پێنج پێ درێژ، خامەکەی خەریک بوو تەواوی جەستەکەی داپۆشێ. سەرەتا گروارد مەڕاق بوو بۆچی کاتێ تابلۆکەی لێکردەوە زەنگی ئاگادارکردنەوەی لێنەدا، بەڵام هەڵبەتە لەبەر کردەی ئەمشەوە، دەبوایە هەموو زەنگی ئاگاداریەکە نۆژەن بکەنەوە. ***تۆ بڵێی ئەو ژنە چی بکا؟***"

خەریک بوو خامەکە لە نێوەڕاستدا بدڕێ، چوارچێوە ناسکەکەی ماریای پاکیزە، عیسای کۆرپەکە و یۆحەنای بیسمیلکار بشێوێن.

- "نەکەی!" گروارد قیژاندی، لە شوێنی خۆشی لە سامناکیان کاتێ بینی خەریکە تابلۆ لەنرخ نەهاتووەکەی داڤینشی دەدڕێ، وشک بووەوە. ژنەکەش ئەژنۆی لە پشتەوە لە نێوەڕاستی تابلۆکە گیر کردبوو، پاڵی دەدا. "نەکەی!"

ئاسایشپارێزەکە وەرسووڕا و لوولەی دەمانچەکەی ئاراستەی ژنەکە کرد، لێ دەمودەست دەرکی بەوە کرد، گەف و هەڕەشەکەی بەتاڵە. ئاخر قوماشی خامەکە تەنها شتێکی دەستکردە، بەڵام هی ئەوە نییە کون بکرێ، ئاخر پارچە قوماشەکە، زرێی جەستەیەکی شەش ملیۆن دۆلارییە.

***من ناتوانم گوللە لەو دەستکارەی داڤینشی بدەم!***

- "دەمانچەکە و ئامێری ڕادیۆنێرەرەکەت دابنێ،" دەنگی ژنەکە بوو بە هێوری و بە فەرەنسی وای پێگوت. "یان بە چۆکم تابلۆکە دەدڕێنم. تۆش دەزانی باپیرەم چۆن دەیڕوانییە ئەم شتە."

- گروارد سەری سوڕا. "تکایە... نا بۆ خاتوونی[117] گاشەبەردەکان!" ئیدی کابرا دەمانچە و ئامێری پەیوەندییەکەی دانایە سەر زەوی و دەستەکانیشی بۆ سەر سەری خۆی بەرز کردنەوە.

[117] نووسەر لێرەدا madonnaی بەکار هێناوە، کە نازناوێکە واتای خاتوون دەدا بۆ ڕێز و شکۆی ماریای پاکیزە.

– "زۆر سوپاس،" ژنەکە وای پێگوت. "ئێستا کتومت ئەو شتە بکە، کە پێت دەڵێم، بەم جۆرە هەموو شتێک باش دێتەوە."

پاش چەند خولەکێک، هێشتا دڵی لانگدن، دوای ئەوەی بە تەنیشت سۆفییەوە بەسەر پەیژە دەرچەی ناچاری بۆ نهۆمی سەر زەوی دەهاتە خوار، بە توندی لێیدەدا. لەوکاتەی کە ئاسایشپارێزەکەی لۆڤەر لەسەر زەوی سالۆنی دەوڵەتان ڕاکشا، ئەوان ورتەیان لەدەم نەهاتبووە دەر. ئێستا دەمانچەی گروارد بە دەستی لانگدنەوە بوو، ئەویش خواخوای بوو لێی قوتار بێ. چەکەکە قورس، وەک شتێکی نامۆی دژوار لە دەستی ئەو دیار بوو.

هەردووکیان لەسەر قالدرمەکان دەهاتنە خوار، لانگدن مەڕاق بوو ئاخۆ سۆفی دەیزانی تابلۆیەکە چ شتێکی گرانبەها بوو خەریک بوو وێرانی بکا. بژاردەی سۆفی بۆ هونەر لە زەوقی ئەمشەوی سەرچڵییەکە دەوەشایەوە. ئەو داڤینشیەی کە سۆفی دەستی دابوویێ، لەنێو مێژووناساندا سەبارەت بەو هێما بتپەرستیانەی تێیدا حەشاردرابوون، زیاتر لە تابلۆکەی مۆنالیزا مایەی مقۆمقۆ بوو.

– "تۆ بارمتەیەکی گرانبەهات لێگرتبوو،" کاتێ بە تەنیشت سۆفیەوە غاری دەدا وای پێگوت.

– "خاتوونی گاشەبەردەکان،" ئەویش وا وەڵامی دایەوە. "بەڵام خۆ من نەبووم هەڵم بژارد، ئەوە باپیرەم بوو. ئەو شتێکی بچووکی لەپشت تابلۆکە بۆ دانابووم."

– لانگدن کورتە نیگایەکی تێبڕی. "چی؟" بەڵام چۆن زانیت کە کامە تابلۆیە؟ بۆچی خاتوونی سەر گاشەبەردەکان؟"

– "کەتنی پیاو ئەوەندە ڕەشە." سۆفی خەندەیەکی سەرکەوتووانەی بۆ کرد. "ڕۆبەرت، من هەر دوو مەتەڵ و وشە هەڵێنانەکەی پێشترم لەدەست چوو. هی ئەوە نەبوو سێهەمیشم لەدەست دەربچێ."

# بەندی ٣١

- "ئەوان مردن!" خوشکە ساندرین لە شوێنەکەی خۆی لە سێینت سەپلایسدا کە دەسکی تەلەفۆنەکەی لە بن گوێیدا بوو بە زمان تێکئالاوییەوە وای دەچرپاند. ژنەکە پەیامێکی بۆ ئامێری دەنگ تۆمارکەرەکە بەجێ دەهێشت. "تکایە هەڵیگرە! هەر هەموویان مردن!"

هەر سێ ژمارە تەلەفۆنەکانی یەکەم دەرەنجامێکی سامناکیان هەبوو، گریانێکی هێستریایانەی بێوەژن، لێکۆڵەرەوەکانیش تا درەنگانێک هەر لەسەر شانۆی تاوانەکەبوون و کنە و پشکنینی خۆیان دەکرد و کەشیشێکی داماویش دڵنەوایی خێزانە کۆستکەوتووەکەی دەدایەوە. هەر سێ کەسەکان مردبوون. ئێستاش ژنەکە زەنگی بۆ ژمارەی چوارەم لێدەدا – ئەو ژمارەی کە نەدەبووایە پەیوەندی پێوە کردبایە مەگەر هەر سێ ژمارەکەی پێشتری دەست نەکەوتبانایە- هەر ئامێری دەنگ تۆمارکەری تەلەفۆنەکە بوو وەڵامی دایەوە. دەنگی خۆتۆمارکەرەکە سووک و ئاسان نە داوای ناوی زەنگلێدەرەکەی دەکرد نە هیچ، هەر بە تەنها داوای لێدەکرد پەیامەکەی جێ بێڵێ.

- "کاشیەکەی خوارەوە شکێندرا!" ژنەکە کاتێ پەیامەکەی جێهێڵا، دەپاڕایەوە. "باقی سێ کەسەکانی دیکە مردن!"

خوشکە ساندرین ناسنامەی ئەو چوار پیاوەی دەیپاراستن نەدەزانی، بەڵام تەلەفۆنێکی شاراوە لەژێر پێخەفەکەی هەبوو، دەکرا تەنها بەیەک مەرجیش بەکاری بێنێ.

***ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان کاشی ناوکەوەکەی خوارەوە شکێندرا،*** تەتەرە بێ ڕووخسارەکە وای پێگوتبوو، ***واتای ئەوەیە ڕیزی باڵا تێکشکێندراوە. یەکێک لە ئێمە بە کوشتن هەڕەشەی لێکراوە، بە ناچاری ئەو شتەی گوتووە تا لەخشتەیان ببا. لەو کاتەدا تۆ زەنگ بۆ ژمارەکان لێبدە. ئاگاداری ئەوانی دیکە بکەوە. تکایە لەمەدا بێ هیوامان مەکە.***

شتەکە ئاگادارکردنەوەیەکی بێدەنگ بوو، زۆریش سادە و ئاسان بوو. کە بۆ یەکەم جاریش گوێی لە نەخشەکە بوو، حەپەسا. خۆ ئەگەر ناسنامەی یەکێک لە مریدانی دەستەی برایەتی ئاشکرا بوو، دەتوانێ بە ئاسانی ئەو درۆیە بکا و ئیدی ڕاستەوخۆ ئەوانی دیکەی لێ ئاگادار دەکرێنەوە. کەچی ئەمشەو پێدەچێ ناسنامەی زیاتر لەیەک کەسیان ئاشکرا بووبێ.

- "تکایە وەڵام بدەوە،" ژنەکە بە ترسەوە لە دەسکی تەلەفونەکەی دەچرپاند.

- "تەلەفۆنەکەت دابنێوە،" دەنگێکی قووڵ لە لای دەرگاکەوە هات.

ژنەکە بە تۆقاوییەوە ئاوڕێکی دایەوە، کەشیشێکی زل و کەتەی بینی. کابرا مۆمدانێکی ئاسنی قەبەی پێیە و لەبەر دەرگە وەستاوە. بە لەرزینەوە، ژنەکە تەلەفۆنەکەی لەشوێنی خۆی دانایەوە.

- "ئەوان مردن،" کەشیشەکە وای پێگوت. "هەر چواریان فەوتان. ئەوان گەمەیەکی گەمژانەیان لەگەڵدا کردم. دەی پێم بڵێ بەردەکلیلەکە لە کوێیە."
- "من نازانم!" خوشکە ساندرین بە ڕاستگۆییەوە گوتی. "ئەو نهێنییە لەلایەن ئەوانی دیکەوە پارێزراوە." ***ئەوانەی کە مردوون.***
- پیاوەکەی لێهاتە پێش، ڕاگرە ئاسنینەکەشی لەدەستدا بوو. "تۆ خوشکێکی کڵێسای، کەچی هێشتا خزمەتی ئەوان دەکەی؟"
- "عیسا تەنها یەک پەیامی هەبوو،" خوشکە ساندرین گردەبڕانە وای پێگوتەوە. "ناتوانم پەیامەکەش لە ئۆپیو دایدا ببینم."

ئیدی تەوژمێکی تووڕەیی، کەشیشەکەی داگرت و چاوەکانی ئاگریان لێدەباری. بۆی چوو، بە ڕاگری مۆمدانەکە وەرگەڕا ژنەکە و تا هێزی تێدابوو پێیدا کێشا. کاتێکیش خوشکە ساندرین کەوت، دوا هەستی هەستێکی باڵکێشی شووم بوو.

***هەر چوارەکە مردن.***

***ڕاستییە بەهادارەکە تا هەتایە ون بوو.***

# بەندی ٣٢

کۆترەکانی نزیک باخچەی تویلەری[118] لەبەر دەنگە زەنگی ئەو ئاگادارینامەیەی لە لابالی (دینۆن)ەوە هات هەڵفڕین، ئەمەش بە هۆی ئەوەی لانگدن و سۆفی بە پەلەپڕوزێ بەربەستەکەی پێشخۆیان دەبڕی و کەوتنە نێو شەوی پاریس. کاتێکیش ئەوان بەنێو گۆڕەپانەکەدا بەرەو ترومبێلەکەی سۆفی غاریان دەدا، لانگدن بە باشی گوێی لە فیکە و هۆڕنی ترومبێلەکانی پۆلیس بوو، لە دوورەوە دەهات.

– "ترومبێلەکە لەوێیە،" سۆفی وای بە لانگدن گوت، بە قامکیش ئاماژەی بە ترومبێلێکی سەر ناشیرینی سووربابوی دوو نەفەری کرد، لە پارکی کۆشکەکە ڕاگیرابوو.

***ئەو بەڕاست گاڵتە دەکا***؟ ئاخر ترومبێلەکە ئەوەندە بچووک بوو، بە ئاستەم لانگدن دەیبینی.

– "ترومبێلێکی سمارت،" سۆفی وای پێگوتەوە. "بەیەک لیتر سەد کیلۆمەتر دەبڕێ."

لانگدن بە ئاستەم جێگای خۆی لە پێشەوەی ترومبێلەکە کردووە، لەو کاتەی سۆفی خۆی خستە پشت سوکان و سلفێکی لێدا و تیژ دەرپەڕی. سۆفی پێی لەسەر پەیدانی بەنزینەکە قورس کردبوو، کاتێکیش ترومبێلەکە لەسەر ڕێگا لاوەکیەکەدا بەرەو پێچی (کۆراسۆل دە لۆڤەر) دەچوو، لانگدن دەستی لە دەشبوولی ترومبێلەکە گرتبوو.

بۆ ساتێک سۆفی بەتەمابوو ڕێگای پێچەکە قەدبڕ ببڕێ و بەناوی گیاوگۆڵەکەی ئەوێدا تا لەبازنەکە بدا و بپەڕێتەوە.

– "نەکەی!" لانگدن وا هاواری کرد، ئەو دەیزانی پەرژینە گژوگیاکەی دەورەی پێچەکە بۆ ئەوەیە کەلێنێکی گەورەی سەر زەوییەکە، کە بە کەلێنی هەرەمی سەربەرەوژووە ناسراوە، داپۆشێ، ئاخر کاتێ دەچووە نێو مۆزەکە بۆشاییەکەی بینیبوو. کەلێنەکەش بایی ئەوەندە گەورەبوو، ترومبێلێکی سمارتی وەک هی سۆفی قووت بدا. بەختەوەرانەش سۆفی بڕیاریدا ڕێگا ئاساییەکە بگرێتە بەر، ئیدی خێرا بەرەو دەستە

[118] Tuileries Garden

ڕاست بایدایەوە و بە شێوەیەکی دروست خولە بازنەکەی خۆی بڕی، بە ئاراستەی هێڵی سەروو ڕوەو شەقامی (رو دە ریڤولی)[119] ملی لێنا.

تا دەهاتیش فیکەو هۆڕنی ترومبێلەکانی پۆلیس پتر دەبوو، لانگدنیش هەوڵیدا لەلای خۆیەوە لە ئاوێنەکەدا لایتەکەی ئەوان ببینێ. مەکینەی سمارتەکە لەبن فشاری پێداگرتنی پەیدانی بەنزینەکەدا، گڕەی دەهات، ئاخر سۆفی خواخوای بوو هەرچی زووترە لە لۆڤەر دوور بکەوێتەوە. پەنجا گەزێک لە پێش ئەوان، گڵۆپی سووری ترافیکی (ڕیڤولی) هەڵبوو. سۆفی لەبن لێوەوە نەفرەتێکی نارد و هەر بەخێرایش بەرەو ترافیکەکە لێیخوڕی. لانگدنیش هەستی کرد ماسولکەکانی گرژ دەبن.

- "سۆفی؟"

سۆفی هەندێ پێی خۆی لەسەر پەیدانی بەنزینەکە شل کرد و گەیشتنە دووڕیانەکە، و ئاماژەی فلاشە چوارییەکەشی پێکرد و خێراش بەرلەوەی پێ لە بەنزین بنێتەوە ئاوڕێکی لە هەردوولای دایەوە، ئینجا بە تیژی بە دەستە چەپ وەرسووڕایەوە بۆ جادە چۆڵەکە و بەرەو ڕیڤولی ڕۆیشت.

کە ڕاستەوخۆش لەوێ دەرچوون، لانگدن ملی خۆی هەندێ بردە پێش، تاسەیری جامی پشتەوە بە ئاراستەی لۆڤەر بکا. دیاربوو پۆلیس بەدوایانەوە نەبوون. زێیەک لە تیشکی شین لە مۆزەکەدا خڕببووەوە.

لەکۆتاییدا ترپەی لێدانی دڵی خاوبووەوە، لانگدن ئاوڕێکی لە دواوە دایەوە. "ئەمە سەرنجڕاکێش بوو."

دیاربوو سۆفی گوێی لێنەبوو. چاوەکانی هەر لەسەر پێشەوە گیربوو. ئاخر باڵوێزخانەکە هەر تەنها نیو میل لەپێش ئەوانەوە بوو، لانگدنیش لەسەر کورسییەکەی خۆی ڕێک کردەوە.

***ئای گۆبەندی پیاو چەند ڕەشە.***

بیرکردنەوەی خێرای سۆفی سەرسامانە بوو.

***خاتوونی سەر گاشە بەردەکان.***

[119] Ru de Rivoli

ئاخر سۆفی گوتبووی، باپیرەی شتێکی لە پشت تابلۆکەدا بۆ بەجێهێشتبوو. ***دوا پەیام***؟ لانگدن نەیدەتوانی چی بکا، بەڵام بە شوێنە حەشاردراوەکانی سانییر سەرسام بوو؛ Madonna of the rocks خاتوونی سەر گاشبەردەکانیش ئەڵقەیەکی گونجاوی دیکەی زنجیرە هێما تێکچڕژاوەکانی ئەم شەوە بوو. پێدەچوو سانییر، هەر هەموو جارێک زیاتر و زیاتر بە لایەنە ڕەش و بەدکارییەکەی لیوناردۆ داڤینشی کارانگاز بووبێ.

سەرەتای تەقەللای داڤینشی بۆ دەستکارەکەی خاتوونی سەر گاشەبەردەکان، لەلایەن ڕێکخراوێکەوە هات، کە بە ناوی ئاوسبوونێکی پاکیزەیی[120] بوو، ڕێکخراوەکە پێویستی بە تابلۆیەک هەبوو، تا ناوەندی دیواری قوربانیگەی کڵێسەکەیان لە سان فرانسیسکۆی میلانۆوە پێ برازێننەوە. سۆفیلکەژنەکانیش بە دروستی مەودا و ڕەهەندەکانی شوێنەکەیان بۆ لیۆناردۆ وێناکرد و خوازیار بوون تابلۆیەکیان بۆ بکێشی کە ماریای پاکیزە، یۆحەننای بیسمیلکار بە ساوایی و ئوریل[121] و عیسای کۆرپەلەی تێدابێ و لە ئەشکەوتێکیشدا بن. هەرچەندە داڤینشی ئەوەی داوای لێکردبوو، بەجێی گەیاند، لێ کاتێ لە کارەکەی بووەوە، ئەو گرووپەی بە کارەکەیان ڕاسپاربوو بە ترسناکییەوە کاردانەوەیان لەبەرامبەر تابلۆکەدا پەیدابوو. ئاخر ئەو تابلۆکەی لە شتی وروژاو وردەکاری سەرلێشێوان پڕ کردبوو.

لە تابلۆیەکەدا، ماریا (مریەم)ی پاکیزە بە فستانێکی شین نیشان دەدا، دەستی لەسەر شانی ساوایەک داناوە، گوایە عیسای مەسیحە. لەبەرامبەر ماریاشدا ئوریل دانیشتووە، ئەویش ساوایەکی لەگەڵدایە، گوایە یۆحەننای بیسمیلکارە. ئەوەی شتێکی نامۆبێ، ئەوەیە لەجیاتی ئەوەی عیسا یۆحەننا موفەرک بکا، لە نمایشەکەدا دیارە یۆحەننا عیسا موفەرک دەکا... و عیسا کەوتۆتە ژێر هەژموونی یۆحەنناوە! لەوەش شێواوانەتر، ماری دەستێکی بە بەرزی لەسەر سەری یۆحەننای کۆرپەدا ڕاگرتووە، ئاماژەکان بۆئەوە دەچن هەڕەشەی لێبکا، ئاخر قامکەکانی وەک چڕنووکی بازێک لێکردوون، کە سەرێکی نادیاری گرتبێ. لەکۆتاییشدا، ئەوەی ڕاشکاوانە وێنەکەی ترسناک کردووە: هەر لەخوار پەنجە چەماوەکانی ماریدا، ئوریلیش بە دەستەکەی نیشانەیەکی وای کردووە، وەک ئەوەی ملی ئەو سەرە نادیارە بابدا، کە ماری بە دەستەکەی چڕنوکئاسا لێ گیرکردووە.

---

[120] confraternity of the immaculate conception

[121] ئوریل ، فریشتەیەکە و ناوی لە تەوراتدا هاتووە.

هەمیشە خوێندکارەکانی لانگدن ئەوەیان پێ خۆش بوو کە دەیانزانی داڤینشی دەستەی برایەتییە دینییەکەی بەوە ئاشت کردبووەوە دووهەمین تابلۆی بۆ کێشا بوون، تابلۆیەکی ئاوی خاتوونی سەر گاشەبەردەکان، شتەکانی زیاتر بە پێوەری ئەرسەدۆکسیانە کێشابوو. دووەمین دانەی تابلۆکە لە نمایشگەی نیشتمانی لە لەندەن و لە ژێر ناوی پاکیزەی سەر گاشەبەردەکان هەڵواسراوە، بەڵام هێشتاش لانگدن تابلۆ ماکەکەی لۆڤەری بەلاوە خۆشەویستترە چونکە زۆر وروژێنەرە.

- کاتێکیش سۆفی ترومبێلەکەی بەرەو شەقامی شانزەلیزێ ڕاستەڕێ کرد، لانگدن لێی پرسی: "تابلۆکە؟ ئەرێ چی لەپشتدا بوو؟"
- چاوەکانی سۆفی هەر لەسەر جادەکە بوون. "دوای ئەوەی بە سەلامەتی دەگەینە باڵوێزخانەکە، پیشانت دەدەم."
- "تۆ شتەکەم نیشان دەدەی؟" لانگدن سەرسام بوو. "ئەو، شتێکی ماددی بۆ بەجێ هێشتووی؟"
- سۆفی کورتە سەرلەقاندنێکی بۆ کرد. "شتێک گوڵی شلێر و دوو پیتی کورتکراوەی پی و ئێس تێدا بەرجەستەیە."

لانگدن بە گوێکانی خۆی بڕوای نەدەکرد.

***ئێمە بە سەلامەتی تێیدەپەڕێنین،*** سۆفی وای بیرکردەوە و سوکانی ترومبێلەکەی جۆری سمارتی بەرەو دەستە ڕاست وەرسووڕاند، ئەو هوتێلە قەبە و لوکسەیەی کریلۆنی بڕی و گەیشتە جادە پڕ داروبارەکەی دیپلۆماسی دراوسێی ئەوێ. کەمتر لە میلێکی مابوو بگەنە باڵوێزخانەکە. لەوێ سۆفی هەستی کرد، دەتوانێ ئاساییانە هەناسەی خۆی بدا.

کاتێک ترومبێلەکەشی لێدەخوڕی، مێشکی سۆفی هەر لەسەر ئەو کلیلەی نێو بەرکی بوو، بیری لەسەر یادەوەرییەکەی سالانی بەرێ بوو، لەسەر ئەو سەرە ئاڵتوونییەی شێوە خاچەی چوارلا یەکسان، کە سەرەڕمێکی سێگۆشەی هەبوو، ددانەکانی کلیلەکە، گوڵە شلێرە نەقشکراوەکەی سەری و هەردوو پیتە کورتکراوەکەی ئێس پی.

هەرچەندە لەماوەی ڕابردوودا، سۆفی کلیلەکەی بەبیردا نەدەهات، بەڵام کارکردنەکەی لە بواری هەواڵگری، شت دەربارەی کاری ئاسایشپارێزی فێرببوو، هەنووکەش کلیلە سەیرەکەی لەبەردەست دایە، چیدیکە مایەی تەلیسماوی نەماوەتەوە. ***کاری لێزەری ماتریکسانەیە***[122]***.*** ***ئەستەمە ساختە بکرێ.*** بە جیاوازی ددانی کلیلی ئاسایی کە تەپڵ ئاسا دەجوولێتەوە، ئەم کلیلەیان دانبەندییێکی ئاڵۆزی هەیە، کە بە لێزەر هەڵکۆڵراوە و بە چاوی ئەلیکترۆنی کونکون کراوە. ئەگەر شێوە شەشپاڵوویەکەی بە ڕێکوپێکی بچێتە شوێنی خۆی، بە باشی ڕێکخراو و بادرا، قفڵەکەی خۆی دەکاتەوە.

سۆفی هیچ وێنەیەکی وای لەپێش چاو نەبوو ئاخۆ کلیلەکە دەبێ چ قفڵێک بکاتەوە، بەڵام خۆ ڕۆبەرت دەتوانێ ئەم شتەی پێ بڵێ. ئاخر لەدوای هەموو شتێکیش، خۆ هەر ئەوبوو وێنەی کلیلەکەی بۆکردبوو، بێ ئەوەی بشیبینێ. ئەو سەرە خاچئاسایەی کلیلەکە هەر دەبێ بۆ ڕێکخراوێکی کریستیانی بگەڕێتەوە، کەچی سۆفی ئەوەشی دەزانی، هیچ کڵێسایەک کلیلێکی ددان ماتریکسانەی وای نییە کە بە لێزەر هەڵکۆڵدرابێ.

سەرباری ئەمەش، خۆ باپیرەی کابرایەکی کریستیان نەبوو.

ئاخر سۆفی گەواهی سەلماندنی بەڵگەی دە ساڵ لەمەوبەر بوو. تەوس‌ئاسا هەر دەبێ کلیلێکی دیکە بووبێ -کلیلێکی زۆر ئاسایی- کە سروشتی ڕاستییەکەی بۆ ئاشکرا کرد.

ئێوارەی ئەوێ ڕۆژێ، کاتێ سۆفی لە فڕۆکەخانەی شارڵ دیگۆلدا دابەزی و تاکسییێکی بەرەو ماڵ بەکرێ گرت، ئاووهەوایەکەی گەرم بوو. ***هەر دەبێ باپیرەم بە هاتنەوەم سەرسام بێ،*** وای بیرکردەوە. تازە لە خوێندنگەی بەریتانیا دەرچوو بوو، یەک دوو ڕۆژێک پێشتر گەڕابۆوە، سۆفی تاوی ڕانەوەستا، دەیەویست زوو بگەڕێتەوە و سەربردەی چۆنیەتی کۆدە شکاندن بۆ باپیرەی بگێڕێتەوە کە لە خوێندنەکەی فێری بووە.

کاتێکیش گەڕایەوە ماڵەکەی پاریسیان، باپیرەی لەوێ نەبوو. بە دڵشکاویەوە زانی باپیرەی جارێ چاوەڕێی هاتنەوەی ناکا، بۆیە لەوانەیە هێشتا هەر لەسەرکاری خۆی لە لۆڤەر نەگەڕابێتەوە. ***بەڵام خۆ ئەمڕۆ شەممەیە،*** ئیدی پەی پێ برد. ئەویش بە دەگمەن لەکۆتایی هەفتەدا لەوێ بۆ کار دەمایەوە. لە پشووی کۆتایی هەفتەدا ئاسایی ـــ

---

[122] وشەی matrix واتای منداڵدان، قاڵب، تەونی ڕیشاڵۆکەیی دەدا.

سۆفی بە خەندەوە بەرەو گەراجیماڵەکەی غاری دا. بەدڵنیاییەوە ترۆمبێلی باپیرەی لەوێ نییە. ئاخر ڕۆژەکە کۆتایی هەفتە بوو. ژاک سانییێریش تەنها بۆ یەک ئاراستە ترۆمبێلەکەی لە ڕۆژانی کۆتایی هەفتەدا بەکار دەهێنا، ئەویش بۆ شوێنی لێحەوانەی لە قەڵای نۆرماندی[123]، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای پاریس. سۆفیش دوای چەندین مانگی جەنجاڵی لە لەندەن، تاسەمەند بوو هەوایەکی تەڕو تازی و سازگاری سروشت هەڵبمژێ، بۆیە ڕاستەوخۆ ڕێگای پشووی هاوینەهەوارەکەی باپیرەی گرتەبەر. تازە ڕۆژ ئاوا ببوو، ئیدی بڕیاریدا ماڵەکەی پاریسی جێبێڵی و بچێ بەسەر باپیرەی دابدا. ترۆمبێلێکی لە برادەرێک وەرگرت و بەرەو ڕۆژئاوا لێیخوڕی، ڕووی لەو زوورگانەی خۆرئاوا نزیک کریۆللی[124] کرد، کە بە تیشکی مانگ ڕووناک دەبوونەوە. ئەو دوای سەعات دە گەیشتە ئەوێ، لەوێ لە جادە سەرەکییەکە بەرەو هاوینەهەواری باپیرەی بادایەوە. ڕێگاکە زیاتر لە میلێک درێژ بوو، بەرلەوەی لەبەر داروبارەکە کۆشکی باپیرەی ببینێ، نیوەی ڕێی بڕیبوو. لەوێ قەڵایەکی کۆنینەی بەردین لەنێو داروبارەکانی سەرگردەکە دیار بوو.

سۆفی لای خۆی وای دانابوو باپیرەی لەوێ خەوی لێکەوتبێ، بەڵام بەبینینی گڵۆپەکانی خانووەکە مەراق ما. دڵخۆشییەکەی بەسەرسامی وەرگەڕا، کاتێ گەیشتە ئەوێ، پارکی بەردەم ماڵەکە پڕ لە ترۆمبێلی مارسیدیس، بی ئێم دەبل یو، ئاودی و ڕۆلس ڕۆیز بوو.

سۆفی چاوێکی لێکرد و دەستی بە پێکەنین کرد. ***باپیرەم پیاوێکی تەرکە دنیای ناودارە!*** دیاربوو ژاک سانییێر کەمتر تەرکەدنیایی پێوەدیار بێ وەک خۆی نمایشی دەکرد. ڕوون و ئاشکرا لەو کاتەی سۆفی هەر لە قوتابخانە بووە، ئەو ئاهەنگێکی سازداوە، وەک لە ترۆمبێلەکانیش دەردەکەوێ، کەسانی دەستڕۆیشتووی پاریس ئامادەبووی ئاهەنگەکەن.

پەرۆش بوو بە هاتن و بەسەرردادانەکەی، غافڵگیر و سەرسامیان بکا، ئیدی سۆفی غاریدایە دەرگای سەرەکی دەرەوە. کاتێک گەیشتە ئەوێ، بینی دەرگاکە گاڵەدراوە. لەدەرگاکەی دا، لێ هیچ وەڵامێک نەبوو. مەتەڵئاسا بە دەوری خانووەکەدا سووڕایەوە بەڵکو لە قاپیەکەی پشتەوە بچێتە ژوور. ئەویش کڵۆم درابوو. هیچ وەڵامێکیش نەبوو.

---

[123] château in Normandi

[124] Creully

بە شڵەژاوی بۆ ساتێک بە بێدەنگی وەستا و گوێی گرت. تاکە دەنگ کە گوێی لێبوو، دەنگی بای ساردی نۆرماندی بوو، کە لە چیمەنی دۆڵەکەدا هەڵیدەکرد.

نە میوزیک.

نەدەنگێک.

هیچ شتێک نەبوو.

لە بێدەنگی داروباردا، سۆفی غاریدا لایەکی خانووەکە، بەسەر دارێک هەڵگەڕا، سەری بردە بەر پەنجەرەی ژووری میوانان. ئەوەی لەنێو ژوورەکەدا بینی هیچ واتایەکی نەدەدا.

- "خۆ کەس لێرە نییە!"

پێدەچوو سەرتاپای نهۆمی یەکەم چۆڵ و هۆڵ بێ.

***باشە ئەدی ئەو هەموو خەڵکە لە کوێن؟***

دڵی کەوتە کوتەکوت، سۆفی غاریدایە لای کەپرەکە، لەوێ باپیرەی بەردەوام کلیلێکی یەدەگی لەنێو سندووقێکی بن چڵوچێو دەشاردەوە. ئینجا بەخۆی و کلیلەکە غاریدایە لای دەرگا سەرەکییەکە کردییەوە و لێ چوە ژوور. کاتێکیش لێ وەناو هەیوانە چۆڵوهۆڵەکە کەوت، تەختەکلیلی کۆنترۆڵی ئاسایشی خانووەکە گڵۆپی سووری داگیرساند، هۆشداری ئەوەی دا، کە دەبێ لەماوەی دە چرکەدا کۆدی گونجاوی ئاساشپارێزەکە لێبدرێ دەنا زەنگی ئاگادارییەکە لێدەدا.

***ئەو لەو ئاهەنگەشدا زەنگی ئاگاردکردنەوەی داناوە؟***

سۆفی خێرا کۆدەکەی لێدا و سیستمی ئاگادارکردنەوەی سڕکرد. کە چووە ژوور، بینی سەتاپای ماڵەکە چۆڵە. نهۆمی سەرەوەش هەروەها چۆڵ و هۆڵ بوو. کاتێکیش لە پەیژەکان دابەزی و گەڕایەوە ژوورە چۆڵەکەی دانیشتنی میوانان، بۆ خولەکێک بەبێ دەنگی وەستا، مەراق ما، بەڵکو شتێک ڕوو بدا.

ئیدی ئەوکات بوو، سۆفی گوێی لە شتێک بوو.

بردەبردی دەنگەکان. پێدەچوو دەنگەکە لە ژێرەوە بێ. سۆفی شتەکەی پێنەدەهاتە پێشچاو. دانەویە سەر زەوی، گوێی بە کاشی ناوکەوەکە نا و گوێی گرت. بەڵێ، بەسەلمێنراوی دەنگە دەنگ لە بنەوە دەهات. دەنگەکان وەک ئەوەی گۆرانی بڵێن، یان... ***ویردێک بخوێننەوە***؟ سۆفی ترسا. ئاخر نامۆیەتییەکە هەر دەنگەکەکان نەبوو، بەڵکو لەوە پتر ئەوەبوو، ئەوسا بۆی دەرکەوت ماڵەکە ژێرزەمینێکی هەیە.

***خۆ هەرگیز بەو شتەم نەزانیوە.***

سۆفی هەڵسایەوە ئاوڕی لەسەرتاپای ژوورەکە دایەوە، بینی هەموو شتێک لە جێی خۆیەتی تەنیا یەک شت نەبێ، ئەویش ئەو پارچە ئەنتیکە خۆشەویستەی باپیرەی بوو، پارچە مافوورێکی رەنگینی سەر دیوار بوو. ئاساییانە مافوورەکە بەسەر دیوای ڕۆژهەڵات لە تەنیشت ئاگردانەکە هەڵدەواسرا، بەڵام ئەمشەو بەسەر ڕاگرە مسینەکەی خۆی نەماوە، دیوارەکەی پشتەوەی دیارە.

سۆفی بەرەو لای دیوارە دارینە ڕووتەکە ڕۆیشت، هەستی کرد دەنگی ویردەکان تادێ بەرزتر دەبێتەوە. بە دوودڵی سەری خۆی بە داری دیوارەکە وەنا. دەنگەکان تا دەهات ڕوونتر دەبوون. لێبڕاوانە خەڵکانێک خەریکی ویرد خوێندنەوەن... لەرەی دەنگەکان هێشتا لای سۆفی ئاشکرا نەبوون.

***مەودای پشت ئەم دیوارە بۆشاییە!***

سۆفی دەستی لە چوارچێوەی داری دیوارەکە خشاند، جێپەنجەیەکی دۆزیەوە. بە شێوەیەکی پەنهانی دەسکی هەبوو. ***دەرگەیەکی خشۆک***. دڵی توند لێدا، پەنجەکانی لەسەر کەلێنەکە دانا و پاڵیدا. بەبێ ئەوەی هیچ چیرەیەکی لێوەبێ، دیوارە قورسەکە بەسەر لایەکدا کشا. ئینجا لەپشت تاریکاییەکەی ئەودیوەوە، دەنگەکان سەدایان دەدایەوە.

سۆفی لە دەرگاکە چووە ژوور، خۆی لەسەر پەیژەی بەردینی ڕەق و زبری لوولپێچی سەربەرەو خوار دۆزیەوە. لەوەتەی منداڵ بووە هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو، کە پەیژەیەکی وا لەو ماڵەدا هەبووبێ!

کاتێک لە پەیژەکان دەچووە خوار، هەوایەکە ساردتر دەبوو، دەنگەکانیش ڕوونتر. سۆفی گوێی لە دەنگی پیاو و ژنان بوو. مەودای دیتنی لەبەر لوولپێچی پەیژەکان سنووردار بوو، بەڵام

لەدوا هەنگاویدا، لەسوڕانەوەی دواییدا، دیمەنەکەی لەبەرچاو دیار بوو. لە پشتەوە پەناگەیەکی بچووکی بەردین، لە سارنجی ژێرزەمینەکەدا تیشکی پڕتەقاڵی مەشخەڵە ئاگرێک دەبیندرا.

سۆفی هەناسەی ڕاگرت، یەک دوو هەنگاوی دیکە چووە خوار و سەیری کرد، چەند چرکەیەکی خایاند تا لەوەی بەرچاوی تێبگا.

ژوورەکە ئەشکەوتێک بوو، ژوورێکی ڕەق و تەق دیاربوو، بۆشاییەک بوو لە بەرد و گرانیتی ناوەوەی چۆڵکرابوو. تاکە ڕووناکیش لە مەشخەڵەکانی سەر دیوارەوە دەهات. ئەوان سی کەسێک دەبوون، هەموویان بە بازنەیەک لە ژوورەکەدا وەستابوون.

***من خەون دەبینم***، سۆفی وای بە خۆی گوتەوە. ***خەونێک. ئاخر دەبێ لە خەون زیاتر چیدیکە بێ***؟

هەموو ئەوانەی لەوێ بوون دەمامکیان پۆشیبوو. ژنەکان شەوکراسێکی سپیی تەنک و پێڵاوێکی زێڕینیان لەپێدا بوو. دەمامکیشیان سپی بوو، تۆپێکی زێڕینیشیان بە دەستەوە بوو. پیاوەکانیش تونیکی[125] ڕەشیان لەبەردا بوو، دەمامکیشیان هەر ڕەش بوو. ئەوان وەک داشی شەترەنجێکی قەبە وابوون. هەموویان بە جوڵەیەکی هاوئاواز جارێک بۆ پێش جارێک بۆ پشتەوە دەجووڵان، بەڕیزیشەوە بە دەوری شتێک لەسەر ناوکەوەکە ویردیان دەخوێندەوە… شتێک سۆفی نەیدەتوانی ببینێ.

ویرد خوێندنەوەکە تادەهات بەرزتر دەبووەوە. خێراتر دەبوو، ئیدی وەک دەنگی هەورە بروسکەی لێهات. تیژتر بوو. بەشداربووەکان هەنگاوێک بۆ پێشەوە چوون و کڕنووشیان برد. لەو ساتەدا و لە دواییدا سۆفی توانی ئەوەی بینی کە هەمووان بەسەری گەواهیدەربوون. تەنانەت کاتێک لە بەر ترس و تۆقین بە پاشدا گەڕایەوە، هەستیکرد وێنەکە بۆ هەتا هەتایە لە یادەوریدا نەقش بووە. خەریک بوو بڕشێتەوە، سۆفی گەڕایەوە دوا، دەستی بە دیوارە بەردینەکەوە گرت بەسەر پەیژەکاندا هەڵگەڕا. پاڵی بە دەرگاکەوە ناو دایخستەوە، ئیدی لە ماڵە چۆڵەکە هەڵات و بە حەپەساوی و چاوی پڕ لەفرمێسکەوە گەڕایەوە پاریس.

هەر ئەوێ شەوێ، کە بەو شێوە دڵشکاوی و ناپاکییە ژیانی تێکشکا، دەستی دایە کەلوپەلەکانی و ماڵەکەی جێهێشت. لەسەر مێزی ژووری نانخواردنیشدا تێبینییێکی بەجێ هێشت.

---

[125] Tunic جلێکی کۆنینەی یۆنانی- ڕۆمانییە، وەک کراس وایە تا سەر ئەژنۆ دەهات. وەرگێر.

***من لەوێ بووم. هەوڵ مەدە بمبینیەوە.***

لە تەنیشت تێبینیەکەشدا، ئەو کلیلە یەدەگەی بن کەپرەکەی قەڵا کۆشکەکەی دانابوو.

- "سۆفی!" دەنگی لانگدن بێداری کردەوە. "بوەستە، دەی بوەستە!"
- بە ئاگابوونەوە لە یادەوەرییەکانی، سۆفی پێی لەسەر برێکی ترومبێلەکەی گیرساند و هەندێکیشی خشاند. "چییە؟" چی ڕوویداوە؟"

لانگدن ئاماژەی بۆ خوارەوە بۆ شەقامە دورودرێژەکەی بەردەمیان بۆ کرد.

کاتیکێش سۆفی بەردەمی خۆی بینی، خوێنی وشک بوو. هەر سەد گەزێک لەپێش ئەواندا، دووریانەکە بە دوو ترومبێلی پۆلیسی دادوەری گیرا بوو، لەوێ لەلا ڕایانگرتبوو، ئامانجەکەشیان ڕوون و ئاشکرا دیار بوو. ***ئەوان جادەی گەرەکی گابرێلیان داخستبوو!***

لانگدن ئاهێکی داماوانەی هەڵکێشا. "وابزانم ئەمشەو ڕێگای چوونە باڵوێزخانە نابێ؟ لە قووڵای جادەکەشدا، ئەفسەرانی پۆلیسی دادوەری کە لەتەنیشت ترومبێلەکانیان وەستابوون، سەیری ئاراستەی سۆفی و لانگدنیان کرد، دیاربوو گومانێکیان لە لایتی ترومبێلە سمارتەکە پەیدا بوو، کە لە پڕەوە وەستا.

***زۆر باشە، سۆفی ، بە هێواشی با بدەوە.***

سۆفیش گێڕی سمارتەکەی خستە بەگ(باک)، بەسێ جاران سووڕایەوە و گەڕایەوە دواوە. کاتێکیش لێیدەخوڕی، گوێی لەدەنگی فیکەی تروومبێلەکان بوو لە دوایەوە دەهات. ئیدی دەنگەکان پەیدا بوونەوە.

سۆفیش پێی لێنا و تێیتەقاند.

# بەندی ٣٣

ترومبێلە سمارتەکەی سۆفی بە ناو گەڕەکی دیپلۆماتی تێپەڕ دەبوو، هەموو ئەو باڵوێزخانە و کونسولخانەکانی ڕەت دان، لە کۆتاییدا گەیشتە لاجادەیەک و بەدەستە ڕاست بایدایەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بکەوێتەوە سەر جادە بەرینەکەی شانزەلیزێ.

لانگدن کە ڕەنگی سپی هەڵگەڕابووەوە لەسەر کورسیەکەی دانیشتبوو، جار بەجار ئاوڕی لەدوای خۆی دەدایەوە، تا بزانێ ئاخۆ نیشانەی ترومبێلی پۆلیسیان لە دواوە دیارە یان نا. لەپڕێکیشەوە ئارەزووی ئەوەی خواست، هەڵنەهاتبایە. ***ئاخر خۆ تۆ وات نەکرد***، ئەو وای بەبیر خۆی هێنایەوە. سۆفی بڕیارەکەی دا و نیشانە g.p.s جی پی ئێسەکەی لە پەنجەرەی ئاودەستی پیاوانی مۆزەکەدا فڕێدا خوارەوە. ئێستاش، کاتێ بە خێرایی لە باڵوێزخانەکە دوور کەوتنەوە، فیشەکەشێتانە لە ترافیکە کەمەکەی شانزەلیزێ دەرچوون، لانگدن هەستیکرد بژاردەکانی بەرەو خراپتر دەڕۆن. هەرچەندە پێدەچێ سۆفی توانیبێتی بەلای کەمییەوە جارێ پۆلیس لە خشتە بباو خۆیان لێ بشارێتەوە، لێ دوودڵ بوو لەوەی خۆشاردنەوەکەی ماوەیەکی درێژتر بخایەنێ.

سۆفی لەپشت سوکانەکە، دەستێکی بۆ بەرکی خۆی بردەوە، شتەکەی دەرهێنا و دایەدەستی هاونشینەکەی. "ڕۆبەرت، وا باشترە چاوێک لەم شتە بکەی. ئەمە ئەو شتە بوو، کە باپیرەم لە پشت تابلۆی 'خاتوونی سەر گاشەبەردەکان'ی بۆ دانابووم."

ڕۆبەرت بە هەستێکی موچڕکاوی، سەیری شتەکەی کرد و پشکنی. شتەکە قورس بوو شێوەی خاچی هەبوو. هەستی خۆزایی یەکەمی لانگدن ئەوە بوو، کە جۆرە سنگ(مێخ)ێکی یادەوەری هەڵگرتووە، شتێکی بچوککراوە کە کاتی خۆی لە سندووقی گۆڕەکانیان دەکوتا. لێ بۆی دەرکەوت سەری شتەکە نووکئاسا لە خاچەکە بەشێوەی سێ لایی بریسکەدار جیابۆتەوە و هەستی پێدەکرێ. سەری شتەکە بە سەدان گۆشەی شەشپاڵووی کون کون کراوەوە، دیارە بە ئامێرێکی زۆر وردەکار دەروبەرەکەی نەقش کراوە.

- "ئەمە کلیلێکی لێزەرییانەیە،" سۆفی وای پێگوت. "ئەم شەش پاڵوویانە بە چاوی ئەلیکترۆنی دەخوێندرێنەوە."
- "کلیلێک؟" ئاخر لانگدن هەرگیز کلیلێکی لەم جۆرەی نەبینیبوو.

- "سەیری دیوەکەی دیکەی بکە،" سۆفی وای پێگوت، لەگەڵیدا ئەو هێڵە ڕێگایەی لەسەری بوو گۆڕی و ڕووی کردە چوارڕیانێک.

کاتێکیش لانگدن کلیلەکەی هەڵگێڕایەوە، هەستیکرد دەمی بەش بوو[126]. لە ناوەڕاستی خاچەکەدا نەقشێکی ئاڵۆز هەبوو، شێوەیەکی گوڵی شلێر و هەردوو پیتە کورتکراوەکەی S.Pیشی بە تێکچڕژاوی لەسەر هەڵکەندرابوو! "سۆفی،" وای بە سۆفی گوت، "ئەم مۆرە ئەوەبوو کە بۆم باس کردی! پێکار(ئامێر)ە فەرمییەکەی مریدانی سایۆن."

سۆفیش سەری بۆ لەقاند. "هەروەک بۆم گێڕایتەوە، لەمێژە ئەو کلیلەم بینیوە. ئەویش پێیگوتم، هەرگیز باسی نەکەمەوە."

چاوەکانی لانگدن هەر لەسەر نەخشونیگاری سەر کلیلەکە بوو. ئەو دانە تەکنیکارە نوێیە و ئەو هێما کۆنباوانە، ئاوێتەبوونێکی سەیری جیهانی بەرێ[127] بە هی نوێی کردووە.

- "ئەو پێی گوتم، کلیلەکە سندووقێک دەکاتەوە، زۆر نهێنی تێدایە."

لانگدن کە بیری لەوە کردەوە، ئاخۆ چ نهێنێکی و کەسێکی وەک ژاک سانییێری تێدابێ، موچڕکێکی ساردی پێداهات. ئاخر دەستەی برایەتی دێرین چ کاری بەسەر کلیلێکی ئایندەدا هەیە، لەو بارەیەوە لانگدن هیچ بیرۆکەیەکی بۆ نەبوو. مریدانی سایۆن بۆ یەک تاقە مەبەست دروست ببوون، ئەویش پاراستنی نهێنییێک بوو. نهێنێک کە دەسەڵاتێکی سامناکی هەبێ. ***تۆبڵێی ئەم کلیلە پەیوەندی بەو شتەوە هەبێ***؟ بیرۆکەکە مایەی کاسکردن بوو.

- "ئایا دەزانی ئەمە چی دەکاتەوە؟"

- "سۆفی بە نامرادی سەیری کرد. "هیوام وابوو تۆ بیزانی."

لانگدن بێدەنگ مایەوە و کلیلەکەی وەرسووڕاندە سەر لای خاچەکە و لێینواڕی.

- "پێدەچێ شتێکی کریستیانی بێ." سۆفی قسەکەی بە سووربوونەوە دەربڕی.

---

[126] ئەو ئیدیۆمەی نووسەر لێرەدا بەکاری هێناوە، دەقاودەق "شەویلاگەی کەوتە خوار" لێ ئەمە واتا نادا، کوردەواری دەڵێ "دەمی لێبەش بوو". وەرگێڕ.

[127] جیهانی بەرێ: جیهانی کۆن.

لانگدن لەو بارەیەوە دڵنیا نەبوو. سەری کلیلەکە وەک خاچێکی نەریتیانەی کریستیانی نەبوو، بەڵکو خاچێکی چوارلا یەکسان بوو، خاچەکە هەزار و پێنجسەد ساڵ بەر کریستیانێتیش هەبوو.. ئەم جۆرە خاچەی بەردەست هیچ پەیوەندی بەو شێوە خاچە لاق درێژەی کریستیانێتییەوە نییە، کە لە بنەچەکەوە لە وشەی کرۆس Cross هاتووە و واتای ئامێری ئەشکەنجەدان دەگەیەنێ. لانگدن هەمیشە بەوە سەرسام بوو، تەنها ژمارەیەکی کەمی کریستیانەکان پەییان بەوە بردوە، کە خاچەکە مێژوویێکی توندووتیژی هەیە، ڕەگەکەی بۆ وشەی کاری لاتینی cruciare بە واتای ئەشکەنجەدان دەگەڕێتەوە.

- "سۆفی،" ئەو وای پێگوت، "هەموو ئەوەی دەتوانم پێت بڵێم، ئەوەیە، ئەم خاچە چوار لایەکسانە بە خاچی ئاشتی دادەندرێ. ئەو چوار گۆشەییەی بۆ خاچ شتێکی کردەیی نییە، ئەو هاوسەنگییەی شاقووڵی و ئاسۆییەکەشی توخمی یەکێتی سروشتی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێن، ئەمەش وایکردووە ببێتە هێمایەکی گونجاوی فەلسەفەی مریدانی دەستەی برایەتی سایۆن."

- سۆفی بە وەڕزییەوە سەیری کرد. "کەواتە تۆ هیچ بیرۆکەیەت لەبارەیەوە نییە، ئایا هەتە؟"

- لانگدن نێوچاوانی تێکنا. "نەخێر هیچ نیشانەیەکیشم بۆی نییە."

- "زۆر چاکە، ئێمە دەبێ لەم ڕێگایەوە دەربچین." سۆفی سەیرێکی ئاوێنەی پشتەوەی کرد و گوتی؛ "پێویستمان بە پەناگەیەکی ئارام و سەلامەت هەیە، تا لێوردببینەوە ئاخۆ ئەم کلیلە چی دەکاتەوە."

- لانگدن بە پەرۆشەوە مەیلی بۆ ژوورەکەی خۆی لە هوتێلی (ڕیتز) چوو. ڕاشکاوانەش ئەوێ مژاری بەردەست نەبوو. "چۆنە بچینە لای خانەخوێیەکەم لە زانکۆی ئەمریکی لە پاریس؟"

- "زۆر ڕاشکاوە. فاشێ لەوێیش دەگەڕێ."

- "تۆ لێرە دەژی، خۆ هەر دەبێ خەڵکانێک بناسی."

- "فاشی بە دوای ژمارە تەلەفۆنی برادەرەکانی من و ئیمێڵەکانیاندا دەگەڕێ، قسە لەگەڵ هاوکارەکانم دەکا. برادەکانم ئاشکرا دەبن، دۆزینەوەی هوتێلێکیش بیرۆکەیەکی باش نییە، چونکە هەموویان داوای ناسنامە دەکەن."

- لانگدن دیسان مەراق ما، خۆ باشتر بوو دەرفەتی ئەوەی بدابایە فاشی هەر لە نێو لۆڤەردا بیگرتبایە. "دەی با زەنگ بۆ باڵوێزخانەکە لێبدەین. دەکرێ بۆیان ڕوون بکەمەوە، ئەوانیش کەسێک بنێرن لێرە لە شوێنێک یەکدی ببینین."

- "ئێمە ببینی؟" سۆفی ئاوڕێکی لێدایەوە و وەک ئەوەی شێت بێ. "ڕۆبەرت، ئەوە دەڵێی خەون دەبینی. باڵوێزخانەکەت بەدەر لە کەلوپەلەکانی خۆی دەسەڵاتی قانونیانە بەسەر هیچ جێگەی دیکەدا ناشکێ. ناردنی کەسێک بۆ لای ئێمە، گەڕاندنەوەمانە وەک کەسێکی هەڵاتوو بۆ بەردەستی حکوومەتی فەرەنسی. ئەوە نابێ ڕووبدا. خۆ ئەگەر لەگەڵ باڵوێزخانەکەشدا قسە بکەی و داوای پەنادانێکی کاتییانەیان لێبکەی، کە ئەمەش تاکە شتە داوای بکەیت، بەڵام داوای ئەوەیان لێبکەی شتێک لەدژی قانونی فەرەنسیدا بکەن و لە سەر گۆڕەپانەکەدا ڕووبەڕووی ببنەوە؟" سۆفی سەری بادا. "گەر هەر ئێستا زەنگ بۆ باڵوێزخانەکەت لێبدەی، ئەوا پێتدەڵێنەوە، چیدی زیان بە خۆت مەگەینە و زیاتر مەیشێوێنە، خۆت ڕادەستی فاشی بکە. ئەوان بەڵێنی ئەوەت پێدەدەن، لە ڕێگەی دیپلۆماتییەوە هەوڵ بدەن دادگایەکی عادیلانە بکرێی." ئیدی نیگایەکی بۆ بەردەم کۆگایەکی شەقامی شانزەلیزێ هەڵبڕی. "ئەرێ چەند پارەی کاشت پێیە؟"

- لانگدن جوزدانەکەی پشکنی. "سەد دۆلار. چەند یۆرۆیەکی کەمیش. بۆ؟"

- "ئەدی کریدیت کارت؟"

- "هەڵبەتە پێمە."

سۆفی زیاتر پێی لە دۆسەی بەنزینەکە نا، لانگدن هەستی کرد سۆفی لەبەر نەخشەیەکدایە. لە پێشەوە ڕێگایەکە بنبەست بوو، لە کۆتایی گەڕەکی ئەلیزێدا، مۆنومێنتی تاقی سەرکەوتن – مۆنومێنتی ناپلیۆن بە درێژی 164 پێ کە لەپێش سووپاکەیدا دەڕۆیشت– دەوری گەورەترین بازنە خولخولۆکی فەرەنسای دابوو کە نۆ هێڵی بەژێردا دەڕۆیشت.

کاتێک گەیشتنە پێچەکە، دیسان چاوەکانی سۆفی لەسەر ئاوێنەی پشتەوە بوون. "ئێمە بۆ ماوەیەک خۆمان لەوان بزر کرد،" وای گوت و لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو، "بەڵام ئەگەر هەر لەم ترومبێلەدا بمێنینەوە، لە ماوەی پێنج خولەکی دیکەدا ئاشکرا دەبین."

***کەواتە ترومبێلێکی جیاوازتر بدزین،*** لانگدن ورتەورتێکی وای لێوە هات، ***ئێستا بووینەتە تاوانبار.*** "بە تەمای چی بکەیت؟"

سۆفی بەخێرایی بەرەو پێچەکە لێیخوڕی. "با متمانەت پێم هەبێت."

لانگدن هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو. ئاخر ئەم شەو متمانە یاوەری نەبوو. هەندێ سەردەستی چاکەتەکەی هەڵدایەوە، سەیری کاتژمێرەکەی دەستی کرد، کاتژمێرێک لە جۆری میکی ماوس کە دیاری دایبابی دەیەمین ساڵیادی لەدایکبوونی بوو. هەرچەندە زۆر جاران کاتژمێرەکەی مایەی سەرنجراکێشانی هەراشانە بوو، لانگدنیش هەرگیز لەمە بەدەر، کاتژمێریکی دیکەی نەبووە، ئەو نیگارە دیزنییەی سەر کاتژمێرەکەی یەکەمین دەروازەی شێوە و ڕەنگی تەلیسمانەی بوو، میکی ماوسەکەیش ڕۆژانە ئەوەی بەبیر دێنێتەوە دەبێ دڵی گەنجانە ڕابگرێ. لەم کاتەدا کاتژمێرەکە گۆشەیەکی هەراسانیانەی نیشان دەدا، ئاخر سەعاتەکە ئاماژەیەکی بۆ کاتێکی ناجۆر دەکرد.

سەعات 2:51ی بەیانی.

- "کاتژمێرێکی سەرنجراکێش،" سۆفی لەوکاتەی سوکانی سمارتەکەی بە بازنەیەکی بەرینی بەرەو لای بەرامبەری پێچەکە دەسووڕاندەوە، بە چاویش ئاوڕێکی لەلای دواوەی دایەوە و وای پێگوت.

- "چیرۆکێکی درێژە،" سەردەستەی چاکەتەکەی بەسەر کاتژمێرەکەی دادایەوە.

- "منیش هەر شتێکی وای لێڕەچاو دەکەم." سۆفی بزەیەکی خێرای بۆ کرد، خێرا سووڕایەوە و ڕووی لە باکوور کرد، لە سەنتەری شار دوورکەوتەوە. بە ئاستەم بە گڵۆپی سەوزی ترافیکەکە گەیشتن، سۆفی گەیشتە دووڕیانی سێهەمیش ئینجا ڕاست بەرەو جادەی (بۆلیڤوار مالێشێربس) لێیخوڕی. ئەوان جادە پڕداوروبارەکەی دیپلۆماتی ئەو ناوەیان بەجێ هێشت، خۆیان بە گەڕەکێکی تاریکتری نزیکی ئەوێدا کرد. سۆفی ئاوڕێکی خێرای لە دەستە چەپ دایەوە، ساتێک دواتر لانگدن تێگەیشت بۆچی لەوێن.

وێستگەی شەمەندەفەری (سێینت لازار).

لە پێشیاندا تێرمینالی سەر شووشەی قەتارەکان وەک ئەوەی فڕۆکەیەکی سامناکی کەسکباو بێ باڵی بەسەر شوێنەکەدا کێشابوو. ئاخر وێستگەی شەمەندەفەری ئەوڕووپی هەرگیز ناسرەون. تەنانەت لەساتەوەختێکی واشدا، نیو دەرزەن تاکسی لە نزیک دەروازەی وێستگەکە وەستابوون. عارەبانەی گەڕۆکی سەندەویچ فرۆش و ئاوی کانزایی، لەکاتێکدا منداڵ و هەرزەی دەموچاو پەشۆکاو لە پشتەوە، لە وێستگەکە دەردەکەوتن و چاوەکانی خۆیان هەڵدەگلۆفت، وایان سەیری دەوروبەری خۆیان دەکرد وەک ئەوەی لەوە بگەڕێن ئاخۆ لە چ شارێکدا دابەزی بن. لەو سەری شەقامەکەشەوە، جووتێک پۆلیسی شارەوانی ئاراستەکانیان نیشانی ئەو گەشتیارانە دەدا، کە سەری ڕێیان لێ تێکچووبوو.

سۆفی ترومبێلە سمارتەکەی بردە پشت هێڵەکانی تاکسی، لای زۆنی سوور، هەرچەندە شوێنی بەتاڵیشی لەبەرامبەرەکەی هەبوو. بەرلەوەی لانگدن لێی بپرسێ کە چی لە گۆڕێدایە، سۆفی لە ترومبێلەکەی دابەزی. خێرا بەرەو جامی تاکسییێک چوو، قسەی لەگەڵ شوفێرەکەیدا کرد.

کاتێکیش لانگدن لە ترومبێلە سمارتەکە هاتە خوار، بینی سۆفی سەفتە پارەیەکی زۆری دایە شوفێری تاکسیەکە. شوفێرەکەش سەرێکی بۆ لەقاند، ئینجا بۆ مایەی سەرسامی، کابرا بە بێی ئەوان لێیدا و ڕۆیشت.

- کاتێک تاکسیەکە ڕۆیشت و سۆفی هاتەوە، لێپرسی"چی ڕوویدا؟"

- سۆفیش بەرەو دەروازەی وێستگەی شەمەندەفەرەکە ڕۆیشت. "دەی وەرە. دەچین دوو بلیت دەکڕین، سواری یەکەمین قەتاری دەرچوو لە پاریس دەبین."

لانگدنیش بە تەنیشت سۆفییەوە غاری دەدا. ئای لەوە چی ڕویدا، ئاخر لەو ماوە نزیکەیەی یەک میل لە باڵوێزخانەکە، کەچی هەنووکە بە تەواوی پاریس جێدێڵین. تا دەهات لانگدن ئەم بیرۆکەی پێ ناخۆشتر دەبوو.

## بەندی ٣٤

ئەو شوفێرەی بە دوای ئارینگارۆسای مەتڕاندا هاتبووە فڕۆکەخانەی لیۆناردۆ داڤینشی نێودەوڵەتی، ترومبێلێکی بچکۆلانەی ڕەشی ناسەرنجڕاکێشی جۆری فیاتی سیدان پێبوو. ئارینگارۆسا بیری لەو ڕۆژانە کردەوە، کاتێ ڤاتیکان بە ترومبێلی کەشخەو کەشخە بەئاڵاو مۆر و نیشانەی پیرۆزی ڤاتیکانەوە، کەسەکانی خۆی دەگواستەوە. ***ئەو ڕۆژانە بەسەرچوون.*** ترومبێلەکانی هەنووکەی ڤاتیکان کەمتر سەرنجڕاکێشن، تەنانەت هەر دیاریش نین. ڤاتیکان وای دەگوت گوایە لەبەر کەمخەرجی وادەکا، تا بە خزمەتگوزارییەکانی خۆی ڕابگا، بەڵام ئارینگارۆسا گومانی لەو پۆزشە هەبوو، بەلای ئەو شتەکە زیاتر لەبەر لایەنی ئاسایشپارێزییەوە بوو. ئاخر خەڵکەکە شێت و هار بووە، لە زۆر بەشی ئەوڕوپادا خۆنمایشکردن بە خۆشەویستی عیسای مەسیح وەک ئەوە وابوو گوللەیەک بە بۆنیتی ترومبێلەکەتەوە بندرێ.

ئیدی ئارینگارۆسا عەبا کەشیشیانەکەی بەخۆی دادایەوە، شاقەلەکانی[128] ڕاست کردنەوە خۆی خستە کورسی دواوەی ترومبێلەکە و بەرەو قەڵای گالفۆ ڕۆیشت. ڕێگاکەیش هەر هەمان ڕێگای پێنج مانگ لەمەوبەر بوو.

**گەشتی پار بەرەو ڕۆما،** ئاهێکی هەڵکێشا، ***درێژترین شەوی ژیانم بوو.***

پێنج مانگ لەمەوبەر، ڤاتیکان زەنگێکی بۆ لێدا و داوای لێکرد دەمودەست بگاتە لایان لە ڕۆما. ئەوان هیچ ڕوونکردنەوەشیان نەدا. ***بلیتەکانت لە فڕۆکەخانەدا ئامادەن.*** کورسی پیرۆز[129] کاری لەسەر ئەوە دەکرد تا دوا سات و دوا پلەی هەرەمی پلەی قەشایەتی شتەکە بە تەلیسماوی بهێڵێتەوە.

ئەو داواکردنە تەلیسماویە، وەک ئارینگارۆسا گومانی بۆدەچوو، دەکرا بۆ ئەوە گەڕابایەوە کە پاپا و کاربەدەستانی دیکەی ڤاتیکان بە بۆنەی سەرکەوتنەکانی ئەو دواییانەی ئۆپویس دای بۆ کە بە کۆتاییهاتنی بنکەی گشتی لە شاری نیویۆرک هات، بۆ خۆیان بگەڕێننەوە و کەشوفشی

---

[128] شاقەل: دامەنی کراو سو کەوا و عەبا...

[129] Holy See کورسی پیرۆز، مەبەست ڤاتیکانە.

پێوە بکەن. گۆڤاری Architectural Digest تەلاری ئۆپپوس دای وەک "چرایەکی ڕۆشنی جیهانی نازداری کاسۆلیکی کە لەگەڵ دیمەنی هاوچەرخانە ئاوێتە ببوو" وێنا کردبوو، پێشدەچوو لەم دوایانەدا ڤاتیکان زیاتر و زیاتر خۆی بۆ وشەی "نوێگەری" کێش بکا.

ئارینگارۆساش بەدەر لە پەژراندنێکی دوودڵیانەی بانگهێشتنامەکە، بژارێکی دیکەی لەدەستدا نەبوو. ئاخر ئەو وەک کەشیشێکی کۆنەپارێز حەزی بە تەوژمە نوێگەرییەکەی پاپا نەدەکرد، ئەو بە نیگەرانییەوە لە پاپا نوێیەکەی دەڕوانی کاتێ یەکەمین ساڵی لە نووسینگەکە بەڕێ کرد. پاپا لیبرالێکی بێ پێشینە، پاپایەتی بەشێوەیەک داخراوی دژبەیەک لەمێژووی ڤاتیکاندا مسۆگەر کرد. ئێستاش لەجیاتی ئەو بەگەیشتنە چاوەڕواننەکراوەکەی بە دەسەڵات، خاکەڕایانە بجووڵێتەوە، کەچی پاپای پیرۆز هیچ کاتێکی خۆی لەکیس نەدا بەوەی هەموو ماسوولکەکانی پایەبەرزترین نووسینگەی جیهانی کاسۆلیکی بوروژێنی. ئەو نەخشەی تەوژمێکی ناجێگیرانەی بۆ پشتگیرییێکی لیبرالی لەنێو دەستەی کاردینالەکاندا کێشا، ئیدی پاپا جاڕی ئەوەی دا، ئەرکی پاپایەتی "بوژاندنەوەی ڕێبازی ڤاتیکان و ڕێڕۆیشتنی کاسۆلیکیە لە هەزارەی سێهەمدا".

وەرگێڕانی ڕەفتارەکەی وەک ئارینگارۆسا لێیترسا، ئەوەبوو پیاوەکە هەر بەڕاستی بایی ئەوەندە بێ باک و لووتبەرزە کە بیر لەوە بکاتەوە قانونەکانی خودا بنووسێتەوە و دڵی ئەو کەسانە بەدەست بهێنێتەوە، کە هەستیان وابوو کاسۆلیکیزمی ڕاستەقینە لەگەڵ پێداویستیەکانی جیهانی سەردەم نایەتەوە.

ئارینگارۆسا هەموو هەژمونێکی سیاسییانەی خۆی بەکارهێنا –بە شێوەیەکی جەوهەریش لە بەرچاوگرتنی قەبارە و قورسایی دامودەزگای ئۆپپوس دای و باروبووەکەی– بۆ ئەوەی پاپاو ڕاوێژکارەکانی بهێنێتە سەر ئەو ڕایەی، کە نەرم و شلککردنی قانونەکانی کڵێسا هەر بەتەنها بێبڕوایی و ترسنۆکی نییە، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا خۆکوشتنێکی سیاسییانەشە. ئەو بەبیری هێنانەوە کە نەرمکردنی قانونەکانی کڵێسا –شکستی دوومی ڤاتیکان– چ شوێنەوارێکی کاولکارانەی بەدوای خۆیدا هێناوە: هەنووکە چوونە کڵێسا کەم بۆتەوە، باربووکردن زۆر دابەزیوە و تەنانەت ئەوەندە کەشیشی کاسۆلیکیش لەبەردەستدا نین تا سەرپەرشتی کڵێساکانیش بکەن.

***خەڵک پێویستان بە پێڕەو و ڕێنمایی کڵێسا هەیە***، ئارینگارۆسا لەسەر قسەکەی سوور بوو، ***نەوەک بە نازوگۆز و چاوڵێپۆشین***.

ئەوێ شەوێ، چەند مانگێک لەمەوبەر، کاتێک فیاتەکە لە فڕۆکەخانەکە دەرچوو، ئارینگاڕۆسا بەوە سەرسام بوو، کە بینی ڕێگای بەرەو شاری ڤاتیکان ناگرنە بەر بەڵکو ڕێگایەکی دیکەی پێچاوپێچی چیایی بەرەو ڕۆژهەڵات. "ئەرێ ئێمە بەرەو کوێ دەڕۆین؟" وای لە شوفێرەکە پرسی.

– "گردەکانی ئالبان[130]،" پیاوەکە وا بەرسڤی دایەوە. "کۆبوونەوەکەت لە قەڵای گاندۆلفۆیە."

***هاوینەهەواری پاپا***؟ ئارینگاڕۆسا هەرگیز نەچووبووە ئەوێ، حەزی لێنەبوو هەر بشیبینێ. سەرەڕای ئەوەی ئەوێ هاوینەهەواری پاپا بوو، لەو قەڵایەی سەدەی شانزەهەمینەدا، ڕوانگەی[131] ڤاتیکانیشی لێبوو، کە یەکێکە لە ڕوانگە هەرە پێشکەوتووەکانی گەردووناسی ئەورووپا. ئارینگارۆسا هەرگیز کەیفی بەوە نەدەهات، کە ڤاتیکانێکی مێژوویی پێوستی بەوە هەبێ لووتی خۆی لە زانست بژەنێ. ئاخر چ حیکمەتێک لە تێکەڵکردنی زانست و ئیماندا هەیە؟ ناکرێ لەلایەن کەسێک بڕوای بەخوا هەبێ زانستێکی بێلایەنانە لەخۆ بگرێ. هەروەها ئیمانیش هیچ پێویستییێکی بە زانیاری ماددیانە بۆ سەلماندنی بیروباوەڕەکەی نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ***ئەوە گەیشتێ***، بیری کردەوە، لەو شەوە پڕ ئەستێرەی نۆڤێمبەردا، قەڵای گەندۆلفۆی واهاتە بەرچاو، بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە. لە سەرەتای ڕێگای دەروازەدا، گاندۆلفۆ وەک دێوێکی زەبەلاحی بەردین وەستاوە ، وەک ئەوەی تەکانی خۆکوشتن بدا. ئاخر شوێنەکە لەسەر خەرەندێکی هەزار بەهەزارە، قەڵایەکە پشتی داوەتەوە سەر لانکی شارستانێتی ئیتالی، ئەو دۆڵەی کاتی خۆی هەردوو هۆزی کوریازی[132] و ئۆرازی[133] بە ماوەیەکی زۆر بەر لە دروستکردنی ڕۆما لەگەڵ یەک لەجەنگدا بوون.

تەنانەت بیچمی قەڵاکەش کە دەردەکەوت، نموونەیەکی دڵڕفێنی پەیژەدارانە بوو، تەلاسازییکی بەرگریکارانە، ڕەنگی ئەو خەرەندە هەزاربەهەزارەی خوار خۆی دەدایەوە. بەڵام بۆ مایەی ناخۆشی، هەنووکە ئارینگاڕۆسا دەیبینی ڤاتیکان ئەوێی تێکداوە و لە جێگەیدا دوو گومبەزی

---

[130] Alban Hills

[131] ڕوانگە: مرصد، observatory

[132] Curiazi

[133] Orazi

تێلیسکۆبی مەزنی ئەلەمینۆمی دروستکردوون، ئەو شوێنە شکۆدارەکەی جاران، وەک جەنگاوەرێکی بەخۆنازی لێهاتووە، کە دوو شەپقەی کردبێتە سەر.

کاتێکیش ئارینگارۆسا لە ترومبێلەکە دابەزی، کەشیشێکی گەنجی جزویتی[134] بە خێرایی بەرەو پیری هات و بەخێرهاتنی لێکرد. "جەنابی مەتران، بەخێر بێیت. من باوکە مانگانۆ[135]م. گەردووونناسێکی ئێرەم."

***کارێکی باشە بۆ تۆ.*** ئارینگارۆسا سڵاوەکەی بە ورتەیەکەوە وەڵام دایەوە و بۆ هەیوانەکە بەدوای کەشیشەکە کەوت، مەودایەکی بەرین کە بە دیمەنی ناقۆڵای هونەری ڕێنیسانس و وێنەی گەردووونناسی ڕازابۆوە. بە دوای ڕێبەرەکەی بەسەر پەیژەکانی بەردەگەچینەکە سەرکەوت، ئارینگارۆسا نیشانە و هێمای ناوەندەکان، هۆڵی زانست و دەرسدانەوە و پرسگەی ڕاژەی زانیاری گەشتیارانی بینی. لای خۆی پێی سەیر بوو، ئاخر ڤاتیکان لەوەدا شکستی هێناوە کە ڕێبەرایەتییەکی گیانی خەڵکەکە بکا و پەروەردەیان بکا، کەچی کاتی ئەوەیان هەیە شوێنی وانەوتنەوەی گەردووونناسی بۆ گەشتیاران بکەنەوە.

- "دەی پێم بڵێ،" ئارینگارۆسا وای لە کەشیشە گەنجەکە پرسی، "لەوەتەی کەی، کلک سەگەکە دەهەژێنێ؟"

- کەشیشەکەش ئاوڕێکی سەیری لێدایەوە. "بەڵێ، جەناب؟"

ئارینگارۆسا لەسەری هەڵنەدایێ، بڕیاری دابوو دیسان تێهەڵنەچێتەوە پەلار نەهاوێژێ. ***ڤاتیکان شێت بووە***، وەک دایبابێکی تەمبەڵی لێهاتووە، وای لێ خۆش هاتووە بە تەواوی بە گوێی منداڵە چەتوونەکەی بکا لەبری ئەوەی فێرە بەها و ڕەوشتی بکا، کڵێسا هەر جارە و نەرم و شلتر دەبێ، هەوڵدەدا خۆی لەگەڵ کەلتوورە لاسارەکەدا ڕابهێنێ.

ڕاڕەوی نهۆمی سەرەوە بەرین بوو، بەکەشخەیی ڕازابۆوە و بەرەو یەک ئاراستەش دەڕۆیشت، ئەویش ڕیزە دەرگایەکی قەبەی داربەڕوو کە ئەم نیشانەی مسینینەیان لەسەر بوو.

---

[134] Jesuit هۆبە(شاخێکی) سیستمی دینی کاسۆلیکییە بۆ کاری خێر و خوێندن و مژدەبەخشانە دامەزراوە.

[135] Mangano

ئارینگارۆسا گوێی لە باسوخواسی ئەم شوێنە –کتێبخانە گەردووناسییەی ڤاتیکان- ببوو، دەگوترێ زیاتر لە بیست و پێنج هەزار بەرگی کتێبی تێدایە بە کارەکانی کۆپەرنیکۆس، گالیلۆ، کێلپەر، نیوتن و سێچیشەوە. دەشگوترێ ئەم شوێنە، شوێنی کۆبوونەوەی تایبەت و نهێنی کاربەدەستە باڵاکانی پاپایە... ئەو کۆبوونەوانەی وا بەباشتر دەزاندرێ کە لە نێو چوارچێوەی دیوارەکانی شاری ڤاتیکاندا نەکرێن، بەڵکو لێرە بکرێن.

کاتێک مەتران ئارینگارۆزسا نزیکی دەرگاکە بووەوە، هەرگیز نەیدەزانی لەنێو ژوورەکەدا گوێ هەواڵی هەژێنەر وا دەبێ، یان ئەو زنجیرە ڕووداوە کوشندانەی کە لێکەوتەی گرنگیان لێدەکەوێتەوە. ئاخر تا سەعاتێک دواتر، کاتێ بە کۆبوونەوەکە حەپەسا، نەیدەزانی کە ئەو شتەی تێدا دروست دەبێ. ***ئەو گەشتەش شەش مانگی بەسەردا تێپەڕیوە***، ئەو وای بیرلێکردەوە. هەر ***خوا بە هانامەنەوە بێ***!

ئێستاش کە مەترانەکە لەنێو فیاتەکەدا دانیشتووە، دەرکی بەوە کرد تەنانەت بەبیرکردنەوە لە کۆبونەوەی یەکەم جاری، پەنجەی دەستەکانی شێوەی مستیان پێک هێناوە. ئیدی دەستی خۆی خاوکردەوە و بەهێواشیش هەناسەی دایەوە، وای کرد ماسولکەکانی خاو ببنەوە.

***هەموو شتێک چاک دەبێ***، کاتێک فیاتەکە بۆ ناوچیاکان هەڵدەکشا، وای بە خۆی گوت. هێشتاش دەیخواست زەنگی تەلەفۆنە دەستییەکەی لێبدا. ***ئەرێ بۆچی مامۆستاکە هیچی پێڕانەگەیاندووم؟ تۆبڵێی سیلاس دەستی بە کلیلەبەردینەکە گەیشتبێ.***

لە هەوڵێک بۆ خاوکردنەی دەمارگرژیەکەی، مەترانەکە سەری بەسەر بەردە گەوهەرە ئەرخەوانییەکەی ناو ئەنگوستیلەکەی دەستی داگرت. بە هەستکردن بەوەی بەردەگەوهەرەکە و لێوارەکانی ئەڵماسەکە، ئەوەی بیر بخەنەوە، کە ئەم ئەنگوستیلەیە هێمای دەسەڵاتێک بووە زۆر کەمتر لەوەی کە بەم زوانە بە دەستی دەهێنێ.

# بەندی ۳۵

لەنێو وێستگەی باکووردا، وەک هەموو وێستگەیەکی شەمەندەفەری ئەوروپا، دەروازە هەیوانێکی ئەشکەوتاوی پڕ لە خەڵکی ئاسایی، بێنەوایان کارتۆنییان پێ بوو شتیان لەسەر نووسرابوو، هەندێ لە کوڕوکاڵ لەوێ بە شەکەتی لەسەر جانتاکانیان خەوتوون و وایەری MP3 یشیان لەبن گوێدایە، لەو لاشەوە هەندێ لە حەمباڵە جل شینەکان خەریکی جگەرەکێشانن.

سۆفی نیگای بۆ سەر تابلۆ ژمارەییە کەتە و زلەکەی دەرچوونی قەتارەکان هەڵبڕی. تەختە ڕەش و سپییەکان دەگۆڕدران، کاتێ تەختەکان دادەکەون زانیاری نوێ لەسەر ئاراستە و کاتی دەرچوونی قەتارەکان دەدەن. کاتێکیش نوێکردنەوەی کاتی قەتارەکان تەواو بوو، لانگدن چاوێکی لە سەر تابلۆکە کرد ئاخۆ چ کاتێکی دەرچوونی خستۆتە ڕوو. لە سەرووی لیستەکەشدا خوێندییەوە:

***لیل – خێرا – 3:06***

- "حەزم دەکرد خێراتر دەرچووبایە،" سۆفی وای گوت، "بەڵام لیلیش مەبەستەکەمان دەپێکێ."

***زووتر***؟ لانگدن سەیری کاتژمێرەکەی دەستی خۆی کرد، 2:59 خولەکی دوای نیوەی شەوی نیشان دەدا. قەتارەکە دوای حەفت خولەکێکی دیکە دەردەچێ و هێشتا بلیتەکەیشیان نەبڕیوە.

- سۆفی ڕێنوێنی لانگدنی بەرەو لای پەنجەرەی بڕینی بلیتەکان کرد و پێیگوت، "بڕۆ دوو تیکیت بە کریدیت کارتەکەی خۆت بکڕە."
- "پێموابوو شوێنپێ هەڵگرتنەوەی کریدت کارت لەلای ـــــ"
- "کتومت."

لانگدن بڕیاریدا سەرکێشی لەگەڵ سۆفی نیڤودا نەکا. ئیدی ڤیزاکارتەکەی بەکارهێنا و دوو بلیتی قەتاری بۆ خۆی و سۆفی بۆ چوونە شاری (لیل) کڕی.

سۆفی ڕێنوێنی لانگدنی بۆ سەر ڕێڕەوەکە کرد ، لەوێوە گوێی لە دەنگی بڵندگۆیەکی ئاشنا بوو، داوای دەکرد دوا سات بۆ دەرچوونی قەتاری (لیل) هاتووە، بۆیە دەبێ نەفەرەکان سوار بن تا

بڕوا. لەوێ لەبەردەمیان شازدە ڕێڕەو لەیەک جیادەبوونەوە، هەریەکەیان بەرەو ئەو قەتارە دەڕۆیشت کە دوا ئامانجەکەی دیارکرابوو. لەوێ لەو مەدایەی بەرەو دەستەڕاست دەیڕوانی، لەسەر هێڵی سێ قەتاری (لیل) وەستا بوو، کارمەندەکەی فیکەی پێبوو، لەسەر ئانوساتی دەرچوون بوو، بەڵام سۆفی قۆڵی لانگدنی گرتبوو، ڕێکوڕەوان بە ئاراستەی پێچەوانەی قەتارەکە وەرسووڕانەوە. ئەوان خێرا بەناو هۆڵەکەدا گەڕانەوە و قاوەخانەکەی شەویان بڕی و لەکۆتاییشدا لەو دەرگایە دەرچوون، کە لەسەر شەقامی ڕۆژئاوای وێستگەکە هەڵکەوتبوو.

تاکسییێک بە تەنها لە دەروازەکە وەستابوو.

کاتێ شوفێرەکە سۆفی بینی لایتی ترومبێلەکەی بۆ هەڵکرد.

سۆفیش یەکسەر بازی دایە سەر کورسی پشتەوەی تاکسیەکە و لانگدنیش بەدوایەوە.

کاتێکیش تاکسیەکە لەوێ دەرچوو و وێستگەکەی بەجێهێشت، سۆفی بلیتە تازە کڕاوەکانی لەنێو بەرکی دەرهێنان و دڕاندنی.

لانگدنیش ئاهێکی هەڵکێشا. ***ئاخر حەفتا دۆلار لەو گۆڕە ڕۆیشت.***

تا تاکسیەکە نەگەیشتە سەر جادە ناخۆشەکەی باکوور، بەئاراستەی جادەی ریو دە جیلی هەستی نەکرد کە بەڕاستی وا هەڵدێن. لە جامی پەنجەرەی لای ڕاستی، لەوێوە دەیتوانی مۆنتماترێ[136] و گومبەزە قەشەنگەکەی دڵی پیرۆز[137] ببینێ. دیمەنەکەش بە هۆی فلاش لایتی چەندین ترومبێلی پۆلیس کە لە ئاراستەی پێچەوانەوە دەهاتن، بڕدرا.

لانگدن و سۆفی سەری خۆیان نەوی کرد تا ترومبێلەکان تێپەڕین.

سۆفیش بە شوفێرەکەی گوتبوو بیانگەیەنێتە دەرەوەی شار، لەوێوە کاتێ لانگدن شەویلاگە توندو لەسەر یەک گیرساوەکەی سۆفی بینی، تێگەیشت بیر لە قۆناخی جووڵەی داهاتوو دەکاتەوە.

لانگدن لە کلیلە خاچەکەی ڕوانییەوە، بە دەست جامی ترومبێلەکەی بۆ ڕووناکی بەرز کردەوە، زیاتر لە چاوەکانی نزیک کردەوە هەوڵی دا شتێکی لێهەڵبکرێنێ، ئاخۆ ئەم کلیلە بۆچی باشە.

---

[136] Montmartre گردێکی گەورەی پاریسە و گەڕەکەکەشی هەر بەوناوە ناونراوە.

[137] sacré coeur

لەو ڕووناکییە پچڕپچڕەی گڵۆپەکانی سەرشەقامەکە، کە ناوەوەی تەکسیەکەشی ڕووناک دەکردەوە، ڕێک و ڕەوان مۆرەکەی دەستەی مریدانی سایۆنی لەسەر خاچەکە بینی.

- "ئەمە بەم جۆرە هیچ واتایەک ناگەیەنێ،" لە کۆتاییدا لانگدن وای گوت،
- "کامە بەشی؟"
- "ئەوەی کە باپیرەت ئەو هەموو زەحمەتیەی کێشاوە تا کلیلەکەت پێبگاتەوە بێ ئەوەی بزانی بۆچی دەست دەدا."
- "بەڵێ وایە."
- "ئەرێ تۆ دڵنیای هیچ شتێکی دیکەی لە پشتی تابلۆکە بۆ نەنووسیوی؟"
- "من هەموو شوێنەکە گەڕام. ئەوەی بەردەستت هەموو شتەکەیە. ئەم کلیلە، لە پشتی تابلۆکە داندرابوو. من مۆری مریدانی دەستەی برایەتیم بینی، ئیدی کلیلەکەم خستە بەرکم و ئینجا لەوێ دەرچووین."

لانگدن نێوچاوانی تێکنا، لە سەرە سێگۆشەییەکەی کلیلەکە ورد بووەوە. هیچی نەبوو. باشتر لێیڕاما، نزیکتری کردەوە، باش دیققەتی لێکرد، هێشتا هیچی نەبینیەوە. "پێموایە ئەم کلیلیە بەم دواییانە پاک کراوەتەوە."

- "بۆ؟"
- "ئاخر بۆنی لێکخشانێکی ئەلکهولی لێدێ."
- سۆفی خۆی سووڕاندەوە. "ببوورە؟"
- "بۆنی شتێکی لێدێ وەک ئەوەی کلیلەکەیان پێ لووس و خاوێن کردبێتەوە." لانگدن کلیلەکەی گرت و لە کەپووی نزیک کردەوە. "بۆنی لایەکی کلیلەکە لە لایەکەی دیکەیان بەهێزترە." ئەو کلیلەکەی هەڵگێڕایەوە. "بەڵێ، بۆنێکی ئەلکهولیانە، وەک ئەوەی لەگەڵ پاککەرەوەیەک تێکەڵ کرابێ یان ـــــم" لانگدن وەستا.
- "چی؟"

- ئەو کلیلەکەی دایە بەر تیشکی ڕووناکی و سەیری ڕووە لووسەکەی سەر باڵەکانی خاچەکەی کرد. لەوێدا بریسکەیەک دیار بوو... وەک ئەوەی تەڕ بووبێ. "ئەرێ بەرلەوەی بیخەیتە گیرفانت، سەیرێکی شتەکەت کردووە؟"

- "چی؟ بە هیچ شێوەیەک. ئاخر من پەلەم بوو."

- لانگدنیش ڕووی لە سۆفی کرد، "هێشتا قەڵەمە تیشک ڕەشەکەت پێماوە؟"

سۆفی دەستی بۆ بەرکی بردەوە قەڵەمە تیشکدارەکەی دایە لانگدن. لانگدنیش لێیوەرگرت و پێی کرد، تیشکەکەی دایە سەر پشتی کلیلەکە.

دەمودەست پشتی کلیلەکە درەوشایەوە. نووسینێکی لەسەر هەبوو. بە قەڵەمی دەست نووسرابوو، بە پەلەپڕوزێ و جۆرە تێکەڵیەکیش نووسرابوو، بەڵام دەخوێندرایەوە.

- "زۆر چاکە،" لانگدن بە بزەوە، "پێموابێ دەزانین بۆنی ئەلکهولەکە لەکوێوە هاتووە."

سۆفیش بە حەپەسانەوە سەیری نووسینە ئەرخەوانییەکەی سەر پشتی کلیلەکەی کرد.

24 Rue Haxo

شەقامی ڕو هاکسۆ ژمارە 24

***ناوونیشانێک! باپیرەم ناوونیشانێکی لێرە بۆ نووسیوم!***

- "ئەم ناوونیشانە لە کوێیە؟"

هیچی لەبارەوە نەدەزانی. دیسان سەری بردەوە پێشەوە، خۆی شۆڕ کردەوە لای شوفێرەکە. "ئەرێ لا ڕو هاکسۆ پێدەزانی؟"

شوفێرەکەش تاوێ بیری کردەوە ئینجا سەری بۆ لەقاند. بە سۆفیشی ڕاگەیاند کە نزیکترین ڕێگەش بە نزیک یاریگای تێنس بە لای ڕۆژئاوای پاریسدا دەڕوا. سۆفیش پێیگوتەوە یەکسەر بیانگەیەنێتە ئەوێ.

- "خێراترین ڕێگایش بەنێو دارستانی بولۆنیادا[138] دەڕوا." شوفێرەکە بە فەڕەنسی وای پێگوت. "ئایا بەوێدا بڕوا؟"

- سۆفیش نێوچاوانی تێک نا. دەکرا بیر لەڕێگە ناخۆشەکە بکاتەوە، بەڵام خۆ ئەمشەو ئەوان بۆ پیاسە نەهاتوونەتە دەر. "بەڵێ. ***"دەکرێ ئێمە میوانە ئەمەریکیەکەشمان تووشی شۆک بکەین.***

سۆفی ئاوڕی لەدواوە دایەوە و لە کلیلەکەی ڕوانی، مەراق ما ئاخۆ شەقامی ڕو هاکسۆ 24 چی بێ. ***کڵیسایەک***؟ ***جۆرە بنکەیەکی مریدانی دەستەی برایەتی***؟"

دیسان مێشکی سۆفی بە کۆپلە دیمەنەکانی ڕیتوێلە نهێنییەکەی شەوێ گۆرینێ پڕبووەوە، ئاخر ئەوێ شەوێ، دە ساڵ لەمەوبەر شاهید بوو بەسەر ئەوەی لە ژێر زەمینی هاوینەهەوارەکەی باپیرەی ڕوویدا، ئیدی ئاهێکی قورسی هەڵکیشا. "ڕۆبەرت، زۆر شت هەیە دەبێ پێم بڵێی،" ئیستێکی کرد و کاتێکیش تاکیسەکە بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆیشت چاوەکانیان لە سەر یەک گیر بوون. "بەڵام جارێ دەمەوێ هەموو شتێکم لەبارەی مریدانی سایۆن بۆ باس بکەی."

---

[138] bois de Boulogne

## بەندی ٣٦

لە دەرەوەی سالۆنی دەوڵەتاندا، کاتێ ئاسایشپارێزەکەی لۆڤەر چۆنیەتی چەککردنی خۆی لە لایەن سۆفی و لانگدنەوە گێڕایەوە، بیزو فاشێ لێی دەهری بوو. ***باشە بۆچی تەقەت لە تابلۆ مومبارەکەکە نەکرد!***

- "کاپتن؟" ملازم کۆللێ لە لای ئۆفیسی فەرماندارییەوە هات و پێی گوت. "کاپتن، هەر تازە هەواڵەکەم بیست. پیاوەکان ترومبێلەکەی نیڤۆی ئاژانیان دۆزیوەتەوە."
- "ئایا ئەو گەیشتۆتە باڵوێزخانەکە؟"
- "نەخێر. وێستگەی شەمەندەفەر. دوو بلیتیشیان بڕیون. قەتارەکەش تازە ڕۆیشتووە."
- فاشێ لە کۆڵ گرواردی ئاسایشپارێز بووەوە و ملازم کۆللێی بردە پەنایەک و بە سرتەیەکەوە قسەی لەگەڵدا کرد. "مەبەستییان بەرەو کوێ بووە؟"
- "لیل."
- "لەوانەیە فێڵێک بێ." فاشێ هەناسەیەکی دایەوە، خەریکی داڕشتنی پلانێک بوو. "زۆر باشە، ئاگاداری وێستگەی داهاتووی قەتارەکە بکەرەوە، هەر بۆ دڵنیایی قەتارەکە ڕابگرن و بیپشکنن. لێشگەڕێ با ترومبێلەکەشی هەر لەشوێنی خۆی بێ، بەڵام چەند کەسێکی بۆ چاودێری لە دەورە دابنێ ئاخۆ هەوڵ نادەن بیبەنەوە. چەند پیاوێکیش بنێرە تا شەقامەکانی دەوروبەری وێستگەکە بپشکنن، ئەگەر ئەوان بە پێ هەڵاتبن، زۆر دوور نەکەوتوونەتەوە. ئایا پاس لەو کاتدا هەبووە؟"
- "نەخێر لەو سەعاتەوەختەدا هیچ پاس لەوێ نەڕۆیشتون. تەنها ڕیزێک تاکسی لێبووە."
- "باشە. پرسیار لە شوفێرەکان بکە. ئاخۆ کەس شتێکی نەبینیوە. ئینجا پەیوەندی بە کۆمپانیای تاکسییەکانەوە بکە و وەسفەکانیان بدەرێ. منیش پەیوەندی بە ئینتەرپۆلەوە دەکەم."
- کۆللێ بە واقوڕماویەوە سەیری کرد. "ئەوانیش تێوە دەگلێنی؟"

فاشێ لەو ئەگەرە هەراسانکەرە پەشیمان بوو، بەڵام وای دەبینی هیچ دەرەتانێکی دیکەی نەماوە.

***خێرا تۆڕەکەی بگرەوە و توند توندیشی ببەستەوە.***

سەعاتە یەکەمەکان چارەنووسسازن. هەڵاتووەکان لە سەعاتی یەکەمی ڕاکردنیاندا هی ئەوەن بدۆزرێنەوە. ئەوان هەمیشە پێویستیان بەهەر هەمان شت دەبێ. ***ڕۆیشتن، هەنوان، پارەی کاش.*** ئەمەش سێینەی پیرۆزییانە. ئینتەرپۆلیش ئەو دەسەڵاتەی هەیە لەچاوتروکانێکدا ڕێگەی هەر سێ شتیان لێبگرێ. بە بڵاوکردنەوەی وێنەی لانگدن و سۆفی بۆ کاربەدەستانی ڕێگاوبانی پاریس، هوتێل و بانکەکان، ئینتەرپوول هیچ دەرفەتێکیان بۆ ناهێڵێتەوە لە شارەکە دەربچن، هیچ شوێنێکیان ناهێڵی خۆی تێدا حەشار بدەن، هیج جێیەکیشیان نابێ پارەی کاشی لێ بەدەست بێنن. زۆر جاریش ڕاکردووەکان بە تۆقاوی دەچنە سەر جادە و ڕەفتارێکی گەوجانە دەکەن. ترومبێلێک دەدزن. بەسەر کۆگایەک دادەن. لە بێئومێدیدا کارتی بانکییان بەکاردێنن. ئیدی هەر هەڵەیەکی وا بکەن، خێرا شوێنەکان پەیوەندی بە دەسەڵاتدارانەوە دەکەن.

- "تەنها بۆ لانگدن، وایە؟" کۆللێ وای بە کاپتنەکە گوت. "خۆ تۆ ناتەوێ سۆفیش ڕاپێچ بکەی. ئاخر ئەو ئاژانێکی خۆمانە."
- "هەڵبەتە دەمەوێ ئەویش ڕاپێچ بکەم!" فاشێ هەناسەی هەڵکێشایەوە. "ئاخر ڕاپێچکردنی لانگدن چ سوودێکی دەبێ ئەگەر سۆفی هەموو کارێکی ناشیرینی بۆ بکا؟ نیازم وایە فایلی کارنامەی سۆفی دەربێنم، لە دۆست و برادەرانی خێزان، هاوکارەکانی، هەر کەسێک یارمەتی بدا، بکۆڵمەوە. من نازانم خۆی پێ چییە ئەو کارانە دەکا، بەڵام خۆ هەر دەبێ سەریشی بخوا و لە کونجی زیندان جێگەی بکرێتەوە لەوەی هەر پیشەکەی لەسەر دابنێ!"
- "ئایا تۆ لەمنت دەوێ هەر لەسەردەزگای کۆنترۆلی تەلەفۆنەکە بم یاخود ڕاستەوخۆ بچمە مەیدان؟"
- "مەیدان. بڕۆ لای وێستگەی شەمەندەفەرەکە و سەرپەرشتی تیمەکە بکە. تۆ جڵەوەکە بگرە دەست، بەڵام بەبێ ڕاوێژی من هیچ شتێک نەکەی."
- "زۆر باشە، جەناب." کۆللێ وای گوت و خێرا ئەوێی جێهێشت.

فاشی کاتێ لە پەنایەکە وەستا بوو ڕەق هەڵاتبوو. لە دەرەوەی پەنجەرەکە. شووشەی هەرەمەکە دەبریسکایەوە، بە هۆی با تیشکەکانیش دەلەرانەوە. ***ئەوان لەبن دەستی من دەرچوون.*** ئەو وای بەخۆی دەگوتەوە تا خاوبیێتەوە.

تەنانەت ئاژانێکی سەر گۆڕەپانی کاریش بەرگەی ئەوەی پێ ناگیرێ کاتێ ئینتەرپۆلی لە دژدا بکەوێتە کار.

***کۆدشکێنێکی مێینە و مامۆستایەکی زانکۆ؟***

خۆ ناتوانن تا زەردەی بەیان خۆیان بگرن...

# بەندی ٣٧

ئەو پارکە پڕ دارودرەختەی کە بە دارستانی (بۆلۆن) ناسراوە، زۆر ناوی دیکەشی لێندراوە، بەڵام شارەزایانی پاریس وەک "بەهەشتی ڕابواردنی سەر زەوی" دەیبینن. ئەم وەسفە سەرباری ئەوەی وەک پەسندان دێتەبەرگوێ، کەچی لە ڕاستیدا پێچەوانە بوو. هەر کەسێک تابلۆ سامناکەکەی بۆسی[139] دیتبێ کە هەمان ناوی هەڵگرتووە، لە نقورچ لێگرتنەکە دەگا؛ تابلۆکەش وەک دارستانەکە تاریک و پێچاوپێچە، خاوێنگەی حەز و ئارەزوو و عاشقایەتییە. لە شەویشدا پەیژە نەویەکانی دارستانەکە جمەی دێ لە جەستەی سەدان کەس کە بۆ فرۆشتن نمایشی دەکەن، ڕابواردنێکی سەر زەوی، بۆ ئەو کەسانەی چ نێر چ مێ، کە حەزێکی بێ کۆتاییان لەجەستەدا قوڵپە دەدا، ئیدی لەوێدا هەموو شتێک دەقەومێ.

کاتێکیش لانگدن بیری خۆی کۆدەکردەوە، تا باسی مریدانی دەستەی برایەتی سایۆن بۆ سۆفی بکا، تەکسیەکەیان بە نێو دەروازە دارینەکەی پارکەکە تێدەپەڕی تا بەرەو ئاراستەی ڕۆژئاوا، بەسەر ڕێگا بەردینەکەدا بڕوا. لانگدن لەگەڵ چرکردنەوەی تیشکۆی بیرکردنەوە کێشەی هەبوو، ئاخرلەوکاتەدا شەوگەڕانی پارکەکە لەپڕ پەیدا بوون، شتەکانی خۆیان لەبەر تیشکی ڕووناکیەکەدا بۆ فرۆشتن نمایش دەکرد. لەپێشەوەیان دوو کیژی هەرزەی سینگ ڕووت بە گڕتێبەربوویی سەیری نێو تاکسیەکەیان دەکرد. لەپشت ئەوانیشەوە پیاوێکی ڕەشپێست، کە جەستەی لە ڕۆن دەبریسکایەوە کە هەر بەئاستەمێک دەرپێ کورتی لەپێ بوو، بە نەرمونیانی سمتی خۆی نیشان دەدا. لە تەنیشت ئەوانیشەوە ژنێکی شۆخ و شەنگ، مینیژۆپەکەی هەڵکرد تا ئەو شتەی ببینن کە نەدەبوایە ببیندرێ و لەڕاستیدا هەر ژنیش نەبوو.

***ئەی ئاسمان بە هانام وەرە***! لانگدن ئاوڕی لە ناوەوەی تاکسیەکە دایەوە و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.

- "دەی دەربارەی مریدانی سایۆن شتم بۆ باس بکە،" سۆفی وای بە لانگدن گوت.

لانگدن سەری بۆ لەقاند، نەشیدەتوانی دیمەنی شایستەی پاشخانی ئەفسانەکە بهێنێتە پێشچاوی خۆی تا بۆ سۆفی بگێڕێتەوە. مەڕاق ما ئاخۆ لە کوێوە دەست پێ بکا. ئاخر مێژووی دەستەی

[139] Hieronymus Bosch هونەرمەندێکی تابلۆکێشی هۆڵەندی سەدەکانی ناوەڕاستە بە دڵڕفێنی و سامناکی تابلۆکانی بەناوبانگە. وەرگێڕ

برایەتی بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە... زنجیرە نهێنی و ڕازێکی سەرسوڕهێنەر، کەڵەگایی، ناپاکی و ئەشکەنجەدانێکی دڕو بێویژدانانە لەسەر دەستی پاپایەکی تووڕە قەومابوو.

- "مریدانی سایۆن،" لانگدن وا کەوتە سەر قسە، "لە ئۆرشەلیم لە 1099دا لەسەر دەستی پاشایەکی فەرەنسی بە ناوی (گۆدفەری بویلۆن)[140]، هەر دوای داگیرکردنی شارەکە دامەزرا."

سۆفی سەرێکی بۆ لەقاندنو بە چاویش سێرەی لێگرت.

- "شا (گۆدەفری) وەک دەگوترێ خاوەنی نهێنییەکی باڵکێش بوو، نهێنییەک لەسەردەمی عیسای مەسیحەوە لە بەرەبابەکەی ئەودا مابووەوە. لەوەش دەترسا بە مردنی خۆی نهێنییەکە ون ببێ، بۆیە دەستەی برایەتی نهێنی مریدانی سایۆنی دامەزراند، ڕایسپاردن نهێنییەکەی بە باشی بپارێزن و بە هێواشیش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بیگوازنەوە. لە ماوەی ئەو ساڵانەی ئەوان لە ئۆرشەلیمدا بوون، مریدانی سایۆن توانیان بەڵگەنامەکان لە بن وێرانەی پەرستگای هیرۆدۆتدا بشارنەوە، پەرستگاکەش لەسەر پاشماوە خانووە وێرانەکانی پەرستگا و کۆتەڵی سولەیماندا دروست کرابوو. ئەو بەڵگەنامانە، وەک ئەوان بڕوایان پێبوو، نهێنییە هەرە بە هێزەکەی گۆدەفریان دەسەلماند و سروشتەکەشی ئەوەندە دژوار بوو، کە کڵێسەش لە هیچ شتێک نەدەسڵەمینەوە بۆئەوەی شتەکە بخاتە بندەستی خۆی.

سۆفی دوودڵیانە سەیری کرد.

- "مریدەکان سوێند و نەزرێکیان لەخۆ گرت، ئەگەر بەهەر نرخێک بێ، دەبێ ئەو بەڵگەنامانە لەژێر ئەم پاشماوە وێرانەیە دەربێنن و بۆ هەتا هەتایە لای خۆیان بیپارێزن، بۆ ئەوەی ڕاستیەکە هەرگیز نەمرێ. بە مەبەستی گێڕانەوەی بەڵگەنامەکانی ژێر کاولگەکەکان، دەستەی مریدان باسکێکی سەربازیان لە نۆ شۆڕەسوار بە ناوی سوارچاکانی عیسا و پەرستگای سولەیمان پێکهێنا." لانگدن کەمێک وەستا. "بە گشتیش بەناوی سوارچاکانی کۆتەڵی پەرستگا ناسراون."

سۆفی نیگای چاوەی سەرسامانە بە ناسینەوەکە هەڵبڕی.

---

140 Godefroi de Bouillon

لانگدن زۆرجار وانەی لەسەر سوراچاکانی پەرستگا داوە و دەیزانی هەموو کەسێکی سەر ئەم زەمینە ناوی بیستوون، هەر هیچ نەبێ بە شێوەیەکی ڕووتەن[141]. بۆ ئەکادیمییەکان، مێژووی ئەو ڕاگرانەی پەرستگاکە جیهانێکی ڕاستی ناسەقامگیر و دژوار بوو، شەقڵ و شۆپی زانیارییەکان ئەوەندە ئاڵۆز و تێکچرژاوبوون، لێدەرهێنانی ڕاستییێکی بێگەرد تێیدا کارێکی ئەستەم بوو. ئەم ڕۆژانەش، لانگدن لە کاتی وتار و کۆڕەکانیدا، لە ناوهێنانی سوارچاکانی پەرستگا دوودڵ بوو، چونکە هەمیشە سەری بۆ پرسیار و دیمانەی پیلانگێڕی دەکێشا.

– سۆفیش بە شڵەژاوییەوە سەیری کرد. "تۆ دەڵێی، سوارچاکانی پەرستگا لە لایەن مریدانی سایۆن و بۆ گێڕانەوەی بەڵگەنامە نهێنییەکان دامەزرێندراوە؟ من وام بیردەکردەوە، بۆ پاراستنی وڵاتی پیرۆز دامەزرا بن."

– "بەدڵێحاڵیبوونێکی باو. بیرۆکەی پاراستنی حەج ڕووپۆشێک بوو سوارچاکانی پەرستگا ئەرکەکەیان لەژێردا ڕایی دەکرد. مەبەستی سەرەکییان لە وڵاتی پیرۆزدا گەڕاندنەوەی ئەو بەڵگەنامانە بوون، کە لەژێر وێرانەی خانووەکاندا شاردرابوونەوە."

– "چما ئەوان شتەکەیان دۆزیەوە؟"

– لانگدن خەندەیەکی بۆ کرد. "کەس لەوە دڵنیا نییە، بەڵام ئەکادیمییەکان لەسەر یەک شت کۆکن: سوراچاکەکان ***شتێکیان*** لەبن وێرانەکەدا بۆ دەرکەوت.... شتێک وای لێکردن بە شێوەیەکی وا خێرا دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار بن، کە کەڵکەڵەی خەیاڵی هیچ کەسێک بۆی نەچووبوو."

بەخێرایی لانگدن باسێکی ئەکادیمیایانەی بۆ سۆفی کرد، کە چۆن مێژووی سوراچاکانی پەرستگایان پەژراندووە، ڕوونی کردەوە چۆن سوراچاکان لە خاکی پیرۆزدا لە ماوەی دووهەمین هەڵمەتی خاچپەرستەکان بە شا (بالدوینی)[142] دووهەمیان گوت، ئەوان بۆ پاراستنی ڕێگای حاجیانی کریستیانی لەوێن. هەرچەندە ئەوان بێ بەرامبەر بوون و سوێندیان لەسەر هەژاری خواردبوو، ئیدی سوارچاکەکان بە پاشایان گوت، پێویستییان بە هەنوانێکی لێحەوانەوە هەیە، داوایان لێکرد ئەو تەویلانەی ژێر کاولگەی پەرستگاکەیان بداتێ. شا (بالدوین)یش بە داواکەیان قایل بوو، بەم جۆرە ئەوان لەنێو مەزارە وێرانبووەکەدا مانەوە.

---

[141] ڕووتەن: ئەبستراکت، مجرد.

[142] Baldwin II

ئەم مانەوە سەیرەیان لەویّ، وەک لانگدن ڕوونی کردەوە ، شتێک نەبوو لە گۆترە بێ. ئاخر سوارچاکەکان لەو بڕوایەدابوون، ئەو بەڵگەنامانەی دەستەی مریدانی سایۆن بە دوایدا دەگەڕێن لەویّ، لەژێر وێرانەکەدا حەشاردراوە. کتومتیش لە نێو جەرگەی ئایینی جولەکایەتی. بۆ ماوەی نزیکەی یەک دەیە، ئەو نۆ سوارچاکە لەو وێرانەیەدا ژیان، زۆر بەنهێنی بەرد و خاشاکی ئەوێیان هەڵدەکۆڵی.

- سۆفی ئاوڕێکی لەدەوروبەر دایەوە، ئینجا گوتی؛ "ئاخر تۆ گوتت، شتێکیان دۆزیەوە؟"

- "بە دڵنیاییەوە شتێکیان دۆزییەوە" لانگدن وای پێگوتەوە و بۆی ڕوون کردەوە، چۆن نۆ ساڵ خەریکی ئەویّ بوون، بەڵام لە کۆتاییدا سوارچاکەکان ئەوەی بە دوایدا دەگەڕان دۆزیانەوە. ئەوان گەنجینەکەیان لە بنی بنەوەی پەرستگاکە دەرهێنا و بەرەو ئەورووپا هاتن، ئیدی لەوێیش لەماوەی شەو ڕۆژێکدا دەسەڵاتیان چەسپا.

کەسیش لەوە دڵنیا نییە، ئاخۆ سوارچاکەکان کەڵەگاییان بەسەر ڤاتیکانەوە کردبێ، یان کڵێسە سوکوئاسان بێدەنگی ئەوانی کڕی، بەڵام ئەوە ڕوون بوو، پاپا (ئینۆسێنتی دووەم) دەستبەجێ پاپانامەیەکی دەرکرد و دەسەڵاتێکی بێ سنووری دایە سوارچاکانی پەرستگا و جاڕی ئەوەی دا، کە "ئەوان خۆیان قانونن" ئیدی ئەوان سوپایەکی ئۆتۆنۆمیدار بوون، چ لەڕووی سیاسی یان لەڕووی دینییەوە نەدەکەوتنە بن هەژموونی نە پاشاکان و نە هی قەشەکانیش.

بەو ڕێپدانە ڕەهایەی ڤاتیکان، سوارچاکانی پەرستگا دەسەڵاتی موڵکایەتی خۆیان زۆر زیادی کرد، ئەوسا چ لە ڕووی ژمارە یان هێزی سیاسییەوە بێ، دەیان دەوڵەتی ئەوڕوپای گرتەوە. ئەوان پارەیان دەدایە ئەو پاشا و میرانەی کە نابووت دەبوون و بە سوێکی زیاتر لێیان دەسەندنەوە، بەهۆی ئەوانەوە سیستمی بانکی نویّ دامەزرا و دارایی و دەسەڵاتی خۆیان بەرفراوانتر کرد و پەرە پێدا.

لە 1300دا پەسندنامەی ڤاتیکان ئەوەندە لە بەرژەوەندی سوارچاکەکانی پەرستگا بوو، ئەوەندە دەسەڵاتیان پەیدا بوو، پاپا کلێمێنتی پێنجەم[143] بڕیاریدا، هەر دەبێ شتێکیان دەرهەق بکریّ. ئەوەبوو بە شێوەیەکی دروست لەگەڵ شا فیلیپی چوارەم[144]، پاشای فەرەنسادا هاوکار بوو، پاپا نەخشەیەکی بلیمەتانەی وای داڕشت کە قەپۆزی سوارچاکەکان بشکێنیّ و دەست بەسەر

[143] Pope Clement V

[144] Philippe IV

گەنجینەکەیان دابگرێ و هەموو سەروسامانیان بۆ ڤاتیکان بگێڕێتەوە. بە مانۆڕێکی سەربازیانەی دروست، کە هەر لە دەزگایەکی وەک (سی ئای ئەی) ئەمریکی دەوەشێتەوە، پاپا کلیمێنت مۆرێکی فەرمانڕێژی نهێنی داهێنا کە هەر دەبوایە لەیەک کاتدا و لە لایەن هەموو سەربازەکانی ئەوروپادا لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی 13ی ئۆکتۆبەری 1307دا بکرێتەوە.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی سێزدەهەمیندا، بەڵگەنامەکان کرانەوە و نهێنییە دژواریەکەیان ئاشکرا بوو. لە نامەی کلییمێنتدا هاتبوو، خوا بە خەیاڵ سەردانی کردووە و لە سوارچاکانی پەرستگادا ئاگاداری کردۆتەوە، کەوا ئەوان تاوانبارانی گومڕا و شەیتان پەرست، هاوڕەگەزباز، خاچ پیسکەر و نێرباز و ڕەفتار کافرن. پاپا کلێمێنت لە خواوە داوای لێکراوە زەوی لەو جۆرە کەسانە پاک بکاتەوە، ئەمەش بەوەی هەموو سوارچاکەکان بگیرێن و ئەشکەنجە بدرێن تا دان بە تاوانە دژە خواییەکەیان دادەنێن. کردەوە ماکیاڤیلیانەکەی کلیمێنت بەوپەڕی وردەکارییەوە جێبەجێ کرا. لەوێ ڕۆژێدا، ژمارەیەکی زۆر لە سوارچاکان گیران، بێویژدانانە ئازار و ئەشکەنجە دران و بە تاوانی گومڕایی سوتێندران. سەدای ئەو تراژیدیایەی ئەوێ ڕۆژێ هێشتا لە کلتووری هاوچەرخماندا سەدای ماوە، ئیدی ئەو ڕۆژە، ڕۆژی هەینی سێزدەهەمینی مانگ بە ڕۆژێکی بەدبەخت وێنا کرا.

– سۆفی بە پەشۆکاویەوە سەیری کرد. "سوارچاکەکانی پەرستگا قڕکران؟ پێموابوو تا ئەمڕۆش دەستەی برایەتی پەرستگا هەر ماون؟"

– "بەڵێ ماون، لەژێر چەندان نازناوەوە. وێڕای ئەو تۆمەتە ساختانەی کلێمێت بۆ ئەوەی قڕیان بکا و بە تەواوی لەناویان ببا، لێ سوارچاکەکان هاوپەیمانی دەسەڵاتداریان هەبوون، هەندێکیان توانیان لەو هەڵمەتە پاکردنەوەی ڤاتیکان قوتار بن. ئەو گەنجینە هێزدارە شاراوەی سوارچاکانی پەرستگا، کە دیاربوو بناوانی هێز و دەسەڵاتەکەیان بوو، هەرئەویش مەبەستی سەرەکی پاپا بوو، بەڵام چڕنووکی لێ گیر نەبوو. لەمێژ بوو بەڵگەنامەکان لەلای ئەندازیارە سایەکانی سوارچاکانی پەرستگا، لای مریدانی سایۆن بوو، ئەوانیش نهێنی بوون لە کوشتارگەی ڤاتیکانیش دەربازببوون. کاتێک ڤاتیکان دەستی لە قوڕگ نان، تا بیانخنکێنێ، مریدەکان بەڵگەنامەکانیان هەر بەشەو لە پاریسەوە بردە سەر پشتی بەلەمی لارۆشێلەوە[145]."

---

[145] La Rochelle

- "باشە بەڵگەنامەکان چوونە کوێ؟"

لانگدن شانی بۆ هەڵتەکاند. "ئەم وەڵامە تەلیسماوییە تەنیا لای مریدانی سایۆنە. چونکە بەڵگەنامەکان بەردەوام سەرچاوەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونن، تەنانەت تا ئەمڕۆش پێیان وایە بەڵگەنامەکان لەوێ لابردران و دیسان لە شوێنی دیکە شاردرانەوە، ئیدی بەم جۆرە چەندان جار دەرهێندراون و حەشاردراونەتەوە. قسەوباسی هەنووکە ئەوەیە، گوایە بەڵگەنامەکان لە شوێنێک لە شانشینی یەکگرتوودا شاردراونەتەوە."

سۆفی بە وریاییەوە سەیری کرد.

- "بۆ ماوەی هەزار ساڵ،" لانگدن وا لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو، " بەسەر ئەو ئەفسانە نهێنییە تێپەڕیوە. سەرجەم بەڵگەنامەکان، هێزو نهێنی لە یەک ناوی تاکدا دەرکەوتووە، کە ئەویش Sangreal سانگریالە. سەدان کتێبی لەبارەوە نووسراوە، زۆر کەم باسی تەلیسماوی ئەوەندەی سانگریال لەنێو مێژونووساندا بووەتە مایەی مشتومڕ لەسەر کردن."

- :سانگریالەکە؟ ئایا هیچ پەیوەندییێکی بە وشەی sangی فەڕەنسی یان sangreی ئیسپانییەوە هەیە کە واتای خوێن دەدا؟"

- لانگدن سەری بۆ لەقاند. خوێن بڕبڕەی پشتی سانگریالەکەیە، بەڵام ئێستاش بەو شێوە نییە کە سۆفی خەیاڵی بۆ چووبێ. "ئەفسانەکە ئاڵۆزە، بەڵام شتی گرنگ ئەوەیە کە پاسەوانانی مریدەکانی دەستەی برایەتی سایۆن بەڵگەیان لەبەر دەستە، ئەوانیش گوایە چاوەڕێی ساتێکی لەباری مێژوویی دەکەن تا پەردە لەسەر ڕاستییەکە هەڵبدەنەوە."

- "چ ڕاستییێک؟ تۆ بڵێی چ دەسەڵاتێکی نهێنی لەپاڵدا بێ؟"

- لانگدن هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و سەیری ڕووە ناشیرینەکەی پاریسی کرد، کە لەسایەدا خۆی نمایش دەکرد. "سۆفی، وشەی Sangreal سانگریال وشەیەکی کۆنە. لە ماوەی ئەو هەموو ساڵانە بۆتە زاراوەیەکی دیکە... ناوێکی زۆر هاوچەرخ." کەمێک وەستا، ئینجا تێهەڵچووەوە؛ "کاتێک من ناوە هاوچەرخەکەت پێ بڵێم، دەرک بەوە دەکەی کە زۆر شتی لەبارەوە دەزانی. لە ڕاستیشدا نزیکەی هەموو کەسێکی سەر گۆی زەوی گوێی لە چیرۆکی سانگریال بووە."

- سۆفی بە گومانەوە سەیری کرد. "من هەرگیز نەمبیستووە."

- "بە دڵنیاییەوە بیستوتە" لانگدن بزەیەکی کرد. "تۆ هەردەبێ گوێت لەو ناوە ڕاهاتبێ کە پێی دەگوترێ 'Holy Graill[146]' جامی پیرۆز.'"

[146] مەبەست ئەو جامە(دەفر)ە ئەفسانەییە پیرۆزەیە کە عیسای مەسیح لە دوا ئێوارە خوانیدا شەڕابی تێدا خواردۆتەوە.

# بەندی ٣٨

سۆفی لە پشتەوەی تاکسییەکە نیگای چاوی لە لانگدن نز بڕیبوو. ***هەر دەبێ گاڵتە بکا.*** "جامی پیرۆز؟"

لانگدن سەری بۆ لەقاند و دەربڕینەکەشی ڕاستیانە بوو "Holy Grail جامی پیرۆز دەقاودەق واتای sangreal سانگریل دەدا، لەڕاستیشدا لێکدراوی دوو وشەیە، San Grail سان گرێیل."

***Holy Grail جامی پیرۆز.*** سۆفی سەری لەوە سوڕمابوو، دەستبەجێ سەرنجی لایەنە زمانەوانییەکەی نەدابوو. لەگەڵ ئەوەشدا خۆ هێشتا ئەوەی لانگدن گوتی، هیچی لای سۆفی نەدەگەیاند. "من پێموابوو Holy Grail جامی پیرۆز کوپێک (جامێک) بێ. تۆ تازە پێتڕاگەیاندم، کە سانگریال کۆمەڵە پێکهاتەیەکی بەڵگەنامەییە و هەندێ نهێنی دژواری لەخۆ هەڵگرتووە."

- "بەڵێ، بەڵام خۆ بەڵگەنامەکانی سانگریال تەنها نیوەی گەنجینەی جامی پیرۆزەکەیە. ئەوان لەگەڵ خودی جامەکەدا گۆڕەوشار کران... و واتای ڕاستیش بەدەستەوە دەدا. بەڵگەنامەکان هێز و دەسەڵاتێکی باڵایان دایە دەست سوارچاکانی پەرستگا، چونکە لاپەڕەی بەڵگەنامەکان سروشتی راستیی جامەکەیان دەرخست."

***سروشتی ڕاستی جامەکە***؟ سۆفی زیاتر سەری لێشوا. ئەو جامە پیرۆزە، وەک بۆی چوبوو، ئەو جام(بادە)یە بوو کە عیسای مەسیح لەدوا خوانی شێوانیاندا ئاوی پێخواردبووە و هەر ئەو جامەش بوو کە یوسفی ئامیراتیا[147] لەکاتی لەخاچدانی عیسادا خوێنەکەی تێکردبوو. "جامی پیرۆز، جامەکەی عیسا بوو،" سۆفی وای بە لانگدن گوت، "ئەرێ ئەو شتە چەند سادەیە؟"

- "سۆفی،" لانگدن هەندێ سەری لێبردە پێش و بە سرتەیەکەوە پێیگوت، "بە گوێرەی مریدانی دەستەی برایەتی سایۆن، جامە پیرۆزەکە بە هیچ شێوەیەک جامی ئاو تێخواردنەوە نییە. ئەوان دەڵێن گوایە ئەفسانەی جامەکە -جامە تایبەتییەکە- لەڕاستیدا چیرۆکێکی مەجازی داهێنراوانەی لە خۆگرتووە. ئیدی ئەوەیە، چیرۆکی جامەکە، بە شێوەیەکی خوازراو مەبەست لێی شتێکی دیکەیە، شتێک کە زۆر بە هێز و هەژموونە." ئەو کەمێ بێدەنگ بوو، ئینجا تێهەڵچووەوە، "شتێک کە ڕێکوڕەوان لەگەڵ هەوڵ و

[147] یوسفی ئارمیتێیا بەگوێرەی هەر چوار شاگردەکەی عیسا ئەو کەسە بوو کە خۆبەخشانە بەخاکپساپردنی عیسای لە دوای لە خاچدانی لەخۆ گرتبوو، بۆیە لە مێژوودا مقۆمقۆی زۆری لەسەر هەیە نەخاسمە دەربارەی جامی پیرۆز.

تەقەللای ئەمشەوی باپیرەت دێتەوە، کە ویستویەتی شتێکمان پێ بڵێ، بە لەخۆگرتنی ئاماژە هێمـادارەکانی مێینەی پیرۆزیش.

سۆفی هێشتا دڵنیا نەبوو، هەستیشی کرد، ئەو زەردەخەنەی ئارامگرەی سەر لێوەکانی لانگدن هاوسۆزی دەربڕینێکە بۆ سەرگەردانبوونەکەی سۆفی، لێ هێشتا لانگدن بە سەنگینی مابۆوە. "بەڵام خۆ ئەگەر جامی پیرۆز هەر جامی ئاو تێخواردنەوە نەبێ،" سۆفی کەوتە پرسیارکردن؛ "ئەدی چییە؟"

لانگدن دەیزانی ئەم پرسیارەی لێدەکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەستی بە نادڵنیاییێک دەکرد ئاخۆ کتومت چۆن شتەکەی پێبڵێ. خۆ ئەگەر وەڵامێکی گونجاوی بە پاشخانە مێژووییەکەی نەداتەوە، ئەوا سۆفی هەر بەحەیرانی و سەرگەردانی دەمێنێتەوە، ئەو دەربڕینەی کە کاتی خۆی لانگدن لەسەر دەموچاوی داڕێژەرەوە بەر لە چەند مانگێک بینیبوو، ئەوەش دوای ئەوەی لانگدن دەستنووسی بەرهەمە تازەکەی دابوویە دەست.

– "ئەم دەسنووسە چی داوایە؟" داڕێژەرەوەکە وەک ئەوەی شتێکی لە قوڕگدا عاسێ بووبێ، پێکە شەڕابەکەی دانایەوە لەسەر خوانی نانخواردنەکە لە لانگدن ڕاما. "خۆ نابێ ئەمەت بەڕاستی بێ؟"

– "ڕاستی لەوە زیاتر، ساڵێک بە لێکۆڵینەوەکەی خەریک بوومە."

جۆنز فاوکمان[148] داڕێژەرەوەی ناوداری گۆڤاری نیویۆرک تایمز بە هەندێک شڵەژاوییەوە دەستی لە ڕیشە تەمشوولەیەکەی خۆی دا. قسەی لەسەر نەبوو، جۆنز لە ماوەی کارنامە پڕشنگدارەکەی خۆیدا هەندێ کتێبی دژواری دەربارەی بیرۆکەکە بینیبوو، بەڵام ئەمەیان بە جارێک پیاوەکەی هەژاند.

– "ڕۆبەرت،" لە کۆتاییدا (فاوکمان) وای پێگوت، "تکایە بە هەڵە لێم تێمەگە. من کەیفم بە کارەکانی تۆ دێ، ئێمە کاری مەزنمان بەیەکەوە کردووە. لێ ئەگەر بە لەچاپدانی ئەم کتێبەت قایل بم. ئەوا ختووکەی خەڵک دەدەم بێن و بە چەندان مانگ لەبەردەم نووسینگەکەمدا هەرا بنێنەوە. سەربارى ئەوەش، بڵاوکردنەوەکە ناووبانگەکەت لەناو دەبا. تۆ مێژوونووسیکی هارڤاردی، خۆ شایەرێکی هەرزان بەها نی تا بە دوای دەستکەوتێکی خێرادا بگەڕێی. باشە لەکوێ بەڵگەی سەنگین و پشگیری ئەم تیۆرییەی خۆت دەبینیتەوە؟"

---

[148] Jonas Faukman

به خەندەیەکی هێواشانەوە، لانگدن پارچە کاغەزێکی لە بەرکی دەرهێنا و ڕادەستی فاوکمانی کرد. پارچە کاغەزەکە لیستێکی بیبلیۆگرافی پەنجا ناوونیشانی- کتێبی مێژوونووسە ناسراوەکان، هەندێکیان هی هاوچەرخ و هەندێکیشیان هی سەدەکانی لەومەوبەر- تێدا بوو، زۆریشیان سەرچاوەی سەنگینی ئەکادیمی بوون. ناونیشانی هەموو کتێبەکان هەمان ئەو شتەی دەگەیاند کە لانگدن خستبوویە ڕوو. کاتێکیش فاوکمان لیستەکەی خوێندەوە، وەک ئەوە دیاربوو، پیاوێک تازە بۆی دەربکەوێ کە هەر بەڕاستی دنیا تەختە. "من هەندێک لەو دانەرانە دەناسم. ئەوانە... بە ڕاستی مێژوونووسن!"

- لانگدن بە بزەیەکی پانەوە، گوتی؛ "جۆنز، هەروەک دەیبینی، ئەمە تەنها بیردۆزێکی من نییە. ئەمە دەمێکی درێژە هەیە. سادە و ئاسان من تەلارەکەییم ڕۆناوە. هێشتا هیچ کتێبێک لە ڕوانگەی بەڵگەی هێماناسییەوە پاڵپشتی بۆ ئەم بیردۆزە، بیردۆزی ئەفسانەیی جامی پیرۆز نەدۆزیوەتەوە. ئەو ئایکۆنناسیەی من بەڵگەکانیم بۆ پاڵپشتی بیردۆزەکە دۆزیوەتەوە، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە مایەی لێتێگەیشتنن."

- فاوکمان هێشتا هەر لە لیستەکە ڕامابوو. "ئای خوایە، یەکێک لەو کتێبانە لە لایەن (سێر لای تیبینگ)ەوە، ئەو مێژوونووسە پاشایەتییەی بەریتانییەوە نووسراوە."

- "(تیبینگ) زۆرترین ژیانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لە جامی پیرۆز تەرخان کردووە. من ئەوم بینی. هەر بەڕاستی ئەو بەشێکی گەورەی دنەدەری منە. جۆنز، ئەو پیاوێکی بڕوادارە، ئەو یەکێکە لەنێو ئەوانی دیکەی نێو لیستەکەدا."

- "تۆ دەتوێ پێم بڵێی، ئەو هەموو مێژوونووسانە لەڕاستیدا بڕوایان وایە...." فاوکمان قسەکەی خۆی خواردەوە، دیاربوو نەیدەتوانی وشەکان دەرببڕێ.

- دیسان لانگدن پێکەنی. "جامی پیرۆز لە مێژووی مرۆڤایەتییدا بە مشتومڕترین گەنجینەی مێژووی داواکراو بوو، کە کنە و پشکنینی بۆ کرابێ. جامەکە ئەفسانە، جەنگ و پرسی بەردرێژی لێکەوتوتەوە. ئایا ئەمەش واتا دەدا کە شتەکە هەر جامێکی ڕووتوقووت بێ؟ خۆ ئەگەر وابێ، ئەوا دەبوایە بە دڵنیاییەوە پاشماوەکانی دیکەش وەک تاجی تۆرن، خاچە ڕاستەقینەکەی عیسا، تیتولوس هەمان پەرۆشی و هەژانییان لێکەوتبایەوە، کە واش نەبوو. بەناو ڕاڕەوی مێژوودا، جامە پیرۆزەکە تایبەتمەندیترین شت بووە." لانگدن دیسان خەندە دایگرت و لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو، "ئێستاش، خۆت دەزانی بۆ."

- فاوکمان هێشتا هەر سەری خۆی دەهەژاند. "بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو کتێبە نووسراوانەدا، باشە بۆچی بیردۆزەکە بەرفروانتر و ناودارتر نەبوو لەوەی هەیە؟"

- "ئاختر کتێبەکان بەرەنگاری کێبەرکێی سەدە جێگیرەکانی مێژوویان پێنەدەکرا، بە تایبەتیش کاتێ مێژووەکە لەلایەن داندراوی داخواز سەلمێندرابێ."

- فاوکمان چاوەکانی زەق کردنەوە. "تکایە ئەوەشم پێمەڵێ کە هاری پۆتەریش هەر دەربارەی جامی پیرۆز بێ."

- "هاری پۆتەر ئاماژەیە بۆ بایبل."

- فاوکمان بە بەسەرخۆداشکانەوە گوتی؛ "من ئەمەم دەزانی."

- "دەی، وازی لێبێنە!" دەنگی سۆفی بوو لە نێو هەوای تەکسییەکە دەنگی دایەوە. "دەی لادە و ڕایگرە!"

کاتێک لانگدن بینی سۆفی خۆی بۆ پێشەوە شۆڕکردەوە و بەسەر شوفێرەکەدا نەڕاندی، تەکیەوە. لانگدن بینی، کە شوفێرەکە دەستی داوەتە ئامێری ڕادیۆ نێرەرەکە و بە بەردەمی وەناوە خەریکە قسەی تێدا بکا.

سۆفیش وەرسووڕایەوە دەستی بۆ بەرکی چاکەتە تویدەکەی لانگدن برد. بەرلەوەی لانگدن شتەکەی بۆ دەربکەوێ کە چی ڕویداوە، سۆفی دەمانچەکەی دەرهێنا، لە هەوادا سوڕاندی و لوولەکەی خستە سەر پشتەسەری شوفێرەکە. دەستبەجێ شوفێرەکە ئامێری قسەکردنەکەی دەستی دانایەوە، ئیدی دەستەکەی بۆسەر پشتە سەری بەرزکردەوە.

- "سۆفی،" لانگدن بە شێوەیەک کە دەنگی بەباشی نەدەهات گوتی، "سۆفی، بۆ خاتری جەهەننەم ـــ"

- "ڕایگرە!" سۆفی وا فەرمانی بەسەر شوفێرەکەدا کرد.

شوفێرەکەش بە لەرزینەوە ملکەچ بوو، ترومبێلەکەی ڕاگرت.

ئیدی ئەوکات بوو، لانگدن گوێی لە دەنگی کۆمپانیای تەکسیەکە بوو لە دەشبوولی تەکسیەکەوە دەهات، دەیگوت؛ "... ناوی ئاژانەکە سۆفی نیڤویە..." رادیۆی ترومبێلەکە وا دەنگی دەهات، "ئەمریکاییەکەش، ڕۆبەرت لانگدنە..."

بەمە ماسولکەکانی لانگدنیش گرژ بوون. ***دیارە ئەوان ئێمەیان دۆزیوەتەوە***؟

- "دابەزە،" سۆفی وا داوای کرد.

شوفێرە هەڵلەرزیوەکە دەستی هەر لەسەر سەری بوو، کاتێ لە تاکسیەکەی دابەزی و چەند هەنگاوێکیش گەڕایەوە دواوە.

سۆفی جامی دەرکەی هێنایە خوار و لوولەی دەمانچەکەی ئاراستەی شوفێرە تۆقیوەکە کرد، کە لە دەرەوەی ترومبێلەکە بوو. "ڕۆبەرت،" بەخێرایش گوتی، "دەی سووکانەکە بگرەو تۆ لێیبخوڕە."

لانگدنیش لەبارێکدا نەبوو تا لەسەر لێخوڕین مشتومڕ لەگەڵ ژنێکی دەمانچە بەدەستدا بکا. دەستبەجێ لە ترومبێلەکە دابەزی و خۆی فڕێدایە پێشەوەی و چووە پشت سوکانەکە. شوفێرەکەش بە نەفرەت باراندنەوە هێشتا هەر دەستی بۆ پشتەسەری بەرز کردبوونەوە.

- "ڕۆبەرت،" سۆفی لە کورسییەکەی بانگی کرد، "من پێم وایە بایی ئەوەندە شتت لەنێو ئەم دارستانە جادوویەی ئێمەدا بینی؟"

ئەویش سەری بۆ لەقاند.

- "باشە، کەواتە لێیبخوڕە، لێرە دەربازمان کە."

- لانگدنیش چاوێکی لە کۆنترۆڵی ترومبێلەکە کرد و دوودڵیش بوو. ***دەک بەنەفرەت بێ.*** ویستی دەست بۆ گێڕەکەی ببا و پێ لەسەر کلاج دابنێ. "سۆفی؟ لەوانەیە تۆ ـــ"

- "دەی باژۆ" سۆفی بەسەریدا قیژاند.

لە دەرەوەش چەند سۆزانییەک بەڕێدا دەڕۆیشتن و بینیان چی لەنێو ترومبێلەکەدا قەوما. ژنێکیان دەستی بۆ مۆبایلەکەی برد. لانگدن پێی لە کلاج گیر کرد و گێڕەکەی گۆڕی، خواخوای بوو خستبێتیە گێڕی یەک. ئینجا پێی بۆسەر پەیدانی بەنزین برد و گیرساندی.

لانگدن پێی لەسەر کلاجەکە هەڵگرت، ترومبێلەکە تەکانێکی بۆ پێشەوە دا، ئیدی تەکسیەکە هەر بەولاو بەملادا دەکەوت و هەر بابای ئەو ناوەبوو لە بەر ترومبێلەکە هەڵدەهات. ئەو ژنەی مۆبایلەکەی پێبوو غاریدا نێو دارەکان، بە ئاستەمێک لێی دەرباز بوو.

- کاتێ ترومبێلەکە لەسەر ڕێگاکەدا لالای دەکرد، سۆفی بە لانگدنی گوت "بە هێواشی! ئەوە خەریکی چیت؟"

- من هەوڵمدا ئاگادارت بکەمەوە،" ئەویش لەپشت سوکانەکەوە بەسەر دەنگی گۆڕینی گێڕەکەدا هاواری کردەوە. "خۆ ئەوە ترومبێلێکی گێڕ ئۆتۆماتیک لێدەخوڕم!

# بەندی ٣٩

هەرچەندە هۆدە سپارتاییەکە[149]ی خانووی گەڕەکی (ڕوی دە لابوریێ) شایەتحاڵی زۆر لە ژان و ناسۆرەکان بووە، لێ سیلاس بە گومان بوو لەوەی هیچ ترسوبیمێکی دیکە ئەوەندەی ئێستا بەسەر جەستە بزڕکاویەکەیدا زاڵ ببووبێ. ***من فێڵم لێکرا. هەموو شتێک دۆڕا.***

سیلاس خرایە نێو داو. دەستەی برایەتی درۆیان کرد، ئەوان مەرگی خۆیان هەڵبژارد لەوەی تۆزقاڵێک نهێنییەکە بدرکێنن. سیلاس زاتی ئەوەشی نەدەکرد زەنگ بۆ مامۆستاکە لێبداتەوە. ئاخر خۆ سیلاس نەوەک هەر چوار کەسی کوشتبوو، کە وای دەزانی بەردەکلیلەکەیان شاردۆتەوە، بەڵکو لەنێو کڵێسەی سیینت سەپلایسدا سۆفیلکە ژنێکیشی کوشت. ***ژنەکەش دژی کاری خوا وەستابۆوە! گاڵتەشی بە کاری ئۆپیوس دای دەکرد!***

تاوانێکی هەڵچووانە، مەرگی ژنەکە شتەکەی زۆر ئاڵۆزکرد. پێشتر مەتران ئارینگاڕۆسا زەنگی لێدابوو، ڕێگای خۆشکردبوو سیلاس بتوانێ بەو درەنگە شەوە بچێتە کڵێسای سێینت سەپلایس؛ ئاخر باوکەکە کاتێ بەوە بزانی، کە سۆفیلکە ژنەکە کوژراوە چی دەڵێ؟ هەرچەندە سیلاس جەستەی ژنەکەی گێڕابووەوە سەر پێخەفەکەی، بەڵام خۆ برینەکەی سەری کوشندە بوو. سیلاس هەوڵیدا پارچە کاشیە شکاوەکەی ناوکەوە، لەشوێنی خۆی دابنێتەوە، لێ زیانپێکەوتنەکەی زۆر بەرچاو بوو. ئێستا ئەوان دەزانن، یەکێ لەوێ بووە و کەتنەکەی کردووە.

نەخشەی سیلاس ئەوەبوو، لەدوای بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی خۆی لەنێو دامودەزگاکانی ئۆپوس دایدا بشارێتەوە. ***ئاخر مەتران ئارینگاڕۆسا دەیپاراست.*** سیلاس دەیتوانی ئەوە بهێنێتە بەرچاوی خۆی، هیچ ژیانێک ئەوەندەی خواپەرستی لەنێو قووڵایی دیوارەکانی بارەگای سەرەکی ئۆپوس دای لە نیویۆرکدا موفەڕکتر و بەخێرتر نییە. لەوێدا هەرگیز پێ نانێتەوەوە دەرەوەی دیواری بارگایەکە. ئاخر لەبن هەنوانی ئەوێدا هەموو شتێکی پێویست دەست دەکەوێ. ***کەسیش نییە غەریبیم بکا.*** بۆ بەدبەختیش، سیلاس دەیزانی پیاوێکی گرنگ و ناوداری وەک مەتران ئارینگاڕۆسا نەیدەتوانی بەئاسانی خۆی بشارێتەوە.

***من مەترانیشم خستە مەترسییەوە.*** سیلاس سەری بەسەر خۆدا شۆڕ کردبووە، لەناوکەوەکەی دەڕوانی و بیری لە ژیانی تایبەتی خۆی دەکردەوە. خۆ لەدوای هەموو شتێکیشدا، بە پلەی یەک

---

[149] هۆدە یان ژووری سپارتایی Spartan Room مەبەست ژورێکی ئاسایی کەلوپەل سادەیە.

هەر ئارینگارۆسا بوو، کە ئەوی ژیاندەوە... لەو پەرستگا بچکۆلانەی ئیسپانیادا، فێری کرد، پەروەردەی کرد و ئامانجێکیشی پێبەخشی.

- "برادەرەکەم،" ئەوە ئارینگارۆسا بوو، وای پێگوتبوو، "تۆ بە بەڵەکی لەدایک بووی. لێمەگەڕێ ئەوانی دیکە، لەبەر بەڵەکی بە سووک لێت بڕوانن. ئایا تۆ لەوە تێناگەی، بەهۆی ئەوەوە، تۆ چەند تایبەتمەندی؟ ئەوەی ئاگاشت لێ نییە، ئەوەیە خودی نوحیش کەسێکی بەڵەک بووە؟"
- "نوحی کەشتییەکە؟" ئاخر سیلاس هەرگیز گوێ لەمە نەببوو.
- ئارینگارۆسا بە خەندەوە وەڵامی دایەوە، "بەڵێ، هەر بە ڕاستی نۆحی کەشتیەکە وەک تۆ بەڵەکێک بوو، ئەویش پێستێکی سپی وەک فریشتەی هەبوو. نوح هەموو ئەوانەی سەر هەسارەکەی ڕزگار کرد. سیلاس، قەدەری تۆش وایە شتی مەزن ئەنجام بدەی. خواوەند بە هۆکارێک تۆی ئازاد کرد. تۆ بانگ کراوی. خواوەند پێویستی بە یارمەتی تۆ هەیە بۆ ڕاییکردنی کارەکەی."

ئیدی بە تێپەڕبوونی کات، سیلاس وای خۆی لەبەر ڕوناکییێکی نوێ دەبینییەوە. ***من پاک و بێگەردم. سپییم. جوانم. وەک فریشتە وام.***

هەرچەندە لەو ساتەدا و لە نێو ژوورەکەدا، لە هۆڵی ئاکنجییەکاندا، ئەوە دەنگێکی نابەدڵ بوو، دەنگی باوکی بوو لەڕابردووە دەهات و دەیچرپاندە بن گوێی.

***ئای کە چ بەڵایەکی، تۆ تارمایی دێوی.***

ئیدی دانەویەوە سەر ناوکەوە دارینەکە، سیلاس نوێژی لێبوردنی کرد. ئینجا عەبایەکەی لەسەر خۆی داکەنی، دیسان دەستی بە دیسیپلینە خۆئازاردانەکەی کردەوە.

# بەندی ٤٠

بە گیرخواردن بە دەست گێڕە ئۆتۆماتیکەکەوە، لانگدن هەر توانی مانۆڕێک بە تاکسییە ڕفێندراوەکە بکا و لە باخەکانی بۆلۆنی دووربخاتەوە، تا گەیشتە ئەوێش دوو جار وەستا. بۆ بەدبەختیش میزاجێکی تەوسئاسا باڵی بەسەر تەکسییەکەدا کێشابوو، چونکە ئامێری بانگکردنی کۆمپانیای تەکسییەکە لەڕادیۆکەدا هەر بانگی دەکرد.

- "ترومبێلی ژمارە پێنج، شەش، سێ لە کوێن، وەڵام بدەنەوە!"

کاتێکیش لە پارکەکە دەرچوون، لانگدن پێی لە خۆنازینی پیاوەتی خۆی ناو و ترومبێلەکەی لاداو بە سۆفی گوت، "باشترە تۆ لێیبخوڕی."

کاتێکیش سۆفی خۆی لەپشتی سوکانەکە بینیەوە، هەستی بە ئۆخژنێک کرد. لە ماوەی چەند چرکەیەکدا زۆر بە ڕەوانی ترومبێلەکەی ڕاستەڕێ کرد و بە ئاراستەی ڕۆژئاوا، بە درێژایی جادەی ئالێی دە لۆنگسهاییدا لێیخوڕی و باخەکانی بۆلۆنیی، هەوەسبازترین شوێنی سەر دنیای بەجێهێشت.

- "ئەرێ کامە ڕێگای (ڕو هاکسۆ)یە؟" لانگدن بە نیوە ئاوڕدانەوەیەک وای لە سۆفی پرسی و بینی گێچی خێرایی لێخوڕینەکەشی لە سەد کیلۆمەترە لە سەعاتێکدا تێپەڕاندووە.
- تیشکۆی چاوەکانی سۆفیش هەر لەسەر جادەکە بوو. "شوفێری تاکسیەکە گوتی، کە لە نزیک یاریگای تێنسی ڕۆلاند گارۆسنە. منیش لەو ناوە بەڵەدم."

لانگدنیش کلیلە قورسەکەی لە بەرکی دەرهێنایەوە، لەنێو لەپیدا هەستی بە قورسایی شتەکە کرد. هەستی کرد شتەکە لێکەوتەیەکی بایەخداری بە دواوەیە. زۆریش پێدەچێ کلیلی ئازادیەکەشی بێ.

پێشتریش، کاتێک لەسەروبەندی ئەوەدابوو، باسوخواسی سوارچاکانی پەرستگا بۆ سۆفی بکا، پەی بەوە برد، ئەم کلیلە، سەرباری ئەوەی مۆری دەستەی برایەتی پێوەیە، گرێدراوێکی ناسکانەی مریدانی دەستەی برایەتی سایۆنە. ئەو باڵە یەکسانانەی خاچەکە، هێمای هاوسەنگی و هاوئاهەنگی بوو، هەروەها هێمای سوارچاکانی پەرستگاش بوو. هەمووان ئەو تابلۆیەی سوارچاکانی پەرستگا بەخۆیان و ساقۆ سپییەکەیان بینیوە کە خاچێکی چوار لا یەکسانی لە سەر نەخشاوە. هەرچەندە سەری چوارلاکەی خاچەکە بۆ دەرەوە کشاون، لێ لەگەڵ ئەوەشدا لە درێژیدا یەکسانن.

***خاچێکی چوارگۆشەیی، هەروەک ئەوەی لەسەر کلیلەکەیە.***

هەر کاتێک لانگدن ڕکێفی خەیاڵبازییانەی دەربارەی ئەوەی دەکرێ بدۆزێتەوە، بەردەدا؛ لانگدن هەستی دەکرد ئەندێشەکەی کێویانە دوور دەڕوا. ***جامە پیرۆزەکە***. خەریکبوو بە دەنگ گەوجایەتی خۆی پێبکەنێ. وا بڕوا دەکرا جامەکە لە شوێنێک لە شوێنەکانی ئینگلستان، لەژێر کڵێسەیەک، پەرستگایەک لەو کڵێسە و پەرستگا زۆروزەوەندانەی ئەوێ شاردرابێتەوە، ئاخر شتەکە هەر بەلای کەمییەوە لە ساڵی ١٥٠٠ەوە شاردراوەتەوە.

***سەردەمەکەی مامۆستای گەورە داڤینشی.***

مریدەکان لە پێناوی ئەوەی، بەڵگەنامە هێزدارەکانی خۆیان بپارێزن، ناچارکران لەسەدە بەراییەکان چەند جارێک جێگۆڕکییان پێبکەن و بیشارنەوە. مێژوونووسان گومانیان هەیە، کە جامە پیرۆزەکە لەو کاتەوەی لە ئۆرشەلییمەوە گواستراوەتەوە ئەوروپا، شەش هەواری حەشاردانی پێکرابێ. دواجار کە جامە پیرۆزەکە بیندرابێ، لە ١٤٤٧دا بووە، ئەو کاتەی شاهید بە چاوی خۆیان بینیویانە، کە ئاگر بەربۆتە ئەو شوێنەی کە بەڵگەنامەکانی لێبوونە، ئیدی بەڵگەنامەکانی لەنێو باولی گەورە و قوڕسدا گوازراونەتەوە، هەر باولێک بە شەش کەس نەبوایە هەڵندەگیرا. دوای ئەوە، هیچ کەسێک نەیگوتووە کە جامەکەی بینیبێتەوە. هەموو ئەوەی ماوەتەوە هەر سرتەی بەندوباوی ئەوەبووە، گوایە شتەکە لە سەر زەمینی بەریتانیای مەزن، وڵاتی شا (ئارسەر) و سوارچاکانی دەوری مێزە خڕەکە شاردرابێتەوە.

خۆ جامەکە لەهەر کوێیەک بێ، ئەوا دوو ڕاستی گرنگ ماونەتەوە:

***لیوناردۆ داڤینشی لە ماوەی ژیانی خۆیدا دەیزانی بەڵگەنامەکان بردراونەتە کوێ.***

***پێناچێ لەو کاتەوە، حەشارگەکەش گۆڕدرابێ.***

هەر لەبەر ئەم هۆیەشە، پەرۆشانی جامەکە شێلگیرانە لە کارە هونەرییەکانی داڤینشیدا دەکۆڵنەوە، نووسینەکانی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکەن بەڵکو سەرەداوێک، کلیلێکیان سەبارەت بە دوا شوێنی حەشاردراوەی جامە پیرۆزەکە دەست بکەوێ. هەندێکیان دەڵێن ئەو پاشخانە شاخاوییەی تابلۆی خاتوونی سەر گاشەبەردەکانی کێشاوە، زۆر لەو گرد و زورگە ئەشکەوتاویانەی سکۆتلەندا دەچێ. ئەوانی دیکەش لەسەر ئەوە سوورن، کە ڕیزبەندی ئەو شاگردانەی لە تابلۆی دوا خوانی شێوانی عیسا جۆرە کۆدێکە بۆ شوێنی لێشاردنەوەی جامەکە. هەندێکیشیان هێشتا پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، گوایە بە لێدانی تیشکی X بۆ سەر تابلۆی مۆنالیزا، دەریدەخا کە لە بنەڕەتدا، شوێنی ملوانکەیەکی لەسەر گەردەنی مۆنالیزادا هەبووە، دواتر داڤینشی لەسەری دانابێ و شوێنی شاراوەی جامەکەی لێوە دەربکەوێ.

لانگدنیش هیچکات بەڵگەی ئەو جۆرە ملوانکەیەی دەست نەکەوتووە، هەروەها ئەوەشی بۆ دەرنەکەوتووە، کە ڕۆژێک دابێ جامە پیرۆزەکە بدۆزرێتەوە، کەچی هێشتاش هەوادارانی جامەکە بڵاونامەی ئینتەرنێتی پەخش دەکەن و بەسەر تەون و رایەڵەی جیهانیدا ئەو باسوخواسانە بڵاو دەکەنەوە.

***هەمووان حەزیان لە بەندوباوی پیلانگێڕییە.***

بەندوباوی پیلانگێڕی بەردەوامە. هەڵبەتە نوێترینیشیان، وەک بوومەلەرزەیەک وابوو، بەوەی تابلۆکەی داڤینشی بە ناوی پەرستنی مەجوس، کە لەژێر چینەکانی بۆیەی تابلۆکەدا شتێکی نهێنی شاردراوە هەیە. هونەرسازی بەناووبانگی ئیتالی ماورینزۆ سێراسینی[150] پەردەی لە سەر ڕاستییێکی حاشاهەڵنەگر هەڵدایەوە، لە گۆڤاری نیویۆرک تایمزدا و لە ژێر ناوونیشانی "شاردنەوەکەی داڤینشی"دا بڵاوکرایەوە.

سێراسینی ئەوەی سەلماند و هیچ گومانی تێدا نەهێشتەوە، تابلۆ کەسکە کاڵبووەکەی پەرستنی مەجووس، هەر بەڕاستی کاتی خۆی جێدەستی کاری داڤینشی بووە، بەڵام خودی تابلۆکە وەک هەیە، هی ئەو نییە. ڕاستیەکەش ئەوەیە، هونەرمەندێک بە چەند ساڵێک دوای کۆچی دوایی لیۆناردۆ داڤینشی، تابلۆکەی تەواو کردووە. ئەوەی مایەی پشێوی بووە، ئاخۆ چی لەبن تابلۆ ساختەکەدا بووە. وێنەگران بە تیشکی سەرووی سوور و تیشکی X لەو تابلۆ ساختەیان داوە، ئەوە لەبن تابلۆکەدا دەرکەوتووە، کە هونەرمەندەکە، ئەوەی تابلۆ بنەڕەتیەکەی داڤینشی پڕکردۆتەوە، لەسەر هێڵە بنەڕەتییەکان نەڕۆیشتووە، بۆ شێواندنی تابلۆکە لە سفرەوە دەستی پێکردووە. ئەوسا هەر ڕاستییێک لەبن ئەو تابلۆیەدا هەبێ، ون بووە. ئیدی شتەکە ئاشکرا بوو. ئەمەش بووە مایەی هەراسانی کاربەدەستانی گەلەری مۆزەی فلۆڕەنسا، دەست بەجێ تابلۆکەیان لەوێ و لە شوێنە سەرەکییەکە لادا و خستیانە نێو کۆگا. سەرندانکەرانی دەستکاری داڤینشی بە ئاگادارینامەیەک سەبارەت بە تابلۆی پەرستنەکە لەخشتە دەبردێن، کە لەسەری نووسراوە:

**ئەم کارە لەژێر تاقیکردنەوەی چاککردنەوەدایە.**

لە جیهانە سەیروسەمەرەکەی ژێرزەمینی لێکۆڵەرەوەکانی نوێی جامە پیرۆزەکەدا، لیۆناردۆ داڤینشی، بە گەورەترین مەتەڵی ڕازدار ماوەتەوە. پێدەچێ دەستکارەکانی ڕازێک بدرکێنن، کەچی هێشتاش لەگەڵ هەموو ئەو شتەی شاردراوەتەوە، لەوانەشە لەژێر جەرگ و چینەکانی تابلۆکانیدا بێ، شایەد بە شێوەیەکی سادە کۆدەکەی بشکێ، ئەگەریش هەیە هەرگیز

[150] Maurizio Seracini

نەدۆزرێتەوە. لەوانەیە ئەو کلیلە تەلیسماویە فرەیەی داڤینشی بەدەر لە بەڵێنێکی بەتاڵ هیچ نەبێ، کە لەدوای نامرادی و تاسەمەندییەوە بەجێ مابێ و وا لە ڕووخساری مۆنالیزا بکا خەندە دەستکردییەکەی بنەخشێنێ.

- "ئاخر ئەوە ڕێی تێدەچێ،" کاتێ سۆفی ئاوڕی لە لانگدن دایەوە وای لێپرسی، "ئەو کلیلەی لەنێو دەستت دایە، ئەو شوێنە حەشاردراوە بکاتەوە، کە جامە پیرۆزەکەی تێدا پارێزراوە؟"

بە ناچاری دەنگی پێکەنینی لانگدن دەرچوو. "لە ڕاستیدا من خەیاڵێکی وا نابینم. بێجگە لەوەش، جامە ڕاستەقینەکە لە شوێنێک لە شانشینی یەکگرتوودا شاردراوەتەوە، نەوەک لە فەرەنسا." ئیدی بە خێرایی کورتەیەکی مێژوویی بۆ سۆفی باس کرد.

- "بەڵام خۆ پێدەچی، جامەکە تاکە دەرەنجامێکی مەعقوولانە بێ،" سۆفی بە سووربوونەوە لەسەر قسەکەی ڕۆیشت، "ئێمە کلیلێکی زۆر ئاسایشپارێزی ناوازەمان پێیە، بە مۆری مریدانی دەستەی برایەتی سایۆنیش مۆرکراوە، لەلایەن یەکێکی خودی دەستەکەش خۆت هەر ئێستا پێتگوتم، کە پاسەوانی جامی پیرۆزە، بە من گەیشتووە."

لانگدن دەیزانی دەرەنجامەکەی سۆفی ژیربێژیانەیە، لێ هێشتا بەدڵخەبەردان دەیزانی سۆفی لە شتەکە نەگەیشتووە. بەندوباوی وا هەبوون کە دەستەی برایەتی سۆزیان دابوو، جامەکە بگەڕێننەوە دوا مەنزڵگای خۆی لە فەرەنسا، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی لەئارادا نەبوو، کە بەڕاستی شتەکەیان گواستبێتەوە. تەنانەت ئەگەر دەستەی برایەتی سایۆنیش توانیبێتیان جامەکە بگەڕێننەوە فەرەنسا، لێ ئەو ناوونیشانەی ڕیو هاکسۆی ژمارە ٢٤، لە نزیک یاریگەی تێنس، هی ئەوە نییە، دوا حەشارگەی جامە پیرۆزەکە بێ. "سۆفی، هەر بەڕاستی من شتێک نابینم، کە ئەم کلیلە پەیوەندی بە جامە پیرۆزەکەوە هەبێ."

- "هەر لەبەر ئەوەی گوایە جامەکە لە ئینگلستاندایە؟"

- "نەخێر هەر لەبەر ئەو هۆیە نییە. شوێنی حەشاردراوی جامە پیرۆزەکە لە مێژوودا لە شوێنە هەرە نهێنییەکان بووە. ئەندامانی مریدانی دەستەی برایەتی بە دەیان ساڵ بەوپەڕی لێبوردییەوە خۆیان بە متمانەوە بۆ دەستەکە کاردەکەن، تا ڕیزی هەرە پێشەوەی دەستەکەیان پێدەناسێندرێ و لەوێوە بزانن ئاخۆ جامە پیرۆزەکە لە کوێ داندراوە. نهێنییەکە بە سیستمێکی زۆر ئاڵۆزی زانیاری پچڕپچڕ پارێزراوە، هەرچەندە دەستەی برایەتی زۆر و بەربەرینە، بەڵام لەو هەموو زەمانەدا هەر بە تەنها چوار

ئەندامییان کە مامۆستا گەورەکە و سێ سەرکارەکە شوێنی جامەکە دەزانن. ئەگەری ئەوەی، باپیرەی تۆ یەکێک بێ لەو چوار کەسە، ئەگەرێکی زۆر لاوازە."

***باپیرەم یەکێک بوو لە وان،*** سۆفی وا بیریکردەوە، لەگەڵ ئەم هزرەشی پێی لەسەر دۆسەی بەنزینەکە گیرساند. ئاخر سۆفی وێنەیەکی لە یادەوەریدا نەقش بوو، بێ سێ و دوو پێگەی باپیرەی ئەو لەنێو دەستەی برایەتی دەسەلماند.

– "تەنانەت ئەگەر باپیرەشت لە ڕیزی پێشەوەی دەستەی برایەتی بووبێ، هەرگیز نەیویستووە شتێک لەو بارەیەوە بۆ کەسێکی دەرەوەی دەستەکە بدرکێنێ. ئاخر ئەو شتە جێی باوەڕپێکردن نییە، ویستبێتی تۆ بکێشێتە نێو بازنەکە."

***خۆ من لەوێ بووم،*** سۆفی وای بیر لێکردەوە، دیمەنی ژێرزەمینەکەشی لەپێش چاو بوو. مەراقیش بوو ئاخۆ، ساتەکە لەبارە، نهێنییەکە بە لانگدن بڵێ، کە ئەوێ شەوێ لە هەوارگەی شاتۆی نۆرماندیدا خۆی شایەدحاڵ بوو. ئەوە بۆ دەساڵ دەچێ، سوکوئاسان هەر شەرمبوو وای لێکرد هیچی لەبارەیەوە نەڵێ. هەر بە بیرلێکردنەوە، موچڕکی پێدادێ.

لەو دەمدا دەنگی فیکە و هۆڕنی ترومبێلی پۆلیس لە دوور بیسترا، ئیدی هەستی کرد و چاوی بە دەوروبەردا، بە دوای حەشارگەیەک دەگێڕا.

– "ئەوێ!" لانگدن کاتێ کۆمەڵگەیەکی قەبەی گۆڕەپانی تێنسی ڕۆلاند گارۆسی بینی، ئاهێکی پێداهاتەوە.

سۆفی لوولپێچانە ڕێگای بەرەو یاریگاکە دەبڕی. دوای بڕینی چەند دەرچە ڕێگایەک، ئەو دووڕیانەی بەرەو کۆڵانی (ڕو هاکسۆی) بەدی کرد، خێرا لێی چووە ژوور، ترومبێلەکەی بەرەو ژمارە نزمەکانی کۆڵانەکە لێخوڕی. ڕێگاکەش تادەهات دەبووە ناوچەیەکی پیشەسازییانە و هێڵی بزنس.

***ئێمە پێوستمان بە ژمارە بیست و چوارە،*** لانگدن وای بە خۆی گوتەوە، خۆشی بەوە بینییەوە کە چاو لە بورج و جێی کڵێسایەکدا بگێڕێ. ***خۆت گێل مەکە. ئاخر کڵێسای پەرستگا ونبووەکە و ئێرە***؟"

– "ئەوەتا لەوێیە،" سۆفی بە ئاماژە کردنەوە ڕوونی کردەوە.

لانگدنیش چاوی بە تەلارەکەی بەردەمی گێڕا.

***ئەی هاوار ئەمە چییە***؟

تەلارەکە هاوچەرخانە بوو. قەڵایەکی هەڵتۆقیو بەخۆی و خاچێکی قەبەی نیۆنی تیشکداری چوارلا یەکسان، کە لەسەر بیچمی پێشەوەی بینایەکە هەڵدرابوو. لەبن خاچەکەش تابلۆیەک ئەم وشانەی لەسەر نووسرابوون:

**بانکی زوریخ بۆ کەلوپەلی ڕاسپاردە**

لانگدن لەبەر دڵی خۆی، سوپاسگوزار بوو چاوەڕوانییەکەی بۆ دیتنی کڵێسایەک بە سۆفی نەگوتبوو. هەراسانی کارنامەی هێماناسایێک ئەوەیە، شتێک لە بن بارودۆخێکدا دەربێنێ، کە هیچ ئاماژەیەکی نەبێ. لەم دۆزەشدا، لانگدن ئەوەی لە خەیاڵیدا نەبوو، ئەوەبوو ئاخر خاچێکی چوارلایەکسانی بێوەی، هێمای دروستی ئاڵای دەوڵەتی سویسرای بێ لایەنە.

خۆ بە لای کەمییەوە جارێ تەلیسمەکە شیکرایەوە.

سۆفی و لانگدن کە کلیلەکەیان پێبوو، بەرەو بانکێکی سویسرایی بۆ دانانی کەلوپەلی ڕاسپاردەیی ڕۆیشتن.

## بەندی ٤١

لە دەرەوەی قەڵاکە و لە چیاکانەوە شنەبایەک بەسەر خەرەندە هەزار بەهەزارەکەی هەڵکرد و بەناوی قەڵاکەی دادەدا، و کاتێکیش ئارینگارۆسا لەبەر دەروازەکە لە ترومبێلە فیاتەکە دابەزی، شنەبا ساردەکەی پێکەوت و لەرزەی لێوە هێنا. ***دەبووایە ساقۆیەکم لەجیاتی ئەو عەبایەم لەبەر کردبایە،*** لەبەر خۆ وای بیرکردەوە، ئیدی خۆنەدەبووایە بەم شەوە بلەرزێ و بەرگەی گرت. ئاخر دواشت لەو شەوەدا بیری لێکردبایەوە ترس و لاوازی بوو.

سەرتاپای قەڵاکە بەدەر لە پەنجەرەیەکی نهۆمی سەروو، هەمووی تاریک بوو. دیاربوو لەوێ چرایان هەڵکردبوو، ***کتێبخانەکە***، ئارینگارۆسا بیری کردەوە. ***ئەوان بێدار و چاوەڕێن.*** ئیدی سەری لەبەر بایەکە نەوی کرد و بێ ئەوەی سەیری گومبەزەکەش بکا، ملی لە ڕێگایەکە نا.

ئەو قەشەیەی پێشوازی لێکرد و بەخێری هێنا خەواڵوو بوو. هەر هەمان ئەو قەشەیەش بوو، کە پێنج مانگ لەمەو بەر پێشوازی لە ئارینگارۆسا کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە پێشوازیکردندا ساردوسڕ بوو. "جەنابی مەتران، ئێمە نیگەرانی تۆ بووین،" قەشەکە وای بە میوانەکە گوت و سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستیشی کرد، دیاربوو زیاتر پەست بوو لەوەی نیگەران بێ.

- "داوای لێبوردن دەکەم. ئەم ڕۆژانە وادەی دەرچوونی فڕۆکەکان هی پشت پێ بەستن نین."
- قەشەکەش منگەمنگێکی لێوەهات کە نەدەبیسترا و لە کۆتاییشدا گوتی؛ "ئەوان لە نهۆمی سەرەوەدا چاوەڕێت دەکەن، تا ئەوێ یاوەریت دەکەم."

کتێبخانەکە ژوورێکی چوارگۆشەیی و لە ناوکەوەکەوە تا بنمیچی داری ڕەش بوو. لە هەموو لایەکیشی هەر دۆلابی کتێبگر بوون، بەرگی رەق و قەبە لە دوورەوە دیاربوون. ناوکەوەکەشی کاشییێکی خەنەیی بوو، بازلتێکی هێڵداری ڕەش بوو، شێوە کەشخەییەکەی نیشانەی ئەوەبوو، کاتی خۆی ئەم شوێنە کۆشک بووە.

- "جەنابی مەتران، بەخێر بێی،" دەنگی پیاوێک لەنێو ژوورەکە وای بەخێر هێنا.

ئارینگارۆسا هەوڵی دا ماخۆی[151] دەنگی ببینێ، بەڵام ڕووناکییەکە ئەوەندە کز بوو، خەفەتر لە سەردانی جاری یەکەمی، کە ئەوکات هەموو شتێک دەتەقیەوە. ***شەوە بێدارە سەختەکە.*** ئەم شەوەش ئەو پیاوانە لە بەر سایە دانیشتوون، وەک ئەوەی شەرم بکەن دەربکەون.

---

[151] ماخۆ: خاوەن.

ئارینگارۆساش، بە هێواشی و هەنگاوی شاهانە هاتە ژوور. توانی بیچمی سێ کەس، لەبەردەم مێزە درێژەکەی ئەو سەری ژوورەکە ببینێ. دەستبەجێ ڕووخساری ئەو پیاوەی لە نێوەڕاستیان دانیشتبوو، ناسیەوە، سکرتێرە قەڵەوەکەی ڤاتیکان، بەرپرسی هەموو کاروبارە قانونیەکانی شاری ڤاتیکان. دوو کەسەکانی دیکەش کاردینالی پایە بڵندی ئیتالی بوون.

ئیدی ئارینگارۆسا بەنێو کتێبخانەکەدا بۆ لای ئەوان ڕۆیی. "خاکەڕاییانە بۆ وەخرانی ئەو چەند سەعاتە داوای لێبوردنتان لێدەکەم. ئێمە لە دوو ناوچەی جیاوازی زەمەنی داین. هەر دەبێ ئێوەش ماندوو بووبن."

- "نەخێر بە هیچ شێوەیەک،" سکرتێرەکە کە هەردوو دەستی لەسەر ورگە زلەکەی دانابوو، وا کەوتە قسە. "ئێمە پێزانینی زۆرمان بۆت هەیە، لەو دوورەوەڕا هاتی. کەمترین شت ئەوەیە بێداربین و بە دیدارت شاد بین. چی دەفەرمووی قاوەیەک یان شتێکی ساردت؟"

- "من پێمباشە وا نمایش نەکەین کە ئەمە دیدارێکی کۆمەڵایەتیانە بێ. من گەشتە فڕینێکی دیکەم لە پێشە. دەکرێ ڕاستەوخۆ بپەڕژێینە نێو کاروبارەکان؟"

- "هەڵبەتە،" سکرتێرەکە وا وەڵامی دایەوە، "تۆ خێراتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا جووڵایتەوە."

- "ئاوا؟"

- "تۆ هێشتا مانگێکت لەبەردەمدا ماوە."

- تۆ بەر لە پێنج مانگ نیگەرانی خۆت دەربڕی،" ئارینگارۆسا وای پێگوتەوە، "باشە بۆچی چاوەڕێ بکەم؟"

- "هەر بە ڕاستیش وایە. ئێمە بەو ڕێگەچارەی تۆ خۆشحاڵین."

- ئارینگارۆسا لە شوێنی خۆی چاوی بڕیە سەر پنتێک لەوسەری مێزەکە، چاوی بڕیە سەر جانتایەکی چەرمین. "ئەرێ ، ئەوە، شتە داخوازەکەیە؟"

- "بەڵێ خۆیەتی." سکرتیرەکە بە دەنگێکی نائاسوودەوە وەڵامی دایەوە. "هەرچەندە، دەبێ پێ لێبنێم، ئێمە بە داخوازییەکە نیگەران بووین. پێدەچوو شتەکە تەواو...."

- "مەترسیدار بێ،" یەکێک لە کاردینالە دانیشتووەکان وشەکەی دەردا. "ئایا تۆ دڵنیای لەوەی ئێمە پارەکە بەڕێگەی ژمارە حیسابێک بۆت ڕەوانەی شوێنێک نەکەین؟ ئاخر ئەم بڕە پارەیە زۆرە."

- ***ئازادی زۆر بە نرخە***. "من خەمی ئاسایشپارێزی خۆم نییە. خوا لەگەڵمدایە."

لە ڕاستیدا پیاوەکان بە دوودڵییەوە سەیرێکیان کرد.

- "ئایا بڕەپارەکە کتومت ئەوەیە، کە داوام کردووە؟"

- سکرتێری کاروباری ڤاتیکان، سەری بۆ لەقاند. "بڕە چەک و قەباڵەی قەبەقەبە لە بانکی ڤاتیکانەوە دەرهێندراون. لەهەر شوێنێکی جیهاندا وەک پارەی کاش سەودای لەگەڵدا دەکرێ."

ئارینگاڕۆسا لەشوێنی خۆی هەڵسا و تا ئەوسەری مێزەکە ڕۆیشت و سەری جانتاکەی هەڵدایەوە. لەنێو جانتاکەدا دوو ستوونی سەنەدی تێدابوون کە مۆری ڤاتیکانیان لێدراوبوو بە ئیتاڵیش لەسەری نووسرابوو "بۆ ئاڵوگۆڕ" ، ئیدی هەر کەسێک ئەو سەنەدانەی پێبێ، دەتوانێ سەودای پێوە بکا.

- سکرتێرەکە بە گرژییەکەوە سەیری کرد. "جەنابی مەتران، من دەبێ ئەوە بڵێم، ئێمە هەمووومان ئاسوودەتر دەبووین کە بڕەکە بە پارەی کاش بوایە."

- ***من ناتوانم ئەو بڕە پارە قەبەیە هەڵبگرم***، ئارینگاڕۆسا وا بیریکردەوە و سەری جانتای قەواڵەکانی داخستەوە. "قەواڵەکان وەک پارەی کاش ئاڵوگۆڕ دەکرێن. خۆتۆ بە خۆت وات گوت."

- کاردینالەکان نیگایەکی نائاسوودەییان لەیەک بڕی. لەکۆتاییدا یەکێکیان گوتی؛ "بەڵێ، ئەم قەواڵانە ڕاستەوخۆ لە بانکی ڤاتیکانەوە دەرهێندراون."

ئارینگاڕۆسا لەناخەوە بزەیەک گرتی. ئەمەش کتومت هۆکارەکە بوو، ئاخر مامۆستا پێشنیازی بۆ ئارینگاڕۆسا کردبوو، پارەکەی بە قەواڵەی بانکی ڤاتیکان بۆ بێنێ. ئەمەش مایەی متمانە بوو. ***ئێمە ئێستا هەمووومان بە یەکەوەین***. " ئەمە ئاڵوێرێکی قانونیانەی دروستە" ئارینگاڕۆسا بە بەرگریکردنەوە وای پێگوتن. "خودی ئۆپیوس دای پایەکی شاری ڤاتیکانە، دەکرێ کورسی پیرۆزیش چۆنی بیەوێ ئاوا خەرجی بکا. هیچ قانونێک لەم نێوەدا پێشێل نەکراوە."

- "ڕاستە، لەگەڵ ئەوەشدا... " سکرتێرەکە هەندێک بۆ پێشەوە هات و کورسیەکەی ژێری چریکەیەکی لێوەهات. "ئێمە هیچ زانیارییمان لەوبارەیەوە نییە، ئاخۆ ئەم قەوالانە چۆن بەکاردێنی، ئاخۆ بەشێوەیەکی قانونیانە دەبێ یان نا...."

- "بەگوێرەی ئەوەی تۆ لێت پرسیم،" ئارینگاڕۆسا ڕووبەڕووی بووەوە پێی گوتەوە، "من هەرچییێک لەم پارەیە بکەم، ئەوە خەمی تۆ نییە."

ئیدی بێدەنگییێکی درێژ باڵی بەسەردا کێشان.

***ئەوان دەزانن، کە من ڕاستم،*** ئارینگاڕۆسا وای بیرکردەوە. "ئێستاش، پێموابێ ئێوە شتێکتان هەیە تا واژۆی بکەم؟"

هەموویان بازیان دا، بە پەرۆشەوە ئەو کاغەزانەیان بردە پێش، وەک ئەوەی بیانەوێ زوو لە دەستی ڕزگاریان بێ.

- ئارینگاڕۆساش چاوی لە کاغەزەکەی بەردەمی کرد. "ئایا ئەمە هاودەقی ئەوەیە کە بۆتان ناردبووم؟"

- "دەقاودەق."

ئارینگاڕۆسا ئەوق ما، ئاخر لەکاتی واژۆکردنەکە هیچ هەستوسۆزێکی وروژاوی نەبوو. کەچی هەر سێ کەسەکەی دیکە پێدەچوو بە واژۆ کردنەکە ئاهێکیان هاتبێتەوە بەر.

- "زۆر سوپاس، جەنابی مەتران،" سکرتێرەکە بوو وای پێگوت، "خزمەتی تۆ بۆ کڵێسە هەرگیز لەیاد ناکرێ."

ئارینگاڕۆسا دەستی دایە جانتایەکە، هەستی بە هێز و سەنگینی شتەکە کرد. هەر چوار پیاوەکان لە ساتێکدا سەیری یەکدیان کرد، وەک ئەوەی شتێکی دیکەیان هەبێ بیڵێن، بەڵام دیاربوو واشیان نەکرد. ئیدی ئارینگاڕۆسا وەرسووڕا و بەرەو دەرگا هەنگاوی نا.

- "جەنابی مەتران؟" کاتێ ئارینگاڕۆسا گەیشتە بەر شیپانەی دەرگاکە، یەکێ لە کاردینالەکان بانگی کرد.

- ئارینگاڕۆسا ئیستێکی بۆکرد و ئاوڕێکی دایەوە. "بەڵێ؟"

- "لێرەوە بەرەو کوێ دەڕۆی؟"

- ئارینگاڕۆسا هەستی کرد پرسیارەکە ڕۆحانی بوو زیاتر لەوەی پرسێکی جوگرافی بێ، لەو ساتەوەختەش نیازێکی وای نەبوو مشتومڕ لەسەر ڕەوشت بکا. "پاریس،" وای گوت و هەنگاوی بەرەو دەرگەکە هەڵێنا.

بانکی کەلوپەل پێسپاردنی زیوریخ، بانکێکی متمانەدارانەی بیست و چوار سەعاتە بوو، کۆمەڵە خزمەتێکی هاوچەرخانەی ناونەدراو بە شێوەی دابی ژمارە حیسابی سویسریانە پێشکەشی هاموشۆکارانی دەکرد. بانکەکە لە زیوریخ، کوالەلامپور، نیویۆرک و پاریس کرابۆوە، لەم ساڵانەی دواییشدا خزمەتەکانی بە شێوەکی هاوچەرخانە، بە نەناسراوی و بە کۆدی چاوگی کۆمپیوتەریی و ژمارە حیسابێک کە پێویستی بە پێناسی ڕووخساری کەسەکان نەدەکرد، پێشکەش دەکرد.

بناوانی دەستکەوتی ئەو کردەوەیە، بۆ کۆنێتی سادەترین خزمەتگوزاری سەرچاوەنادیاری پێشکەشکراو دەگەڕێتەوە، کە بەشێوەیەکی دیکە بە سندووقی ڕاسپاردەی سەرچاوەنەناسراو دەناسرێ. مەعمیلەکان خوازیارن هەموو شتێکی گرانبەها یان خۆشەویستیان لەوێ دابنێن، هەر لە باوەڕنامەیەکی کۆن تا تابلۆیەکی ناسک، کە دەتوانن بە نەناسراوی لەو بانکەدا بۆ ماوەیەک دایبنێن، بە ڕێگەیەکی ئاڵۆزی تەکنیکی پەردەپۆشکراویش، کە هیچ تایبەتمەندی کەسەکە دەرنەکەوێ، دەتوانی هەر بەنەناسراوی سەراتاپای ڕاسپاردەکانی لەوێ لابەرێ و بیاتەوە.

کاتێکیش سۆفی ترومبێلەکەی بەرەو بەردەم شوێنی مەبەستەکە لێخوڕی، لانگدن لە لایەنە تەلارسازییە رەقوتەقەکە ڕاما و هەستی کرد بانکی زیوریخ بۆ لێدانانی ڕاسپاردە، زۆر ڕەق و زبرە و کەمە هەستێکی میزاجیانە دەدا. ئاخر تەلارەکە شێوە لاکێشەیەکی بێ پەنجەرە بوو، وادیار بوو سەرتاپا پۆڵایەکی بێ زەوق و شەوق بێ. هاوشێوەی ستوونێکی ئاسنینی کەتە و زل، لە دووری ڕێگاکەشەوە باڵایەکی پازدە پێ درێژ، خاچێکی رووخسار نیۆنی چوارلا یەکسان دەدرەوشایەوە.

ناووناوبانگی نهێنیپارێزی سەروسەودای بانکی سویسرایی ببووە گرنگترین شتی هەرە بەسوودی هەناردەی وڵاتەکە. توانستی ئەم خزمەتگوزارییە ببووە مایەی دژبەرییێکیش لە نێو کۆمەڵگەی هونەر و هونەر دۆستاندا، چونکە شوێنکی هەرە لەباری بۆ دزی هونەری دابین دەکرد، دەکرا شتە دزراوەکانیان بۆ چەندین ساڵ تێدا بشارنەوە تا بارودۆخەکە سارد دەبووەوە. لەبەر ئەوەی شتە ڕاسپێردراوەکان لە کنە و پشکنینی پۆلیس بە پێی قانونی تایبەتمەندی پارێزراو بوون، وێڕای ئەوەش ڕاسپاردەکان بە گوێرەی ژمارە بوون نەوەک ناسنامەی کەسەکان، بۆیە دزەکان دەیانزانی شتە دزراوەکانیان لەوێ دەپارێزرێن و کەسیش شوێنپێی دزینەکەیان لەوێ پێ هەڵناگیرێتەوە.

سۆفی لەبەردەم دەرگا گیراوەکە ترومبێلەکەی ڕاگرت، بارستی لادیواری بەردەم ڕێگاکە بۆ خوارەوەی تەلارەکە شۆڕ دەبۆوە. کامیرایەکی ڕاستەوخۆ لە بەرامبەریان ئاراستەی ڕووی هەر لەوان بوو، لانگدنیش لەبەرخۆیەوە؛ ***ئەم کامیرایە بە پێچەوانەی کامێراکەی لۆڤەر، ڕاستەقینەیە.***

سۆفی جامی دەرگای ترومبێلەکەی هێنایە خوارێ و لە سەر تابلۆی لادیواری لای شوفێرەکەدا لە تابلۆ ئەلەکترۆنیەکەدا، بە دوای شتێک گەڕا. شاشەیەکی LCD ئاراستەکانی بە حەفت زمانان نیشانی هاموشۆکەران دەدا. زمانی ئینگلیزیش سەرتۆپی لیستەکە بوو.

*کلیلی تێبادە.*

ئیدی سۆفی کلیلە لێزەریەکەی لە نێو بەرکی دەرهێنا و چاوی لەسەر شاشەکە کردەوە. لە خوار شاشەکە کونێکی سێگۆشەیی هەبوو.

- "شتێک پێمدەڵێ کە کلیلەکە دروست بۆ کونەکە دەشێ،" لانگدن وای بە سۆفی گوت.

سۆفی کلیلەکەی بەقەد سێگۆشەکە گرت و خستیە ناو، ئیدی دانەکانی کلیلەکە چونە نێو کونەکە تا سەری کلیلەکە بە تەواوی چووە نێو کونەکە سێگۆشەیەکە. دیاربوو کلیلەکە پێویست نەبوو بابدرێ. دەمودەستیش دەروازەکە لەبار یەک ترازا و کرایەوە. سۆفی پێی لەسەر برێکی ترومبێلەکە هەڵگرت و بە هێواشی ترومبێلەکەی بەرەو دەروازەی دووەم لێخوڕی. لەپشت ئەویشەوە دەرگای یەکەم داخرایەوە، ئەوان کەوتنە نێوان دوو دەرگا.

لانگدن ئەو حاڵەتە داخرانەی پێخۆش نەبوو. ***دەی با خۆزگەی ئەوە بخوازین ئەم دەرگایەی دووەمیش بە ئاسانی بکرێتەوە.***

شوێن و تابلۆی سەر لادیواری دووەمیش هەمان ڕێنمایی تابلۆی یەکەمی هەبوو.

*کلیلی تێبادە.*

کاتێکیش سۆفی کلیلی خستە نێو کونی لادیواری دووەم، دەستبەجێ دەرگاکە کرایەوە. چەند خولەکێک دواتر، ئەوان لە کۆسپەکەدا بۆ نێو پانتایی تەلارەکە شۆڕ بوونەوە.

گەراجە تایبەتییەکەی بانکەکە زۆر بچکۆلانە بوو، هەر جێی دە تا دوازدە ترومبێلێک دەبووەوە. لەو سەریشەوە، لانگدن چاوی لەسەر دەروازەی سەرەکی تەلارەکە بوو. مافورێکی سوور

لەسەر زەوی ڕاخرابوو، بەردەم دەرگایەکی گەورە پێشوازی لەمیوانان بۆ نێو بینایە بارستاییە ئاسنینەکە دەکرد.

***قسە دەربارەی پەیامی تێکەڵاو***، لانگدن وا بیری کردەوە. ***بەخێربێن و بەخێر چن.***

سۆفی ترومبێلەکەی بردە گەراجەکەی نزیک دەروازەکەو کوژاندیەوە. "وا باشترە دەمانچەکەش لێرە جێبێڵی."

لەبەرخۆیەوە لانگدن ***؛ بە خۆشحاڵییەوە***، دەمانچەکەی خستە ژێر گوشنەکەی خۆی.

سۆفی و لانگدن لە ترومبێلەکە دابەزین، بەسەر مافوورە سورەکەدا بەرەو دەرگا زلە پۆڵاینەکە ڕۆیشتن. دەرگاکە هیچ دەسکێکی نەبوو، بەڵام لەلاتەنیشتی دیوارەکەدا کونە سێگۆشەیەکی دیکە هەبوو. بەڵام ئەمجارەیان هیچ تابلۆی ڕێنمایی لە تەنیشت نەبوو.

- لانگدن گوتی؛ "کاڵفامەکان خواحافیزتان بێ."

سۆفی پێکەنی و بە گرژیەکیشەوە سەیری کرد. "لێرەوە بڕۆین." جارێکی دیکە کلیلەکەی خستەوە ناو کونە سێگۆشەییەکە، ئیدی دەرگاکە بە خرەیەکەوە لەبار یەک ترازاو کرایەوە. ئەوانیش نیگایان لەیەک بڕی و لێوەژوور کەوتن. لەدوای ئەوان دەرگە زلەکە بە تەقەیەکەوە داخرا.

داڵانی بانکی زیوریخ بۆ کەلوپەلی ڕاسپاردە، بە دیکۆرێکی وا نەخشین ڕازابۆوە، پێشتر لانگدن هەرگیز شتێکی وای نەبینیبوو. ئاخر زۆر لە بانکەکان بە کاشی و مەرمەڕ و بەردی گرانیت دەڕازانەوە، هەرچی ئەمەیانە لەو دیوارەوە بۆ دیوار هەمووی هەر ئاسن و پارچە بزماری ڕەنگین بوو.

***تۆ بڵێی دیکۆرسازەکە کێ بێ***؟ لانگدن مەراق ما، ***یەکێتی ئاسنین؟***

بە هەمان شێوە سۆفیش کاتێک چاوی لە هۆڵەکە کرد، هەراسان بوو.

ئاخر بۆرە ئاسن لە هەموو لایەک هەبوو، لەسەر ناوکەوەکە، دیوارەکان، چوارچێوەکان، دەرگاکان، تەنانەت کورسییەکانی داڵانەکەش هەر لە مۆدێلێکی ئاسنین داڕێژرابوون. لەگەڵ ئەوشدا مایەی دڵگری و سەرنج بوو. پەیامەکەش ڕوون و ئاشکرا بوو: تۆ بەرە و ژێرزەمین دەڕۆی.

کاتێک ئەوان لە داڵانەکە چوونە ژوور، پیاوێکی کەتە لەوێ لەپشت مێزێکەوە چاوی تێبڕین. پیاوەکە تەلەفزیۆنە بچکۆلانەکەی کوژاندەوە، کە پێشتر سەیری دەکرد، ئیدی بە خەندەیەکی

خۆشییەوە بەخێری هێنان. وێڕای چوارشانەیی و بازوو دیاری زەلامەکە، شێوازی ئاخاوتنەکەی ڕێزگرتنێکی سویسرییانەی تایبەت بوو.

- " بۆنژور، ئێوارەباش، پیاوەکە سەرەتا بە فەرەنسی وای پێگوتن، ئینجا بە ئینگلیزی. "چۆن خزمەتتان بکەم؟"

ئەو بەخێرهاتنە بە دوو زمانان، میوانداریێکی نوێی ئەوروپیانە بوو. گریمانەی هیچی لێنەدەکرا و ڕێگای بۆ میوانەکە والا دەکرد، بەو زمانەی لێیخۆش دێ، بدوێ.

سۆفیش بە وشە وەلامی نەدایەوە. سوکو ئاسان کلیلە ئالتوونیەکەی لەسەر مێزەکەی بەردەم کابرا دانا.

- پیاوەکەش نیگای لە کلیلەکە بڕی، دەستبەجێش لەبەریان هەلستا. "هەلبەتە. ئەسانسۆرەکەتان لەو سەری هۆلەکە دایە. منیش یەکێک لە هاتنتان ئاگادار دەکەمەوە."

- سۆفیش سەرێکی بۆ لەقاند و کلیلەکەی هەلگرتەوە و پرسی؛ "چەندەمین نهۆم؟"

- پیاوەکەش نیگایەکی سەیری تێبڕی. "کلیلەکەت ڕێنمایی نهۆمەکەکەت بۆ دەکا."

- ئەویش بە خەندەوە. "ئاها، بەلێ."

کاتێ هەردووکیان بەیەکەوە بەرەو ئەسانسۆرەکە دەڕۆیشتن، پاسەوانەکە سەیری دەکردن، ئەوان کلیلەکەیان تێخست، دەرگەی ئەسانسۆرەکە کرایەوە و لەناویدا بزربوون. کاتێکیش دەرگەی ئەسانسۆرەکە داخرا، پاسەوانەکە دەستی دایە تەلەفۆن. خۆ ئەو لە هاتنی ئەو دوو میوانە، کەسی ئاگادار نەکردەوە، چونکە لە بنەڕەتەوە پێویستی پێنەبوو. ئاخر بانکە ژێرزەمینییەکە لەگەل تێوەردانی کلیلەکە لە دەرگای سەرەکی دەروەوە، ڕاستەوخۆ لە هاتنی میوانەکان ئاگادار دەبووەوە.

لەجیاتی ئەوە، پاسەوانەکە زەنگی بۆ بەڕێوبەری ئێشگری شەوانە لێدا. کاتێکیش دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکە هات، پاسەوانەکە تەلەفزیۆنەکەی پێکردەوە سێرەی چاوی لێگرت. ئەو چیرۆکە هەوالەی سەیری دەکرد، خەریک بوو کۆتایی پێ بوێ. ئەوەش پرسێک نەبوو. ئەو چاوێکی دیکەی لەو دوو دەمووچاوە کردەوە کە لە سەر تەلەفزیۆنەکە دەرکەوتن.

- بەڕێوبەرەکە بە فەرەنسی وەلامی زەنگەکەی دایەوە. "بەلێ؟"

- "ئێمە حالەتێکمان لە خوارەوە هەیە."

- "چی ڕوویداوە؟" بەڕێوەبەرەکە وای لە پاسەوانەکە پرسی.
- "ئەمشەو پۆلیسی فەرەنسی بەدوای دوو ڕاکردووە وەن."
- "ئەوسا؟"
- "هەردووکیان تازە هاتنە نێو بانکەکەمان."
- بەڕێوبەرەکە بە شێوەیەک کە دەنگی دەبیستڕا کەوتە نەفرەت کردن. "زۆر باشە. دەستبەجێ پەیوەندی بە بەڕێز ڤێرنێەوە[152] دەکەم."

ئینجا پاسەوانەکە دەسکی تەلەفۆنەکەی دانایەوە، بۆ دووەم جار زەنگی تەلەفۆنی لێدایەوە. ئەمجارەیان زەنگی بۆ پۆلیسی ئینتەرپۆل لێدا.

لانگدن بەوە سەرسام بوو، ئاخر ئەسانسۆرەکە لەبری ئەوی سەربکەوێ دادەبەزی. بەرلەوەی دەرگاکەش بکرێتەوە، نەیدەزانی ئاخۆ چەند نهۆمێک دابەزیوەتە ژێر بانکی زیوریخ بۆ کەلوپەلی ڕاسپاردەیی. لێ ئەو دڵشاد بوو کە لەنێو ئەسانسێرەکە هاتەدەر.

لەوێ کەسێکی ڕووبەخەندەی میواندۆست بۆ بەخێرهاتنیان وەستابوو. پیاوێکی بەتەمەنی شادمان، قاتێکی خوری کەشخەی لەبەردابوو، وایلێکردبوو لەو شوێنەدا هەندێ نامۆ دەربکەوێ، بانکەوانێکی سەردەمی کۆن لە بانکێکی هاوچەرخی تەکنەلۆژیادا.

- "بۆنژور، ئێوارەتان باش، بە فەرەنسی وای گوت، ئینجا بە ئینگلیزییەوە. "ئێوارەتان باش. تکایە فەرموون بەدوامدا وەرن؟" بێئەوەی چاوەڕێی هیچ کاردانەوەیەکیشیان لێبکا، خێرا هەنگاوی هەڵێنا، خێرا بەنێو ڕاڕەوێکی ئاسنیندا بۆ خوارەوە دابەزی.

لانگدن لەپاڵ سۆفیدا بە دالانەکەدا دابەزی کە بەردەم ژووری پڕ کۆمپیوتەری گەورەدا تێپەڕی.

- "ئێرەیە،" خانەخوێکەیان وای پێگوتن، ئیدی گەیشتنە بەردەم دەرگایەکی ئاسنین کە بۆیان کرایەوە. "فەرموون."

لانگدن و سۆفی پێیان نایە نێو جیهانێکی دیکەوە. ئەو ژوورە بچووکەی بەردەمیان، وەک ژوورە دانیشتنێکی هوتێلێکی زۆر کەشخە دەچوو. ئاسن و ماسن لەوێ نەبوو، لەبری ئەوەدا مافوورێکی ڕۆژهەڵاتیانە، ژوورەکەش بە داری بەڕوو ڕاخرابوو، کورسییەکانیش گوشن

---

[152] Vernet

کرابوون. لەسەر مێزەکەی نێوەڕاستی ژوورەکەشدا، دو پەرداخی کریستیالی بە تەنیشت بوتڵێک ئاوی کانزایی جۆری پێریر[153]، کە تازە سەری بادرابوو، هێشتا هەر بۆقژی هەوایی لێهەڵدەستا، داندرابوو.

***کارێکی قورمیشکراو***، لانگدن لەبەرخۆیەوە، ***ئەمەیان هەر بۆ سویسرییەکان لێگەڕێ.***

پیاوەکە خەندەیەکی دەرکپێکردنانەی بۆکردن و گوتی؛ "وا هەست دەکەم، ئەمە یەکەمین سەردانی ئێوەبێ بۆ لای ئێمە؟"

سۆفی دوودڵ بوو، سەرێکی بۆ لەقاند.

- "مایەی لێتێگەیشتنە. هەردەم کلیلەکان بۆ کەسانی دوای خۆیان جێ دەمێنن، ئیدی کەسە نوێکان کە تازە دێنە ئێرە بە پرۆتۆکەلەکەمان بەڵەد نین." ئەو ئاماژەی بۆ خواردنەوەی سەر مێزەکە کرد. "ئەم هۆدەیە تا ئێوە کارتان لێرە مابێ، بۆ ئێوەیە."
- "ئەرێ تۆ گوتت، هەندێک جار کلیلەکان بە میرات جێ دەمێنن؟" سۆفی وای لە کابراکە پرسی.
- "بێگومان. کلیلەی تۆ وەک ژمارە حیسابێکی سوسیری وایە، زۆر جار بۆ وەچەکان جێدەمێنێ. لە حیسابی زێڕینی ئێمەدا، کورترین ماوەی حەشاردانی ڕاسپاردە پەنجا ساڵە. لە پێشدا پارەکەی دراوە. بۆیە ئێمە زۆر ئەندامی خانەوادەی ڕاسپارە بۆماوەییەکە دەبینین."
- لانگدن لێیڕوانی. "ئەرێ تۆ گوتت پەنجا ساڵ؟"
- "بەلای کەمییەوە،" خانەخوێکە وا وەڵامی دایەوە. "هەڵبەتە، تۆ دەتوانی داوای ماوەیەکی درێژتریش بکەی، بەڵام ئەگەر لەماوەی پەنجا ساڵەکەدا، هیچ دەستکارییێک نەکرێ، ئەوا دوای ماوەکە ناواخنی سندووقەکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکیانە لەناودەبردرێ. ئەرێ دەست بە کاروباری هێنانی سندووقەکەتان بکەم؟"
- سۆفی سەری بۆلەقاند. "تکایە."

خانەخوێکە دەستی بۆ ساڵۆنە کەشخەکە ڕاهێشت. "ئەمەیان هۆدەی تایبەتی ئێوەیە. لەوکاتەی من ئێرە جێدێڵم، کاتی خۆتان وەرگرن و سەیری ناواخنی سندووقەکە بکەن، کە بۆتان دێتە ئێرە." ئیدی لەگەڵ ئەوان تا ئەوسەری ژوورەکە ڕۆیشت، لەوێ قایشێکی شت لەسەر ڕۆیشتن

---

[153] Perrier

بەدەرکەوت، وەک ئەوەی لە فڕۆکەخانەکاندا جانتای لەسەر دەڕوا. "تۆ دەبێ کلیلەکە بخەیتە کونەکەی ئەوێوە..." پیاوەکە ئاماژەی بە تابلۆیەکی گەورەی ئەلیکترۆنی سەر قایشە خشۆکەکە کرد. شوێنی تابلۆکە لای ئەوان کونە سێگۆشەیەکی ئاشنا بوو. "هەرکاتێکیش کۆمپیوتەرەکە کلیلەکەتان بناسێتەوە، ئەوا ژمارە حیسابی خۆتان دادەگرن، ئینجا سندووقی کەلوپەلە ڕاسپاردراوەکەتان، ڕۆبۆتئاسا لە ژێرزەمینەکەوە بۆ پشکنین دێتە بەردەمتان. کاتێکیش کارتان بەسندووقەکە نەما، بیخەنەوە سەر پشتێنە خشۆکەکە و کلیلەکەی تێ بادەنەوە، بۆ ئەوەی کارەکە وەک خۆی لێبێتەوە. لەبەرئەوەی لێرە هەموو شتێک ئۆتۆماتیکیانەیە، تایبەتمەندییەکەتان پارێزراوە، تەنانەت لەبەردەم دەستەی بانکەکەشدا. خۆ ئەگەر پێویستتان بە هەر شتێکش هەبێ، سادە و ئاسان زەنگی مێزەکەی نێوەڕاستی ژوورەکە لێبدە."

سۆفی خەریکبوو پرسیارێک لە کابراکە بکا، کەچی زەنگی تەلەفۆنی پیاوەکە لێدرا. پیاوەکە مەتەڵ ئاسا و هەسارانیانە سەیری کرد. "تکایە، داوای لێبوردنتان لێدەکەم." ئەو بەرەو تەلەفۆنەکە چوو، کە لەوێ لەسەر مێزەکە لەلای قاوە و ئاوی کانزایی پێرییر داندرابوو.

- پیاوەکە وەڵامی دایەوە، "بەڵێ؟"
- کاتێک گوێی لە تەلەفۆکە گرت، برۆکانی هەڵکشان. "بەڵێ... بەڵێ.... باشە." تەلەفۆنەکەی دانایەوە، ئینجا خەندەیەکی وشکی بۆ کردن. "ببوورن، من جێتان دێڵم. وابزانن لەماڵی خۆتانن." خێراش بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت.
- "ئەرێ ببوورە،" سۆفی وا بانگی پیاوەکەی کردەوە. "دەکرێ بەرلەوەی بڕۆی، شتێکمان بۆ ڕوون بکەیتەوە؟ تۆ گوتت، ئێمە دەبێ ژمارە حیسابێک لێبدەین؟"
- پیاوەکە لای دەرگەکە ڕاوەستا، بە ڕەنگ بزرکاویش سەیری کردن. "بەڵێ، هەڵبەتە. وەک زۆر لە بانکە سویسرییەکان، سندووقی کەلوپەلی ڕاسپاردەیی بانکەکەمان بە ژمارەیەکی حیسابی نەوەک بە ناوی کەسی هاوپێچە. ئێوە کلیلێک و ژمارەیەکی حیسابی تایبەتتان هەیە، کە هەر خۆتان دەیزانن. کلیلەکەتان نیوەی ناسنامەکەتانە. ژمارە حیسابییەکەش نیوەکەی دیکەیە. خۆ ئەگەر ئێوە کلیلەکەتان لێ ون بوو، ئەوا هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێ بەکاری بێنێ."
- سۆفی دوودڵ بوو. "ئاخر، ئەگەر بەتەنها کلیلەکەم بەبێ ژمارە تایبەتیەکە بۆ مابێتەوە؟"
- کارمەندی بانکەکە دڵی کەوتە کوتە کوت. ***کەواتە تۆ هیچ کاروبارت لێرە نابێ***! ئەو بە هێواشی خەندەیەکی بۆ کردن. "من کەسێکتان بۆ دەنێرم یارمەتیتان بدا. ئەو بە زوویی دەگاتە لاتان."

کارمەندەکە ڕۆیشت و دەرگەکەشی لەدوای خۆی پێوەدایەوە، ئیدی ئەوان لەنێو ژوورەکەدا گیریان خوارد.

لەنێو شارەکەدا، کۆللێ لە تەرمینالی وێستگەی قەتاری (گێر دو نۆرد) وەستابوو، کە زەنگی تەلەفۆنەکەی لێدرا.

زەنگەکە لەلایەن فاشێوە بوو. "ئینتەرپۆل هەواڵی بۆ هاتووە،" ئەو وای بە ملازم کۆللێ گوت. "واز لە قەتارەکە بێنە. لانگدن و سۆفی تازە چوونەتە نێو بانکی زیوریخ بۆ کەلوپەلی ڕاسپاردەیی. دەمەوێ دەستبەجێ بە خۆت و پیاوەکان بچنە ئەوێ."

– "ئایا هیچ سەرەداوێک سەبارەت بەوە هەیە ئاخۆ سانییر چی بۆ سۆفی و ڕۆبەرت لانگدن جێهێشتووە؟"

– دەنگی فاشێ ساردوسڕانە بوو. "ملازم کۆللێ، ئەگەر ئەوانت دەستگیر کرد، دەمەوێ ئەوسا بە تایبەت پرسیارەکەیان لێبکەم."

– کۆللێ لە ئاماژەکە گەیشت. "کۆلانی ڕو هاکسۆ بیست و چوار. کاپتن، هەر ئێستا دەڕۆمە ئەوێ." تەلەفۆنەکەی داخست و بانگی پیاوەکانی کرد.

## بەندی ٤٣

ئەندرێ ڤێرنێ سەرۆکی بەشی پاریسی بانکی زیوریخ بۆ کەلوپەلی ڕاسپاردە، لە ئەپارتمانێکی نایاب و کەشخەدا لەسەرووی بانکەکەدا دەژیا. سەرباری ڕاخرانی ئەپارتمانەکەی بە کەشخەترین کەلوپەل، لێ هەردەم ئەو خواستەی هەبوو کە ئەپارتمانێکی لەسەر ڕووباری (لیله سێینت لویس)[154] هەبوایە، تا لەوێ شان بەشانی خەڵکانی شارەزای هونەر بژیابایە، نەوەک لێرە کە هاموشۆکەرانی بانکەکە کەسانی زێدە دەوڵەمەندن.

***کاتێکیش خانەشین دەکرێم،*** کابرا وای بەخۆی گوتەوە، ***ئەوا سارداوی ماڵەکەم پڕ لە شەڕابی نایابی بۆردو[155] دەکەم، سالۆنی ماڵەکەشم بە دەستکاری هونەری فراگۆنارد و بۆشێر دیڕازێنمەوە و ئیدی ساتەکانی ماوەی باقی ژیانم بە دوای شتی ئەنتیک و کتێبە دەگمەنەکانی گەڕەکی لاتینی دا دەگەڕێم.***

لەم شەوەشدا هەر بەر لە شەش خولەک و نیو لەخەو هەڵسێندرا. خێراش بەرەو ڕاڕەوی خوارەوەی بانکەکە هەنگاوی نا، ڕووخساری دەرکەوتنی ئەو لەوە دەچوو هەر ئێستا لەبن دەستی دەلاک و بەرگدرووە تایبەتیەکەی دەرچووبێ، وا قیتو قۆز بوو. قاتێکی نایابی ئاوریشمی لەبەرکردبوو، هەندێ سپراشی لەدەمی دا و ئینجا بە گورجوگۆڵییەوە هەنگاوی هەڵێنا. مایەی سەرسوڕمان نەبوو لەهەر کاتێکی نوستندا بە هۆی هاموشۆکەرانی نێو بانکەکە لە خەو بێدار بکرێتەوە، ئەمەش بەپێی ئەوەی هاموشۆکەرە نێو دەوڵەتییەکان و گۆڕانی زۆنی زەمەنی وای دەخواست. ڤێرنێ وەک جەنگاوەرانی ماسای بوو، ئەو هۆزە ناودارەی ئەفریقایی کە توانای ئەوەیان هەبوو لە ماوەیەکی زۆر کەم دا لە قووڵایی شیرین خەویاندا ڕاست ببنەوە بۆ هەر ڕووداوێک سازو ئامادە بن.

***ئامادەی شەڕم،*** ڤێرنێ لەبەر خۆی وا بیری کردەوە، دەشترسا بەراوردکارییەکەی ئەمشەوی شیاو نەبێ. گەیشتنی یەکێک بە خۆی و کلیلی ئاڵتوونییەوە هەمیشە مایەی مشورخواردن بوو، بەڵام هاموشۆکەرێک بێت و پۆلیسی بەدواوە بێ، ئەوا مایەی تێڕامان و زیاتر سەرنج دانە. ئاخر بانکەکە بایی خۆی شەڕ و دەمەقاڵی لەگەڵ پۆلیس لەسەر ناسنامەی هاموشۆکەران بەوەی لەنێویاندا تاوابناریشی تیدا بوونە، هەبووە و کردووە.

---

[154] L'Ile saint -louis

[155] bordeaux

***پێنج خولەک***، ڤێرنێ وای بەخۆی گوت. ***پێویستم بەوەیە ئەو کەسانە بەر لەوەی پۆلیس بگات لە نێو بانکەکە بیانکەمە دەرەوە.***

خۆ ئەگەر ئەو دەستوبرد بکا، دەکرێ کارەساتێک لە کۆڵ بانکەکە بکاتەوە. ئەوسا ڤێرنێ دەیتوانی بە پۆلیس ڕابگەیەنێ، بەڕاستی هەڵاتووەکان هاتوونەتە نێو بانکەکە، لێ لەبەر ئەوەی ئەوان مەعمیل نەبوون و هیچ حیساب بانکێکیان لەوێ نەبووە، دەری کردوون و لەوێ نەماون. ئەو خواخوای بوو پاسەوانە نەفرەتییەکە زەنگی بۆ ئینتەرپۆل لێنەدابێ. دیاربوو نهێنیپارێزیش بەشێک نەبوو لە وشەدانی ئەو پاسەوانەی کە هەر سەعات کار، پازدە یۆرۆی کرێ و مز بوو.

لە بەر قاپیەکە ئیستێکی کرد هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی، ئینجا ماسولکەکانی خۆی خاوکردنەوە. پاشان بە خەندەیەکی زۆرلەخۆکردووانە، دەرگەکەی کردەوە و وەک هەوایەکی گەرم لێچووە ژوور.

- "ئێوارە باش،" ڤێرنێ وای گوت و چاوەکانیشی لە مەعمیلەکان گێڕا. "من ئەندرێ ڤێرنێم. چۆن دەتوانم خزمەتتان ـــ" باقی ڕستەکەی لە قوڕگدا گیری خوارد. ئەو ئافرەتەی بەرامبەری وەستابوو، هاموشۆکەرێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ ئەو.

- "داوای لێبوردنت لێدەکەم، ئەرێ ئێمە یەکدی دەناسین؟" سۆفی وای لە کابرا پرسی. سۆفی بانکەوانەکەی نەناسییەوە، بەڵام بۆ ساتێک واپێدەچوو، وەک ئەوەی تارمایی مۆتەکەیەکی بینیبێ.

- "نەخێر..." بەرپرسی بانکەکە وا وەڵامی دایەوە. "پێموانییە... وابێ. خزمەتگوزارییەکانمان نەناسراوانەیە. " هەناسەیەکی داوەیەوە و زۆری لەخۆی کرد تا خەندەیەکی بۆ بکا. "لێ دەکرێ پرسیارێکت لێبکەم، چۆن ئەم کلیلەت دەست کەوتووە؟"

- "باپیرەم بۆی جێهێشتووم." سۆفیش بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە، لە نزیکەوەش سەیری یارۆی بانکەوانەکەی کرد. دیاربوو کابرا بە باشی نائاسوودەیی پێوە دیاربوو.

- "بەڕاستی؟ باپیرەت توانی کلیلەکەت بداتێ بەڵام نەیتوانی ژمارە حیسابیەکەت بداتێ؟"

- "پێموانییە کاتی ئەوەی هەبووبێ،" سۆفیش وای پێگوتەوە. "ئەمشەو ئەو کوژرا."

- ئەم وشانە وای لەکابرا کرد بە لارەلار بۆ پشتەوە بڕواتەوە. "ژاک سانییر کوژراوە؟" ئەو وای لە سۆفی پرسی و چاوەکانیشی پڕ ترس و تۆقین بوون. "بەڵام... چۆن؟!"

- ئیدی نۆرەی سۆفی بوو بەلادا بکەوێ و لە هێدمەگرتندا[156] سڕ ببێ. "ئەرێ تۆ باپیرەمت دەناسی؟"
- ئەندرێ ڤێرنێی بانکەوان، بە هەمان شێوە حەپەسا، نەیدەتوانی خۆی ڕابگرێ، خۆی بە لێواری مێزەکە ڕاگرتبوو. "ژاک و من دوو برادەری خۆشەویست بووین. ئەمە کەی ڕوویدا؟"
- "زوویێکی ئەمشەو. لەنێو لۆڤەردا."
- ڤێرنێ بەرەو لای کورسییێکی چەرمینی ڕەنگ تاریک چوو، خۆی بەرداوە سەری. "من دەمەوێ یەک پرسیاری گرنگ لە هەردووکتان بکەم." ئینجا چاوێکی لە لانگدن کرد پاشان نیگاکەی هێنایەوە سەر سۆفی. "ئایا ئێوە هیچ پەیوەندییێکتان بە مەرگی ئەوەوە هەیە؟"
- "نەخێر!" سۆفی وا ڕوونی کردەوە. "بە ڕەهاییەوە نەخێر."
- ڕووخساری ڤێرنێ گرژ بوو، کەمێک وەستا و بیریکردەوە. "وێنەکانی ئێوە لەڕێی ئینتەرپۆلدا بڵاوبوونەتەوە. هەر لەبەر ئەوەیە ئێوەم ناسییەوە. ئێوە لەبەر تۆمەتی کوشتن لە پۆلیس داواکراون."

سۆفی بەسەر کورسیەکەدا کەوت. ***ئەوەندە خێرا فاشی ئینتەرپۆلی بەگەڕ خست***؟ دیاربوو کاپتنەکە پتر لەوەی سۆفی پێشبینی دەکرد، هاندراو بوو. ئیدی بەخێرایی بە ڤێرنێی ڕاگەیاند کە لانگدن کێیە و ئەمشەویش چی لەنێو لۆڤەردا قەوماوە.
- ڤێرنێش بە واقوڕماییەوە سەیری کرد. "کاتێک باپیرەت لەسەر ئانوساتی مردن بوو، ئەو پەیامی بۆ جێهێشتی کە مستەر لانگدن بدۆزیەوە؟"
- "بەڵێ. لەگەڵ ئەم کلیلەدا." سۆفی کلیلە ئاڵتوونییەکەی دانایە سەر مێزی قاوەی بەردەم ڤێرنێ. بەڵام کلیلەکەی وا دانا کە هێمای دەستەی برایەتی بکەوێتە ژێرەوە و دیار نەبێ.
- ڤێرنێ نیگایەکی لە کلیلەکە بڕی، بەڵام بێ ئەوەی دەستی بداتێ. "ئەو ئەم کلیلەی بۆ بەجێهێشتووی؟ لەوە زیاتر هیچ شتێکی دیکە نا؟ پارچە کاغەزێکیش نا؟"

[156] هێدمە: شۆک.

- سۆفی دەیزانی کاتێ لەنێو لۆڤەردا بوو هەر پەلەی بوو، بەڵام لەوەش دڵنیا بوو کە هیچ شتێکی دیکەی لەپشت تابلۆی خاتوونی سەر گاشەبەردەکانی بۆ بەجێ هێشتبێ. "نەخێر، تەنها ئەم کلیلە."
- ڤێرنێ ئاهێکی نامرادانەی هەڵکێشا. "بەداخەوە، هەر کلیلێک ئەلیکترۆنیانە بە دە ژمارەی حیسابی گرێدراوە، کە وەک پاسوۆرد کاری خۆی دەکا. بەبێ ئەو ژمارەیە، کلیلەکەت هیچ داد نادا."

***دە ژمارە***. سۆفی دوودڵیانە لەبەرخۆیەوە ئەم ژمارکردنەی لێکدەدایەوە. ئاخر ***دە بلیۆن بژاردە هەیە***. خۆ ئەگەر دەزگایەکی کۆمپیوتەری گەورەشت لەبەر دەست دابێ، ئەوا هێشتا پێویستت بە هەفتەیەک دەبێ تا ئەو ژمارەیە دەدۆزیتەوە و کۆدەکەی دەشکێنی. "جەنابی بەڕێوبەر، بەهۆی ئەم بارودۆخەی تووشمان هاتووە، تکایە یارمەتیمان بدە."

- "داوای لێبوردن دەکەم. هەر بەڕاستیش هیچم پێناکرێ. مەعمیلەکان بە خۆیان و بە شێوەیەکی ئاسایشپارێزیانە ئەو دە ژمارەیە هەڵدەبژێرن، ئەو ژمارەیەش تەنها لای مەعمیلەکە و لای کۆمپیوتەرەکە هەیە، کە بیناسێتەوە. ئەوەش ڕێگایەکی ئاسایشپارێزانەی نەناسراوانەیە. ئەمەش بۆ کارمەندەکانی ئێمە ڕێگایەکی سەلامەتیانەیە."

سۆفی لێی تێگەیشت. کۆگا متمانەدارەکانیش هەمان ڕێگا پەیڕەو دەکەن. کارمەندەکانیش کلیلی دەخیلەکەیان لا نییە. هەڵبەتە ئەم بانکەش دیارە نەیوستوە ژیانی کارمەندەکانی بخاتە ژێر مەترسییەوە، بۆیە ژمارەکانی نازانن، بۆئەوەی بە هۆی زانینی ژمارەکانەوە بە بارمتە نەگیرێن.

- سۆفی لەتەنیشت لانگدن دانیشت، سەیری کلیلەکەی دەکرد، پاشان چاوی بۆ ڤێرنێ هەڵبڕی. "ئایا هیچ بیرۆکەیەکت هەیە ئاخۆ باپیرەم چی لەنێو ئەو سندووقەدا دانابێ؟"
- "نەخێر بەهیچ شێوەیەک. هەر بۆیەشە ناوی بانکی ئاسایشپارێز و متمانەدارە".
- "جەنابی ڤێرنێ،" سۆفی زیاتر فشاری خستە سەر کابرا، "کاتی ئێمە زۆر کورتە، بۆیە ڕاستەوڕاست بۆ شتەکان دەچم." ئیدی کلیلە ئاڵتوونییەکەی وەرگێڕا و مۆر و نیشانەی دەستەی برایەتی نیشانەی کابرایەکە دا. "ئایا ئەمە هیچ واتایەک بۆ تۆ دەگەیەنێ؟"

ڤێرنێ سەیرێکی گوڵە شلێرەکە و مۆرەکەی سەر کلیلەکەی کرد، بەڵام هیچ هەستوسۆزێکی بەرامبەر دەرنەبڕی.

- نەخێر، بەڵام زۆر لە مەعمیلەکانمان کلیلەکانیان بە نیشانە و لۆگۆی کۆمپانیا یان پیتی کورتکراوەی ناوەکانیان دەنەخشێنن."
- سۆفی ئاهێکی هەڵکێشا، هێشتا هەر بە وریایی لە کابرا ڕامابوو. "ئەم مۆرەیان، مۆری کۆمەڵگەیەکی نهێنییە بە ناوی مریدانی سایۆن."

- دیسان ڤێرنێ کاردانەوەیەکی نەبوو. "من هیچ لەو بارەیەوە نازانم. باپیرەت برادەرێک بوو، ئێمە هەر دەربارەی کاروبارەکان دەدواین." پیاوەکە دەستی بۆ بۆینباخەکەی خۆی برد و ڕاستی کردەوە، ئێستا بە گرژی پێوە دیار بوو.
- "جەنابی ڤێرنێ،" سۆفی بەفشارخستنەسەرەوە، زیاتر پێی لەسەر داگرت، "ئەمشەو باپیرەم بانگی کردم و پێیگوتم، ئەو و من لە مەترسیداین. ئەو پێیڕاگەیاندم، کە شتێکی بۆم داناوە. ئەو ئەم کلیلە بانکییەی پێدام. ئێستاش ئەو مردووە. هەرشتێک تۆ لەبارەی ئەوەوە پێم بڵێی، یارمەتیدەرە."
- ڤێرنێ ئارەقەی کرد. "ئێمە دەبێ لەم تەلارەیە دەربچین. دەترسم بەم زووانە پۆلیس بگاتێ. پاسەوانەکەم بە ئەرکی زانیوە زەنگ بۆ ئینتەرپۆل لێبدا."
- سۆفیش بەقەد ئەو ترسابوو. یەک قسەی دیکەی مابوو. "باپیرەم گوتی پێویستە ڕاستی ماڵباتەکەم پێبڵێ. ئایا ئەمە بۆ تۆ هیچ دەگەیەنێ؟"
- "خاتوون، کاتێ تۆ هێشتا بچووک بووی، خێزانەکە بە ڕووداوی ترۆمبێل سەریان نایەوە. بەداخەوە. من دەزانم باپیرەت تۆی زۆر خۆشدەویست. ئەو چەند جارێک بۆی دەربڕیوم، چەند داخ و کەسەری بۆ ئەو ناتەباییەی نێوانتان هەبوو."

سۆفی دڵنیا نەبوو چۆن وەڵامی بداتەوە.

- لانگدنیش پرسی؛ "ئایا ناواخنی سندووقەکە هیچ پەیوندییکی بە سانگریالەوە هەیە؟"
- ڤێرنێ نیگایەکی نامۆیانەی تێبڕی. "من نازانم تۆ باسی چی دەکەی." ئیدی هەر لەو کاتدا زەنگی مۆبایلەکەی لێدرا، دەستی بۆ بەرپشتی برد و تەلەفۆنەکەی دەرهێنا. "بەڵێ" بۆ ساتێک گوێی گرت، دەربڕینی سەر ڕووخساریشی تێکەڵ لە سەرسوڕمان و پەژارەیی بوو. "پۆلیس؟ وا بەخێرایی؟" دەستی بە نەفرەتباراندن کرد، ئینجا بە فەرەنسی هەندێ ڕێنمایی لە تەلەفۆنەکە دان. گوتیشی چەند چرکەیەکی دیکە دەگاتە هۆڵەکەی پێشوازی.
- تەلەفۆنەکەی دانایەوە، ئینجا ڕووی لە سۆفی کردەوە. "پۆلیس زۆر خێرا دەستبەکار بووە. لەو کاتەی قسەدەکەین ئەوان دەگەنە جێ."
- سۆفیش نیازی نەبوو بە دەستی بەتاڵ لە بانکەکەدا بچێتە دەرەوە. "پێیان بڵێ کەوا ئێمە هاتین و ڕۆیشتین. ئەگەر ئەوان ویستیان بانکەکە بپشکنن، داوای مۆڵەتنامەیان لێبکە. ئەمەش هەندێ کات دەگێرێتەوە."
- "گوێبگرە،" ڤێرنێ وای بە سۆفی گوت، "ژاک برادەری من بوو، بانکی منیش پێویستی بەو جۆرە فشارە نییە، بۆیە لەبەر ئەو دوو هۆکارە، نیازم نییە ڕێگای ئەو گرتنە لەنێو بانکەکەمدا بدەم. خولەکێکم بدەرێ ئاخۆ بزانم چیم پێدەکرێ تا بێ ئەوەی پێش بزاندرێ لە بانکەکە بتانبەمە دەر. بەدەر لەوە ناتوانم زیاتر خۆم لەوکارە هەڵقورتێنم." ئیدی کابرا

هەڵسا و بەلەز بەرەو دەرگا ڕۆیشت. "لێرە بمێننەوە. هەندێک شت ڕێک دەخەم و دەگەڕێمەوە."

- "بەڵام سندووقی راسپێردراوەکە،" سۆفی وای پێیڕاگەیاند. "ئاخر خۆ نابێ وا جێی بێلێن."
- "بۆ ئەمە هیچم پێناکرێ،" ڤێرنێ وای پێگوت و خێرا لە دەرگەکە چووە دەر. "بەداخەوە."

سۆفی دوای ئەو هێشتا هەر لێیڕامابوو، مەراق مابوو ئاخۆ ژمارە حیسابییەکە لەنێو چ نامەیەک لەو نامە بێ ژمارانەی ئەودا شاردرابێتەوە، کە لەماوەی ئەو هەموو ساڵانەدا بۆی ناردوون و تا ئێستاش هەر بەنەکراوەیی ماونەتەوە.

ئەوکات و لەپڕێکدا لانگدن هەڵسا، سۆفیش بە چاوەڕواننەکراوی تیشکێکی لەنێو گلێنەی چاوەکانیدا بەدی کرد.

- "ڕۆبەرت؟ ئەوە چییە پێدەکەنی."
- "باپیرەت پیاوێکی بنەپیتۆڵ[157] بوو؟
- "ببوورە؟"
- "دە ژمارەکە؟"

سۆفی هیچی لە هزردا نەبوو، ئاخۆ باسی چی دەکا.

- "ژمارە حیسابەکە،" لانگدن وایگوت و خەندەکەش هەموو دەمووچاوی داگرتبوو. "زۆر دڵنیام کە ئەو ژمارەکەشی لە دوای خۆی بۆ بەجێهیشتووی."
- "لە کوێ؟"

لانگدن ئەو پارچە کاغەزە پرێنتکراوەی وێنەی سەر شانۆی تاوانەکەی لەبەرکە دەرهێنا و لەسەر مێزی قاوەخواردنەوەکەی دانا. سۆفی هەر ئەوەندەی دەویست یەکەمین دێڕەکەی بخوێنێتەوە تا بزانێ لانگدن ڕاست بۆی چووە.

13-3-2-21-1-1-8-5

O, Draconian devil!

Oh, Lame Saint!

P.S Find Robert Langdon

[157] بنەپیتۆڵ: زۆر لێزان و مەعلان.

– سۆفی گوتی "دە ژمارە." کە لە ژمارەکەشی دەکۆڵیەوە هەستی مەتەڵهەڵهێنان ختووکەی دەدا.

13-3-2-21-1-1-8-5

***باپیرە ئەم ژمارە حیسابییەی لەسەر ناوکەوەکە نوسیبوو!***

کاتێکیش بۆ یەکەمجار، سۆفی ژمارە ڕیزبەندییە بەدوایی یەکداهاتووەکەی فیبۆناچی لەسەر ناوکەوە تایبەتیەکەی مۆزەی لۆڤەر بینی، وای بۆچوو، تەنها بۆ ئەوە نووسرابێ کە هۆبەی کۆدەشکێن تێوە بگلێ و لەڕێی ئەوانیشەوە سۆفی دەستی پێڕابگا. پاشان بۆ سۆفی دەرکەوت، ژمارەکە کۆدی کرانەوەی ڕستەکانی دوای خۆیەتی، ***ئیدی ئەو ژمارەیە کە لە ڕیزبەندی خۆی ترازێندراوە، ژمارە مەتەڵێکە***. هەنووکەش هەر بە ڕاستی ئەوق ما، ئاخر ئەم ڕیزبەندییە ژمارەیە، چ واتایەکی ڕاستەقینە دەدا. ئەو ژمارەیە دوایین کلیلە بۆ کردنەوەی سندووقە ڕاسپێدراوە تەلیسماوییەکەی باپیرەی.

– "ئەو مامۆستایەکی دووجار دەرکپێکردن بوو،" سۆفی وای گوت و ئاوڕیشی لە لانگدن دایەوە. "ئەو هەمو شتێکی خۆشدەویست کە واتایەکی خۆی لەبن هەبووایە. کۆد لەناو کۆددا."

ئیدی لانگدن بەرەو لای تابلۆ نزیک پشتێنە خشۆکەکەی لا دیوارەکە ڕۆیشت. سۆفیش لاپەڕە پرێنتکراوەکەی هەڵگرت و بەرەو ئەوێ چوو.

تابلۆکە وەک هەر کیبۆردی بانکێک وابوو. شاشەکە هێمای بانکەکەی لەسەر بوو. لە تەنیشتیشدا کونێکی سێگۆشەیی هەبوو. سۆفی هیچ نەوەستا، یەکسەر کلیلە ئاڵتوونیەکەی دەستی تێ ئاخنی.

دەستبەجێ شاشەکە هەڵبوو.

*ژمارە حیساب*

ئاماژەکە هەر هەڵدەبوو دەکوژایەوە. چاوەڕێکردن،

***دە ژمارە***. سۆفی دە ژمارەکەی سەر پارچە کاغەزە پرێنتکراوەکەی خوێندنەوە، لانگدنیش لەسەر شاشەکە تایپی دەکرد.

کاتێکیش گەیشتە دوا دەیەمین ژمارەکە، شاشەکە خۆی نوێکردەوە. پەیامێک بە چەندین زمان هاتە سەر شاشەکە، سەرتۆپەکەیان[158] بە زمانی ئینگلیزی بوو.

*ئاگاداری*

*تکایە، بەرلەوەی دوگمەی ئینتەر دابگری، بە دروستی بە ژمارە حیسابەکەتدا بچۆرەوە، خۆ ئەگەر کۆمپیوتەرەکە ژمارەکەت نەناسێتەوە. ئەوا سیستمەکە وارێک خراوە، ئۆتۆماتیکیانە دادەخری و دەکوژێتەوە.*

- "دوا کاری بڕیاردەرانە،" سۆفی وایگوت و بڕۆکانیشی تێک نان. "سەیرکە هەر تەنها یەک دەرفەتت هەیە." ستاندەرانە دەزگای بانکەکان بۆ پارەدەرهێنان، لەکاتێکدا کارتەکەت بخەیتە ناو درزی دەزگاکەوە سێ دەرفەتت دەداتێ، بەر لەوەی هەڵەی جاری چوارەم بکەی و بە تەواوی کارتەکەت قووت بدا. لێ ئەمە دەزگایەکی ئاسایی نییە و تەنها یەک تاکە دەرفەتت لەپێشدایە.
- "پێدەچێ ژمارەکە ڕاست بێ،" لانگدن بە پشتڕاستکردنەوە وای بە سۆفی گوت، بە وریاییشەوە ژمارە لێدراوەکەی سەر شاشەی لەگەڵ ئەو پارچە کاغەزە پرێنتکراوەی بەردەمی بەراورد کردەوە. ئەو مەبەستی بوو دوگمەی ئینتەر دابگرێ. "دەی لێیدە."

سۆفی پەنجەی شایەتمانی بەرەو دوگمەکە برد، بەڵام دوودڵ بوو، لەنیوەی ڕێ گەڕاندییەوە، هەستێکی سەیری بۆهات.

- "دەی کرتە لەسەر دوگمەکە بکە،" لانگدن بە سووربوونەوە وای پێگوت. "هەربینا ڤێرنێ گەڕایەوە."
- "نەخێر." سۆفی وایگوت و قامکەکەی خۆی کێشایەوە. "ئەمە ژمارە حیسابە ڕاست و دروستەکە نییە."
- "هەڵبەتە خۆیەتی! دە ژمارە. باشە دەبێ چیدیکە بێ؟"
- "ئەم ژمارەیان زۆر گۆترەکارییانەیە."

***زۆر گۆترەکارییانە***؟ لانگدن نەیدەتوانی زیاتر لە گەڵی ناکۆک بێ. هەر بانکێک وا ئامۆژگاری مەعمیلەکانی دەکا، کە ژمارە کۆدەکەیان بە شێوەیەکی گۆترە هەڵبژێرن، بۆ ئەوەی کەس هەڵینەهێنێ. هەڵبەتە هاموشۆکەرانی ئێرەش هەروا ئامۆژگاری کراون، کە ژمارە کۆدەکەیان گۆترەییانە هەڵبژێرن.

[158] سەرتۆپ: یەکەمی لیست.

سۆفی هەموو ژمارە تایپکراوەکانی سەر شاشەکەی ڕەش کردەوە و سەری بۆ لانگدن هەڵبڕی، نیگاکەشی متمانەبەخۆبوونی پێوە دیاربوو. "ئەوە زۆر ڕێکەوتانەیە کە ئەم ژمارەیە گۆترەییەیە ڕیزبەندییە یەک بەدوای یەک هاتووەکەی فیبۆناچی پێ ڕێک بخرێتەوە."

لانگدن پەی بەوە برد، کە سۆفی ڕاست دەکا. پێشتر سۆفی ژمارەکەی بە پێی ڕیزبەندییەکەی فیبۆناچی ڕێکخستبووەوە. باشە سەیر لەچی دایە گەر بتوانێ ئەوەش بکا؟

سۆفی دیسان دەستی بۆ کیبۆردی سەر شاشەکە بردەوە، ئەمجارە ژمارەیەکی جیاوازی لێدا، هەمووشی بە گوێرەی یادەوەرییەکەی بوو. "لەوەش زیاتر، بە عەشقی باپیرەم بۆ هێمازانی و کۆدەکان، پێدەچیی ئەو ژمارە حیسابێکی دانابێ کە واتایەکی بۆ ئەو هەبێ، شتێک کە بە ئاسانی لەبەری بکا." ئیدی سۆفی لە تایپکردنی ژمارەکان بووەوە و بە خەندەوەش بە لانگدنی گوت؛ "شتێک وادیارە گۆترەکارییانەیە... بەڵام واش نییە."

لانگدنیش سەیری سەر شاشەکەی کرد.

*ژمارەی حیساب*

*1123581321*

ساتێکی پێچوو، لێ کاتێ لانگدن سەیری ژمارەکەی کرد، زانی سۆفی ڕاست دەکا.

ڕیزبەندییە دروستەکەی فیبۆناچی.

1-1-2-3-5-8-13-21

کاتێک ڕیزبەندییەکەی فیبۆناچی دەبێتە شتێکی دە ژمارەیی، بە کردەوە هەر ناناسرێتەوە. ***بۆ لەبەر کردنیش ئاسانە پێشدەچێ ژمارەیەکی گۆترەکارانە بێ.*** کۆدێکی دە ژمارەیی نایاب کە سانییێر هەرگیز فەرامۆشی نەدەکرد. لەوەش زیاتر، ئەمەش شیدەکاتەوە کە بۆچی ئەو ژمارەیەکی لەسەر ناوکەوەکەی مۆزەی لۆڤەر نوسیبوو تا ڕیکبخرێنەوە و ڕیزبەندییە ناودارەکەی لێپێکبهێندرێ.

سۆفی خۆی نەوی کرد و کرتەی لەسەر دوگمەی ئینتەرەوە هێنا.

هیچ شتێک نەقەوما.

بەلای کەمییەوە شتێکی وا ڕووی نەدا هەستی پێبکرێ.

لەهەمان کاتدا، لەخوارەوەی ئەوان، لە ژێرزەمینی بانکەکەدا، ڕۆبۆتێک کەوتە جووڵە. ڕۆبۆتەکە لەو چەنگاڵەی لە بنمیچەکەوە چەسپ کرابوو ترازا، چەنگاڵەکە بەرەو ئەوە دەگەڕا کە کاری گونجاوی خۆی بکا. لەسەر چیمەنتۆکەی ژێر خۆیەوە، سەدان قەفەزی پلاستیکی لەنێو تۆڕێکی قەبە داندرابوو... هەروەک ئەوەی چەند گۆڕێکی بچکۆلانە لەژێر ساردا‌ودا داندرابن.

چەنگاڵەکە بە زیرەیەکەوە شوێنی دروستی خۆی لەسەر زەمینەکە گرت، چەنگاڵەکە شۆڕبووە خوارێ، چاوێکی ئەلەکترۆنی کۆدە شریتەکەی سەر سندووقەکەی خوێندەوە. ئەوسا، بە دەقاودەق ناسینەوەی کۆمپیوتەرەکە، چەنگاڵی لە سندووقە قوڕسەکە گیر بوو و قەفەزەکەی بە شێوەیەکی شاقوولی هەڵگرت. ئامێری دیکەی لەگەڵ کەوتنە کار، ئیدی چەنگاڵەکە سندووقەکەی لەلاوە دانا و خستییە سەر پشتێنە قایشە خۆبزوێنەکە.

ئینجا بە هێواشی، باسکەکە دانەویەوە سەر قەفەزەکە و ڕایکێشا دواوە.

کاتێکیش باسکەکە کاری خۆی کرد، پشتێنە قایشکەکە کەوتە گەڕ...

لە نهۆمی سەرەوەشدا سۆفی و لانگدن کاتی بینیان پشتێنە قایشەکە دەجووڵێ، ئاهێکیان هاتەوە بەر. لەوێ لەپاڵ پشتێنەکە وەستان، هەستیان کرد کە دوو گەشتیاری شەکەت و ماندوون، چاوەڕێی جانتای تەلیسماوی دەکەن و ناشزانن چی تێدایە.

ئیدی پشتێنەکە لە لای ڕاستەوە بەنێو کەلێنە تەسکەکەدا و بەبن دەرگە لاکیشەییەکەدا هاتە نێو ژوورەکە. دەرگە ئاسنینەکە لەبار یەک ترازا، سندووقە پلاستیکێکی گەورە بەدەرکەوت، سندووقە لەسەر پشتێنە قایشەکە بوو. سندووقەکە ڕەش بوو، پلاستیکی کوتراوی قوڕس بوو، لەوە قەبەتر بوو کە ڕەچاو دەکرا. وەک سندووقێکی ئاژەڵ گواستنەوەی نێو فڕۆکە دەچوو، بەڵام ئەوەبوو قەفەزەکە هیچ کونێکی تێدا نەبوو.

کاتێ سندووقەکە گەیشتە بەردەمیان، ئۆتۆماتیکیانە وەستا. لانگدن و سۆفیش لەوێ بەبێ دەنگی وەستابوون، لە سندووقە تەلیسماویەکە ڕامابوون.

وەک هەموو شتێکی دەربارەی ئەم بانکە، قەفەزەکە شتێکی نوێ و هاوچەرخانە بوو، کارتێکی کۆدداری لەسەرەوە هەبوو، دەسکێکی قوڕسیشی پێوە بوو. سۆفی پێیوابوو ئەمە لە سندووقی زەبەلاحان دەچێ.

بێ ئەوەی کاتی پێوە بکوژن، سۆفی دوو ئەڵقەکانی سەر قەفەزەکەی کردنەوە. ئینجا سەیرێکی لانگدنی کرد. بە یەکەوە سندووقەکەی نێوایان هەڵگرت و قەفەزەکەیان لەشوێنی خۆی لەسەر پشتێنەکە دانایەوە.

هەنگاوێک لێی چوونە پێش، سەیری نێو قەفەزەکەیان کرد.

لە نیگای یەکەمدا، سۆفی وایزانی قەفەزەکە بە تاڵ و حەتاڵە. ئینجا شتێکی بەدی کرد. شتەکە لە بنەبانێی قەفەزەکەدا بوو. یەک تاکە شت بوو.

شتەکە سندووقێکی دارین بەقەد سندووقی پێڵاوێک دەبوو، ئەنجامەی ڕازاوەشی هەبوون. دارەکە خەنەییەکی تۆخ بوو، کە گرێ گرێ بوو. ***داری گوڵگوڵی***، سۆفی لێیتێگەیشت. ئاخر ئەوە دارە خۆشەویستەکەی باپیرەی بوو. بە گوڵەڕەز[159] هەڵکەندرابوو. سۆفی و لانگدن نیگایەکی سەرسامانەیان لەیەک بڕی. سۆفی دانەویەوە دەستی دایە سندووقەکە و هێنایە دەر.

***ئای خوایە، چەند قورسە***!

بە وریاییەوە سندووقەکەی هێنا و لەسەر مێزەکەی دانا. لانگدن لەپاڵ سۆفی وەستا بوو، هەردووکیان سەیری ئەو گەنجینە بچکۆلانەکەیان کرد، کە باپیرەی بۆی بەجێهێشتبوو.

لانگدن بەسەرسوڕماوییەوە سەیری دارەکەی دەکرد، چۆن گوڵە ڕەزێکی پێنج پەڕەیی لەسەر هەڵکەندراوە. ئەو ئەم جۆرە گوڵەڕەزەی زۆر جاری دیکە بینیوە. "ئەم گوڵە باخە پێنج پەڕەیە،" بەسرتەیەکەوە بە سۆفی گوت، "هێمای مریدەکانە بۆ جامی پیرۆز."

سۆفیش ئاوڕی دایەوە لە لانگدن ڕاما. لانگدن دەیبینی کە بیر لەچی دەکاتەوە، ئاخر خۆیشی هەمان بیرکردنەوەی هەبوو. مەوداکانی سندووقەکە، قورساییەی ناواخنەکەی، لەگەڵ هێمای مریدانی سایۆن بۆ جامەکە هەمووی بۆ ئەوە دەچن، کە بەرەنجامێکی دەرکپێنەکراویان بداتێ. ***جامەکەی عیسا لەنێو سندووقێکی دارینیدا***. دیسان لانگدن بەخۆی گوتەوە، کە ئەمە ئەستەمە.

- "قەبارەکەی زۆر فیتە،" سۆفیش بە چرپەوە بە لانگدنی گوتەوە. "بۆ ئەوەی پەرداخەکەی.... تێدا هەڵبگیرێ."

***ناکرێ شتەکە پەرداخێک بێ.***

---

[159] Rose واتە گوڵە ڕەز، گوڵە باخ. من لێرەدا لەبەر لێکنزیکی گوڵەڕەزە لە خودی وشەی ڕۆزەوە، کە ڕەنگبێ ڕەگێکی هاوبەشیشیان هەبێ، بەکارم هێناوە.

سۆفی لەسەر مێزەکە، سندووقەکەی بۆخۆ کێش کرد، ئامادەبوو بیکاتەوە. کاتێ سۆفی شتەکەی جوولاند، شتێکی ناچاوەڕوانکراو قەوما. سندووقەکە دەنگێکی سەیری لێوەهات.

لانگدن زۆر پێی سەیر بوو. ***شلەیەکی لەنێودایە***؟

سۆفیش بەهەمان شێوە حەپەسا. "ئەرێ تۆش بە دروستی گوێت لێبوو...؟"

لانگدن سەری بۆلەقاند و گوتی، "شلە."

سۆفی دەستی بۆ برد و بەهێواشی تۆڕەکەی کردەوە و سەرەکەی لەسەر لابرد.

ئەو شتەی لەنێو سندووقەکەدا بوو، وەک هیچ شتێک نەبوو کە لانگدن هەرگیز بینیبێتی. لەگەڵ ئەوەشدا یەک شت بۆ ئەوان ڕوون و ئاشکرا بوو. ئەم شتەی نێو سندووقە دارینەکە بە دڵنیاییەوە جامەکەی عیسا نەبوو.

- "پۆلیس شەقامەکەی داخستووە،" ئەندریَ ڤێرنێ بوو وای گوت و بەدەم قسەشەوە بەرەو ژووری چاوەڕوانی ڕۆیشت. "دەربازکردنی ئێوە لەم شوێنەدا ئاستەنگ بووە." کاتێکیش دەرگای لەپشت خۆی پێوەدا و لە مێزەکە نزیک بووەوە، چاوی بە سندووقە قوڕسە پلاستیکییەکەی سەر پشتێنە خۆبزوێنەکە کەوت، لەجێی خۆی وەستا. ***ئای خودایە! ئەوانە ژمارە حیسابەکەی سانییێریان بەدەست خست***؟

سۆفی و لانگدن لای مێزەکە بوون، سەریان بەسەر ئەو سندووقە گەنجینە دارینەکەدا گرتبوو. دەستبەجێش سۆفی سەرەکەی داخستەوە چاوەکانی هەڵبڕین و گوتی؛ "هەرچۆنێک بێ ئێمە ژمارە حیسابییەکەمان لەلا بوو."

ڤێرنێ لەبارێکدا نەبوو قسەی بۆ بکرێ. ئاخر ئەمە هەموو شتێک دەگۆڕێ. ئیدی بە ڕێزەوە نیگای چاوەکانی لەسەر سندووقە لابرد و هەوڵیدا بچێتە سەر هەنگاوی داهاتووی. ***من دەبێ ئەوانە لە بانکەکەدا دەرباز بکەم!*** بەڵام بە هۆی ئەوەی پۆلیس ڕێگای بەردەمی بانکەکەیان گرتبوو، ڤێرنێ تەنها بیری بۆیەک ڕێگا دەچوو. " خاتوو سۆفی، ئەگەر بتوانم ئێوە بە سەلامەتی لە نێو ئەم بانکەدا دەرباز بکەم، ئایا گەنجینەکەتان لەگەڵ خۆتاندا دەیبەن یان دەیگەڕێننەوە نێو سندووقی ڕاسپێردراوەکان و بۆ ژێر زەمینەکە بنێردرێتەوە؟"

- سۆفی چاوێکی لە لانگدن کرد، پاشان گەڕایەوە سەر ڤێرنێ. "پێوستمان بە شتەکە دەبێ لەگەڵمان بێ."
- ڤێرنۆت سەرێکی بۆ لەقاند. "زۆرباشە. کەواتە ئەگەر شتەکە هەرچییێک بێ، پێمباشە کاتێ لە دالانەکە دەردەچین لە چاکەتەکەتی وەربپێچی تا کەس نەیبینێ."

کە لانگدن چاکەتەکەی داکەند، ڤێرنێ خێرا بۆ لای پشتێنە چەرمینە خۆبزوێنەکە ڕۆیشت، ئیدی قەفەزە بەتاڵەکەی داخستەوە و ژمارەیەکی ئاسانی لەسەر شاشەکە لێدا، ئیدی پشتێنەکە جووڵایەوە، قەفەزەکەی بۆ نێو ژێر زەمینەکە بردەوە. ڤێرنێ دەستی دایە کلیلە ئاڵتوونییەکە و خستیە کونە سێگۆشەییەکە، ئینجا دایەوە دەستی سۆفی.

- "تکایە بەم ڕێگایەدا، خێراکەن."

کاتێکیش گەیشتنە پشتەوە، شوێنی بارکردنی بانکەکە، ڤێرنێ فلاشلایتی ترومبێلەکانی پۆلیس لە گەراجی ژێرزەمینەکەوە دەبینێ. ئیدی لەشوێنی خۆی گرژ بوو. پێدەچی ئەوێشیان گرتبێ. ***تۆ بڵێی بە ڕاستی بتوانم لێیان دەرباز ببم***؟ لە شوێنی خۆی ئارەقەی کرد.

ڤێرنیٚ ئاماژەی بۆ یەکیٚ لە ترۆمبێلە باربەرە بچووکە زرێپۆشەکان کرد. هەڵبەتە کاری گواستنەوەی کەلوپە پێسپێردراوەکان یەکیٚ لە خزمەتگوزارییەکانی بانکی زیورخ بۆ کەلوپەلی ڕاسپاردە بوو.

- "دەی سواری شوێنی بارەکە بن،" لەگەڵ ئەم قسانەشی دەرگا قورسە ئاسنینەکەی پشتەوەی کردەوە، ئاماژەی بەسندووقە گەورە ئاسنینەکە کرد کە لێی دابنیشن. "من هەر ئێستا دەگەڕێمەوە."

کاتێکیش سۆفی و لانگدن لیٚ وەسەر پشتە ترۆمبێلە تایبەتی بە باری ئاسایشپارێزی بانکەکە کەوتن، ڤێرنیٚ خێرا بەرەو نووسینگەی بارکردنەکە ڕۆیشت، سویچی ترۆمبێلەکەی هێنا، جلێکی یەکپۆشی شوفێرانە و شەپقەیەکی لەویٚ هەڵگرت. ئیدی قاتەکە و بۆینباخەکەی لەبەر خۆی داکەند و جلی شوفێرانەی کردە بەر، چاکەتەکە یەکپۆشیەکەی لەسەر دەبەر کرد. ئینجا شتێکی بەرکەداریشی لەبن چاکەتەکەی لەبەر کرد، لە ڕێی دەرچوونیشدا دەستی بۆ دەمانچەی شوفێرەکان برد و خستیە بەرپشتی و چاکەتە یەکپۆشییەکەی بەسەر دادایەوە. گەڕایەوە لای ترۆمبێلەکە، ڤێرنیٚ شەپقەکەی هەندیٚ دانەواند و لە سۆفی و لانگدن ڕاما، کە لە نێو سندووقە گەورەکەی باری پشتەوەی ترۆمبێلە بەتاڵەکە دانیشتبوون.

- "ئێوە ئەوەتان دەویٚ دایبگرسینم،" ڤێرنیٚ وای پێگوتن و دەستی بۆ سویجێکی ناوەوە بردو گڵۆپێک بە کزی لەبنمیچی ترۆمبێلەکە هەڵبوو. "باشتر وایە تا لە دەرگاکە دەچینە دەرەوە ئێوە بیٚ دەنگ و هەستوخوست لێی دابنیشن."

سۆفی و لانگدن لەسەر بۆدیە ئاسنینەکەی پشتی ترۆمبێلەکە دانیشتن. لانگدن سندووقە گەنجینەکەی کە لە چاکەتەکەی وەرپێچرابوو، توند لەباوەش گرتبوو. دەرگا قورسە ئاسنیەکە خرەی لێوە هات و پێوە درا، ڤێرنیٚ ئەوانی لە پشت ترۆمبێلەکەدا حەشار دا. ئینجا خۆی فرێدایە پشت سوکانەکە و سویچی تێبادا و کەوتە جووڵە.

کاتێکیش ترۆمبێلە زرێپۆشئاساکە بەسەر کۆسپەکان بۆ دەرەوە سەردەکەوت، ڤێرنیٚ هەستی کرد بن شەپقەکەی ئارەقەی کردووە. بینی لە درەوە ژمارەیەکی زۆر لایتی ترۆمبێل هەن، زیاتر لەوەی چاوەڕوانی دەکرد. کاتێکیش ترۆمبێلەکە لە کۆسپەکە دەرچوو، دەرگاکەی پێشەوە لەبەردەمی کرایەوە تا پێیدا تێپەڕیٚ. ڤێرنیٚ هەندیٚ لێی چووە پێش و چاوەڕێی کرد تا قاپییەکەی پشتەوەی دادەخرێتەوە، ئینجا بزووت تا گەیشتە سەر خاڵە تیشکە وروژێنەرەکەی پێشەوە. ئیدی دەرگەی دووەمیش کرایەوە، دەروازەکەی لیٚ بەدەرکەوت.

***لە چاوەڕوانی ئەوەی ترۆمبێلی پۆلیس دەروازەکەی گرتبیٚ.***

ڤێرنیٚ دەستێکی بە برۆی داهێنا و لیٚ چووە پێش.

ئەفسەرێکی درێژی ڕەقەڵە هەر چەند مەترێک لەوێوە بە دەست ئاماژەی وەستانی بۆ کرد. چوار ترومبێلی پۆلیسی گەڕۆک ئەوێیان گرتبوو.

ڤێرنێش وەستا، زیاتریش شەپقە شوفێرییێتیەکەی هێنایە خوار، سیمای دەمووچاوی بۆ سیمایەکی هیلاک و مرومۆن گۆڕی. لەپشت سووکانەکە ڕەق وەستا. دەرگەکەی کردەوە سەیری بیچمی ئەفسەرەکەی کرد رەنگی بزرکابوو.

- "خێرە، چی ڕوویداوە؟" ڤیرنیٚ ئەم قسەیەی بە فەرەنسییێکی شێوەی ڕەق و زبر لە ئەفسەرەکە پرسی.
- "من جیروم کۆللێم،" ئاژانەکەش وای پێگوتەوە. "ملازمی پۆلیسی دادوەری." ئاماژەشی بۆ جیٚ باری پشتەوەی ترومبێلەکە کرد. "بارەکەت چی تێدایە؟"
- "مەگەر هەر شەیتان بیزانیٚ،" ڤێرنیٚ بە ڕەقی وەڵامی دایەوە. "من تەنها شوفێرێکم."
- کۆللیٚ پێدەچوو بە قسەکانی کارانگاز نەبووبیٚ. "ئێمە بە دوای دوو تاوانباردا دەگەڕێین."
- ڤێرنیٚ پێکەنی. "کەواتە ئێوە بۆ شوێنێکی فیت هاتوون. هەندێک لەو بیژمۆتانە ئەوەندە پارەیان هەیە، هەردەبیٚ تاوانبار بن."
- ئاژانەکە وێنەیەکی ناسنامەی ڕۆبەرت لانگدنی نیشانی کابرا دا. "ئایا ئەم پیاوە، ئەمشەو هاتۆتە بانکەکە؟"
- ڤێرنیٚ لە شوێنی خۆی شانی بۆ هەڵتەکاند. "هیچی لێنازانم. من وەک مشکێک هەر لە شوێنی بارکردندام. ئەوان لێناگەڕێن تێکەڵی مەعمیلەکانیان بین. تۆ دەبیٚ بچییە ژوور و لە نووسینگەی پێشوازی بپرسی."
- "ئاخر بانکەکەت بەر لە چوونەژوور داوای مۆڵەتنامەی دادوەرمان لێدەکا."
- ڤێرنیٚ نیگایەکی قێزەونانەی تێبڕی. "کارگێڕەکان. دەی با دەست بە جوێندانیان نەکەم."
- "تکایە دەرگای ترومبێلەکەت بکەوە." کۆللیٚ ئاماژەی بۆ شوێنی بارەکە کرد.
- ڤێرنێش بە سەیرەوە تەماشای ئەفسەرەکەی کرد و لەپڕیش دایە قاقای پێکەنینێکی قێزەونانە. "دەرگای بارگەکە[160] بکەمەوە؟ تۆ پێتوایە کلیلەکە لای منە؟ بەڕای تۆ ئەوان بڕوا بە من دەکەن؟ واباشە تۆ ئەو کرێیە کەمە ببینی کە دەیدەنە من."
- ئەفسەرەکە سەری خۆی بەلادا برد، لە گومانەکەی ڤێرنیٚ وردبووەوە. "ئیدی تۆ پێم دەڵێیٚ کلیلی ترومبێلەکەی خۆتت پێنییە؟"
- ڤێرنیٚ سەری هەژاند. "نەخێر کلیلی بارگەکەم پیٚ نییە. تەنها سویچی لێخوڕینم پێیە. ئەم ترومبێلە باربەرانە بارگەکانیان لەجێوە مۆر دەکرێن، کە بارگەی ترومبێلەکەیان ساز و

[160] وشەی بارگەم لە شوێنی وشەی cargo (حمل)داناوە.

ئامادە کردبێ ئەوسا سویچەکەمان دەدەنە دەست. کاتێک بانگی ئێمە دەکەن، کلیلەکان لە پرسگەکەدا دادەندرێن، تەنها سویچی لێخوڕینەکە دەدەنە دەستی ئێمە. ئیدی خولەکێکیش پێشتر سویچەکەمان نادەنە دەست، بۆیە هەرگیز نازانم ئاخۆ چیم لە پشتەوە بارکردووە."

- "باشە کەی بارگەی ترومبێلەکەت مۆرکراوە؟"
- "هەردەبێ چەند سەعاتێک بەر لە ئێستا بێ. بەم شەوە ڕێگایەکی دورودرێژم بەرەو (سێینت تورلیلال) لەپێشە. کلیلی بارگەکەش دەمێکە گەیشتۆتە ئەوێ."

ئاژانەکە هیچ وەڵامێکی نەبوو، چاوەکانی وا تێوە نزکربوونەوە وەک ئەوەی هەوڵبدا مێشکی ڤێرنێ بخوێنێتەوە، ئاخۆ ڕاست دەکا یان نا.

دڵۆپە ئارەقەیەکیش لەسەروی کەپووی ڤێرنێ بەربۆوە خوارێ. "یارمەتی هەیە؟" ئیدی وای بە ئەفسەرەکە گوت و بەسەردەستەشی کەپووی سڕی. "من خشتەیەکی پڕکارم هەیە."

- "ئەرێ هەموو شوفێرەکان کاتژمێری ڕۆلێکس لەدەست دەکەن؟" ئاژانەکە وای پێگوت و ئاماژەشی بۆ بازندی دەستی ڤێرنێ کرد.
- ڤێرنێیش سەری بەرداوە سەر بازندی دەستی، چاوی لە کاتژمێرە گرانبەهاکەی دەستی کرد کە لەبن سەردەستەی چاکەتەکەی دیار بوو. ***نەفرەتی.*** "ئاها، ئەم شتە بێ نرخە؟ بە بیست یۆرۆم لە فرۆشیارە گەڕۆکەکانی تایوانی لای (سێینت گێرمیان دەس پرێس)م کڕیوە. من بە چل یۆرۆ پێتدەفرۆشمەوە."
- ئاژانەکە ئیستێکی کرد، ئینجا لایدا لایەک. "نەخێر سوپاس. گەشتێکی سەلامەت."

ڤێرنێ هەناسەی نەدایەوە تا پەنجا مەتر لەوان دوورنەکەوتەوە و کەوتە سەر شەقامەکە. لێ ئێستا ئەو گرفتێکی دیکەشی هەبوو. بارگەکە. ***باشە بۆ کوێیان ببەم؟***"

سیلاس لە ژوورەکەی خۆی لەسەر تەشگە بەڕەکە لەسەر زگ کەوتبوو بۆ ئەوەی هەوا لە جێبرینەکانی پشتی بدا و وشک بێتەوە. ئاخر ئەمشەو بۆ دووەمین جار خۆ دارکاریکردنەکەی و شەنگ و هێزی لێبڕی بوو. دەبوایە قایشە دڕکدارەکەی لە ڕانی خۆی کردبایەوە، ئەو هەستی بە خوێنلێچۆڕانی ناوەوەی ڕانی دەکرد. کەچی هێشتاش ڕەوایەتی ئەوەی نەدەبینی قایشەبەندەکەی لە قاچی بکاتەوە.

***من لە کارەکەی کڵێسەدا شکستم خوارد.***

***لەوەش پۆلکتر[161]، من شکتسم بە مەترانیش هێنا.***

ئەمشەو دەبوایە شەوی ڕزگاری ئارینگاڕۆسا بوایە. ئاخر پێنج مانگ لەمەوبەر مەترانەکە لە کۆبوونەوەیەکی شوێنی چاودێری گەردوونناسی ڤاتیکان گەڕابۆوە، لەوێ شتێکیان پێگوتبوو، زۆر بە قووڵی پەرۆش و نیگەرانی کردبوو. بۆ چەندین هەفتە نیگەران بوو، لە کۆتاییشدا هەواڵەکەی بە سیلاسیش گوت.

- "بەڵام خۆ ئەوە ئەستەمە!" سیلاس وا هاواری کرد. "ناکرێ ئەم شتە بپەژرێنم!"
- "شتەکە ڕاستە،" ئارینگاڕۆسا وای پێگوتەوە. "هی بیرلێکردنەوە نییە، بەڵام ڕاستیشە. هەر تەنها شەش مانگە."

قسەکانی ئارینگاڕۆسا بۆ سیلاس مایەی تۆقین بوون. ئەو نوێژی بۆ فریادڕەسی دەکرد، تەنانەت لەو ڕۆژە تەنگەتاو و ڕەشانەشدا، متمانەو بڕوای ئەو بە خودا و ڕێبازەکە هەرگیز نەلەقا. ئاخر مانگێکی نەبرد، هەورە ڕەشەکە ڕەوایەوە و پەرجوویێک پەیدابوو، بە شەوقی خۆی دڕی بەتاریکییەکە دا.

***دەستتێوەردانێکی خودایی***، ئارینگاڕۆسا وای ناونا.

- بۆ یەکەمین جار ئارینگاڕۆسا هیوای پەیدا بوو. "سیلاس،" بە چرپەوە وای بە سیلاس گوت، "خوا دەرفەتێکی دیکەی بۆ پاراستنی ڕێگاکە پێداوین. شەڕەکەمان، وەک هەموو جەنگەکانی دیکە، پێویستی بە قوربانیدان هەیە. ئایا تۆ دەبیتە سەربازێکی خودا؟"

---

[161] پۆلکتر:خراپتر، بەدتر.

ئیدی سیلاس لەبەردەم مەتران ئارینگاڕۆسادا –ئەو پیاوەی ژیانێکی نوێی بەبەردا کرد– کەوتە سەرچۆک و گوتی؛ "من بەرخێکی خودام. تۆش شوانەکەمی، دڵت چۆن فەرمانت پێدەکا، وام لێبکە."

کاتێکیش وێنای ئەو دەرفەتەکەی بۆکرد، سیلاس زانی تەنها دەستی خوایە کاری وادەکا. ***قەدەرێکی پەرجووانە***! پاشان ئارینگاڕۆسا سیلاسی بە کەسێک ناساند کە پێشنیاز و پڕۆژەکەی لە دەست بوو، پیاوەکەش ناوی لەخۆی نابوو مامۆستاکە. هەرچەندە مامۆستاکە و سیلاس ڕووبەڕوو یەکدیان هەرگیز نەبینی بوو، لێ هەر کاتێک بە تەلەفۆن قسەیان لەگەڵ یەک بکردبایە، ترسێک سیلاسی دادەگرت، ئەمەش لەبەر هەردوو هۆکاری باوەڕی قووڵی مامۆستاکە و هێز و دەسەڵاتەکەی بوو. ئاخر مامۆستاکە پیاوێک بوو، دیاربوو هەمەزان بوو، چاو و گوێی لە هەموو شوێنێک هەبوون. باشە مامۆستاکە ئەو هەموو زانیارییانەی لە کوێ هێنابوو، سیلاس ئەمەی نەیدەزانی، بەڵام ئارینگاڕۆسا باوەڕێکی زۆری بە مامۆستاکە هەبوو، بە سیلاسیشی گوتبوو هەمان متمانەی پێ هەبێ. "ئەوە بکە کە مامۆستاکە پێت دەڵێ،" مەترانەکە وای بە سیلاس گوت، "ئیدی ئێمە سەردەکەوین."

***سەرکەوتوو***. ئێستاش سیلاس چاوی بەردابووە سەر ناوکەوی ژوورەکەی و دەترسا کە سەرکەوتنیان لەدەست دەرچووە. فێڵ لە مامۆستاکە کرا. بەردەکلیلەکە تا هەتایە ون بوو. لەگەڵ خاپینۆکەکانی هەموو هیوایەک لەبەین چوو.

سیلاس خواخوای بوو زەنگ بۆ مەتران ئارینگاڕۆسا لێبدا و ئاگاداری بکاتەوە، بەڵام خۆ مامۆستاکە ئەمشەو هەموو هێڵێکی پەیوەندی کردنی بە مەترانەکە بڕی بوو. ***ئەمەش هەر لەبەر سەلامەتی خۆمان.***

لە کۆتاییدا سیلاس بە سەر ترسەکەیدا زاڵ بوو، خۆی لەسەر چۆکان خشاند تا دەستی گەیشتەوە عەباکەی، کە لەوێ لەسەر ناوکەوەکە کەوتبوو. دەستی بۆ بەرکی برد و تەلەفۆنەکەی دەرهێنا. لەشەرمانیش سەری بەردابۆوە و زەنگی بۆ مامۆستاکە لێدا.

– "مامۆستا،" بە سرتەیەکەوە لە تەلەفۆنەکە گوتی، "هەموو شتێک لەدەست دەرچوو." سیلاس بە متمانەوە پێی گوت، کە چ جۆرە فێڵێکیان لێکراوە.
– "ئاوا، تۆ بە پەلە بڕوای خۆت لەدەست دا،" مامۆستاکە وا وەڵامی دایەوە. "من تازە هەندێ هەواڵی نوێم پێگەیشت. شتێکی چاوەڕوان نەکراو و خۆش. نهێنییەکە هەر ماوە. ژاک سانییێر بەر لە مردنی زانیارییەکانی گواستونەتەوە. بەم زوانە زەنگت بۆ لێدەدەمەوە. هێشتا کاری شەوەکەمان تەواو نەبووە."

## بەندی ٤٧

سواربوون لە پشتەوەی سندووقی بارگەی ترومبێلە زرێدارەکەی بانکەکە، هەستێکی وای بە لانگدن بەخشی وەک ئەوەی لە نێو قەفەزی ترومبێلی زیندانی گواستنەوەدا بیبەنە چاوە زیندانێکی تەنیایی. ئەو بەرەنگاری هەموو ئەو هەستانەی کە لە کات و شوێنی وادا تووشی دەهات، بووە. ***ئاخر ڤێرنێ پێی گوتین لێرە دەربازتان دەکەم و دەتانگەیەنمە شوێنێکی سەلامەت، بەڵام کوێ؟ تۆبڵێی چەند دوور بێ***؟

لاقەکانی لانگدن لەبەر ئەوەی بە چوار مشقی لەسەر ئاسنەکە دانیشتبوو، گۆد[162] ببوون، شێوازی دانیشتنی گۆڕی و هەندێ جوولەی پێکردن، بەڵکو خوێن بۆ هەموو ئەندامەکانی قاچی بگەڕێتەوە. هێشتایش گەنجینە سەیرە وەرپێچراوەکە، لەو کاتەی لە بانکەکەی دەرهێنابوو، هەر لە باوەشیدا بوو.

– "پێموابێ ئێمە کەوتینە سەر ڕێگای خێرا." سۆفی ئەم قسەیەی بە کپییەوە چرپاند.

لانگدنیش هەستی بە هەمان شت کرد. ترومبێلەکە دوای وەستانی سەر کۆسپەکەی بەردەم بانکەکە، جوولا و دەستە ڕاست و دەستەچەپێکی کرد و دوای یەک دوو خولەکیش ڕاستەڕێ بوو. لە تیژڕۆییەکەیدا هەستیان کرد لەسەر جادەی خێران. لەبن ئەوانیش ورەوری تایەکان لەسەر قیرە لووسەکە دەهات. ئیدی تیشکۆی بیریان خستە سەر سندووقەکەی باوەشیان، لانگدن شتە وەرپێچراوە سەنگینەکەی دانایە سەر بۆنیتەکە، چاکەتەکەی لێککردەوە. سۆفیش شێوەی دانیشتینی گۆڕی، کەوتنە پاڵ یەکدی. لە پڕێکەوە لانگدن هەستێکی وای بۆ پەیدا بوو، وەک ئەوەی دوو منداڵ بن و بە دەوری دیاری کریسمسی سەری ساڵدا دانیشتبن.

بە پێچەوانەی ڕەنگە تۆخەکەی سندووقە تەختە دارە خەنەییەکە، ئەو گوڵە ڕەزەی لەسەر ڕووی سندووقەکە هەڵکەندرابوو، ڕەنگێکی کاڵی بۆرە بوو، بە ئاسانی لەبەر تیشکدا دەدرەوشایەوە. *گوڵەڕەزەکە*. ئاخر سەرتاپای سوپا و دینەکان گوڵەڕەزیان هەروەک کۆمەڵە نهێنییەکان کردبووە هێمای خۆیان. ***ڕۆزیکروشیانەکە[163]. سوارچاکانی خاچی گوڕەز.***

– سۆفی بە لانگدنی گوت، "دەی، بیکەرەوە."

---

[162] گۆد: سڕ.

[163] Rosicrucians بزووتنەوەیەکی کلتووری دینی بوو لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمەوە لە فەرەنسا سەری هەڵداوە.

لانگدنیش هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی. دەستی بۆ سەرپۆشەکەی برد، نیگایەکی دیکەی سەرسوڕمانانەی لە شەوقداریێتی دارە هەڵکۆڵدراوەکەی دا، ئینجا قولاپەکەی هەڵدایەوە، سەری سندووقەکەی کردەوە، شتەکەی نێوی دەرکەوت.

لانگدن لە خەیاڵی خۆی چەندین شتی دانابوون کە لەوانەیە لەنێو سندووقەکەدا بێ، بەڵام ڕوون و ئاشکرا لە هەموویان هەڵە بوو. لەنێو سندووقەکەدا شتێک لە پارچە قوماشێکی ئاوریشمی سورباو وەرپێچرابوو، شتێک بوو لە هیچ شتێکی دیکە نەدەچوو.

شتەکە لە بەردەمەڕمەڕێکی ساف و لووس داتاشرابوو، لوولەکێک بوو، مەوداکانی بەقەد تۆپێکی تێنس دەبوو. شتەکە لەوە زۆر ئاڵۆزتر بوو کە هەر بەردێکی ڕەق بێ، ئاخر مەڕەمەڕەکە واپێدەچوو لە چەند پارچەیەک پێکهاتبێ. بەقەد چوار پارچە کێکی بازنەیی دۆناوت[164]، پارچە مەڕمەڕەکان بە جومگەیەکەوە بە شێوەیەکی مەعلانانە بە یەکەوە بەسترابوونەوە. وەک لوولەکێک(بۆڕییێک) وابوو، هەر پارچە مەڕمەڕێک لە خوارەوە بۆ سەروە وا بەیەکەوە بەسترابووە، کە هەناوی لوولەلەکە دیار نەدەکرا. گوێشیان لە شڵپەی شلەیەک بوو لەنێوی لوولەکەکە دابێ، لانگدن وای دانا لوولەکەکە ناوچاڵ بێ.

هەروەک پێکهاتەی خودی لوولەکەکە تەلیسماوی بوو، ئەو شێوە قوتووە دارەی لوولەکەکە تەلیسماوی و جێسەرنجی لانگدن بوو. هەریەکە لە پێنج سەر و جومگەکانی لوولەکەکە ناوازانە هەڵکۆڵرابوو، سەرتاپای پیتەکانی ئەلیف بای لەسەر نەخشابوو. ئەو لوولەکە پیتدارە یادی گەمەکانی منداڵێتی بەبیر لانگدن هێنایەوە، ئەو گەمە قووچەکێکی لوولەداربوو، هەر جارە و پیتەکانی بە جۆرێ ڕێکدەخران کە وشەیەکی نوێ پێک دەهێنا.

- "سەرسامانەیە. وانییە؟" سۆفی بە سرتەیەکەوە وای پێگوت.

- لانگدن سەری هەڵبڕی. "من هیچی لێنازانم، ئەرێ بۆخاتری جەهەننەم، ئەم شتە چییە؟"

- ئێستا بریسکەیەک لەچاوەکانی سۆفی دیاربوو. "باپیرەم ئەم شتە داتاشراوانەی وەک ئارەزوویێک بەکار دەهێنا. ئەمانە کاتی خۆی لەلایەن لیۆناردۆ داڤینشییەوە داهێنراون."

- "داڤینشی؟" لانگدن بردەیەکی وای لێهات و دیسان سەیری لوولەکەکەی کردەوە.

- "بەڵێ. ئەمە پێی دەگوترێ کریپتیکس[165]. بەگوێرەی قسەی باپیرەم بێ، دەستکارەکە بۆ یاداشتنامەیەکی نهێنی داڤینشی دەگەڕێتەوە."

---

[164] Doughnut کێکێکی ئەڵقەیی شیرینە.

[165] Cryptex

- "شتەکە بۆ چی بووە؟"

- بە حوکمی بارودۆخەکەی ئەمشەو، سۆفی دەیزانی وەڵامەکەی دەبێتە مایەی سەرنجڕاکێشانێکی ئالۆزکاوییانە. "ئەمە چاڵی شاردنەوەیە،" سۆفی وای بە لانگدن گوت، "بۆ شاردنەوی زانیارییە نهێنییەکانە."

چاوەکانی لانگدن مۆللەق کرانەوە.

سۆفی بۆی ڕوون کردەوە، لاساییکردنەوەی داهێنانەکانی داڤینشی، ئارەزووە مەزن و هەرە خۆشەویستەکەی باپیرەی بووە. وەستایەکی مەعلان بە چەندان سەعات بەدیار هەڵکۆڵین و داتاشینی تەختەدارەکانەوە دەبێ، ئیدی بەمە ژاک سانییێر بە خۆشییەوە لاسایی دەستکارەکانی هونەرمەندە ناودارەکانی وەک فابرێژ و دەستکاری هونەرمەندە دەست ڕەنگینەکان و شتێکی کەمتر هونەری بەڵام زۆرە کردەنییانە وەک دەستکارەکانی داڤینشی، دەکردەوە.

نواڕینێکی خێرا بۆ سەر یادەوەرەییەکانی داڤینشی پەردە لەسەر ئەوە لادەدا، کە چۆن ئەم ئەستێرە درەوشەدارە لەبارەی بەدواداچوونی کاروبارەکانی خۆی چەند کەمتەرخەم بووە وەک ئەوە نەبووە کە بە بلیمەتییەوە ناسراوە. داڤینشی نەخشەی دەیان کاری داهێنەرانەی کێشاوە هەرگیز بۆ خۆیشی دروستی نەکردوون. یەکێک لە خولیا هەرە پێشنۆرەییەکانی ژاک سانییێر نۆژەنکردنەوە و بە گەڕخستنەوەی شتە هەرە سەیرەوسەمەرەکانی داڤینشی بووە، وەک کاتژمێر، ترۆمپای ئاو، کریپتیکس، لەگەڵ دەستکارێک کە لە هەموویان هونەریانەتر بوو، ئەویش مۆدێلە سوارچاکێکی فەڕەنسی سەدەکانی ناوەڕاست بوو، کە هەنووکە لەسەر مێزی نووسینگەکەی ئەو داندراوە. ئەم کۆتەڵە دارینەی سوارچاکەکە ١٤٩٥ لەلایەن داڤینشییەوە وەک سەرەتای توێکاری جەستەی مرۆڤ و زانیاری ئەو سەردەم نەخشەی بۆ کێشاوە، تەواوی وردەکاریەکانیشی لەخۆ گرتووە. بەوەی جومگە و بازووکانی بۆ دروست کرد، واش نەخشەی بۆ کێشراوە کە باسکەکانی بهەژێنێ، لە ڕێی ملە سازدراوەکەشی، دەیتوانی دەستەکان و شەویلاگەکانیشی ئۆتۆماتیکیانە بجووڵێنێ. ئەم سوارچاکە زرێدارە سەر کەچەڵە بەڕای سۆفی جوانترین دەستکار بوو، کە باپیرەی دروستی کردبێ... سۆفی هەر لەسەر ئەم ڕایەی خۆی بوو تا ئەو کاتەی ئەم کریپتیکسەی لەنێو ئەم قوتووە دارخەنەییە گوڵدۆزیەکەدا بینی.

- "کاتێک من بچووک بووم، ئەو ئەم شتانەی بۆ دروست دەکردم،" سۆفی وای بە لانگدن گوت. "بەڵام هەرگیز شتێکی ڕازاوەی وا گەورەی وەک ئەم شتەی بەردەستمان نەبینیوە."

- چاوەکانی لانگدنیش لەسەر سندووقەکە هەر لانەدەچوو. "منیش هەرگیز گوێم لە کریپتیکس نەبووە."

سۆفی ئەم قسەیەی پێ شتێکی سەرسامانە نەبوو. ئاخر زۆر لە داهێندراوە ڕۆنەنراوە(دروستنەکراوەکان)ی داڤینشی لێیان نەکۆڵدراوەتەوە و تەنانەت ناویشیان بۆ دانەندراوە. پێدەچی هەر خودی زاراوەی کریپتکس(واتای شاراوە دەدا) داهێندراوێکی باپیرەی بووبێ. ئەوەش ناوێکی شیاوە بۆ ئەو پێکار(ئامێر)ەی کە زانستی کۆدەداری بۆ دادەندرێ، بۆ ئەوەی زانیارییە نووسراوەکانی نێوی بپارێزرێ.

ئاخر داڤینشی لە پێش قەڕەوڵە کۆدسازەکان بووە، هەرچەندە بەدەگمەن لەم بوارەوەدا ناوی داڤینشی دەهات، کەچی سۆفی لە هونەرکارییەکەی داڤینشی دەزانی. مامۆستای سەرپەشتیاری سۆفی لە زانکۆدا، کاتێ سیستمی کۆدەداری کۆمپیوتەری بۆ ئاسایشپارێزی زانیارییەکان بەکاردەهێنا، پەسنی کۆدسازە هاوچەرخەکانی وەک زیمەرمان و سخنایر[166] دەکرد، لێ ناوی ئەوەی نەدەهێنا، کە داڤینشی بوو کلیلەکۆدەکانی سەردەمانی زووی داهێنابوو. هەڵبەتە ئەوە باپیرە بوو، هەموو شتێکی تایبەت بەو بوارەی بە سۆفی گوتبوو.

کاتێکیش ترومبێلە باربەرەکەیان کەوتبووە سەر ڕێگای خێرا، سۆفی باسوخواسی کریپتیکسی بۆ لانگدن ڕوون کردەوە، کە چۆن چارەسەرییێکی داڤینشی بووە، بەتایبەت کاتێک لەبارەی ناردنی زانیاری هەستیار و نهێنیی بۆ شوێنی دوور لە سەر دووڕیانی ئاشکرابوون و نەبووندا بوو. لەسەردەمێک کە نە تەلەفۆن نە ئیمێل هەبووە، گواستنەوەی هەر زانیارییێک بۆ شوێنێکی دوور بە نامەنووسین بووە، ئیدی تەتەرێکیان بەکرێ دەگرت تا نامەکەیان بۆ بگەیەنێتە شوێنی مەبەست. بۆ بەدبەختیش ئەگەر پەیکەکە لە ناوەڕۆکی نامەکە بەگومان بوایە و نرخێکی زۆر بکردبایە، دەکرا ناپاکی بکا و بە کەسانێکی دیکەی نەیار بفرۆشێتەوە، کە پارەیەکی زیاتریان پێدەدا لەو کەسەی کە پێی ڕەوانەکراوە.

زۆر لە عەقڵە مەزنەکانی دنیا بە دوای چارەسەرێکی کۆددارردا گەڕاون تا بەسەر ئەم ئاستەنگەی گەیاندنی زانیارییەکاندا زاڵ ببن: یۆلیۆس قەیسەر خشتە کۆدە نووسینێکی تایبەتی بەو مەبەستە داهێنا، کە بە سندووقی قەیسەرەوە ناسراوە؛ ماری، شاژنەکەی سکۆتیش ژێر ژمارەیەکی تایبەت بە خۆی بۆ پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی لە زینداندا داهێنابوو؛ زانای بلیمەتی عەرەبیش ئەبو یوسف ئیسماعیل ئەلکندی بوو، نهێنییەکانی خۆی بە زمانێکی فرە ئەلیف بای ژمارەدار داهێنابوو.

---

[166] Zimmerman , Scneier

هەرچی داڤینشیش بوو وازی لە ڕێکاری بیرکاری و کۆدەداریانە هێنابوو، چارەسەرێکی میکانیکییانەی بۆ دۆزیبووەوە، ئەویش کریپتیکس بوو. قوتوویێکی ناوبۆشی سەلامەت بۆ نامە، پەیام، نەخشە، دیاگرام و هەموو شتێکی دیکە. هەر زانیارییێک بێ دەخرایە نێو کریپتیکسەکە و مۆر دەکرا، ئیدی تەنها کەسی وەرگر دەیتوانی کۆدەکە بشکێنێ و قوتووەکە یان لوولەکەکە بکاتەوە.

- "ئێمە دەبێ کۆدەکەی بدۆزینەوە،" سۆفی وای بە لانگدن گوت و ئاماژەشی بۆ سەر پیتەکانی کرد. "کریپتیکس زیاتر وەک قوفڵی پایسکل کاردەکا. ئەگەر تۆ دانەکانی قفڵکە بە ڕاستی و دروستی ڕیز بکەی، قفڵەکە لەبار یەک دەترازێ و دەکرێتەوە. ئەم کرپتیکسە خوازیاری پێنج پیتە. کاتێ تۆ پیتەکان بە ڕیزبەندی دروست بادەدەی، ددانەکانی نێو لوولەکەکە لەبار یەک دەچن، ئیدی لایەکانی لوولەکەکە لێک دەبنەوە."

- "ئەدی ناوەوەی؟"

- "کاتێکیش لوولەکەکە لێک دەبێتەوە، چاڵێک لەناوەویدا هەیە، دەکرێ پارچە کاغەزێکی لوولدراوی لەنێودا بێ کە زانیاری پارێزراوی تێدابێ."

- لانگدن بە شێوەیەک سەیری کرد، وەک ئەوەی بڕوا نەکا. "خۆت دەڵێی باپیرەت بە منداڵی ئەم شتانەی بۆ دروست دەکردی؟"

- "شتەکان لەمە بچووکتر بوون. دوو جاران لە ساڵڕۆژی لەدایکبوونمدا، کریپتێکسێکی دامێ و مەتەڵێکیشی پێدام بۆ کردنەوە. ئیدی وەڵامی مەتەڵەکە کلیلی کردنەوی کریپتیکسەکە بوو. جارێکیان کاتێک کریپتیسەکەم کردەوە، کارتێکی بە بۆنەی لەدایکبونمی تێدا بوو."

- "ئەو هەموو ماندووبوونە بۆ کارتێک."

- "نەخێر، هەردەم کارتەکان مەتەڵ و کەزامزی[167] یان کلیلی شتێکی دیکە بوون. باپیرەم حەزی لێبوو بەهۆی ڕاوی گەنجینەوە و لەڕێی ئەو مەتەڵانە بەنێو ماڵەکەدا بمسووڕێنێ، تا مەتەڵەکان دەکەمەوە و دواجاریش دەگەمە دیارییەکەی خۆم. هەر گەڕان و پشکنێک

[167] کاتی خۆی فەقێیی حوجرەکانی گوندەکانی لای باڵەکایەتی بۆ هەندێ نهێنی نێو خۆیان و تا گوندییەکان لێییان تێنەگەن، زمانێکی تایبەت بەخۆیان داهێنا بوو، بە "کەزامزی" ناسرابوو. بۆنموونە هەر وشەیەکیان دەگوت پیتێکیان دەخستە نێوان هەووو پیتەکان. پیتەکانیش زیاتر گ، ز یان شین بوون، بۆیە دەیانگوت کەزامزی بە شینێ، بە گافێ، یان بە زایێ. (چۆنی باشی، دەبووە: چزۆنزی بزاشزی، چگۆنگی بگاشگی...هتد) لەم ڕۆمانەشدا وشەیەکی وای بەکارهێناوە لەکوردیدا هاوتای نییە، دەبووایە شی بکرابایەوە، پێموایە لێرەدا وشەی کەزامزی وەک کۆدی زمان پڕ بەپێیستیەتی.

به دوای گەنجینەدا تاقیکردنەوەی توانا و شایستەییەک بوو، بۆئەوەی شیاوی پاداشتەکە بم. تاقیکردنەوەکانیش هەرگیز ئاسان نەبوون."

- دیسان نیگای لانگدن پەڕیەوە سەر شتەکەی بەردەمی، هێشتاش دردۆنگی پێوە دیار بوو. "باشە بۆچی هەوڵنەدرێ بکرێتەوە؟ یان بشکێندرێ؟ خۆ دیارە ئەو کانزایەی لێیدروست کراوە، قابیلی شکانە و مەڕەمەڕەکەشی بەردێکی نەرمە."

- سۆفی بزەیەکی بۆکرد. "چونکە داڤینشی لەوە زۆرزانتر بوو. ئەو کریپتیسەی وا دروست کردووە، ئەگەر بتەوێ شتەکە بە زۆر بکەیتەوە، زانیارییەکانی نێوی دەمودەست دەفەوتێ. سەیرکە" سۆفی بە وریاییەوە دەستی بۆ لوولەکە کە برد. "هەر زانیارییێک لەنێو ئەم شتەدا بێ، ئەوا لەسەر ڕووپەڕێکی تەنکی لوولدراو نووسراوە."

- "نەوەک لەسەر پێستە؟"

- سۆفی سەری بۆ بادا. "پەڕە کاغەزی زەل[168]. منیش دەزانم پێستەی مەڕ بەرگەگرتر و ئەوکاتیش باوتر بوو، بەڵام دەبووایە هەر پەڕەکاغەزی زەل بوایە. ئاخر چەند تەنکتر بوایە باشتر بوو."

- "دەی باشە."

- "بەر لەوەی پارچە کاغەزەکە بئاخندرێتە نێو لوولەکەکە، بە دەوری بوتڵە شووشەیەکی ناسک و بچکۆلە وەردەپێچرا." سۆفی بەسەری پەنجە لە لوولەکەکەی دا، شلەی نێو شووشەکە هەژا و دەنگێکی لێوەهات. "شووشیەک لە شلە."

- "چ شلەیەک"

- سۆفی بەخەندەوە، "سرکە."

- لانگدن بۆ ساتێک دوودڵ بوو، لێ دواتر سەری لەقاند. "بلیمەتییە."

***سرکە و کاغەزی زەل***، سۆفی وا بیری لێکردەوە. ئەگەر یەکێک بیەوێ بە زۆر کریپتیسەکە بکاتەوە، ئەوا شووشەکەی ناوی دەشکێ و خێراش سرکەکە بەسەر پارچە کاغەزە لوولدراوەکەدا دەڕژێ و خاوی دەکاتەوە. ئەو کاتەش ئەوەی دەیکاتەوە، لەهەڵوەدای ئەوەیە پەیامە ڕازدارەکە بکاتەوە، بەڵام ئەوەی بۆ دەمێنێتەوە هەر پنتە هەویرێکە و بەس.

---

[168] مەبەست لە کاغەزەکە Papyrus کاغەزی زەل. بڕوانامە یان نووسراوی کۆن لەسەر ئەم جۆرە کاغەزە نووسراوە وەک هی میسرییە کۆنەکان. (بڕوانە فەرهەنگی ئازادی)

- "هەروەک دەبینی،" سۆفی وای پێگوت. "تاکە ڕێگای گونجاو بۆ دۆزینەوەی ناواخنی ئەم شتە، زانینی کۆدە پێنج پیتەکەیە. بە پێنج جار بادان خەپلە[169] خولخولۆکە بازنەییەکە، کە هەر بازنەیەکی بیست و شەش پیتی لەسەرە، ئیدی ئەو بیست و شەش پیتە توانی پێنج دەکرێ." هەر خێراش دەرچەی لێکدانەوەی توانەکەی بۆ دەرکەوت. "نزیکەی دوازدە ملیۆن ئەگەرە."

- "خۆ ئەگەر وا بڵێی،" لانگدن وای گوت، واش سەیری دەکرد وەک ئەوەی لەنێو مێشکیدا بە دوای وەڵامی نزیکەی دوازدە ملیۆن پرسیاردا بگەڕێ. "تۆبڵێی چ زانیارییێک لەنێو ئەم شتەدا بێ؟"

- "خۆئەگەر هەر شتێکیشی تێدا بێ، دیارە باپیرەم ویستوویەتی شتەکە زۆر نهێنیپارێزانە بێ." سۆفی ئیستێکی کرد، سەری سندووقەکەی دادایەوە و چاوی لە پێنج پەڕەکەی گوڵەڕەزە هەڵکۆڵدراوەکەی سەر سندووقەکە کرد. هەندێ جار شتەکە هەراسانی دەکرد. "تۆ دەڵێی ئەم گوڵە لە زەمانی کۆندا هێمایەکی جامە پیرۆزکە بووە؟"

- "دەقاودەق. لە هێماسازیی مریدانی سایۆندا، گوڵەڕەز و جامەکە هاوواتا بوون."

- سۆفی برۆکانی هاتنەوە یەک. "ئەمە سەیرە، ئاخر باپیرەم هەردەم پێیدەگوتم، گوڵەڕەز واتای ڕاز دەدا. ئەو زۆر جاران کاتێ تەلەفۆنی تایبەتی هەبووایە، یان نەیوستبا من هەراسانی بکەم، گوڵەڕەزێکی لە دەرکەکەی هەڵدەواسی. هانی دەدام ئەمنیش هەروا بکەم." ***شیرینەکەم***، باپیرەی وای پێدەگوت، ***بێ ئەوەی هەریەکەمان بۆ کاری تایبەتمان، دەرگەکەمان لەسەر خۆمان دابخەین، با گوڵەڕەزێک- گوڵی ڕاز- لە دەرگەکەماندا هەڵبواسین. ئیدی بەم جۆرە دەزانین چۆن ڕیزی تایبەتمەندی یەکدی بگرین و متمبێنانەش بەیەک بکەین. هەڵواسینی گوڵەڕیز بە دەرگە، دابێکی دێرینەی ڕۆمانەکان بوو.***

- "گوڵەکەی بنەوە،" لانگدن وای بە سۆفی گوت. "ڕۆمانەکان لە کۆبوونەوەکانیان گوڵە ڕەزێکیان هەڵدەواسی، ئەمەش نیشانەی کۆبوونەوەی متمانەدار بوو. ئیدی ئامادەبووان دەیانزانی، هەرچییێک لە نێو کۆبوونەوەکەدا و لەژێر گوڵەکەدا باس بکرێ، دەبێ بە نهێنی بمێنێتەوە."

---

[169] لێرە مەبەستە لە خەپلە ئەو جومگە فرفرۆکەی سەر تەلەفۆنی کۆنە، کە ژمارەکانی لەسەر بوو، بە پەنجە بادەدرا. لێرەش شتەکە پێنج بازنەییە و دەسورێتەوە.

لانگدن بە خێرایی بۆ سۆفی ڕوون کردەوە، نیشانەی نهێنی گوڵەڕەز تاکە هۆکار نەبووە، کە مریدەکان وەک هێمای جامە پیرۆزەکە بەکاری بێنن. ئاخر (ڕۆزا ڕوگۆزا)[170] نموونەی هەرە کۆنی گوڵەڕەز، پێنج پەڕەی هاوڕێکی بە چەشنی ئەستێرەی ڤینۆس هەبوو، ئەمەش ئاماژەیەکی بەهێز بوو بۆ کۆدی پەیوەستدار بە ژنایەتییەوە. سەربارى ئەوەش، گوڵەڕەز پەیوەندییێکی تۆکمەی بە ڕامانی "ئاراستە ڕاستەقینەکان" و ڕێنوێنی ڕێگاوە هەبوو. ڕووگەنمای گوڵەڕەز(پەمەیی) هەروەک هێڵە پەمەییەکانی درێژی و پانی، یارمەتی دەریاوانی داوە. ئیدی لەبەر ئەم هۆیە، گوڵەڕەز لە چەند ئاستێکەوە وەک ڕاز، ژنایەتی و ڕێنوێنی واتادار بووە، هەر بۆیەشە هێمای جامی پیرۆز، ئەو جامە مێینە و ئەستێرەی ڕێنوێنن کە سەر بەرەو نهێنی ڕاستییەکە دەکێشێ.

کاتێ لانگدن لە ڕوونکردنەوەکەی بووەوە، دەربڕینەکەی پێدەچوو شتێکی کتوپڕیانەی بۆ هاتبێ.

- "ڕۆبەرت؟ ئەرێ تۆ چیتە؟ تۆ باشی؟"
- ئیدی چاوەکانی لانگدن لەسەر سندووقە دارینە گوڵەڕەزییەکە بوو. "sub....roza" کۆخەیەکیشی هاتێ، سیمایەکی ترسیشی پەڕیە سەر دەمووچاوی. "ناکرێ وابێ."
- "چی؟"
- لانگدن بە هێواشی سەری خۆی بەرز کردەوە. "لە ژێر هێمای گوڵەڕەزەکەدا،" بەسرتەیەکەوە وای بە سۆفی گوت، "ئەم کریپتیسە.... پێموایە دەزانم چییە."

[170] Rosa rugosa

## بەندی ٤٨

لانگدن بە ئاستەم باوەڕی بە گریمانەکەی خۆی دەکرد، ئاخر بەڕەچاوکردنی ئەو کەسەی لوولەکە بەردینەکەی داوەتێ، چۆنیەتی پێدانەکە و ئێستاش ئەو هەڵکۆڵینەی ژێر گوڵەڕەزەکەی سەر قوتووەکە، بە کۆی هەموو ئەم شتانە، لای ئەو یەک داڕشتەیەکی پێکهێنا.

***بەردەکلیلی مریدانی سایۆنم لە نێو دەست دایە.***

ئەو ئەفسانەیەی کە دیاریکراو بوو.

***بەردە کلیلەکە خۆی بەردێکە کە شکێنەری کۆدەکەی لەبن هێمای گوڵەڕەزەکەدایە.***

- "ڕۆبەرت؟" سۆفی بوو وای گوت لەکاتێکدا هەر تەماشای دەکرد. "چی لە ئارادایە؟"
- ڕۆبەرتیش پێویستی بە خولەکێک هەبوو تا هزرەکانی خۆی کۆبکاتەوە. "ئەرێ هەرگیز باپیرەت باسی شتێکی بۆ کردووی کە بە فەرەنسی پێی دەگوترێ la clef de voûte 'بەردی بناغە'؟"
- "کلیلی Vault گەنجینە[171]؟" سۆفی شتەکەی وەرگێڕایە سەر ئینگلیزی.
- "نەخێر، ئەمەیان وەرگێڕانێکی وشە بە وشەیە. clef de voûte 'بەردی بناغە' دەستەواژەیەکی باوی تەلارسازییە. Voûte ئاماژەیە بۆ حەشارگە ژێرزەمینی بانک، بەڵام Vault دەروازەتاقە[172]، وەک تاق (گومبەزی) سەربان."
- "بەڵام خۆ تاقی سەربان کلیلی نییە"
- "لە ڕاستیدا هەیەتی. هەموو بەردێکی تاقی دەروازە پێویستی بە چەقێکی ڕاگر هەیە، شێوە بەردێکی ڕاگرە، لەسەرەوە وادیار دەکا، کە هەموو پارچەکان بەیەکەوەن و هەموو قورسایی ڕۆنانەکەشیان هەڵگرتووە. ئیدی بەردەکەش لە هەستی تەلارسازییدا، کلیلی تاقەکەیە. لە ئینگلیزیدا پێی دەگوترێ: بەردەکلیل." لەو کاتدا لانگدن سەیری چاوەکانی سۆفی کرد، ئاخۆ هیچ بریسکە ناسینەوەیەکی لێ بەدەردەکەوێ.
- سۆفیش شانێکی بۆ هەڵتەکاند، سەیری کریپتیسەکەی بەردەمی کردبوو. "بەڵام بە ڕوونی دیارە ئەمەیان بەردەکلیل نییە."

---

[171] مەبەست لێرە خودی گەنجینە نییە، بەڵکو ئەو پەناگەی سارداو(سارنج) یان ئەو ژێرزەمینەیە کە گەنجینەی تێدا حەشاردەدرێ، لەم بڕگەیەدا یاری بە وشەکان کراوە، تیایدا ڕەوانبێژی لەنێوان زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی دەردەکەوێ. بۆیە واباشتر بوو وشەکان بە هەردوو زمانەکە بنووسرێنەوە.

[172] خوێنەری بەڕێز، مەبەست لێرە وەرگێڕانی ووشەی Archwayیە، لە خانووە کۆنەکانی خۆشماندا، دەرگا یان دەروازە لە شێوەی کەوانەیەکی گەورە هەبوون، پێی دەگوترا تاق. بۆیە لێرەدا هەر ئەو وشەیەم بەکار هێناوە.

لانگدن نەیدەزانی لە کوێوە دەست پێبکا. ئاخر بەردەکلیلەکان تەکنیکێکی ماسۆنییەکان بوو بۆ دروستکرنی بەردە تاقی دەروازەیی کە لەدواییدا بووە نهێنییێکی پیشەیی زۆر مەحکەمی دەستەی برایەتی ماسۆنییەکان. ***ئاستی تاقی شاهانەکە. تەلارسازیی. بەردەکلیلەکان.*** ئەمانە هەموویان لەگەڵ یەک ئاوێزان ببوون. زانیاری چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو بەردە بناغەییە بۆ دروستکردنی گومبەر و دەروازەی تاقدار بە شێوە وەستایەتیەکە، وای لە ماسۆنییەکان کردبوو، ببنە وەستای دەوڵەمەند و نهێنی پیشەکەشیان بپارێزن و ئەمەشیان نیشانەی سەرکەوتنیان بوو. بەدرەکلیلەکان هەردەم دابێکی نهێنیپارێزیانەیان هەبووە. هێشتاش ئەم لوولەکە بەردینەی نێو سندووقی تەختە دارە خەنەییەکە پێدەچێ لەوان جیاوازتر بێ. بەردەکلیلی دەستەی مریدان، ئەگەر هەر بە ڕاستی ئەوان دەستیان پێوەگرتبێ و پاراستبێتیان، ئەوە ئەم شتە نەبوو کە لانگدن خەیاڵی بۆچووبوو.

- "بەردەکلیلی مریدەکان بابەتی پسپۆڕێتی من نییە" لانگدن وا دانی پێدا نا. "حەز و خولیای من لە جامە پیرۆزەکەدا هێماسازییە سەرەکیەکەیەتی، هەر بۆیەشە هەموو ئەو بەندوباوەی باس لە چۆنیەتی دۆزینەوەکەی دەکرێ، پشتگوێم خستووە."
- برۆکانی سۆفی تاق بوون. "دۆزینەوەی جامە پیرۆزەکە؟"
- لانگدن نائاسودانە سەری بۆ لەقاند و ئەم وشانەی دادێ بە وریاییەوە بۆ دەربڕین؛ "سۆفی، بەگوێرەی ئەفسانەی مریدانی دەستەی برایەتی سایۆن، بەردەکلیلەکە کۆدی نەخشەیەک دەشکێنێ... ئەو نەخشەیەی شوێنی حەشاردانی جامە پیرۆزەکە ئاشکرا دەکا."
- سیمای سۆفی سپی هەڵگەڕا. "کەواتە تۆش پێتوایە، ئەمە خۆیەتی؟"

لانگدن نەیدەزانی چی بڵێ. تەنانت بۆ خۆیشی شتێک بوو هی باوەڕپێکردن نەبوو، کەچی هێشتاش بەردەکلیلەکە تاکە لێکەوتی لۆژیکە، کە دەکرێ لێی هەڵبکرێندرێ. ***بەردێکی کۆدەدار، لەبن نیشانەی هەڵکۆڵدراوی گوڵەڕەز شاردراوەتەوە.***

ئەو بیرۆکەیەی گوایە کریپتیسەکە لەلایەن لیۆناردۆ داڤینشی –مامۆستای گەورەی مریدانی دەستەی برایەتی سایۆن– ەوە نەخشەی کێشرابێ، تیشکدەرەوەی ڕاستییێکی خۆشمجێزانەیە کە ئاماژەیەک بێ، بەوەی هەر بە ڕاستی بەردەکلیلی مریدەکان بێ. ***جێپەنجەی ئەو مامۆستا گەورەیە... بە چەندان سەدە لە دوای ئەوەوە و لەلایەن ئەندامێکی دیکەی دەستەی برایەتی سایۆنەوە بووژاوەتەوە.*** پەیوەندییەکە وا ئاسان نییە بەلاوە بندرێ.

لەو دەیەی دواییدا، مێژوناسەکان لە کڵێساکانی فەرەنسادا بەدوای بەردەکلیلەکەدا گەڕاون. ئەوانەی بەدوای جامەکەدا گەڕان، بە مێژووی کۆدە دووسەرەیەکەی مریدەکانی دەستەی

برایەتی سایۆن بەڵەد بوون، ئیدی گەیشتنە ئەو بەرەنجامە کە la clef de voûte دەقاودەق بەردەکلیلەکە –بەردی بناغەی تەلارسازی-یە و کۆدەکەی لەسەر بەردەکە هەڵکەندراوە و لە بەردی بناغەی تاقی یەکێک لە کڵێساکان داندراوە. ***لە بن نشانەی گوڵە ڕەزکەدایە.*** لەبارەی تەلارسازییشەوە لە نیشانەی گوڵە ڕەزەکانی کەم نەبوو. ***پەنجەرەی گوڵەڕەزییەکان، نەخشونیگاری گوڵگوڵی.*** هەڵبەتە زۆروزەوەندی نەخشی پێنج تاقی، پێنج پەلکە گوڵەڕەزە نەخشاوەکە لە سەرووی هەموو دەروازە تاقێک و ڕاستەوخۆش لەسەر بەردی بناغەکەدا دەبیندرێ. پێدەچی دۆزینەوەی حەشارگەی بەردەکلیلەکە بەڵەدئاسا ئاسان بێ. ئیدی نەخشەی شوێنی دۆزینەوەی جامە پیرۆزەکە لەوێ لە بەرزی تاقێک لە کڵێسەیەکی چۆڵدا داندراوە و گاڵتەی بەو هەموو هاموشۆکارانەیدا دێ، کە بەژێریدا دێن و دەڕۆن.

- "نابێ ئەم کریپتیسە بەردەکلیلەکە بێ،" سۆفی وا مشتومڕی لەسەر شتەکە کرد، "ئاخر ئەمەیان ئەوەندە کۆن نییە. من دڵنیام، باپیرەم ئەم شتەی دروست کردووە. ئەم شتە ناکرێ بەشێک بێ لە ئەفسانە دێرینەکەی جامەکە."
- "لەڕاستیدا،" لانگدنیش وا بەرسڤی دایەوە، هەستیش بە نیشانە شاگەشکەبوونێک لە سەر دەموچاویدا دەکرا، "وا بڕوادەکرێ، بەردەکلیلەکە لەم یەک دو دەیەی دواییدا و لەلایەن مریدانی دەستەی برایەتی سایۆنەوە داهێندرابێ."
- چاوەکانی لە سەرساممییان بریقەیان دەهات. "بەڵام خۆ ئەگەر ئەم کریپتیسە حەشارگەی جامە پیرۆزەکە دیار بخا، کەواتە باپیرەم بۆچی ویستوویەتی شتەکە بگاتە دەستی من؟ ئاخر خۆ من هیچ بیرۆکەیەکم لەبارییەوە نییە و ناشزانم چۆن چۆنی بیکەمەوە. تەنانەت ناشزانم جامە پیرۆزەکەش چییە!"

بۆ مایەی سەرسامی لانگدن دەرکی بەوە کرد ، سۆفی لەم قسەیەیدا ڕاست دەکا. ئاخر کابرا ئەو دەرفەتەی نەبوو سروشتە ڕاستیەکەی جامە پیرۆزەکە بۆ سۆفی ڕوون بکاتەوە. چیرۆکەکە دەبوایە چاوەڕێ بکرابایە. لەو کاتەشدا ئەوان تیشکۆی خۆیان خستە سەر بەردەکلیلەکە.

***خۆ ئەگەر بەڕاستی ئەمە ئەو شتە بێ...***

لەبەرگەکرتنی دەنگی هاشوهوشی تایەی ترومبێلە گوللە نەبڕەکەدا، لانگدن بە خێرایی هەموو ئەو شتەی لەبارەی بەردەکلیلەی گوێ لێببوو، بۆ سۆفی ڕوون کردەوە. وەک دەگوترێ، ئەوە بۆ چەندین سەدەیە، گەورەترین نهێنی مریدەکان شاردنەوەی شوێنی جامە پیرۆزەکەیە، ڕێنمایی شاردنەوەکەش بەدەست نەنووسراوەتەوە. لە پێناوی نهێنیپارێزیدا، لە بۆنەیەکی نهێنیدا

ڕازەکە بە شێوەیەکی زارەکی بە sénéchal سێنێشیال (سەرکار)ی هەڵبژێدراوی نوێدا دەگوترا. هەرچەندە لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا دەنگۆی ئەوە هەبووە، کە سیاسەتی نهێنیپارێزییانەی مریدانی دەستەی برایەتی سایۆن گۆڕاوە. لەوانەیە گۆڕانەکە لە سایەی توانستی سایەکردنە ئەلەکترۆنییە نوێکەوە هاتبێ، لێ مریدەکان سۆزیان دابوو هەرگیز جارێکی دیکە قسە لەبارەی حەشارگەی شتە پیرۆزەکەوە نەکەن.

- سۆفی لێیپرسی: "ئاخر ئەدی چۆن توانیویانە نهێنییەکە بۆ یەکێکی دیکە بگوازنەوە؟"

- "هەرلەبەر ئەوەشە، بەردەکلیل هاتۆتە ئارا،" ئیدی لانگدن بۆی ڕوون کردەوە. "کاتێک یەکێک لە چوار ئەندامە سەرتۆپەکە[173] دەمرێ، هەر سێ ئەندامەکەی دیکە، بەربژارێک لە توێژی خوارەوە هەڵدەبژێرن و پلەی سانشێل سەرکاری پێدەدەن. بەڵام پێش ئەوەی شوێنی حەشارگەی جامە پیرۆزەکە بە ڕاسپێردراوە نوێکە بڵێن، ئەوا تاقی دەکەنەوە ئاخۆ بەربژارەکە دەسەلمێنێ کە شایانی پایەکەیە."

سۆفی کە گوێی لەمە بوو هەندێ ناڕەحەت بوو، لانگدنیش لە هیکەوە ئەمەی بە بیر سۆفی هێنایەوە، کە باپیرەی چۆن ڕاوە گەنجینەی پێکردووە تا بگاتە پاداشتەکەی خۆی. بەدانپێدانراوی، بەردەکلیلەکە شتێکی هاوشانی ئەم ڕامانە بووە. ئینجا دیسان تاقیکردنەوەیەکی بەم جۆرە لە جڤاتە نهێنییەکاندا باو بووە. ناسراوترینیشیان لەم بوارەدا، ماسۆنیەکان بوون، کاتێک ئەندامێکیان بۆ پایەکەی باڵاتر دیاریدەکرا، ئەوا لە بۆنەیەکی تایبەتدا و بە چەندان ساڵی پێشتریش تاقی کراوەتەوە ئاخۆ شایانەی پایەکەیەتی. تا دەشهات ئەرکەکەی سەرشان و تاقیکردنەوەکەی قورستر دەبوو تا ئەوکاتەی بەربژارەکە دەگەیشتە پلەی سی و دووەمینی ماسۆنێتی.

- "کەواتە بەردەکلیلەکە سەلمێنەری ڕادەی شایستایەتییە،" سۆفی وای بە لانگدن گوتەوە. "خۆ ئەگەر (سانشێل) سەرکارێکی نوێی بتوانێ شتەکە بکاتەوە، کەواتە سەلێمنەری ئەو شایستەبوونەیە کە ناوەڕۆکەکی بزانێ."

- لانگدن سەری بۆ لەقاند. "ئەرێ بەڕاست، خۆ من لەبیرم چووبووەوە، تۆ ئەزموونێکت لەو بارەیەوە هەیە."

---

[173] سەرتۆپ: هەرەباڵا

- "نەوەک هەر لەگەڵ باپیرەم، بەڵکو لە کۆدشکاندندا پێی دەگوترێ 'زمانی خۆزاڵی'. کاتێکیش تۆ ئەوەندە زیرەک بی، کە کۆدەکە بشکێنی و بیکەیتەوە، ئەوا ڕێگەت پێدەدرێ هەرچی لە نێویدایە، بیزانی."

- لانگدن بۆ ساتێک دوودڵ بوو. "سۆفی، ئایا پێتوایە، ئەمە هەر بەڕاستی بەردەکلیلەکەیە و باپیرەشت پایەکی دەسەڵاتدارانەی لەنێو مریدانی دەستەی برایەتی سایۆندا هەبووە. ئاخر ئەو چۆن بۆتە یەکێک لە چوار ئەندامە هەرە باڵایەکە."

- سۆفی ئاهێکی هەڵکێشا. "ئەو پیاوە هەرە دەستڕۆیشتووەکەی نێو کۆمەڵگە نهێنییەکەی بوو. من لەوە دڵنیام. دەتوانم بڵێم کۆمەڵگەکەش، مریدایەتی سایۆن بوو."

- لانگدن سەری لێتێکچوو. "تۆ دەتزانی، کە ئەو سەر بە جڤاتە نهێنییەکەیە؟"

- "دە ساڵ بەر لەئێستا هەندێ شتم بینی، کە نەدەبوایە هەر ببینم. لەو کاتەوە قسەمان بە یەکەوە نەکردووە." سۆفی ئیستێکی کرد. "وەنەبێ باپیرەم هەر ئەندامێکی پلە باڵای کۆمەڵەکە بێ، بەڵکو پێموایە دەمڕاستیان بووە."

- لانگدن بڕوای بەم قسەیەی سۆفی نەکرد. "مامۆستای گەورە؟ بەڵام.... خۆ هیچ ڕێگایەک نەبوو، کە تۆ بەم شتە بزانی!"

- "من جارێ لەو بارەیەوە قسە ناکەم." سۆفی ڕووی خۆی وەرگێڕا و دەربڕینەکەشی وەک ئەوەی لەبن ئازاراد تلابێتەوە وابوو.

***ئیدی لانگدنیش حەپەساویانە بە بێدەنگی دانیشتبوو. ژاک سانییێر؟ مامۆستای مەزن؟*** وێڕای دەنگدانەوەی ئەو ڕاستییە ورووژێنەرە، لانگدن هەستێکی ختووکەداریانەی هەبوو بەوەی، بەڵکو هەموو شتێک ڕێکوڕەوان بێتەوە. لەدوای هەموو شتێکدا، مامۆستا مەزنەکانی مریدەکانی دەستەی برایەتی پێشوو، بیچمی ناسراوی دنیای هونەر بوون. لەم چەند ساڵانەی دواییشدا ڕاستیی سەلمێنەر لە کتێبخانەی نیشتمانیی پاریسەوە و لەڕێی ئاشکراکردنی دۆسیەی نهێنییەکانەوە ئاشکرا بوو.

هەموو مێژوونووسێکی دەستەی مریدایەتی و هەموو مشوورخۆرێکی جامە پیرۆزەکە دۆسیەکەیان خوێندبووەوە. لەژێر بەندی 4 Lm 249 دا ئەوەی پێشتر مێژوونووسان گومانیان بۆچووبوو، بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگرانە سەلێمێندرا کە: مامۆستا مەزنەکانی دەستەی مریدایەتی و لەنێویشیاندا لیۆناردۆ داڤینشی، بۆتیچیلی، سێر ئیسحاق نیوتن، ڤیکتۆر هۆگۆ و لە هەمووشیان تازەتر ژان کۆکتوو، هونەرمەندە ناودارەکەی پاریسی بوون.

***باشە بۆچی ژاک سۆنییێریش هەو نەبووبێ***؟

 بە پەی بردن بەوەی، کە ئەمشەو بڕیاربوو لەگەڵ سانییێردا دابنیشێ، دوودڵییەکەی لانگدن چڕتر بووەوە. ***مامۆستا مەزنەکەی دەستەی مریدایەتی سایۆن داوای دیداری منی کردووە؟ بۆچی؟ هەر بۆ کورتە گفتوگۆیەکی هونەرییانە***؟ لەپڕێکەوە شتەکە وا پێنەدەچوو وابێ. هەرچۆنێک بێ، دڵخەبەردانی لانگدن ڕاست دەرچوو، هەر تازە مامۆستا گەورەکەی دەستەی مریدایەتی سایۆن بەردەکلیلە ئەفسانەییەکەی بۆ کچە کوڕەزاکەی گواستۆتەوە و هاوزەمانیش فەرمانی پێکردووە، ڕۆبەرت لانگدن بدۆزێتەوە.

***شتێکە نایەتە بڕواکردن!***

خەیاڵ و ئەندێشەی لانگدن نەیدەتوانی ئەو ڕەوشەی ڕەفتاری سانییێر ڕوون بکاتەوە. خۆ ئەگەر تەنانەت سانییێر لە مەرگی خۆیشی ترسا بێ، ئەوا سێ ڕاسپێردراوی دیکە مابوون کە نهێنییەکەیان بۆ بگوازێتەوە و سەلامەتی دەستەی مریدایەتی پارێزراو بێ.

تۆبڵێی سانییێر ئەو سەرچڵییە گەورەیە چییە کردویەتی، کە بەردەکلیلەکە بگەیەنێتە دەستی نەوەکەی، بەتایبەتیش کە هەردووکیان دەمێکە لێک دابڕاون؟ باشە بۆچی لانگدن... کە تەواو بێگانەیە لە پرسەکەوە بگلێندرێ؟

***ئەڵقەیەکی ئەم مەتەڵە بزرە***. لانگدن لەبەرخۆیەوە وا لەگژ هزران ڕاچوو.

پێدەچێ جارێ هەر لە چاوەڕوانی وەڵامەکان دابێ. لەو کەینوبەینەدا دەنگی گۆڕاوی تایەکان هەردووکیانی بە ئاگا هێناوەیەوە. دەنگی زیخ و چەو لەبەر تایەکان دەهات. ***باشە بۆچی لایدا***؟ لانگدن مەراق ما. ئاخر ڤێرنێ پێیگوتبوون دەیانباتە شوێنێکی سەلامەت لە دەرەوەی شار. ترومبێلەکە هێواشی کردەوە و لە شوێنێکی ڕەقوتەق وەستا. سۆفی نیگایەکی نیگەرانییانەی لە لانگدن بڕی، بە پەلەش کریپتیسەکەی هەڵگرتەوە. لانگدنیش خستیەوە نێو چاکەتەکەی.

کاتێکیش ترومبێلەکە وەستێندرا، هێشتا سلفەکەی نەکوژاندبۆوە، کە دەرکەی پشتەوە خڕەی کردنەوەی لێوەهات. کاتێکیش دوو لای دەرگاکە لەیەک ترازان، لانگدن بەوە سەرسام بوو کە ترومبێلەکە لە شارێگەکە لادراوە و لە ناوچەیەکی بە داروباردا وەستێندراوە. ڤێرنێ لەبەردەم دەرکەکە پەیدا بوو، شەکەتی بە چاوەکانییەوە دیار بوو. دەمانچەیەکیشی لەدەستدا بوو.

- "بەداخەوە بۆ ئەمە،" کابرا وای پێگوتن. "هەر بەڕاستیش هیچ دەرەتانی دیکەم نییە."

## بەندی ٤٩

ئەندرێ ڤێرنێ بە خۆیی و دەمانچەکەی دەستی سەیر دیاربوو، بەڵام چاوەکانی بریسکەیەکی لێبڕاوانەیان لێدەباری، لانگدن هەستی کرد، مایەی هۆشمەندی نییە کابرا تاقی بکرێتەوە.

- "بەداخەوە دەبێ من هەر سوور بم،" ڤێرنێ وای گوت و لوولەی دەمانچەکەی لە هەردوو کەسەکەی پشتی ترومبێلە باربەرەکەی کرد. "دەی سندووقەکە دانێ خوارێ."
- سۆفیش سندووقەکەی توند بە سینگیەوە گرت. "ئاخر تۆ گوتت گوایە برادەری باپیرەم بووی."
- "ئەرکی من ئەوەیە پارێزگاری لە سامانی باپیرەت بکەم." ڤێرنێیش بەم جۆرە وەڵامی دایەوە؛ "ئەوەش دەق ئەو ئەرکەیە کە بە جێی دەگەیەنم. دەی هەر ئێستا سندووقەکە دانێ خوارێ."
- "ئاخر باپیرەم ئەم شتەی بە من سپاردووە! سۆفی وای پێگوتەوە.
- "دەی وەک دەڵێم وا بکە،" ڤێرنێ وای فەرمان بەسەردا کرد و دەمانچەکەشی لێ بەرز کردەوە.

سۆفیش سندووقەکەی دانایە بەر پێی خۆی لە سەر بۆنیتەکە.

ئینجا لانگدن سەیری کرد کە لوولەی دەمانچەکە ئەمجارە ئاراستەی ئەو کرا.

- "مستەر لانگدن،" ڤێرنێ بو وای گوت؛ "تۆ دەبێ سندووقەکەم بۆ بێنی. ئەوەش بزانە بۆیە داوا لەتۆ دەکەم، چونکە هیچ دوو دڵ نیم تەقەت لێبکەم."
- لانگدنیش بە چاوی خۆی ئەوەی بانکەوانەکە کردی بڕوای نەدەکرد. "باشە بۆ وا دەکەی؟"
- "بەلای تۆوە من بۆ وادەکەم؟" ڤێرنێ بەرپەچی دایەوە و بە ئەکسەنتێکی ئینگلیزی ڕەق پێیگوت؛ "بۆ ئەوەی سامانی مەعمیلەکەم بپارێزم."
- "ئاخر ئێستا ئێمە مەعمیلی تۆین." سۆفی لە شوێنی خۆی وای پێ گوت.
- ڤێرنێ ڕووخساری بوو بەبەفر، سەیر وەرگەڕا. "خاتوو نیڤو، من نازانم چۆن ئەمشەو ژمارە حیسابەکەت دەستکەوت، بەڵام دیارە گەمەیەکی قێزەون دەکەی. خۆ ئەگەر بە نیازی تاوانەکەتم بزانییا، هەرگیز ڕێگام نەدەدای لە بانکەکە بچیتە دەرەوە."
- "ئاخر من پێم گوتی." سۆفی وای پێگوتەوە، "ئێمە فرمان بەسەر کوشتنی باپیرەمەوە نییە!"

- ڤێرنێ چاوێکی لە لانگدن کرد. "هەر ئێستا ڕادیۆ ڕایگەیاند، کە تۆ نەوەک هەر بە کوشتنی ژاک سانییێروە تۆمەتباری، بەڵکو بە کوشتنی سێ کەسی دیکەش."
- "چی!" لانگدن لە شوێنی خۆی وەک ئەوی بروسکەیەک لێدا بێ ڕەق بوو. ***سێ کوشتنی دیکەش***؟ ژمارە ڕێکەوتەکە لای ئەو قورستر بوو لە تاوانە سەرەکییەکەی یەکەم. دیارە ڕووداوەکە بە ڕێکەوت نەبووە. ***سێ سانشێلە(سەرکارە)کان.*** نیگای چاوەکانی لانگدن دابەزیەوە سەر سندووقە دار خەنەییەکە. ***خۆ ئەگەر هەر سێ سەرکار کوژرابن، ئەوا سانییێر هیچ دەرەتانی دیکەی بۆ نەمابۆوە. ئەو دەبووایە بەردەکلیلەکە بگەیەنێتە کەسێک.***
- "کاتێ من تۆ ڕادەستی پۆلیس دەکەم، ئەوان دۆزەکە یەکلا دەکەنەوە." ڤێرنێ وای بە لانگدن گوت؛ "من بانکەکەم زێدە لەپێویست لەم دۆخە تێوەگلاندووە."
- سۆفی لە ڤێرنت ڕاما. "ئاشکرایە نیازت وانییە ئێمە ڕادەستی پۆلیس بکەی. خۆ دەکرا بمانگێڕیتەوە بانکەکە. کەچی لەبری ئەوەدا لێرە ڕاتگرتووە و دەمانچەشت لێڕاگرتووین؟"
- "باپیرەت ئێمەی لەبەر یەک هۆ بەکرێ گرتووە، بۆ ئەوەی سامانەکەی هەم پارێزراو بێ و هەم تایبەتمەندیەکەی نەشێوێ. ئەوسا سندووقەکە هەرچییێکی تێدا بێ، نیازی ئەوەم نییە ڕێگا بدەم هیچ پارچەیەکی ببێتە بەڵگەی لێکۆڵینەوەی پۆلیس. مستەر لانگدن، دەی سندووقەکەم بۆ بێنە."
- سۆفیش سەری بادا. "نەخێر نابێ وا بکەی."

ئیدی دەمانچەکە تەقەی لێوە هات، لەسەر سەریان فیشەکێک بە بنمیچی ترومبێلەکە کەوت. لەبەر تەقەکە پشتەوەی ترومبێلەکە هەژایەوە و قەوانی فیشەکەکەش کەوتە سەر بۆنیتەکە.

***بە نەفرەت بێ!*** لانگدن لە شوێنی خۆی ڕەق بووەوە.

- ئەمجارە ڤێرنێ زۆر بەمتمانە بەخۆبوونەوە دەمی کردەوە، "مستەر لانگدن، دەی سندووقەکە هەڵگرەوە."

لانگدنیش دەستی دایە سندووقەکە و بەرزی کردەوە.

- "ئێستا بۆ منی بێنە." ڤێرنێ کە لە پشت دەعامی پشتەوە وەستابوو، سێرەی بەباشی لێگرتبوو، لوولەی دەمانچەکەی بۆ نێو بارگەی ترومبێلەکە ڕاهێشتبوو.

لانگدن کە سندووقەکەی بە دەستەوە گرتبوو، بەرەو دەرگا کراوەکە ڕۆیشت.

***من دەبێ شتێک بکەم!*** لانگدن وا لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە. ***لە ئانوساتی ئەوە دام بەردەکلیلەکەی دەستەی مریدایەتی ڕادەست بکەم!*** کاتێک لانگدن بەرەو دەرگەکە دەڕۆیشت، پێگەی هەڵسانەکەی زۆر وردەکارانە بوو، ئیدی مەراق ما، ئاخۆ دەتوانێ ئەو پێگەیەی لە

بەرژەوەندی خۆی بەکار بێنێ. ئێستا لوولەی دەمانچەی ڤێرنێ لە ئاستی ئەژنۆی ئەو دایە. ***شوێنێکی لەبار بۆ ئەوەی شاپێکی لێبدەم***؟ لێ بۆ بەدبەختی، کاتێ لانگدن لە کابرا نزیک بووەوە، ئەویش هەندێ لە دەرگەکە دوور کەوتەوە، پێدەچوو ڤێرنێ هەستی بە ساتە دژوارەکە کردبێ، ئیدی چەند هەنگاوێک گەڕایەوە دواوە، لە دووری شەش پێیوە پێگەی خۆی گرتەوە، بەم جۆرە لە مەودای شاپەکەی ئەو دوورکەوتەوە.

– "ڤێرنێ فەرمانی بەسەر لانگدندا کرد؛ "دەی، سندووقەکە لە لای دەرگەکە دانێ."

لانگدن مژاری لەبەر دەستدا نەما. دانەوەیەوە و سندووقە دارخەنەییەکەی لەسەر لێواری دەرگای تڕومبێلە باربەرەکە دانا، شتەکەی ڕێک لەبەردەم دەرگا کراوەکەی دانا.

– "ئێستایلێش ، هەڵسە سەر پێ."

خەریکبوو لانگدن هەڵسێتەوە، بەڵام وەستا، چاوی لەو قاوغە فیشەکە بچکۆلە کرد، کە ڕێک لە مەودایەکی گونجاو لەسەر بۆنیتی تڕومبێلەکە کەوتبوو.

– "دەی هەڵسەوە و لە سندووقەکە دوور کەوە."

لانگدن بۆ ساتێکی درێژتر لەشوێنی خۆی چەقی، چاویشی هەر لەسەر ڕێڕەوی دەرگا ئاسنینەکە بوو. ئینجا هەڵسا سەر پێ. کاتێکیش هەڵسا، یەکسەر بە پێ قەوانە فیشەکەکەی خستە نێو سیکەی پێوەدانی دەرگەکە. پاشان بە تەواوی هەڵسا و چەند هەنگاوێک بۆ پشتەوە گەڕایەوە.

– بگەڕێوە لای دیوارەکە و ڕووشت بسووڕێنەوە."

لانگدنیش بەگوێی کرد.

ڤێرنێ هەستی بە ترپەی خێرای لێدانی دڵی کرد. ئیدی بەدەستی ڕاستی سێرەی دەمانچەکەی لێگرتن و بە دەستی چەپەش ویستی سندووقەکە هەڵبگرێ. بۆی دەرکەوت سندووقەکە لەوە قورسترە بە دەستێک بۆی بەرزبکرێتەوە. ***پێویستم بە هەردوو دەستە***. چاوێکی لە هەردوو هەڵاتووەکەی نێو تڕومبێلەکە کرد، حیسابی سەرچڵیەکەشی کرد. هەردووکیان پازدە پێ لێیەوە دوور بوون، لە بنەبانی بارگەکە بوون، تا ڕاددەیەک لەو دوور بوون. ڤێرنێ هەموو شتەکانی لە مێشکی خۆی لێکدایەوە. خێرا دەمانچەکەی لەسەر دەعامیەکە دانا و ئینجا بە هەردوو دەست سندووقەکەی هەڵگرت و لەسەر زەوی دانا، دەمودەستیش دەستی دایەوە دەمانچەکە و سێرەی لە پشتی هەردووکیان گرت. هیچ کامێک لە دوو کەسەکان لە شوێنی خۆیان نەجووڵا.

***تەواوە***. ئێستاش هەموو ئەوەی ماوەتەوە، دەرگەکە پێوە بدا و کڵۆمی بدا. بۆ ساتێک سندووقەکە هەر لەسەر زەوی بوو، دەستی دا ئاسنە ڕاگرەکەی دەرگە و ویستی بەرزی بکاتەوە و دەرگەکە پێوە بداتەوە. کاتێکیش دەرگاکەی بۆ یەک هێناوەیەوە هەر ئەوەندە مابوو

ڕاگرەکە لاببا و دابخرێ. کەچی دەرگەکە بە تەقژنێکەوە بۆ یەک هاتەوە، ڤێرنێیش دەستبەجێ دەسکەکەی گرت و بۆ لای چەپ پاڵی نا. دەرگەکە لەسەر ئانوساتی پێوەدان، زۆری نەمابوو تەواو دابخرێ بەڵام لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی ناچاوەڕوانکراو وەستا، بە تەواوی نەچۆوە جێگەی خۆی. ***ئەوە چی دەگوزەرێ***؟ ڤێرنێ جارێکی دیکە دەرگەکەی پاڵ نایەوە، بەڵام هەر نەچۆوە جێگەی خۆی بە تەواوی دانەخرا. ***خۆ دەرگەکە بە تەواوی پێوەنەدرا***! ئیدی هەستی بە تەوژمە ترسێک کرد، ڤێرنێ بە هێزەوە دەرگاکەی پێوەدا، بەڵام هەر دانەخرا. ***شتێک بەری گرتووە***! ئەمجارەیان ڤێرنێ لێی سووڕا تا بە هەموو شانی دەرگاکە بۆ ناوەوە پاڵ بدا، کەچی ئەمجارەیان دەرگاکە بەهێز بەرەو دیوەی دەرەوە کرایەوە و یەکسەر بە دەموچاوی کەوت و لەجێدا بەپشتی داخست، شکانی کەپووی زۆر بە ئازار بوو. دەمانچەکەشی مەدوایەک لە دووری ئەو کەوتبوو، هەستی بە گەرمایەتی خوێنی کرد کە لە لووتیەوە هات.

ئەوسا لانگدن بازی دایە نزیک ئەو، ڤێرنێش هەوڵی دا هەڵبستێتەوە، بەڵام هیچی نەبینی. لەگەڵ تەکانەکەی بینینەکەی بوولێڵ بوو، دیسان بەپشتدا کەوتەوە. سۆفی نیڤۆش هاواری دەکرد. چەند خولەکێک دواتر، هەستی کرد پەڵە هەورێکی پیس و تۆزاوی بە سەر سەردا باری. گوێی لە زیرەی تایەکان بوو لەسەر خۆڵەکەوە دەهات، ترومبێلەکەش نەیدەکاری لە شوێنی خۆی بسوڕێتەوە. دەعامیەکەی پێشەوەی لە قەدی دارێک گیر بوو. دەنگی مەکینەکە گڕەی دەهات و دارەکەش چەمایەوە. لەکۆتایدا دەعامیەکەی لە نێوەڕاستدا کەرت بوو. دەعامیەکە لەولای ترومبێلەکە کەوت. کاتێکیش گەیشتە سەر جادە و ڕاستەڕێ بوو، تاریکییەکە بە لایتی ترومبێلەکە هەندێ ڕووناک و ئیدی خێرا بۆی دەرچوون.

ڤێرنێ چاوی دوروبەری خۆییەسەر زەویەکەدا گێڕا. لەژێر شەوقە کزەکەی مانگیشدا هیچ شتێکی لەوێ بەدی نەکرد.

سندووقە دارینکەش لەوێ نەمابوو.

## بەندی ٥٠

ترومبێلی جۆری فیات سیدانە نەناسراوەکە لە کۆشکی گاندۆلۆفۆ هاتەدەر، بەنێو بەرزایی گردەکانی (ئالبان)دا بەرەو خوار بۆ ناو دۆڵەکەدا شۆڕبووەوە. لە کورسی پشتەوەشدا، مەتران ئارینگارۆسا خەندەی لەسەر لێو بوو، هەستیشی بە قورسایی دەفتەر چەکەکانی نێو جانتاکەی سەر کۆشی کرد، لەوەش مەراق ما، ئاخۆ چەند کاتی دیکەی بوێ تا شتەکە لەگەڵ ئەوەی لای مامۆستا ئاڵوگۆڕ دەکا.

***بیست ملیۆن یۆرۆ.***

ئەم برە پارەیە بۆ ئارینگارۆسا بە دەسەڵاتێکی بەهادارتر دەگەڕێتەوە.

کاتێکیش لەسەر جادەکەدا، ترومبێلکە خێرا لەسەر ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕۆمای لێدەخوڕی، دیسان ئارینگارۆسا خۆی لەنێو ئەو مەراقە بینییەوە، تۆبڵێی بۆچی تا ئێستا مامۆستا هیچ پەیوەندییێکی پێوە نەکردووە. ئیدی مۆبایلەکە لە بەرکی عەباکەی دەرهێنا، سەیری ئاماژەی وەرگر و نێرەرەکەی کرد، بینی یەکجار کزە.

- "لێرە خزمەتگوزاری وەرگرتنی تەلەفۆن پچڕپچڕە،" شوفێرەکە کە لە ئاوێنەی پێش خۆی سەیری پشتەوەی کرد، وای بە ئارینگارۆسا گوت. "پێنج خولەکی دیکە نابا، لەو شاخانە دەردەچین، ئەوسا خزمەتگوزاریەکە بە باشی دەستپێدەکاتەوە."
- "سوپاست دەکەم." ئارینگارۆسا وای بە شوفێرەکە گوت و لە پڕیش شەپۆلە نیگەرانییێک دایگرت. ***خزمەتگوزاری لێرە لەنێو ئەو شاخانە دەستناکەوێ؟*** لەوانەیە مامۆستا هەوڵی دابێ پەیوەندیم پێوە بکا. کێ ناڵێ شتێکی نەخوازراویش ڕووی نەداوە.

خێرا ئارینگارۆسا لە پۆستی پەیامەکانی نێو مۆبایلەکەی ڕوانی. هیچی تێدا نەبوو. ئینجا دیسان پەی بەوە برد، ئاخر مامۆستاکە هەرگیز پەیامی تۆمارکراو جێناهێڵێ. ئەو بۆ پرسی پەیوەندی کردن، پیاوێکی زۆر وریایە. کەس بەقەد مامۆستا لە دژواریێتی قسەکردن بەهۆی ئەو پەیوەندییە گشتیانەی دنیای نوێ نازانێ. ئەدی هەر ئەو سایەکردنە ئەلیکترۆنییە نوێیە بوو، توانی دەستی بەو هەمو زانیاریە سەرسوڕهێنەرانە ڕابگا.

***هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە، ئەو زیاتر وریایە.***

بۆ بەدبەختیش ئەو وریابوونەی مامۆستا، وایکردبوو هیچ جۆرە ژمارەیەکی پەیوەندی پێوەکردنی نەداتێ. ***هەر من دەستپێشخەری زەنگ لێدان دەبم***، مامۆستا پێشتر ئەمەی پێگوتبوو. ***کەواتە با تەلەفۆنەکەت لە نزیک خۆت بێ***. هەنووکەش ئارینگارۆسا لەوە تێگەیشت، کە لێرە تەلەفۆنەکەی بە باشی کارا نەبوو، ئیدی لەوە دەترسا نەبادا چەند جارێک مامۆستا زەنگی بۆ لێدابێ و بۆی حاسڵ نەبووبێ، ئەوسا گومانێکی خراپی بە مێشکدا هاتبێ.

***دەکرێ ئەو بیری بۆ شتی خراپ چووبێ.***

***یان پێیوابێ من لە بە دەستهێنانی داواکەی سەرنەکەوتووم***.

مەترانەکە سووکە ئارەقەیەکی کرد.

**لەوەش پۆلکتر... وای زانیبێ، من پارەکەم بۆخۆم بردبێ و هەڵاتبم.**

تەنانەت لە خێراییە مامناوەندییەکەی کە شەست کیلۆمەتر بوو لە سەعاتێکدا، ئەو پارچە دەعامییەی پێشەوە کە لەسەر زەوی دەخشا، دەنگێکی وای لێدەهات، گوێی کەڕ دەکردن.

***دەبێ لەسەر ڕێگەکە دەربچین،*** لانگدن وای بیرکردەوە.

تەنانەت ئەو بەئاستەم پێش خۆیشی دەبینی ئاخۆ بەرەو کوێ لێیدەخوڕێ. لایتی ترۆمبێلەکە لە گرێژنە دەرچووبوو، تیشکێکی کز و لاڕێ بوو، بە هۆیەوە نەیدەتوانی پێش خۆی بە باشی ببینێ. دیارە ***زرێبەندییەکەی*** ترۆمبێلەکە هەر بۆ پشتەوە بۆ بارگەکەی بووە، نەوەک پێشەوە.

سۆفیش لەسەر کورسی سەکنەکە دانیشتبوو، لەو سندووقە دارخەنەیەی کۆشی نزببۆوە[174].

- "ئەرێ تۆ باشی؟" لانگدن وای لە سۆفی پرسی.
- سۆفی بە هێدمەگرتووی دیاربوو. "ئەرێ تۆ باوەڕت پێی کرد؟"
- "سەبارەت بە سێ کوشتنەکانی دیکە؟ بێگومان. ئەمەش وەڵامدەرەوەی زۆر پرسە، هەر ئەو شتەش وای لە نامرادێتی باپیرە کردووە، بەردەکلیلەکە ڕادەستی تۆ بکا، هەروەها وەڵامی ئەوەش دەداتەوە، چۆن فاشێ بەو شێلگیرییە بە دوای منەوەیە."
- "نەخێر. مەبەستی من قسەی بانکەوانەکەیە بەوەی دەیەوێ بانکەکە بپارێزێ."
- لانگدن سەیرێکی کرد، "وەک چی؟"
- "بۆ ئەوەی بەردەکلیلەکە بۆ خۆی ببا."
- لانگدن مەزندەی ئەمەی هەر نەکردبوو. "ئاخر ئەو چۆن بزانێ، چی لە نێو سندووقەکە دایە؟"
- "ئاخر بانکەکەی شتەکەی هەڵگرتووە. ئەویش باپیرەمی دەناسی. لەوانەیە شتێکی زانیبێ. بۆیە لای خۆی بڕیاریدابێ جامەکە بۆ خۆی ببا."
- لانگدن سەری بۆ بادا. پێیوابوو ئەستەمە ڤێرنێ لەو جۆرە کەسانە بێ. "لە ئەزموونی مندا، تەنها دوو هۆ هەن وای لەخەڵک کردبێ بە دوای جامەکەدا بگەڕێن. ئەوانەی کە سادەو ساویلکەن و بەڕاستی پێیان وایە بە دوای جامە ونبووەکەی عیسادا دەگەڕێن و دەیدۆزنەوە...."
- "یان؟"

[174] نزبوونەوە: تێرامان، دیقەت لێکردن، سێرەتێگرتن.

- "یان ئەوانەی ڕاستیەکە دەزانن و مایەی مەترسیشە بۆیان. ئاخر لە مێژوودا چەندین دەستە و تاقم هەوڵیانداوە جامەکە بەدەست بێنن تا بیشکێنن و بیفەوتێنن."

بێدەنگییەکەی نێوانیان وای لە دەنگی دەعامیە لەزەوی خشاوەکە کرد پتر بێ و هەراسانیان بکا. ئەوان ئێستا هەر چەند کیلۆمەترێکی کەمیان بڕیوە، خۆ ئەگەر وابڕوا و بریسکە ئاگر لە دەعامیەکەی ژێر تڕومبێلەکە بەرزببێتەوە، دەبێتەی مایەی مەترسی بۆیان. لەوەش هەر گەڕێ، خۆ ئەگەر هەر تڕومبێلێکی دیکە بەلایاندا تێپەڕێ، بێگومان دەبێتە مایەی سەرنج. ئیدی لانگدن هەموو ئەوانەی لەمێشکی خۆی لێک دایەوە.

- "ڕایدەگرم و دەچم سەیری دەکەم ئاخۆ شتێکم پێ لەگەڵ دەعامیەکە ناکرێ." ئینجا تڕومبێلەکی لادا و وەستاندی.

خۆ جارێ هەرهیچ نەبێ دەنگ و هۆڕ نەما.

کاتێک لانگدن بەرەو پێشەوەی تڕومبێلەکە ڕۆیشت، سەرسوڕماوانە هەستی کرد کە وریایە. ئاخر بەم شەوە ئەوە دووەمین جار بوو لووولەی دەمانچەی تێبگیرێ. ئینجا بەهۆی ئەو مۆتەکەیەوە هەناسەیەکی قووڵێ هەڵکێشا، هەوڵیدا چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە. لەچاو ئەوەی کە ئێستا ئەو ڕاوەدوو دەندرێ، هەستی بە قوڕسایی بەرپرسیارێتییەکەی کرد، بەوەی سۆفی کریپتیسێکی لەباوەش گرتووە، نەخشەڕێگای تەلیسماویترین نهێنی جیهانی لە خۆگرتووە.

خۆ ئەگەر بەرگەی شتە گەورەکەش نەگرن، لانگدن پەی بەوە برد، دۆزینەوەی ئەو ئەگەرەی بەردەکلیلەکە بۆ دەستەی مریدایەتی بگەڕێندرێتەوە، لەبارچوو. هەواڵە نوێکەی مردنی هەر سێ کەسە پایەبەرزەکانی نێو دەستەی مریدایەتی، دۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد. ***هەبێ و نەبێ دزە کراوەتە نێو دەستەی مریدەکان. ئەوان ئاشکرا بوونە.*** هەر دەبێ دەستەکە سایەکرابن و لەژێرچاودێری توند داندرابن، یاخود یەکێک لەنێو پایەبەرزەکانی ئەوان خەبەری لێدابن. هەر ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە، ئاخۆ بۆچی ژاک سانییێر هەوڵی داوە بەردەکلیلەکە بگەیەنێتە دەستی سۆفی و لانگدن، چونکە ئەوان کەسانێکن لە دەرەوەی بازنەی دەستەی مریدایەتین، لە ئەگەری ئاشکرابوون بە دوورن. ***ئیدی ئێمە ناتوانین بەردەکلیلەکە بگەڕێنینەوە دەستی مریدانی سایۆن.*** خۆ ئەگەر لانگدن بیرۆکەیەکی وایشی هەبێ، چۆن دەستەی مریدان بدۆزێتەوە، ئەو ئەگەرەی کە هەنگاوێک بۆ ڕادەستکردنەوەی بەردەکلیلەکە بچێتە پێشەوە، تووشی نەیاری خۆی دەبێتەوە. ئیدی هەر بەلای کەمییەوە، بەردەکلیلەکە کەوتۆتە دەستی سۆفی و لانگدن، سا ئەگەر ئەوان بیانەوێ یان نەیانەوێ، ڕەوشەکە وا کەوتۆتەوە.

پێشەوەی تڕومبێلەکە لەوە خراپتر بوو کە لانگدن ڕەچاوی دەکرد. لایتی دەستەچەپی هەر پێوە نەمابوو، هەرچی لای ڕاستەکەشی بوو، وەک چاوی تۆپێک کەوتبوو، پێیدا شۆڕ ببۆوە. لانگدن لایتەکەی ڕاستکردەوە و داینایەوە، بەڵام خۆی نەگرت و بەربووەوە.. تاکە هەواڵی باش،

ئەوەبوو دەعامیەکە پێدا شۆڕببووەوە، خەریکبوو بە تەواوی لێیببێتەوە. ئیدی لانگدن پێیەکی بەهێزی لێدا و هەستی کرد دەتوانێ بە یەکجاری لێیبکاتەوە.
کاتێک بە یەک دوو جار لەسەر یەک بەهێز پێی لە دەعامیەکە دا، لانگدن دەمەتەقێیکەی لەگەڵ سۆفی یاد کەوتەوە. ***باپیرەم پەیامێکی تەلەفۆنی بۆ جێهێشتبووم***، سۆفی وای پێگوتبوو. ***ئەو گوتی پێویست بەوە دەکا، ڕاستییەکەی دەربارەی خێزانەکەی پێ بڵێ.*** ئەوکات، قسەکە هیچ واتایەکی نەدەگەیاند، لێ هەنووکە، کە دەزاندرێ دەستەی مریدانی برایەتی تێوەگلاوە، لانگدن هەستی بە ئەگەرێکی نوێی سەرهەڵدراو کرد.
ئیدی لە پڕێکەوە بە تەقەیەک دەعامیەکە لە شوێنی خۆی ترازاو بەربۆوە سەر زەوی. لانگدن پشووێکی دا و هەناسەیەکی هەڵکێشا. خۆ هەر هیچ نەبێ دەعامیەکە لێبووەوە لە کۆڵ تەقەتەقەکەی بوونەوە. ئەویش دەستی بۆ دەعامییەکە برد و فڕێی دایە نێو داروپرچکی ئەوێ، مەراقیش ما ئاخۆ هەنگاوی داهاتوویان بەرەو کوێ بێ. ئاخر هیچ بیرۆکەیەکیان نەبوو، کە کریپتیسەکە چۆن دەکرێتەوە، یاخود بۆچی سانییر شتەکەی بەوان سپاردووە. بۆ بەدبەختیش، پێدەچی مانەوە و دەربازبوونی ئەمشەویان بەند بێ بەوەی چۆن وەڵام بۆ ئەم هەموو پرسە زۆروزەوندانە بدۆزنەوە.
***ئێمە پێویستیمان بە یارمەتی هەیە***، لانگدن لای خۆی وا بڕیاری دا. ***یارمەتییێکی لێزانانە.***
لە جیهانی جامە پیرۆزەکە و مریدایەتی سایۆن، واتای وایە کە تەنها یەک پیاو هەیە. هەڵبەتە، بۆ ئەم دارِسانەش دەبێ بیرۆکەکە لەگەڵ سۆفیدا تاوتوێ بکا.

لەنێو ترومبێلە زرێدارەکەدا، لەو کاتەی سۆفی چاوەڕێی لانگدنی دەکرد بگەڕێتەوە نێو ترومبێلەکە، هەستی بە قورسایی سندووقە دار خەنەیەکەکە کرد کە لەسەر کۆشی بوو، لێشی هەراسان بوو. ***باشە بۆچی باپیرەم ئەم شتەی داوەتە من***؟ ئاخر ئەو تەنانەت کەمترین بیرۆکەی دربارەی شتەکە نەبوو.
***سۆفی، دەی بیربکەوە! مێشکی خۆت بەکار بێنە. ئاخر باپیرەت هەوڵی داوە شتێکت پێ بڵێ!***
سەری سندووقەکەی کردەوە، سەیرێکی خەپلەی کریپتیسەکەی کرد. ***سەلمێنەری شایستەیتی.***
سۆفی هەستی بە جێپەنجەی دەستکاری باپیرەی کرد. ***بەردەکلیلەکە نەخشەیەکە هەر لایەقی[175] بە دواوەیە***. وەک ئەوەی قسەکە هی دەمی باپیرەی بێ.
سۆفی کریپتیسەکەی لەنێو سندووقەکە دەرهێنا، پەنجەی بۆ سەر خەپلەکانی برد. ***پێنج پیتەکان.*** ئەو خەپلەکەکانی یەک لەدوای یەک سووڕاند. چۆنیەتی خولخواردنی خەپلەکان ڕەوانانە بوو. جومگەی خەپلەکانی وا بادا بە شێوەیەک پیتەکان بکەونە ئاستی یەک و لە کۆتایی لوولەکەدا

[175] لایەق: شایستە.

وشەیەک پێکبهێنێ، وشەکەش وەک سۆفی دەیزانی لەبەر ئاسانییان پێنەدەچوو ڕاست و دروست بێ.

G-R-A-I-L

بە هێواشی هەر دوو سەری لوولەکەکەی بۆ یەک هێنانەوە بەڵام شتەکە لە شوێنی خۆی نەجولا. سۆفی گوێی لە دەنگی شووشە سرکەکەی نێوی بوو، سیرەیەکی لێوەهات، دەستبەجێ لە پاڵدانەکە وەستا. هەوڵیدا وشەیەکی دیکە تاقی بکاتەوە.

V-I-N-C-I

دیسان هیچ جووڵەیەک پەیدا نەبوو.

V-O-U-T-E

هیچ نەبوو. کریپتیسەکە هەر بە نەکراوەیی لە شوێنی خۆیدا مایەوە.

برۆکانی گرژ بوون، ئینجا شتەکەی خستەوە نێو سندووقەکە دار خەنەییەکە و سەرەکەی داخستەوە. سەیری دەروەی کرد، لانگدن لەوێ وەستا بوو، هەستی بە پێزانینێک کرد کە ئەمشەو لانگدنی لەگەڵ دایە. ***پی ئێس لانگدن بدۆزەوە***. ئیدی مەبەستی باپیرەی لەوەی ئەویش ئەمشەو تێوە بگلێنێ، ڕوون و ئاشکرا بوو. ئاخر سۆفی هی ئەوە نەبوو بە تەواوی لە نیازی باپیرەی بگا، هەر بۆیە هاوکارێکی وەک لانگدنی بۆ پەیدا کرد تا ڕێنوێنی بکا. مامۆستای ئەودیو زێیەکان ڕێنوێنی نەوەکەی بکا. بەڵام بۆ بەدبەختی خودی لانگدن، ئەو ئەمشەو لە مامۆستایەک زیاتری لێدەرچوو. ئەو بووە ئامانجی ڕاوەدوونانی بێزو فاشێ.... و هەندێ هێزی نەبیندراو تا دەستیان بە جامە پیرۆزەکە ڕابگا.

***ئەوسا جامەکە هەرچییەکی لێ دەربکەوێ.***

سۆفیش مەراق ما، تۆبڵێی ئەوەی لەم شتەی دەدۆزنەوە ئەوەندەی ژیانی ئەو شایستە بێ.

کاتێک سەر لەنوێ ترومبێلەکە کەوتەوە سەر جادە خێرایەکە و تیژ تێدەپەڕی، لانگدن ئاهێکی پێداهاتەوە، چونکە ئەمجارەیان بە ڕەوانی دەیتوانێ لێبخوڕێ. "ئەرێ دەزانێ چۆن خۆمان بگەیەنینە ڤێرسای؟"

- سۆفی چاوێکی لێکرد. "دەتەوێ ئاکاری شارەکە ببینی؟"
- "نەخێر، بەڵکو نەخشەیەکم هەیە. لەوێ مێژوونووسێکی ئاینەکان هەیە، دەزانم لە شوێنێک لە نزیکی ڤێرسایدا دەژی. بە دروستیش بیرم ناکەوێتەوە کوێیە، بەڵام دەکرێ لێی بگەڕێن و بیدۆزینەوە. ئەو مێژوونووسێکی دێرینەی پاشایەتی بەریتانیی بوو."
- "ئینجا ئەو لە پاریس دەژی؟"

- "ژیانی (تیبینگ) عەودالییە بە دوای جامەکە. کاتێک بەر لە پازدە ساڵ سرتەی بەردەکلیلی دەستەی مریداتی سایۆنی گوێ لێبوو، خۆی پێنەگیرا و کۆچی کردە فەڕانسە و هەڵوەدای ئەوەبوو بەڵکو لە کڵێسەکانی فەرەنسادا شتێکی لەو بارەیەوە دەست بکەوێ. ئەو چەند کتێبێکی لەسەر بەردەکلیلەکە و جامەکە نووسیون. دەکرێ لە چۆنیەتی کردنەوەی ئەم شتەدا کۆمەکمان بکا، یان چۆن ڕەفتاری لەگەڵدا بکەین."
- چاوەکانی سۆفی وریاییان لێدەباری. "دەکرێ متمانەی پێبکەی؟"
- "متمانەی بۆ چ شتێک پێ بکەین؟ بەوەی زانیارییمان لێنەدزێ؟
- "لەوەش دەستمان لێ بەر نەدا."
- "من بەنیاز نیم پێی بڵێم، کە پۆلیس بەدوامانەوەیە. خواخوامە جارێ بمانگرێتە خۆی تا ڕێگە چارەیەک دەدۆزینەوە."
- "ڕۆبەرت، خۆ ئەوە دەزانی، هەمو و کەناڵە خۆجێیەکانی فەرەنسە ئامادەن وێنەکانی ئێمە پەخش بکەن؟ بێزو فاشێ هەردەم میدیا بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار دێنێ. ئیدی ئەو کارێکی وای کردووە ئەستەمە بە ئاسانی، بێ ئەوەی نەناسرێینەوە بگەڕین و بسووڕێین."

شتێکی تۆقێنەرە، لانگدن وای بیرکردەوە. ***یەکەمین دەرکەوتنم لەسەر تەلەفزیۆنە فەرەنسییەکان بەوەیە کە "لەپاریس ڕاوەدوونراوترین پیاوە."*** خۆ بەلای کەمییەوە ئەمە (جۆن فاوکمان) دڵخۆش دەکا، ئاخر هەر جارێک، لانگدن ببێتە مایەی هەواڵێک، ڕادەی پڕفرۆشی کتێبەکانی بە بازدان هەڵدەکشا.

- "ئایا ئەم پیاوە بایی خۆی برادەرێکی باشە؟" سۆفی وای لێپرسی.

لانگدن بەگومان بوو لەوەی تیبینگ ئەوکەسە بێ سەیری تەلەفزیۆنی کردبێ، نەخاسمە لەم ساتەوەختەی شەوەدا، بەڵام هێشتاش پرسیارەکە هی ئەوە بوو بە هەند هەڵبگیرێ.

دڵی لانگدن وای خەبەردا، کە (تیبینگ) دەکرێ بە تەواوی جێگەی بڕوا بێ. شوێنێکی نموونەیی بۆ خۆ لێحەشاردان. بە لێکدانەوەی ڕەوشەکە، پێدەچێ تیبینگ ئەوەی لەدەستی بێ یارمەتییان بدا. ئەمەش وەنەبێ لەبەرخاتری دووچاوی کاڵی لانگدن بێ، بەڵکو تیبینگ بە خۆی عەودالی جامە پیرۆزەکەیە، ئەگەر بشزانێ باپیرەی سۆفی مامۆستای گەورەی دەستەی مریدانی سایۆن بووە، ئەوا هەر سڵ لە یارمەتیدانیان ناکاتەوە.

- "دەکرێ تیبینگ هاوکارێکی بە دەسەڵات بێ،" لانگدن وای بە سۆفی گوت. ***بەڵام ئەوەش دەکەوێتە سەر ئەوەی ئێمە چەند زانیاریی بۆ هەڵدەڕێژین.***
- "لەوانەیە فاشێ بۆ گرتنمان پاداشتی پارە دابنێ."

– لانگدن پێکەنی. "بڕوام پێبکە، دوا شت کە ئەم کابرایە پێویستی پێ بێ، پارەیە." تیبینگ بەقەد چەند دەوڵەتێکی بچووک دەوڵەمەندە. ئەو میراتگری یەکەمین دۆقی بەریتانییە لە لانکستەر، ئەو لەڕێگە نەریتییەکە، بە میرات سامانەکەی بۆ ماوەتەوە. ئەو موڵکوماڵەی لە دەرەوەی پاریس هەیەتی، قەڵایەکی کۆنینەی سەدەی حەڤدەهەمینە کە دوو دەریاچەی تایبەتی تێدان.

بۆ یەکەمجار لانگدن لەڕێی بەرنامەیەکی بی بی سی بەریتانی، پیاوەکەی بینی. تیبینگ بەرنامەیەکی دۆکیومێنتاری خستبووە بەردەم ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بی بی سی، بەوەی لە مێژووی جامە پیرۆزەکەدا بکۆڵێتەوە. دامەزراوەی بی بی سیش ئەو کار و خۆتەرخانکردن و لێکۆڵینەوە بەجۆشەی تیبینگی بەرز نرخاندبوو، بەڵام لەوە دەترسا بابەتەکە زۆر هەژێنەر و سەرسامهێن بێ و بە ئاسانی لەلایەن کەسی وەرگرەوە قووت نەدرێ، بۆیە دواجار لە دنیای ڕۆژنامەگەریدا ناووبانگی دەزگاکەی پێ ناشیرین و لەکەدار بکرێ. ئیدی لەسەر ڕاسپاردەی تیبینگ، بی بی سی گومانەکەی بەوە ڕەواندەوە، کە سێ مێژوونووسی ناودار لە هەر چوار گۆشەی دنیایێ دەستنیشان بکەن و بابەتی دۆکیومێنتارییەکەی بۆ بنێرن تا پشتڕاستی بکەنەوە، هەر هەمووشیان هاوکاربوون بەوەی سروشتە سەیر و نهێنییەکەی جامە پیرۆزەکە لە لێکۆڵیینەوکانیان ڕەنگی دابێتەوە.

لانگدنیش یەکێ لە مێژوونووسە دەستنیشانکراوەکان بوو.

پاشان بی بی سی بە فڕۆکە لانگدنی گەیاندە سەر موڵکوماڵەکەی تیبینگ لە پاریس و هەر لەوێش فیلمەکەیان گرت. ئیدی ئەو لە ژوورە فرە کەشخە و نایابەکەی تیبینگ دانیشت و مێژووی بابەتەکەی لەگەڵ ئەواندا بەش کرد، سەرەتا دەبوایە پێی لە گومانی خۆی سەبارەت بە ڕاستی و دروستی هەبوونی چیرۆکی جامە پیرۆزەکە بنابایە، پاشان ڕایگەیاند لێکۆڵینەوەی چەندین ساڵەی گەیاندوویەتیە سەر ئەو بڕوایەی، کە بڵێ چیرۆکەکە شتێکی ڕاستە. لە کۆتاییشدا لانگدن هەندێ لە لێکۆڵینەوەکانی خستەڕوو، ئەویش زنجیرەیەک پەیوەندی هێماناسیی بوو، کە بە هێزەوە داخوازییە نەریتییەکەی سەبارەت بە جامە پیرۆزەکە پشتڕاست دەکردەوە.

کاتێکیش بەرنامەکە لە بەریتانیا پەخش کرا، وێڕای توند و تۆکمەیی بەڵگەکانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارەکە بەوەی دژی باوەڕی چەسپاوی کریستیانێتی بوو، کەچی ڕووبەڕووی نەیارێتی بووەوە. بۆیە هەرگیز بەرنامەکە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پەخش نەکرا،

بەڵام سەدای بەرنامەکە پەڕیبووەوە ئەودیو زێیەکانیش. کەمێکیش دوای بەرواری پەخشکردنی بەرنامەکە، لانگدن لە کۆنە برادەرێک، کە مەترانێکی کاسۆلیکی فیلادیلڤیا بوو نامەیەکی پێگەیشت، کارتەکەش بە لاتینی ئەوەی لەسەر نووسرابوو: ***ڕۆبەرت، تۆش؟***

- "ڕۆبەرت،" سۆفی وای لێ پرسی، "تۆ دڵنیای پیاوەکە جێی متمانەیە؟"
- "بە دڵنیاییەوە. ئێمە هاوڕێین، ئەو پێویستی بە پارە نییە، ئەوەش دەزانم ئەو ڕقی لە دەسەڵاتدارە فەرەنسییەکانە. حکومەتی فەڕەنسی بە هۆی ئەوەی شوێنەوارێکی مێژوویی فەرەنسی کڕیوە، باجێکی زۆری خستەسەر. ئەو بەئاسانی ئێمە ناداتە دەست فاشیَ."
- سۆفی چاوی لە دەرەوە، لەسەر ڕێگا تاریکەکە بوو. "ئەگەر ئێمە بچینە ئەوێ، تاچەند حەزت دەکەی شتەکەی پێ بڵێی؟"
- لانگدن وادیاربوو خەمی ئەم شتەی نەبێ. "بڕوام پێ بکە، (لای تیبینگ) لە هەموو کەسێکی سەر ئەم زەمینە پتر دەربارەی دەستەی مریدایەتی سایۆن دەزانێ."
- سۆفی چاوێکی لێکرد. "زیاتر لە باپیرەشم؟"
- "مەبەستم ئەوە بوو پتر لەهەر کەسێکی دەرەوەی بازنەی دەستەی مریدایەتی."
- "باشە چۆن دەزانی تیبینگیش ئەندامێکی دەستەی مریدایەتی نییە؟"
- "تیبینگ هەموو ژیانی خۆی لەپێناوی ئەوەدا خەرج کردەوە، ڕاستیی جامە پیرۆزەکە بۆ خەڵک ئاشکرا بکا. سوێندی دەستەی مریدایەتیش ئەوەیە سروشتی ڕاستییەکە حەشار بدەن."
- "شتەکە وا دەردەکەوێ، بەرژەوەندییەکانیان تێک نەکاتەوە."

لانگدن لە پەرۆشییەکەی تێگەیشت. ئاخر سانییر ڕاستەوخۆ کریپتیسەکەی ڕادەستی سۆفی کردبوو، هەرچەندە سۆفیش نەیدەزانی ناوەخانەکەی چی تێدایە، لێ سۆفی هەر دوودڵ بوو لەوەی کەسێکی لایدەی[176] تێوەبگلێنێ. بە گوێرەی لێکدانەوەی ناوەڕۆکە مۆرکراوەکەی شتەکە، دڵخەبەردانەکەی لەمەڕ شتەکە لەجێی خۆی دابوو. "پێویست ناکا دەستبەجێ باسی بەردەکلیلەکە بۆ تیبینگ بکەین. یاخود هەر باسی بۆ بکەین. خانووەکەی ئەو هەنوانێکمان دەداتێ کە خۆمانی تێدا حەشار دەین و بیر بکەینەوە، لەوانەشە کاتێ باسی جامە پیرۆزەکەی لەگەڵدا بکەین، بیرۆکەیەکت بۆ بێ کە بۆچی باوکت جامەکەی بە تۆ سپاردووە."

- "بە ئێمەی سپاردووە،" سۆفی وای بەبیر لانگدندا هێنایەوە.

لانگدن هەستی بە شانازییێکی سادە کرد، هێشتاش هەر مەراقی ئەوە بوو، ئاخۆ بۆچی سانییر ئەوی لە پرسەکە هەڵقورتاند.

- "کەم تا زۆر دەزانی، مستەر تیبینگ لەکوێ دەژی؟" سۆفی وای لێپرسی.
- "زەویوزارەکەی پێیدەگوترێ شاتو ڤیلیێ."
- سۆفی نیگایەکی سەیری تێبڕی. "شاتو ڤیلێتەکە؟"

[176] لایدە: بێگانە، غەریبە. نامۆ.

- "ئەمەیان یەکێکیانە."
- "برادەری ڕێکوپێک"
- "ئایا تۆ بە زەویوزارەکە بەڵەدی؟"
- "من بەویدا ڕەت بووم. شوێنەکە لە دەڤەری کۆشکەکانە. بیست خولەک لێرەوە دوورە."
- لانگدن برۆکانی تێکنان. "ئەوەندە دوور؟"
- "بەڵێ، ئیدی لەو ماوەدا بەشی ئەوە دەکا باسی ئەوەم بۆ بکەی، کە ماکی جامە پیرۆزەکە چییە."
- لانگدن ساتێک بێدەنگ بوو، پاشان. "کاتێک دەگەینە ماڵی تیبینگ شتت پێدەڵێم. ئەو و من لەچەند ڕووی جیاوازی ئەفسانەکەوە پسپۆڕین، کەواتە لەنێوان هەردووکماندا، تەواوی چیرۆکەکەت بۆ دەردەکەوێ." لانگدن بزەیەک گرتی." لەپاڵ ئەوەشدا، جامەکە ژیانی تیبینگ بووە، بیستنی چیرۆکەکەی جامی پیرۆز لە دەمی تیبینگەوە وەک ئەوە وایە بیردۆزی ڕێژەیی لە خودی ئاینشتانەوە ببیستی."
- "دەی با هیوای ئەوە بخوازین کە بە میوانی ناوەخت دڵتەنگ نەبێ."
- "هەر بۆ زانیاری زیاتر، ئەو (سێر لای تیبینگ)ە." لانگدن تەنها یەک جار هەڵەیەکی وای کردبوو. "تیبینگ کەسایەتییکی جیاوازە. چەند ساڵێک بەر لەئێستا لە لایەن شاژنی بەریتانیا و بە هۆی مێژوو چڕوپڕەکەی لەمەڕ ماڵی (یۆرک)ەوە کرابووە سوارچاک."
- سۆفی ئاوڕێکی لێدایەوە. "بەڕاست، تۆ گاڵتەم پێدەکەی؟ ئێمە دەچینە سەردانی سوارچاکێک؟"
- لانگدن بزەیەکی ناڕەحەتیانەی بۆ کرد. "سۆفی، بە دوای جامەکەدا دەگەڕێین. ئاخر لە سوارچاکێک باشتر بۆ یارمەتیدان، کێی دیکە هەیە؟"

# بەندی ٥٢

ئەو ڕووبەرە پانوبەرینە ١٨٥ ئەکرەیەی ڤیلای شاتۆ، بیستوپێنج خولەک لە باکووری ڕۆژئاوای پاریس بەرەو قەراغی ڤێرسای هەڵکەوتووە. کۆشکە قەڵاتەکە لە ١٦٦٨دا لە لایەن تەلارساز فرانسیسکۆ مانسارت بۆ کۆنتی ئاوفالی دروست کراوە، کۆشکەکە یەکێک بوو لە کۆشکە قەڵا دیرۆکییە هەرە بەرچاوەکانی پاریس. کۆشکەکە بە دوو دەریاچەی لاکێشەیەی و باخەکانی لە نەخشەکێشانی لی نۆترییە بووە، شوێنەکەی وا لێکردووە زیاتر لە قەڵایەکی هاوچەرخانە بچێ لەوەی لە میوانخانە. ئەم موڵکوماڵەش هەنووکە بە ناوی (لا پێتیتی ڤێرسای) ناسراوە.

لانگدن ترومبێلە زرێدارەکەی لە دووری کیلۆمەترێک و نیو لە دەروازەی شوێنەکە ڕاگرت. لەپشت دەروازە ئاسایشپارێزەکەی نشینگەی سێر لای تیبینگدا، چیمەنەکە هەر لەدوورەوەڕا دیار بوو. نیشانەی دەروازەکە بە ئینگلیزی نوسرابوو: *پاوان. بۆ لێچوونە ژوور نییە.*

بۆ ئەوەی شوێنەکە زیاتر بە دوورگەیەکی بەریتانی بچێ، تیبینگ نەوەک هەر ئاماژە نووسراوەکانی پاوانەکەی بە ئینگلیزی نووسیبوو، بەڵکو ڕێگای چوونە ژوورەوەشی لەسەر سیستمی بەریتانی دەستە ڕاست دانابوو کە دیاریشە لە سەرجەم ئەوروپادا بەدەر لە بەریتانیا ڕێگاوبان دەستە چەپانەیە.

- کاتێ سۆفی ئەو شوێنە پەیوەندییە ناجۆرەی بینی، ئاورێکی سەیری لە لانگدن دایەوە. "باشە ئەگەر یەکێک بە تەنیا هاتە ئێرە و هیچ سەکنی لەگەڵدا نەبوو، چی بکا؟"
- "هەر پرسیار مەکە." ئاخر پێشتر لانگدن ئەم باس و خواسەی لەگەڵ تیبینگ کردبوو. "ئەو شتەکانی وا پێباشە لەسەر شەقڵ و شێوەی نیشتمانەکەی بێ."
- سۆفیش جامی دەرگەی لای خۆی هێنایە خوارەوەوە. "ڕۆبەرت، باشتر وایە تۆ قسە بکەی."

لانگدنیش شێوەی دانیشتنی خۆی گۆڕی، بەسەر سۆفیدا نوشتایەوە و پلی لە دوگمەی زەنگی دەروازەکە نا. کاتێک وای کرد، بۆن و بەرامەی سۆفی بەر لووتی لانگدن کەوت، ئیدی پەی بەوە برد چەندی لێنزیک بۆتەوە. بۆ ساتێک، ئەو هەر بەو شێوەیە، بەو بارە ئاڵۆزە هەستیارە مایەوە، تا ئەوکاتەی زەنگەکە کەوتە کار و یەکێک لەو دیوەوە دەنگی لێوەهات.

لە کۆتاییدا زەنگی دەروازەکە کرتەیەکی لێوەهات و یەکێک لەودیوەوە بە فەرەنسییەکی هەراسانکەرەوە کەوتە وەڵام. "شاتۆ ڤیلێی، کێیە زەنگ لێدەدا؟"

- "من ڕۆبەرت لانگدنم،" لانگدن لە زەنگەکە وا کەوتە دوان، ملیشی بەسەر کۆشی سۆفی بۆ لای جامی درگاکە درێژ کردبووەوە. "من برادەرێکی سێر لای تیبینگم. پێویستیم بە یارمەتی ئەو هەیە."
- "گەورەکەم ئێستا نوستووە، هەروەک چۆن منیش نوستبووم. باشە چ ئیشێکت پێی هەیە؟"
- "ئیشێکی تایبەتم پێی هەیە. یەکێک لەو شتانەی کە زۆر جێی بایەخی ئەون."
- "کەواتە دڵنیام ، ئەویش زۆری پێ خۆش دەبێ کە بەیانی بتبینێ."
- لانگدن هەندێ لەباری قورساییەکەی خۆی بۆسەر باوەشی سۆفی گۆڕی. "ئاخر ئیشەکە زۆر گرنگە."
- "کاتێ سێر لای تیبینگ خەوتبێ و تۆش برادەری ئەو بی، خۆ دەزانی، هەنووکە تەندروستی باش نییە، بۆیە ناکرێ هەڵیبستێنم."

سێر لای تیبینگ هەر لە منداڵییەوە تووشی جۆرە گۆجییێک ببوو، هەنووکەش ڕەوشەکەی لێ خراپتر ببوو، بۆیە بە دوو داردەست دەڕۆیی، بەڵام لەدوا دیداریدا، لانگدن ئەوی زۆر بە جۆش و خرۆش بینیبوو. "ئەگەر زەحمەت نەبێ، پێیبڵێ من زانیارییێکی نوێم دەربارەی جامەکە هێناوە. زانیارییێک ناکرێ تا سبەینێ ڕابگیرێ."

ئیدی بێدەنگییێکی درێژ هاتە ئارا.

لانگدن و سۆفی لە شوێنی خۆیان وەستان و مەکینەی ترومبێلەکەش هەر دەنگی دەهات.

خولەکێکی ڕەبەق بەسەر چوو.

لەدواییدا، کەسێک لە زەنگەکە کەوتە قسەکردن. "ئای پیاوە باشەکە، پێموابێ هێشتا هەر لەسەر کاتبەندی هارڤاردی." دەنگەکە دەنگێکی شەکەت بەڵام ڕوون بوو.

لانگدن مسکە[177] بووەوە، ئەکسێنتە قورسەکەی ماخۆی دەنگەکەی ناسییەوە. "(لای)، داوای لێبوردنت لێدەکەم، کە بەم ناوەختە بێدارت دەکەمەوە."

- "پێشخزمەتەکەم پێیگوتم، تۆ نەوەک هەر لە پاریسی، بەڵکو باسی جامەکەش دەکەی."
- "پێموابوو بەمە لە نێو پێخەفەکە هەڵت دەسێنمەوە."

[177] مسکە بووەوە: خەندە گرتی.

- "هەر واش بوو."
- "ئەریێ دۆستە دێرینەکەم، دەرفەتێک نییە بۆ دەرگا کردنەوە؟"
- "ئەوانەی بە دوای ڕاستییدا دەگەڕێن، لە برادەر زیاترن. ئەوان بران."

لانگدن چاوێکی لە سۆفی کرد. ئاخر بە پەرۆشی و شتە سەیرەکانی تیبینگ بەڵەد بوو.

- "هەڵبەتە دەرگات لێدەکەمەوە." تیبینگ وا لەشوێنی خۆی جاڕی دا. "بەڵام، سەرەتا دەمەوێ بزانم ئاخۆ دڵەکەت ڕاستە. تاقیکردنەوەیەک لەسەر شەرەفی تۆ دەکەم. دەبێ سێ پرسیارم وەڵام بدەیتەوە."
- لانگدن ئاخێکی هەڵکێشا و بەسرتەیەکیشەوە بە سۆفی گوت؛ "لەگەڵ من بەرگەی بگرە. هەروەک بۆم باس کردی، ئەو کەسایەتییێکی سەیروسەمەرەی هەیە."
- "پرسیاری یەکەم،" تیبینگ بە تۆنە دەنگێکی هێرکولیسیانە کەوتەوە قسەکردن؛ "باشە فەرمووی قاوەت لێبکەم یاخود چا؟"
- لانگدنیش هەستی تیبینگی دەربارەی دیاردەی قاوەی ئەمریکانی دەزانی، بۆیە خێرا وەڵامی دایەوە؛ "چا، چای (ئیرل گرێ)ی."
- "نایابە. پرسیاری دووەم. بە شیر یان بە شەکر؟"

لێرەدا لانگدن دوودڵ بوو.

- "بە شیر،" سۆفی بە نەرمییەکەوە ئەم وشەیەی چرپاندە گوێی لانگدن. "پێموایە ئینگلیزەکان چا بە شیر دەخۆنەوە."
- "بە شیر." لانگدن لە زەنگەکە وای وەڵامی کابرا دایەوە.

بێدەنگیی.

- "شەکر؟"

تیبینگ هیچ وەڵامی نەبوو.

***بوەستە***! ئیدی لانگدن شەرابە تاڵەکەی بیرکەوتەوە کە لە دوادیداریدا تیبینگ پێشکەشی کردبوو، ئینجا لە ئاینوئۆینی پرسیارەکە گەیشت. "لیمۆن!" ئیدی بانگی کرد "چای ئیرل گرێی بە لیمۆنەوە."

- "بێگومان." شادی بە دەنگی تیبینگەوە دیاربوو. "لە کۆتاییدا، پرسیارە هەرە قورسەکە دەکەم." تیبینگ کەمێک بێدەنگ بوو، ئینجا بە شکۆیەکەوە کەوتەوە قسە؛ "باشە لە چ ساڵێکدا بوو، سەوڵڵێدەرانی هارڤارد لە سەر ئاوی (هێنلی) لە پیاوانی ئۆکسفۆردیان بردەوە؟"

- لاندن حەشتەبای خوای لەو بارەیەوە نەدەزانی، بەڵام دەیتوانی تاکە هۆکاری پرسیارکردنەکە بێنێتە بەرچاوی خۆی. "بە دڵنیاییەوە ئەم گاڵتەجاڕییە هەرگیز ڕوووینەداوە."

- سیڕەی دەرگا کرانەوەکە هات. "برادەرەکەم، دڵت ڕاستە. فەرموو وەرە ژوور."

- "جەنابی ڤێرنێ!" بەڕێوەبەری شەوانەی بانکی زیوریخ بۆ کەلوپەلی ڕاسپاردەیی، دڵخۆش بوو بەوەی لە تەلەفۆن گوێی لە دەنگی سەرۆکی بانکەکە بوو. "
- "بەڕێز ئەوە بۆ کوێ چووی؟ پۆلیس پێرەی وەرکردووە، هەمووان چاوەڕێی تۆن!"
- "من گرفتێکی بچووکم هەیە،" سەرۆکی بانکەکە بوو قسەی دەکرد، دەنگیشی خەمی لێدەباری. "من هەر ئێستا پێویستیم بە یارمەتی ئێوە هەیە."

***تۆ زیاتر لە وردە کێشەیەکت هەیە***، بەڕێوەبەرەکە لەبەرخۆیەوە وا بیری کردەوە. پۆلیس بە تەواوی دەوروخولی بانکەکەی داوە و هەڕەشەی ئەوەش دەکا، کە کاپتنی پۆلیسی دادوەری خۆی مۆڵەتنامەی دادوەری بێنێ. "باشە بەڕێزم، چی بکەم؟"

- "ترومبێلە زرێدارەکەی ژمارە سێ. دەمەوێ بدۆزرێتەوە."
- مەتەڵئاسا، بەڕێوەبەرەکە لەخشتەی شت گەیاندنەکانی بەردەستی گەڕا. "لێرەیە. لێرە لە خوارەوە لە شوێنی بارکردنەکەدا ڕاگیراوە."
- "لەڕاستیدا لەوێ نییە. ترومبێلە باربەرەکە لە لایەن دوو کەس، کە هاتنە نێو بانک و پۆلیس بەدوایاندا دەگەڕێ، دزراوە."
- "چی؟ ئاخر ئەوان چۆن توانیان بیبەنە دەرەوە؟"
- "ناتوانم وردەکارییەکەی لە تەلەفۆندا ڕوون بکەمەوە، بەڵام لێرەدا حاڵەتێکمان تووش هاتووە، بۆ بەدبەختیش بە شێوەیەکی خراپ کار لە شکۆی بانکەکەمان دەکا."
- "باشە، جەناب چیم لەسەرە بیکەم؟"
- "پێمباشە سیستمی ئاگادارکردنەوەی باری ناچاری ترومبێلە باربەرەکان بەکار بخەی."

چاوەکانی بەڕێوەبەری شەوانە پەڕینە سەر سندووقی ئەو سیستمە بەدواداچوونەی ترومبێلەکان کە لە ژوورەکەدا هەبوو. وەک زۆرینەی ترومبێلە زرێدارەکان، هەر ترومبێلێکی باربەری زرێداری بانک، ئامێرێکی وشیارکردنەوەی تێدایە، کە بە سیستەمێکی وشیارکردنەوە بە بارەگای بانکەکەوە گرێدراوە، دەکرێ بانکەکە لە دوورەوەش دەزگاکە کارا بکا. بەڕێوبەرەکەش تەنیا یەک جار سیستمەکەی کارا کردبوو، ئەمەش لەکاتی بەسەردادانێک بوو. لەگەڵ بەکارخستنی سیستمەکە، دەستبەجێ شوێنی ئەو ترومبێلەی ڕفێندراوە، یان دەرچووەی بانک دەزاندرێ و ڕاستەوخۆش زانیارییەکە دەدرێتە پۆلیس. لەم شەوەشدا هەرچەندە بەڕێوەبەرەکە هیوای وابوو سەرۆکی بانکەکە خۆپارێزتر بووبا، بۆیە پێی گوت: "جەناب، ئایا

ئەوە نازانی گەر ئەو سیستمە بەگەڕ بخەین، زانیاری ئاگادارکردنەوەکە ڕاستەخۆ بۆ پۆلیس دەگوازرێتەوە و دەزاندرێ، کە ئێمە کێشەمان بۆ پەیدا بووە."

ڤێرنێ بۆ چەند چرکەیەک بێدەنگ بوو، پاشان گوتی: "بەڵێ دەزانم. بەڵام هەرچۆنێک بێ وابکە کە پێم گوتی. ترومبێلە باربەرەکەی ژمارە سێ، من هەر لەسەر هێڵ دەمێنمەوە. من دەمەوێ هەر کاتێ کتومت هەنگاوی داهاتووی ترومبێلەکەت بۆ دەرکەوت، یەکسەر پێم ڕابگەیەنی."

- "جەناب، زۆر باشە، هەر ئێستا."

پاش سی چرکە، لە دووری چل کیلۆمەترەوە، لە شوێنێک لەژێر ترومبێلە زرێدارەکەدا، ئامێرۆکەیەکی بچکۆڵەی نێرەر هەڵبوو.

# بەندی ٥٤

کاتێ لانگدن و سۆفی بە ترومبێلەکە لە دەروازەی دەرووەکەوە بەرەو کۆشکەکە لێیانخوڕی، سۆفی هەستی بە خاوبوونەوەی ماسوولکەکانی کرد. ئەوەش ئاهـ پێداهاتنەوەیەک بوو بەوەی لەڕێگا سەرەکیەکە قوتاریان بوو، هەستی بەوەکرد لە هەوای ئەو پاوانگە تاکەکەسییە، کە ماخۆکەی پیاوچاکێکی بێگانەیە، شوێنێکی لەباریان بۆ خۆحەشاردان دۆزیوەتەوە.

ئەوان بە شێوەیەکی بازنەیی بە ڕێگای چوونە لای کۆشکە قەڵاتەکەی شاتۆ ڤیلێت ڕۆیشتن، تا ئەو کاتەی ڕووخساری کۆشکەکەیان لێوەدەرکەوت. تەلارێکی سێ نهۆمی بە بەرزی شەست مەتر، کە ڕووخسارەکەی بە بۆرەبەرد داپۆشرابوو، دەروازەکەش بە گڵۆپ ڕووناک کرابۆوە. کۆشکەکە لە شوێنێکی لەبار، بەسەر دیمەنی باخ و باخاتەکە و حەوزە شووشەییەکەدا دەیڕوانی.

کاتێکیش گەیشتنە ئەوێ ناوەوەی کۆشکەکە ڕۆناک کرایەوە.

لەجیاتی ئەوەی ترومبێلەکە بەرێتە بەردەم کۆشکەکە، لانگدن ترومبێلەکەی لەولا، هەندێک دوور ڕاگرت. "ئاخر هۆکارێک نییە ئەو ترومبێلە شەقوشڕە لەسەر چەقی ڕابگرم و زۆر دیار بێ." لانگدن هۆکارەکەی وا بۆ سۆفی ڕوون کردەوە؛ "یان باش نییە لای تیبینگ سەری لەوە واق وڕبمێنێ، کە ئێمە بە ترومبێلێکی تێکشکاو، هاتووینەتە بەردەرکەی ماڵەکەی."

سۆفیش سەرێکی بۆ لەقاند. "باشە ئەدی چی لە کریپتیسەکە بکەین؟ خۆ ناشکرێ لێرە لەنێو ترومبێلەکەدا جێی بێڵین، بەڵام ئەگەر (لای تیبینگیش) بینی، قسەی لەسەر نییە، دەیەوێ شتی زیاتری لەبارەوە بزانێ."

- "خەم مەخۆ." لانگدن وای پێگوتەوە، ئینجا کاتێ لە ترومبێلەکە دابەزی، چاکەتەکەی لەبەر خۆی داکەند. چاکەتە (تویدی)ەکەی لە سندووقەکە وەرئاڵاند، وەک ئەوەی مەلۆتکەیەک بێ لەباوەشی هەڵگرت.
- سۆفیش بە گوماناویەوە لێڕوانی، "ئای لەو فێڵە."
- "هەرگیز تیبینگ بەخۆی دەرگای خۆی ناکاتەوە، پێیباشترە دەروازەیەکی هەبێ. ئیدی بەر لەوەی بگەینە ئەو، شوێنێک دەبینمەوە شتەکەی لێدابنێم." لانگدن لەسەر قسەکەی وەستا، ئینجا تێهەڵچۆوە، "لەڕاستیشدا، بەر لەوەی بە دیداری ئەو بگەین، دەمەوێ لە کابرات ئاگادار بکەمەوە. سێر لای تیبینگ هەستێکی سەیری میزاجیانەی هەیە، زۆر جاران ئەو ڕەفتارە بەلای خەڵکەوە... نامۆیە."

سۆفی گومانی هەبوو لەوەی ئەمشەو هیچ شتێکی دیکەی بەلاوە سەیر و نامۆ بێ.

بەر دەرگاکە چەوترێژ کرابوو. دەرگا زلەکەش لە داربەڕوو و بادام کە دەسکێکی برۆنزی بەقەد هەنارێک دەبوو، دروست کرابوو. بەرلەوەی سۆفی دەست بۆ دەسکی دەرگاکە ببا، قاپییەکە لەبەردەمیاندا کرایەوە.

پێشخزمەتێکی پۆشتەوپەرداخیان لەبەرانبەردا وەستا، خەریکبوو بۆینباخەکەی ڕاست دەکردەوە، دیاربوو تازە قات و بۆینباخەکەی پۆشیبوو. پێشخزمەتەکە پەنجا ساڵێک دەبوو، سەروسیمای مڕومۆن بوو، دیاربوو بەو درەنگوەختە بە هاتنی میوان سەخڵەت ببوو.

- "هەر ئێستا (سێر لای) دێتە خوار." ئەو، ئەمەی بە شێوەزاراوەیەکی فەرەنسیانەی قورس دەربڕی. "ئەو خۆی دەگۆڕێ. نایەوێ بە جلی شەوانە پێشوازی لە میوانەکانی بکا. فەرمو‌و چاکەتەکەتم بدەرێ با هەڵیواسم؟ ئیدی خۆی شۆڕکردەوە تا چاکەتەکەی بن هەنگڵی لانگدن وەربگرێ.
- "سوپاس دەکەم، من هەروا باشم."
- "هەڵبەت، باوا بێ. تکایە ڕاستەوڕاست."

پێشخزمەتەکە بەنێو دالانێکی ڕازێندراو بە بەردی مەڕمەڕ ڕێنوینی کردن تا گەیاندیە ژوورێکی ڕازاوەتر، کە گڵۆپێکی سەردەمی ڤیکتۆریای بە کزی لێدایسا. هەوای ژوورەکە بۆنی سەردەمێکی زۆر کۆنینەی لێدەهات، بۆنەکەش لەگەڵ بۆنی تووتن و گەلاچا و شەرابی شێری کولاو بەنێو بەردە تالارسازیەکەی ژوورەکەدا بلاو ببووەوە. لەوێ لەبەرەم دیوارەکەدا، لەنێوان دوو لادیواری زرێداردا شتێک برسکەی دەدایەوە، لەوێ زۆپا ئاگردانێکی زەلام هەبوو، دەکرا گایەکی لەسەر سووربکەیتەوە. ئیدی پێشخزمەتەکە بەرەو ئەوێ چوو، هەندێ نوشتایەوە دەستی دایە شخارتە و قەدە داربەڕووەکانی لەنێو ئاگردانەکەدا داگیساند. ئاگرەکەش زۆر بە خێرایی هەڵگیرسا.

پیاوەکە هەڵسایەوە، چاکەتەکەی خۆی ڕاست کردەوە. "گەورەکەم داواتان لێدەکا ئێرە ماڵی خۆتان دابنێن." ئەم قسەیەی کرد و لە ژوورەکە دەرچوو، لانگدن و سۆفی بە تەنیا جێهێشتن.

سۆفیش مەراق ما ئاخۆ لە سەر کامە شتە ئەنتیک و نایابەکە لای ئاگرەکە دابنیشێ، ئایا لەسەر قەنەفە ڕێنیسانسیەکە، یان لەسەر کورسیە هەژێنەرەکە، یان لەسەر تەختەبەندە بەردینەکە، کە هەر دەڵێی لەپەرستگایەکی بێزەنتینی دەرهێندراوە.

لانگدنیش چاکەتەکەی لە کریتیپسەکە کردوەوە، بەرەو قەنەفە مەخمەلیەکە ڕۆیشت، لەوێ لەبن چەکمەجە دارەکەی دانا و لەبەر چاوانی شاردەوە. ئینجا چاکەتەکەی داوەشاند و کردیەوە بەر

و دەستێکیشی پێداهێنا، بە خەندەوە لە سۆفی ڕوانی و ڕاستەوخۆش لەسەر گەنجینەکەی دانیشت.

***قەنەفەکە جێگەی خۆیەتی***، سۆفی لەبەرخۆیەوە وا بیری کردەوە و لەتەنیشت لانگدن دانیشت.

کاتێکیش سۆفی سێرەی چاوەکانی لە ئاگردانەکە گرت، کەیفی بە گەرمییەکە هات و چێژی لێوەرگرت، هەستێکی واشی بۆهات، گەر هاتباو باپیرەی مابوایە، حەزی لە ژوورێکی گەرموگوڕی وا دەکرد. تەختەدارە دیواربەندەکەی ژوورەکە بە دەستکارێکی کۆنە مامۆستایەک ڕازابۆوە، دەستکارێک سۆفی ناسیەوە کە هی (پوسان)[178] بوو، لای باپیرەشی بە تابلۆکێشی پلەی دووەم دەهات. لەسەر ئاگردانەکەشدا پەیکەرێکی ئیزیسی مەڕمەڕی بەسەر ژوورەکەیدا دەڕوانی.

لە خوار خواوەندە مێینە میسرییەکەش و لە نێو ئاگردانەکەدا، دوو گاشەبەردی (گارگۆیلس)[179] وەک ڕاگری ئاگردانەکە داندرابوون. دەمە بەشکراوەکەیان تا گەروویان بە شێوەیەکی قێزەونانە دیار بوو. هەمیشەش ئەو پەیکەرە دەعبایەی گارگۆلیس سۆفی لە تافی منداڵییدا ترساندووە؛ ئەم ڕەوشەش بۆ سۆفی بەردەوام بوو، تا جارێکیان باپیرەی بە ڕۆژێکی تەڕووتووشی باراناوی لەگەڵ خۆی بردە کڵێسەی نۆتەردام. "هێی شازادەکەم، سەیری ئەو دەعبا گەمژانە بکە،" وای پێیگوت و ئاماژەشی بۆ پەیکەرە دەعبای گارگیلۆس کرد، کە بە هۆی بارانەوە ئاوی لە دەم دەپڕژا. "ئەرێ گوێت لەو دەنگە سەیروسەمەرەی گەرووی ئەو دەعبایە هەیە؟" سۆفیش سەرێکی بۆ لەقاند، بەو دەنگەش کە وەک ئەوەی پەیکەری دەعبا بەردینەکە بە بارانەوەکە غەرغەرە بە قوڕگی بکا، وا بوو. "ئەوان غەڕغەڕە دەکەن،" باپیرە وای بە نەوەکەی خۆی گوت. "غەرغەرەکەر!" سا هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەو ناوە عەنتیکە، گارگۆیلس[180]ی هەیە." لەو کاتەوە سۆفی ئەو ترسەی لەو دەعبا بەردینەی هەبوو، نەیما.

ئەم تەوژمە یادەوەرییە سۆفی خەمناک کرد و دیسان دەرکی بە مەرگە ناوەخت و کوشندەکەی باپیرەی کردەوە. ***باپیرە ڕۆیشت***. کریپتیسەکەشی هێنایە بەرچاوی خۆی، کە لە ژێر قەنەفەکەدا حەشاریان دابوو، لەوەش مەراق ما ئاخۆ (لای تیبینگ) دەزانێ بیکاتەوە. ***یان تۆبڵێی بلوێ هەر پێشی بڵێین***. دوا وشە ڕێنماییەکانی سانییر بۆ نەوەکەی دۆزینەوەی ڕۆبەرت لانگدن بوو. ئەو

---

[178] poussin

[179] Gargoyles گارگۆیلس لە هونەری تەلارسازی ڕۆژئاواییدا، هەڵکەندنی پەیکەری دەعبایەکە کە ئاوی بەنێو دەمدا دێتەخوار.

[180] Gagoyles لە وشەی garglingەوە هاتووە کە واتای غەرغەرەکردن دەدا.

هیچی دەربارەی تیۆەگلانی کەسی دیکە نەگوتبوو. ***ئاخر ئێمە پێویستمان بە شوێنێکە جارێ خۆی لێ بشارینەوە،*** لەبەرخۆیەوە وای گوت و بڕیاریشیدا متمانە بە دادوەری ڕۆبەرت بکا.

- "جەنابی ڕۆبەرت!" دەنگێک لەوێ، لە شوێنێک لە پشتەوە هات. "وا دەبینم لەگەڵ خاتوونێکی شۆخدا گەشت دەکەی."

لانگدن لەبەری هەڵسا. سۆفیش یەکسەر لە شوێنی خۆی ڕاپەڕی. دەنگەکە لە سەرەوە لە سەر پەیژەیەکی لولپێچەوە هات کە سێبەرەکەی دادەبەزییەوە سەر ناوکەوی ژوورەکە. لە سەرووی پەیژەکەشەوە شتێک لە سایەدا دەجوولا، تەنها سیمای پیاوەکە دیاربوو.

- "شەوباش،" لانگدن وای بانگ کرد. "جەنابی (لای)، دەکرێ سۆفی نیڤوت پێبناسێنم."

- "مایەی شەرەفمەندیمە." ئیدی تیبینگ کەوتە بەر ڕووناکی.

- "سوپاس بۆ میوانداریت،" سۆفیش وای پێگوتەوە، هەنووکە پیاوەکە لە بەرامبەریان دەرکەوت، ڕاگرێکی ئاسنینی لەقاچەکەی هەڵکێشا بوو، داردەستێکیشی پێبوو. ئەو پێبەپێ، هەر جارە و پەیژەیەک دادەبەزی. "لەوەش تێدەگەم کە کاتەکەی ناوەختە."

- "ئەوەندە درەنگ نییە، ئازیزم کات هێشتا زووە." لەگەڵ ئەم قسانەشدا پێکەنی. "ئەرێ تۆ ئەمریکایی نی؟"

- سۆفی سەری بۆ بادا. "من پاریسیم."

- "ئینگلیزییەکەت نایابە."

- "سوپاس. ئاخر لە زانکۆی (ڕۆیال هۆلوێ)ی خوێندوومە."

- "ئاوها، کەواتە ئەمە شتەکە ڕوون دەکاتەوە. " تیبینگ بە شەلەشەلی لەنێو سێبەرەکە هاتەدەر. "لەوانەیە ڕۆبەرت پێی گوتبی، منیش لە ئۆکسفۆرد خوێندوومە، لە زانکۆکەی تۆ نزیکە." تیبینگ ئاوڕێکی لە ڕۆبەرت دایەوە و خەندەیەکی مەکربازانەشی بۆ کرد. "هەڵبەتە بۆ یەدەگ داوای خوێندنی هارڤاردیشم کردبوو."ئیدی بە تەواوی لە پەیژەکان هاتە خوار، بۆ سۆفی وا دەرکەوت، بە سوراچاکان ناچێ و تۆزیش لە دوای (سێر ئێلتۆن جۆن)[181]ەوە ناکا. دەموچاوێکی گۆشتنی هەنارییانەی هەیە. سێر لای تیبینگ پرچێکی چڕوپڕی خەنەیی دوو چاوی فستقی گەش و پێشدەچێ لەکاتی قسەکردندا چاوەکانی بریقە بدەنەوە. پانتلۆنێکی لۆچدار، کراسێکی ئاوریشمین، چاکەتێکی لەسەر

[181] Sir Elton John گۆرانیبێژی ناسراوی ئینگلیز.

دەبەرکردبوو. وێڕای ئەو ئەلەمنیۆمەی لەقاچەکانی دابوو، خۆی بە قیتی ڕاگرتبوو، سەربڵندانە ڕێی دەکرد، وادیاربوو ڕەچەڵەکە خانەدانییەکەی، ئەرکی زیاتری بەسەردا بچەسپێنێ.

- جەنابی تیبینگ گەیشتە لایان، دەستی تۆقەی بۆ ڕۆبەرت درێژ کرد و پێی گوت؛ "ڕۆبەرت هەندێ کێشت دابەزاندووە."

- ڕۆبەرتیش پێکەنی. "تۆش هەندێکت زیاد کردووە."

- تیبینگ لە دڵەوە پێکەنی. دەستێکی بە سەر ورگی داهێنا. "وایە تاکە خۆشی ئەم ڕۆژانەم پێدەچێ لە ناندینەوە بێ." ئینجا ڕووی خۆی بۆ لای سۆفی وەرگێڕا و بە هێواشی دەستی گرت، کەمێکی بۆ چەمایەوە، بە کاوەخۆ هەناسەیەکی لەسەر دەستی داو چاویشی تێکرد. "خانمەکەم."

سۆفی سەیرێکی لانگدنی کرد، دڵنیا نەبوو لەوی قۆناخێک بۆ دواوە گەڕاوەتەوە یاخود لە نەخۆشخانەی چاکسازی گەورانداین.

ئەو کاتیش پێشخزمەتەکە بە خۆی و سینی چای و خزمەتگوزارییەکان لە دەرگەکەوە هاتە ژوور و مێزێکی لەبەردەم ئاگردانەکە دانا.

- "ئەمەش (ڕیمی لیگالودێک)ی پێشخزمەتمە." تیبینگ وای بە میوانەکان ناساند.

پێشخزمەتە لەڕولاوازەکەش ئاماژەیەکی وشکی بۆ کردن، هێشتاش هەر مرۆمۆن دیاربوو.

- "ڕیمی خەڵکی لیۆنە،" تیبینگ بە سرتەیەکەوە وای گوت، وەک ئەوەی باسی دەردێکی شووم بکا. "بەڵام شلەیەکی زۆر بە تام دروست دەکا."

- دیاربوو ڕۆبەرت بە کەیف بوو. "من پێموابوو تاقمێکی ئاشپەزی ئینگلیزیت لەگەڵ خۆتدا هێناوە."

- " نا، بۆخاتری خوا نا! من حەزم لێ نییە خوراردنی هیچ کابانێکی ئینگلیزی دەرخواردی کەس بدەم، بەدەر لە باج کۆکەرەوە فەرەنسییەکان نەبێ." چاویشی لە سۆفی کرد. "خاتوو نیڤو، داوای لێبووردنت لێدەکەم. تکایە لێم تێبگە، ڕقی من تەنها لە سیاسەتباز و تیمی دووگۆڵی فەرەنسییە. حکومەتەکەی تۆ پارەی من دەدزێ، تیمی دووگۆلیەکەشتان لەم دواییانەدا شەرمەزاری کردین."

سۆفی سووکە زەردەخەنەیەکی بۆ کرد.

تیبینگ بۆ ساتێک چاوی هەر لەسەر سۆفی بوو، پاشان بایدایەوە سەر لانگدن. "دیارە شتێک ڕوویداوە. ئێوە هەردووکتان پەشۆکاون."

- لانگدنیش سەری بۆ لەقاند. "(لای)، ئێمە شەوێکی سەیروسەمەرەمان بەڕێ کرد."
- " هەنووکە سێ و دووی پێ ناوێ[182]. تۆ لە ناوەختی نیوەشەودا هاتی و باسی جامەکەش دەکەی. دەی پێم بڵێ، ئەرێ هەر بەڕاستی دەتەوێ دەربارەی جامەکە بدوێی، یاخود هێنانە ئارای ئەو بابەتە، هەر بۆ ئەوە بوو، من لە نیوە شەودا بێدار بکەیتەوە؟"

***لە هەر یەکەیان هەندێک***، سۆفی لەبەر خۆیدا وای بیرکردەوە، وێنەی پریکتیسە شاراوەکەشی هێنایە بەرچاوان.

- "(لای)،" لانگدن ئەمجارەیان کەوتە قسە، "ئێمە دەمانەوێ دەربارەی مریدانی سایۆن بدوێین."
- برۆ چرووپرەکانی تیبینگ بە شێوەیەکی سەیر گرژ بوون. "نهێنیپارێزانی جامەکە. کەواتە هەر بەڕاستی دەتەوێ دەربارەی جامە پیرۆزەکە بدوێی. تۆ گوتت زانیارییت پێیە؟ ڕۆبەرت، لەو بارەیەوە شتی نوێت پێیە؟"
- "بەڵکو. ئێمە هێشتا تەواو لێی خاترجەم نین. دەکرێ ئێمە وێنەیەکی باشترمان هەبێ، کاتێ لە بەرایدا هەندێ زانیاریی لە تۆوە وەربگرین."
- تیبینگ قامکەکەی هەژاند. "ئای ئەمریکایی فێڵباز. گەمەی دان و ستاندن. زۆر باشە. من لە خزمەتتان دام. دەتانەوێ چیتان بۆ باس بکەم؟"
- لانگدن ئاهێکی هاتەوە بەر. "هیوام وابوو بەڵکو بایی پێویست دەربارەی سروشتی جامە پیرۆزەکە بۆ خاتو نیڤو بدوێی و ڕوونی بکەیتەوە."
- تیبینگ دیاربوو هەندێ خرۆشا. "ئایا ئەو هیچی لە بارەیەوە نازانێ؟"

لانگدن سەری بۆ هەژاند.

- ئەو خەندەیەی لەسەر ڕووی تیبینگ پەیدا بوو، لە خەندەیەکی بێشەرمانە دەچوو. "ڕۆبەرت تۆ ***پاکیزە***یەکت بۆ هێناوم؟"

---

[182] سێ و دووی پێناوێ: پێویست بە درێژدادڕی ناکا.

- لانگدن چاوەکانی تروکاندن و سەیریکی سۆفی کرد. "پاکیزە، ئەو زاراوەیە کە پەرۆشانی جامەکە بۆ ئەو کەسانە بەکاری دێنن، کە هیچیان لەبارەی سروشتی جامەکەوە نەزانیوە."
- تیبینگ بە پەرۆشەوە لە سۆفی ڕوانی. "ئەرێ ئازیزەکەم، تۆ چەندی لەبارەوە دەزانی؟"

سۆفیش بە خێرایی چەند سەرهێڵێکی بۆ باس کرد، کە لانگدن پێشتر دەربارەی مریدایەتی سایۆن، سوراچاکانی پەرستگا، بەڵگەنامەکانی سانگریل و جامە پیرۆزەکەی بۆ ڕوون کردبووەوە، لەگەڵ ئەو باسوخواسەی گوایە جامەکە هەر پەرداخێک(بادەیەک)ی شلە تێخواردنەوە نەبووە.... بەڵکو شتێک بووە زۆر لەوە بەهێزتر.

- "هەمووی هەر ئەوەندەی لێدەزانی؟" تیبینگ ئاوڕێکی شەرمەزارییانەی لە لانگدن دایەوە. "ڕۆبەرت، پێموابوو جوامێری. تۆ ئەم خاتوونەت لە نەشئەکەی باسەکە بێبەش کردووە!"
- "دەزانم. پێموابوو دەکرێ تۆ و من ..." پێدەچوو لانگدن بڕیاری دابێ خۆی لە دەستەواژەی مەجازیانە بە دوور بگرێ.
- ئیدی تیبینگ سۆفی گیرۆدەی چاولێکنانەکانی خۆی کردبوو. "شیرینەکەم، تۆ جامێکی پاکیزەی. متمانەشم پێ بکە، هەرگیز ساتی یەکەمی خۆت لەگەڵ جامەکەدا لە یاد ناکەی."

## بەندی ٥٥

سۆفی لەسەر قەنەفەکە لەپاڵ لانگدن دانیشتبوو، کێکی بە چایەکە دەخوارد و هەستی بە کاریگەری خواردنەکە و کافائینەکە کرد و پێشی خۆش بوو. (سێر لای تیبینگ)یش بە شێوەیەکی دڵگران لەبەردەم ئاگردانەکە هەر دەهات و دەچوو، گیرە ئاسنینەکەی قاچیشی لەسەر بەردی ناوکەوکە تەقەی دەهات.

- "جامە پیرۆزەکە،" تیبینگ ئەم قسەیەی بە شکۆمەندیەکەوە دەربڕی، "خەڵکێکی زۆر دەپرسن، تەنها ئەوە دەپرسن ئاخۆ جامەکە لە کوێیە. داخەکەم ناتوانم هەرگیز بەرسڤی ئەم پرسە بدەمەوە." ئینجا سووڕایەوە ڕاستەوخۆ ئاوڕی لە سۆفی دایەوە. "هەرچەندە... پرسیارە هەرە پەیوەندیدارەکە ئەوەیە: ئایا جامە پیرۆزەکە چییە؟"

سۆفی هەستی کرد لە بەردەم دوو پیاودا و لە کەشوهەوایەکی ئەکادیمیانەدا دانیشتووە.

- "بۆ ئەوەی بە تەواوی لە جامەکە تێبگەین،" تیبینگ وا لەسەر قسەکەی ڕۆیشت، "سەرەتا دەبێ لە بایبل تێبگەین. ئەرێ چەند زانیاریت دەربارەی ئینجیل هەیە؟"
- سۆفیش شانێکی بۆ هەڵتەکاند. "لە ڕاستیدا زۆر نا. من لەلایەن پیاوێکەوە پەروەردە کراوم، کە لیۆناردۆ داڤینشی دەپەرست."
- تیبینگ بە چاوێکی حەپەسان و لەهەمان کاتیشدا دڵخۆشانە سەیری کرد. "گیانێکی ڕۆشنگەر. نایابە! کەواتە هەر دەبێ بتزانیبێ، لیۆناردۆ یەکێک بوو لە نهێنیپارێزەکانی جامە پیرۆزەکە. خۆیشی کۆدەکانی ئەم شتەی لە دەستکارە هونەریەکانیدا شاردوونەتەوە."
- "بەڵێ، ڕۆبەرت زۆری لەو بارە بۆ باس کردووم."
- "باسی ڕوانینی داڤینشی سەبارەت بە ئینجیل بۆ باسکردووی؟"
- "لەم بارەیەوە هیچی لێنازانم."
- کاتێ ئاماژەی بە ڕەفەی کتێبەکانی نێو ژوورەکە کرد، چاوەکانی تیبینگ هەر خۆشییان لێدەباری. "ڕۆبەرت، ئەگەر زەحمەت نەبێ؟ لەسەر ڕەفەی سەرەوە، مێژووی لیۆناردۆم بۆ بێنە."

لانگدنیش بەنێو ژورەکەدا ڕۆیشت و گەیشتە لای ڕەفەی کتێبان، کتێبە هونەرییە قەبارە گەورەکەی دۆزیەوە، هێنای و لەسەر مێزەکەی نێوانیان داینا. بەرگی کتێبەکە ڕووی لە سۆفی بوو.، تیبینگیش بەرگە قورسەکەی هەڵدایەوە و ئاماژەی بە بەرگی پشتەوە، بەچەند بڕگە وتەیەکی دا. "لە یادنامەی داڤینشی سەبارەت بە هونەری مشتومڕ (جەدەل) و گومان،" تیبینگ

وای بە سۆفی گوت و نیشانەشی بە بڕگەیەکی دیاریکراوی داڤینشی دا. "پێموایە ئەوە بۆ موناقەشەکەمان گرنگ دەبێ."

**سۆفی وشەکانی خوێندنەوە.**

***زۆر کەس بازرگانی بە خەیاڵپڵاوی(وەهم) و پەڕجووی ساختە کرد، گەمژەگەلێکی زۆریان لە خشتەبرد.*** *ـــ لیۆناردۆ داڤینشی*

- "لێرە وتەیەکی دیکەی هەیە،" تیبینگ وای گوت و ئاماژەی بە بڕگەیەکی جیاوازتر دا.

***نەزانینێکی نابینایانە ئێمەی دەستخەڵەت داوە.***

***هۆ، کڵۆڵی بەرمەرگ[183]، چاوەکانت بکەرەوە.*** *--- لیۆناردۆ داڤینشی*

- سۆفی هەستی بە موچڕکێکی تەزیویانە کرد. "داڤینشی قسە دەربارەی ئینجیل دەکا؟"
- تیبینگ سەری بۆ لەقاند. "هەستی لیۆناردۆ دەربارەی ئینجیل ڕاستەوخۆ بە جامە پیرۆزەکەوە گرێدراو بوو. لە ڕاستیدا داڤینشی نیگاری جامە ڕاستەقینەکەی کێشاوە، کە من نیشانت دەدەم، بەڵام سەرەتا دەبێ دەربارەی ئینجیلەوە قسە بکەین." تیبینگ خەندەیەکی بۆ کرد. "هەر شتێک کە بتەوێ دەربارەی ئینجیل بزانی، دەکرێ لە پوختەی شاکارەکەی دکتۆر مارتین پێرسی[184] دەربهێنی." تیبینگ هەندێ قورگی پاکردوە و ئەوسا درێژەی پێدایەوە. "ئاخر خۆ ئینجیل بە فاکس لە ئاسمان دانەبەزیوە."
- داوای لێبوردنت لێدەکەم؟"
- "ئازیزەکەم، ئینجیل بەرهەمی **پیاوە**، نەوەک هی خودا. ئینجیل بە شێوەیەکی جادوویانە لە هەورەکانەوە دانەباریوە. پیاو تۆمارێکی ڕووداوە مێژووییەکانی چەرخە گەرداوئاساکانی داهێناوە و ئیدی لەڕێی وەرگێڕانی زۆروزەوەندیشەوە زیادە و لێقرتاندن و پێداچوونەوەی هاتۆتەسەر. هەرگیز مێژوو یەک دانەی ئینجیلی گردەبڕانەی وەک کتێبێک بەخۆوە نەبینیوە."
- "زۆر باشە."
- "عیسای مەسیح(کریست) بیچمێکی مێژوویی کاریگەر بووە، بەڵکو مەتەڵاویترین کەس و سەرکردەی دنەدەر بووە کە جیهان هەرگیز بەخۆیەوە بینیبێتی. وەک پەیامبەرێکی مژدەدەر(فریادڕەس)، عیسا تەختوبەختی پاشایانی سەراوبن کرد، بووە مایەی هاندانی ملیۆنان کەس و فەلسەفەیەکی نوێ. ڕەگوڕیشەشی بە چەندین پشت دەچێتەوە سەر

[183] بەرمەرگ: فاني، mortal

[184] martyn percy

پاشا سلێمان و داود، ئیدی عیسا ئەو مافەی هەبووە داوای تاجی پاشایەتی جووەکان بکا. بۆ مایەی لێتێگەیشتن، ژیاننامەی ئەو لەلایەن هەزاران لە شوێنکەوتووانی لەسەرتاسەری وڵاتەکەدا تۆمارکرا." تیبینگ ئیستێکی بۆ کرد و قومە چایەکەی فڕکرد و کوپەکەی لە شوێنی خۆی لەسەر مێزەکە دانایەوە. "زیاتر لە هەشتا لە سیپارەی ژیاننامەو ئامۆژگارییەکانی عیسا، بۆ ئینجیل لەبەرچاوگیراون، کەچی تا ئێستا هەر چەند کەمێکیان وەک هی مەتێ، مارک(مەرقۆس)، لوک(لۆقا) و جۆن(یۆحەنا)[185] لەنێو ئەو ژمارە زۆرەدا لێگیراون.

- "باشە کێ وای کرد کە کامە لە سیپارەکان ببێتە ئینجیل؟ سۆفی وای لە تیبینگ پرسی.
- "ئاها!" تیبینگ بە جۆش و خرۆشەوە وەڵامی دایەوە. "تەوسە بنەچەکەکەی کریستیانێتی! ئینجیلەکە وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەیناسین، لەلایەن ئیمپراتۆری بتپەرستی ڕۆمانی کونستەنتینی[186] گەورەدا کۆکراوەتەوە."
- "پێموابوو کونستەنتین کریستیانی بوو." سۆفی وای بە تیبینگ گوت.
- "بە ئاستەم،" تیبینگ ئەمەی بە تەوسێکەوە گوت. "ئەو هەموو ژیانی هەر بتپەرست بووە، لە سەرەمەرگدا بیسمیل[187] کراوە، ئەو کاتەش ئەوەندە بێهێز بووە توانای بەرپەچدانەوەی نەبووە. لە ڕۆژگاری کونستەنتیندا دینی فەرمی لە ڕۆما ڕۆژپەرستی بووە - ئەو ڕۆژەی نابەزێندرێ- و کۆنستەنتینیش سەرقەشەی پەرستاگەیان بووە. بۆ بەدبەختی ئەویش، بە تێپەڕینی ڕۆژگار، کێشەو هەرای گەورەی ئاینی لە ڕۆما سەری هەڵدا. ئیدی سێ سەدە دوای لە خاچدانی عیسای مەسیح، شوێنکەوتووە کرستیانییەکان بە ڕێژەیەکی زۆر زیادیان کرد. لەنێوان کریستیانەکان و بتپەرستەکاندا شەڕوشۆڕ قەوما، شەڕو ئاشووبەکە ئەوەندە گەورەبوو، هەڕەشەی دوولەتبوونی لە سەر ڕۆما هەبوو. دەبوایە کونستەنتین بڕیارێکی لەوبارە بدابایە و کێشەکەی بڕاندبایەوە. ئەوە بوو لە ساڵی ٣٢٥ی زایینیدا، ئیمپراتۆر بڕیاری دا، کە ڕۆما لەژێر یەک دیندا، کە کریستیانێتیە، یەک بخا."
- سۆفی ئەوق ما. "باشە بۆچی ئیمپراتۆرێکی بتپەرست بڕیاریدا دینی فەرمی بکاتە کریستیانێتی؟"

---

[185] Matthew, Mark, Luke and John

[186] Constantine the great

[187] بیسمیل: سەرانشۆ، تەعمید.

- تیبینگ له قرتەی پێکەنینی دا. "کۆنستەنتینوس بزنسمانێکی زۆر باش بوو. بینی کە کریستیانێتی له هەڵچوون و گەشەسەندنە، ئەویش گرەوی لەسەر ئەسپی براوە کرد. هێشتاش مێژوونووسان بەو بڕیارە لێهاتووەی ئیمپراتۆر سەرسامن، کە چۆن ڕۆژپەرستی بە کریستیانێتی گۆڕی. بە ئاوێتەکردنی هێما بتپەرستییەکان، ڕۆژ و ڕیتوێلەکان لەگەڵ دابونەریتی کریستیانیانە، دینێکی دووڕەگەی وای داهێنا، کە لەلای هەردوو بەرەوە پەسەند بکرێ."
- "سیما شێواندن،" لانگدنیش ئەم وشەیەی لەدەم دەرچوو، زیاتریش لەسەری ڕۆیشت و گوتی؛ "پاشماوەی شوێنەواری دینی بتپەرستی لە نێو هێما کریستیانیەکاندا شتێکی حاشالێنەکراوە. پەپکەی ڕۆژی میسری بووە تاجە درەوشاوەکەی سەر سەری پیر و چاکەکانی کاسۆلیکی. وێنەی هێڵکاری (ئیزس)[188] کە چۆن کوڕە پەڕجووەکەی (هۆرس)ی لە باوەش گرتووە، لە جیهانی نوێدا بۆتە نموونەی بەرچاوی لەباوەشگرتنی ماریای پاکیزە و عیسای کۆرپەلە. بە کرداریش هەموو توخمە ڕیتوێلەکانی کاسۆلیکی — تاجی سەری قەشەکان، قوربانیگە، شوکرانەبژێری و هاوبەشی، کردەی خۆراکی خواوەند- هەر هەموویان ڕاستەوخۆ لە ئاینە تەلیسماوییەکەی بتپەرستییەوە وەرگیراون."
- تیبینگیش ئاهێکی هەڵکێشا ئینجا گوتی، "خۆت بە هێماناسەکە خەریک مەکە، کە باسی ئایکۆنەکانی کریستیانی بکا. هیچ شتێکی کریستیانی ڕەسەن نییە. (میتراس)-پێیدەگوترا کوڕی خوا و ڕووناکی جیهان- خوای بەر لە کریستیانێتی، لە ٢٥ی دیسێمبەردا لەدایکبووە، کە مردیش لە نێو گۆڕێکی بەردیندا شاردرایەوە، پاش سێ ڕۆژ دیسان هەڵسایەوە. هەر بەو بۆنەیەوە ڕێکەوتی ٢٥ی دیسێمبەر، ڕۆژی لەدایکبوونی خواوەندەکان ئۆسیریس، ئەدۆنیس و دیۆنیسیسیشە[189]. کریشنای تازە ساواش بە زێڕ و بۆو بەرامەی جەوی (داری موڕ) نمایش کرا. تەنانەت ڕۆژە پشووە پیرۆزەکەی هەفتەی کریستیانێتیش لە بتپەرستەکانەوە دزراوە."
- "مەبەستت چییە؟"
- "لەبنەڕەتدا،" تیبینگ بەم جۆرە کەوتەوە قسەکردن؛ "کرستیانێتی هەمان ڕۆژی جووکان، شابات (شەممە)یان پیرۆز دەکرد، بەڵام کونستەنتین ڕۆژەکەی گۆڕی بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕۆژی بە پیرۆزڕاگرتنی ڕۆژپەرستەکان یەک بگرێتەوە." ئەو ئیستێکی بۆ کرد، پاشان بە خەندەوە تێهەڵچۆوە، "تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ هاموشۆکەرانی کڵێسا سەرلەبەیانی

---

[188] Isis خواوەندی پیتوفەڕ، ژنی ئۆسیریس و دایکی هۆرۆس.

[189] Osiris, Adonis, Dionysus

ڕۆژی یەکشەممە دەچنە ڕێورەسمەکانیان، بێ ئەوەی بزانن، بتپەرستەکان ڕۆژێکیان لە هەفتەدا بۆ ڕۆژ تەرخان کردبوو کە یەکشەممە Sunday (ڕۆژی خۆر) بوو."

- سۆفی سەری سووڕما. "باشە هەموو ئەو شتانە پەیوەندییان بە جامەکەوە هەیە؟"
- "بێ گومان." تیبینگ وای پێگوتەوە، "دەی لەگەڵم بمێنەوە. لەماوەی لێکدانی ئاینەکاندا، کونستەنتین پێویستی بە هێز و تۆکمەکردنی شەقڵی دابونەریتی کریستیانێتی بوو، ئیدی گردبوونەوەیەکی سەرانسەری بەناووبانگی بەناوی ئەنجومەنی نیکیا[190] سازدا."

سۆفی هەر بایی ئەوەندە ناوی نیکیای بیستبوو، کە قانونی باوەڕنامەی نیکیای تێدا سەرهەڵدا بوو.

- "لەم گردبوونەوەیەدا،" تیبینگ وای باس کرد، "زۆر ڕووی کریستیانێتی تاوتوێ کران و دەنگیان لەبارەیەوە درا، وەک جەژنی ئیستەر (ڕۆژی هەڵسانەوەی عیسا)، ڕۆڵی مەترانەکان[191]، بەڕێوەبردنی ڕیتوێلە پیرۆزەکان و هەڵبەت خواوەندێتی عیساش."
- "من تێناگەم، خواوەندێتی عیسا؟"
- "ئازیزەکەم،" تیبینگ وا ڕوونی کردەوە، "تا ئەوێ ڕۆژێ، تا ئەوساتەی مێژوو، عیسا لەلایەن شوێنکەوتووانی وەک پێغەمبەرێکی بەرمەرگ وێنا دەکرا... پیاوێکی مەزن و دەسەڵاتدار، بەڵام هەرچۆنێک بێ پیاوێک. کەسێکی بەرمەرگ."
- "نەوەک کوڕی خودا؟"
- "زۆر باشە،" تیبینگ وای وەڵام دایەوە، "دانانی عیسا بەوەی کوڕی خودایە، بە شێوەیەکی فەرمی لە ئەنجوومەنی نیکیا پێشنیاز کرا و دەنگیشی لەسەر درا."
- "دەی توخوا کەمێ بوەستە، تۆ دەڵێی، خوایەتی عیسا بەرەنجامی دەنگدانێک بووە؟"
- "بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەنگەکان لەیەک نزیک بوون." تیبینگ زیاتر لەسەری دوا و گوتی، "لەگەڵ ئەوەشدا بە خوا دانانی عیسا کارێکی دژوار و لێبڕاوانەی یەکخستنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و هێنانەکایە بنکەیەکی نوێی دەسەڵاتی ڤاتیکان بوو. بە سەلماندنی فەرمی، بەوەی عیسا کوڕی خودایە، کونستەنتین وای لە عیسا کرد لە باری ئادەمیزادانەی تێپەڕاند و کردی بە دەسەڵاتێکی خوایی، کە کەس پەی پێنەدەبرد. ئەمەش نەوەک هەر داڕسانەکانی بتپەرستی بۆ کریستیانێتی زیاد کرد، بەڵکو پەیڕەوانی

---

[190] Council of Nicea شارێکی دێرینی ئاسایا بوو هەنووکە ئیزنیکی تورکییە، لە ساڵی ٣٢٥ی زاییندا یەکەمین و گرنگترین ئەنجوومەنی کڵێسای کریستیانێتی تیدا بەسترا.

[191] مەتران: سەرقەشە

کریستیانەکانی ئێستا، تەنها لە ڕێی کەناڵێکی پیرۆزی تایبەت –کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمانی– دەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن."

سۆفی ئاوڕێکی لە لانگدن دایەوە، ئەویش بەسەر لەقاندنێک قسەکانی تیبینگی سەلماند.

- "هەموو شتێک لەسەر چەقی بازنەی دەسەڵات دەخولایەوە،" تیبینگ لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو. "عیسا وەک فریادڕەسێک بۆ کڵێسا و دەوڵەت ئەرکێکی چارەنووسسازانە بوو. زۆر لە لێکۆڵەرەوە دینییەکان، گوتوویانە؛ کڵێسای بەرایی کتومت عیسای لە شوێنکەوتووە ڕەسەنەکانی دزی، پەیامە مرۆڤایەتییەکەی مەسیحی ڕفاند، بەرگێکی خواوەندی نەمر و نەبڕی لەبەر کرد، ئەوسا بۆ بەفراوانکردنی دەسەڵاتەکانی خۆی بەکارهێنا. من چەندان کتێبم لەسەر ئەو بابەتە نووسیون."
- "کەواتە من وای بۆدەچم ڕۆژانە نامەی تووڕەییت لە کرسیتیانە دڵسۆزەکان بۆ بێن؟"
- "باشە بۆچی وا بکەن؟" تیبینگ درێژەی بە قسەکانی دا، "زۆرینەی ڕۆشنبیرە کریستیانەکان بە مێژووی باوەڕەکەیان بەڵەدن. هەر بەڕاستیش عیسا مێرخاسێکی مەزن و بەدەسەڵات بوو. دەستکاری و مانۆڕی کونستەنتین نەیتوانی مەزنێتی ژیانی عیسا بسڕێتەوە. هیچ کەسێک ناڵێ عیسا گەندەڵ بووە، کەس حاشایی لەوە ناکا، کە عیسا لەسەر زەوی ڕۆیشتووە و بۆتە مایەی هاندانی ملیۆنان کەس بەرەو ژیانێکی باشتر. هەموو ئەوەی دەیڵێن ئەوەیە، کونستەنتین سوودی لە دەستڕۆیشتن و کاریگەری و جەوهەری مەزنێتی عیسا وەرگرت. بەم کارەشی ئەو شەقڵەی ئێستای کریستیانێتی داڕشت."

سۆفی چاوێکی لە کتێبەکەی بەردەم خۆی کرد، پەرۆشی بینینی تابلۆی جامە پیرۆزەکەی داڤینشی بوو، ببینێ.

- "خاڵی وەرچەرخانەکە ئا لێرە دایە،" تیبینگ بەم جۆرە دەستی پێکردەوە، ئەمجارەیان خێراتر قسەی دەکرد. "لەبەر ئەوەی کونستەنتین دەوروبەری چوار سەدە لە دوای مردنی عیسادا، شەقڵی کریستیانێتی داڕشتەوە، بە هەزاران بەڵگەنامە لەسەر ژیانی فانێتی عیسا لەوکاتدا هەبوون. ئینجا بۆ نووسینەوەی مێژووی کتێبەکان، کونستەنتین دەیزانی پێویستی بە تەکانێکی بوێرانە هەیە. ئیدی لەوێوە قووڵترین ساتی مێژووی کریستیانێتی سەری هەڵدا." تیبینگ ئیستێکی کرد و چاویشی لەسەر سۆفی بوو. "کونستەنتین کۆمسیۆنێکی نوێ و باربووی هێنانە کایەی ئینجیلێکی نوێی لە خۆگرت، کە تیادا هەموو ئەو شتانەی، کە عیسای وەک مرۆڤێکی بەرمەرگ وێنا دەکرد لابرد، لایەنی خوایەتی عیسای تێدا زەق کردەوە. هەموو سیپارە و ژیاننامەکانی پێشووتری قەدەغە کرد، هەرهەمووی کۆکردەوە و سووتاندی."

- "تێبینییێکی سەرنجڕاکێش،" لانگدن بە لێزیادکردنەوە کەوتە قسە؛ "هەر کەسێکیش سیپارە و ڕاسپاردە(ئینجیلە) قەدەغەکراوەکانی بەسەر ئینجیلە کۆکراوەکەی کونستەنتین بە ڕاستر زانیبێ و بەکاری هێنا بێ، بە گومڕا[192] (heretic) لەقەڵەم دراوە. وشەی (heretic) هێرەتیکی هاوچەرخمان لەو ساتە مێژووینەوە هاتووە. ڕەگە لاتینییەکەشی haeretiusە، کە واتای لێبژاردن دەگەیەنێ. کەواتە ئەوانەی مێژووە ڕەسەنەکەی عیسایان هەڵبژارد ببوونە یەکەمین گومڕا (هێرێتیک)"
- "بۆ بەختەوەری مێژوونووسانیش،" ئیدی تیبینگ وا هەڵیدایە، "هەندێ لەو سیپارانەی کە کونستەنتین هەوڵیدا لەناویان بەرێ، لەناونەچوون و دۆزرانەوە. لێکۆڵەرەوە دینییەکان لە ساڵی ١٩٥٠دا شتێکیان لە نزیک قومران لە چۆڵی ئۆرردندا دۆزیەوە. هەڵبەتە دەبێ باسی ئەو سیپارە قیپتییانەش بکرێ کە لە ١٩٥٤دا مێرگی ناگ حەمادی دۆزرانەوە. سەرباری ئەوەی ئەو بەڵگەنامانە چیرۆکی ڕاستەقینەی جامە پیرۆزەکە باس دەکەن، بە زاراوەی ئادەمیزادانە باس لە عیسا دەکەن. هەڵبەتیشە ڤاتیکان هەر لەسەر شەقڵی باوی زانیارییە لەخشتەبەرەکان دەڕوا، زۆریشی هەوڵدا ئەو سپپارە لوولدراوانە، سەر هەڵنەدەن. ئەرێ بۆچی وانەکەن؟ ئاخر ئەو سیپارانە ڕاستییە مێژووییەکە باس دەکەن، پەردە لەسەر دژبەریی و ساختەییەکان هەڵدەدەنەوە، ڕوون و ئاشکرا سەلمێنەری ئەوەن، کە ئینجیلی هەنووکە دەستکردی پیاوگەلێکە، ئەجێندایەکی سیاسییان لە پشتەوە هەبووە، هەر بۆ ئەوەش پیاوێکی وەک عیسای مەسیحیان گەیاندۆتە پلەی خوایەتی تا دەسەڵات و کاریگەرییەکەی بۆ پشتگیری خۆیان بقۆزنەوە."
- "هێشتاش،" لانگدن بە دارسانەوە[193] هاتە وەڵام و گوتی، "شتێکی زۆر گرنگە ئەوەمان لە یاد نەچێ، هەوڵی کلێسای هاوچەرخ بۆ لەناوبردنی ئەو جۆرە بەڵگەنامانە لە بڕوای ڕاستگۆیانەی خۆیانەوە، بەو نواڕینەی کە دەربارەی عیسا هەیانە، سەرچاوەی گرتووە. ئاخر ڤاتیکان لەسەر شانی پیاوانی زۆر لەخوارتر ڕاوەستاوە، کە بە ڕاستی بڕوایان بەو دژە بەڵگەنامانەیە ئەوەیە، تەنها و تەنها بۆ ساختەکردنی ئینجیل پەیدا بوونە."
- تیبینگیش کاتێ لەسەر کورسیەکەی بەرامبەر سۆفی دانیشت، قاقایەکی بۆ کرد. "وەک خۆت دەبینی، پرۆفیسۆرەکەمان دڵێکی نەرمتری لە من لە بەرانبەر ڕۆماوە هەیە. هەرچۆنێک بێ، ئەوەی ئەو دەربارەی بیروباوەڕی داروەدەستەی عیسای ئێستا دەڵێ، ڕاستە کەوا ئەو بەڵگەنامە سەرهەڵدراوانە گوایە ئینجیلی ساختەن. ئەمەش مایەی

[192] وشەی گومڕای ئێرەم بەرامبەر وشە Hereticی ئینگلیزی بەکارهێناوە، لەنێو فەرهەنگەکاندا بە کافر هاتووە، بەڵام کافر زیاتر چەمکێکی ئیسلامیانەیە. عەرەبیش هەرهەمان وشەی هێرێتیکی ئینگلیزی کردۆتە (هرطقة).

[193] دارسان: ئاڵنگاری، تحدی.

لێتێگەیشتنە. ئاخر ئینجیلەکەی کونستەنتین زەمانێکە بۆتە جێی باوەڕیان. هیچ کەسێک ئەوەندەی ڕێبازگرتوویێک کە پێی تەڵقین دراوە قاڵ نەبۆتەوە."

- "ئەوەی ئەو مەبەستیەتی،" ئەمجارەیان لانگدن کەوتەوە قسە، "ئەوەیە ئێمە خواوەندەکانی باب و باپیرانمان دەپەرستین."
- "ئەوەی من مەبەستمە بیڵێم،" تیبینگ وا وەڵامی دایەوە، "ئەوەیە، هەموو شتێک لەبارەی باوەڕی باپیرانمان سەبارەت بە عیسا ساختەیە. هەروەک چیرۆکی جامە پیرۆزەکەش هەر ساختەیە."

دیسان سۆفی سەیری ئەو وتەیەی داڤینشی نێو ئەو کتێبەی بەردەمی کردەوە. ***نەزانێکی نابینایانە ئێمەی دەستخەڵەت داوە. هۆ ئەی کڵۆڵی بەرمەرگ، چاوەکانت بکەرەوە!***

تیبینگ دەستی دایە کتێبەکە و لە ناوەڕاستەوە گرتی. "لە کۆتاییدا و بەر لەوەی تابلۆی داڤینشی سەبارەت بە جامە پیرۆزەکەت نیشان بدەم، حەزم لێیە خێرا چاوێک بەم شتەدا بخشێنی." ئینجا کتێبە ڕەنگینەکەی لێک کردەوە، بە تەواوی لاپەڕەکانی دەرکەوتن. "پێموابێ تۆ ئەم تابلۆ دیوارییە دەناسییەوە؟"

***بە ڕاست دەڵێی گاڵتە دەکا***؟ سۆفی سەیری ناودارترین تابلۆی دیواری –تابلۆی دوا خوانی شێوان– کرد کە داڤینشی بلیمەت لەسەر دیواری (سانتا ماریا دێلا گرازی) لە میلان کێشابووی. تابلۆ دیوارییە داشۆراوەکە، وێنەی عیسا و شاگردەکانی لەو ساتەوەختەدا کێشابوو، کە یەکێک لەوان دەیەویست ناپاکی لێبکا. "بەڵێ من بەم تابلۆ دیوارییە بەڵەدم."

- "کەواتە دەکرێ وردە یارییەک بکەین؟ دەکرێ چاوەکانت بنووقێنی؟"

سۆفیش بە دوودڵیەوە چاوەکانی نووقاندن.

- "باشە، عیسا لە کوێ دانیشتووە؟ تیبینیگ وای لە سۆفی پرسی.
- "لە ناوەڕاست."
- "چاکە، ئەرێ خۆی و شاگردەکانی چ خواردنێکیان لەبەردەم دایە؟"
- "نان." ***بەڕاشکاوییەوە.***
- "نایابە، ئەدی چی دەخۆنەوە؟"
- "شەراب. ئەوان شەراب دەخۆنەوە."
- "زۆر گرنگە. باشە دوا پرسیار. چەند پێکی شەراب لەسەر مێزەکە داندراون؟"

- سۆفی کەمێ بێدەنگ بوو، پەی بە ئاینوئۆینی پرسیارەکە برد. ***ئاخر دوای خواردنەکە، عیسا پێکێکی شەرابی هەڵگرت و دایە هەمووانیش.*** "یەک پێک،" سۆفی وای وەڵام دایەوە. "پێکەکە." ***پێکی عیسا. جامە پیرۆزەکە.*** عیسا هەر یەک پێکی شەرابی دایە هەمووان، هەروەک کریستیانەکانی هەنووکە هەمان شت دەکەن."

- تیبینگ ئاهێکی هەڵکێشا. "دەی، چاوەکانت بکەرەوە."

سۆفیش چاوەکانی کردنەوە. تیبینگ بە فیڵزانییەوە پێدەکەنی. سۆفیش نیگای لە نیگاری نێو کتێبەکەی بەردەمی کرد، پێی سەیربوو، ئاخر هەموو دانیشووەکانی سەر سفرەی دوا خوانی شێوان، بە عیساشەوە پێکێکی شەرابیان لەبەردەمدا بوو. سێزدە پێک بوون. لەوەش زیاتر پێکەکان بچکۆلانە بوون. لە نێو تابلۆکەدا جامەکە، جامی پیرۆز هەر نەبوو.

- چاوەکانی تیبینگ تروکان. "هەندێ سەیرە، تۆش پێتوانییە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەمەیان هەردووکیان، چ ئینجیل و چ پێوەری ئەفسانەی جامی ئێمە، ئەم بۆنەیە لێبڕاوانە بە بۆنەی جامی پیرۆز دەزانێ. سەیرە، داڤینشی لەبیری چووە نیگاری پێکەکەی عیسا بکێشێ."

- "بەدڵنیاییەوە، لێکۆڵەرەوانی بواری هونەر هەردەبێ تێبینی ئەوەیان کردبێ."

- "بەڵی، هێدمە داتدەگرێ کاتێ دەبینی چەندین شتی سەیر کە داڤینشی دایناون، کەچی لێکۆڵەرەوانی هونەر سوکوئاسان یان نەیان بینیوە یان خۆیان لە گێلی داوە. لەڕاستیدا ئەم تابلۆ دیوارییەش کلیلی کردنەوەی تەلیسمی جامە پیرۆزەکەیە. داڤینشی هەموو شتێکی بەکراوەیی لە تابلۆی دوا خوانی شێواندا هێشتۆتەوە"

- سۆفی بە پەرۆشەوە لە دەستکارەکەی ڕوانی. "ئایا بەڕاستی ئەم تابلۆ دیوارییە پێمان دەڵێ، جامەکە چی بووە؟"

- "نەخێر، شتەکەمان پێ ناڵێ،" تیبینگ ئەمەی بە چرپەوە گوت، "بەڵام لەجیاتی ئەوە پێمان دەڵێ کێیە. جامە پیرۆزەکە شت نییە. لە ڕاستیدا ئەو .... کەسێکە."

# بەندی ٥٦

سۆفی بۆ ماوەیەکی زۆر لە تیبینگ ڕامابوو، پاشان بایدایەوە سەر لانگدن. "ئەریّ جامە پیرۆزەکە، کەسێکە؟"

لانگدنیش سەری بۆ لەقاند. "لە ڕاستیدا ژنێکە." لەو سیما سپیبوونەوەیەی سەر ڕووی سۆفی تێگەیشت، کە خاتوونەکە شتەکەی بە ئاسانی بۆ قووت نەدرا. خۆیشی بەبیر هاتەوە، کە بۆ یەکەمین جار بە زانیارییەکەی زانی. تا ئەو کاتەی لە هێماسازی نەگەیشت، نەیزانی چۆن هێمای جامەکە بە ڕوون و ئاشکرای بۆی دەربکەویّ و واتاکەی تێبگا.

دیاربوو تیبینگیش هەمان هزری هەبوو. "ڕۆبەرت، لەوانەیە ئێستا ساتی هێماناس بیّ، شتەکە ڕوون بکاتەوە؟" ئینجا تا ئەو سەری مێزەکە ڕۆیشت و پارچە کاغەزێکی هێنا و لەبەردەم لانگدنی دانا.

لانگدنییش قەڵەمێکی لە بەرکی دەرهێنا. "ئەریّ سۆفی خۆ بە نیشانەکانی نێر و میّ بەڵەدی؟"


ئینجا نیشانەنمای باوی نێرینە ♂ مێینە ♀ لەسەر پارچە کاغەزەکە کێشا.

- "هەڵبەتە ئەوە دەزانم." سۆفی وای وەڵام دایەوە.
- "ئەمانە،" لانگدن بە هێواشی کەوتەوە قسەکردن، "هێما ماکەکانی نێرینە و مێینە نین. خەڵکێکی زۆر سەرچیخ ڕۆیشتوون، وا دەزانن هێمای نێرینە لە قەڵغان و ڕم وەرگیراون و هی مێینەش ڕەنگدانەوەی جوانی و شۆخ و شەنگییە. لەڕاستیشدا، بنەمای ئەم هێمایانە بۆ ئەستێرەناسی کۆن دەگەڕێتەوە، کە نیشانەی هەسارەی خوامارس و ئەویدیکەشیان هی خواژن ڤینۆسە. هێما بنەڕەتیەکانی نێرینە و مێینە زۆر لەمانەی وێنەم کردن سادەترن." ئیدی لانگدن نیشانەنمایەکی دیکەی لەسەر کاغەزەکە کێشا.



- "ئەم هێمایەیە هێمای ڕەسەنی نێرینەیە،" لانگدن وای بە سۆفی گوت. "شێوەیەکی سەرەتایی ئەندامی نێرینە."

- "شتەکە ڕووون و دیارە." سۆفیش وای پێگوتەوە.
- "ئەگەر ڕێگە بدرێ وا بگوترێ." تیبینگ ئەم قسەیەی خستەسەر.
- لانگدن لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو. "ئەم ئایکۆنە بە فەرمی بە تیغ ناسراوە، ئیدی نموونەی توندوتیژی و پیاوەتییە. لەڕاستیشدا، ئەم هێمای ئەندامی نێرینەیە تا ڕۆژی ئەمڕۆش لە یەکپۆشی هێزی چەکداریدا وەک پلە بەکار دەهێندرێ."
- "هەر قسەی لەسەر نییە." تیبینگ پێکەنی. "هەر چەند هەرامەی وات لەسەر باسک و شان بن، ئەوەندە پلەت بەرز دەبێتەوە. چی دەکەی کوڕ هەر کوڕە."
- لانگدن چاوی تترووکاند. "دەی بابچینە سەر هێمای مێینە، ئەگەر بێنیتە بەرچاوی خۆی، هێمای مێینە تەواو بە پێچەوانەوەیە." ئینجا وێنەی هێمایەکی دیکەی لەسەر کاغەزەکە کێشا. ئەمەشیان پێی دەگوترێ جام."



سۆفی سەرێکی هەڵبڕی، حەپەساو دیاربوو.

لانگدن بینی سۆفی پەیوەندییەکی لەگەڵ هێماکەدا دۆزیوەتەوە. "جامەکە،" ئیدی لانگدن وای بە سۆفی گوت، "لە بادەیەک یان دەفرێک دەچێ، لەوەش گرنگتر لە شێوەی ڕەحمی ژنان دەچێ. ئەم هێمایە نیشانەی پیتوفەڕی، نیشانەی ژنایەتی و زان و زۆربوونە." ئینجا ڕاستەوخۆ لانگدن سەیری سۆفی کرد، "سۆفی، ئەفسانە پێمان دەڵێ، کە جامە پیرۆزەکە بادەیەک بووە، بەڵام لەڕاستییدا وێناکردنی جامە پیرۆزەکە بە بادەیەک، شتێکی ڕەوانبێژیانەی مەجازی بووە، بۆ ئەوەی سروشتی ڕاستەقینەی جامە پیرۆزەکە بپارێزرێ. بۆیە دەگوتری، ئەفسانە ئەم باسە مەجازییەی بۆ شتێکی زۆر بایەخدارتر بەکار هێناوە."

- "ژنێک." سۆفی وای پێگوتەوە.
- "کتومت." لانگدن بە خەندەوە درێژەی بە قسەکەی دا. "جامەکە دەقاودەق هێمای هەرە دێرینەی ژنایەتی و جامە پیرۆزەکەش نموونەی مێینەی پیرۆز و خواوەندی مێینەیە، کە بێگومان هەنووکە بایەخەکەی خۆی لەدەست دا و پێگەی ڕاستەقینەی خۆی لە ڕێی کڵێساوە لەناوبردرا. جاران هێزی مێینە و توانستی بەرهەمهێنانی ژیان زۆر پیرۆز بوو،

بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی کڵێسای پیاودا تووشی بەرەنگاری هاتەوە، ئیدی ئەو پیرۆزیایەتی مێینە دێواندرا و بووە شتێکی پیس. ئەوە پیاو بوو، نەوەک خودا ڕامانی تاوانە بنەڕەتییەکەی داهێنا، گوایە حەوا لە سێوەکەی تام کرد و بەم جۆرە ڕەگەزی ئادەمیزادی پێ لە بەهەشت دەرکرا. جاران ژن پیرۆز بوو، ژیانی دەبەخشی، کەچی هەنووکە بۆتە دوژمن."

- "منیش دەبێ ئەوەی بخەمە سەر،" تیبینگ کەوتەوە قسە، "ئەم ڕامانە بۆ ژن وەک ژیان پەیداکەر بنەمای دینێکی دێرینە بوو. لەدایکبوونی منداڵ تەلیسم و دەسەڵات بوو. بۆ مایەی خەمیش، فەلسەفەی کریستیانێتی بڕیاریدا ئەم دەسەڵاتی ئافراندنە لە مێینە بستێنێتەوە و ڕاستییە بایەلۆجیەکەی مرۆڤ پشتگوێ بخا و لەجیاتی ئەوەدا **پیاو** بکاتە خوڵقێنەر. جێنێسیس[194] پێمان دەڵێ، حەوا لە پەراسووی ئادەم دروست کراوە. ئیدی ژن دەرچەیەکی پیاوە. ئەویش بەشێکی گوناحکار. جێنێسیس سەرەتای کۆتاییهاتنی خواوەندە مێینەکان بوو."
- "جامەکە،" ئەمجارەیان لانگدن بوو کە هاتەوە قسە. "هێمای خوای مێینەی لەدەستچووە. کاتێکیش کریستیانێتی پەیدابوو، ئایینە بتپەرستییە کۆنەکە بە ئاسانی نەفەوتا. ئەفسانەی گەڕانی سوارچاکان بە دوای جامە ونبووەکەدا، لەڕاستیدا چیرۆکی قەدەغەکراوی گەڕان و پشکنین بوو بە دوای مێینەی پیرۆز. ئەو سوارچاکانەی گوایە بەدوای جامەکەدا دەگەڕان، ئەوان بە کۆد دەدوان بۆ ئەوەی خۆیان لە کڵێسا بپارێزن کە ژنی سەرکوت دەکرد، خواوەندی مێینەی قەدەغە دەکرد، بێ بڕواکانی دەسووتاند و قەدەغەی خستە سەر پەرستنی مێینەی پیرۆزیش."
- سۆفی سەری خۆی هەژاند. "لێم ببوورە، لێ کاتێ تۆ باسی جامە پیرۆزەکەت کرد، گوایە کەسێکە، من وام دەزانی مەبەست لێی کەسێکی ڕاستەقینە بێ."
- "هەرواشە." لانگدن وای پێگوتەوە.
- "ئەویش وەنەبێ هەر کەسێک بێ." تیبینگ وا هاتە وەڵام و یەکسەر هەڵسایە سەر پێیەکانی. "ئەو ژنەی کە ئەم نهێنییە پڕهێزەی هەڵگرتبێ، خۆ ئەگەر دەرکەوتبا، شکۆی دامەزراوەی کریستیانێتی دەڕووخاند!"
- سۆفی بە پەشۆکاوی دیار بوو. "باشە ئایا ئەم ژنە لە مێژوودا کەسێکی ناسراوە؟"
- "زۆریش." تیبینگ دەستی دایەوە داردەستەکان و ئاماژەی بە هۆڵەکە دا. "برادەران، خۆ ئەگەر بگوازینەوە ژووری خوێندن، ئەوا مایەی شەرەفمەندیمە تابلۆی داڤینشی ژنەکەتان نیشان بدەم."

---

[194] Genesis (سفر التكوين) سەرەتای بایبل کە باسی دروستکردنی گەردوون دەکا.

دوو ژوور لەولاتر، لە ناندینەکەدا، (ڕیمی لێگالودیک) لەبەردەم تەلەفزیۆن دانیشتبوو. هەواڵە نوێکان وێنەی پیاو و ژنێکی نیشان دا...ئەوانیش هەر هەمان ئەو کەسانە بوون کە تازە چایە و کێکی بۆ بردبوون.

ملازم کۆللێ لە لای بەربەستە بەردینەکەی دەروەی بانکی زیوریخ بۆ کەلوپەلی ڕاسپاردەیی وەستا بوو، مەراقی ئەوە مابوو، ئاخۆ بۆچی فاشێ ئەوەندەی پێچووە تا لەگەڵ خۆی مۆڵەتنامەی ڕێپێدرانی دادوەریش بێنێ. ئاشکرایە بانکەوانەکان شتێکیان شارۆتەوە. ئاخر ئەوان گوتیان لانگدن و نیڤو هاتوونەتە بانکەکە، بەڵام هەر زوو گەڕێندراونەتەوە، چونکە ژمارە حیسابی بانکی گونجاویان پێنەبوو، کە ناسنامەی بانکییان دەربخا.

***باشە ئەگەر وابێ، بۆچی ڕێگای چوونە ژوورەوەمان نادەن؟***

لە کۆتاییدا، زەنگی تەلەفۆنە دەستییەکەی کۆللێ لێدرا. زەنگەکەش لە بنکەی سەرەکی لۆڤەرەوە بوو. "ئەرێ مۆڵەتنامەی ڕێگەپێدانمان گەیشت؟" یەکسەر کۆلليت لە تەلەفۆنەکەدا وای داواکرد.

- ملازم، بانکەکە هەر لەبیر خۆتی بەرەوە،" پۆلیسەکەی ئەو سەری هێڵی تەلەفۆنەکە وای وەڵام دایەوە. "تازە هەواڵێکمان بۆ هات. ئێمە کتومت شوێنی خۆشاردنەوەی لانگدن و نیڤومان بۆ دەستنیشان کرا."
- کۆللێ بە توندی لەسەر پێشەوەی ترومبێلەکەی دانیشت. "گاڵتە دەکەی؟"
- "من ناوونیشانێکم لە گەڕەکێکی کەنار شارەوە هەیە. شوێنێک لە نزیکی ڤێرسای."
- "ئایا کاپتن فاشێ ئاگای لێیە؟"
- "هێشتا نا. ئەو بە ئەرکێکی گرنگی دیکەوە خەریکە."
- "کەواتە من بۆ ئەوێ دەڕۆم. هەر کاتێک لە ئیشەکەی بووەوە با ئاگادارم بکاتەوە." کۆللێ ناوونیشانەکەی نووسی و لەسەر بۆنیتی ترومبێلەکەش هاتەخوار. کاتێکیش لە بانکەکە دوورکەوتەوە، لەبیری چوو ناوی ئەو کەسەی لە تەلەفۆنەکەدا ، قسەی لەگەڵ کردبوو، بپرسێ. باشە خۆ ئەوە پرسێکی ئەوەندە گرنگ نییە. کۆللێ بەختی هەیە کە دەرفەتێکی وای لەبەردەستە، بۆ ئەوەی قەرەبووی کەتنی پێشووی خۆی بکاتەوە. ئەو لە سەروبەندی ئەوە دابوو لە کارنامەی خۆیدا، تاوانباری گەورەترین دۆز دەستگیر بکا.
- ئیدی کۆللێ بە بێ تەلەکەی بانگەوازی بۆ هەر پێنج ترومبێلەکانی دەوروبەری بانکەکە کرد. "فیکەی ئاگادرکردنەوە هەڵمەکەن. با لانگدن نەزانێ ئێمە بەدواوەین."

لە دووری چل کیلۆمەترەوە، ئاودییێکی ڕەش لەسەر ڕێگایەکی دیهاتی لەسەر لێواری کێڵگەیەک ڕایگرابوو. سیلاس لە ترووومبێلەکە هاتە دەر و سەیری پەرژینە ئاسنینەکەی کێڵگەکەی کرد، کە دەوری کۆمەڵگەکەکی ئەوێی دابوو. لە دوورەوەش سەرێکیشی بۆ کۆشکی شاتوو هەڵبڕی.

گڵۆپەکانی نهۆمی خوارەوەی حەوشکەکە هەڵکرا بوون. ***لەم ناوەختەدا سەیرە،*** سیلاس لەبەرخۆیەوە وا بیری کردەوە و بزەیەکیش گرتی. ئەو زانیارییەی کە مامۆستا پێی دابوو، ڕاست دەرچوو. ***من ئەم ماڵە بەبێ بەردەکلیلەکە جێ ناهێڵم،*** لەبەرخۆیەوە وا سوێندی خوارد. ***ئەمجارە شکست بە جەنابی مەتران و مامۆستاکە ناهێنم.***

مەخزەنە سێزدەخۆرەکەی دەمانچەی جۆری هێکلەر کۆچی[195] پڕ کرد و لەبەر نێکی دەرهێنا و فڕێی دایە سەر چیمەنەکەی ئەودیوی تامانەکە[196]، ئینجا دەستی بەسەرە شیشەکانی پەرژینەکە گرت و خۆی هەڵکێشا و بازی دایە ئەودیو و دەمانچەکەشی هەڵگرتەوە. ئازاری برینی قایشبەندە دڕکاوەیەکی ڕانیشی فەرامۆش کرد، بەسەر گیاوگۆڵی چیمەنەکە بەرەو کۆشکەکە هەنگاوی نا.

---

[195] Heckler koch

[196] تامان: پەرژین.

ژووری خوێندنی تیبینگ لەو ژوورە خوێندنانە نەدەچوو کە تا ئێستا سۆفی بینیویەتی. شەش تا حەوت جاران لە ژوورێکی ئاسایی کەشخە گەورەتر بوو، شوێنی کاری تیبینگ بە هۆڵێکی چەند ڕەگەی تاقیگەیەکی زانستی، کتێبخانەیەکی ئەرشیفی و بازاڕێکی وردەواڵەی دەستی دوو دەچوو. بە سێ چلچرا ڕووناک کرابۆوە، کاشییە بێژمارەکانی ناوکەوەکەش لەگەڵ ئەو دوورگە دۆلابانەی پڕی کتێب، دەستکاری هونەری، کاری دەستی، هەندێ کەلوپەلی سەیری ئەلەکترۆنی وەک کۆمپیوتەر، میکرۆسکۆپ، دەزگای کۆپیکردن و سکانەر بوون.

- "ئێرە هۆڵی سەمای بالە بووە، وام لێکردووە،" تیبینگ وای پێگوتن و شەرمنانەش لەملا و ئەولای ژوورەکەی دەڕوانی. "ئاخر من دەرفەتێکی کەمم بۆ سەماکردن هەیە."

سۆفیش هەستی کرد ئەم شەوەی وەک شەبەنگەڕۆژێک لێهاتووە، کە هیچی چاوەڕوانکراو نەبوو. "ئەم هەموو شتە بۆ کارکردنتە؟"

- "بە دوای ڕاستیدا گەڕان، هەموو خۆشەویستی ژیانی من بووە،" تیبینگ وای پێگوتەوە، "سانگریلیش یارە خۆشەویستەکەم بووە."
- ***جامە پیرۆزەکە ژنێک بووە***، مێشکیشی وەک پارچەهونەری هزر بەیەکەوە لکێندراو، پێنەدەچوو لەگەڵ یەک بێنەوە. "تۆ پێت گوتم، وێنەی ئافرەتێکت لایە گوایە جامە پیرۆزەکەیە؟"
- "بەڵێ، بەڵام خۆ من نیم وا دەڵێم گوایە ژنەکە جامەکەیە. ئەوە خودی عیسایە وا دەڵێ."
- "باشە کامە تابلۆ لەمانە خۆیەتی؟" سۆفی لەکاتێکدا چاوی بە تابلۆکاندا دەگێڕا، وای لێپرسی.
- "ئمممم..." تیبینگ وای دەرخست وەک ئەوەی شتەکەی لەبیرچووبێتەوە. "جامە پیرۆزەکە. سانگریلەکە. بادەکە." لە هیکەوە خۆی سووڕاندوە و ئاماژەی بە شوێنێکی دوور لەسەر دیوارەکە دا. لەوێ لەسەر دیوارەکە، تابلۆیەکی هەشت پێ درێژی دوا خوانی شێوان هەڵواسرابوو، ئەویش هەمان ئەو تابلۆیە بوو کە تازە سۆفی لێی ورد ببووەوە.. "ئەوەتانێ."
- سۆفیش لەوە دڵنیابوو شتێکی لێ بزر بووە. "ئاخر ئەوە هەر هەمان ئەو تابلۆیەیە، کە تازە نیشانت دام."
- تیبینگ چاوێکی لێقووچاند. "دەزانم، بەڵام گەورەکردنەکەی زۆر سەرسامانەترە. تۆش پێت وا نییە؟"

- سۆفی ئاوڕێکی لە لانگدن دایەوە و پێیگوت، "من حەیران بووم."
- لانگدیش بە خەندەوە. "هەروەک دیارە، هەر بەڕاستی جامە پیرۆزەکە لەدوا خوانی شێواندا خۆی دەرخستووە. لیۆناردۆ ڕاشکاوانە وێنەی کێشاوە."
- "کەمێ بوەستە،" سۆفی وای پێگوت. "ئاخر تۆ پێت گوتم، جامە پیرۆزەکە **ژنێکە**. هەرچی تابلۆی دوا خوانی شێوانیشە وێنەی سێزدە پیاوی تێدایە."
- "سا وایە؟" تیبینگ برۆکانی وەک تاق لێکردن. "دەی وردتر لێیبڕوانە."
- بە نادڵنیاییەوە، سۆفی هەندێکی دیکە لە تابلۆکە نزیک کەوتەوە، ئەمجارە لە بیچمی هەر سێزدە کەسەکە ورد بووەوە، شەش شاگرد(شوێنکەوتوو) لەلای دەستە چەپ و شەش دیکەش لەلای دەستە ڕاست. "خۆ هەر هەموویان پیاون." سۆفی ئەمەی بە جۆرە سەلماندنێکەوە گوت.
- "ئۆو؟" تینیگیش وای پێگوتەوە، "باشە دەربارەی ئەوەی لە شوێنی شەرەف، لەلای دەستەڕاستی عیسادا دانیشتووە، چی دەڵێی؟"

سۆفی دەستبەجێ تیشکۆی ڕوانینی خستە سەر دەستە ڕاستەکە. کاتێک لە دەموچاو و جەستەی کەسەکە ورد بووەوە، تەوژمێکی حەپەسانی بەگیاندا هات. ئەو تاکەیان پرچێکی درێژی بەردابۆوە، دوو دەستی ناسکی تێکگیرکردبوون، شێوەی سینگیشی گومانی نەدەهێشتەوە کە ...مێینەیە.

- "ئەمەیان ئافرەتە!" سۆفی وا هاواری کرد.
- تیبینگ پێکەنی. "شتێکی کتوپڕە، سەرسامانەیە. بڕوام پێبکە، ئەمەیان شاشی نییە. لیۆناردۆ بە کارامەیی جیاوازی نێوان هەر دوو ڕەگەزی کێشاوە."

سۆفیش چاوی لەسەر ژنەکەی تەنیشت عیساوە هەر نەدەترووکاند. ***خۆی دەبوایە دوا خوانی شێوانی سێزدە پیاو بایە. ئەدی ئەم ژنە کێیە***؟ هەرچەندە سۆفی چەندین جار ئەم وێنە کلاسیکییەی بینیووە، بەڵام بۆ تاکە جارێکیش ئەم دژبەرییە ڕوونیەی تێبینی نەکردبوو.

- "هەمووان ئەمە بەیەک جۆر دەیبینن،" تیبینگ بوو وای بە سۆفی گوت. "هزری پێشوەختەی پەی پێبەری ئێمە ئەوەندە بەهێزە، وا لەمێشکمان دەکا لەئاست جیاوازی نەگۆڕ بێت و بەسەر بینینی چاوەکانماندا زاڵ بێ."

- "ئەمە پێی دەگوترێ سکۆتۆما[197]،" لانگدن بوو ئەمەی پێیگوتن. "هەندێ جار مێشک لەگەڵ هێما هێزدارەکان، ئەم بارەی بەسەردا دێ."

- "لەوانەیە هۆکارێکی دیکە ڕۆڵی لەوەدا هەبێ، کە تۆ ئەوەت وەکو ئافرەت نەبینیوە." تیبینگ وای بە سۆفی گوت، "لەبەر ئەوەی زۆربەی وێنەی لەبەرگیراوی نێو کتێبە هونەرییەکان بەر لە ساڵی ١٩٤٥ گیراون، ئەو کاتیش وردەکاری لەبن چەند چینێکی توز و خۆڵ و قرێژی چەند سەدەی ڕابردووی لەسەر بوو، وێنەکەی بەباش دیار نەدەدا، بەتایبەتیش ئەو دەستەی نۆژەنکردنەوەی لە سەدەی هەژدەهەمدا شێواندبووی. هەنووکەش تابلۆ دیوارییەکە بە جوانی و ڕوونی پاکژکراوەتەوە و هێندراوەتە سەر دەقە ڕەسەنەکەی جارانی کە چۆن داڤینشی کێشاویەتی." ئاماژەشی بۆ تابلۆکە دا و بە فەرەنسیش گوتی؛ "ئا ئەمەتا!"

- سۆفی زیاتر لە تابلۆکە چووە پێشێ. ئەو ئافرەتەی لە دەستە ڕاستی عیسا دانیشتبوو گەنج و پاکیزەییانەش دیار بوو، دەموچاوێکی سەنگین، پرچێکی سووری جوان، قامکەکانی دەستی لەیەک ئاڵاندبوون. ***ئەمە ئەو ژنەیە کە بە تاقی تەنیا دەتوانێ کڵێسا سەراوبن بکا***؟

- "ئاخر ئەمە کێیە؟"

- "ئازیزەکەم، ئەمەیان،" تیبینگ وا وەڵامی دایەوە، "ماریا ماجدەلینایە."[198]

- "سۆزانییەکە؟"

- تیبینگ ئاخێکی کورتی هەڵکێشا، هەر وەک ئەوەی وشەکە کەسایەتی خۆی بریندار کردبێ. "ماجدەلینا ئەوە نەبوو کە گوتت. بۆ بەدبەختی ئەو بەدڕامانە پاشماوەی هەڵمەتێکی قێزەونی کڵێسەی بەراییە. کڵێسەکە پێویستی بەوە بوو ناوی ماری ماجدەلینا سووک بکا، بۆئەوەی نهێنییە دژوارەیەکەی، ڕۆڵی ژنەکە لە جامە پیرۆزەکەدا، پەردەپۆش بکا."

- "ڕۆڵی ئەو؟"

---

[197] Scotoma سکۆتۆما وشەیەکی گریکییە بە واتای تاریک، نابینای دێ، لێرەدا بەواتای ناوچەی نەبینراوی مەودای بینایی دێ(فەرهەنگی ئازادی)

[198] Mary Magdalene

- "هەروەک ئاماژەم پێدا" تیبینگ وا ڕوونی کردەوە، "کڵێسای بەرایی پێویستی بەوە بوو خەڵک بێنێتە سەر ئەو باوەڕە، کە عیسای پێغەمبەر بوونێکی خواییە. بۆیە هەر ئینجیل و سیپارەیەکی پێشتر، کە وێنای ڕامانی سەرزەویانە(دنیاییانە)ی ژیانی عیسایان دەکرد، لە ئینجیلەکەیاندا سڕیانەوە. بۆ بەدبەختی ئەو داڕێژەرەوە بەراییانەش، یەک شتی سەر زەوی هەبوو کە بووە مایەی سەر ئێشییان و ناواخنی سیپارە و ئینجیلەکانی دیکەی پشت ڕاست دەکردەوە. ئەویش ماری ماجدەلینا بوو." ئینجا تیبینگ ئیستێکی بۆ کرد، ئەوسا تێهەڵچۆوە، "لەوەش وردتر مێردکرنی بە عیسای مەسیح."

- "داوای لێبوردنت لێدەکەم؟" نیگای چاوەکانی سۆفی پەڕینەوە سەر لانگدن دواتر هاتنەوە سەر تیبینگ.

- "ئەمەیان پرسێکی تۆمارکراوی مێژووییە." تیبینگ وا کەوتەوە قسە، "بە خاترجەمییشەوە داڤینشی ئەم ڕاستییەی زانیوە. بەتایبەتییش تابلۆی دوا خوانی شێوان دەریدەخا، کە عیسا و ماجدەلینا هاوسەر بوونە."

دیسان سۆفی ئاوڕێکی لە تابلۆ دیوارییەکە دایەوە.

- "تێبینی ئەوە بکە، جلەکانی عیسا و ماجدەلینا وێنەی یەکدی ڕەنگ دەدەنەوە." تیبینگ ئاماژەی بە دوو تاکی نێوەڕاستی تابلۆکە دا.

سۆفی سەراسیمە بوو. زۆر دڵنیا بوو، جلەکان لە ڕەنگدا هەڵگەڕاوەی یەکدین. عیسا کراسێکی سوور و کەوایەکی شینی لەبەردایە؛ ماری ماجدەلیناش کراسێکی شین و کەوایەکی سووری پۆشیوە. ین ***Yin*و یانگ *Yang***.[199]

- "بەسەرچڵی بۆ شتی سەیروسەمەرەتریش،" تیبینگ وای دەستپێکردەوە، "سەرنجی ئەوە بدە، عیسا و بووکەکەی لە کەمەردا وا پێدەچێ بۆ یەک هاتبنەوە لە سەروی ئەوەشە هەریەکەیان بەلایەکی دیکەدا لاربوونەتەوە کە مەودایەکی نەرێنیان بە ڕوونی لەنێوان خۆیان جێهێشتوە تا ڕاشکاوانە شێوەی شتێک دەربکەوێ."

هەر پێش ئەوەی تیبینگ هەوڵ بدا شتەکە ڕوون بکاتەوە، سۆفی بە خۆی کەلێنەکەی بینیبوو، کە بێ سێ و دوو شێوەی  لە کەمەر بەسەرەوە، بەدەستەوە دەدا. ئەمەش هەر هەمان

[199] yin and yang ین و یانگ دوو بنەمای فەلسەفی و دینی چینین. یەکیان نایەتی و ڕەش و مێینەیە کە کە ینە Yin، ئەویدیکەشیان ئەرێنی و بە شەوق و بازوودارە کە یانگە Yang، کە بە ئاوێتەبوونی هەردووکیان کار لە چارەنووسی بوونەوەرەکان و شتەکان دەکەن. هێماکەشیان .

هێما بوو کە پێشتر لانگدن لەسەر کاغەزەکە بۆ جامەکە کێشابووی، کە بادە (دەفر) و ڕەحمی مێینە بوو.

- "لە کۆتاییشدا" تیبینگ بەم وشەیەوە لەسەر قسەکەی ڕۆیشت، "خۆ ئەگەر سەیری عیسا و ماجدەلینا وەک دوو توخمی پێکهێنەر نەوەک دوو کەس بکەین، ئەوا شێوەیەکی دیکەت لەوەی بۆت دەرکەوتووە دەبینی." تیبینگ ئیستێکی کرد، ئینجا تێهەڵچۆوە و گوتی؛ "پیتێک لە پیتەکانی ئەلفبێتکە."

ئیدی دەستبەجێ سۆفی شتەکەی بینی. ناهەقییە بگوترێ کە پەی بە پیتەکە نەبرد. دەستبەجێ پیتەکە بۆ سۆفی دیار بوو. پیتەکە لە نێوەڕاستی تابلۆکەدا دەدرەوەشایەوە، ڕاشکاوانە پیتی م Mی دەنەخشاند.

- "شتەکە زۆر لەوە ناچێ ڕێکەوت بێ، ئایا تۆش بەنیاز نەبووی وا بڵێی" تیبینگ وای لە سۆفی پرسی.
- سۆفیش سەرسام بوو، گوتی، "باشە بۆچی پیتەکە لەوێیە؟"
- تیبینگ شانی بۆ هەڵتەکاند. "بیردۆزی پیلانگێڕی ئەوەت پێدەڵێ، گوایە پیتەکە بۆ دەربڕینی وشەی Matrimonio [200] یان ماری ماجدەلینا Mary Magdaleneیە. بۆ ئەوی لەگەڵ یەک ڕاستگۆ بین، هیچ کەس تەواو دڵنیا نییە. تاکە دڵنیایی ئەوەیە، کە پیتی M ڕاستییێکی حاشاهەڵنەگرە و هەڵەی تیدا نییە. بێژمار کاری هونەری پەیوەندیدار بە جامەکە ئاماژەی پیتی Mیان تێدایە، وەک ئەوەی ئاماژەیەکی ئاوی، یان شتێکی لەبن، یاخود خەیاڵ و ئەندێشەیەک، کە بە نیگای یەکەم دەر ناکەوێ. هەڵبەتە زەقترین Mیش لەسەر قوربانیگەی خاتوونە پاریسییەکەی خۆمان لە لەندەندا هەیە، کە لەلایەن مامۆستای مەزنی مریدانی سایۆن (ژان کۆکتۆ)وە نەقش کراوە."
- سۆفیش زانیارییەکانی هەڵدەسەنگاند. "من دانی پێدادەنێم، ئەوM ە حەشاردراوەی نێو تابلۆکە سەرنجڕاکێشە، لێ لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا هیچ کەسێک نەیگووتوە، ئەمە سەلمێنەری ژن و مێردایەتی عیسا و ماریا ماجدەلینایە."
- "نا، نەخێر،"تیبینگ وای گوت، ئیدی بەرەو ڕەفەی کتێبان ڕۆیشت. "هەروەک لە پێشتردا گوتم، ژن و مێردایەتی عیسا و ماری بەشە تۆمارێکی مێژووییە." تیبینگ بە دوای

[200] بە ئیتالی واتای ژن هێنا و شووکردن دەدا.

کتێبێکی دیاریکراودا دەگەڕا. "لەوەش زیاتر، عیسا وەک پیاوێکی خێزاندار لۆژیکیترە لەوەی، کە ئینجیلەکان وایان نیشان داوە گوایە زگورتی[201] بووە."

- سۆفیش پرسی؛ "بۆچی؟"

- "چونکە عیسا جوو بوو،" ئیدی لەو کاتەی تیبینگ بەدوای کتێبێکدا دەگەڕا، لانگدن جڵەوی قسەکردنی گرتە دەست. "کۆمەڵگەی جووش لەو سەردەمدا قەدەغەی کردبوو پیاوێکی لەو تەمەنەدا بەبێ ژنی بمێنێتەوە. بەگوێرەی دابونەریتی جووەکان، ڕەبەنایەتی پەسەند نەبوو، ئەرکی سەرشانی هەر باوکێک ئەوە بوو ژنێکی شایستە بۆ کوڕەکەی خۆی بدۆزێتەوە. خۆ ئەگەر عیسا ژنی نەبووبا، ئەوا بەلای کەمییەوە یەکێک لە سیپارە و ئینجەلەکاندا ئاماژەیەکی بۆ دەکرد و ڕونکردنەوەیەکی وای سەبارەت بە ڕەوشی بێ ژنییەتی ئەو دەخستە ڕوو."

تیبینگ کتێبێکی بەرگ قەبەی دۆزیەوە، هێنای و لەسەر مێزەکە داینا. کتێبە بەرگ قەبە چەرمینەکە وەک ئەتڵەسێکی گەورە وابوو. بەرگەکەی وا دەخوێندرایەوە: ئینجیلە گنۆستیکییەکان[202]. تیبینگ کتێبەکەی لێک کردەوە، لانگدن و سۆفیش چوونە لای. سۆفی وێنەکانی نێو کتێبە سەرنجڕاکێشەکەی بینی کە بەڵگەنامەی کۆنینەی لەخۆگرتبوو، لاپەڕەکانی لەبەر نووسینی دەستخەتەکەی سەری دڕابوو. سۆفیش بە زمانە کۆنینە پێنووسراوەکەی دەقەکە بەڵەد نەبوو، بەڵام لە ڕووەکەی دیکەی لاپەڕەکەدا، وەرگێڕانی تایپکراوی تێدا بوو.

- "ئەمانە دانەی لەبەرگیراوی (ناگ حەماد)ی سەر دەریای مردوون، کە پێشتر ئاماژەم پێدا،" تیبینگ وای بە سۆفی گوت، "تۆماری بەرێی کریستیانێتی. بۆ مایەی پەشێوی، ئەمانە نەخراونەتە نێو چوارچێوەی بایبیلەوە." ئیدی لاپەڕەکانی هەڵدانەوە تا گەیشتە نێوەڕاستی کتێبەکە، تیبینگ ئاماژەی بە لاپەڕەکە کرد. "ئینجیلی فیلیپ هەمیشە بۆ دەستپێکردن باشترینیانە."

سۆفیش لاپەڕەکەی خوێندەوە:

***"یاوەر(هاوڕێی)ی ڕزگاکەر ماریا ماجدەلینایە. عیسا ئەوی لە هەموو شاگردەکان(مریدەکان)ی خۆشتر دەویست، زۆر جارانیش دەمی ماچ دەکرد. مریدەکانی دیکە بەم ڕەفتارە ناقایل بوون. ئەوان پێیان گوت، "باشە بۆچی تۆ ئەوت لە ئێمە هەمووان خۆشتر دەوێ؟"***

---

[201] زگورتی: سەڵت. بەبێ ژن.

[202] The Gnostic Gospels

- وشەکان بوونە مایەی سەرسامی سۆفی، هێشتاش بە ئاستەم شتەکەی پێ قوت دەدرا. "بەڵام خۆ هیچ شتێک لەبارەی ژنهێنانەکەوە نالێ؟"

- "تەواو بە پێچەوانەوە،" تیبینگ بە خەندەوە، وای گوت و ئاماژەشی بە یەکەمین دێڕ دا. "هەر لێکۆڵەرەوەیەکی زمانی ئارامی پێتدەڵێ، کە وشەی یاوەر(هاوڕێ) لەو سەردەمدا، کتومت واتای ژن/مێردی دەگەیاند."

لانگدنیش بە سەر لەقاندن قسەکەی بۆ سەلماند.

سۆفی دیسان یەکەمین دێری لاپەڕەکەی خوێندەوە. ***یاوەری(هاوڕێی) ڕزگارکەر ماری ماجدەلینایە.***

تیبینگ لاپەڕەکانی کتێبەکەی هەڵدانەوە و نیشانەی بە چەند بڕگە دا کە نیشانەی سەرسامی سۆفی بوون، بە شێوەیەک ڕوون و ئاشکرا دەردەکەوت، کە ماری ماجدەلینا و عیسا پەیوەندییێکی ڕۆمانتیکییانەیان بەیەکەوە هەبووە. کاتیکیش سۆفی کۆپلەی دەقەکانی دەخوێندەوە، ئەو قەشە تووڕەیەی بیرهاتەوە، جارێکیان کە هێشا کیژۆڵەیەکی مەکتەبلی بوو، قەشەکە لەدەرگەیماڵیان دا.

- "ئەرێ ژاک سانییێر لە ماڵە؟" کاتێک سۆفی دەرکەکەی کردەوە، قەشەکە وای لێ پرسی و سەیری نێو دالانی دەرگاکەشی دەکرد. "من دەمەوێ لەگەڵ ئەو سەبارەت بەو شتەی لێرەدا نووسیویێتی، قسە بکەم." قەشەکە ڕۆژنامەکەشی بە دەستەوە گرتبوو.

سۆفیش بانگی باپیرەی خۆی کرد، ئیدی هەردوو پیاوەکە چوونە ژووری کتێبخانەی باپیرە و دەرکەیان لەسەر خۆیان پێوە دا. ***باپیرەم شتێکی لە ڕۆژنامەدا نووسیوە؟*** دەستبەجێش سۆفی غاریدایە ناندین و پەڕەی ڕۆژنامەکانی بەیانی هەڵدانەوە. ناوی باپیرەی لەسەر وتاری لاپەڕەی دووەمی ڕۆژنامەکەدا بینییەوە. وتارەکەی خوێندەوە. سۆفی هیچ لەوەی نووسرابوو تێنەگەیشت، بەڵام وتارەکە شتێکی وای تێدابوو، حکومەتێکی وەک حکومەتی فەرەنسی، لەژێر فشاری قەشەکاندا قایلبووە کە فیلمێکی ئەمریکایی بەناوی ***دوا فریودانی عیسا*** قەدەغە بکا، فیلمەکە دەربارەی پەیوەندی سێکسی عیسا بوو لەگەڵ خانمێک بەناوی ماری ماجدەلینا. وتارەکەی باپیرە گوتبووی، کڵێسا لووتبەرز و هەڵەبووە سەبارەت بە قەدەغەکردنی فیلمەکە.

***لەخۆڕا نییە قەشەکە شێت و هار بووە.*** سۆفی لەبەرخۆیەوە وا لەگژ هزران ڕاچوو.

- "ئەمە بەڕەڵاییە! سووکایەتییە!" قەشەکە وا دەیقیژاند، بەدەم ئەم قسانە لە کتێبخانەکە هاتەدەر و بەرەو زارکی دەرکەی دەرەوە ڕۆیشت. "باشە چۆن تۆ ئەو شتە دەسەلمێنی!

ئەو ئەمریکاییە، (مارتین سکۆرس) کافرە و کڵێساش ڕێگای نادا لە فەرەنسادا پەخشی بکا!" قەشەکە بە توندی دەرکەی پێوەدا و ڕۆیشت.

- کاتێکیش باپیرەی سۆفی هاتە ناندینەکە، بینی سۆفی ڕۆژنامەکەی بە دەستەوەیە، ڕووی هەندێ گرژ بوو، ئینجا گوتی، "سۆفی تۆ زۆر تەڕدەست بووی."

- سۆفیش پییگوتەوە، "پێتوایە عیسا دۆستێکی کچی هەبووە؟"

- "نەخێر،شیرینەکەم، من گوتوومە، نەدەبوایە شتگەلێکمان پێ بڵێ کە ناتوانێ بچێتە دڵمانەوە."

- "ئەرێ عیسا کچەدۆستێک (یارێک)ی هەبووە؟"

- باپیرەکەی بۆ چەند خولەکێک بێدەنگ بوو، پاشان پێی گوت، "ئایا ئەگەر ئەو شتەی هەبێ، شتێکی ئەوەندە بەدە؟"

- سۆفیش شتەکەی هەڵسەنگاند و شانێکی بۆ هەڵتەکاند. "بەلای منەوە قەیدی نییە."

(سێر لای تیبینگ) هێشتا هەر قسەی دەکردن. "من چیدی بە خوێندنەوەی دژە ئاماژەکان بە یەکانگیرێتی عیسا و ماجدەلینا ناخوێنمەوە. ئەمەیان لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە مێژوونووسان مشتومڕی لەسەر کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێ ئاماژە بە شتێک بدەم." ئینجا نیشانەی بە لاپەڕەیەکی دیکە کرد. "ئەمەشیان لە سیپارەکەی ماری ماجدەلیناوەیە."

سۆفیش نەیدەزانی، کە سیپارەیەک بەناوی ماری ماجدەلیناوە هەیە. کەوتە سەر خوێندنەوەی دەقەکە:

***پیتەریش گوتی، "تۆبڵێی بەبێ زانیاری ئێمە، ڕزگاکەر قسەی لەگەڵ ئافرەتێکدا کردبێ؟ ئایا ئێمە پشتگوێ خراوین و دەبێ گوێ لەو ژنە بگرین؟ تۆ بڵێی ئەو ژنەی لە ئێمە بە چاکتر دانابێ؟***

***لیڤیش وەڵامی دایەوە، "پیتەر، تۆ هەمیشە هەر بۆڵەبۆڵ دەکەی. ئێستا دەبینم بە شێوەیەک لەو ژنە دەڕوانی وەک ئەوەی مێملێک بێ. خۆ ئەگەر خودی ڕزگارکەر ژنەکەی بە چاک زانیبێ، ئیدی تۆ کێی تا ڕەتی بکەیتەوە؟ بە دڵنیاییەوە ڕزگارکەر ژنەکە باش دەناسێ. هەر لەبەر ئەوەشە لە ئێمەی خۆشتر دەوێ."***

- "ئەو ژنەی باسی لێوە دەکەین،" تیبینگ وا ڕوونی کردەوە، "ماری ماجدەلینایە. پیتەریش غیرەی لێدەکا."

- "لەبەر ئەوەی عیسا لە وانی لە پێشتر داناوە؟"

- "نەوەک هەر لەبەر ئەوە. گرەوەکە زۆر لە مەیل و مەرامەکەی مەزنترە. لەم خاڵەی ئینجیلەکاندا، عیسا گومانێکی هەبوو، کە بەو زووانە دەگیرێ و لەخاچ دەدرێ. ئیدی ڕێنمایی دایە ماری ماجدەلینا چۆن چۆنی بە کاروباری ڕاپەرموونی کڵێسە لەدوای ئەودا ڕاببێ. لە ئەنجامیشدا، پیتەر زۆری لەدڵ گران دەبێ، کە ڕۆڵێکی لاوەکی لە دوای ژنێکەوە ببینێ. پێموایە پیتەر هەندێ پیاوسالار بووە."

- "سۆفی هەوڵی ئەوەی دا لێی تێبگا. "ئەمە پیتەری پیاوچاکە[203]. ئەو بەردەی کە عیسا کڵێسەکەی لەسەر ڕۆنا."

- "هەر هەمان شت، بەدەر لە یەک شت. بەگوێرەی ئەو سیپارە (ئینجیلە) دەستکارینەکراوانە، ئەو کەسەی، ڕێنمایی دامەزراندنی کڵێسای کریستیانی خراوەتە ئەستۆ، پیتەر نەبووە، بەڵکو ماری ماجدەلینا بووە."

- سۆفی سەیرێکی کرد. "تۆ دەتەوێ بڵێی ڕۆنانی کڵێسای کریستیانی لەسەر شانی **ژنێک** دەبوو؟"

- "نەخشەکە وابوو. لە بنەچەکەدا عیسا فێمینیست بووە. نیازی ئەو بۆ دوارۆژ ئەوەبوو، کڵێسای کریستیانی بکەوێتە دەستی ماری ماجدەلینا."

- "پیتەریش کێشەی لەگەڵ ئەم نەخشەیەدا هەبوو." لانگدن بەم شێوە دوا و ئاماژەشی بە تابلۆی دوا خوانی شێوان دا. "ئەوە پیتەرە لەوێ دانیشتووە. لە تابلۆکەدا دەبینی کە چۆن داڤینشی زانیوێتی، کە هەستی ناوەوەی بەرامبەر ماری ماجدەلینا چۆنە."

دیسان سۆفی قسەی بۆ نەهات. لە تابلۆکەدا، پیتەر بە هەڕەشەیەکەوە بەسەر ماری ماجدەلینادا خۆی شۆڕکردبووەوە، دەستی چەپیشی وەک ئەوەی تیغێک بێ لە ملی ماری نابێ. هەمان ئاماژە هەڕەشەدارەکەی تابلۆی خاتوونی سەر گاشە بەردەکان!

- "لێرەش،" لانگدن بوو وای گوت و ئاماژەی بەو خەڵکانەی نزیک پیتەر کرد. "هەندێک سامناکانەیە، وانییە؟"

- سۆفی بە تیلەی چاوەوە سەیری تابلۆکەی کردەوە بینی دەستێک لەنێو ئاپۆراکەوە دەرچووە. "ئەرێ ئەو دەستەی ئەوێ خەنجەرێکی هەڵگرتووە؟"

[203] لێرەدا وشەی پیاوچاکم بەرانبەر saint ئینگلیزی و القدیسي عەرەبی بەکارهێناوە.

- "بەڵێ، لەوەش سەیرتر، خۆ ئەگەر باسکەکان بژمێری، دەبینی دەستەکە[204]....هەر هی کەسیان نییە. دەستێکی بەرجەستە نەکراوە. دەستێکی نەناسراوە."

- سۆفی خەریکبوو هەستی بە تێکچوونێک دەکرد. "ببوورە، بەڵام هێشتا لێتێناگەم، کە چۆن ئەو هەموو شتە وا لەماری ماجدەلینا دەکا ببێتە جامە پیرۆزەکە."

- "ئاها،" ئەمجارەیان تیبینگ هاتەوە قسە، "ئەم ماستە موویێکی تێدایە!" تیبینگ جارێکی دیکە وەرسووڕایەوە لای مێزەکە و نەخشەیەکی گەورەی لێک کردەوە. نەخشەکە هێڵکاری شەجەرەی خانەوادەیەک بوو. "خەڵکیکی کەم ئەوە دەزانێ کە ماری ماجدەلینا وێڕای ئەوەی دەستەڕاستی عیسا بووە، ژنێکی دەسەڵاتداریش بووە."

ئینجا سۆفی نەخشەی دارنامەی خانەوادەکەی بینی.

## ***شەجەرەی خانەوادەی تیرەی بنیامێن[205]***

- "ماری ماجدەلیناش دەکەوێتە ئێرە،" تیبینگ بوو وای بە سۆفی گوت و ئاماژەی بە سەرووی دارە خانەوادە نیشاندەرەکە کرد.

- سۆفی سەرسام بوو. "ماری سەر بە ماڵباتی (بنیامێن) بوو؟"

- "بێگومان،" تیبینگ وا وەڵامی دایەوە. "ماری ماجدەلینا لە پاشماوەی شاهانە بوو."

- "بەڵام من لەوە تێماوم، ئاخر ماجدەلینا هەژار بووە."

- تیبینگ سەری بادا. "بۆ ئەوەی بەڵگەی پەیوەندی خانەوادە بەهێزەکەی بسڕنەوە، ماجدەلینایان وەک سۆزانییەک نیشان داوە."

- سۆفی وای خۆی بینییەوە کە جارێکی دیکە ئاوڕ لە لانگدن بداتەوە لێی بڕوانێ، ئەویش بە دەوری خۆیەوە سەری بۆ لەقاند. ئینجا سۆفی ڕووی کردەوە تیبینگ و پێی گوت؛ "بەڵام بۆچی کڵێسای بەرێ گرنگی بەوە داوە، کە ماجدەلینا خوێنێکی شاهانەی لە دەماردا بێ؟"

---

[204] مەبەست لەو دەستەی خەنجەرەکەی بە دەستەوەیە.

[205] Benjamin

- کابرای بەریتانی خەندەیەکی بۆ کرد. "منداڵە شیرینەکە، ئەوە خوێنی شاهانەی دەمارەکانی ماری ماجدەلینا نەبوو کە کڵێسا مشوری دەخوارد، بەڵکو پەیوەستیەکەی بوو لەگەڵ عیسا، کە ئەویش خوێنی شاهانەی لە دەمارەکاندا بوو. هەروەک خۆشت دەزانی، کتێب(ئینجیلی) مەتیٚ پێمان دەڵیٚ، عیسای مەسیح سەر بە خانەوادەی داود بووە. یەکێک لە پاشماوەی شا سلێمان، پاشای جووەکان. ئینجا بەوە کە ژنێک دەسەڵاتداری بنەماڵەی بنیامێن بێنیٚ، ئەوا عیسا دوو خوێنی شاهانە لەیەک دەدا، بەمە توانستێکی یەکانگیری ڕەوایانە دروست دەکا، کە بتوانیٚ داوای بوژاندنەوەی ماڵی شاهانەی سلێمان بکاتەوە."

سۆفی هەستی کرد خەریکە لە کۆتاییدا بگاتە دوا خاڵ.

- هەنووکە تیبینگ بە کەیف و زەوقەوە دەبینرا. "ئەفسانەی جامە پیرۆزەکە ئەفسانەیەکە دەربارەی خوێنی شاهانە. کاتێک ئەفسانەی جامەکە دەربارەی بادە(دەفر) کەوا هی خوێنی عیسایە، دەدویٚ... ئەوا لەڕاستیدا باسی ماری ماجدەلینا، باسی منداڵدانی مێینەیەک دەکا، کە خوێنی شاهانەی عیسای هەڵگرتووە."

بەرلەوەی وشەکە لەمێشکی سۆفیشدا تۆمار بیٚ، لەنێو ژووری باڵێیەکدا دەنگی دایەوە. ***ماری ماجدەلینا هەڵگری خوێنی عیسای مەسیحە***؟ "بەڵام ئاخۆ کەسێک خوێنی عیسای لە هەناودا هەڵدەگریٚ مەگەر...؟" سۆفی ئیستێکی کرد و سەیری لانگدنی کرد.

- لانگدنیش بە نەرمیەوە خەندەی بۆ کرد.

- "مەگەر منداڵیان لەیەک هەبیٚ."

سۆفی بە واقوڕماوی وەستا.

- "بوەستە،" تیبینگ وا جاڕی دا. "مەزنترین نهێنی لە مێژووی ئادەمیزادا. نەوەک هەر ئەوە، کە عیسای مەسیح ژنی هێنابووە، بەڵکو باوکیش بووە. ئازیزەکەم، ماری ماجدەلینا دەفرە پیرۆزەکە بووە. ئەو ئەو بادە بووە، کە خوێنی شاهانەی عیسای لە هەناودا هەڵگرتبوو. ماری ئەو ڕەحمە بوو، پاشماوەی زنجیرەیەکی هەڵگرتبوو، ئەو دارمێوە بوو، کە میوەیەکی پیرۆزی گرتبوو!"

- سۆفی موچڕکێکی پێداهات و هەستی کرد مووی جەستەی گرژ بوون. "بەڵام چۆن دەبیٚ ئەو نهێنییە لەو هەموو ساڵە دووروودرێژانەدا هەڵبگیریٚ؟"

- "ئای ئاسمانەکان!" تیبینگ وای پێ گوت. "هەموو شتێک بوو بەڵام بێدەنگی لێنەکراوە! خوێنی شاهانەی عیسای مەسیح بناوانی زۆرترین بەرگەگرتنی ئەفسانەی زەمان -جامە پیرۆزەکە- بووە، چیرۆکی ماجدەلینا لە بەرزییەوە لەو هەموو سەدانەدا بە هەموو شێوەیەکی مەجازی و بە هەموو زمانەکان هاواری کردووە. خۆ ئەگەر چاوەکانت بکەیتەوە، چیرۆکی خانمەکە لە هەموو لایەکەوە هەیە."

- "ئەدی چی لەبارەی بەڵگەنامەکانی سانگریلەوە هەیە؟" سۆفی وای لێ پرسی. "ئاخر گوایە باسی ئەوە دەکا و دەیسەلمێنێ خوێنی شاهانەی هەبووە؟"

- "بەڵێ ئەوان وان."

- "کەواتە سەرتاپای ئەفسانەی جامە پیرۆزەکە دەربارەی خوێنی شاهانەیە؟"

- "کتومت وایە،" تیبینگ وای وەڵام دایەوە. "وشەی سانگریل Sangreal لە سان San و گرییل Greal یان جامی پیرۆز Holy Grailەوە هاتووە. بەڵام ئەوە شێوەیەکی زۆر کۆنینەیە، وشەی سانگریل Sangreal لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە دابەش بووە." تیبینگ لەسەر پارچە کاغەزێک وشەکانی نووسی و ڕادەستی سۆفی کردەوە.

سۆفیش ئەوەی نووسرابوو خوێندییەوە.

Sang Real

ئیدی سۆفی دەمودەست وەرگێڕانەکەی ناسییەوە.

سانگ رییل Sang Real دەقاودەق واتای خوێنی شاهانە Royal blood`ی دەگەیاند.

## بەندی ٥٩

کارمەندەی پرسگەی بنکەی سەرەکی ئۆپیوس دای لە لێکسینگتن ئەڤینیو لە شاری نیویۆرک کاتێ گوێی لە دەنگی مەتران ئارینگارۆسا بوو. بەسەرسامییەوە وەڵامی دایەوە؛ "شەوباش گەورەم."

- "ئەرێ هیچ پەیامم بۆ هاتوون؟" مەتران وای لێپرسی و دەنگەکەشی شپرزەیی و نائاسوودەیی پێوە دیار بوو.
- "بەڵێ، گەورەم. دڵشادم کە پەیوەندیت کرد. نەمتوانی لە ئەپارتمانەکە بە تەلەفۆن بتگرم. سەعات و نیوێک دەبێ پەیامێکی لەناکاو و بەپەلەت بۆ هاتووە."
- "بەڵێ،" بە گوێبیستی هەواڵەکە دەنگەکەی هەندێ ئاسوودەی و ئۆخەی بۆ هاتەوە. "ئایا زەنگلێدەرەکە ناوی خۆی بەجێ هێشتووە؟"
- "نەخێر ، گەورەم، تەنها ژمارەکەی جێهێشتووە" کارمەندەکە ژمارەکەی بۆ خوێندەوە.
- "سەرەتای ژمارەکە سی و سێیە؟ ئەگەر هەڵەنەبم، ئەمەیان کۆدەژمارەی فەرەنسایە؟"
- "بەڵێ ، گەورەم، پاریسە. زەنگلێدەرەکە گوتی هەر زۆر پێویستە یەکسەر پەیوەندی پێوە بکەیتەوە."
- "سوپاست دەکەم. منیش چاوەڕێی ئەو زەنگەم دەکرد." ئیدی هەر زوو ئارینگارۆسا تەلەفۆنەکەی دانایەوە.

کاتێکیش کارمەندی پرسگەکە تەلەفۆنەکەی دانایەوە. پیاوەکە مەراق ما ئاخۆ بۆچی دەنگی ئارینگارۆسا وا وشک بوو. خشتەی کاری ڕۆژانەی مەتران لەم هەفتەیەیەدا بەردەوام لە نیو یۆرک بوو. خۆی نیشان دەدان، کەچی ئێستا دەنگی دنیایەک دوورە. کارمەندەکە بێباکانە شانێکی بۆ هەڵتەکاند. مەتران ئارینگارۆسا لەم چەند کەمە مانگانەی دواییدا سەیر ڕەفتار دەنوێنێ.

***هەردەبێ تەلەفۆنە دەستییەکەم شت وەرنەگرێ،*** کاتێک فیاتەکەی ئارینگارۆسا لە دەروازەی فڕۆکەخانەی سیامپینۆی ڕۆما نزیک بوو، وای بیرکردەوە. ***مامۆستایەکە هەوڵی داوە پەیوەندیم پێوە بکا.*** سەرباری ئەوەی ئارینگارۆسا خەمی لە پەیامە لەدەستچووەی خۆی دەخوارد، هەستی بە ورەبەرزییێکیش کرد، ئاخر مامۆستاکە ئەوەندە بڕوای بەخۆی بووە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بنکەی سەرەکی ئۆپیوس دایەوە کردووە.

***هەردەبێ شتەکان لە پاریس بە باشی بەڕێوە ڕۆیشتبن.***

کاتێکیش ئارینگارۆسا خەریک بوو ئەو ژمارەی پێیگەیشت، لێیدەدا، هەستی بە ئۆخژنێک کرد کە بەو زووانە دەگاتە پاریس. ***بەر لەوەی زەردە لەسەران بدا، من دەگەمە پاریس.*** فڕۆکەیەکی کرێگرتەی تایبەت چاوەڕێی ئارینگارۆسای بۆ کورتە گەشتەکەی پاریس دەکرد. ئاخر فڕۆکە بازرگانییەکان بەم سەعاتە وەختە بۆ ئەو نەدەلوان، نەخاسمە لەبەر ناواخنی ئەو قەواڵە و کۆمپیالانەی لەنێو جانتاکەی ئەودا بوون.

هێڵی تەلەفۆنەکەی کرایەوە و زەنگەکە لێدرا.

دەنگێکی خانمانی لەو دیو هێڵی تەلەفۆنەوە وەڵامی دایەوە. "بەڕێوبەرایەتی مەکۆی پۆلیسی دادوەری."

ئارینگارۆسا لەلای خۆیەوە هەستی بە دوودڵی کرد. ئاخر ئەمە چاوەڕوان نەکراو بوو. "ئاها، بەڵی... داوام لێکراوە زەنگ بۆ ئەم ژمارەیە لێبدەم؟"

- خانمەکەی ئەودیوی هێڵی تەلەفۆنەکە بە فەرەنسی پێی گوت؛ "تۆ کێیت؟ ناوت چییە؟"

ئارینگارۆسا دڵنیا نەبوو ناسنامەی خۆی بۆ ئاشکرا بکا. ***پۆلیسی دادوەری فەرەنسایی؟***

- ژنەکە بە فشار هێنانەوە؛ "بەڕێزم ناوەکەت چییە؟"
- "مەتران مانۆیل ئارینگارۆسا."
- "یەک خولەک." کرتەیەکیش لەسەر هێڵی تەلەفۆنەکەوە هات.
- دوای ماوەیەک چاوەڕێکردن، پیاوێک هاتە سەر هێڵەکە، دەنگەکەی زبر و خەمخۆرانە بوو. "جەنابی مەتران، شادمانم لە کۆتاییدا دەنگم پێت گەیشت. زۆر شت هەیە کە تۆ و من قسەی لە بارەوە بکەین."

## بەندی ٦٠

Sangreal… Sang Real… San Greal سانگریل... خوێنی شاهانە... جامی پیرۆز.

سەرەداوی هەموو ئەمانە لەگەڵ یەک تێکەڵ بوون.

***جامە پیرۆزەکە ماریا ماجدەلینایە... دایکی دەمارەخوێنی عیسای مەسیحە.*** کاتێ سۆفی هەڵسا سەرپێ و لە هۆڵە بەرفراوانەکەدا هەستی بەسەرلێشێوان کرد و لە ڕۆبەرت لانگدنیشی ڕوانی. ئەمشەو هەرچەند لانگدن و تیبینگ شتیان ڕاڤە دەکرد و دەیانخستە سەرمێزەکە، ئەوەندە مەتەڵەکەی بەردەمی سۆفی ناچاوەڕوانکراو دەبوو.

- "ئازیزەکەم، هەروەک دەیبینی،" تیبینگ بوو وای گوت و بە شەلەشەلیش بەرەو لای ڕەفەی کتێبان ڕۆیشت، "هەر بە تەنها لیۆناردۆ نەبوو، هەوڵی دەدا ڕاستی دەربارەی جامە پیرۆزەکە بە دنیا بڵێ. دەمارە خوێنی عیسای مەسیح زۆر بە وردی لە لایەن سەرچاوە مێژووییەکانەوە تۆمار کراوە." قامکیشی لەسەر دەرزەنێک کتێبی دیارکراو دانا.

سۆفیش سەری بەرزکردەوە ناونیشانی کتێبەکانی خوێندەوە:

**پەردەهەڵدانەوەی سوارچاکانی پەرستگا:**

پاسەوانە نهێنییەکانی ناسنامە ڕاستەقینەکەی عیسا.

**ئافرەتەکەی گۆزە مەڕمەڕەکەی هەڵگرتووە:**

ماریا ماجدەلینا و جامە پیرۆزەکە.

**خواوەندە مێینەکان لە ئینجیلەکاندا:**

داواکردنەوەی مێنیەی پیرۆز.

- "بەڵکو ئەمەشیان ناسراوترین کتێب بێ،" تیبینگ وای گوت و کتێبەکەی لە ڕیزی ڕەفەکە دەرهێناو دایە دەست سۆفی.

**خوێنی پیرۆز، جامی پیرۆز**

کتێبی پڕفرۆشی نێودەوڵەتی.

- سۆفی سەری بەرز کردەوە. "داخواز و پڕفرۆشی نێودەوڵەتی؟ هەرگیز گوێم لە شتێکی وا نەبووە."
- "تۆ منداڵ بووی. ئەم کتێبە لە هەشتاکان و نەوەدەکان هەرای نایەوە. هەرچی دەربارەی لێکدانەوەی منیشە، دانەرانی کتێبەکە لە لێکدانەوەکەیاندا هەندێ قەڵەمبازیان هاوێشتووە، بەڵام کرۆکی باسەکەیان گرنگە و بۆ پەسندانی کتێبەکە لەکۆتایدا لەوەدا سەرکەوتوون کە بیرۆکەی بنەچەی عیسا بگەیەننە شارێگەی خۆی."
- "ئەدی کاردانەوەی کڵێسا چی بوو؟"
- "هەڵبەتە شێتوهار بوون. بەڵام خۆ ئەوەش چاوەڕوانکراو بوو. لە دوای هەموو شتێک، ئەمەش نهێنییێکی ڤاتیکان بوو، لە سەدەی چوارەمەوە هەوڵیدا ئەم ڕاستیانە گۆڕەوشار بکا. ئەمەش بەشێکی هەڵمەتی خاچدارەکان بوو. کۆکردنەوەی زانیارییەکان و لەناوبردنیان. هەڕەشەی ماریا ماجدەلینا بۆ سەر پیاوەکانی بەرایی کڵێسا، زۆر کاولکارییانە بوو. ئەوەش وەنەبێ هەر ژنێک لەلایەن عیساوە ڕاسپێردرابێ سەروکاری کڵێساکەی بکا، بەڵکو لە ڕووی جەستەیش(فیزیکیش) سەلمێنەری ئەوە بووە، کە ئەو خوایەتییەی بە عیساوە لکێندرابوو ڕووبەڕوووی وەچەی بەرمەرگی خودی عیسا دەبووەوە. لەپێناوی ئەوەدا، کڵێسا ڕووبەڕوی هێز و دەسەڵاتی ماجدەلینا بووەوە، ناوی زڕاند و بە قەحپەی لەقەڵەم دا و هەموو بەڵگەنامەیەکی مارەکردنیشی سووتاند و لەناوبرد، بۆیە هەر سەرەداوێکی ئەگەری ئەوەی کە عیسا ڕۆڵەی هەبووە و پێغەمبەرێکی بەرمەرگ بووە، تەفروتونایان کرد."
- سۆفی چاوێکی لە لانگدن کرد ئەویش سەری بۆ هەژاند. "سۆفی، بەڵگە مێژوویینەکان پاڵپشتی ئەم شتە جەوهەریەن."
- "من دانی پێدا دەنێم،" تیبینگ وای بە سۆفی گوت، "ئەو جەختکردنەوانە بەسفتوسۆن، بەڵام پێویستە لەوە تێبگەی دنەدەری سەرەکی کڵێسە بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو بوختانانە بوون. ئاخر ئەوان وا نەدەمانەوە گەر جەماوەری خەڵک بە بنەچەی ڕاستەقینەی بەرمەرگبوونی عیسایان زانیبا. چونکە منداڵی عیسا دەبووە خاڵێکی کوشندە لەسەر پرسی خواوەندێتی عیسا و ئینجا بە دەوری خۆیەوە لەسەر کڵێسای

کریستیانی، کە جاڕی دابوو خۆی تاکە ڕێگای لەخۆگرتنی دەروونی مرۆڤایەتیە بۆ ڕزگاربوون و گەیاندنی بە دەروازەی شانشینی خوایی."

- "گوڵە پێنج پەلکەکە،" سۆفی وایگوت و ئاماژەشی بۆ سەر بەرگی کتێبێکی تیبینگ کرد. ***دەق هەر هەمان نەخشە گوڵە باخەکەی سندووقە دارینەکەیە.***
- تیبینگیش چاوێکی لە لانگدن کرد و مسکە بووەوە. "چاوی سۆفی تیژبینە." ئینجا گەڕایەوە سەر سۆفی. "ئەمەیان هێمای مریدانی سایۆنە بۆ جامەکە. ماری ماجدەلینا. لەبەر ئەوەی ناوەکەی لەلایەن کلێساوە قەدەغە کرابوو، بۆیە ماری ماجدەلینا بە ناوی خوازراو و نازناوەوە بە بادەکە، جامە پیرۆزەکە و گوڵەڕەزەکە دەهێندرا." تیبینگ ئیستێکی کرد، ئینجا؛ "گوڵەکەش پەیوەندییکی پتەوی بە پێنج لایەکەی ڤینۆس و ڕووگەنما پەمەیییەکەوە هەیە. هەر بەو بۆنەیەشەوە، وشەی rose ڕۆز گوڵەڕەز بە ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی و زۆر لە زامانەکانی دیکەش هەر هەمانە.[206]
- "گوڵەڕەز،" لانگدن ئەمەی خستەر سەر، "حینجەکردنەوەی پیتەکانی Eros ئیرۆسی خوای خۆشەویستی سێکسی گریکییە."

کاتێ تیبینگ لەسەر کنەوپشکنینی قسەکانی بەردەوام بوو، سۆفی نیگایەکی سەرسامانەی تێبڕی.

- "هەمیشە گوڵەڕەز نیشانەی بەرایی سێکسکردنی مێینە بووە. لە ڕێبازە بەراییەکانی خواوەندە مێینەکاندا، پێنج پەلکەکەی گوڵەکە، نموونەی پێنج حاڵەتەکەیە، کە بەسەر تاکی مێینەدا دێ، ئەوانیش لەدایک بوون، سووڕی ژنانە، دایکایەتی، وەستانی سووڕی مانگانە(بێوێژی) و مردنن. لە ڕۆژگاری نوێشماندا، پەیوەستی گوڵەڕەزەکە بە پرسی ژنایەتییەوە زۆر بەرچاوتر و بەرجەستەر بووە." چاوێکیشی لە ڕۆبەرت کرد، "بەڵکو هێماناس بتوانێ باشتر ڕوونی بکاتەوە."

ڕۆبەرتیش بۆ ساتێکی دوورودرێژ هەر بە دوودڵی مایەوە و هیچی نەگوت.

- "ئای خوایە!" تیبینگ بە بۆڵەبۆڵەوە. "ئێوەی ئەمریکایی ئەوەندە شەرم لەخۆکێشن." ئینجا ئاوڕی لە سۆفی دایەوە. "ئەوەی ڕۆبەرت لە ئاستیان نوقەی لێوەنەهات، ئەو ڕاستییەیە کە خونچەی کردنی گوڵەڕەزەکە بە زایندەی مێینە وێنادەکرێ، ئەو خونچە ناسکە، کە بەهۆیەوە سەرتاپای ئادەمیزاد لە دایک دەبێ. خۆ ئەگەر هەرگیز تابلۆکانی جۆرجیا ئۆ کیفێی[207]ت بینیبێ، دەقاودەق لە مەبەستەکەم تێدەگەی."

---

[206] بە کوردیش دوو هاواتای هەیە: گوڵەڕەز و گوڵە باخ. دیارە گوڵەڕەزەکە هەمان ڕەگی زمانەوانی هەیە.

[207] Georgia O'Keeffe

- "کرۆکی باسەکە لێرەدا ئەوەیە،" لانگدن بوو کەوتە قسە و ئاماژەشی بە ڕەفەی کتێبان دا. "هەموو ئەو کتێبانە هەمان داخوازی مێژووی دەسەلمێنن."
- "کە عیسا باوک بووە." سۆفی وای گوت و هێشتاش دڵنیا نەبوو.
- "بەڵێ،" تیبینگ وا وەڵامی دایەوە. "هەروەها ماری ماجدەلیناش ئەو ڕەحم(پزدان)ە بووە کە بنەتۆوی شاهانەی لەنێو خۆدا هەڵگرتبوو. مریدانی سایۆنیش، تا ئەم ڕۆژەی لەگەڵ دا بێ، هێشتا هەر ماری ماجدەلینا وەک خواوەندە مێینەکە، جامە پیرۆزەکە، گوڵەڕەزەکە و دایکە یەزدانییەکە دەپەرستن."

دیسان لە یادەوەری سۆفی دیمەنی ژێر زەمینەکەیی هاوینەهەواری باپیرەی سەرهەڵدایەوە.

- "بەگوێرەی مریدەکان بێ،" تیبینگ درێژەی بە قسەکانی دا، "ماری ماجدەلینا لە کاتی لە خاچدانی عیسادا دووگیان بووە. ئیدی بۆ ئاسایشپارێزی منداڵەکەی عیسا، هیچ دەرەتانێکی بێجگە لە هەڵاتن لە خاکە پیرۆزەکە، بۆ نەمابۆوە. ئەوسا بە یارمەتی یەکێ لە مامە دڵسۆزەکانی عیسا، (یوسفی ئاریماتێیا)، ماجدەلینا بە نهێنی بەرەو فەرەنسا، کە ئەوسا بە وڵاتی گال[208] دەناسرا، کۆچی کرد. لەوێ بە سەلامەتی لەنێو کۆمەڵگەی جووەکان پەنادرا. ئیدی لێرە، لە فەرەنسا بوو، ماری ماجدەلینا کۆرپەلە مێینەکەی لەدایک بوو. ناوەکەشی سارا بوو."
- سۆفی سەرێکی هەڵبڕی. "خۆ ئەوان ئەوان ناوەکەشی دەزانن؟"
- "لەوەش پتر، تۆماری ژیانی ماری و سارا وردەکارانە لە لایەن پشتیوانە جووەکان نوسرابوو. ئاخر لە بیرت نەچێ، منداڵەکەی ماجدەلینا لە بنەچەکەی داڤید و سولەیمان، پاشاکانی جوو بووە. هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو، جووەکانی فەرەنسا ماجدەلینایان بە ڕەگی شایانەی پیرۆز دانابوو، وەک لەخۆگری بنەچەی ماڵی پاشاکانیان ڕێز لێدەنا. بێژمار نووسەرە دینییەکانی ئەوکاتەی فەرەنسا بە دووروودرێژی داری ژیاننامە و بنەچەی سارایان نوسیوەتەوە."
- سۆفی سەرسام بوو،" ئاخر درەختی بنەچە و خانەوادەی عیسای مەسیحیش هەیە؟"
- "بێگومان. دەشگوترێ یەکێک لەبەردی بناغەی بەڵگەنامەکانی سانگریلە. بنەچەناسی تەواو، ئەو بەڵگەنامە بەراییانەی عیسایە."
- "بەڵام ئەو بەڵگەنامە بنەچەکناسیانەی عیسا بەچی دەچن؟" سۆفی وای پرسی. "خۆ ئەمانە بەڵگە نین. مێژوونووسان ناتوانن ڕەسەنایەتیان بسەلمێنن."
- تیبینگ پێکەنی. "خۆ ناتوانن ماکێتی بایبلیش بسەلمێنن."
- "مەبست لێی؟"

---

[208] Gaul

- "مەبەست لێی ئەوەیە، هەمیشە مێژوو لە لایەن براوەکانەوە نووسراوەتەوە. کاتێ دوو کلتوور بەیەکدا دەدەن، دۆڕاوەکە دەفەوتێ و براوەکەش کتێبە مێژووییەکان دەنووسێتەوە، ئەو کتێبانەی کە پاڵەوانێتی خۆیان بەیان دەکەن و سووکایەتیش بە نەیارە بەزیوەکەیان دەکەن. هەروەک جارێکیان ناپلیۆنیش گوتی: مێژوو چییە، بەدەر لەوەی شتێکی هەڵبەستراوی لەسەر ڕێککەوتوو نەبێ؟" تیبینگ خەندەیەکی بۆ کرد، ئینجا لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو. "مێژوو بە سروشتی خۆی هەمیشە هەر تاکڕەهەندانە بووە."

هەرگیز سۆفی بەم شێوە بیری نەکردبووەوە.

- "بەڵگەنامەکانی سانگریلەکە بە سادەیی **دیوەکەی** دیکەی چیرۆکی عیسامان بۆ دەگێڕێتەوە. لە کۆتاییشدا، کامە ڕوویان جێگەی باوەڕی تۆیە دەبێتە پرسی بڕوای تاکەکان، بەڵام بەلای کەمییەوە، ئەو زانیارییانە لە فەوتان قوتاریان بووە. بەڵگەنامەکانی سانگریلەکە بە دەیان هەزار لاپەڕەی پڕزانیاری لەخۆ گرتووە. بەڵگەنامەی شایەت عەیانەکانە، گەنجینە سانگریلەکە وەسفی ئەوەیان کردووە چۆن کاتی خۆی خراونەتە چوار باولی قەبەوە. لەنێو ئەو باولە قەباندا بێخەوشترین بەڵگەنامە، دەیان هەزار لاپەڕەی دەستکارینەکراو، بەڵگەنامەکانی پێش سەردەمی کۆنستەنتین لە لایەن شوێنهەڵگرە سەرەتاکانی عیساوە، ئەوانەی عیسایان وەک مامۆستا و مرۆڤێکی پیرۆز و پێغەمبەر ڕێزلێگرتووە. هەروەها بەندوباوی ئەوەش لەبارەی گەنجینەکەوە هەیە، کەوا بەڵگەنامەی Q، دەستنووسێکە تەنانەت ڤاتیکانیش دان بە هەبوونیدا دەنێ، گوایە کتێبی ڕێنماییەکانی عیسایە، لەوانەشە هەر بەدەستی خۆیشی نووسرابێتەوە."
- "بە دەستی عیسا خۆی نووسرابێتەوە؟"
- "هەڵبەتە،" تیبینگ وای پێگوتەوە. ""باشە بۆچی عیسا تۆماری ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی هەڵنەگرتبێ؟ زۆر لە خەڵکی ئەو سەردەم شتی وایان دەکرد. بەڵگەنامەیەکی دەنگدەرەوەی دیکە ئەوەیە، بڕوا دەکرێ دەستنووسێکی بە ناوی یادەوەرەکەی ماجدەلینا- هەبێ کە هی خودی ماری ماجدەلینا بێ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ عیسا، ئانوساتی لەخاچدانەکەی و ڕۆژگارەکەی فەرەنسای تێدا یاداشت کردبێ."
- سۆفی بۆ ساتێکی دوورودرێژ بێدەنگ مایەوە. ئینجا هەڵیدایێ؛ "باشە ئەو چوار باولە زلە پڕ بەڵگەنامانە، گەنجینەی سوارچاکەکان بوو کە لە ژێر وێرانەی پەرستگاکەی سلێمانیان دۆزیەوە؟"

- "بەڵێ، کتومت. ئەو بەڵگەنامانەی هێز و دەسەڵاتی بێ ئەندازەیان بۆ سوراچاکەکان پەیدا کرد. ئەو بەڵگەنامانە لە مێژوودا بوونەتە مایەی پڕ مشتومڕترین باسوخواس لەسەر جامەکە."
- "بەڵام خۆتۆ گوتت، جامە پیرۆزەکە ماریا ماجدەلینا بوو. خۆ ئەگەر خەڵکیش بە دوای بەڵگەنامەکاندا بگەڕێ، باشە ئەدی تۆ بۆ ناوی لێدەنێی، گەڕان بەدوای جامە پیرۆزەکە؟"
- تیبینگ چاوی خستە سەر سۆفی، دەربڕینەکەشی نەرمونیانانە بوو. "چونکە حەشارگەی جامە پیرۆزەکە تابووتە بەردینەکەش دەگرێتەوە."

لە دەرەوە شنەبا بەسەر دارەکانی هەڵکردبوو.

تیبینگ زۆر بەکاوەخۆتر[209] دەدوا. "پرسی جامە پیرۆزەکە کتومت پرسی نوشتانەوەیە لەبەردەم ئێسکوپروسکی ماری ماجدەلینا. گەشتێک بۆ ئەوەی لەبەردەم پێی ئەوەی هەڵبژێردراوەدا درووود بخوێنێ، ئاخر ئەو، مێینەی پیرۆزە."

سۆفی هەستی بە واقوڕمانێکی ڕەچاونەکراو کرد. "لە ڕاستیدا حەشارگەی جامە پیرۆزەکە... تابووتێکە؟"

گلێنەی چاوەکانی تیبینگ تەمومژاوی هەڵگەڕان. "بەڵێ وایە. تابووتێک، تەرمی ماریا ماجدەلینا و هەموو ئەو بەڵگەنامانەی تێدان کە چیرۆکی ژیانی دەگێڕێتەوە. هەمیشە کرۆکی پرسی جامە پیرۆزەکە پرسی ماجدەلینا بووە، ئەو شاژنە ستەملێکراوە، بەخۆی و بەڵگەی ڕەوایەتی ماڵباتەکەی لەسەر داواکردنی دەسەڵات خراوەتە گۆڕ."

سۆفی دەمێک وەستا تا تیبینگ خۆی کۆکردەوە. کەواتە ئەوەندە زانیاری دەربارەی باپیرەی پێی لێکنەدەدرایەوە. "ئەندامانی مریدایەتی سایۆن،" لەکۆتاییدا سۆفی وای پرسی، "لەو هەموو ساڵانەدا لە پاراستنی بەڵگەنامەکانی سانگریل و تابووتی ماری ماجدەلینا بەرپرسیار بوون؟"

- "بەڵێ، دەستەی برایەتی ئەرکێکی لەوە گرنگتری لە ئەستۆ بوو، ئەویش پاراستنی خودی بنەچەکە بوو. بنەچە، هێڵی بەجێماوی عیسا هەمیشە لەژێر مەترسییەکی کوشندەدا بوو. کڵێسەی بەرایی دەترسا نەبادا بنەچەکەکە ڕێگەی پەرەسەندنی پێبدرێ، ئیدی لە کۆتاییدا نهێنی عیسا و ماجدەلینا بڕسکێ و ببێتە هەڕەشەیەکی کوشندە لەسەر ڕێبازی کاسۆلیکی، چونکە ئەوان دەیانگوت مژدەدەری خودایی هەرگیز تێکەڵی ژنان نەبووە و نەکەوتۆتە حاڵەتی جووتبوونی سێکسی." تیبینگ ئیستێکی بۆ کرد، پاشان تێهەڵچۆوە، "لەگەڵ ئەوەشدا وەچەی عیسا بە بێدەنگی لەژێر پەردە و لەفەرەنسادا گەشەی کرد و گەورە بوو تا لە سەدەی پێنجەمدا جووڵانەوەیەکی بوێرانەی بەرپا کرد، ئەوکاتەی

[209] بەکاوەخۆ: لەسەرخۆ، بەهێواشی.

خوێنەکە لەگەڵ خوێنی شاهانەی فەرەنسی تێکەڵاو بوو، ئیدی وەچەیەکی بە ناوی مێرۆڤینجیانی[210] لێکەوتەوە.

- ئەم هەواڵە نوێیە سۆفی حەپەساند. ئاخر ئەو لە خوێندنی قوتابخانەدا بە دەستەواژەی مێرۆڤینجیان ئاشنا ببوو. "مێرۆڤینجانەکان پاریسیان بنیات نا."
- "بەڵێ، ئەمەش هۆیەک بوو، کە ئەفسانەی جامە پیرۆزەکە لە فەرنسا وا تاو بسەنێ. زۆر لە داخوازییەکانی ڤاتیکان بۆ جامەکە، لەڕاستیدا ئەرکێکی ساختە و دزەکردن بوو بۆ ئەوەی ئەندامانی ئەو ڕەچە خوێنە لەناوبەرن. ئەرێ گوێت لە باسوخواسی شا داگۆبێرت[211] نەبووە؟"
- سۆفی بە شێوەیەکی تەمومژانە ناوەکەی لە کلاسیکی مێژووی و چیرۆکێکی دڵتەزێندا بەبیردا هاتەوە. "باشە، گاگۆبێرت ئەو پاشایەی مێرۆڤینجیان نەبوو؟" کە لەشەو لە کاتی شیرین خەودا شیرێکیان لە چاودا ڕاکرد؟"
- "کتومت. پاشایەکە لەڕێی ڤاتیکان بە هاوکاری پیپین دهێریستال[212] لە کۆتایی سەدەی حەفتەمدا لەناو برا. بە کوشتنی داگۆبێرت، بنەچەی مێرۆڤینجیان خەریکبوو قڕانی تێبکەوێ. بەڵام بۆ خۆشبەختی، (سیگەبیرت)، کوڕەکەی داگۆبێرت هەڵات و توانی بنەچەکەکەی لە فەوتان ڕزگار بکا، دواتر گۆدەفرۆی بولۆنی[213]ی دامەزرێنەری مردیانی سایۆنی لێکەوتەوە."
- "هەر هەمان پیاوەکە، ئەمجارەیان لانگدن کەوتە قسەکردن، "فەرمانی بە سوارچاکانی پەرستگا دا بەدوای بەڵگەنامەکانی سانگریل لەژێر داروپەردووی پەرستگای کۆتەڵی پەرستگای سلێماندا بگەڕێن، ئیدی بەم جۆرە مێرۆڤینجیانەکان بەڵگەی پەیوەندی مەحکەمیان لەگەڵ عیسای مەسیح کەوتە بەردەست."
- تیبینگیش سەری بۆ لەقاند، و ئاهێکی قورسیشی هەڵکێشا. "دەستەی مریدانی سایۆنی هاوچەرخیش ئەرکێکی زۆر دژواری لەسەر شانە. لێپرسراوەیەتیێکی سێ سەرەیە. دەستەی برایەتی دەبێ بەڵگەکانی سانگریل بپارێزێ. ئەوان دەبێ تابووتی ماری ماجدەلیناش بپارێزن. هەروەها و بێ گومانیش، پێویستە مشووری بنەچە خوێنیەکەی

---

[210] Merovingian

[211] Dagobert

[212] Pepin D'Heristal

[213] Godefroi Boullon

عیسا بخۆن و بشی پارێزن، واته ئەو ژمارە کەمە پاشماوەی خانەوادەی پاشایەتی مێرۆڤینجیان کە تا هەنووکە لە ژیاندا ماون.

وشەکان لەو مەودا بەرفراوانەدا بە هەڵواسراوی مانەوە و سۆفیش هەستی بە هەژانێکی سەیروسەمەرە کرد، هەر وەک ئەوەی ئێسقانەکانی لەبەر جۆرە ڕاستییەکی نوێ بلەرزن وابوو. ***پاشماوەکانی عیسا تا هەنووکە هەر ماون.*** دیسان دەنگی باپیرە لە گوێی سۆفی زرەنگایەوە، بە سرتەوە پێی دەگوت؛ ***شازادە، دەبێ ڕاستیەکەت دەربارەی خانەوادەکە پێ بڵێم.***

لەرزەیەک جەستەی سۆفی داگرت.

***خوێنی شاهانە.***

سۆفی نەیدەتوانی بێنێتە پێشچاوی خۆی.

***شازادە سۆفی.***

- "گەورەم . لای؟" دەنگی پێشخزمەتچییەکە کە بانگی سالاری ماڵێی کرد، لە سەر دیواری هۆڵەکەدا دەنگی دایەوە، سۆفی ڕاچڵەکی. "ئەگەر بۆ خولەکێک بفەرموویتە ناندینەکە؟"
- ڕووی تیبینگ بەو داخوازیە ناخۆشە گرژ بوو. ئیدی بەرەو لای زەنگی دیوارەکە ڕۆیشت، کە دەنگەکەی لێوەهات و دوگمەکەی خوارەوەی داگرت. "ڕیمی، وەک خۆت دەزانی من لە گەڵ میوانەکان سەرقاڵم. خۆ ئەگەر ئەمشەو هەر شتێکمان لە ناندینەکدا پێ بوێ، بەخۆمان دەیهێنین. سوپاس بۆ تۆ و شەویشت شاد."
- "گەورەم، یەک قسە بەر لەوەی بڕۆم، ئەگەر زەحمەت نەبێ."
- تیبینگ کەوتە بۆڵەبۆل و دوگمەکەی داگرتەوە. "دەی، ڕیمی خێراکە."
- "گەورەم، ئیشەکە پرسێکی ماڵەوەیە، باش نییە میوانەکانی پێ هەراسان بکرێ."
- تیبینگ گومانێکی بۆ پەیدا بوو. "باشە ناکرێ بۆ بەیانی چاوەڕێ بکەی؟"
- "نەخێر، گەورەم. پرسیارەکەم هەر یەک خولەکێکە."
- تیبینگ چاوەکانی سووڕاندن و سەیری لانگدن و سۆفی کرد و گوتی؛ "هەندێ کەڕەت، مەراقم بزانم ئاخۆ کێ خزمەتکاری کێیە؟" دیسان دوگمەی خوارەوەی داگیرساندەوە. "ڕێمی وا دێم. باشە پێویستت بە هیچ شتێک نییە لەگەڵ خۆم بۆت بێنم؟"
- "گەورەم، تەنها ڕزگاربوون لە چەوساندنەوە."
- "ڕیمی، خۆت لەوە تێگەیشتووی کە تەنها پارچەگۆشتی بە بیبەر تاکە هۆکاری هێشتنەوەی تۆیە لای من."
- گەورەم، هەر ئەوەم پێ دەڵێی، هەر ئەوەیە کە پێم دەڵێی."

## بەندی ٦١

### شازادە سۆفی.

لەگەڵ دەنگی داردەستەکانی تیبینگ کە بە شەلەشەل لای ئەوانی جێهێشت، سۆفی هەستی بە بۆشاییەک یەک کرد. وەک ئەوەی شرۆشەکەت بێ، لە هۆڵی سەمای بالێکەدا[214] ئاوڕێکی لە لانگدن دایەوە. ئەویش سەرێکی بۆ بادا، هەروەک ئەوەی مێشکی خوێندبێتەوە.

– "نەخێر، سۆفی،" بە چرپەیەکەوە وای پێگوت و چاوەکانیشی دووپاتکردنەوەی لێدەباری. "لەو کاتەی پێت ڕاگەیاندم، باپیرەت لە دەستەی مریدانی سایۆن بووە و لەو کاتەش ئەو خوازیار بوو شتێک سەبارەت بە خێزانەکەت پێ بڵێ، هەمان بیرۆکەم بۆ هات، بەڵام ئەمەیان ئەستەمە. "لانگدن ئیستێکی کرد، پاشان، "سانییر ناوێکی مێرڤینجیان نییە."

سۆفی لە هەستەکانی خۆی دڵنیا نەبوو، ئاخۆ ئاسوودەیە یان نامرادە. پێشتر لانگدن پرسیاری نائاسایی دەربارەی ناوی کیژۆکارانەی دایکی لێپرسی بوو. ناوەکەشی شۆڤێل[215] بوو. هەنووکە جێگەی خۆیەتی پرسیارەکە بکرێ. "ئەدی شۆڤێل؟" سۆفی بە ورووژاویەکەوە وای پرسی.

دیسان لانگدن سەری بۆ بادا. "داوای لێبوردنت لێدەکەم. من دەزانم دەبوایە ئەمەیان وەڵامی چەند پرسێکی تۆی دابایەوە. بەڵام تەنها دوو هێڵی وەچەی ڕاستەوخۆ لە مێرۆڤینجیانەوە ماون. ناوی خانەوادەکانیشیان پلانتارد و سێینت کلێرە[216]. هەر دووماڵباتەکەش شاردراونەتەوە و دەستەی مریدانیش پاراستویانن.

سۆفی لەبەرخۆیەوە و بەبێ دەنگی ناوەکانی لە مێشکی خۆیدا هێنان و بردن، ئینجا سەری بادا. ئاخر هیچ کەس لەنێو مالباتەکەیدا ناوی پالتارد و سێینت کلێری هەڵنەگرتبوو. ئیدی هێزێکی نادیاری سەیر سۆفی بۆخۆی ڕاکێشا. پەی بەوە برد، ئێستا بەقەد ئەو وەختەی لە لۆڤەر بوو لەو ڕاستیەی کە باپیرەی بەنیاز بوو بۆی بدرکێنێ، نزیک نەبۆتەوە. سۆفی خۆزگەی دەخواست هەرگیز دوای نیوەڕۆ باپیرەی ناوی خێزانەکەی نەبردبایە. ئاخر ئەو بەم جۆرە

---

[214] مەبەست هەر ئەو ژوورە گەورەی تێدا بوون، چونکە پێشتر ئاماژەی پێکرا کە هۆڵێکی سەمای بالێ بوو، تیبینگ کردبوویە کتێبخانەی خۆی.

[215] chauvel

[216] Plantard, Saint Clair

قەتماغەی کۆنە برینێکی هەڵدایەوە، ئێستاش لە جاران بەسفتۆسۆتر بووە. ***سۆفی، ئەوان مردن. ئەوان ناگەڕێنەوە.*** سۆفی بیری لە دایکی کردەوە کە منداڵ بوو سەری لەکۆشی دەناو گۆرانی بۆ دەچڕی، بیری لە باوکی دەکردەوە کە لەسەر شانی دادەنا، بیری لە داپیرە و برا بچکۆلەکەی دەکردەوە کە بەخۆی و چاوە کەسکەکانی بۆی پێدەکەنی. هەموو ئەو شتانەی لێدزران. هەموو ئەوەی بۆشی مابۆوە، تەنها باپیرەی بوو.

***هەنووکە، ئەویش ڕۆیشت. من بەتەنیا ماومەتەوە.***

سۆفی خێرا وەرسووڕایەوە لای تابۆی دوا خوانی شێوانی عیسا و چاوی لە پرچە درێژ و سووربباوییەکەی ماری ماجدەلینا و چاوە ئارامگرتووەکانی کرد. لەوێ لە سیمای دەربڕینی ژنەکەدا شتێک هەبوو، شتێک سەدای لەدەستدانی خۆشەویستێک بوو. سۆفیش دەیتوانی هەستی پێ بکا.

- "ڕۆبەرت؟" سۆفی بە نەرمییەوە بانگی کرد.

ئەویش چەند هەنگاوێکی لێ نزیک کەوتەوە.

- "من دەزانم، (لای تیبینگ) گوتی؛ بەردەوام چیرۆکی جامە پیرۆزەکە لەدەوروخولمانە، بەڵام خۆ ئەمشەو بۆ یەکەم جارم بوو گوێم لە شتێکی وا ببێ."

- لانگدن وای تەماشاکرد وەک ئەوی بچێت و دەست لە شانی بدا، بەڵام خۆی گرت و وای نەکرد. ئینجا گوتی؛ "سۆفی، تۆ پێشتر لێرە گوێت لە چیرۆکەکە بووە. هەموو کەسێک گوێ لێ بووە. تەنیا دەرکمان پێنەکردووە کە گوێمان لێی بووە."

- "من لەم قسەیەت تێناگەم."

- "چیرۆکی جامەکە لە هەموو شوێنێک هەیە، ئەمما بەشاردراوەیی ماوەتەوە. کاتێکیش کڵێسە فەرمانی قەدەغەکردنی ئەوەی دا، کە بە چاکی باسی ماری ماجدەلینا نەکرێ، ئیدی چیرۆک و بایەخەکەی وای لێهات ڕێگای نهێنی بۆ بدۆزرێتەوە... لەڕێی کەنالی پاڵپشت و دەربڕینی مەجازیانە، بە هێماسازی بۆی بچن."

- "بێگومان هونەر."

- لانگدن ئاماژەی بە تابلۆی دوا خوانی شێوانی عیسای دا. "تەواوعەیارترین نموونە. هەندێ لە هونەری بەردەوامی ئەمڕۆ، ئەدەب و موزیکیش بە نهێنی چیرۆکی ماری ماجدەلینا و عیسامان بۆ دەگێڕنەوە."

لانگدن بەخێرای باسی کار و بەرهەمەکانی داڤینشی، بۆتیچیللی، پوسین، بێرنینی، مۆزارت و ڤیکتۆر هۆگۆی بۆکرد، هەر هەموویان بە چرپەوە چیرۆکی مێینە پیرۆزە دەرکراوەکە دەگێڕنەوە. ئەفسانە بەناوبانگەکانی وەک (سێر گواین) و سوارچاکی کەسک، شا (ئارسەر) و شۆخە نووستوەکە، هەموویان هێمای جامەکەن. پشتکووڕەکەی[217] نۆتەردامی ڤیکتۆر هۆگۆ و پارچە موزیکی شمشاڵە جادوویەکەی مۆزارت پڕن لە هێمای ماسۆنێتی و ڕازەکانی جامەکە.

- "جارێک چاوت بخەرە سەر جامە پیرۆزەکە،" لانگدن وا لەسەر قسەکەی ڕۆیشت، "ئینجا دەبینی کەوا لەهەموو لایەک هەیە. لە تابلۆکان، موزیک، کتێبەکان، تەنانەت لە فیلمی کارتۆن، پارکەکان و سینەمای میللیش."

لانگدن کاتژمێرە دەستیەکەی کە وێنەی میکی ماوسی لەسەر بوو بەرزکردەوە و دەربارەی (والت دیزنی) دوا، کە چۆن ژیانی خۆی بە شێوەیەکی جوان بۆ چیرۆکی جامەکە تەرخان کردووە و چۆن دەیگەیەنێتە وەچەکانی داهاتووش. لەماوەی ژیانی خۆیدا، دیزنی وەک "لیۆناردۆی هاوچەرخ" پەسن درا. ئاخر هەردوو پیاوەکە بە چەندان نەوە لەپێش زەمانی خۆیان کوتبوون. ئەوان بێ وێنە هونەرمەندی بەهرەدار بوون، ئەندامی کۆمەڵگەی نهێنی بوون، ئەوەی زۆر مایەی تێبینیش بێ زۆر بەئاینوئۆین بوون. والت دیزنی هەروەک لیۆناردۆ حەزی لە پەیامی شاراوە و هێمای نێو کاری هونەری دەکرد. بۆ هێماناسێکی مەشقپێکراو، بینینی فیلمە بەراییەکانی دیزنی، وەک ئەوە وابوو بکەوێتە بن ڕنینێک لە خەیاڵ و شتی مەجازی.

زۆر لەو پەیامە حەشاردراوانەی دیزنی پەیوەندییان بە دین، ئەفسانەی بتپەرستی و چیرۆکگەلی سەرکوتکردنی خواوەندە مێینەکانەوە هەبوو. خۆ ئەوە شاشی نەبوو کە دیزنی سەر لەنوێ چیرۆکەکانی سەندریلا، شۆخە خەوتووەکە و بەفری سپی دەگێڕایەوە، هەر هەمووشیان پەیوەندییان بە زیندانیکردنی مێینەی پیرۆزەوە هەبوو. هەروەها مرۆ پێویستی بەوە نەبوو، پاشخانێکی لە هێماسازی دا هەبێ تا لە چیرۆکی بەفری سپی تێبگا، ئەو شازادەیەی دوای ئەوەی لە سێوە ژاراوەیەکەی خوارد لە شکۆی دەکەوێ، ئەمەش خەیالێکی ڕونو ئاشکرای دەرکردنی حەوا بوو لە بەهەشتی عەدەن. یاخود چیرۆکی شۆخە نووستوەکە، شازادە ئاورۆرا، کە کۆدی ناوەکەشی واتای گوڵی دەگەیاند، چۆن لە قووڵایی دارستانێکدا لەپێناو پاراستنی گیانیدا شاردرایەوە بۆ ئەوەی لە چرنووکی بەدی ئەهریمەن بەدوور بگیرێ، خۆ ئەمەیان هەر چیرۆکی جامەکەیە بەڵام بۆ منداڵان.

---

[217] پشتکووڕ: قەمبوور

وێڕای کاری کۆمپانیای دیزنی، هێشتا کارامەیی و توخمی گرنگ لەنێو کارمەندەکانیدا هەبوو کە هونەرەکەی خەڵک دڵخۆش بکا، لەکاتێکدا هێمای شاراوە لەبن بەرهەمەکانیدا هەن. لانگدن هەرگیز ئەو ڕۆژە لەبیر ناکا، کاتێ یەکێ لە خوێندکارەکانی دی ڤی دییێکی هێنابوو تا فیلمی شێری دارستان نمایش بکا، ئینجا کاتێ فیلمەکەی ڕاگرت، وێنەی شێرەکەی لە جووڵە سڕ کرد، بینی شێوەی وشەی SEX سێکس بە جوانی دیار بوو، وشەکە لەو بەرد و زیخەی سەر سەری شێرەکە دیاربوو. هەرچەندە لانگدن گومانی بۆ بەهرە تەوسئامێزەکەی هونەرمەندەکە دەچوو لەوەی شێوەی ڕۆشنگەری هێمای سێکسی بتپەرستەکان بێ، لێ ئەوە فێربوو کە لێتێگەیشتنی دیزنی بۆ هێماسازیی بەکەم نەزانێ. لە ڕاستیدا چیرۆکی ***پەریە بچکۆلەی دەریا*** نمایشێکی ڕازاوەی هێما ڕۆحییەکان، پڕ وردەکاری بوو، هیچیش پێناچێ شتەکە ڕاگوزەر و ڕێکەوتانە بێ.

کاتێکیش بۆ یەکەم جار لانگدن فیلمی پەرییە بچکۆلانەکەی دەریای بینی، پاشان کاتێک چاوی بە تابلۆ ژێرئاوکەوتوەکەی (ئارییێل) کەوت، لەسەر سامیان خۆی پێ نەگیرا، لەڕاستیدا تابلۆکە هەر تابلۆی سەدەی حەڤدەهەمی هونەرمەند (جۆرج دە لاتۆری) بوو بۆ ماجدەلینا – تابلۆ ناودارەکەی ماری ماجدەلینای دوورخراوە-، ئیدی ئەو فیلمە نۆهەد خولەکیە پڕواپڕ بوو لە دیمەنی هێمای بوێر، کە ئاماژەیان بۆ ئیسیس. حەوا، پیسیس خودای مێنیەی ماسی و بە چەند پاتەش ئاماژەی بۆ ماریا ماجدەلینا دەکرد. ناوی پەریە بچکۆلانەکەی دەریاش (ئاریل) بوو، کە پەیوەندییێکی پتەوی بە مێینەی پیرۆز هەبوو، لە کتێبی ئیسایاداش لەگەڵ شارە پیرۆزە گەمارۆدراوەکەدا هاوواتابوو. هەڵبەتە پرچە سووورباوەکەی پەریە بچکۆلانەکەی دەریاش ڕاشکاوانە شتێک نەبوو ڕێکەوتانە بێ.

ئەوسا دەنگی تەقەی داردەستەکانی تیبینگ لە دالانەکە بۆ هۆڵەکە نزیک دەکەوتەوە، هاتنەوەی خێرا بوو. کاتێکیش خانەخوێکە گەیشتەوە لایان، سیماکەی توندو گرژ بوو.

– " ڕۆبەرت، باشتر وایە خۆت ڕوونکردنەوە بدەی،" بە ساردییەکەوە وای پێگوتن. "تۆ لەگەڵمدا ڕاستگۆ نەبووی."

# بەندی ٦٢

- "لای، من دەستخەرۆ درام،" لانگدن وای بە تیبینگ گوت و هەوڵی دا ئارامی بکاتەوە. ***تۆ خۆت دەمناسی. من کەس ناکوژم.***
- لەرەی دەنگی تیبینگیش نەرم نەبۆوە. "ڕۆبەرت، خواوراستان، تۆ لەسەر تەلەفزیۆن نیشان درای. ئایا دەتزانی دەسەڵات بەدواتدا دەگەڕێ؟"
- "بەڵێ."
- "کەواتە تۆ متمانەی منت بە هەل زانی. من حەپەساوم، چۆن منت گیرۆدەی سەرچڵێیێک کرد، بەوەی بێیتە ئێرە و باسی جامەکەم لەگەڵدا بکەی و لە ماڵی مندا خۆت بشاریتەوە."
- "من هیچ کەسم نەکوشتووە."
- "ژاک سانییر کوژراوە و پۆلیسیش دەڵێ تۆ کوشتووتە." تیبینگ بە خەمباری دیار بوو. "کەسێکی وا ئەوەندە شتی زۆری پێشکەش هونەر کردووە..."
- "گەورەم؟" ئیدی پێشخزمەتەکە هاتە ژوور، لەبەر دەرکەی کتێبخانەکە لە پشت تیبینگ وەستا. "ئەرێ ڕێگای چوونەدەرەوەیان نیشان بدەم؟"
- "ڕێگام بدە جارێ." تیبینگ بە شەلەشەل بەنێو هۆڵەکەدا هات، دەرگا شووشەیەکەی خستە سەر پشت، ئینجا دەرگایەکی دیکە کە دەیڕوانییە سەر چیمەنەکە کردیەوە و پێیشی گوتن؛ "تکایە بڕۆنەوە لای ترومبێلەکەتان، و لێرە بڕۆن."
- سۆفی لە شوێنی خۆی نەجووڵا. "ئێمە زانیاریمان دەربارەی بەردەی بناغەوە هەیە. کلیلە بەردینەکەی مریدانی سایۆن."
- تیبینگ بۆ چەند ساتێک لێیوە ڕاما و بە تەوسیشەوە پێیگوتەوە؛ "فێڵێکی نامرادانە. ڕۆبەرت دەزانێ من چەندی لێگەڕاوم."
- "سۆفی ڕاستیت پێدەڵێ،" لانگدن وا کەوتە نێو قسەکانەوە. "هەر بۆیەشە بەم درەنگە شەوە لای تۆین، تا لەبارەی بەردەکلیلەکەوە قسە بکەین."
- ئیدی پێشخزمەتەکە خۆی تێهەڵقورتاند. "دەڕۆن یاخود زەنگ بۆ کاربەدەستان لێبدەم."
- "(لای)،" لانگدن وای چرپاند، "ئێمە دەزانین شتەکە لەکوێیە."

هاوسەنگی تیبینگ هەندێ لەنگ بوو.

ئینجا ڕیمی پێشخزمەتەکە بە قوڕسیەکەوە بەناو ژوورەکەدا هات. "دەی دەستبەجێ ئێرە جێبێڵن! یاخود بە زۆر———"

- "ڕیمی!" تیبینگ سووڕایەوە و بەسەر پێشخزمەتەکیدا شیڕاند. "دەی بۆ ساتێک جێمان بێڵە."
- چەناگەی پێشخزمەتەکە داکەوتەوە. "گەورەم؟ من ناڕازیم. ئەمانە کەسانی ــ"
- "من چارەی دەکەم." تیبینگ ئاماژەی دالانەکەی بۆ کرد.

دوای ساتێک لە بێدەنگییکی سەرکێش، ڕیمی سەری خۆی شۆڕکرد و وەک سەگێکی تۆڕی بۆی دەرچوو.

لەو شنە بایە ساردەی لە پەنجەرە کراوەکان دەهاتە ژوور، تیبینگ بایدایەوە لای سۆفی و لانگدن، هێشتاش سیما دەربڕەکەی سەر دەموچاوی هەراسانانە بوو. "ئەمەیان دەکرێ باشتر بێ. باشە ئێوە چی لەبارەی بەردەکلیلەکەوە دەزانن؟"

لە پشت پەنجەرەکە، لە دەرەوە لەنێو لقوپۆپە چڕەکانی داروبارەکەوە، سیلاس دەمانچەی بەدەستەوە بوو؛ لەودیو شووشەی پەنجەرەکەوە لێی دەڕوانین. ئاخر هەر خولەکێک پێشتر بوو، ئەو بە دەوری ماڵەکەدا سووڕایەوە، بینی لانگدن و ژنەکە لە ژوورە گەورەکەی کتێبخانەکە قسەیان دەکرد. بەر لەوەی ئەو لەشوێنی خۆیدا بجووڵێ، پیاوێک بە دوو داردەستەوە هاتە ژوور و بەسەر لانگدندا قیژاندی و دەرگەکەشی بۆ خستە سەر گازەرای پشت و داوای لە میوانەکان کرد، بڕۆنەدەر. ***ئینجا ژنەکە ئاماژەی بە بەردەکلیلەکە دا، ئیدی هەموو شت گۆڕا.*** هاوار و دەنگهەڵبڕین بە چرپەکردن وەرگەڕا. پەنجەرەکانیش بە خێرایی پێوە درانەوە.

ئێستاش، کاتێک ئەو لە سایەکەدا هەڵدەبەزییەوە، سیلاس لە شووشەی پەنجەرەکەوە نواڕیە ژوور. ***بەردەکلیلەکە لێرە لەنێو ئەم خانووە، لە شوێنێکدایە.*** ئاخر دەکرا سیلاس هەستی پێ بکا. سیلاس هەر لە سایەکەدا مایەوە، قولانجێک لە پەنجەرەکە نزیکتر کەوتەوە، پەرۆش بوو گوێی لەوەی لەژوورەوە دەگوترا، ببێ. ئەو پێنج خولەکی دیکەشی دەرفەت پێدان. خۆ ئەگەر لەو ماوەیەدا حەشارگەی بەردە کلیلەکە بەدەر نەخەن، ئەوا لێیان دەچێتە ژوور و زۆریان لێدەکا شتەکەی پێبڵێن.

لەوێش، لە ژوری کتێبخانەکەدا، لانگدن دەیتوانی هەست بە مەراق مانەوەی خانەخوێکەی بکا.

- "مامۆستای گەورە؟" تیبینگ کۆخی، چاویشی لەسەر سۆفی بوو. "ژاک سانییێر؟"

سۆفی سەری بۆ لەقاند و هێدمە گرتنیشی لەچاوەکانی تیبینگ بینی.

- "بەڵام خۆ ناکرێ تۆ بەم شتە بزانی!"
- "ئاخر ژاک سانییێر باپیرەم بوو؟"

تیبینگ دالەنگی و هەنگاوێک بۆ پشتەوە بەسەر داردەستەکانی کشایەوە و لە لانگدنیشی ڕوانی، ئەویش لە شوێنی خۆیەوە سەری بۆ لەقاند. تیبینگ گەڕایەوە سەر سۆفی. "خاتوو نیڤۆ، من قسەم بۆ نایە. خۆ ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، ئەوا بەڕاستی بەداخم بۆ کۆست کەوتن. من دەبێ پێی لێبنێم، لە لێکۆلێنەوەکەمدا، لیستێکم بۆ پیاوەکانی پاریس کردووە، پێموایە بەربژاری مریدانی سایۆنن. ژاک سانییێر لەگەڵ زۆری دیکەش لەنێو لیستەکەدان. بەڵام تۆ دەڵێی مامۆستای گەورە؟ ئەمەیان بۆ لێتێگەیشتن قورسە." تیبینگ بۆ خولەکێک بێدەنگ بوو، پاشان سەری هەژاند. "بەڵام هێشتاش قسەکە بێ واتایە. خۆ ئەگەر باپیرەت مامۆستای گەورەی مریدانی سایۆن بووبێ و هەر بەخۆیشی بەردەکلیلەکەی دروست کردبێ، ئەوا هەرگیز بە تۆ ناڵێ تا بیدۆزیتەوە. ئاخر بەردەکلیلەکە نەخشەڕێگای گەنجینەکەی دەستەی برایەتی مریدانی تێدایە. سا تۆ نەوەکەی بیت یان نا، شایستەی وەرگرتنی ئەم جۆرە زانیارییە نیت."

- "مستەر سانییێر لەسەرەمەرگ دابوو کاتێ زانیارییەکەی ڕادەست کرد." لانگدن وا کەوتە قسە و زیاتر گوتی، "بژاردەی ئەو سنووردار بوو."
- "ئاخر خۆ ئەو پێویستی بە بژاردە هەر نەبوو." تیبینگ مشتومڕی لەگەڵدا کرد. "خۆ سێ سەرکاری(سانشێلی) دیکە هەبوون، کە بە نهێنییەکەیان دەزانی. ئەمەش جوانییەکەی سیستمەکەیە. کاتێک یەکێکیان بۆ پلەی مامۆستای مەزن بەرز دەکرێتەوە، ئەوان سەرکارێکی دیکە دەستنیشان دەکەن و ڕازی بەردەکلیلەکەشی پێدەڵێن."
- "پێموایە تۆ سەیری سەرتاپای هەواڵەکەت نەکردووە." سۆفی وای بە تیبینگ گوت. "سەربارى باپیرەم، ئەمڕۆ هەر سێ پاریسییە ناودارەکەی دیکەش کوژراون. هەمووشیان بە هەمان شێواز لەناو براون. هەمووش واپێدەچی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرابێ."
- دەمی تیبینگ بەش بوو. "تۆش پێت وایە ئەوان..."
- "سەرکارەکان." لانگدن وای وەڵام دایەوە.
- "بەڵام چۆن؟ ئاخر نەدەکرا بکوژەکە بە ناسنامەی هەر چوار کەسە سەرتۆپەکەی دەستەی مریدانی سایۆنی زانیبێ! دەی سەیرم کە، من دەیان ساڵە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەم، کەچی ناتوانم تەنانەت ناوی یەک ئەندامی مریدەکانیش بە دروستی بەرم. پێدەچێ شتێک هەبێ، مایەی لێتێگەیشتن نەبێ، کە هەر سێ سەرکارەکە و مامۆسا مەزنەکەشیان ئاشکرا بووبن و لەیەک ڕۆژیشدا کوژرا بن."
- "من بەگومانم کە زانیارییەکان لە تاکە ڕۆژێکدا کۆکرابنەوە،" سۆفی وای بە تیبینگ گوتەوە. "پێدەچێ لەسەردانەکان نەخشە بۆداڕێژراو بێ. ئەمەش تەکنیکێکی بەکارهاتووی کۆمەڵە تاوانبارە ڕێکخراوەکانە. خۆ ئەگەر بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی

دادوەری بیەوێ بەسەر گرووپێکی دیاریکراودا بدا، دەبێ بە بێدەنگی و بۆ چەندان مانگ گوێیان بۆ هەڵبخا و سایەیان بکا، رۆڵگێڕە سەرەکیەکیانیان دەدۆزێتەوە، ئینجا لەیەک ساتەوەختدا بە سەریان دادەدا. لەسەردان، بەبێ سەرکردە مانەوە، دەبێتە مایەی ئەوەی گرووپەکە بکەوێتە بارێکی پاشاگەردانی و زانیارییەکانی دیکەیان ئاشکرادەبێ. ئەگەری ئەوە هەیە یەکێک پێشتر بە هێورەیی چاودێری دەستەی مریدانی کردبێ، ئینجا پەلاماری دابن، بەو هیوایەی کەسە بەرپرسەکانیان شوێنی بەردەکلیلەکەیان پێ بڵێن."

- دیاربوو تیبینگ باوەڕی بە قسەکان نەکردبوو. "بەڵام دەستەی برایەتی هەرگیز قسەیان نەدەکرد. ئاخر ئەوان سوێندیان بۆ نهێنیپارێزییەکە خواردووە. تەنانەت ئەگەر ڕووبەڕووی مەرگیش بکرێنەوە."
- "کتومت،" لانگدن هاتە وەڵام، "واتە ئەگەر هەرگیز نهێنییەکە نەدرکێندرێ و ئەوانیش بکوژرێن..."
- تیبیگ سەرەداوی قسەکەی وەرگرتەوە، "ئەوسا حەشارگەی بەردەکلیلەکە بۆ هەتاهەتایە ون دەبێ!"
- "لەگەڵیشیدا،" تیبینگ وا لەسەری ڕۆیشت، "شوێنی جامە پیرۆزەکە."

بەم قسانەی لانگدن دیاربوو جەستەی تیبینگ قورس دەبوو خۆی لەسەر قاچەکان ڕانەدەگرت. ئینجا بۆ ئەوەی ساتێکی دیکەش بەرگە بگرێ، خۆی بەسەر کورسییێک دادا و نیگای چاوەکانیشی بڕیە سەر پەنجەرەکە.

- سۆفیش بەلایدا ڕۆیشت، بە دەنگە نەرمەکەی گوتی؛ "بەلێکدانەوەی ئەو تەڵەزگەی باپیرەم تێیکەوتبوو، پێدەچێ بێئومێدییەکەی تەواو وایلێکردبێ هەوڵ بدا نهێنییەکە بداتە دەست کەسێکی دەرەوەی بازنەی دەستەی مردیدانی برایەتی سایۆن. کەسێک پێیوابوو جێگەی بڕوایەتی. کەسێک سەر بە ماڵباتەکەی بێ."
- ڕەنگی تیبینگ بزڕکا. "بەڵام کەسێک کە توانستی پەلامارێکی وای تێدا هەبێ... ئەوەندە زانیاریەشی دەربارەی دەستەی برایەتی بۆ دەرکەوتبێ..." تیبینگ چرکە ساتێ بێدەنگ بوو، ترسێکی دیکەی لێنیشت. "هەر دەکرێ یەک هێز هەبێ. ئەم جۆرە دزەکردنە هەر دەبێ لە لایەن دوژمنە کۆنینەکەی مریدەکانەوە هاتبێ."
- لانگدنیش سەری هەڵبڕی. "کڵێساکە."
- "لەو زیاتر کێ هەیە؟ چەندین سەدەیە ڕۆما بە دوای جامەکەدا دەگەڕێ."
- سۆفی هەندێ بە گومان بوو. "ئێوە پێتان وایە، ***کڵێساکە*** باپیرەمی کوشتبێ؟"

- تیبینگ وەڵامی دایەوە؛ "ئەوە یەکەمجار نییە کڵێسا بۆ پاراستنی خۆی خەڵک بکوژێ. ئەو بەڵگەنامانەی یاوەری جامە پیرۆکەن، تەقێنەرەوەن و لەمێژ ساڵیشە کڵێساکە بەدوایاندا دەگەڕێ تا لەناویان بەرێ."

لانگدن کێشەی لەگەڵ ئەرخاینبوونی تیبینگ هەبوو، بەوەی ڕاشکاوانە خەڵک لەسەر بەڵگەنامەکان لە لایەن کڵێساکەوە بکوژرێن. ئاخر ئەو، بەو دواییانە دیدارێکی لەگەڵ پاپای نوێ و زۆر لە کاردینالەکان دا هەبوو، بۆیە لانگدن دەیزانی ئەوان کەسانێکی ڕۆحانین و هەرگیز کاری توندوتیژی وا ناکەن. ***بەبێ ڕەچاوکردنی مەترسیەکانیش.***

- دیاربوو سۆفیش هەمان بیرکردنەوەی هەبوو. "ئایا ئەگەری ئەوە نییە ئەندامەکانی دەستەی مریدایەتی لەسەر دەستی کەسێکی دەرەوەی کڵێساکە کوژرا بن؟ کەسێک نەیزانیبێ جامە پیرۆزەکە چیشە؟ خۆ لە کۆتایشدا، جامەکەی عیسا، مرخ لە گەنجینەیەک خۆش دەکا . هەڵبەتە ڕاوچیانی گەنجینەش خەڵکیان لەسەر شتێکی کەمتر لەوە کوشتووە."
- "لەتاقیکردنەوەی خۆمدا بۆم دەرکەوتووە،" تیبینگ وا کەوتەوە سەر قسە، خەڵک هەیە ئەوەندە دوور دەڕوا، دەترسێ لەوەی خواستەکەی بەدەست بێنێ. من وا هەست دەکەم، نامرادی لەپشت پەلاماردنی دەستەی مریدانەوە بێ."
- "(لای)،" ڕۆبەرتیش وای پێگوتەوە، "بەڵگەوبەندەکەت[218]. باشە بۆچی پیاوانی کڵێسای کاسۆلیکی دەیانەوێ ئەندامانی دەستەی مریدانی سایۆن بە مەبەستی لەناوبردنی بەڵگەنامەگەلێکدا بکوژن، کە بڕوایان وایە هەرچۆنێک بێ ئەو بەڵگەنامانە ساختەن؟
- تیبینگ لە قاقای پێکەنینی دا. "ڕۆبەرت، بورجە عاجەکانی هارڤارد تۆیان نەرمونیان کردووە. بەڵێ پیاوە ئاینییەکانی ڕۆما بە بڕوایەکی پتەو سەرفرازن، هەر لەبەر ئەوەشە، بڕواکەیان سەرباری هەر ڕەشەبایەکی وەک بەڵگەنامە ناوبراوەکانیش، بەرگەگرن. بەڵام چی لەبارەی باقی جیهانەوە دەڵێی. چی دەربارەی ئەوانەوە دەڵێی کە خاوەن بڕوایەکی پتەو و ڕەها نین؟ چی لەبارەی ئەوانەوە دەڵێی کە سەیری دڕندایەتی دنیا دەکەن و دەپرسن ئەرێ خواوەند ئەمڕۆ لە کوێیە؟ ئەوانەی سەیری گۆبەندە شەرمهێنەکانی کڵێسا دەکەن و دەپرسن، ئاخر ئەوانە کێن نمایشی ئەوە دەکەن گوایە ڕاستی دەمی عیسا دەڵێن، کەچی قەشەکانیان تا بناگوێیان لەگەڵ منداڵاندا نوقمی بەدڕەفتارین؟" تیبینگ ئیستێکی بۆکرد، ئینجا تێهەڵچۆوە، "باشە ڕۆبەرت، چی بەسەر ئەوانەدا دێ، ئەگەر بەڵگەیەکی زانستی بڕواهێنەر سەرئاو کەوت بەوەی ئەو شەقڵە چیرۆکەی ئەوان

[218] بەڵگەوبەند واتە ئەرگومێنت argument

بۆ عیسا هەڵیان بەستووە، دروست نییە، واتە ئەو مەزنە چیرۆکە کە تا ئێستا گێڕدراوەتەوە، مەزنترین چیرۆکی هەڵبەستراو بووە؟"

لانگدن وەڵامی نەدایەوە.

- "من پێت دەڵێم، ئەگەر بەڵگەنامەکان دەربکەون، چی ڕوو دەدا." تیبینگ وای پێگوتن. "ئەوسا ڤاتیکان ڕووبەڕووی تەنگژەیەک دەبێتەوە کە لەو دوو هەزار ساڵەیدا تووشی نەهاتووە."
- دوای ساتێکی درێژی بێدەنگی، سۆفی هاتە قسە. "بەڵام خۆ ئەگەر کڵێسا لە پەلاماردانەکە بەرپرسیار بێ، باشە بۆچی ئەوان ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵانە دەست دەکەنەوە؟ خۆ دەستەی مریدان بەڵگەنامەکانی سانگریلی شاردۆتەوە. هیچ نیشانەیەکی هەڕەشەیان بەرامبەر کڵێسا نەنواندووە."
- تیبینگ ئاهێکی سامناکی هەڵکێشا و ڕووشی لە لانگدن کرد. "ڕۆبەرت، من وایدادەنێم تۆ لەگەڵ دوا بەرپرسیارێتی دەستەی مریدانی برایەتی سایۆن ئاشنای؟"
- لانگدن کاتێ بیری لێکردەوە، هەستی بە هەناسەڕاگیران کرد و گوتی؛ "بەڵێ دەزانم."
- "خاتوو نیڤۆ،" تیبینگ بوو وای گوت، "کڵێساکە و دەستەی مریدایەتی دەمێک ساڵە لێکتێگەیشتنێکی لەبنیان[219] هەیە. شتەکەش ئەوەیە، کڵێساکە پەلاماریان نادا و مریدەکانیش دەبێ بەڵگەنامەکانی سانگریل بە پەنهانی بهێڵنەوە." تیبینگ ئیستێکی کرد، پاشان، "هەرچەندە بەشێک لە مێژووی مریدایەتی هەمیشە نەخشەیەکی بۆ پەردەهەڵدانەوە لەسەر نهێنییەکە تێدا بووە. بە گەیشتنی ئانوساتی دیاریکراوی مێژوویی خۆی، دەستەی برایەتی نەخشەی بێدەنگی شکاندن دادەڕێژێ و بەئاشکراکردنی بەڵگەنامەکان و ڕاگەیاندنی چیرۆکی ڕاستەقینەکەی عیسای مەسیح جاڕی سەرکەوتن دەدا."
- سۆفی بە بێدەنگی لە تیبینگ ڕامابوو. لەکۆتاییشدا ئەویش دانیشت. "ئینجا تۆ پێتوایە کاتەکەی هاتووە؟ کڵێساکەش بەمە دەزانێ؟"
- "مەزندەکردنێک."تیبینگ وای وەڵام دایەوە. "لێ بێگومان دنەدانێک هەبووە کە کڵێساکە بەرلەوەی کارلەکار بترازێ، هێرشێکی وا بکا."
- لانگدن هەستی بە ناڕەحەتییێک دەکرد بەوەی تیبینگ باش بۆ شتەکان دەڕوا. "ئایا پێتوایە، کڵێساکە بە کردەوە توانیبێتی پەردە لەسەر ڕۆژە قورمیشکراوەکەی دەستەی مریدان هەڵبداتەوە؟"

---

[219] لەبن واتە ضمني.

- "بۆچی نا، خۆ ئەگەر وا دابنێین کڵێسا توانیبێتی ناسنامەی ئەندامانی دەستەی مریدایەتی بدۆزێتەوە، دەکرێ نەخشەکانیشیان بزانێ. خۆ ئەگەر کتومت ڕۆژە تەواوەکەشی نەزانیبێ، ئەوا خورافیات کاری خۆی کردبێ."
- سۆفی لێیپرسی، "خورافیات؟"
- "خورافیات بە دەستەواژەی پێشبینی کردن،" تیبینگ وا وەڵامی دایەوە. "ئێمە ئێستا لەسەر لووتکەی گەورەترین گۆڕانکاری وەستاوین. زۆر نابێ هەزارە تێپەڕیوە، بەهۆی ئەو بەسەرچوونەش دوو هەزار ساڵی فەلەکی کەلووی نەهەنگ، کە هەر خۆیشی هێمای عیسایە تێپەڕی. ئیدی هێماناسانی فەلەکناس پێت دەڵێن، هەوادارنی نموونەی نەهەنگ لەو بڕوایەدان، پیاو دەبێ لەلایەن هیزێکی باڵاوە پێی بگوترێ ئەوەی لەسەریەتی بیکا، دەنا بە خۆی توانای بیرکردنەوەی لەخۆی نییە. ئەوکات، سەردەمی زێڕینی جۆشوخرۆشی ئایین بوو. هەنووکەش، پێمان ناوەتە زەمەنی کەلووی سەتڵ –هەڵگری ئاو– ئەو بڕوادارانە دەڵێن، پیاو ڕاستی فێر دەبێ و توانستی ئەوەشی هەیە بیر لە خۆی بکاتەوە. وەرچەرخانە ئایۆلۆژیکەکە زۆر قەبەیە، ئەمیش ئێستا خەریکی ڕوودانە."

لانگدن هەستی بە هەڵلەرزینێک کرد. ئاخر پێشبینی فەلەکناسی هەگیز مایەی سەرنجڕاکێشانی ئەو نەبووە، یاخود هیچ کات شتی لەسەر هەڵنەسەنگاندوە، بەڵام دەشیزانی زۆر لە پیاوانی کڵێساکە بە موشتاقییەوە پێیەوە هەڵوەدان. "کڵێساکە بە زەمەنە گوازراوەکە دەڵێ کۆتایی زەمان(ڕۆژەکان)."

سۆفی بە گومانەوە سەیری کرد. "وەک کۆتایی جیهان؟ قیامەت؟"

- "نەخێر." لانگدن وا وەڵامی دایەوە."لێرەدا بەدرامانێکی هاوبەش هەیە. زۆر لە دیینەکان باسی کۆتایی زەمانە دەکەن. ئەمەش ئاماژە نییە بە کۆتاییهاتنی جیهان، بەڵکو کۆتاییهاتنی ئەو ڕۆژگارەیە کە تێیداین، ڕۆژگاری کەلووی نەهەنگ، لەو کاتەوە دەست پێدەکا کە عیسای تێدا لەدایک بووە، دوو هەزار ساڵی پڕخرۆشی کێشا و ئێستاش کۆتایی بە هەزارەکە هاتووە. هەنووکە ئێمە پێمان ناوەتەوە ڕۆژگاری کەلووی سەتڵ، کۆتایی زەمان گەیشتووە."
- "زۆر لە مێژووناسانی جامەکە،" تیبینگ ئەمەی بۆ زیاد کرد، "بڕوایان وایە، ئەگەر هەر بە ڕاستی دەستەی مریدایەتی سایۆن نەخشەی پەردەلانادانیان لەسەر ئەم ڕاستییە هەبێ، ئەوا ئەم ساتە ڕۆژگارە بۆ ئەوان خاڵێکی وەرچەرخانی مێژووییە. زۆر لە ئەکادیمیستانی مریدایەتی بە منیشەوە، وامان پێشبنی کردبوو، پەردەهەڵدانەوە لەسەر نهێنییەکە ڕێک لەگەڵ هەزارەکەدا بێ. ڕاشکاوانەش وا نەکەوتەوە. بە داننان بەوەی ڕۆژمێری ڕۆمانی تەواو لەگەڵ نیشانە فەلەکناسییەکان نایەتەوە، کەواتە هەندێ ناوچەی

خۆڵەمێشی لە پێشبینیکردنەکەدا هەبوو. سا هەرچەندە کڵێساکە ئێستا بزانێ کەوا ڕۆژە قورمیشکراوەکە نزیک بۆتەوە، یاخود ئەوان هەر بەمەزندەی شپرزەیی پێشبینی فەلەکناسی جووڵابنەوە، من ئەمە نازانم. هەرچۆنێک بێ، ئەمە شتێکی ناگرنگە. هەریەک لە سیناریۆکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کە ئەم ڕەفتارە دەکرێ دنەدەرەی دەستوەشاندنە خۆپارێزیەکەیان بێ دژی دەستەی مریدانی سایۆن." تیبینگ برۆکانی تێک نا. "ئیدی بڕوام پێبکەن، ئەگەر کڵێساکە جامە پیرۆزەکە بدۆزێتەوە، ئەوا دەیفەوتێنێ. هەروەها بەڵگەنامەکان و پاشماوە ئێسکوپروسکەکانی ماریا ماجدەلیناش بە هەمان دەرد دەبا." چاوە کەسکەکانی تیبینگ قورس و شەکەت ببوون. "ئازیزان، ئەوسا بە نەمانی بەڵگەنامەکانی سانگریل، هەموو بەڵگەیەک لەدەست دەچێ. ئیدی کڵێساکە شەڕی ڕۆژگارە ئاڵتوونییەکەی دەباتەوە و مێژووش دەنووسێتەوە. ئینجا رابردوو بۆ هەتاهەتایە دەسڕێتەوە."

سۆفی بە هێواشی کلیلە خاچدارییەکەی لەبەرکی دەرهێناو نیشانی تیبینگی دا.

- تیبینگیش کلیلەکەی لێوەرگرت لێیڕوانی. "ئای خودایە، ئەمە مۆری دەستەی مریدایەتیە. لەکوێ ئەمەت بەدەست کەوت؟"
- "ئەمشەو باپیرەم بەرلەوەی بمرێ، دایە من."
- تیبینگ پەنجەکانی لە کلیلەکە خشاند. "کلیلی کڵێسایەک؟"
- سۆفیش هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. "ئەم کلیلە بۆ کردنەوەی قفڵی بەردەکلیلەکەیە."
- سەری تیبینگ بەرز بووەوە، سیمای دەموچاوی هی ئەوە نەبوو بڕوای پێبکا. "ئەستەمە!" باشە چ کڵێسایەک هەیە من ونم کردبێ؟ من هەموو کڵێسایەکی فەرەنسا گەڕاوم!"
- "ئەمە کلیلی کڵێسا نییە،" سۆفی وای پێگوت. "ئەمە کلیلی بانکی سوسرایی بۆ کەلوپەلی ڕاسپاردەیە."
- "خەریکبوو زەوقی تیبینگ دەپووکایەوە. "بەردەکلیل لە بانکێک؟"
- "گەنجینە ژێرزەمینێک،" لانگدن واهاتە وەڵام.
- "گەنجینە ژێرزەمینێکی بانک؟" تیبینگ بە توندی سەری خۆی هەژاند. "ئەمەیان هەر ئەستەم ئەستەمە. بەردەکلیەکە وا دادەندرێ، کە لەبن هێمای گوڵەڕەزەکەدا شاردرابێتەوە."
- "هەر واشە." لانگدن وای پێگوتەوە. شتەکە لەنێو سندووقێکی دارین داندرابوو کە گوڵێکی پێنج پەلکی لەسەر هەڵکەندراوە."
- وەک ئەوەی هەورەتریشقە لە تیبینگی دابێ. "ئێوە بەردەکلیلەکەتان بینیوە؟"

– سۆفی سەری بۆ لەقاند. "ئێمە سەردانی بانکەکەمان کرد."

تیبینگ لەوان نزیک بووەوە، چاوەکانیشی ترسیان لێدەباری. "دۆستەکانم، ئێمە دەبێ شتێک بکەین. ئاخر بەردەکلیلەکە لە مەترسیدایە! ئەرکمان ئەوەیە، بیپارێزین. چی دەبێ ئەگەر کلیلی دیکەشی هەبن؟ هەڵبەتە بکوژەکان لە سەرکارەکانیان دزیوە؟ خۆ ئەگەر کڵێساکە وەکو ئێوە دەستی بە بانکەکە ڕابگا ـــ"

– "ئەوسا ئەوان دواکەوتوون،" سۆفی بوو وای پێگوت. "ئێمە بەردەکلیلەکەمان گواستۆتەوە."
– "چی! ئێوە بەردەکلیلەکەتان لە حەشارگەی خۆی دەرهێناوە؟"
– "نیگەران مەبە،" لانگدن پێی گوت. "بەردەکلیلەکە بەباشی شاردراوەتەوە."
– "هیوام وایە، بێ ئەندازە بە باشی شاردرابێتەوە!"
– "لەڕاستیدا،" لانگدن وای پێگوت و نەشیدەتوانی پێکەنینەکەی بشارێتەوە. "ئەمەیان بەندە بەو چینە تۆزەی ژێر قەنەفەکەت."

شەوبا لەدەرەوەی شاتو ڤیلیێ هەڵی کردبوو، دامەنی عەباشۆڕەکەی سیلاس لە نزیک پەنجەرەکە دەشەکایەوە. هەرچەندە نەیدەتوانی زۆر گوێبیستی دەمەتەقێیەکەی ناو ژوورەکە بێ، بەڵام وشەی بەردەکلیل بەنێو جامەکەدا چەند جارێک بەرگوێی کەوت.

***شتەکە لە نێو ژوورر دایە.***

وشەکانی مامۆستاکە بە دروستی لە گوێیدا دەزرینگانەوە. ***بڕۆ کۆشکی شاتو ڤیلیێ. بەردە کلیلەکە بێنە. کەسیش ئازار مەدە.***

ئێستاش لانگدن و ئەوانی دیکە، لەپڕێکەوە چوونە ژوورێکی دیکە، گڵۆپی کتێبخانەکەیان کوژاندەوە ڕۆیشتن. سیلاس بە هەستێک وەک ئەوەی پڵینگێک بێ و نێچیرەکەی ڕاو بنێ، بەنێو دەرگە جامدارە کراوەکەدا دزەی کردە نێو ژوورەکە. ئاخر دەرگەکان دانەخرابوون، خۆی خزاندە نێو ژوورەکە و بە بێدەنگیش دەرگەکەی لە دوای خۆی پێوە دایەوە. دەیتوانی گوێی لە بردەبردی دەنگەکەیان بی کە لە ژوورەکەی دیکەوە دەهات. سیلاس دەمانچەکەی لە بەر پشت دەرهێنا، ئەمانەتی دا و بەرەو داڵانەکە شۆڕ بۆوە.

## بەندی ٦٣

ملازم کۆللی بە تەنیا لە دەروازەی دەرەوەی کۆشک و ماڵەکەی تیبینگ وەستابوو، سەیری کوشک و تەلارە گەورەکەی دەکرد. ***دابراو. تاریک. شوێنێکی باش بۆ شاردنەوە.*** کۆللی سەیری ئەو هەشت نۆ پۆلیسەی لەگەڵیدابوو کرد، کە بەدرێژایی شوورەکەوە بە سازوئامادەیی وەستابوون. ئەوان لەسەرو بەندی ئەوەدا بوون لە ماوەیەکی کەمتر لە چەند خولەکێک، دەوروخولی کۆشکەکە بدەن و بۆ هەر فەرمانێکی دیکە لەسەر پێ بوون. دیار بوو گەر هاتبا و پیاوەکانی کۆللی دەست بەکار بان، لانگدن حەشارگەیەکی نموونەیی هەڵنەبژاردبوو.

کۆللی لەبەر ئەوەدا بوو زەنگ بۆ فاشی لێبدا کە زەنگی تەلەفۆکەی هات. دەنگی فاشی دیاربوو وەک کۆللی بۆی چووبوو بە دوا گۆڕانکارییەکانی ڕەوشەکە خۆشحاڵ نەبوو. "باشە بۆچی کەس لە دوا شوێنی لانگدنی ئاگادار نەکردوومەتەوە؟"

- "ئاخر تۆ خەریکی تەلەفۆنکردن بووی و —"
- "ملازم کۆللی، باشە ئێستا ئێوە ڕێک لە کوێن؟"
- کۆللێش زانیارییەکانی پێدان. "لە مولکوماڵەکەی کابرایەکی بەریتانین بە ناوی تیبینگ. لانگدن مەودایەکی زۆری بڕیوە تا گەیشتۆتە ئێرە، ترومبێلیشی لێرە لە نێو بازنەی ئاسایشپارێزی کۆشکەکەدا ڕاگرتووە، هیچ ئاماژەیەکی واش نییە، کە بە زۆر خۆی گەیاندبێتە ئێرە، بۆیە دەرفەتی ئەوە زۆرە کە لەگەڵ خانەخوێکەیدا ئاشنا بێ."
- "باشە، وا منیش هاتم." تا دێم هیچ جووڵەیەک مەکە. "من بەخۆم چارەی دەکەم."
- کۆللی دەمی لێبەش بوو. "بەڵام کاپتن، تۆ بیست خولەک لێرەوە دووری! دەبێ ئێمە دەستوبرد بکەین. من دەوروخولم گرتوە. لەگەڵ هەشت پیاوی خۆمان دام. چوار کەسیان تفەنگییان پێیە، ئەوانی دیکەش دەمانچە."
- "چاوەڕێم بکە."
- "کاپتن، باشە چی دەڵێی گەر لانگدن لێرە کەسێکی بە بارمتە گرتبێ؟ چی دەڵێی ئەگەر ئێمە ببینێ ئینجا بە پێیان بڕوا و بۆی دەرچێ؟ پێویستە ئێمە دەمودەست بجووڵێین! پیاوەکانم لەوپەڕی حاڵەتی ئامادەباشیدان."
- "ملازم کۆللی، تۆ لەسەرتە تا دەگەمە ئەوێ چاوەڕێ بکەی و نەشجوڵێی. ئەمەش فەرمانە." ئیدی فاشی تەلەفۆنەکەی داخستەوە.

کۆللی بە حەپەساوییەوە تەلەفۆنەکەی خۆی هەڵگرتەوە. ***باشە بۆچی وام لێدەکا چاوەڕێ بکەم؟*** کۆللی وەڵامەکەی زانی. هەرچەندە فاشی بە دڵخەبەردانەکەی ناسراو بوو، لێ بە مجێزیش بوو

بۆ شانازی بەخۆوە کردن. ***فاشێ دەیەوێ لە دەستگیرکردنەکەدا دەستی خۆی تێدا بێ.*** دوای ئەوەی وێنەی یارۆ ئەمریکاییەکەی لە تەلەفزیۆنەکان بڵاوکردۆتەوە، فاشێ دەیەوێ بە هەمان ئەندازە خۆی لەسەر شاشەکان لەکاتی گرتنەکەدا دەربکەوێ. کۆللێ دەبوایە ئەوێ بخاتە بن چاوانی تا بەرپرسەکەی دەگەیشت.

کاتێ کۆللێ لەوێ وەستا بوو، ڕوونکردنەوەی دووهەمی بە تیژی بە مێشکدا هات، کە بووە مایە وەخراندنی[220] بەسەرداداان و دەستگیرکردنی لانگدن. ***جڵەوکردنی زیان.*** لە چەند بارێکی کەمدا، دوودڵی بۆ دەستگیرکردنی تاوانباران لەو کاتەدا دێ، کە تەواو ئەرخاین نەبی لەوەی گومانلێکراوەکە بەتەواوی بکەری تاوانەکەیە. ***تۆبڵێی لە بیرۆکەی دووهەمی فاشێدا لانگدن پیاوە ڕاستەکە بێ***؟ ئاخر خۆ ئەمشەو فاشێ بۆ گرتنی لانگدن هەموو سنوورێکی تێپەڕاند، تیمی گەڕۆگ، ئینتەرپۆل و هەنووکەش شاشەی تەلەفزیۆنەکان، هەموی تێگەیاندن. تەنانەت کەسێکی وەک بیزو فاشێش لەبن باری بەرپرسیارێتی دەرناچێ، گەر بە هەڵە ڕووخساری کەسێکی ناوداری ئەمریکایی بخاتە سەر تەلەفزیۆن و بە بکوژی لەقەڵەم بدا. خۆ ئەگەر فاشێ لەوە گەیشتبێ، کە سەرچیخ چووە، ئەوە تەواو دەربڕی ئەوەیە کە بە کۆللێ بڵێ جارێ لە شوێنی خۆت مەجووڵێ. دوا شت فاشێ بیەوێ ئەوەیە، کۆللێ و پیاوەکانی بەسەر موڵکوماڵی تایبەتی کابرایەکی بێوەیی بەریتانی دابدا و لەژێر لوولەی تفەنگدا لانگدن دەستگیر بکا.

لەوەش زیاتر، کۆللێ پەی بەوە برد، ئەگەر لانگدن بێ تاوان بووبێ، ئەوا یەکێ لە دۆزە سەیرە دژبەرەکان ڕوون دەکاتەوە: باشە بۆچی سۆفی نیڤۆ، کە باپیرەی بۆتە قوربانی، یارمەتی بکوژەکە دەدا تا ڕا بکا؟ مەگەر سۆفی لەوە دڵنیا بێ کە تۆمەتەکە ناڕەوایە. فاشێش ڕووبەڕووی هەموو گریمانەکە بۆتەوە تا ڕەفتاری سەیروسەمەرەی سۆفی ڕوون بکاتەوە؛ ئاخر خۆ سۆفی تاکە میراتگرەوەی سانییرە، تۆبڵێی خۆشەویستەکەی کە ڕۆبەرت لانگدنە قەناعەتی پێهێنابێ، تا باپیرەی بۆ بکوژێ، ئیدی پارەکەیان بۆ بمێنێتەوە. کاتێکیش سانییر گومانەکەی بۆ پەیدا بووە، پەیامێکی بۆ پۆلیس جێهێڵاوە، ***پێ، ئێس ڕۆبەرت لانگدن بدۆزەوە.*** کۆللێ بەباشی لەوە خاترجەم بوو، شتێکی دیکە لێرە لە گۆڕێدایە. ئاخر کەسایەتی سۆفی نیڤۆ زۆر لەوە دوورە، دەستی خۆی تێکەڵی شتێکی وا پیس و پۆخڵ بکا.

– "ملازم؟" یەکێ لە پۆلیسەکان بەغاردان هاتە لای کۆللێ. "ترومبێلێکمان دۆزیەوە."

کۆلێیش بەدوای پۆلیسەکەدا چوو، پەنجا گەز لەولای دەروازەکەوە، پۆلیسەکە ئاماژەی بە ڕێگای بەرامبەریان دا. لەوێ ترومبێلێک لەنێو داروباردا ڕاگیراوە، کەمێک دیار دەکرا، ئاودییێکی ڕەش بوو. تابلۆیەکی بەکرێدانی لەسەر بوو. کۆللێ دەستێکی لە بۆنیتەکە دا، ترومبێلەکە گەرمایی ماوە، بەڵکە هەر گەرمە.

[220] وەخراندن: دواخستن.

- "هەردەبێ ئەمە، ئەوە ڕوون بکاتەوە کە لانگدن چۆن هاتۆتە ئێرە،" کۆللێ وای بە پۆلیسەکە گوت. "دەی تەلەفۆن بۆ کۆمپانیای بەکرێدانەکە بکە. بزانە ئاخۆ شتەکە دزراوە."
- "بەڵێ، گەورەم."

پۆلیسێکی دیکە ئاماژەی بۆ کۆللێ کرد بەڵکو بچێتە لای ئەو سەیری شوورەکە بکا. "ملازم، سەیری ئەمە بکە." ئینجا دووربینێکی شەوانەی دایە کۆللێ. "قۆپەنە داری نزیک گردۆڵکەکەی لای دەروازە."

کۆللێیش بە دووربینەکە سێرەی لەوێ گرت و هەندێک چاوی دووربینەکەی سووڕاند و ڕاستی کردەوە. ئینجا بە هێواشی، شێوەیەکی کەسکباوی هاتە بەردەم چاوی دووربینەکە. ئەو دەروازە پێچاوپێچەی بەدی کرد، بە نەرمی لەگەڵیدا ڕۆیشت، تا گەیشتە لای گردۆڵکە و دەوەنە دارەکە. هەموو ئەوەی توانی بیکا هەر سەیرکردن بوو. لەوێ لەبن کەسکاییەکەدا، ترومبێلێکی زرێدار ڕاگیرا بوو. ترومبێلەکە لەوانە بوو کە کۆللێ لەبەردەم بانکی زیوریخ بۆ کەلوپەلی ڕاسپاردەیی ڕایگرت و دواتر مۆڵەتی پێدا بڕوا. نزای بۆ ئەوە کرد ئەمەیان هەر ڕێکەوتێکی ڕاگوزەرانە بێ، بەڵام دەشیزانی، کە ناکرێ وابێ.

- "ڕاشکاوانە دیارە،" پۆلیسەکە بە کۆللێی وا گوت، "ئەمەیان هەر هەمان ئەو ترومبێلە باربەرەیە کە لانگدن و نیڤۆی پی لەنێو بانکەکەدا گواستراونەتەوە."

کۆللێ قسەی بۆ نەهات. بیری لە شوفێری ترومبێلە باربەرە زرێدارەکە کردەوە، کە لەبەر دەرگای بانکەکدا ڕایگرت. بیری لە کاتژمێرە ڕۆلێکسەکە کردەوە. بیری لە بێئۆقرەیی شوفێرەکە کردەوە کە بە تەمای دەرچوون بوو. ***خۆ من بارەکەم نەپشکنی.***

گومان، کۆللێ لەوە تێگەیشت کە یەکێک لەنێو بانکەکەدا سەبارەت بە لانگدن و سۆفی درۆی لەگەڵ پۆلیسی دادوەریدا کردووە و بەم جۆرە ئەوان ڕایان کردوە. ***بەڵام چۆن؟ بۆچی؟*** کۆللێ مەراق ما. تۆبڵێی ئەمە هۆکارەکە بێ کە فاشێ داوای لێکردووە، تا ئەو دەگات، هیچ نەکا. لەوانەیە فاشێ پەی بەوە بردبێ، ئەمشە و کەسانی دیکە لە پرسی لانگدن و سۆفی تێوەگلابن. ***خۆ ئەگەر لانگدن و سۆفی گەیشتبنە نێو ترومبێلە باربەرەکە، کەواتە ئەدی کێ ترومبێلە ئاودییەکەی لێخوڕیوە***؟

بە سەدان مایل لە دووری ئەوێوە، لە لای باشوورەوە، گەشتەفڕینێکی تایبەتی بارۆن ژمارە ٥٨ بەرەو باکوور بەسەر دەریای تیهرێنیان[221] بە ئاراستەی باکوور دەڕۆیشت. بەدەر لە ئاسمانی

---

[221] tyrrhenian sea دەریای نێوانی ئیتالیا و دوورگەگەکانی سیسیلیا و ساردینیا.

هێمن، مەتران ئارینگارۆسا کیسێکی ڕشانەوەی بەدەستەوە گرتبوو، دڵنیابوو، لەهەر ساتێکدا دەڕشێتەوە. ئاخر ئەو دەمەتەقێ تەلەفۆنییەی لەگەڵ پاریسدا سازدا، هەرگیز ئەوە نەبوو کە خەیاڵی بۆ دەچوو.

بە تەنیا و لە نێو کابینە بچکۆلانەکەدا، ئارینگارۆسا هەر ئەنگوستیلەکەی قامکی دەسووڕاندەوە، بەڵکو بتوانێ بەسەر ترس و نامرادی و بارە ئالۆزەکەیدا زاڵ بێ. ***هەموو شتێک لە پاریس بەو پەڕی خراپی وەرگەڕاوە.*** ئیدی ئارینگارۆسا چاوەکانی لەسەر یەک دانان، درووودی ئەوەی خوێند، بەڵکو بێزو فاشێ بتوانێ بارە لارەکە هەندێ ڕاست بکاتەوە.

## بەندی ٦٤

تیبینگ لەسەر قەنەفەکە دانیشت، سندووقە دارینەکەی لە کۆشیدا بوو، دەرویشئاسا دەستی بەسەر گوڵە هەڵکەندراوەکەدا دەهێنا. ***ئەمشەو سەیرترین و جادووترین شەوی ژیانمە.***

– "دەی، سەرەکەی هەڵدەوە،" سۆفی کە لە تەنیشتی وەستابوو، ئەمەی بە سرتەیەکەوە پێگوت.

تیبینگ خەندە دایگرت. ***تکایە پەلەم لێمەکە.*** زیاتر لە دە ساڵە بە دوای بەردەکلیلدا دەگەڕێ، ئاخر دەیەویست چێژ لە هەموو چرکەساتێکی ئێستای ببینێ. دەستی بەسەر چوارچێوە دارینەکە داهێنا، هەستی بە بیچمە هەڵکەندراوە گوڵەکەی سەر دارەکە کرد.

– "گوڵەکە،" تیبینگ بە چرپەوە درکاندی. ***گوڵەکەی ماجدەلینا جامە پیرۆزەکەیە. گوڵەکە ڕووگەنمایە بۆ نیشاندانی ڕێگاکە.*** تیبینگ هەستی بە گەمژەیی خۆی کرد. ئاخر ئەوە چەندین ساڵە کاتەدرا و کڵێسای فەرەنسا نەماوە بەدوایدا نەگەڕێ، پارەی زۆری داوە تا بچێتە شوێنەکان، بە سەدان ڕێگای تاقداری بینیوە و بەبن پەنجەرەی گوڵداردا گوزەری کردووە، هەر بەدوای پیتە مەتەڵئاساکانی بەردەکلیلدا گەڕاوە. ***بەردی بناغە، بەردە کلیلەکەی ژێر نیشانەی گوڵەهەڵکەندراوەکە.***

ئیدی تیبینگ بە هێواشی قڵفەی سەرووی سندووقەکەی کردەوە.

لە کۆتاییدا چاوی بە شتەکەی ناو سندووقەکە کەوت، دەستبەجێ لەوە تێگەیشت هەردەبێ شتەکە بەردە کلیلەکە بێ. بە واقوڕماوی سەیری لوولەکە بەردینەکەی کرد، کە بە وشەی تێکەڵا و نەخشێندرابوو. شتەکە بە شتێکی سەرسوڕهێنەری ئاشنا دەچوو.

– "لەسەر یادەوری داڤینشی دروست کراوە،" سۆفی وای بە تیبینگ گوت. "باپیرەم شتەکەی وەک خولیایەک دروست کردوە."

***هەڵبەتە،*** تیبینگ لێی تێگەیشت. ئاخر ئەو نەخشە و نموونەی بینیبوون. ***کلیلەکە بۆ دۆزینەوەی جامە پیرۆزەکە لە نێو ئەم بەردە دایە.*** تیبینگ کریتپیسە قوڕسەکەی لەنێو سندووقە دارینەکە دەرهێنا، لەسەرەخۆ بەرزی کردەوە. هەرچەندە هیچ بیرۆکەیەکی بۆ کردنەوەکەی نەبوو، لێ هەستی کرد چارەنووسی ئەو لەنێو لوولەکەکە دایە. لە ساتە شکستخواردووەکانی خۆیدا، تیبینگ لەخۆی پرسی بوو، تۆبڵێی هەرگیز بە بینینی شتەکە پاداشت بکرێتەوە. ئێستاش گومانەکە بۆ هەتا هەتا ڕەوایەوە. ئەو هەستی بە بیستنی وشە دێرینەکان دەکرد... دامەزرێنەرانی ئەفسانەی جامەکە:

***تۆ جامە پیرۆزەکە نادۆزیتەوە، جامەکە خۆی تۆ دەدۆزێتەوە.***

ئەمشەویش، بە شێوەیەکی باوەڕنەکراوانە، ئەو کلیلەی کە جامە پیرۆزەکەی پێدەبیندرێتەوە، ڕاستەوڕاست هاتۆتە بەردەرکەی ماڵی.

لەو کاتەی سۆفی و تیبینگ دانیشتبوون و کریپتیسەکەیان پێ بوو، قسەشیان دەربارەی سرکەکەی نێوی، دربارەی خولخواردنەکەی و وشە ڕاستەکە دەکرد، لانگدن دەستی دابووە سندووقە دارینەکە لەولاوە لەسەر مێزەکە لێی ڕامابوو، ئاخر شتێک لە مێشکی لانگدنی دابوو.

***کلیلی جامەکە لەبن هێمای گوڵەکەدا شاردراوەتەوە.***

لانگدن سندووقەکەی بەرزکردەوە لەبەر تیشکی گڵۆپەکەدا ڕایگرت و لە هێما گوڵدارییە هەڵکۆڵراوەکەی کۆڵییەوە. هەرچەندە هونەرزانی ئەو هەڵکۆڵدراوەی سەر کورسی و قەنەفەی ناوماڵی نەدەگرتەوە، لێ ئەوسات لەپڕ بنمیچە ناودارەکەی پەرستگایەکی ئیسپانی لە دەرەوەی مەدرید بە بیردا هاتەوە، کە تەلارسازییەکەی بۆ سێ سەدە لەمەوبەر دەگەڕایەوە، بنمیچەکە لەخۆوە بەردەبۆوە، بەمەش پەردەی لەسەر دەقێکی دەستنووسی تێکەڵ هەڵدایەوە، کە بەدەستی هەندێ قەشە لە بن گەچی بنمیچە بەربووەکەوە نووسرابوو.

لانگدن دیسان سەیری گوڵە هەڵکۆڵدراوەکەی سەر سندووقەکەی کردەوە.

***لەبن گوڵەکەدا.***

***نهێنی.***

دەنگی شتێک لە هۆڵەکە و لەپشتی ئەو وای لەلانگدن کرد ئاوڕێک بداتەوە. هیچی لە بەر سێبەرەکەدا نەبینی. هەردەبێ پێشخزمەتەکەی تیبینگ بێ بەوێدا تێپەڕی بێ. لانگدن گەڕایەوە سەر سندووقەکە. بە پەنجە لە لێوارە لووسەکەی نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی خشاند، مەراق ما ئاخۆ دەتوانێ شتێک لەبن گوڵەکەدا دەربێنێ، بەڵام دەستکارەکە بێ خەوش بوو. گومانی هەبوو تەنانەت بە دەمکی چەقۆش بتوانێ هەڵکۆڵدراوەکە لێبکرێتەوە، چونکە وەستایانە هەڵکۆڵدرابوو.

سندووقەکەی کردەوە، ناوەوەی دارە هەڵکۆڵدراوەکەی پشکنی. خۆ هەمووی هەر لوسوتووس بوو. ئیدی بەسەر لایەکەی دیکەیدا وەری گێڕا، لەبەر تیشکی گڵۆپەکەدا، کونێکی بچکۆلەی لەلایەکەی دیکەی ناو سندووقەکە، لەبەرامبەر گوڵە هەڵکەندراوەکە، بەدی کرد. ئینجا لانگدن سندووقەکەی داخستەوە، سەیری هێما هەڵکەندراوەکەی کرد، ژێر گوڵەکەی پشکنی. هیچ کونێک نەبوو.

***شتەکە بەناو ئێرەدا ناڕوا.***

سندووقەکەی لەسەر مێزەکە دانایەوە، چاوێکی بە ژوورەکەدا گێڕا، دەستە کاغەز و دەرزی لێکگرێدانی بینی. دەرزیلەکەی هێنا و گەڕایەوە لای سندووقەکە و کردیەوە، دیسان سەیری کونەکەی کردەوە. بەهێواشی دەرزیلەکەی لە کونەکە ڕاکرد. لەسەرخۆ پاڵی نا. هیچ زۆر لەخۆکرنێکی پێویست نەبوو. گوێی لە شتێک بوو کەوتە سەر مێزەکە. لانگدن سەیرێکی کرد. شتەکە تەختە دارێکی بچکۆلانە وەک پارچەی مەتاڵ بوو. دارە گوڵگوڵیەکە لێک بوەوە کەوتە سەر مێزەکە.

لانگدن قسەی بۆ نەهات، بە حەپەساوی سەیری تەختەکەی بن گوڵە هەڵکەندراوەکەی کرد. لەوێدا لەسەر دارەکە، هەڵکۆڵدراوێک هەبوو، شتێک بە وردەکاری نووسرابوو، دێڕەکانی دەقەکە بەزمانێک نووسرابوو، هەرگیز نەیبینی بوو.

***پیتەکان تەمومژانە بە زمانی سامی دەچن.*** لانگدن لەبەرخۆیەوە وا بیری لێکردەو. ***هێشتاش من ئەو زمانە نا ناسمەوە.***

ئیدی لەپڕێکەوە لەپشت ئەو جووڵەیەک پەیدابوو، بووە مایەی سەرنج. لەوێ شوێنێک کە کەس نەیزانی کوێ بوو، یەکێک زەبرێکی لە پشتەسەری لانگدن دا و کەوتە سەر ئەژنۆ.

وەک ئەو هەستی پێکرد، پێوابوو تارمایی کابوسێکی بەسەر سەری بینیوە، کە دەمانچەی پێبووە. ئینجا هەموو شتێک ڕەش هەڵگەڕا.

وێڕای ئەوەی سۆفی لە کاروباری ڕووبەڕووبوونەوەی قانویندا کاری دەکرد، تا ئەمشەو هەرگیز تووشی چەک لێبەرزکردنەوە نەببوو. بە شێوەیەکی وا کە مایەی لێتێگەیشتن نەبوو، ئێستا ئەو بەدەست کابرەیەکی بەڵەکی کەتە، کە پرچێکی سپی درێژی هەیە، دەمانچەی لێ بەرزکراوەتەوە. کەسەکە بە چاوی سووەرەوە سەیری سۆفی کرد، هەڕەشەوگوڕەشەی لێدەباری، وەک ئەوەی جەستەیەکی بێ ڕۆح بێ. عەبایەکی درێژی لەبەردابوو لە ناوقەددا توند بەستبوویەوە، بە قەشەیەکی سەدەکانی ناوەڕاست دەچوو. سۆفی خەیاڵی ئەوەی بۆ نەدەکرا ئاخۆ کابراکە کێیە، لەپڕێکەوە هەستی گومانەکەی تیبینگ سەبارەت بەوەی دەستی کڵێسا لەپشت هەموو ئەو ڕووداوانە هەن، بۆی هات.

– "خۆت دەزانی من بۆچی هاتوومەتە ئێرە،" قەشەکە بە دەنگێکی قەبەوە وای پێگوتن.

سۆفی و تیبینگ لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوون، لەسەر فەرمانی پەلاماردەرەکەش دەستەکانیان بۆ پشت سەریان بەرز کردبوونەوە. لانگدنیش لەبن ئازاردا لەسەر ناوکەوەکەدا دەینالاند. ئیدی یەکسەر نیگای چاوەکانی قەشەکە پەڕیە سەر بەردەکلیلەکەی نێو کۆشی تیبینگ.

- تیبینگ بە تۆنە دەنگێکی بێ باکانەوە پێی گوت؛ "تۆ ناتوانی بیکەیتەوە."
- "مامۆستاکەم زۆر زیرەکە." قەشەکە وا وەڵامی دایەوە و قولانجێک لێیان نزیکتر بووەوە و لوولەی دەمانچەشی ئاراستەی نێوان سۆفی و تیبینگ کرد.

سۆفیش لە ڕەفتاری پێشخزمەتەکەی تیبینگ سەری سوڕما. ***باشە تۆبڵێی گوێی لە دەنگی کەوتنی ڕۆبەرت نەبووبێ***؟

- "مامۆستاکەت کێیە؟" تیبینگ وای لە کابرا پرسی. "بەڵکو دەتوانین بە پارەوپوول شتەکە ڕێک بخەین؟"
- "جامەکە بە پارە نانرخێندرێ." کابرا زیاتر لێیان نزیک کەوتەوە.
- "تۆ خوێنت لەبەر دەچۆڕێ،" تیبینگ بە هێواشی تێبینی کرد. ئاماژەی بۆ ئەژنۆی ڕاستی کابرایەکە کرد، کە دڵۆپە خوێنی لێ دەتکا. "هەروەها دەشلەنگی."
- "تۆش هەروا،" قەشەکە وا وەڵامی دایەوە، ئاماژەی بە هەردوو داردەستەکەی تەنیشت تیبینگ دا. "دەی هەر ئێستا، بەردەکلیلەکەم بدەرێ."
- "تۆ بەردەکلیلەکە دەناسی؟" تیبینگ بە دەنگێکی هێدمەگرتوویانە لێپرسی.
- "گرفت نییە ئاخۆ من دەیزانم یان نا. دەی بە هێواشی هەڵسەوە و شتەکەم بدەرە دەست."

- "ئاخر هەڵسانەوە بۆ من قورسە."
- "دەقاودەق. منیش دەمەوێ کەس لە شوێنی خۆی نەجووڵێ."

تیبینگ دەستی ڕاستی بۆ یەکێ لە داردەستەکان برد، و بە دەستی چەپیشی بەردەکلیلەکەی گرت. هێزێکی دایەبەر خۆی هەڵسایە سەر پێ و قیت بووەوە. لوولەکە قورسەکەشی لەنێو لەپی دەستە چەپی دابوو، بە ناجێگیریش خۆی بەسەر داردەستەکەی دەستی ڕاستەی دادابوو.

قەشەکە چەند پێیەکی دیکەیان لێ نزیک کەوتەوە، لوولەی دەمانچەکەشی ئاراستەی سەری تیبینگ کردبوو. سۆفیش سەیری دەکرد، هەستی بە بەستەزمانێتی خۆی دەکرد کە کابرا دەستی بە لوولەکەکە ڕابگا و بیبا.

- "تۆ سەرکەوتوو نابی،" تیبینگ وای بە کابرا گوت. "تەنها کەسی شایستە دەتوانێ ئەم بەردە بکاتەوە."

***خوا بڕیار دەدا، کە کێ شایستەیە***، سیلاس لەبەرخۆیەوە وا بیری کردەوە.

- "شتەکە زۆر قورسە،" پیاوەکە دارەدەستەکەی گرتبوو وای بە بەرامبەرەکە گوت و باسکەکانیشی دەلەرزین. "خۆ ئەگەر خێرا نەیگری، دەترسم بەری بدەمەوە!" بە شێوەیەکی دژوارانەش لەنگی.

سیلاسیش خێرا بۆ پێشەوە چوو تا بەردەکە بگرێ، کاتێکیش وای کرد، پیاوە داردەرست بەدەستەکە هاوسەنگییەکەی نەما. داردەستەکەی لەبن باڵ دەرچوو و خەریک بوو بەسەر لای دەستە ڕاستیدا بکەوێ. ***نەخێر***! سیلاس بە پەلەپڕوزی خۆی شۆڕکردەوە تا بەردەکە ڕزگار بکا، ئیدی لوولەی دەمانچەکەشی نەوی کرد. بەڵام خۆ ئێستا بەردەکە لە دەستی غلۆر بووەوە. کاتێکیش پیاوەکە بەسەر باسکی ڕاستیدا کەوت، دەستی چەپی بۆ پشتەوە سووڕایەوە، لوولەکە بەردینەکەشی لە نێو لەپی دەستە چەپی بەربۆوە سەر قەنەفەکە. لەهەمان کاتدا، ئەو داردەستە ئاسنینەی، کە لەبن دەستی کابرا دەرچوو، زۆر بە خێرایی بە شێوەیەکی چەماوەیی بەرزبووەوە، ئینجا دابەزیوەوە توند بە قاچی سیلاس کەوت.

ڕێک دارەکەی لەو قایشە دڕکاوەی ڕانی سیلاس دا، دڕکە بزمارئاساکان بەو هێزەی پێیان کەوت، زیاتر چونە نێو گۆشتی سیلاس و ئازارێکی زۆری پێگەیاند. سیلاس لە تاوان بەلادا هات و کەوتە سەر چۆک، ئاخر قایشە دڕکدارەکە زیاتر چووبووە نێو گۆشتی. دەمانچەکەشی بەربۆوە، دەنگێکی لێوەهات و فیشەکە سورابووەکەشی تەقی، لەگەڵ کەوتنی سیلاسدا گوللەکە

بەبێ زیان بە شوێنێکی نزیک بە ناوکەوەکە کەوت. پێش ئەوەی هەڵیش سێتەوە و دەست بداتەوە دەمانچەکەی، ژنەکە شاپێکی توندی لە لمووزی[222] سرەواند.

لەوێ، لەخوارەوەی ڕێڕەوی دەروازەکەشەوە، کۆللی گوێی لە دەنگی تەقەکە بوو. هورمژنەکە دەمارەکانی گرژ کرد. فاشێش لەڕێ بوو، هێشتا نەگەیشتبوو، ئیدی کۆللی هەموو هیوایەکی لەدەست دا کە بە دەستی خۆی ئەمشەو ڕۆبەرت لانگدن بگرێ. بەڵام خۆ کۆللی لەبەر خۆپەرستیە نەفرەتییەکەی فاشێ لەبەردەم هۆبەی وەزارەت سەبارەی بە کەمتەرخەمییەکەی ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی دەبێتەوە.

***چەکێک لە ماڵێک تەقێندراوە! لەو کاتەی تۆش هەر لەدەروازەی ماڵەکە چاوەڕێ بووی؟***

کۆللی زانی، دەرفەتی ئێستای بۆ دزەکردنە نێو ماڵەکە لەدەست دا. هەروەها ئەوەشی دەزانی لەبەردەم چرکەساتی دووهەمی کارنامەی ئەم بەیانییەی دەستەوەستان وەستاوە. سەیرێکی دەرگا ئاسنینەکەی کۆشکەکەی کردەوە و بڕیاری خۆی دا.

– "دەی خۆتان گورج کەن و بەسەریان دادەن."

ڕۆبەرت لە مەودایەکی دووری مێشکیەوە گوێی لە دەنگی تەقە بوو. هەروەها گوێی لە ناڵەونرکەی ئازاریش بوو. ئازاری خۆی؟ لانگدن هەستی بە شتێک دەکرد وەک ئەوەی پشتەوەی کەللەسەرەکەی کونکون بکرێ. لە شوێنێک، لە نزیکیەوە خەڵکانیک قسەیان دەکرد.

– "ئەرێ بۆ خاتری شەیتان تۆ لە کوێی؟" تیبینگ وای هاوار دەکرد.

– پێشخزمەتەکەش بە هەڵەداوان هاتە ژوور و گوتی، "چی قەوماوە؟ ئای خوایە! ئەمە کێیە؟ وا زەنگ بۆ پۆلیس لێدەدەم!"

– "هەی بە نەفرەت بی! زەنگ بۆ پۆلیس لێمەدە. دەی شتێکی باش بکە، برۆ شتێک بێنە و ئەو دڕندەیەی پێ ببەستەوە."

– "هەندێک سەهۆڵیش بێنە!" سۆفی بەدوایدا وا بانگی کرد.

---

[222] لمووز: قەپۆز، لووت.

دیسان لانگدن بێ هۆش کەوتەوە. دەنگەدەنگی زۆر، جووڵە. هەنووکە لەسەر قەنەفەکە دانیشاندراوە. سۆفی سەهۆڵی لەسە پشتەسەر داناوە. کەللەسەری دەهێشا. کاتیکیش ئاسۆی بینینی لانگدن ڕوون بووەوە، خۆی وا بینییوە سەیری جەستەیەک دەکا، لەسەر ناوکەوەکە کەوتووە. ***تۆبڵێی وڕێنە بکەم؟*** جەستە زلوکەتەی قەشە بەڵەکەکە بە تیپ بەسترابووەوە، لەبن ئازاریشدا دەینالاند. چەناگەکەی شەق ببوو، دامێنی ئەو عەبا درێژەی بەسەر ڕانی ڕاستی دادردابوو خوێنی لێدەچۆڕا. دیاربوو ئەویش تازە بە هۆش خۆی دەهاتەوە.

- لانگدن ڕووی لە سۆفی کرد. "ئەمە کێیە؟ چی... قەوماوە؟"

- تیبینگ بە شەلەشەل هاتە سەر سەری. "تۆ لەلایەن شمشێری ئێکسالیبەری[223] درەوشاوەی سوارچاکێک کە بەدەستی کارامەترین وەستاوە دروستکراوە، ڕزگار کرای."

***ها***؟ لانگدن هەوڵیدا هەڵسێتەوە.

- دەنگی سۆفی هەندێکی هەژێنەر بەڵام نەرمونیان پێی گوت، "ڕۆبەرت، هەر خولەکێک مۆڵەت بدەرە خۆت."

- "دەترسم،" تیبینگ کەوتەوە قسە، "من چۆن بارە نەخۆشییەکەم بە باشی بۆ کیژەهاوڕێکەت قۆستەوە. پێدەچێ هەمووان بە کەم سەیرت بکەن."

لانگدن لە شوێنی خۆی لەسەر قەنەفەکەوە، سەیرێکی قەشەی بەردەمی کرد و هێنایە پێشچاوی خۆی ئاخۆ چی ڕوویدا.

- "ئەو قایشێکی دڕکاوی لە قاچی بەستووە؟"

- "چی؟"

- تیبینگ ئاماژەی بە قایشە دڕکاوییەکی خوێناوی کرد، کە لەوێ کەوتبوو. "قایشێکی خۆجڵەوکردن. ئەو لەسەر ڕانی ڕاستەی بەستبوو. نیشانەی باشم لێگرتبوو."

- لانگدن دەستێکی بەسەری خۆی داهێنا. لەبارەی قایشی خۆجڵەوکردنی دەزانی. "بەڵام چۆن... ئایا تۆ دەزانی؟"

---

[223] Excalibur شمشێرە تەلیسماویەکەی دەستی شا ئارسەر لە ئەفسانەی ئارسەر و شارە قەڵای کامیلۆت.

- تیبینگ پێکەنی. "ڕۆبەرت، کریستیانێتی گۆڕەپانی لێکۆڵینەوەی منە، ڕێبازگەلێکی وای تێدان، کە خەڵکەکانیان بەخۆیان خۆیان ئازار دەدەن." ئاماژەشی بۆ ئەو پەڵە خوێنانەی دامەنە شۆڕەی عەبای قەشەکەی کرد.

"ئۆپیوس دای،" لانگدن ئەمەی بە چرپەیەکەوە گوت. ئیدی ڕاپۆرتی میدیای لەسەر چەند بزنسمانێکی ناوداری بۆستن بیرکەوتەوە، کە ئەندامی ئۆپیوس دای بوون. هاوپیشەکانیان بە شێوەکی ساختە، ڕاشکاوانە ئەوانیان بە هەڵگرتنی قایشی خۆجلەوکردن تاوانبار کردبوو، گوایە لەژێر قاتە سێ پارچەکانی خۆیان پۆشیوە. لە ڕاستیشدا ئەو سێ پیاوە ئەوەیان نەبوو. وەک زۆر لە ئەندامانی ئۆپیوس دای، ئەو بزنسمانانە گەیشتبوونە پلەیەکی باڵا و بە هیچ شێوەیەکیش خۆیان ئازار نەدەدا. ئەوان کاسۆلیکی دڵسۆز بوون، باوکێکی باش بوون بۆ منداڵەکانیان، لە ناخەوەش ئەندامی دڵسۆزی جڤاتەکەیان بوون. مایەی سەرسوڕمانیش نەبوو میدیا زۆر بە کورتی پەردەی لەسەر لایەنە باوڕداریەکەیان هەڵنەدایەوە، بەڵکو بەرەو لایەنە توندو زبرەکەی ڕێبازەکە و بەهاکانیان ڕۆیشتن کە مایەی هێدمەگرتن بوون وەک قەشەکانی خوار پلەی مەتران.... ئەندامەکانی وەک ئەم قەشەیە بوون، کە ئێستا لەبەردەم لانگدندا کەوتووە.

- تیبینگ لەنزیکەوە سەیری قایشە خوێن لێچۆڕاوەکەی کرد. "بەڵام بۆچی ئۆپوس دای هەوڵ دەدا جامە پیرۆزەکە بدۆزێتەوە؟"

لانگدن ئەوەندە زەین ڕوون نەبوو، تا ئەمە لێک بداتەوە.

- "ڕۆبەرت،" سۆفی هاتە قسە و بەرەو سندووقە دارینەکەش ڕۆیشت. "ئەمە چییە؟" سۆفی گوڵەڕەزە بچکۆلانەی هەڵگرتەوە کە کەمێک پێشتر لانگدن لە لەچوارچێوەی سندووقەکەی کردەبووەوە.

- "ئەوە پەردەی هەڵکۆڵدراوێکی سەر سندووقەکە بوو. پێموایە دەقە نووسینێکە، پێمان بڵێ چۆن بەردە کلیلەکە بکەینەوە."

ئیدی بەرلەوەی سۆفی و تیبینگ کاردانەوەیان هەبێ، هەراوهوریای لایتی پۆلیس و فیکەی ترومبێلەکانیان لەخوار تەپۆلکەکە، کە هەر نیو میلێک دوور بوو، هەنگامەیەکی زۆری نایەوە.

- تیبینگیش گرژ بوو. "دەی دۆستان، پێدەچێ بڕیاری خۆمان بدەین. باشتریش وایە خێرا بین."

-

# بەندی ٦٦

کۆللێ و پۆلیسەکانی لەگەڵی دابوون، بە خۆیان و چەکی دەستیان بە خێرایی بەنێو کۆشکی (لای تیبینگ) وەربوون. بەنێو سەرجەم ژوورەکانی نهۆمی یەکەمدا بڵاو بوونەوە. جێی لێدانی گوللەیەکیان لە ژووری وێنەکێشاندا دیتەوە، کونێکی بچکۆلەی لە ناوکەوەکە کردبوو، شوێنەواری پرکێشی و شەڕیشی لێ دیار بوو، جەند دڵۆپە خوێنیشی لێ ڕژابوون، قایشێکی چەرمینی دڕکداری سەیریشیان بینی کە بە تیپ پێچرابوو. سەرتاپای نهۆمی یەکەم چۆڵ هۆڵ دیار بوو.

لەو کاتەی کۆللێ خەریکی بڵاوەپێکردنی پیاوەکان بوو، بیاننێرێتە ژێر زەمین و پشت خانووەکە، گوێی لە دەنگەدەنگێک بوو لە نهۆمی سەرەوە دەهات.

- "ئەوان لە نهۆمی سەرەوەن."

خێرا بەسەر پلیکانە بۆ نهۆمی سەروو سەرکەوتن، کۆللێ و پیاوەکانی ژوور بە ژووری خانووە قەبەکە گەڕان، ئەوان ژوورە تاریکەکەی خەوتن و داڵانەکەش گەڕان و تا دەهاتیش لە ژێدەری دەنگەدەنگەکە نزیکتر دەبوونەوە. پێدەچوو دەنگەکە لە دوا ژووری خەوتنەکەی سەر ڕاڕەوەکەوە بێ. پۆلیسەکان چوونە ڕاڕەوەکە و هەموو ڕێگە دەرچوونێکیان گرت.

کاتێکیش لە ژووری خەوتنەکە نزیک کەوتنەوە، کۆللێ دەیبینی قاپی ژوورەکە کراوەتەوە. لەپڕێکیش دەنگەدەنگەکە وەستا، پاشان بە جۆرە ژاوەژاوێک جێگەی گرتەوە، ژاوژاوێک هەر لە دەنگی مەکینەی ترومبێل دەچوو.

لەسەر ئاماژەی کۆللێ چەکی دەستیان بەرزکردەوە. بە هێواشی گەیشتنە دەوروخولی ژوورەکە، کۆللێ بینی پلاکی گڵۆپەکان هەڵکرابوو. ئیدی چوونە ناوی، ئەوانی دیکەش لەدوای ئەوەوە لێ وەژوور کەوتن، لەگەڵ هێرشبردنەکەدا، کۆللێ چەکی بەرز کردەوە و سێرەی دەمانچەکەی لە .... هیچ گرت.

ژوورە خەوتنێکی میوان بەتاڵ و حەتاڵ بوو. هۆدەکە هەر دەستی لێنەدرابوو.

دەنگی مەکینەی ترومبێلێکی دیکە تابلۆیەکی ئەلەکترۆنی، کە لەسەر دیواری ژووری خەوتنەکە درابوو هات. کۆللێ ئەو جۆرە تابلۆیەی لە خانووی دیکەش بینیبون. ئەوە سیستمی بەیەکەوە بەستنەوەی ژوورەکانی نێو خۆ بوو. خێرا غاری دایە لای تابلۆ ئەلکترۆنییەکە. تابلۆیەکە دەیان دوگمەی هەبوون، هەر یەکەیان نیشانەی ژوورێکی لەسەر بوو:

*هۆدەی لێخوێندن... ناندین.... جلشوشتن.... سارنج...*

*ژووری سەردار... ژووری ڕۆژ... تەویلە... کتێبخانە...*

***تەویلە!*** کۆللێ بە یەکدوو چرکە خۆی گەیاندە خوارێ، بەرەو دەرگای پشتەوە غاری دا، پۆلیسێکی لەگەڵ خۆ بردە ئەوێ. پیاوەکان بە غاردان بەنێو چیمەنەکەدا تا گەیشتنە بەر دەرکەی تەویلە بۆرەکە، هەناسەسوار بوون. تەنانەت بەرلەوەی بشچنە ژوور، کۆللێ گوێی لە دەنگی مەکینەی ترومبێل بوو، بەرەو کزی دەچوو. دەمانچەکەی هەڵکێشا، خێرا ڕایکردە لای پلاکی گڵۆپەکە.

لای دەستە ڕاستی تەویلەکە گەراجی کەلوپەلی چاککردنەوەی چیمەنبڕەوە، کەلوپەلی ترومبێل، و کەرەستەی باخ هەبوو. دیسان تابلۆیەکی دیکەی ئەلەکترۆنی بەسەر دیوارێکی نزیک هەڵواسرابوو. یەکێک لە دوگمەکانی خوارەوەی داگیرا بوو، دەنگەکانی بۆ ئەوێ دەگواستەوە.

*هۆدەی ژمارەی دووی میوانان.*

کۆللێ بە توورەی گەڕایەوە، هەر بۆڵەبۆڵی بوو. ***ئێمەیان بەو تابلۆ بەیەکەوە گرێدراوە دەستخەرۆ دا!*** لایەکەی دیکەی تەویلەکەیان پشکنی، لەوێدا ڕیزێکی درێژی جێگە و ڕێگەی ئەسپانی بینی. بەڵام هیچ ئەسپی لێنەبوون. دیارە خاوەنەکەی ویستوویەتی بە هێزی ئەسپی دیکە شوێنەکە پڕ بکاتەوە. ئاخر جێگەکە گەراجی ترومبێلە کەشخە و گرانبەهاکان بوو. ڕیزێک ترومبێلی سەرنجڕاکێشی لێبوون؛

*فیرارییێکی ڕەش، ڕۆلس ڕایزێکی بەرایی، ئاست مارتینێکی وەرزشی کۆنینە، بیچمی پۆرشێکی ٣٥٦.*

دوا جێگەش بەتاڵ بوو.

کۆللێ غاریدا شوێنە بەتاڵەکە، پەڵە ڕوونی لەسەر زەمینەکە بینین. ***ناکرێ ئەوان لێروکانە دوورکەوتبنەوە.*** ئاخر دەروازەکە و دەوروبەری بە ترومبێلی گەڕۆکی پۆلیس گیراون، بۆ ئەوەی ڕێ لەهەر بارێکی ناکاو بگیرێ.

- "گەورەم؟" یەکێ لە پۆلیسەکان ئاماژەی بە خواروە، بە درێژایی شوێنی لێڕاگیرانی ترومبێلەکە دا.

قاپیە خزۆکەکەی پشتەوەی شوێنەکە بە تەواوی کرابۆوە، شوێنەکە بەو تاریکییە ڕێچکەیەکی قوڕاوی نیشان دەدا، کە بۆ سەر کێڵگەیەکی پشت تەویلەکە دەڕۆیشت. کۆللێ بەرەو قاپیەکە غاری دا، هەوڵیدا لە تاریکییەکەدا شتێک ببینێ. هەموو ئەوەی هاتە بەرچاوی، هەر سێبەری

داروباری دوور بوو. هیچ لایتێکی پێشەوەی ترومبێلیشی بەدی نەکرد. لەوانەیە ئەم گەلییە پڕ داروبارە دەیان ڕێگای پێچاوپێچی ڕاوشکاری تێدا بێ، کۆلێش بڕوای وابوو هەرگیز نێچیرەکانی لەنێو داروبارەکەدا دەرباز نابن. "دەی هەندێ پیاو لەو ناوە بڵاو ببنەوە. ئەوان لەمێژ نییە ڕۆیشتوون، هەردەبێ لەو ناوە بن. ئەو ترومبێلە کەشخە وەرزشییانە دادی نەداون."

- "گەورەم، ئەمم؟" پۆلیسەکە ئاماژەی بە تابلۆیەکی نزیک کرد، کە بەسەر دیوارەکە هەڵواسرابوو، چەند سویچێکی پێوە کرابوو. نیشانەکان نووسراوی سەر سویچەکان لەگەڵ ناوی ترومبێلەکان جووت بوون.

*دامیلیلر... ڕۆزل رایس.... ئاستن مارتن... پۆرش....*

دوا شوێنی هەڵواسرانی سویچێکیش بەتاڵ بوو.

کاتێکیش کۆلیت نیشانەکەی سەر شوێنە بەتاڵەکەی خوێندەوە، زانی، تووشی گرفت هاتووە.

ڕێنج ڕۆڤەرەکە جۆری جاڤای گەوهەری ڕەش بوو، دەبڵ ئەکسلی گێڕ ئاسایی بوو، لایتێکی بەهێزی جۆری پۆلی پریپیلۆنی لەسەر بوو، لایتی پشتەوەشی پێکهاتەیەکی یەکانگیر و سوکانەکەشی لە دەستەڕاست بوو.

لانگدن بەوە خۆشحاڵ بوو کە نەبووبووە شوفێر.

لەسەر داوای تیبینگ، ڕیمی، پێشخزمەتەکەی ترومبێلەکەی لێدەخوڕی، ئەویش کارەکەی زۆر بە کارامەیی دەکرد و مانۆری لێوەشاوەی لەنیو دارودرەختی کێڵگەی شاتۆ ڤیلییت و لەبەر ڕۆناکایی مانگدا ئەنجام دەدا. ئاخر ئەو لایتەکانی هەڵنەکردبوون، بەنێو داروبارەکەدا، شۆڕ دەبووەوە، تا پێی دەکرا لە کۆشک و باڵەخانەکەدا دوور دەکەوتەوە. پێدەچوو ئەو بەرەو ڕێگایەکی پڕ لە هەڵبەز و دابەزی دارستانەکە بۆ مەدای دووری لێبخوڕێ.

لانگدن کە بەردەکیلەکەی لەکۆشدا بوو، لەسەر کورسی سەکنی پێشەوە دانیشتبوو، تیبینگ و سۆفیش لەسەر کورسییەکانی پشتەوە.

- "ڕۆبەرت، ئەرێ سەرت چۆنە؟" سۆفی بە دەنگێکی خەمخۆرانەوە وای لێپرسی.
- لانگدن زۆری لەخۆی کرد خەندەیەکی بۆ بکا. "باشترە، سوپاس." خەریک بوو زەبرەکە بیکوژێ.

تیبینگ لە تەنیشت سۆفی دانیشتبوو، ئاوڕێکی لەسەر شانی بۆ پشتەوە دایەوە، سەیرێکی قەشە دەمبەستراوەکەی کرد، کە لەنێو سندووقی جانتاکادا درێژکرابوو. تیبینگ دەمانچەی قەشەکەی لەسەر کۆش بوو، بە وێنەیەکی کۆنی بەریتانییێکی سافاری دەچوو، بەشانازییەوە بەسەر نێچیرەکەوەیەوە وەستابێ.

- "ڕۆبەرت، زۆر باش بوو ئەمشەو لاتدایە کن من." تیبینگ وای پێگوت. دەمیشی بە شێوە پێکەنینێک وا لێبەش بوو، وەک ئەوەی دوای ساڵانێکی دووردرێژ، یەکەمین جاری بێ گاڵتە بکا.
- "(لای)، بمبوورە تۆمان لەو ڕەوشەوە گلاند."
- "ئۆو، تکایە. من هەموو ژیانی خۆم چاوەڕێی تێوەگلانێکی وام دەکرد." نیگای تیبینگ لەسەر لانگدن لاکەوت و چووە سەر سایە تاریکەکەی لێواری ڕێگاکە. دەستێکی لەسەر شانی ڕیمی دا. "لەبیرت نەچێ، لایتەکان هەڵنەکەی. لە حاڵەتی پێویست نەبێ پێ لەسەر

بریک دامەگرە. من دەمەویَ کەمێکی دیکە بەنێو دارەکاندا برۆین. هیچ هۆیەکمان لەبەردەستدا نییە، کارێکی وا بکەین ئەوان لە ماڵەکەدا بمان بینن."

ریمی لە خێراییەکەی کەم کردەوە، رێنج رۆڤەرەکەی بەنێو پەرژینە کراوەکەدا لێخوری. کاتێکیش ترومبێلەکە بەنێو رێگا چەپەردارەکەدا لالا دەچوو، خەریک بوو بە تەواوی گەڵای دارەکان بەری رۆناکایی مانگ بگرن.

***من هیچ نابینم***، لانگدن لەبەرخۆیەوە وا بیری کردەوە. گیرۆدەی لێکجیاکردنەوەی هەر شێوە و بچمێکی بەردەمی خۆی هەبوو. تاریکاییەکی نووتەک بوو. چڵ و پۆپی دارەکان لە لای چەپی ترومبێلەکە دەخشاند، ریمیش خۆی بە ئاراستەکەی دیکەدا راست دەکردەوە. هەوڵیدا کەم تا زۆر راستەرێی خۆی رابگریَ، نزیکەی سی گەز بەم جۆرە چووە پێش.

- "ریمی، زۆر جوان لێدەخوری." تیبینگ وای پێگوت. "مەودایەکی باش دوور کەوتینەوە. رۆبەرت، دەکریَ ئەو دوگمە بچووکە شینەی خوار دەرچەی هەوایەکە دابگری. دەیبینی؟"

لانگدنیش دوگمەکەی دۆزیەوە دای گرت.

پرشنگێکی کزی زەرد لە بەردەم ترومبێلەکە بۆ رووناککردنەوەی رێگا پەیدا بوو. ***لایتی تەمومژ***. لانگدن لێی تێگەیشت. ئیدی بایی ئەوەندە رێگاکەی رووناککردەوە، وێرای ئەمەش بایی ئەوەندەش لە کۆشکەکە دوور کەوتبوونەوە، بتوانن ئەو جۆرە لایتە پیَ بکەن.

- "ریمی، زۆر باشە،" دەنگی خۆشحاڵی تیبینگ بوو کە گوتی، "هەنووکە لایتەکان داگیرساون، ئێستا ژیانمان لەبەر دەستی تۆ دایە."
- "ئەریَ ئێمە بۆ کویَ دەچین؟"
- سۆفی وای لە تیبینگ پرسی.
- "ئەم رێگەیە سیَ کیلۆمەتر درێژ بەنێو دارستاندا دەروا،" تیبینگ وای وەڵام دایەوە. بە نێو مڵکەکانمدا بە شێوەیەکی کەوانەیی بە ئاراستەی باکوور دەروا. خۆ ئەگەر هیچ گرفتمان وەک دارێکی بەربووە، گۆماوێکی بەربەست نەیەتە ریَ، ئەوا رێکورەوان دەگەینە سەر رێگای خێرای ژمارە پێنج."

***بەبیَ وەیی***. سەری لانگدن شتێکی دیکەی دەگوت. ئینجا نیگای دانەویە سەر کۆشی، سەرنجی دایە سەر کریپتیسەکەی نێو سندووقە دارینەکە. پارچە دارە گوڵەرەزە هەڵکەندراوەکەی خستەوە شوێنی خۆی، هەرچەندە سەریشی ژانی تێدابوو، لیَ لانگدن پەرۆش بوو دیسان نیگارەکە لاببا و لە نزیکەوە سەیری دەقە نووسراوە هەڵکۆڵراوەکەی ژێرەوەی بکا. سەری سندووقەکەی کردەوە، خەریک بوو شتەکەش بەرز بکاتەوە، کەچی تیبینگ لە پشتەوەرا دەستێکی لەسەر شانی دا.

- "ڕۆبەرت، ئارامت هەبێ،" تیبینگ وای پێ گوت. "ڕێگاکە هەڵبەز و دابەز و تاریکە. خۆ ئەگەر شتێک شکا، مەگەر هەر خوا بە هانامەوە بێ. ئەگەر لە ڕۆناکییدا زمانە هەڵکۆڵراوەکەت نەناسییەوە، باشتر وایە لەتاریکیدا هیچ هەوڵ و تەقەللایەکی بۆ نەدەی. با جارێ خۆمان بەوە خەریک نەکەین، سەرەتا لێرە دەرچین، باشە؟ زۆری پێناچێ کاتی باشمان بۆ ئەو شتەش لەبەر دەستدا دەبێ."

لانگن دەیزانی تیبینگ ڕاست دەکا. بە سەر لەقاندنێک سەری سندووقەکەی دادایەوە.

هەنووکە قەشەکە لە سندووقەکەدا دەینالاند، تووشی داوی پەستی خۆی ببوو. لە پڕێکەوە بە توندی بە پێیەکانی کەوتە لەقە هاوێشتن.

تیبینگیش سەری بۆ لا وەرسووڕاند و لوولەی دەمانچەکەی تێگرت و پێی گوت؛ "بەڕێز، من ژان و ئازارەکەتم لەبەر چاوە. بەڵام خۆتۆ هەڵتکوتاوەتە سەرماڵەکەی من و زەبرێکی خراپت لە کەللەسەری هاوڕێکەم دا. بۆیە مافی خۆمە هەر لێرە لەنێو ئەو دارستانە دەمانچەکەت لێ خاڵی بکەمەوە و فڕێشت بدەمە خوار، ئیدی تەرمەکەت دەڕزی، کەسیش هەر پێی نازانێ."

قەشەکە بێدەنگ بوو.

- "باشە تۆ دڵنیای کە دەبێ لەگەڵ خۆمانی بەرین؟ لانگدن وای لە تیبینگ پرسی.
- "بەڵێ زۆریش باشە، ئەو نەفرەتیەمان پێ بێ!" تیبینگ وا وەڵامی دایەوە. "ڕۆبەرت، خۆ تۆ بە تاوانی کوشتن داواکراوی. ئەم هیچوپووچەش بلیتی ئازادی تۆیە. دیارە پۆلیس بە توندی بە دواتەوە بووە، تا خۆت لەماڵی من کوتاوە."
- "ئەوە هەڵەی من بوو." سۆفی وا هاتە وەڵام. "دیارە ترومبێلە زرێدارەکە ئامێرێکی شوێنهەڵگرتنەوەی تێدا بووە."
- – ئەمە شتێک نییە باس بکرێ." تیبینگیش وای پێگوتەوە. "من سەرسام نەبووم بەوەی پۆلیس ئێوەی دۆزیەوە، بەڵکو بەوە سامگرتی بووم، چۆن ئەو کاراکتەرەی ئۆپویس دای بە ئێوەی زانیوە. لە هەموو ئەوەی ئێوە بۆ منتان باس کرد، ناتوانم خەیاڵی ئەوە بکەم چۆن کەسیک سایەی ئێوەی کردبێ، مەگەر پەیوەندی بە هەردوو لایەن، بە پۆلیسی دادوەری و بانکی زیوریخ بۆ کەلووپەلی ڕاسپاردەییەوە هەبێ."

لانگدن قسەکەی بە هەند هەڵگرت. بە دڵنیایەوە بێزو فاشێ بە دوای کۆچی قوربانیەک بۆ بکوژەکانی ئەمشەو دەگەڕا. (ڤێرنێ)ش لەپڕێکەوە لێی بادانەوە، هەرچەندە لانگدن بۆ ئەوە چوو، کاتێ ڤێرنێ بە کوشتنی هەر چوار کەسەکانی زانی، ئینجا ڕای لەسەر گۆڕا و ئەمەش مایەی لێ تێگەیشتن بوو.

- "ڕۆبەرت، ئەم قەشەیە بە تەنیا کار ناکا،" تیبینگ وای پێگوت. "تا ئەوکاتەی بۆت دەردەکەوێ، ئاخۆ کێ لە پشتیەوە، ئێوە هەردووکتان لە مەترسیدان. برادەرەکەم، هەواڵی خۆشیش ئەوەیە، تۆ ئێستا لە پێگەیەکی بەهێز دای. ئەو دەعبایەی پشت من زانیاری لە لایە، ئەو کەسەی کە دەستیشی لەپشت داوە، ئێستا لەبارێکی شڵەژاندایە."

ڕیمی پێی لە بەنزین نابوو، تیژ دەڕۆیی، ئاخر ڕێگاکە بواری ئەوەی دەدا. ئەوان بەناو گۆمە ئاوێکدا ڕەت بوون، بازێکیان داو دیسان بە نشێوێکدا شۆڕیان کردەوە.

- "ڕۆبەرت، ئەگەر زەحمەت نەبێ دەکرێ ئەو تەلەفۆنەم بگەیەنیە دەست؟" تیبینگ ئاماژەی بۆ تەلەفۆنی ناو دەشبولی ترومبێلەکە کرد. لانگدنیش دایە دەستی، ئەویش ژمارەیەکی لێدا. ماوەیەکی زۆری پێچوو، تا کەسێک لەوسەری هێڵی تەلەفۆنەکەوە وەڵامی دایەوە. "(ڕیچارد)؟ ئەرێ لەخەوم هەڵساندی؟ هەڵبەتە، وام کرد. پرسیارێکی گەمژانە بوو. بمبوورە. من کێشەیەکی بچووکم هەیە. هەست بە هەندێک ناساغی دەکەم. ڕێمی و من پێویستمانە بۆ چارەسەر بچینە دوورگەکە[224]. بەڵێ، ئەوەی ڕاستی بێ، هەر ئێستا. ببوورە بۆ ئەو کورتە ئاگادارکردنەوەیە. ئایا دەکرێ بۆ بیست خولەکی دیکە ئەلیزابێس ئامادە بکەی؟ من دەزانم، دەی، ئەوی لەتوانات دایە بیکە. زۆر نابا دەتبینمەوە." ئینجا تەلەفۆنەکەی دانایەوە.
- "ئێلیزابێت؟" لانگدن وای بە تیبیگ گوت.
- "فڕۆکەکەم. پارەی شاژنێکم لەسەر کەوتووە."

لانگدن بەتەوای خۆی سووڕاندوە و سەیری کرد.

- "چی؟" تیبینگ وای لێپرسی. "ئێوە هەردووکتان، پێتان وایە دەتوانن لە فەرەنسا بمێننەوە کەچی پۆلیسی دادوەریش بەدواتانەوە بێ. لەندەن زۆر لێرە سەلامەتترە."
- سۆفیش ڕووی خۆی بە لای تیبینگ وەرسوڕاند. "پێتوایە ئێمە دەبێ وڵاتەکە جێبێڵین؟"
- "دۆستەکانم، من لە جیهانی شارستاندا زۆر دەستڕۆیشتووترم لەوەی لە فەرەنسا. لەوەش پتر، وا بڕوادەکرێ جامەکە لە بەریتانیای مەزن بێ. خۆ ئەگەر ئێمە کۆدی بەردەکلیلەکە بکەینەوە، خاترجەم دەتوانین نەخشەڕێگای بدۆزینەوە کە نیشانە بە ئاراستەی گونجاو بکا."
- "ئاخر تۆ سەرچڵێکی گەورە دەکەی،" سۆفی وای بە تیبینگ گوت، "بە یارمەتیدانی ئێمە، دیارە ناتەوێ هیچ برادەرایەتی فەرەنسییەکان بکەی."

---

[224] مەبەست لێی بەریتانییایە.

تیبینگ تەوژمە جووڵەیەکی ناڕەحەتیانەی نیشان دا. "من لە فەرەنسا کۆتاییم هات. من بۆ بەردەکلیلەکە هاتبوومە فەرەنسا. کارەکەش کرا. من گوێ بەوە نادەم، ئاخۆ هەرگیز جارێکی دیکە، شاتو ڤیلێ دەبینمەوە یان نا."

- دەنگی سۆفی نادڵنیایانە بوو کاتێ گوتی؛ "بەڵام چۆن بەنێو ئاسایشی فڕۆکەخانەکەدا دەربازمان دەکەی؟"
- "تیبینگ لە قرتەی پێکەنینی دا. "من لە (لێ بورگێتەوە) دەفڕم، کە فڕۆکەخانەیەکی تایبەتە و زۆریش لێرەوە دوور نییە. پزیشکە فەڕنسییەکان منیان زۆر شپرزە و دەمارگیر کردووە، بۆیە هەر دوو هەفتە جارێک بەرەو باکوور بۆ چارەسەرکردن ذەچمە ئینگلستانێ. من لە هەردوو سەرەوە پارە و بەخشیشی باش دەدەم. هەر کاتێکیش گەیشتینە ئاسمان، دەتوانی بڕیاری خۆت بدەی، کە پەیوەندی بە باڵوێزخانەکەتەوە بکەی."

لەپڕێکەوە لانگدن هیچی لە باڵوێزخانەکەوە نەویست. هەموو ئەوەی دەیتوانی بیری لێبکاتەوە، بەردەکلیلەکە، نیگارەکان و ئەو شتانە بوون، کە دەیگەیاندە جامە پیرۆزەکە. ئەویش تێمابوو ئاخۆ تیبینگ سەبارەت بە بەریتانیا لەسەر هەق بوو. بە دانپێدانانەوە زۆربەی ئەفسانە نوێیکان شوێنی جامەکەیان دەگەیاندەوە شانشینی یەکگرتوو. تەنانەت خودی ئەفسانەی شا ئارسەر و دوورگە دەوڵەمەندی جامەکەی ئاڤەلۆن، وا بڕوادەکرا بەدەر لە (گلاستبری) ئینگلستان شوێنێکی دیکە نەبێ. خۆ جامەکە لە هەر کوێیەک بایە، هەرگیز لە خەیاڵی لانگدندا نەبوو بەدوایدا بگەڕێ. ***بەڵگەنامەکانی سانگریلیش، مێژووە ڕاستەقینەکەی عیسای مەسیح، گۆڕی ماری ماجدەلیناش.*** لەهیکەوە هەستی کرد وەک ئەوەی ئەمشەو لەجۆرە فەرامۆشییێک ژیابێ... وەهمێک کە جیهانی ڕاستەقینە هەرگیز دەستی پێناگا.

- "گەورەم؟" ڕیمی وای بە تیبینگ گوت، "ئایا تۆ هەر بە ڕاستی بە نیازی بە تەواوی بگەڕێیتەوە ئینگلستانێ؟"
- "ڕیمی، پێویست ناکا خەم بخۆی،" تیبینگ بە جەختکردنەوە لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو، "هەر لەبەر ئەوەی دەگەڕێمەوە بەر سایەی شاژن، واتای ئەوە ناگەیەنێ زگم بەو خواردنانەی ئەوێ پڕ بکەم. وام چاوەڕێ دەکرد تۆ تا هەتاهەتایە لەگەڵمدا بمێنیەوە. نەخشەم وایە ڤیللایەکی دڵڕفێن لە دۆڤنشایەر بکڕم، ئیدی دەمودەست هەموو کەلوپەلەکانی تۆ دەگوازینەوە ئەوێ. ڕیمی ئەوەش خۆی لەخۆیدا سەرچڵییکە. پێت دەڵێم سەرچڵی!"

لانگدن دەبوایە بزە بیگرێ. کاتێکیش تیبینگ بە ورووژاوی و سەرکەوتووانەوە باسی نەخشەی گەڕانەوەی خۆی بۆ بەریتانیا دەکرد، لانگدن هەستی بەخۆی کرد و بۆ ئەو پەرۆشی و تامەزرۆیەی کابرا کارانگاز بووە.

ئیدی لانگدن لە جامی ترومبێلەکەوە سەیری دەرەوەی کرد، سەیری ئەو دارودرەختەی دەکرد کە بەلایاندا تێدەپەڕین. گەڵا و چڵ و پۆپی دارەکان لەژێر تیشکە کزەکەی ترومبێلەکە بە بزرکاوی وەک مژ دایگرتبن، دیاربوو. ئاوێنەی لای تەنیشتی سەکنیش، لەبەر لەیەکخشانی لە داروبارەکە هەندێک بۆ ناوەوە چووبووەوە، ئاوێنەکە وێنەی سۆفی لە پشتەوە ڕەنگدایەوە، کە بەهێمنی لەسەر کورسیەکەی خۆی دانیشتبوو. ئەو بۆ ماوەیەکی درێژ هەروا تەماشای کرد، تا لەپڕێکدا و بە ناچاوەڕوانکراوی هەستی بە جۆرە ئاسوودەییەک کرد. وێڕای ئەو دەردەسەرییەی ئەمشەو بەسەریان هاتبوو، لانگدن سوپاسگوزار بوو یاوەرێکی وەک سۆفی هەبوو.
دوای چەند خولەکێک، لەهیکەوە هەستی کرد، سۆفیش چاوی لێیەتی، ئیدی سۆفی خۆی هەندێک شۆڕ کردەوە و دەستێکی لەسەر شان دانا و پێی گوت: "ئەرێ باشی؟"
- "بەڵێ،" لانگدنیش وا وەڵامی دایەوە، "بە جۆرێک لەجۆرەکان باشم."
سۆفی پشتی دایەوە، لانگدنیش لە ئاوێنەکەدا، خەندەیەکی جوانی لەسەر لێوەکانی سۆفی بینی. ئینجا دەرکی بەوەکرد کە خۆیشی وایە.

سیلاس بەو جۆرە پاڵکەوتنەی لەپشتەوەی ڕینج رۆڤەرەکەدا، بە ئاستەم هەناسەی دەدا. ئاخر باسکەکانی لەپشتەوە بەسترابوونەوە، بە پەتێکی ناندینەکە باسکەکانی بەتوندی لە ئەژنۆکانی بەسترابوونەوە و تیپێکیشی لە دەمی درابوو. لەهەر هەڵبەز و دابەزێکی ترومبێلەکە، هەر کاتێ تاسەیەکی دەکرد شانە بادراوەکانی دەکەوتنە ژان. بەڵام خۆ لەدوایدا ئەوانەی ئەویان گرت، قایشە دڕکاویەکەی ڕانیان لێفڕێدابوو، ئەوێ ئازاری کەم بوو. نەشی دەتوانی بەدەمی بەستراوی هەناسە بدا، بۆیە هەر بە کونە لووتەکانی هەناسەی دەدا، ئەوانیش لەبەر تۆزی شوێنی جانتاکان جار بەجار کونەلووتی دەگیرا، بۆیە زەحمەتی زۆری لە هەناسەدانەوەدا دەبینی. ئیدی کردیە کۆخە کۆخ.
- "پێموایە دەخنکێ." شوفێرە فەرەنسییەکە بە خەمخۆرییەوە وای بە تیبینگ گوت.
یارۆی بەریتانیش کە بەداردەستەکەی لە قاچی سیلاسی دابوو، خۆی وەرسووڕاندە لای و بەساردەخەمی خۆی بەسەردا شۆڕکردەوە و پێی گوت، "تۆ بەختەوەری بەوەی ئێمەی بەریتانیای بڕیار لەسەر مێرخاسی خەڵک نادەین بەوەی چۆن رەفتار لەگەڵ برادەرەکانی

دەنوێنێ، بەڵکو چۆن لەگەڵ دوژمنەکانی ڕەفتار دەکا." ئیدی دەستی بەریتانییەکە گەیشتە سیلاس و بەیەکجار تیپەکەی سەر دەمی لێکردەوە.

سیلاس هەستی کرد وەک ئەوەی ئاگر لە لێوەکانی بەربووبێ، بەڵام ئەو هەوایەی لە دەمییەوە چووە نێو سییەکانی خەڵاتێک بوو لە خوداوە بۆی هات و ئاهێکی پێدا هاتەوە.

- "ئەرێ تۆ بۆ کێ کار دەکەی؟" کابرای بەریتانی وای لێ پرسی.
- سیلاسیش خوزی خوێناوی فڕێدا، کە بەهۆی پێلەکەقەی ژنەکە بەری کوتبوو، ئینجا دەمی کردەوە و گوتی؛ "من کار بۆ خودا دەکەم."
- "تۆ سەر بە ئۆپیوس دای." پیاوەکە وای پێگوت، ئەمەش خۆی پرسیارێک نەبوو.
- "تۆ هیچ لەبارەی منەوە نازانێ ئاخۆ کێم."
- "باشە بۆچی ئۆپوس دای بە دوای بەردەکلیلەکەدا وێڵە؟"

سیلاس بەنیاز نەبوو بەرسڤی بداتەوە. ئاخر بەردەکلیلەکە بە جامە پیرۆزەکەوە گرێدرا بوو، جامە پیرۆزەکەش ئەو کلیلە بوو کە بیروباوەڕەکەیان پێ دەپاراست.

***من کاری خوا دەکەم. ڕێبازەکە(تەریقەتەکە) لە مەترسیدایە.***

ئێستا لەنێو ڕێنج ڕۆڤەرەکەدا، سیلاس گیرۆدەی کۆتوپێوەندەکانی ببووەوە، لەوە بەداخ بوو بۆ هەتا هەتایە شکستی بە مامۆستاکە و مەترانەکەی هێناوە. هیچ ڕێگەیەکیشی نەبوو بتوانێ پەیوەندییان پێوەبکا و ئاگاداریان بکاتەوە. ***ئەوانەی منیان گرتووە، بەردەکلیلەکەشیان پێیە! ئەوان بەر لە ئێمە دەستیان بە جامەکە ڕادەگا!*** لەو تاریکاییە خنکێنەرەدا، سیلاس ویردی دەخوێند. لێگەڕا ژان و ئازارەکەی جەستەی ببێتە خۆراکی نزا و پاڕانەوەی.

***ئای خوایە، بۆ پەڕجوویێک. پێویستیم بە پەڕجوویێک هەیە.*** سیلاس هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەمدا نەبوو تا بزانێ هەر چەند سەعاتێک دوای ئەوە، پەرجوییێکی بۆ پەیدا دەبێ.

- "ڕۆبەرت؟" سۆفی هێشتا هەر تێوەڕامابوو. "چیبوو، هەر ئێستا شادییێک پەڕیە سەر دەموچاوت."

لانگدنیش ئاوڕێکی لێدایەوە، پەی بەوە برد کە شەویلاگەکانی بە مەحکەمی لەسەر یەکن و دڵیشی خێرا لێدەدا. هەر تازە بیرۆکەیەکی سەیری بە مێشکدا هات. ***تۆ بڵێی لەڕاستیدا ڕوونکردنەوەی ئەوەندە ئاسان بێ؟*** "سۆفی، پێویستیم بە بەکارهێنانی تەلەفۆنی تۆ هەیە."

- ئێستا؟"
- "پێموابێ شتێکم بۆ دەرکەوتووە."
- "چی؟"
- "خولەکێکی دیکە پێت دەڵێم. تۆ تەلەفۆنەکەتم بدەرێ."

- سۆفی خەمبار دیاربوو. "بە گومانم فاشیَ چاودێری لەسەر دانابیَ. بەڵام لە خولەکێک تێمەپەڕێنە." ئینجا تەلەفۆنەکەی دایە دەست.
- "باشە چۆن زەنگ بۆ ئەمریکا لێبدەم؟"
- "تۆ دەبیَ، داوای لێبکەی ئەوان پارەکەی بدەن. خزمەتگوازرییەکەم پەردەپۆشی زەنگلێدانی دەرەوە ناکا."

لانگدنیش سفری داگرت، دەیزانی شەست چرکەی داهاتوو لەوانەیە وەڵامی پرسێکی دەست بکەویَ ، کە تەواوی شەوەکە بۆی مەتەڵێکی هەڵنەهێندراو بوو.

# بەندی ٦٨

کە زەنگی تەلەفۆنەکەی سەرنووسەری گۆڤاری نیویۆرک، (جۆناس فاوکمان) لێدرا، تازە چووبووە سەر پێخەفەکەی خۆی بڕازێ. **_زەنگی بەم درەنگ وەختە_**، بۆڵەبۆڵێکی لێوە هات و دەستی دایە دەسکی تەلەفۆنەکە.

لە ئامێری تەلەفۆنەکە لەپێشدا دەنگی بەگەڕخەرەکەی هات و داوای لێکرد؛ "ئایا قایلی بەوەی پارەی زەنگلێدانی ڕۆبەرت لانگن بدەی؟"

مەتەڵئاسا، جۆنز گڵۆپەکەی هەڵکرد و ،"ئمم... بەدڵنیاییەوە بەڵێ باشە."

هێڵەکە کرتەیەکی لێوەهات و . "(جۆناس)؟"

- "ڕۆبەرت؟ لە خەوت کردم و پارەی تەلەفۆنکردنەکەشم لەسەر حیساب دەکەی؟"
- "(جۆناس) بمبوورە،" لانگدنیش وا وەڵامی دایەوە. "من زۆر لە کورتی دەیبڕێنمەوە. هەر بە ڕاستیش پێویستم پێیە بیزانم. ئەرێ تۆ ــــ"
- "ڕۆبەرت، من داوای لێبوردن دەکەم. دەزانم کە پێم وتی، دوا داڕژتنەوەکەت لەم هەفتەیەدا بۆ دەنێرمەوە، بەڵام سەری خۆم لەبەر پڕ ئیشی بۆ نەخورا. بەڵێن دەدەم، دووشەمەی داهاتوو بۆتی بنێرمەوە."
- "من خەمی ئەو دانە داڕێژەرەوەیەم نییە. هەر دەمەوێ بزانم ئاخۆ بۆ مەبەستی پڕوپاگەندەی سەر بەرگەکە، دانەی دەستنووسەکەت بۆ هیچ کەسێک ناردووە؟"

(فاوکمان) دوودڵ بوو. نوێترین دەستنووسی کتبی لانگدن –گەڕانێک بەدوای مێژووی پەرستنی خواوەندی مێینەدا– چەندان پاژی دەربارەی ماری ماجدەلینا بوو، کە دەبووە مایەی مشتومڕ لەسەر کردن. هەرچەندە بابەتەکە بە جوانی بەڵگەدار کرابوو، چەند کەسانێکیش پاڵپشتیان کردبوو، بەڵام (فاوکمان) نیازی نەبوو جارێ چاپی بکا، تا لە پێشدا چەند مێژووناس و هونەرناسی ناودار نەیخوێننەوە و پەسندی نەکەن و کورتە شتێکیشی لەسەر نەنووسن. (جۆناس) دە ناوی قەبە و ناوداری لە دنیای هونەر لێگرتبوون و هەموو پاژەکانی دەستنووسی کتێبەکەشی بۆ ناردبوون، نامەیەکی پڕ ڕێز و پێزانینیشی لەگەڵدا ڕەوانە کردبوو، داوای لێکردبوون بەڵکو ناوەڕۆکی کتێبەکە بە شتێکی کورت، تەنانەت بە دێڕێکیش بێ بیسەلمێنن. لە ئەزموونی فاوکمانیشدا دەرکەوتبوو، زۆر لە خەڵک ئەو دەرفەتەیان دەقۆستەوە، چونکە ناوەکەیان دەکەوتە سەر بەرگی کتێبە چاپکراوەکە.

- "جۆنز؟ لانگدن بە فشارەوە لێی پرسی. "ئەرێ تۆ دەستنووسەکەت ناردووە، وانییە؟"

فاوکمان برۆکانی تێک نان، هەستی کرد، لانگدن لەو بارەوە دڵخۆش نییە. "ڕۆبەرت، دەستنووسەکە پاکو بێگەردە، منیش گوتم بە هەندێ پەسندان، سەرسامت بکەم."

- وچانێک. "ئایا دەستنووسەکەت بۆ سەرپەرشتیاری مۆزەی لۆڤەر نارد؟"
- "باشە تۆ چیت بڕوایە؟ دەستنووسەکەت لە چەند شوێنێکدا ئاماژە بە کۆمەڵە نمایشی لۆڤەر دەکا، کتێبەکانی ئەویش لەنێو بیبیلۆگرافیای تۆ دان، بۆ کتێبی بێگانە پیاوەکە ناوودەنگێکی پڕ فرۆشی هەیە. سانییێر هی سێ و دوو لێکردن نەبوو."
- "بێدەنگی لەودیوی هێڵێ تەلەفۆنەکەدا ساتێکی درێژی خایاند. "کەی دەستنووسەکەت بۆ ناردووە؟"
- "سەروبەندی مانگێک دەبێ. وەک پێشتر قسەمان کرد، پێموابوو تۆ دەبێ بەم زووانە لە پاریس بی. ئایا ئەو زەنگی بۆ لێدای تا بتبینێ؟" فاوکمان ساتێک بێدەنگ بوو، چاوەکانی هەڵگڵۆفتن. "بوەستە، ئەرێ قەول نەبوو لەم هەفتەدا تۆ لە پاریس بی؟"
- "من لە پاریسم."
- (فاوکمان) خۆی قیت کردەوە. "تۆ لە پاریسەوە زەنگم بۆ لێدەدەی و پارەی زەنگلێدانەکەشم لەسەر دەژمێری؟"
- "(جۆناس)، ئەوە لەسەر من حیساب بکە. ئایا سانییێر وەڵامی دایتەوە؟ ئایا دەستنووسەکەی بەدڵ بوو؟"
- "من ئەوە نازانم. هێشتا وەڵامەکەیم وەرنەگرتۆتەوە."
- "زۆر باشە، بۆ وەڵامەکە تەنگاو مەبە. من دەبێ تەلەفۆنەکە دابخەم، ئەمە زۆر شت بۆ من ڕوون دەکاتەوە. سوپاس."
- "ڕۆبەرت ـــ"

لانگدن لەسەر هێڵ نەما.

(فاوکمان)یش دەسکی تەلەفۆنەکەی دانایەوە، لە بێ باوەڕیان سەری خۆی بادا. ***دانەران***، وا لە گڕ هزران ڕاچوو. ***تەنانەت هۆشمەندەکەشیان شێتوشارە.***

لەنێو ڕێنج ڕۆڤەرەکەدا، تیبینگ لە قاقای پێکەنینی دا. "ڕۆبەرت، دەڵێی کتێبێکی دەستنووست لەمەڕ قووڵبوونەوە لە کۆمەڵگەی نهێنی نووسیوە و سەرنووسەرەکەش دەڵێ دانەیەکم بۆ جڤاتە نهێنییەکە ناردووە؟"

- لانگدن لە شوێنی خۆی داهێزرا. "ڕوونو ئاشکرایە."

- "هاوڕێم، ڕێکەوتێکی بێ بەزەییانەیە."

لانگدن دەیزانی؛ ***ڕێکەوتەکە هیچ پەیوەندی بە شتەکەوە نییە***. داوا لە ژاک سانییێر کراوە بەڵکو پەسەندنامەی خۆی بخاتە سەر دەستنووسێک سەبارەت بە پرسی پەرستنی خواوەندی مێینە، ئەمەش وەک ئەوە وابوو داوا لە (تایگەر وودس)[225] بکرێ کە کتێبێک لەسەر گۆلف بسەلمێنێ. لەوەش زیاتر مایەی دڵنیا بونەوە بوو هەر کتێبێک باسی پەرستنی خواوەندی مێینە بکا، دەبوایە ناوی مریداینی سایۆنیش بهێنێ.

- "دەی، ئێستا لەگەڵ پرسیاری یەک ملیۆنی،" تیبینگ بوو وای بە لانگدن گوت، هێشتاش هەر پێدەکەنی. "ئایا هەڵوێستی خۆت لەبارەی مریدانی سایۆن چی بوو، مەیلدار یان بێ مەیل؟"

لانگدن بە باشی مەبەستە ڕاستەقینەکەی تیبینگی تێگەیشت. پرسیار لە زۆر مێژوونووسان کراوە ، ئاخۆ بۆچی تا ئێستا دەستەی مریدان ڕازی بەڵگەنامەکانی سانگریل نادرکێنێ. هەندێک پێیانوابوو، دەبێ ئەو زانیارییانە دەمێک بوایە، بڵاوکرابانەوە. "من هیچ هەڵوێستێکم دەربارەی ڕەفتارەکانی دەستەی مریدان دەرنەبڕیوە."

- "مەبەستت کەمتەرخەمن."

- لانگدن شانی بۆ هەڵتەکاند. دیاربوو تیبینگ لەگەڵ ئەوەدابوو بەڵگەنامەکان بۆ خەڵک ئاشکرا بکرێن. "سادەوئاسان من مێژووی دەستەی برایەتیم خستۆتە ڕوو، ئەوانم وەک کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخی پەرستشی خواوەندی مێینە وێنا کردووە، کە پارێزەری جامەکە و پاسەوانانی بەڵگەنامە کۆنینەکانن."

- سۆفی سەیرێکی کرد. "ئەرێ ناوی بەردەکلیلەکەشت بردووە؟"

- لانگدن چاوی ترووکاند. بەڵی ناوی بردبوو، چەندین جاریش. "من باسی بەردەکلیلە پێشبینیکراوەکەم وەک نموونەیەکی ماوەدرێژی دەستەی مریدان کردووە کە بەڵگەنامەکانی سانگریلیان پاراستووە."

- سۆفی بە شێوەیەکی سەرسامانە بیندرا. "پێموایە ئەمە 'پی ئێس ڕۆبەرت لانگدن بدۆزەرەوە'، ڕوون دەکاتەوە."

---

[225] Tiger Woods یاریزانێکی بەناووبانگی ئەمریکای گەمەی گۆلفە.

لانگدن هەستی کرد شتێکی دیکە لە نێو دەستنووسەکەدا سەرنجی سانییێری ڕاکێشاوە، بەڵام بابەتەکە جارێ ماویەتی دەبێ بەتەنیا لەگەڵ سۆفی تاوتوێی بکا.

- "کەواتە،" سۆفی بەدەنگ هاتەوە، "تۆ درۆت لەگەڵ کاپتن فاشێ کرد."

- "چی؟" لانگدن وای لێپرسی.

- "تۆ پێت گوت، هەرگیز پەیوەندی نامەگۆڕینەوەتان لەگەڵ باپیرەمدا نەبووە."

- "بەڵێ، نەمبووە! سەرنووسەرەکە دەستنووسەکەی بۆ ناردووە."

- "ڕۆبەرت، بیری لێبکەوە. خۆ ئەگەر فاشێ ئەو زەرفە نەدۆزێتەوە کە سەرنووسەرەکە دەستنووسەکەی پێ ناردووە، ئیدی وای لێکدەداتەوە، تۆ بۆت ناردبێ." سۆفی ئیستێکی کرد. "یان لەوەش پۆلکتر، تۆ بە دەست شتەکەت داوەتێ و درۆشت کردووە."

کاتێکیش ڕێنج ڕۆڤەرەکە گەیشتە فڕۆکەخانەی (لێبیۆگرت)، ڕیمی بەرەو گەراجە بچکۆلانەکەی فڕۆکەکە، کە کەوتبووە ئەوسەری هێڵەکە، ڕۆیشت. کاتێکیش لێی نزیک بوونەوە، پیاوێکی کوشتەخەو لەبن جلی خاکیدا هەر چاوەکانی هەڵدەگڵۆفتن و خێرا بەرەو گەراجەکە دەهات و بە دەستیش ئاماژەی بۆ دەکردن، ئەوسا دەرگە سیکەدارەکە لەباریەک ترازا، ئامێریکی ئاسنینی ڕەونەقداری سپی بەدەرکەوت.

- لانگدن سەیری بەدەنی فڕۆکەکەی کرد و پرسی؛ "ئەمەیە ئێلیزابیت؟"

- لانگدن پێکەنی. "ئەمە بەزێنەری کەناڵە ئاوییەکەیە."

پیاوە خاکی لەبەرەکە بە غاردان بۆ لایان هات، چاویشی لەبەر لایتی پێشەوەی تڕومبێلەکە هەڵنەدەهات. "گەورەم، هەموو شتێک خەریکە ساز ببێ،" ئەم قسەیەی بە ئەکسێنتێکی بەریتانییەوە گوت. "داوای لێبوردنیش دەکەم کە هەندێ دواکەوتین، بەڵام تۆ لەپڕێکەوە پێت گوتم و ـــ " کاتێکیش چاوی بە دەستە یاوەرەکەی تیبینگ کەوت، کابرا ئیستێکی کرد. سەیری سۆفی، لانگدن و تیبینگی کرد.

تیبینگیش پێی گوت، "هاوکارەکانم و من بە پەلە کارمان بە لەندەن کەوتووە. کاتیشمان نییە بە فیرۆی بدەین. تکایە، دەستبەجێ دەرچوونەکە ڕێک بخە." کاتێکیش ئەمەی گوت، تیبینگ دەمانچەکەی لە نێو تڕومبێلەکە دەرهێنا و دایە دەستی لانگدن.

کاتێکیش فڕۆکەوانەکە دەمانچەکەی بینی، چاوی لێ زەق بوون. ئەو بەرەو لای تیبینگ ڕۆیشت و بە چرپەوە پێی گوت؛ "گەورەم، خاکەڕاییانە داوای لێبوردنت لێدەکەم، بەڵام گەشتە فڕینە دیپلۆماتیکیەکەم، تەنها تۆ و پێشخزمەتەکەت دەگرێتەوە. ناتوانم میوانەکانت سوار بکەم."

- "ڕیچارد،" تیبینگ بە نەرمە خەندەیەکەوە پێیگوت، "دووهەزار پاوەنی ئەستەرلینی و دەمانچەیەکی سوارکراو دەڵێ تۆ دەبێ میوانەکانیشم سوار بکەی." ئینجا ئاماژەی بە ڕێنج رۆڤەرەکە دا. " لەگەڵ ئەو میوانە بەدبەختەی پشتەوەی تڕومبێلەکەش.

# بەندی ٦٩

جووت ماشێنی گاتێت Garrett TFE-731ی فڕۆکەی جۆری هاوکەر Hawker 731 هورمژنی هات، بە هەموو هێزی خۆی بەرەو ئاسمان دەفڕی. لەدەرەوەی پەنجەرەکەدا، فڕۆکەخانەی (لێبورگێت)، لەبەر خێراییەکە وردەوردە دوور دەکەوتەوە.

***من لە وڵات ڕادەکەم***، سۆفی لەگژ هزران ڕاچوو، وای بڕوابوو، ئەو گەمەی مشک و پشیلەی لەگەڵ کاپتن فاشێ، لە هۆبەیەکی وەزارەتی بەرگری کۆتایی پێ دێ. ***ئاخر هەوڵم دەدا کابرایەکی بێخەتا بپارێزم. هەوڵم دەدا ڕاسپاردەی سەرەمەرگی باپیرەم بەجێ بگەیەنم.*** بەڵام وەک سۆفی دەیزانی، ئەگەری ئەو پەنجەرە کرانەوەیە، داخرا. ئاخر ئەو وڵاتی بە بێ بەڵگەنامە و بە یاوەری کەسێکی داواکراو و بارمتەیەک بەجێدێڵێ. خۆ ئەگەر "هەر هێڵێکی پاکانە" هەرگیز بوونی هەبێ، ئەوا وەک بیری لێدەکردەوە، هەمووی بەزاند. ***بە خێرایی دەنگیش بەزاندی.***

سۆفی لەگەڵ لانگدن لە تەنیشت تیبینگ لەنزیک کابینەی فڕۆکەوانەکە دانیشتبوو. بەگوێرەی تابلۆ زێڕینەکەی سەر دەرگا؛ فڕۆکەکە بۆ دەستەیەکی گوڵبژێر دروستکرابوو. ئەو کورسییە کەشخە و خولخولۆکییانە کە بە ناوەکەوەکە چەسپ بوون و دەکرا ڕووشیان بسووڕێندرێتەوە سەر مێزە لاکێشەییەکە، کە لەدارێکی پتەو دروست کراوە. ژوورێکی بچکۆلەی کارگێڕی. هەرچەندە ئەو پێشەوەی کەشخەییەی فڕۆکەکە کەمتر ڕووپۆشی بەشی پشتەوەی دەکرد، لەوێ کورسی بەجیا لەنزیک ئاودەستەکە هەبوو، پێشخزمەتەکەی تیبینیگیش دەمانچەی بە دەستەوە بوو، بە ئێرەیی پێبردنەوە فەرمانی تیبینگی جێبەجێدەکرد و پاسەوانی لە قەشە خوێناوییە پاڵکەوتووکە دەکرد، کە هەر وەک جانتایەک لەو گۆڕە فڕێدرابوو.

- "برادەرە خۆشەویستەکانم، بەرلەوەی بچینەوە سەر بەردەکلیلەکە،" تیبینگ وای پێگوتن، "مەراقمە گەر ڕێگام بدەن، یەک دوو قسەتان بۆ بکەم." دەنگەکەشی دڕدۆنگانە دەهات وەک ئەوەی باوکێک دەرسی سێکس بە کوڕ و کچەکانی بدا، وابوو "دۆستەکانم، پەی بەوە دەبەم منیش هەر میوانێکی ئەم گەشتەم، بۆ ئەمەش خۆم بە شەرەفمەند دەزانم. هێشتاش، وەک پیاوێک کە ژیانی خۆی لەپێناوی گەڕان بەدوای جامەکەدا بەسەر بردووە، هەست دەکەم ئەرکی منە ئاگادارتان بکەمەوە، کە بەدەر لە مەترسییەکان، ئێوە خەریکن بەسەر ڕێگایەکدا هەنگاو دەنێن، گەڕانەوەی بۆ نییە." ئینجا ڕووی بەلای سۆفیدا وەرسووڕاند، "خاتوو سۆفی، باپیرەت کریپتیسەکەی بەو نیازە ڕادەست کردی، کە جامە پیرۆزەکە بە زیندوویی بپارێزی."
- "بە لێ."

- "مایەی لێتێگەیشتنە، ئێوە هەست بە ئەرک دەکەن، دەبێ بە دوای ڕێگەکەیدا بڕۆن، ئەوسا بۆهەر شوێنێکتان ببا."

سۆفی سەری لەقاند، وەک ئەوەی هێشتا هاندەری دووەم لەناویدا بکوڵێ. ***ڕاستی دەبارەی خێزانەکەم.*** سەرباری دڵنیاکردنەوەی لانگدن، لەوەی بەردەکلیلەکە هیچ پەیوەندییێکی بە ڕابردووی سۆفیەوە نییە، کەچی خاتوونەکە لە هەناویدا هەستی بە یەکەوە گرێدانێکی تەلیسمەکە دەکرد، هەروەک چۆم کریپتیسەکە بەدەستی باپیرەی دروستکراوە، دەیەویست بە هۆیەوە قسەی لەگەڵدا بکا و جۆرێک لە چارەسەری ئەو ساڵە بەتاڵە لە دەستچووانەی بەدوایدا غاریداوە، بخاتە ڕوو.

- " ئەمشەو باپیرەی تۆ و هەرسێ کەسەکەی دیکە مردن،" تیبینگ وا لەسەر قسەکەی ڕۆیشت؛ "ئەوانیش ئەوەی لەتوانایاندا بوو، بەردەکلیلەکەیان لە بەرامبەر کڵێساکەدا پاراست. ئاخر ئۆپویس دای زۆری نەمابوو بەردەکلیلەکەی بکەوێتە دەست. بە هیوام، لەوە تێبگەی، ئەمە تۆ دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتییەکی زۆر تایبەت. ئێستا مەشخەڵەکە ڕادەستی تۆ کراوە. مەشخەڵێکی تەمەن دوو هەزار ساڵە نابێ خامۆش بکرێ. ناشبێ مەشخەڵەکە بکەوێتە دەستی هەڵەوە." تیبینگ کەمێک لە قسە وەستا، سەیرێکی سندووقە گوڵە ڕەزییەکەی کرد، ئینجا تێهەڵچۆوە. "خاتوو نیڤۆ، من لەوە تێدەگەم تۆ لەم شتەدا هیچ بژاردەیەکت نەبووە، بەڵام لەبەر خاتری بایەخی شتەکە، تۆش دەبێ بە تەواوی بە ئەرکی بەرپرسیارێتییەکەت ڕابپەڕمووی... یاخود دەبێ بەرپرسیارێتییەکە ڕادەستی یەکێکی دیکە بکەی."
- ئاخر باپیرەم کریپتیسەکەی بۆ من بەجێ هێشتووە. دڵنیاشم لەوەی ئەو پێیوابووە بەباشی بەرپرسیارێتییەکە هەڵدەگرم."
- تیبینگ وادیاربوو بەجۆش بوو، بەڵام بێ قەناعەتیش بوو. "زۆر چاکە. ئیرادەیەکی بەهێز پێویستە. هێشتاش، پەرۆشی ئەوەم ئەگەر تۆ بتوانی سەرکەوتووانە کریپتیسەکە بکەیتەوە، ئەوا دەتخاتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی مەزنتر."
- "چۆن؟"
- "ئازیزەکەم، بێنە بەرچاوی خۆت، لەپڕێکدا نەخشەڕێگای دۆزینەوەی شوێنی جامە پیرۆزەکەت لەناو لەپی دەستدا بێ. ئیدی لەو ساتەدا تۆ هەڵگری ڕاستییێکی، دەکرێ مێژووی بۆ هەمیشە پێ بگۆڕێ. تۆ دەبیتە هەڵگری ڕاستییێک، کە پیاوە چەندین سەدەیە بەدوایدا دەگەڕێ. تۆ ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی ئاشکراکردنی ڕاستی بە ڕووی جیهاندا دەبیتەوە. ئەو کەسەی واشە، دەکرێ لەلایەن زۆر لە خەڵک ڕێزی بگیرێ و

لەلایەن زۆری دیکەشەوە بقێزێندرێ[226]. پرسەکەش لێرەدایە، ئاخۆ تۆ بایی پێویست هێز و بڕستی هەڵگرتنی ئەو ئەرکەت تێدایە."

- سۆفی کەمێک وەستا، ئینجا گوتی، "دڵنیا نیم کە بڕیارەکە هی من بێ."
- برۆکانی تیبینگ وەک کەوانەیان لێهات. "نەخێر؟ خۆ ئەگەر هی هەڵگری بەردەکلیلەکە نەبێ، کەواتە هی کێیە؟"
- "دەستەی برایەتی کە سەرکەوتووانە بۆ ئەو ماوە دووروودرێژە نهێنییەکەیان پاراستووە."
- "دەستەی مریدان؟" تیبینگ دودڵانە دیار بوو. "بەڵام چۆن؟ ئاخر ئەمشەو دەستەی برایەتی لەبارییەک هەڵوەشا. هەروەک خۆت گوتت، بێسەر کرا. چ لەڕێی دزەکردنی یەکێک بێ بۆ نێو ڕیزەکانیان، یاخود بە هۆی شۆفاری[227] یەکێک لە پلە باڵاکانیانەوە بێ، ئێمە هەرگیز ئەوە نازانین، بەڵام ڕاستییەک هەیە، یەکێک پەی پێبردوون و ناسنامەی هەرسێ کوژراوەکانی ئاشکرا کردووە. من لەم خاڵە وەرچەرخاویەدا متمانە بە هیچ کەسێک ناکەم لە نێو دەستەی برایەتیدا بێتە پێشەوە."
- "کەواتە پێشنیازت چییە؟" لانگدن وای لێپرسی.
- "ڕۆبەرت، خۆشت وەک من ئەوە دەزانی، دەستەی مریدان ئەو هەموو ساڵانە نهێنییەکەی پاراستووە، هەر بۆ ئەوە نەبوو تا هەتا هەتایە تۆزی لەبیرچوونەوەی لەسەر بنیشێ. ئەوان چاوەڕێی ساتی مێژووینی خۆیان دەکرد تا نهێنییەکە لەگەڵ خەڵکدا بەش بکەن. ئەو کاتەی کە جیهان بۆ زانینی ڕاستییەکە سازوتەیارە."
- "ئیدی تۆش پێتوایە ساتە گرینگەکە هاتووە؟" لانگدن وای لێ پرسی.
- "بە دڵنیاییەوە. لەوە ڕاشکاوانەتر نابێ. هەموو نیشانە مێژووییەکان سازن، خۆ ئەگەر دەستەی مریدان نیازی وانەبووبێ، بەم زووانە نهێنییەکە ئاشکرا بکا، باشە بۆچی کڵێساکە پەلاماری دان؟"
- سۆفی مشتومڕی لەسەر ئەو قسەیە کرد و گوتی؛ "ئاخر خۆ هێشتا قەشەکە ئامانجەکەی خۆی پێنەگوتووین."
- "مەبەستی قەشەکە مەبەستی کڵێساکەیە." تیبینگ وا وەڵامی دایەوە. "ئەویش لەناوبردنی بەڵگەنامەکانە، کە پەردە لەسەر لەخشتەبردنە گەورەکە هەڵدەداتەوە. ئەم شەو کڵێساکە زۆر لە ئامانجەکەی نزیک کەوتبووەوە، هەرگیز وا لێی نزیک نەبووبووە، خاتوو نیڤو، دەستەی مریدانیش متمانەیان بە تۆ داوە. ئەرکی ڕزگارکردنی جامە پیرۆزەکە،

[226] بقێزێندرێ: قێزاندن: قێزلێبوونەوە، ڕق لێبوونەوە.

[227] شۆفاری: جاسووسی.

ڕوونوئاشکرا هێنانەدی دوا خواستی دەستەی برایەتییە، کە ئەویش ئاشکراکردنی ڕاستییەکەیە بۆ جیهان."

- لانگدن خۆی لە قسەکە هەڵقورتاند. "(لای)، داواکردن لە سۆفی کە بڕیارێکی وا بدا، خۆی لەخۆیدا بارێکی زۆر قورسە بۆ کەسێک، کە هەر سەعاتێک لەمەوبەر بە هەبوونی بەڵگەنامەکانی سانگریلی زانیوە."
- تیبینگیش ئاهێکی هەڵکێشا. "خاتوو نیڤو، بۆ فشارەکەم داوای لێبوردن دەکەم. ڕوونوئاشکرا هەمیشە وام بڕوا بووە، ئەم بەڵگەنامانە دەبێ ئاشکرا بکرێن، بەڵام دوا بڕیاریش هی تۆیە. سادەوئاسان هەست بە بایەخی ئەوە دەکەم، دوای ئەوەی بەسەرکەوتووی بەردەکلیلەکە دەکرێتەوە، چی ڕوو دەدا."
- "مێرخاسان،" سۆفی بە دەنگێکی لێبڕاوانەوە پێی گوتن؛ "بە قەولی خۆتان، 'خۆ تۆ نیت جامەکە دەدۆزیتەوە، بەڵکو جامەکەیە تۆ دەبینێتەوە'. منیش متمانەم بەوە هەیە، کە جامەکە لەبەر هەر هۆکارێک بێ منی دۆزیوەتەوە؛ کە کاتوساتیشی هات، دەزانم چی دەکەم."

هەر دوو پیاوەکە چاویان لێ زەق بوو.

- "دەی کەواتە،" سۆفی لە دواییدا وای پێگوتن و ئاماژەشی بە سندووقە گوڵەڕەزە دارینەکە دا. "با دەست بەکار بین."

# بەندی ٧٠

ملازم کوللیَ لە ژووری نیگارکێشانی کۆشکی شاتو ڤیلیێ لەبەردەم ئاگردانەکە وەستابوو، ئاگرەکەش بە هێواشی دادەمرکایەوە و خۆیشی هەستی بە مەلوولی دەکرد. کاپتن فاشێ کەمێک بوو گەیشتبوو، لە هۆدەکەی تەنیشتەوە لە تەلەفۆندا هەر هاتوهاواری بوو، هەوڵی دەدا سەرەداوێکی پەیوەست بە شکستی سۆراخی دەرچوونی ڕێنج ڕۆڤەرەکە بدۆزێتەوە.

***دەکرێ ئێستا بەو هۆیەوە لەهەر شوێنێک بێ،*** وا لە گڵ هزران ڕاچووبوو.

بەوەی ڕاستەوخۆ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی فاشێ نەبووە و بۆ جاری دووهەمیش سۆراخی لانگدنی ون کرد، کۆللێ بە دۆزینەوەی جێفیشەکی دەمانچەکە لەسەر ناوکەوەکە خۆشحاڵ بوو، ئەمەش پاڵپشتیکی ئەو بوو بەوەی لە ژوورەکەدا تەقە کراوە. لێ هێشتاش میزاجی فاشێ ترشووتاڵ بوو، کۆللێش پەی پێ برد، دوای ئەوە بارودۆخەکە دادەمرکێتەوە، لێکەوتەی خۆی دەبێ.

بۆ بەدبەختیش ئەو سەرەداوانەی لەوێ دەرکەوتبوون، پێنەدەچوو بیانگەیەنێتە هیچ شوێنێک، یاخود کێ لەو شتانەوە گلاوە. ئاخر ترومبێلە ئاودییە ڕەشەکەی لە دەرەوە ڕاگیرابوو، لەژێر ناوێکی ساختە و بە کارتە حیسابێکی قەڵپ بەکرێ گیرابوو، پەنجەمۆری سەر شتەکانیش لەگەڵ ئەوەی ئینتەرپۆل یەکی نەدەگرتەوە.

- لەو دەمدا، پۆلیسێکی دیکە بە پەلەپڕوزێ خۆی بە ژووردا کرد و چاوەکانی نیشانەی هەواڵی نوێی پێوە دیار بوو. "ئەرێ کاپتن فاشێ لە کوێیە؟"
- کۆللێش بە ئاستەم لەبەردەم بزۆتە گەشاوەکانی نێو ئاگردان سەرێکی بۆ هەڵبڕی. "خەریکی تەلەفۆن کردنە."
- " لە تەلەفۆنکردن بوومەوە،" فاشێ بەدەم قسەکردنەوە هاتەوە ژوور. "چیت پێیە؟"
- پۆلیسەکە پێی گوت؛ "گەورەم، تازە بنکە زەنگی لێدا کەوا (ئەندرێ ڤێرنێ) لە بانکی زیوریخ بۆ کەلوپەلی ڕاسپاردەیی، پەیوەندی کردووە. دەیەوێ بە تەنیا لەگەڵ تۆ قسە بکا. ئەو چیرۆکەکەی خۆی گۆڕیوە."
- "ئاوا؟" فاشێ وای پێگوتەوە.

ئیدی کۆللێش سەری هەڵبڕی.

- "(ڤێرنێ) دانی بەوەدا ناوە، کە ئەمشەو لانگدن و سۆفی چوونەتە نێو بانکەکە."

- "ئێمە ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە،" فاشێ زیاتر گوتی، "باشە ڤێرنێ بۆچی درۆی لەگەڵدا کردین؟"
- "ئەو گوتی تەنیا لەگەڵ تۆدا قسە دەکا، بەڵام قایلیش بووە بە تەواوی هاوکاریمان بکا."
- "لەبەرامبەر چیدا؟"
- بۆ ئەوەی ناوی بانکەکەی لە نێو هەواڵەکاندا نەیەت، هەروەها لەپێناو گەڕاندنەوەی ئەو شتەی لە بانکەکەدا دزراوە. قسەکە وا پێدەچی لانگدن و نیڤو شتێکیان لە حیسابی سانییێردا دزی بێ."
- "چی؟" کۆللێ، قسەکەی وا لەدەم دەرپەڕی، "چۆن؟"
- فاشێ بۆ ساتێک چاوی نەترووکاند، نیگای لە پۆلیسەکە بڕی و گوتی، "چیان دزیوە؟"
- "فێرنێ وردەکاریەکەی نەگوت، بەڵام لە دەنگیڕا دیاربوو، هەموو شتێک دەکا بۆ ئەوەی دزراوەکە بگەڕێنێتەوە."

کۆللێ هەوڵی دا ئەوە بێنێتە بەرچاوی خۆی، ئاخۆ ئەم شتە چۆن ڕویداوە. لەوانەیە لانگدن و سۆفی دەمانچەیەیان لە کارمەندی بانک بەرزکردبێتەوە؟ بەڵکو ڤێرنییان ناچار کردبێ حیسابی سانییێریان بۆ بکاتەوە و ڕێی هەڵاتنیشیان بە ترومبێلە زرێدارەکە بۆ ئاوەڵا بکا. وەک هەستێک، کۆللێ ئەوەی بە زەحمەت دەبینی، کە سۆفی نیڤو لە شتێکی وا هەڵقورتا بێ.

لە ناندینەکەشەوە، پۆلیسێکی دیکە گەیشت و بانگی فاشێی دەکرد. "کاپتن؟" من دوا ژمارەی لێدراوی تەلەفۆنەکەی مستەر تیبینگم بۆ دەرکەوت، ئێستاش لەگەڵ فڕۆکەخانەی (لیبۆوگرت) لەسەر خەتم. هەواڵی ناخۆشم پێیە."

دوای چەند چرکەیەک، فاشێ خەریکی خۆ کۆکردنەوە بوو، بە تەمای جێهێشتنی شاتو ڤیلیێ بوو. ئاخر تازە بەوەی زانی، کە تیبینگ بە فڕۆکەیەکی تایبەت لە فڕۆکەخانەی (لێبۆرگێت)، نیو سەعاتیک دەبێ فڕیوە.


نوێنەرایەتی فڕۆکەخانەکەش لەسەر تەلەفۆنەکە وایان نیشان دا، ئەو شوێنەی تیبینگی بۆی فڕیوە، نەزانن. ئاخر هەڵسانی فڕۆکەکە لە خشتەدا نەبووە، هیچ نەخشەی گەشتەفڕینێکیش لە تۆمارەکەدا نەبووە. هەمووی هەر بە ناقانونی بووە، تەنانەت بۆ فڕۆکەخانەیەکی بچکۆلەی ئاوهاش. فاشێش لەو بڕوایەدا بوو بە فشارێکی دروست دەتوانێ وەڵامی پرسیارەکانی وەربگرێتەوە.

– "ملازم کۆللیێ،" لەو کاتەی فاشێ بەرەو دەرێ دەڕۆیشت، بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی، "من هیچ بژاردەیەکم نییە بەدەر لەوە تۆ بۆ باقی لێکۆڵینەوەی پۆلیسی دادوەری لێرە جێدێڵم. دەی هەوڵدە هەر تەنیا جارێک شتێکی دروست بکەی."

## بەندی ٧١

.کاتێک فڕۆکە هاوکەرەکە لە بەرزایی ئاسمان ڕاست بووەوە و بە ئاراستەی ئینگلستانێ دەفڕی، لانگدن بە وریاییەوە سندووقە گوڵەڕەزەکەی لەسەر کۆشی خۆی بەرز کردەوە، لە دەمی بەرزبوونەوەی فڕۆکەکە بۆ ئاسمان تا ئەوکات توند دەستی پێوە گرتبوو. ئێستاش سندووقەکەی لەسەر مێزەکە دانا، دەیبینی سۆفی و تیبینگیش بە تاسە و چاوەڕوانییەوە سەریان بەسەردا شۆڕکردۆتەوە.

لانگدن سەری سندووقەکەی هەڵدایەوە و کردییەوە، ئەمجارەیان خۆی بە مۆرە هەڵکۆڵراوەکەی سەر سندووقەکە خەریک نەکرد، بەڵکو بەو کونە بچکۆلانەیەی لەژێر لایەکی سندووقەکەدا هەڵکەوتبوو. نووکی قەڵەمەکەی بەکارهێنا، بە هێواشی گوڵەڕەزە هەڵکەندراوەکەی هەڵدایەوە و دەقە نووسینەکەی بنەوەی بۆ بەدیار کەوت. ***لەبن گوڵەڕەزەکە***، منگەیەکی وای لێوەهات، خواخوای بوو بە چاوتێکردنێکی نوێوە بتوانێ لە دەقەکە بگا. ئیدی هەموو زەینی خۆی خستە سەر، لانگدن لە نووسینە نامۆیەکەی کۆڵەیەوە.



دوای چەند چرکەیەک، هەستی بە دەستپێکی بێئومێدییێک کرد، کە سەری هەڵدایەوە. "(لای)، من هیچم پێ لێ هەڵناکرێ."

لەو شوێنەی سۆفی لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو، نەیدەتوانی بە باشی دەقە نووسینەکە ببینێ، بەڵام نەناسینەوەی زمانی نووسینەکە لەلای لانگدن، ببووە مایەی سەرسامی سۆفی. ***توبڵێی باپیرەم بە زمانێکی وا سەیر دوابێ، تەنانەت هێماناسێکیش نەیناسێتەوە؟*** خێراش پەی بەوە برد نابێ بەم شتە سەرسام بێ. ئاخر خۆ ئەمە یەکەمین ڕاز نەبوو، ژاک سانێیر لە لە نەوەکەی شاردبێتەوە.

لای تیبینگیش لەبەرامبەر سۆفی دانیشتبوو، هەستی دەکرد لە پەرۆشیان گڕ دەگرێ. تاسەمەند بوو هەرچی زووە دەرفەتی بینینی دەقە نووسینەکەی هەبێ، ئەو لە حەسرەتان دەلەرزی، ئیدی خۆی شۆڕ کردەوە، ویستی دەقەکە ببینێ، ئاخر هێشتا سندووقەکە هەر لە کۆشی لانگدا بوو.

– "نازانم،" لانگدن بە بایەخەوە چرپاندی. "مەزەندەی یەکەمم وابوو زمانی سامی بێ، بەڵام ئێستا، لەوە دڵنیا نیم. زۆر لە زمانە سەرەکییە سامییەکان بزوێنیان تێدایە. هەرچی ئەمەیە نییەتی."

– "بەڵکو زۆر کۆن بێ." تیبینگ نمایشێکی وای خستە ڕوو.

چاوی تیبینگ لەسەر سندووقەکە هەر لا نەدەکەوت. "زۆر لە ئەلیفبێتکای نوێی سامییەکان بزوێنیان نییە و ئەو بزرۆکەیەش، کە وەک سەروبۆر لەگەڵ نووسینەکەدا بەکاری دەهێنن، نیشانەیە بۆ یاوەربوونی دەنگی بزوێنێک. ئەگەر قسەش لە مێژوو بکەین، ئەو بزرۆکە بزوێنانە بە شێوەیەکی ڕێژەیی زۆر لەمێژ نییە لەسەر زمان بارکراون."

لانگدن هێشتا لە دەقەکە نز ببۆوە. "بەڵکو دەقە نوسێنێکی سیفاردی[228] بێ...؟"

تیبینگ چیدی خۆی پێنەگیرا. "لەوانەیە ئەگەر..." ئیدی دەستی گەیشتێ و سندووقەکەی لە کۆشی لانگدن دەرهێنا و بۆ لای خۆی گواستەوە. گومانی تێدا نەبوو، لانگدن زۆر باش بە زمانە دێرینە ستانداردەکانی وەک گریک، لاتین، ڕۆمانی بەڵەد بوو، بەڵام لە سەرنجە خێراییەکەی یەکەمی تیبینگ بۆ سەر دەقەکە نووسینەکەدا، پێیوابوو زمانەکە لەمە تایبەتترە، بەڵکو نووسینێکی ڕاشی یان ستامی[229] سەر بەکڵاوە بێ.

تیبینگ بە هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵەوە پەنجەی بەسەر دەقە هەڵکۆڵدراوەکەدا هێنا. بۆ ماوەیەکی باش هیچی نەگوت. بە تێپەڕینی هەر چرکەیەکیش، تیبینگ هەستی دەکرد

[228] Sephardic زمانی جووەکانی ئیسپانیا لە سەدە ی پازدەهەمدا.

[229] مەبەست لە لێکدانەوەی دوو ڕابایینی جوولەکەن لەسەر تەلمود، کە مێژووەکەیان بۆ سەدەی یازدەهەمی زاینی دەگەڕێتەوە.

متمانەبەخۆبوونەکەی دەپووکێتەوە. "من سەرسامم،" ئیدی وا کەوتە قسە، "ئەم زمانە بە هیچێک لەوانە ناچێ کە بینیبێتم."

لانگدنیش لە شوێنی خۆی خاوبووەوە.

- سۆفیش لەشوێنی خۆی هاتە دەنگ. "دەکرێ من ببینم؟".

تیبینگ وا ڕەفتاری نواند وەک ئەوەی هەر گوێی لەو نەبووبێ. "ڕۆبەرت، پێشتر تۆ شتێکت وت، ئایا زووتر شتێکی وات بینیووە؟"

لانگدن سەرودڵی تێکچوو. "پێموانییە وابێ. لێی دڵنیا نیم. نووسینەکە بە شێوەیەک لە شێوەکان بە شتێک دەچێ."

- (لای)؟" سۆفی پرسیارەکەی خۆی دووبارە کردەوە. ئەمجارەیان بە دەنگێکی ڕوون هیچ گومانی تێدا نەهێشتەوە. "دەکرێ منیش چاوێک لەو سندووقە دەستکارەی باپیرەم بکەم؟"

- "ئازیزەکەم، هەڵبەتە." تیبینگ وای گوت و سندووقەکەی خستە بەردەم. تیبینگ بە قسەی پێشوو، مەبەستی سووکایەتی پێکردن نەبوو، ئاخر سۆفی نیڤو لەچاو ئەوان زۆر کەم تەمەن بوو. خۆ ئەگەر مێژوونووسێکی پاشایەتی بەریتانی و هێماناسێکی هارڤارد نەتوانن زمانەکە بناسنەوە ــــ

- "ئاها،" دوای چەند چرکەیەک لە ڕوانینە سندووقەکە، سۆفی گوتی، "پێموایە خەملاندوومە."

تیبینگ و لانگدن بە جووتە لێیەوە ڕامان.

- "مەزندەت بۆی چووە؟" تیبینگ وای لێپرسی.

- سۆفی شانی بۆ هەڵتەکاندن. "مەزندەی ئەوەم کرد، زمانەکە هی باپیرەکەمە، زۆری بەکارهێناوە

- "ئەرێ دەتوانی دەقە بخوێنیتەوە؟" تیبینگ داوی ڕوونکردنەوەی لێکرد.

- "زۆریش ئاسان،" سۆفی بە جەختکردنەوە، ڕاشکاوانەش چێژی لەم بارەوە وەرگرت. "باپیرەم لە تەمەنی شەش ساڵیدا ئەم زمانەی فێرکردم. بەڕەوانی دەیخوێنمەوە." خۆی بەسەر مێزەکەدا شۆڕکردەوە و نیگایەکی گلەیی ئامێزانەشی لە تیبینگ بڕی. "جەناب،

زۆر ئاشکرایە، بەرەچاوکردنی هاوئاهەنگیت لەگەڵ تاجی شاهانە، هەر تەنها پیچێک بەوە سەرسام بووم کە نەتزانی بیخوێنیتەوە."

برووسکەئاسا لانگدن پێی زانی.

***سەیر نییە کە دەقەکە ئاشنایانە بێ.***

چەند ساڵێک بەر لەئێستا، لانگدن لە بۆنەیەکی مۆزەی فۆگی هارڤارد ئامادە بوو. بیل گێتس کە پێش وادەی دەرچوونی لە هارڤارد ڕۆیشتبوو، گەڕابۆوە خوێندنگەکەی خۆی، ئیدی هاتبوو تا پارچەیەکی ناوازەی بەپارە نەخەمڵێندراو، کە بریتی بوو لە هەژدە کاغەز لە مەزادێکی ئەم دواییانەی هامەر ئیستێت کڕی بوو، بیانداتەوە.

مەزادەکەی بە 30.8 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لەسەر وەستا بوو.

نووسەری لاپەڕەکانیش لیۆناردۆ داڤینشی بوو.

هەر هەژدە کاغەزەکە، ئێستا بە دەستنووسی لیسستەر – لەسەر ناوی خاوەنەکەی ئیرل لیسستەر– دەناسرێ، پاشماوەی تێبینینامەیەکی زۆر دڵگیر و نایابی لیۆناردۆیە: وتار و هێڵکاری نیگارەکانی داڤینشی بۆ بیردۆزەکانی ئەستێرەناسی، جیۆلۆجی، ئارکیۆلۆجی و هیدرۆلۆجیا بوو.

لانگدن هەرگیز ئەو ساتەی لەبیر ناچێتەوە، نۆرەی گرتبوو تا سەیری دەستنووسە لەنرخ نەهاتووەکان بکا. کە چاویشی پێکەوت بێئومێدی لێکەوتەوە، ئاخر لاپەڕەکان نەدەخوێندرانەوە. هەرچەندە نووسینەکە بە خەتێکی زۆر ڕوون و جوان نووسرابوو، مەرەکەبێکی سووورباوی لەسەر کاغەزێکی کاڵبووەوە بەکار هاتبوو، کەچی نووسینەکە هەر لە شەرەپشیلە دەچوو. سەرەتا لانگدن وای زانی بۆیە پێی ناخوێندرێتەوە، چونکە داڤینشی تێبینینامەکەی بە زمانێکی ئیتالی زۆر کۆنینە نووسیوە. لێ دوای ئەوە زیاتر لەنزیکەوە لێیان ورد بووەوە، پەی بەوە برد، ناتوانێ تاکە وشەیەکی ئیتالیش یان تەنانەت پیتێکیشی لێ بناسێتەوە.

- "بەڕێز، هەوڵدە ئەمە بەکاربێنێ،" دەنگی مامۆستایەکی مێ لەپشتییەوە بە چرپەوە هات. خانمەکە ئاماژەی بە ئاوێنەیەکی دەستی کرد، کە بەچوارچێوەی نمایشەکە ڕاگیرابوو. لانگدنیش دەستی دایە ئاوێنەکە و دەقەکەی پێ تاقی کردەوە، ئیدی نووسینەکە بە ناسراوەیی لە ئاوێنەکەدا ڕەنگی دایەوە.

دەستبەجێ نووسینەکە ڕوون و ئاشکرا بوو.

لانگدن پەرۆشی ئەوە بوو بە دوای هەندێ لە دەستکاری بیرمەندەکاندا بڕوا، بەوەی ئەمەی لەبیرچووبوو، کە یەکێ لە بەهرە بێژمارەکانی توانای داڤینشی نووسینی هەڵگەڕاوە بوو، کە بۆ هیچ کەس بەدەر لەخۆی نەدەخوێندرایەوە. مێژوونووسان هێشتاش هەر بە مشتومڕن لەسەر ئەوەی داڤینشی نووسیویەتی، بەوەی ئایا ئەمە هەر شێوازێکی زەوقی خۆی بووە، یاخود ڕێگایەک بووە تا خەڵکانی دیکە نەتوانن سوکوئاسان لەسەر شانەکانی ئەو نووسینەکە ببینن و شتەکانیان بە ئاسانی بۆ دەربکەوێ و هزرەکانی لێبدزن، بەڵام ئەم خاڵە هەر جێی دەمەقاڵێ بوو و نەبڕاوەیەوە. داڤینشی ئەوەی دەکرد کە پێی خۆش بوو.

سۆفی لە لای خۆی کە ڕۆبەرتی بینی لێی تێگەیشت، خەندە گرتی. "دەتوانم چەند وشەیەکی سەرەتای نووسینەکە بخوێنمەوە." ئیدی ئەمەشی بۆ زیادکرد؛ "نووسینەکە بە ئینگلیزیشە."

- "دەقێکی هەڵگەڕاوە،" لانگدن وا هاتە قسە. "پێویستمان بە ئاوێنەیەکە."
- "نەخێر، پێویستمان پێی نییە." سۆفیش وای پێگوتەوە. "گرەو دەکەم ڕووە تەنکەکەی سندووقەکە بەسیەتی." ئیدی سۆفی سندووقە گوڵەڕەزییەکەی هەڵگرت و لەبەردەم ڕووناکییە کزەکەی لای دیواری ڕاڕەوەکەی ڕاگرت، تەماشای ژێر پارچە دارەکەی کرد. ئاخر باپیرەی نەیدەزانی بە هەڵگەڕاوەیی بنووسێ، بۆیە فێڵێکی لە نووسینی ئاسایی دەکرد، کاغەزەکەی هەڵدەگێڕایەوە و بەسەریدا دەچووەوە. مەزندەی سۆفی بۆ ئەوە چوو، نووسینە ئاساییەکەی لەسەر دارەکە سووتاندووە، واتە شوێنیەکەی سووتاندووە، پاشان پشتی تەختەکەی لە کارتیخ دەدا تا تەنک دەبێ و شوێنی سووتاوی پیتەکان دیاردەکەوێ. ئەوسا پارچەکە هەڵدەگێڕێتەوە و لەدیوی ناوەوەی سندووقەکە دایدەنێتەوە.


دەستبەجێ نووسینەکە دەخوێندرایەوە.

- "ئینگلیزی،" تیبینگ بۆڵەیەکی لێوەهات، لە شەرمان سەری خۆی دانەواندبوو. "زمانی زگماکی من."

لە پشتەوەی فڕۆکەکەشدا، ڕیمی لێگالود بێهوودە هەوڵی دەدا گوێی لە گفتوگۆی ئەوان بێ، کە بە باشی نەدەبیسترا. ڕیمی ئەو ڕێڕۆیشتنەی ڕەوشی شەوی بە دڵ نەبوو. بە هیچ شێوەیەک بە دڵی نەبوو. سەری نەوی کرد و تەماشای کۆتوبەندی پێی قەشەکەی کرد. کابرا تەواو بە

بێدەنگی پاڵ کەوتبوو، وەک ئەوەی لەبارێکی خۆبەدەستەواندا بێ یاخود بە کرێی نوێژ بۆ قوتاربوون بکا.

لانگدن لە بەرزی پازدە هەزار پێ لە زەوییەوە، کاتێ هەموو هزری خۆی خستە سەر هۆنراوە لەئاوێنە ڕەنگدانەوەکەی سانێیر، جیهانە فیزیکییکە کاڵ دەبووەوە، هەموو هۆنراوەکەش لەبەر تیشکە کزەکەی ناو سندووقەکە وا دەخوێندرایەوە.



دەستبەجێ سۆفی دەستی بۆ پارچە کاغەزێک برد و شیعرەکەی لەسەر نووسییەوە. کاتێکیش لە نووسینەکە بووەوە، هەر سێکیان بە نۆرە دەقەکەیان خوێندەوە. شیعرەکەش وەک جۆرە وشەیەکتربڕینێکی ئەرکیۆلۆژیانە دەچوو... مەتەڵێک پاداشتی ئەوەی دەدایەوە، چۆن کریپتیسەکە بکرێتەوە. لانگدن بە هێواشی شیعرەکەی خوێندەوە.

***وشەیەکی دێرینی ئاوەز ئەم دەستنووسە لولدراوە دەکاتەوە... یارمەتی ئەوەش دەدا سەرتاپای خێزانە پەڕاگەندەکە کۆبکاتەوە... بەردەکێلێک کە لەلایەن سوارچاکێکی پەرستگا پەسن دەدرێ کلیلەکەیە... دەکرێ ئەتاباشەکە[230] ڕاستیەکەت بۆ ئاشکرا بکا.***

تەنانەت بەرلەوەی لانگدن لە پاسوۆردە کۆنینەکە، کە شیعرەکە هەوڵیدەدا ئاشکرای بکا، قووڵ ببێتەوە، لە هەناوی خۆیدا هەستی بە شتێکی هاوشێوە سەبارەت بە کێشی شیعرەکە، کرد، کە کێشی پێنج بڕگەیی بوو.[231]

---

[230] Atbash ئاتباش: لە بنەچەکەوە ئاڵوگۆڕکردنی کۆدەماکی ئەلیفبای زمانی عیبرییە، دەکرێ لە هەر ئەلفبای زمانێکی دیکەش بێتە پێشەوە. بە شتێکی ئاڵۆزکا و دادەندرێ، بەڵام کلیلکی ئەلیفبای زمانەکەشە.

[231] Iambic pentameter: دێرە شیعرێکە پێکهاتووە لە دوو بەش، بەشی یەکەمی کورت و بەشی دووەمیشی درێژ.

کاتێ لانگدن لە جڤاتە نهێنییەکانی ئەووروپایی دەکۆڵیەوە، کە لەم ساڵەیی دواییدا بە ئەرشیفی نهێنی ڤاتیکانەوە خەریک بوو، زۆرجار تووشی ئەم جۆرەی کێشی شیعر دەهات. بۆ چەندین سەدە، ئەم جۆرە کێشە پێنج برگەییە درێژە، لەسەرتاسەری جیهان شیعر و ئەدەبیاتی پێ دەنووسرایەوە، هەر لە نوسەرێکی دێرینی گریکی ئارکیۆلوسەوە بگرە تا شەکسپیر، میلتن، چاوسەر و ڤۆلتێر، گیانە ئازاکان کۆمێنتەکانیان بەو شێوە کێشە دەنووسیەوە. لە ڕۆژی ئەمرۆشماندا زۆر کەس لەو بڕوایەدا بووە توانایەکی جادوویان هەبووە. ڕەگوڕیشەی ئەم جۆرە کێشەی پێنج برگەیی درێژە، بۆ قووڵایی بتپەرستی دەگەڕێتەوە.

*برگەکان. دووبرگەی دژبەیەک. گرژبوون و خاوبوونەوە. ین یانگ[232]. جووتێکی هاوسەنگ. لە پێنج ژێ ڕێکخراوە. پێنج گۆشەکەی ڤینۆس و مێینەی پیرۆز.*

- "ئەمە کێشی پێنج برگەییە!" تیبینگ وا هەڵیدایێ و ئاوڕی لە لانگدن دایەوە. "شیعرەکەش بە زمانی ئینگلیزییەوە نووسراوە! زمانە ڕەوانەکە!"

لانگدن سەری بۆ لەقاند. دەستەی مریدان وەک زۆر لە جڤاتە نهێنییە ئەوروپیە ناکۆکەکان لەگەڵ کڵێساکە، بۆ چەندین سەدە ئینگلیزیان پێ ڕەوانترین زمان بوو. ئاخر بە پێچەوانەی فەرەنسی، ئیسپانی و ئیتالیایی، کە هەموویان ڕەگوڕیشەیان بۆ سەر زمانی لاتینی دەگەڕایەوە، -لاتینیش زمانی ڤاتیکان بوو- ئینگلیزی بەتەنیا لەڕووی زمانەوانییەوە لە دەرەوەی بازنەی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی ڕۆماوە بوو، هەرلەبەر ئەوەش ببووە زمانێکی نهێنی پیرۆز بۆ هەموو دەستەی برایەتی تا فێری ببن.

- "ئەم شیعرە،" تیبینگ شەشدەر شەشدەر[233] قسەی دەکرد، "هەر بەتەنیا ئاماژە بە جامەکە ناکا، بەڵکو بە سوارچاکانی پەرستگا و خێزانە پەرتەوازەکەی ماریا ماجدەلیناش دەکا! باشە لەوە زیاتر ئێمە داوای چی دەکەین؟"
- "پاسوۆردەکە،" سۆفی دیسان چاوێکی لە شیعرەکە کردەوە ئینجا گوتی، "واپێدەچێ پێویستمان بە جۆرە وشەیەکی کۆنینەی ئاوەزەوە بێ؟"
- "ئابراکا دابرا(حەللەق مەللەق)؟" تیبینگ کە چاوەکانی دەدرەوشانەوە وشەکەی وەک سەرچڵێیک لەدەم دەرچوو.

---

[232] Ying yang هێمایەکە ڕەگەکەی بۆ زمانی تاوی چینی دەگەڕێتەوە واتای تاریکی و ڕووناکی دەگەیەنێ، کە بە دوای یەکدیدا دێن.

[233] شەشدەر شەشدەر: خێرا خێرا و بە جۆشوخرۆشەوە.

***وشەیەکی پێنج پیتی***، لانگدن لەگڵ هزران ڕاچوو، لە ژمارەیەک وشەی دێرین قووڵ بووەوە، وا مەزندە دەکران وتەی ئاوەزی کۆنینە بن، کە لە درووده تەلیسماوییەکان، پێشبینیە فەلەکییەکان، خوێندنەوەی کۆمەڵگە نهێنییەکان، ویردەکانی ویکا[234]، وشە جادوویەکانی میسری، وتە گۆکردووەکانی بتپەرستان، ئیدی لیستێکی دوورو درێژ بوو.

- "پاسوۆردەکە،" سۆفی وا هاتە قسە، "پێدەچێ شتێک بێ پەیوەندی بە سوارچاکانی پەرستگاوە هەبێ." جارێکی دیکە شیعرەکەی بە دەنگ خوێندەوە. "بەردەکێلێک کە لەلایەن سوارچاکێکەوە پەسن درابێ، کلیلەکەیەتی."
- "(لای)،" لانگدن بوو وای بە تیبینگ گوت؛ "تۆ لە سوارچاکانی پەرستگا پسپۆڕی. ئایا هیچ بیرۆکەیەکت هەیە؟"

تیبینگ بۆ چەند چرکەیەک بێدەنگ ما، ئینجا ئاهێکی هەڵکێشا. "باشە، بەردەکێل ڕوون و ئاشکرایە جۆرە نیشانەیەکە. ڕێی تێدەچێ شیعرەکە ئاماژە بە گۆڕێکی بەردینی سوارچاکانی پەرستگا بکا، کە لەسەر تابووتی ماجدەلینادا پەسن درابێ، بەڵام ئەمە زۆر کۆمەکمان ناکا، چونکە نازانین ئاخۆ گۆڕەکە لە کوێیە."

- "دوا دێڕەکە،" سۆفی وا کەوتە قسە، "دەڵێ ئاتباش ڕاستیەکە دەدرکێنێ. من ئەو وشەیە ئاتباشم بیستووە."
- "من سەرسام نیم،" لانگدنیش وا وەڵامی دایەوە. "دەکرێ تۆ لە کریپتۆلۆگی ١٠١دا بیستبێتت. ژمارەی ئاتباش یەکێکە لە کۆنترین کۆدەکان کە مرۆڤ ناسیبێتی."

***هەڵبەتە***! سۆفی وا بیری کردەوە. ***سیستمە کۆدەدارە بەناووبانگەکەی عیبری.***

هەر بە ڕاستیش ژمارەی ئاتباش، بەشێک بوو لە کریپتۆلۆجیەکەی کە سەرەتا سۆفی ڕاهێنانی لەسەر کردبوو. ژمارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ٥٠٠ ساڵ بەر لە زایین، ئێستاش لەپۆلدا وەک نموونەیەک، لە گۆڕینی خولەکیانەی خشتەی هۆڵەکانی وانەگوتنەوە بەکار دێ. شێوەیەکی باوی کۆدی جوولەکانە، ئاخر سوکوئاسان ئاتباش کۆدەیەکی جێگۆڕکێ بوو کە لەسەر بنەمای بیست و دوو پیتی ئەلیفبای عیبرییەوە داندراوە. لە ئاتباشدا، یەکەمین پیت بە دوا پیت پڕ دەکرێتەوە، دووەمین پیتیش بە و پیتەی لەدوای دواهەمین پیتەوە جێی دەگرێتەوە، ئیدی بەم جۆرە دەڕوا.

[234] ئاینێکی کۆنینەی بتپەرستی بەر لە زاین کە ئینگلستانێ هەبووە.

- "ئاتباش گونجاوێکی ناسکانەیە،" تیبینگ هاتە قسە، "دەقێک بە ئاتباش کۆدەدار کرابێ لە نێو (کابالا)دا دۆزراوەتەوە،[235] دەستنووسەکانی دەریای مردوو و تەنانەت تەوراتیش. لێکۆڵەرەوانی دینی جوولەکە و سۆفییەکان هێشتا لە ڕێی ئاتباشدا واتای شاراوە لە نێو دەقەکاندا دەدۆزنەوە. بەخاترجەمییەوە دەستەی مریدانیش ژمارەی ئاتباشیان پەیڕەوکردووە."
- "تاکە گرفت،" لانگدن وا هاتە وەڵام. "ئەوەیە، ئێمە هیچمان نییە ئەم ژمارەی ئاتباشی لەسەر جێبەجێ ببێ."
- تیبینگ ئاهێکی هەڵکێشا. "هەر دەبێ وشەیەکی کۆدەدار لەسەر بەردەکلیلەکە هەبێ. ئێمە دەبێ ئەو کێلەبەردە بدۆزینەوە، کە لەلایەن سوارچاکێکی پەرستگاوە پەسن دراوە."

سۆفی لە گرژبونی ڕووی تیبینگ دەرکی بەوە کرد، دۆزینەوەی بەردەکێلی سوارچاکی پەرستگا کارێکی ئاسان نییە.

***ئاتباش کلیلەکەیە***، سۆفی بیری لێکردەوە. ***بەڵام خۆ ئێمە دەرگەیەکمان نییە***.

سێ خولەک دواتر، تیبینگ ئاهێکی نامرادانەی هەڵکێشا و سەری بادا. "برادەران، من تێماوم. دەی لێمگەڕێن، دوای ئەوەی پاروە نانێک دەخۆم بیری لێبکەمەوە و با ڕیمی و میوانەکەمان بەسەر بکەمەوە." ئینجا هەڵسا و بەرەو دواوەی فڕۆکەکە هەنگاوی نا.

کاتێکیش سۆفی سەیری تیبینگی کرد، هەستی بە ماندووبوون کرد.

لە دەرەوەی پەنجەرەکەشدا، تاریکایی بەر لە گزنگ کەوتن باڵکێش بوو. سۆفی هەستی بە خۆی کرد، وەک ئەوەی لەهەوادا هەڵبقۆزێتەوە و هیچ بیرۆکەیەکیشی نەبوو ئاخۆ لە کوێ دەنیشێتەوە. ئاخر ئەو لەگەڵ باپیرەی لەنێو مەتەڵ و مەتەڵکارییدا گەورە بووە، ئەو لەبەردەم خۆیدا دیمەنێکی ئاسانی نەدەبینی، شیعرەکە زانیارییێکی وای تێدایە، هێشتا نەیان بینیوە.

***لەوێدا شتی زۆرتر هەیە***، سۆفی وای بەخۆی گوتەوە. ***لێزانانە شاردراوەتەوە... کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەیە***.

هەروەها گیرۆدەی بیرۆکەیەکی ترسهێنیش ببوو، بەوەی ئەگەر لە کۆتاییدا ناواخنی کریپتیسەکەشیان بۆ دەرکەوت، ئاسان نابێ نەخشەی جامە پیرۆزەکەیان نیشان بدا. وێڕای متمانەبەخۆبوونی تیبینگ و لانگدن، بەوەی ڕاستی لەنێو ئەو لوولە مەرمەڕەکە دابێ ، کەچی

[235] Kabbala دابێکی تەلیمساوی دیرینەیە بۆ ڕاڤەکردنی تەورات.

سۆفی بایی خۆی ڕاوە گەنجینەی لەگەڵ باپیرەدا کردووە، دەیزانی ژاک سانییێر بە ئاسانی دەستەوەستانی نهێنییەکەی نابێ.

# بەندی ٧٣

کاتێک کاپتنی پۆلیسی دادەوەری لە دەرکەی کابینەکە چووە ژوور، چاودێری شەفتی شەوانەی ڕێڕەوی فڕۆکەخانەی (بۆوگێرت) لەبەردەم شاشەی سپی ڕادارەکەدا دەبۆژا[236].

- "گەشتەفڕینی تیبینگ،" فاشێ بە دەنگێکی گەورە بەسەریدا قیژاند و بەنێو کابینە بچکۆلەکەی تاوەرەکەشدا دەهات و دەچوو. "بەرەو کوێ ڕۆیشت؟"

چاودێرەکەش خۆزاییانە و لەخۆیەوە بردەبردێکی لێوەهات، بەستەزمانانە هەوڵی پاراستنی نهێنیی مەعمیلە بەریتانییەکەی دەدا، ئاخر ئەو یەکێ لە باشترین هاموشۆکەرانی فڕۆکەخانەکە بوو. لێ هەوڵی پاراستنەکەی کەساسانە شکستی هێنا.

- "زۆر چاکە،" فاشێ لە بەرانبەردا وای پێگوت، "من فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەردەکەم، ئەویش بە تۆمەتی ئەوەی ڕێگەت بە فڕۆکەیەک داوە، بە بێ هیچ خشتەیەکی فڕین، لە فڕۆکەخانەکەدا هەڵبستێ." فاشێ ئاماژەی بۆ ئەفسەرێکی یاوەری کرد، کە بەخۆی و کەلەپچەی دەستی لێی نزیک بووەوە، ئینجا چاودێری بورجی فڕۆکەخانەکە لە ترسان زەندەقی چوو. ئەو بیری لەو وتاری ئەو ڕۆژنامەیە کردوە کە لەبارەی ئەو بوو، ئاخۆ کاپتنی پۆلیسەکە پاڵەوانی نەتەوەکەیە یاخود مەترسییە. پرسەکەش تازە وەڵام درایەوە.
- "بوەستە!" کاتێ چاودێرەکە کەلەپچەی بینی، گوێی لەخۆی بووە وای گوت." دەکرێ زۆر شتتان لەو بارەیەوە پێ بڵێم. سێر لای تیبینگ بەردەوام بە مەبەستی داودەرمان گەشت بەرەو لەندەن دەکا. ئەو شوێنێکی نیشتنەوەی لە (بیگین هیل) لە نزیک فڕۆکەخانەی کێنتەوە هەیە، دەکەوێتە دیوی دەرەوەی لەندەن."
- فاشێ ئاماژەی بە ئەفسەرەکە کرد بەخۆی و کەلەپچەکەی بکشێتە دواوە. "ئایا ئەمشەویش هەر بۆ بیگین هیل دەڕوا؟"
- "نازانم،" چاودێرەکە بە ڕاستگۆییەوە پێی گوت، " کە فڕۆکەکە لێرە فڕی، بە ڕێڕەوە ئاساییەکەی خۆیدا ڕۆیشت، ڕادارەکەش هەروای بۆچووە، ڕوەو شانشینی یەکگرتوو فڕیوە. پێشدەچێ هەر بیگین هیل دوا مەبەستی نیشتنەوەی بێ."
- "ئایا کەسێکی دیکەی لەگەڵ سوار بووە؟"

---

[236] کەسێک کوشتەخەو بێ و چاوەکانی لەسەر یەک دابنێ و بیکاتەوە، پێیدەڵێن بۆژان.

- "سوێندت بۆ دەخۆم، بە هیچ شێوەیەک ئەوە نازانم. مەعمیلەکەمان ڕاستەوخۆ دەچێتە نێو وێستگەی لێسواربوونی فڕۆکەکەی و بە ئارەزووی خۆشی شتی لێ بار دەکا. هەرکەس لەسەر پشتی فڕۆکەکە بێ، بەرپرسیاریێتی کاربەدەستەکانی گومرگی فڕۆکەخانەی لێدابەزینە."

فاشێ سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستی کرد، سەیرێکی ئەو فڕۆکە پەرشوبڵاوانەی بەردەمی خۆیشی کرد، کە لەبەردەم تەرمینالەکان وەستابوون. "ئەگەر ئەوان بەرەو بیگین هیل فڕیبن، چەندی پێدەچێ تا دەگەنێ؟"

چاودێرەکە پەڕەی تۆمارەکی هەڵدایەوە. "گەشتەکە ، گەشتە فڕینێکی کورتە، دەکرێ فڕۆکەکە ... لە دەوروبەری سەعات شەش و نیو بنیشێتەوە. دوای پازدە خولەکی دیکە."

فاشێ ڕووی گرژ بوو، ئاوڕی لە پیاوەکانی دایەوە. "هەر ئێستا فڕۆکەیەکم بۆ ئامادە بکەن. دەرۆمە لەندەن. پەیوەندیش بە پۆلیسی کێنتەوە بکەن. ئاگاداربن MI5 نێتە نێو ناوانەوە. من دەمەوێ شتەکە بە هێواشی بکرێ. هەر تەنها دەسەڵاتدارە خۆجێییەکانی کێنت ئاگادار بکەنەوە. پێیان بڵێن ڕێگەی فڕۆکەکەی تیبینگ بدەن هەڵبنیشێتەوە. دەمەوێ لەوێ گەمارۆ بدرێ. تا من دەگەمێ کەس لە فڕۆکەکە دانەبەزێ."

## بەندی ٧٤

- "تۆ بێدەنگی،" لانگدن لەنێو کابینەی فڕۆکەی هاوکەرەوە نیگایەکی لە سۆفی بڕی و وای پێگوت.
- "تەنها ماندووم،" ئەویش وا وەڵامی دایەوە. "هەرچی لەبارەی شیعرەکەشە، هیچی لێ نازانم."

لانگدیش هەمان هزری هەبوو. دەنگی مەکینە و لەرینەوەی فڕۆکەکە بارێکی هیپۆتنیکی بۆ خەولێخستن هێنابووە گۆڕێ و هێشتاش سەری لەبن ئازاری ئەو گورزەی بە دەستی قەشەکە پێی کەوتبوو، هەر دەیەشا. تیبینگیش لای کابینەی پشتەوەی فڕۆکەکە بوو، لانگدن ئەمەی بە دەرفەت زانی تا ئەوشتەی لەمێشکی دایە بە سۆفی بڵێ. "پێموایە بەشێک لە هۆکاری لێکدابڕانتان لەگەڵ باپیرەت دەزانم. وا بیردەکەمەوە، ئەو ویستبێتی من هەندێ شتت بۆ ڕوون بکەمەوە."

- "مێژووی جامە پیرۆزەکە و ماری ماجدەلینا بەس نییە؟"
- لانگدن هەستیکرد لەوەڵامدانەوەدا دوودڵە. "ئەو درزەی کەوتە نێوانتان. ئەو هۆکارەی دە ساڵە قسەت لەگەڵدا نەکرد. پێموابێ، ئەویش هیوای وابووە، بەشێوەیەک لە شێوەکان دەتوانم بە ڕوونکردنەوەی بەجێ، دۆزەکە ڕاست بکەمەوە."
- سۆفی بە زۆر لەخۆکردنێکەوە لەسەر کورسییەکە، خۆی وەرسووڕاند. "ئاخر ئەو شتەم پێ نەگوتی، کە ئێمەی لە یەک کرد؟"
- لانگدن بە وریایەوە نیگای تێ بڕی. "تۆ بەسەر ڕیتوێلێکی سێکسی گەواهیدەر بووی. وانییە؟"
- سۆفی بە بیری هاتەوە. "چۆنت زانی؟"
- "سۆفی، خۆت پێتگوتم، بەسەر شتێک گەواهیدەر بووی، بۆی سەلماندی، کە باپیرەت ئەندامی جڤاتێکی نهێنی بووە. هەر شتێکیشت بینی بێ، پەستی کردی و هۆکارێ بوو، لەو کاتەوە قسەی لەگەڵدا نەکەی. زۆر شت لەبارەی ئەو جڤاتە نهێنییانە دەزانم. پێویستی بە مێشکی داڤینشییێک ناکا، تا مەزندەی ئەو شتەی بینیوتە، بکەم."

چاوی سۆفی زەق بوونەوە.

- ""ئەرێ شتەکە لە بەهاردا بوو؟ لانگدن وای لێ پرسی. "سەروەختی هاوسەنگی ڕۆژ و شەو بوو؟ ناوەڕاستی مارت بوو؟"

- سۆفی لە پەنجەرەوە بۆ دەرەوەی ڕوانی. "لە پشووی بەهارەی زانکۆدا بووم. چەند ڕۆژێک پێشتر گەڕابوومەوە ماڵ."
- "حەز دەکەی باسم بۆ بکەی؟"
- "پێم باشترە باسی نەکەم." لە پڕێکەوە ڕووی بەرەو لانگدن وەرگێڕا. چاوەکانی پڕ لە هەستوسۆزی هەڵچوون بوون. "من نازانم چیم بینی."
- "ئایا ژن و پیاو ئامادە بوون.؟

دوای هەناسەدانەوەیەک، سەری بۆ لەقاند.

- "جلی سپی و ڕەشیان لەبەردابوو؟"

سۆفی دەستێکی بە چاوەکان داهێنا و سەری لەقاند، پێدەچوو کەمێک چاوەکانی کردبنەوە. "ئافرەتەکان فیستانێکی سپیی تەنک.... و پێڵاوی ئاڵتوونیان لەبەردا بوو. تۆپی زێڕینیان پێبوو. پیاوەکانیش عەبا و کەوشی ڕەشیان لەبەر کردبوو."

لانگدن گیرۆدەی پەنهانکردنی هەستوسۆزی هەڵچووی خۆی ببوو، هێشتاش باوەڕی بەوەی بیستی، نەدەکرد. سۆفی نیڤو بەبێ خواستی خۆی بەسەر کۆنە بۆنەیەکی پیرۆزی هەزار ساڵەدا کەوتبوو. "دەمامک؟" لانگدن وای لێپرسی، دەنگیشی هەر بە نزمی هێشتەوە. "دەمامکی نێرینە و مێینە؟"

- "بەڵێ. هەر هەمووان دەمامکیان هەبوو. دەمامکی سپیی بۆ ژنان و ڕەشیش بۆ پیاوان."

لانگدن وێنای ئەو بۆنەیەی خوێندبووەوە و لە ڕەگوڕیشە تەلیسماییەکەی گەیشتبوو. "بەمە دەڵێن هیرۆس گامۆس[237]،" بە دەنگێکی نەرمەوە وای بە سۆفی گوت. "مێژووەکەشی بۆ زیاتر لە دوو هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە. قەشە ژن و پیاوە میسرییەکان بەردەوام ئەم بۆنەیان بۆ هێزی بەرهەمهێنانەوەی مێینە ئەنجام دەدا." کەمێک وەستا، هەندێک بۆ پێشەوە بەرەو سۆفی خۆی شکاندەوە. "خۆ ئەگەر بەبێ خۆ ئامادەکارییێک لە تێگەیشتنی واتاکەی بەسەر هیرۆس گامۆسدا گەواهیدەر بووبی، وای دەبینم تووشی هێدمەگرتن[238] بووبی."

سۆفی بێدەنگ ما.

- "هیرۆس گامۆس دەستەواژەیەکی گریکییە." لانگدن وا لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو. "واتای ژن و مێردایەتییێکی پیرۆزانە دەگەیەنێ."

---

[237] Hieros Gamos

[238] هێدمە: شۆک.

- "ئەو ڕیتوێڵەی من بینیم، فڕی بەسەر ژن و مێردایەتییەوە نەبوو."

- "سۆفی، ژن و مێردایەتی وەک یەکێتی."

- "مەبەستت وەک سێکسە."

- "نەخێر."

- "نەخێر؟" سۆفی وای پرسی و بە چاوە زەیتوونییەکانیشی تاقی دەکردەوە.

- لانگدن کشایەوە. "زۆر چاکە... بەڵی، بەو شێوە قسەی پێ دەکەین، بەڵام نەوەک ئەو شێوەی ئەمڕۆ لێی تێدەگەین." هەرچەندە شتەکەش بە ڕیتوێڵێکی سێکسی دەچوو، لێ ئەو شتەکەی ڕوون کردەوە. هیرۆس گامۆس فڕی بەسەر ڕەحەتبوون(ئیرۆتیزمەوە) نەبوو. تەنها کردەیەکی ڕۆحی بوو. لە ڕووی دیرۆکیشەوە، جووتبوونەکە کردەیەک بوو، نێرینە و مێینە ئەزموونی خوایەتییان پێدەکرد. دێرینەکان لەو بڕوایەدا بوون، نێرینە لە ڕووی ڕۆحییەوە ئامادەی کردەکە نییە تا کرۆکی زانیاریی مێینەی پیرۆز بە دەست بهێنێ. جووتبوونی جەستەییش لەگەڵ مێینەدا ئەو تاکە واتایە جێماوەیە، کە پیاو لەڕووی ڕۆحییەوە فراژی دەبێ و لەکۆتاییدا دەگاتە گینۆس- زانینی یەزدانی. هەر لە سەردەمی ئیسیسەوە، ڕیتوێلی سێکسی وا لێکدەدرایەوە، کە تاکە پرسی پیاوبێ لە سەرزەوی پێی بچێتە بەهەشت. "بە پەیوەستبوون لەگەڵ ژندا،" لانگدن وای بە سۆفی گوت، "دەکرێ پیاو بگاتە بارێکی تۆقەلانی ڕوحیانەت، بە تەواوی، مێشکی ڕەش دەبێتەوە و دەتوانێ خوا ببینێ."

- سۆفی دیار بوو بەگومان بوو. "ڕەحەتبوون وەک نوێژ؟"

لانگدن بی کۆمێنت شانی بۆ هەڵتەکاند، وەک ئەوەی سۆفی بە تەواوی لەسەر حەق بێ. هەرچی لەبارەی جەستەناسیشە، گەیشتنە حاڵەتی ڕەحەتبوون لای نێرینە، چرکەساتێکە بە تەواوی لە هۆشوبیر خاڵییە. چرکەساتێکی بۆش(بەتاڵ). ساتێک لە ڕوونبوونەوە، کە دەکرێ خوای تێدا ببیندرێ. خواپەرستی گوروس[239] دەگەنە هەمان حاڵەتی خاڵی ڕەحەت بوون بەبێ کردەی سێکس و پێیدەگوترێ نیرڤانا، وەک ئەوەی هەرگیز حاڵەتی ڕۆحی ڕەحەتبوون کۆتایی پێ نەیەت.

- "سۆفی،" لانگدن بە هێواشی پێی گوت، "زۆر گرنگە لەبیرت بێ، ڕامانی کۆنینەکان بۆ سێکس بە تەواوی پێچەوانەی ڕامانی ئەمڕۆیە. سێکس ژیانی نوێ بەرهەم دێنێ-

[239] مامۆستا ڕۆحییەکانی بودایزم

بارێکی هەرە پەرەسەندووی پەڕجووە. پەڕجووەکانیش هەر لەلایەن خوداوە دێنە دی. توانستی مێینە بۆ بەرهەمهێنانی ژیان لە ڕەحمەکەیدا، دەیکاتە پیرۆز. دەیکاتە خوا. ئیدی جووتبوونیش یەکانگیرییێکی پیرۆزی ڕێزلێگیراوی نێوان دوو ڕۆحی ئادەمیزادە، کە نێر و مێیە، بە هۆیەوە نێرەکە دەگاتە ئەو ڕادە خاڵیبوونە ڕۆحییە و پەیوەستبوون بە خودا. ئەوەی تۆ بینیت، شتێک نەبوو لەبارەی سێکس، بەڵکو شتێکی ڕۆحانی بوو. ڕیتوێلی هیرۆس گامۆس لەڕێ لادان نییە، بەڵکو بۆنەیەکی پیرۆزانەی قووڵە."

پێدەچوو قسەکان کار لە دەمارەکانی سۆفی بکەن. ئاخر سۆفی هەموو شەوەکە هاوسەنگی خۆی ڕاگرتبوو، لێ ئێستا بۆ یەکەم جار، لانگدن ئەو خۆپارێزییەی نامێنێ. دیسان فرمێسک لە چاوەکانی بەرجەستەبوون، ئیدی بە پشتەدەستی فرمێسکە ڕژاوەکانی سڕینەوە.

لانگدن بۆ چرکەساتێک لەسەر سۆفی وەستا. دانیشی پێدانا، ڕامانی سێکس وەک ڕێچکەیەکی خودا، لە سەرەتادا مێشک دەشێوێنێ. خوێندکارە جوەکانی لانگدن هەمیشە دەمیان لێبەش دەبوو، چاویان لێ زەق دەبوو، کاتێ بۆ یەکەم جار باسی دابونەریتە بەراییەکانی ڕیتوێلی سێکسسی جووەکانی بۆ دەکردن. لەنێو خودی پەرستاگا نەوەک لەشوێنێکی دیکەدا، جووەکانی بەرایی لەو بڕوایەدا بوون، پیرۆزی پیرۆزییەکانی پەرستگاکەی سلێمان نەوەک بەتەنها هەر خودایەو بەس، بەڵکو شێکینا[240]، مێینە دەسەڵاتدارە هاوشانەکەیەتیشی. ئەو خەڵکە بە دوای پیرۆزیێتی ڕۆحدا دەگەڕان، دەهاتنە پەرستگاکە و سەردانی قەشە ژنەکانیان دەکرد، لەگەڵیاندا جووت دەبوون و لەڕێی یەکێتی جەستەییەوە دەگەیشتنە ڕەوشی خودایی. ناوی چوار پیتی جوو بۆ YHWA[241] یەهوا، ناوە پیرۆزەکەی خوا، لە ڕاستیدا لە یەهۆڤا Jehova، یەکێتی جەستەیی دووتوخمەی یاهـ Yahی ماسوولکەدا و ناوە پێشینەکەی عیبری بۆ ئێڤ Eve(حەوا) هاڤاهـ Havahوە هاتووە.

– "سەبارەت بە کڵێسای بەرایی،" لانگدن بە دەنگێکی نەرم کەوتە شیکردندەوە، ""مرۆڤایەتی سێکسی بۆ پەیوەستبوونی ڕاستەخۆ بە خودا بەکارهێناوە. ئەمەش بووە مایەی گەف و هەڕەشەیەکی ڕاستەخۆ لەسەر بنکەی دەسەڵاتی کاسۆلیکی. چونکە بەمە کڵێساکەی لەنێو گەمەکە دەردەهێنا، پێگەی ئەوانیان وەک تاکە ڕێگای بە گەیشتن بە خودا، لاواز دەکرد. لەبەر ئەم هۆیە پێشچاوانە، کڵێسا بە توندی ئیشی لەسەر دێواندنی سێکس کرد و بە ڕەفتاری قێزەون و ناشایستە و پیسیان دانا، کاردانەی توندیان

[240] Shekinah

[241] لە گۆکردنی هەردوو وشەی یاهو و خوای کوردی، لێکنزیکییێکی زمانەوانی دەبینم.

لەبەرانبەر نواند و کردەی سێکسیان بە گوناهـ لەقەڵەم دا. دینە سەرەکییەکانی دیکەش هەمان ئاویان ڕشت".

سۆفی بێدەنگ بوو، بەڵام لانگدن هەستی کرد، ئێستا سۆفی باشتر لە باپیرەی دەگا. تەوسئامێزانە لانگدنیش هەمان شتی لە موحازەرەیەکی پێشتر بەسەر هاتبوو. "ئایا شتێکی سەرسامانەیە لەبارەی سێکسەوە هەست بە گرفت بکەین؟" خوێندکارێک لە نێو پۆلدا وای پرسی. "میراتی کۆنینەمان و دەروونناسەکانیش پێمان دەڵێن، سێکس شتێکی سروشتییە – ڕێگایەکی بە زەوق و شەوقە بۆ گەیشتنە ڕۆحانییەت- کەچی ئایینی سەردەمیش بە شتێکی شەرمەزارانەی دادەنێ، ڕێنمایی ئەوەمان دەکا لە ئارەزووی سێکس بترسین، وەک ئەوەی دەست بۆ ئەهریمەن ببەین وایە."

لانگدن بڕیاریدا خوێندکارەکان بە باسکردنی ئەو ڕاستییە هێدمەدار نەکا کە دەیان جڤاتی نهێنی لەسەر ئەم زەمینە و لە سەتاسەری دنیادا –زۆریشیان دەستڕۆیشتوون- هێشتاش ڕیتوێلی دابونەریتی سێکسی زەمانی بەرێیان پاراستووە. کاراکتەری (تۆم کروز) لە فیلمی چاوە کراوە داخراوەکان، ئەم بارە قورسە لەکاتێکدا دەدۆزێتەوە کە بەسەر گردبوونەوەیەکی دەستەی گوڵبژێری مانهاتن ڕادەگا، ئەوان خەریکی ڕێتوێلی هیرۆس گامۆسن. بۆ مایەی خەمگینیش، فیلمسازان زۆر لە وردەکارییەکانیان بە هەڵە نیشان داوە، بەڵام چەقی بازنەکەیان پاراستووە، بەوەی جڤاتی نهێنی پەیوەستن بە ئاهەنگێڕانی ڕێوشوێنە جادوویەکەی یەکانگیری سێکسی.

- "مامۆستا لانگدن؟" کوڕە خوێندکارێک لە ڕیزی پشتەوەی پۆلەکەوە دەستی هەڵبڕی و بە دەنگێکی هیوابەخشانەوە پرسی؛ "ئەرێ تۆ دەڵێی لە جیاتی ئەوەی بچینە ناو حەرەمی کڵێسا، واباشترە دەبێ پتر سێکس بکەین؟"

لانگدن پێکەنی، بەڵام هی ئەوە نەبوو بە داوەکەوە بێ. شتی لەبارەی ئاهەنگەکانی هارڤارد بیستبوو، ئەم منداڵ و کاڵانە زیاتر لە بایی خۆیان سێکسیان کردبوو. "مێرخاسان،" وا دەستی بە وەڵامدانەوە کرد و دەشیزانی لەسەر زەمینێکی نەرم و شل دەڕوا، "دەکرێ پێشنیازێکتان بۆ بکەم. بەبێ ئەوەی ئەوەندە ئازابم و هانی سەرجێیکردنی بەر لە ژن و مێردایەتی بکەم، بێ ئەوەش ئەوەندە ساویلکە بم بەوەی پێموابێ ئێوە هەموو لەوبارەیەوە فریشتەن، ئامۆژگارییێکی بچووکتان سەبارەت بە ژیانی سێکسییەوە دەکەم."

هەموو ئامادەبووە نێرەکان هەندێک سەری خۆیان بۆ پێشەوە هێنا، تا تەواو گوێی بۆ هەڵخەن.

- "جاری دادێ کە لەگەڵ ژنێک بوون، سەیری دڵی خۆتان بکەن و ببینن ئاخۆ ناتوانن وەک تەلیسمێک، وەک کردەیەکی ڕۆحانی نزیکی سێکس بکەونەوە. دابڕسێنە خۆتان و

ئەو پڕیشکە یەزدانییە ببیننەوە، کە پیاو تەنها لەڕێی یەکانگیری لەگەڵ مێینەی پیرۆزدا دەیگاتێ."

ژنەکان بە پێزانینەوە بزەیان کرد و سەریان بۆ لەقاند.

پیاوەکان پێکەنینی گوماناوی و نوکتەی بێتامیان ئاڵوگۆڕ کرد.

لانگدنیش ئاهێکی هەڵکێشا. هێشتا پیاوانی نێو هۆڵی کۆلیژ هەر کوڕوکاڵن.

هەنیەی سۆفی کە بە جامی پەنجەرەی فڕۆکەکەی وەنابوو، سارد ببوو، چاوی لە بۆشایی ئاسمان کردبوو، داڵغەکەشی دوور ڕۆیشتبوو، هەوڵی دەدا ئەوەی تازە لانگدن پێی گوتبوو بێنێتە بەرچاو، سەرلەنوێ ڕیزبەندییەکەی بکاتەوە. ئێستا لە ناخیدا هەستی بە پەشیمانی دەکرد. ***دە ساڵ.*** سۆفی ئەو بارستە نامانەی دە ساڵی دوایی، کە لێکیشی نەکردبونەوە، هێنایە بەرچاوی خۆی. ئیدی بێ ئەوەی ڕووی لەسەر پەنجەرەکەش لابدا، کەوتە سەر قسە، بە هێواشی، بە ترسەوە کەوتە دوان.

کاتێ گەیشتە سەر ئەوەی کە ڕووداوی شەوەکەی بیر خۆی بێنێتەوە، هەستی کرد بۆ دواوە دەگەڕێتەوە... ئەوێ شەوێ لە نێو داروباری دەرەوەی خانووە هاوینەهەوارەکەی شاتۆی باپیرەی دابەزی... بە شڵەژاوی لە خانووە چۆڵوهۆڵەکەدا گەڕا... گوێی لە دەنگەدەنگێک بوو لە بنەوەی خانووەکە دەهات... دەرگایەکی نهێنی دۆزییەوە. بەسەر پەیژە بەردینەکاندا بۆ ژێر زەمینەکە چووە خوار، هەر هەنگاوە و یەک پەیژەی دەبڕی، تا گەیشتە بنی پەیژەکان. ئیدی بۆنی خاکی ژێرزەمینی بۆ هات. شوێنێکی سارد و ڕووناک. کاتیش مانگی مارت بوو. لە سێبەری حەشارگەی لای پەیژەکە، سەیری ئەو جووڵە لاربوونەوەی دەکرد، کە لەبەر تیشکی مۆمە پرتەقالییەکانیشدا بردەبردێکییان لێوە دەهات.

***من خەون دەبینم،*** سۆفی لەبەر خۆیەوە وایدەگوت. ***ئەمەیان خەونێکە، باشە لەوە زیاتر دەبێ چی بێ؟***

ژنان و پیاوان لاردەبوونەوە، ڕەش، سپی ڕەش، سپی. فیستانە تەنکە جوانەکەی ژنان دەشەکایەوە و کاتێکیش بە دەستی ڕاست تۆپە ئاڵتوونییەکانیان بەرزدەکردەوە و بە هاوئازییەک دەیانگوت؛ "***هەر لە سەرەتاوە، لە گزنگی هەموو پیرۆزییەکەدا، لەگەڵ تۆدا بووم، من تۆم لەنێو ڕەحمی خۆمدا بەر لە دەستپێکی ڕۆژەکەشدا، هەڵگرتبوو.***"

ژنەکان تۆپەکەی دەستیان نەوی کردەوە، هەموویان بە یەک ئاواز بۆ پشتەوە دەکشانەوە و دەهاتنەوە پێش. ئەوان بە ڕیزەوە بازنەیەکیان بە دەوری شتێک لەنێوەڕاستدا وەرێنا بوو.

***ئەرێ ئەوان سەیری چی دەکەن؟***

هەنووکە دەنگەکان بەرز بوونەوە. بڵندتر. خێراتر.

"***ئەو ژنەی تۆ گرتووتە، خۆشەویستییە***!" ژنەکان وایان دەگوت و تۆپە ئاڵتوونییەکەی دەستیشیان بەرز دەکردەوە.

پیاوەکانیش وەڵامیان دایەوە؛ "***جێگە و پێگەی ئەم ژنە، نەمرێتییە***!"

بردەبردی ویرد خوێندنەوە بەرزتر بووەوە، خێراتریش بوو. ئێستاش وەک هەورەتریشقەی لێهات. خێراتر بوو. بەشداربووان هەنگاوێک چوونە پێش و کەوتنە سەر چۆک.

لەوکاتدا، سۆفی شتێکی ببینی، کە هەمووان چاوەڕێیان دەکرد.

لەوێ لەسەر قوربانیگەیەکی نەوی لە نێوەڕاستی بازنەکەدا پیاوێک درێژ ببوو. ڕووت ڕووت. لەسەر پشت پاڵکەوتبوو، دەمامکێکی ڕەشی پۆشیبوو. دەستبەجێ سۆفی جەستەکەی ناسییەوە، ئاخر نیشانە خۆماکییەکەی بەسەر شانیەوە بوو. خەریک بوو هاوار بکا: باپیرەەە! هەر ئەم دیمەنە سۆفی شێت و هار کرد، بەڵام خۆ هێشتا شتی دیکە مابوو.

ئینجا ژنێکی ڕوتوقووتیش، کە دەمامکێکی سپی پۆشیبوو خۆی بەسەر باپیرەی دادا، پرچە کەژە زیوینییەکەی لە پشتەوە بەسەر شانەکانیدا هاتەخوار. جەستەی ژنەکە گۆشتن بوو، ئەوەندەش کۆک نەبوو، ئیدی بە هاوئاوازی بردەبردی ویردەکە دەجووڵا، لەگەڵ باپیرەی سۆفی لە باری خۆشەویستیدا بوو.

سۆفی ویستی ڕابکا و هەر ڕابکا، بەڵام نەشیتوانی. دیوارە بەردینەکەی ژێرزەمینە ئەشکەوتاویەکە لەگەڵ دەنگە بەرزبووەکەی ویردی کۆمەڵەکە گیری کردبوو. بازنەی بەشداربوونی ئامادەبووان وەک ئەوەی گۆرانی بڵێن، دەنگیان هەڵبڕی تا گەییە ئەوپەڕی دێوانەیی خۆی. بە نەڕەیەکی کتوپڕیانەش، تەواوی ژوورەکە تەقیەوە. سۆفی نەیدەتوانی هەناسەش بداتەوە. لە پڕێکەوە خۆی وابینییەوە هەنسکی گریانیەتی. ئینجا بە بێدەنگی وەرسووڕایەوە، بەسەر پەیژەکان کەوتەوە، لە خانووەکە هاتە دەر و ترومبێلەکەی بەرەو پاریس لێخوڕیەوە.

## بەندی ٧٥

کاتێ ئارینگارۆسا بۆ جاری دووەم تەلەفۆنکردنەکەی لەگەڵ فاشێدا کۆتایی پێهێنا، تازە فڕۆکە بەکرێگیراوە تایبەتییەکە بەسەر چراخانی مۆناکۆدا تێدەپەڕی. دەستی گەیاندە زەرفی تێرشانەوە، بەڵام هەستێکی وای لاپەیدا بوو، ئەو زۆر وشک بۆتەوە، تەنانەت هی ئەوە نییە نەخۆشیش ببێ.

***دەی کارێک بکە و کۆتایی پێ بێنە.***

نوێترین هەواڵی فاشێ مایەی لێتێگەیشتن نەبوو، هێشتاش ئەوەی ئەمشەو ڕوویدا بوو، ڕاستەڕێ نەدەبوو. ***ئەوە چی دەقەومێ؟*** هەموو شتێک لە دەست دەرچووو؟ ***باشە سیلاسم تووشی چی کرد؟ ئەرێ چ گۆبەندێکم تووشی خۆم کرد!***

ئارینگارۆسا بە قاچی لەرزۆکەوە، بەرەو کابینەی فڕۆکەوانەکە ڕۆیشت. "دەمەوێ ئاراستەی فڕینەکە بگۆڕی."

فڕۆکەوانەکەش لەسەر شانیەوە ئاوڕێکی لێدایەوە و پێی پێکەنی. "بە ڕاست، نوکتە دەکەی؟"

- "نەخێر، من دەبێ دەستبەجێ بڕۆمە لەندەن."
- "باوکە، ئەمەیان گەشتەفڕینی فڕۆکەیە، خۆ تاکسی نییە."
- "هەڵبەتە، پارەی زیاتر دەدەم. چەند؟ لەندەن هەر سەعاتێک لە باکووری ئێرەوەیە، هەر تەنها گۆڕینی ئاراستەکە و بەس. کەواتە ـــ"
- "باوکە، شتەکە پرسی پارە نییە، پرسی دیکەی لەگەڵدا هاوکێشە."
- "دە هەزار یۆرۆ. هەر ئێستاش." فڕۆکەوانەکە و لێی وەرسووڕا و چاوەکانیشی هێدمەگرتی بوون. "چەند؟ باشە تۆ چ قەشەیەکی کە ئەو برە پارەیەت بە کاش هەڵگرتبێ؟"

ئارینگارۆسا گەڕایەوە لای جانتا دەستییەکەی، جانتاکەی کردەوە، سەفتە وەرەقەیەکی دەرهێنا گەڕایەوە لای فڕۆکەوانەکە و چەکەکەی ڕادەست کرد.":

- "ئەمە چییە؟" فڕۆکەوانەکە وای لێ پرسی.
- "چەکێک دە هەزار یۆرۆ کە لە بانکی ڤاتیکانەوە دەرچووە."

فڕۆکەوانەکە دیاربوو بە گومان بوو.

- "وەک ئەوە وایە کە کاش بێ."

- "هەر تەنها کاش، کاشە،" فرۆکەوانەکە وای پێگوتەوە و چەکەکەی بۆ گەڕاندەوە.
- کاتێک لەبەرامبەر دەرکەی فرۆکەوانەکە دانیشت، ئارینگارۆسا هەستی بە زەبوونی خۆی کرد. "ئەم پرسە پرسی ژیان و مردنە. هەر دەبێ یارمەتیم بدەی. من دەبێ بگەمە لەندەن."
- فرۆکەوانەکەش چاوێکی لە ئەنگوستیلە ئاڵتوونییەکەی قامکی مەترانەکە کرد. "ئەڵماسی ڕاستەقینە؟"
- ئارینگارۆساش چاوی لە ئەنگوستیلەکە کرد. "ناکرێ لەمەیان جیا ببمەوە."

فرۆکەوانەکەش شانی بۆ هەڵتەکاند و گەڕایەوە سەر کاری خۆی و چاوی لە جامە بابڕەکەی بەردەمی کرد.

ئارینگارۆسا لە قوڵایی ناخییەوە خەمناک بوو. چاوێکی لە ئەنگوستیلەکە کرد. هەر شتێک کە ئەنگوستیلەکەی لەسەر بەندە خەریکە لەدەست دەردەچی. دوای خولەکێکی دووردرێژ، ئەنگوستیلەکەی لە پەنجە کرد و بە هێواشی لەسەر تابلۆی لێخوڕینی بەردەم فرۆکەوانەکەی دانا.

ئارینگارۆسا بە هێواشی لە کابینەی فرۆکەوانەکە هاتەدەر و خۆی هاوێشتە سەر کورسییەکەی خۆی. دوای پازدە چرکە، هەستی کرد کورسییەکەی ژێر فرۆکەوانەکە بەگۆشەی زیاتر بەرەو باکور بادەداتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ساتە سەرکەوتنەکەی ئارینگارۆسا وێرانە بوو.

هەمووی بە دۆزی پیرۆزەوە سەری هەڵدا. خشتەی دەستنووسێکی لێزانانە. هەنووکەش، وەک ئەوەی خانووێک لە کارت دروست کرابێ، خەریکە بەسەریەکدا دەتەپێ... و کۆتاییەکەیشی دیار نەبێ.

# بەندی ٧٦

لانگدن دەیبینی هێشتا سۆفی لەبن هەژانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەزموونەکەی هیرۆس گامۆس ڕاست نەبۆتەوە. خۆیشی بە بیستنی کۆپلەی بۆنەنامەکە حەپەسا. ئاخر وەنەبێ سۆفی هەر بەتەنها بەسەر سەرتاپای ڕیتوێلەکەدا گەواهیدەر بێ، بەڵکو خودی باپیرەی ئاهەنگگێڕەکە بووە... باپیرەی ئەو مامۆستای گەورەی دەستەی مریدایەتی سایۆن بوو. ئای چ یارانێکی بەجۆش بوون. ***داڤینشی، بۆتیچیللی، ئیسحاق نیوتن، ڤیکتور هۆگۆ، ژان کۆکتۆ... ژاک سانییر.***

- "بەڕاستی نازانم چیدیکەت پێبڵێم." لانگدن ئەم قسەیەی بە نەرمونیانییەوە بە سۆفی گوت.
- چاوە فرمێسکاوییەکانی سۆفی هەنووکە کەسک کەسک بوون. "ئەو وەک کچی خۆی گەورەی کردم."

هەنووکە کاتی قسەیان دەکرد لە هەستوسۆزی نێو هەناوی سۆفی تێگەیشت. هەستوسۆزی پەژیوان بوونەوە. دوورمەودایی و قووڵایی. ئاخر سۆفی لە باپیرەی دوورکەوتەوە و ئێستاش لەژێر تیشکە ڕامانێکی جیاوازەوە لێی دەڕوانێ.

لە دەرەوەش، گەزەنگ بە خێرایی دەردەکەوت، شەبەنگە مەیلە و سوورەکەی لەبەدەنی فڕۆکەکە دەدا. زەویەکەی ژێریشیان هێشتا هەر ڕەشایی بوو.

- "خۆشەویستان، ئازووقە؟" تیبینگ بە کەیفەوە هاتەوە لایان، چەند قوتووە کۆلا و پاکەتە کێکی کۆنی بۆ هێنان. لە ناخەوەش داوی لێبووردنیشی کرد، کە هەر ئەوەندە خۆراکە مابووەوە. "برادەرە قەشەکەمان هێشتا وەدەنگ نەهاتووە،" بەئحمێکەوە، "بەڵام با کاتی بدەینێ." قەپێکی لە کێکە دا و چاویشی لە شیعرەکە کرد. "ئاوها، خۆشەویستەکەم هیچ سەرەداوێک هەیە؟" بەدەم قسەکەوە نیگاشی لە سۆفی بڕی. "ئەرێ باپیرەت بەنیاز بووە چیمان پێ بڵێ؟ ئەو بەردەکێلە شەیتانییە هی کێیە؟ ئەو بەردەکێلەی لەلایەن سوارچاکەکانی پەرستگاوە پەسن دراوە؟"

سۆفیش سەری باداو بێدەنگ ما.

کاتێکیش تیبینگ سەری بەسەر شیعرەکە داگرتەوە، لانگدن سەری قوتوە کۆلاکەی هەڵپچڕی و ئاوڕی لە پەنجەرەکە دایەوە، هزرەکانی لەگەڵ خەیاڵی ڕیتوێلە نهێنییەکە و کۆدە نەشکاوەکان لە ململانێدا بوو. ***کێلەبەردێک، سوارچاکەکان پەسنیان داوە، کلیلەکەیە.*** فڕێکی درێژی لە کۆلایەکە دا. ***کێلەبەردێک کە سوارچاکەکان پەسنیان داوە.*** کۆلایەکەش گەرم بوو.

دیاربوو پەردەی شەو بە خێرایی هەڵدەکشایەوە و لانگدنیش سەیری ئەو وەرگەڕانەی شەو بە ڕۆژی دەکرد، تروسکایی ئۆقیانوسەکەی ژێر خۆی بینی. ***کەناڵی ئینگلیزی.*** زۆری نەماوە بگەنە جێ.

لانگدن هیواخواز بوو ئەنگاوتنی ڕۆژ، ڕۆناکایی دووەمینیش لەگەڵ خۆیدا بێنێ، بەڵام تا دەوروبەر ڕۆناکتر دەبوو، هەستی دەکرد ئەو لە ڕاستیەکە دوورتر دەکەوێتەوە. ئەو گوێی لە ڕیتمی شیعری پێنج برگەیی درێژ و بردەبردی ویردخوێندنەوە، هیرۆس گامۆس و ڕیتوێلە نهێنییەکە بوو. لەگەڵ هاشوهوشی فڕۆکەکە سەدایان دەدایەوە.

***کێلەبەردێک، کە سوارچاکەکان پەسنیان داوە.***

کاتێک پرشنگی ڕۆشنگەری لەمێشکی لانگدن بریسکەی دا، فڕۆکەکە گەیشتبووە سەر وشکانی. لانگدن قوتووە بەتاڵەکەی لەلا دانا. "ئێوە بڕوا بەمە ناکەن؟" ئەو بەدەم گوتنی قسەکە ڕووی لە برادەرەکانی کردوە. "بەردەکێلی سوارچاکانی پەرستگا ـــ زانیم چییە."

– نیگای چاوەکانی تیبینگ کەوتنە سەر سینییەکە. "تۆ زانیت بەردەکێلەکە لە کوێیە؟"

– لانگدن بە خەندەوە. "لەکوێ نا، بەڵکو شتەکە چییە."

سۆفیش خۆی بە لای پێشەوەدا شکاندەوە.

– "پێموایە بەردەکێل دەقاودەق ئاماژەیە بۆ سەرێکی بەردین." لانگدن ڕامانەکەی بە زەوقی ئەکادیمییێکی پەرۆش ڕوون کردەووە. "مەبەست کێلی گۆڕ نییە."

– "سەرێکی بەردین؟" تیبینگیش وای پرسی.

دیاربوو سۆفیش بە مەرەدی تیبینگ سەری لێتێکچوو بوو.

– "(لای)،" ئیدی لانگدن بۆی وەسووڕا و گوتی؛ "لە ماوەی بەدواداچوونی دادگاکانی لێکۆڵینەوەدا، کڵێساکە سوارچاکانی پەرستگای بە چەندین جۆری گومڕایی خەتابار کرد، وایە؟"

– "زۆر ڕاستە. ئەوان چەندان تۆمەتیان بۆ هەڵبەستن. نێربازی، میز بەسەر خاچدا کردن، شەیتانپەرستی، لیستێکی دووورودرێژ."

– "لەنێو لیستەکەشدا پەرستنی خودای دەستکرد، وایە؟ زۆر بە وردەکاری، کڵێساکە سوارچاکانی پەرستگای بە ڕێڕۆیشتن لەسەر ڕیتوێلێکی نهێنی تاوانبارکرد، گوایە ئەوان نوێژ بۆ سەرێکی هەڵکۆڵدراو لەبەرد دەکەن... خوای بتپەرستی ــ"

- "بافۆمێت[242]!" تیبینگ بەهاتوهاوارەوە، "ئای خوایە، ڕۆبەرت، تۆ ڕاست دەکەی! (بەردەکێلێک) سەرێکی بەردین لە لایەن سوارچاکانی پەرستگاوە پەسن دەدرێ!"

هەر خێراش لانگدن شتەکەی بۆ سۆفی ڕوون کردەوە، بافۆمێت خوای بەپیتوفەڕی بتپەرستەکان بوو، پەیوەست بوو بە هێزی ئافەرەیدە و بەرهەم هێنان. سەری بافۆمێت وەک سەری بەران یان نێری نیشان دەدردا، ئەمەش هێمایەکی باوی بەرهەمهێنان و بە پیتوفەڕی بوو. سوارچاکانیش بەوە ڕێزیان لە بافۆمێت دەنا، بە دەوری سەرەکەدا بازنەیەکیان دروست دەکرد و ویردیان دەخوێندەوە.

- "بافۆمێت،" تیبینگ وا هاتە دەنگ؛ "بۆنەکە لەسەر شەڕەفی ئافەریدکردنە جادوویەکەی یەکانگیری سێکسی بوو، بەڵام پاپا کلیمێنت[243] قەناعەتی بە هەمووان هێنا، کە بافۆمێت لەڕاستیدا شەیتان نەبێ هیچی دیکە نییە. پاپا سەری بافۆمێتی بە دەسکەلای هەڵمەتەکەی دژی سوارچاکان بەکار هێنا."

لانگدنیش لەسەر قسەکەی کۆک بوو. لە سەردەمی نوێشدا، بڕوا دەکرێ قۆچەکانی ئەهریمەن کە پێی دەگوترێ شەیتان، لەوانەیە شوێنەوارەکەی بۆ بافۆمێت و هەوڵی کڵێساکە بۆ دارشتنەوەی خوای قۆچداری پیتوفەڕ وەک هێمای شەیتان، بگەڕێتەوە. ئاشکرایە کڵێساکە لەم هەوڵەیاندا سەرکەوتوو بوو، هەرچەندە بە شێوەیەکی ڕەهاش نەبێ. هێشتاش دابونەریتی ئەمریکیانەی سوپاسگوزاری نیشانەی بتپەرستی، هێمای قۆچی پیتوفەڕی پێوە دیارە. کۆرنوکۆپیا[244] یان قۆچی پیتوفەڕ جێماوی بافۆمێتی پیتوفەڕە و مێژووەکەشی بۆ زێیۆس دەگەڕێتەوە کە لە گوانی بزنێکەوە شیری پێدرا، بزنەکەش قۆچەکانی شکا بوون و بە شێوەیەکی جادوییانە پڕبوون لە میوەجات. بافۆمێت لای گرووپێکی فۆتۆگرافیش دەردەکەوێ، کاتێ یەکێکی قۆشمەچی لە پشت سەری برادەرێکیەوە دوو پەنجەی بە شێوەی Vی، هێمای قۆچ بەرز دەکاتەوە؛ زۆر کەم لەو گاڵتەبازانە دەزانن، ئەو هێمایەی بۆ پێڕابواردن دەیکەن، کاتی خۆی نیشانەی بەهێزی پیاوەتی کەسەکە بووە.

- "بەڵێ، بەڵێ،" تیبینگ بە کەیفێکەوە وای گوت. "هەردەبێ بافۆمێت ئەو شتە بێ کە شیعرەکە ئاماژەی پێدەدا. بەردەکێلێک (سەرێکی بەردین) کە سوارچاکان پەسنی دەدەن."

---

[242] Baphomet

[243] مەبەست پاپا کلیمنی پێنجەمە (١٢٦٤-١٣١٤) ئەو پاپایەی سوارچاکانی پەرستگای سەرکوت کردن.

[244] Cornucopia هێمایەکی پیتوفەڕ لە قۆچی بەران و گوڵ و میوە و دانەوێڵە.

- "زۆر چاکە،" سۆفیش بەم جۆرە بە دەنگ هات، "خۆ ئەگەر بافۆمێت ئەو سەرە بەردینە بێ (بەردەکێلە) بێ کە سواراچاکان پەسنی دەدەن، کەواتە لێرەدا لەبەردەم دووڕیانێکی نوێ داین." سۆفی ئاماژەی بە جومگەکانی کریپتیسەکە کرد. "بافۆمێت[245] هەشت پیتە. لێرەدا هەر جێی پێنج پیتمان هەیە."
- تیبینگ بەدەم کراوەیی پێکەنی. "ئازیزەکەم، لێرەدا ژمارەی ئاتباش ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ."

[245] بافۆمیت بە ئینگلیزییەکەی هەشت پیتە، چونکە ph بە یەک پیت دەخوێندرێتەوە کە فایە.

لانگدن بە شتەکە کارانگاز بوو، ئاخر تیبینگ تازە لە نووسینەوەی هەر بیستودوو پیتی ئەلیفبای عیبری بووەوە و لەبەریشی نووسیەوە. ئەو لە جیاتی ڕێنووسی عیبری پیتەکانی بە ڕۆمانی نووسینەوە، کە هاوشانی عیبرییەکە بوون، لەگەڵ ئەوەشدا، دەیزانی بێ گرێوگۆڵ سەرلەبەریان گۆ بکا.

A B G D H V Z Ch T Y K L M N S O P Tz Q R Sh Th

- "ئەلیف، بێت، جیمل، دالێت، هەی، ڤاڤ، زاین، خێت، تێت، یود، کاف، لامد، مێم، نون، سامیخ، ئاین، پێی، تزادیک، کوف، ڕییش، شین و تاڤ." تیبینگ بە شێوەیەکی سەیر دەستێکی بە برۆکانی داهێنا و لەسەر ئەلیف بێ بەردەوام بوو. "لە ڕێنووسی فەرمی عیبرییدا، دەنگی بزوێن نانووسرێ. هەر لەبەر ئەوەشە کاتێ وشەی بافۆمێت Baphomet بە ئەلیفبای عیبری بنووسرێ، سێ بزوێن لەدەست دەدا. ئەوەی بۆ ئێمە دەمێنێتەوە ـــ"
- "پێنج پیتەکان." سۆفی بە زەوقێکەوە وای گوت.

تیبینگ سەری بۆ لەقاند و دەستی بە نووسین کردەوە. "زۆر چاکە، ئەمەیان ڕێنووسی گونجاوی وشەی بافۆمێت بە پیتەکانی عیبری. هەر بۆ ڕوونکردنەوە وێنەی ئەو بزوێنانەش دەنووسم کە دیار نابن.

B a P V o M e TH

- "هەڵبەتە ئەوەت لەبیر بێ،" تیبینگ ئەوەشی خستەسەر، "زمانی عیبری بە شێوەیەکی ئاسایی بە پێچەوانەوە دەنووسرێ، بەڵام ئێمە دەتوانین بە ئاسانی ئاتباشەکە بەم شێوە بەکار بێنین. دوای ئەوەش، هەموو ئەوەی لەسەرمانە، داهێنانی نەخشەیەکی جێگۆڕکێی سەرجەم ئەلیفبایەکەیە، کە بە ئاراستەی پێچەوانەوە بە پێی ئەلیفبایە ماکەکە بنووسرێتەوە."
- "لێرەدا ڕێگایەکی ئاسان هەیە،" سۆفی وای گوت و قەڵەمیشی لە تیبینگ وەرگرت. "ئەمەش بۆ ڕەنگدانەوەی هەموو ژمارە جێگۆڕکێکان دەبێ، بە ئەتباشیشەوە. ئەم وردە فێڵەشیان لە زانکۆی ڕۆیال هۆلوێی فێربووم." سۆفی نیوەی یەکەمی ئەلف بێیەکەی لە چەپەوە بۆ ڕاست نووسی، ئینجا لە بنەوەش نیوەکەی دیکەی لە ڕاستەوە بۆ چەپ

نووسی. "کۆدشکێنەکان پێی دەڵێن هەڵگێڕانەوە. نیو ئەوەندە ئاڵۆز و دوو ئەوەندەش ئاشکراو ڕوون."

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | B | G | D | H | V | Z | Ch | T | Y | K |
| Th | Sh | R | Q | Tz | P | O | S | N | M | L |

تیبینگ سەیری دەستکارەکەی کرد و پێکەنی. "تۆ ڕاست دەکەی. شادمانم ئەو کوڕانەی (هۆلوێ)ی کاری خۆیان بەباشی ڕایی دەکەن."

لانگدن بە لەرزە موچڕکێکەوە سەیری ژمارە جێگۆڕکێیەکانی سۆفی کرد، خەیاڵی بۆ ئەوە ڕۆیشت، کە چۆن لێکدانەوەی لێکۆڵەرەوانی پێشووی هێنایە پێشچاو، کاتێک بەهۆی ژمارە کۆدی ئاتباشەوە تەلیسمی شیشاخیان[246] شکاند بۆ چەندین ساڵ دۆست و لێکۆڵەرەوان بەدەست ئاماژەکەی بایبل بۆ شارێک کە پێی دەگوترا شیشاخ، دامابوون. ئاخر شارەکە نە لەسەر نەخشە، نە لە هیچ بەڵگەنامەیەکیش دیار نەبوو، کەچی لە تەوراتدا و لە کتێبی یەرمیادا پاشای شیشاخ، شاری شیشاخ و خەڵکی شیشاخ هاتبوو. لە کۆتاییشدا لێکۆڵەرەوەیەک ڕێگەی ژمارە ئاتاباشی بۆ وشەکە بەکار هێنا، ئەنجامەکەشی مێشک هەژێنەر بوو. ژمارەکە ئەوەی لەبارەی شیشاخ دەرخست، کە کۆدەیەکە بۆ شارێکی ناسراو. کۆدەشکاندنەکەش شتێکی ئاسان بوو.

شیشاخ بە زمانی عیبری بەم جۆرە ڕێنووس دەکرا : .Sh-Sh-K

Sh-Sh-K، کاتێکیش ژمارە جێگۆڕکێکەی لە جیاتی دادەندرێ، ئەوا دەبێتە: B-B-L.

B-B-L، لە عیبریدا ڕینووسی وشەی Babel (بابل)ە

ئەو شارە تەلیسماویەی شیشاخ بووە شاری بابل، ئیدی لەسەر ئەمەش چەندان وشەی دیکەی بایبلیانەی بەدوادا هات. لەماوەی چەند هەفتەیەکدا، چەندین وشە کۆی ئاتباشیانە لە تەوڕاتدا ئاشکرا بوون، واتای وشەگەلێکیان بۆ دەرکەوت، پێشتر لێکۆڵەرەوان نەیاندەزانی، کە ئەو جۆرە شوێنانە هەن.

---

[246] Sheshach

- "وا خەریکە لێی نزیک دەبینەوە." لانگدن بە چرپەیەکەوە وای گوت و لە خۆشییان جێی لە هیچ شوێنێکیش نەدەبووەوە.

- "ڕۆبەرت، هەر چەند ئینجێک ماوە." تیبینگیش وای بە لانگدن گوتەوە. تەماشایەکی سۆفی کرد و بە خەندەوە گوتی، "ئامادەی؟"

سۆفیش سەری بۆ لەقاند.

- "زۆر چاکە، بافۆمێت Baphomet بە عیبری و بەبێ بزوێنەکانی وا دەخوێندرێتەوە: B-P-V-M-Th. ئێستاش سوکوئاسان ڕژێمە ژمارەییە جێگۆڕکێ ئەتابشیانەکەی تۆمان بۆ وەرگێڕانی خستەکار و پێنج پیتەکان وەک پاسوۆرد دەرکەوت."

دڵی لانگدن توند لێی دەدا. B-P-V-M-Th. ڕۆژیش لە پەنجەرەی فرۆکەکەوە لێی دەدان. چاوێکی لە ژمارە جێگۆڕکێیەکانی سۆفی کرد و بە لەسەرخۆیی وەرگێڕانەکەی کرد. B دەبێتە Sh... Pیش دەبێتە V ...

تیبینگ وەک قوتابییێک لەکریسمێسدا دانی گڕکردنەوە. "ژمارە ئەتابشەکە ئەوەی دەرخست..." لێرەدا وەستا. "ئای خودای نازدار!" دەموچاویشی سپی هەڵگەڕا.

لانگدن سەری بەرز کردەوە.

- "هیچ هەڵەیەک هەیە؟" سۆفی وای لێپرسی.

- "ئێوە، بڕوا بەمە ناکەن." تیبینگ سەیری سۆفی کرد. "بەتایبەتی تۆ."

- "مەبەستت چییە؟" سۆفیش وای لێپرسییەوە.

- "ئەمەیان... بلیمەتییە،" بە چرپەوە وای پێ گوت. "دەقاودەق بلیمەتی!" تیبینگ دیسان لەسەر کاغەزەکەی نووسیەوە. "دەی تکایە، تەپڵ لێدەن. ئەوە پاسوۆردەکەتە."

- تیبینگ ئەوەی نووسیبوو، نیشانی دان.

Sh-V-P-Y-A

سۆفی مرومۆن بوو. "ئەوە چییە؟"

پەی بە وشەکە نەبرد.

دەنگی تیبینگ لە سامناکیان دەلەرییەوە. "دۆستەکانم، ئەمەیان، لەڕاستیدا ئەمە وشەیەکی دێرینەیە بۆ ئاوەز."

لانگدن دیسان پیتەکانی خوێندنەوە. ***وشەیەکی کۆنینە بۆ ئاوەز ئەم لوولدراوە دەکاتەوە.*** چرکەساتێک دواتر شتەکەی بۆ هات. ئەمەی هەرگیز ڕەچاو نەدەکرد. "وشەیەکی کۆنینە بۆ ئاوەز!"

تیبینگ پێکەنی. "کتومت وایە!"

سۆفیش سەیری پیتەکانی کرد، پاشان هی خەپلەکانی کریپتیسەکە. دەستبەجێ لەوە تێگەیشت، تیبینگ و لانگدن پەییان بە گرفتە جەوهەریەکە نەبردووە. "دەی بوەستن! ناکرێ ئەمە ببێتە پاسوۆردەکە،" سۆفی کەوتە مشتومڕکردن. "کریپتیسەکە Shی تێدا نییە. هەر دەبێ ئەلفبێیە باوە ڕۆمانییەکە بێ."

- دەی، وشەکە بخوێنەوە." لانگدنیش بە مکوڕبونەوە وای پێگوتەوە. "لەمێشکیشتدا دوو شتت لە بیر بێ. لە عبرییدا هێمای دەنگی ش Sh دەکرێ بە S گۆ بکرێ، ئەمەش بەندە ئەکسێنتەکە. هەروەک پیتی Pیش بە F گۆ دەکرێ."

SVFYS؟ سۆفی وای بیرلێکردەوە و تێما.

- "بلیمەتییە!" تیبینگ هاتە وەڵام و ئەمەی بۆ زیاد کرد. "پیتی ڤاڤVav زۆر جاران جێگەی دەنگی بزوێنی O(ۆ) دەگرێتەوە!"

دیسان سۆفی سەیری پیتەکانی کردەوە، هەوڵیدا بە دەنگیش بیلێتەوە.

- "S…o…f…y…a."

گوێی لە دەنگی وشەکە بووەوە و بڕواشی بەوەی تازە لەدەمی دەرچوو نەدەکرد. "سۆفیا "Sophia؟ ئەم ڕێنووسە سۆفیایە؟"

لانگدن بە جۆشوخرۆشەوە سەری بۆ لەقاند. "بەڵێ، سۆفیا Sophia دەقاودەق بە زمانی گریکی واتای ئاوەز دەگەیەنێ. سۆفی ڕەگوڕیشەی ناوەکەی تۆ دەقاودەق 'وشەی ئاوەز'ە"

لەپڕێکەوە سۆفی زۆر غەریبی باپیرەی کرد. ***ئەو بەردەکلیلی مریدانی بە ناوی من کۆدەدار کردووە.*** هەستی کرد شتێک لە قورگی گیر بووە. دیاربوو هەموو شتێک بەوپەڕی ڕێکوپێکی خۆی بەڕێوە دەچوو. بەڵام جارێکی دیکە نیگای بڕیە سەر پێنج پیتەکانی خەپلەی کریپتیسەکە، تێگەیشت هێشتا گرفتەکە هەر ماوە. "بەڵام جاری بوەستن... وشەی سۆفیا Sophia شەش پیتە."

- خەندەکەی تیبینگ هەر نەدەبڕایەوە. "سەیری شیعرەکە بکەوە. باپیرەت نووسیویێتی، 'وشەیەکی دێرینە بۆ ئاوەز.'"

- بەڵێ؟"

- تیبینگ چاوێکی لێ داگرت. "لە گریکی کۆندا، ئاوەز بەم جۆرە ڕێنووس دەکرا: S-O-F-I-A."

کاتێ سۆفی کریپتیسەکەی لە باوەش گرتبوو, بە هەستی کێویانە شاگەشکە بوو، ئاخر خەریک بوو پیتەکان لەسەر جومگەکان جووت بکا. ***وشەیەکی دێرین بۆ ئاوەز ئەم لوولپێچە دەکاتەوە.*** پێدەچوو لانگدن و تیبینگیشی لەکاتی تەماشاکردن ڕاگرتبێ.

S… O… F…

– "وریا بە،" تیبینگ بە جەختکردنەوە پێیگوت، "هەرچەند وریابی هەر کەمە."

…I… A.

سۆفی دوا پیتەکەشی ڕیز کرد. "زۆر چاکە،" وای چرپاند و سەیری ئەوانیشی کرد. "وا ڕایدەکێشم تا لێک ببێتەوە."

– "ئاگاداری سرکەی نێوی بە،" لانگدن بە ترسێکی ورووژاوییەوە وای چرپاند. "وریا بە."

سۆفی دەیزانی ئەگەر کریپتیسەکە وەک ئەوانە بێ، کاتێ کە مندالْ بوو دەیکردنەوە، ئەوا هەر هێندەی پێویست بوو، کریپتیسەکە لە هەردوو سەریەوە، هەر لەژێر پیتەکانیەوە بیگرێ، ئینجا هەردوو لایەکان ڕابکێشی، بە هێواشی لێکیان بکێشێتەوە، بە شێوەیەک فشارەکەی بۆ سەر هەردوو سەرەکە هاوسنگ بێ. خۆ ئەگەر خەپلەکە لە گەلْ پاسوۆردە لێدراوەکە یەک بگرێتەوە، ئەوا لایەکانی هەروەک قوتووی چاویلکە لێک دەبنەوە، ئینجا دەتوانێ دەست بۆ ناوەوەی ببا و کاغەزە لولدراوەکە، کە لەوانەیە لە شووشە سرکەیەکی دژوار وەرپێچرابێ، دەربهێنێ. خۆ ئەگەر ئەو پاسوۆردەی لێشی دابێ، هەڵەبێ، ئەوا فشاری دەرەکی بۆ سەر هەردوو سەری لوولەکەکە، دەگوازرێتەوە سەر ئەو زمانەیەی نێوی، ئەویش بە دەوری خۆی پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر شووشە دژوارەکە، لە کۆتاییدا ئەگەر فشارێکی زۆری بخاتە سەر. لەوانەیە شووشەکە بشکێ. و شلەکەش بڕژێ و نووسراوی سەرکاغەزە تەنکەکەش بفەوتێ.

***بە نەرمی ڕایبکێشە***، سۆفی وای بەخۆی گوتەوە.

کاتێکیش سۆفی هەردوو سەری لووکەی ڕادەکێشا، تیبینگ و لانگدن هەندێک سەریان بەسەردا شۆڕ کردەوە. لە خۆشی شکاندنی کۆدەکەدا، سۆفی خەریک بوو ئەو چاوەڕوانییەی ناوەڕۆکی لوولەکەی لەبیر نەدەما. ***ئەمە بەردەکلیلی دەستەی مریدانی سایۆنە***. بەگوێرەی قسەکانی تیبینگ نەخشەی حەشارگەی جامە پیرۆزەکەی لەخۆ گرتووە، بەهۆیەوە پەردە لەسەر تابووتی ماریا

ماجدەلینا و گەنجینەی سانگرییل هەڵدەداتەوە… ئەو گەنجینە لە نرخ نەهاتووەی ڕاستییە پەنهانەکەی شاردۆتەوە.

ئێستا قوتووە بەردینەکەی بە هەردوو دەست گرتبوو، سۆفی دووبارە بەسەر پیتەکاندا چووەوە، تا دڵنیابێ ئاخۆ کارەکەی بە تەواوی کردووە. ئەوسا بە هێواشی سەرەکانی بە پێچەوانەی یەکدی ڕاکێشا. ئەو هێزێکی کەمێ زیاتری بەکار هێنا. لە پڕێکەوە وەک تێلیسکۆپێکی هونەرکار لێکبووەوە. هەردوو سەرە لوولە قورسەکە لەدەستی سۆفیدا مان. خەریک بوو تیبینگ و لانگدن هەڵبستنە سەر پێ. تێکڕای لێدانی دڵی سۆفی لەکاتی دانانی هەردوو سەرە لێککراوەکانی کریپتیسەکە لەسەر مێزەکە و دەرکەوتنی ناواخنەکەی، زیاتر لێیدەدا.

دەستنووسێکی لوولدراو!

دیاربوو کاغەزە لوولدراوەکە بە دەروی شتێکی ناو بۆش وەرپێچراوە، سۆفی بینی بەدەوری شتێکی لوولەکیانە وەرپێچراوە. بیرۆکەیەکی سەیر، ئەوەی بەدەوری شووشە سرکەکە وەرپێچراوە کاغەزە پێستە خۆشکراوەکە نییە، بەڵکو هەر پێستەیە. ***ئەمە سەیرە، ئاخر سرکە پێستەی خۆشکراو ناتاوێنەتەوە.*** دیسان سۆفی سەیری ناوبۆشە لوولدراوەکەی کردەوە، ئینجا تێگەیشت، ئەو شتەی لەناویدایە شووشە سرکە نییە. شتێکی تەواو جیاواز لەوەی بۆی چووبوون.

- "چ هەڵەیەک هەیە؟" تیبینگ وای پرسی. "دەی لوولدراوەکە دەربێنە."

سۆفی بە گرژییەوە، دەستی دایە پێستە لولدراوەکە، ئەو شتەی لەنێوی دابوو، دەریهێنا.

- "ئەمە کاغەزی تەنک نییە،" تیبینگ وای گوت ، "ئەمە لە کاغەز قورسترە."
- "من دەزانم. ئەمە پڕکراوەتەوە."
- "بە چی؟ بە شووشە سرکەیەک؟"
- "نەخێر، سۆفی شتە پێچراوەکەی کردەوە، ناواخنەکەی دەرخست. "بەم شتە."

کاتێکیش لانگدن شتەکەی نێو کاغەزە پێستە خۆشکراوەکەی بینی، دڵی داتەپی.

- "خوا فریامان کەوێ،" تیبینگ بە بەسەرخۆداشکانەوە گوتی، "باپیرەت وەستایەکی بێبەزەیی بووە."

لانگدنیش بە واقوڕمانەوە لێیەوە ڕاما. وا ***دەبینم سانییێر نیازی نەبووە بە دەستێکی سووک واز بێنێ.***

ئیدی کریپتیسی دووەم لەسەر مێزەکە داندرابوو. کریپتسێکی بچکۆلانەتر. لە بەردە عەقیقێکی ڕەش دروست کرابوو. شتەکە خرابووە نێو کریپتیسی یەکەم. ئەمەش خولیای سانییێر بوو بۆ دووانەیی. دوو کریپتیس. هەموو شتێک بە جووتە. ***تێوەرێخێکی[247] دووسەرە. نێر و مێ. ڕەش لەنێو سپییدا جێی خۆی گرتووە.*** لانگدن هەستی کرد تادێ تەونی هێماسازی لێک دەکێشرێتەوە.

***سپی ڕەشی لێ دەزێ.***

***هەموو پیاوێک لە ژن هاتۆتە دەرێ.***

***سپی – مێ.***

***ڕەش – نێر.***

لانگدن خۆی بردەپێش و کریپتیسە بچکۆلەکەی بەرز کردەوە. هەروەک کریپتیسی یەکەم وابوو، تەنها نیوهێندەی قەبارەی یەکەم و ڕەنگیشی ڕەش بوو. گوێی لە گڕەی دەنگە ناسراوەکە بووەوە. دیاربوو دەنگی جووڵەی ئەو شووشە سرکەی یەکەم جار، هەر ئەمەیان بووە، لە نێو کریپتیسەکەی دووەمدا بوو.

- "ڕۆبەرت، زۆر باشە،" تیبینگ وای گوت و کاغەزە لەپێستە خوشکراوە لوولدراوەکەی ڕادەست کرد.. "دەبێ خۆشحاڵ بی کە بەئاراستەی ڕاستدا دەفڕین."

لانگدن چاوی لە پارچە کاغەزە ئەستوورە لوولدراوەکەی کرد، بە دەستوخەتێکی نەخشین چوارینێک نووسرابوو. دیسان لەسەر هەمان کێشی پێنج بڕگەیی درێژ نووسرابوو. هۆنراوەکە کۆدەدار بوو، بەڵام لانگدن لە دێڕی یەکەم پێویستی بە خوێندنەوەی زیاتر نەبوو، تا لەوە تێبگا، نەخشەی تیبینگ بۆ لەندەن لەجێی خۆیدا بوو.

دێڕە شیعرەکەش:

لە لەندەن سوارچاکێک ڕاکشاوە، پاپا ناشتوویەتی

IN LONDON LIES A KNIGHT A POPE INTERRED

---

Entendres [247] داپۆشین، توانج، توریة. ئەو وشەیە دوو واتای هەیە، واتایەکی دیارو واتایەکی لەبن.

باقی دێڕەکانی شیعرەکە ڕاشکاوانە داوای ئەوە دەکا، بۆ دۆزینەوەی پاسوۆردی کردنەوەی کریپتیسی دووەم دەبێ سەردانی گۆڕی سوارچاکەکە، لە شوێنێکی شارەکەدا بکرێ.

- لانگدن بە شەکەتی ڕووی کردە تیبینگ. "ئایا هیچ بیرۆکەیەکت سەبارەت بەو سوارچاکە هەیە، کە شیعرەکە ئاماژەی پێدەدا؟"
- تیبینگیش دانەکانی گڕ کردنەوە. "بە هیچ شێوەیەک. بەڵام ئەوەندە هەیە دەزانم دەقاودەق سەر لە کامە ژێرزەمین بدەین."

لەهەمان کاتدا، لە دووری پازدە میل لەپێش ئەوانەوە، شەش ترومبێلی پۆلیسی کێنت، لەسەر جادەکەدا بەرەو فڕۆکەخانە تایبەتییەکەی بیگن هیل بە تیژی دەڕۆیشتن.

# بەندی ٧٩

ملازم کۆللیێ بە خۆی بوتڵە ئاوێکی کانزایی (پیرێری) لە بەفرگرەی تیبینگ دەرهێنا و گەڕایەوە ژووری نیگار کێشانەکە. لە بری ئەوەی لەگەڵ فاشێ بچێتە لەندەن، کە شانۆی ڕووادەوە گەرمەکان بوو، هەر لێرە مایەوە تا سەرپەرشتی ئەو تیمە پۆلیسی دادوەری بکا، کە بەنێو کۆشکی شاتۆ ڤیلێت بڵاو ببوونەوە.

تا ئەو ڕادەیەی شتەکانیان لەبەردەستدا بوون، بەڵگە کۆکراوەکان هیچ شتێکی یارمەتیبەخشی تێدا نەبوو: یەک تاقە گوللە بەر ناوکەوکە کەوتوبوو، قەوانەکەشی دیار بوو؛ پارچە کاغەزێک هەندێ هێمای لەسەر نەخشێندراوە و لەگەڵ وشەکانی تیغ و بادە؛ هەروەها قایشێکی دڕکاوی بەخوێن، یەکێ لە ئەندامای تیمەکە بە کۆللێی گوت. ئەم شتە بۆ کۆمەڵەی (ئۆپیوس دای) دەگەڕێتەوە، چونکە لەم دواییانە سەیری بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی کردبوو، گۆبەندەکانی ئەو ڕێکخراوەیان لە پاریس ئاشکرا کردبوو.

کۆللێ ئاهێکی هەڵکێشا. ***هیوای بەختێکی باش بۆ لێهەڵکراندنی شتێک لەو بەڵگە پەرش و بڵاوانە.***

ئیدی ملازمەکە بەرەو ژوورە پانوپۆڕە کەشخەکەی دیکە ڕۆیشت، کۆللێ چووە ژووری سەمای باڵێ, کە کرابووە شوێنی خوێندن و لێکۆڵینەوەی تیبینگ، لەوێدا پشکنەرانی پۆلیسی دادوەری خەریکی پەنجەمۆری سەر کەلوپەلەکان بوون. پشکنەرەکە پیاوێکی چوارشانەی تێکسمڕاو بوو.

- کۆللێ لەگەڵ چوونەژووردا لە کابرا پرسی; "ئەرێ شتێک هەیە؟"
- پشکنەرەکەش سەرێکی بادا. "هیچ شتێکی نوێ نییە. هەموو هەر ئەوەیە کە لە ژوورەکاندا بەدیمان کردووە."
- "ئەی چی لەبارەی پەنجەمۆری سەر قایشە دڕکاویەکە هەیە؟"
- "ئینتەرپۆل هەر خەریکە. من هەموو شتێکم بە ئینتەرنێت بۆ ئەپلۆد کردن."
- کۆللێت ئاماژەی بە دوو زەرفی بەڵگە کردن، لەسەر مێزەکە داندرا بوون. "ئەی ئەمانە؟"
- پیاوەکەش شانێکی بۆ هەڵتەکاند. "هەر بە گوێرەی خولیا، هەموو شتێکی سەیر جیادەکەمەوە."

کۆللێ بەرەو شتە سەیرەکان چوو.

- پشکنەرەکە بوو وای گوت; "ئەو پیاوە بەریتانییە کەسێکی سەیرە. تەماشای ئەمە بکە."
دەستی بۆ زەرفەکە برد و شتێکی لێهەڵگرت و دایە دەستی کۆللێ.

وێنەکەش هی دەروازەی سەرەکی کاتەدرای (گۆتیک) بوو، ئەو دەروازە نەریتییە تاقدارە کە زمانەی تیژی هەبوون وای کردبوو ڕێڕەوەکە تەسک ببێتەوە.

کۆللێ سەیری وێنەکەی کرد و ئاوڕێکی دایەوە گوتی؛ "ئەمە سەیرە؟"

- "وێنەکە هەڵگێڕەوە."

لە پشتی وێنەکەدا، کۆللێ هەندێ نووسینی تێکەڵاوی، کە بەدەست بە ئینگلیزی نووسرا بوو، بینی، شتەکە وێنای دالانە درێژەکەی کاتەدرایەکەی بەوە دەکا، کە پەسندانێکی نهێنی بتپەرستانەیە بۆ ڕەحمی ژن. ئەمەیان نامۆ بوو. شتەکە وەسفی دەروازەی کاتەدرایەکەی کردبوو، بۆ ئەو شتێکی وروژێنەر بوو. "سەیرکە! ئەو پێی وایە دەروازەی کاتەدراییەکە وەک هەرامەی ژن وایە...."

پشکنەرەکەش سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند. "بەڵێ بە دروستی بۆ یەکهاتنەوەی هەردوو لێوەکە کە پیتپیتۆکەیەکی پێنج پەڕەیی نیشان دەدا،" پشکنەرەکە ئاهێکی هەڵکێشا و قسەکەی خۆی تەواو کرد؛ "وات لێدەکا خێرا بەرەو کڵێسا بگەڕێیتەوە"

کۆللێ دەستی دایە دووەمین زەرفە بەڵگەی سەر مێزەکە. لەناو زەرفە پلاستیکە ڕۆشنەکەدا وێنەیەکی بریقەداری بینی، پێدەچوو هی بەڵگەنامەیەکی کۆن بێ. ناونیشانەکەی وا دەخوێندرایەوە:

فایلی نهێنی- ژمارە ٤ lm ٢٤٩

- "ئەمەیان چییە؟" کۆللێ وای پرسی.
- "هیچی لێنازانم. ئەوە لەبەر گیراوەی هەموو شتەکانە، خستومەتە نێو زەرفەکە."

کۆللێ لە بەڵگەنامەکەی کۆڵییەوە.

***مریدانی سایۆن - مامۆستا گەورەکان***

| | |
|---|---|
| ***ژان دێ جێریۆس*** | ***١١٨٨-١٢٢٠*** |
| ***ماری دێ سان کلێیر*** | ***١٢٢٠-١٢٦٦*** |
| ***گولیۆم دە گیسۆرس*** | ***١٢٦٦-١٣٠٧*** |
| ***ئێدوارد دە بار*** | ***١٣٠٧- ١٣٣٦*** |

| | |
|---|---|
| ژان دە بار | ١٣٣٦- ١٣٥١ |
| ژان دە سێینی کلێر | ١٣٥١-١٣٦٦ |
| بلانس دێڤرۆ | ١٣٦٦-١٣٩٨ |
| نیکۆلاس فلامێل | ١٣٩٨-١٤١٨ |
| ڕینێ دانجۆ | ١٤١٨-١٤٨٠ |
| ئۆلاند دە بار | ١٤٨٠-١٤٨٣ |
| ساندرۆ بۆتچیللی | ١٤٨٣-١٥١٠ |
| لیۆناردۆ داڤینشی | ١٥١٠-١٥١٩ |
| کۆننیتابل دێ بۆربۆن | ١٥١٩-١٥٢٧ |
| فردیناند دێ گۆنزاک | ١٥٢٧-١٥٧٥ |
| لویس دە نێڤەر | ٥٧٥-١٥٩٥ |
| ڕۆبەرت فلود | ١٥٩٥-١٦٣٧ |
| جەی. ڤالەنتین ئاندێریا | ١٦٣٧-١٦٤٥ |
| ڕۆبەرت بۆیل | ١٦٥٤-١٦٩١ |
| ئیسحاق نیوتن | ١٦٩١-١٧٢٧ |
| چارلس ڕادکلیف | ١٧٢٧-١٧٤٦ |
| چارلس دە لۆبرێ | ١٧٤٦-١٧٨٠ |
| ماکسیمیلیان دە لۆران | ١٧٨٠-١٨٠١ |
| چارلس نۆدیر | ١٨٠١-١٨٤٤ |
| ڤیکتۆر هۆگۆ | ١٨٤٤-١٨٨٥ |
| کلاودیا دێبوسی | ١٨٨٥-١٩١٨ |
| ژان کۆکتۆ | ١٩١٨-١٩٦٣ |

***مریدانی سایۆن؟*** *کۆللیٚ مەراق ما.*

- "ملازم؟" یەکیٚ لە پۆلیسەکانی دیکە هاتە ژوور و بانگی کۆللیّی کرد. "تەلەفۆنیٚکی بە پەلە بۆ کاپتن فاشیٚ هاتووە، بەڵام دەستمان پیٚیڕاناگا. دەکریٚ لە بری ئەو وەڵام بدەیتەوە؟"

کۆللیٚش گەڕایەوە ناندینەکە و تەلەفۆنەکەی هەڵگرت.

زەنگلیٚدەرەکە ئەندریٚ ڤیٚرنیٚ بوو.

ئەکسیٚنتە نەرمونیانەکەی بانکەوانەکە نەیتوانی گرژی و هەڵچوونەکەی بشاریٚتەوە. "پیٚموابوو کاپتن فاشیٚ زەنگم بۆ لیٚدەداتەوە، بەڵام تا ئیٚستا هیچم گویٚ لیٚنەبوو."

- "کاپتن زۆر سەرقاڵە،" کۆللیٚ وا وەڵامی دایەوە. "دەکریٚ یارمەتیت بدەم؟"
- "من دڵنیا کرابوومەوە لەوەی پەرەسەندەکانی ئەمشەوم پیٚ ڕابگەیەندریٚ."
- بۆ ساتیٚک کۆللیٚ پیٚیوابوو دەنگی کابرای دەناسییەوە، بەڵام زۆریش دڵنیا نەبوو. "بەڕیٚز ڤیٚرنیٚ، من ئیٚستا سەرپەرشتی لیٚکۆڵینەوەکەی پاریس دەکەم. ناوەکەشم ملازم کۆللیٚیە."
- لەو سەری هیٚڵی تەلەفۆنەوە ساتیٚکی دریٚژی بیٚدەنگی بەرپابوو، ئینجا؛ "ملازم، تەلەفۆنیٚکی دیکەم بۆ هات. داوای لیٚبووردن دەکەم، زەنگت بۆ لیٚدەدەمەوە." کابرا تەلەفۆنەکەی داخست.

بۆ چەند چرکەیەک کۆللیٚ دەسکی تەلەفۆنەکەی هەر بەدەستەوە بوو. ئینجا بیرۆکەیەکی بۆ هات. ***زانیم، دەنگەکەم ناسیەوە***! ئەم سروشە وای لیٚکرد زۆر پەرۆش بیٚ.

***شوفیٚری ترومبیٚلە زریٚدارەکە.***

***لەگەڵ کاتژمیٚری ڕۆلیٚکسە ساختەکە.***

ئیدی کۆللیٚ تیٚگەیشت بۆچی کابرا خیٚرا تەلەفۆنەکەی داخستەوە. ئاخر ڤیٚرنیٚ ناوی ملازم کۆللیٚی بیرکەوتەوە، ئەو ئەفسەرەی ڕاشکاوانە درۆی لەگەڵ کردبوو.

کۆللیٚ ئەم پەرەسەندنەی لیٚکدایەوە. ***ڤیٚرنیٚ تیٚوە گلاوە***. خۆماکییانە هەستی کردووە پەیوەندی بە فاشیٚوە بکا. لەڕووی هەستوسۆزی وروژاویشەوە، زانی ئەمە دەرفەتیٚکە دەبیٚ بقۆزریٚتەوە.

هەر دەمودەست تەلەفۆنی بە ئینتەرپۆلەوە کرد و داوای زانیاری لەسەر بەرپرسی بانکی زیوریخ بۆ کەلوپەلی ڕاسپاردەیی کرد.

## بەندی ٨٠

- "تکایە پشتێنەکانتان ببەستن،" ئەمە دەنگی فڕۆکەوانی فڕۆکەی هاوکەری ٧٣١ بوو، لەم بەیانییە تەڕ و تەموتومانەدا لە بڵندگۆکەدا گوتی، "لەماوەی پێنج خولەکدا دەنیشینەوە."

کاتێک تیبینگ تەمومژی سەر دەیمەنی (کێنت)ی بەپەرشوبڵاوی بینی، دڵی کرایەوە، ئاخر بۆ نیشتمانەکەی دەگەڕێتەوە. ئینگلستان کەمتر لە سەعاتێک لە پاریسەوە دوور بوو، کەچی هێشتا وایدەزانی یەک دنیا ڕێ دوورە. ئەم بەیانییە، تەم، بەهاری کەسک و ڕەنگینی نیشتمانەکەی وەک ئەوە وابوو بەخێرهاتنەوەی بکا. ***کاتی من لە فەڕەنسا کۆتایی پێهات. سەرکەوتووانەش گەڕامەوە ئینگلستانێ. بەردە کلیلەکە دۆزرایەوە.*** هەڵبەتە، ئەو پرسیارە هەر مایەوە، تۆبڵێی بەردەکلیلەکە بەرەو کوێ سەربکێشی. ***شوێنێک لە شانشینی یەکگرتوو.*** کتومت کوێ، تیبینگ هیچی لێنەدەزانی، لەگەڵ ئەوەشدا تامی سەرکەوتنی کردبوو.

کاتێک لانگدن و سۆفی سەریان هەڵبڕی، تیبینگ هەڵستا و چووە لایەکی دیکەی فڕۆکەکە، کە گەنجینەکەی تێدا دانابوو. لەوێ چەند ژمارەیەکی قفڵی گەنجینەکەی لێدا، کرایەوە، ئەویش پاسپۆرتەکانی لێدەرهێنان. "بەڵگەنامەکانی ڕیمی و من." هەروەها دەستە پارەیەکی پەنجا پاوەنیشی لەنێو سەفتە پارەکە دەرهێنا. "ئەمەش بەڵگەنامەکانی ئێوە."

سۆفی بە خۆپارێزییەوە سەیری کرد. "بەرتیل؟"

- "دیپلۆماسیەتێکی داهێنەرانە. فڕۆکەخانە تایبەتەکان ڕێگەی هەندێ شتی دیاریکراو دەدەن. ئەفسەری گومرگی بەریتانی دێتە لەنگەرگای[248] لێوەستان و بەخێرهاتم دەکا و لێشم دەپرسێ ئاخۆ فڕۆکەکەم چی هەڵگرتووە. لە جیاتی ئەوەی ڕێگەی هاتنە ژووری پێبدەم، پێی دەڵێم لەگەڵ کەسێکی ناوداری فەرەنسی گەشت دەکەم، بەڵام لەبەر زاروزمانی ڕۆژنامەنووسان، خۆت دەزانی، وا چاکە لە بەریتانیا کەس پێی نەزانێ، ئینجا بەخشندانە ئەم سڵاونامەیەی بە نهێنێ دەدەمێ."
- لانگدن حەپەساو دیار بوو. "ئینجا فەرمانبەرەکە وەریدەگرێ؟"
- "لە هەموو کەسێکی وەرناگرێ، بەڵام کەسانێکی وەک من، هەموو دەمناسن. بۆ خاتری ئاسمان، خۆ من بازرگانی بە چەکەوە ناکەم. من بەسوارچاک داندراوم." تیبینگ خەندەیەکی پەڕیە سەرلێو. "ئەندامێتی سوارچاکان ئەم زێدەمافانەشی هەیە."

---

[248] لێرەدا وشەی لەنگەرگام لەبەرانبەر hangarی ئینگلیزییەوە بەکار هێناوە. هەرچەندە لەنگەرگا بۆ جێراوەستانی بەلەم و کەشتییەکان بەکاردێ، لێ لێرەدا بۆ ئەو شوێنە تایبەتە لە فڕۆکەخانەیەکی تایبەت، تا فڕۆکەی تایبەتی لێ بنیشێ و ڕابگیرێ، بەکارم هێناوە. شوێنەکە هەر وەک گەراجێکی گەورەیە.

ڕیمی لە ناوبڕەکەی فڕۆکەکە نزیک بووەوە، دەمانچەی (هێکلەر کۆچیشی) بەدەستەوە بوو، گوتی؛ "گەورەم، من چیبکەم؟"

تیبینگ تەماشای پێشخزمەتەکەی کرد. "تۆ لەناو فڕۆکەکەدا بمێنەوە تا دەگەڕێینەوە لات. خۆ ناتوانین بەنێو لەندەندا ئەمە بەدوای خۆمان ڕاکێشین."

سۆفی نیگەران بوو. "(لای)، من بەڕاستیم بوو، لەبارەی پۆلیسی فەرەنسییەوە باسم بۆ کردی، ئەوان بە نەخشەی فڕینەکەی ئێمەیان زانیوە."

تیبینگ پێکەنی. "بەڵێ، سا ئەو بارە بێنە پێشچاوی خۆیان، کاتێ سەردەکەون و چاویان بە ڕیمی دەکەوێ."

سۆفی سەری لەو ڕەفتارە سوارچاکییەی سوڕما. "لای، ئاخر تۆ بارمتەیەکت بەنێو سنوورە نێودەوڵەتییەکاندا تێپەڕاندووە. ئەمە گاڵتە نییە."

- "پارێزەرەکانی منیش مایەی گاڵتە نین." ئەو ڕووی خۆی لە قەشە بەستراوەکەی دوای فڕۆکەکە کرد. "ئەم ولّساته[249] بەسەر ماڵی دادام و خەریک بوو بمکوژێ. خۆ ئەمە ڕاستییە، ڕیمیش دەیسەلمێنێ."
- "بەڵام تۆ ئەوت کۆتوبەند کرد و لەگەڵ خۆتدا هێناوەتە لەندەن!" لانگدن ئەمەی بە تیبینگ گوت.

تیبینگ دەستی ڕاستەی وەک ئەوەی لەبەردەم دادگادا سوێند بخوا، بەرز کردوە. "تکام وایە ئێوەی شەرەفمەند لەو کارە سەیرەی سوارچاکێک خۆش بن کە بە لای سیستمی دادگای بەریتانییەوە مەیلدارە. من تێدەگەم دەبوایە هانام بۆ دەسەڵاتدارانی فەرەنسی ببردبایە، بەڵام منێکی لووتبەرز متمانەم بە عەدالەتی پێواژۆی ڕێکوڕەوانی فەرەنسییەوە نەکرد. ئەو پیاوە خەریک بوو بمکوژێ. بەڵێ، لە بڕیارەکەدا هەڵپەم کرد، بە یارمەتی پێشخزمەتەکەم دەستوپێمان بەستن و هێنامانە ئینگلستانێ. بەڵام خۆ من لەژێر پاڵەپەستۆی شڵەژانێکی زۆردا بووم. من هەڵەبووم، من هەڵە بووم."

لانگدن سامناکانە دیار بوو. "(لای)، لەبەر ئەوەی قسەی تۆیە، ڕەنگبێ بەسەریاندا تێپەڕ بێ."

- "گەورەم،" فڕۆکەوانەکە وا بانگی تیبینگی کرد. "تازە لە تاوەری چاودێرییەوە پەیوەندییان پێوە کردم. ئەوان جۆرە گرفتێکیان لە نزیک لەنگەرگای فڕۆکەکەمان هەیە، داوایان لێکردم فڕۆکەکە ڕاستەوخۆ بەرمە تەرمینالەکە."

---

[249] ولّسات: ئاژەڵ.

- ئەوە بۆ دەساڵ دەچێ تیبینگ هەر گەشت بەو فڕۆکەخانەیەدا دەکا، تائێستا شتێ وا ڕووی نەداوە. "ئایا ئەوان باسی کێشەکەیان کرد؟"
- "قسەکانی چاودێرەکە تەمومژاوی بوون. شتێک دەبارەی دزەکردنی بەنزین لە ترۆمپای وێستگەکە؟ پێیان گوتم فڕۆکەکە لەبەردەم تەرمینالەکە ڕابگرم، نابێ کەسیش دابەزێ تا ئاگادارمان دەکەنەوە. ئاگادارکردنەوەیەکی خۆپارێزانە. بۆیە نابێ لە فڕۆکەکە دابەزین تا دەسەڵاتدارانی فڕۆکەخانەکە هەموو شتێک ڕێک دەخەن."

تیبینگ گومانی پەیدا کرد. ***وای لەو بەنزین دزەکردنە نەفرەتییە.*** ئاخر ترۆمپای بەنزینی وێستگەکە نیو میلی ڕێک لە شوێنی وەستانی ئێمەوە دوورە.

- ڕیمیش نیگەران دیار بوو. "گەورەم، ئەمە بۆنی شتێکی ناتەندروستی لێ دێ."

تیبینگ گەڕایەوە سەر سۆفی و لانگدن. "برادەرەکانم، من گومانێکی نەخوازراوم هەیە، دیارە کۆمیتەیەکی بەخێرهێنان خەریکە بێتە ئێرە."

لانگدنیش ئاهێکی ساردی هەڵکێشا. "وایدەبینم هێشتا فاشێ دەیەوێ من ببا."

- "ئەمەیان،" سۆفی بوو واکەوتە قسە، "یاخود ئەو ئەوەندە دوور ڕۆیشتووە هی ئەوە نییە دان بە هەڵەی خۆیدا بنێ.

تیبینگ گوێی لێنەگرتن. سەرباری ئەوەی لەمێشکی فاشێدایە، دەبوایە زوو دەستوبرد بکا، جامەکە ئەوەندە نزیکە خەریکە بکەوێتە بەردەستمان. ***دەی، چاوت لەسەر دوا ئامانج هەڵمەبڕە.*** لە خوارەوەش ئامێری دابەزێنەری پەیژەکە کرتەیەکی لێوەهات.

- "(لای)،" لانگدن قسەی کرد و دەنگیشی بۆنی پەشیمانی لێوە دەهات. "من دەبێ بە شێوەیەکی قانونیانە خۆمیان ڕادەست بکەم. تۆش لەو هەموو گۆبەندە دەردەچی."
- "ئای خوایە!" تیبینگ بە ئاماژەیەک ڕەتی کردەوە و گوتی، "ڕۆبەرت، ئایا پێتوایە گەر خۆیان ڕادەست بکەی، واز لە باقییەکەی بێنن؟ ئاخر هەر تازە من تۆم بە قاچاغ هێناوەتە ئێرە، خاتوو نیڤۆش هاوکاری کردی تا لە لۆڤەر ڕابکەی، هەروەها پیاوێکیشمان لە پشتی فڕۆکەکە توند بەستۆتەوە. هەر بەڕاستی، ئێمە ئێستا هەموومان بەیەکەوە گیرۆدەین."
- سۆفی گوتی؛ "بەڵکو لە فڕۆکەخانەیەکی دیکەوە؟"
- تیبینگ سەری بادا. "خۆ ئەگەر دەستمان لێرە بەر ببێ، ئەوا لەهەر شوێنێکی دیکە تا ڕێگەمان پێدەدەن، لەوانەیە بە تانک بێنە پێشوازیمان!"

سۆفی لەشوێنی خۆی بە بەبێهێزی داشکایەوە.

تیبینگ هەستی بۆ ئەوە ڕۆیشت، خۆ ئەگەر جارێ هەر هیچ نەبێ، تا جامە پیرۆزەکە دەدۆزنەوە، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کاربەدەستە بەریتانیەکان بوەخرێنن، ئەوا دەبێ کارێکی

مەردانە بکەن. "خولەکێکم دەرفەت بدەرێ،" تیبینگ وای گوت ، ئیدی بە خۆی و قاچی شەلەوە بەرەو کابینەی فڕۆکەوانەکە چوو.

- لانگدن لێی پرسی؛ "باشە، چی دەکەی؟"
- "کۆبوونەوەی فرۆشیاری." تیبینگ وای پێگوتەوە، مەراقیش ما، ئاخۆ داواکردنی ئەو مانۆرەی لە فڕۆکەوانەکەی دەکا، تا گوێیان پێنەدا و ڕاستەوخۆ بچێتە شوێنە دیارکراوەکەی پێشتر، چەندی تێبچێ.

# بەندی ٨١

فڕۆکەی هاوکەرەکە لە کۆتایی نزیکبوونەوەی خۆی دابوو.

(سیمۆن ئێدوارد) ئەفسەری جێبەجێکاری خزمەتگوزاری فڕۆکەخانەی (بیگین هیل) هەر بەنێو کابینەی تاوەری چاودێرییەکەدا دەهات و دەچوو، بە دەمارگرژی و مرو مۆنییەوە چاوی لە لێزمەی بەخوڕبارینی بارانەکە دەکرد. هەرگیز ئەوەی پێخۆش نەبوو بەم بە سپێدە زوویەی رۆژی شەممە لەخەو بێدار بکرێتەوە، بەڵام ئەوەی قورەکەی خەستتر کرد، لەسەر داوای وڵاتێکی ئەودیو زێ، هەوڵی دەستگیرکردنی یەکێ لە مەعمیلە هەرە بەخشندەکانی بدا. ئاخر (سێر لای تیبینگ) نەوەک بۆ فڕۆکەخانەی (بیگین هیل) لەبەرامبەر لەنگەرگەی تایبەتی لێراگیرانی فڕۆکەکەی دەستکراوە بوو، بەڵکو بەردەوام لە هاتن و چوونەکانیدا بەخشیشی چەوریشی دەدایە کارمەندان. بە شێوەیەکی ئاسایی، پێشوەختە فڕۆکەخانەکە لە خشتەی گەشتەکانی ئاگادار دەکرایەوە، ئەوانیش رێکاری شایستەی پێشوازیلێکردنیان بۆ دەگرتەبەر. تیبینگیش حەزی دەکرد وابێ. لیمۆزینەکە، ترومبێلە تایبەت دروستکراوەکەشی لە گەراجەکەدا رادەگیرا، دەشورا و بریقەی دەهات تا ئەو دەهاتەوە، بە باشی ئامادە دەکرا و دانەیەکی نوێی رۆژنامەی (تایمز)یشی بۆ لەسەر گوشنی پشتەوە دادەندرا. کارمەندی گومرگیش لەبەر دەرگەی فڕۆکەکەی لە گەراجە تایبەتەکەی دەوەستا، تا بەڵگەنامەکانی گەشتنامە و جانتاکانی بپشکنێ. زۆر جاران ئەو کارمەندانە بەخشیشی باشیان لەبەرامبەر چاوپۆشینیان لە هێنانی هەندێ شتی تایبەت، کە لە بەرتیانیادا نەبوو، وەردەگرت. شتەکانیش وەک خواردنی ئەندامی، پەنیری تایبەتی فەرەنسی، میوەی تایبەت، هەموو ئەو شتانەش هیچ زیانێکیان نەبوو. ئاخر زۆر لە قانون و رێساکانی گومرگەکان گەلحۆن، هەرچۆنێک بێ، خۆ ئەگەر فڕۆکەخانەی (بیگین هیل) مشووری مەعمیلەکەی نەخوا، بەدڵنیاییەوە فڕۆکەخانە رکابەرەکانی دیکە دەیکەن. هەرچی تیبینگ داخوازی بێ، فڕۆکەخانەکە بۆی جێبەجێ دەکا، لەبەرانبەریشدا کارمەندەکانی سوودمەند دەبن.

ئیدی (ئێدوارد) کە بینی فڕۆکەکە وا دەنیشێتەوە، هەستی بە گرژبوونی دەمارەکانی خۆی دەکرد. مەراقی ئەوەش ما تۆبڵێی سزای تیبینگ چەند قورس بێ، کە سەرمایەی پەرشوبڵاوکردنەکەی گەیاندبێتیە ئەو گۆبەندە؛ ئاخر دەسەڵاتدارانی فەرەنسی داوایان لە پۆلیسی خۆجێی شاری (کێنت) کردبوو، ئاگاداری تیبینگ بن و بیگرن. هێشتاش بە ئێدوارد نەگوترابوو، ئاخۆ تۆمەتەکانی سەر تیبینگ چین. لەسەر داوای دەسەڵاتدرانی فەرەنسا، پۆلیسی کێنت داوای لە چاودێری فڕۆکەخانەی (بیگین هیل) کرد، لەرێی رادیۆوە بە فڕۆکەکە بڵێ، بچێتە

یەکێ لەتەرمینالەکان و لە لەنگەرگا تایبەتەکەی خۆی ڕانەگرێ. دیاربو فڕۆکەوانەکەش قایل ببوو، بڕوای بەوە کردبوو، گوایە بەنزین لە گەراجە تایبەتەکەیاندا ڕژاوە.

هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی پۆلیسی بەریتانی چەکیان هەڵنەدەگرت، بەڵام دژواری ڕەوشەکە وای کردبوو، تیمێکی چەکداریش لەوێ ئامادە بێ. ئێستا هەشت پۆلیس بە چەکی دەستییەوە لەبەردەم باڵەخانەی تەرمینالەکە وەستاون، چاوەڕێی ساتی کوژاندنەوەی مەکینەی فڕۆکەکە دەکەن. کاتێکیش ئەوە ڕووی دا، دەمودەست تیمێک دەچێ و بەربەستێک دەخاتە بەردەم تایەکانی فڕۆکەکە، بۆ ئەوەی چیدی نەجووڵێ. ئینجا پۆلیس پەیدا دەبێ و ئەو ناوە دەگرێ و ئابڵوقە دەدا، چاوەڕێی هاتنی پۆلیسی فەرەنسی دەکەن، تا کاری خۆیان بکەن.

هەنووکە فڕۆکە (هاوکەرەکە) نزم بووەوە، لە ئاسمان دابەزی، بە نەوی بەسەر داروبارەکاندا هات و لای ڕاستی گرت. سیمۆن ئێدواردیش لە تاوەرەکە هاتە خوار، تا لە نزیکەوە چاو لە دابەزین و هەڵنیشتنەوەی فڕۆکەکە بکا. پۆلیسی کێنت لەوێ لە شوێنێک کە بەرچاو نەبوو لەسەر پێ بوو، ئەو کارمەندەی ئەرکی ڕاگرتنی تایەکانی لەئەستۆ بوو، ئەویش سازوئامادە بوو. لەوێ لەسەر ڕێڕەوی دابەزین، فڕۆکەکە بەدەر کەوت، نیشتەوە، لمۆزی بەرزبوو، تایەکانی پشتەوە کەوتنە سەر زەوی و دووکەڵێکی چڕی بەبا کرد. فڕۆکەکە خێراییەکەی هێورکردەوە، لەڕاستەوە بۆ چەپ بە بەردەم تەرمینالەکەدا ڕۆیشت، ڕەنگە سپییەکەی فڕۆکەکە لەبەر باران بریسکەی دەدایەوە. بەڵام لەجیاتی ئەوەی وەک ڕەچاودەکرا هەر لەوێ بوەستێ، کەچی بە هێواشی هێڵی ئەوێی ڕەت دا و لە لەنگەرگا تایبەتەکەی تیبینگ نزیک بووەوە.

هەموو پۆلیسەکان ڕوویان لە ئێدوارد کرد. بەرپرسەکەشیان پێیگوت؛ "پێموابێ تۆ گوتت، فڕۆکەوانەکە قایل بووە بێتە بەردەم تەرمینالەکە!"

ئێدواردیش بە ئەبڵەق مانەوە گوتی، "بەڵێ وای گوت!"

چەند چرکەیەک دواتر، ئێدواردیش خۆی وا بینییەوە لەگەڵ ترومبێلەکانی پۆلیس بە خێرایی ئەو مەودایەی نێوان تەرمینالەکە و گەراجە تایبەتییەکەی تیبینگیان دەبڕی. کاروانی ترومبێلەکانی پۆلیس، هەر پێنجسەد مەترێکیان مابوو، کە فڕۆکە هاوکەرەکە بە هێواشی چووە نێو لەنگەرگا و لە بەر چاوان ون بوو. لەدواییشدا کە ترومبێلەکان گەیشتنە ئەوێ، لەدەرەوەی گەراجەکە ڕایان گرت، پۆلیس بەخۆی و چەکەکانیان لێهاتنەدەر.

ئێدوادریش بە پڕتاو لە ترومبێلەکە دابەزی.

دەنگەدەنگ، گوێی کەڕدەکرد.

هێشتا مەکینەی فڕۆکە (هاوکەرەکە) هەر پێ بوو، تا بەتەواوی لە گەراجەکە چووە ژوور و سووڕایەوەش، ئیدی ڕەوشێکی وای وەرگرت، ئامادەی دەرچوون بێ. کاتێکیش فڕۆکەکە ١٨٠ پلە بایدایەوە، بەرەو پێشەوەی گەراجەکە هاتەوە، ئێدوارد ڕووخساری فڕۆکەوانەکەی بینی، کە چۆن بەشێوەیەکی لێتێگەیشتوانە بەبینینی ئەو بەربەستە ترومبێلانەی پۆلیس سەرسام ببوو.

فڕۆکەوانەکە فڕۆکەکەی ڕاگرت و لە دواییشدا مەکینەکەشی کوژاندەوە. پۆلیسیش بەوناوەی وەرکرد و شوێنی خۆیان لە دەوروبەری فڕکەکەدا گرت. ئێدواردیش خۆی گەیاندە کن بەرپرسی پشکنەری پۆلیسی کێنت، کە بەپارێزەوە بەرەو دەروازەی گەراجەکە دەڕۆیشت. دوای چەند چرکەساتێکی دیکە، دەرگای فڕۆکەکە کرایەوە.

کاتێک پەیژە ئەلیکرتۆنییەکە بە دەرکەی فڕۆکەکە ڕانرا، لای تیبینگیش بەدیار کەوت و بەڕەوانی هاتەخوار. کاتێکیش سەیری دەوروبەری خۆی کرد، هەمووی چەکەو ڕاکێشراوە، خۆی بەسەر داردەستەکانیدا گرت و سەری بەرز کردەوە و گوتی؛ "(سیمۆن)، تۆبڵێی کە من لێرە نەبووبم، پاداشتی بەختی پۆلیسم بۆ دەرچووبێ" دەنگی تیبینگ زیاتر مەراقمانی پێوە دیار بوو لەوەی نیگەران بووبێ.

(سیمۆن ئێدواردیش) یەک دوو هەنگاوی لێ چووە پێش، وەک ئەوەی شتێکی لە قورگ دابێ و قووتی بداتەوە. "جەناب، بەیانی باش. داوای لێبووردن لەو شێوە پێشوازییە دەکەم. ئێمە دزەکردنێکی بەنزینمان لێرە هەبوو، بە فڕۆکەوانەکەشتم گوت لەوێ لە تەرمینالەکەدا ڕایبگرێ."

- "بەڵێ، بەڵێ، لەجیاتی ئەوەی لەوێ ڕابگرێ، پێم گوت بێتە ئێرە. من لە وادەدیدارێکم دواکەوتووم. هەر بۆیەش پارە بەو گەراجە تایبەتییە دەدەم، ئەو هاتوهاوارەی سەبارەت بە دزەکردنی بەنزین لێروکانەدا، پێدەچێ ئاگادارییەکی پێشوەختەی زیاد بێ."

- "جەناب، ببوورە، هاتنی تۆ هەندێ لە ناکاو بوو."

- "دەزانم. هاتنەکەم لە نەخشەدا نەبوو. بەینی خۆمان بێ، ئەو دەرمانە نوێیەم سەری لێ تێکدام. پێموابوو بێم و پشکنینێکی بۆ بکەم."

هەموو پۆلیسەکان ئاوڕیان لە یەکدی دایەوە. ئێدواردیش چاوێکی تروکاند. "جەناب، زۆر باشە."

- "جەناب،" ئیدی بەرپرسە پشکنەرەکەی پۆلیسی کێنت کەوتە قسە و هەنگاوێکیشی لێهاتە پێش. "پێویستە ئەوەت پێبڵێم، دەبێ تا نیو سەعاتی دیکە هەر لەنێو فڕۆکەکەدا بمێنیتەوە."

تیبینگ کاتێ لە دوا پەیژەکەدا دابەزی و پێی گەیشتە سەر زەوی، پەست دیار بوو. "بە داخم، پێت بڵێم ئەمە ئەستەمە. من وادەدیدارێکی پزیشکم هەیە." ئیدی پێی گەیشتە سەر قیر. "ناشبێ وادەکەم لەدەست بچێ."

بەرپرسی پۆلیس بە شێوەیەکی وا لێیچووە پێش، وەک ئەوەی بەری ڕۆیشتنی پێبگرێ. "لەسەر فەرمانی پۆلیسی دادوەری فەرەنسی هاتوومەتە ئێرە. ئەوان دەڵێن، ڕاکردووی دەستی قانونت لەنێو فڕۆکەکەدا بارکردوون!"

تیبینگیش بۆ ساتێکی درێژ لە پشکنەرە پۆلیسە ڕاما، ئینجا لە تریقەی پێکەنینی دا. "ئەرێ ئەمە گرتەیەکی کامێرای شاراوەیە؟ ئای خودایە!"

چاوەکانی پشکنەرەکە بۆ ساتێکیش لەسەر تیبینگ لانەکەوت. "بەڕێز، ئەمەیان دۆزێکی ڕاستییە. پۆلیسی فەرەنسی دەڵی تۆ بارمتەیەکیشت لەسەر پشتی فڕۆکەکە بار کردووە."

ڕیمی خزمەتکارەکەی تیبینگیش تازە لە دەروازەی فڕۆکەکە، لە پەیژەی یەکەم بەدەر کەوت و لە پەیژەکان بەرەو لای گەورەکەی دابەزی. "من هەست دەکەم وەک بارمتەیەکی بەڕێز لای تیبینگم، بەڵام ئەو دڵنیام دەکاتەوە لە ڕۆیشتن ئازادم." ڕیمی سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستی کرد و ئینجا گوتی، "گەورەم، هەر بە ڕاستی دواکەوتین." ئاماژەشی بە لیمۆزینە جاگوارەکە کرد، کە لە دوورەوە لە گۆشەی گەراجەکەدا ڕاگیرا بوو. ترومبێلێکی پانوبەرینی ڕەشی جام تاریکی ویل سپی بوو. "دەچم ترومبێلکە دەهێنمە ئێرە." وای گوت و لە پەیژەکان هاتەخوار.

- "بەداخەوە، نابێ ڕێگاتان بدەم لێرە بڕۆن." بەرپرسی پشکنەری پۆلیس وای پێگوتن. "تکایە بگەڕێنەوە سەر پشتی فڕۆکەکە. ئێوە هەردووکتان. نوێنەرایەتی پۆلیسی فەڕەنسی زۆری پێناچێ دەگا."

- ئیدی تیبینگ ئەمجارە ڕووی کردە سیمۆن ئێدوارد. "(سیمۆن)، بۆ خاتری ئاسمان، ئەم قەشمەرجارییە چییە! ئێمە کەسی دیکەمان لە نێو فڕۆکەکە لەگەڵدا نییە. هەروەک جاران؛ ڕیمی، فڕۆکەوانەکە و خۆم. بەڵکو وەک ناوبژیوانێک بکەویتە نێوانمانەوە؟ دەی بڕۆ سەرکەوە، فڕۆکەکە بپشکنە، بزانە بەتاڵە یان نا؟"

- ئێدواردیش دەیزانی کەوتۆتە نێو داو. "بەڵێ جەناب. دەچم سەیری دەکەم."

- "گۆشت بە کتکێ[250] بسپێرە!" پشکنەرە بەرپرسکە وای ڕاگەیاند، دیاربوو بایی خۆی بەو پەیوەندییەی نێوانیان دەزانی تا گومان لە سیمۆن ئێدوارد بکا، بەوەی درۆ بۆ تیبینگ بزنسمانی مەعمیلی فڕۆکەخانەکە بکا. "من خۆم دەچم دەیپشکنم."

- تیبینگ سەری بۆ بادا. "نەخێر، پشکنەر، بۆ تۆ نابێ. ئەمەیان موڵکێکی تایبەتە، تا ئەوکاتەی مۆڵەتنامەی دادوەریت پێ نەبێ، بۆت نییە بچی سەیری بکەی. دەبێ تۆ لە فڕۆکەکەم دوور کەویتەوە. من چارەسەرێکی لەبارم بۆدۆزیتەوە، با بەڕێز ئێدوارد بچێ و سەیری بکا."

- "نەخێر وانابێ."

میزاجی تیبینگ تێکچوو. "ئەی پشکنەر، بە داخەوە، کاتی ئەوەم نییە لەگەڵت بکەومە قرە. من دواکەوتووم، وا دەڕۆم. ئەگەر شتەکەت زۆر لەلا گرنگ بێ، بموەستێنی، تەقەم لێ بکە."بەم قسەیە، تیبینگ و ڕیمی بە دەوری پشکنەرەکەدا سووڕانەوە بەرەو گۆشەی گەراجەکە، ئەو شوێنەی ترومبێلەکەی لێڕاگیرابوو، هەنگاویان نا.

کاتێک تیبینگ بە شەلەشەل ڕۆیشت و گوێی بە پشکنەرەکە نەدا، قینی هەڵسا. ئاخر ئەو جۆرە کەسە تایبەتانە هەمیشە وا سەیری خۆیان دەکەن، کە لەسەرووی قانونن.

***خۆ واش نین.*** ئیدی پشکنەرەکە ئاوڕی دایەوە و ڕووی دەمانچەکەی لە پشتی تیبینگ کرد و پێی گوت."بوەستە! دەنا تەقە دەکەم!"

- "دەی بیکە،" تیبینگ وا وەڵامی دایەوە، بێ ئەوەی هەر ئاوڕیشی لێبداتەوە. "هەر پارێزەرەکانم بۆ چێشتەنگاو سوورت دەکەنەوە. خۆ ئەگەر بوێری پێ بخەیتە سەر فڕۆکەکەم، ئەو کاری تۆ تەواو."

پشکنەرەکە نەکەوتە بن باندۆری ئەو گەفانە، ئەم جۆرە هەڕەشانە بۆ ئەو نامۆ نەبوون. لە ڕووی تەکنیکییەوە، تیبینگ ڕاست بوو، ئاخر پۆلیس پێویستی بە یاداشتی دادوەر هەبوو تا بچێتە نێو فڕۆکە تایبەتییەکەی، بەڵام لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتەوە فڕۆکەکە لە فەرەنساوە هەڵفڕیوە، بەهۆی ئەوەی بازو فاشێی دەسەڵاتدار فشارێکی زۆری کردبووە سەر، بەرپرسی پشکنەری پۆلیسی کێنت کەوتبووە بەردەم دووڕیانێک، هەستیکرد بۆ کارنامەی خۆی واباشترە

---

[250] کتک: پشیلە.

دڵنیابێ، ئاخۆ فڕۆکەکەی تیبینگ چی لەنێودا شاردراوەتەوە، کە ئەوەندە پێداگیری لەسەر نەچوونی دەکا.

- "ڕایان گرن،" پشکنەرەکە فەرمانی وای بۆ پۆلیسەکانی دەرکرد. "منیش دەچم فڕۆکەکە دەپشکنم."

پیاوەکان غاریان دا و لوولەی چەکەکانیان ئاراستەی هەردوو پیاوەکە کردن و ڕێگەی ڕۆیشتنیشیان لێگرتن و لێنەگەڕان بگەنە لیمۆزینەکە.

ئێستا تیبینگ وەرسووڕایەوە. "ئەرێ هۆ پشکنەر، ئەمە دوا ئاگادارکردنەوەیە. بیر لەوە نەکەیتەوە بچینە نێو فڕۆکەکەم. دەنا پەنجەی پەشیمانی دەگەزی."

بەرپرسی پۆلیس گوێی بە هۆشدارییەکە نەدا، بە پەیژەکان لێوە سەر کەوت. کاتێک گەیشتە دەرگەکە، سەیری ناوەوەی کرد. دوای خولەکێک، چووە نێو کابینەکە، ***ئای لەو ئەهریمەنە***؟"

فڕۆکەوانێکی تۆقیوی لەنێو کابینەکەدا بینی، باقی فڕۆکەکە خاڵی بوو. هیچ کەسی لە نێودا نەبوو. هەر خێرا ئاودەستخانە، کورسی و بن کورسییەکان و جێی جانتاکان گەڕا، هیچی نەبینی شاردرابێتەوە.... کەم تا زۆر هەر کەلوپەلی تاکەکەسی بوو.

***وای لەو دۆزەخە، تۆبڵێی بازو فاشێ بەچی زانیبێ***؟ پێدەچێ تیبینگ ڕاستی گوتبێ.

پشکنەری پۆلیسی (کێنت) بەتەنیا لەنێو فڕۆکە بەتاڵەکەدا بوو، لە تووڕەییانیش هەر خۆی دەخواردەوە. دەمووچاوی سوورهەڵگەڕا، هەنگاوی بەرەو دەرکەی فڕۆکەکە نا، لەوێ سەیری لای ترومبێلە لیمۆزینە جاگوارەکە کرد، بینی پیاوەکانی لە نزیک ترومبێلەکە ڕێیان لە تیبینگ و خزمەتکارەکەی گرتووە. لە شوێنی خۆیەوە بانگی کردن؛ "لێیان گەڕێن با بڕۆن. خەبەردانێکی درۆزن دەرچوو."

لەو دووریەشدا چاوەکانی تیبینگ سووکایەتیان لێدەباری. "دەبێ چاوەڕێی پەیوەندی پارێزەرەکانم بکەی. وەک ئاماژەیەکی داهاتووش، پۆلیسی فەرەنسی هی باوەڕ پێکردن نییە."

بەم قسەیە، خزمەتکارەکەی تیبینگ، دەرکەی پشتەوەی ترومبێلەکەی کردەوە، یارمەتی پیاوە شەلەکەی دا تاسوار ببێ. ئینجا خۆی وەرسووڕاو چووە پشتی سووکانەکە دانیشت و سلفی لێدا. پۆلیسەکانیش لە دەوری جاگوارەکەدا کشانەوە.

- "ئەرێ پیاوە باشەکان، نمایشێکی جوانتان کرد." کاتێک لیمۆزینەکە خێراییەکەی زیاد بوو، تیبینگ لەسەر کورسی پشتەوە وا دەنگی هات. "خۆ هەمووان ئاسوودەن؟"

لانگدن کزە ئاماژەیەکی بۆ کرد. خۆی و سۆفی هێشتا لەپشتەوەی ترومبێلەکە، لەسەر بۆدیەکە لەپاڵ زەلامە بەڵەکە دەستوپێ بەستراوەکە پاڵ کەوتبوون.

پێش چەند خولەکێک پێشتر، کاتێ فڕۆکە (هاوکەرە)کە لە گەراجە تایبەتییەکە وەژوور کەوت، ڕێمی دەرگای فڕۆکەکەی کردەوە، هێشتا فڕۆکەکە خولەکەی لە نێو گەراجەکە لێ نەدابووەوە. کاتێکیش پۆلیس لە دەروازەی گەراجەکە نزیک کەوتنەوە، لانگدن و سۆفی قەشە بەستراوەکەیان ڕاکێشا بە دەرگەیەکی فڕۆکەکە بردیانە خوار و خستیانە پشتی لیمۆزینەکە. ئینجا مەکینەی فڕۆکەکە بەگەڕ کەوتەوە، پێچەکەی خۆی تەواو کرد و وەرسووڕایەوە و ڕووی لە دەروازەی لەنگەرگە تایبەتەکە کردەوە.

ئێستاش لیمۆزینەکە بە خێرایی بەرەو کێنت دەڕوا، لانگدن و سۆفی بە بازدان لە دواوە، لەلای قەشەکە هاتنەوە لای تیبینگ و قەشەکەیان بەتەنیا لەوێ بەجێهێشت. پیاوە ئینگلیزەکەش خەندەیەکی گەشی بۆ کردن و سەری بارەکەی هەڵدایەوە. "دەکرێ خواردنەوەیەکی تەڕو تازەتان پێشکەش بکەم؟ هەندێ شت بۆ خواردن؟ جیپس؟ کاکڵ؟"

هەردووکیان، سۆفی و لانگدن سەریان بۆ بادا.

تیبینگ دانی گڕ کردنەوە و سەری بارەکەی داخستەوە. "کەواتە، با لەبارەی گۆڕی سوارچاکەکە ..."

# بەندی ٨٢

"شەقامی فلیێت؟" لانگدن لە ئاوڕی لە تیبینگ دایەوە کە لەسەر کورسی پشتەوەی لیمۆزینەکە دانیشتبوو، لێپرسی. ***سارنجە ژێرمینێک لە شەقامی فلیێتدا هەیە***؟ تا ئەو ڕادەیە تیبینگ سەبارەت بە گۆڕی سوارچاکەکە خۆگر بوو، ئەو گۆڕەی بە گوێرەی شیعرەکە بوایە، پاسوۆردی کردنەوەی کریپتیسە بچکۆلانەکە بوو.
تیبینگ ددانەکانی گڕ کردنەوە و رووی خۆی سووڕاندەوە لای سۆفی. "خاتوو نیڤو، ئەگەر زەحمەت نەبێ، دەکرێ جارێکی دیکە ئەو کوڕەی (هارڤادر) چاوێکی دیکە لە شیعرەکە بکاتەوە؟"
سۆفی گیرفانی خۆی گەڕا و کریپتیسە ڕەشەکەی هێنایە دەر، پارچە کاغەزێکی لە پێستی مامز خۆشکرواى لێ وەرپێچرابوو. هەمووان لەگەڵ ئەودابوون، کریپتیسە گوڵە ڕەزە گەورەکە لەنێو سندووقی گەنجینەی فڕۆکەکە جێبێڵن، چونکە هەم هەڵگرتنی زەحمەتتر بوو، هەم پێویستیشیان پێی نەبوو، تەنها ئەو پارچە شیعرە لوولدراوە و کریپتیسەکەی دووەم بەس بوو. ئیدی سۆفی پێستەکەی لە کریپتیسەکە کردەوە و دایە دەست لانگدن.

هەرچەندە لانگدن لە نێو فڕۆکەکدا چەند جارێک شیعرەکەی خوێندبووەوە، بەڵام لەوەدا سەرنەکەوت شتێکی وا لەبارەی شوێنی دەستنیشانکراو هەڵبکرێنێ. ئێستاش، جارێکی دیکە شیعرەکەی خوێندەوە، ئەمجارەیان بەهێواشی و ئەسپایی خەریکبوو واتای شیعرە پێنج بڕگەییە درێژەکەی بۆ ڕوون ببێتەوە.

***لە لەندەن سوارچاکێک کەوتووە، پاپا ناشتوویەتی***

***بەرهەمی کارەکەی بۆتە مایەی دەهریبوونی کورسی پیرۆز***

***تۆ سەیری ئەو تۆپە دەکەی کە دەکرێ لەسەر گۆڕەکەی بێ***

***ئەویش باسی گۆشتێکی گوڵەڕەزی و تووی نێو ڕەحم دەکا.***

دیارە زمانی شیعرەکە زۆر سادەیە. لە لەندەندا سوارچاکێک نێژراوە. سوارچاکێک کە کارەکەی بۆتە مایەی ڕق و توورەیی کڵێساکە. سوارچاکێک گۆڕەکەی تۆپێکی ونبووی دەبوایە لەسەر بووایە. دوایین ئاماژەی شیعرەکە -گۆشتکی گوڵەڕەزی و تووی چێندراو لە نێو ڕەحم- زۆر ئاشکرا نیشانە بە ماری ماجدەلینا دەکا، ئاخر ئەو، ئەو گوڵەڕەزە کە تووی عیسای لە هەناودا هەڵگرتبوو.

وێڕای ڕوونی پارچە شیعرەکە، کەچی هێشتا لانگدن هیچ بیرۆکەیەکی سەبارەت بە گۆڕی ئەو سوارچاکەی لێی نێژراوە، نەبوو. لەوەش پتر، هۆنراوەکە ئاماژە بە شوێنێک دەکا، وا دیارە لەشوێنێک بگەڕێن دیار نەمابێ. ***ئەو تۆپەی دەکرێ لەسەر گۆڕەکە هەبێ***؟

– "هیچ بیرۆکەیەک؟" تیبینگ بە بێئومێدی پێکەنی، لەگەڵ ئەوەشدا لانگدن هەستی کرد مێژوونووسی پاشایەتی خۆشی لەوەدا دەبێنی، کە لەمەیاندا بەسەریدا زاڵ بووە. "خاتوو نیڤو؟"

ئەویش سەری بۆ بادا.

– "باشە ئێوە هەردووکتان بە بێ من چیتان دەکرد؟" تیبینگ وای پێگوتن. "زۆر چاکە، من دەمەوێ پێبەپێی دێڕەکانی شیعرەکە لەگەڵتاندا بڕۆم. هەر بەڕاستیش واتاکەی ئاسانە. دێڕی یەکەمی شیعرەکە، کلیلەکەیەتی. ئەگەر زەحمەت نەبێ جارێکی دیکە نایخوێنیتەوە؟"

– لانگدن بە دەنگ خوێندییەوە. "لە لەندەدا سوارچاکێک کەوتووە، پاپایەک ناشتوویەتی."

– "کتومت. سوارچاکێک، پاپا ناشتوویەتی." تیبینگ چاوی لە لانگدن کرد، "ئەرێ ئەمە واتای چییە؟"

– لانگدنیش شانی بۆ هەڵتەکان. "سوارچاکێک لەلایەن پاشایەک نێژراوە؟ سوارچاکێک لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنیدا، پاپا لەپێشەوە ڕۆیشتووە؟"

تیبینگ بە دەنگ پێکەنی. پەکوو لەو بەخشندەییە. ڕۆبەرت، تۆ هەمیشە گەشبینی. سەیری دێڕی دووهەمی بکە. ئەم سوارچاکە پێدەچی شتێکی کردبێ ڕقی پیرۆزی پاپای لەخۆی هەڵساندبێ. دووبارە بیر بکەوە. ئەو پەیوەندییە دینامیکییەی نێوان کڵێساکە و سوارچاکانی پەرستگا لێک بدەرەوە. سوارچاکێک ، پاپایەک ناشتوویەتی؟"

– "سوارچاکێک، پاپایەک کوشتوویەتی؟" سۆفی بوو وا هەڵیدایێ.

تیبینگ خەندە دایگرت و دەستێکی بەسەر ئەژنۆی سۆفیدا داهێنا. "ئازیزەکەم، زۆر باشە. سوارچاکێک ، پاپایەک ناشتی یان کوشتی."

لانگدنیش بیری بۆ کوشتارگە شوومەکەی دەوروبەری ساڵی ١٣٠٧ چوو، کە لە سوارچاکانی پەرستگا کرا. ئەوێ ڕۆژێ، ڕۆژی هەینی بەدبەختی سیزدەهەمین بوو، کە پاپا کلیمێنت سەدان سوارچاکی پەرستگای کوشت و ناشت. "بەڵام هەر دەبێ گۆڕی بێ ژماری ئەو سوارچاکانەی بە دەستی پاپاکان کوژراون، هەبن."

– "ئاها، نەخێر بەو شێوە نییە!" تیبینگ وای پێگوتەوە. "زۆریان هەر دەستبەجێ بەدارتێبڕین سوتێندران، تەرمی ژمارەیەکی زۆریشیان فڕێدرانە نێو ڕووباری (تایبەر)[251]. بەڵام ئەم پارچە شیعرە نیشانە بە گۆڕێک دەکا. گۆڕێک لە لەندەن. خۆی لەوێ، لە لەندەن هەر چەند سوارچاکێکی لێ نێژراون." تیبینگ لە قسەکردن وەستا، چاوی لە لانگدن کرد وەک ئەوی شتێکی بۆ بێ. لەکۆتاییشدا بە قسە هاتەوە؛ "ڕۆبەرت، بۆ خاتری ئاسمان! کڵێساکە لە لەندەن بەدەستی هێزی سەربازی سایۆن ڕۆنرا، سوارچاکانی پەرستگا خۆیان!"

– "کڵێسای پەرستگاکە؟" لانگدن وای گوت و هەناسەیەکی سەرسوڕمانانەی هەڵکێشا. "ئەویش سارنجە ژێرزەمینێکی هەیە؟"

– "دە لە گۆڕە هەرە ترسناکەکانی کە لەژیانتدا بینیبێتن، لەوێدا هەن."

لە ڕاستیدا لانگدن هەرگیز سەردانی کڵێسای پەرستگاکەی نەکردبوو، هەرچەندە لە ژمارەیەک لێکۆڵینەوەی لەربارەی مریدانی سایۆن ناوی هێنابوو. سەردەمێک، کاتێک کڵێساکە بنیاتنراو ببووە مەکۆی دەستەی مریدایەتی لە شانشینی یەکگرتوو، ناوی کڵێسای پەرستگاکەش هەر لەسەر شەڕەفی پەرستگای سولەیمانەوە ناونراوە، ئەو پەرستگایەی کە سوارچاکانی پەرستگاش ناوەکەی خۆیان لێهەڵهێنجاوە، هەروەک بەڵگەنامەکانی سانگریال ئەو هێز و توانایەی لە ڕۆما پێ بەخشین. هەقایەتگەلێک باسی نمایشی سەیروسەمەرەی سوارچاکان دەکەن، لەوێ لە بن هەنوانی[252] کڵێسای سوارچاکاندا ڕێتوێڵی نهێنی کراوە. "کڵێسای پەرستگاکە لە شەقامی فلیێتە؟"

– "لەڕاستیدا، هەر لێرە لە سەر شەقامی فلییت، لە کۆڵانی پەرستگاکەدایە." تیبینگ بیژمۆتانە دەبیندرا. "من هەر دەمویست هەندێکی دیکەی پێوە ماندوو بن."

– "زۆر سوپاس."

– "هیچ کامێکتان نەچوونەتە ئەوێ؟"

سۆفی و لانگدن سەریان بۆ بادا.

---

[251] Tiber river

[252] هەنوان: شوێنێک سەری گیرابێ. لێرەدا بەواتای حەرەمی شوێنەکە بەکارهێندراوە.

"بەمە سەرسام نیم." تیبینگیش وای پێگوتنەوە. "کڵێساکە لەپشت تەلار و باڵەخانەی بەرزتر شاردراوەتەوە. تەنانەت کەسانێکی کەم بە شوێنەکەی دەزانن. شوێنێکی کۆنینەی ترسناک. تەلارسازیی کڵێساکە ماکێکی بتپەرستانەی هەیە."

دیاربوو سۆفی سەرسام بوو. "بتپەرستی؟"

- "بتپەرستی تاسەر ئێسقان!" تیبینگ قسەکەی ڕوون کردەوە. "شێوەی کڵێساکە خڕە. سوارچاکانی پەرستگا شێوە نەریتییانەکەی خاچەکەی کڵێسایان پشتگوێ خستبوو، ڕێک خڕوخڕ لەسەر شەرەفی ڕۆژ دروستیان کردبوو." برژانگەکانی تیبینگ لەگەڵ چاوترووکاندن دەکەوتنە سەما. "ئەم کارەی گەنجانی پەرستگا نەبووە مایەی دڵخۆشی ڕۆما. پێدەچوو ئەوان لە ناوەڕاستی لەندەندا ستۆنەهێنگێکیان[253] بیناکردبێ."
- سۆفی نیگای لە تیبینگ بڕی. "ئەی باقی شیعرەکە چی لێدەکەی؟"

بەم قسە ڕووی خۆشی مێژوونووسەکە نەما. "لێی دڵنیا نیم. شتەکە وەک مەتەڵ وایە. هەر دەبێ بچین و بە وریایی هەر دە گۆڕەکە بپشکنین. ئینجا گەر بەختمان هەبێ، یەکێکیان دەدۆزینەوە، کە تۆپەکەی لەسەر نەما بێ."

لانگدنیش پەی بەوە برد کە چەند لە شتەکە نزیک کەوتوونەتەوە. خۆ ئەگەر تۆپە ونبووەکە پاسوۆردەکە دەربخا، ئەوا دەکرێ کریپتیسی دووهەمیش بکەنەوە. ئەمما بە شتێکی قورسیشی دەزانی ئاخۆ ناواخنی کریپتیسەکە چی بێ.

لانگدن چاوێکی دیکەی لە پارچە شیعرەکە کردەوە. وەک مەتەڵێکی وشەی یەکتربڕ دەچوو. ***وشەیەکی پێنج پیتی باس لە جامەکە دەکا***؟ لەنێو فڕۆکەکەدا هەموو ئەو وشانەیان تاقی کردبوونەوە – Sarah , Graal, Greal, Venus, Maria, Lesus, Grail – بەڵام لوولەکەکە خۆی لەگوورە نەبرد. ***ئەم وشانە دیاربوو زۆر زەق بوون***. پێدەچێ وشەی دیکەی پێنج پیتی هەبێ ئاماژە بە ڕەحمێکی گوڵەڕەزی تۆوداچێندارو هەبێ. لەڕاستیدا وشەکە لە کەسێکی شارەزای وەک لەلای تیبینگ پەنهان بێ، بەلای لانگدن هیچی نەدەگەیاند، بەدەر لەوەی، هەردەبێ وشەیەکی ئاسایی ئاماژەدار نەبێ بە جامەکە.

---

[253] Stonehenge یادگارێکی زۆر کۆنینەی مێژوویە. دیرۆکەکەی بۆ ٣ تا دوو هەزارساڵی پێش زاین دەگەڕێتەوە، شتەکە بریتیە لە کۆمەڵە گاشەبەردێکی درێژ، کە بەشێوەی بازنەیی هەڵکەوتوون ، کەوتۆتە ناوچەی وێلتشایەری ئینگلستانێ.

- "گەورەم، (لای)؟" ڕیمی لەسەر شانیەوە بانگی کرد. ئەو لە ڕەنگدانەوەی ئاوێنەکەدا سەیری ئەو دەلاقەی دەکرد کە لەسەر گوشنەکانی پشتەوە کرابووەوە "تۆ پێت گوتم، شەقامی فلییت نزیکی پردی (بلاکفرایر)ە؟"
- "بەڵێ، بەڵێ ڕێگای پردەکەی ڤیکتۆریا بگرە."
- "ببوورە، دڵنیا نیم پردەکە لە کوێیە. ئێمە جاران ئاساییانە هەر دەچووینە نەخۆشخانەکە."

تیبینگ چاوێکی لە سۆفی و لانگدن کرد و بۆڵەبۆڵێکی لێوە هات. "سوێند دەخۆم هەندێ جار ڕیمی لە زارۆیەکی نێو بێشکە دەچێ. تکایە، خولەکێکم دەرفەت پێ بدەن. دەی خۆتان خزمەتی خۆتان بکەن و شتێک بخۆنەوە." ئەوانی جێهێشتن، بەزەحمەتەوە خۆی بۆ پێشەوە برد، لە پەنجەرەکەی نێوان گوشنەکانی پشتەوە و لای شوفێر قسەی لەگەڵ شوفێرەکە کرد.

سۆفی ڕووی کردە لانگدن، دەنگیشی لەسەرەخۆ بوو. "ڕۆبەرت، کەس نازانێ من و تۆ لە ئینگلیستانیین."

لانگدنیش پەی بە ڕاستی قسەکەی برد. پۆلیسی (کێنت) بە فاشێ دەڵێ، فڕۆکەکە بە تاڵ و حەتاڵ بووە، فاشێش وا دادەنێ ئێمە هێشتا هەر لە فەرەنسا ماوینەتەوە. *ئیدی ئێمە نادیارین.* ئەو یارییەی تیبینگ کردی، کاتێکی زۆری بۆ ڕەخساندین.

- "فاشێ بە دەستێکی سووک واز ناهێنێ." ئینجا سۆفی وا تێهەڵچۆوە."ئاخر ئەو لەسەر ئەم گرتنە زۆر شتی لەسەر سەنگی مەحەک داناوە."

لانگدن هەوڵی دابوو بیر لە فاشێ نەکاتەوە. سۆفی بەڵێنی دابوو هەموو شتێک بکا بەڵکو لانگدن لەم دۆزەدا بێ تاوان دەربێنێ، لێ لانگدن دەترسا نەبادا سەرەنجام وا نەکەوێتەوە. ***سادە و ڕەوان دەکرێ فاشێ بەشێک لە پیلانەکە بێ.*** هەرچەندە لانگدن ئەوەی پێنەدەهاتە پێشچاو، کە پۆلیسی دادوەری دەستی لە گۆبەندی جامە پیرۆزەکەدا هەبێ، لێ هەستیشی بەوەکرد، ئەوەی فاشێ ئەمشەو ئەنجامی دا لە ڕێکەوتێکی ڕووت زیاترە. ***فاشێ دیندارە، نیەتیشی وایە کردەی کوشتنەکە بخاتە گەردنی من.*** لەمەشیاندا، دیسان سۆفی مشتومڕی لەسەر ئەوە دەکرد، گوایە فاشێ زۆر پەرۆشە یەکێک دەستگیر بکا. دوای هەموو شتێکیش ئەو بەڵگانەی دژی لانگدن هەن، چارەنووسسازن. سەربارەی ئەوەش ناوەکەی لانگدن لەسەر ناوکەوەکەی لۆڤەر نووسراوە و بە گوێرەی یاداشتنامەی سانییێریش بێ، لانگدن لەسەر دەستنووسی کتێبەکەی درۆی لەگەڵ فاشێ کردووە. ***ئەمەش هەمووی بە گوێرەی لێکدانەوەی سۆفی.***

- "ڕۆبەرت، بمبەخشە، زۆر خراپ تۆم لەم دۆزە تێوەگلاندوە." سۆفی وای پێگوت و دەستێکیشی بەسەر ئەژنۆیدا هێنا. "بەڵام زۆریش دڵشادم کە لێرەیت و بەیەکەوەین."

قسەکەی سۆفی کردەوە زیاتر بەلای سوودمەندبوون دەشکایەوە لەوەی ڕۆمانتیکییانە بێ، هێشتاش لانگدن هەستی بە هێزێکی ڕاکێشەری چاوەڕواننەکراوی نێوانیان دەکرد. ئەویش خەندەیەکی هیلاکییانەی بۆکرد و گوتی، "خۆ ئەگەر نوستبام، ئەوا زەوقم باشتر دەبوو."

سۆفی بۆ چەند چرکەیەک بێدەنگ بوو. پاشان؛ "باپیرەم داوای لێکردم متمانەم پێت هەبێ. شادمانیشم کە بۆ یەک جار بە گوێم کردبێ."

- "باپیرەت منی هەر نەشدەناسی."

- "لەگەڵ ئەوەشدا، خۆ بە دەستی من نییە، بەڵام تۆ بیر بکەوە، تۆ ئەمڕۆ هەموو شتێکت کرد، کە پێویستم پێی هەبێ. تۆ لە دۆزینەوەی بەردە کلیلەکەدا کۆمەکت کردم، سانگریالت بۆ روون کردمەوە، باسی ڕیتوێلی ژێر زەمینەکەت بۆ کردم." سۆفی لە قسەکردن بۆ ساتێک وەستا، پاشان وا تێهەڵچۆوە. "بە شێوەیەک لە شێوەکان، هەست دەکەم ئەمشەو لەسالآنی دیکە لە باپیرەم نزیکترم. دەشزانم ئەویش لەو بارەیەوە زۆر شادمان دەبێ."

لە دوورەوەش، هێڵەکانی ئاسمانی سەر لەندەن بەنێو شەبەنگەکانی ڕۆژ ئەنگاوتندا زیاتر بەرجەستە دەبوو. جاران کە بەسەر (بیگ بین) و تاوەری پردەکە باڵکێش بوو، ئێستاش بۆ چاوی هەزارە قەبەکە دەچەمێتەوە، ئەو چاوەی چەرخوفەلەکێکی پێنج سەد پێ بەرزە و دیمەنێکی دڵڕفێنی لەندەن نیشان دەدا. جارێکیان ویستی سواری ببێ، بەڵام قەپاغە شووشە نمایشەکە تابووتە بەردینەکەی بەبیر هێناوە کە داخراوە، ئیدی پێی هەر لەسەر زەوی مانەوە و لەبەر شنەبای کەناری ڕووبارەی تایمز چێژی لە دیمەنەکە وەرگرت.

لانگدن هەستی بە سووڕانی ئەژنۆی کرد، هەندێ بۆ پشتەوەی گەڕاندەوە و چاوە کەسکەکانی سۆفیشی لەسەر بوون. ئینجا تێگەیشت سۆفی قسەی لەگەڵ کردووە. سۆفی بە سرتەیەکەوە پێی گوت، "بەڕای تۆ ئەگەر بەڵگەنامەکانی سانگریالمان دۆزینەوە، چییان لێ بکەین؟"

- "ئەوەی من بیری لێدەکەمەوە گرنگ نییە،" لانگدنیش وا وەڵامی دایەوە. "باپیرەت کریپتیسەکەی ڕادەستی تۆ کردووە، تۆش ئەوە بکە کە هەستە خۆزاییەکەت پێتدەڵێ."

- "من داوای بۆچوونەکەتم لێکردی. ئاشکرایە، تۆ شتێکت لە کتێبە دەستنووسەکەتدا نووسیوە، وای لە باپیرەم کردووە، باوەڕت پێ بکا. ئەویش لە خشتەکەیدا وادەدیدارێکی بۆ دانابووی. ئەمەش سەیرە."

- "بەڵکو ویستبێتی پێمبڵێ، کە من لەدەستنووسەکەمدا شاش ڕۆیشتووم."

- "ئەگەر ئەو بیروڕای تۆی بەدڵ نەبێ، بۆچی بە من دەڵێ بتدۆزمەوە؟ ئایا لە دەستنووسەکەتدا، پشتگیری ئەوەت کردوە، بەڵگەنامەکانی سانگریل ئاشکرا بکرێن یان هەر بە شاراوەیی بمێننەوە؟"

- "شتاقیان[254]. من هیچ ڕایەکم لەربارەی ئەو پرسە نەداوە. دەستنووسەکە باس لە هێماناسی میینەی پیرۆز، گەڕان بەنێو مێژووی ئایکۆنگرافیدا دەکا. بە دڵنیاییەوە پێموانەبووە بزانم ئاخۆ جامەکە لە کوێ شاردراوەتەوە یان کەی دەبێ ئاشکرا بکرێ."

- "ئاخر تۆ کتێبێکت لەبارەوە نووسیوە، ڕاشکاوانە هەستت کردووە، دەبێ ئەو زانیارییانە بۆ خەڵک ئاشکرا بکرێن."

- "ئاخر جیاوازییێکی زۆر لەنێوان دەمەتەقێیەکی دیمانەییانە و مێژووی جێگرەوی عیسا هەیە، هەروەها..." ئەو لە قسەکردن وەستا.

- "هەروەها چی؟"

- "لەگەڵ پێشکەشکردنی هەزاران بەڵگەنامەی مێژوویی وەک بەڵگەیەکی زانستی بۆ جیهان لەسەر ئەوەی کە ئینجیل ڕاسپاردەیەکی ساختەکراوە."

- "بەڵام، خۆ خۆت پێت گوتم، ئینجیل لەسەر بنەمای هەڵبەستراو نووسراوەتەوە."

- لانگدن بە بزەوە؛ "سۆفی، **هەموو** دینێک لە دنیادا لەسەر بنەمای شت هەڵبەستن ڕۆنراوە. ئەمەش پێناسەی ئایینە، قایلبوون بەو شتەی کە ئێمە خەیاڵمان وایە ڕاستە، ئەو شتەی کە ناتوانین بیسەلمێنین. هەموو دینێک لە ڕێی میتافۆر[255] و ئالەگۆری[256] و زێدەڕۆییکردن وەسفی خودا دەکەن، هەر لە میسرییە بەراییەکان تا دەگاتە قوتابخانەی یەکشەممانی ئەمڕۆمان. شتی مەجازی یارمەتی مێشکمان دەدا تا لەوەی مایەی

[254] شتاقیان: هیچ کامێکیان.

[255] Metaphor میتافۆر: خوازراو، مەجاز

[256] Allegory ئالەگۆری: هەقایەتێکی هێمادار.

لێتێگەیشتن نییە، تێبگا. کێشەکەش لەوکاتە سەرهەڵدەدا، کە دەقاودەق باوەڕ بەوە بهێندرێ، ئەوەی ئێمە باوەڕمان پێبووە میتافۆر بووە."

– کەواتە تۆ لەگەڵ ئەوەدای، بەڵگەنامەکانی سانگریل تا هەتایە هەر بەشاراوەیی بمێنێتەوە؟

– "ئەز مێژوونووسم. من دژی لەناوبردنی بەڵگەنامەکانم، من حەزم لێیە لێکۆڵەرەوە دینییەکان زانیاری زیاتریان لەبەردەستدا بێ، تا باشتر لە ژیانی ناوازەی عیسای مەسیح بکۆڵنەوە."

– "ئاخر تۆ مشتومڕ لەسەر هەردوو ڕووی پرسەکەم دەکەی."

– "ئەرێ من وام؟ ئاخر ئینجیل ڕێنامەی ملیۆنان خەڵکە لەسەر ئەم هەسارەیە، بەهەمان ڕێگاش قورئان، تەورات و پالی کانۆن[257] ڕێنمانی دینەکانی دیکەی خەڵکن. خۆ ئەگەر تۆ و من ئەو بەڵگەنامانە هەڵدەینەوە، کە پێچەوانەی چیرۆکی باوەڕی پیرۆزی ئیسلام، جووایەتی، بوودایەتی، بتپەرستیین، ئایا دەبێ ئەو کارە بکەین؟ ئایا دەبێ ئاڵایەک هەڵبکەین و بە بوودییەکان بڵێین ئێمە بەڵگەمان لەدەستە کە بوودا لە خونچەگوڵی لوتس[258] پەیدا نەبووە؟ یاخود، عیسا کتومت لە پاکیزەیەک لە دایک نەبووە؟ ئەوانەی بە ڕاستی لە دینەکەیان گەیشتوون، لەوەش تێگەیشتوون، کە چیرۆکەکانیان مەجازین (میتافۆریین)."

سۆفی گوماناوی دیار بوو. "برادەرەکانم، ئەوانەی لیبراوانە کریستیانی دڵسۆزن، بڕوایان وایە کتومت عیسا لەسەر ئاو ڕۆیشتووە، هەر دەق ئاوی کردۆتە شەراب و دەقاودەقیش لە پاکیزەیەک لەدایک بووە."

– "ڕێک هەمان خاڵی ڕامانی منە" لانگدنیش وای پێگوتەوە. "هەقایەتی هێماداری (ئالەگۆری) دینی بۆتە بەشێک لە واقیعی هەڵبەستراو. ژیانیش لەو واقیعەدا یارمەتی ملیۆنان کەس دەدا بەرگەی بگرن و ببنە خەڵکی باشتر."

– "بەڵام خۆ دیارە واقیعەکەیان ساختەیە."

– لانگدن پێکەنی. "خۆ لەوە ساختەتر نییە کە زانایەکی کۆدشکێن بڕوای بە ژمارەیەکی خەیاڵاوی 'i' هەبێ، هەر لەبەر ئەوەی یارمەتی شکاندنی کۆدەکە دەدا."

[257] Pali Canon شەریعەتی بودایزمی.

[258] Lotus

- ڕووی سۆفی گرژ بوو. "ئەمەیان ڕەوا نییە."

خولەکێک بە بێدەنگی تێپەڕی.

- لانگدن لێی پرسی، "ئەرێ پرسیارەکەت چی بوو؟"
- "بیرم نایەتەوە."
- ئەویش پێکەنی. "فێڵەکە هەموو کات دەیخوا."

کاتێ لانگدن لەگەڵ سۆفی و تیبینگ بە ترومبێلە لیمۆزینی جۆری جاکوارەکە گەیشتنە کۆڵانی پەرستگاکە، میلی کاتژمێری دەستی (میکی ماوس)ەکەی لانگدن نزیکەی سەعات حەفت و نیوی نیشان دەدا. هەرسێکیان بەنێو تەلارە بەرزەکاندا بەرەو گۆڕەپانە بچووکەکەی کڵێسای پەرستگاکە ڕۆیشتن. ڕێگا بەردینە ڕەقەکە لەبەر باران دەبریسکایەوە، کۆترەکانیش لە بن هەنوانی بنمیچی تەلارەکەدا دەیانگماند.

سەرتاپای کڵێسای پەرستگای لەندەن لەبەردی (کاین) دروستکرا بوو. ڕووخسارێکی بەردینی پتەوی بەسام، تاوەری ناوەندی و هەیوانی کڵێسایەکەش لەیەک لا بوون، کڵێساکە زیاتر لە قەڵایەکی سەربازی دەچوو لەوەی پەرستگایەک بێ. بینایەکە لە فێبرایری ١١٨٥ لەلایەن هیراکلیوس، پاتریارکی ئۆرشەلیمەوە ڕۆنراوە، ئەم کڵێسەی پەرستگایە هەشت سەدە بەرگەی هەموو شەڕوشۆڕ و ئاژاوە، ئاگرە گەورەکەی لەندەن و جەنگی یەکەمی جیهانیشی گرت، تەنها لە کاولکاری بۆردمانی جەنگی دووەمی جیهاندا و لە ١٩٤٠دا بەسەختی زیانی پێکەوت، هەڵبەتە دوای جەنگەکەش لەسەر بنیاتی ماکەکەی نۆژەن کرایەوە.

***ئەو سادەییە شێوە خڕەی،*** لانگدن وا لەگژ هزران ڕاچوو، بۆ یەکەمین جار بووە مایەی سەرنجڕاکێشانی. تەلارسازییەکەی سادە و زبر بوو، زیاتر بە قەڵای سەختی سێینت ئەنجیلۆی ڕۆما دەچوو، لەوەی پەرستگایەکی پانسیۆنی دێرین بێ. ئەو بینا شێوە سندووقیەی لابالّی ڕاستیشی، شتێکی ناشیرین بوو، هەرچەندە باندۆرێکی کەمیشی بە سەر ماکە بتپەرستییانەکەی خۆی هەبوو.

- "کات بەرەبەیانی شەممەیە،" تیبینگ وای گوت بە شەلەشەلەیی بەرەو دەروازەکەی ڕۆیشت. "پێناچێ سەروکارمان لەگەڵ هیچ خزمەتگوازێک هەبێ."

دەروازەی پەرستگاکە وەک دوانگەیەکی بەردین وابوو، دەرگەیەکی دارینی قەبەی هەبوو. لەلای دەستەچەپی دەرگەکەش، کە دیاربوو شوێنی شیاوی خۆی نەبوو، تابلۆیەکی ڕیکلامی خشتەی کۆنسێرت و بۆنەنامەی ئایینی لێ جاڕدرابوو.

کاتێک تیبینگ ڕیکلامەکەی بینی، قەڵس بوو. "ئەوان تا یەک دوو سەعاتی دیکە مۆڵەتی چوونەژوور نادەن." چووە لای دەرگەکە و پاڵی نا، بەڵام دەرگاکە لەجێی خۆی نەبزووت. گوێی بە دەرگەکەوە نا، گوێی هەڵخست. دوای خولەکێک، خۆی کشاندەوە، بە ڕووگرژیەوە ئاماژەی

به تابلۆ هەڵواسراوەکە کرد و گوتی، "ڕۆبەرت، دەکرێ سەیرێکی خشتەکە بکەی؟ ئاخۆ ئەم هەفتەیە نمایشی کێیە؟"

لەنێو کلێساکەشدا، کوڕە مجێورەکە خەریکبوو لە پاکردنەوەی بەرپێی کڕنووشبەرانی قوربانیگەکە دەبووە، کاتێ دەنگی لە دەرگاکەدانەکەی بیست، زۆر گوێی پێنەدا. (هارڤی ناولس) سەرقەشەی کڵێساکە کلیلی خۆی پێبوو، یەک دوو سەعاتیشی مابوو تا دەگەیشتە ئەوێ. بۆیە پێیوابوو لە دەرگەدەرەکە هەردەبێ گەشتیارێکی تاسەمەند بێ. کوڕەکە بەردەوام بوو لەسەر دوا گەسکدانەکەی خۆی، بەڵام لێدانی دەرگەکە هەر نەبڕایەوە. ***ئەرێ تۆ نازانی بخوێنیتەوە؟*** خۆ ڕاگەیاندنامەکە ڕوون و ئاشکرا نووسراوە، ڕۆژانی شەممە قاپییەکە لە سەعات نۆ و نیودا دەکرێتەوە. کوڕێژگەکە خۆی لە ئیش نەکرد.

لەهیکەوە، لێدانی دەرگەکە توندتر بوو، تەقەیەکی زۆر وەک ئەوەی کەسێک بە سەنگێکی ئاسنین لە دەرگەکە بدا. ئیدی کوڕێژگەکە گەسکە کارەباییەکەی کوژاندەوە بە تووڕەیی بەرەو قاپیەکە ڕۆیشت. کە دەرگاکەی کردەوە، سێ کەسی لە بەردەم خۆیدا بینی، بە بۆڵەبۆڵێکەوە لەبەر خۆیەوە ،***گەشتیار.*** ئینجا پێیگوتن، "ئێمە لە سەعات نۆ و نیودا دەیکەینەوە."

پیاوە هەرە گەورەکە، پێدەچوو سەرکردەیان بێ، هەنگاوێک لە کوڕەکە هاتە پێش و خۆی هاوێشتبووە سەر داردەستەکانی. "من سێر لای تیبینگم": وای گوت و بە ئەکسێنتێکی کەشخانەی بەریتانی دوا، "بێگومان خۆت دەزانی، من یاوەری بەڕێز جەنابی (کریستۆفەر ورێن)ی چوارەم و خانمەکەی دەکەم." تیبینگ وای گوت و ئینجا لای دا، تا جووتە کەشخە و سەرنجڕاێیشەکە لەپشت ئەو دەربکەون. ژنێکی دەموچاو نەرمونیانی پرچ شەرابیانە، پیاوێکی بەژندرێژ و پرچ ڕەش، بەزەحمەتیش لەیەک دەچوون.

کوڕە مجێورەکەی کڵێسا، نەیدەزانی چۆن وەڵامیان بداتەوە. ئاخر کاتێ (سێر کریستۆفەر ورێن) لە پیاوە هەر خێرخوازەکانی کڵێساکە بوو. لە دوای ئاگرکەوتنەی گەورەکە، ئەرکی نۆژەنکردنەوەی کڵێساکەی لە ئەستۆ گرتبوو. لە سەرەتای سەدەی هەژدەمیشدا، کۆچی دوایی کردبوو. "هەمم... دیدارتان مایەی شەرەفمەندییە؟"

پیاو داردەستبەدەستەکە ڕووی خۆی گرژ کرد. "کوڕی گەنج، زۆر باشە تۆ فرۆشیارێکی باش نی، تۆ هی ئەوە نی قەناعەت بە خەڵک بکەی. ئەرێ (نۆولس)ی سەرقەشە لە کوێیە؟"

– "ئەمڕۆ شەممەیە. تا درەنگ نایەت."

- پیاوەکە زۆر خۆی گرژو مۆن کرد. "ئای لەو سوپاسگوزارە. خاترجەمی کردین کە لێرە ئامادە بێ، دیارە بەبێ ئەو خۆشیش نییە، بەڵام کارەکە هەر ڕاپی دەکەین. ئیشەکە زۆر کات ناخایەنێ."

- کوڕە مجێوەرەکە بەر دەرکەی گرتبوو. "داوای لێبووردن دەکەم، ئەو شتە چییە کە زۆری پێناچێ؟"

- چاوی سەردانکەرەکە هەنووکە تیژ بوو، ئینجا کەمێک خۆی بۆ پێشەوە برد بە چرپەوە وەک ئەوەی دەیڵێ مایەی هەراسانکردنی کەسێک بێ. "کوڕی گەنج، دیارە تۆ لێرە نوێی. هەموو ساڵێ میراتگرەکانی (سێر کریستۆفەر ورێن) چەنگە خۆڵەمێشێک دێنن و بەسەر حەرەمی پەرستگاکەی دادەکەن. ئەمەش بەشێکی وەسیەتنامەکەیە. هیچ کەسێکیش بەو گەشتە دڵخۆش نییە، بەڵام ئایا چیمان لەدەست دێ؟"

کوڕە مجێورەکە چەند ساڵێکە لێرەوە خزمەت دەکا، قەتیش گوێی لە مەعمیلێکی وا نەبووە. "باشتر وایە جارێ تا سەعات نۆونیو چاوەڕێ بکەن. هێشتا کڵێساکە نەکراوەتەوە، هەروەها کاروباری گەسکدانەکەشم تەواو نەکردووە."

پیاوە داردەست بەدەستەکە بە تووڕەیی سەیری کرد. "کوڕی گەنج، تاکە هۆکارێ کە تۆ لێرە گەسک لێبدەی، لەسەر حیسابی ئەو جوامێرەیە کە لە نێو بەرکی ئەو خانمەدایە."

- "داوای لێبووردنت لێدەکەم؟"

- "خانم (ورێن)،" پیاوە داردەست بەدەستەکە پێی گوت، "ئەگەر زەحمەت نەبێ دەتوانی پاشماوە خۆڵەمێشییەکە نیشانی ئەو پیاوە گرنگە بدەی؟"

ژنەکەش بۆ ساتێک دوودڵ بوو، ئینجا بە ئاگا هاتەوە، دەستی بۆ بەرکی برد و لوولەکەکە کە لە زەرفێکی پارێزبەند بەسترابوو، دەرهێنا.

- "ئەمەیە، دەیبینی؟" پیاوەکەی داردەست بەدەست قسەکەی قۆستەوە. "دەی یارمەتیمان بدە تا ئەو پاشماوە خۆڵە پەرشوبڵاو بکەین ، یاخود بە (ناولس)ی سەرقەشەی بەڕێز بڵێم، تۆ ڕەفتارێکی خراپت لەگەڵ ئێمەدا نواند."

کوڕە مجێورەکە دوودڵ بوو، سەرقەشەی بەڕێزیشی دەناسی کە چەند لەخەمی کڵێساکە دایە... لەوەش گرنگتر میزاجێکی ترش و تاڵیشی هەبوو، نەدەبووایە لە تیشکی ڕۆژ بەولاوە هیچ بەر گۆڕی چاکەکان[259] بکەوتایە. لەوانەیە بەڕێز (ناولس)ی سەرقەشە پرسی هاتنی ئەو ماڵباتەی

[259] لێرەدا وشەی چاکم لەبەرامبەر Shrine بەکارهێناوە.

لەبیر چووبێتەوە. خۆ ئەگەر وابێ، سەرچڵێیکی زۆر دەکا گەر ڕێگەیان نەدا. ***دوای هەموو شتێکیش ، ئیشی ئەوان هەر خولەکێکی پێدەچێ. ئەمەش هیچ زیانی بە دواوە نییە***؟

کاتێکیش کوڕە مجێورەکە ڕێگەی دان هەر سێ کەسەکە بەنێو دەرگەدا بێنە ژوور، بینی کابرا و خانمەکەی دیاربوون بەوەی ڕوویدا بوو ئەبڵەق مابوون. بە دوودڵییەوە کوڕەکە گەڕایەوە سەر کارەکەی خۆی، بەڵام گۆشەیەکی چاویشی هەر لەسەر ئەوان بوو.

کاتێ هەرسێکیان بەنێو دەرگەکەدا هاتنە ژوور، لانگدن خەندەیەک گرتی. بە سرتەیەکەوە بە تیبینگی گوت؛ "(لای)، بە تەواوی درۆی باش دەکەی."

چاوەکانی تیبینگیش ترووکان. "یانەی تیاترۆی ئۆکسفۆرد. ئەوان هێشتاش هەر باسی یۆلیۆس سیزەر دەکەن. دڵنیام کەس لەمن باشتر دیمەنی سێیەمی بە جوانی نمایش نەدەکرد."

لانگدن چاوێکی لێکرد. "پێموابوو (سیزەر) لەو دیمەنەدا مردبوو."

تیبینگ پێکەنینێکی زۆر لەخۆکردووانەی بۆ کرد و گوتی، "بەڵێ، بەڵام لەسەر سەکۆ جلە ڕۆمانییەکەم لەکاتی بەربوونەوەمدا دڕا، بۆ ماوەی نیو سەعات لەسەر شانۆ کەوتم و هەرامەشم لە دەرێ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر لەجێی خۆم نەبزووتم. پێت دەڵێم، ناوازە بووم."

لانگدن بەسەرخۆیدا شکایەوە. "ببوورە، نەمزانی."

کاتێک ئەو دەستە سێ کەسییە بەنێو ڕاڕەوە لاکێشەییەدا بەرەو مەکۆی کڵێساکەدا دەڕۆیشتن، لانگدن بە سادەیی داروديوارەکانی کڵێساکە سەرسام بوو. هەرچەندە قوربانیگەکەی لە قوربانیگەی باقی کڵێساکانی دیکە دەچوو، بەڵام شتە ڕاخراوکانی نێوی سادە ساکار و ڕەق تەق و ساردە و سڕبوون، هیچ نەخش و نیگارێکی نەبوو. "ڕووتوقووت" لانگدن بە چرپەیەکەوە وای وەسف کرد.

تیبینگیش پێکەنی. "کڵێسە لە ئینگلستانێ. ئەنگلیکانەکان هەر یەکسەر دینەکەیان دەخۆنەوە. هیچ شتێکی باری کەساسییەکەیان دەستەمۆناکا."

سۆفیش ئاماژەی بە دەلاقە کراوەکەی کرد، کە ڕاستەوخۆ دەچووە سەر بازنەکەی نێو کڵێسا. "ئێرە هەر بە قەڵایەکی سەربازی دەچێ،" ئەمیش ئەم قسەیەی هەر بە سرتەیەکەوە دەربڕی.

لانگدنیش هاوڕا بوو. تەنانەت لێرەشەوە، دیوارەکان بە شێوەیەکی نائاسایی رەقوتەق و زبرن.

- "سوارچاکانی پەرستگا جەنگاوەر بوون." تیبینگ وای بەبیر هێنانەوە و دەنگی داردەستە ئەلەمنیۆمەکەشی لەسەر ناوەکەوەکە سەدای دەدایەوە. "جڤاتێکی دینی میلیشیایی. کڵێسەکەشیان هەم قەڵا و هەم بانکیشیان بوو."

- "بانک؟" سۆفی وای لە تیبینگ پرسی و ئاوڕێکیشی لێدایەوە.

- "ئای خوایە. بەڵێ. سوارچاکانی پەرستگا ئەو ڕامانەی ئێستای بانکییان داهێناوە. هەر خانەدانێکی ئەورووپی گەر بە خۆی و پارەوپوول و زێڕەکەی سەفەری کردبا، دژاور بوو، بۆیە سوارچاکانی پەرستگا، ڕێگەیان بە خانەدانەکان دەدا زێڕەکانیان لە گەنجینەی ئەوان لە کڵێساکە وەک ڕاسپاردە دابنێن، ئینجا لەهەر کڵێسایەکی پەرستگا لە ئەوڕوپا دەتوانێ، سامانەکەی وەربگرێتەوە. هەموو ئەوەی بۆ وەرگرتنەوەی سامانەکەیان پێویستی پێ بوو، بەڵگەنامەکان بوون." تیبینگ چاوێکی ترووکاند، ئینجا تێهەڵچۆوە، "هەڵبەتە ئەم کارەشیان لەبەرانبەر کرێ و مزێکی کەم دەکرد. ئەوان بنەمای دەزگای گۆڕینەڕوەی پارە بوون." تیبینگ ئاماژەی بە پەنجەرەیەکی شووشە کرد، تیشکی ڕۆژ بەسەر پەیکەری سوارێک ڕەنگی دەدایەوە کە ئەسپێکی ڕەنگی گوڵەڕەزی لەبندا بوو. "ئالانوس مارسێل،" تیبینگ لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو، "مەزنی سوارچاکانی پەرستگا لە سەرەتای سەدەی دوانزەدا. لەڕاستیدا خۆی و جێگرەوەشی کورسییێکیان لە پەرلەمانی (پریمۆس بارۆ ئانگیا) هەبوو."

لانگدن سەرسام بوو. "یەکەمین بارۆنی شانشینەکە؟"

تیبینگ سەری بۆ لەقاند. "گەورەی پەرستگاکە، دەگوترێ لە خودی پاشا دەستڕۆیشتووتر بووە." کاتێکیش ئەوان گەیشتنە ژووره خڕەکە، تیبینگ بە لامل ئاوڕێکی لە کوڕە مجێورەکە دایەوە، لە دوورەوە هەر خەریکی گەسکدانی خۆی بوو. "خۆت دەزانی،" تیبینگ بە چرپەوە بە سۆفی گوت، "دەگوترێ سوارچاکانی پەرستگا جارێکیان جامە پیرۆزەکەیان بە شەو لە حەشارگەیەک بۆ ئەوی دیکە گوازتۆتەوە. ئایا خەیاڵت بۆ ئەو باولانەی کە بەڵگەنامەکانی سانگریال و گۆڕی بەردینەکەی ماری ماجدەلینا تێدا بووە دەچێ؟ باسەکە مووم لێدەکاتە نەشتەر و موچڕکم پێدادێنێ."

لانگدنیش کە پێی هاوێشتە نێو هۆدە بازنەییەکە، پێ کارانگاز بوو. ئاخر چاوی بە هەڵکۆڵراوە چەماوەیی و لارەکانی بەردە ڕووتوقووتەکانی ژوورەکە کەوت، لەوێدا شێوەی بەردینی دێوەکان، کاموسەکان، شەیتانەکان و ڕووخساری ژانوناسۆری ئادەمیزاد لەبەرد دروست کرابوون، هەمووشیان ڕوویان لە چەقی بازنەی ژوورەکە بوو. لەژێر هەڵکۆڵدراوەکانیش تەختەبەندێکی بەردین لە نێو جەرگەی ژوورەکەدا داندرابوو.

- "شانۆ بە بازنەیی." لانگدن بە چرپەیەکەوە وای گوت.

تیبینگیش داردەستەکەی بەرزکردەوە، نیشانەی بە دووری لای دەستە چەپی ژوورەکە دا، ئینجا شوێنێکی دیکەی دوور لەلای ڕاستەوە. لانگدن پێشتر ئەمانەی بینیبوون.

***دە سوارچاکی بەردین.***

***پێنجیان لە دەستە چەپ و پێنجەکەی دیکەشیان لە دەستە ڕاست.***

ئەوان هەروا لەسەر زەوییەکە ڕاخرا بوون، بەردی هەڵکۆڵدراو، بیچمی ئادەمیانە لەوێ لەسەر گۆڕە بەردینەکانیان نەخشێندرابوو. سوارچاکەکان بە چەک و تفاقەوە، شمشێر، زرێ و قەڵغانەوە بوون، ئەم گۆڕانە بە دیمەنی نوستووی سوارچاکەکان، دیمەنێکی ترسناکیان نیشانی لانگدن دا. هەموو بیچمەکانی کاریگەری ئاوهەوایان لەسەر بوو، هەندێک شێوانیان پێوە دیاربوو، لەگەڵ ئەوشدا شتێکی بێوێنە بوون، چەکە و تفاقیان، قاچی درێژکراوەیان و لێراکشان و ئادگاری بیچمیان، شێوەی ڕم و زرێ و قەڵغانەکانیشیان بە باشی دیاربوون.

***لە لەندەدا سوارچاکێک کەوتووە، پاپایەک ناشتوویەتی.***

کاتێک لانگدن قولانجێک زیاتر لە ژوورە خڕەکە چووە پێش، لەرزی.

هەردەبێ ئێرە شوێنەکە بێ.

## بەندی ٨٤

لە شوێنێکی پشتەوەی پڕ لە تەنەکەی زبڵ، لە کۆڵانێکی نزیکی کڵێساکە، ڕیمی لیمۆزینە جاگوارەکەی لای زبڵدانەکان ڕاگرت و سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. شوێنەکە چۆڵ و هۆڵ بوو. لە ترومبێلەکە هاتە دەر، بەرەو پشتەوەی ترومبێلەکە چوو، خۆی فڕێدایە پشتەوە، ئەو شوێنەی کە قەشەکەی تێدا بەند کرابوو.

قەشەکە هەستی بە هاتنی ڕیمی کرد، لە حاڵەتی خەواڵوویی لە نزا و پاڕانەوەکانی وشیار بووەوە، چاوە سوورەکانی زیاتر پەرۆشی و ترسیان لێدەباری. هەموو شەوەکە ڕیمی لە توانستی بەرگەگرتن و خۆ گونجاندنی پیاوە کەلەپەچەکراوەکە سەری سوڕما بوو. ئاخر دوای ئەو هەموو خۆپچڕپینەوەی نێو ڕێنج ڕۆڤەرەکە، دیاربوو دواتر قەشەکە بە قەدەری خۆی قایل بێ، خۆی دابێتە دەست هێزێکی باڵاتر.

ڕیمی قایشی کەمەری کردەوە، قۆپچەکانی سەرووی کراسەکەی ترازاندن، ئێستا وەک ئەوەی دوای ساڵانێکی دوورودرێژ، هەستی کرد ئاسان هەناسە دەدا. گەڕایەوە لای سندووقی باڕی لیمۆزینەکە، دەستی خۆی بۆ برد و پێکێکی ڤۆدکای یەک بین فڕ کرد. دوای پێکی یەکەمەی، پێکی دووەمیشی هەڵدا.

***بەم زووانە دەبمە پیاوێکی کات بەدەست.***

ڕیمی لە سندووقەکە گەڕا، شتێکی دیتەوە، ئەو شتەی کە سەری بوتڵەکانی پێدەکاتەوە و تیغێکی تیژیشی بۆ بڕینی سەرە تەپەدۆرەکانی بوتڵە شەرابەکان هەبوو. ڕاستە تیغە تیژەکە بۆ بادانی سەری بوتڵەکان بوو، لێ ئەم بەیانییە مەبەستێکی تەواو جیاوازی دراماتیکاینەی بەجێ دەگەیاند. سووڕایەوە و ڕووی لە سیلاس کردەوە، چەقۆ تیژەکەی بەرامبەر نیشان دا.

ئێستاچاوە سوورەکانی سیلاس لە ترسان دەبریسکانەوە.

ڕیمی بزەیەکی بۆ کرد و بەرەو پشتی لیمۆزینەکە چوو. قەشەکە کشایەوە و گیرۆدەی داوی کەلەپچەکانی بوو.

– "ئارام بگرە،" ڕیمی بە سرتەیەکەوە وای پێگوت و تیغەکەشی بەرزکردەوە.

سیلاش بڕوای نەدەکرد، دیارە خوا دەستەوەستانی بووە. تەنانەت ئازار و ئێشی جەستەیشی کردبووە مەشقێکی ڕۆحی، داوای لە لێدانی دڵ و ماسوولکە خوێناویەکانی خۆی دەکرد،

بەرگەگرتنی ئازاری عیسای بەبیر بنێتەوە. ***من هەموو شەوەکە دوعام بۆ ئازاد بوون دەکرد.*** ئێستاش کە چەقۆکەی دەستی ڕیمی هاتە خوار، سیلاس چاوەکانی لەسەر یەک دانان.

تەوژمێکی ئازار بەنێو شانەکانیدا هات. لەبەر ئازارەکە نالاندی، نەشی دەتوانی باوەڕ بەوە بکا، لێرە لەپشتی ئەم لیمۆزینەدا دەمرێ، بە شێوەیەک نەیدەتوانی بەرگریش لە خۆی بکا. ***من کاری خوام ڕادەپەڕاند. مامۆستاکەش گوتی، دەمپارێزێ.***

سیلاس هەستی بە گەرمایەتییک لە پشتی و شانەکان کرد. خەیاڵی بۆ گەرمی خوێنڕژان، ئەو خوێنەی لەجەستەی بەردەبوو چوو. ئازارێکی تیژ گەیشتە ڕانەکانی، هەستی بە شێوانێکی هەناو کرد، لەوکاتەی کە جەستە میکانیزمێکی خۆی بە بەرگەگرتنی ئازار هەیە.

کاتێکیش ئەو گەرمییە گازگرە بەهەموو ماسوولکەکانی بڵاو بووەوە، سیلاس چاوەکانی زیاتر لەسەر یەک نووقاندن، خواخوای بوو دوا ئەو وێنەیەی دێتە بەرچاو، وێنەی بکوژەکەی نەبێ. لە جیاتی ئەو خەیاڵی بۆ سەر مەترانی گەنج، ئارینگارۆسا ڕۆیشت، کە لەبەردەم کلێسا بچووکەکە لە ئیسپانیا وەستا بوو... ئەو کلێسایەی لەگەڵ سیلاسدا بە دەست و مستی خۆیان دروستیان کردبوو. ***دەستپێکی ژیانی من.***

سیلاس هەستی کرد وەک ئەوەی جەستەی لەناو ئاگردا بێ.

- "دەی ئەمە بخۆرەوە،" پیاوە ڕێکپۆشەکە بە سرتەیەک و بە ئەکسێنتێکی فەرەنسی وای پێگوت. "ئەمەیان یارمەتی سووڕی خوێنت دەدا."

سیلاس لەسەرسامیان چاوەکانی زەق و زۆپ بوون. وێنەیەکی تەمومژاوی پیاوەکەی لە تەنیشت بوو، پێکێکی خواردنەوەی بۆ ڕاگرتبوو. بارستە تیپ و پەتێکیش لەولاوە لەسەر بۆدی ترومبێلەکە لەتەنیشت چەقۆکە کەوتبوو، بێئەوەی یەک دڵۆپ خوێنیشیان پێوە بێ.

- "دەی ئەمە بخۆرەوە،" پیاوەکە لێی دووپات کردەوە. "ئەو ئازارەی هەستی پێدەکەی، تەوژمی بەخوڕی خوێنە، کە بەنێو دەرمارەکانتدا دەڕوا."

سیلاس ئێستا هەستی بە لێدانی دڵی کرد وەک دەرزیلێدانێک وا بوو. تامی ڤۆدکایەکە زۆر ناخۆش بوو، بەڵام بە سوپاسەوە هەر خواردیەوە. قەدەر ڕەوشە خراپەکەی ئەمشەوی سیلاسی بەخێر وەرگێڕا، بەڵام خۆ خودا هەموو شتێکی بە پەرجوو چارەسەر کرد.

***خوا دەستبەردارم نەبوو.***

سیلاس دەیزانی ئارینگارۆسا هەر وای دەگوت.

- "من دەبوایە زووتر ئازادم کردبای،" شوفێرە خزمەتکارەکە وا پاکانەی کرد، "بەڵام شتەکە ئەستەم بوو. لەگەڵ هاتنی پۆلیس بۆ کۆشکی شاتۆ ڤیلیێ، دواتریش فڕۆکەخانەی بیگین هیل، نەدەکرا. ئێستا دەرفەتەکە هات. ئەرێ سیلاس، لێم تێدەگەی؟"

- سیلاس کشایەوە، بە چاوزەقیەوە پێی گوت. "تۆ ناویشم دەزانی؟"

خزمەتکارەکە بزەیەکی بۆ کرد.

سیلاس هەڵسایەوە، دەستێکی بە ماسوولکەکانی داهێنا، دیاربوو لە تەوژمی ئەوەی ڕوویدا، پێزانینی هەبوو هەم پەشۆکاش. "ئایا تۆ.... مامۆستاکەی؟"

کابرا سەری نەرێی بۆ بادا و بە بیرۆکەکە پێکەنی. "بریا هێزێکی وام هەبوایە. نەخێر، من مامۆستاکە نیم. منیش هەروەک تۆ خزمەتی ئەو دەکەم. بەڵام مامۆستاکە بە باشی باسی تۆ دەکا. ناوم ڕیمییە."

سیلاس حەپەسا. "ئاخر من تێناگەم. خۆ ئەگەر تۆ کار بۆ مامۆستاکە بکەی، باشە بۆچی لانگدن بەردەکلیلەکەی هێنایە ماڵتان؟"

- "ئەوە ماڵی من نییە. ماڵەکە هی بەناوبانگترین مێژوونووسی جامەکە (سێر لای تیبینگ)ە."

- "بەڵام خۆ تۆ لەوێ دەژی. ئەمە سەیرە...."

ڕیمی مسکە بووەوە، دیاربوو هیچ گرفتێکی لەو ڕێکەوتەیەدا نەبوو کە لانگدن هانای بۆ ئەوێ بردبوو. "هەمووی ڕەچاو کراو بوو. ڕۆبەرت لانگدن بەردەکلیلەکەی پێبوو، پێویستیشی بە یارمەتی هەبوو. لە ماڵی (لای تیبینگ) لەبارتر چ شوێنێکی دیکە هەبوو؟ منیش لەوێ دەژیام، ئیدی مامۆستاکە منی لەوێ بە پلەی یەکەم لەبەرچاو گرتبوو." ڕیمی لە قسەکردن وەستا. ئینجا تێهەڵچۆوە. "ئەرێ پێت چۆنە، کە مامۆستا ئەو هەموو شتە لەبارەی جامەکە بزانێ؟"

ئێستا سیلاس تێگەیشت و لەبەر تاوی چیرۆکەکەش هەژا. ئاخر مامۆستاکە خزمەتکارەکەی گرتبوو، ڕێگەی چوونە ماڵی (لای تیبینگ) لێکۆڵینەوەی بۆ خۆش کردبوو. ئەم کارانە هەمووی ئەوپەڕی لێزانی بوون.

- "خۆی زۆر شت هەیە پێت بڵێم." ڕیمی وای بە سیلاس گوت و دەمانچەی جۆری (هێکلەر کۆچی) پڕ فیشەکیشی دایە دەست. ئینجا بە خۆیشی دەمانچەیەکی بچکۆلانەی،

هەر بەقەد لەپی دەست دەبوو، لە چەکمەجەی ترومبێلەکەی دەرهێنا. "بەڵام جاریَ، تۆ و من ئیشمان لەپێشە، دەی با برۆین."

کاپتن فاشیَ لە فرۆکەخانەی بیگین هیل دابەزی و بە باوەرنەکراوی گوێی لە بەرپرسی پشکنەری پۆلیسی (کێنت) گرت، سەربردەی گەراجە تایبەتیەکەی تیبینگی لە نێو فرۆکەخانەکە بۆ گێرایەوە.

- "ئاخر بەخۆم فرۆکەکەم پشکنی،" پشکنەری پۆلیس بە سووربوونەوە وای بە فاشیَ گوت. "کەسی تێدا نەبوو." ئەمجارەیان لەرەی دەنگی رەقتر بوو. "من دەبیَ شتێکی دیکەشی بخەمە سەر، خۆ ئەگەر (سێر لای تیبینگ) لە دادگا داوام لە سەر قەید بکا، ئەوا من ـــــــ"
- "ئەریَ لێکۆڵینەوەت لە فرۆکەوانەکە کرد؟"
- "بێگومان نەخێر. ئەو کابرایەکی فەرەنسییە، قانوونامەی تۆش دەڵیَ ـــــ"
- "بمگەیەنە لای فرۆکەکە."

گەیشتنە لای لەنگەرگای فرۆکەکە تایبەتییەکە، فاشیَ هەر شەست چرکەی پێویست بوو تا چەند دڵۆپە خوێنێکی وشک بووەوە لەسەر شۆستەکەی لیمۆزینەکەی لەپاڵ وەستا بوو، ببینیَ. ئیدی فاشیَ بەرەو فرۆکەکە رۆیشت و بە دەنگێکی بەرز لە دەرگەی فرۆکەی دا.

- "من کاپتنی پۆلیسی دادوەری فەرەنسییم. دەی دەرگاکە بکەوە!"

فرۆکەوانە سامگرتووەکە دەرگای کردەوە و پەیژەکانی شۆرکردنە خوار.

فاشیَ بەسەر کەوت. سیَ خولەک دواتر، بەهۆی دەمانچەی لاتەنیشتی، دانپێدانانێکی تەواوی لە فرۆکەوانەکە چنگ کەوتبوو، باسی هەموو شتی بۆ کردبوو، بە وەسفی قەشە بەڵەکە کەلەپچەکراوەکەش. سەربارەی ئەوەش، پێیگوت، بەر لەوەی سۆفی و لانگدن فرۆکەکە جێبێڵن، شتێکیان لەنێو سندووقی گەنجینەی تیبینگ دانا، شتەکە جۆرە سندووقێک بوو. هەرچەندە فرۆکەوانەکە حاشایی لەوەکرد بزانیَ سندووقەکە چی تێدایە، بەڵام ئەوەی ئاشکرا کرد، هەر لەکاتی فرینەکە تا لەندەن هەمو هۆش و بیری لانگدن هەر لەسەر سندووقە بووە.

- دەی سندووقی گەنجینەکە بکەرەوە." فاشیَ وای فەرمان بەسەردا کرد.
- فرۆکەوانە تۆقیو دیار بوو. "کۆدەکەی نازانم."

- "ئەمە زۆر خراپە. من شتێکت دەخەمە بەردەست، بۆ ئەوەی مۆڵەتنامەی فڕۆکەوانییەکەت لەدەست دەرنەچێ."
- فڕۆکەوانەکە دەستەکانی هەڵگلۆفتن. "من لێرە لە بەشی چاککردنەوە کەسێک دەناسم. بەڵکو بێ و بتوانێ کونی بکا."
- "نیو سەعاتت مۆڵەت هەیە."

ئیدی فڕۆکەوانەکە بەرەو دەزگای ڕادیۆیەکەی ڕۆیشت.

فاشێش گەڕایەوە پشتی فڕۆکەکە و خواردنەوەیەکی قورسی بۆ خۆی تێکرد. هێشتا کات زوو بوو، بەڵام نەشنوستبوو، کەواتە خواردنەوەی وا بۆ ئەو سەخت بوو. لە پشتی فڕۆکەکە لەسەر کورسییێک دانیشت، چاوەکانی لەسەر یەک دانا، هەوڵیدا شتێک لەوەی ڕووی دا بدۆزێتەوە. ***هەڵە گەورەکەی پۆلیسی (کێنت) گرنگترین شتی لەدەست دام.*** ئێستا هەمووان بەدوای لیمۆزینە جاگوارەکەوەن.

زەنگی تەلەفۆنی فاشێ لێدرا، بۆ ساتێک خوای خوای بوو بە ئارامی بەسەر ببا، بەڵام دەستی دایە تەلەفۆنەکە: "هەلۆ؟"

- "ئاراستەکەی من ڕووەو لەندەنە." ئەوە دەنگی مەتران ئارینگارۆسا بوو هات. "سەعاتێکی دیکە دەگەم."
- فاشێ هەڵسا. "پێموابوو تۆ لە پاریسی؟"
- من زۆر نیگەران بووم. نەخشەکەم گۆڕی."
- "نەدەبوایە وات بکردبایە."
- "ئەرێ سیلاست دەست کەوت؟"
- "نەخێر. ڕفێنەرەکانی بەرلەوەی من بگەم، خۆیان لەدەستی پۆلیس بزر کرد."
- تووڕەیی ئارینگارۆسا تیژتر بوو. "تۆ دڵنیات کردمەوە، کە فڕۆکەکە دەوەستێنی!"
- فاشێ دەنگی نزم کردەوە. "جەنابی مەتران، پێگەکەم بەهەند هەڵبگرە. پێم باشە ئەمڕۆ حەوسەڵەم تاقی نەکەیتەوە. بەزووترین کات سیلاس دەدۆزمەوە. تۆ لە کوێ دادەبەزی؟"

- "یەک خولەک." ئارینگارۆسا دەستێکی لەسەر مایکی تەلەفۆنەکە دانابوو، دوای کەمێک هاتەوە. "فڕۆکەوانەکە هەوڵ دەدا مۆڵەتی نیشتنەوە لە هیترۆ بەدەست بێنێ. من تاکە نەفەری سەرنشینی فڕۆکەکەی ئەوم، ئاخر ئاراستەگۆڕینەکە لە خشتەدا نەبوو."

- "دەی پێی بڵێ بێتە فڕۆکەخانە تایبەتییەکەی بیگین هیل لە کێنت. من ڕێگای بۆ خۆش دەکەم. خۆ ئەگەر لەکاتی دابەزینیشدا من لێرە نەمابووم، ترومبێلێکت لەچاوەڕوانی بۆ دادەنێم."

- "سوپاس بۆ تۆ"

- "جەنابی مەتران، هەروەک لە یەکەم جاردا بەیەکەوە قسەمان کرد، شتێکم دەربڕی، هەردەبێ لەبیرت مابێ، هەر تۆ بەتەنیا نیت، کە هەموو شتێک لەدەست بدەی."

***تۆ لە تۆپێک دەگەڕێی کە لە گۆڕەکە دەرهاتبێ.***

هەر یەک لەو سوارچاکە هەڵکۆڵدراوانەی سەر بەردەگۆڕەکەی نێو کڵێسای سوارچاکەکان، لەسەر پشت کەوتبوون، ژێر سەرینیشیان بالیفێکی بەردینی لاکێشەیی بوو. سۆفی بەبینینان ترسی لێنیشت. شیعرەکە ئاماژە بە تۆپێک دەکا، ئیدی هێنانە بەرچاوی تۆپەکە وای لە سۆفی کرد دیمەنی شەوەکەی گۆرینێ[260]، هی ژێر زەمینە هاوینەهەوارەکەی باپیری کەوتەوە یاد.

***هیرۆس گامۆس. تۆپەکان.***

سۆفی لەوە تێما، تۆبڵێی لەو ئەنوایەدا[261] ڕێتوێلەکەی هیۆرۆس گامۆس نمایش کرابێ. ئاخر ژوورە بازنەییەکە لەسەر شێوەی ڕیتوێلی بتپەرستی دروست کراوە. تەختەبەندە بەردینەکەش بە مەودایەکی بەرین دەورە دراوە. هەروەک لانگدن ناوی لێنا، ***سەکۆی شانۆیەک لە نێوەڕاستدا.*** سۆفی خەیاڵی بۆ ئەوە چوو، ژوورەکە لەشەودا بە کەسانی دەمامکدار سیخناخ بێ، لەبەر شەوقی لایتدا دروود بخوێننەوە، هەمووان بەسەر "یەکانگیری پیرۆز" کە لەناوەڕاستدا ڕووی دەدا، گەواهیدەر بن.

سۆفی بە زۆر هزرەکەی لە مێشکی خۆی بەلا نا، لەگەڵ لانگدن و تیبینگ لە ڕیزی دەستەی یەکەمی گۆڕی سوارچاکەکان چووە پێشەوە. وێڕای ئەوەی تیبینگ مکوڕبوو لەسەرئەوەی هەریەکەیان بە وردی سەیری بکەن و لێی بکۆڵنەوە، سۆفی تاسەمەند بوو بەیەکجار سەیری هەموویان بکا و لەکۆڵیان بکاتەوە، بۆیە بە لای چەپ دەستی پێکرد.

سۆفی لەیەکەمین گۆڕەبەرد وردبووەوە، لایەنی لێکچوون و جیاوازی لەنێوان گۆڕی سوارچاکەکان خستە بەر نیگا. هەموو سوارچاکێک لەسەر پشت کەوتبوو، بەڵام سێ کەسیان لەوان قاچەکانیان درێژ کردبوون، کەچی دووەکەی دیکەیان قاچەکانیان وەک خاچ تێکپەڕاندبوو. ئەم جیاوازییە سەیرە بەلای ئەو هیچ شتێکی سەبارەت بە تۆپە ونبووەکە نەدەگەیاند. ئینجا لە جلەکانیان ورد بووەوە، سۆفی سەرنجی دا، دوو سوارچاکیان چاکەتێکی کورتیان لەسەر زرێکانیان لەبەر کردووە، کەچی سێیەکەی دیکە کراسی تاسەر ئەژنۆیان لەبەردابوو. دیسان ئەم جیاوازەشیان بێ سوود بوو. سۆفی سەرنجی لە تاک جیاوازییە

[260] گۆرینێ: جاری گۆرینێ، ڕۆژی گۆرینێ: ئەوێ ڕۆژێ، واتە ئەو ڕۆژەی کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە.

[261] ئەنوا: پەناگە، شوێنێک وەک ئەشکەوت وایە. بن هەنوان.

گرنگەکەیان دا، ئەویش ڕەوشی دانانی دەستەکانیان بوو. دوو لە سوارچاکەکانیان دەستیان لەسەر دەسکی شمشێرەکانیان بوو، دووی دیکەشیان لەحاڵەتی نوێژ و پاڕانەوە دابوون، هەرچی پێنجەمەکەیان بوو دەستەکانی لەلا دانابوون. دوای ساتێکی درێژی وردبوونەوە لە دەستەکە، سۆفی شانێکی بۆ هەڵتەکاند، هیچی وای نەبینی ڕاشکاوانە تۆپی پێبووبێ و لەلا نەمابێ.

سۆفی هەستی بە قورسایی کریپتیسەکەی نێو بەرکی چاکەتەکەی کرد، ئاوڕێکیشی لە لانگدن و تیبینگ دایەوە. پیاوەکان هەر بە هێواشی دەڕۆیشتن، هێشتا هەر لەلای گۆڕە بەردینەی سوارچاکی یەکەم بوون، دیاربوو ئەوانیش بەختیان یار نەبوو. ئەویش میزاجی ئەوەی نەبوو لەسەریان بوەستێ، ئینجا ڕووی کردە دەستەی دوومی گۆڕەکان. کاتێکیش بەو نێوەدا بەرەو ئەوێ دەڕۆیشت، لەسەرخۆ چوارینە شیعرییەکەی دەگوتەوە، کە بەچەند جارێک دەرخی کردبوو.

**لە لەندەندا سوارچاکێک کەوتووە، پاپایەک ناشتوویەتی.**

**بەرهەمی کارەکەی ئەو کورسی پیرۆزی دەهری کردبوو.**

**تۆ بە دوای تۆپێک دەگەڕێی هەر دەبێ لەسەر گۆڕەکەی بووبێ.**

**باسی گۆشتی گوڵەڕەز و تووی نێو منداڵدان دەگێڕێتەوە.**

کاتێ سۆفی گەیشتە لای دەستەی دووهەم و لێی ڕوانین، ئەوانیش بەهەمان شێوەی دەستەی یەکەم لەسەر پشت کەوتبوون، بە شێوەی جیاجیا شمشێر و قەڵغانیان پێبوو.

ئەمەش حاڵی هەموویان بوو، بەدەر لە سوارچاکی دەیەم نەبێ.

سۆفی خێرا بۆ لای ئەو سوارچاکە هەنگاوی نا و لێی ورد بووەوە.

***نە سەرین. نە قەڵغان، نە جلک. نە شمشێر.***

- "ڕۆبەرت؟ (لای)؟" سۆفی بانگی کردن. دەنگەکەشی لەو ناوە بازنەییەدا سەدای دایەوە. "لێرەدا شتێک دیار نییە."

هەردووکیان سەریان هەڵبری و دەستبەجێ بۆ لای سۆفی کشان.

- "تۆپێک؟" تیبینگ بە جۆشەوە بانگی کرد. داردەستەکەشی خێرا لەناوکەوەکە دا و بەنێو ژوورەکەدا بەخێرایی دەهات. "ئایا تۆپێک، جێ تۆپێکی بزربووی لەسەر هەیە؟"

- "نەخێر بەو شێوە نییە." سۆفی وای گوت و بە مرومۆنییەکەوە لە گۆڕی دەیەمی ڕوانی. "پێدەچێ سەرتاپای سوارچاکەکە ون بووبێ."

ئەویش گەیشتە لایان، ئیدی هەردوو پیاوەکە بە شڵەژاوییەوە سەیری گۆڕی دەیەمیان کرد. لەجیاتی ئەوەی سوارچاکێک لەسەر گۆڕەکە پاڵ کەوتبێ، گۆڕە بەردینەکە هەر بەخۆی قفڵ درابوو. تابووتەکە لار بووەوە، لای قاچەکانیشی کونکون ببوو، تا بۆسەرەوش دەهات درزەکەی زیاد دەبوو.

- "باشە بۆچی ئەو سوارچاکە نەقش نەکراوە؟" لانگدن وای پرسی.

- شتێکی سەنجڕاکێشە،" تیبینگیش بە چەناگەخوراندن وای گوت. "من ئەو شتە سەیرەم لەبیر چووبووەوە. ساڵانێکە نەهاتوومەتە ئێرە."

- "ئەم تابووتە،" سۆفیش گوتی، "خۆ پێدەچێ هەموو ئەو گۆڕە بەردینانە بە دەستی وەستایەک دروست کرابن، نۆیان شێوەیان لەسەر هەڵکەندراوە. ئەدی بۆچی ئەم سوارچاکەیان لەناو تابووتدایە نەوەک لە نێو گۆڕ؟

- تیبینگ سەری بادا. "ئەمەش تەلیسکێمی دیکەی ئەم کڵێسەیە. تا ئەو ڕادەی من بیزانم، هیچ کەسێک ڕوونکردنەوەی بۆ ئەم شتە نەبووە."

- "سڵاو؟" کوڕە مجێورەکە بە سیمایەکی پڕ لە نیگەرانییەوە هاتە لایان و پێی گوتن، "لێم ببورن گەر هەندێ ڕەقیش بم، بەڵام خۆ پێتان گوتم هەر پاشماوەی خۆڵەمێشێک دەڕێژن، کەچی ئێستا دەبینم لێیان ڕادەمێنن."

- تیبینگ هەندێ خۆی لە کوڕەکە گرژ کرد، ئینجا ڕووی کردە لانگدن. "بەڕێز (ورین)، دیارە چاکەخوازی خێزانەکە بایی ئەوەندە ناکا هەندێ کاتی لێرە پێ بکرێ، واباشترە خۆڵەمێشەکە برێژی و بۆی دەرچین." تیبینگ ڕووی خۆی وەرسوڕاندە سۆفیش و پێی گوت، "خانم (ورین)؟"

سۆفیش لەگەڵ یارییەکەدا ڕۆیشت، بەرگە پێستە ئاسکەکەی لە کریپتیسەکەی نێو بەرکی کردەوە.

- "دەی ئێستا،" تیبینگ بەرۆکی کوڕەکەی گرت، "ئەگەر بکرێ هەندێ بەتەنیا جێمان بێڵی."

کوڕە مجێورەکەش لەشوێنی خۆی نەبزووت. زۆر لەنزیکەوە سەیری لانگدنی کرد. "ڕووخساری تۆ لەلام غەریب نییە."

تیبینگ هەڵیدایێ. "لەوانەیە ئەمە لەبەر ئەوە بێ، کە جەنابی (ورن) ساڵانە دێتە ئێرە!"

***یاخود لەوانەیە***، سۆفی ئیدی ترسا، لەبەر ئەوەبێ، ***ئەو لانگدنی لەو ساڵەی دوایی لە تەلەفزیۆنی ڤاتیکانەوە بینی بێ.***

- "من هەرگیز بەڕێز (ورن)م نەبینیوە." کوڕە مجێورەکە وای پێگوتنەوە.

- "تۆ سەرچیخ چووی،" لانگدینش بەڕێزەوە پێی گوت. "لەو باوەڕەدام پار من و تۆ یەکمان بینیبێ. جەنابی (ناولس) نەیتوانی بە فەرمی بە یەکمان بناسێنێ، بەڵام خۆ من دەموچاوی تۆ دەناسمەوە. پێموایە ئەمەی تۆ دەیکەی هەندێ زێدەڕۆییە، بەڵکو بکرێ چەند خولەکێکمان بوار بدەی، من لە شوێنێکی دوورەوە هاتووم تا پاشماوەی خۆڵەمێشەکە بەسەر گۆڕەکەدا بکەم." لانگدن ئەم چەند دێرانەی بە بڕوایەکی تیبینگیانەوە گوت.

سیمای دەموچاوی کوڕە مجێورەکە گوماناویتر بوو. "بەڵام خۆ ئەمانە گۆڕ نین."

- "ببوورە؟" لانگدن وای پێگوتەوە.

- "هەڵبەتە ئەمانە گۆڕن،" تیبینگ وای جاڕدا. "ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟"

- کوڕە مجێورەکە سەری بادا. "گۆڕ تەرمی لەنێودایە. هەرچی ئەمانەن وێنەپەیکەرن. بەردی هەڵکۆڵدراو بە یادەوەری پیاوانی ڕاستەقینە. لەبن ئەم پەیکەرانەدا هیچ تەرمی تێدا نییە."

- "ئەمە گۆڕستانە!" تیبینگ وای پێگوت.

- "تەنها لەنێو کتێبە مێژووییەکاندا ئێرە گۆڕستان بووە. ئەم بڕوایە درێژەی کێشا تا لە ساڵی ۱۹۵۰دا، کاتێ ئێرەیان نۆژەن کردەوە، ڕاستییەکە دەرکەوت." کوڕەکە ڕووی لە لانگدن کردەوە. "پێموایە دەبێ جەنابی (ورن) باش بزانێ. ئاخر هەر خێزانەکەی ئەو، پەردەی لەسەر ڕاستییەکەدا هەڵدایەوە."

بێدەنگییێکی هەراسان باڵی بەسەردا کێشان.

بێدەنگییەکە بەدەنگەدەنگێک ڕاڕەوەکە شکێنرا.

- "هەردەبێ ئەمە بەڕێز (ناولس) بێ،" تیبینگ وای گوت. "دەکرێ بچی و بزانی"

- کوڕە مجێورەکە بەدگومان دیار بوو، لێ هەرچۆنێک بوو بەرەو ڕاڕەوەکەش ڕۆیشت، لانگدن، سۆفی و تیبینگی بەجێهێشتن، کە بە خەمبارییەوە سەیری یەکدیان دەکرد.

- "(لای)،" لانگدن بە سرتەیەکەوە هاتە دەنگ، "تەرمی لێ نین؟ تۆ لەو بارەیەوە چی دەڵێی؟"

- دیاربوو تیبینگ باوەڕی نەدەکرد. "نازانم. هەمیشە پێموابووە... بەدڵنیاییەوە دەبێ ئێرە شوێنەکە بێ. باوەڕناکەم ئەو هیچ لەو شتەی گوتی، بزانێ. قسەکەی هیچ ناگەیەنێ!"

- "دەکرێ کەڕەتێکی دیکە شیعرەکە ببینمەوە؟" لانگدن وای پێگوتن.

سۆفیش کریپتیسەکەی لەبەرکە دەرهێناو دایە دەستی.

لانگدنیش پارچە پێستەکەی لێککردەوە، بە دەستێک کریپتیسەکەی گرتبوو، بە دەستەکەی دیکەش شیعرەکە و دەشیخوێندەوە. "بەڵێ. لێبڕاوانە شیعرەکە ئاماژە بە گۆڕ دەکا، نەوەک بە پەیکەرە نیگار."

- "تۆبڵێی شیعرەکە هەڵە بێ؟" تیبینگ وای پرسی. "دەکرێ ژاک سانییێریش ئەو هەڵەیەی بەسەردا تێپەڕی بێ، کە تازە من کردم؟"

- لانگدن لێکی دایەوە و سەری بۆ بادا. "(لای)، تۆ بەخۆت گوتت. ئەم کڵێسایە بەدەستی سوپای سوارچاکانی پەرستگا لەشکری دەستەی مریدانی سایۆن دروست کراوە. شتێک پێم دەڵێ، مامۆستای مەزنی دەستەی مریدایەتی زۆر باش دەیزانی ئەگەر سوارچاک لێرەدا نێژرا بن."

- تیبینگ حەپەساو دیاربوو. "بەڵام خۆ ئەو شوێنە زۆر ڕێکە." گەڕایەوە سەر پەیکەری سوارچاکەکان. "هەردەبێ لێرەدا شتێکمان لێ ون بووبێ."

به ڕاڕەوەکەدا، کوڕە مجێورەکە گەیشتە لای قوربانیگەکە، سەرسوڕماوانە کەسی لەوێ دیار نەبوو. "جەنابی (ناولس)؟" ***دەزانم گوێم لە دەرگە بوو،*** وای بیرکردەوە و بەرەو دەروازەکە ڕۆیشت تابزانێ چی بووە.

ئینجا بینی پیاوێکی لاواز بەخۆی و قاتە کەشخەکەی لە دەروازەکە وەستابوو، سەری خۆی دەخوراند، بە کەسێک دەچوو ڕێگەی ون کردبێ. کوڕە مجێورەکە ئەحمێکی تووڕەیانە کرد، پەی بەوە برد لە کاتی هاتنە ژووری سێ کەسەکانی یەکەمدا، لەبیری چووبوو دەرگەکە دابخاتەوە. ئێستا لانەوازێک کە مایەی زگپێسووتانەوە بوو، گەیشتە سەر شەقامەکە و پرسیاری ئەوەی دەکرد ئاخۆ بۆنەی ژنهێنانەکە لە کامە لایە. ئەویش وەڵامی دایەوە. "ببوورە،" گەیشتە لای دینگە گەورەکە."ئێمە جارێ نەمانکردۆتەوە."

ئیدی لە پشت ئەو، یەکێک لە بن قوماشێکی لوولدراو، بەر لەوەی کوڕەکە ئاوڕیش بداتەوە، بە دەستە بەهێزەکانی، کوڕەکەی لەپشتەوە توند گرت و دەستی لەسەر دەم دانا تا نەقیژێنێ. ئێستا دەستەکەی سەر دەمی کوڕەکە دەرکەوت سپی سپییە و بۆنی ئەلکحولیشی لێدێ.

پیاوە قات کەشخەکەش لە شوێنی خۆی دەستی بۆ دەمانچە بچکۆلانەکەی بەر قایشی کەمەری برد و ڕاستەوخۆ ڕووی لوولەکەی لە نێوچوانی کوڕەکە کرد.

کوڕە مجێورەکە هەستی بە شلەیەکی گەرم کرد بە نێو لاقانی داهاتە خوار، تێگەیشت میزی بەخۆدا کرد.

- "باش گوێ بگرە،" پیاوە قات کەشخەکە بە سرتەیەکەوە پێیگوت، "بەبێ دەنگی لەو کڵێسایە دەچیتە دەر، دەبێ بە غاردانیش بڕۆی. نابێ بوەستی. ئایا قسەکەم ڕوونە؟"

کوڕەکەش بەقەد ئەوەی دەستی کابرای لەسەر دەم بوو، سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند.

- "خۆ ئەگەر بانگی پۆلیسیش بکەی...." پیاوە قات کەشخەکە لوولەی دەمانچەی لە پشتەسەری کرد. "وای لەحاڵت! هەر دەتبینمەوە."

ئەوەی کوڕەکە لە هەنگاوی داهاتووی دەیزانی، ئەوەبوو بەبێ وەستان لەوێ بڕوا و نەمێنێ، هەر بڕوا و بڕوا تا قاچەکانی شل دەبن.

سیلاس وەک تارماییێک بە بێدەنگی بەدوای نێچیرەکەیەوە بوو. سۆفیش لەکاتێکدا هەستی پێکرد، کار لەکرا ترازابوو. بەرلەوەی سۆفی ئاوڕ بداتەوە، سیلاس لوولەی دەمانچەکەی لە پشتەوە، لە بڕبڕەی پشتی کرد و باسکە بەهێزەکەشی لە پشتەوە لەسینگی وەرێنا و بەتوندی بۆ جەستە زەبەلاحەکەی خۆی کێشا. سۆفی لە واقوڕماندا هاواری کرد. لەو کاتیشدا تیبینگ و لانگدن ئاوڕیان دایەوە، دەربڕینی سیمای دەموچاویان حەپەسان و سامگرتووی بوو.

- "ئەوە چییە...؟" تیبینگ بە کۆخەیەکەوە وشەکەی وا لەدەم دەرچوو. "ئەی چیت لە ڕیمی کرد؟"
- " تاکە خەمی تۆ،" سیلاس بە هێواشی وای پێگوت، "ئەوەیە، کە من لێرە بە بەردەکلیلەکەوە بڕۆمە دەرێ." ئەو ئەرکەی وەک ڕیمی بۆی وێنا کردبوو، ئەرکێکی خاوێن و سادە بوو: ***بڕۆ نێو کڵێساکە، بەردەکلیلەکە بێنە و وەرە دەر؛ نە کوشتن نە ململانێش.***

سیلاس کە سۆفی توند گرتبوو، ئەو دەستەی سینگی گرتبوو دایبەزاند بۆ کەمەری، زیاتر نەوی کرد تا بەرکی چاکەتەکەی، بەرکەکانی چاکەتەکەی گەڕا. سەرباری ئەو ئەلکهولەی خواردبوویەیەوە بۆنوبەرامەی پرچە شلوخاوەکەی سۆفیشی کرد. "لەکوێیە؟" بە سرتەیەکەوە بە سۆفی گوت. ***ئاخر بەردەکلیلەکە لێرە لە نێو بەرکی چاکەتەکەی دابوو. ئەدی ئێستا لە کوێیە***؟

- "ئەوەتا لێرەیە،" لانگدن بە دەنگێکی پڕەوە کە لەنێو مەودای هۆڵەکەدا دەنگی دایەوە، وای پێگوت.

سیلاس ڕووی لە لانگدن کرد، کریپتسە ڕەشەکەی لەدەستدا بوو، هەر بۆ پێشەوە دەیهێنا و دەیبرد، وەک ئەوەی کەسێک بیەوێ ئاژەڵێکی گێلۆکە دەستەمۆ بکا.

- "دەی داینێ." سیلاس وا فەرمانی بەسەردا کرد.
- "واز لە سۆفی و تیبینگ بێنە، با لە کڵێساکە بچنە دەر." لانگدنیش وا وەڵامی دایەوە. "تۆ و من ئەو پرسە چارەسەر دەکەین."

سیلاس پاڵێکی بە سۆفییەوە ناو لەخۆی دوورخستەوە، نیشانەی دەمانچەکەی لە لانگدن گرت و بەرەو ڕووی بزووت.

- "یەک هەنگاوی دیکە نەیەیتە پێش،" لانگدن وای پێگوت. "نایەیتە پێش تا ئەوان لێرە دەچنەدەر."

- "ئاخر خۆ تۆ لەو پێگەیەدا نی فەرمان دەربکەی."
- "وا نییە." لانگدن کریپتیسەکەی بۆ بان سەر بەرز کردەوە. "لەوە دوودڵ نیم ئەم شتە بە زەوییەکە دابدەم و شووشە سرکەی ناوەوەیشی بشکێ."

هەرچەندە سیلاس گاڵتەی بە گەفەکەی لانگدن هات، لە ناخیدا برووسکەیەکی ترس لێیدا. ئاخر ئەمە چاوەڕوانکراو نەبوو. ئەو نیشانەی لە هەنیەی لانگدن گرت و بە دەنگێکی لێبڕاوانەشەوە بانگی لێکرد. "تۆ هەرگیز ناتەوێ بەردەکلیلەکە بشکێنی. تۆش هەر وەک من پەرۆشی بەدەستهێنانی جامەکەی."

- "تۆ هەڵەی. تۆ لە من زیاتر عەواڵی. تۆ سەلماندووتە، خەڵکت لەپێناویدا کوشتووە."

چل پێ لە دووری ئەوانەوە، ڕیمی لەپەنا سەکۆیەکی لێدانیشتنەوە لە نزیک ڕێگا چەماوەکەدا، هەستی بە بەرزبوونەوەی ئاستی ئاگادارکردنەوە کرد. ئاخر مانۆرەکە بەپێی نەخشەکە بەڕێوە نەچوو. تەنانەت لێرەشەوە، دەیبینی سیلاس لە چارەسەرکردنی دۆخەکەدا چەند دوودڵە. بەگوێرەی ڕێنمایی مامۆستاکە، ڕیمی لێی قەدەغە کردبوو تەقە بکا.

- "دەی ڕێگەیان بدە، با ئەوان بڕۆن." لانگدن دووبارە وا داوای لێکردەوە، کریپتیسەکەشی بەرز ڕاگرتبوو و چاویشی لە سەر لوولەی دەمانچەی دەستی سیلاس بوو.

چاوەکانی قەشەکە هەر تووڕەیی و بێئومێدییان لێدەباری، ڕیمیش بەهۆی ئەو ترسە گرژ بوو، نەبادا سیلاس لەو کاتەی کریپتیسەکەی لانگدن بە دەستەوەیە، تەقەی لێبکا. ***نابێ کریپتیسەکە بەربێتەوە!***

ئاخر کریپتیسەکە بلیتی ڕیمی بوو بەرەو ئازادی و دەوڵەمەندبوون. ساڵێک و قسوور، ئەو پێشخزمەتێکی تەمەن پەنجاوپێنج ساڵە، لە کۆشکی شاتو ڤیلیێ دەژیا، ئارەزووەکانی (سێر لای تیبینگ)ی بەجێ دەگەیەنێ کە هی بەرگەگرتن نییە. ئینجا ئەو لە پێگەیەکی زۆر دژوار و هەستیاردا نزیک بووەوە. هاوکاری ڕیمی بۆ سێر لای تیبینگ –ئەو مێژوونووسە ناودارەی جامەکە لەسەر زەوی– وای لێکرد هەموو خەونێکی ژیانی بۆ بەدیبێنێ. لەوکاتەوە هەموو ساتێکی لەنێو کۆشکی شاتو ڤیلیێتدا سەرکێش بوو بۆ چرکاساتێکی وەک ئێستا.

***ئای، چەند لە شتەکەوە نزیکم***، ڕیمی وای بەخۆی دەگوتەوە. لەبن هەنوانەکەی کڵێسای پەرستگاکە لەدەستی ڕۆبەرت لانگدنەوە ڕامابوو. خۆ ئەگەر لانگدن شتەکە بەربداتەوە، ئەوا هەموو شتێک لەدەست دەردەچێ.

***تۆبڵێی ڕووخساری خۆمیان بۆ ئاشکرا بکەم؟*** ئەمەش شتێک بوو، مامۆستاکە بەتەوای لێی قەدەغە کردبوو. ڕیمیش تاکەکەس بوو ناسنامەی مامۆستاکەی دەزانی.

- "ئەریّ تۆ دڵنیای کە سیلاس ئەم کارەی پێدەکریّ؟" ڕیمی هەر نیو سەعات پێش ئێستا وای لە مامۆستاکە پرسی، ئەمەش دوای فەرمانپێکردنی هات، تا بەردەکلیلەکە بدزیّ. "خۆم توانای ئەوەم هەیە."

قسەی مامۆستاکە گردەبڕانە[262] بوو. "سەبارەت بە چوار ئەندامەکەی دەستەی مریدایەتیەوە، سیلاس خزمەتی کردین. ئەو بەردەکلیلەکەیان لێدەستێنیّ. تۆ هەر دەبیّ بە نەناسراوی بمێنیەوە. خۆ ئەگەر ئەوان تۆ ببینن، ئەوا پێویستە لەناویان بەری و ئیدی بایی ئەوەندەش کوشتن هەبووە و بەسیەتی. خۆت ئاشکرا مەکە."

***ڕووخسارەکەم دەگۆڕیّ***، ڕیمی وا لەگژ هزران ڕاچوو. ***بەهۆی ئەوەی تۆ پێمی ڕەوا دەبینی. من سەرتاپا دەبمە پیاوێکی دیکە.*** بەشتەرگەری دەتوانی تەنانەت پەنجەمۆریش بگۆڕیّ، ئاخر مامۆستاکە وای پێگوتبوو. زۆر نابا ئەو ئازاد دەبیّ، پیاوێکی دیکە کە ناناسرێتەوە، کەسێکی جوان و قۆز، لە کەناراودا خۆی لەبەر تیشکی ڕۆژدا هەڵدەخا. "تێگەیشتم." ڕیمی وای بە مامۆستاکە گوتەوە. "لەسایەدا هاوکاری سیلاس دەکەم".

- "ڕیمی، هەر بۆ زانیاری خۆت،" مامۆستاکە پێی ڕاگەیاند. "ئەو گۆڕەی ئەوان بۆی چوونەتە کڵێسای پەرستگاکە، هەونییە. تا ئەو ڕادەیە جێگەی مەترسی نییە. ئەوان لە شوێنکی هەڵە بەدوایدا دەگەڕێن."
- ڕیمی ئەوق ما. "تۆ بە گۆڕەکەش دەزانی لە کوێیە؟"
- "بێگومان. دواتر پێت دەڵێم. بۆ ئەم ساتە دەبیّ دەستوبرد بکەی. خۆ ئەگەر ئەوانی دیکە شوێنەکەیان بۆ دەربکەویّ، پێش ئەوەی تۆ دەستت بە کریپتیسەکە ڕابگا، لەویّ دەربچن، ئەوا بۆ هەتا هەتایە جامەکەمان لەدەست دەردەچیّ."

ڕیمی هیچ دڵی بۆ جامە نەفرەتییەکە لیّ نەدەدا، بەدەر لەوەی مامۆستاکە قایل نەبوو بەر لە دۆزینەوەی جامەکە، پارەکەی بداتیّ. ڕیمی هەر کاتێک بیری لە کاتەکە دەکردوە، زۆری دیکە نابا دەستی بە پارەکە ڕادەگا، سەری دەسوورا. سێیەکی بیست ملیۆن یۆرۆ. ئاخر پارەکە ئەوەندە زۆرە، تا هەتایە دەتوانیّ خۆی بشارێتەوە. ڕیمی بە خەیاڵ کەناراوی (کۆو دەزوار)[263] هێنایە بەرچاو، پێشتر نەخشەی بۆ کێشابوو لەویّ بژی، لەویّ خۆی بداتە بەر ڕۆژ و کەسانێکیش بەپارە خزمەتی بکەن.

هەنووکەش لە نێو کڵێسای پەرستگاکەدا و بەم گەفەی لانگدن، خەریکە پاشەڕۆژی ڕیمی بکەوێتە مەترسی. ئیدی بەرگەی ئەو خەیاڵەی نەگرت، کە کەمێکی دیکە هەموو شت لەدەست دەربچیّ، بۆیە ڕیمی بڕیاری خۆی دا، کارێکی بوێرانە بکا. ئەو دەمانچەی شاراوەی پیّ بوو،

---

[262] گردەبڕانە: لێبڕاوانە، یەکلاکەرەوە.

[263] Cote d'Azur سەیرانگەیەکی خوارووی فەرەنسایە دەکەوێتە سەر کەناری دەریای سپی ناوەڕاست.

کالیبەرێکی بچووکی شێوە L ی میدوسا بوو، بەڵام ئەگەر لە نزیکییەکی گونجاودا بەکاربێ، کوشندەیە.
ئیدی ڕیمی لە سێبەرەکە هاتەدەر، بەرەو ژووره خڕەکە هەنگاوی هاوێشت و ڕاستەوخۆش بە دەمانچەکە سێرەی لەسەری تیبینگ گرت. "هەی پیرەمێرد، دەمێکە چاوڕێی ساتێکی وا دەکەم."

کاتی لانگدن ڕیمی بەو جۆرە دی، خەریکبوو دڵی لە لێدان بکەوێ. ***ئەو چی دەکا!*** تیبینگ دەمانچە مێدوساکەی خۆی ناسییەوە، ئاخر هەر بۆ ئاسایشپارێزی خۆی لە چەکمەجەی لیمۆزینەکەی دانابوو.

- "ڕیمی؟" لانگدن لە هێدمەگرتندا زمانی تێک ئاڵا. "ئەوە چی ڕوودەدا؟"

سۆفی و لانگدنیش بەهەمان شێوەی تیبینگ پەشۆکان.
ڕیمی لە تیبینگ وەرسووڕایەوە و لوولەی دەمانچەی لەسەرووی لای چەپی پشتی، ڕێک لە ئاستی دڵیدا ڕاگرت.
تیبینگ هەستی کرد ماسولکەکانی لە ترسوبیمدا وێکهاتنەوە. "ڕیمی. من ــ"

- "من شتەکە زۆر ئاسان دەکەم،" ڕیمی قسەکەی پێبڕی و لەسەر شانی تیبینگەوە چاویشی لە لانگدن کرد. "دەی بەردەکلیلەکە دادەنێی یان پلی لێبنێم."
- لانگدن لەو ساتدا وەک ئەوەی گێژ[264] بێ وابوو. "ئاخر بەردەکلیلەکە بۆ تۆ هیچ نییە." وا زمانی تێک ئاڵا. "ئاخر خۆ ناتوانی بیکەیتەوە."
- "شێتوشوری لەخۆبایی،" ڕیمی بە گاڵتەپێکردنەوە. "ئەرێ سەرنجتان نەدا، هەموو شەوەکەی گوێم لێگرتبوون گفتوگۆتان لەسەر شیعرەکە دەکرد؟ هەموو ئەوەی گوێم لێبوو، داومەتە ئەوانی دیکە. ئەوانی دیکە لە ئێوە باشتری لێدەزانن. ئێوە تەنانەت نەهاتوونەتە شوێنی ڕاست و دروستیش. ئەو گۆڕەی بەدوایدا دەگەڕێن هەر لێرە نییە، بەڵکو لە شوێنێکی دیکەیە!"

تیبینگ هەستی بە تۆقان کرد. ***ئەوە چی دەڵێ؟***

- "تۆ چیت لە جامەکە دەوێ؟" لانگدن وای لێپرسی. "بۆ ئەوەی لە کۆتایی هاتنی ڕۆژەکە لەناوی بەریت؟"

ڕیمی بانگی قەشەکەی کرد. "سیلاس، دەی بەردە کلیلەکە لە مستەر لانگدن وەربگرە."
کاتێکیش قەشەکە لێی چووە پێش، لانگدن هەنگاوێک کشایەوە. کریپتیسەکەی بەرز ڕاگرت، واش دەبیندرا، خۆی بەتەواوی بۆ ئەوە ئامادەکردووە، شتەکە فڕێبداتە سەر زەوی.

---
[264] گێژبوون: پەککەوتن، ئیفلیج بوون.

- "من پێم باشە شتەکە بشکێ،" لانگدن وای بە کابرا گوت. "لەوەی بکەوێتە دەستێکی هەڵەوە."

تیبینگ زەندەقی چوو. ئاخر بینی ئەوەی لەژیانیدا کاری بۆکرد، خەریکە لەبەر چاوی خۆم دەڕوا. هەموو خەونەکانی بە فیڕۆ دەڕوا.

- "ڕۆبەرت، نەخێرا!" تیبینگ وا هاواری کرد. "وا نەکەی! ئەمە جامەکەیە بەدەستتەوە! هەرگیز ڕیمی تەقە ناکا. ئێمە دە ساڵە یەکدی دەناسین ـــ"

لەوکاتدا ڕیمی بە دەمانچەی مێدوسا گوولەیەکی بەر بنمیچەکە نا. هەرچەندە دەمانچەکە بچکۆلانە بوو، بەڵام زرمەیەکی گەورەی لێوە هات، سەداکەی لەنێو هەنوانە بەردینەکەوە دایەوە.

هەمووان لەجێی خۆیان سڕ بوون.

- "خۆ من یاری ناکەم،" ڕیمی وای پێگوتنەوە. "گوللەی دووەم ڕێک لە پشتی سەری دەدەم. دەی بەردەکلیلەکە بدەرە سیلاس."

لانگدن بە دوودڵی کریپتیسەکەی دایێ. سیلاسیش هەنگاوێک لێیچوە پێش و لێی وەرگرت، چاوە سوورەکانیشی بە لەخۆڕازیبوونێکی تۆڵەکردنەوە دەگەشانەوە. کریپتیسەکەی خستە نێو بەرکی عەباکەی، ئینجا کشایەوە، هێشتاش سێرەی هەر لەپشتی لانگدن گرتبوو.

تێبینگیش کاتێ ڕیمی خزمەتکارەکە بۆ دواوە کشایەوە و تیبینگی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا، هەستی بە توندی چەنگاڵی ڕیمی کرد لێی گیرکردبوو. هێشتاش لوولەی دەمانچەکەی هەر لەسەر ملی بوو.

- "دەی لێیگەڕێ با بڕوا." لانگدن وا داوای لە ڕیمی کرد.
- "ئێمە مستەر تیبینگ بۆ گەشتێک لەگەڵ خۆمان دەبەین،" ڕیمی وای وەڵام دایەوە و بۆ دواوەش گەڕانەوە. "خۆ ئەگەر بانگی پۆلیسیش بکەن، ئەوا ئەو دەمرێ. ئەگەر هەر هەوڵێکی دەستوەردان بدەن، ئەو دەمرێ. ئایا ئەمە ڕوونە؟"
- " دەی من لەجیاتی ئەو ببە،" لانگدن وا داوای لێکرد و دەنگیشی پڕ لەهەستوسۆز بوو. "لێگەڕێ با (لای) بڕوا."
- ڕیمی پێکەنی. "پێموانییە وابێ. ئەو و من مێژوویێکی جوانمان بەیەکەوە هەیە. وێڕای ئەوەش هێشتا ئەو بە بەریەوە ماوە سوودبەخش بێ."

سیلاسیش کشاوە دواوە و سۆفی و لانگدنیشی هەر لەژێر سێرەی دەمانچە بوون، ڕیمی تیبینگی تا دەرگا بەدوای خۆیدا ڕاکێشا و داردەستەکانیش هەر تەقەتەقیان دەهات.

سۆفی بە دەنگێکی پتەوە و بە ڕیمی گوت، "ئەرێ تۆ بۆ کێ کار دەکەی؟"
پرسیارەکە خەندەیەکی زۆر لەخۆکردوانەی پەڕاندە سەر ڕووخساری ڕیمی. "خاتوو سۆفی، گەر بیزانی، سەرت سوڕ دەمێنێ.

# بەندی ٨٧

ئاگردانەکەی ژووری نیگارکێشانی تیبینگ لە کۆشکی شاتو ڤیلێ سارد بوو، بەڵام هێشا کۆلێ هەر لەبەری دانیشتبوو، سەری بەسەر فاکسەکانی ئینتەرپولدا گرتبوو، دەیخوێندنەوە.

هیچی چاوەڕوانکراوی وای تێدا نەبوو.

ئەندرێ ڤێرنێ، بەگوێرەی تۆماری فەرمی، نموونەی هاوڵاتییێکی باش بوو. هیچ تۆمارێکی پۆلیسی نەبوو. تەنانەت سەرپێچی هاتوچۆشی لەسەر تۆمار نەبوو. ئەو لە قوتابخانەیەکی باشی لایسی و دواتر لە سۆربۆن خوێندبووی، بە پلەی نایاب خوێندنی دارایی نێونەتەوەیی تەواو کردبوو. لە ڕاپۆرتەکانی ئینتەرپولدا هاتبوو، ڤێرنێ جاربەجار ناوی دەکەوتە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان، بەڵام هەمووشیان هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەرێیانەدا بوو. دیاربوو پیاوەکە بەشدارییێکی کارای لەبەرەو پێشبردنی سیستمی گرەنتی و متمانە بۆ بانکی زیورخ بۆ کەلوپەلی ڕاسپاردەیی کردبوو. چۆنیەتی خەرجی کریدیت کارتەکەی(کارتە بانکییەکەی) ئاماژی دەدا کە خولیای کتێبی هونەری، شەرابی بەهاگران، سیدی کلاسیک بوو —بەزۆریش هی برامس- بەوەی لە ڕێی دەزگا ستریۆ نوێکەی چێژی لێدەبینی، هەر لەبەرئەوە دەزگاکەی چەند ساڵێک پێش ئێستا کڕی بوو.

**هیچ**، کۆلێ بە ئاهـ هەڵکێشانەوە.

تاکە تێبینی سووری ئەمشەوی ڕاپۆرتەکانی ئینتەرپول، سەبارەت بەو پەنجەمۆرە بوون، کە دیاربوو هی خزمەتکارەکەی تیبینگ بوو. بەرپرسی تیمی پۆلیسی دادوەری، لەسەر کورسییە کەشخەکەی نێو ژوورەکەدا، بە ئاسوودەیی ڕاپۆرتەکەی دەخوێندەوە.

کۆلێ سەرێکی هەڵبڕی و پرسی. "شتێک هەیە؟"

پشکنەرەکەش شانی بۆ هەڵتەکاند. "پەنجەمۆرەکان هی ڕیمی لوگولیدکە. ئەو داواکراوی تاوانگەلێکی کۆنە. بەڵام هیچیان جدیی نین. پێدەچی ئەو لە زانکۆ لەسەر ئەوە دەرکرابێ، کە هێڵی تەلەفۆنی بەکار هێناوە و پارەکەشی نەداوە... پاشان چەند دزییێکی حیزانەی کردوون. بێ مۆڵەت چۆتە شوێنێک و شتی بردووە. جارێکیشیان خۆی لە پارەدانی نەخۆشخانە دزیوەتەوە کە نەشتەرگەرییێکی لەپڕی قورگیان بۆ کردبوو." ئینجا سەرێکی هەڵبڕی و پێکەنی، "حەساسییەی بە بستەی سودانی هەیە."

کۆڵلێش سەری بۆ لەقاند. ڕاپۆرتێکی پۆلیسی بیرکەوتەوە کە لێکۆڵینەوەیان لە چێشتخانەیەک کردبوو، دەرکەوت خواردنێکی پڕ بیبەری تیژ بە ڕۆنی بستەی سودانی تێدابوو. شتێکی بێوەی، لێ یەکێک تامی کردبوو، یەکسەر دوای کەمێک لەسەر مێزەکە سندانی گەیشتبووێ.

– "لەوانەیە لەبەر ئەوە لێگولادیک لێرە ژیابێ، تا خۆی لە دەست گرتنی ئەو تاوانەی باس کران، بپارێزێ." پشکنەکەرەکە دیاربوو میزاجی هەبوو. "شەوێکی بەبەخت بۆ ئەو."

– کۆڵلێیش ئاخێکی هەڵکێشا. "زۆر باشە، واباشترە هەموو ئەو زانیارییانە بۆ کاپتن فاشێ بنێری."

پشکنەرەکە خەریکبوو هەڵسی و لەوێ بڕوا، لەو دەمەدا پۆلیسێکی دیکەی تیمەکە لێوەژوورەکە کەوت. "ملازم! شتێکمان لە تەویلەکە دۆزیوەتەوە."

لە ڕووخساری پەشۆکاوەی پۆلیسەکە، کۆڵلێ هەر ئەوەی لێچاوەڕێ دەکرد بڵێ: "تەرمێک؟"

– نەخێر گەورەم.. شتێکی زیاتر...." کابرا دوودڵ بوو. " چاوەڕواننەکراو."

بە چاو هەڵگلۆفتن، کۆڵلێ بەدوای پۆلیسەکە بۆ لای تەویلەکە کەوت. کاتێکیش گەیشتنە ئەو هەنوانە ئەشکەوتاویە تەماوییە، پۆلیسەکە ئاماژەی بەناوجەرگەی ژوورەکە کرد، لەوێدا قاڵدرمەیەکی دارین بە ڕاگرێکی دارین، پاڵپشتی لە کادینێک دەکرد، هەڵواسرابوو.

– "ئەو قاڵدرمەیە لێرە نەبوو." کۆڵلێ وای بە پۆلیسەکە گوت.

– "نەخێر، گەورەم. من بەوێم هەڵپەسارد. ئێمە لێرە لە نزیک ڕۆلێس ڕۆیزەکە لە پەنجەمۆر دەگەڕاین، ئیدی قاڵدرمەکەم بینی لەسەر زەویەکە کەوتبوو. خەریکبوو هیچ بایەخی پێنەدەم، لێ بینیم شەپڕێو و قوڕاوی بووە. قاڵدرمەکە بە بەردەوامی بەکارهێندراوە. قاڵدرمەکەش دەگاتە بەرزی کادینەکە. بۆیە پێمباش بوو بچم و سەیرێکی بکەم."

نیگای چاوەکانی کۆڵلێ پەڕیە سەر قاڵدرمەکە، کە بە شاقووڵی بە کادینەکە هەڵنرابوو. ***یەکێک بەردەوام هاموشۆی ئەوێی کردووە***؟ لێرە لەخوارەوە، وا دیارە ئەوێ چۆڵوهۆڵ بێ. دەبێ ئەوەش بگوترێ لێرەوە ئەوێ بەرچاو نییە.

یەکێک لە ئەفسەرەکانی تیمی پۆلیسی دادوەری لەسەر بەرزایی قاڵدرمەکە بەدیار کەوت و سەیری خوارەوەی دەکرد. "ملازم، هەر دەبێ بێیت و بیبینی." ئیدی بە دەستەکانی کە دەستکێشی تیدابوو، ئاماژەی بۆ کۆڵلێ کرد.

کۆللێش بەماندووییەوە سەری بۆ لەقاند، خۆی گەیاندە قاڵدرمەکە و دەستی پێوەگرت و پێی نایە سەر پەیژەی یەکەم. قاڵدرمەکە شەقڵێکی کۆنینە بوو، تا بەسەرتر دەکەوت باریکتر دەبووەوە. کاتیک گەیشتە نزیک پەیژەی هەرە سەرەوە، خەریک بوو پێی لەسەر پەیژە باریکەکە لابدا. تەویلەکەی لە ژێرەوەدا دەسووڕا. ئینجا خۆی گرت و وریا بووەوە، لەدوایدا گەیشتێ. ئەو پۆلیسەی سەرەوە دەستێکی بۆ ڕاهێشت، کۆللێش دەستی گرت و گەیشتە نێو کادینەکە.

- "شتەکە لەوێیە،" پۆلیسی تیمەکە وای پێ گوت و ئاماژەشی بۆ بن هەنوانێکی زۆر خاوێنوبژوون[265] کرد. "تەنها یەک جێ پەنجەمۆری هەیە، زۆر نابا ئەویشمان بۆ دەردەکەوێ."

کۆللێ لەژێر ڕۆشناییە کزەکەدا سێرەی چاوی لەسەر شتێک، لەلای دیوی دیوارە دوورەکە گرت. ***ئەرێ ئەو شتە نەفرەتییە چییە؟*** لەوێ لەپەنا دیوارەکەدا دەزگایەکی وردەکاری کۆمپیوتەری و دوو یەکەی لێوردبوونەوە، شاشەیەکی تەختی ڤیدیۆیی و بڵنگۆ، ڕیزە هارددرایڤ، چەندین ئامێری دەنگ هەبوون، دیاربوو هەمووشیان بە وایەرێکی کارەبایی فلتەرکراو بەسترابوونەوە.

***تۆبڵێی چی وای لە کەسێک کردبێ ئەو هەموو شتانە بەم شێوەیە لێرە دابنێ؟*** کۆللێ بەرەو ئامێرەکان بزووت. " ئەرێ لە سیستمەکەت کۆڵییەوە؟

- "وێستگەیەکی گوێ هەڵخستنە(سووسەکارییە)."

- کۆللێش هەڵیدایێ. "چاودێری؟"

- پۆلیسەکە سەری بۆ لەقاند. "چاودێرییێکی زۆر پێشکەوتوو." ئینجا ئاماژەی بۆ ڕێنمایی پرۆژەی سەرمێزەکە و ئامێرە ئەلەکترۆنییەکان و وایەرەکان کرد "یەکێک ڕاشکاوانە زاینیوییێتی چی دەکا. زۆر لەو ئامێرانە وەک هی ئێمە، ئامێری زۆر پێشکەوتوون. مایکی زۆر بچکۆلە، پاتری بارگەکردنی کارەبایی، ڕامی توانابەرز. تەنانەت هەندێ شتی نانۆ درایڤەریشی تێدایە."

کۆللێ کەتبووە بن باندۆری ئامێرەکان.

- "ئەمە سیستمێکی تەواوە." پۆلیسەکە وای گوت و شتێکی ڕادەستی کۆللی کرد، کە هەر بەقەد ژمێریارێکی دەستی دەبوو. لەو ئامێرەدا وایەرێکی یەک پێ درێژی لێدەبووەوە،

[265] خاوێنوبژوون: پاکوتەمیز.

پارچە کانزایەکی هێندەی یەک پوولی پێوە بەسترابووەوە. "ئەم بنەکەیە توانایەکی باڵای هارددیسکی دەنگیی بۆ تۆمارکردن هەیە و پاترییێکی بارگاویشی پێوە بەندە. چیپی ئەوسەری وایەرەکەش تێکەڵەیەکی مایکرۆفۆن و پیلی بارگاویکردنە."

- کۆللێ دەیزانی ئەو شتانە چین. ئەو چیپەشانەی مایکرۆفۆنن، لەم ساڵانەی دوایدا داهێندراوی مەزن بوون. ئێستاش ئەو هارددیسکە دەکرێ بەو چیپە مایکرۆفۆنەکە ببەسترێتەوە و لەهەر جێیەک دابندرێ و بۆیەش بکرێ. تا ئەو ڕادەیەش ئەو خانە پاتریانە بە شێوەیەک دابندرێن، کە بۆ چەند کاتژمێرێک ڕۆژیان لێبدا، ئەوا خۆیان بارگاوی دەبنەوە، دەکرێ بێ سنوور دەنگ تۆمار بکا.
- "ئەی سەبارەت بە ڕێگەی وەرگرتنی زانیارییەکان؟" کۆللێ وای لە پۆلیسە پشکنەرکە پرسی.

پۆلیسەکە ئاماژەی بە وایەرێک کرد، لەپشتی کۆمپیتەرەکە دەردەچوو، لەوێ لە دیوارەکە، لە ڕێی کونێکەوە دەگەیشتە سەربانی تەویلەکە. "شەپۆلە ڕادیۆی سادە. ئەنتێنێکی بچووکیش لەسەر بان."

کۆللێ دەیزانی ئەو جۆرە سیستمە بە گشتی لە نووسینەگەکان دادەندرا، دەنگی تێدا کارا دەکرێ و لە نێو هارددیسکدا هەڵدەگیرێ، ئیدی گفتوگۆی ڕۆژانەی لێ تۆمار دەکرێ، بە شەویش ئەو دەنگانە بە پەستێندراوی بۆ بنکەکەی خۆی دەینێرێ، بۆ ئەوەی بۆ بەیانییەکەی سەرلەنوێ بۆ تۆمارکردنەکە ساز و ئامادە بێ.

کۆللێ چاوی لە بارستەی ئەو نەوارە دەنگییانەی لەسەر یەک داندرابون، کرد، هەمووشیان شریتێکیان لەسەر درابوو، ژمارە و بەرواری لەسەر بوو. ***هەر دەبێ یەکێک زۆریان پێ سەرقاڵ بووبێ.*** ئینجا ئاوڕی لە پۆلیسەکە دایەوە. "ئایا هیچ بیرۆکەیت هەیە، کێ مەبەستی ئەو چاودێرییە بووە؟"

- "زۆر چاکە ، ملازم." پۆلیسەکەش وا وەڵامی دایەوە، بەرەو کۆمپیوتەرەکە ڕۆیشت و پارچەیەکی بەشێک لەبەرنامەکەی هەڵکرد. ئەمە سەیرترین شتە..."

کاتێک لانگدن لەگەڵ سۆفیدا بەنێو دەروازەی وێستگەی میترۆی ژێزەمیندا دەچوونە خوار و دواتر بەنێو لاڕێیەکاندا ڕۆیشتن کە وەک توونی بابا وابوون، تا قەتارە ژێرزەمینییەکەی خۆیان ببینەوە، هەستی بە شەکەتی و شەنگلێبڕان[266] کرد. ئاخر هەستی خۆبەخەتابارزانین بەسەریدا زاڵ بوو.

***من (لای تیبینگم) تووش کرد، ئێستاش ئەو لەبن مەترسییەکی کوشندە دایە.***

دەستتێوەردانی ڕیمی لەویٚ مایەی هێدمەگرتن بوو بۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا لێی حاڵی بوون. ئەوەی بەدوای جامە پیرۆزە بووە، دزەی بە ڕیمی کردوە تا بتوانێ خۆی بگەیەنێتە کن تیبینگ. ***ئەوانیش بە هەمان مەبەستی من خۆیان گەیاندۆتە تیبینگ.*** بە درێژایی مێژوو، هەمیشە هەروا بووە، ئەوانەی زانیارییان لەسەر جامەکە هەبووە، وەک یەک جێسەرنج و مجێزی دز و لێکۆڵەرەوەکان بوون. ئەو ڕاستیەش، کە دەمێکە تیبنیگ بۆتە ئامانج لەلایەن ئەوانەوە، هەندێ باسی خۆبەتاوانبازانینی لەسەر ملی لانگدن سووک کرد. بەڵام هێشتاش هەستەکەی لا نەکەوتبوو. ***هەر دەبێ (لای) ببینینەوە و یارمەتی بدەین. هەر ئێستاش.***

لانگدن بە دوای سۆفی بەرەو لای ڕاستی وێستگەکە و هێڵە بازنەییەکە ڕۆیشت، لەوێوە سۆفی بەپێچەوانەی هۆشدارییەکەی ڕیمی غاریدایە لای تەلەفۆن، تا زەنگ بۆ پۆلیس لێبدا. لانگدنیش بە شێواوی لەنزیکیەوە وەستابوو، هەستی بە پەشیمانی خۆی دەکرد.

- "باشترین ڕێگا بۆ یارمەتیدانی (لای)،" لەگەڵ لێدانی ژمارەکان، قسەکەی دووبارە کردەوە، "دەستبەجێ ئاگادارکردنەوەی پۆلیسی لەندەنە. با متمانەت پێم هەبێ."

لە سەرەتاوە لانگدن لەسەر ئەمە لەگەڵ سۆفی کۆک نەبوو، لێ کاتێ نەخشەکەیان تاوتوێ کرد، ئەو لۆژیکەی سۆفی لەسەری ڕۆیشت، بڕوای بە لانگدنیش هێنا. تیبینگ لە حاڵی حازردا سەلامەتە. خۆ ئەگەر ڕیمی و ئەوانی دیکەش شوێنی گۆڕی سوارچاکەکە بزانن، هێشتا هەر پێویستیان بە تیبینگە تا ئاماژە مەتەڵی تۆپە ونبووەکەیان بۆ هەڵبێنێ. بەڵام ئەوەی لانگدن لێی دەترسا، ڕەوشی دوای بەدەستهێنانی نەخشەی جامەکە بوو. ***ئەوسا (لای) دەبێتە بارێکی گران بەسەر شانیانەوە.***

[266] شەنگلێبڕان: هێزو تاقەت نەمان، هیلاکبوون.

خۆ ئەگەر لانگدن هیچ دەرەتانی یارمەتیدانی تیبینگی هەبێ، یاخود ئەگەر جارێکی دیکە بەردەکلیلەکە ببینێتەوە، گرنگ ئەوەیە سەرەتا شوێنی تۆپە ونبووەکەی سەر گۆڕی سوارچاکەکە بدۆزێتەوە. ***بۆ بەدبەختیش سەرەداوەکە بە دەست ڕیمیەوەیە.***

کاری تەگەرەخستنە بەردەم ڕیمی و دواخستنی لە گەیشتن بە شوێنی گۆڕی سوارچاکەکە، بووە ئەرکی سۆفی.

دۆزینەوەی گۆڕە ڕاستودروستەکەی سوارچاکەکەش بووە ئەرکی لانگدن.

سۆفی دەبوایە زەنگ بۆ پۆلیسی لەندەن لێبدا و لە هەلاّتنی ڕیمی ئاگاداریان بکاتەوە، ئەمەش وایان لێدەکا خۆیان بشارنەوە، یان باشتریش وایە بگیرێن. هەرچی نەخشەی لانگدن بوو کەمتر ڕۆشن بوو، ئەویش بە میترۆ چوونە زانکۆی شاهانە بوو، ئەو شوێنەی بە زانیاری و داتابێسی ئەلکترۆنی سیخناخ بوو. ***لێگەرانی ئەلکترۆنیانەی بێسنوور،*** لانگدن بیستبووی. ***لەوێ دەردەست وەلاّمی پرسیارگەل بە مێژووی دینەکان هەیە.*** لەوەش تێمابوو ئاخۆ زانیاریەکانی ئەوێ سەبارەت بەو "سوارچاکەی پاپا ناشتوویەتی" چی دەلّێن.

ئەو هەلّستا و لەوێ کەوتە قەدەم لێدان. خواخوای بوو قەتارەکە بە زووی بگا.

لە کۆتاییشدا سۆفی زەنگی تەلەفۆنی بۆ پۆلیسی لەندەن لێدا.

- "هۆبەی سنۆو هیل،" کارمەندی وەرگری تەلەفۆنەکە وا کەوتە قسە. "فەرموو، چۆن بتوانم تەلەفۆنەکەت وەربگرم؟"
- "دەمەوێ خەبەری ڕفاندنێک بدەم." سۆفی دەیزانی، دەبێ لە کورتیدا بیبیرێنێتەوە.
- "تکایە ناوەکەت؟"
- سۆفی ئیستێکی کرد. "ئاژان سۆفی نیڤو لە دەستەی پۆلیسی دادوەری فەرەنسییەوە."
- ئەم نیشانەهەلّدانە، کاریگەری خۆی هەبوو. "زۆر باشە خانم، هەر ئێستا. ڕێگام بدە ڕاستەوخۆ بتگەیەنمە لێکۆلّەرەوەی پەیوەندیدار."

کاتێک تەلەفۆنەکە وا ڕۆیی، لەو چاوەڕوانییەدا سۆفی مەراق ما، تۆ بلّێی پۆلیس بڕوا بەو وەسفانەی ئەو بۆ ڕفێنەرانی تیبینگ بکا. ***پیاوێک لە قاتێکی کەشخەدا.*** ئایا ناسنامەی تۆمەتبار لەوە ئاسانتر هەیە؟ خۆ ئەگەر ڕیمی جلەکانی خۆیشی بگۆڕێ، ئەوا قەشەیەکی بەلّەکی یاوەرە.

***ئەستەمە نەناسریتەوە.*** لەوەش زیاتر، ئەوان بارمتەیەکیان پێیە، ناتوانن بە ماشێنی گواستنەی گشتی بجوولێن. لەوەشدا هەر تێما، ئاخۆ چەند ترومبێلی لیمۆزینی جاگوار لە لەندەندا هەبن.

دیاربوو ئەو پەیوەندیگرتنە و گەیاندنی بە ئەفسەری پەیوەندیدار، زۆری درێژە کێشا. ***دەی خێرا بە !*** لەگەڵ تەحویلدانی هێڵەکە بۆ یەکێکی دیکە، سۆفی هەستی بە کرتەی تەلەفۆنەکە کرد.

پازدە چرکە تێپەڕین.

لەکۆتاییدا پیاوێک هاتە سەر خەت. "ئاژان نیڤو؟"

بە حەپەساوییەوە، دەمودەست سۆفی لەرەی دەنگەکەی ناسییەوە.

– "ئاژان نیڤو،" بێزو فاشێ وا لێیپرسی. ئەرێ بۆ خاتری جەهەننەم، لە کوێی."

سۆفی نوتقی گیرا. دیاربوو کاپتن فاشێ ئاگاداری پۆلیسی لەندەنی کردبووەوە، هەر کاتێ سۆفی زەنگی بۆ لێدان، ئاگاداری بکەنەوە.

– "دەی گوێ بگرە،" فاشێ بە فەرەنسییێکی بەڕێز کەوتەوە قسە. "ئەمشەو هەڵەیەکی کوشندەم کرد. ڕۆبەرت لانگدن بێ خەتایە. هەموو تۆمەتبارکردنێکی ئەو هەڵگیرا. بەڵام هێشتاش، هەردووکتان لە مەترسیدان. تۆ دەبێ بێیتە ئێرە."

سۆفی دەمی لێ بەش بوو. نەیدەزانی چۆن وەڵام بداتەوە. ئاخر فاشێ ئەو پیاوە نەبوو داوای لێبووردن بکا.

– "تۆ بە منت نەگوت،" فاشێ درێژەی بە قسەکەی دا. "کە ژاک سانییێر باپیرەتە. بە نیازم هەموو سەرپێچییێکی دوێنێ شەوت بەهۆی باندۆری فشاری هەستوسۆزەوە، لەسەر لابەرم. لەم ساتەشدا، تۆ و لانگدن پێویستە خۆتان بگەیەننە نزیکترین وێستگەی پۆلیس."

***خۆ دەشزانێ، لە لەندەنم؟ باشە فاشێ چیدیکە دەزانێ؟*** سۆفی گوێی لە دەنگێک بوو وەک ئەوەی شتێک هەڵبکۆڵێ، یان دەنگی ماشێن لە پشتەوەی دەهات. هەروەها گوێی لە کرتەیەکی نێو هێڵەکە بوو. "کاپتن، ئایا هەر لەسەر خەت ماوی؟"

ئەمجارەیان دەنگی فاشێ لێبڕاوانە بوو. "ئاژان نیڤو، تۆ و من دەبێ هاوکاری یەکدی بکەین. لێرەدا هەردووکمان زەرەرمەند دەبین. نابێ جڵەوەکە لەدەست دەرچێ. دوێنێ شەو هەڵەیەکی گەورەم کرد، خۆ ئەگەر ئەو شاشییانە ببنە مایەی قوربانی زێدەتر، لە ئەنجامدا کوشتنی

مامۆستایەکی ئەمریکایی و کۆدشکێنێکی پۆلیسی دادوەری، ئەوا کارنامەم بەفیڕۆ دەڕوا. لە هەوڵی ئەوەدام لەم چەند سەعاتەی دوایی بە سەلامەتی بتگەڕێنمەوە."

ئیدی هەوایەکی گەرم بە پاڵەپەستۆی ئەو قەتارەی چاوەڕییان دەکرد، هات. هەموو نیازی سۆفی ئەوە بوو، بەو قەتارە ڕابگا. پێدەچوو لانگدنیش هەمان مەبەستی هەبێ. ئەو خۆی کۆکردەوە بەرەو لای سۆفی هات.

- "ئەو پیاوەی بەدوایدا دەگەڕێی ناوی ڕیمی لێگالودیکە." سۆفی وای بە فاشێ گوت. "ئەو خزمەتکاری تیبینگە. ئەو تیبینگی لە نێو کڵێسای پەرستگاکەدا ڕفاند و ــ"
- "ئاژان نیڤو!" کاتێک قەتارەکە گەیشتە نێو وێستگەکە، فاشێ لەسەر هێڵەکە وا هاواری دەکرد. "ئەمە شتێک نییە لە تەلەفۆندا باسی لێوە بکەین. هەر ئێستا تۆ و لانگدن وەرنە ئێرە، لەپێناوی سەلامەتی خۆتان! ئەمەش فەرمانێکی ڕاستەوخۆیە!"

سۆفی دەسکی تەلەفۆنەکەی دانایەوە و لەگەڵ لانگدندا بە پڕتاو خۆیان بە ناو قەتارەکە دادا.

## بەندی ٨٩

ئەو کابینە پاکوتەمیزەی فڕۆکە هاوکەرەکەی تیبینگ، پڕبوو لە گەردوتۆزی ئاسن و بۆنی گازی پرۆپایین. کاپتن فاشێ کەسی لەوێ نەهێشتبوو، هەر خۆی بە تەنیا بەدیار خواردنەوە و سندووقە دارینە گوڵەڕەزەکەوە دانیشتبوو، کە لەنێو سندووقی گەنجینەی تیبینگدا دۆزیبوویەوە.

پەنجەی بەسەر جێهەڵکۆڵدراوی گوڵەڕەزەکەی سەر سندووقەکە داهێنا، ئەڵقەی سەری لادا. لەنێو سندووقەکەدا لوولەکێکی خەپلەداری بینی، هەمووی هەر پیت بوو. ئەو پێنج پیتانەی کە لە سەر لولەکە ڕیز کرابوون، بە وشەی SOFIA سۆفیا دەخوێندرایەوە. فاشێ بۆ ماوەیەکی درێژ لە وشەکە ورد بووەوە، ئینجا لوولەکەی دەرهێنا و سەیری هەموو ئینجێکی کرد. دواتر سەرەکانی لێککێشانەوە، لایەکانی لێک کردنەوە، فاشێ بینی ناو لوولەکەکە بەتاڵ و حەتاڵە.

ئیدی فاشێ شتەکەی گەڕاندەوە نێو سندووقە دارینەکە و ئاوڕێکی لە لەنگەرگا تایبەتیەکەی ژێر خۆی دایەوە، بە قووڵی بیری لەو کورتە گفتوگۆ تەلەفۆنییەی لەگەڵ سۆفی و بەشێ لەو زانیارییانەی لە کۆشکی شاتو ڤیلیێ بۆی ناردرا بوون، کردەوە. لەپڕ زەنگی تەلەفۆنەکەی لە زڕەخەونەکەی بێداری کردەوە.

تەلەفۆنەکە لە تیمی پۆلیسی دادوەرییەوە بوو. قسەکەرەکە داوای لێبووردنی لێکرد. ئاخر سەرۆکی بانکی زیوریخ بۆ کەلوپەلی ڕاسپاردەیی، چەند جارێک زەنگی بۆ لێدابوون. هەرچەندە پێیگوترا بوو، کاپتن فاشێ بە ئیشوکار چۆتە لەندەن، لێ ئەو لە تەلەفۆنکردنەکەی نەکەوت. بەئێرەیی پێبردنەوە، فاشێ داوای لە کارمەندی تەلەفۆنەکەکە کرد، بە یارۆی بانکەکەی ببەستێتەوە.

- "بەڕێز ڤێرنێ،" فاشێ هەر یەکسەر و بێ ئەوەی قولمات[267] لە دەمی کابرا بێتە دەر، گوتی، "داوای لێبووردنت لێدەکەم، پێشتر زەنگم بۆ لێنەدایتەوە. من سەرقاڵی کاروبار بووم. هەر وەک بەڵێنم دابوو، ناوی بانکەکەی تۆم لە هیچ میدیایەکدا نەبردووە. کەواتە تۆ لەچی نیگەرانی؟"

دەنگی ڤێرنێ شێوا بوو، بە فاشێی گوت، چۆن لانگدن و سۆفی سندووقەکەیان لەنێو گەنجینەی بانکەکەی دەرهێناوە بردویانە و هەڵاتوون. "کاتێکیش گوێم لەڕادیۆ بوو، کە ئەوان تاوانبارن،"

[267] قولماتی لەدەم بێتەدەر: بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکا.

ڤێرنیٚ وا لەسەر قسەکەی ڕۆیشت، "ترومبێلەکەم وەستاند و داوای سندووقەکەم لێکردنەوە، بەڵام ئەوان پەلاماریان دام و ترومبێلەکەشیان لیٚ دزیم."

- "ئەریٚ تۆ خەمی سندووقە دارینەکەتە؟" فاشیٚ وای پێگوتەوە و چاویشی لەسەر نەخشە هەڵکۆڵدراوە گوڵەڕەزەکەی سەر سندووقەکە بوو، بە دەستێک سەرەکەی هەڵدایەوە و تەماشایەکی لوولەکە سپییەکەی کردەوە. "بەڕاست، پێم ناڵێی، چی لەناو سندووقەکەدا هەیە؟"
- "ناواخنەکەی گرنگ نییە،" ڤێرنیٚ وا وەڵامی دایەوە، "من خەمی ناووناوبانگی بانکەکەمە. هەگیز دزیمان لێنەکراوە، هەرگیز. ئاخر ئەمە، ئاخر ئەگەر شتەکە لەبری مەعمیلەکەم نەگەڕێنمەوە بانکەکە، وێرانمان دەکا."
- "خۆ تۆ گوتت، ئاژان نیڤۆ و ڕۆبەرت لانگدن پاسوۆرد و کلیلەکەیان پیٚ بووە. کەواتە بۆ دەڵێیٚ سندووقەکەیان دزیوە؟"
- "ئاخر ئەوان ئەمشەو خەڵکیان کوشتووە. لەنێو کوژراوەکاندا باپیری نیڤۆش بووە. هەردەبیٚ کلیل و پاسوۆردەکەیان بە بەدکاری دەستکەوتبیٚ."
- "بەڕێز ڤێرنیٚ، پیاوەکانم هەندیٚ لە پاشخانی بانکەکە و بەرژەوەندییەکانی تۆیان کۆڵیوەتەوە. ڕاشکاوانە تۆ پیاوێکی کلتووربەرز و پاکی. من وای دەبینم پیاوێکی شەڕەفمەندیش بیت. هەروەها منیش. بۆیە پێت دەڵێم، وەک فەرماندەیەکی پۆلیسی دادوەریش، سۆزت پێدەدەم، سندووقەکە، لەگەڵ ناوڕوومەتی بانکەکە، لەدەستێکی پارێزراو دایە."

# بەندی ٩٠

لەوێ، لە بەرزایی نێو کادینەکەی کۆشکی شاتو ڤیلیێ، کۆللێ بە حەپەساوییەوە سەیری شاشەی کۆمپیوتەرەکەی بەردەمی دەکرد. "ئەم سیستەمە گوێی لە هەموو شوێنەکان هەبووە."

- "بەڵێ،" ئاژانەکەش گوتی، "پێدەچی ئەو زانیاریانە لە ماوەی ساڵێکدا کۆکرابنەوە."

کۆللێ بەسەرسامی دیسان لیستەکەی خوێندەوە.

**کۆلبێر سۆستاکو: سەرۆکی ئەنجوومەنی دەستووری.**

**ژان شافێ: سەرپەرشتیاری مۆزەی (دە ژو دو دە پوم).**

**ئێدوارد دێسرۆچەرس: ئەرشیفەوانی پلەباڵای کتێبخانەی میتەران.**

**ژاک سانیێر: سەرپەرشتیاری مۆزەی لۆڤەر.**

**میشێل بریتۆن: سەرۆکی DAS( لە دەزگای هەواڵگری فەرەنسی).**

ئاژانەکە ئاماژەی بۆ سەر شاشەکە کرد. "ژمارە چواریان زۆر گرنگ بووە."

کۆللێش ڕاشکاوانە سەری بۆ لەقاند. دەمودەست تێبینی کرد. ***ژاک سانیێر لەژێر چاودێریدا بووە.*** دیسان سەیری باقی لیستەکەی کردەوە. ***ئاخر چۆن توانراوە چاودێری بەسەر ئەو هەموو پیاوە گرنگانەوە بکرێ؟*** "ئەرێ گوێت لە هیچ فایلێکی دەنگیی گرت؟"

- "کەمێکیان. لێرەدا یەکێکی زۆر نوێیان هەیە." ئیدی ئاژانەکە کرتەی لەسەر دوگمەیەکی کۆمپیوتەرەکە کرد. مایکەکە دەنگی لێوە هات: ***کاپتن، ئاژانێک لە هۆبەی کۆدشکێنەکەوە گەیشت.***"

کۆللێ بڕوای بەوەی گوێی لێ بوو نەکرد. "ئاخر ئەوە منم! ئەوە دەنگی منە!" خۆی بەبیر هاتەوە کە لە نووسینگەی سانیێر دانیشتبوو، بە بێتەل زەنگی بۆ فاشێ لەنێو گراند گەلەری لێدا، لە هاتنی سۆفی نیڤو ئاگاداری کردەوە.

ئاژانەکەش سەری بۆ لەقاند. "دەبێ زۆر لەو لێکۆڵینەوەی لە نێو لۆڤەردا کردوومانە، لەلایەن کەسێکی پەرۆشەوە گوێی لێگیرابێ."

- "ئایا کەسێکت نارد، بزانێ ئاخۆ ئامێرە گوێهەڵخەرەکە لەکوێدا داندراوە؟"

- "پێویست ناکا. من دەزانم دەق لەکوێ داندراوە." ئاژانەکە چووە لای بارستاییێک لە کاغەزە کۆنەکان کە تێبینیی و نەخشەیان لەسەر نووسرابوو، هەمووشیان لەسەر مێزەکە بوون. لاپەڕیەکی لێهەڵگرت و دایە دەست کۆلێ. "ئایا دەیناسیەوە؟"

کۆلێ ئەوق ما. ئەو وێنەیەکی کۆپیکراوی هێڵکاری دەزگایەکی کۆنی لەبەردەم دابوو. نەیدەتوانی خەتە ئیتالییەکەی بخوێنێتەوە، بەڵام دەشیزانی سەیری چی دەکا. ئەویش نموونەیەکی وردەکاری سوارچاکێکی چاخی ناوەڕاست بوو.

***پەیکەری سوارچاکەکە لەسەر مێزی سانێیر بوو!***

کۆلێ چاوی لە پەراوێزی کاغەزەکە کرد، یەکێک بە قەڵەم ماجیکێکی سوور شتێکی لەسەر نووسیبوو. تێبینییەکە بە زمانی فەرەنسی بوو، ئەویش کورتەی ئەو بیرۆکەیە بوو، چۆن دەزگایەکی گوێهەڵخەر بخزێندرێنتە نێو پەیکەری سوارچاکەکە.

# بەندی ٩١

سیلاس لەسەر کورسی سەکنی لیمۆزینە جاگوارەکە، کە لە پارکەکەی کڵێسای پەرستگاکە ڕاگیرابوو، دانیشت. دەستەکانی لەبەر گرتنی بەردەکلیلەکە شێدار بوون، چاوەڕوانی ڕیمی دەکرد تا لە بەستنەوە و کەلەپچەکردنی تیبینگ ببێتەوە، ئاخر کابرای خستبووە پشتی تڕومبێلەکە، جێی پێشووتری سیلاس.

لەکۆتاییدا، ڕیمی لەپشتی سەیارەکە بازی دا و ئاوڕێکی لەو ناوە دایەوە، ئینجا هاتەوە پشت سووکانەکە و سیلاسیشی لەتەنیشت بوو.

- "دڵنیا بووی؟" سیلاس وای لێپرسی.

ڕیمی پێکەنی، هەندێ خۆشی داوەشاند و دڵۆپە بارانەکانی لەخۆ داتەکاندن، ئینجا کەمێ ئەو دەلاقەیەی نێوان خۆی کورسیەکەی پشتەوە، کە تیبینگی لێ بەستبووەوە کردەوە. ئەو ئێستا لەسایەدا و لەپشتەوە هەندێ دیار بوو. "وام بەستۆتەوە خۆی پێ ناجووڵێتەوە."

سیلاس گوێی لە ئاخ و ئۆفی تیبینگ دەبوو، ئیدی تێگەیشت ڕیمی هەمان پەت و شریتی دەم بەستنەوەی ئەوی بەکار هێناوە.

- "دەمت داخە!" ڕیمی لەسەر شانیەوە وای بەسەر تیبینگدا نەڕاند، ئینجا دەستی لە دوگمەی کۆنترۆل داو جامی دەلاقەکەی نێوانی خۆیان و کورسی پشتەوەی داخست، ئیدی نەدەنگ نە ڕەنگ. ڕیمی سەیرێکی سیلاسی کردەوە و پێی گوت، "دەمێکی درێژە گوێ لە نووزە کەساسیانەکەی ئەو پیاوە دەگرم."

چەند خولەکێک دواتر، کاتێک جاگوارەکە گەیشتە سەر شەقامەکە، زەنگی تەلەفۆنە دەستییەکەی سیلاس لێدرا. ***مامۆستاکە***. ئەویش بە جۆشێکەوە وەڵامی دایەوە. "هەلۆ؟"

- "سیلاس،" دەنگە ناسراوەکەی مامۆستاکە بە فەڕەنسی پێی گوت، "خۆشحاڵم کە گوێم لە دەنگت بووەوە. ئەمەش واتای ئەوەیە تۆ سەلامەتی."

سیلاس بەهەمان شێوە بە دەنگی مامۆستاکە ئاسوودە بوو. ئاخر چەند سەعاتێکە گوێی لێنەبووە و خەریک بوو چالاکیەکەشی بە لاڕێدا بڕوا. ئێستاش، لە کۆتاییدا، پێدەچێ هاتبێتەوە سەر ڕێگەی خۆی. "من بەردەکلیلەکەم پێیە."

- "ئەمە هەواڵێکی نایابە،" مامۆستاکە وای پێ گوت. "ئەی ڕیمیت لەگەڵدایە؟"
- سیلاس پێی سەیر بوو، ئاخر مامۆستا ناوی ڕیمی هێنا. "بەڵێ، ڕیمی ئازادی کردم."
- "من پێمگوت وا بکا. من تەنها لەوە بەداخم، تۆ لە کەلەپچەکردنەکەدا ئەوەندە زۆرت پێچوو."
- "ناخۆشی جەستەیی هیچ واتایەک ناگەیەنێ. گرنگ ئەوەیە بەردەکلیلەکەمان لەبەردەست دایە."
- "بەڵێ. من دەمەوێ هەر ئێستا بگاتە دەستم. کات زۆر گرنگە."
- بەلای کەمییەوە سیلاس پەرۆش بوو ڕووبەڕوو مامۆستاکە ببینێ. "بەڵێ گەورەم، بەمە شەرەفمەندم."
- "من حەز دەکەم ڕیمی بەردەکلیلەکەم بۆ بێنێ."

***ڕیمی؟*** سیلاس دڵی ڕەنجا. ئاخر دوای ئەو هەموو شتەی سیلاس بۆ مامۆستاکەی ئەنجامی دا، خۆی لەو بڕوایەدا بوو، بە خۆی پاداشتەکەی ڕادەست بکا. ***مامۆستاکە ڕیمی لەم پێشنۆرەتر[268] دانا؟***"

- "هەست بە نامرادیت دەکەم،" مامۆستاکە وای پێگوت. "دیارە تۆ لەمەبەستەکەم نەگەیشتی." مامۆستاکە دەنگی خۆی نەوی کرد، تا وەک چرپەی لێهات. "تۆ دەبێ ئەوە بزانی، حەزم دەکرد ڕاستەوخۆ بەردەکلیلەکەم لەتۆ وەرگرتبا، پیاوێکی خوایی نەوەک تاوانبارێک، بەڵام ڕیمی دەبێ کارەکە بکا. ئەو سەرپێچی لە فەرمانەکەم کرد و کەتنێکی گەورەی کرد و هەموو ئەرکەکەی خستە بەردەم مەترسییێکی دژوارەوە."

سیلاس هەستی بە موچڕکێکی تەزیو کرد و ئاوڕێکی لە ڕیمی دایەوە. فڕاندنی تیبینگ بەشێک نەبوو لە نەخشەکە. بڕیاردانیش لەسەر ڕەفتاری ئەو، گرفتێکی نوێیە.

- "تۆ و من پیاوی خواین،" مامۆستاکە بە سرتەوە وای پێگوت، "ئێمە نابێ لە ئامانجەکەمان لابدەین." لەو نێوەدا، ساتە بێدەنگییێکی شووم هەبوو. "هەر لەبەر ئەو هۆکارە، داوا دەکەم ڕیمی بەردەکلیلەکەم بۆ بێنێ. ئایا لێم تێدەگەی؟"

سیلاس هەستی بە توورەیی دەنگی مامۆستاکە کرد، لەوەش واقی وڕما پیاوەکە مایەی ئەوە نییە لێی تێبگا. ***ئاخر هاتنە پێشەوەی ڕیمی و خۆ ئاشکراکردنی، هی ئەوە نەبوو نەکرێ،*** سیلاس وای بیرکردەوە. "بەڵێ تێگەیشتم." وەڵامی دایەوە.

[268] پێشنۆرەتر: لەپێشتر، ئەفزەلتر.

- "باشه. بۆ سەلامەتی خۆت، هەردەبێ دەستبەجێ لەو شەقامە دەربچی. پۆلیس بەو زووانە بە دوای لیمۆزینەکەدا دەگەڕێ، منیش نامەوێ تۆ بگیرێی. ماڵێکی ئۆپیوس دای لێرە لەندەن هەیە، وانییە؟"
- "هەڵبەتە هەیە."
- "لەوێ بەخێرت دێنن؟"
- "وەک برایەک."
- "کەواتە بڕۆ ئەوێ و جارێ لەبەرچاوان بزر بە. ئەو کاتەی بەردەکلیلەکەم وەرگرت و چارەی کێشە هەنووکەیەکەم کرد، پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە."
- "تۆ لە لەندەنی؟"
- "ئەوە بکە کەپێت دەڵێم. هەموو شتێک ڕێک دێتەوە."
- "بەڵێ، گەورەم."

مامۆستاکە ئاخێکی هەڵکێشا، وەک ئەوەی تازە کردی لە ناخەوە مایەی داخ بێ. "کاتی هاتووە قسە لەگەڵ ڕیمیش بکەم."

سیلاس تەلەفۆکەی دایە ڕیمی، هەستێکی واشی لاپەیدا بوو، لەوانەیە دوا تەلەفۆن بێ کە ڕیمی لێگالودیک لە ژیانیدا وەریبگرێ.

کاتێکیش ڕیمی تەلەفۆنەکەی وەرگرت، دەیزانی ئەو قەشە بەستەزمانە شێواوە هیچ بیرۆکەیەکی سەبارەت بە چارەنووسی دوای تەواوکردنی ئەرکەکەی نییە.

***سیلاس، مامۆستاکە تۆی بەکار هێنا.***

***مەترانەکەشت داشی دامە بوو.***

هێشتاش ڕیمی سەیری بە هێزی قەناعەتپێهێنانی مامۆستاکە دەهات. ئارینگارۆسای مەتران باوەڕی بە هەموو شتێ کردبوو. کوێرانە گیرۆدەی نائومێدییەکەی خۆی ببوو. ***ئارینگارۆسا زۆر پەرۆشی بڕواپێکردن بوو.*** هەرچەندە ڕیمی زۆر کەیفی بە چارەی مامۆستاکە نەدەهات، لێ بەوە شاناز بوو، بۆتە جێی متمانەی و بە شێوەیەکی جەوهەریش یارمەتی داوە. ***من شایستەی ڕۆژانەکەمم.***

- "باش گوێبگرە،" مامۆستاکە وای بە ڕیمی گوت. "سیلاس ببەرە بنکەی ئۆپیوس دای، لەوێ چەند شەقامێک وێوەتر[269] دایبنێ. ئینجا بەرەو پارکی سێینت جێمس لێبوخڕە. لەوێ لەنزیک The Mall، دەتوانی لیمۆزینەکە لای (هۆرس گاردن پارائید) ڕابگری. لەوێ قسە دەکەین."

---

[269] وێوەتر: ئەولاتر، دوورتر.

بەم قسەیە، پەیوەندییەکەی نێوانیان پچڕا.

## بەندی ٩٢

زانکۆی شاهانە لە ١٨٢٩ لەلایەن پاشا جۆرجی چوارەمەوە دامەزرا، ئەو خانوو و تەلارانەی هۆبەی تیۆلۆگی و لێکۆڵینەوەی ئایینەکان لە تەنیشت پەرلەمان بوون، هەمووی موڵکی پاشا بوو، بۆ ئەمەبەستە پێی بەخشیبوون. زانکۆی شاهانەی ئایین وەنەبێ هەر شانازی بە ١٥٠ ساڵەی ئەزموونی لێکۆڵینەوە و دەرسدانەوەی خۆی لەو بوارەدا بکا، بەڵکو لە ١٩٨٢شدا پەیمانگەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ سیستمی تیۆلۆگی دامەزراند، تیایدا نوێترین سیستمی ئەلەکترۆنی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئایین و گەورەترین کتێبخانەی دینی بوو.

کاتێ لانگدن لە گەڵ سۆفیدا لەبەر باران دەرچووون و پێیان نایە دەروازەی کتێبخانەکە، هەستێکی دڕدۆنگانەی هەبوو. ژووری لێکۆڵینەوە سەرەکییەکەی کتێبخانەکە، وەک تیبینگ وەسفی کردبوو، ناوهەیوانێکی هەشت گۆشەیی، مێزێکی بازنەیی زۆر کەتە و قەبەی لەنێوەڕاستدا هەبوو، لەو مێزانەی شایانی ئارسەر و سوارچاکەکان بوون، لێ دوازدە شاشەی کۆمپیوتەر لەجێگەیدا داندرابوو. لەوسەری ژوورەکەش، تازە ڕازگری کتێبخانە لە ترمزەکەی پیاڵەیەک چای بۆ خۆی تێدەکرد و سەرەتای ڕۆژەکەی دەست پێدەکرد.

- "بەیانییێکی خۆش،" کارمەندە خاتوونەکە کە ئەوانی بینی، وازی لەچایەکەی هێناو بەرەو ڕوویان ڕۆیشت و پێی گوتن. "چۆن خزمەتتان بکەم؟"
- "بەڵێ، سوپاس بۆ تۆ ." لانگدیش وەڵامی دایەوە. "ناوی من ـــ"
- "ڕۆبەرت لانگدن." ژنەکە بە زەردە خەندەیەکی دڵخۆشانە پێیگوت. "دەزانم تۆ کێی."

بۆ ساتێک، لانگدن لەوە ترسا نەبادا فاشێ وێنەکەی ئەوی لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆنی ئینگلیزیش بڵاو کردبێتەوە، بەڵام بزە خۆشەکەی کارمەندەکە، ئەو واتایەی نەدەگەیاند. لانگدن هێشتا لەو پێشوازییە چاوەڕواننەکراوە ڕانەهاتبوو. خۆ ئەگەر کەسێک لەسەر پشتی ئەم زەمینە، دەموچاوی لانگدن بناسێتەوە، هەردەبێ کارمەندی کتێبخانەی لێکۆڵینەوەی ئایینی بێ، چونکە ژێدەری زۆر ئاماژە بۆ دانراوەکانی لانگدن دەکەن.

- "پێمێل گیتوم،" خانمە کارمەندەکە وا خۆی پێناساند و دەستی تەوقەی بۆ درێژ کرد. ڕووخسارێکی کراوە و خۆشەویستانە و دەنگێکی شادمانانەی هەبوو. چاویلکە بەملدا شۆڕبووەکەشی خڕ و ئەستوور بوو.
- "مایەی خۆشحاڵیمە،" لانگدنیش وای پێگوتەوە. "ئەمەش سۆفی نیڤوی هاوڕێمە."

ئیدی هەردووکیان سڵاویان لە یەک کرد، ئینجا خانمەکە ڕاستەوخۆ ڕووی لە لانگدن کردەوە. "نەمزانیوە دێیتە ئێرە."

- "ئەمنیش نەمدەزانی. خۆ ئەگەر نەبینە مایەی سەخڵەتیت، پێویستمان بە یارمەتی هەیە تا هەندێ زانیاری بدۆزینەوە."

گیتوم جووڵەیەکی کرد، دڵنیاش نەبوو. "بەشێوەیەکی ئاسایی خزمەتگوزارییەکانمان لەسەر وادەیەکی پێشوخت دیاریکراو پێشکەش دەکرێن، مەگەر ئێوە میوانی کەسێکی زانکۆکە بن."

لانگدنیش سەری بادا. "بەداخەوە، ئێمە بەبێ ئاگاداری پێشوەختە هاتووین. برادەرێکم زۆر بە باشی باسی تۆ دەکا. سێر لای تیبینگ؟" لانگدن لەگەڵ ناوهێنانی تیبینگ، هەستێکی ناخۆشی داخ خواردنی بۆهات. "مێژوونووسە شاهانەکەیەی بەریتانی."

ڕووخساری گیتوم کرایەوە، پێکەنی. "ئای خوایە.. بەڵێ وایە. ئای چ کەسایەتییێکە. کەسێکی پەرگیرە! هەموو کاتێک کە دێتە ئێرە، هەر هەمان قەوان لێدەداتەوە و بەدوای هەمان شتدا دەگەڕێ. جامەکە. جامەکە. جامەکە. سوێند دەخۆم، ئەو پیاوە بەرلەوەی لە باسوخواسی جامەکە بکەوێ، دەمرێ." خانمەکە چاوێکی لێ داگرتن. "کات و پارەوپوول شتێ وا کەشخە و لوکسە دەخاتە بەردەم مرۆ. ئەرێ ئێوەش پێتان وانییە، ئەو دۆن کیشۆت بێت؟."

- "دەکرێ یارمەتیمان بدەی؟" سۆفی وای بە ژنەکە گوت. "شتەکە زۆر گرنگە."

گیتوم ئاوڕێکی لە دەوروبەری خۆی، لە کتێبخانە چۆلەکە دایەوە، ئینجا چاوی لە هەردووکیان داگرت. "زۆر باشە، ناکرێ بڵێم ئێستا زۆر سەرقاڵم. دەی، ئێوە چیتان لە مێشک دایە؟"

- "هەوڵ دەدەین گۆڕێک لە لەندەن بدۆزینەوە."
- گیتوم دوودڵ دیار بوو. "ئێمە نزیکەی بیست هەزار گۆڕمان هەیە. ناکرێ هەندێ دەقاودەقتر بن؟"
- "شتەکە گۆڕی سوارچاکێکە. ناوەکەشی نازانین."
- "سوارچاکێک. ئەمە بازنەکە بچووکتر دەکاتەوە. ئاخر ئێرە زۆر سوارچاکی لێ نین."
- "ئێمە زۆر زانیارییمان سەبارەت بەو سوارچاکە نییە، کە لێی دەگەڕێین." سۆفی وای پێگوت، "بەڵام ئەمەی لەبارەوە دەزانین." سۆفی پارچە کاغەزێکی دایە کارمەندەکە، تەنها دوو دێڕی یەکەمی شیعرەکەی لەسەر نووسرابوون.

دوودڵ بوو لەوەی هەموو شیعرەکەی نیشانی بێگانەیەک بدا، لانگدن و سۆفی بڕیاڕیان دابوو تەنها دوو دێڕی شیعرەکە ئاشکرا بکەن، ئەوانەی سوارچاکەکەی پێ دەناسرێتەوە. ***کۆدێکی نیوەچڵ،*** سۆفی وای ناولێنابوو. کاتێک دەزگای هەواڵگری دەستی بە کۆدێک واتا هەستیار ڕادەگا و بیەوێ شیبکاتەوە، ئەوا هەر کۆدشکێنێک بە نهێنی کار لەسەر بەشێکی کۆدەکە دەکا. بەم ڕێگایە کاتێ کۆدەکە دەشکێنن، هیچ کۆدشکێنێک زانیاری تەواوی لەسەر سەرتاپای نهێنییەکە نابێ.

لەم بارەش دا، وریایی شتێکی زۆر داخواز بوو؛ تەنانەت ئەو کارمەندی کتێبخانەیەش، گەر هاتباو سەرتاپای شیعرەکەی نیشان درابوا، ئینجا بە گۆڕی سوارچاکەکە بەڵەد بوایە و زانیبوایە، تۆپەکەی سەری نەماوە، ئەوا بەبێ کریپتیسەکە، زانیاریەکە هیچ سوودێکی نەدەگەیاند.

گیتوم هەستی بە تاسەمەندێتی چاوەکانی ئەو لێکۆڵەرەوە ئەمریکاییە کرد، دیارە دۆزینەوەی گۆڕێکی وا بۆ ئەو بایەخێکی زۆری هەیە. هەروەها ژنە چاو کەسکەکەش دیاربوو زۆر پەرۆش بوو.

مەتەڵئاسا، گیتوم چاویلکەکانی کردنە چاو سەیری پارچەکاغەزەکەی کرد.

***لە لەندەن سوارچاکێک کەوتووە، پاپایەک ناشتوویەتی***

***بەری ڕەنجی کابرا کورسی پیرۆزی دەهری کردووە.***

ژنەکە نیگای لە مێوانەکان بڕی. "ئەمە چییە؟ جۆرە ڕاوە گەنجینەیەکی هارڤاردی؟"

لانگدنیش پێکەنینێکی دەستکردانەی بۆ کرد. "بەڵی، شتێکی لەو جۆرە."

گیتوم وچانێکی دا، هەستی کرد تەواوی چیرۆکەکەی لێ دیار نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، شتەکە سەرنجی ڕاکێشا و لە شیعرەکە قووڵ بووەوە. "بە گوێری ڕیتمەکە بێ، سوارچاکەکە شتێکی کردوە، خواوەند پێی خۆش نەبووە، کەچی پاپایەک ئەوەندە دلۆڤان بووە، لە لەندەن بەخاکی سپاردووە."

لانگدنیش سەری بۆ لەقاند. "ئایا ئەمە هیچ زەنگێکت بۆ لێدەدا؟"

گیتوم بەرەو کۆمپیوتەری سەر مێزەکەی جووڵا. "جارێ نا، بەڵام با هەندێ زانیاری بخەینە نێو ئەم بنکەیە، بزانین چی دەبێ."

لەماوەی ئەو دوو دەیەی ڕابردودا، پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی زانکۆی شاهانە بۆ تیۆلۆگی، سیستمێکی ناسینەوەی پیتەکان و وەرگێڕانی بۆ چەندین زمان بۆ دەقە زۆر و زەوەندەکانی خۆیان بۆ ئینسکلۆپیدیای دینی، بیۆگرافیا ئایینەکان، کتێبە پیرۆکان بە زمانگەلی جیاجیا، مێژوو، نامەکانی ڤاتیکان، یادنامەی پیاوانی ئایینی، هەر شتێک لەبارەی عیرفانی ئادەمیزادەوە نووسرابێ، دروست کردبوو. لەبەر ئەوەی ئەم کۆزانیاریانە ئێستا لە سەر شێوەی (بیت) و (بایت)ە لەبری ئەوەی لەسەر کاغەز بەرجەستە بێ، زانیارییەکان بەشێوەیەکی بێسنوور و باشتر بەردەستن.

گیتووم لەبەردەم کۆمپیوتەرەکەدا، چاوێکی لە پارچە کاغەزەکە کردەوە و وشەکانی تایپ کردن. "لە دەستپێکدا، ڕاستەوخۆ دەچینە سەر سیستمی (بوولتین) و هەندێ وشەی وەک سەرەداو لێدەدەین، بزانین چیمان بۆ دەردەچێ."

- "سوپاس بۆ تۆ."

گیتوم ئەم وشانەی تایپ کردن:

***لەندەن، سوارچاک، پاپا***

کاتێکیش کارمەندەکە لەسەر دوگمەی لێگەڕان، کرتەی کرد، هەستی کرد لە خوارەوە کۆمپیورەتەکان قرەی کنە و پشکنینیان لێوەهات، ئاخر بە خێرایی ٥٠٠ مێگابایت لە چرکەیەکدا بە دوای زانیارییەکان دەگەڕان. "داوام لە سیستمەکە کرد هەموو ئەو بەڵگەنامانەی بە تەواوی دەقەکانیانەوە کە لەگەڵ ئەو سێ وشە تایپکراوەنە بێنەوە، نیشان بدا. ئێمە زۆر لەوەی پێویستمان پێیەتی نیشان دەدا، لێ هەرچۆنێک بێ دەستپێکێکی باش دەبێ.

ئینجا شاشەکە دە بەرەنجامی بەرایی لێگەڕانەکەی نمایش کرد.

**تابلۆیەکی پاپاکە. تەواوی نیگارەکانی سێر چێشوا رینۆلس.** چاپخانەی زانکۆی لەندەن.

**گیتوم سەری بادا. "دیارە ئەمە ئەو شتە نییە، بەدوایدا دەگەڕێین."** پاشان بۆ پەڕەی دواتر ڕۆیشت.

**نووسینەکانی لەندەن لەسەر پاپا ئەلێکساندەر.** بە پێنووسی گی، ویلسن نایت.

دیسان کارمەندەکە سەری بادا.

کاتێک سیستمەکە دەنگی لێوەهات، لیستەکە بەخێرایەکی بەرچاوتر هاتە پێش. ئەم جارەیان دەیان دەق نمایش بوو، زۆریان ئاماژەیان بە نووسینی لەندەنی سەدەی هەژدەهەم لەسەر پاپا ئەلێکسەندەر بوو، کە تانە و توانج، داستانی شیعری ئاماژەدار بە سوارچاکانی لەندەن بوو.

گیتوم چاوێکی خێرای بەو هەموو ئاماژە زانیارییانەی خوارەوەی کۆمپیوتەرەکە دا. ئەم کۆمپیوتەرە کتومت ژمارەی ئەو دەقە نیشانەکراوانە نیشان دەدا و جارانی تێکرای لێگەڕانەکەیان دەکا، ئیدی ئەو زانیارییە دەخاتە ڕوو کە چەندی نمایش کردووە. ئەم خاڵەشیان ئاماژە بە نیشاندانی ژمارەیەکی یەکجار زۆری لە زانیاری کرد.

**مەزندەی ژمارەی نیشانەنماکە : ٢٦٩٨**

"ئێمە دەبێ بازنەی لێگەڕانەکەمان پوختر بکەینەوە." گیتوم وای پێگوتن و لێگەڕانەکەی ڕاگرت. "ئەرێ ئەمە هەموو زانیاریەکەیە لەبارەی گۆڕەکە؟" ئیا هیچی دیکەی نییە بۆی زیاد بکرێ؟"

لانگدن دوودڵانە نیگای لە سۆفی بڕی.

***ئەمە ڕاوە گەنجینە نییە***، گیتوم وا هەستی کرد. ژنەکە گوێی لە سرتەی ئەزموونی پاری ڕۆما سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکانی ڕۆبەرت لانگدن ببوو. ئەم ئەمریکاییە ڕێگەی درابوو بچێتە نێو ئاسایشپارێزترین کتێبخانە لەسەر ڕووی زەویدا، ئەویش ئەرشیفی نهێنی ڤاتیکان بوو. مەراقیش ما ئاخۆ چاوی بە چ زانیارییێکی نهێنی کەوتبێ، کە وای لێکردووە ئێستا بەدوای گۆڕی سوارچاکێک لە لەندەندا بگەڕێ، هەردەبێ ئەو زانیارییانە پەیوەندی بەئەوەی ڤاتیکانەوە هەبێ. گیتوم بۆ ماوەیەکی دوورودرێژر سەرپەرشتیاری کتێبخانەکەی ئێرەیە، ئیدی هۆکاری شایستەی لەبەردەستدان، زۆر لە لێکۆڵەرەوان بۆ گەڕان بەدوای سوارچاکەکان سەردانی کتێبخانەکە دەکەن. پرسی هەرە گەورەش جامەکەیە.

گیتوم خەندەیەکی بۆ کردن و چاویلکەکەشی ڕاست کردەوە. "تۆ برادەری لای تیبینگی، ئێستاش لە ئینگلستانی و لە سوارچاکێکیش دەگەڕێی." دەستەکانیشی نوشتاندنەوە. "من هەر ئەوە دەخەملێنم بەدوای جامەکەدا بگەڕێی."

لانگدن و سۆفی ئاوڕیان لەیەک دایەوە.

گیتوم پێکەنی. "برادەرەکانم، ئەم کتێبخانەیە بنکەی گەڕان و پشکنینی جامەکەیە. لای تیبینگیش یەکێکە لەوان. هیوام دەخواست هەر جارە و بۆ هەر گەڕانێک بە دوای گوڵەڕەزەکە، ماری ماجدەلینا، سانگریال، مێرۆڤینجیان، مریدانی سایۆن هتد... شیلنێکم[270] وەربگرتایە. هەمووان

[270] شیلن: وردە پارەیەکی بەریتانییە، تا ١٩٩٠ کاری پێدەکرا، یەک شلن دەیکردەیە ٢٠٪ پاوەنێک.

حەزیان لە پیلانگێڕییە." ژنەکە چاویلکەکەی دانان و ڕووی تێکردن. "پێویستم بە زانیاری زیاتر هەیە."

بە بێدەنگی گیتوم هەستی کرد میوانەکانی ڕازێکیان هەیە، بەڵام بۆ دەرکەوتنی ئەنجامێکی خێرا، نهێنییەکەی پێدەدەن.

"ئەوەتا،" سۆفی نیڤو بە دەنگ هات. "ئەمە هەموو شتێکە کە دەیزانین." قەڵەمێکی لە لانگدن وەرگرت، لەسەر پارچە کاغەزەکە دوو دێڕە تەواوکارەکەی شیعرەکەی بۆ نووسی و دایەوە دەستی.

***تۆ بەدوای تۆپێکی ونبووی سەرگۆڕەکەی دەگەڕێی.***

***ئەویش باسی گۆشتی گوڵەڕەز و تۆوی ناو منداڵدان دەکا.***

گیتوم بەرەو ڕویان پێکەنی. ***هەر بەڕاستیش جامەکە.*** وای بیرکردەوە. تێبینییەکە ئاماژە بە گوڵە ڕەزەکە و تۆوی نێو منداڵدان دەکا. "دەکرێ یارمەتیتان بدەم،" ژنەکە وای گوت و چاوی لەسەر پارچەکاغەزەکە گواستەوە و سەیری ئەوانی کرد. "دەکرێ بزانم ئەم پارچە شیعرە لە کوێ هاتووە؟ باشە ئێوە بۆچی بەدوای تۆپەکەدا دەگەڕێن؟"

- "دەکرێ وا پرسیار بکەی،" لانگدنیش بە بزەیەکی دۆستانە وای پێگوتەوە. "بەڵام ئەمەیان چیرۆکێکی درێژە و ئێمەش کاتی زۆر کەممان لەبەر دەستدا ماوە."
- "قسەکەی بە شێوەیەکی بەڕێزانە ئەوەیە، خەریکی کاروباری خۆت بە."
- لانگدنیش پێیگوت، "پالما، ئەگەر ناسنامەی سوارچاکەکەم بۆ دەرخەی و بشزانی لە کوێ نێژراوە، هەرگیز لە چاکەت دەرناچم."
- "زۆر باشە،" گیتوم وای گوت و گەڕایەوە سەر تایپکردنی هەندێ وشە. "لەگەڵتاندا دەڕۆم. خۆ ئەگەر ئەمە پەیوەندی بە جامەکەوە هەبێ، دەبێ سەرلەنوێ وشە یەکتبڕەکان لێ بدەینەوە. ئەمجارەیان وشەی دیاریکراوتر دەنووسم و ئەوانی سەربار فڕێ دەدەم. ئەمەش کارێکی وادەکا، بازنەی لێگەڕانەکە تایبەت بەو وشانەی لە جامەکەوە نزیکن، سنووردار بێ."

گەڕان بەدوای:

**سوارچاک، لەندەن، پاپا، گۆڕ**

لە نێو سەد وشەی نزیک لە :

- سۆفی پێیگوت، "ئەرێ چەند کاتی دەوێ؟"

- "چەند سەد تێرابایت جاران ئاماژەپێکراو؟" چاوەکانی گیتوم کاتێک کرتەی لەسەر دوگمەی لێگەڕان کرد، گەشانەوە. "زیاتر لە پازدە خولەک."

لانگدن و سۆفی هیچیان نەگوت، بەڵام گیتوم هەستی کرد ئەو خولەکانە وەک ئەوە وایە، هەر تەواو نەبن.

- "چایە؟ گیتوم وای لێ پرسین، هەڵستا و بەرەو ئەو شوێنەی یەکەمین جار خەریکی چایەتێکردن بوو، بزووت. "هەمیشە (لای) حەزی لە چایەی من بووە."

# بەندی ٩٣

مەڵبەندی ئۆپیوس دای باڵەخانەیەکی ئاسایی لەخشت دروستکراو بوو، کەوتبووە (ئۆرمە کۆرت) ژمارە ٥ و بەسەر باخچەکانی (کینگستنی نۆرس وۆلک) دەڕوانی. سیلاس قەت نەچوبووە ئەوێ، لێ کاتێک پێی نایە دەرگای باڵەخانەکە، هەستی داڵدەدانی بزووت. وێڕای بارانبارینەکە، کەچی ڕیمی لە دووری مەودایەکی کورتدا لە کۆڵانێکی دەوروبەری ئەوێی دایبەزاند، ئاخر نەیدەویست بە لیمۆزینەکە تخوونی شەقامی گشتی بکەوێ. سیلاسیش گرفتی نەبوو ئاخۆ لەبەر باران دەڕوا یان نا، چونکە باران گوناحەکانی پاک دەکردنەوە.

لەسەر پێشنیازی ڕیمی، سیلاس دەمانچەکەی سڕیەوە تا پەنجەمۆری دیار نەبێ، هەر لەوێ فڕێی دایە کەلێنە زێرابێک. زۆریش دڵخۆش بوو لەکۆڵ خۆی کردەوە. هەستی کرد، سووکتر بووە. قاچەکەشی هێشتا هەر دەیەشا، ئاخر هەموو ڕۆژەکە هەر چەما بۆوە، بەڵام خۆ سیلاس بەرگەی ئازاری گەورەتریشی دەگرت. لەگەڵ ئەوەشدا بیری لە تیبینگ کردەوە، ئەو کەسەی کە ڕیمی لە پشتی لیمۆزینەکەدا بەستبوویەوە. هەر دەبێ ئێستا کابرای بەریتانی هەست بە ئێش و ئازار بکا.

- "ئەرێ چی لێدەکەی؟" کاتێک ترومبێلەکەیان کەوتبووە سەر شەقامەکە، سیلاس وای لە ڕیمی پرسی.
- ڕیمیش شانی بۆ هەڵتەکاند. "بڕیارەکە بۆ مامۆستاکە دەگەڕێتەوە." جۆرە لەرینەوەیەکی لێبڕاوانەش لە دەنگی ڕیمیدا هەبوو.

ئێستاش، سیلاس لە مەکۆی ئۆپیوس دای نزیک کەوتەوە، بارانیش تا دەهات بە لێزمەتر دەباری، عەبا درێژەکەی تەڕ کرد، برینەکانی ڕۆژی پێشتری زووراندنەوە. ئەویش ئامادەبوو هەموو تاوانەکان، کە لە بیستوچوار سەعاتی ڕابردوو کردبوونی، لەدوای خۆی جێبێڵی و گیانی خۆی پاک بکاتەوە. ئاخر کارەکەی تەواوکرابوو.

بە بەردەم گۆڕەپانێکی بچکۆلەدا ڕەت بوو، گەیشتە دەرگای پێشەوەی مەکۆکە، سەرسامیش نەبوو کە دەرگای بە دانەخراوی بینی. دەرگەکەی کردەوە و پێی نایە سەر زەمینی نهۆمی یەکەمینی باڵەخانەکە. کاتێک پێی سیلاس گەیشتە سەر مافوورەکە، زەنگێکی کارەبایی لە نهۆمی سەرەوە هات. ئەم جۆرە زەنگانە لە هۆڵی ئاوادا شتی ئاساییین، لەو شوێنانەی هاموشۆکەران زیاترین کاتی خۆیان بە نوێژ و دوعاکردن بەسەر دەبەن. سیلاس گوێی لە کرتەی جووڵەیەک بوو لەسەر ناوکەوە دارینەکەی نهۆمی سەرەوە هات.

پیاوێک لەبن عەبایەکەوە لە پەیژەکان هاتەخوار. "دەکرێ یارمەتیت بدەم؟" پیاوەکە چاوێکی میهرەبانانەی هەبوو، تەنانەت هیچ بە ڕووخسارە جەستەییە نائاسایەکەی سیلاسیش سەرسام نەبوو.

- "سوپاست دەکەم. ناوم سیلاسە. منیش ئەندامێکی ئۆپیوس دایم."
- "ئەمریکایی؟"
- سیلاس سەری بۆ لەقاند. "تەنها بۆ ڕۆژێک لەم شارەم. دەتوانم لێرە پشوو بدەم؟"
- "هەر پێویست ناکا پرسیاریش بکەی. لەوێ لە نهۆمی سێهەم سێ ژووری بە تاڵ هەن. ئایا هەندێ نان و چات بۆ بێنم؟"
- "سوپاست دەکەم." سیلاس لە برسان هار ببوو.

سیلاس بۆ نهۆمی سێیەم بەسەر کەوت، چووە ژوورێکی ئاسایی پەنجەرەدار، ئیدی عەباکەی داکەند و بە جلەکانی ژێرەوەی کەوتە کڕنووش و دوعا کردن. گوێی لە دەنگی پێی خانەخوێکە بوو، مەجمەیەکی[271] لەوێ لە دەرەوەی دەرگەکە بۆ دانا. سیلاس لە نوێژ و دوعاکەی بووەوە، ئینجا کەوتە سەر خواردنەکە، پاشان لێی پاڵکەوت و ڕازا.

سێ نهۆم لە خوارەوە، زەنگی تەلەفۆنێک لێدرا. ئەندامەکەی ئۆپیوس دای، کە سیلاسی بەخێر هێنا، وەڵامی تەلەفۆنەکەی دایەوە.

- "پۆلیسی لەندەن،" زەنگلێدەرەکە بوو وای گوت. "ئێمە بەدوای قەشەیەکی بەڵەکەوەین. خەبەرمان بۆ هات، هاتبێتە لای ئێوە. ئایا بینیوتە؟"
- ئەندامەکەی ئۆپیوس دای هەندێ شڵەژا. "بەڵێ، ئەو لێرەیە. ئایا شتێکی شاش لەگۆڕیدا هەیە؟"
- "ئەو ئێستا لەوێیە؟"
- "بەڵێ لە نهۆمی سەرەوەیە دوعا دەکا. چی ڕوو دەدا؟"
- "لێیگەڕێ با هەر لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە،" پۆلیسەکە وای داوا لێکرد. "هیچ بە هیچ کەس مەڵێ. هەر ئێستا چەند ئەفسەرێک دەنێرم."

---

[271] مەجمە: سینی، خوان، سفرە.

# بەندی ٩٤

پارکی (سێینت جێمس) زەرياييێكی كەسكايی ناوەڕاستی لەندەنە، ئەو پاركە گشتييە هاوسنووری كۆشكەكانی وێستمينسيتەر، باكينگهام و سێينت جێمسە. كاتی خۆی پاركەكە تايبەت بوو بە شا هينری هەشتەم، ڕاوە مامزی لێدەكرد، هەنووكەش بۆ خەڵک كراوتەوە. لە دوای نيوەڕۆيانی خۆرەتاودا، لەندەنييەكان لەبن سێبەری شەنگەبييەكاندا پياسە دەكەن و خواردن دەدەنە قازەكانی ناو جۆگە ئاوەكانی، ئەو قازانەی دياری باڵيۆزی ڕوسيا بوون بۆ چارلسی دووەم.

ئەمڕۆش مامۆستاكە هيچ قازی لەوێ نەبينين. ئاخر ئاوهەوا تەڕو تووشەكە، لە جياتی قاز ڕەوە نەورەسێكی لە ئۆقيانوسەوە بۆ ئەوێ هێنابوو. چيمەنەكە بە باڵندەكان داپۆشرابوو، بەسەدان لەو مەلانە پێوەربببوون، هەمووشيان بەيەک ئاراستە دەيانڕوانی، دياربوو بە حەوسەڵەوە دەيانەويست لە باوبژە باراناوييەكە دەربازيان بێ. وێڕای تەمومژی بەيانی، پاركەكە ديمەنێكی ناوازەی باڵەخانەی پەرلەمان و كاتژمێری (بيگ بينی) نمايش دەكرد. مامۆستاكە بەنێو چيمەنە نەويەكە و لە پشتی گۆمی قازەكاندا، ديمەنە نايابەكەی شۆڕبوونەوەی لقوپۆپی شەنگەبيەكان، باڵەخانەی گۆڕی سوارچاكەكەی دەبينی، ئاخر هەر ئەمەش هۆكارە ڕاستەقينەكە بوو، داوای لە ڕيمی كرد بێتە ئەوێ.

كاتێكيش مامۆستاكە لە پێشەوە، لەلای كورسی سەكنەوە لە ليموزينە ڕاگيراوەكە نزيک كەوتەوە، ڕيمی بۆ ديوی ديكە خۆی شۆڕ كردەوە و دەرگەكەی كردەوە. مامۆستاكە هەر لە دەرگەكەدا وەستا، قومێكی باشی لەو پێكە كۆنياكەكە دا كە پێی بوو. ئينجا لێوەكانی خۆی پێ تەڕكردن و خۆی خزاندە تەنيشت ڕيمی و دەركەكەشی پێوە دا.

- ڕيميش سەركەوتووانە بەردەكليلەكەی بەرز كردەوە. "خەريک بوو لەدەست دەربچێ."
- "تۆ كارێكی باشت كرد." مامۆستاكە وای بە ڕيمی گوت.
- "ئێمە كارێكی باشمان كرد." ڕيمی وای وەڵام دايەوە و بەردەكليلەكەشی خستە ناو لەپە پەرۆشەكانی مامۆستاكە.
- مامۆستاكە خولەكێكی دوورودرێژ بە خەندە و سەرسامييەوە لێی ڕاما. "ئەی دەمانچەكە؟ سڕيتەوە؟"
- "گێڕامەوە سندووقەكەی خۆی."
- "نايابە." قومێكی ديكەی لە كۆنياكەكە دا، ئينجا بوتڵەكەی دايە دەست ڕيمی و پێی گوت. "دەی بەخۆشی سەركەوتنەكەمان با بينۆشين. كۆتاييەكە نزيک بۆتەوە."

ڕیمی بە پێزانینەوە بوتڵەکەی لێ وەرگرت. تامی کۆناکەکە سوێر بوو، بەڵام خۆ ڕیمی گوێی لێنەبوو. ئاخر لە ئێستاوە لەگەڵ مامۆستاکەدا بووە هاوبەش. هەستی کرد بەرەو پایەکی بەرزتری ژیانی سەردەکەوێ. ***هەرگیز جارێکی دیکە نابمەوە خزمەتکار.*** کاتێکیش ڕیمی چاوی لەخوارەوە لە گۆمی قازان کرد، دیاربوو کۆشکی شاتو ڤێلێ یەکجار دوور بوو.

قومێکی دیکەی لەو خواردنەوەکە دایەوە، هەستی کرد کۆنیاکەکە خوێنی گەرم داهێنا. گەرمبوونی قوڕگ، گەرمبوونەکە بووە مایەی ناڕەحەتی. ڕیمی بۆینباخەکەی شل کردەوە، هەراسانانە سیرەی دانەکانی هات و بوتڵەکەی دایەوە دەستی مامۆستاکە و پێی گوت؛ "پێدەچی بەس بێ." توانی ئەم قسەیە بە زەبوونییەکەوە دەربڕی.

- مامۆستاکەش، بەدەم لێوەرگرتنەوەی بوتڵەکەی پێیگوت؛ "ڕیمی، هەروەک خۆت دەزانی، تۆ تاکەکە کەسی ڕووخسارم ببینی. منیش متمانەیەکی زۆرم پێت هەیە."
- "بەڵێ،" وای پێ گوتەوە، کاتێکیش بۆینباخەکەی زیاتر کردەوە، هەستی کرد تایەک سەرتاپای جەستەی داگرتووە. "ناسنامەکەت لەگەڵ خۆم دەبەمە گۆڕەوە."

مامۆستاکە بۆ ماوەیەک بێدەنگ مایەوە. "بڕوات پێدەکەم." هەم بوتڵە بچکۆلانەکە و هەم بەردەکلیلەکەی خستە بەرکەوە، ئینجا دەستی بۆ سندووقەکە برد و دەمانچە مێدوسا گچکەکەی هێنادەر، ڕیمی موچرکێکی ترسی پێداهات، لێ مامۆستاکە سووکوئاسان دەمانچەکەی خستە نێو بەرکی پانتلۆنەکەی.

***ئەرێ ئەوە چی دەکا***؟ ڕیمی لەپڕێکەوە هەستی کرد ئارەقە دەکا.

- "من دەزانم بەڵێنی ئازادییم پێدابووی،" مامۆستاکە بە دەنگێکی داخبارانە وای پێگوت. "بەڵام بەلێکدانەوەی بارودۆخەکە، ئەمەیان باشترین شتە، بیکەم."

هەوکردنی گەرووی ڕیمی وەک بومەلەرزەی لێهات، ئیدی خۆی بەسەر سووکانەکە دادا، بە دەستی توند قوڕگی گرت و هەستی بە ڕشانەوە کرد و بەڵغەمیش قوڕگی گرتبوو. نووزەیەکی لێهاتەدەر، بەڵام هی ئەوە نەبوو لە دەرەوەی ترومبێلکە ببیسترێ. لەوکاتدا زانی کۆنیاکەکە بۆچی سوێرە.

***من وا دەکوژرێم!***

بە باوەڕنەکراوی ڕووی لە مامۆستاکە کرد، بینی بە ئارامی لەسەر کورسیەکەی تەنیشتی دانیشتووە. نیگای بڕیوەتە دەرەوە سەیری هەژانی زریانەکە دەکا. نیگای چاوەکانی ڕیمی لێڵ بوو، هەناسەبڕکێی پێکەوت. ***خۆ هەموو شتێکم بۆ ئەو کرد! باشە چۆن وام لێدەکا***! هەرچۆنێک بێ، گەر مامۆستاکە پێشتر نیازی کوشتنی ڕیمی هەبووبێ یاخود ڕەفتارەکەی ڕیمی لەنێو کڵێسای پەرستگاکە وای لێکردبێ بڕوای پێ نەمێنێ، هەرگیز ڕیمی ئەوەی بۆ ساغ نابێتەوە.

ترسوتۆقین و تووڕەیی بەسەریدا زاڵ بوو. هەوڵیدا پەلاماری مامۆستاکە بدا، لێ جەستە گۆدبووەکەی توانای جووڵەشی نەمابوو. ***خۆ متمانەی هەموو شتێکم پێت بوو!***
ڕیمی هەوڵیدا مستێک هەڵبێنێ و هۆڕنی پێ لێبدا، بەڵام لەجیاتی ئەوەی هۆڕنەکە لێبدا، بەلادا کەوت، دەستێکیشی هەر بەقوڕگییەوە بوو، بەلای مامۆستاکەدا شۆڕبووەوە. لەو ساتەدا بارانیش توندتر دەباری. ئیدی ڕیمی توانای بینینی نەما، بەڵام هەستی کرد، مێشکی ئۆکسجینی لێدەبڕێ و ئەویش تا دوا ساتی ژیانی لە تراویلکە دابوو. کاتێکیش بە هێواشی دنیای لەبەر چاو تاریک بوو، ڕیمی لێگالودیک دەکرا سوێند بخوا، کە گوێی لە دەنگە نەرمەکەی شەپۆلەکانی کەناراوی ڕیڤیریا بوو.

مامۆستاکەش لە لیمۆزینەکە دابەزی، دڵخۆش بوو بەوەی کەس لەو ئاقارە نەبوو بیان بینێ. ***هیچ بژاردەیەکی دیکەم نەبوو***، وای بەخۆی گوتەوە، سەرسامیش بوو، کە هیچ داخێکی بۆ ئەو کارەی کردی، نەخوارد. دەمێک بوو مامۆستاکە دەترسا، ڕەنگبێ پێویست بە لەناوبردنی ڕیمی بکا، کاتێک ئەرکەکەی تەواو دەبێ، بەڵام ئەو دەرکەوتنە ناقۆڵایەی لە کڵێسای پەرستگاکە، ڕیمی درامای کۆتایی ژیانەکەی خۆی خێراتر کرد. ئەو سەردانە چاوەڕواننەکراوەی ڕۆبەرت لانگدن بۆ کۆشکی شاتو ڤیلیێ مامۆستاکەی خستە بەردەم هەردوو باری خۆشبەختی خێرا گەیشتن و ئاڵۆزی درامای کۆتایی. ئاخر لانگدن ڕاستەوخۆ بەردەکلیلەکەی ڕادەستی مەکۆی ئۆپەراسیۆنەکە کرد، ئەمەش ناکاوییەکی شادمانانە بوو، لێ لەگەڵ ئەوەشدا پۆلیسیشی بەدوای خۆیدا هێنا. پەنجە مۆری ڕیمیش لە هەموو شوێنێکی کۆشکەکەدا هەبوو، تەنانەت لە وێستگەی گوێهەڵخستنی بن هەنوانی تەویلەکەش، لەوێدا ڕیمی چاودێری ڕەوشەکەی دەکرد. مامۆستاکە سوپاسگوزاری ئەو وریابوونەی خۆی و چالاکییەکانی ڕیمی بوو. کەس نەیدەتوانی مامۆستاکە تێوەبگلێنێ، مەگەر ڕیمی قسەی بکردبایە، ئەمەشیان چیدی مایەی خەملێخواردن نەما.
***یەک سەرەداو ماوەتەوە هەڵبیوێزنمەوە***[272]، مامۆستاکە بەدەم بیرکردنەوەی وا بەرەو دواوەی لیمۆزینەکە جووڵا. ***پۆلیس هیچ لەبارەی ئەوەی قەوما، نازانێ... هیچ شاهیدێکیش بەجێ نەماوە شتیان پێ بڵێ.*** ئاوڕێکی لە دەوروبەری خۆی دایەوە ئاخۆ کەس هەیە چاودێری بکا، ئینجا دەرگەی کردەوە و بازیدایە پشتەوەی ترومبێلەکە.

[272] هەڵوێزنینەوە: گوریس و پەت خڕکردنەوە.

دوای چەند خولەکێک، مامۆستاکە پارکی سێینت جێمسی دەبڕی. ***تەنها دوو کەس ماون. لانگدن و نیڤو***. ئیشی ئەوانیش زۆر ئاڵۆزترە، بەڵام هی ئەوەش نین لەدەست دەربچن. لەو کاتیشدا مامۆستاکە ئاگاداری ئەوە بوو، کە کریپتیسەکەی لە دەست دایە.
سەرکەوتووانە بەنێو پارکەکیدا ڕوانی، ئەو شوێنی مەبەستی خۆی دەبینی. ***لە لەندەندا سوارچاکێک کەوتووە، پاپایەک ناشتوویەتی***. کاتێ مامۆستاکە شیعرەکەی بیست، یەکسەر وەڵامەکەی زانی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوانی دیکە کە مەتەڵەکەیان بۆ هەڵنەهێندرا، ئەو سەرسام نەبوو. ***من نارەوایانە پێش ئەوان کەوتومەتەوە***. چەند مانگێک دەبێ بە دزییەوە گوێی لە سانییێر گرتبوو، ئاخر ئەو گوێی لە مامۆستای گەورە ببوو لەبۆنەیەکدا ناوی ئەو سوارچاکە ناودارەی هێنا، بەقەد داڤینشی پێیەوە سەرسام بوو. خۆ ئەگەر مرۆ تێبینی شیعرەکەی کردبایە، ئاماژەکەی بۆ سوارچاکەکە ئاوخواردنەوە بوو، ئەمەش بۆ لێزانی سانییێر دەگەڕێتەوە، بەڵام هێشتاش چۆن گۆڕەکە پەردە لەسەر پاسوۆردەکە هەڵبداتەوە؟ هەر تەلیسم بوو.
***تۆ بەدوای تۆپێکدا دەگەڕێی کە دەکرا لەسەر گۆڕەکە بێ.***
مامۆستاکە تەماوییانە وێنەی گۆڕە ناودارەکەی هێنایە بەرچاو، بە تایبەتیش بیچمێکی جیاواز بوو. ***تۆپێکی زەبەللاح***. ئەو بارستاییە خڕەی سەر گۆڕەکە بەقەد گۆڕەکە دەبوو. هەبوونی تۆپەکە بۆ مامۆستاکە هەم مایەی هاندان و هەم مایەی گرفتیش بوو. لەسەرێکەوە، هەست بەشتەکە دەکرا کە هێمایەک بێ، کەچی بەگوێرەی شیعرەکە هێشتا بەشێکی مەتەڵەکە ونە، ئەو تۆپەی دەکرا لەسەر گۆڕەکە بێ.... نەوەک ئەو تۆپەی کە ئێستا لەسەریەتی. ئەو هەردەبێ لە نزیکەوە لە گۆڕەکە بڕوانێ، بەڵکو وەڵامەکەی بۆ دەربکەوێ.
بارانیش تا دەهات بەخوڕتر دەباری، ئیدی کریپیکسەکەی خستە نێو قووڵایی بەرکی ڕاستی نەبادا تەڕ ببێ. دەمانچە مێدوسا بچکۆلانەکەشی لەبەرکی چەپی بوو، لەبەرچاوان دیار نەدەبوو. لەماوەی چەند خولەکێک خۆی گەیاندە بن هەیوانی گەورەترین تەلاری لەندەن، کە نۆسەد ساڵە دروست کراوە.

لەو کاتەی مامۆستاکە لەبەر بارانەکە دەرچوو، ئارینگارۆسای مەترانیش لە فڕۆکەکە دابەزی و پێی خستە بەر باران. لەسەر شۆستەی بەربارانی فڕۆکەخانەی بیگن هیللی تایبەتیدا، ئارینگارۆسا لە فڕۆکەیەکی بچووکدا دەرکەوت، عەبایەکەی لەبەر باران توند گرتبوو. خواخوای بوو لەوێ لەلایەن کاپتن فاشێوە پێشوازی لێبکرێ. کەچی لە جیاتی ئەو ئەفسەرێکی بەریتانی بەخۆی و سەیوانەیەکەوە[273] بەخێری هێنا.

---

[273] سەیوانە: چەتر

- "جەنابی مەتران ئارینگارۆسا؟ کاپتن فاشێ ڕۆیشتووە. داوای لێکردم بەدوای تۆدا بێم. وای پێشنیازکرد بتگەیەنمە بارەگای پۆلیسی (سکۆتلاند یارد). بەلای ئەوەوە، ئەوێ سەلامەتترە."

***سەلامەتتر***؟ ئارینگارۆسا نیگایەکی لە جانتا پڕ قەباڵە ڤاتیکانییەکەی دەستی بڕی. خەریک بوو بیری بچێتەوە. "سوپاست دەکەم."

ئارینگارۆزا خۆی هاوێشتە نێو ترومبێلە ڕاگیراوەکە، مەراقیش ما، ئاخۆ سیلاس لە کوێ بێ. چەند خولەکێک دواتر، بێتەلەکەی پۆلیس دەنگی لێوە هات.

***(ئۆرمە کۆورت) ٥***

دەمودەست ئارینگارۆسا ناونیشانەکەی ناسییەوە.

ئینجا ڕووی لە شوفێرەکە کرد. "تکایە یەکسەر بمگەیەنە ئەوێ!"

## بەندی ٩٥

لەوکاتەی کۆمپیوتەرەکە کەوتە گەڕان و پشکنین، چاوەکانی لانگدن لەسەر شاشەکە لا نەدەکەوتن.

***پێنج خولەک تێپەڕی تەنها دوو ئاماژەی نیشان دا، لێ هەردووکیشیان پەیوەندیدار نەبوون.***

پامێلا گیتوم لە ژوورەکەی تەنیشت بوو، خەریکی سازکردنی خواردنەوەیەکی گەرم بوو. لانگدن و سۆفی ڕاشکاوانە داوایان لە گیتوم کرد لەپاڵ ئەو چایەی بۆ هێنان بەڵکو قاوەیەکی گەرمیشیان بۆ ئامادە بکا. لە دەنگی مایکرۆی ژووری تەنیشتەوە، لانگدن گومانی بۆ ئەوە چوو، گیتوم بە ئامادەکردنی نێسکافێ مێوانداریان بکا.

لە کۆتایشدا کۆمپیوەتەرەکە زەنگێکی خۆشی لێوەهات.

- "دەنگەکەی بە جۆرێکە بەڵکو شتێکی دۆزیبێتەوە،" گیتوم لە ژوورەکەوە وا بانگی کردن. "ناونیشانەکەی چییە؟"

لانگدن چاوی لەسەر شاشەکە کرد.

**داستانی جامەکە لە ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەڕاستدا:**

**چامەیەک لەسەر سێر گاوین و سوارچاکە کەسکەکە.**

- "داستانی سوارچاکە سەوزەکە،" لانگدن وا بانگی کردەوە.
- "باش نییە،" گیتومیش وەڵامی دایەوە، "ئەوەندە ئەفسانەی زەبەلاحی کەسک لە لەندەن نەنێژراون."

لانگدن و سۆفی بە حەوسەڵەوە لەبەردەم شاشە کۆمپیوتەرەکە چاوەڕێ بوون، دوو نیشانەی گوماناوی دیکە پەیدا بوون. کاتێکیش کرتە لە کۆپیوتەکەوە هات، شتێکی چاوەڕواننەکراوی بە زمانی ئەڵمانی نمایش کرد.

**ئۆپێراکانی ڕیچارد واگنەر.**

- "ئۆپێراکانی واگنەر؟" سۆفی وای پرسی.

گیتوم لەڕێگا بوو بە خۆی و قاوەکەی هاتەوە. "پێدەچێ ئەو شتێکی سەیر بێ. ئەرێ واگنەر سوارچاک بوو؟"

- "نەخێر،" لانگدنیش وا وەڵامی دایەوە و لە پڕێکیشەوە شتەکە لای ئەو سەرنجڕاکێش بوو. "بەڵام ئەو ماسۆنییێکی ناسراو بوو." ***ئەو لەگەڵ مۆزارت، بیتهۆڤن، شەکسپیر، گێرشوین، هاودینی و دیزنی.*** بەچەندان بەرگە کتێب لەبارەی پەیوەندی توندوتۆڵی ماسۆنەکان و سوارچاکەکانی پەرستگا، مریدانی سایۆن و جامە پیرۆزەکە نوسراون. "من دەمەوێ سەیری ئەمەیان بکەم. ئەرێ چۆن دەتوانم هەموو دەقەکە ببینم؟"
- "پێویست ناکا سەرتاپای دەقەکە ببینی،" گیتومیش وای پێگوتەوە. "کرتە لەسەر ناونیشانەکە بکە، ئیدی کۆمپیوتەر سەرەداوەکان و وشە خوازراوەکەت دەدادەتە دەست. پێش و پاشی وشەکەشت وەک بەردەقێک بۆ نمایش دەکا."

لانگدن نەیدەزانی خانمەکە باسی چی دەکا، لێ هەرچۆنێک بێ کرتەیەکی لەسەر کرد. پەنجەرەیەکی نوێی بەڕوودا کرایەوە.

*... سوارچاکە ئەفسانەییەکە ناوی پارسیفال بوو، ئەوەی...*

*... پرسی جامە ئەفسانەییەکە مایەی مشتومڕ...*

*... کۆمەڵەی مۆزیکپەروەری لەندەن لە ١٨٥٥...*

*کۆپلەکانی ڕێبییکا ئۆپێرای پاپا...*

*گۆڕی واگنەر لە بیریت، ئاڵمانە...*

- "پاپایەکی نادروست،" لانگدن وایگوت و نامراد بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کەوتبووە بن باندۆری سیستمەکە. ئاخر وشەکلیلەکە لەگەڵ بەردەقەکە بەس بوو بۆ ئەوەی بەبیری بێنێتەوە، کە ئۆپێرای واگنەر، لەپێناوی ماری ماجدەلینا و دەمارەخوێنی خوێنی عیسای مەسیح بوو، ئەمەشی لە ڕێی گێڕانەوەی چیرۆکی سوارچاکێکی گەنج دەگێڕایەوە، کە بەدوای ڕاستیدا وێڵ بوو.
- "ئارامت هەبێ،" گیتوم بەسووربوونەوە وای پێگوت. "ئەمە یاری ژمارەکانە. لێگەڕێ با دەزگاکە کاری خۆی بکا."

لە خولەکەکانی داهاتوودا، کۆمپیوتەرەکە ئاماژەی بە چەندین نیشانەی جامەکە دا، بە هێنانەوەی دەقیش لەبارەی روبادۆرس، شایەر[274]ە ناودارە گەڕۆکەکەی فەرەنسا. لانگدنیش زانی، ڕێکەوت نەبوو هەردوو وشەی minstrel شایەر و minister کەشیش هەمان ڕەگی

---

Minsttel [274]؛ واتای گۆرانی بێژ دەدا، بەڵام گۆرانیبێژێکی گەڕۆک، لە چوارچێوەی بەردەقەکەدا زیاتر شایەر بووە، کۆنە وشە کوردەوارییەکەی بەسەردا دەشکێتەوە.

وشە ئیتمۆلۆژیەکەیان هەیە. ترۆبادۆرەکان[275] خزمەتکارە گەڕۆکەکان بوون، یاخود کەشیشەکانی کڵێسای ماری ماجدەلینا بوون، کە موزیکیان بۆ بڵاوکردنەوەی چیرۆکی مێینەی پیرۆز لەنێو چین و توێژە میللییەکاندا بەکار دەهێنا. تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێ شایەرەکان گۆرانی بە چاکەی "خاتوونەکەمان" هەڵدەڵێن، ئەو ژنە شوخوشەنگ و تەلیسماوییەی کە تا هەتایە خۆی بزر کردبوو.

بە تاسەوە سەیری سەرەداو و وشەکلیلە نمایشکراوەکانی سەر شاشەکەی کرد، بەڵام هیچی وای نەدۆزییەوە.

کۆمپیوتەرەکە دیسان کنە و پشکنینی خۆی کردەوە.

**سوارچاکەکان، ناکەسبەچەکان، پاپاکان، ئەستێرەی پێنج لا:**

**چیرۆکی جامە پیرۆزەکە لە ڕێی گەمەی تارۆتەوە.**

– "ئەمە مایەی سەرسامی نییە،" لانگدن وای بە سۆفی گوت. "هەندێ لە سەرەداوکانی ئێمە هەمان ناوی تاکەکانی کارتەکانی هەن." دەستی بۆ ماوسی کۆمپیوتەرەکە برد و کرتەی لەسەر کرد. "سۆفی، نازانم ئاخۆ کاتێ گەمەی تارۆتتان دەکرد، قەت باپیرەیت ئاماژەی پێداوە، ئاخر ئەم یارییە گێڕانەوەیەکی زارەکی چیرۆکی مەلە ونبووەکە و ئەهریمەنی کڵێسا سەرکوتکەرەکەیەتی."

– سۆفی چاوێکی تێکرد سامناکانەش دەهاتە بەرچاو. "هیچ بیرۆکەیەکم لەبارەی نییە."

– "ئەمە مەبەستەکەیە. لەڕێی فێرکردنی ئەو گەمە مەجازییەدا، شوێنکەوتووانی جامەکە پەیامەکیان بە دەمامکدراوی لەبەرچاوی کڵێساکە دەشاردەوە." لانگدن مەراقی ئەوە بوو، تۆبڵێی یاریکەرانی ئەمڕۆ چەند لەبارەی کلیلە مەتەڵی چوار ڕیزە کارتەکە دەزانن – ماچەکان، کووپەکان(دڵەکان)، سێپەڕەکان(سینەکەکان)، دینارەکان– هێمای ئاماژەداری جامەکەن، ڕاستەوخۆش نیشانەی چوار ڕێزە کارتەکەی تارۆتن وەک شمشێرەکان، بادەکان، گورزی پاشا، ئەستێرەی پێنج لا.

**ماچەکان شمشێرەکانن – تیغەکە. نێر.**

**کوپە (دڵەکان) بادەکانن ــ جام(بادە) . مێ.**

**سێپەڕەکان(سینەکەکان) گورزەکانن ــ هێڵە پاشایەتییەکە. دەستەی گوڵەکە.**

---

[275] Troubadours شایەرە گەڕۆکەکانی سەدەکانی١١ تا ١٣ی باشووری فەرەنسا.

**دینارەکان پێنج پەلکەکانن ــ خواوەندە مێینەکان. مێینەی پیرۆز.**

دوای چوار خولەکی دیکە، کاتێ هەستی ترسێک بەسەر لانگدندا داهات، بەوەی هیچی وای لە سەرەداوە نمایشکراوەکان هەڵنەکڕاند، کۆمپیوترەکە کرتەی لێوەهات و لیستێکی دیکەی نیشان دا.

***هێزی ڕاکێشانە بلیمەتەکە:***

**بیۆگرافیای سوارچاکێکی نوێ.**

- "هێزی ڕاکێشانی بلیمەت؟" لانگدن بەدەنگەوە بانگی گیتومی کرد. "بیۆگرافیای سوارچاکێکی نوێ؟"

گیتومیش سەری لە گۆشەکە دەرهێنا. "چەند نوێیە؟ تکایە نەڵێی سێر ڕودی جولیانییەکەی خۆتە، من پێموایە ئەو هەندێ لە تامی بردۆتە دەر."

لانگدنیش شتێکی بەرامبەر (سێر میک جاگەر)ی سوارچاکە نوێیەکە لەدڵدا بوو، بەڵام خۆ ئەوە جێگەی ئەوە نەبوو باسوخواسی سیاسەتی بەریتانی تاوتوێ بکرێ. "دەی با چاوێکی لێ بکەین." لانگدن پوختەی سەرهێڵەکەی کرتە کرد.

*... سوارچاکێکی شەڕەفمەند، سێر ئیسحاق نیوتن...*

*... لە ١٧٢٧ لە لەندەندا و ...*

*... گۆڕەکەی لە کڵێسای وێستمینیستەرە...*

*... پاپا ئەلێکساندەر، برادەر و هاوپۆلی...*

- "پێموایە، زاراوەی تازەباو، زاراوەیەکی ڕێژەییە" سۆفی وای بە گیتوم گوت. "ئەمەیان کتێبێکی کۆنە. لەبارەی سێر ئیسحاق نیوتنە."
- گیتوم لە ڕارەوەکەدا سەری بۆ بادا. "باش نییە. نیوتن لە کڵێسای وێستمینیستەر نێژراوە، پێگەی پرۆتستانتایەتی ئینگلیزی. قسەی لەسەر نییە، هیچ پاپایەک لە کاتی ناشتنیدا ئامادە نەبووە. ئەرێ کریم، شەکری تێکەم؟"

سۆفی سەری بۆ لەقاند.

- گیتوم چاوەڕێ بوو. "ڕۆبەرت؟"

- دڵی لانگدن کەوتە کوتەکوت. چاوەکانی لەسەر شاشەکە لادان و هەڵستا. "ئەرێ، سێر ئیسحاق نیوتن سوارچاکەکەمانە."

- سۆفی هێشتا هەر دانیشتبوو. "ئەوە باسی چی دەکەی؟"

- "نیوتن لە لەندەندا نێژراوە،" لانگدن وای پێگوت. "کارەکانیشی بوونە مایەی زنجیرەک لە ڕق و تووڕەیی کڵێساکە. خۆیشی مامۆستای گەورەی مریدانی سایۆن بوو. ئاخر لەوە زیاتر چیت دەوێ؟"

- "لەوە زیاتر؟" سۆفی ئاماژەی بە شیعرەکە دا. "ئەدی چی لەبارەی ئەوە دەڵێی کە سوارچاکێک پاپایەک ناشتبێتی؟ خۆ گوێت لە گیتوم خان بوو. نیوتن لەلایەن پاپای کاسۆلیکی نەنێژراوە."

- لانگدن خۆی گەیاندە ماوسی کۆمپیوتەرەکە. "باشە کێ باسی پاپایەکی کاسۆلیکی کردووە؟" ئینجا کرتەی لەسەر وشەی پاپا کرد، ئەوسا تەواوی ڕستەکە هاتە سەر شاشەکە.

***بەخاکسپاردنی سێر ئیسحاق نیوتن، بە ئامادەبوونی پاشا و خانەدانەکان بوو، پاپا ئەلێکساندەری برادەر و هاوپۆل سەرپەرشتی کرد، ئەوکەسەی بەرلەوەی بخرێتە گۆڕەوە بەدوانێک زۆری پەسن دا.***

- لانگدن سەیرێکی سۆفی کرد. "ئێمە لە دووەمین لێگەڕاندا، پاپا ڕاستودروستەکەمان دۆزیەوە. ئەلێکساندەر." ئیستێکی بۆکرد، ئینجا گوتی ؛ "پاپایەک."

سۆفیش هەڵسا، حەپەساو دیار بوو.

دیسان ژاک سانییێر مامۆستای دووجار دووپاتکردنەوە، سەلماندییەوە کە پیاوێکی زێدە بیرتیژە.

## بەندی ٩٦

سیلاس بە ڕاچڵەکینێکەوە لەخەو بەئاگا هاتەوە.

نەشیدەزانی ئاخۆ بۆچی بێدار بۆتەوە، یاخود چەند دەبێ خەوتووە. ***تۆبڵێی خەون ببینم***؟ ئیدی هەڵسایەوە لەسەر تەختەبەڕێک[276] قیت دانیشت، گوێی بۆ دەنگی هەناسەی هەموو ئاکنجیانی بارەگای ئۆپیوس دای هەڵخست، ئەو بێدەنگیە تەنها بە ورتەورتی ویردخوێندنەوی یەکێک شکا، لە ژووری خوار خۆی خەریکی نوێژ و دوعا کردن بوو. ئەم دەنگانەش بۆ ئەو ئاشنابوون، هەر دەبووایە مایەی دڵنەوایی بووبان.

کەچی، وێڕای ئەوەش، چاوەڕواننەکراوانە هەستی بە مەترسی کرد.

ئینجا هەڵسا، تەنها جلی ژێرەوەشی لەبەردا بوون، بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشت. ***ئەوە چییە، بە دوام کەوتوون***؟ مەیدانەکەی خوارێ کەسی لێنەبوو، کتومت وەک چۆن کاتێ لێیهاتە ژوور چۆڵ بوو. ئێستاش هەروا. ئەو گوێی هەڵخست. هەمووی بێدەنگی بوو. ***باشە ئەدی بۆ نائاسودەم***؟ دەمێکە سیلاس ڕاهاتووە متمانە بە دڵخەبەردانی خۆی بکا. ئاخر هەر دڵخەبەردان بوو، ئەوی لە تافی مێردمنداڵیدا، بەر لە زیندانی مارسیلیا، وەک منداڵێکی سەرشەقام بە سەلامەتی هێشتبووەوە. ئەمەش زۆر لەپێش ئەو کاتەی، جارێکی دیکە لەسەر دەستی مەتران ئارینگارۆسادا بژییێتەوە. سەری لە پەنجەرەی ژوورەکە بردە دەر، ئینجا تارمایی بۆدی ترۆمبێلێکی لەو دیوی دەرەوەی شوورەکەوە بۆ دەرکەوت. لەسەر بۆدی ترۆمبێلەکە فیکەی پۆلیس داندرابوو. ئیدی ناوکەوە دارینی هۆڵەکە خڕەی تێکەوت، زنجیری سەلامەتی دەرگەکەش ڕاکشا.

سیلاس خۆزاییانە جووڵا، چاوی بە ژوورەکەدا گێڕا، خێرا خۆی لە پشت دەرگەکە حەشار دا و دەرگاکەش کرایەوە. یەکەمین ئەفسەری پۆلیس هاتەژوور، دەمانچە بەدەست جارێک سەیری لای چەپ و ئینجا لای ڕاستی ژوورەکەی کرد، وادیاربوو ژوورەکە چۆڵ هۆڵ بێ. بەرلەوەی بۆی دەربکەوێ سیلاس لە کوێیە، سیلاس بە پاڵەپەستۆیەکی زۆرەوە دەرگەی پێوەدا، لەوکات پۆلیسی دووەم دەهاتە ژوور و دەرگەکەی بەرکەوت و کەوتە سەر زەوی. کاتێکیش ئەفسەری یەکەم ویستی تەقەی لێبکا، سیلاس زەبرێکی لە قاچەکانی دا. دەمانچەکە تەقی، گوللەکە بە

[276] بەڕ: بەڕە، پارچە ڕایەخێکی سادە.

شوێنێک لە ژوور سەری سیلاس کەوت، لەوکاتەی سیلاس زەبرەکەی لە گوێزینگی پۆلیسەکە دا، یەکسەر کەوتە سەر زەوی. پۆلیسەکەی دووهەمیش هێزی دایەوە بەرخۆی تا لەسەر پێ بوستێتەوە، سیلاس لێیوەرسوڕایەوە و شاپێکی لە ئەژنۆی ئەویش دایەوە، ئیدی بەسەر پەیژەکاندا کەوت و غلۆربۆوە نێو هۆڵەکە.

بەنیوە ڕووتی سیلاس بە پەیژەکان دابەزی. زانی ناپاکی دەرهەق کراوە، بەڵام کێ وایکردووە؟ کاتێکیش گەیشتە هەیوانەکە، پۆلیسی زیاتر لەبەر دەرگەی پێشەوە بوون. سیلاس ڕووی خۆی وەرگێڕا و بە ئاراستەی دیکە بەنێو قووڵایی هۆڵی ئاکنجییەکاندا چوو. ***شوێنی ژنان. هەموو بارەگایەکی ئۆپیوس دای شوێنێکی وایان هەبوو.*** بەنێو ڕاڕەوە تەنگەکەی هۆڵەکەدا ڕۆیشت، خۆی گەیاندە ناندیکە، بەلای کارمەندە تۆقیوەکاندا ڕەت بوو، ئەوان لەبەر ئەو زەلامە بەڵەکە نیوە ڕووتە هەڵاتن و لەتاوانیش قاپووقاچاغەکە بەگۆڕی وەربوو، لە کۆتاییشدا تروسکایی گلۆپی دەرچوونی بەدی کرد.

بەو پەڕی خێراییەوە بە نێو دەرگەکەدا چووەدەر، گەیشتە بەر باران، ئەوەندە خێرا دەرۆیشت، ئەو پۆلیسەی ڕاسترەوڕاست بەرانبەری دەهات، نەیبینی، تا خۆیان پێک دادا. شانە پانوپۆرەکانی سیلاس بەر قەفەسی سینگی پۆلیسەکە کەوت، لەبەر زەبرەکە پۆلیسەکە بەپشتدا کەوتە سەر شۆستەکە و سیلاسیشی کەوتە سەر. دەمانچەی ئەفسەرەکە کەوتە ئەو گۆڕە. سیلاس گوێی لە دەنگی پیاوەکان بوو بە هاتوهاوار لە هۆڵەکەوە دەهات. بەخۆ بانگلۆزکردن دەمانچەکەی هەڵگرتەوە، ئینجا پۆلیسەکانی دیکەش گەیشتن. تەقەیەک لە لای پەیژەکانەوە هات، سیلاسیش هەستی بە زوورانەوەی ئازارێک لە پەراسووەکانی کرد. ئیدی دەهری بوو، دەستبەجێ تەقەی لەهەر سێ ئەفسەرەکان کرد، خوێنیان پرژا.

لەپشت ئەو سێبەرێکی تاریک پەیدا بوو، سێبەرەکە لە شوێنێک هات، نەیزانی کوێ بوو. کاتێکیش دەستێکی توورە شانە ڕووتەکەی گرت، هەستی کرد وەک ئەوەی هێزی دەستەکە لەگەڵ هێزی ئەهریمەن تێکەڵاو بووە. پیاوەکە لەبن گوێدا هاواری کرد: ***سیلاس نەکەی!***

سیلاس سووڕایەوە و تەقەی لە دەمانچەکەوە هێنا. ئیدی چاوەکانیشیان بەیەک گەیشتن. ئینجا سیلاسیش لەگەڵ بەلاداهاتنی ئارینگارۆسادا، تۆقیوانە لە قیرژنی دا.

زیاتر لە سێ هەزار کەس لە کڵێسای وێستمنیستر لەگۆڕنراون و مەزاریان بۆ کراوە. هەنوانە زلەکەی ناوەوە پڕ لە گۆڕ و پاشماوەی پاشاکان، دەوڵەتمەداران، زانایان، شاعیران و موزیکژەنانە. لە هەموو کون و قوژنبێیکەوە گۆڕ هەیە، قەبارەی گۆڕەکانیش دەگۆڕێ، لە هەمووشیان قەبە و بەشکۆتر، گۆڕی شاژنە ئەلیزابێتی یەکەمە، هەر لە مەزارێکی داپۆشراو، کە گومبەزێکی تایبەتی لەسەرە، تا دەگاتە گۆڕی خاکییانە کە هیچی لێنەماوەتەوە تەنها ناوەکەی نەبێ، ئەمەش بە تێپەڕینی ڕۆژگار و پێخوستی خەڵک، کەس زەینی بۆ پاشماوەکەشی نەدەچوو، مەگەر هەر ناوەکەی نەبێ.

شوێنەکە لەسەر نەخشەی کاتەدراییەکانی ئامینیس، چارتەر و کاتنەربری ڕۆنراوە، لێ کڵێسای وێستمینیستەر نە بە کاتێدرا نە بە کڵێسایەکی ئاسایی دادەندرێ، بەڵکو شوێنەکە موڵکی تایبەتی پاشایەتییە، بابەتێکە دەچێتە بن ناوی سەروەرێتی. هەر لەوکارەی کە ویلیەمی جیهانگیر لە ڕۆژی لەدایکبوونی عیسا لە ١٠٦٦دا بۆنەی تاج لەسەرنانی لەوێ بۆ ڕێکخرا، ئیدی ئەو بن هەنوانە بووە شوێنی بۆنە بێژمارەکانی پاشایەتی و دەوڵەت، ئەوەش هەر لە بە پیرۆز(قەدیس) زانینی ئەدواردەوە تا ئاهەنگی شازادە ئەندریۆ و سارا فێرگەسۆن و بەخاکسپاردنی هێنری پێنجەم، شاژن ئێلیزابیتی یەکەم و شازاداە دایانا.

سەرباری ئەو هەموو شتانەش، کاتێک لانگدن پێی نایە بن هەنوانی کڵێساکە، هیچ کامیان لەو شتانە سەرنجی ڕانەکێشا، ئەو تەنها یەک شتی لەبەرچاو بوو، ئەویش گۆڕی ئیسحاق نیوتن، سوارچاکە بەریتانییەکە بوو.

***لە لەندەن سوارچاکێک کەوتووە، پاپایەک ناشتوویەتی.***

ئیدی بەنێو دەروازەکەدا بەرەو بەشی باکوور ڕۆیشت، لەوێ لانگدن و سۆفی تووشی پاسەوانەکان هاتن، بەڕێزەوە دوایان لێکردن بەنێو کابینەی ئاسندۆزەرەوەدا بچن، ئاخر ئێستا ئەو شتە لە زۆر شوێنە ئەنتیک و پاشماوە دێرینەکانی لەندەندا دەبیندرێ. ئەوان، هەردووکیان بەنێو دەزگا پشکنەرەکەدا ڕۆیشتن و هیچ زەنگیشی لێنەدا. ئینجا لەسەر ڕۆیشتنیان بۆ چوونە نێوەوە بەردەوام بوون.

لەگەڵ چوونە ژوورەوەشدا بۆ ناو کڵێسای وێستمنیستەردا، لانگدن هەستی کرد لەپڕێک دنیای دەرەوە بووە هەڵم و نەما. نە ژاوەژاوی هاتوچۆ، نە گڤەی با، نە ورشەی باران و نە هیچ. تەنها بێدەنگییەکی کپ، وەک ئەوەی دەنگدانەوەی سرتەکەی خۆی بێ.

لانگدن و سۆفی هەر پێیان نایە نێو هەیوانەکەی کڵێساکە، وەک زۆرینەی خەڵکی چاویان بەرەو بنمیچەکە بەرزکردەوە، ئاخر وەک ئەوەی دۆزەخ لەسەرەوە داکەوتبێ. ستوونە بەردە بۆرەکان وەک هەورەسووە بەرەو ژوور هەڵچووبوون، بە شێوەیەکی چەماوە بەرزببوونەوە پاشان بەسەر ناوکەوەکەدا شۆڕببوونەوە. لەپێشەوەش، لابالّی باکوور مینای دۆڵێکی قووڵ، جامە ڕۆشنەکەشی وەک خەرەندی هەزار بەهەزار دیار دەکرا. لە ڕۆژانی خۆرەتاودا ناوکەوی کڵێساکە بریقوباقی تیشک و ڕەنگەکانی بوو. لێ ئەمڕۆ، باران و تاریکی ئەوێی بە شێوەیەکی ترسناکانەی نیشان دەدا، زیاتر بە گۆڕستانێکی ڕاستەقینە دەچوو.

- "ئەمڕۆ هەر بەڕاستی چۆڵە." سۆفی بەسرتەیەکەوە وای بە لانگدن گوت.

لانگدنیش هەستی بە نامرادی کرد. حەزی دەکرد خەڵکێکی زۆرتری لێبووایە. ***ئاخر خۆ شوێنێکی میللییە.*** لانگدن نەیدەویست ئەزموونی چۆڵیەتی کڵێسای پەرستگایان لێ دووبارە ببێتەوە. ئەو پێشبینی جۆرە ئاسایشپارێزییەکەی لە شوێنە گەشتیارییە میللییەکان دەکرد، بەڵام یادەوەری لانگدن بۆ وەرزی هاوینی ئاپۆرای گەشتیاران بۆ نێو کڵێسای وێستمینیستەر دەگەڕێتەوە. ئەمڕۆش بەیانییێکی ئەپریلی باراناوی بوو. لەجیاتی جەنجاڵی و تیشکدانەوە و بریقەی جامەکان، لانگدن هەر چۆڵی و تارمایی سێبەری ئەوێی بینی.

- "خۆ ئێمە بەنێو کابینەی ئاسایشپارێزدا ڕەت بووین." سۆفی وای بەبیر لانگدندا هێنایەوە، دیاربوو لە نیگەرانی لانگدن تێگەیشتبوو. "ئەگەر هەر کەسێک بێتە ئێرە، ناتوانێ بە چەکەوە بێتە ژوور."

لانگدن سەری بۆ لەقاند، لێ هەر خۆپارێز بوو. ئەو حەزی دەکرد پۆلیسی لەندەن لەگەڵ خۆیدا بێنێ، بەڵام سۆفی دەترسا لەوەی هیچ لەبارەی ئەوە نازانێ ئاخۆ کێ لە کاربەدەستان دەستی لەم یاریەدا هەبێ. ***ئێمە پێویستمان بە گەڕاندنەوەی کریپتیسەکەیە***، سۆفی بەپێداگیریەوە. ***ئاخر کریپتیسەکە کلیلی هەموو شتێکە.***

بێگومان، ئەویش ڕاست بوو.

***کلیلەکە بۆ ئەوەی ( لای) بەزیندوویی بگەڕێتەوە.***

***کلیلەکە بۆ دۆزینەوەی جامە پیرۆزەکە.***

***کلیلەکە تا بزاندرێ ئاخۆ کێ بەدوایەوەیەتی.***

بۆ بەدبەختیش تاکە دەرفەتی گەڕاندنەوەی بەردەکلیلەکە دیارە هاتنە ئێرەیە و ئێستاش.... ئەوان لەسەر گڵکۆی ئیسحاق نیوتن. ئەوەی کریپتیسەکەشی پێ بێ، دەبێ سەری ئەم گڵکۆیە بدا، تا

مەتەڵەکە هەڵبێنێ، خۆ ئەگەر ئەوان پێشتر نەهاتبن و گەڕابنەوە، سۆفی و لانگدن بەنیاز بوون ڕێگەیان پێبگرن.

بە ئاقاری دیواری لای دەستەچەپ بەڵکو دەرچەیەک ببیننەوە، ئیدی ئەوان بەرەو لاباڵە تاریکەکەی پشت زنجیرە دینگەکان ڕۆیشتن. لانگدنیش دیمەنی گرتنی لای تیبینگی لە خەیاڵ دەرنەدەچوو، دیمەنی بە بارمتەگرتن و فڕێدانە پشتی لیموزینەکە. خۆ ئەو کەسەی فەرمانی کوشتنی ئەندامانی مریدانی سایۆنی دەرکردبوو، دوودڵیش نەدەبوو تیبینگیش بە هەمان دەرد ببا. ڕووداوەکەش بە تەوسێکی دڕندانە دەچوو، کە سوارچاکێکی بەریتانی لە بەردەم گۆڕەپانی ماڵی خۆی بڕفێندرێ کە بەدوای سێر ئیسحاق نیویتندا دەگەڕێ.

– "کامە ڕێگا؟" سۆفی بە دەم ئاوڕدانەوە لە دەوروبەری خۆی وای لە لانگدن پرسی.

***گڵکۆکە***. لانگدنیش هیچ بیرۆکەیەکی بۆ نەبوو. "ئێمە دەبێ ڕێنوێنێک ببینینەوە و لێی بپرسین." لانگدن دەیزانی پرسیارکردنەکە باشترە لەوەی بە لاباڵەکاندا هەر بگەڕێن و بسووڕێن. کڵێسای وێستمینیستەر پڕ لە گڵکۆیە، هەر ژور و بستێکی جێی گۆڕێکە. هەروەک مۆزەی لۆڤەریش تەنها یەک دەروازە هاتنە ژوورەوەی هەیە، بەهۆی ژوور و لاباڵە زۆرەکانی، مرۆ دەتوانێ بە ئاسانی بێیتە ژوور، بەڵام هونەر ئەوەیە، ڕێگەی چوونەدەرەوە بدۆزێتەوە. ***ڕێک داودانانەوەیە بۆ گەشتیاران***، ئەمە قسەی یەکێ لە هاوڕێکانی لانگدن بوو. بە شێوە تەلاسازی کلاسیکییانە، کڵێساکە لەسەر شێوەی خاچێکی کەتەی تیژ ڕۆنراوە. بەڵام بە پێچەوانەی زۆر لە پەرستگاکان، دەروازەکەی لەلاچەپی بوو لەجیاتی ئەوەی لەپشتیەوە بێ وەک ستانداردی کڵێساکان. لەوەش زیاتر کڵێساکە چەند لاباڵێکیشی پاشکۆ بوون. هەر هەنگاوێکی هەڵە بەبن تاقێکی هەڵەدا دەتبا، ئیدی گەشتیارەکە وەک چۆن لە توونی بابادا بێ، بەنێو ئەو هەمو تاق و دەرچەی لاوەکی و لاباڵدا کە بەدیواری بەرز بەرز دەورەدراوە، ون دەبێ.

– ڕێنوێنەکان جلی سووریاوەیان لەبەردایە،" لانگدن وای گوت و لە ناوەندی کڵێساکەش نزیک دەبووەوە. بەلاریش بەنێو دینگە بریقەدارەکانی قوربانیگەی ئەوسەری لاباڵی باشوور دەیڕوانی، لانگدن بینی چەند کەسێک لەسەر دەست و ئەژنۆ دەخوشن. ئەم جۆرە حەجە پرۆستانتییە لێرە لەلاباڵی شاعیرەکان شتێکی باو بوو، هەرچەندە شتەکە پێدەچی لەوەی دیارە پیرۆزترە. ***گەشتیاران خۆیان لە گۆڕەکان هەڵدەسوون***.

– "من هیچ ڕێنوێنێک نابینم،" سۆفی وای پێگوت، "لەوانەیە هەر بەخۆمان گۆڕەکە بدۆزینەوە."

بەبێ هیچ قسەیەک لانگدن بە چەند هەنگاوێکی دیکە بۆ ناوەڕاستی کڵێساکە ڕێنوێنی کرد، لەوێشەوە ئاماژەی بەلای دەستەڕاست دا.

سۆفی کاتێک لە قووڵایی هەیوانەکەی کڵێسای ڕوانی حەپەسا، ئاخر لێرەوە قەبەیی و شکۆی تەلارەکە بەدیار دەکەوت. "واو، " ئیدی سۆفی گوتی، "دەی با ڕێنوێنێک بدۆزینەوە."

لەهەمان ساتدا و لە دووری سەد گەز لەوانەوە و لە نێو هەیوانی کلێساکەدا، لەپشت شاشەی بوقژەنەکان و دوور لەچاوی کەس، گڵکۆی سێر ئیسحاق نیوتن تەنها یەک کەسی بە دیارەوە بوو. مامۆستاکە دە خولەک دەبێ لەوێ وەستاوە و لە گۆڕەکە دەکۆڵێتەوە.

گڵکۆی نیوتن لە بەردەمەڕمەڕی ڕەشی توندوقایم دروست کراوە، لە بەردەکەدا وێنەی نیوتن وەک خۆی بە جلوبەرگی کۆنینەوە هەڵکەندراوە کە پاڵی بەسەر کتێبەکانی ***–خوایەتی، کرۆنۆلۆژیا(کاتبەندی)، بینایی و بنەما سروشتیەکانی بیرکاری*** –دابۆوە. لەبەر پێی نیوتندا دوو کوڕیژگەی باڵدار دەستنووسێکیان بەرزکردبووەوە. لە پشت ئەویشەوە هەرەم (قووچەکێکی) سادە قیت کرابووەوە. هەرچەندە خودی قووچەکەکە سەیر دیار بوو، لێ ئەو نیگارەی لە نێو ڕاستی قووووچەکەدا بوو، سەرنجی مامۆستاکەی بەلای خۆیدا ڕاکێشا بوو.

***تۆپێک.***

مامۆستاکە لە مەتەڵە تەلیسماویەکەی سانییێری ڕوانیەوە. ***تۆ بە دوای تۆپێکدا دەگەڕێی، دەکرا لەسەر گۆڕەکە بێ.*** ئەو تۆپە زلەیەی لەسەر ڕووی قووچەکەکە دروستکرابوو، بەشێوازی (باسۆ ڕیلیڤۆ) هەڵکەندرابوو، بەوەی هەموو جووتە تەنێکی قوڕسی تێدا بەرجەستە بوو، کۆمەڵە ئەستێرە، بازنەی بورجەکان، ئەستێرەی کلکدار، ئەستێرە و هەسارەکان. لە سەرووی ئەوانیشەوە وێنەی خواژنی فەلەک لەژێر زێیەک لە ئەستێران.

***بێژمار تۆپ.***

مامۆستاکە سەرەتا لە بڕوایەدا بوو، هەر کاتێ گۆڕەکەی بینی، ئەوا دۆزینەوەی تۆپە ونبووەکە کارێکی ئاسان دەبێ. لێ ئێستا ئەو لەو بڕوایەی دڵنیا نییە. ئەو لە نەخشە ئاڵۆزوبڵۆزەکەی ئاسمانەکان ڕامابوو. تۆ بڵێی لەوێدا هەسارەیەکی ونبوو هەبێ؟ ئایا تۆپێکی ئەستێرەدار لەنێو ئەو کۆمەڵەیەدا ون کرابێ؟ ئەو هیچ بیرۆکەیەکی لەبارەوە نەبوو. وێڕای ئەوەش مامۆستاکە گومانی هەبوو، هەڵهێنانی مەتەڵەکە ڕاشکاوانەو ئاسانە – "سوارچاکێک پاپایەک ناشتوویەتی."

***باشە من بەدوای چ تۆپێکدا بگەڕێم***؟ بەدڵنیاییەوە، زانیاری زۆر لەبارەی فەلەکناسی مەرجی پێشوەختەی دۆزینەوەی جامە پیرۆزەکە نییە، ئەدی چییە؟

***شتەکە باس لە گۆشتێکی گوڵەڕەزی و تووی نێو منداڵداندا دەکا.***

مشوورخواردنی مامۆستاکە بە نزیکبوونەوەی چەند گەشتیارێک پچڕا. ئیدی کریپتسەکەی خستەوە بەرک و چاویشی لە گەشتیارەکان کرد، کە بە لای مێزەکەی نزیک ئەودا ڕەت بوون، هەندێ پارەی خێریان فڕێدایە نێو سندووقەکە و دەستیان لە هەندێ لە گۆڕەکان دا. لەوێ هەندێ قەڵەم و کاغەزی گەورەیان هەڵگرت کە کڵێسە بە بێ پارە لەوێی دانابوون، ئیدی بەو شتانەی دەستیانەوە بەرەو دەمی کڵێساکە ڕۆیشتن، دیاربوو بەرەو گۆشەی شاعیرەکان دەچوون، لەوێ دەستیان بە گۆڕی هەر یەک لە (شاوسەر)، (تێنیسن) و (دیکنز) داهێنا.

دیسان مامۆستاکە لەوێ بەتەنها مایەوە، ئیدی جارێکی دیکە هەر لە تۆقەسەرەوە تا بەری پێی گڵکۆکە لێیڕوانی. سەرەتا لە نینۆکی پێیەکانی کە لەبنی تابووتەکەوە بوون دەستیپێکرد، لەوێوە تا هەموو شوێنێکی نیوتنی پشکنی، چاوی لە کتێبە زانستیەکانیشی کرد، چاوی لە هەردوو کوڕیژگە باڵدارەکەش و دەستنووسە بیرکارییەکەش کرد، چاوی لە بیچمی قووچەکەکە و تۆپە زلەکە و کۆمەڵە ئەستێرەکانیش کرد، لە کۆتاییشدا سەیری تەختەبەندە ئەستێرە دارەکەش کرد.

***تۆبڵێی چ جۆرە تۆپێک لێرە بووبێ... و ونیش بووبێ***؟دەستێکی لە کریپتیسەکەی ناو بەرکی دا، وەک ئەوەی شتێکی یەزدانی لەو دەستکارەی سانییێر بێتە وەڵام. ***نێوانی من و جامەکە تەنها پێنج پیتن.***

ئێستا هەنگاوی بۆ نێو گۆشەی شاشەی موزیکژەنەکان نا، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و بە قووڵایی سەیری قوربانیگە سەرەکییەکەی ئەوسەری کرد. نیگای چاوەکانی لەسەر قوربانیگەکە لا کەوت و کەوتە سەر ڕێنوێنێکی کڵێساکە کە دیار بوو لەلایەن دوو کەسی ناسراوە بانگی کرا.

**لانگدن و سۆفی.**

بە هێواشی مامۆستاکە چەند هەنگاوێک کشاوەیە پشت شاشەی موزیکژەنەکان. ***ئەمە چەند خێرا بوو.*** ئەو پێشبینی کردبوو، لانگدن و سۆفی کۆدی شیعرەکە دەشکێنن و دێنە لای گڵکۆی نیوتن، بەڵام خێراتر لەوەی ڕەچاوی کردبوو، هاتن. هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژیەوە، رەوشەکەشی لێکدایەوە. ئاخر ئەو ڕاهاتبوو لە گەڵ باری لەناکاو تەڕدەستانە ڕەفتار بنوێنێ.

***خۆ من کریپتیسەکەم پێیە.***

به ئارامی دەستی بۆ ناو بەرکی برد و دەستی بە شتەکەی دووهەم کەوت و متمانەی پێبەخشی: ئەویش دەمانچە جۆری مێدوسا بوو. هەروەک چاوڕوان دەکرا، ئامێری ئاسن دۆزەرەوەی پرسگای کڵێساکە، لەکاتێک مامۆستاکە بەنێویدا ڕۆیشت، زرینگەی لێوە هات، لێ ئەو ناسنامەی فەرمی نیشان دان و ئەوانیش بە ڕێزەوە بەڕێیان کرد و دەنگیان نەکرد.

هەرچەندە مامۆستاکە، هیوای وابوو هەر بەخۆی مەتەڵی کریپتیسەکە هەڵدێنێ و لە هەموو ئاڵۆزی دەستکارێکی کەسانی دیکە دوور دەکەوێتەوە، لێ هەستی کرد هاتنی لانگدن و سۆفی پێشهاتێکی خێربەخشە. بە لێکدانەوەی شکستهێنانی ئەو بە دۆزینەوەی تۆپە ونبووەکەی سەر گڵکۆکە، دەکرێ شارەزایی ئەوان بەکار بێنێ و بیانقۆزێتەوە. ئاخر لە دوای هەموو شتێکیش، خۆ لانگدن توانی کۆدی شیعرەکە بشکێنێ و گڵکۆکە بدۆزێتەوە، ئەمەش هۆکارێکی گونجاوە، بتوانێ تۆپە ونبووەکەش بدۆزێتەوە.

خۆ ئەگەر لانگدن پاسوۆردەکەی زانی، ئەوا شتەکە دەکەوێتە سەر ئەوەی چۆن فشارێکی ڕاستودروست بخاتە سەریان.

***هەڵبەتە لەم شوێنە نا.***

مامۆستاکە ئاماژە بچکۆلە ڕاگەیەندراوەکەی دەروازەی کڵێساکەی بەبیر هاتەوە. ئیدی دەمودەست زانی، ئێرە باشترین شوێنە بۆ دەستخەرۆکردنی ئەوان.

بەڵام تاکە پرسی هەنووکەیی ئەوە بوو ... چ جۆرە داوێکیان بۆ دابنێتەوە.

## بەندی ٩٨

لانگدن و سۆفی بە لەسەرخۆیی لە لابالّی باکوورەوە دەچوونە پێش، هەوڵیشیان دەدا هەر لەسایەی ئەو دینگانەی لەوێ بە بەربڵاوی هەبوون، بمێننەوە و کەس نەیان بینێ. هەرچەندە زیاتر لەنیوەی ڕێگەی بن هەنوانەکەی کڵێسایان بڕی، لێ هێشتا سیمای گڵکۆی نیوتنیان لێدیار نەبوو. تابووتە بەردینەکەی نیوتن، هەر لەوێ بوو، بەڵام لە گۆشەیەکی چەپەک بوو، لەلای ئەوان دیار نەدەکرا.

- "خۆ بەلای کەمییەوە کەس لێرە نییە." سۆفی وای چرپاندە گوێی لانگدن.
- لانگدنیش سەری بۆ لەقاند. دەروازەی حەرەمی کڵێساکە، کە گۆڕی نیوتنی لێبوو، بە تەواوی چۆڵ بوو. لانگدن بە سرتەیەکەوە بە سۆفی گوت؛ "من دەچمە ئەوێ، تۆش ئەگەر هەر کەسێک هات، خۆت پەنا بدە ـــ"

سۆفیش هەر زوو لە پەنای دینگەکە دەرچوو بوو، بەرەو هۆڵە فراوانەکە ڕۆیشت.

- "کەسێک سەیر دەکا،" لانگدن بە ئاهێکی هەڵکێشا و بە غار خۆی گەیاندەوە لای سۆفی.

لانگدن و سۆفی بە شێوەیەکی کەمەرەیی و بە بێدەنگی بەنێو ئەو دیمەنە سەرنجڕاکێشە ناوازەیەدا تێپەڕین... ئیدی گڵکۆیەکی مەڕمەڕی ڕەشیان بینی.... پەیکەری نیوتن بە پاڵکەوتووی لەسەر هەڵکەندرا بوو... دوو کوڕیژگەی باڵدار... قووچەکێکی زل... هەروەها تۆپێکی زەبەللاحیش لەسەر گۆڕەکە هەبوو.

- "ئەرێ تۆ بەمەت دەزانی؟" سۆفی بە دەنگێکی واقوڕماوانەوە بە وای بە لانگدن گوت.

لانگدنیش سەری خۆی بادا، ئەوش سەرسام بوو.

- "پێدەچێ کۆمەڵەی خۆری لەسەر هەڵکۆڵدرابێ." سۆفی وای پێگوتەوە.

کاتێ ئەوان گەیشتنە سووچەکە، لانگدن هەستی بە دەستەوەستانییێکی هێواشی خۆی کرد. ئاخر گڵکۆکەی نیوتن بە تۆپەکان ـ ئەستێرەکان، ئەستێرە کلکدارەکان و هەسارەکان داپۆشراوە. ***تۆ بە دوای تۆپێکدا دەگەڕێی، دەکرێ لەسەر گڵکۆکە بێ؟*** ئەوەی ئێرە وەک ئەوە وایە دەرزییەک لەنێو کادینێکدا بدۆزیەوە.

- "تەنە فەلەکییەکان،" سۆفی وای بە لانگدن گوت و خەمباریش دیار بوو. "ژمارەیەکی زۆریشن."

لانگدن ڕووی گرژ بوو. تاکە پەیوەندییکی گرێدراو، بەگوێرەی ڕوانینی لانگدن، لەنێوان ئەو کۆمەڵە ئەستێرە هەڵکۆڵدراوە و جامەکەدا ئەستێرە پێنج گۆشەکەی ڤینۆسە، وشەی ڤینۆسیشی لە ڕێگای کڵێسای پەرستگاکە تاقی کردبووە، دەرنەچووبوو.

سۆفی ڕاستەوخۆ بەرەو گڵکۆکە چوو، بەڵام لانگدن چەند پێیەک کشایەوە، چاوێکی هەر لەسەر دەوروبەرەکەی خۆی بوو.

- "خوایەتی،" سۆفی وای گوت و سەری بەرزکردەوە ناونیشانی ئەو کتێبانەی خوێندەوە کە نیوتن پاڵی ویدابوونەوە. "کرۆنۆلۆژیا، بیناسازی. فەلسەفەی بنەما سروشتییەکانی بیرکاری؟" ئینجا ئاوڕی لە لانگدن دایەوە؛ "ئەرێ ئەمە بۆ تۆ هیچ دەگەیەنێ؟"

- لانگدنیش یەک دوو هەنگاوی لێ نزیک بووەوە. "بنەماکانی بیرکاری، وەک بەبیرم بێ شتییکە لەبارەی هێزی ڕاکێشانی هەسارەکان... ڕاشکاوانە تۆپەکانن، بەڵام پێدەچێ ئەمە هەندێک لە مەبەستی مەتەڵەکەوە دوور بێ."

- "باشە ئەی چی لەبارەی بازنەی بورجەکان دەڵێی؟" سۆفی وای لێپرسی و ئاماژەشی بە کۆمەڵە ئەستێرە و تۆپەکە کرد. "خۆ تۆ پێشتر باسی کەلووی ماسی و کەلووی سەتڵت کرد، وانەبوو؟"

- ***کۆتاییەکەی زەمان،*** لانگدن بیری لێکردەوە. "کۆتایی کەلووی ماسی و دەستپێکی کەلووی سەتڵ، وا لای مێژوونووسان دەگوترا، گوایە دەستەی مریدانی سایۆن نەخشەی ئاشکراکردنی بەڵگەنامەکانی سانگرییلیان بۆ جیهان هەبێ." ***بەڵام هەزارەکە هات و بێ هیچ ڕووداوێکیش تێپەڕی، مێژوونووسانی بە دڕدۆنگی هێشتەوە ئاخۆ ڕاستیەکە کەی دەردەکەوێ.***

- "پێدەچێ ئەمە ڕێی تێبچێ،" سۆفی وا بە لانگدن گوتەوە. "پێدەچێ نەخشەکەی دەستەی مریدایەتی بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییەکە پەیوەندی بە دوا دێڕی شیعرەکەوە هەبێ."

***ئەویش چیرۆکی گۆشتی گوڵەڕەز و منداڵدانی ئاوس باس دەکا.*** لانگدن موچڕکێکی پێدا هات. ئاخر ئەو پێشتر بەو شێوەی لێکنەدابۆوە.

- ***"پێشتر پێتگوتم:*** سۆفی وای لێپرسی، "کاتی وادەی نەخشەی دەستەی مریدایەتی بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییەکە لەبارەی گوڵەڕەزەکە و ڕەحمە ئاوسەکە، ڕاستەوخۆ بە پێگەی هەسارەکان/ تۆپەکانەوە بەندە."

لانگدن سەری بۆ لەقاند. هەستی کرد دەستی بە داوە موویێکی باریکەوە گرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، دڵخەبەردانەکەی پێیدەگوت، فەلەکناسی کلیلەکە نییە. چارەسەری پێشتری مامۆستای مەزن، وەک مۆنالیزا، خاتوونی سەر گاشەبەردەکان، سۆفیا هەمووی هەر ئاماژەی ڕەوانبێژییانە و هێمادارییانە بوو. لێبڕوانە ئەو ئاماژە ڕەوانبێژیانە لە ڕووی ڕامانی تۆپەکانی هەسارە و کۆمەڵەی ئەستێرەکان کورتهێنە. هەر بۆیە سانێیر سەلماندی کە مامۆستای کۆدە هەرە ئاڵۆزەکانە، لانگدنیش بڕوای وابوو، کە دوا پاسوۆرد، هەر بەتەنها هێمایەکی گونجاو نییە بەڵکو وەک ڕۆژیش ئاشکرا و ڕوونە. خۆ ئەگەر هەڵهێنانی ئەم مەتەڵەش وەک هی ئەوانی دیکە بێ، ئەوا لەکاتی دەرکەوتنیدا لەبەر ئاسانیان دەبێتە مایەی خەفەت، کە چۆن پێشتر پەییان پێنەبردووە.

- "سەیرکە!" سۆفی بە شڵەژانێکەوە وای بە لانگدن گوت و توند باسکی گرت، لانگدنیش بەم ڕەفتارە لە داڵغەی بیرکردنەوەی پچڕا. لەو باسک کێشکردنەدا، وا تێگەیشت یەکێ لە دوورەوە بۆیان دێ، لێ کاتێ ئاوڕی لە سۆفی دایەوە، بە ترسێکەوە سێرەی چاوی لە سەرووی گڵکۆ مەڕمەڕیەکە بڕی بوو. "هەردەبێ یەکێک لێرە بووبێ،" سۆفی بە سرتەیەکەوە وای پێگوت. ئاماژەشی بە تێبینییەکی سەر گڵکۆکە نزیک نیوتن، ڕێک لای قاچەکانی کرد.

لانگدن لە خەمخواردنەکەی سۆفی نەگەیشت. ئاخر لەوانەیە گەشتیارێکی بێ ئاگا قەڵەمێکی خەڵوزینی لەوێ بەجێهێشتبێ و هەندێ خەتخەتی لەسەر گڵکۆکەی نیوتن کردبێ. ***ئەمە هیچ نییە.*** لانگدن گەیشتە ئەوێ و خۆی بۆ قەڵەمەکە شۆڕکردەوە تا هەڵی بگرێتەوە، بەڵام دانەویەوە سەر گڵکۆکە کاتێ تیشک کەوتە سەر بەردە مەڕمەڕە بریقدارەکە لانگدنیش لە شوێنی خۆی سڕ بوو. دەستبەجێ لە ترسەکەی سۆفی گەیشت.

لەسەر گڵکۆکە، لەبەرپێی نیوتندا، بە قەڵەمێکی خەڵوزین ئەم پەیامەی لەسەر نوسرابوو:

*من تیبینگم پێیە.*

*بەنێو ئەو خانووەدا بڕۆ،*

*بە دەرچەی باشووردا بڕۆدەر تا دەگەییە باخە گشتییەکە.*

لانگدن لەسەر یەک دووجار پەیامەکەی خوێندەوە. و دڵیشی کەوتە کوتەکوت.

سۆفیش ئاوڕی دایەوە و لەو ناوەی ڕوانی.

سەرباری ئەوەی چاویان بە نووسینەکە کەوت، ترسیان لێنیشت، لێ لانگدن بە سۆفی گوت ئەمە نیشانەی هەواڵێکی باشە. ***(لای) هێشتا زیندووە.*** نووسینەکە لێکەوتەیەکی دیکەشی هەبوو. لانگدن بە سرتەیەکەوە بە سۆفی گوت؛ "ئەوانیش پاسوۆردەکەیان نەدۆزیەوەتەوە."

سۆفیش سەری بۆ لەقاند. ئەگەر وانەبووایە، باشە بۆچی خۆیان بەدەردەخست؟

- "دەکرێ ئەوان (لای) بە پاسوۆردەکە بگۆڕنەوە؟"

- "بەڵکو ئەمە تەڵەیەک بێ؟"

لانگدن سەری بادا. "پێموانییە وابێ. باخچەکە لە دەرەوەی دیوارەکانی ئەم کڵێسایە دایە. شوێنێکی گشتییە." ئاخر لانگدن جارێکیان سەردانی باخچە بەناوبانگەکەی ئەوێی کردبوو. — بەری باخچەیەکی بچووک و گیادەرمانەکەی- کە پاشماوەی ڕۆژگارێکی کۆنە، قەشەکان لێیەوە داودەرمانیان لە گیاوگوڵەکەی دروست دەکرد. هێشتاش هەر شانازی بە کۆنترین داری میوەی ئەوێ دەکەن، ئەم باخچەیەی کڵێساکە باخچەیەکی گشتی و میللی بوو، گەشتیاران سەردانیان دەکرد بێ ئەوەی بچنە نێو کڵێساکە. "پێموایە پەیامەکەیان بەوەی ئێمە بنێرنە دەرەوە، لە متانەپێبوونەوە سەرچاوەی گرتووە، تا هەست بە سەلامەتی بکەین."

سۆفی بەگومان بوو. "تۆ مەبەستت دەرەوەیە، ئاخر لەوێدا هیچ دەزگایەکەی پشکنین و دۆزینەوەی چەکومەکی لێ نییە؟"

لانگدنیش گرژ بوو. سۆفی لەم گۆشەنیگایەدا ڕاست بوو.

ئاوڕێکی لە گڵکۆ پڕ تۆپەکە دایەوە، خۆزگەی دەخواست بیرۆکەیەکی لەبارەی پاسوۆردی کریپتیسەکە هەبوایە... هەر شتێک تا دانوستاندنی لەگەڵدا بکردبانایە. ***من تیبینگم تووشی ئەم بەزمە کرد، هەموو شتێکیش دەکەم تا لە دەستیان دەربهێنمەوە.***

- "تێبینییەکە دەڵێ بەنێو هۆڵی تەلارەکەدا بۆ لای دەرچەی باشوور بڕۆن." سۆفی ئەمەی بە لانگدن گوت؛ "لەوانەیە لەو شوێنەی لێی دەردەچین، دیمەنی باخچەکەمان لێدیار بێ؟ بەم جۆرە دەکرێ بەرلەوەی بچینە ئەوێ، ڕەوشەکە هەڵبسەنگێنین و خۆمان لە هەموو شتێکی دژواردا دوور بخەینەوە؟"

بیرۆکەکە شتێکی باش بوو. لانگدن بە شێوەیەکی تەماوی هۆڵە هەشت گۆشەیی کڵێساکەی بیرکەوتەوە، ئاخر کاتی خۆی شوێنی دانیشتنەکانی پەرلەمان بوو، بەرلەوەی بۆ تەلارە نوێکەیان بگوازنەوە، یادی کەوتەوە کە بەنێو شوێنێکی تەنگەبەری نزیکتردا تێپەڕیوە. ئیدی

چەند هەناوێک بۆ دواوە، بۆ لای گڵگۆکە گەڕایەوە، چاوێکی لە شاشەی موزیکژەنەکانی دەستە ڕاست کرد، لەوێ لەنێو هەنوانی کڵێساکە، لەبەرامبەر ئەو شوێنەی پێدا هاتبوونە ژوورەوە.

ڕێڕەوێکی تاقدار لەو نزیکانە هەبوو، نیشانەیەکی گەورەی لەسەر بوو:

**ئەم ڕێگایە دەچێتە:**

**قەلەندەرخانەکان**

**فەرمانگەی بەرپرس**

**هۆڵی کۆلیژ**

**مۆزە**

**ژووری قوربانیگە**

**پەرستگای سێینت فێیس**

**هۆڵی ئەنجوومەن**

لانگدن و سۆفی کاتێ گەیشتنە بن بلۆکە نووسراوەکە، تیژ تێپەڕین، ئەو تێبنیەشیان بینی، کە هەندێ شوێن لەبەر نۆژنکردنەوە داخراون.

ئەوان دەستبەجێ گەیشتنە ئەو شوێنە سەر کراوەیەی دیوار باڵای مەیدانەکە، ئەم بەیانیەش بارانی پێکەوتبوو. لەسەرووی ئەوانیشەوە گڤەگڤی با دەهات، هەروەک ئەوەی کونەبا بێ. بەنێو ئەو داڵانە تەنگەبەرە پاردە نەویەی بۆ ناو چیمەنەکە دەڕۆیشت، شۆڕ بوونەوە، لانگدن لەو شوێنە تەسک و تەنگەبەرانەدا هەستی بە ناڕەحەتی دەکرد. ئەو ڕێڕەوانە پێیان دەگوترا cloister ڕارەوی قەلەندەرگا، لانگدنیش تێبینی کرد ئەم ڕاڕەوی قەلەندەرگایە وای لێدەکرد هەست بە وشەی لاتینی clausterphobic تەنگەترسان(ترسان لەشوێنی تەنگەبەر) بکا.

ئیدی تیشکۆی بیری خستبووە سەر ئەوسەری پێش خۆی، کۆتایی تونێلەکە. لانگدن بەدوای نیشانە و ئاماژەکاندا، بەنێو حەرەمی کڵێساکەدا دەڕۆیشت. بارانیش بە خوڕ دەباری، ڕاڕەوەکەشی تەڕ کردبوو، تاکە سەرچاوەی ڕووناکیش ئەو گڵۆپانەی سەر دینگەکان بوون. بینی دوو کەس بە ڕێگایەکی دیکەدا بە خێرایی تێپەڕین و لەدەست کەشوهەوا سەختەکدا تیژ دەڕۆیشتن. ئەو شوێنە قەلەندەرگایە دیاربوو چۆڵ و هۆڵ بوو، خۆ ئەوێ شوێنە هەرە ناخۆشەکەی کڵێساکە بوو، بەتایبەت بەو باوبۆرانە.

چل گەز لەولاتر، لەوێ لەلاباڵی چەپەوە، ڕێگایەکی تاقدار بۆ دەستە چەپ دەکشا و لەسەر ڕێڕەوێکی دیکەی دەکردەوە. هەرچەندە واپێدەچوو، ئەوێ دەرچەڕێگا بێ، بەڵام لەبەردەمیدا نیشانەیەکی فەرمی لەسەرنووسراوی هەبوو.

لەبەر نۆژەنکردنەوە داخراوە

**فەرمانگەی بەرپرس**

**پەرستگای سێینت فێیس**

**ژووری ئەنجوومەن**

ئەو داڵانە دوورودرێژە چۆڵە پارچە پەڕۆی فڕێدراو و دارەبەستی بۆیەکردنی لێ کەوتبوو، ڕاستەوخۆ هەرچەندە دووریش بوو، لانگدن دەروازەی ژووری قوربانیگەی بینی. لەشوێنی خۆی لانگدن دەرگە دارینە کەتەکەی بە کراوەیی بینی، ناوهەیوانە هەشت گۆشەییەکە بەهۆی پەنجەرە زەبەلاحەکانی کە دەکەوتنە سەر باخچەی کۆلیژەکە، ڕووناک بوو. ***بەنێو ماڵی قوربانیگەدا بڕۆ، لە دەرچەی باشوورەوە بەرەو باخچە گشتییەکە بڕۆدەر.***

- "ئێمە هەر ئێستا لاباڵی قەرەلندەرگای ڕۆژهەڵاتمان جێهێشت،" لانگدن وای بە سۆفی گوت، "هەر دەبێ دەرچەی باشوور کە دەچێتە سەر باخچەی کۆلیژەکە، لێرە لەلای ڕاستەوە بێ.

سۆفی هەر زوو هەنگاوی هاوێشتبوو، پێی لە شریتەکە نابوو.

کاتێکیش ئەوان بە خێرایی بەناو داڵانە تاریکەکەدا ڕۆیشتن، دەنگی باو بۆرانی دەرەوە لە پشتی قەلەندەرگاکە دەڕەوایەوە. ماڵی ئەنجوومەنی وەک بونیادێکی ئەستێرەوانی وابوو، ئاخر لاخانووە پاشکۆیەک بوو لە کۆتایی سەری داڵانەکەدا بوو، ئەمەش جێشوێنی دانیشتنی نهێنی پەرلەمانی پێشوو بوو.

- "ئای چەند قەبەیە،" کاتێ لێی نزیکبوونەوە، سۆفی بەسرتەیەکەوە وای بە لانگدن گوت.

لانگدنیش لەبیری کردبوو ئاخۆ ئەم ژوورە چەند گەورەیە. تەنانەت لە دەرەوەی دەروازەکەشەوە، بەنێو هەنوانە زلەکەیدا ڕووانی، سەیری پەنجەرە کەتەکانی لاباڵەکەی کرد کە شێوەی هەشت گۆشەییان هەبوو، زۆر دڵڕفێن بوو، ئەو هەنوانە بەقەد پێنج نهۆم بەرز بوو. هەڵبەتە ئەوان لەوێوە دەتوان بە باشی بنوارنە دیمەنی باخچەکە.

ئەوان گەیشتنە دەروازەکە، ئینجا هەردووکیان، لانگدن و سۆفی وایان خۆ بینیوەوە کە چاویان نیوە نووقاندوە. ئاخر کە لە ژوورە نیوە تاریکەکە هاتنە دەر و گەیشتنە ماڵی ئەنجوومەنە پڕ شەوقەکە، چاویان هیچی نەبینی. ئەوان بیست پێیەک بەنێو ژوورەکەدا ڕۆیشتبوون، بە دوای دیواری لای باشوور دەگەڕان، ئەوسا لەوکاتدا پەییان بەوەبرد، قاپییە بەڵێنپێدراوەکە، لەوێ نییە.

ئەوان لەوێ لەبەردەم دیوارە بنبەستێکی زەبەلاحدا وەستان.

پاشان زیڕەی دەرگایەکی زەبەلاح لەپشت ئەوانەوە وای لێکردن ئاوڕ بدەنەوە، هەر دوای ئەوە دەرگەکە داخرایەوە و شمشێرەکەی چووە شوێنی خۆی.

تاکە پیاوێک لەپشتیانەوە بە حەوسەڵەوە وەستابوو، لوولەی دەمانچە بچکۆلەکەی تێکردبوون. ئەو کەسێکی گۆشتن بوو، خۆی بەسەر دوو داردەستی ئەلەمنیۆم دادابوو.

بۆ ساتێک لانگدن وایزانی لەنێو خەون دایە.

ئاخر کابرا (لای تیبینگ) بەخۆی بوو.

(سێر لای تیبینگ) بە داخەوە لە سێرەی دەمانچە مێدوسا بچکۆلانەکەی سەیری ڕۆبەرت لانگدن و سۆفی نیڤوی دەکرد. "دۆستەکانم،" ئەو وای پێگوتن، "هەر لە دوێنێ شەوەوە، کە هاتنە ماڵەکەم، هەموو شتێکی لە توانامدا هەبوو، کردم، تا گیانی ئێوە بپارێزم. بەڵام ئێوە لەسەر شتەکەتان سوور بوون و منیشتان خستە ئەو ڕەوشە زەحمەتە."

ئەو سیمای هێدمەگرتن و ناپاکی لێکردنی لە دەموچاوی سۆفی و لانگدن خوێندەوە، هێشتاش متمانەی بەوە هەبوو، زۆری پێناچێ ئەوان لەو زنجیرە ڕووداوانەی بەدوای یەکدا هاتن دەگەن، کە هەرسێکیانی گەیاندە ئەو ساتە نەخوازراوە..

***ئای کە زۆر شت هەیە پێتان بڵێم... شتی ئەوەندە زۆر، هەر لێشی تێنەگەیشتوون.***

- "تکایە بڕوا بەوە بکەن،" تیبینگ وا کەوتەوە سەر قسە، "من هیچ نیازێکم نەبوو ئێوە لەم کارە تێوەبگلێنم. ئێوە خۆتان هاتنە ماڵەکەم. ئێوە خۆتان بەدوای مندا گەڕان."
- "(لای)؟" لانگدن لە کۆتاییدا توانی لێی بپرسێ. "ئەری بۆ خاتری دۆزەخ ئەوە خەریکی چیت؟ ئێمە پێمانوابوو تۆ گیرۆدەی گرفت بووی. ئێمە هاتبووین یارمەتیت بدەین!"
- "وەک متمانەم پێکردبوو، واتان کرد،" ئەویش وا وەڵامی دایەوە. "ئێمە شتمان زۆرە باسی لێوە بکەین."

لانگدن و سۆفی نەیاندەتوانی چاویان لە سەر لوولەی دەمانچەکەی ئەو لابەن کە نیشانەی لێگرتبوون.

- "شتەکە زۆر سادەیە تا سەرنجی تەواوی ئێوە ڕابکێشم." تیبینگ وای پێگوتن، "خۆ ئەگەر ویستبام ئازارتان پێبگەیەنم، دەمێک بوو ئێوە مردبوون. دوێنێ شەو کە ئێوە هاتنە ماڵەکەم، من سەرچڵیم بە هەموو شتێکەوە کرد تا گیانتان بپارێزم. من پیاوی شەڕەفم و لە قووڵایی ویژدانیشمەوە سوێندم خواردووە، تەنها قوربانی بەو کەسانە بدەم کە ناپاکییان لە سانگریل کردووە."
- "ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟" لانگدن وای لێپرسی. "ناپاکی لە سانگریل؟"
- "من ڕاستییە کوشندەکەم دۆزییەوە،" تیبینگ بە ئاهێکەوە وەڵامی دایەوە. "من تێگەیشتم، بەڵگەنامەکانی سانگریال هەرگیز بۆ جیهان ئاشکرا ناکرێن. پەیم بەوە برد، مریدانی سایۆن بڕیاریان دابوو، هەرچۆنێک بێ ڕاستییەکە ئاشکرا نەکەن. هەربۆیەشە هەزارەکە بەبێ هیچ ڕازدرکانێک تێپەڕی، بۆچی لە هاتنی ڕۆژی دواییدا، هیچ نەقەوما؟"

لانگدن هەناسەیەکی هەڵکێشا و خەریک بوو بەرپەچی قسەکەی بداتەوە.

"دەستەی مریدایەتی،" تیبینگ لەسەر قسەکەی ڕۆیشت، "بەرپرسیاریەتێکی پیرۆزیان لەسەر شان بوو تا ڕاستیەکە ئاشکرا بکەن. تا لە ڕۆژی کۆتایی زەماندا پەردە لەسەر بەڵگەنامەکان هەڵدەنەوە. بۆ چەندین سەدەیە، مێرخاسانی وەک داڤینشی، بۆتیچیللی و نیوتن هەموو شتێکی خۆیان لەسە پاراستنی بەڵگەنامەکان دانا و بەرپرسیاریەتەکەیان بەجێ گەیاند. کەچی هەنووکە، لەو کاتەی ساتی ئاشکراکردنەکەی هات، ژاک سانییێر ڕایەکەی خۆی گۆڕی. ئاخر پیاوەکە شەرەفی گەورەترین بەرپرسیارێتی لە مێژووی کریستیانێتی لەسەر شان بوو، کەچی حاشایی لێکرد. بڕیاریدا کەوا کاتەکەی نەهاتووە." تیبینگ ڕووی بۆ سەر سۆفی وەرگێڕا و گوتی، "ئەو جامەکەی بێ ئومێد کرد. مریدایەتیشی بێ ئومێد کرد، هەروەها یادەوەری ئەو هەموو نەوانەی کە چاوەڕوانی ساتەڕۆژێکی وایان دەکرد، کە دەکرا ببێ، بێومێد کرد."

- "تۆ؟" سۆفی وای بەسەردا قیژاند، ئەمجارەیان دەنگی پڕ لە ڕق و تووڕەیی بوو. "تۆ تاکە بەرپرسیاری کوشتنی باپیرەی منی؟"
- تیبینگیش بە تەوسەوە پێیگوتەوە، "باپیرەی تۆ و سەرکارەکان ناپاکییان لە جامەکە کرد."
- سۆفی هەستی کرد لە ناوەوە دەکوڵێ، پێیگوت. "درۆ دەکەی!"
- تیبینگیش بە دەنگێکی بێ باکانە پێی گوتەوە، "باپیرەت خۆی بە کڵێساکە فرۆشت. دیارە قەناعەتیان پێهێناوە ڕاستیەکە بەتەواوی گۆڕەوشار بکا."
- سۆفی سەری هەژاند. "کڵێساکە دەستی لەسەر باپیرەم نەدەڕۆیی."
- تیبینگ بە ساردییەکەوە پێکەنی، "ئازیزەکەم، کڵێساکە ئەزموونی دوو هەزار ساڵەی لە پاڵەپەستۆ خستنە سەر ئەو کەسانە هەبوو، کە هەڕەشەی ئاشکراکردنی درۆکانی کڵێساکە دەکەن. هەر لە ڕۆژگاری کونستەنیتینی ئیمپراتۆرەوە، کڵێساکە سەرکەوتووانە ڕاستی لەبارەی ماری ماجدەلینا و عیسا شاردۆتەوە. ئێمە سەرسام نابین، گەر هەنووکە ڕێگایەکی دیکەیان دۆزیبێتەوە، تا جیهان هەر لە تاریکییدا بهێڵنەوە. دەکرێ کڵێساکە چیدی هەڵمەتی خاچپەرستانە بۆ لەسەردانی بێباوەڕان نەنێرێ، بەڵام شێوازەکانی هی گاڵتە پێکردن نین، لە کوشتوبڕ کەمتر نین." ئیستێکی بۆکرد، وەک ئەوەی پێ لەسەر گۆشەنیگاکەی دابگرێ. "خاتوو نیڤو، ماوەیەکە باپیرەت ویستوویەتی ڕاستیت لەبارەی خێزانەکەت پێبڵێ."
- سۆفی حەپەسا. "ئاخر ئەوەت چۆن زانی؟"

- "ڕێگاکانم گرنگ نین. شتە گرنگەکە بۆ تۆ ئەوەیە لە ئێستاوە هەناسەی خۆت ڕاگری." بەخۆیشی هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی. "مەرگی دایک و باوک و داپیرەت ڕێکەوتە ڕووداویک نەبوو."

ئەم قسەیەی هەستوسۆزی سۆفی هەژاند. دەمی لێککردەوە تا قسە بکا، بەڵام نەیتوانی. لانگدنیش سەری بادا و گوتی؛ "ئەوە تۆ چی دەڵێی؟"

- "ڕۆبەرت، ئەمە هەموو شتێک ڕوون دەکاتەوە. هەموو پارچەکانی فیت دەچنەوە سەر یەک. مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە. کڵێساکە هەرکاتێک باس لە بێدەنگکردنی سانگریالەوە کرابێ، پێشینەی خەڵک کوشتنی هەبووە. بە نزیکبوونەوەی کۆتایی ڕۆژەکە، کوشتنی نزیکترین کەسەکانی مامۆستای گەورە پەیامێکی ڕوون بوو. 'بێدەنگ بە، دەنا خۆت و سۆفیش بە مەرەدی ئەوان دەچن'."
- "ئاخر شتەکە ڕێکەوتە ڕووداوێکی ترۆمبێل بوووە." سۆفی بە زمان تێکئالاییەوە وای پێگوتەوە. هەستیشی بە سەرهەڵدانەوەی ئازاری تافی منداڵی کرد. "هەر ڕووداوێک بوو."
- - "ئەمە حەکایەتی خەو پێلێکەوتنت بووە بۆ ئەوەی تۆی بێوەی بپارێزێ." تیبینگیش وای پێگوتەوە. "لێکی بدەرەوە، تەنها دوو ئەندامی خانەوادەکە بێ زیان مانەوە، مامۆستای گەورەی مریدایەتی و تاکە نەوەکەی، ئەمەش جووتەیەکی تەواو عەیارە بۆ کڵێساکە تا بیسەلمێنێ جڵەوی دەستەی برایەتی لەبەردەست دایە. من ئەو ترس و تۆقینەی ئەو ساڵانە، کڵێساکە لە دڵی باپیرەتی چەقاندوە، دێنمە پێشچاو، گەفی ئەوەی ئەوان کارەکەیان تەواودەکەن، مەگەر سانییر فشار بخاتە سەر دەستەی مریدایەتی بەوەی بێدەنگ بێ و هەرواش بزاندرێ کە ڕووداوی ترۆمبێلەکە شتێکی ڕێکەوتانە بووە."
- "(لای)،" لانگدن لەگەڵیدا کەوتە بگرەوبەردە و دەنگیشی هەر حەسرەتی لێدەباری؛ "بە دڵنیاییەوە تۆ هیچ بەڵگەیەکت لە تێوەگلانی دەستی کڵێساکە لەڕووداوەکەدا نییە، یان ئەو فشارەی لەسەر دەستەی مریدایەتی نراوە تا بێدەنگ بین."
- "بەڵگە؟" تیبینگ وەڵامی دایەوە، "تۆ بەڵگەی ئەوەت دەوێ ئاخۆ دەستەی مریدان کەوتۆتە ژێر باندۆر؟ ئاخر هەزارەی نوێ هات، کەچی جیهان هەر پەلی لەتاریکایی دەکوتا! ئایا ئەمە بەڵگەی شایستە نییە؟"

لە دەنگدانەوەی وشەکانی تیبینگدا، سۆفی هەستی بە دەنگێکی دی کرد، دەدوا. ***سۆفی، من دەبێ ڕاستی لەبارەی خێزانەکەت پێ بڵێم***. ئیدی هەستی کرد دەلەرزی. تۆبڵێی ئەوە ئەو ڕاستییە بێ

که باپیرەی ویستوویەتی پێی بڵێ؟ کەوا خێزانەکەی کوژراوە؟ ئاخر، هەر بەڕاستی ئەو چی سەبارەت تامپۆنەکەی تڕومبێلەکە و لەدەستدانی ماڵباتەکەی دەزانی؟ تەنها چەند وەسفێکی وردەکاری و بەس. تەنانەت چیرۆکەکانی ڕۆژنامەکانیش تەماوی بوون. ڕووداوێک؟ هەقایەتەکانی خەوپێلێکەوتن؟ سۆفی لەپڕ مشوورخواردنە بێ ئەندازەییەکی باپیرەی بەبیر هاتەوە، ئاخر ئەو زۆر لێی نزیک بوو، لە تافی منداڵیدا و تا بووە کچێکی گەنجیش لێنەدەگەڕا بەتەنیا بمێنێتەوە. تەنانەت کاتێک سۆفی گەورە بوو، گەیشتە زانکۆش، هەستی دەکرد، باپیرەی چاودێری دەکا. ئەو مەراق ما، تۆبڵێی ئەندامانی مریدایەتی لە سەرتاپای ژیانی لە دوورە چاودێریان کردبێ و وەکو سایە بە دوایدا خشا بن.

- "تۆ گومانت لەوە هەیە، کە ئەو دەسخەڕۆ درابێ،" لانگدن بە شێوەیەک کە بڕوای بەقسەکانی تیبینگ نەدەکرد، واسەیری دەکرد، بۆیە گوتی، "ئاوها، کەواتە تۆ کوشتت؟"
- "من پەلاپیتکەی تفەنگم دانەگرت." تیبینگیش وای پێگوتەوە؛ "سانییر چەند ساڵێک پێشتر مردبوو، هەر لەو کاتەی کڵێساکە خێزانەکەی لی تەفروتونا کرد. ئەو سازشی کرد. هەنووکەش لە ژانە بە سوێکەدا ئازاد بووە، لەبن باری شەرمەزارییەکە هاتەدەر کە نەیتوانی ئەرکە پیرۆزەکە بەجێ بگەیەنێ. بارە جێگرەوەکەی لێک بدەرەوە. شتێک دەبێ بکرێ. ئایا جیهان هەروا تا هەتایە لەنەزانییدا بمێنێتەوە؟ ئایا ڕێگا بدرێ کڵێساکە بۆ ئەو هەموو سەدانە کتێبە مێژووییەکان پڕ درۆ و دەلەسە بکا؟ ئایا ڕێگە بە کڵێساکە بدرێ دەستی لە کوشتن و کەڵەگایی ڕەها بێ؟ نەخێر، پێویستە شتێک بکرێ! ئێستاش ئێمە لە بارێکداین، پاشماوەی ئەرکی سانییر ڕاست بکەینەوە و و هەڵەکە لا ببەین." ئیستێکی بۆ کرد، ئینجا؛ "ئێمە هەرسێکمان، بەیەکەوە ، ئەو کارە بکەین."
- سۆفی تا دەهات دەهری تر دەبوو. "باشە تۆ چۆن بڕوا دەکەی ، ئێمە یارمەتیت بدەین؟"
- "ئازیزەکەم، لەبەرئەوەی تۆ هۆکاری شکستی دەستەی مریدایەتی بووی، کە نەیانتوانی بەڵگەکان ئاشکرا بکەن. باپیرەت تۆی زۆر خۆشدەویست و تۆی لە داڕسانەکانی کڵێساکە پاراست. ترسان لەوەی ڕەوشەکە بە دژی تاکە ئەندامە جێماوەکەی ماڵباتەکەی کۆتایی بێ، دەستەکانی بەستنەوە. هەرگیزیش ئەو دەرفەتەی نەبوو ڕاستیەکەت بۆ ڕوون بکاتەوە، چونکە تۆ ڕەتت کردەوە، دەستەکانی ئەوت بەستبوونەوە، وات لێکرد هەر چاوەڕێ بێ. ئێستاش تۆ قەرزباری جیهانی تا ڕاستیەکەیانی بۆ ئاشکرا بکەی. تۆ قەرزباری یادەوەری خودی باپیرەتی تا ئەم کارە بکەی."

ڕۆبەرت لانگدن چیدی توانای بەرگەگرتنی نەمابوو. وێڕای ئەو لێشاوە پرسیارانەی لەمێشکیدا دەخولانەوە، تەنها یەک شتی بەلاوە گرنگ بوو، چۆن سۆفی بە پارێزراوی لەم

کێشمەکێشمەیەدا دەربکا. هەموو ئەو هەستەی خۆبەتاونباریەی پێشتری بەوەی تیبینگی تووشی گۆبەندەکە کردوە، بە هەڵە زانی، لەبری ئەو هەمووی وەرسووڕایە سەر سۆفی.

***ئاخر من ئەوم بردە کۆشکی شاتو ڤیلێێ. لەمەدا من بەرپرسیارم.***

لانگدن ئەوەی بۆ قووت نەدەدرا، لێرە و لەنێو هۆڵی ئەنجوومەندا، تیبینگ بتوانێ بە خوێنساردییەوە ئەوان بکوژێ، لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی بەدڵنیاییەوە دەستی تیبینگ لەمیانەی گەشتە سەرلێشێواویەکەی بەدوای جامە پیرۆزەکەدا بە خوێنی چەندان کەس سوور بووە.

لانگدن هەستێکی نائاسوودەییانەی سەبارەت بەوە هەبوو، گەر هاتبا و لەنێو ئەم هۆڵەدا و لەبەر دەنگی بارانی بە لێزمەی دەرێ، تەقەش بکا، کەس نایبیستێ. ***خۆ (لای) هەر ئێستا دانی بە تاوانەکەی خۆی نا.***

لانگدن چاوێکی لە سۆفی کرد، دیاربوو ئەویش هەژا بوو. ***کڵێساکە خێزانەکەی سۆفی بۆ بێدەنگکردنی دەستەی برایەتی سایۆن کوشتووە***؟ لانگدن بە دڵنیایەوە هەستی بەوەکرد، کە کڵێسای نوێ خەڵک ناکوژێ. هەر دەبێ ڕوونکردنەوەیەکی دیکە بۆ ئەم ڕووداوانە هەبێ.

- "دەی لێگەڕێ با سۆفی بڕوا،" لانگدن وای جاڕدا و ڕووی قسەشی لە تیبینگ کرد. "تۆ و من دەبێ بەتەنیا ئەم پرسە یەکلا بکەینەوە."
- تیبینگ پێکەنینێکی ناسروشتیانەی لێوە هات. "بەداخەوە، من ناتوانم ئەو نمایشەی متمانەت پێشکەش بکەم. هەرچەندە من ئەمەت دەخەمە بەردەست." ئەو بەتەواوی خۆی خستە سەر هەردوو داردەستەکانی، ناپیاوانەش سێرەی دەمانچەکەی لە سۆفی گرتبوو، ئیدی بەردەکلیلەکەی لە بەرکە دەرهێنا. کاتێک بەردەکلیلەکەی بۆ لانگدن ڕاهێشت، هەندێ لالا چوو. "ڕۆبەرت، ئەمەش نیشانەی متمانە."

ڕۆبەرت هەستی بە پەشۆکان کرد و لەشوێنی خۆیشی نەجووڵا. ***(لای)، بەردەکلیلەکەمان دەداتەوە***؟"

- "دەی ، بیگرە،" تیبینگ وای گوت و بە شڵەژاویشەوە شتەکەی بۆ لانگدن ڕاهێشت.
- لانگدنیش تەنها خەیاڵی بۆ یەک شت دەچوو، تیبینگ شتەکەی دەداتەوە. "پێشتر بەردەکلیلەکەت کردۆتەوە. نەخشەکەی نێویشت هێناوەتەدەر."
- تیبینگ سەری بادا. "ڕۆبەرت، خۆ ئەگەر مەتەڵی بەردەکلیلەکەم هەڵهێنابایە، ئەوا بزر دەبووم، هەر خۆم جامەکەم دەدۆزیەوە و ئێوەشم تێوە نەدەگلاند. نەخێر، من وەڵامی مەتەڵەکە نازانم. ئازادانەش پێ لەوە دەنێم، سوارچاکی ڕاستەقینە فێربووە چۆن لەبەردەم جامەکەدا شەرمەزارێتی خۆی بنوێنێ. ئەو فێر بووە گوێڕایەڵی ئەو ئاماژانەی بەردەمی بێ. کاتێک تۆم بینی هاتیە نێو ئەم کڵێسایە، لێتێگەیشتم. تۆ بۆ یەک هۆکار لێرەی. ئەویش یارمەتی پێشکەش بکەی. لێرەدا من بە دوای تاکە دەستکەوتێکدا

ناگەڕێم. من خزمەتی شتێکی گەورەتر لە خودی شانازییم دەکەم، ئەویش ڕاستییەکەیە. مرۆڤایەتی شایتسەی ئەوەیە ڕاستیەکەی بۆ دەرکەوێ. جامەکە ئێمەی دۆزیوەتەوە و ئێستاش لێمان دەپاڕێتەوە ئازادی بکەین. ئێمە دەبێ بەیەکەوە کار بکەین."

سەرباری ئەو تکاو متمانەیەی تیبینگ نیشانی لانگدنی دا و لەکاتێک کە لانگدن هەنگاوێکی لێچووە پێش تا بە داواکەی قایل بێ و بەردەکلیلە مەڕمەڕیەکەی لێوەربگرێ، کەچی ئەو هێشتا لوولەی دەمانچەکەی ئاراستەی سۆفی کردبوو. کاتێکیش لانگدن لوولەکەکەی لێوەرگرت، دەنگی شووشە سرکەکەی ناوی هات، ئیدی لە شوێنی خۆی لانگدن چەند هەنگاوێک کشایەوە دواوە. خەپلەکانی لوولەکە هەر وەک خۆیان بوون، پیتەکانیش هەر بەڕیزە گۆترەکارییەکەیان بوون، ئاخر کریپتیسەکە نەکرا بۆوە.

- لانگدن چاوێکی لە تیبینگ کرد و پێی گوت، "باشە چۆن دەزانی، هەر ئێستا من شتەکە بەزەوی داناندەم و نایشکێنم؟"
- لانگدن پێکەنینێکی سەیری بۆ کرد. "من دەبوا دەرک بەو هەڕەشەیەی نێو کڵێسای پەرستگاکەت بکەم، هەڕەشەیەکی بەتاڵ بوو. ڕۆبەرت لانگدن هەرگیز بەردەکلیلەکە ناشکێنێ. ڕۆبەرت، تۆ مێژوونووسی. تۆ کلیلی مێژوویێکی دووهەزار ساڵەت لەنێو لەپی دەست دایە، کلیلە ونبووەکەی سانگریال. تۆ هەست بە گیانی هەموو ئەوانەی لەپێناویدا لەسەر دار سوتێندران دەکەی کە نهێنییەکەیان پاراست. ئایا تۆ هەموو ئەو شتە بەبا دەدەی؟ نەخێر، تۆ دەیانپارێزی. تۆ دەتەوێ بگەیتە پلەوپایەی پیاوە مەزنەکان، ئەوانەی پێییانەوە کارانگازی، کەسانێکی وەک داڤینشی بۆتیچیللی، نیوتن. هەریەکەیان بەوە شەڕەفمەند دەبوو کە لە پێگەی ئێستای تۆدا بوایە. ناواخنی بەردەکلیلەکە بانگمان دەکا. پەرۆشە ئازاد بکرێ. کاتەکەشێ هاتووە. چارەنووس ئێمەی گەیاندە ئەم چرکەساتە."
- "(لای)، من ناتوانم یارمەتیت بدەم. من هیچ بیرۆکەیەکم نییە تا ئەم شتەی پێ بکەمەوە. من هەر بۆ چەند چرکەیەک سەری گڵکۆی نیوتنم دا. خۆ تەنانەت گەر پاسوۆردەکەش بزانم..." لانگدن وەستا، دەرکی پێکرد، زیاد لە پێویست شتی درکاند.
- "تۆ بە منت نەدەگوت؟" تیبینگ ئاهێکی هەڵکێشا. "ڕۆبەرت، هەم سەرسام و هەم لێت نائومێد بووم. ئاخر تۆ لەبەرانبەر ئەو دەستەی بۆم درێژکردی نمەکحەڕام دەرچووی. خۆ ئەرکی من و ڕیمی زۆر ئاسانتر دەبوو، کاتێ پێتان دەخستە نێو کۆشکی شاتو ڤیلیێ لەناومان بردبان. لێ لەبری ئەوە، من هەموو شتێکم لەسەر ئێوە دانا، ئەمەش ئاراستەیەکی جوامێرانەی وەرگرت."
- "ئایا ئەمە جوامێرییە؟" لانگدن کە چاوی لەسەر لوولەی دەمانچەکەی بوو، وای لێپرسی.

- "هەڵەی سانییر بوو." تیبینگیش وای پێگوتەوە. "ئەو و هەر سێ سەرکارەکان درۆیان لەگەڵ سالیسدا کرد. ئەگەر وانەبا، من بەبێ گێرەوکێشە بەردەکلیلەکەم بەدەست دەهێنا. ئاخر چۆن بزانم مامۆستای مەزنی مریدایەتی تا کۆتایی بەم جۆرە دەڕوا و هەڵمدەخەڵەتێنێ و بەردەکلیلەکە بەلاڕێدا بۆ نەوە خۆدوورگرەکەی جێدێڵێ؟" تیبینگ بە چاوێکی قێزلێبوونەوە سەیری سۆفی کرد و لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو. "کەسێکی ناشایستە ئەم زانیارییە هەڵبگرێ، ئەویش بخوازێ هێماناسێکی تەمبەڵی لەتەکدا بێ." تیبینگ چاوی لە لانگدن کردەوە. "ڕۆبەرت، بۆ خۆشبەختی، تێوەگلانی تۆ لەم ڕەوشەدا بۆ ڕزگارکردنی ئابڕووی من بوو. لەجیاتی ئەوەی بەردەکلیلەکە هەر بە نەکراوەیی بۆ هەمیشە لەنێو گەنجینەی بانکی زیوریخ بۆ کەلوپەلی ڕاسپاردەیی بمێنێتەوە، تۆ هێناتەدەر و یەکسەریش بۆماڵی من هاتی."

***باشە ڕووم لە کێ کردبا***؟ لانگدن لەگژ هزران ڕاچوو. ***جڤاتی مێژوونووسانی جامەکە بچووک بوو، تیبینگ و بەندەش مێژوویێکمان بەیەکەوە هەبوو.***

- ئێستا تیبینگ لەخۆی ڕازی بوو. "کاتێک زانیم سانییر پەیامێکی بۆ بەجێ هێشتووی، بە باشی دەمزانی زانیارییێکی گرانبەهات لەسەر دەستەی مریدایەتی سایۆن هەیە. ئەوسا زانیارییەکە چ لەبارەی خودی بەردەکلیلەکە بێ، یاخود لەبارەی دۆزینەوەی بەردەکلیلەکە بێ، زۆری لێ دڵنیا نەبووم. بەڵام کە پۆلیسیش ڕاوی نای، گومانێکی باشم بۆ پەیدابوو، کە هانا بۆ من دێنی."
- لانگدن چاوی لێ زەق بوون. "باشە ئەگەر وام نەکردبا؟"
- "نەخشەیەکم دادەڕشت، دەستی یارمەتی منت بگاتێ. بە شێوەیەک لە شێوەکان، بەردەکلیلەکە دەهاتە کۆشکی شاتو ڤیلیێ. ڕاستی ئەوەی خۆت بەدەستی خۆت بەردەکلیلەکەت خستە نێو مشتە چاوڕوانەکەم، سەلمێنەری ئەو ئاراستە ڕاستەی ڕەفتاری من بوو."
- "چی!" لانگدن بە ترسێکەوە وای گوت.
- "واداندرابوو سیلاس بەسەر کۆشکەکە دابدا و بەردەکلیلەکەت لێ بدزێ. کەواتە دەرهێنانی تۆ لە کێشەکەدا بێ ئەوەی ئازارت پێبگا و بێ خەتا دەرچواندنی من وەک ئەوەی مووی لە ماستی دەربێنی. کاتێکیش کۆدە ئاڵۆزوبڵۆزەکەی سانییرم بینی، بڕیارمدا بۆ ماوەیەکی زیاتر لەگەڵمدا بمێنیەوە. دەکرا دواتر لە ڕێی سیلاسەوە بەردەکلیلەکەت لێ بدزمەوە، ئەوکاتەی زانیاری تەواوم هەبووایە، تا بەتەنیا ڕەفتاری لەگەڵدا بکەم."
- "کڵێسای پەرستگاکە." سۆفی بوو بە تۆنە دەنگێک کە ناپاکی دەرهەق کرابێ، هاتە دەنگ.

***ڕۆشنایی خەریکە پەیدا بێ.*** لانگدن وای بیرکردەوە. ئاخر کڵێسای پەرستگاکە لەبارترین شوێن بوو بەردەکلیلەکە لە ڕۆبەرت و سۆفی بدزرێ، پەیوەندی شوێنەکەش بە شیعرەکەوە داوێک بوو بۆیان داندرابووەوە. فەرمانەکان بۆ ڕیمی ڕون و ئاشکرا بوون، لەو کاتەی سیلاس هەوڵی بەدەستهێنانەوەی بەردەکلیلەکە دەدا، خۆی لەبەرچاوان بە دوور بگرێ. بەڵام بۆ بەدبەختی، گەفی لانگدن بەوەی بەردەکلیلەکە بە ناوکەوی پەرستگاکە دادەدا و دەیشکێنێ، وای لە ڕیمی کرد بتۆقێ. ***خۆ ئەگەر ڕیمی خۆی دەرنەخستبا***، تیبینگ بەسرتەوە وای بیرکردەوە، ڕفاندنە گاڵتەجاڕییەکەی خۆی بیرکەوتەوە، ***ڕیمی تاکە پەیوەندی گرێدراوی من بوو، ئەویش ڕووخساری خۆی نیشان دا!***

بۆ خۆشبەختیش، سیلاس بەلەخشتەبردنەکەی نەزانی، ناسانامەی ڕاستەقینەی تیبینگی نەدەزانی، ئیدی بە ئاسانی لەنێو پەرستگاکە سەیری کرد، چۆن ڕیمی بەبارمتە گرتی و کۆتوبەندی کرد و فڕێی دایە پشتی لیموزینەکە، ئەوکاتەش ڕیمی دەلاقەکەی لەسەر داخست، تیبینگ بە ئەکسێنتە فەرەنسییەکەی لە شوێنی خۆیەوە زەنگی بۆ سیلاس لێدا و پێی گوت، ڕاستەوخۆ بچێتە بنکەی ئۆپیوس دای. دوای ئەوەش زەنگلێدانێکی نەناسراو بۆ پۆلیس بەس بوو بۆ ئەوەی سیلاس لەسەر شانۆی ڕووداوەکە بسڕێتەوە.

***ئەمەیان بە ئاسانی لە کۆڵ بووەوە.***

ئەویدیکەیان، ڕیمی هەندێ بە زەحمەت لەکۆڵ بووەوە.

بۆ بڕیاردان لەسەر ئەمەیان، تیبینگ گیرۆدەی بڕیارێکی کوشندە بوو، بە قووڵی بیری لێکردەوە، بەڵام خۆ ڕیمی ناکارامەیی خۆی سەلماند. چارەسەرە بێ پەرێزەکە لەنێو سندووقی بارەکەی لیمۆزینەکەدا بوو. لەوێدا شووشەیەک، هەندێ کۆنیاک و قووتوە بەستەیەک هەبوو. ئەو تۆزەی لەبنی قووتووەکەدا بوو، لەوە زۆرتر بوو کە حەساسییە کوشندەکەی ڕیمی دژوار بکا. کاتێکیش ڕیمی ترومبێلەکەی لە پێشانگای نمایشی سوارەکاندا ڕاگرت، تیبینگ لە پشتی ترومبێلەکە هاتەدەر، چووە سەر کورسی سەکنەکە لە تەنیشت ڕیمی دانیشت. چەند خولەکێک دواتر، تیبینگ لە ترومبێلەکە هاتە دەر، دیسان چووە پشتەوە، بەڵگەکانی سڕینەوە، ئینجا لەکۆتاییدا بۆ دوا قۆناغی ئەرکەکەی دەستبەکار بوو.

کڵێسای وێستمینستەر هەر هەندێک لە شوێن ڕاگرتنی ترومبێلەکەوە دوور بوو. بەپێ هەندێ ڕۆیشت. ئەو ئاسنە گیرانەی لە قاچی و داردەست و دەمانچەکەی، لەکاتی تێپەڕین بەناو کابینەی پشکنینی مادە ئاسنینەکاندا، زەنگی لێدا. چاودێرەکانیش نەیانزانی چی بکەن. ***ئایا داوای لێبکەن ڕاگرە ئاسنینەکانی قاچی دابکەنێ و لەسەر پێ بەناو دەزگاکەدا بخشێ؟ یاخود جەستە کەم ئەندامییەکەی بپشکنن***؟ لێ تیبینگ چارەسەرێکی باشتری دایە پاسەوانەکان، ناسنامەکەی

خۆی دەرهێنا، کە بە خەتێکی درشت سوارچاکی ئەم هەرێمەی لەسەر نووسرابوو. ئیدی پاسەوانە بەستەزمانەکان ڕێزێکی زۆریان لێگرت و بە شکۆوە بۆ ژوور بەڕێیان کرد.

ئێستاش تیبینگ سەیری لانگدن و نیڤوی حەپەساوی کرد، بەرگەی ئەو خواستەی خۆی کرد، کە هەرچی لەبارەی ئۆپیوس دایە، چۆن توانی لەخشتەیان ببا، بەم جۆرە سەرتاپای کڵێسا بخاتە گێژاوی لەناوچوونەوە، باس بکا. بەڵام دەبێ جارێ لەسەر ئەمە بوەستێ. ئاخر هەر ئێستا کاری دیکەی ماوە ئەنجامی بدا.
_ "برادەرە خۆشەویستیەکانم" تیبینگ بە فەرەنسییێکی بێگرێوگۆڵ پێی گوتن، "ئێوە جامە پیرۆزەکە نادۆزنەوە، بەڵکو جامەکە ئێوە دەدۆزێتەوە." خەندەیەکشی بۆکردن. "ڕێگەی هاوبەشی ئێمە لەوە ڕوونتر نابێ. جامەکە ئێمەی دۆزیەوە."
بێدەنگی.

- ئەمجارەیان بە سرتەیەوە قسەی لەگەڵ کردن. "گوێ بگرن. ئەرێ ئێوە دەبیستن؟ جامەکە بەنێو ئەو هەموو سەدانەدا قسەمان بۆ دەکا. لێمان دەپاڕێتەوە لە گەمژایەتی مریداتی سایۆن ئازادی بکەین. داوا لە هەردووکتان دەکەم ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە. ئاخر ئەستەمە سێ کەسی لە ئێمە بەتواناتر بۆ کردنەوەی ئەم کریپتیسە کۆ ببنەوە." تیبینگ ئیستێکی بۆ کرد، چاوەکانیشی دەگەشانەوە. "ئێمە پێویستمان بەوەیە بەیەکەوە سوێند بخۆین. سوێندی متمانە و بڕوا بەیەکبوون بخۆین. هاوپەیمانییێکی سوارچاکانە بۆ ئەوەی پەردە لەسەر ڕاستیەکە هەڵبدەینەوە."
- سۆفی بە تیژی سەیری نێو چاوەکانی تیبینگی کرد و بە تۆنەدەنگێکی گردەبڕانەوە پێیگوت، "من هەرگیز سوێند لەگەڵ بکوژی باپیرەم ناخۆم. تەنها ئەو سوێندە دەخۆم، کە لە کونجی زینداندا بتبینم."
- دڵی تیبینگ دارِما، پاشان لێبڕوانە گوتی، "خاتوون، بەداخم بۆ هەستت کە بەم جۆرەیە." ئینجا ڕووی لە لانگدن گرت و سێرەی دەمانچەکەی تێگرت. "ڕۆبەرت، ئەدی تۆ؟ ئایا تۆ لەگەڵمی یاخود دژمی؟"

## بەندی ١٠٠

جەستەی مەتران مانوێل ئارینگارۆسا بەرگەی زۆر جۆرە ئێش و ئازاری گرتبوو، کەچی ئازاری ئەو گوللەیەی سینگی سمی بوو، ئازارێکی قووڵ و نامۆ بوو. برینێکی قووڵ و بەسوێ. ئەویش وەنەبێ برینی گۆشتی جەستە بێ... بەڵکو برینێکی نزیک لە گیان.

مەترانەکە چاوەکانی کردنەوە، هەوڵیدا شت ببینێ، لێ ئەو دڵۆپەبارانە کەوتبوونە سەر ڕووخساری، بینایی لێڵ کردبوو. ***ئەوە من لە کوێم؟*** هەستیکرد باسکێکی بەهێز هەڵی گرتووە، جەستە لەڕولاوازەکەی وەک ئەوەی مافوورێکی لوولدراو وابوو، دامەنی عەبا کەشیشییەکەی هەر دەشەکایەوە.

دەستی چەپەی بە زەحمەتییێکەوە بەرز کردەوە، چاوەکانی سڕینەوە، بینی ئەو پیاوەی هەڵیگرتووە سیلاسە. ئەو بەڵەکە کەتەیە بەو ڕۆژە تەماوییەدا بە لاکۆڵانێکدا دەڕوا و هەر هاواری تیمارخانە دەکا، دەنگ و هاواراکەی کزە لەجەرگ وەدێنێ. چاوە سوورەکانی لەبەر فرێمسک بزڕکا بوو، ڕەنگی وەک ڕەنگی خوێن سوور هەڵگەڕابوو.

- "کوڕەکەم،" ئارینگارۆسا چرپەئاسا پی گوت، "ئازارت پێگەیشتووە."
- سیلاس چاوی لێکرد، ڕووخسارەکەی ترس و بیم بوو. "باوکە، من زۆر زۆر بەداخم." پێدەچوو ئەوەندە ئازاری هەبێ، نەتوانێ بدوێ.
- "سیلاس، نەخێر،" ئارینگارۆسا وەڵامی دایەوە، "ئەوە هەر منم داوای لێبوردم دەکەم. ئەمە هەڵەی من بوو."

***مامۆستاکە سۆزی دابوومێ کەس نەکوژێ، منیش پێمگوتی بە تەواوی گوێڕایەڵی بی.*** "من زۆر پەرۆش بووم. زۆر ترسام. تۆ و من هەڵخەڵەتێندراین." ***مامۆستاکە هەرگیز جامە پیرۆزەکەی ڕادەست نەدەکردین.***

ئارینگارۆسا کە لەبن دەستی ئەو پیاوەدا بوو، یادەوەری بۆ سەردەمێکی کۆنتر گەڕایەوە. گەڕایەوە ڕۆژگاری ئیسپانیا. لەوێ بەشێوەیەکی سادە دەستیان پێکرد، کڵێسایەکی کاسۆلیکی بچکۆلانەیان لە ئۆڤیدۆدا لەگەڵ سیلاسدا ڕۆنا. پاشان لە نیویۆرک ستیدا جاڕی دەستکەوت و شکۆمەندی خودایان بە دروستکردنی تاوەری بنکەی ئۆپیوس دای لە گەڕەکی لێکسینگتن دا.

پێنج مانگ لەمەوبەر، ئارینگارۆسا هەواڵی دژواری پێگەیشت. سەرتاپای کارنامەی لەمەترسیدا بوو. ئەو بەوردەکارییەوە، ئەو کۆبوونەوەیەی لە کۆشکی گاندۆلفۆ کە ڕەوتی ژیانی گۆڕی، بیری هاتەوە... ئەو هەواڵەی هەموو ئەو کوێرەوەرییەی لێکەوتەوە.

ئارینگارۆسا لە هۆڵی کتێبخانەی فەلەکناسی گاندالفۆ سەربەرزانە لێچووە ژوور، بە چاوەڕوانییێکی تەواوە بەوەی هەمووان دێنە پێشوازی و دەستی تۆقەی بۆ درێژ دەکەن، ئاخر هەموویان پەرۆشی کارە سەرکەوتووانەکەی ئەو بوون، کە لە ئەمریکادا نوێنەرایەتی دەکردن.

بەڵام خۆ هەر سێ کەس لە شوێنی کۆبوونەوەکە ئامادە بوون.

سکرتێری ڤاتیکان. کابرایەکی قەڵەو، سەرڕەق.

دوو کاردینالی ئیتالییای پلەبەرز. دوو ڕیاکاری لەخۆڕازی.

- "جەنابی سکرتێر؟" ئارینگارۆسا مەتەڵئاسا وای پێگوت.
- سەرپەرشتیارە خڕوپڕەکەی ئەودیو زێیەکان، دەستی ئارینگارۆسای گوشی و ئاماژەی بۆ سەر کورسی بەرامبەرەکەی کرد. "فەرموو، لەوێ بە ئاسوودەیی دانیشە."

ئارینگارۆسا هەستیکرد شتێکی شاش لە ئاردا هەیە.

- "جەنابی مەتران، من لە قسەی کورتبڕ و بێ واتا لەبلەبان نیم." سکرتێرەکە بوو وای پێگوت. "بۆیە ڕێگام بدە، ڕاستەوخۆ سەبارەت بە هۆکاری سەردانکردنەکەت بدوێم."

- "تکایە بە کراوەیی بدوێ." ئارینگارۆساش بە دەم گوتنی ئەم وشانەوە سەیری هەردوو کاردینالەکانی کرد، دیاردبوو هەردووکیان بەگوێرەی چاوەڕوانییەکانیان هەڵیان دەسەنگاند.

- "هەر وەک خۆت باش دەیزانی،" سکرتێرەکە گوتی، "جەنابی پاپای پیرۆز و ئەوانی دیکە لە ڕۆما لەم دواییانەدا سەبارەت بە کورتهێنیە سیاسییەکانی ئۆپیوس دای، کە لێکەوتەی پڕمشتومڕی هێناکایە، نیگەران بوون."

ئارینگارۆسا دەستبەجێ بەم قسانە ڕێک هەڵهات. ئاخر ئەو پێشتر لە چەند بۆنەیەکەوە لەگەڵ پاپای نوێ تێکگیر بوون، بەگوێرەی ئارینگارۆسا، پاپای نوێ زۆر لایەنگری دەنگی بەجۆشوخرۆشی گۆڕانی لیبرالیانەی نێو کڵێساکە بوو.

- "من دەمەوێ دڵنیات بکەمەوە،" هەر زوو سکرتێرەکە لەسەر قسەکەی خۆی بەردەوام بوو، "لەوەی کورسی پیرۆز بە نیاز نییە، هیچ گۆڕانکارییێک لە ڕەوتی بەڕێوەبردنی کڵێساکەی تۆدا بێنێتە کایە."

- ***منیش خواخوامە وا نەکا***! "کەواتە بۆچی بانگ کراوم؟"

- کابرا زل و کەتەکە ئاهێکی هەڵکێشا. "مەتران، من نازانم چۆن نەرمونیانتر ئەو شتەت پێبڵێم، هەرچۆنێک بێ ڕاستەوخۆ پێتی ڕادەگەیەنم. دوو ڕۆژ لەمەوبەر، ئەنجوومەنی سکرتارەیەت بە کۆدەنگی دەنگیان لەسەر هەڵگرتنی پەسندنامەی ڤاتیکان بۆ ئۆپیوس دای دا."

- ئارینگارۆسا خاترجەم بوو شتەکەی بە ناڕێکی گوێ لێبوو. "داوای لێبووردنت لێدەکەم؟"

- "سادە و ڕوون، لە ئێستاوە، تا شەش مانگی دیکە، ئۆپیوس دای چیدی وا داندرێ کە سەر بە ڤاتیکان بێ. دەکرێ ئێوە کڵێسایەکی سەربەخۆ بن. کورسی پیرۆز دەیەوێ پەیوەندی خۆی بە ئێوە بپچڕێنێ. کورسی پیرۆز ئەم شتەی پەسەند کردووە، ئێستا ئێمە لەو بارەوە خەریکی ئامادەکردنی کاغەزی قانونین."

- "بەڵام ... ئەمە نەکردەیە!"

- "بە پێچەوانەوە، ئەمە زۆر ڕێتێچووە. هەروەها زۆر پێویستیشە. جەنابی پیرۆزی ناڕەحەتە لە سیاسەتی هێنانەڕیزی پرئاشوبەکەی ئێوە بۆ خۆئازاردان." کابرا ئیستێکی کرد، ئینجا تێهەڵچۆوە، "هەروەها سیاسەتی ئێوە لەبەرانبەر ژنان ناجۆرە. زۆر ڕاشکاوانە، ئۆپیوس دای بۆتە بار و مایەی هەراسانی."

- ئارینگارۆسا لە جێی خۆی سڕ بوو. "مایەی هەراسانی؟"

- "بەدڵنیاییەوە، خۆ نابێ پێت سەیر بێ، کە ئۆپیوس دای وای لێهاتووە."

- "ئاخر ئۆپیوس دای تاکە ڕێکخراوێکی کاسۆلیکییە ژمارەی هەوادارنی زیاد کردبێ! ئێمە ئێستا زیاتر لە هەزار و سەد کەشیشین!"

- "ڕاستە. ئەمەش ماکی گرفتەکانە بۆ ئێمە."

- ئارینگارۆسا هەڵسایە سەر پێ. "دەی بە جەنابی پاپای پیرۆز بڵێ ئەگەر ئۆپیوس دای مایەی هەراسانی بێ لە ١٩٨٢دا یارمەتی بانکی ڤاتیکانی دەدا!"

- "ڤاتیکان هەمیشە بۆ ئەمە سوپاسگوزارە." سکرتێرەکە وای پێگوتەوە، دەنگەکەشی ئاماژەیەکی چاککردنەوەی پێوە دیاربوو. "هێشتاش کەسانێک بڕوایان وایە، بەخشندەییە داراییەکەتان لە ١٩٨٢دا تاکە هۆکار بوو، کە کڵێساکەتان ببێتە پلەی یەکەم."

- "ئەمە ڕاست نییە!" ئەم ئاماژەیە لە ناخەوە ئارینگارۆسای بریندار کرد.

- "هەرچۆنێک بێ، ئێمە نەخشەمان وایە بە بڕواوە هەنگاو هەڵێنین. ئێمە بەنیازین بەچەند قیستێک ئەو پارەیەشتان بدەینەوە. دەکرێ ئەم بڕە پارەیە بە پێنج جار بدرێتەوە."

- "ئەوە تۆ دەتەوێ بمکڕی؟" ئارینگارۆسا وای لێپرسی. "پارەم دەدەیێ تا بێدەنگ بم؟ لەوکاتەی کە ئۆپیوس دای تاکە دەنگی ئاوەزە ماوەتەوە!"

- ئارینگارۆسا خۆی بەسەر مێزەکە دادابوو، لەسەر ئەم خاڵە دەنگی خۆی تیژتر کرد. "ئایا ئێوە بەڕاستی مەراقن بزانن بۆچی کاسۆلیکییەکان لە کڵێسا دوور دەکەونەوە؟ کاردینال، سەیرێکی دەوروبەری خۆتان بکەن. خەڵکی هیچ ڕێزێکی ئێوەی لەلا نەماوە. ئەو بڕوا تۆکمەیەی جاران نەما. ڕێبازەکە بۆتە خوانێکی کراوە، هەندێ دەستپێوەگرتن، داننان بەخەتا، هەندێ هاموشۆ، بیسمیلکردن(تەعمید)، ئاخر لەوە زیاتر چیدیکەتان پێشکەش خەڵکی کردووە. ئەرێ ئێوە چ ڕێنوێنییێکی ڕۆحیتان نیشانی شوێنکەوتووان داوە؟"

- "قانوننامەی سەدەی سێیەم،" کاردینالی دووهەم وا هاتە قسە. "ناکرێ ئەو جۆرە ڕێسا و قانوونانە بەسەر شوێنکەوتووە کریستیانە هاوچەرخەکاندا بسەپێندرێ. ئێستا ئەو ڕێسایانە بۆ کۆمەڵگەی هاوچەرخمان دەست نادەن."

- "بەڵێ، دیارە ئەو ڕێسایانە بۆ ئۆپیوس دای دەست دەدەن!"

- "مەتران ئارینگارۆسا،" سکرتێرەکە بە قسە هاتەوە، ئەمجارەیان بە دەنگێکی لێبڕوانەوە گوتی، "بۆ ڕێزلێنان لە پەیوەندی نێوان ئۆپیوس دای و و پاپای پێشووی ڤاتیکان، کورسی پیرۆز شەش مانگ مۆڵەتی پێداون، تا خۆبەخشانە خۆتان لە ڕیزەکانی ڤاتیکاندا بکشێننەوە. پێمباشە تۆ جیاوازییەکانت لەگەڵ پاپای نوێوە بەلاوە بنێی، خۆت وەک ڕێکخراوێکی کریستیانی بچەسپێنی."

- "من ئەمە ڕەت دەکەمەوە!" ئارینگارۆسا وای ڕاگەیاند. "ئەم شتە لەگەڵ خودی کەسایەتی پاپا باس دەکەم!"

- "بەداخم، پاپای پیرۆز نایەوێ چیدیکە بتان بینێ."

- ئارینگارۆزا هەڵسا. "ئەو ناوێرێ پەیوەندی کڵێسایەک کە پاپای پێشوو دایڕشتووە، هەڵوەشێنێ!"

- "بەداخەوە،" سکرتێرەکە وای پێگوت و چاوەکانی نەنووقاندن. "خواوەند دەیدا و هەر خواوەندیش وەریدەگرێتەوە."

ئارینگارۆسا لەو کۆبوونەوەیەدا بە حەسرەت و حەپەسانەوە هەڵسا و ڕۆیشت. گەڕایەوە نیویۆرک، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بە نائومێدییەوە لە پەنجەرەکانەوە بۆ پاشەڕۆژی کریستیانێتی دەیڕوانی.

چەند هەفتەیەک دوای ئەوە، زەنگێکی بۆهات، ڕەوشی هەموو شتێکی گۆڕی. زەنگلێدەرەکە بە فەرەنسی دوا و خۆی وەک مامۆستایەکە ناساند. ئەو نازناوەش لەنێو کلێساکانەدا شتێکی باو بوو. مامۆستاکە پێی گوت، بە نەخشەی خۆکێشانەوەی ڤاتیکان لە ڕێکخراوی ئۆپیوس دای زانیوە.

***باشە چۆن توانیوێتی بزانێ***؟ ئارینگارۆزا لە مەراقدا مایەوە. هیوای وابوو هەر تەنها بەقەد ژمارەی لەپی دەستێک لە پیاوە باڵادەستەکانی نێو ڤاتیکاندا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندییە بزانن. پێدەچێ قسەکە دزەی کردبێ. هەر کاتێکیش قسە بووە بەندوباو، ئەوا هیچ دیوارێکی ڤاتیکان ڕێگەی ئەوەی پێناگیرێ کە بەنێو جیهاندا بڵاو نەبێتەوە.

- "جەنابی مەتران، من گوێم لە هەموو شوێنێک هەن،" مامۆستاکە بە سرتەیەکەوە لە تەلەفۆن وای بە ئارینگارۆسا گوت. "هەر بەو گوێیانەش زانیاری بڕواپێکراوم هەیە. بە یارمەتی تۆ، دەتوانم حەشارگەی پاشماوە پیرۆزەکە هەڵبدەمەوە، کە هێزێکی بێئەندازەت دەداتێ... هێزێک بایی ئەوەندە بێ خودی ڤاتیکان لەبەردەمتدا بچەمێتەوە. هێزێک بایی ئەوە بێ باوەڕی پێ ڕزگار بکەی." ئەو ئیستێکی کرد، ئینجا تێهەڵچۆوە، "ئەوەش وەنەبێ هەر بۆ ئۆپیوس دای بێ، بەڵکو بۆ هەمووومان."

***خواوەند دەیدا... و هەر خواوەندیش دەیباتەوە***. ئارینگارۆسا هەستی بە تیشکێکی درەوشاوەی هیوا کرد. "دەی نەخشەکەتم پێ بڵێ."

کاتێک ئارینگارۆزا لە دەرگەی نەخۆشخانەی سێینت ماری بردرایە ژوور، بێهۆش کەوتبوو. سیلاس بەپەلەپڕوزێ و بەشەکەتی لێوەژوور کەوت. خوێنیش لە ئەژنۆی دەڕژایە سەر کاشی ناوکەوەکە، هاواری فریادڕەسی بۆ دەکرد. هەمووان، ئەوانەی لە پرسگەی نەخۆشخانەکە بوون، کە ئەو زەلامە بەڵەکە نیوە ڕووتەیان بینی قەشەیەکی پێیە خوێنی لێدەچۆڕێ، حەپەسان و مەراق مان.

پزیشکەکە یارمەتی سیلاسی دا، تا ئەو قەشەیەی وڕێنەی دەکرد بخاتە سەر چوارپایەک و فشاری لێدانی دڵی لە مەچەکی پشکنی. "ئەو خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتووە. زۆر لێی بەهیوا نیم."

چاوەکانی ئارینگارۆساش کرانەوە، بۆ ساتێک بەخەبەر هاتەوە، سەیری سیلاسی کرد. "ڕۆڵەکەم..."

- گیانی سیلاس لە تووڕەی و داخان پڕ ببوو. "باوکە، خۆ ئەگەر هەموو ژیانیشی بۆ تەرخان بکەن، هەر بەدوایی ئەو کەسەدا دەگەڕێم کە لەخشتەی بردین و دەیکوژم."
- ئارینگارۆسا سەری بادا، لەو کاتەی ئامادەبوون لەوێ بیگوازنەوە، ڕووخساری خەمگین دیاربوو. "سیلاس... خۆ ئەگەر هیچ شتێکم لێ فێرنەبووبی، تکایە... ئەمە فێر بە." ئەو دەستی سیلاسی گرت و گوشی. ئینجا گوتی، "لێبوردن مەزنترین دیاری خواوەندە."
- "بەڵام باوکە..."
- ئارینگارۆزا چاوەکانی داخستن. "سیلاس دەبێ نوێژ بکەی."

## بەندی ١٠١

ڕۆبەرت لانگدن لە ژووره چۆڵەکەی ئەنجوومەندا و لەبن گومبەزە قەبەکەدا وەستابوو، چاوی لە سێرەی دەمانچەی تیبینگ کردبوو.

***ڕۆبەرت ، ئەری تۆ لەگەڵ منی یان لە دژمی؟*** وشەکانی مێژووناسە پاشایەکەی بەریتانی لەو بێدەنگیەدا لە گوێی لانگدندا دەزرینگانەوە.

لانگدن زانی وەڵامێکی گونجاوی بۆ نەبوو. ئەگەر وەڵامەکەی بە بەڵێ بووایە ئەوا سۆفی دەفرۆشت. ئەگەر بەرسڤەکەی نەخێریش بوایە، تیبینگ هیچ دەرەتانی بۆ نەدەمایەوە، هەردووکیانی لە جێدا سارد دەکردنەوە.

ساڵانی پۆل و هۆڵەکانی وانەگوتنەوە وای لە لانگدن نەکردبوو بە کەشێکی هەڕەشەی ژێر چەک بەڵەد بێ و وەڵامێکی یەکلاکەرەوە بداتەوە، بەڵام لە پۆلدا شتێک لەبارەی وەڵامە دژبەرەکان فێر ببوو. ***کاتێکیش پرسیارێک، وەڵامێکی دروستی نەبێ، ئەوا تەنها یەک وەڵامی ڕاستگۆیانەی هەیە.***

ئەویش ئەو ناوچە خۆڵەمێشیەی نێوان بەڵێ و نەخێرە.

***بێدەنگی.***

لانگدن بە نزبوونەوە لەو کریپتیسەی لەنێو لەپی دابوو، چەند هەنگاوێک بۆ دواوە کشایەوە، لە ژوورەکە قەبەکە هاتەدەر و چووە شوێنێکی چۆڵ. ***ناوچەیەکی بێلایەن.*** خواخوای بوو تیشکۆخستنە سەر کریپتیسەکە ئاماژەیەک بێ بۆ تیبینگ، دەکرێ هاوکاریکردن ئەگەرێک بێ، ئەو بێدەنگییەش ئاماژەیەک بوو بۆ سۆفی کە دەستبەرداری نەبووە.

***هەمووی بۆ ئەوەیە، بۆ ماوەیەک کات بەدەست بێنێ.***

لانگدن گومانی بۆ ئەوە چوو، کردەی بیرکردنەوەکە، کتومت ئەو شتە بێ تیبینگ لێیخواستبێ. ***هەر لەبەر ئەوەشە کریپتیسەکەی ڕادەست کردم. کەواتە هەست بە قورسایی بڕیادانەکەم دەکەم.*** مێژوونووسە بەریتانییەکە هیوای وابوو دەستلێدان لە کریپیسی مامۆستا مەزنەکەی دەستەی مریدایەتی وا لە لانگدن بکا، بە تەواوی بەرەو ناواخنەکەی ڕابکێشێ، ختووکەی تاسەمەندی ئەکادیمیبوونەکەی بدا تا باوەش بۆ هەمووی بکاتەوە، ناچاری ئەوەی بکا، دەسەتەوەستان لە هەمبەر کردنەوەی مەتەڵی بەردەکلیلەکە واتای لەدەستدانی خودی مێژوو بێ بۆی.

بەدیتنی دیمەنی سێرەگرتنی تیبینگ لە سۆفی، لانگدن لەوە ترسا دۆزینەوەی پاسوۆردە سەختەکەی کریپتیسەکە، تاکە هیوایەک بێ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئازادی سۆفیدا بیگۆڕێتەوە. **خۆ *ئەگەر نەخشەکەم لەنێو دەرهێنا، ئەوا تیبینگ دانوستانم لەگەڵدا دەکا*.** ئیدی مێشکی خۆی گوشی، بەڵکو ئەو ئەرکە دژوارەی ڕاپی بکا، بەم جۆرە لانگدن بە هێواشی بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشت... مێشکی خۆی بە خەیاڵی ئەو ژمارە لەئەندازەبەدەرەی ئەستێرەکانی سەر گلکۆی نیوتن خەریک کرد.

***تۆ بەدوای تۆپێکدا دەگەڕێی کە دەکرێ لەسەر گۆڕێک بێ***

***ئەویش چیرۆکی گۆشتی گوڵەڕەز و منداڵدانی ئاوس بگێڕێتەوە.***

لانگدن پشتی لەوان کرد و بەرەو پەنجەرە بەرزەکە ڕۆیشت، بەڵکو سروشێک لە جامە پەڵەدارە مۆزایکەکەی وەربگرێ. بەڵام هیچ نەبوو.

***دەی خۆت بخەرە نێو مێشکی سانییر***، ئەو وای لەخۆی کرد، نیگای چاویشی بڕیە دوور، بڕیە سەر باخچەکەی کۆلیژ. **باشە تۆبڵێی بڕوای ئەو سەبارەت بە تۆپەکەی سەر گلکۆی نیوتن چی بێ؟** خەیاڵی ئەستێرەکان، ئەستێرە کلکدارەکان و هەسارەکان لەبن بارانەکە دەدرەوەشانەوە، بەڵام لانگدن پشتگوێی خستن. ئاخر سانییر پیاوی زانست نەبوو. ئەو پیاوی مرۆڤایەتی بوو، پیاوی هونەر، پیاوی مێژوو بوو. ***مێینەی پیرۆز... بادەکە... گوڵەڕەزەکە... ماریا ماجدەلینای دوورخراوە... فەوتانی خواوەندە مێینەکان... جامە پیرۆزەکە.***

ئەفسانە هەمیشە جامەکەی بە دۆست[277]ێکی دڵڕەق وێنا دەکرا، کە لە تارماییدا سەمای دەکرد، لەبن گوێیدا دەیچرپاند، تۆی هەنگاوێکی دیکە بۆ خۆی کێش دەکرد و دەستخەرۆی دەدا، پاشان لەنێو تەمومژدا ون دەبوو.

لە دەرەوە دارودرەختی باخچەی کۆلیژ هەدادانیان نەمابوو، لانگدن هەستی بە ڕۆڵی ئەوان کرد. ئاخر گۆرانی لەهەموو لایەکەوە هەبوو. وەک ئەوەی خەیاڵ لەنێو تەمەوە بۆی پەیدا بێ، لقوپۆپی کۆنترین دارسێوی بەریتانی بە خونچەی پێنج پەلکەوە، هەموویان وەک ڤینۆس دەبریسکانەوە. ئاخر خوای مێینە هەنووکە لەنێو باخەکەدا بوو. ئەو لەبن باراندا سەمای دەکرد، گۆرانی سەردەمەکانی دەچڕی، لەپەنا گەڵای لقوپۆپەکانی درەختەکانەوە دەهات، وەک ئەوەی داری زانیاری بەبیر لانگدن بێنێتەوە، کە بەرەکەی پێگەیشتووە، بەڵام دەستی ناگاتێ.

---

[277] لێرە مەبەست لە دۆست عەشیقەیە.

بەنێو ژوورەکەدا، تیبینگ بە متمانەوە سەیری لانگدنی دەکرد، ئەویش بەدەوری خۆیەوە لە دەروەوەی پەنجەرەی دەڕوانی وەک ئەوەی کەوتبێتە بن باندۆرە تەلیسماوییەکەی.

***کتومت هەروەک هیوام دەخواست***، تیبینگ وا لەگژ هزران ڕاچوو. ***ئەو وا دێتەوە سەرخۆی.***

بۆ ماوەیەک تیبینگ بە گومان بوو، بەڵکو لانگدن کلیلی جامەکەی پێ بێ. ئاخر خۆ گۆترە نەبوو، لەو کاتەی وادە دیداری لانگدن لەگەڵ سانییێردا داندرا، تیبینگ دەستی بە جێبەجێکردنی نەخشەکەی کرد. بە گوێگرتن لە سەرپەرشتیارەکە، تێگەیشت پیاوەکە بۆ دیدارە تایبەتییەکەی لانگدن زۆر پەرۆشە، ئەمەش دەکرا هەر واتای یەک شت بگەیەنێ. ***ئاخر دەستنووسەکە تەلیسماوییەکەی لانگدن دەمارە هەستیارەکانی دەستەی مریدایەتی بزواندبوو. لانگدن بەدەست ڕاستییەکەوە گیرۆدە ببوو، سانییێریش لە ئاشکراکردنی دەترسا.*** تیبینگ لەوە خاترجەم بوو، سانییێر بۆیە بانگی لانگدنی کردوە، تا بێدەنگی بکا.

***ڕاستییەکە بۆ ماوەیەکی درێژە بێدەنگ کراوە.***

تیبینگ دەیزانی دەبێ خێرا دەستوبرد بکا. پەلامارەکەی سیلاس دوو کێشەکەی بەیەک بەرد دەکوشت. لەسەرێکەوە لەوەدا سەردەکەوت، کە ڕێ لە سانییێر بگرێ، تا لانگدن بێدەنگ بکا، هەروەها دڵنیاش ببێتەوە لەوەی بەردە کلیلەکە بکەوێتە دەستی تیبینگ، ئاخر لانگدن لە پاریسە و دەکرێ تیبینگ پێویستی پێ بێ و بە شێوەیەک لە شێوەکان بانگی بکا.

ڕێکخستنی دیدارێکی کوشندە لەنێوان سانییێر و سیلاس شتێکی ئاسان بوو. ***ئاخر من زانیاری زۆرم لەبارەی ترسەکەی سانییێر بەدەست هێناوە.*** دوێنێ ئێوارە سیلاس وەک قەشەیەکی شڵەژاو زەنگێکی بۆ سانییێر لێدا. "بەڕێز جەنابی سانییێر، گەردنم ئازا کە، هەر دەبوایە دەمودەست زەنگم بۆ لێدابای. من نەدەبوایە هەرگیز شکۆ و ڕێزی داناپێدانانەکانم بشکاندبایە، بەڵام لەم بارەدا، هەستێکی وام لاپەدابوو، دەبێ وا بکەم. هەر تازە دانپێدانانێکم لە کابرایەک وەرگرتووە، گوایە چەند کەسێکی لە بنەماڵەکەت کوشتووە."

کاردانەوەی سانییێر حەپەساویانە بوو بەڵام خۆپارێزیش بوو. "خانەوادەکەم بە ڕووداوێکی ترۆمبێل فەوتان. ڕاپۆرتی پۆلیس لەم بارەیەوە یەکلاکەرەوەیە."

- "بەڵێ، ڕووداوی ترۆمبێل،" سیلاس وای پێگوت و داوەکەی دانایەوە. "ئەو پیاوەی قسەم لەگەڵدا کرد، گوتی ناچاری کردن ترۆمبێلەکەیان لە جادە لابدا و بکەوێتە نێو ڕووبارەکە."

سانییێر لە دیوەکەی دیکەی تەلەفۆن کش و مات بوو.

- "جەنابی سانییر، خۆ من هەرگیز زەنگم بۆ لێنەدەدای، گەر هاتبا و کابرایەکە شتێکی دیکەی بۆ زیاد نەکردبا، کە بۆ سەلامەتی ئێوە مایەی مەترسییە." ئیستێکی بۆ کرد، ئینجا تێهەڵچۆوە، "پیاوەکە لە نێو قسەکانیدا، ناوی سۆفی، نەوەکەی تۆشی هێنا."

ئیدی ناوهێنای سۆفی سانییری وروژاند. دەستبەجێ سەرپەرشتیارەکە کەوتە دەستوبردکردن. داوای لە سیلاس کرد، دەمودەست بێت و بیبینێ، دیدارەکەشی لە پڕ ئاسایشترین شوێن بۆ دانا، ئەویش نووسینگەکەی خۆی بوو لە نێو لۆڤەردا. ئینجا زەنگی بۆ سۆفی لێدا و ئاگاداری کردەوە کە ژیانی لەمەترسیدایە. دیدارە خواردنەوەکەی لەگەڵ لانگدندا هەر فەرامۆش کرد.

ئێستاش کە لانگدن لە سۆفی جیابۆتەوە، لەوسەری ژوورەکەدایە، تیبینگ هەستی بەسەرکەوتنێک کرد، گوایە هاوپەیمانێتی لانگدن بۆ لای ئەو گۆڕاوە. سۆفی نیڤوش لەشوێنی خۆی کۆڵنەدەرانە مایەوە، بەڵام ڕوون و ئاشکرا لانگدن دیمەنێکی گەورەتری لە پێش چاو بوو. ئەو هەوڵی دەدا پاسوۆردەکە بەدەست بخا. ***ئەو لە بایەخی دۆزینەوەی جامەکە دەگەیشت و دەبووە مایەی ڕزگاربوونی لە هاوپەیمانێتیەکە.***

- "ئەو بەردەکلیلەکەت بۆ ناکاتەوە،" سۆفی بەساردییەکەوە وای بە تیبینگ گوت. "تەنانەت ئەگەر بشتوانێ هەر نایکا."

تیبینگ لەکاتێکدا سێرەی دەمانچەکەی لە سۆفی کردبوو، چاوی لەسەر لانگدن بوو. ئەو بەتەواوی لەوە دڵنیا بوو، چەکەکەی بەکاردێنێ. هەرچەندە بیرۆکەکەش کێشەی بۆ دەنایەوە، بەڵام دەیزانێ نابێ دوودڵ بێ. ***لێرەدا من هەموو شتێکم لەسەر داناوە تا کارە ڕاستەکە بکەم. جامەکە زۆر لە هەریەک لە ئێمە مەزنترە.***

لەو کاتەدا لانگدن لەلای پەنجەرەکە وەرسووڕایەوە، لەپڕێکیشەوە گوتی، "گڵکۆکە..." بریسکەی هیوای لە چاوەکاندا دەگەشایەوە. "من دەزانم لەکوێی گڵکۆی نیوتندا بۆ پاسوۆردەکە بگەڕێین. بەڵێ پێموابێ دەتوانم پاسوۆردەکە بدۆزمەوە."

- دڵی تیبینگ بە توندی لێیدا. "ڕۆبەرت، لە کوێ، دەی پێم بڵێ!"

- سۆفیش بە دەنگێکی تۆقاوەوە گوتی، "نا ڕۆبەرت، نەخێر! نابێ یارمەتی بدەی. وانییە؟"

- لانگدن بە هەنگاوی گردەبڕانەوە لێینزیک بووەوە، کریپتیسەکەشی بە دەستێک گرتبوو. "نەخێر،" ئەو وای پێ گوتەوە و ئاوڕێکی گرژیشی لە تیبینگ دایەوە. "پێی ناڵێم تا تۆ ئازاد نەکا."

گەشبینیەکەی تیبینگ ڕەش هەڵگەرایەوە. "ڕۆبەرت، ئێمە ئەوەندە لەیەک نزیکین، چۆن دەوێری گەمەیەکی وام لەگەڵدا بکەی!"

- "ئەوە یاری کردن نییە." لانگدنیش وای پێگوتەوە، "دەی لێگەڕێ با ئەو بڕوا. ئەوسا دەتبەمە لای گڵکۆکە و بەیەکەوە کریپتیسەکە دەکەینەوە."

- "من بۆ هیچ کوێیەک ناڕۆم،" سۆفی چاوەکانی لە تووڕەییان تەسک ببونەوە وای ڕاگەیاند. "کریپتیسەکە لە باپیرەوە دراوەتە من. هی ئێوە نییە تا بیکەنەوە."

- لانگدن بە حەپەساویەوە ڕووی تێکرد. "سۆفی، تکایە! تۆ لەمەترسیدای. هەوڵ دەدەم یارمەتیت بدەم!"

- "چۆن؟ بە ئاشکراکردنی ئەو نهێنییەی کە باپیرەی بۆ پارێزگاری لێکردنی مرد؟ ڕۆبەرت ئەو بەقای[278] بە تۆ بوو. منیش بەقام پێبووی!"

چاوە شینەکانی لانگدن پڕبوو لە ترسوتۆقین. تیبینگیش بێباکانە بە خەندەوە سەیری دەکرد چۆن دژی یەکدی بوونەتەوە. تێکۆشانی لانگدن لەوەی ئازاربێ لەهەموو کاتێک زیاتر مایەی بەزەیی پێداهاتنەوە بوو. ***لەسەر لێواری ئاشکراکردنی مەزنترین نهێنی مێژوودا، ئەو گیرۆدەی داوی ژنێک بووە کە سەلماندوویەتی شایانی پرسەکە نییە.***

- "سۆفی، "لانگدن وا بانگی کرد، "تکایە... تۆ دەبێ لێرە بڕۆی."

- سۆفیش سەری بادا. "ناڕۆم تا تۆ ئەوەی لەنێو دەستتدایە نەمدەیتێ یاخود بەزەوی دنەدەی و پارچەپارچەی نەکەی."

- "چی؟" لانگدن سڵەمییەوە.

- "ڕۆبەرت، باپیرەم پێیباشتر بوو ئەو نهێنییە تاهەتایە گۆڕەوشار بکرێ، لەوەی بکەوێتە دەستی ئەم پیاوکوژە." چاوەکانی سۆفی وەک ئەوەی پڕ لەفرمێسک بێ وابوو، بەڵام نەشگریا. ئەوسا ڕاستەوخۆ ئاوڕی لەپشتەوە لە تیبینگ دایەوە و پێی گوت. "دەی ئەگەر پێویستە تەقەم لێبکە. من پاشماوەی باپیرەم بۆ تۆ جێناهێڵم."

***زۆر باشە***. تیبینگ سێرەی دەمانچەکەی لێگرت.

[278] بەقاپێبوون: متمانە پێبوون.

- "نا!" لانگدن وا هاواری کرد. بەو دەستەی کریپتیسەکەی پێوەگرتبوو، بەرزی کردەوە، لەبارێک وەک ئەوەی بە زەمینی دابدا. "(لای)، خۆ ئەگەر تەنانەت هەر بیریش لە تەقەکردن بکەیتەوە، ئەوا من بەردەکلیلەکە بەردەدەمەوە."

- تیبینگ پێکەنی. "ئەم فشەکردنە بە سەر ڕیمیدا ڕەت بوو. بەسەر مندا ڕەت نابێ. من تۆ لەوە باشتر دەناسم."

- "(لای)، ئایا دەمناسی؟"

***بەڵێ دەتناسم. برادەرەکەم ڕووخسارە نەگۆڕەکەت پێویستی بە کارکردنە. ئەوەش بۆمن هەر چەند چرکەیەکی خایاند تا تێگەیشتم، بەڵام من هەنووکە دەتبینم، درۆ دەکەی. تۆ هیچ بیرۆکەیەکت نییە ئاخۆ وەڵامەکە لە کوێی گڵکۆی نیوتن دایە.*** "ڕۆبەرت، بەڕاست؟ تۆ دەزانی لەکوێی گڵکۆکەدا بگەڕێی؟"

- بەڵێ دەزانم."

دڕدۆنگی نێو چاوەکانی لانگدن ڕاگوزەر بوو، لێ تیبینگ قۆستیەوە. درۆی لە چاوەکانی بەدی کرد. ئەمەش پیلانێکی نامرادانە و بەزەییپێداهاتنەوەی ڕزگارکردنی سۆفی بوو. تیبینگ بێئومێدییێکی قووڵی لەنێو چاوەکانی ڕۆبەرت لانگدندا بینی.

***من سوارچاکێکی تەنهام، بەو هەموو گیانە ناشایستانە دەورە دراوم. هەر دەشبێ کۆدی بەردەکلیلەکە بە خۆم بشکێنم.***

هەنووکە لانگدن و نیڤو بۆ تیبینگ لە هەڕەشەیک زیاتر هیچی دیکە نەبوون.... هەروەها بۆ جامەکەش هەر مەترسی بوون. هەرچەندە چارەسەرەکە بەسفتوسوێش بوو، ئەو دەیزانی دەبێ بە ویژدانێکی پاکەوە بە ئەرکەکە ڕابێ. تاکە دارِسان بۆ تیبینگ ئەوەبوو چۆن قەناعەت بە لانگدن بێنێ تا بەردەکلیلەکە بەسەلامەتی دابنێ و بەزمەکەش کۆتایی پێبێنێ.

- "وەک نمایشێکی متمانە،" تیبینگ وای بە لانگدن گوت و لوولەی دەمانچەکەشی لەبەرامبەر سۆفیدا نەوی کرد. "دەی بەردەکلیلەکە دانێ، با بەیەکەوە قسە بکەین."

لانگدن زانی درۆکەی بەسەر تیبینگ تێنەپەڕی.

ئەو چارەسەرە ڕەشەکەی لە سیمای تیبینگدا بەدی کرد و زانی ساتەکەی هاتووە. ***هەر کاتێک بەردەکلیلەکە دابنێم، هەردووکمان دەکوژێ.*** تەنانەت بێ ئەوەی چاویش لە چاوەکانی سۆفی بکا، گوێی لە دەنگی دڵی سۆفی بوو بە بێدەنگی لێیدەپاڕایەوە. ***ڕۆبەرت، ئەم پیاوە شایستەی جامە پیرۆزەکە نییە. تکایە شتەکەی ڕادەست مەکە. ئەوسا هەرچی دەبێ بابێ.***

خۆ لانگدن پێش چەند خولەکێک، کاتێک بەتەنیا لەپاڵ پەنجەرەکەدا وەستا بوو، کە بەسەر باخی کۆلیژەکەی دەڕوانی، ئەوکات بڕیاری خۆی دابوو.

لانگدن خەریک بوو لە نائومێدیان هاوار بکا. ***بەڵام نازانم چۆن*** !

ئەو چرکەساتە پڕ نائومێدیە دژوارانە، بەرچاوڕوونێیکی وای دایە، هەرگیز پێشتر هەستی پێنەکردبوو. ***ڕۆبەرت، خۆ ڕاستییەکە لەبەرچاوی خۆتە،*** نەیزانی ئەو بەرچاوڕوونیەی لەکوێوە بۆهات. ***ئاخر خۆ جامەکە پێت ڕانابوێری، بەڵکو هاواری ڕۆحێکی شایستە دەکا.***

ئیدی، لانگدن هەر چەند گەزێک لە دووری تیبینگەوە دانەویەوە، کریپتیسەکەی دەستیشی نەوی کرد، هەر قولانجێکی مابوو لە ناوکەوەکە بخشێ.

- "بەڵێ رۆبەرت،" تیبینگ بە چرپەیەکەوە وای گوت و سێرەی دەمانچەکەشی لێکرد. "دەی، داینێ سەر زەوی."

ئەوسا چاوەکانی لانگدن بەرەو ئاسمان هەڵبڕان، چاوی لەو بۆشایی قووچەکی هەنوانیماڵی ئەنجوومەن کرد. لانگدن زیاتر دانەویەوە، چاویشی لەسەر لوولەی چەکی تیبینگ بوو، ڕاستەوخۆ سێرەی لێگرتبوو."

- "(لای)، بەداخەوە."

بە سووکە جووڵەیەکی لەپڕەوە، لانگدن هەڵسایەوە، باسکەکەی بۆ هەوا ڕاداشت، بەمە تا هێزی تێدا بوو کریپتیسەکەی بەرەو بنمیچی گومبەزەکەی سەرووی خۆیان هەڵدا.

تیبینگ هەستی نەکرد پلی لەسەر پەلاپیتکەکە گیرساندووە، لە لوولەی مێدوساکە زرمەیەک هەڵسا. ئێستا لانگدن بە ستوونی وەستابوو، لەباری ئامادەباشیدا بوو، گوللەکەش لەبەر پێی ئەو بەر مەرمەڕی ناوکەوکە کەوت. لەوکاتدا نیوەی مێشکی تیبینگ لەهەوڵی ئەوەدا بوو خۆی ڕاست بکاتەوە و سێرە لەلانگدن بگرێتەوە و گوللەیەکی دیکەی پێوە نێ، بەڵام نیوە کاریگەرەکەی دیکەی مێشکی، چاوی لە سەرەوە بوو، چاوی لە بمنیچی گومبەزەکە بوو.

***بەردەکلیلەکە!***

پێدەچوو کات وەستا بێ، وەک خەونێکی لێهاتبوو کە زۆر لەسەرەخۆیی دەڕۆیشت، ئیدی تەواوی دنیای تیبینگ کە بەردەکلیلەکە بوو لە هەوادا بوو. بینی کریپتیسەکە گەیشتە ئەوپەڕی بەرزی خۆی... لەوێشەوە بۆ چرکە ساتێک لە بۆشایی هەوادا لەرزی... ئینجا وەرگەڕا و سەرەوخوار بووەوە، ڕاستەوڕاست بەسەر سەردا بەرەو بەردە مەرمەڕەکانی ناوکەوەکە دەهاتە خوار.

هەموو هیوا و خەونی تیبینگ تێکدەشکا. ***نابێ شتەکە بە زەوی بکەوێ! دەتوانم بیگرمەوە!*** جەستەی تیبینگ خۆزاییانە جوولا. دەستی لە دەمانچەکەی بەردا، خۆی بۆ کریپتیسەکە بۆ پێشەوە هاوێشت، هەردوو داردەستەکانیشی لە دەست بەربوونەوە، هەردوو دەستی بەرزکردنەوە، توانی بەردەکلیلەکە بگرێتەوە.

ئیدی بۆ پێشەوە کە سەرکەوتووانە کریتیسەکەی گرتبووە، بەسەر دەمدا کەوت. خۆیشی دەیزانی زۆری پێناچێ دەکەوێ. هیچ شتێک نەبوو کەوتنەکەی بوەخرێنێ، بۆیە یەکەم جار قۆڵەکانی لێککردنەوە کریپتیسەکەیش بە توندی بەر بەردە مەڕمەڕی ناوکەوەکە کەوت.

ئیدی شووشەکەی نێو کریپتیسەکە بە خراپی شکا.

بۆ چرەکەساتێکی تەواو تیبینگ هەناسەی نەدایەوە. هەروا بەڕاکشاوی لەسەر ناوکەوەکە کەوتبوو، باسکەکانی درێژ کردبوون، لوولەکەکەشی لەنێو لەپی دەستدا بوو، چاوی لە بوتڵە شووشەکەی نێوی بوو. ئینجا بۆنێکی تیژی سرکەکە هات، لانگدنیش هەستی بە شلەکە کرد بەنێو خەپلەکانی لوولەکەکەدا بە نێولەپیدا داڕژا.

ترسوبیمێکی تۆقێنەر دایگرت. نا! ئاخر هەر ئێستا سرکەکە قوڵپ دەدا و ئەو پارچە کاغەزە تەنکە دەتاوێنێتەوە. ***ڕۆبەرت، هەی گەمژە! نهێنییەکە ون بوو!***

تیبینگ هەستی بە خۆی کرد بەبێ دڵنەوایی بۆ شتەکە دەگریێ. ***ئاخر جامەکە فەوتا. هەموو شتێک لەناو چوو.*** تیبینگ لەو ڕەفتارەی لانگدن لەرزی، هەوڵیدا سەیر پارچەکانی کریپتیسەکە بکا، پەرۆش بوو سەیری مێژووەکە بکا بەرلەوی بتاوێتەوە، بۆ مایەی هیدمەگرتنی، کاتێک هەردوو سەری کریپتیسەکەی لێیلکردنەوە، لوولەکەکە لەیەک ترازا.

بە حەپەساوی سەیری نێو لوولەکەکەی کرد. شتەکە بەتاڵ بوو، تەنها پارچە شووشەی تەڕی تێدا مابووەوە. هیچ پارچە کاغەزی تەنکی تواوەی تێدا نەبوو. تیبینگ خۆی گەوزاند و سەیرێکی لانگدنی کرد. سۆفی لەتەنیشتی ئەو وەستابوو، ئەمجارەیان ئەو سێرەی دەمانچەکەی لە تیبینگ گرتبوو.

بە مەراقەوە تیبینگ سەیرێکی بەردەکلیلەکەی کردەوە و بینی. بۆی دەرکەوت خەپلەکانی کریپتیسەکە وەک خۆی هەر پیتی بەگۆترە ڕیز نەکرابوون. بەڵکو پیتەکان وا ڕیز کرابوون، وشەی APPLE (سێو)یان دروست کردبوو.

- "تۆپەکە ئەوەی حەوا قەپاڵی لێدا" لانگدن بە ساردییەکەوە پێیگوت، "بووە مایەی تووڕەیی تەواوی خودا. ماکە خەتا. هێمای کەوتنی مێینەی پیرۆز."

تیبینگ هەستی کرد ڕاستییەکە زەبرێکی کوشندە بوو پێیکەوت. ئاخر تۆپە ونبووەکەی سەر گڵکۆی نیوتن لە سێوە لاسوورەکە زیاتر نەبوو، کە لە لقی دارەکەوە بەربۆوە بەسەری نیوتن کەوت و بووە دنەدەری شاکارەکەی. ***بەرهەمی میوە! گۆشتی سێوە لاسوورەکە لەگەڵ منداڵدانێکی ئاوس!***

- "ڕۆبەرت،" تیبینگ بە زمان تیکئالاویەوە، خۆیشی پێڕانەدەگیرا. "تۆ شتەکەت کردەوە. ئەدی نەخشەکە لەکوێیە؟"

بێ ئەوەی چاویش بترووکێنێ، لانگدن دەستی بۆ بەرکی چاکەتە (تیویدەی)ەکەی برد و بە هێواشی کاغەزە تەنکە لوولدراوەکەی دەرهێنا. هەر چەند گەزێک لەو شوێنەی تیبینگ لێیکەوتبوو، لانگدن کاغەزە لوولدراوەکەی کردەوە و چاوێکی لێکرد. دوای خولەکێکی دورودرێژ، خەندەیەک سەرتاپای ڕووخساری لانگدنی داگرت.

***ئەو دەیزانێ***! دڵی تیبینگ بۆ زانیارییەکەی لێدەدا. خەونی ژیانی لەبەردەمی دابوو. "دەی پێم بڵێ!" تیبینگ داوای لە لانگدن کرد. "تکایە! ئای خوایە، تکایە! ئاخر هێشتا کار لەکار نەترازاوە!"

کاتیکیش دەنگی پێی قوڕس بەرەو ماڵی ئەنجوومەن هاتن، هەرزوو لانگدن کاغەزەکەی لوولدا و خستیەوە باخەڵی.

- "نا!" تیبینگ هاواری کرد، بێهودەش هەوڵی دا هەڵسێتەوە سەرپێ.

کاتێکش دەرگاکان کرانەوە، بێزو فاشێ وەک گایەک بچێنە نێو بازنەی شەڕەوە، بەچاوە سوورە ئاگراوییەکانی بەدوایاندا دەگەڕا، ئامانجەکەی خۆی دۆزیەوە، (لای تیبینگ) بەستەزمانانە لەسەر ناوکەوەکە کەوتبوو. فاشێ ئاهێکی هاتەوەبەر، دەمانچەکەی خستەوە نێو کیفەکەی و ڕووی لە سۆفی کرد. "ئاژان نیڤۆ، ئاسوودە بووم تۆ و جەنابی لانگدنم بەبێ وەی لێرە دۆزیەوە. دەبوایە کاتێ داوام لێکردی بەپیر دەنگمەوە هاتبای."

بەدوای فاشێدا پۆلیسی بەریتانیش هاتنە ژوور، دەورەی دیلە تۆقیوەکەیان دا و کەلەپچەیان لەدەست کرد.

سۆفی دیاربوو بە بینی فاشێ حەپەسا. "چۆن ئێمەت دۆزیەوە؟"

فاشێ ئاماژەی بە تیبینگ دا. "ئەو هەڵەیەکی گەورەی کرد، هاتە نێو ئەو کڵێسایە ناسنامەی خۆی نیشان دابوو. پاسەوانەکانیش گوێیان لە ئاگادارینامەی پۆلیس گرتبوو، کە ئێمە بەدوایدا دەگەڕاین."

- "شتەکە لەبەرکی لانگدن دایە!" تیبینگ وەک شێت و هارێک هاواری دەکرد. "نەخشەی جامە پیرۆزەکە!"
- کاتێک تیبینگیان بەرزکردەوە و بردیانە دەر، ئاوڕیکی لە لانگدن دایەوە و قیژاندی. "ڕۆبەرت! دەی پێمبڵێ شتەکە لە کوێ شاردراوەتەوە!"
- کاتێکیش تیبینگ تێپەڕی، لانگدن سەیری دوور چاوەکانی کرد و پێیگوت: "(لای)، تەنها کەسی شایستە جامەکە دەدۆزێتەوە. خۆت ئەمەت پێگوتم."

کاتێک سیلاس بە شەلەشەلی لەبەرچاوان ونبوو. باخچەکانی (کینگتن) تەم داپۆشیبوو، تەومژ تەواو دابەزیبووە سەر زەوی. سیلاس لەسەر گیا تەڕەکە کڕنووشی برد، هەستیشی بە قوڵپەی خوێنێکی گەرمی بن پەراسووەکانی کرد. هێشتاش بە خۆڕاگری سەیری پێش خۆی دەکرد.

تەمەکە ئەوێی وەک بەهەشت لێکردبوو.

دەستە خوێناوییەکانی بۆ نوێژ بەرز کردنەوە، سەیری دڵۆپە خوێنەکانی کرد کە بەنێو درزی پەنجەکانی دەهاتنە خوار، دیسان سپی هەڵگەڕا. کاتێکیش دڵۆپە بارانەکان بەخوڕتر دادەبارینە سەر پشت و شانەکانی، هەستی دەکرد جەستەی لەنێو تەمەکەدا ون دەبێ.

***من تارمایی خێوێکم.***

شنەبایەکی لێی دا، بۆنوبەرامەی زەوییێکی پڕ ژیان و شێداری بە لووتدا درا. سیلاس نوێژی کرد، پاڕایەوە، داوای گەردن ئازادیی کرد. دروودی بۆ لێخۆش بوون خوێند. لەسەرووی هەمووشیان نوێژی بۆ سەرپەرسشتیارەکەی خۆی... بۆ مەتران ئارینگارۆسا کرد، بەوەی خواوەند بەر لەوەی ساتی خۆی بێ، گیانی لێنەسێنێتەوە. ***ئاخر ئەو کاری ماون تەواویان بکا***.

تەمەکە بە دورەیدا دەسووڕا، سیلاسیش هەستی کرد ئەوەندە سووک بۆتەوە، پشەبایەک بێ هەڵی دەگرێ. چاوەکانی نووقاندن دوا ویردی خۆی خوێندەوە.

لەوێ لە شوێنێک لەنێو تەمەکەدا، دەنگی مانوێل ئارینگارۆسا وەک چرپەیەک هاتە بن گوێی.

***خواوەندمان خوایەکی باش و میهرەبانە.***

لەدوایدا ژانی سیلاس ڕەوایەوە، ئیدی زانی سەرقەشەکە ڕاست بوو.

ئێوارەیەکی درەنگ بوو، کاتێ ڕۆژ لە ئاسمانی لەندەن لەبن هەوران سەری دەرهێنا و شارەکەش وشک دەبۆوە. بێزو فاشێ بەشەکەتی لە ژووری لێکۆڵینەوە هاتەدەر و هەر لەوێ تاکسییێکی گرت. (سێر لای تیبینگ) بە هاتوهاوارەوە هەر جارێ بێ تاوانی خۆی دەدا، هێشتاش ئەو دەستپێوەگرتنە توندەی بە جامە پیرۆزەکە، بەڵگەنامە نهێنییەکان و دەستەی برایەتییێکی تەلیسماوی، وای لە فاشێ کردبوو، بێتە سەر ئەو باوەڕە، کە مێژوونووسەکە بۆ ئەوە وادەکا، تا پارێزەرەکانی بڵێن گوایە ئەو شێتە و هۆشی شێواوە.

***بەدڵنیاییەوە***، فاشێ وا بیری کردەوە. ***شێت***. ئاخر هەموو جارێک تیبینگ پلانێکی وردەکار و تۆکمەی بۆ بێ تاوانی خۆی داڕشتبوو. ئەو هەریەک لە ڤاتیکان و ڕێکخراوی ئۆپیوس دای بە بەدکاری بەکارهێنابوو، هەردوو گرووپەکەش دەرکەوتن بێخەتان. ئەو کارە پیسانەی بە شێوەیەکی بێئاگایانە لەلایەن کەشیشێکی پەڕگیر و مەترانێکی نامراد کران. لەوەش زیرەکانەتر، تیبینگ پێگەیەکی بە دزی گوێگرتنی ئەلەکترۆنی وای دانابوو، کە هەرگیز باوەڕ نەدەکرا کابرایەکی شەلە و سەقەتی وەک ئەو بتوانێ بیگاتێ. لەڕاستیدا کاری کنە و پشکنینەکانی لەلایەن پێشخزمەتەکەوە، واتە لەلایەن ڕیمییەوە دەکران. ئەو تاکە کەس بوو بە ناسنامە ڕاستەقینەییەکەی تیبینگی دەزانی، هەنووکە ئەویش بەهۆی کاردانەوەی کارلێکی حەساسی زێدەی بەستەکە، گیانی لەدەست دا.

***ئاخر ئەو هەموو دەستکارە ورد و مەعلانە ناکرێ هی کەسێک بێ، لە ڕووی توانستی عەقڵییەوە کورتهێن بێ***. فاشێ لەبەرخۆیەوە وا بیری کردەوە.

ئەو زانیارییانەی لە لایەن کۆللێ و لە کۆشکی شاتو ڤیلێەوە هاتن، فێڵ و تەڵەکەکانی تیبینگ ئەوەندە قووڵ بوون، بەسەر هەموو کەسێکیشدا تێپەڕیون، هەردەبێ فاشێش لێیانەوە فێر بێ. سەرکەوتووانە ئامێری گوێهەڵخستنی لەنێو نووسینگەی کاربەدەستە هەرە باڵادەستەکانی پاریس دانابوو. ئەو مێژوونووسە بەریتانییە ببووە ئەسپی تەروادە بۆ گریکەکان. هەندێ لەو نێچیرانەی تیبینگ بە دوایانەوە بوو، دیاری بەهاداری بۆ ناردبوون، ئەوانیش نەیاندەزانی تیبینگ چ ئامێرۆکەیەکی گوێهەڵخستنی لەنێودا داناوە. لە بارەی سانییێریشەوە، سەرپەرشتیارەکە بانگهێشتنامەیەکی لەلایەن کۆشکی شاتو ڤیلیێ پێگەیشتبوو، بۆ ئەوەی تیبینگ باسوخواسی ئەگەری فەندکردنی لاباڵە نوێیەکەی داڤینشی لەنێو لۆڤەردا لەگەڵدا بکا. بانگهێشتنامەکەی سانییێر داوانامەیەکی بێوەی تێدا بوو، گوایە ئەو کۆتەڵە سوارچاکەی سانییێر بەدەستی خۆی دروستی کردوە، بۆتە مایەی سەرنجڕاکێشان و مەراقی تیبینگ. ***تکایە ئەویش***

***لەگەڵ خۆت بێنە سەر خوان،*** تیبینگ وا پێشنیازی بۆ کردبوو. دیاربوو سانییێریش هەر وای کردبوو، ئیدی بۆ ماوەیەک بەبێ ئاگایی لەوێی بەجێی هێشتبوو، لە ماوەی خەریکبوونیان بە باسوخواسەکانیان، ڕیمی لیگالودیک توانیبووی ئامێرێکی گوێ هەڵستنی لەناودا دابنێ.

ئێستاش فاشێ لە پشتەوەی تاکسیەکە دانیشتووە و چاوەکانی لەسەر یەک داناون. ***یەک شتی دیکە هەیە بەر لەوەی بگەڕێمەوە پاریس .***

ژووری بوژانەوەی خەستەخانەی سێینت ماری هۆسپیتال تیشکی ڕۆژی لێدەدا.

- "کاریگەری تۆ بەسەر هەموانەوە هەبوو،" پەرستارەکە بە خەندەیەکەوە بەسەریدا نوشتایەوە وی پێگوت. "هیچی لە پەڕجوو کەمتر نەبوو."

- مەتران ئارینگارۆساش کزە بزەیەکی بۆ کردەوە. "من هەمیشە دەستی مومبارەکم بەسەردا هێندراوە."

پەرستارەکە کارەکی خۆی تەواو کرد و سەرقەشەکەی بەتەنیا لە ژوورەکەدا جێهێشت. تیشکی خۆریش مایەی خێر بوو، دەموچاوی گەرم کردنەوە. ئاخر دوێنێ شەو نووتەکترین شەوی ژیانی بوو.

بێئومێدانە بیری لە سیلاس کردەوە، کە تەرمەکەی لە پارکەکەدا دۆزرابووەوە.

***هۆ ڕۆڵەکەم، تکایە گەردنم ئازاد کە.***

ئارینگارۆسا حەزی لەوەبوو سیلاس بەشێک لە نەخشە پڕ دەستکەوتەکەی بێ. دوێنێ شەو، هەرچەندە ئارینگارۆسا تەلەفۆنێکی لە بازو فاشێیەوە بۆ هات، پرسیاری ئەوەی لێکرد، بەڵکو مەترانەکە پەیوەندی بە ڕاهیبە ژنێک هەبێ، کە لە کڵێسای سێینت سەپلایس کوژراوە. لەوکاتەوە ئارینگارۆسا تێگەیشت، ئاقاری ڕووداوەکان بەرو ترس و تۆقان وەرچەرخاوە. هەواڵی کوشتنی چوار کەسی دیکەش ترسەکەی زێدەبارتر کرد. ***سیلاس، ئەوە چیت کرد!*** دەستیشی بە مامۆستاکە ڕانەدەگەیشت، ئینجا سەرقەشەکە تێگەیشت، دەستی لە بنی هەمبانەکەش دەرچوو. ***ئەو بەکارهێندرا.*** بەباوەڕی ئارینگارۆسا تاکە ڕێگەش بۆ ڕاگرتنی ئەو زنجیرە ڕووداوە تۆقێنەرە ئەوەبوو، لەبەرامبەر فاشێدا دان بەسەرلەبەری شتەکاندا بنێ، لەوکاتەوە فاشێ و ئارینگارۆسا لە کێبەرکێدا بوون، تا زووە دەستیان بە سیلاس ڕابگات، بەرلەوەی مامۆستاکە قەناعەتی پێبێنی دیسان کەسانی دیکە بکوژێ.

ئارینگارۆسا هەستی بەشەکەتی خۆی کرد، چاوەکانی لەسەر یەک دانان و گوێی لە ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەفزیۆن لەبارەی گرتنی سوارچاکێکی ناوداری بەریتانی، سێر لای تیبینگ گرت. ***مامۆستاکە لەبەرچاوی هەمووان ڕووت بووەوە.*** تیبینگ سووسەی هەواڵێکی کردبوو، گوایە ڤاتیکان نەخشەی وایە ئۆپیوس دای لەخۆی بکاتەوە. ئەویش ڕێک ئارینگارۆسای دەستنیشان کرد تا چەنگاڵی لێبگرێ و داوی بۆ دابنێتەوە. ***خۆ دوای هەموو شتێکیش، کێ هەیە لە من زیاتر کوێرانە بەدوای جامە پیرۆزەکە کەوتبێ و خەریکبێ هەموو شتێکیش لە دەست دەدا؟ ئاخر جامەکە دەسەڵاتێکی لەڕادەبەدەر دەداتە ئەو کەسەی بەدەستی بێنێ.***

(لای تیبینگ) لێزانانە ناسنامەی خۆی شاردەوە، بە زمانێکی ئەسکێنت فەرەنسی دڵێکی لەخواترسەوە و داوای شتێکی دەکرد، کە ئەو هەرگیز پێویستی پێ نەبوو: ئەویش پارە بوو. ئارینگارۆسا کەسێک بوو، کە جێی گومان نەبوو. بڕی بیست ملیۆن یۆرۆ لەبەرانبەر بەدەستهێنانی جامەکە شتێکی کەم بایەخ بوو، ئەو بڕە پارەیەش لەبری قەرەبووی ڤاتیکان بۆ دەستبەردان لە ئۆپیوس دای، تەونی بارە داراییەکە بە جوانی چنرا. ***کوێر ئەو شتە دەبینێ کە حەزی پێیەتی ببینێ.*** هەڵبەتە سووکایەتییە ناقۆڵایەتییەکەی تیبینگ ئەوەبوو، داوای کرد پارەکە بە چەک و قەواڵەی بانکی ڤاتیکانەوە بێ، ئەمەش بۆ ئەوەبوو، لەبارێکدا، گەر شتێک لاڕێ بوو، ئەوا لێکۆڵینەوەکان بۆ ڤاتیکان سەربکێشن.

- "گەورەم، دڵخۆشم کە بەباشی دەتبینم."

ئارینگارۆسا ئەو دەنگە بەرزەی کە لە لای درگاکەوە هات ناسییەوە، بەڵام ڕووخسارەکەی چاوەڕواننەکراوانە گرژ و ڕەق بوو، بیچمێکی بەهێز، پرچی بۆ دواوە داهێنابوو، قۆپچەی لای گەردنی لەسەر چاکەتە قاوەییە تۆخەکەی قایم کردبوو. "کاپتن فاشێ؟" ئارینگارۆسا وای پرسی. ئەو سۆز و خەمخۆرییەی دوێنێ شەو کاپتن بۆ ئارینگارۆسای نواندبوو، لای ئەو وێنەیەکی جوان و ناسکتری لە خەیاڵ بۆ نەخشاندبوو.

کاپتنەکە لە چوارپایەکەی نزیکبووەوە، جانتایەکی ڕەشی ناسراوی پێبوو لەسەر کورسییەکە داینا. "لەو باوەڕەدام، ئەمەیان هی تۆ بێ."

ئارینگارۆساش سەیرێکی جانتا پڕ لە چەک و قەواڵەکانی کرد و دەمودەستیش نیگای لەسەر لادا، تەنها هەستی بە شەرمەزاری کرد. "بەڵێ... سوپاست دەکەم." کەمێک وەستا، پەنجەی دەستەکانی لە درزی چەرچەف و دۆشەکەکەی گیر بوو، ئینجا لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو. "کاپتن، من زۆر بە قووڵی بیرم لێکردۆتەوە و پێویستم بەوەیە داوای چاکەیەکت لێ بکەم."

- "بێگومان بە، فەرموو."

- 'ماڵباتی ئەوانەی لە پاریس بە دەستی سیلاس...." ئیستێکی گرت، هەست و سۆزی لە قورگ گیر بوو، قووتی دایەوە. "منیش دەرکی پێدەکەم، کە هیچ بڕە پارەیەک قەرەبوویان ناکاتەوە، لێ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر لەگەڵم دلۆڤان بی، بتوانی ئەوەی لەنێو ئەم جانتایەدایە بەسەریاندا ... بەسەر خێزانەکانیاندا دابەش بکەی."

- چاوە ڕەشەکانی فاشێ بۆ ماوەیەکی باش لەسەر ڕووخساری ئارینگارۆسا گیر بوون. "گەورەم، نیشانەیەکی جوامێرانەیە. لەخزمەتت دام و جێبەجێی دەکەم."

ئیدی بێدەنگییەکی قورس باڵی بەسەردا کێشان.

لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنیش، ئەفسەرێکی فەرەنسی بەژنزراو لەبەردەم مۆتێلێکدا خەریکی لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی بوو. فاشێ بینی کێیە، سەرنجی خۆی دایێ بزانێ بەچی دەگا.

- "ملازم کۆللێ،" هەواڵنێری بی بی سی پرسیاری لێکرد. "دوێنێ شەو، کاپتنەکەی تۆ دوو کەسی بێ خەتای بە تاوانی کوشتن تۆمەتبار کردن. ویل ڕۆبەرت لانگدن و سۆفی نیڤو لەلایەن دەزگاکەی ئێوە بەو تۆمەتە ڕاودەنرێن؟ ئایا ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی، سەری کاپتنەکەت بخوا و کارەکەی لەدەست بدا؟"

- خەندەکەی سەر ڕووی ملازم ماندووی پێوە دیار بوو بەڵام ئارامگرانەش بوو. "ئەوە ئەزموونی منە لەگەڵ کاپتن بێزو فاشێ کە بە دەگمەن دەکەوێتە هەڵەوە. من هێشتا لەو بارەیەوە قسەم لەگەڵدا نەکردووە، بەڵام دەزانم چۆن دەجووڵێتەوە، گومانم بۆ ئەوە دەچێ ئاژان سۆفی نیڤو و مستەر لانگدن بەشێک بن لە دانەخۆرە[279] بۆ گرتنی بکوژە ڕاستەقینەکە."

هەواڵنێرەکان نیگایەکی سەرسامانەیان لەگەڵ یەکدا گۆڕیەوە.

- کۆللێ لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو. "ئەوسا مستەر لانگدن و ئاژان سۆفی نیڤو بە ئەنقەست یان نا، بەشداری ئەم هەڵمەتە بن یان نا، من ئەوە نازانم. کاپتن فاشێ شێوازی کارای تایبەت بە خۆی هەن. هەموو ئەوەی من بیسەلمێنم ئەو خاڵەیە، کە کاپتن سەرکەوتووانە پیاوە بەرپرسیارەکەی گرتووە، مستەر لانگدن و ئاژان نیڤوش هەردووکیان بێ خەتان و سەلامەتن."

---

[279] دانەخۆرە: مەبەست ئەو دانەیە کە بۆ باڵندە دادەندرێتەوە تا دێ و هەندێکی لێدەخوا، ئیدی لێیخۆش دێ، زیاتر دێتەپێش ئینجا بە داوەوە دەبێ.

- فاشێ کزە خەندەیەکی پەڕیە سەر لێوەکان و ئاوڕی لە ئارینگارۆسا دایەوە. "ئەو کۆلێیە پیاوێکی باشە."

چەند خولەکێک تێپەڕین. لە کۆتاییدا فاشێ چاوی لە ئارینگارۆسا کرد، دەستێکی بە پرچی برد و بۆ پشتەسەری بردەوە. "گەورەم، بەرلەوەی بگەڕێمەوە پاریس، دوا شت، دەمەوێ لەگەڵت باس بکەم، ئاراستە گۆڕینی فڕۆکەکەت بوو بۆ لەندەن. تۆ بەرتیلێکت دابووە فڕۆکەوانەکە تا ئاراستەکەی بگۆڕێ. بەم کارەت، تۆ ژمارەیەک ڕێسای قانونی نێودەوڵەتیت شکاندن."

ئارینگارۆسا لە شوێنی خۆی داهێزرا. من بێ ئومێد ببووم."

- "بەڵێ. لەکاتی لێکۆڵینەوەکەدا، فڕۆکەوانەکەش وای پێگوتم." فاشێ دەستی بۆ بەرکی برد و ئەنگوستیلەیەکی ئەرخەوانی کە بەردە پیرۆزە و نیشانەی کڵێساکەی لەسەر بوو، دایە دەست.

کاتێکیش ئارینگارۆسا ئەنگوستیلەکەی لێوەرگرت و خستیەوە قامکی، هەستی کرد فرمێسک لە چاوەکانی دەڕژێن. "تۆ زۆر دلۆڤانی." دەستی درێژ کرد و دەستی فاشێی گرت. "سوپاس بۆ تۆ."

فاشێ جووڵا، بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشت، لە پەنجەرەکە بۆ دووری ڕووانی. کاتێکیش گەڕایەوە لە بارەی پرسیارەکەشی دڵنیا نەبوو. "گەورەم، لێرەوە بۆ کوێ دەڕۆی؟"

دوێنێ شەو کاتێ ئارینگارۆسا لە کۆشکی گاندۆلفۆ دەرچوو، کتومت هەمان پرسیاری لێکرا. "بە گومانم لەوەی ڕێگاکەی منیش وەک هی تۆ ئەرخاین نەبێ."

"بەڵێ" فاشێ کەمێک وەستا، ئینجا پێی گوتەوە. "پێموابێ داوادەکەم خانەنشینییەکەم پێشتر بخەن."

ئارینگارۆساش خەندەیەکی کرد. "کاپتن کەمێک باوەڕ پەڕجوو دەخوڵقێنێ. هەر تەنها کەمێک باوەڕ."

پەرستگای ڕۆسلین -زۆر جاران بە کاتەدرای کۆدەکان ناوی دێ- بە دووری حەفت میل دەکەوێتە لای باشووری ئەدنبرەوە، کڵێساکە لەسەر کەلاوەی پەرستگای میترایيە کۆنەکان ڕۆنراوە. پەرستگاکە لە ١٤٤٦دا و لەسەردەستی سوارچاکەکان بنیات نراوە، پەرستگاکەش بە کۆمەڵێ هێمای هەڵکۆڵراوی جوو، کریستانێتی، میسری، مۆزائیکێک لە دابونەریتە بتپەرستییەکان ڕازاوەتەوە.

لەڕووی جوگرافییەوە کڵێساکە ڕێک دەکەوێتە سەر هێڵی تەوەری باکوور- باشوور کە بەنێو گلاستببەریدا ڕەت دەبێ. هێڵی درێژی ڕۆزلاین نیشانەیەکی نەریتیانەی شا ئارسەری ئایلی ئاڤەلۆنە، ئەم هێڵەش بە چەقی بازنەی جیۆمەتری پیرۆزی بەریتانی دادەندرێ. ڕۆسلین لە پیرۆزی ڕۆز لاین واتە هێڵی گوڵە ڕەزە، لە بنەڕەتدا بە Roslin دەنووسرا، هاتووە، ناوەکەشی هەر لەوەوە وەرگرتوو.

تاوەرە ڕەقوتەقەکەی هەڵچووەکانی پەرستگای ڕۆسلین سەرنجی لانگدن و سۆفی بۆ خۆی ڕاکێشا، کاتێک لای دیوارەکەی ئەوێ ترومبێلە بەکرێیەکەیان لە پارکە پڕگیایەکەی ڕاگرت و بەپێ لەبەرانبەر پەرستگاکە وەستان. ئەو کورتە فڕینەی نێوان لەندەن و ئەدنبرە مایەی ئاسوودەیی بوو، هەرچەندە هیچ کامێکیان خەو نەچووە چاوی، ئاخر مەراق بوون ئاخۆ لەوێ چیان دێتە پێش. سەیری ئەو تەلارە هەڵچووە بەئاسماندا، لانگدن هەستی وەک ئەلیس[280] وابوو کە کەوتە لانەی کونی کەروێشکەکان. ***هەردەبێ ئەوە خەون بێ.*** هێشتاش ئەو زانی، دوایین دەقە پەیامی سانییێر لەوە وردەکارتر نابێ.

***جامە پیرۆزەکە لە بن ڕۆسلینە دێرینەکە چاوەڕێیە.***

لانگدن وا خەیاڵی بۆ نەخشە جامەکەی سانییێر چوو بوو کە وشەتێکپەڕێک بێ هێڵێکیXی بەناودا کێشرابێ، کەچی دوا نهێنی دەستەی مریدایەتی بە هەمان شێوەی سەرەتای مەتەڵەکانی سانییێر، جێگەکەی ئاشکرا کرد. ***دێڕە هۆنراوەیەکی سادە.*** چوار دێڕی تایبەت بێ دوودڵی ئاماژەی بە شوێنەکە کردبوو. سەرباری ناسینەوەی ڕۆسلین بەهۆی ناوەکەیەوە، هۆنراوەکە ئاماژەی بە بیچمی نازداری تەلارسازی پەرستگاکە دابوو.

---

Alice [280] ئەلیس، مەبەست داستانە فەنتازییاکەی لویس کارۆلە بەناوی سەرچڵییەکانی ئەلیس.

وێڕای ڕوونی دوا ڕوونکردنەوەی سانییێر، لانگدن کەمتر هەستی بە هاوسەنگی دەکرد لەوەی شتەکەی بۆ ڕۆش ببێتەوە. بۆ ئەو پەرستگاکە شوێنێکی زۆر ڕاشکاوانەیە بۆ جامەکە. ئاخر بۆ چەندین سەدە ئەم پەرستگا بەردینە جێ دەنگدانەوەی بەندوباوی بەچرپەی وابوو، گوایە جامە پیرۆزەکەی تێدایە. ئەو بەندوباوە چرپەدارانە لەو یەک دوو دەیەیانەی ئەم دووایە ببوونە هاتوهاوار، ئەمەش لەکاتێکدا بە ڕاداری ژێر زەوی بونیادێکیان لەژێر زەمینەکەدا دۆزیبووەوە. ئەوەش وەنەبێ ئەو شتە قووڵە ژێر زەمینەی بووبێتە مایەی بچووککردنەوەی سەرووی پەرستگاکە، بەڵکو وادیاربوو نە دەروازە و نەدەرچەشی تیدا هەبێ. ئارکیۆلۆجییەکان داوایان کرد لەڕێی هەڵکۆڵینی بەردی ژێرەوە بگەنە قووڵایی بونیادە تەلیسماوییەکە، لێ دامەزراوی ڕۆزلین بەتوندی بڕیاری قەدەغەکردنی هەر هەڵکۆڵینێکی لە شوێنە پیرۆزەکە دا. بێگومان، ئەمەش بەنزینی زیاتری بە ئاگری گومانە پێلێهەڵبرڕەکان داکرد. باشە تۆبڵێی ئەو دامەزراوەی ڕۆسلینیە هەوڵ دەدا چی بشارێتەوە؟

هەنووکەش ڕۆسلین بووەتە ڕووگەنمای حەجی ئەوانەی بەدوای شتی تەلیسماویدا دەگەڕێن. هەندێک دەڵێن هێزێکی موگناتیزی بۆ کێڵگەکانی ئەوێی پڕ لە ڕووداوی ڕاڤەنەکراو کێشکردوون، هەندێکی دیکەش دەڵێن، هاتوون لەو گرد و زوورگانە بەدوای دەروازەی نادیاری ژێرزەمینەکەدا بگەڕێن، بەڵام زۆریش لە سەردانکەران دانی پێدادەنێن، هاتوون بەسەر خاکێکدا گوزەر بکەن بۆن و بەرامەی جامە پیرۆزەکەی لێدێ.

هەرچەندە لانگدن پێشتر هەرگیز نەهاتبووە ڕۆسلین، لێ هەمیشە بەو قسەیە پێدەکەنی گوایە ماڵی هەنووکەیی جامە پیرۆزەکەیە. بە دانپێدانانەوە، دەکرێ رۆسلین ماڵومەنزڵی جامە پیرۆزەکە بێ، بەڵام ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر... چیدی وا نەماوە. ئاخر لەم دەیانەی ڕابردوودا سەرنجی زۆر بەلای ڕۆسلین ڕاکێشراوە، درەنگ یان زوو لەکۆتایدا یەکێک هەر بۆی هەڵدەکەوێ بچێتە ژێر زەمینەکە.

ئەکادیمییەکانی بواری جامەکە لەسەر ئەوە کۆک بوون، ڕۆسلین تەڵەیەک بووە، دوا شوێنی بنبەستی دەستەی برایەتی کە لێزانانە نەخشەیان بۆ کێشاوە. ئەمشەویش هەرچەندە بەردەکلیلەکەی دەستەی برایەتی لە هۆنراوەکەی خۆیدا ئەوەی خستۆتە ڕوو، ڕاشکاوانە ئاماژەی بەم شوێنە داوە، لێ لانگدن هێشتا بڕوای نەدەکرد. هەموو ڕۆژەکە پرسیارێکی لەکەللەی دابوو:

***باشە بۆچی سانییێر ڕێنوێنی ئێمە بۆ شوێنێکی وا ڕاشکاو کرد؟***

پێدەچێ لەوێدا وەڵامێکی هۆشمەندانە هەبێ.

***هەردەبێ شتێک لەبارەی ڕۆسلین هەبێ، کە هێشتا لێی تێنەگەیشتووین.***

- "ڕۆبەرت؟" سۆفی لە دەرەوەی ترومبێلەکە وەستابوو، سەیرێکی دواوەی کرد و گوتی. "تۆ نایەیت؟" سۆفی سندووقە دارینە گوڵە ڕەزەکەی پێبوو، ئاخر کاپتن فاشێ بۆی گەڕاندبۆوە. لەنێو سندووقەکەشدا هەردوو کریپتیسەکەی تێدا بوون. ئەو کاغەزە تەنکە لوولدراوەشی لەنێودا بوو بەڵام بەبێ شووشە سرکە بچکۆلانەکە.

لانگدن و سۆفی بەسەر ڕێگا درێژە بەردینەکەدا ڕۆیشتن، بەلای دیوارە بەناوبانگەکەی ڕۆژئاوای کڵێساکەدا ڕەت بوون. سەردانکەرە ئاساییەکان وای بۆچووبوون، ئەم دیوارە لاسارەی بەشێک لەبەشەکانی پەرستگاکە بووە، بەڵام تەواو نەکراوە. ڕاستییەکەش وەک لانگدن بەبیری هاتەوە، شتێکی زۆر لەوە سەیروسەمەرەتر بوو.

***دیواری ڕۆژئاوای پەرستگای سلێمان.***

سوارچاکانی پەرستگا کڵێسای ڕۆسلینیان ڕێک لەسەر نەخشەی تەلاسازی پەرستگای شا سلێمان لە ئۆرشەلیم بەتەواوی بە دیواری ڕۆژئاواشەوە ڕۆنابوو، دیواری ڕۆژئاوا تەلارێکی لاکێشەیی کە ژێرزەمینێکی وەک ژێرزەمینەکەی پیرۆزی پیرۆزەکانی هەبوو، ئەوەی نۆ سوارچاکە ڕەسەنەکان لەوێدا گەنجینە گرانبەهاکەیان تێدا دۆزیبووەوە. لانگدن دەبوایە پێی لێنابوایە، ئەم ژێرزەمینەی بیرۆکەی سوارچاکانی پەرستگا بۆ دروستکردنی پەرستگایەکی جامە پیرۆزەکە ، ڕێک لەو حەشارگە دێرینەیە دەچوو.

دەەروازەی پەرستگای ڕۆسلین لەوە سادەتر بوو کە لانگدن ڕەچاوی دەکرد. تەختەدارێکی بچکۆلەی داربەڕوو بە دوو بزمار هەڵواسرابوو، سادەییانە لەسەری نووسرابوو:

**ڕۆسلین**

ئەمە ڕێنووسی کۆنە، لانگدن وای بۆ سۆفی ڕوونکردەوە، وشەکە لە هێڵی کەمەرەی گوڵەڕەزەوە هاتووە کە پەرستگاکەی لەسەر دروست کراوە، یاخود ئەکادیمیانی بواری جامەکە پێیان خۆشە وا بڕوا بکەن، کە هێڵی گوڵەڕەزەکە بۆ هێڵی بنەچەی ماری ماجدەلینا دەگەڕێتەوە.

پەرستگاکە زۆر ناخایەنێ دادەخرێ، ئیدی لانگدن و سۆفی پاڵیان بە دەرگەکەوە نا، هەوایەکی گەرم لە ژوورەوە هورژمی بۆ هێنان، وەک ئەوەی شوێنەکە دوای ڕۆژێکی دوورودرێژ هەناسەی خۆی دابێ. تاقی دەروازەی چوونەژوور بە گوڵی هەڵکەندراوی پێنج پەلک نەخشابوو.

***گوڵەڕەزەکان. منداڵدانی خودایە مێینەکان.***

لانگدن لەگەڵ سۆفیدا چوونە نێو حەرەمی پەرستگایەکە، لەگەڵ چوونەژووردا بەیەکجار سەیری هەمووی کرد. هەرچەندە شتی لەسەر ناوازەیی و دڵگریی حەرەمە بەردینە ناودارەکەی پەرستگاکە خوێندبووەوە، لێ بینینی شت بەچاوی خۆت دڵڕفێنانەتر بوو.

***بەهەشتی هێماکان***، یەکێ لە هاوپیشەکانی لانگدن وای ناونابوو.

هەموو تەختاییێکی کڵێساکە هێمایەک لە هێماکانی خاچی کریستیانی، ئەستێرەی جووەکان، مۆری ماسۆنییەکان، خاچی سوارچاکانی پەرستگا، شاخی بەران، قووچەکەکان، هێماکانی فەلەلناسی، دارودرەخت، میوەجات، گوڵی پێنج گەڵایی و گوڵەڕەزەکان، لێ هەڵهەڵکۆدرابوو. ئاخر سوارچاکانی پەرستگا وەستای تەلارسازی کارامە بوون، کڵێسای پەرستگایان لەسەرتاسەری ئەوروپادا قیت کردبوونەوە، بەڵام ڕۆسلین لە هەموویان ناسکتر، خۆشەویستر و بەشکۆتر بوو. وەستای دیوارەکە بەرد نەمابوو نەقاڕ[281]ی نەکردبێ و شتی لەسەر هەڵنەکۆڵیبێ. پەرستگای ڕۆسلین چاکێکی هەموو باوەڕەکان بوو... هی هەموو نەریتەکان بوو... لەسەرووی هەمووشیانەوە هی سروشت و خواوەندی مێینە بوو.

بن هەنوانی کڵێساکە بەدەر لە ژمارەیەکی کەم نەبێ، دەنا چۆڵ بوو. ئەوانیش گوێیان لە پیاوێکی گەنج دەگرت کە دوا ڕێنوێنی ڕۆژەکەی بەنێو کڵێساکەدا بۆ دەکردن. پیاوەکە ئەوانی بەڕێزەوە بەسەر ڕێڕەوە ناوادرەکەی سەر ناوکەوەکە، کە بە نادیاری شەش لاباڵی تەلارسازی لێک دەدا، ڕێنوێنی دەکردن. بەچەندان نەوەی سەردانکەر بەسەر ئەو هێڵە ڕاستانەدا ڕەت بوون، بەڕێڕۆیشتنەکەیان پنتەکانیان لێک گرێ دەدا، ئیدی هێمایەکی کەتە و زلی لەسەر ناوکەوەکە پێک دەهێنا



[281] نەقاڕکردن: کاتی خۆی لەدێ و لەشار بەر لە داهاتنی خشت و بلۆک، دیواریان هەر بە بەرد دروست دەکرد، ئەوسا پێشتر بە چەکوچ بەردەکەیان بەشێووەیەکی ئەندازەیی وا دادەتاشی تا بە جوانی لە دیوارەکەدا جێگەی خۆی بگرێ و هەم دیمەنێکی جوانیش نیشان بدا. بەداخەوە ئێستا ئەم وەستایەتییە نەماوە. لە سەرەتای هەشتاکان و لەپشووی هاویندا بەردەستی وەستای دیواری وام کردوە.

***ئەستێرەکەی داود،*** لانگدن بیری کردەوە. ***شتەکە ڕێکەوت نییە لێرەیە.*** ئەستێرەکە بە مۆری سلێمانیش دەناسرا، ئەم ئەستێرە شەش گۆشەییە کاتی خۆی هێمایەکی نهێنی کەشیشەکانی ئەستێرەوانی بوو، دواتر لەلایەن پاشاکانی ئیسرائیل، داود و سلیمان وەرگیرا.

کاتێ لانگدن و سۆفی لێوەژوور حەرەمی کڵێساکە کەوتن، ڕێنوێنەکە ئەوانی بینی، هەرچەندە کاتی داخستنی کلێساکەش بوو، لێ خەندەیەکی بەخێرهێنانی بۆ کردن، ئاماژەی ئەوەی بۆ کرد کە بە کەیفی خۆیان لە نێو کڵێساکەدا بسوورێنەوە.

لانگدن سەری سوپاسگوزاری بۆ لەقاند و بەنێو حەرەمەکەدا ڕۆیشت. سۆفیش بە ڕووخسارێکی مەتەڵاوی لە دەروازەکە ڕەق وەستابوو.

- "ئەرێ چییە؟" لانگدن وای لێپرسی.

- سۆفیش چاوێکی لە پەرستگاکە کرد. "پێموایە... ئێرەم بینیوە."

- لانگدن سەرسام بوو. "بەڵام خۆ تۆ گوتت هەرگیز گوێشت لەناوی ئێرە نەبووە."

- "گوێم لێ نەبووە..." دیسان چاوی بە حەرەمی پەرەستگاکەدا گێڕا و دیاربوو دڵنیاش نەبوو. "هەر دەبێ کاتێ منداڵ بووم، باپیرەم منی هێنابێتە ئێرە. نازانم. هەست دەکەم بەم شوێنە ئاشنام" کاتێکیش چاوی بەناو ژوورەکەدا گێڕ، سەری بە سەلماندێکەوە لەقاند. "بەڵێ." ئاماژەی بە ڕووی پێشەوەی حەرەمەکە کرد. "ئەم دوو دینگانە... پێشتر بینیومن."

لانگدن لەو دوو ئەستووندە ئاڵۆزە هەڵکۆڵراووەکە لەو سەری حەرەمەکە بوو، ڕاما. ئەو جێهەڵکۆڕاوە سپییەی سەر کۆڵەگەکان لەبەر تیشکی خۆری ئەم ئێورەیەدا کە لە پەنجەرەکە دەهاتەژوور، بریقەیان دەهات. کۆڵەگەکان -لەو شوێنە بوون کە ئاساییانە قوبانیگەی لێدادەنرا- دوو کۆڵەگەی شاقووڵی سەیر و ئەنتیکە بوون. دینگەکەی لای دەستە چەپ بە نەخشونیگاری سادە هەڵکۆڵدرابوو، هێڵێ ستوونی لەسەر بوون، هەرچی دینگەکەی لای ڕاست بوو، بە شتی جوانتر و سەرنجڕاکێشتر ڕازابووەوە.

سۆفی هەرزوو خۆی گەیاندبووە ئەوێ. لانگدنیش خێرا بەدوایدا ڕۆیشت و گەیشتە لای دینگەکان. سۆفی بە جۆرە واقوڕمانەوە سەری دەلەقاند. "بەڵێ، دڵنیام ئەوانەم بینیوە."

- "گومانم نییە ئەوانەت بینیوە،" لانگدنیش وای پێگوتەوە، "بەڵام پێویستیش نەبووە هاتبێتە ئێرە."

- سۆفی ئاوڕی لێدایەوە. "مەبەستت چییە؟"

- "ئەم دوو دینگەیە زۆرترین شتی تەلارسازیین لە مێژوودا لاساییان کرابێتەوە. دووبارەکردنەوەیان لە هەموو سوچێکی دنیادا دەبینی."

- "دووبارەکردنەوەی ڕۆسلین؟" دیاربوو سۆفی دوودڵ بوو.

- "نەخێر. دینگەکان. ئایا بەبیرت دێتەوە کە ئاماژەی ئەوەم بۆکردی، خودی ڕۆسلین شێوەیەکی لەبەرگیراوی پەرستگاکەی سلێمانە؟ ئەو دوو کۆڵەگەیەش کتومت ئەوانەن کە پەرستگاکەی سلیمان لەسەریان وەستا بوو." لانگدن ئاماژەی بە دینگەکەی لای چەپ دا. "ئەمەیان پێی دەگوترێ Boaz بۆواز یان دینگەی وەستا، ئەویدیکەشیان پێی دەگوترێ Jahim یاخیم یان دینگەی شاگرد." ئیستێکی بۆ کرد. "لەڕاستیشدا، بەکردەوە لە هەموو پەرستگایەکی ماسۆنییەکان لە جیهاندا، دوو کۆڵەگەی وەک ئەمەی لێ هەیە."

پێشتر لانگدن بۆ سۆفی شتی لەبارەی مێژووی دەستڕۆیشتنی سوارچاکەکانی پەرستگا ڕوون کردبووەوە، چۆن پەیوندییێکیان بە جڤاتە نهێنیەکەی هاوچەرخانەی ماسۆنییەتەوە هەیە، کە پلەدارێتیەکەی لە شاگردی ماسۆن، هاوپیشەی ماسیۆن، وەستا(مامۆستا)ی ماسۆن دەگرێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە ڕۆژگاری کۆنی سوارچاکانی پەرستگا. دوا هۆنراوەی باپیرەی سۆفیش، ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە مامۆستا ماسۆنەکان کردبوو، کە کڵێسای ڕۆسلینیان بە دەستکارە هەڵکۆدراوەکانیان ڕازاندبووەوە. هەروەها هۆنراوەکە ئاماژەی بە بنمیچی ڕۆسلینیش دابوو، چۆن بە ئەستێرە و هەسارەکان ڕازابووەوە.

- "من هەرگیز نەچومەتە نێو پەرستگایەکی ماسۆنی،" سۆفی وای پێگوتەوە و هێشتاش نیگای چاوەکانی هەر لەسەر دینگەکان بوو. "خەریکە بڵێم دڵنیام ئێرەم بینیوە." ئاوڕێکی لە کڵێساکە دایەوە، وەک ئەوەی شتێک ختووکەی یادەوەرییەکەی بدا.

باقی سەردانکەرانی پەرستگاکە ڕۆیشتن، ڕێنوێنە گەنجەکەش بەنێو هۆڵەکەدا بە خەندەوە، بەخۆی و پێڵاوە سکۆتی و پرچە کەژە فەراولەییکەیەوە هاتە لایان. "لەسەروبەندی کۆتایی ڕۆژەکەداین و دەرگاکان دادەخەین. دەکرێ بۆ دۆزینەوەی شتێک یارمەتیتان بدەم؟"

***باشە چی لەبارەی جامە پیرۆزەکە دەزانی***؟ لانگدن بە تەمابوو وای پێ بڵێ.

- "کۆدەکە،" سۆفی لەپڕێکەوە کە شتێکی بۆ هاتبێ، وا هاتە گۆ. "کۆدێک لێرە هەیە!"

- شەماشە ڕێنوێنەکە بە پەرۆشبوونی سۆفی دڵخۆش بوو. "بەڵێ، خانم، شتەکە لەوێیە."

- "بە بنمیچەکە وەیە،" سۆفی وای گوت و یەکسەریش بەرەو دیواری دەستەڕاستی ڕوانی. "لە شوێنێک... لەوێ."

- کوڕە گەنجەکەش بە خەندوە گوتی، "وا دەبینم، جاری یەکەمت نییە، بێیتە ئێرە."

***کۆدەکە***، لانگدن بیری کردەوە. ئەو کەمە زانیاریەی لەبیر کردبوو. لەنێو تەلیسمە بێژمارەکانی ڕۆسلیندا، ڕێڕەوێکی تاقدار هەبوو، تێیدا بە سەدان خشت شۆڕببوونەوە، ئەوان سەرەبەرەو خوار ڕووخسارێکی سەیریان دروستکردبوو. هەر خشتێکیش هێمایەکی لەسەر هەڵکەندرا بوو، شتەکان گۆترەکارانە دیار دەکران، بەیەکەوەش کۆدێکی نەشکاویان (لێتێنەگەیشتوویان) پێک دەهێنا. خەڵکانێک هەبوون بڕوایان وابوو کۆدەکە دەروازەی شاردراوەی پەناگەی ژێر کڵێساکە دەردەخا. ئەوانی دیکە بڕوایان وابوو، کۆدەکە ڕاستی پاشماوەی جامەکە دەگێڕێتەوە، ئەمەش گرنگ نەبوو، ئاخر کۆدشکێنەکان بۆ چەندین سەدەیە لە هەوڵی شکاندنی کۆدەکانن. بۆ ڕۆژی ئەمڕۆش، ڕۆسلین پاداشتێکی بەخشندەی بۆ هەر کەسێک داناوە بتوانێ پەردە لە سەر واتای نهێنی دیوارە کۆدەکەدا هەڵبداتەوە، لێ کۆدەکە هەروا بە تەلیسماویی ماوەتەوە.

- "خۆشحاڵم شتەکەتان نیشان بدەم..."

دەنگی شەماشەکە ڕەویەوە.

***یەکەمین کۆدم***، سۆفی بیری کردەوە، بە تەنیاش جووڵا، بەشوێن پێی شەماشەکەدا بەرەو ڕێڕەوە تاقدارەکە ڕۆیشت. سندووقە دارینە گوڵەڕەزەکەی دابووە دەستی لانگدن، بۆ ساتێک سۆفی هەستی کرد هەموو شتێکی لەبارەی جامە پیرۆزەکە، مریدایتی سایۆن، هەموو شتە تەلیسماویەکانی دوێنێ فەرامۆش کردبوو. کاتیکیش گەیشتە ژێر بنمیچە کۆدەدارەکە و هێماکانی سەر سەری خۆی بینی، یادەروەری یەکەمی بە تەوژم بۆ گەڕایەوە. سۆفی یەکەمین سەردانی ئێرەی بیرهاتەوە، یادەوەرییەکانیش بە چاوەڕواننەکراوی مایەی خەمباری بوون.

ئاخر ئەو کیژۆڵەیەکی بچکۆلانە بوو... ساڵێک دوای مەرگی ئەندامانی خێزانەکەی بوو. باپیرەی بۆ کورتە پشوویێک لەگەڵ خۆی هێنابوویە سکۆتلەندا. ئەوان بەرلەوەی بگەڕێنەوە پاریس، سەردانی ڕۆسلینیان کرد. کاتەکەش ئێوارەیەکی درەنگ بوو، پەرستگاکە داخرا بوو. بەڵام ئەوان هەر لەژوو مابوونەوە.

- "باپیرە، دەکرێ بگەڕێینەوە ماڵێ؟" سۆفی هەستی بە ماندوێتی، وا لەباپیرەی پاڕایەوە.
- "شیرینەکە، زوو، هەر زۆر زوو." دەنگەکەشی خەمبارانە بوو. "دوا کارم دەبێ لێرە بەجێی بگەیەنم."
- "تۆ شتێکی گەورەت لێرە هەیە؟"
- ئەویش سەری بۆ لەقاند "سۆزت دەدەمێ، زۆر خێرا بم."

- "دەکرێ بچمەوە بن تاقە کۆدەدارەکە؟ هەر بۆخۆشی؟"

- "نازانم. من دەبێ بچمە دەرێ. ئاخر ناترسی بەتەنها بی؟"

- "بێگومان ناترسم!" سۆفیش بە تووڕەییێکەوە وەڵامی دایەوە. "خۆ هێشتا تاریک دانەهاتووە."

- ئەویش خەندەیەکی بۆ کرد. "کەواتە زۆر چاکە."سانییێر کچەکەی بردە بن بنمیچە تاقدارەکە کە پێشتر نیشانی دابوو.

سۆفیش دەستبەجێ لەبن بنمیچەکەدا لەسەر پشت پاڵ کەوت، هەوڵیدا مەتەڵەکەی سەر سەری هەڵبێنێ. "بەر لەوی بگەڕێیتەوە، من ئەم مەتەڵە هەڵدێنم!"

- "کەواتە پێشبڕکێیە." سانییێر بەسەریدا چەمایەوە، ماچێکی لە هەنیەی کرد، ئینجا بە قاپیەکەی تەنیشتی ڕۆیشت. "من لەدەرەوە دەبم. دەرگاکەش بە کراوەیی جێدەهێڵم. ئەگەر پێوستت بە من بوو، بانگم بکە." ئیدی ئەو لەوێ چووەدەر.

سۆفیش لەوێ لەسەر ناوکەوەکە مایەوە، لە کۆدەکە ڕامابوو. چاوەکانی ڕەشکەوپێشکەیان کرد. دوای چەند خولەکێک، هێماکان لەسەر سەری لێڵ و تەماوی بوون پاشان دیار نەمان.

کاتێکیش سۆفی بێدار بووەوە، هەستی بە ساردی ناوکەوەکە کرد.

- "باپیرە؟"

لەوێدا هیچ وەڵامێک نەبوو. سۆفی هەڵسا، خۆی داکوتا. قاپییە لاوەکییەکە هەر کراوە بوو. ئێوارەکەش تادەهات تاریکتر دەبوو. سۆفی لە قاپیەکە چوە دەر، بینی باپیرەی لە نزیک قەپەنگی ماڵێکی بەردین ڕاستەوخۆ لەپشت پەرستگاکەوە وەستاوە. بە هێواشی قسە لەگەڵ یەکێک دەکا کە لە دەرگەی دووەمەوە بە باشی بیچمی دیار نەبوو.

- "باپیرە؟" سۆفی بانگی کرد.

باپیرەشی ئاوڕی دایەوە و دەستی بۆ ڕاوەشاند، ئاماژەی پێکرد خولەکێک بوەستێ. ئینجا بە هێواشی دوا وشەی بە کەسەکەی نێو ژوورەکە گوت و بەدەستیش ماچێکی لە دوورەوە بۆ سۆفی هەڵدا. باپیرەی بەچاوی پڕ لەفرمێسک هاتە لای سۆفی.

- "باپیرە، ئەوە بۆچی دەگرییێ؟"

- ئەویش دەستی گرت و لەخۆی نزیک کردەوە. "هۆ، سۆفی، لەم ساڵەدا تۆ و من خواحافیزیمان لە زۆر کەس کردووە. ئەمەش زۆرە."

- سۆفی بیری لە ڕووداوەکە کردەوە، ئاخر خواحافیزی لە باوک، دایک، داپیرە و براکەی کردبوو. "ئەوە خواحافیزی لە کەسێکی دیکەش دەکەی؟"
- "لە کەسێکی شیرین، کە زۆرم خۆش دەوێ،" ئەویش وا وەڵامی دایەوە دەنگیشی پڕ لە هەست و سۆزی هەڵچوون بوو. "دەترسم تا ماوەیەکی زۆر درێژیش نەیبینمەوە."

لانگدن لەگەڵ شەماشە ڕێنوێنەکەدا وەستا بوو، سەیری دیوارەکانی پەرستگاکەی دەکرد و هەستێکی واشی بۆ هات لەوانەیە بە بنبەست بگا. سۆفیش بەرەو تاقە کۆدەدارەکە ڕۆیشتبوو، لانگدنی لەگەڵ سندووقە دارینە نەخش گەڵەڕەزەکەدا جێهێشتبوو، ئەو سندووقەی نەخشەی جامەکەی تێدا بوو، دیاربوو ئێستاش داد نادا. هەرچەندە هۆنراوەکەی سانییێر بە ڕوونی ئاماژەی بە ڕۆسلین دابوو. لێ لانگدن دڵنیا نەبوو دوای ئەوەی گەیشتۆتە ئەوێ، چی بکا. هۆنراوەکە ئاماژەی بە "تیغێک و بادە"یەکیش دابوو، لانگدن ئەم دوو شتەی لە هیچ شوێنێک نەدەبینی.

***جامە پیرۆزەکە لەبن ڕۆسلینە دێرینەکەدا چاوەڕێیە***

***تیغ و بادەکەش پاسەوانی دەرگاکانی دەکەن.***

دیسان لانگدن هەستی بەوە کرد، هەندێ ڕاستی تەلیسماوی دیکە هێشتا خۆیان دەرنەخستووە.

- "من رقم لە خۆتێهەڵقورتاندنە،" شەماشەکە وای بە لانگدن گوت و چاویشی لەسەر سندووقە دارینەکە بوو کە لە نێو دەستی لانگدا بوو. "بەڵام ئەم سندووقە... دەکرێ بپرسم لە کوێت هێناوە؟"
- لانگدنیش پێکەنینێکی ماندووانەی بۆکرد و وەڵامی دایەوە؛ "ئەمەیان چیرۆکێکی زۆر دووردرێژە."

گەنجەکە دوودڵ بوو، دیسان چاوی لە سندووقەکە کردەوە. "ئەمە شتێکی سەیرە، داپیرەکەم سندووقێکی بۆخشڵ هەیە، کتومت لەوەی تۆیە. بەهەمان گوڵەڕەز ڕازاوەتەوە، هەمان گوڵی لەسەر هەڵکەندراوە، تەنانەت دەسەکەشی هەمان شتە."

لانگدن زانی گەنجەکە بەهەڵەدا چووە. ئاخر یەک تاکە سندووق لەم جۆرە هەیە، ئەویش ئەمەیانە، سندووقێک تایبەت بە مریدانی سایۆن. "دەکرێ هەردوو سندووقەکە لەیەک بچن بەڵام
—"

دەرگا لاوەکییەکە بە توندی پێوەدرایەوە، هەردووکیان سەیریان کرد. سۆفی لە دەرگاکە هاتەدەر بێ ئەوەی قولماتی لەدەم بێتە دەر، بەوێدا ڕۆیشت تا گەیشتە لای خانوێکی بەردین. لانگدن لێیوە ڕاما. ***ئەوە بۆ کوێ دەچێ***؟ لەوکاتەی پێی ناوەتە ئەو تەلارە، سەیروسەمەرە دەجووڵێتەوە. ئینجا ڕووی لە شەماشەکە کردەوە. "ئایا دەزانی ئەوە چ خانووێکە؟"

- ئەویش سەری بۆ لەقاند، دیاریش بوو بە ڕۆیشتنی سۆفی بۆ خانووەکە وڕوکاس ببوو. "خانووی سەرپەرشتیاری پەرستگاکەیە. سەرپەرشتیارەکە لەوێ دەژی. هەر ئەویش سەرۆکی کۆمەڵەی بەڕێوەبردنی ڕۆسلینە." کوڕەکە ئیستێکی بۆ کرد، ئینجا تێهەڵچۆوە. "لەهەمان کاتدا داپیرەی منیشە."
- "داپیرەی تۆ سەرۆکی کارگێڕی ڕۆسلینە؟"
- کوڕەکە سەری بۆ لەقاند. "من لەگەڵیدا لەو سەرپەرشتخانەیەدا دەژین و ڕێنوێنی میوانانی پەرستگاکە دەکەم." کوڕەکە شانی هەڵتەکاند. "من هەموو ژیانم هەر لێرە ژیاوم. نەنکم منی هێناوەتە ئەم خانووە."

لانگدن خەمی سۆفی بوو، بەدوایدا ڕۆیشت، بەنێو پەررستگاکەدا چوو تا گەیشتە لای خانووەکە، تا بانگی سۆفی بکا. ئەو نیوەی ڕێی بڕی بوو، لەپڕ وەستا. شتێک کە گەنجەکە پێی گوتبوو، سەرنجی ڕاکێشا.

***داپیرەم منی هێناوەتە ئێرە.***

لانگدن سەیری سۆفی کرد، بە خانووەکەدا چووبووە خوارێ، ئینجا ئاوڕی لە سندووقەکەی دەستی دایەوە. ***ئەستەمە***. ئیدی بە هێواشی ئاوڕی لە گەنجەکە دایەوە، لێی پرسی؛ "تۆ گوتت، داپیرەت سندووقێکی وای هەیە؟"

- "دەق وایە."
- "لەکوێی هێنا؟"
- "باپیرەم بۆی دروست کردبوو. ئەوکات دروستی کردبوو، من کۆرپەلە بووم، لێ داپیرەم هەر باسی دەکا. دەڵێ ئەو پیاوێکی دەستڕەنگینی بلیمەت بووە. ئەو هەموو ئەو جۆرە دەستکارانەی دروست دەکردن."
- لانگدن هەستی بەو تۆڕە نامەعقوولەی پەیوەندییەکانی کرد، کە سەریان هەڵدا. "ئەرێ تۆ گوتت داپیرەکەت تۆی هێناوەتە ئێرە. ئەگەر زەحمەت نەبێ، چی بەسەر دایبابت هاتووە؟"

- کوڕە گەنجەکە سەرسام دیار بوو. "من منداڵ بووم کە ئەوان مردن." ئیستێکی بۆکرد، ئینجا؛ "لە هەمان ڕۆژ هەروەک باپیرم."
- دڵی لانگدن کەوتە هەڵپە، "بە ڕووداوی ترومبێل؟"
- ڕێنوێنەکە بیری هاتەوە، شتێکی مەراقانەی لەنێو چاوە زەیتوونیەکەدا بریسکەی دا. "بەڵێ، بە ڕووداوی ترومبێل. هەموو ئەندامانی خێزانەکەم لەو ڕۆژەدا فەوتان. من باپیرە، دایک و باوکم لەدەستدا و ..." ئەو دوودڵ بووم سەیرێکی خوارەوەی کرد.
- "هەروەها خوشکەکەشت." لانگدن وای پێگوت.

لەویَ لەخوارەوە، لەنێو خانووەکەدا ڕێک وەک سۆفی بیری هاتەوە، وابوو. تازە شەو داهاتبوو، ماڵەکە گەرم و هەندێ ڕووناک بوو. بۆنی نان بەنێو دەرگە کراوەکەدا دەهات، چرا ئاڵتوونییەکە لە پەنجەرەکەوە دیاربوو. کە سۆفی نزیک بووەوە، دەنگێکی کزی نووزە و هەنسک لەوێدا دەهات.

لە ڕێی دەرگاکەوە سۆفی پیرەژنێکی بینی لە ڕاڕەوەکە وەستا بوو. پشتی پیرەژنەکە لە دەرگاکە بوو، سۆفی بینی ژنەکە گریاوە. ئافرەتەکە پرچێکی پڕ و درێژی زیوینی هەبوو، ختووکەی یادەوەرییەکەی دا. هەستی کرد بەرەو ژنەکە دەکشێ و لێی نزیکە، سۆفی هەنگاوی بەرەو دوا پەیژەی خوارەوە نا. ژنەکە وێنەی چوارچێوەداری پیاوێکی پێبوو، بە خەمبارەیەوە پەنجەکانی بەسەر دەموچاوی دادەهێنا.

دەمووچاوییێک سۆفی زۆر باش ناسیەوە.

***باپیرە.***

ئاشکرا دیاربوو ژنەکە گوێی لە هەواڵە ناخۆشەکەی دوێنی شەو بووە.

دەنگی تەپەی پێی سۆفی هات، ژنەکە بە هێواشی ئاوڕی دایەوە، چاوە خەمبارەکانی بەر سۆفی کەوتن. سۆفی ویستی بەرەو ڕووی غار بدا، بەڵام لەشوێنی خۆی سڕ بوو. نیگای پەرۆشانەی ژنەکەش کە وێنەکەشی دانابووەوە وەک خۆی بوو، نەگۆڕا و لە دەرگاکە نزیک بووەوە. ئیدی هەردوو ژنەکە بە تەواوی لەڕێی تۆڕێکی تەنکەوە سەیری یەکدیان کرد. ئینجا بەچەشنی شەپۆلێکی بەخوڕی زەریالووش سیمای دەمووچاوی هەردوو ژنەکان گۆڕا، بەرەو نادڵنیایی وەرچەرخا... ئینجا بووە شتێک باوەڕ نەکرێ... بەرەو هیوا... لە کۆتاییدا بووە شادی هێن.

لەنێو دەرگا کراوەکەدا، ژنەکە هاتەدەر، بە دەستە نەرمەکانی گەیشتە سۆفی، ڕوومەتەکانی سۆفی بە هەردوو لەپی دەستی گرتن. "ئۆو، کۆرپە شیرینەکەم... سەیری خۆت بکە!"

هەرچەندە سۆفی نەیناسیەوە، لێ زانی ئەو ژنە کێیە. هەوڵیدا قسەیەک بکا، بەڵام خۆ هەناسەشی پێ نەدرایەوە.

- "سۆفی." ژنەکە بە هەنسکەوە نێوچەوانی ماچ کرد.
- وشەکانی سۆفیش وەک چرپەیەکی کپ وابوو. "بەڵام... باپیرە گوتی تۆ ..."
- "دەزانم." ژنەکە دەستە ناسکەکانی لەسەر شانی سۆفی دانا و بە چاوە بەڵەدەکانی لێی ڕوانی. "باپیرەت و من ناچار بووین زۆر شت بڵێین. ئەو شتانەمان کرد کە پێمان ڕاست بوو. من زۆر بەداخم. ئەمە هەمووی لەبەر سەلامەتی تۆبوو، شازادەکەم."

سۆفی گوێی لەدوا وشەکە بوو، دەمودەست بیری بۆ باپیرەی چووەوە، ئاخر ئەو چەندین ساڵ هەروا بانگی دەکرد. دەنگی ئەو هەنووکە لەنێو بەردە کۆنینەکانی ڕۆسلین سەدای دایەوە دەنگێک لە زەوەیەوە دەرهات، ئینجا دەلەرایەوە و لەنێو بۆشاییەکەدا دەنگی دایەوە.

ژنەکە دەستی لەشانەکانی سۆفی وەرێنا، فرمێسکەکانیش خێراتر دەڕژان. "باپیرەت زۆری حەز لێبوو هەموو شتێکت پێ بڵێ. بەڵام شتەکانی نێوانی ئێوە بە جۆرێکی دیکە گۆڕا. ئەو زۆر هەوڵی دا. ئاخر ئەوەندە شت هەبوو ڕوونی بکاتەوە." ژنەکە جارێکی دیکە نێوچەوانی سۆفی ماچ کردەوە، ئینجا لەبن گوێیدا چرپاندی؛ "شازادە خاتوون، ئیدی نهێنی نەمان. کاتی ئەوە هاتووە، هەموو ڕاستییەکان لەبارەی خێزانەکەت بزانی."

سۆفی و داپیرەی لەوێ لەسەر دوا پەیژە دانیشتبوون، بە فرمێسکەوە یەکدیان لەباوەش گرتبوو، کە گەنجە ڕێنوێنەکە بە پلیکانەکاندا هاتەخوار، چاوەکانی پڕ لە هیوا و شتی باوەڕپێنەکراو بوون.

- "سۆفی؟"

سۆفی بە فرمێسکەوە سەری بۆ لەقاند، لەجێی خۆی هەڵسا. ئەو ڕووخساری گەنجەکەی نەدەناسیەوە، بەڵام ئامێزیان تێک وەرێنا. سۆفی هەستی بەهێزی خوێن کرد لە دەمارەکانیدا قوڵپەی دەدا... ئەو خوێنەی هەر ئێستا لێی تێگەیشت کە هاوبەشە.

کاتێکیش لانگدن بەنێو چیمەنەکدا هات و خۆی گەیاندە ئەوان، سۆفی بڕاوی بە خەیاڵی خۆی نەدەکرد، ئاخر هەر دوێنی هەستی دەکرد لەو دنیایەدا تاق و تەنیایە. کەچی ئێستا، بە جۆرێک لە جۆرەکان، لەم شوێنە بیانییەدا، بە یاوەری سێ کەس، کە بە ئەستەم دەیناسین، هەستیکرد لەکۆتایدا گەڕاوەتەوە ماڵ و حاڵی خۆی.

باڵی شەو بەسەر پەرستگای ڕۆسلیندا کشا.

ڕۆبەرت لانگدن بەتەنیا لەسەر کۆسپەی دەروازەی دەگاکە و لەبەردەم چیمەنەکە وەستابوو، چێژی لە دەنگی خۆشی و تریقەی پێکەنینی ئەوانەی ژوور وەردەدەگرت، ئاخر ئەوان تازە بەیەک شاد ببوونەوە. تام و کاریگەری قاوە بەرازیلییە بەهێزەکە، نەشئەیەکی خۆشی دابووە لانگدن و هەندێ ماندووبون و شەکەتی لەسەر شانی سووک کردبوو، لێ هەستی کرد زۆری دیکە نابا، حەسانەوەکەی دەڕەوەیتەوە. ئاخر ماندوێتی سەرتاپای جەستەی داگرتبوو، هیلاکی کردبوو.

- "تۆ بە کڕی[282] هاوتوویتە دەر و هەر هەستیشمان پێت نەکرد. "دەنگێکی خەمبارانە لەپشت لانگدنەوە هات.

ئەویش ئاوڕی دایەوە، داپیرەی سۆفی بەدەرکەوت، پرچە زیوینەکەی لەو شەوەشدا دەدرەوشایەوە. ناوی ئەو خانمە لە ماوەی ئەو بیست و هەشت ساڵەی ڕابردوودا ببووە ماری چاوڤێل.

لانگدن خەندەیەکی بێتاقەتیانەی بۆ کرد. "پێمبابوو هەندێ بەتەنیا جێتان بێڵم." لەودیو پەنجەرەکەشەوە بینی سۆفی لەگەڵ برایەکەیدا قسەی دەکرد.

ماری هاتە لای لانگدن و لە تەنیشتی وەستا. "جەنابی لانگدن، کە بۆ یەکەمین جار گوێم لە هەواڵی کوشتنی ژاک بوو، لەترسی سەلامەتی سۆفی تۆقیم. ئەمشەویش لە بەردەرگای ماڵەوەم بینی، مایەی ئاسوودەیەی بوو بۆ هەموو ژیانم. نازانم چۆن سوپاست بکەم."

لانگدن نەیدەزانی چۆن وەڵامی بداتەوە. هەرچەندە ئەو کاتەی خستە بەردەستی سۆفی و داپیرەی تا بە تەنها بن و قسەی خێزانییانەی خۆیان بکەن، لێ ماری داوای لێکرد بچێت و گوێیان لێبگرێ. ***جەنابی لانگدن، ڕوون و ئاشکرا مێردەکەم بەقای بە تۆ بوو، منیش بەقام پێ هەی.***

ئیدی بەم شێوەیە، لانگدن لەگەڵ پیرەژنەکە چووەوە ژوور لەتەنیشت سۆفی دانیشت و بە کڕی گوێی لە ماری گرت، چیرۆکی باوک و دایکی کۆچکردووی سۆفی گێڕایەوە. بۆ مایەی سەرسوڕمانی، هەردووکیان لە بنەماڵەی مێرۆڤینجیان بوون، ڕاستەوخۆ لەوەچەی ماری

[282] بەکڕی: بە بێدەنگی.

ماجدەلینا و عیسای مەسیح بوون. دایبابی سۆفی و باپیرانی لەپێناوی پاراستنی خۆیاندا، نازناوەکانیان لە پلانتارد و سێینت کلییرەوە بۆ شتێکی دیکە گۆڕی بوو. ئاخر منداڵەکانی ئەوان ڕاستەوڕاست لەخوێنە شاهانەییەکە بوون، بۆیە لەلایەن مریدانی سایۆنەوە دەپارێزران. کاتێکیش دایبابی سۆفی بە ڕووداوی ترۆمبێل کوژران، هۆکارەکەی دەرنەکەوت، مریدانی سایۆنیش ترسان نەبادا ناسنامەی وەچەی ڕاستەوخۆی خوێنی شاهانە دۆزرابێتەوە.

- "باپیرەت و من،" ماری ئەمەی بە دەنگێکی پڕ لە ئازارو خەم ڕوون کردەوە؛ "کاتێ هەواڵی ڕووداوەکەمان پێگەیشت، دەبوایە بڕیارێکی سەخت بدەین. تازە ترۆمبێلی دایبابتیان لە ڕووبارەکە دۆزیبووەوە." خانمەکە فرمێسکەکانی سترپینەوە. "ئێمە هەر شەشمان – بە ئێوە، هەردوو منداڵەکەشەوە– قەول وابوو بەیەکەوە بە هەمان ترۆمبێل و لە هەمان شەودا گەشت بکەین. بۆ خۆشبەختی لەدوا ساتدا نەخشەکەمان گۆڕی، ئیدی دایک و باوکت بە تەنیا سەفەریان کرد، کە گوێمان لە ڕووداوەکەش بوو، ژاک و من بە هیچ ڕێگایەک نەماندەزانی کتومت چی قەوماوە... ئاخۆ هەر بەڕاستی ڕووداوێکی ترۆمبێل بووە یان شتی دیکە." ماری سەیرێکی سۆفی کرد. "ئێمە دەمانزانی دەبوایە نەوەکانمان بپارێزین، ئێمەش ئەوەی بە پێویستمان زانی، کردمان. ژاک بە پۆلیسی گوت، کە برایەکەت و خۆشت لەنێو ترۆمبێلەکەدا بوونە... دیارە تەوژمی ڕووبارەکە تەرمەکانی لەگەڵ خۆی بردوون. ئینجا برایەکەت و من خۆمان شاردەوە، بە هاوکاری مریدانی سایۆن ژیانێکی ژێرزەمینانی ژیاین. ژاکیش پیاوێکی ناودار بوو، نەدەکرا ئاشکرا نەژیێ. ئیدی وا بەچاک زانرا سۆفی کە گەورەتر بوو لە براکەی، لەگەڵ ژاک لە پاریس، لەناو بازنەی پاراستنی جەرگەی مریدانی سایۆن گەورە و پەروەردە ببێ." ئیدی دەنگی پیرەژنەکە نزم بوو وەک سرتەی لێهات؛ "لێکترازانی شیرازەی خێزان سەختترین شت بوو تووشی هاتین و دەبوایە بەرگەشمان بگرتبایە. ژاک و من بە دەگمەن یەکمان دەبینی، هەموو جارێکیش کە یەکمان دەدی دەبوایە بە نهێنی بێ... و لەژێر پارێزگاری مریدانی سایۆندا بێ. ئاخر مریدانی سایۆن بە دڵنیاییەوە بۆنەی متمانەداری وایان بۆ ڕێک دەخستین."

لانگدن هەستی کرد، چیرۆکەکە لەوە قووڵترە، بەڵام ئەوەشی زانی بۆی نییە لووتی تێوە بژەنێ. بۆیە هەڵسا و هاتەدەر. هەنووکە لە قوللەکانی ڕۆسلین ڕاماوە، هێشتاش نەیدەتوانی لەدەست تەلیسمە پەردەلەسەر هەڵنەدراوەکەی تەلیسمەکە ڕا بکا. ***ئەرێ تۆبڵێی بەڕاستی جامەکە لێرە لە ڕۆسلین بێ؟ خۆ ئەگەر واش بێ، ئەدی ئەو تیغ و بادەیە لە کوێن کە سانێیر لە هۆنراوەکەدا ئاماژەی پێداون؟***

- "من ئەوە دەبەمەوە،" ماری بوو وایگوت و ئاماژەی بۆ دەستی لانگدن کرد.

- "ئۆو، سوپاست دەکەم." لانگدنیش کووپە قاوە بەتاڵەکەی دایە دەست.
- ژنەکە لێی ڕاما. "جەنابی لانگدن، مەبەستم ئەو شتەی دەستەکەی دیکەت بوو."

لانگدنیش سەری بەردایەوە، تێگەیشت، کاغەزە لوولدراوەکەی سانییێری پێیە. ئەو دیسان لەنێو کریپتیسەکەی هێنابووە دەر و هیوای وابوو جارێکی دیکە سەیری بکات، بەڵکو شتێکی دیکەی لێهەڵبکرێنێ. "هەڵبەتە، ببوورە."

ماری بەخۆشییەوە کاغەزە لوولدراوەکەی لێوەرگرت. "من کەسێک لە بانک لە پاریس دەناسم، پێدەچی زۆر پەرۆش بێ کە سندووقە دار گوڵەڕەزەکەی بۆ بگەڕێتەوە. ئەندرێ ڤێرنێ برادەرێکی خۆشەویستی ژاک بوو، ژاکیش داوای لێکردبوو، ئاگای لە سندووقەکە بێ."

***ئەو تەقەی لە منیش کرد،*** لانگدن بیری هاتەوە، بڕیاریدا هەر باسی نەکا، چونکە کەپووی کابرای بەستەزمانی شکاندبوو. بیری لە پاریس کردەوە، بیری لانگدن بۆ ئەو سێ سەرکارە ڕۆیشت کە دوێنێ شەو کوژرا بوون. "ئەدی دەستەی مریدان؟ چییان بەسەر دێ؟"

- "جەنابی لانگدن، خۆ چەرخەکە کەوتۆتە گەڕ. دەستەی برایەتی بۆ چەندین سەدەیە بەرگەی گرتووە، بەرگەی ئەمەش دگرێ. هەمیشە کەسانێک هەن بجووڵێن و نۆژەنی بکەنەوە."

هەموو شەوەکە لانگدن گومانی ئەوەی هەبوو، پیرەژنەکە پەیوەندییێکی پتەوی بە ئۆپەراسیۆنەکانی دەستەی مریدانی برایەتییەوە هەبێ. ئاخر لەدوای هەموو شتێکیشدا، هەمیشە دەستەی مریدایەتی، ئەندامی ژنیان هەبووە. چوار لە مامۆستا مەزنەکان ژن بوون. سەرکارەکانیش بە پێی نەریت پیاو بوون، ئەوان پاسەوان بوون، کەچی هێشتاش ژن پێگەیەکی شەڕەفمەندانەتری لەنێو دەستەی مریدایەتی هەبووە و دەکرا بۆ پلە هەرە باڵاکەی نێو مریدایەتی هەڵبکشێ و لەسەرووی هەمووانەوە بێ.

لانگدن بیری لە لای تیبینگ و کڵێساکەی ئابێی وێستمینیستەر کردەوە. پێدەچوو ئەوە تەمەنێک بێ. "ئەرێ کڵێساکە فشاری خستبووە سەر مێردەکەت، بۆ ئەوەی بەڵگەنامەکانی سانگریال لە ڕۆژی کۆتاییدا، ئاشکرا نەکا؟"

- "بۆ خاتری خوا نا، کۆتایی ڕۆژی دنیا ئەفسانەیەکی دەستکردی عەقڵە نەخۆشەکان بوو. هیچ شتێک لە ڕێبازی دەستەی مریدایەتیدا نەبوو، کە لە ڕۆژێکی دیارکراودا دەبێ جامەکە ئاشکرا بکا. لەڕاستیدا دەستەی مریدایەتی هەمیشە نیەتی وابووە، جامەکە ئاشکرا نەکرێ."
- "هەرگیز؟" لانگدن بە ئەوقمانەوە وای لێپرسی.
- "ئاخر هەر تەلیسم و پەڕجوو گیانی ئێمەی پاراستووە، نەوەک خودی جامەکە. جوانی جامەکە لە لایەنە نامادییەکەی دایە." ماری چۆڤێل لە ڕۆسلینی ڕوانی. "بۆ هەندێک،

جامەکە تەنیا پێکێکە ژیانێکی هەتاهەتاییان پێ ببەخشێ. بۆ ئەوانی دیکەش، پرسێکی بەڵگەنامەیی و نهێنی دیرۆکییە. بۆ زۆرینەشیان، پێموایە جامەکە سادەوئاسان هزرێکی مەزنە... گەنجینەیەکی دەرکپێنەکراوی دەستکەوتە، بە شێوەیەک لە شێوەکان تەنانەت لە جیهانە پاشاگەردانییەکەی ئەمڕۆشمان، دنەدەرمانە."

- "لێ ئەگەر بەڵگەنامەکانی سانگریل هەر بەشاراوەیی بمێنێتەوە، چیرۆکی ماری ماجدەلینا بۆ هەمیشە ون دەبێ." لانگدن وای بە ژنەکە گوت.
- "تۆبڵێی وابێ؟ سەیری دەوروبەری خۆت بکە. مێژووی ماری ماجدەلینا لە هونەر، موزیک و کتێبەکان دایە. هەموو ڕۆژێ و شتی زۆرتر. چرکەژمێرەکە کەوتە باری خوولانەوە. ئێمەش هەستمان بە دژواری دیرۆک و ڕێگا وێرانەکەمان کردووە. خەریکە سەرەتای هەستکردنمان بێ بە بووژانەوەی مێینەی پیرۆز." ژنەکە ئیستێکی کرد، ئینجا؛ "ئەرێ تۆ ناوی دەستنووسێکی خۆت لەبارەی هێماکانی مێینەی پیرۆز برد، وانییە؟"
- "بەڵێ وایە."
- ئەو خەندەیەکی کرد. "جەنابی لانگدن، تەواوی بکە. گۆرانی مێینەی پیرۆز بڵێوە. جیهان پێویستی بە شایەرە گەڕۆکەکانە(ترۆبادۆس)."

لانگدن بێدەنگ بوو، هەستی بە قورسایەتی پەیامی ژنەکە کرد کە کەوتۆتە سەر شانی. لەنێو داروبارەکان و بینای کڵێساکەدا، لەتاقی ئاسماندا، مانگێکی نوێ لەپشتی دارەکان هەڵاتبوو.

لانگدن نیگای چاوەکانی لە ڕۆسلین بڕی، هەستێکی کوڕوکاڵانەی بۆ زانینی نهێنییەکە لێ پەیدا بووەوە. ***نەکەی، پرسیار مەکە***. وای بەخۆی گوتەوە. ***ئێستا کاتوساتی نییە***. ئینجا نیگای خستە سەر ئەو کاغەزە لوولدراوەکەی دەستی ماری، پاشان گەڕایەوە سەر ڕۆسلین.


- "جەنابی لانگدن، دەی پرسیارەکە بکە،" ماری بەخۆشیەکەوە وای پێگوت. "هەقت هەیە بپرسی."

لانگدن هەستی بە گەمژایەتی خۆی کرد.


- "تۆ دەتەوێ بزانی، ئاخۆ جامەکە لێرە لەنێو ڕۆسلیندایە."
- "دەکرێ پێم بڵێی؟"
- ژنەکەش ئاهێکی تەوساوی هەڵکێشا. "باشە بۆچی پیاو سوکوئاسان لێناگەڕێ جامەکە بە ئاسوودەی جێبێڵێ؟ ژنەکە پێکەنی، دیاربوو کەیفی پێهات. "باشە بۆچی پێتوایە، لێرەیە؟"
- لانگدنیش ئاماژەی بە پارچە کاغەزە لوولدراوەکەی دەستی پیرەژنەکە کرد. "هۆنراوەی مێردەکەت بە وردی باسی ڕۆسلین دەکا، بەدەر لەوەی دوو شتێ دیکەشی باسکردوە،

تیغ و بادەکەش پاسەوانی لە جامەکە دەکەن. منیش هیچ هێمایەکی تیغ و بادەکەم لێرە نەبینی."

- "تیغ و بادەکە؟" ماری وای لێپرسی. "باشە کتومت لای تۆ ئەو دوو شتە بە چی دەچن؟"
- لانگدن هەستی کرد ژنەکە گەمەی لەگەڵدا دەکا، بەڵام ئەویش بە دەوری خۆی گەمەکەی کردبوو، ئیدی بەخێرای وێنای هێماکانی بۆ کرد.
- دیاربوو بە شێوەکی ناڕوون ژنەکە بیری کەوتەوە. "ئاها، بەڵێ، بێگومان. تیغەکە نوێنەرایەتی هەموو شتێکی ماسوولکەدار دەکا. لەو باوەڕەدام وێنەکەی لێرە کراوە، نەکراوە؟" بە پەنجەی شایەتمانی خۆی، نیشانەکەی لەسەر لەپی دەستی کرد.



- "بەڵێ،" لانگدن وای بە ژنەکە گوت. ماریش بە شێوەیەک کە زۆر باو نەبوو وێنەیەکی دیکەی لەسەر لەپی دەست دروست کرد کە لە تیغەکە نزیک بوو. لانگدنیش هێماکەی بە هەردوو شێوەکە بینیبوو.
- "بە هەڵگەڕاوەیی،" ژنەکە وای گوت و دیسان وێنەیەکی لەسەر لەپی دەست دروستکردەوە، "ئەمەش وێنەی بادەکەیە، کە ڕەنگدانەوەی مێینەیە."



- "لانگدن گوتی؛ "دروستە."
- "تۆش دەڵێی لەنێو ئەو سەدان هێمایانەی لەنێو پەرستگای ڕۆسلیندا هەن، ئەم دوو هێمایەیان تێدا نییە؟
- "من نەم بینین."
- "ئەگەر نیشانم دای، ئاسوودە لێی دەخەوی؟"

بەرلەوەی لانگدن وەڵامی بداتەوە، ماری چۆڤێل بەرەو دەروازەی پەرستگاکە هەنگاوی هەڵێنا. لانگدنیش خێرا بەدوایدا چوو. بە گەیشتنە دەروازەی پەرستگاکە، ماری چراکانی هەڵکردن و ئاماژەشی بە ناوجەرگەی ناوکەوی حەرەمی پەرستگاکە دا. "جەنابی لانگدن، تیغەکە و بادەکە لەوێن."

لانگدن سەیرە بەردە ڕەقوتەقەکانی ناوکەوەکەی کرد. هیچی لێنەبوو. "لێرە هیچی لێ نییە...."

ماری ئاهێکی هەڵکێشا و بە درێژای ڕێگا ناودارەکە بۆ ناو ناوکەوەکەی پەرستگاکە ڕۆیشت، هەمان ئەو ڕێگایەی سەر لە ئێوارە میوانەکانی بەسەردا ڕۆیشتن. کاتێکیش چاوەکانی بە هێما زل و کەتەکە کەوت، هێشتا هەستی بە ونبوونێک دەکرد. "بەڵام خۆ ئەمە ئەستێرەکەی داودە ـ"

لانگدن لەپڕ وەستا، کاتێک چاوی بۆسەر هێماکان نەوی کردەوە، بە حەپەساویەوە بێدەنگ بوو.



***تیغ و بادەکە.***

***ئاوێتەی یەک بوون.***

***ئەستێرەکەی داود... یەکێتییەکی تەواوعەیاری نێرینە و مێینە... مۆری سلێمان... نیشانەی پیرۆزی پیرۆزییەکان، لەو شوێنەدا نێرینە و مێینەی پیرۆز، یاهوا و شێکیناهـ بەیەکەوە ئاکنجی بوون.***

لانگدن پێویستی بە خولەکێک بو تا ئەم وشانەی بۆ هاتن. "هۆنراوەکە ئاماژە بۆ ئێرە بۆ ڕۆسلین دەکا، ئاماژەیەکی دروست و فیت."

ماری بە خەندەوە؛ "دیارە."

موچڕکێک بە سەرتاپای جەستەی لانگدندا هات. "کەواتە جامە پیرۆزەکە لەژێر زەمینەکەی ئێرەدایە."

ژنەکە پێکەنی. "تەنها گیانەکەی. یەکێ لە بەرپرسیارەتییە هەر لەمێژیینەکانی مریداتەیی سایۆن ئەوەبوو، جامەکە بگەڕێننەوە زێدەکەی خۆی، تا بۆ هەمیشە بە ئاسوودەیی لێ بمێنێتەوە. بۆ چەندین سەدە و بۆ پارێزگاری لێکردنی بە دێهاتەکاندا هێندرایە ئێرە. ئەمەش شکۆشکانە هەرە مەزنەکە بوو. کاتێکیش سانییێر بووە مامۆستای مەزنی مریدایەتی، بەرپرسیارێتی شەڕەفی گەڕاندنەوەی جامەکەی بۆ فەرەنسا کەوتە سەرشان، بۆ ئەوەی لە شوێنی خۆی وەک شاژنێک ئاسوودە بێ."

- "ئینجا لەم کارەیدا سەرکەوت؟"

- ئەمجارەیان ڕووخساری ژنەکە جدییانە بوو. "جەنابی لانگدن، بە لێکدانەوەی ئەوەی تۆ ئەمشەو بۆ من، بۆ سەرپەرشتیارەکە و بۆ دەستەی سەرپەرشتیاری ڕۆسلینت کردووە، بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم ، جامەکە لێرە نەماوە."

- لانگدن بڕیاریدابوو فشار بنوێنێ. "بەڵام بەردەکلیلەکە ئاماژەی بۆ جامە پیرۆەکە کردووە، کە لە ژێر ئێرەدا حەشار دراوە. باشە ئەدی بۆچی ئاماژە بە ڕۆسلین دەدا؟"

- "لەوانە خراپ لە واتاکەی حاڵی بی. لەبیرت نەچی، دەکرێ جامەکە هەر وەک مێردە کۆچکردووەکەم لەخشتەبەر بێ."

- "بەڵام خۆ ئاماژەکە لەوە ڕوون و ئاشکراتر نابێ؟" لانگدن وای لێ پرسیەوە. "ئێمە لەسەر ژێرزەمینێکدا وەستاوین کە نیشانەی تیغ و بادەی لەسەرە، لەژێر بنمیچێکی پڕ ئەستێرە دایە، بە دەستکاری مامۆستا مەزنەکانی سایۆن دەورە دراوە. هەموو شتێکی باسی ڕۆسلین دەکا."

- "زۆر چاکە، دەی با هۆنراوە تەلیسماوییەکەت ببینم." ژنەکە پارچە کاغەزە لوولدراوەکەی کردەوە و هۆنراوەکەی بە تۆنە دەنگێکی وردبینانە خوێندەوە.

**جامە پیرۆزەکە لەژێر ڕۆسلینی دێریندا چاوەڕێیە.**

**تیغ و بادەکە پارێزگاری دەروازەکانی دەکەن.**

**لەوێدا کە بە دەستکاری هونەری مامۆستاکان ڕازاوەتەوە، پاڵکەوتووە.**

**هەرچۆنێک بێ ئەو لەژێر ئاسمانی پڕ ئەستێرەدا ڕاکشاوە.**

کاتێکیش لە خوێندنەوەکەی بووەوە، بۆ چەند چرکەیەک دەنگی لێوەنەهات، تا ئەوکاتەی خەندە واتادەرەکەی پەڕیە سەر لێو. "ئای، ژاک."

لانگدن بە تاسەمەندییەوە چاوی لێکرد. "تۆ لەمە گەیشتی؟"

- "جەنابی لانگدن، وەک خۆت بەسەر ناوکەوی پەرستگاکە گەواهیدەر بووی، زۆر ڕێگا بۆ بینینی شتی سادە هەن."

لانگدن کێشەی لەگەڵ تێگەیستنەکە هەبوو. دیاربوو هەموو شتێک لەبارەی ژاک سانییر واتا دووانەیی بوو، کەچی هێشتا لانگدن شتی دیکەی نەدەبینی.

ماری بە هیلاکییەوە وەنەوزی دەدا. "جەنابی لانگدن، من لەبەردەم تۆدا دانی پێدا دەنێم. هەرگیز بە فەرمی بە شوێنی جامەکەم نەزانیوە. بەڵام بێگومان، من ژنی پیاوێکی دەستڕۆیشتوو بووم... هەروەها دڵخەبەردانی ژنیش بەهێزە." لانگدن خەریک بوو، زار لێک بکاتەوە و بئاخڤێ، لێ ماری درێژەی بە قسەکانی دا. "بەداخم، دوای ئەو هەموو کارە زەحمەتەی کردت، ڕۆسلین بەجێدێڵی بەبێ ئەوەی وەڵامێکی ڕاستەقینەت سەبارەت بە جامە پیرۆزەکە دەستکەوتبێ. لەگەڵ ئەوشدا، شتێک پێمدەڵێ، لەدوایدا ئەو شتە دەدۆزیتەوە، کە بەدوایدا دەگەڕێی. ڕۆژێک دێ پێی شاد دەبی." ژنەکە خەندەیەکی کرد. "کە ئەو ڕۆژەش هات، متمانەی وام پێت هەیە، تۆ زیاتر لە هەموو کەسێک، نهێنییەکە دەپارێزی."

لەوێدا دەنگی پێی کەسێک لە ڕاڕەوەکە هات. "ئێوە هەردووکتان دیار نەمان." سۆفی بوو، لێیان هاتە ژوور و وای پێگوتن.

- "خەریکی دەرچوون بووین،" داپیرەکەی وا وەڵامی دایەوە، بەلای سۆفیدا بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت. "شازادە خاتوون شەو شاد." ماچێکی لە نێوچاوانی سۆفی کرد. "لێمەگەرێ جەنابی لانگدن تا درەنگ بمێنێتەوە."

لانگدن و سۆفی چاویان لە داپیرە بوو بەرەو خانووە بەردینەکە ڕۆیشتەوە. کاتێک سۆفیش ئاوڕی لە لانگدن دایەوە، چاوەکانی پڕ لە سۆز بوون. "ئەمە ئەو کۆتاییە نەبوو، ڕەچاوم دەکرد."

***ئەمە ڕامانی هەردووکمان بوو.*** لانگدن بینی سۆفی چووبووە بن باڵی ڕووداوەکانی ئەم شەوە. ئەو هەواڵانەی ئەمشەو وەریگرتن هەموو شتێکی ژیانی گۆڕی. "ئەرێ تۆ باشی؟ هەموو ئەم شتانە بەیەک جار دەرک ناکرێن."

سۆفیش لەسەرخۆ بزەیەکی بۆ کرد. "من خێزانێکم هەیە. ئەمەش دەبێتە دەستپێکێکی من. ئێمە کێین و لەکوێ هاتووین، کاتێکی دەوێ تا لێی تێبگەین."

لانگدن بێدەنگ بوو.

- "بەدەر لەم شەوە، ئایا لەگەڵمان دەمێنیتەوە؟" سۆفی وای لەلانگدن پرسی. "بەلای کەمی بۆ چەند ڕۆژێک؟"

- لانگدن ئاهێکی هەڵکێشا، لەمە زیاتر شتی نەدەویست. "سۆفی، تۆ پێویستت بە کاتە لێرە لەگەڵ خێزانەکەتدا بمێنییەوە. من بەیانی دەگەڕێمەوە پاریس."

سۆفی نامراد دیاربوو، بەڵام دەشیزانی ئەوەی لانگدن ڕاستە. ئیدی هیچ کامیان بۆ ماوەیەک دەنگی لێوە نەهات. لە کۆتاییدا سۆفی دەستی بۆ دەستی لانگدن برد، بەیەکەوە لە پەرستگاکە دەرچوون. ڕۆیشتن تا گەیشتنە سەر نشێوەکە. لەوێوە دیمەنی دێهاتی سکۆتلەندی پەخش بوو، تیشکی مانگیش بەڕەنگی زەردی لەبن هەورەکانەوە دەردەچوو. ئەوان لەوێ دەست لەناو دەست کڕ و بێدەنگ مانەوە، بەرەنگاری ئەو ماندوبوون و شەکەتیەی جەستەی خۆیان دەکرد.

تازە ئەستێرەکان دەرکەوتبوون، بەڵام لە بەری ڕۆژئاواوە، پنتێکی درەوشاوەی گەش لە هەموو ئەستێرەکانی دیکە دیارتر بوو. بە بینینی لانگدن خەندە دایگرت. ئەستێرەکە ڤینۆس بوو. خواوەندە مێینە دێرینەکە بە تریفە جێگیر و هێمنەکەی دەدرەوشایەوە.

تا دەهات شەوەکە ساردتر دەبوو، شەوبایەکی سارد لەو چیمەنەدا هەڵی کردبوو. دوای ماوەیەک لانگدن سەیری سۆفی کرد. چاوەکانی نووقاندبوون، لێوەکانی خەندەیان لەسەر خاوبووەوە. لانگدن بەخۆیشی هەستی بە قورسایەتی پێڵووی چاوەکانی دەکرد. بە دوودڵی دەستی سۆفی گوشی و بانگی کرد "سۆفی؟"

سۆفی بە هێواشی چاوەکانی کردنەوە و ڕووی تێکرد. ڕووخسارەکەی لەبەر تریفەی مانگەشەودا زۆر جوان بوو. بە بزەیەکی نەرم و لەسەرخۆوە، "سڵاو."

لانگدن هەستی بە خەمبارییەکی چاوەڕواننەکراو کرد، ئاخر پەی بەوە برد، بەیانی دەبێ بە بێ سۆفی بگەڕێتەوە پاریس. "لەوانەیە بەیانی بەرلەوەی تۆ لەخەو ڕابی، من بڕۆم." ئیستێکی بۆ کرد، پاشان گرێیەکی لە گەرووددا پەیدا بوو. "ببوورە، دیارە من باش نیم لە ـــ"

سۆفی خۆی گەیاندێ و دەستە نەرمەکانی لەسەر لاڕوومەتی لانگدن دانا. ئینجا زیاتر لێیچووە پێش و بەسۆزەوە ماچێکی لە سەر چەناگەی کرد. "باشە، کەی دەتبینمەوە؟"

لانگدن پەشۆکا، لەچاوەکانی سۆفیدا ون بوو. "کەی؟" ئیستێکی بۆ کرد، مەراقی ئەوەبوو ئاخۆ سۆفیش هیچ بیرۆکەی هەیە، چەند جارێک هەمان پرسیاری لەخۆی کردووە. "زۆر چاکە، لەڕاستیدا، لە مانگی داهاتوودا وتارێکم لە کۆنفرانسێکی فلۆرەنسادا هەیە. من هەموو هەفتەکە لەوێم، بێئەوەی هیچ ئیشێکی واشم هەبێ."

- "ئایا ئەمە بانگهێشتنامەیە؟"
- "لەوێ لەخۆشیدا دەژین. ئەوان ژووریکیان لە برونێلچی پێداوم."
- سۆفی مەکربازانە خەندەی بۆ کرد. "جەنابی لانگدن، تۆ گریمانەی زۆر شت دەکەی."
- بەم قسەیەی شەرمی لەخۆ کێشا. "ئەوەی مەبەستم بوو ــ"
- "ڕۆبەرت، من لەوەم پێخۆشتر نییە کە لە فلۆرەنسادا بتبینمەوە. بەڵام بە یەک مەرج." ئیدی دەنگەکەی جدییانە بوو. "نە مۆزە، نە کڵێسا، نە گڵکۆ، نە هونەر و نە پاشماوەکان."
- "لە فلۆرەنسا؟ بۆ هەفتەیەک؟ لەوە زیاتر شتێک نییە."

سۆفی زیاتر خۆی لێبردەپێش، ماچێکی دیکەی لێکرد، ئەمجارەیان لێوەکانی ڕامووسی. ئینجا جەستەکانیان بۆ یەکەم جار بە نەرمی، پاشان بە تەواوی بەیەک گەیشتن. کاتێکیش سۆفی خۆی کێشایەوە، چاوەکانی پڕ لەسۆز و بەڵێن بوون.

- "زۆر باشە،" لانگدن توانی بڵێ، "ژوانەکەمان ئەوێیە."

## پاشبەند

ڕۆبەرت لانگدن بە سڵەمینێکەوە لەخەو ڕابوو. خەونی دی بوو. ڕۆبی گەرماو لە پاڵ سەرینەکەی نیشانەی هوتێل ریتز پاریسی لەسەر نووسرابوو. تیشکێکی کز لە لەودیوی پەردەکانەوە دیار بوو. ***ئەرێ ئێوارە درەنگە یان بەرەبەیان***؟ مەراق ما.

جەستەی لانگدن هەستی بەگەرمی و حەسانەوەیەکی قووڵ کرد. ئاخر لەو دوو ڕۆژەی ڕابردوودا باش خەوتبوو. ئیدی لەسەرخۆ لەناو جێگەدا هەڵسا، تێگەیشت چی بێداری کردۆتەوە... بە ڕاستیش بیرۆکەیەکی سەیر. چەند ڕۆژێکە هەوڵ دەدا ئەو بارستە زانیاریانە ڕێک بخاتەوە، لێ هەنووکە خۆی لەو بارەدا بینیوە، کە پێشتر بەهەندی هەڵنەگرتبوو.

***تۆبڵێی ڕێی تێبچێ***؟

بۆ ماوەیەک لەجێی خۆی بێ هەستوخوست ما.

ئینجا لەناو پێخەفەکی ڕابوو، بەرەو گەرماوە مەڕمەڕیەکە ڕۆیشت. پێی نایە ژوور، ئاوەی دووشەکەی بەردایەوە، ملەکانی پێشێلا. هێشتاش کەڵکەڵەی بیرۆکەکەی یەخەی بەرنەدا.

***نەکردەیە***.[283]

بیست خولەک دواتر، لەنێو هوتێلەکە هاتەدەر، بەرەو کۆشکی (ڤێندۆم) کەوتە ڕێ. شەویش داهاتبوو. ئەو ڕۆژانەی هەر خەوتبوو، هەندێ سیستمی خەوی لێتیکدا بوو... لێ مێشکی هەر ڕۆشن بوو. خۆی بەڵێنی بەخۆی دابوو، لە کافتریای هوتێلەکە دابنیشێ و قاوەیەک بخواتەوە بەڵکو هۆش و بیری ڕوونتر ببێتەوە، لێ کە لە ژوورەکە هاتەدەر، پێیەکانی ڕاستەوخۆ بەرەو دەروازەی دەرەکی هوتێلەکەی برد و پاشانیش کەوتە نێو شەوی پاریس.

بە پێ، بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات بەرەو (ڕیو دەس پێتیتس جامپ) کەوتە ڕێ، تادەهات مەراقتر و بەجۆشتر دەبوو. لەوێشەوە بەرەو باشوور بۆ (ریو ریچێلیو) بایدایەوە، لەوێ هەوا خۆشتر بوو، بۆنوبەرامەی خونچە گوڵە یاسەمینەکانی لەگەڵ خۆی بڵاودەکردەوە کە لە باخچەی کۆشکی شاهانەی لەگەڵ خۆی هێنابوو.

ئەو لەسەر ڕۆیشتن بەرەو باشوور درێژەی پێدا تا ئەو شتەی بینی کە بۆی هاتبوو، ناودارترین گەلەری شاهانە، کە مەڕمەڕە ڕیشە بریقەدارەکەی دەگەشایەوە. ئیدی ملی لێنا و لە ڕووە تەختیەکەی بن پێی خۆی ڕوانی. لە چەند چرکەیەکدا، ئەو شتەی دۆزیەوە کە دەیزانی

---

[283] نەکردەیە: مەحاڵە. ئەستەمە.

لەوێوە، چەندین میدالیای برۆنزی بەهێڵی ڕێک لەسەر زەوی بەرجەستە بوون. تیرەی هەر یەکەیان پێنج ئینج و پیتی N و Sیان لەسەر هەڵکەندرابوو.

***باکوور. باشوور.***

ئەو بەرەو باشوور وەرگەڕا، چاوی لەسەر شوێنەواری ئەو هێڵە درێژبووەوەیەی میدالیەکان بوو. دیسان کەوتەوە جووڵە، بە شوێنپێی هێڵەکەدا هەنگاوی نا، لەگەڵ ڕێرۆیشتنەکەشیدا سەیری شۆستەکەی دەکرد. کاتێکیش هێڵە یەکتربڕەکانی گۆشەی کۆمێدی- فرانسیزی بڕی. دیسان میدالییێکی دیکەی برۆنزی لەژێر پێیەکان بوو.

***بەڵێ!***

دەمێکە زانیاری لەسەر ئەوە وەرگرتبوو، شەقامەکانی پاریس بە ١٣٥ نیشانەی برۆنز ڕازابوونەوە، کە لە سەر ڕێگای لاوەکی، شەقام و مەیدان لەسەر هێڵی تەوەری باکوور- باشووری شارەکەدا بەرجەستە ببوون. جارێکیان بەسەر هێڵێکیاندا لە (کارێ کور)، کە باکووری بەرەو ڕووباری (سین) دەبڕی، ڕۆیشتبوو، لەدوایشدا گەیشتبووە قوللە چاودێرییە کۆنەکەی پاریس. لەوێوە بۆی دەرکەوتبوو کە بە شوێن ڕێگە پیرۆزەکەدا ڕۆیشتووە.

*هێڵی درێژە ماکە سەرەکیەکەی زەوی*

*یەکەمین سفری هێڵی درێژی جیهان*

*هێڵە گوڵەڕەزییە دێرینەکەی پاریس.*

ئێستاش، کاتێ لانگدن بە نێو (ڕو دە ڕیڤیلۆدا) خێرا تێپەڕی، هەستی کرد لە جێ مەبەستەکەی نزیک بۆتەوە. هەر ڕیزە خانوویێک لەو دوور بوو.

***جامە پیرۆزەکە لەبن ڕۆسلینی دێریندا چاوەڕێیە.***

هەنووکە شتەکانی بە تەوژم بۆی دەهاتن و دەردەکەوتن. ڕێنووسە کۆنەکەی سانییێر بۆ ڕۆسلین... تیغ و بادەکە... گڵکۆکە کە بە هونەری دەستکاری مامۆستا مەزنەکان ڕازابووەوە.

***ئەرێ سانییێر بەو ڕێگایەوە ویستویەتی لەگەڵمدا بدوێ؟ تۆبڵێی منیش نەزانانە ڕاستیەکەم خەملاندبێ؟***

لانگدن دەستی بە نەرمەغار کرد، هەستی کرد، هێڵە گوڵیدارییەکەی ژێر پێی ڕێنوێنی دەکا، بەرەو شوێنی مەبەستی ڕایدەکێشی. کاتێکێش چووە نێو ڕێگا تونێلی ڕیبوارانی (ڕیچیلیۆ)، مووی لاملی لەبەر پێشبینیکردنەکە لێ بوونە نەشتەر. دەیزانی ئەوسەری تونێلەکە، ئادگارێکی

هەرە تەلیسمی ناوداری مۆنومێنتەکانی پاریسە، خەیاڵ و فەندی پرۆژەکە لە ١٩٨٠دا لەلایەن خودی سفینکس(ئەبولهۆل)[284]، فرانسوا میتەرانەوە بووو، ئەو پیاوەی بەندوباو زۆر هەبوون سەر بە بازنە نهێنییەکان بێ، پیاوێک کە جێماوێکی ئەفسانەیی لە پاریس بەجێهێشت و هەر یەک دوو ڕۆژیش پێشتر لانگدن سەردانی کردبوو.

***ڕۆژگارێکی دیکە.***

بە دوا وزە و تین، لانگدن بە هەنگاوی خێراوە لە تونێلەکە هاتەدەر و گەیشتە مەیدانێک و وەستا. بە هەناسەبڕکێ نیگای چاوەکانی بەرز کردنەوە، بە هێواشی، بە شێوەیەک بڕوای نەدەکرد، شەوقی ئەو بنیادە هەڵچووەی بەردەمی خۆی بینی.

***قووچەک(هەرەم)ی لۆڤەر.***

لە تاریکاییدا دەدرەوشایەوە.

بۆ ساتێک پێی سەرسام بوو. ئەو زیاتر پەرۆشی ئەوەبوو ئاخۆ چی لەلای ڕاستیدا هەیە. وەرسووڕایەوە، هەستی کرد دیسان هێڵە ناسراوە گوڵەڕەزە دێرینەکە بۆ خۆی دەبا، هەڵی دەگرێ و بەنێو چیمەنەکەی کاروسێل دو لۆڤەردا – ئەو بازنە بەرفروانە پڕ گیاوگوڵە بە داروپرچکێکی قەڵەمکراوی ڕێکوپێک پەرژینکراوە- دەیبا، ئەو شوێنەی ڕۆژگاری بەرێدا جێی ڤیستیڤالی پەرستنی سروشت بووە، لەوێدا ڕیتوێلی پیتوفەڕی خواوەندی مێینە سازدەکرا.

کاتێک لانگدن بەنێو پرچکەکاندا پێی نایە نێو چیمەنە سەوزەکە، هەستیکرد جیهانێکی دیکە دەبڕێ. ئەو چیمەنە پیرۆزە، ئەمڕۆ بۆتە جێنیشانەی یەکێ لە مۆنومێنتە هەرە سەیرەکانی شارەکە. لەوێ، لە ناوەڕاستدا، بارستاییەکی قەبەی کریستالی بەسەر زەویەکەدا شۆڕبۆتەوە، ئەویش قووچەکێکی هەڵگەڕاوەی شووشەیی زەبەللاحە، کە یەک دو شەو پێشتر کاتێک چووبوەو نێو ژێرزەمینی لۆڤەرەوە، بینیبووی.

***قووچەک(هەرەم)ی هەڵگەڕاوە.***

لانگدن بە هەڵلەرزینێکەوە بە ڕۆخی شتەکەدا ڕۆیشت، ئینجا سەیری خوارەوە، نێو ژێرزەمینە تێکچڕژاوەکەی لۆڤەری کرد، کە بە تیشکێکی سووریاو بریسکەی دەهات. چاوەکانی لێڕاهاتبوون، یەکسەر لە قووچەکە زلەکەی نەڕوانێ، بەڵکو لەو شتەی ڕاستەوخۆ کەوتبووە ژێرەوەی. لەوێ، لەسەر ناوکەوی ژوورەکەی بنەوە، بونیادێکی وردیلە هەبوو... بونیادێک، پێشتر لانگدن لە دەستنووسەکەی ناوی هێنابوو.

---

[284] Sphinx سفینکس: دەعبایەکی ئەفسانەییە لەشی لە شێر و سەری مرۆڤ یان بەرانی هەیە، پەیکەری ئەبولهۆلی میسرییە.

ئیدی لانگدن بە تەواوی لە ترس و سامی ئەو ئەگەرە ڕێتێنەچووە کەڵکەڵەی هزری ئاگادار بوویەوە. چاوەکانی دیسان بۆ لۆڤەر بەرز کردنەوە، هەستی بە باڵە زەبەلاحەکانی مۆزەکە کرد، ئەو شوێنە بە ڕاڕەوە نەخشێندراوەکانی دەستکارە هونەرییەکانی مامۆستا هونەرمەندەکانی جیهانی هونەر لەخۆی دەگرێ.

*داڤینشی... بۆتیچیللی...*

***جامەکە لەو شوێنە ڕاکشاوە، کە بە کاری هونەری هەرە خۆشەویستی مامۆستاکان ڕازێندراوەتەوە.***

بە مەراقێکی زۆرەوە، دیسان لە ڕێی دیوارە شووشەبەندە زلەکەوە سەیری بونیادە وردیلەکەی خوارەوەی کرد.

***هەر دەبێ بچمە ئەوێ!***

لەنێو بازنەکەدا هاتەدەر، خێرا بەنێو مەیدانەکەدا گەڕایەوە دەروازەی تاوەری قووچەکەکەی لۆڤەر. خەریک بوو کۆتایی ڕۆژی گەشتیارانیش دەهات.

لانگدن خۆی بەنێو دەرگە خولخلۆکەکەدا خزاند و بەنێو پلیکانە هەڵکۆڵدراوەکانیدا بۆ لای قووچەکەکە شۆڕ بووەوە. هەستی کرد هەوایەکە ساردتر بوو. کاتێکیش گەیشتە بنەبانێ، بەنێو ڕاڕەو تونێلێکی دوورودرێژدا بە بن چیمەنەکەی لۆڤەردا تێپەڕی، بە پێچێک بەرەو قوووچەکە سەربەرەوخوارەکە گەڕایەوە.

لە کۆتایی تونێلەکەدا، گەیشتە ژوورێکی گەورە. ڕاستەوخۆش لەبەردەم ئەودا، لەسەرەوە بۆ خوارەوە ، قووچەکە لارە شووشەییە کریستیالیەکە، بەشێوەی پیتی V دیار بوو.

***بادەکە.***

چاوەکانی لانگدنیش لە سەرەوە بۆ خوارەوی قووچەکەکە دانەوی، تا گەیشتە شوێنە تەسکەکەی، ئینجا تا دوا پنتی سەربەرەوخواری قووچەکەکە، کە هەر شەش پێی مابوو خۆی لە ناوکەوی ژوورەکە بدا. ئیدی ڕاستەوڕاست، لەژێر نووکی قووچەکەکەدا بونیادە وردیلەکە بوو.

بونیادەکەش قووچەکێکی بچووککراو بوو. هەر سێ پێ درێژ بوو. تاکە قووچەکەی بچووکراوە کە بەم شێوە ئاڵۆز و بچووکە دروست کرابێ.

لەدەستنووسەکەی لانگدندا، کاتێ باسی وردەکاری کۆمەڵە شتە ئەنتیکەکانی هونەری خواوەندی مێینەی دەکرد، تیایدا تێبینییێکی لەسەر ئەم قووچەکە بچکۆلانەیەش تێدا بوو. "***بونیادە وردیلەکە خۆی لە ناوکەکەوە سەی دەرهێناوە وەک ئەوەی شاخەسەهۆڵ بێ، لوتکەی سارنجی***[285] ***قووچەکی زەبەلاح بێ، لەخوارەوە وەک ئەوەی ژووریکی نهێنی بێ، دەرکەوتووە.***"

لەبەر تیشکی ئەو ڕووناکییە کزەی لە دەروازە چۆڵەکەوە دەهات، سەری هەردوو قووچەکەکان یەکیان ئاماژەی بە ئەوی دیکە دەکرد، جەستەی هەردووکیان ئاوێتەی یەک ببوون، خەریک بوو سەری لووتیان بەیەک بگا.

بادەکە لەسەروە. تیغەکەش لە بنەوە.

***تیغ و بادەکە پاسەوانی دەروازەکانی دەکەن.***

لانگدن گوێی لە وشەکانی ماری چوڤێل بوو. ***ڕۆژێک دێ بۆت ڕوون دەبێتەوە.***

ئەو لەژێر هێڵی گوڵەڕەزە دێرینەکەدا وەستابوو، بە دەستکاری هونەرمەندە وەستاکان دەورە درابوو. ***ئاخر بۆ چاودێری سانییر، لەو شوێنە باشتر***؟ هەنووکە و لە کۆتایدا، هەستی کرد لە واتای ڕاستەقینەی هۆنراوەی مامۆستای مەزن دەگا. سەری خۆی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، بەنێو جامەکەدا لە ئاسمانە پڕ ئەستێرەکە ڕاما.

***ئەو لە بن ئاسمانی پڕ ئەستێرەدا، ڕاکشاوە.***

وەک ئەوەی ورتەورتی تارمایی گیانەکان لەنێو تاریکییەوە بێ، وشە لەبیرکراوەکان دەنگیان دایەوە. ***پرسی جامە پیرۆزەکە پرسی کرنووشبردنە لەبەردەم ئێسکوپرووسکی ماری ماجدەلینا. گەشتێکی نوێژکردنە لەبەر پێی تارومارکراوەکە.***

لەپڕ بە تەوژمە هەژانێکی شکۆدارانەوە، ڕۆبەرت لانگدن کەوتە سەر چۆک.

بۆ ساتێک، وای بەبیرداهات، گوێی لە دەنگی ژنێکە... دەنگی ئاوەزی ڕۆژگار... دەنگێک بە چرپەوە لە کون و کەلەبەرەکانی زەوییەوە دەهات.

***کۆتایی***

---

[285] سارنج" ژێرزەمین، سارداو، قبو.

## چەند سەردێڕێک لە ژیاننامەی وەرگێڕ

- لە ١٩٦٨ لە گوندی گرتک لە دۆڵی ڕوستێی دەڤەری باڵەکایەتی لە دایک بووە.
- لە ١٩٨٨دا بە کالۆریۆسی لە قانون لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.
- لە ١٩٩٧ەوە تا ٢٠١٢ ئاوارەی ئەوڕوپا (هۆڵەندا و بەریتانیا) بووە.
- لەپاڵ زمانی زگماکیدا؛ زمانەکانی عەرەبی، هۆڵەندی و ئینگلیزی دەزانێ.
- لە ١٩٨٦ەوە هەوڵی نوسینی داوە. تا ئێستا ١١ کتێبی لە زمانەکانی هۆڵەندی و ئینگلیزییەوە وەرگێڕاون. دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی قانونی و سیاسیشی بڵاو کردوونەتەوە.

## چاپکراوەکانی وەرگێڕ

1. نهێنییەکانی مۆساد، نوسینی گۆردۆن تۆماس، وەرگێڕان لە زمانی هۆڵەندییەوە، سێ جار چاپکراوەتەوە؛ چاپی یەکەم ۲۰۰۸ چاپخانەی هێڤی، هەولێر. چاپی دووهەم دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ۲۰۱٤. چاپی سێهەم ڕۆژهەڵات ۲۰۱٦.
2. مادلین ئۆلبرایت، سیاسەتی ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، سەنتەری نما ۲۰۰۹، هەولێر.
3. داود بنگۆریۆن، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل، نوسینی ڕۆبەرت سەنت یۆهن، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی هێڤی ۲۰۱۱، هەولێر.
4. کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنورە دەستکردەکاندا، نوسینی: هیسەر لێهر واگنەر. مێژوو. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە. چاپی یەکەم؛ لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی هەولێر ۲۰۱۳. چاپی دووەم، ئاوێر ۲۰۱٥.
5. وەرزێکی سپیی وشکوبرینگ، ئەندریێ برینک. ڕۆمان. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ۲۰۱۳.
6. ژیانی من، چۆن ئیسرائیل دامەزرێنرا؟ گۆلدا مایەر، یاداشت، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر. ۲۰۱٤.
7. ئینفێرنۆ، دۆزەخ، دان براون، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ۲۰۱٥.
8. شەڕەف، ئەلیف شەفەق، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ۲۰۱٥.
9. یاخیبوون، مناحیم بێگن ، یادەوەری، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ۲۰۱٦.
10. خانووەکەی مزگەوتێ، قادر عەبدوڵڵا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ۲۰۱٦.

11. داود بنگوریۆن، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل، نوسینی ڕۆبەرت سەنت یۆهن، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپی دووەم، بژارکراو، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.

تێبینی: ***دۆزەخ، کە تازەترین بەرهەمی نووسەرە، پار چاپکراوە***

**سەربارى چێژى چیرۆکەکە، ئەوەى ئەم کتێبە بخوێنێتەوە لە: دانتێ، کۆمیدیایی خودایی، ڕێنیسانس، مێژووی هونەر، هێما ڕازدارەکان، مێژوی ئیتالیا، هێما هاوبەشەکانی کریستیانێتی و ئیسلام، تیۆری مالتۆس، قەیرانی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و هتد.... دەگا**

**دان براون**

**ڕۆمان**

# ئینفێرنۆ
# (دۆزەخ)

**و. لە ئینگلیزییەوە:**

**شەفیقی حاجی خدر**